# شـەرەفنـامــە

نووسینی

**شەرەفخان بدلیسی**

وەرگێڕانی

**سەلاحەددین ئاشتی**

٢٠١٧

سـەرپـەرستی چـاپـەمـەنییـەکـانـی بنکـە: سـدیـق سـاڵـح

زنجیرە: ١٨٠

کتێب: شەرەفنامە

نووسەر: شەرەفخان بدلیسی

وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی

پیتچن: پەروین پیرەبابی

ڕووبەرگ: ئاوات حەکیمزادە

ساڵی چاپ: ٢٠١٧

بەرگەژمێر: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردن:

سەرچاوەی سەرەکیی وەرگێڕان: شرفنامە، تاریخ مفصل کردستان، تألیف شرفخان بن شمس‌الدین بدلیسی، بەاهتمام ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، دو جلد در یک مجلد، چاپ اول ١٣٧٧ خورشیدی/ ١٩٩٨ میلادی، انتشارات اساطیر، تهران.

(توضیح: جلد اول سال ١٨٦٠ و جلد دوم سال ١٨٦٢ در پطرزبورگ بەاهتمام ولادیمیر مقلب بە ولییامینوف زرنوف، تدوین و توشیح و انتشار یافتەاند.)

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی بەرانان (١٠٧)، تەنیشتی مزگەوتی شێخ فەرید، تەلەفۆن ٢_ ٣١٩٤٧٣١ ئاسیا ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆڕەک ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩، سندووقی پۆست: ١٤

ماڵپەڕ: WWW.Binkeyjin.com ناونیشانی ئەلکترۆنی: Info@binkeyjin.com

# بەرگی یەکەم

## ژیان و بەسەرهاتی میرانی کوردستان

# پێـرسـت

بەرایی ........................................................ ٢٥
سەرەتا ........................................................ ٤١
پێشەکی ........................................................ ٥٧

کتێبی یەکەم ........................................ ٦٩
باسی کۆمەڵێک لەو میرانەی کوردستان کە ئاڵای سەربەستییان هەڵداوە و مێژوونووسان لە ڕیزی پادشایاندا ڕیزیان کردوون و پێنج بەشیان بۆ تەرخان کراوە
بەشی یەکەم ........................................ ٦٩
باسی میرانی دیاربەکر و جزیرە (جزیر)
نەسر کوڕی نەسرودەولە ئەحمەد ........................................ ٧١
سەعید کوڕی نەسرودەولە ئەحمەد ........................................ ٧١
مەنسوور کوڕی نەسر کوڕی نەسرودەولە ئەحمەد ........................ ٧١
بەشی دووهەم ........................................ ٧٢
باسی میرانی دینەوەر و شارەزوول (شارەزوور) کە ناسراون بە حەسنەوییە
بەدر کوڕی حەسنەوییە ........................................ ٧٣
هیلال کوڕی بەدر ........................................ ٧٤
تاهیر کوڕی هیلال ........................................ ٧٤
بەدر کوڕی تاهیر کوڕی هیلال ........................................ ٧٥
ئەبولفەتح محەممەد کوڕی عەییار ........................................ ٧٥
ئەبوششۆک کوڕی محەممەد کوڕی عەییار ........................................ ٧٥

موهەلهەل ..................................................٧٦
سورخاب کوڕی محەممەد ...............................٧٦
«سەعدی»ی کوڕی ئەبوششۆک .........................٧٦
سورخاب کوڕی بەدر کوڕی موهەلهەل ......................٧٧
ئەبولمەنسوور ............................................٧٧
بەشی سێهەم ............... ٧٨

باسی میرانی فەزلەوییە کە بە لوڕی گەورە بەناوبانگن

ئەبووتاهیر کوڕی محەممەد کوڕی عەلی کوڕی ئەبولحەسەنی فەزلەوی....... ٨١
هەزارئەسپ ................................................٨٢
ئەتابەک تۆکلە کوڕی هەزارئەسپ ..........................٨٣
ئەتابەک شەمسەددین ئەلب ئەرغوون .......................٨٥
ئەتابەک یووسفشا کوڕی ئەلب ئەرغوون ....................٨٥
ئەتابەک ئەفراسیاب کوڕی یووسفشا .......................٨٦
ئەتابەک نەسرەتەددین ئەحمەد کوڕی یووسفشا کوڕی ئەلب ئەرغوون ...٨٩
ئەتابەک ڕوکنەددین یووسفشا کوڕی ئەحمەد ..................٨٩
موزەففەرەددین ئەفراسیاب ئەحمەد کوڕی یووسفشا ..............٨٩
ئەتابەک پەشەنگ کوڕی یووسفشا ............................٩٠
ئەتابەک ئەحمەد کوڕی پەشەنگ .............................٩٠
ئەتابەک ئەبووسەعید کوڕی ئەحمەد ..........................٩٠
ئەتابەک شاحوسێن کوڕی ئەبووسەعید کوڕی ئەحمەد کوڕی پەشەنگ کوڕی یووسفشا ............................................٩١
بەشی چوارەم ...............٩١

باسی میرانی لوڕی بچووک

شوجاعەددین خورشید کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەممەد کوڕی خورشید ..٩٣
سەیفەددین ڕۆستەم کوڕی نوورەددین محەممەد کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەممەد کوڕی خورشید..............................................٩٥
شەرەفەددین ئەبووبەکر کوڕی نوورەددین محەممەد ..............٩٧
عیززەددین گرشاسف (گرشاسپ) کوڕی نوورەددین محەممەد ....٩٨
حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید....٩٩
بەدرەددین مەسعوود کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید..١٠٠
تاجەددینشا کوڕی حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید..............................................١٠٢
جەماڵەددین خدر کوڕی تاجەددینشا کوڕی حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدرەددین کوڕی شوجاعەددین خورشید..............................١٠٣
حیسامەددین عومەربەگ..............................................١٠٤
سەمسامەددین مەحموود کوڕی نوورەددین محەممەد ..............١٠٤
عیززەددین محەممەد کوڕی میر عیززەددین حوسێن کوڕی بەدرەددین مەسعوود..............................................١٠٥
دەوڵەتخاتوون ژنی عیززەددین محەممەد ..............................١٠٦
عیززەددین حوسێن برای دەوڵەتخاتوون ..............................١٠٦
شوجاعەددین مەحموود ..............................................١٠٦
مەلیک عیززەددین کوڕی شوجاعەددین مەحموود ....................١٠٧
سەیدی ئەحمەد..............................................١٠٧
شاحوسێن کوڕی مەلیک عیززەددین ..............................١٠٨
شاڕۆستەم کوڕی شاحوسێن ..............................................١٠٨
ئۆغوور کوڕی شاڕۆستەم ..............................................١٠٨

جانگیر کوڕی شارۆستەم ........................................۱۰۹
شارۆستەم کوڕی جانگیر ........................................۱۰۹
محەممەدی کوڕی جانگیر........................................۱۱۲
شاوێردی کوڕی محەممەدی ......................................۱۱۷
بەشی پێنجەم............................۱۱۹
باسی سوڵتانەکانی میسر و شام، کە ناسراون بە بنەماڵەی ئەییووبی
سەلاحەددین یووسف کوڕی نەجمەددین ئەییووب ...................۱۲۳
ئەبولفەتح عوسمان کوڕی سەلاحەددین یووسف.....................۱۳۵
پادشایەتیی مەلیک ئەفزەل کوڕی سەلاحەددین یووسف.............۱۳٦
پادشایەتیی مەلیک عادل کوڕی نەجمەددین ئەییووب...............۱۳۹
باسی مەلیک ئەشرەف مووسا کوڕی مەلیک عادل ...................۱٤۱
باسی مەلیک کامیل محەممەد کوڕی مەلیک عادل ...................۱٤۲
باسێک سەبارەت بە مەرگ و نەمانی پادشایانی میسر و شام و یەمەن۱٤٤
باسی پادشاکانی دیکەی ئەو مەزنەخانەدانە و چۆنیەتیی ئاوابوونی هەتاوی بەخت و دەسەڵاتیان ...........................................۱٤٦
[پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی] .........................۱٥۳

کتێبی دووهەم ............................۱۷۹
باسی کۆمەڵێک لەو مەزنەمیرانەی کوردستان کە هەر چەندە بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان بە پادشا دانەناوە و بەرەو لووتکەی دەسەڵات تێهەڵنەچوون، بەڵام دیسانیش جاروبارە سکە و خوتپەیان بەناوییەوە لێدراوە و خوێندراوەتەوە و پێنج بەشیان پێ تایبەت دراوە

بەشی یەکەم............................١٧٩
باسی میرانی ئەردەڵان
باسی مەئموون کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ کوڕی حەسەن کوڕی خدر کوڕی
ئەلیاس کوڕی خدر کوڕی کلۆڵ کوڕی بابائەردەڵان ..................١٨٥
بەگەبەگ کوڕی مەئموونبەگ ....................................١٨٥
مەئموونبەگ کوڕی بەگەبەگ ....................................١٨٦
سورخاببەگ کوڕی مەئموونبەگ ..................................١٨٧
محەممەدبەگ کوڕی مەئموونبەگ..................................١٨٨
سوڵتان عەلی کوڕی سورخاب.....................................١٨٩
بیساتبەگ کوڕی سورخاببەگ.....................................١٨٩
تەیموورخان کوڕی سوڵتان عەلی ..................................١٩٠
هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی کوڕی سورخاببەگ ..................١٩٢
بەشی دووهەم...........................١٩٢
باسی میرانی حەککاری (هەکاری) کە ناسراون بە شەنبۆ
باسی ئەسەدەددین کوڕی گوڵاوی کوڕی عیمادەددین ................١٩٦
مەلیک عیززەددین شێر کوڕی ئەسەدەددینی چنگزێڕین ..............٢٠٠
زاهیدبەگ کوڕی عیززەددین شێر ..................................٢٠٠
مەلیکبەگ کوڕی زاهیدبەگ.......................................٢٠٠
سەید محەممەد کوڕی زاهیدبەگ...................................٢٠٤
زەینەڵبەگ کوڕی مەلیکبەگ .....................................٢٠٨
زەکەریابەگ کوڕی زەینەڵبەگ.....................................٢١٠
بەشی سێهەم...........................٢١٣
باسی میرانی عیمادییە (ئامێدی) کە بە بەهادینان (بادینان) بەناوبانگن

میر زەینەددین (زێندین) ........................................٢١٩
میر سەیفەددین (سێوەدین) ........................................٢١٩
حەسەن کوڕی سەیفەددین ........................................٢١٩
سوڵتان حوسێن ........................................٢٢٠
قوبادبەگ کوڕی سوڵتان حوسێن ........................................٢٢١
بەیرامبەگ کوڕی سوڵتان حوسێن ........................................٢٢٣
سەیدیخانبەگ کوڕی قوبادبەگ ........................................٢٢٥
بەشی چوارەم ........................................٢٢٦
باسی میرانی جزیرە (جزیر)، کە ناسراون بە بوختی و دەبنە سێ لک
باسی سولەیمان کوڕی خالید ........................................٢٣٤
لکی یەکەم ........................................٢٣٥
باسی میرانی جزیرە کە ناسراون بە عەزیزان
میر سەیفەددین کوڕی عەبدولعەزیز ........................................٢٣٦
میرعیسا ........................................٢٣٦
میر بەدرەددین ........................................٢٣٧
میر ئەبداڵ ........................................٢٣٧
میر عیززەددین ........................................٢٣٧
میر ئەبداڵ کوڕی میر عیززەددین ........................................٢٤٠
میر برایم کوڕی میر ئەبداڵ ........................................٢٤٠
میر شەرەف ........................................٢٤٠
میر بەدر ........................................٢٤١
کاک محەممەد کوڕی میر برایم ........................................٢٤١
میر شەرەف کوڕی میر بەدر ........................................٢٤٢

شاعەلیبەگ کوڕی میر بەدربەگ........................................٢٤٤
بەدربەگ کوڕی شاعەلیبەگ ..........................................٢٤٥
میر محەممەد کوڕی بەدربەگ .........................................٢٤٨
سوڵتان محەممەد کوڕی میر محەممەد ................................٢٥١
ناسربەگ کوڕی شاعەلیبەگ............................................٢٥٢
میر عەزیز کوڕی کاک محەممەد .......................................٢٥٧
میر محەممەد کوڕی خانئەبداڵ ........................................٢٦١
میر شەرەف کوڕی خانئەبداڵ .........................................٢٦٣
لکی دووهەم..........................٢٦٥
باسی میرانی گورکێل
میر سەید ئەحمەد کوڕی میر شەمسەددین .........................٢٦٦
میر شەمسەددین کوڕی میر بەدر .....................................٢٦٨
میر برایم کوڕی میر بەدر .............................................٢٦٨
میر ئەحمەد کوڕی میر برایم .........................................٢٦٨
میر محەممەد کوڕی میر ئەحمەد .....................................٢٧٠
میر ئەحمەد کوڕی میر محەممەد .....................................٢٧٠
لکی سێهەم ........................٢٧٠
باسی میرانی فنیک
بەشی پێنجەم..........................٢٧١
باسی میرانی حەسنکیفا (حەسنکێف←حەسەنکێف←حوسنکیفا)، کە ناسراون بە مەلیکان
مەلیک سولەیمان.......................................................٢٨٠
مەلیک محەممەد.......................................................٢٨٠
مەلیک عادل کوڕی مەلیک محەممەد ...............................٢٨٠

مەلیک ئەشرەف کوڕی مەلیک عادل ..................................٢٨١
مەلیک خەلیل کوڕی مەلیک ئەشرەف ناسراو بە مەلیک کامیل .....٢٨١
مەلیک خەڵەف ناسراو بە چاوسوور ..................................٢٨٢
مەلیک خەلیل کوڕی مەلیک سولەیمان ..................................٢٨٣
مەلیک حوسێن کوڕی مەلیک خەلیل ..................................٢٨٧
مەلیک سولەیمان کوڕی مەلیک خەلیل ..................................٢٨٧
مەلیک محەممەد کوڕی مەلیک خەلیل ..................................٢٨٩
مەلیک سوڵتان حوسێن کوڕی مەلیک محەممەد ......................٢٩٠
[پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی] ............................٢٩١

کتێبی سێهەم ............................٢٩٩
باسی میران و حوکمدارانی دیکەی کوردستان کە بریتین لە سێ دەستە
دەستەی یەکەم دەبێتە نۆ بەش
بەشی یەکەم............................٢٩٩
باسی میرانی چەمشکەزەک (چەشمەکەزەک)، کە بریتین لە سێ لک
حاجی ڕۆستەمبەگ............................................٣٠٢
پیرحوسێنبەگ کوڕی حاجی ڕۆستەمبەگ.............................٣٠٥
لکی یەکەم ..................................٣٠٨
باسی میرانی مجەنکورد
لکی دووهەم ............................٣١٠
باسی میرانی پەرتک
لکی سێهەم ............................٣١١
باسی میرانی سوقمان

بەشی دووهەم ........................٣١٥

باسی میرانی مەرداسی کە دەبنە سێ لک

لکی یەکەم ...........................٣١٨

باسی میرانی ئەگیل کە ناسراون بە بوڵدوقانی

میر برایم کوڕی میر بوڵدوق ..................................٣٢٣

میر محەممەد کوڕی میر برایم ................................٣٢٤

میر عیسا کوڕی میر محەممەد ...................................٣٢٤

دەوڵەتشای کوڕی میر عیسا....................................٣٢٥

میر عیسای کوڕی دەوڵەتشا.....................................٣٢٥

شامحەممەدبەگ کوڕی میر عیسا ................................٣٢٥

قاسمبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ .................................٣٢٥

مرادبەگ کوڕی عیسابەگ........................................٣٢٦

جەعفەربەگ کوڕی قاسمبەگ ....................................٣٢٧

لکی دووهەم ..........................٣٢٧

باسی میرانی پالوو

حوسێنبەگ کوڕی میر هەمزە ....................................٣٢٨

جەمشیدبەگ کوڕی ڕۆستەمبەگ...................................٣٢٩

حوسێنجانبەگ کوڕی جەمشیدبەگ ..............................٣٣٣

حەسەنبەگ کوڕی جەمشیدبەگ ..................................٣٣٤

سولەیمانبەگ کوڕی حەسەنبەگ...................................٣٣٤

لکی سێهەم ..........................٣٣٦

باسی میرانی چەرمووگ (چەرمک)

میر سەیفەددین................................................٣٣٦

شایووسف ........................................................ ٣٣٧
وەلاتبەگ ....................................................... ٣٣٧
شاعەلیبەگ ...................................................... ٣٣٧
ئیسفەندیاربەگ .................................................. ٣٣٧
بایوندوربەگ .................................................... ٣٣٧
محەمەدبەگ ...................................................... ٣٣٨
بەشی سێهەم ..................... ٣٣٩
باسی میرانی ساسۆن کە ناسراون بە حەزۆ
خدربەگ کوڕی میر ئەبووبەکر ...................................... ٣٤٠
عەلیبەگ کوڕی میر ئەبووبەکر ...................................... ٣٤٠
خدربەگ کوڕی عەلیبەگ ............................................ ٣٤١
محەمەدبەگ کوڕی عەلیبەگی ساسۆنی ................................. ٣٤١
سولەیمانبەگ کوڕی محەمەدبەگ کوڕی عەلیبەگ ........................ ٣٤٣
بەهائەددینبەگ کوڕی محەمەدبەگ کوڕی عەلیبەگ ...................... ٣٤٤
سارووخانبەگ کوڕی محەمەدبەگ ...................................... ٣٤٦
محەمەدبەگ کوڕی سارووخانبەگ ...................................... ٣٤٧
ئەحمەدبەگ کوڕی خدربەگ و محەمەدبەگی برای ......................... ٣٥٠
بەشی چوارەم ..................... ٣٥٨
باسی میرانی خیزان (هیزان)، کە بریتین لە سێ لک
لکی یەکەم ..................... ٣٥٩
باسی میرانی خیزان و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان
میر داود کوڕی میر مەلیک ......................................... ٣٦٢
سوڵتان ئەحمەد کوڕی میر داود ..................................... ٣٦٢

میر محەممەد کوڕی سوڵتان ئەحمەد ........................٣٦٦
مەلیک خەلیل کوڕی سوڵتان ئەحمەد.........................٣٦٧
میر مەحموود کوڕی سوڵتان ئەحمەد.........................٣٦٧
میر حەسەن کوڕی مەلیک خەلیل ...........................٣٦٨
لکی دووهەم ..........................٣٧٠
باسی میرانی مۆکس
ئەحمەدبەگ کوڕی میر ئەبداڵ .............................٣٧٠
ئەبداڵبەگ کوڕی میر ئەحمەد .............................٣٧١
ڕۆستەمبەگ کوڕی حەسەنبەگ ...............................٣٧١
لکی سێهەم ...............................٣٧٢
باسی میرانی ئەسبایرد (ئەسپایرد)
سوڵتان برایم کوڕی محەممەدبەگ..........................٣٧٢
محەممەدبەگ کوڕی سوڵتان برایم..........................٣٧٣
میر شەرەف کوڕی محەممەدبەگ ............................٣٧٣
بەشی پێنجەم...............................٣٧٤
باسی میرانی کلیس
جانپۆڵابەگ کوڕی قاسمبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ .................٣٧٧
جەعفەربەگ کوڕی جانپۆڵابەگ ............................٣٨٠
حەبیببەگ کوڕی جانپۆڵابەگ..............................٣٨١
حوسێنبەگ کوڕی جانپۆڵابەگ..............................٣٣
بەشی شەشەم.............................٣٨٥
باسی میرانی شیروان کە دەبنە سێ لک

لکی یەکەم ..............................٣٨٦
باسی میرانی کفرا
میر شامحەممەد کوڕی میر حەسەن .........................٣٨٦
میر ئەبداڵ کوڕی میر شامحەممەد...........................٣٨٧
میر شامحەممەد کوڕی میر ئەبداڵ...........................٣٨٧
محەممەدبەگ کوڕی میر شامحەممەد .........................٣٨٨
ئەبداڵبەگ کوڕی میر شامحەممەد ...........................٣٨٩
مەحمووبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ ...............................٣٩٠
زەینەڵبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ ................................٣٩١
ئەبداڵبەگ کوڕی زەینەڵبەگ ................................٣٩٣
لکی دووهەم ..............................٣٩٣
باسی میرانی کرنی
لکی سێهەم ..............................٣٩٤
باسی ناوچەی ئیروون
بەشی حەوتەم ..............................٣٩٤
باسی میرانی زەرقی کە چوار لکیان لێ دەبێتەوە
لکی یەکەم ..............................٣٩٦
باسی میرانی دێرزینی
میر هەمزە کوڕی میر خەلیل کوڕی میر غازی ....................٣٩٦
عەلیبەگ کوڕی محەممەدبەگ...................................٣٩٧
شاقولیبەگ کوڕی محەممەدبەگ................................٣٩٧
یاقووببەگ کوڕی محەممەدبەگ .................................٣٩٧
محەممەدبەگ کوڕی دوومانبەگ .................................٣٩٨

لکی دووهەم ...................................٣٩٩

باسی میرانی گردکان

محەممەدبەگ کوڕی ناسربەگ ........................................٤٠٠

ناسربەگ کوڕی محەممەدبەگ ........................................٤٠١

لکی سێهەم ...........................٤٠٢

باسی میرانی عیتاق

شاهەمبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ ........................................٤٠٤

یووسفبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ ........................................٤٠٥

حەسەنبەگ کوڕی یووسفبەگ ........................................٤٠٥

وەلیبەگ کوڕی حەسەنبەگ............................................٤٠٦

لکی چوارەم ...........................٤٠٧

باسی میرانی تەرجیل

عومەربەگ کوڕی حەسەنبەگ...........................................٤٠٩

بوداقبەگ کوڕی عومەربەگ ...........................................٤١٠

ئەحمەدبەگ کوڕی بوداقبەگ ...........................................٤١٠

عەلیبەگ کوڕی بوداقبەگ..............................................٤١٠

شەمسیبەگ ...........................................................٤١٣

حەیدەربەگ کوڕی شەمسیبەگ.........................................٤١٣

بوداقبەگ کوڕی حەیدەربەگ ..........................................٤١٣

حوسێنبەگ کوڕی بوداقبەگ ...........................................٤١٣

سمایلبەگ کوڕی بوداقبەگ ...........................................٤١٤

عومەربەگ کوڕی حەیدەربەگ .........................................٤١٤

بەشی هەشتەم ........................٤١٤
باسی میرانی سویدی
میر جەلال کوڕی میر شەهاب..................................٤١٨
میر محەممەد کوڕی میر جەلال ...............................٤١٩
میر حەسەن کوڕی میر فەخرەددین...........................٤١٩
میر فەخرەددین کوڕی میرحەسەن ............................٤١٩
ئەبداڵبەگ کوڕی میر محەممەد ...............................٤٢٠
سوبحانبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ ................................٤٢١
سوڵتان ئەحمەدبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ ........................٤٢٢
مەقسوودبەگ کوڕی سوبحانبەگ ..............................٤٢٢
مرادبەگ کوڕی سوڵتان ئەحمەدبەگ ..........................٤٢٣
سولەیمانبەگ کوڕی مرادبەگ..................................٤٢٤
بەشی نۆهەم ........................٤٢٦
باسی میرانی سلێمانی (سلێڤانی) کە دەبنە دوو لک
لکی یەکەم ...........................٤٣١
باسی میرانی قولب و باتمان
عەلیبەگ کوڕی شاوەلەدبەگ .................................٤٣٣
سوڵتان حوسێنبەگ کوڕی عەلیبەگ ..........................٤٣٣
سەید ئەحمەدبەگ کوڕی سوڵتان حوسێنبەگ .................٤٣٤
لکی دووهەم ..........................٤٣٥
باسی میرانی مەیافارقین
میرخانبەگ کوڕی باڵووڵبەگ..................................٤٣٦
عومەربەگ کوڕی باڵووڵبەگ...................................٤٣٧

دەستەی دووهەم ......................٤٣٨

ئەم دەستەیە بریتییە لە دوازدە بەش

بەشی یەکەم ............................٤٣٨

باسی میرانی سۆهران (سۆران)

شاعەلیبەگ کوڕی عیسا .............................................٤٤٠
پیربوداق کوڕی شاعەلیبەگ ........................................٤٤٠
میر سەیفەددین کوڕی پیربوداق.......................................٤٤١
میر حوسێن کوڕی پیربوداق ..........................................٤٤١
میر سەیدی کوڕی شاعەلیبەگ........................................٤٤١
میر سەیفەددین کوڕی میر حوسێن کوڕی پیربوداق ................٤٤٢
قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ کوڕی میر سەیدی...................٤٤٤
بوداقبەگ کوڕی قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ ....................٤٤٦
سولەیمانبەگ کوڕی قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ .................٤٤٦
عەلیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ........................................٤٤٨

بەشی دووهەم ..........................٤٤٨

باسی میرانی بابان

پیربوداق کوڕی میر ئەبداڵ.............................................٤٤٩
پیرنەزەر کوڕی بەیرام .................................................٤٥١
سولەیمان ..................................................................٤٥٢
برایم ........................................................................٤٥٢
حاجی شێخ کوڕی برایم ...............................................٤٥٣
بوداق کوڕی حاجی شێخ ..............................................٤٥٤
میر حوسێن کوڕی سولەیمان...........................................٤٥

بەشی سێهەم ............................٤٥٩

باسی میرانی موکری

سارم کوڕی سەیفەددینی موکری ....................................٤٦٠

میرە کوڕی حاجی عومەر کوڕی سارم کوڕی سەیفەددین .........٤٦٢

میرەبەگ کوڕی شێخ حەیدەر .........................................٤٦٢

بەشی چوارەم ...........................٤٦٩

باسی میرانی برادۆست کە دەبنە دوو لک

لکی یەکەم ...............................٤٧٠

باسی میرانی سۆمای (سۆما)

شامحەممەدبەگ کوڕی غازی قڕان ...................................٤٧٠

بوداقبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ......................................٤٧٠

حەسەنبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ ...................................٤٧١

عەلیبەگ کوڕی غازی قڕان ...........................................٤٧١

ئەولیابەگ کوڕی بوداقبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ ................٤٧٢

لکی دووهەم ...........................٤٧٢

باسی میرانی تەرگەوەڕ و قەڵای داود

ناسربەگ کوڕی شێربەگ کوڕی شێخ حەسەنبەگ ...................٤٧٣

بەشی پێنجەم..........................٤٧٤

باسی میرانی مەحموودی (ماموودی)

میر حوسێنبەگ کوڕی شێخ مەحموود.................................٤٧٤

میر حامید کوڕی میر حوسێن .........................................٤٧٥

عەوێزبەگ کوڕی میر حامید ..........................................٤٧٥

میرەبەگ کوڕی میر حامید ...........................................٤٧٨

حەسەنبەگ کوڕی عەوێزبەگ کوڕی میر حامید .....................٤٨٠
شێربەگ کوڕی حەسەنبەگ .......................................٤٨٤
بەشی شەشەم.........................٤٨٤
باسی میرانی دونبولی
حاجیبەگ کوڕی شێخ باڵووڵبەگ ...............................٤٨٦
ئەحمەدبەگ کوڕی باڵووڵبەگ....................................٤٨٨
مەنسووربەگ کوڕی محەممەدبەگ کوڕی باڵووڵبەگ ...............٤٨٨
وەلیبەگ کوڕی مەنسووربەگ....................................٤٨٩
حاجیبەگ کوڕی حاجیبەگ .......................................٤٨٩
سوڵتان عەلیبەگ کوڕی جەمشیدبەگ کوڕی باڵووڵبەگ ...........٤٩٠
نەزەربەگ کوڕی سوڵتانعەلیبەگ ...............................٤٩١
قلیچبەگ کوڕی سوڵتان عەلیبەگ ...............................٤٩٢
بەشی دەهەم ..........................٤٩٣
باسی میرانی کەڵهوڕ کە بریتین لە سێ لک
لکی یەکەم ..........................٤٩٤
باسی میرانی پڵنگان (پاڵەنگان)
غەیبوڵڵابەگ ..................................................٤٩٤
محەممەد کوڕی غەیبوڵڵابەگ....................................٤٩٤
میر ئەسکەندەر ..................................................٤٩٥
لکی دووهەم ..........................٤٩٦
باسی میرانی دەرەتەنگ
عومەربەگ کوڕی سۆهراب بەگ....................................٤٩٧
قوبادبەگ کوڕی عومەربەگ .......................................٤٩٧

لکی سێهەم.................................٤٩٨

باسی میرانی ماهیدەشت

بەشی یازدەهەم.........................٤٩٩

باسی میرانی بانە

میرزابەگ کوڕی میر محەممەد.............................٤٩٩

بوداقبەگ کوڕی میرزابەگ.........................................٥٠٠

سلێمانبەگ کوڕی میرزابەگ........................................٥٠٠

دەستەی سێهەم.........................٥٠١

باسی میرانی کوردانی ئێران کە دەبنە چوار لک

لکی یەکەم.................................٥٠٣

باسی میرانی سیامەنسوور[ی]

دەوڵەتیار کوڕی خەلیلخان...........................................٥٠٤

لکی دووهەم...............................٥٠٧

باسی میرانی چگنی

لکی سێهەم.................................٥٠٩

باسی میرانی زەنگەنە

لکی چوارەم...............................٥٠٩

باسی میرانی پازووکی

شاسواربەگ کوڕی حوسێنعەلیبەگ...............................٥١٠

وەیسەبەگ کوڕی خالیدبەگ...........................................٥١١

قلیچبەگ کوڕی وەیسەبەگ.........................................٥١٢

زولفەقار کوڕی وەیسەبەگ.........................................٥١٢

یادگاربەگ کوڕی مەنسوور کوڕی زەینەڵ کوڕی شوکور کوڕی حوسێن عەلی بەگ ........................................ ٥١٣
نیازبەگ کوڕی یادگاربەگ ........................................ ٥١٤
وەیسەبەگ ناسراو بە قلیچبەگ ........................................ ٥١٤
[پەڕاوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی] ........................................ ٥١٥

کتێبی چوارەم ........................................ ٥٢٣
باسی میرانی بدلیس کە دەبنە باوانی نووسەری ئەم لاپەڕانە و ئەویش بریتییە لە سەردەقێک و چوار بڕگە لەگەڵ کۆتایی
سەردەق ........................................ ٥٢٣
باسی شار و قەڵای بدلیس کە کێ بەردی بناغەی داناوە و کردوویەتە ئاوەدانی
بڕگەی یەکەم ........................................ ٥٥٢
باسی ژیان و بەسەرهاتی خێڵی ڕۆژەکی و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان
بڕگەی دووهەم ........................................ ٥٥٨
باسی بنە و بنەچەکەی میرانی بدلیس، کە دەچنەوە سەر کێ
بڕگەی سێهەم ........................................ ٥٦٣
باسی هەڵسوکەوتی جوان و ڕێزدارانەی پادشایانی پێشوو لەگەڵ میرانی بدلیس، کە بریتییە لە چوار بەش
بەشی یەکەم ........................................ ٥٦٣
باسی مەلیک ئەشرەف
بەشی دووهەم ........................................ ٥٦٩
باسی حاجی شەرەف کوڕی زیائەددین

بەشی سێهەم ............................٥٧١

باسی میر شەمسەددین کوڕی میر حاجی شەرەف

بەشی چوارەم ............................٥٨٦

باسی میر برایم کوڕی میر حاجی محەممەد

بڕگەی چوارەم ............................٦٠٢

باسی هۆکاری ڕووخانی حکوومەتی بدلیس و بڕانەوەی دەسەڵاتی میرانی، که بریتییه له چوار سەردێڕ

سەردێڕی یەکەم ............................٦٠٢

باسی میر برایم و کێشەی لەگەڵ میر شەرەفی خودالێخۆشبوو

سەردێڕی دووهەم ............................٦١١

باسی پاڵدانەوەی میر شەرەف لەسەر تەختی دەسەڵاتی بدلیس له جێی میر برایم

سەردێڕی سێهەم ............................٦٢٠

باسی ڕزگار کردنی بدلیس له چنگ قزڵباشان بەدەست میر شەرەف

سەردێڕی چوارەم ............................٦٤٥

باسی ژیان و بەسەرهاتی میر شەمسەددینی کوڕی شەرەفخان

کۆتایی ............................٦٥٦

باسی ژیان و سەربوردەی منی کلۆڵی شکستەباڵی بەلەنگاز، هەر له ڕۆژی له دایکبوونەوە هەتا ئێستا که ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییه

[پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی] ............................٦٧٣

# بەرایی

وەکوو ئاشکرایە نووسینەوەی مێژوو، بریتییە لە زیندوو کردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو. تێکەڵاو بوونی هەر مێژوونووسێک لەگەڵ سەردەمی ژیانی، شێوەیەک تێگەیشتن و تێڕوانین و زمانی دەربڕینی بۆ بەرهەم دێنێ و دەیکاتە چرایەک بۆ شێوازی ڕۆچوونی بە ناخی ڕابردوودا. لە ڕاستیدا نووسینەوەی مێژوو تێکۆشانێکە بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکانی پێشوو بەپێی پێوەری زانست و ئاستی بەرچاوڕوونیی ڕێبواری ئەم ڕێگایە. لە لایەکی دیکەوە نووسینەوەی مێژوو، سەرەڕای تۆماری ڕووداوەکان، چەشنێک هەڵسەنگاندنی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگا و شێوەیەک شیکردنەوە و دۆزینەوەی هۆکاری هەل و هەلکەوتەکانە و بەرەو ئاکامێک پەل دەکوتێ.

گەشە و نەشە و هەوراز چوون یان سیس هەڵگەڕان و داگەڕانی نەتەوەیەک لە ڕەوتی زەماندا، بریتین لە کۆمەڵێک باریکەڕێی هەزاربەهەزار و هاڵۆز کە زۆربەیان تەنیا بە نوقڵانە و بۆچوون لێک جودا دەکرێنەوە یان دەچنەوە سەر ڕێباز و شاڕێیەک. تەرازووی ئاوەز و تێفکرین و زانیاری دەورێکی یەکجار بەرچاویان هەیە لە شێوازی گێڕانەوە و چنینەوەی ئاکام و لێکدانەوەی مەودای مێژووییدا و ڕوانگەی نووسەرەوەی مێژوو دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕ پێ بکا یان

بنکەی ژین www.zheen.org

بەپێچەوانە پارسەنگی زانستییانە ڕابگرێ و خۆ لە دەسکاری و گۆڕین و بە لادا بردن بپارێزێ.

شەرەفخانی بدلیسی، باوکی مێژووی نەتەوەی کورد، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا گەیوەتە شێوەیەک وەخۆ هاتنەوەی نەتەوەیی و بۆتە پێشەنگی بیری سەردەمی بەرلە پەیدا بوونی مۆدێرنیتە و داڕێژرانی پایەکانی نەتەوەخوازی، بە گەلێک قۆناخی تاریک و ڕووندا تێپەڕیوە و خرمانێک ئەزموونی خستۆتە سەر یەک و پاشان لە ئاسۆی مێژوویەکی لە بیرکراودا گزینگی داوە.[1] بیانووی بیر و باوەڕی خەستوخۆڵی دینی لە هەرێمی جێژیانی شەرەفخان و هەرا و بگری توند و تیژی دەسەڵاتدارانی شیعەی ئێرانی و سوننیی تووراني، کەش و هەوایەکی تاڵیان بۆ مرۆڤی سەردەمەکە بەدی هێناوە. پەروەردە بوون لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، غەیری دەمارگرژی و ناخۆشەویستی و شەڕ و ئاژاوە چی دی لێ بەرهەم نەهاتووە. لە بارودۆخێکی ئاوا چەقبەستووی فکریدا، کەمتر ئاوڕ لە توخم و تۆرەمە دراوەتەوە و ئەم ڕەوتە ڕێگای پووکانەوەی نەتەوە کەمدەسەڵاتەکانی لە نێو فەرهەنگی دینیدا خۆش کردووە. سێبەری سەنگینی دینی ـ مەزهەبی بۆتە لەمپەرێک لەسەر ڕێبازی خۆناسین و گەڕانەوە سەر خۆ.

شەرەفخان کە پەروەردە بووی بارگای سەفەوی و پێگەیشتووی قەڵەمڕەوی ئێرانە، بە هەناوی هەست و هەڵوێستی دەسەڵاتداران و جەماوەری بەر فەرمانیاندا ڕۆچووە و لە ڕێگای خوێندن و خوێندنەوە و ئەزموونەوە بۆتە سیاسەتمەدار و زانیویەتی دەبێ بۆ پاراستنی خێڵ و تیرە و تۆرەمەی خۆی دانووی لەگەڵ فەرمانڕەوایان بکولێ. وا دیارە دەبێ تێگەیشتبێ کە بۆ ڕاهێنانی وەچەکانی ئەوسا و داهاتوو پشوودرێژی پێویستە. ئەگەر توورە دەبێ و بە دابی نەیاران

---

١-لەم چەند بڕگەیەدا کەلکم لە نووسراوەیەکی دوکتۆر ئیسماعیل شەمس وەرگرتووە کە کاتی خۆی بۆی ناردبووم و بەسەری کردبوومەوە. و.

کوردی دێوسرشتی بە قەڵەمیدا دێ، کە دێتە سەر باسی مەزنایەتی، ئازایەتی، خوێندەواری، دڵاوایی، دلۆوانی و چاکی و پاکیش حەقی خۆیان دەداتێیە. بەپێی دەقی شەرەفنامە لام وایە شەرەفخان دەیهەوێ بڵێ کە تەنیا ڕێگای مان و نەتوانەوە، یەکییەتی و خۆناسینە و هەستێکی نەتەوەیی ئاوا گەرا دادەنێ و دواتر دەگووڕێ، بۆیە هێندە بە یەکنەبوونیانەوە وەڕەزە.

نووسەر هەرگیز لە بیری نەبردۆتەوە کە کوردە و زانیوێەتی نیشتمانەکەی پێویستی بە دەست و قەڵەمی نەخشینە و خۆی لەم خۆبەخشینە نەدزیوەتەوە و نەکەوتۆتە شوێن ئاگرەسووری، لە خۆم دووری. شەرەفخان وەکوو سیاسەتوانێکی دنیادیدە پاساوی بۆ کارەکەی هێناوەتەوە و ویستوویەتی خۆی لە زمانی ناحەزانی کورد و کەسانی دووڕاز و دووزمان کلا بکا. هەر لە سەرەتای کارەکەیدا ئەم مەبەستە بەڕوونی دەردەکەوێ و کە بەشی دووهەمیشی دەست پێ کردووە، پتری پێ لەسەر داگرتووە. بۆ وەی سوڵتانی عوسمانی دەرهەڵنەبێ و دڵی گەردی لێ نەنیشێ و نەڵێ بۆچی مێژووی سوڵتان و شاهانت وەدوا داوە و ناوی کۆتایی و پاشکۆت لێناوە و کوردت لە پێشدا ڕاناوە؟! دوو بەڵگەی بەپێزی نیشان داوە و سەروبەری کارەکەی چاک وێکهێناوە.

نووسەر لەم بەرهەمەدا ئەوەندەی توانیویەتی خۆی لە خلیسکان و تلاسا بوون پاراستووە. ئەگەر جاری وایە بەگوێرەی کۆمەڵێک سەرچاوەی نووسراو یان زارەکی، هەڵکەوت و ڕووداوێکی دوورە ئاوەز دەگێڕێتەوە، لەڕێوە دەنگ هەڵدەبڕێ و دەنووسێ، هەر خودا بۆخۆی دەزانێ! ئەم شێوە دەربڕینە زۆرجاران لە زمانی فارسی و کوردیدا، بە هەو نەبوونی گێڕانەوەکە دادەندرێ و قسەیەکی مەند و مەتینە. نامهەوێ پاکانە بۆ هەڵە و پەڵەی کاری شەرەفخان و چۆنیەتیی نێوەرۆکی بەشێک لە سەرچاوەکانی بکەم، کە وێدەچێ هەر بەئانقەست خۆیان لە چەواشە کردنی مێژووی نەتەوەکانی غەیری خۆیان هەڵکردبێ. دۆزین و

دۆزینەوەی کەلەبەرەکان لەم پیشەکییەدا ناگونجێ و پێویستی بە نووسینی تێر و تەسەلی سەربەخۆیە.

وەکوو دیارە شەرەفنامە بریتییە لە دوو بەرگ، کە یەکەمیان سەبارەتە بە مێژووی مەزن و میرانی کوردستان و ئەوی دیکەیان سەربوردەی پادشایان و سوڵتانەکانی ئێران و تووران لەخۆ دەگرێ؛ بەڵام وەک ڕۆژ ڕوونە کە ماکە و هەوێنی سەرەکیی کتێبەکە گێڕانەوەی دیرۆکی دەسەڵاتدارانی کـورد و میرنشینەکانی کوردستانە و ئەوانی دیکەی کردوونە پاشکۆ.

شەرەفخان زۆر ژیرانە ئامانج و مەبەستی پێکاوە و بە زیرەکی بیر و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە و لە سەرەتای کتێبەکەی‌دا دەڵێ: «منی گیاوردیلەی بابردەڵەی سەرسووتاو کە دەمزانی تیفتیفەدەرانی بووکی وتە و وتار و پۆلی تووتییانی شەکرستانی باس‌وخواسی کۆنە و نوێ لە هیچ دەور و زەمانێک‌دا نەکەوتوونە سەر باری گێڕانەوەی ژیان و سەربوردەی میرانی کوردستان و لەو بارەدا کتێبێکی سەربەخۆیان دانەناوە، بە بیرم‌دا هات تاکوو بەپێی بڕست و توانا شانم لە نووسینەوەی چۆنیەتیی ژیان و بەسەرهاتی ئەو میرانە شل بکەم. لەو ڕێبازەدا ویستم ئەو هێندەی کە لە مێژووی عەجەمان‌دا وەبەرچاوم هاتووە، یان لە زمان خەڵکی ڕاستگۆوە بیستوومە و ئەوەندەی بە چاوی خۆم دیتوومە و لێی ئاگادارم، گەوی هەودای هەموویان بەرمەوە سەر یەکتر و بیاننووسمەوە و ناوی بنێم شەرەفنامە. بۆیە وا لێبڕام هەتا چی دیکە بەسەرهاتی میرەماڵانی کوردستان تۆزی بە سەر نەکشێ و نەشاردرێتەوە. ئاواتەخوازم کە زانایانی چاک و پاک لێرولەوێ بەوردبینی لەم نووسینە کرچوکاڵەم بڕوانن و ئەگەر تووشی هەڵە و بە سەردا تێپەڕین و لە بیرچوونێکم بوون، بە قەڵەمی گەوهەربار و بە پێنووسی زێڕەوشانی خۆیان پەڵەم بۆ هەڵگرنەوە. ئەوان لێیان ڕوونە کە سرشتی ئادەمی وا داڕژاوە ناکرێ لە هەتڵە بوون و فەرامۆشی بە دوور بێ، بۆیە لێ تێکچوونم بە

www.zheen.org بنکەی ژین

تلاسان دابنێن باشە، نەک بە نەزانین.» ئەم شێوە هەڵوێست و دەربڕینە پاڵپشتە بۆ ئەم بۆچوونە، کە وریابوونەوەیەکی نەتەوەیی هانی شەرەفخانی داوە و لە لایەکی دیکەشەوە دەردەکەوێ نووسەر هەست بە هەتڵە بوون و بە سەردا تێپەڕینی سەلماندووە و ئەمەش نیشانەی بەرچاوبەرینی و سینگفرەوانییە و چاوەڕێی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی بەرێوجێیە. بەکورتی و پوختی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە پێشینەی نەتەوەی کورد و مەزن و میرانی کوردستان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حکوومەت و نەتەوە باڵادەستەکانە لەگەڵی و خەزێنەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و ئاوێنەی باڵانوێنی جوغرافیای سروشتیی ئەم خاکەیە کە کوردی تێدا دەژین و ئەو بە کوردستانی دەزانێ.

نووسەر ئەوەندەی خۆی بە بەرگی یەکەمەوە ماندوو کردووە، قەت هێندەی گوێ نەداوەتە بەرگی دووهەم و زۆر بەپەلە تێپەڕیوە و قەڵەمبازی هاویشتووە و بە دابی کۆن چی دڵی لێی ترسابێ نەیدرکاندووە و خاتری دەسەڵاتدارانی گرتووە. ئەوەندەی وشەی جوان و ڕەنگینی زمانی فارسی کە لە بەرگی یەکەمدا باسی کوردانی پێ ڕازاندۆتەوە و دیمەنی دڵگری پێ بەدی هێناوە، قەت هێندەی بۆ گێڕانەوەی ڕابردووی دەسەڵاتدارانی ئێران و تووران دەکار نەکردووە. بە کوردی شەرەفخان بەرگی دووهەمی بە دڵوداو نەنووسیوە و بە دەردی زێڕنۆڤ دەڵێ قازانجێکی واش بە مێژووی کورد ناگەیەنێ، بەڵام خۆ لە چەند سەرانەوە خێری پێوەیە:

١- کورد هەتا ڕادەیەک لەگەڵ مێژووی دراوسێیانی ئاشنا دەکا.

٢- تێڕوانینی کوردێکی مێژوونووس و نووسەرێکی مێژووی کوردان سەبارەت بە ئاکار و هەڵوێستی پادشایان و سوڵتانەکانی سەفەوی و عوسمانی دەردەخا، جا با زۆریشی پارێز کردبێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣- ڕاگیرانی پارسەنگی قەڵەم لە نێوان سەفەوی و عوسمانی و نەشکانەوە بە لایەکدا دەردەکەوێ.

٤- دەرکەوتنی توانایی و زانستی کوردێک بۆ نووسینی مێژووی دراوسێیانی و خۆ پاراستن لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و ناخۆشەویستی و زمانچەپڕەکی.

٥- دەسەڵاتدارانی سەرەکیی دەناسێنێ کە بریتین لە شاهانی سەفەوی و سوڵتانەکانی عوسمانی.

٦- تا ڕادەیەک چۆنیەتیی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی دوو وڵاتی ئێران و ڕۆم نیشان دەدا.

٧- سەنگ و بایەخی دەسەڵات و دەسەڵاتپەرستی و چۆنیەتیی ڕوانگەی حاکمان لەسەر حکوومەت دەخاتەڕوو.

٨- دەوری دین و مەزهەب بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و کێشە و نیازی پێچەوانە و چەوساندنەوەی نەتەوەکان ڕوون دەکاتەوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

٩- باو بوونی خوێندن و نووسین بە فارسی لەو ناوچە و مەڵبەندانەش دەسەلمێنێ کە فارس‌زمان نەبوون.

دەبێ بزانین کە هەر لە کۆنەوە نووسینەوەی مێژوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سێ زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی، کە زمانی دەسەڵات بوون، بۆتە باو و شەرەفخان کە خۆی ڕاهاتووی زمانی فارسی بووە و وەک وێژەوانێکی زمانپاراو دەرکەوتووە، شەرەفنامەی پێ نووسیوەتەوە و گوێی نەداوەتە حکوومەتی زاڵ بە سەر بدلیس‌دا، کە تورکانی عوسمانی بوون. نووسەری شەرەفنامە بێجگە لە ئایاتی قورئانی و چەند جێیەکی دەگمەنی دیکە نەبێ، زمانی عەرەبیی لە دەقی نووسینەکەی خۆی وەرنەداوە و بۆ تورکیش تەنیا پشتی بەستووە بە چەند کورتە شێعرێک.

زمانی شەرەفنامە، زمانێکی کەم گرێوگۆڵ و ڕەوانە و گەلێک جار ئەدیبانە و شاعیرانەیە و مرۆڤ بەرەو دنیای نەخشینی قەڵەم ڕادەکێشێ و پشووی پێ تازە دەکاتەوە. پتر لە دووسەد جار بۆ سەلماندنی قسەی خۆی و ڕەنگاندنی دەقەکەی شێعری کورت و درێژی بە نموونە هێناونەوە. ئەم کارە نیشانەی ڕووحی شاعیرانەی شەرەفخانە و لام وایە بەشێک لە شێعرەکانیش هەر بەرهەمی قەڵەمی خۆنی و لە چەند جێیەک بەئاشکرا ئەم مەبەستە دیارە.

زمانی وێژەوانانەی شەرەفخان دەکرێ بە زمانی لە گرێژەنە چووی بێسەروبەرەی ئێستا بکرێتە کوردی و شیلە و هەوێنی بەتام و خۆشی زمانەکەی بگیرێ و بەناوی وەرگێڕانی مێژوویەکی ڕووتەوە پەڕوپۆی پێوە نەمێنێ و ئاوەڕووت بکرێ، بەڵام ئەوانەی لەم ڕوانگەیەوە چاو دەبڕنە دەقێکی کۆنی وەک شەرەفنامە، بێگومان نابەڵەدی کەلێن و قوژبن و جوانییەکانی زمانی فارسین و هیچ شتێکی ئەوتۆش لە وردەکاری و بەگیانخۆشیی زمانی کوردی نازانن، بەتایبەت بۆ ئەم شێوە دەقانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوێندەواری بواری مێژوو، بەتایبەت وانەخوێنی دەقی کۆنی مێژوویی بێونەبێ دەبێ لە وێژە و زمان بزانێ و مادام وا نەبێ، خۆی کەمتەرخەمە و زمانەکە بێتاوانە. من لەم بابەتەدا خۆم بە دەروەستی دەقی نووسەر و زمانەکەی و چۆنیەتیی وەرگێڕان دەزانم و دەشکرێ گلە و گازندەی هێندێکان بەجێ بێ کە دەڵێن خوێندەواری ئەمڕۆی ئێمە هێندە دەربەستی زمان نییە و پێویستە لەمەش ساکارتری بۆ بنووسرێ. ڕەنگە وابێ، بەڵام هەتا دەق ساکارتر بێ، خوێنەرەوە کەمتر قووڵ دەبێتەوە و باریکەڕێسییەکانی زمانی لا گوم دەبێ و بەرەبەرە چێژەی ئەدەبی دەگۆڕێ و دەبێتە هەستێکی ڕەقوتەق و پشووسواری مکانیکی و هێندەی پێ ناچێ کە ویشک هەڵدێ و تێدا دەچێ. بەندە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە نیم کە خۆی بە

دەروەستی زمان نازانێ و ملی ڕێگای شێوەیەک تۆوبڕ کردن یان لانیکەم هەڵداشتنی دەگرێتە بەر.

لەم باسە کە بترازێم دەگەڕێمەوە سەر ئـەو دەقـەی بە ماکەی وەرگێڕانم دانـاوە و یەکێکە لە کارە ناوازەکانی زانای ڕووسی ڤێلادیمیر ڤێلادیمیرۆڤیچ ناسراو بە ڤیلییامینۆڤ زێرنۆڤ (١٨٣٠-١٩٠٤). زێرنۆڤ پاش بەدواداچوون و وردبوونەوە لە چوار دەقی دەسنووسی شەرەفنامە توانیویەتی ساڵی ١٨٦٠ بەرگی یەکەم و ساڵی ١٨٦٢ بەرگی دووهەم لە سەنت پێترێزبوورگ (لێنینگراد) چاپ و بڵاو بکاتەوە. دیارە لەم کارەدا دەستی بە کۆنترین دەقی دەسنووسی شەرەفنامە ڕاگەیشتووە کە ساڵی ١٥٩٨ نووسراوەتەوە و خودی نووسەر پێیدا چۆتەوە و دەبێتە دوو ساڵ پاش نووسرانی شەرەفنامە.

بە گوتەی دوکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەحمەد، پاش ئەم کارە بەنرخە شەرەفنامە وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێکی وەک ڕووسی، ئاڵمانی، فەڕەنسی، عەرەبی و تورکی. هەر لەم ڕەوتەدا مەلا مەحموود بازیدی (١٧٩٧-١٨٦٧)، ساڵی ١٨٥٨-١٨٥٩ بە هاندانی کوردناسی ڕووسی «ئەلێکساندر ژابا» بەرگی یەکەمی شەرەفنامەی کردۆتە کوردی و ساڵی ١٩٨٦ بە وێنەچاپ[١] لە ڕووسیا بڵاو کراوەتەوە و بەختەوەرانە کاک سەعید دێرەشی ساڵی ٢٠٠٧ لە دەزگای سپیرێزی دهۆک سەرلەنوێ چاپی کردۆتەوە و پێشەکی و پەڕاوێزی پوخت و پێویستی بۆ نووسیوە.[٢]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١- شـەرەفنامەی شـەرەفـخانی بدلیسـی، وەرگێـڕاوی هەژار، لاپەڕە سـەت و شێسـت هەتـا سەت و حەفتا و شەش، چاپی دووەم، چاپخانەی جەواهێری، تاران، ساڵی ١٩٨١. و.

٢- شـەرەفنامەیا شـەرەفـخانێ بدلیسـی، تەرجەمـا مەلا مەحمـوودێ بازیـدی، لێکـۆڵینەوە و پێداچوونەوەی سەعید دێرەشی، دهۆک، ٢٠٠٧. و.

هەروەک ئاشکرایە مامۆستا هەژار ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ سەرلەنوێ بەرگی یەکەمی شەرەفنامەی لە ڕووی دەقی سەرەکییەوە کردۆتە کوردی و ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا چاپ کراوە و دیسانیش بەرگی دووهەم هەر لای لێ نەکراوەتەوە. مامۆستا جەعفەر کە خۆی کەسێکی تێبین و شارەزایە، هانی دام هەتا بەرگی دووهەم بکەمە کوردی و بەنابەدڵی پێشنیارەکەیم سەلماند. بۆ بەنابەدڵی؟ چونکە بەرگی یەکەم کاری مامۆستایەکی کەم وێنەی وەک هەژارە و خۆ لە قەرەدانی زۆری پێدەوێ. هەرچۆنێک بوو کارەکەم ڕاپەڕاند و چەندی بۆم کرا وێنەم لە شێوەی کاری مامۆستا هەڵگرتەوە، بەڵام خۆم لە وەرگێڕانی ئازاد پاراست. بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧ وەرگێڕانەکەی بەرگی دووهەمی بڵاو کردمەوە و چەند ساڵ دواتریش هەمیسان لە چاپی دایەوە. لەم ماوەیەدا خۆشەویستانم لە بنکەی ژین کەوتنە سەر ئەم بڕوایە بەرگی یەکەمیش بکەمە کوردی، بەڵام هەر خۆم دەبوارد و دەمگوت پاش مامۆستا هەژار پێویست بە وەرگێڕان ناکاتەوە. ئەوان هەر سوور بوون لەسەر بۆچوونی خۆیان و دەیانگوت کتێب زۆرن کە چەند جارێک تەنیا وەرگێڕدراونە سەر زمانێک و هەر خودی شەرەفنامە جارێک مامۆستای کورد محەممەدعەلی عەونی (١٨٩٧-١٩٥٢) کردوویەتە کوردی و جارێکیش مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٢-٢٠٠١). لە لایەکی دیکەشەوە چەند دەسنووسێکی شەرەفنامە دۆزراونەوە کە یەکیان بە خەتی خودی شەرەفخانە و وەرگێڕانەکەی پێ دەوڵەمەند دەبێ و لەسەر ئەم پێوشوێنە وێنەی تەواوی دەسنووسەکانیان بۆ ناردم.

لە ڕاستیدا ئەو دەقەی کە خودی شەرەفخان بە خەتێکی خۆشی نەستەعلیق نووسیویەتەوە لە هەموو دەقەکانی دیکە پتر بوو بە یاریدەدەرم و لێرەدا بە دەقی «بودلیان» ناودێر کراوە. وەکوو دیارە ئەم دەقە بە ٢١ تابلۆی نەخشینی مینیاتۆر نەخشێندراوە و بەپێی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف لە

کتێبی «تابلۆکانی شەرەفنامە»دا سەرچەمیان کاری خودی شەرەفخانن، کە بەداخەوە خۆی باسی نەکردووە.[١] شەرەفخان باسی فێربوونی وێنەکێشانەوەی دەکا لە بارگای شاتەهماسبی سەفەوی و دوو جاریش قەڵەمی خۆی بە قەڵەمی یەحیا واسیتی شوبهاندووە، کە وێنەگەر و خەتخۆشێکی بەناوبانگی عەرەبە. جگە لەمەش ئاشکرایە کە پاش تەواو بوونی لە نووسینەوەی دەقەکە تابلۆکان کێشراونەوە و هەر بۆ نموونە کاتێک شەرەفخان ئاڵوگۆڕێکی لە لاپەڕەی پێش تابلۆی ژمارە سێزدەدا بەدی هێناوە و سەرلەنوێ نووسیویەتەوە، چونکە جێی نەبۆتەوە، نیو ڕستەیەک لە نووسینەکەی خستۆتە لای سەرەوەی تابلۆکە و ڕەنگە ئەمەش یەکێک لە بەڵگەکان بێ بۆوەی کە کاری خۆی بێ. من لە شوێنی خۆیدا باسی جیاوازیی ئەم جێیە و دەقی ژێرنۆڤم کردووە. هەر چۆنێک بێ هەتا زەمانێکی پێچەوانەی بۆچوونەکەی مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف نەسەلمێندرێ، ئەم تابلۆیانە شەرەفخان کێشاونییەوە و ئێمەش چۆن هاتوون لە دەسنووسەکەی خودی نووسەردا دەیانخەینەوەڕوو.

وەک پێشتر باسم کرد، بۆ وەرگێڕانی بەرگی دووهەم تا ئەندازەیەک شێوازی مامۆستا هەژارم ڕەچاو کرد تاکوو زۆر دوودان نەبێ. لە بەرگی یەکەمیشدا هەروا پێدا ڕۆیشتووم بە لانی زمانیدا، بەڵام تەواو شێوازی نووسین و دابەشینەکەی شەرەفخانم پاراستووە و لک و پۆپی زیادیم لێ نەکردۆتەوە. لە وەرگێڕانی هۆنراوەکاندا تووشی کوێرەوەرییەکی زۆر بووم، چونکە بەڕاستی نووسەر زۆرجاران ویستوویەتی پڕ بە پێستی شوێنەکە بێ هەتا ئامانجی پێکابێ. دەستم لە دار و پەردوویان نەدا، نەکا چەشنێک شێوانی بەئانقەست بیانگرێتەوە. گەر بە شێوەیەکی ئازادم وەرگێڕابان چاکترم دەهاتنە بەر کەمەندی، کەچی لێیان گەڕام

١- تابلۆکانی شەرەفنامە، عەبدوڕڕەقیب یووسف، چاپی سێهەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.و.

تامی پێکهاتەی خۆیان نەگۆڕێ، بەڵام خۆم یەکجار بە دەروەستی کێشیان دانەنا و هێنانی مەعنام بە لاوە گرینگتر بوو.

بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی زمانی کوردی و دەربڕین و نووسینەوەی کۆمەڵێک ناو، تەواو بە لای زمانی باوی سەردەمدا شکامەوە و لە شێوەی شەرەفخان تلاسا بووم و چەند نموونەیەکیان دەخەمە بەر چاو: شارەزوول (شارەزوور)؛ بوختی (بۆتانی)؛ عەقرە (ئاکرێ)؛ بەهادینان (بادینان)؛ عیمادییە (ئامێدی)؛ طاسنی (داسنی) و سۆهران (سۆران).

هەروەها بێجگە لەم مەبەستانە چەند خاڵێکی دیکەش پێویستیان بە وەبیرهێنانەوەیە:

-- بۆ ڕاستەی کاران، لە بەرامبەر ساڵی کۆچیدا، ساڵی زایینیم داناون. لە بەرگی دووهەمدا کە سەرباسەکان بە ساڵ دیاری کراون، ئەوانەی کەوتوونە لای ڕاست ساڵی کۆچین و ئەوانەی لای چەپ ساڵی زایینین.

-- وەرگێڕانی ئایەتەکانی قورئان لە بەرگی دووهەمدا، تێکڕایان لە ڕووی وەرگێڕانی قورئانی مامۆستا هەژار نووسراونەوە و لە بەرگی یەکەمدا نا.

-- نیشانەکانی پرسیار لە دەقی بەرگی دووهەمدا خودی زێرنۆڤ دایناون.

-- بەپێی پێوەری زانستی لیزگەی ناوەکانی بۆ ڕێکخراوە و لێی زیاد کراوە.

-- سەرچاوەی تابلۆکان، کتێبی «تابلۆکانی شەرەفنامە»ی مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسفە.

-- ئەو تێبینی و پەراوێزانەی کە مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف زەحمەتی کێشاوە و بۆ ئەم وەرگێڕانەی نووسیون بە کورتەنیشانەی «ع.ی» دیاری کراون و دەتوانن گەلێک ڕوونکەرەوە و یاریدەر بن.

-- ئەو تێبینی و پەراوێزانەی کە دوکتۆر زرار سدیق تۆفیق خۆی پێوە ماندوو کردوون و بۆ ئەم وەرگێڕانەی نووسیون، سەرەڕای پێوانی ڕەوتێکی زانستی و

ڕووناکیدەر، توانیویانە چەندین هەڵەی دیرۆکیش ڕاست بکەنەوە و بە کورتەنیشانەی «ز.س» دیاری کراون. لە ڕاستیدا بەڕێزیان زۆری خۆ بە بەرگی یەکەمەوە سەرقاڵ کرد تا بە باری زمانیدا شێوازێکی ساکاری تێدا وەبەر چاو بگیرێ و ئەوەندەی کرا تێبینییەکانی تەواو بە هێند وەرگێڕان. دەربارەی پەراوێزەکانی دەبێ بڵێم کە زۆربەیان بەپێی پێداچوونەوەی خۆم داڕێژرانەوە، هەتا لەگەڵ دەقەکە یەکدەست بن.

.. تەواوی پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی خۆی وەرگیراون و مامۆستا سدیق ساڵح بەوردی کردوونی بە کوردی و دوکتۆر زرار سدیق تۆفیق هەڵیبژاردوون. سەبارەت بەم پەراوێزە دەوڵەمەندانەش پێویستە بڵێم کە زۆربەیان بەگوێرەی پێداچوونەوەی خۆم داڕێژراونەوە، هەتا باری یەکدەست بوونی دەقەکە پارێزراو بێ.

.. لەم چاپەدا سەرلەنوێ بە بەرگی دووهەمدا چوومەوە و هەڵە و پەڵەکانیم هەڵگرتۆتەوە و بەپێی زانیاری و سەرچاوەی نوێ پەراوێزم لێ زیاد کردووە. بەشێک لە پێشەکیی بەرگی دووهەم، کە ساڵی ٢٠٠٧ چاپ کرابوو ڕاگوێزراوەتە ئێرە. بۆ پەراوێزەکانی خۆم لە هەردک بەرگدا کورتەنیشانەی «و» دیاری کراوە، بەواتای وەرگێڕ.

.. بێجگە لە دەقی زێرنۆڤ، کە کردوومەتە سەرچاوەی سەرەکیی وەرگێڕان، وەک پێشتر ئاماژەیەکم پێ کرد، مامۆستا ڕەفیق ساڵح لە بنکەی ژین وێنەی لەبەرگیراوەی چوار دەسنووسی شەرەفنامەی بۆ ناردووم کە بریتین لە:

١- کتێبخانەی بودلیان، زانستگای ئاکسفۆرد، دەسنووسی خودی شەرەفخان، کە ساڵی ١٠٠٥ی ک/ ١٥٩٧ی ز، نووسیویەتەوە و تابلۆکانیشی تێدان.

٢- کتێبخانەی سلێمانی، کە بایەزید کوڕی سمایل ئەفەندی ساڵی ١٢٥٢ی ک/ ١٨٣٦ی ز، نووسیویەتەوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

٣- کتێبخانەی دیاربەکر (تورکیا)، کە وێدەچێ ساڵی ١٢٧٣ی ک/ ١٨٥٦ی ز، نووسرابێتەوە و ناوی «عەبدولمەجیدخان»ی پێوەیە.

٤- کتێبخانەی پارلمانی ئێران، کە نەنووسراوە چ ساڵێک نووسراوەتەوە، بەڵام کەسێک بەناوی «جەمشید ئەمیربەختیاری» خۆی بە خاوەنی زانیوە و بەخشیویەتی بە کتێبخانەی یەکێک بەناوی «پەرویزخان». لە لاپەڕەی یەکەمی دەسپێکی دەقی ئەم شەرەفنامەیەدا نووسراوە: «ئەم کتێبی شەرەفنامەیە ناودێرە بە مێژووی لوڕان و کوردان و سەبارەتە بە سەربوردەی مەزن و میران و فەرمانڕەوایانی پایەبەرزی لوڕستان و کوردستان.»

لە لایەکی دیکەوە بێ لەم دەسنووسانە، دەقی چاپکراوی بەرگی یەکەمی ئەم شەرەفنامەیەشم بەدەستەوە بوو کە «محەممەد محەممەدلووی عەبباسی» ساڵی ١٣٤٣ی ک/ ١٩٦٤ی زایینی، چاپی کردووە و پێشەکی و پەڕاوێزی بۆ نووسیوە. عەبباسی دەڵی من هەر بە وێنەچاپ دەقەکەی چاپخانەی شێخ «فەرەجوڵڵا زەکی کوردی»م چاپ کردۆتەوە کە لە میسر چاپ کراوە. دیارە ئەم شەرەفنامەیە کاری مامۆستا «محەممەدعەلی عەونی»یە کە بەپێی سەردەمی خۆی پەڕاوێزی تێر و تەسەلی بۆ نووسیوە و مامۆستا فەرەجوڵڵا زەکیش دەسباری لەگەڵ گرتووە.

**

پاش تێپەڕین لەم مەبەستانە، دەگەڕێمەوە سەر نەمانی خودی شەرەفخان و باسەکەی پێ تەواو دەکەم. شەرەفخان لە دوایین لاپەڕەی شەرەفنامەدا دەڵێ ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، بە مەیلی خۆم دەستم لە کاروباری میرایەتی کێشاوەتەوە و شەمسەددینبەگی کوڕە گەورەم لە جێم داناوە؛ بەڵام بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک دەبێ وا نەبێ و حکوومەتی ناوەندی تینی بۆ هێنابێ و لەسەر کاری لادابێ...!

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژێک لە ڕۆژانی زستانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی/ ٢٠١٧ی زایینی، هەر سەبارەت بە شەرەفنامە تەلەیفوونم کرد بۆ مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی و لە گەرمەی قساندا پێی ڕاگەیاندم، کە توێژینەوەی تازە کراوە سەبارەت بە شەرەفخان و مەبەستی نوێ دەرکەوتووە و بابەتەکان و ئیمەیلی نووسەرەکانی بۆ ناردم. پاش بەدواداچوون بۆم ڕوون بۆوە کە دوو نووسەر و توێژەری کورد، بەڕێزان کاک مستەفا دێهقان و کاک ڤۆرال گەنچ، ساڵی ٢٠١٥ دوو وتاری بەپێزیان بە زمانی ئینگلیسی سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی شەرەفخان نووسیوە و لە گۆڤاری «مەنوسکریپتا ئۆرینتالیا»دا لە «سەنت پیترزبوورگ» بڵاو کراونەوە. پەیوەندیم بە کاک مستەفاوە کرد و ئیزنم لێ خواست تا وتارەکانیان پاش وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی، وەک پاشکۆ لەم وەرگێڕانەدا چاپ بکرێن. ئەو بەڕێزەش وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی، لە لایەن خۆی و کاک ڤۆراڵی هاوڕێیەوە ڕەزامەندیی دەربڕی. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی مەرگی شەرەفخان کە ١٠١٢ی کۆچی بوو بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە و تەواو ڕوون دەبێتەوە کە شەرەفخان بە مردنی خۆی نەمردووە و بەدەست هێزی پەلاماردەری عوسمانی کوژراوە. وێڕای دەسخۆشانە لەم دوو بەڕێزە کە توانیویانە تیشک باوێنە سەر چۆنیەتیی ڕەوتی ڕووداوەکان و تا ئەندازەیەکی تەواو چارەنووسی شەرەفخان ڕوون بکەنەوە، چی دیکەی درێژە نادەم با لە زمان خۆیانەوە بیبیستن.

وەرگێڕانی وتاری یەکەم کەوتە ئەستۆی کاک سەلمان عەلی لە لەندەن و وەرگێڕانی وتاری دووهەم کاری کاک «عەبدوڕڕەحمان پەناهەندە»یە لە مەهاباد و ئەرکی پێداچوونەوەشیان هاتە سەر شانی خۆم و وتارەکان کراونە پاشکۆی بەرگی دووهەم. پڕ بەدڵ سپاسی ئەم بەڕێزانە و تەواوی ئەو کەسانەش دەکەم کە لێرەدا ناویان تۆمار کراوە و ئەگەر یارمەتیی هەموویان نەبووبا، کەموکووڕیی کارەکە زۆر زیاتر دەبوو.

**

**خاتوو پەروین پیرەبابی ئەرکی تایپی کەوتە ئەستۆی و کاک ئاوات حەکیمزادە بوو بە سەرپەرستی ڕازاندنەوە و ڕێکاندنی و بە هەناسەی گەرمیان ئەم کارەش لە کڵ دەرچوو.**

**سەلاحەددین ئاشتی**

**مەهاباد ١٣٩٥/١٢/١٠ی هەتاوی ـ ٢٠١٧/٢/٢٨**

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سەرەتا

بەناوی یەزدانی دڵاوا و دلۆڤان

سەرەتای وتار شایانی سپاس و تاریفی ئەو مەزنەمیرەیە کە گزینگی پەسن و پێداهەڵدانی لە دەروونی ڕووناکەوە هەستێ و چەشنی هەتاوی دنیاداگر بەرەو پەرۆچکەی ئاسمانی بانیسەر تێهەڵچێ. جێی خۆیەتی کلکەی وتاریش هەر بە شوکرانە و پێهەڵگوتنی ئەو جیهاندارە داکووژێ کە گەشە و نەشەی یادی لە ناخی دڵ و سینەوە بەرەو پلەی هەرە بەرزی بەختەوەری سەرکەوێ.

لە نووکەوە تا کۆتایی شوکرانەبژێری ئەو پادشایەم کە بە دەنگی ئایەتی «ئێوەمان لەم خاکەدا کردە جێنشین»[1]، پرشنگی داوە بە شان و شکۆی ئادەمی و دەستی ڕێزی لێناوە و لە نۆ نهۆمی تەختی ئاسماندا جێی بۆ دابین کردووە.

پەروەردگار خاوەن دەسەڵاتێکە کە سکەی عەیارچاکی مەزنایەتیی مرۆڤی لە سکەخانەی بەسەرکردنەوەی بێبڕانەوەیدا لێداوە و فەرموویەتی: «ئێمە ڕێزمان دانا بۆ تۆرەمەی ئادەم.»[2]

---

١- «... وجعلناكم خلائف فيالارض...»؛ بەشێکە لە ئایەی ١٤ی سوورەی یوونس. و.

٢- «ولقد كرمنا بنى آدم ...»؛ بەشێکە لە ئایەی ٧٠ی سوورەی ئیسراء. و.

یەزدان باڵادەستێکە کە ئاڵای شەکاوەی خونکارانی بەشان‌وشکۆی ئادەمیزادی هەوراز بردووە و «هەتا پلەی باڵاش هەڵیکێشاوە».[١] هەر خۆیەتی کە بەیداخی پادشایانی لە شاران و سەرتاسەری هەرێم و مەڵبەندەکانی دنیا ڕاشەکاندووە و ڕێگـای جیهانگیری و سەرکردایەتیی بۆ خۆش کردوون. خواوەندی بەرزەجێ شەقاوی خاقانە دادەوانەکانی گەیاندۆتە سەر ئەستێرەی دووبرالان و لە بان تەختی دەسەڵات دایناون و «لەچاو زۆرێک لە خوڵقاوەکانی خۆی شانەبەرزەی پتری پێ داون»[٢]؛ کەوایە بەگوێرەی یاسای دادپەروەری جڵەوی دەسەڵاتی خەڵات کردوون.

ئەو خودایەی نەمر بۆخۆیەتی، لەپی شمشیری پادشایانی جیهانگیری کردۆتە ئاوێنەی باڵانوێنی دیمەنی بووکی سەرکەوتن و بەپێی سەنگوتەرازووی ماکەی فرەزانیی خۆی، هەوساری کاروباری گرینگی دنیا و ڕێکخستنی تان و پۆی ژیانی بنیادەمی داوەتە دەست خونکارانی دادپەروەری دڵاوا. بەپێی مەیل و لێبڕانی بێ‌نوقسانی دەستەیەکی لە نێو هۆز و عەشیرەتان‌دا ڕەسەر خستوون و خەڵاتی هەرە بەنرخی بە باڵای بڕیون و پلەی بەرزی دەسەڵاتی پێ بەخشیون. پەروەردگار هەموو خەڵکی «کردوونە تیرە و تۆرەمە»ی[٣] جیاواز و کێ چی لێوەشابێتەوە پێی بەخشیوە و پلەی پادشایەتی و قەڕاڵی و میرایەتیی بۆ دیاری کردووە.

تـایبەت بە تـۆیە پادشـایەتی — لە ماسی تا مانگ تۆو خودایەتی
چون چا دەناسی هەمـووان بێ‌گرێ — یـەک دەکـەیتە شـا مـەیلت بیگرێ

---

١- «ورفعناه مكانا عليـا»؛ سوورەی مریەم، ئایەی ٥٧. باسی ئیدریس پێغەمبەرە کە خوداوەند فەرموویەتی: «هەتا پلەی بەرزیش هەڵمانکێشا». و.

٢- «... وفضلناهم على كثير ممن خلقنا ففضلا»؛ بەشێکە لە ئایەی ٧٠ی سوورەی ئیسراء: «لەچاو زۆرێک لە خوڵقاوەکانی خۆمان شانەبەرزەی پترمان پێ داون.» و.

٣- «... وجعلناكم شعوباً و قبايل... .»؛ بەشێک لە ئایەی ١٣ی سوورەی حوجورات. و.

✵ ✵

ئەم جار دەچینە سەرباسی پێغەمبەری مەزن درووود و سڵاوی خودای لەسەر بێ، کە بۆتە سەرپەڕی ڕووپەڕی خۆشڕاوێژی و سەرەتای پەڕاوی پڕ کاکڵی چازانی و فەرموویەتی: «ئەو دەمەی کەوا من کرابوومە پێغەمبەر، بابادەم هێشتا لە نێوان ئاو و قوڕدا بوو.»[1]

وەڕاستگەڕانی ئەرکی سەر شانی لێرەوە دەردەکەوێ کە لە قورئاندا هاتووە: «ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد، هەتا ببی بە مایەی خێر و خۆشی بۆ تەواوی خەڵکی دنیا.»[2]

ئەم پێغەمبەرە سەرداره وەختایەک سەفەری پیرۆزی خۆی بەرەو بارگای خودا دەست پێکرد و پێی نایە ڕکێفی بوراقی خۆشبەزی وەک تیشکی تاوی، یەکپشوو وا ڕۆیی کە جوبرائیلی ئەمینی ڕێزدار لەگەڵی دەرنەچوو. «پاک و بێعەیبە ئەو خودایەی کە لە شەوێکدا، بەندەی خۆی بردە شەوگەڕێ.»[3]

پێغەمبەری بەرزەشان لە جەنگەی ئەو دیدارە تایبەتەدا، وا بەدڵەوە گوتی: «وادەی دیدارەم هەیە لەگەڵ خودا»،[4] کە فریشتەکانی بارگای یەزدان و پێغەمبەرانی پێشوو وەها خۆیان کوتا بۆ پێشوازی و بەخێرهێنانی، کە جێی یەکی دیکە نەدەبۆوە.

جبریل نەیتوانی لەگەڵ تۆ دەرچێ لەم سەیرانەدا
هیچکەس ناتوانێ هاورکێفت بێ لەم دەورانەدا

١- حەدیسەکە ئاوایە: «کنت نبیا و آدم بین الماء والطین.» و.

٢- «وما ارسلناک الا رحمة للعالمین.» سوورەی ئەنبیاء، ئایەی ١٠٧. و.

٣- «سبحان الذی أسری بعبده لیلا ... .»، بەشێک لە ئایەی یەکەمی سوورەی ئیسراء. و.

٤- حەدیسەکە ئاوایە: «لی مع الله وقت» و.

مانگی بارگای پێغەمبەرایەتی، پادشای هەیوانی شکۆمەندی مەزنایەتی، مۆری برانەوەی ڕەوتی پەیامبەری، سندووقچەی پڕ گەوهەری بەخشەری، گلێنەی نێو قاپێلکی دین، سۆمایی[1] و تروووسکەی ئاسمانی شین، سەرتۆپی پێغەمبەرانی نێو داموودەزگای گەردوون، سەردەقی پەڕاوی بیری شاراوەی دەروون، سەرخێڵی کۆمەڵی نێردراوان، میر و سەرۆکی بڕواهێناوان محەممەدی مستەفایە، دروودی خودا بۆ سەر خۆی و بنەماڵە و یارانی.

ڕەسووی عارەب و شاهی مەدینە
بۆتە پێشەنگی ئەم سەرزەمینە
مانگی پیرۆزی ئاسمانی شەرەف
مرواری تاق و قوڕەیشی سەدەف
کتێبی بەرزی ڕێی پەیامبەری
بەوی داگیرسا و گەیبە ئەو سەری
درووودی خوای گیانپەروەرێن
وەک دەنکی باران بێن و داوەرێن
بۆ سەر گیانی خۆی، ئەولادی پاکی
نەوە و نەتیژە و یارانی چاکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

***

پاش بژاردنی شوکرانەی خودای دەسڕۆیشتوو، دوای لێدانی سڵاوات لە دیداری سەروەری چاکان و پاکان، تاریفات شیاوی ئەو سوڵتانەیە کە هەیوانی ئاسمان سەرەڕای بەرزی و تەرزی، دیسانیش کەمترین خشڵە بۆ سەردەرانەی. خونکاری سەیوانی چوارەم کە خۆری ناوە و تروووسکە و تیرێژی هەموو جیهان دادەگرێ، دەکەوێتە ڕێزەی بەرەژێرترینی پاسەوانان و دەرکەوانانی. ئەم پادشایە گەوهەری تاجی سەری فەرمانڕەوایانی جێبەرز و خانەدانە. لووتکەی هەرە باڵایە لە نێو ئەو قەڕاڵانەدا کە بوونە سەرچاوەی تیشک و ڕووناکی. پەنا و پەسیوی قەیسەرە مەزنەکانە و داڵدەیە بۆ کیسرا پایەبەرزەکان. چی خاقانە دووقەد دەبنەوە و دەچنە

---

١- ئاماژەیە بە ئایەی ١٧ی سوورەی نەجم: «ما زاغ البَصَرُ وما طغى.» و.

ڕامووسانی ژێردەرانەی هێژای. ئەم پادشایە سوننیمەزەبان دەپارێزێ و خاشەی ڕەوتی لە دین لادان و لاڕێ بوون دەکێشێ و لێی دەبێزێ. پۆپەنشینی دەسەڵاتە و میرێکی یەکجار دادەوانە و هەموو کەس سەری وەبەردێنێ. بە ڕێبازی چاکە و دادپەروەریدا داژوێ و لەسەر ئەم بار و هەوایە هەڵیداوە ئاڵای پێشەوایەتی و بۆتە نووسەرەوەی ئایاتی پڕ پیت و بەرەکەتی یەزدانی. هەموو کاتێک لە هەر شوێنێک ڕێدەستی بووبێ، لاپەڕی پێ نەخشاندوون و کردوونی بە کتێب. سەرۆکی دین و دنیایە و بەختەوەری هەردوو لایە. خاوەنی دوو دەریا [1] و دوو بەژانە، [2] غولام و خزمەتکاری مەککە و مەدینەیە. سێهەمینی «عومەر»انە [3] و دووهەمین ئەسکەندەری جووتقۆچە. پەرەی داوە بە ئارامی و وڵاتی لە هەرا و ئاژاوە پاراستووە. خودای سەرچاوەی خێروبێر بە سیلەنیگای شاهانەی خۆی بەسەری کردۆتەوە. ئەم مەزنەمیرەی کەوا باسی دەکەم، ئەبولموزەففەر سوڵتان محەممەدخانە [4] و هیوادارم خودای گەورە ڕاوەستاوی کا و دەستی بە ژێر باڵی بگرێ و خێر و چاکەی بتەنێتەوە و هەموو کەس بگرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەزدانی مەزن، بۆ خەڵک یاری — کە ئەم سێبەرەت کردۆتە دیاری
شاهی سەربەرز، پەسنی پێ ناوێ — چلۆن هەڵبڵێم بە تیشکی تاوێ
دەپـــاڕێمەوە زۆر بـــە ملکەچـــی — ئەم حکوومەتەن قەت تێدانەچـــی

١- هەردک دەریای ڕۆم و فارس کە یەکتر دەگرنەوە. دەریای ڕەش و سپی. و.
٢- ئەو هەرێمانەی کە لە دەورەی دەریای ڕەش و سپی هاڵاون. و.
٣- عومەری یەکەم، عومەری کوری خەتتابە و دووهەمین عومەر، دەبێتە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (٦١-١٠١ی ک/٦٨٠-٧١٩ی ز) کە بە هەشتەمین خەلیفەی ئەمەوی دادەندرێ و تەنیا دوو ساڵ و نیوی خەلیفایەتی کردووە. (بڕ: دێهخودا، ب ١١، ل ١٦٣٥٤.) و.
٤- سوڵتان محەممەدخانی سێهەم، کوڕی سوڵتان مرادی سێهەمە و دەبێتە سێزدەهەمین سوڵتانی عوسمانی. ساڵی ١٠٠٣-١٠١٢ی ک/١٥٩٤-١٦٠٣ی ز. پادشایەتیی کردووە و ماوەی ٣٨ ساڵ ژیاوە. و.

❊❊

ئینجا وا باشە باسی ئەو کەسانە بکەین کە گرشە و ورشەی دەروونیان وەکوو مـاکـەی گـەوهەربارە و لە بواری دەمپاراوی‌دا ملوانکەی مرواری دەهۆننەوە و بیریان لەگوێن مانگ تریفە داوێ و قەڵەمیان بە ڕەوگەی ڕەوانبێژی‌دا داژوێ. ئەوانە با بزانن و لێیان ئاشکرا بێ کە زانایانی زۆرزان و بلیمەتانی بەستێنی فرەزانی لایان وایە ئەگەر بێ و زانستی مێژوو چواربەندەی بە ئایەت و حەدیسان لێکبدرێ، کارێکی جوان و هێژایە. هەنگاوێکی هێندە شازە کە قەڵەم ناتوانێ بە شیرن‌زمانی و شەکروەشانی باسی قازانج و دەسکەوت و دەرکەوتەکانی بکا و نەقڵ و نەزیلەی وردەکارانەی بخاتە بەرچاو. هەر لەسەر پێوشوێنی ئەم بۆچوونە محەممەدی کوڕی خواندشا، کوڕی مەحموود ناسراو بە میرخواند،[1] نووسەری مێژووی «ڕەوزەتوسسەفا»، لە پێشەکیی کتێبەکەی خۆی‌دا نووسیویەتی زانینی مێژوو لە دە سەرانەوە دەسکەوتی پێوەیە: ١-زانیاریی مرۆڤ هەوراز دەبا. ٢-دڵ پێی دەگەشێتەوە و خەمرەوێنە. ٣-سەرەڕای زۆر بوونی بەهرە و بەری، خێرایەکی بەرهەمی چاکی لێ هەڵدەگیرێ و چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی واشی ناوێ و بیری مرۆشی پێ تیژ دەبێ. ٤-چونکە قسەی ئەم و ئەوی تێدایە و هەر یەکەی لە ساز و ئاوازێکە، مرۆڤ ڕاست و درۆی بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەتوانێ هەق و ناهەق لێک جودا بکاتەوە. ٥- ژیران و خاوەن‌بیران گوتوویانە تاقی‌کردنەوە لە کاران‌دا

---

١- میرخاند (٨٣٨ ـ٩٠٣ی ک/١٤٣٤-١٤٩٧ی ز)، نازناوی محەممەدی کوڕی خاوەندشایە. بە منداڵی باوکی مردووە و بە هەتیوی گەورە بووە و لەبەر هەژاری و نەداری لە بوخاراوە چۆتە بەلخ و لەوێ لای زانایان خوێندوویەتی و بۆتە پیاوێکی هەڵکەوتە. ئەم مێژوونووسە ئێرانییە لە بەلخەوە ڕووی کردۆتە هەرات و کەوتۆتە بەر دڵی سوڵتان حوسێنی بایقورا و میر عەلی‌شێری نەوایی کە وەزیری بوو. مێژووی ڕەوزەتوسسەفای بەناوی ئەم وەزیرەوە نووسیوە. یەکێک لە بەرهەمەکانی دیکەی دیوانی شێعری خۆیەتی. (فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٣، ل ٢١٢٥ـ٦). و.

www.zheen.org

یەکێکە لە تایبەتییە بەرزەکانی ئادەمیزاد و فرەزانان عەقڵی تاقیکردنەوەیان بە لکێک لە دە لکەی عەقڵ دانـاوە. ٦-ئەو کەسەی شارەزای باری مێژوو بێ، لە جەنگەی قەومانی ڕووداواندا، پێویستی بە ڕاوێژی ئاوەزمەندان نابێ. ٧-ئەو دەسەڵاتدارانەی خۆیان بە خوێندنەوەی دیرۆکەوە خەریک دەکەن، باری دڵ و دەروونیان لە کاتی کارەسات و تەنگانەدا تـووشی تێکچوون و شڵەژان نابێ. ٨- زانینی زانستی مێژوو گەشە بە ئاوەزی مرۆڤ و پەرە بە تێگەیشتوویـی و ڕاوێـژ و ڕاوبۆچوونی بەرێوجێ دەدا. ٩- ئەگەر کەسێک بە کەلێنوکولێنی باسوخواسی مێژوو بزانێ، پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی ڕەچـاو دەکا. ١٠-ئەگەر پادشایان ئاگاداری مێژوو بن، دەزانن دەسەڵاتی لووتکەبەزێنی خودای بانیسەر چەندە بڕ دەکا و وایان لێ دێ بە خۆیاندا بچنەوە تاکوو ئەسپی بادیهەوایی هەڵیاننەگرێ و بە هەڵپەی پەلاماری چارەڕەشی پەژارە و دڵتەنگی دایاننەگرێ. جا لێرەدایە کە خودای شای شایانی فرەزانا بۆ بەرچاوڕوونی و قووڵبوونەوە و ڕامانی ئادەمی، لە قورئاندا کە پەرەجۆیەکی ڕێکوپێکە فەرموویەتی: «لە چیرۆکی سەربوردەی ئەمانەدا، پەند هەیە بۆ ئاوەزمەندان.» [1]

جا لەسەر ئەم پێوشوێنە منی چاو لە دەستی یەزدانی گەورەمیری ڕێنوێن، کە نووسەری ئەم لاپەڕانەم و ناوم «شەرەف»ی کوڕی «شەمسەددین»ە و بۆ ڕووسووری لە ڕۆژی دین و دنیادا خۆم لە خەڵاتی پەروەرندەم خۆش کردووە، بوومە ڕێبواری ئەم ڕێبازە. هەر لە تافی لاوی و هەرەتی بەهاری تەمەنەوە، پاش ئەوەی لە زانستەکانی دینی ڕاهاتم و بە قووڵاییی نەهێنییەکاندا ڕۆچووم و بەرەو پوختە بوونی دەروون تێهەڵچووم و کەوتمە شوێن کاروباری دیوانی، جارجارە خۆم بە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ڕابردووان و چۆنیەتیی ژیان و چارەنووسی

---

١- «لقد کان فی قصصهم عبرة لاولی الالباب»، بەشێکە لە ئایەی ١١١ی سوورەی یووسف. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پادشایانەوە خەریک دەکرد. وام لێهات کە لەم زانست و کارە بەنرخ و پڕ وردەکارییەدا شارەزا بووم و لە خۆمڕادی هەتا بەپێی توانا بکەومە تۆمار کردنی. بە خەیاڵی سست و لەرزۆکمدا هات هەتا لەو زانستە جێبەرزەدا بکەومە سەر نووسینی کتێبێکی وا کە تاکوو ئێستا تیشکەی هۆشی چازانانی مێژووی وێنەکەوتبێ و بیری قووڵی شوێنگێڕانی باری ژیان و سەرگوریشتەی پادشاهانی کۆنە و تازەی بۆ نەچووبێ؛ بەڵام لەبەر کەند و کۆسپی زەمانە و چەپاوچەپ گەڕانی ڕۆژگار، ئەو ئاواتەم وەدی نەدەهات و کەتبوویە ژێر چارشێوی حەشار و هەر چەندی خۆی دێنا و دەبرد، نەیدەتوانی ڕووبەندی لە ڕووی دامالێ. لە هەموو بالآنەوە گژەبای دژایەتی دەیهوولاند و گەردەلوولی ئاژاوە بەرەو ئاسمان کۆڵەکەی دەبەست.

زەمانە هەروەکوو پرچی گراویلان پەشێواوە
هەموو دنیا سەراسەر هەر جمەی دێ وا لە ئاژاوە
لە سایەی زاڵمانی فرسوارە تووشی گێژاوە
لە زنجیری بەلآدا گیروبەندە و مات و داماوە
بە کۆ دێن لەشکری جەنگن بەجارێ دەورەیان داوە
شەپۆلی خەم چەپۆکانێ دەکا و هەر خەڵکە تاساوە

کۆمەلآنی خەڵک لە گێژاوی سەرلێشێواوی و سەرگەردانیدا تێمابوون و دەستەودۆعا بەرەو دەرگانەی کەریمی کارسازی دلۆڤان ڕاوەستابوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەماوەری کلۆڵ بە چۆکدا هاتبوون و بە خاکەڕایی دەپاڕانەوە و دەیانگوت: «ئەی خودای هەموومان، ئەرکی وامان مەخەرە سەر شانی کە تاقەتمان پێی نەشکێ.» [1]

ڕاست لەو کات و ساتەدا لەناکاو شنەی لاوێنەرەوەی یەزدانی و گرشەگرشی هەتاوی بەسەرکردنەوەی خواوەندی پاک بەرەو هەناوی زاماری هەژاران و دەردەداران بزووت و شۆقی دایەوە. لە سایەسەری چاکە و هەنگاوی دادپەروەرانەی ئەم پادشا خاوەنشکۆیەوە، پەردەی زوڵم لادرا و حەشامەتی بەستەزمان و داماو لە ماڵ و نیشتمانی خۆیاندا ئۆقرەیان گرت و ئاسوودەیی باڵی بە سەر کێشان و لەوپەڕی تێری و تەسەلی و هێمنایەتیدا سەریان وەسەر سەرینی خاترجەمی کرد و بۆی خەوتن.

لەو هەل و هاتەدا سەرلەنوێ ترووسکەی بیری نووسینی کتێب لە ناخمدا وەکوو پۆلوو گەشایەوە و تووتیی قسەخۆشی قەڵەم بە گفتولفتی شیرنی وەزمان هات و لە ئاوێنەی خەیاڵدا دیمەنێکی تەڕ و تازەی نواند و مانگی دڵخۆشکەرەی مەبەست و زانیاری ڕووبەندی لە ڕوخساری فڕێ دا و چاوی دڵی پێ ڕوون بۆوە. منی گیاوردیلەی بابردەڵەی سەرسووتاو کە دەمزانی تیفتیفەدەرانی بووکی وتە و وتار و پۆلی تووتییانی شەکرستانی باسوخواسی کۆنە و نوێ لە هیچ دەور و زەمانێکدا نەکەوتوونە سەر باری گێڕانەوەی ژیان و سەربوردەی میرانی کوردستان و لەو بارەدا کتێبێکی سەربەخۆیان دانەهێناوە، بە بیرمدا هات تاکوو بەپێی برست و توانا شانم لە نووسینەوەی چۆنیەتیی ژیان و بەسەرهاتی ئەو میرانە شل بکەم. لەو ڕێبازەدا ویستم ئەو هێندەی کە لە مێژووی عەجەماندا وەبەرچاوم هاتووە، یان لە زمان خەڵکی ڕاستگۆوە بیستوومە و ئەوەندەی بە

١- «ربنا ولا تحملنا ما لا طاقة لنا به»، بەشێک لە ئایەی ٢٨٦ی سوورەی بەقەرە. و.

چاوی خۆم دیتوومە و لێی ئاگادارم، گەوی هەودای هەموویان بەرمەوە سەر یەکتر و بیاننووسمەوە و ناوی بنێم «شەرەفنامە». بۆیە وا لێبڕام هەتا چی دیکە بەسەرهاتی میرەمالانی کوردستان تۆزی لە بیرچوونەوەیان بە سەر نەکشێ و نەشاردرێنەوە. ئاواتەخوازم کە زانایانی چاک و پاک لێرولەوێ بەوردبینی لەم نووسینە کرچوکاڵەم بڕوانن و ئەگەر تووشی هەڵە و بە سەردا تێپەڕین و لە بیرچوونێکم بوون بە قەڵەمی گەوەربار و بە پێنووسی زێڕەوشانی خۆیان پەڵەم بۆ هەڵگرنەوە. ئەوان لێیان ڕوونە کە سرشتی ئادەمیزاد وا هەوێن کراوە ناکرێ لە هەتڵە بوون و فەرامۆشی بە دوور بێ، بۆیە لێ تێکچوونم بە تلاسان دابنێن باشە، نەک بە نەزانین.

هەڵەم نەدۆزی بە تیری تانە و لێم بکەی بە قاو
سرشتی وایە و بێهەڵە ناژی چونکە ئادەمی
گەرچی خۆرەتاو بەرچاوی ڕوونە، وەرە بڕوانە
کوا ڕێی هامشۆی تەنیا شوێنێکە و ڕێگەی هەردەمی

✵✵

ئێستاش دەچینە سەر خستنەڕووی پێکهاتەی سەرەکیی ئەم بەرهەمە کە بریتییە لە پێشەکییەک و چوار کتێب و پاشکۆیەک.

پێشەکی: باسی بنە و بنەچەکەی کوردان کە لە کوێوە پەیدا بوون و چۆن هەستاون و دانیشتوون و بە چ بارودۆخێکدا تێپەڕیون.

کتێبی یەکەم: باسی کۆمەڵێک لەو میرانەی کوردستان کە ئاڵای سەربەستییان هەڵداوە و مێژوونووسان لە ڕیزی پادشایاندا ڕیزیان کردوون و پێنج بەشیان بۆ تەرخان کراوە.

بەشی یەکەم: باسی میرانی دیاربەکر و جزیرە (جزیر)
بەشی دووهەم: باسی میرانی دینەوەر و شارەزوول (شارەزوور) کە ناسراون بە حەسنەوییە.
بەشی سێهەم: باسی میرانی فەزلەوییە کە بە لوڕی گەورە بەناوبانگن.
بەشی چوارەم: باسی میرانی لوڕی بچووک
بەشی پێنجەم: باسی سوڵتانەکانی میسر و شام، کە ناسراون بە بنەماڵەی ئەییووبی.

کتێبی دووهەم: باسی کۆمەڵێک لەو مەزنەمیرانەی کوردستان کە هەر چەندە بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان بە پادشا دانەناوە و بەرەو لووتکەی دەسەڵات تێهەڵنەچوون، بەڵام دیسانیش جاروبارە سکە و خوتپەیان بەناوییەوە لێدراوە و خوێندراوەتەوە و پێنج بەشیان پێ تایبەت دراوە:
بەشی یەکەم: باسی میرانی ئەردەڵان
بەشی دووهەم: باسی میرانی حەککاری (هەکاری) کە ناسراون بە شەنبۆ.
بەشی سێهەم: باسی میرانی عیمادییە (ئامێدی) کە بە بەهادینان (بادینان) بەناوبانگن.[1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- عیمادییە (ئامێدی)، قەڵایەکی قایم و گەورە بووە لە باکووری مووسڵ. ئەم قەڵایە سەرەتا نیشتمانی کوردان بووە و بە «ئاشێب» ناسراوە. هێندە گەورە و بەرچاو بووە هەڵیانکوتاوەتە سەری و خاپووریان کردووە. عیمادەددین زەنگی، کوڕی ئاقسونقور ساڵی ٥٣٧ی ک/١١٤٢ی ز، سازی کردۆتەوە و ناوی ناوە عیمادییە.

عیمادەددین سەرزنجیرەی ئەتابەکانی مووسڵ و جزیرە و شامە. سەرەتا غولامەتورکەی مەلیکشای سەلجووقی بووە. ساڵی ٤٧٨ تا ٤٨٧ی ک/ ١٠٨٤- ١٠٩٤ی ز، لە حەلەب کراوەتە بریکاری «تۆتۆش»ی کوڕی ئەرسەلانی سەلجووقی و حکوومەتی کردووە. پاش کوژرانی باوکی لە مووسڵ (٥٢٠ی ک)، ساڵی ٥٢١ی ک/ ١١٢٧ی ز، جێی گرتۆتەوە و بۆتە حوکمڕانی بەغدا. هەر لەو ساڵەدا مووسڵی خراوەتە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. ساڵی ٥٢٣ی ک / ١١٢٨ی ز، «حومس» و «حەما»ی گرتووە و ساڵێک دواتر ←

بەشی چوارەم: باسی میرانی جـزیرە (جزیر) کە ناسراون بە بوختی [١] و دەبنە سێ لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی جزیرە [٢]

لکی دووهەم: باسی میرانی گـورکێـل

لکی سێهەم: باسی میرانی فنیک

بەشی پێنجەم: باسی میرانی حەسنکیفا (حەسنکێف ← حەسەنکێف← حوسنکیفا)، کە ناسراون بە مەلیکان.

کتێبی سێهەم: باسی میران و حوکمدارانی دیکەی کوردستان کە بریتین لە سێ دەستە:

دەستەی یەکەم: ئەم دەستەیە دەبێتە نۆ بەش:

بەشی یەکەم: باسی میرانی چەمشکەزەک (چەشمەکەزەک)، کـە بـریتیـن لـە سێ لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی مجەنکورد

لکی دووهەم: باسی میرانی پەرتک

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

دەسـتی بە سـەر «حەلەب»یـشدا گرتـووە. سـاڵی ٥٣٤ی ک/ ١١٣٩ی ز، دیـاربەکر و کوردستانیشـی کەوتە نێـو جەغـزی دەسـەڵاتی. سـاڵی ٥٤١ی ک /١١٤٦ی ز، کۆمەڵێـک غـولامی زەنگـی لە جەنگـەی پەلامـاردانی قەڵای «جەعبەر»دا کاکەوبرالەیـان لـێ کـرد و بە سـەریاندا دا و کوشـتیان. لەو کـاتە بەدواوە بە «ئەتـابەکی شـەهید» ناسـرا. (بـڕ: وشـەدانی دێهخـودا، چـاپی دووهەمـی خـولی نوێ، ب ١١، ل ١٦٣١٣ و ١٦٣٢٠، سـاڵی ١٣٧٧ی هەتـاوی، ١٩٩٨ی ز، تاران.)

بادینـان وێـدەچـێ لە بێهـدینان وەرگیرابـێ، واتە دینباشـان. پەیـڕەوانی دینـی زەردەشتی. و.

١- بۆتانی. و.

٢- ناسراون بە عەزیزان. (نووسەر لەم پێرستەدا نەینووسیوە، بەڵام لە باسەکەدا هەیە. و.) و.)

لکی سێهەم: باسی میرانی سوقمان
بەشی دووهەم: باسی میرانی مەرداسی کە دەبنە سێ لک:
لکی یەکەم: باسی میرانی ئەگیل[١]
لکی دووهەم: باسی میرانی پالوو
لکی سێهەم: باسی میرانی چەرمووگ (چەرمک)
بەشی سێهەم: باسی میرانی ساسۆن کە ناسراون بە حەزۆ.
بەشی چوارەم: باسی میرانی خیزان (هیزان) کە بریتین لە سێ لک:
لکی یەکەم: باسی میرانی خیزان و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان.[٢]
لکی دووهەم: باسی میرانی مۆکس
لکی سێهەم: باسی میرانی ئەسبایرد (ئەسپایرد)
بەشی پێنجەم: باسی میرانی کلیس
بەشی شەشەم: باسی میرانی شیروان کە دەبنە سێ لک:
لکی یەکەم: باسی میرانی کفرا
لکی دووهەم: باسی میرانی ئیروون
لکی سێهەم: باسی میرانی کرنی[٣]
بەشی حەوتەم: باسی میرانی زەرقی کە چوار لکیان لێ دەبێتەوە:
لکی یەکەم: باسی میرانی دێرزینی
لکی دووهەم: باسی میرانی گردکان
لکی سێهەم: باسی میرانی عیتاق

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-ناسراون بە بوڵدوقانی. (نووسەر لەم پێرستەدا نەینووسیوە، بەڵام لە باسەکەدا هەیە. و.)
٢-کەرتی دووهەمی ڕستەکە لەم پێرستەدا نەهاتووە و لە دەقی باسەکە وەرگیراوە. و.
٣-لە دەقی کتێبەکەدا کرنی دەبێتە لکی دووهەم و ئیروون لکی سێهەم. و.

لکی چوارەم: باسی میرانی تەرجیل

بەشی هەشتەم: باسی میرانی سویدی

بەشی نۆهەم: باسی میرانی سلێمانی (سلێڤانی) کە دەبنە دوو لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی قولب و باتمان

لکی دووهەم: باسی میرانی مەیافارقین

دەستەی دووهەم : ئەم دەستەیە بریتییە لە دوازدە بەش:

بەشی یەکەم: باسی میرانی سۆهران (سۆران)

بەشی دووهەم: باسی میرانی بابان

بەشی سێهەم: باسی میرانی موکری

بەشی چوارەم: باسی میرانی برادۆست کە دەبنە دوو لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی ئوشنی[١]

لکی دووهەم: باسی میرانی سۆمای[٢]

بەشی پێنجەم: باسی میرانی مەحموودی (ماموودی)

بەشی شەشەم: باسی میرانی دونبولی

بەشی حەوتەم: باسی میرانی زەرزا[٣]

بەشی هەشتەم: باسی میرانی ئەستۆنی[٤]

بەشی نۆهەم: باسی میرانی تاسنی (داسنی)[٥]

١-ئەمە وەرگێڕاوی پێرستەکەیە، بەڵام لە دەقەکەدا نووسراوە: باسی میرانی سۆمای و بەناوی ئوشنی نییە. و.

٢-ئەمە وەرگێڕاوی پێرستەکەیە، بەڵام لە دەقەکەدا نووسراوە: باسی میرانی تەرگەوەڕ و قەڵای داود. و.

٣-تەنیا سەردێڕە و لە دەقەکەدا هیچ باسێکیان پێ تایبەت نەدراوە. و.

٤-تەنیا سەردێڕە و لە دەقەکەدا هیچ باسێکیان پێ تایبەت نەدراوە. و.

٥-تەنیا سەردێڕە و لە دەقەکەدا هیچ باسێکیان پێ تایبەت نەدراوە. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی دەهەم: باسی میرانی کەڵهوڕ کە بریتین لە سی لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی پڵنگان (پاڵەنگان)

لکی دووهەم: باسی میرانی دەرەتەنگ

لکی سێهەم: باسی میرانی ماهیدەشت

بەشی یازدەهەم: باسی میرانی بانە

بەشی دوازدەهەم: باسی میرانی تەرزا[1]

دەستەی سێهەم: باسی میرانی کوردانی ئێران[2] کە دەبنە چوار لک:

لکی یەکەم: باسی میرانی سیامەنسوور[ی]

لکی دووهەم: باسی میرانی چگنی

لکی سێهەم: باسی میرانی زەنگەنە

لکی چوارەم: باسی میرانی پازووکی

کتێبی چوارەم: باسی میرانی بدلیس کە دەبنە باوانی نووســەری ئەم لاپەڕانە و ئەویش بریتییە لە سەردەقێک و چوار بڕگە لەگەڵ کۆتایی.

بنکەی ژین www.zheen.org

سەردەق: باسی شار و قەڵای بدلیس کە کێ بەردی بناغەی داناوە و کردوویەتە ئاوەدانی.

بڕگەی یەکەم: باسی ژیان و بەسەرهاتی خێڵی ڕۆژەکی و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان.

بڕگەی دووهەم: باسی بنە و بنەچەکەی میرانی بدلیس، کە دەچنەوە سەر کێ

بڕگەی سێهەم: باسی هەڵسوکەوتی جوان و ڕێزدارانەی پادشایانی پێشوو لەگەڵ میرانی بدلیس، کە بریتییە لە چوار بەش:

بەشی یەکەم: باسی مەلیک ئەشرەف

---

١-تەنیا سەردێڕە و لە دەقەکەدا ئەم میرانە هیچ باسێکیان پێ تایبەت نەدراوە. و.

٢-لە هەشتەم لاپەڕەی دەقی «بودلیان»دا نووسراوە: «ئەمانە ناسراون بە گۆران.» و.

بەشی دووهەم: باسی حاجی شەرەف کوڕی زیائەددین

بەشی سێهەم: باسی میر شەمسەددین کوڕی میر حاجی شەرەف

بەشی چوارەم: باسی میر برایم کوڕی میر حاجی محەممەد

بڕگەی چوارەم: باسی هۆکاری ڕووخانی حکوومەتی بدلیس و بڕانەوەی دەسەڵاتی میرانی، کە بریتییە لە چوار سەردێڕ:

سەردێڕی یەکەم: باسی کێشەی نێوان میر شەرەف و میر برایم

سەردێڕی دووهەم: باسی پاڵدانەوەی میر شەرەف لەسەر تەختی دەسەڵاتی بدلیس لە جێی میر برایم

سەردێڕی سێهەم: باسی ڕزگار کردنی قەڵای بدلیس لە چنگ قزڵباشان بەدەست میر شەرەف.

سەردێڕی چوارەم: باسی ژیان و بەسەرهاتی میر شەمسەددینی کوڕی میرشەرەف

کۆتایی: باسی ژیان و سەربوردەی منی کلۆڵی شکستەباڵی بەلەنگاز، هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە هەتا ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە.

پاشکۆ (بەرگی دووهەم) : پاشکۆ سەبارەتە بە فەرمانڕەوایانی خاوەنشکۆی خانەدانی عوسمانی و پادشایانی ئێران و تووران و زۆربەی ئەو خونکارانەش کە هاوچەرخیان بوون.

❋ ❋ ❋

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پێشەکی

ئەو کەسانەی خۆیان بە نووسینەوەی چۆنیەتیی بەسەرهاتانەوە سەرقاڵ کردووە و دەزانن کە هەر خودایە هەموو کارێکی پێ دەکرێ،[1] سەبارەت توخم و تۆرەمەی کوردان و داب و نەریت و ئاکاریان، تیشکەیان هاویشتۆتە سەر ئەم بارە و گوتوویانە کە بۆچوونی زۆر جیاوازیان لەسەرە. بۆ وێنە هێندێک لایان وایە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی «زوحاکی ماران»دا[2]، کە پێنجەمین پادشای «پێشدادی»یەکان[3] بووە و پاش جەمشید لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئێران و تووران پاڵی داوەتەوە و دەستی بە سەر بەشی هەرە زۆری دنیادا ڕۆیشتووە (...)[4]، بەڵام

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- «وهو علی کل شی قدیر»، بەشێکە لە چەندین ئایەتی قورئان. و.

٢- زەحاک، زەهاک، ئەژدەهاک، ناسراو بە بیووراسپ، گۆیا لە سەردەمی حەزرەتی نووحدا ژیاوە و هەزار ساڵی پادشایەتی کردووە (!؟). کاوەی ئاسنگەر لێی هەڵبەزیوەتەوە و جەماوەری لێ هان داوە و فەرەیدوونی لە جێی داناوە (!؟). و.

٣- پێشداد سەرناوی «هووشەنگ»ی کوڕی «سیامەک»ە. ئەم بەرەبابە بۆیە بەم ناوە ناودێر کراون، چونکە هووشەنگی پادشا یەکەم کەسە «داد»ی هێناوە و دادی خەڵکی داوە، یانی دادەوانیی کردۆتە باو. لە پێشدا بناغەی دادی داناوە. حەمدوڵڵا موستەوفی دەڵێ یازدە پادشایان لێ هەڵکەوتووە و ٢٤٥٠ ساڵیان فەرمانڕەوایی کردووە (؟!). ئەم پادشایانە تەنیا لە چوارچێوەی ئەفسانە و کۆنەچیرۆکاندا ماونەوە و مێژوویەکی ڕێکوپێک و جێی باوەڕ و متمانەیان لە پاش بەجێنەماوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە وشەدانی دێهخودا، ب ٤، ل ٥٩٧٧، چاپی دووهەمی خولی نوێ، ١٣٧٧ی ک/ ١٩٩٧ی ز، تاران.) و.

٤- چەند وشەیەک لە قەڵەم کەوتووە. و.

ئەوەندە ملهوڕ و بێدین بووە کە تاقمێک لە دیرۆکنووسان بە «شەدداد»یان لێکداوەتەوە.[١] زانایەکی زمانپاراو سەبارەت بە زوڵم و زۆرییەکانی زوحاک دەڵێ:

پاش ئەوەی جەمشید بارگەی پێچاوە لە دنیای بەسام
زوحاک هاتە جێی، تازە بەسەرچوو دنیای جەم و جام
چارەنووس هێنای حەو هەرێمی ژین کە وای بە سەر بێ
شەددادسرشتێ بێتە ملهوڕ و لە بانی سەر بێ
ئەو دوژمنەی دین چی شەڕ و گەڕە کردی بە تێشوو
کوێری کردەوە ڕێگە و ڕێبازی شایانی پێشوو
بۆ ڕۆژگاری بەزەبروزەنگی پەندێ بوو بە باو
ڕۆژگاری وا ڕەش قەت ئادەمیزاد نەیدیوە بە چاو

سەرباری ئاکاری زاڵمانەی، دوو دەماریش وەکوو دوو مار لەسەر شانی هەستابوون، کە لەم ڕۆژگارەدا پزیشکان پێی دەڵێن شێرپەنجە. زوحاک بەو نەخۆشییە بەژان و ئێش و سەیروسەمەرەوە دەناڵی و ئاراوقارای لێ هەڵگیرابوو. ئەوەندەی پزیشکانی شارەزا و حەکیمانی وردەکار زۆر باش پێیەوە خەریک بوون و بەچاکی سەریان پێوە ئێشاند، هیچیان بۆ نەکرا و لە چارەسەریدا تێمان. ماوەیەکی پێچوو هەتا ڕۆژێکی شەیتانی بەلەعنەتکراو هات و خۆی کردە

١- گۆیا شەدداد کوڕی «عاد»ە. فەرمانڕەوایەک بووە کە داود پێغەمبەر بانگیهێشت بەرەو خوداپەرستی و وادەی بەهەشتی پێدا. ئەویش کۆشک و باغێکی گەورەی ساز کرد و دار و میوەی لە گەوهەران تێدا ڕانا و... . پاش تەواو بوونی کاری ئەو شوێنە، ویستی بچێ بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام لاقێکی گەیبوویە زەوی و ئەو دیکەی لە ئاوزەنگیدا بوو کە ئیزرائیل گیانی لێ ستاند. «باغی شەدداد» لە ئەدەبیاتی زارەکیدا یەکجار بەناوبانگە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە وشەدانی دێهخودا، بەرگی ٩.) و.

پزیشک و بە زوحاکی گوت ئەگەر مێشکی لاوان بکەنە شەڵتە و بیهاوێنە سەر شێرپەنجەی سەرشانت، هەر یەکاویەکە و بەجارێکی ژانیان دەشکێ. وا هات وەختایەک لە دووی قسەی ئەو کەتنگێرە ڕۆیشتن، دەرمانەکەی پێکەوت و ژانی ڕۆمرکا. لەسەر ئەم ڕێوشوێنە هەموو ڕۆژێ دوو لاوی مەزلوومیان ئەسپاردەی شیری خوێنخۆرەوەی ئەو زاڵمە دەکرد و مێشکی تازەیان لە شانی هەڵدەسوو. ئەم ڕەوتە بێ فەرە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، بەڵام ئەو کەسەی ئەرکی کوژرانی لاوانی خرابوویە سەر شانی، پیاوێکی یەکجار خاوەنبەزەیی و دلۆڤان و چاکەکار بوو،[1] بۆیە هەموو ڕۆژێک لەبری سەربڕینی دوو کەسان، هەر یەکێکی دەکوشت و مێشکی مەڕێکی لەگەڵ لێکدەدا و کەسەکەی دیکەی بەنەهێنی ئازاد دەکرد و مەرجی بۆ دادەنا نابێ لەو نیشتمانە بمێنێ و دەبێ ڕوو بکاتە چیا و چۆلەواران و لەوێ خۆی بشارێتەوە. ئەوانەی ئاوا دەرباز بیوون بەرەبەرە پەرەیان گرت و تووشی زەماوەند و خزمایەتی و ژنخوازی بوون و تۆرەمەیەکی زۆریان لێکەوتەوە و بە کورد ناودێر کران. لەبەروەی ماوەیەکی درێژ لە کۆمەڵانی دیکەی خەڵک هەڵبڕابوون و نەیاندەوێرا ڕوو بکەنە هیچ شار و ئاوەدانییەک، لە شاخ و تەلان و مێشە و لێرەواران، زمانێکیان بۆ خۆیان داهێنا و جێی حەوانەوەیان ساز کردن و ملیان نا لە کشتوکاڵ و بوونە خاوەنی ئاوەدانی. هێندێکیان بە سەر دەوڵەمەندیدا کەوتن و بوونە ئاژەڵدار و ڕوویان کردە بنار و پێدەشتان و وەک دەڵێن ئەو کۆمەڵە خەڵکە، ئەوەندە ئازا و بەجەرگ و چاونەترس بوون کە ناوی کوردیان خرایە سەر شانی. تاقمێک لە فرەزانان گوتوویانە کورد لە توخمەی جندۆکەن و

---

١- وەک ئەبووڕیحانی بیروونی دەڵێ ئەو پیاوە «ئەرمائیل»ی وەزیری زوحاک بووە و زگی بەو لاوانە سووتاوە و ئەم دابی ڕزگار کردنەی داهێناوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە: وشەدانی دێهخودا، ب ١٠، ل ١٥١٤٢-١٥١٤٣.) و.

خودا سەرپۆشی لەسەر لاداون. بەپێی گێڕانەوەی چەند مێژوونووسێک تۆرەمەی کورد لە زەماوەندی نێوان دێو و مرۆڤ کەوتۆتەوە و ئەوەش هەر خودا دەیزانێ!؟

پاش لێبوونەوە لەو نەقڵ و نەزیلانە، دەبێ بزانین کورد بەسەر چوار باڵی سەرەکیدا دابەش دەبێ، کە زمان و داب و نەریتیان پێکەوە جیاوازە و بریتین لە:

١- کرمانج (کرماج)[1] ٢- لوڕ ٣- کەڵهوڕ ٤- گۆران.

سنووری خاکی کوردستان لە «هۆرمز»ی[2] سەر لێواری دەریای هیندەوە[3] دەست پێ دەکـا و لەوێـوە هێـڵێک ڕاستەوڕاست هەڵدەکشێ و هەتا هەرێمی مەلاتییە و مەرعەش دەڕوا. هەرێمی فارس و عێراقی عەجەم[4] و ئازەربایجان و ئەرمەنستان[5] کەوتوونە باڵی باکووری ئەو هێڵە. دیاربەکر و مووسڵ و عێراقی عەرەب[6] لە شانی باشووری هەڵکەوتوون. سەرەڕای ئەوەش تیرە و تۆرەمەی کورد لەوپەڕی هەرێمی خۆرهەڵاتەوە هەتا ئەوپەڕی خۆرنشین بڵاوبوونەوە.

زۆربەی کوردان بەکار و بوێر و دڵاوا و بەفیـز و دەمـارن. ئەوەندە ئازا و مەرد و ڕەند و جوامێرن، ناوی دز و ڕێگر دەخەنە سەر شانی خۆیان و لەم پێناوەدا گیانیان بەخت دەکەن، بەڵام بۆ نانێک نابنە چاوشۆڕی کەسانی نزم و چنۆک. ئەوان کاکڵ و نێوەرۆکی پڕاوپڕی ئەم شێعرە ناهێننە بەرچاو کە دەڵێ:

---

١- شەرەفنامە، مێژووی دوورودرێژی کوردستان، نووسینی میر شەرەفخانی بدلیسی، محەممەد عەبباسی پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ل ٦٠٦: (پرۆفسۆر مینۆرسکی لای وایە کورمانج پێکهاتووە لە سێ بەش: ١-«کور»، کە هەمان «کورد»ە. ٢-«مان»، کە لە «ماننایی» یان «ماندایی» وەرگیراوە. ٣-«ج» کە نیشانەی ئاوەڵناو و دانە پاڵە.). و.

٢-دەریای هۆرمز. و.

٣-مەبەستی مەزنەدەریای هیندە. و.

٤-هەریمێکی نێوان ئوستانی ئیسفەهان و هەمەدان و تاران. کرماشان، هەمەدان، مەلایر، ئەراک، گوڵپایەگان و ئیسفەهان وەختی خۆی کەوتوونە نێو بازنەی عێراقی عەجەمەوە. و

٥-ئەرمەنستانی بچووک و ئەرمەنستانی گەورە (دەقی بودلیان، ل ١٠). و.

٦-لەگەڵ ناوچەی ڕەققە و ئەلبوستان (دەقی بودلیان، ل ١٠). و.

گەدایی کردن بۆ وەرگرتنی دەنکە جۆیەک زیو
لەوەی چاترە دەس بە بڕین چێ بۆ یەک دانگ و نیو [1]

پێشینییان گوتوویانە هەر کەس بیر لە دواڕۆژی کاران بکاتەوە، ترسەنۆک دەبێ، هەر بۆیە کوردەکان لە زۆربەی کاروباری گرینگی دنیادا هەر وەسەر دەپەڕن و بیر لە بەرودوای هەڵوێست و جووڵانەوەی خۆیان ناکەنەوە. زۆربەیان کەوتوونە شوێن ڕێچکەدینی شافعی[1] و بە ڕێبازی ئیسلام و سەرتۆپی ئادەمیزاداندا دەڕۆن، کە حەزرەتی محەممەدە سڵاوی خودای لەسەر بێ. شـوێـنپێی یارانی پێغەمبەر و خەلیفە مەزنەکانی بەرنادەن و خۆیان بە نـوێـژانـەوە خەریک دەکـەن و ڕۆژوو دەگرن و چی زەکاتی لە پێیاندا بێ دەیدەن و خۆ بۆ چوونە حەج دەکوتن و چاک سەر بەو کارانەوە دێشێنن.

چەند تیرەیەکی دیکەی کوردان لە ناوچەی مووسڵ و شام، کە بریتین لە تاسنی (داسنی)، خالیدی (خالتی)، بەسیان (پەسیان)، لەگەڵ کۆمەڵێک بوختی (بۆتانی)، مەحموودی و دونبولی لەسەر ڕێبازی یەزیدین و کەوتوونە شوێن شێخ «عەدی»ی کوڕی موسافیر و ئەویش پەیڕەوی پێشەوایانی مەروانی بووە. [2]

---

١- گوڵستانی سەعدی، بەشی ٣، حیکایەتی ٢٦:

«دزێک لە گەدایەکی پرسی: ئەرێ تۆ شەرم ناکەی بۆ بڕی دەنکەجۆیەک زێو، دەست لەبەر هەموو ناکەسبەچەیەک پان دەکەیەوە؟ گەدا لە وڵام گوتی:

دست دراز از پی یک حبه سیم    بـه کـه ببـرند بـه دانگـی و نیـم! »

مەعنـای هـۆنراوەکە لە دەقـی سـەرەوەدا نووسـرا. دانـگ بەردێکـی دوو قیـراتییە و هەر قیـراتێکیش چـوار دەنکەجـۆیە. دانـگ و نیوێـک دەبێـتە شــەش هێنـدەی دەنکێـک جـۆ، واتە «حەببە»یەک. و.

٢- عەدی، کوڕی موسافیر، کوڕی سمایلی هەکتاری (هەکاری)، یەکێکە لە شێخانی سـەر بە ڕێبـازی سـۆفییاتی. عەدەوییەکـان، بـــە پـەیـــڕەوی وی دادەنـدرێن. کەسـێکی دینـدار و پیاوچـاک بـووە و سـاڵی ٤٦٧ی ک/١٠٧٤ی ز، لە بەعلـبەک پێـی نـاوەتە جەغـزی ژیـان. لە ←

یەزیدی (ئیزەدی)[٢] لەسەر باوەڕێکی پووچن و دەڵێن شێخ «عەدی»[١] نوێژ و ڕۆژووی ئێمەی خستۆتە پای خۆی و لە ڕۆژی ڕابوونەوەدا هەڵمانناپێچن و لێمان ناپرسنەوە و یەکسەرە و بێپایە دەمانبەنە بەهەشت. ئەم یەزیدییانە زۆریان مامۆستا مەزن و پاکژەکان ناخۆش دەوێ و دەیانبوغزێنن. لە خاکی کوردەواریدا، بەتایبەت لە ئامێدی گەلێک زانا و باش‌مەلای چازان هەن و لە هەردک بواری زانستی عەقڵی و نەقڵیدا شارەزان و خۆیان داوەتە بابەتی حەدیس و شەریعەت و ڕێنووس و ڕێزمان و مەنتیق و ماناناسی و هەرچی باوە لەو بەستێنەدا. زۆر وێدەچێ لەو بوارانەدا کتێبیشیان نووسیبێ، بەڵام ناوبانگیان دەنگی نەداوەتەوە، گەرچی خۆیان زۆر بە ڕۆچوون بە ڕووپەڕاندا خەریک دەکەن.[٣]

ئەم مامۆستایانە زۆر سەریان بە هۆنینەوەی شێعر و دارشتنی پەخشان و خەتخۆشی و دابونەریتی تێکەڵاو بوون لەگەڵ فەرمانڕەوایان و میرانەوە نایەشێنن و کارێکی وا ناکەن کە لای پادشایانی دادەوان[٢] بێتە بەرچاو و پلە و پایەیان بەرز بێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئاپۆرەی خەڵک و نەخوێندەواری کورد بۆ ڕەچاو کردنی مافی دایک و باوک و ئەرکی ڕێز گرتنی میوان و ڕێوشوێنی میوانداری پێشەنگن. خۆیان بە سەرلەپێناوی باوەڕیان داناوە و ئەمەگی مەزنی بەسایە و سێبەریان دەدەنەوە و ئامادەن لەم ڕێبازەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن و چاکی لێ دەزانن.

---

چیاکانی ناوچەی هەکاری خانەقایەکی بۆ خۆی داناوە و لەوێ بنەی داکوتاوە. ساڵی ٥٥٧ی ک/١١٦١ی ز، هەر لەوێ دەستی لە داوێنی ژیان بەرداوە. (بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب ١٠، ل ١٥٧٧٥.) بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٢، ل ١٢٥٩؛ شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٣٢. و.

١- شەرەفنامەی عەبباسی، ل ٢٧: [کە] مەرقەدی لە چیای لالشی سەر بە ناوچەی مووسڵە. و.

٢- پادشایانی ئێران و توووران و ڕۆم (دەقی بودلیان، ل ١١). و.

وێدەچێ وشەی کورد بە مانای ئازا و دلێـر بێ، چونکە زۆربەی بوێرانی ڕۆژگار و پاڵەوانانی ناودار کوڕی کوردن. وەکوو ئاشکرایە پاڵەوانی چاونەترسی فیلەتەنی زەمانە، یانی ڕۆستەمی زاڵ کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی «کەیقوباد»دا ژیاوە کوردە و چونکە لە مەڵبەندی سیستان پێی ناوەتە جەغزی ژیان، بە ڕۆستەمی زابولی ناودێر کراوە. خاوەنی شانامە «فیردەوسی»ی تووسی، بە ڕەحمەتی خودا شاد بێ، سەرناوی ڕۆستەمی کوردی بۆ تۆمار کردووە.

هەروەها سپاسالاری ناودار و قارەمانی ڕۆژگـار بـارامی چووبین کە لە تورکستان و خوراسان هەڵیداوە و گەشەی کردووە و لە زەمانی پادشایەتیی «هۆرمز»ی کوڕی «نۆشیروان»دا ژیاوە و میرانی «کرێت» و «غوور» ڕەگەزیان دەچێتەوە سەر وی، کورد بووە. «گورگین میلاد»ی مەردازای زەبرەوشێنی بەناوودەنگ ئەویش هەر کوردە و ئێستا نیزیکەی چوارهەزار ساڵە کە نەوە و نەتیژەکانی لە مەڵبەندی «لار»[1] میری سەربەخۆن و حکوومەتیان دەستاودەستی نەکردووە و جاری وایە سکە و خوتبەیان بەناوییەوە لێدراوە و خوێندراوەتەوە. فەرمانڕەوایانی خاوەنشکۆی عەجەم بە تۆزێک پێشکەشی و دیاری، لێیان ڕازی بوون و دڵیان ئاوپڕژێن کراوە و دەستیان لە هەرێمی دەسەڵاتیان وەرنەداوە.

مەولانا تاجەددینی کوردی سەرەتا مامۆستا بووە لە «بورووسا»[2]، پاشان بۆتە مەزنەوەزیری ئوورخان[1] و سەرناوی «خەیرەددینپاشا»ی باربوو کراوە. ئینجا وا

---

١- شـاری لار ناوەنـدی شارسـتانی لارە و بە یەکێک لە شـارە کۆنەکـانی ئێران دادەنـدرێ لە پارێزگای فارس. دەسـتەیەک لە مێژوونووسـان لایـان وایە گورگین مـیلاد سـازی کـردووە و تاقمێکیش پێیان وایە بەلاشی کوڕی فیرووز بەردی بنـاغەی دانـاوە. (بـۆ زانیـاریی زیـاتر بـڕ: وشەدانی دێهخودا، ب ١٣، ل ١٩٥٢١.) و.

٢-بورووســـە، شـــارێکە لە خۆرنشـــینی دورگەواڵەی ئاســـیای بچـــووک، لە باشـــووری خۆرهەڵاتی دەریـای مەڕمەڕە. لـــە سـەرەتای دامەزرانـی حکوومەتی عوسـمانیدا مـــاوەیەک پـــایتـەخت بووە. و.

**باشە ئاوڕێک بدەینەوە سەر هەڵکەوتەی دەوران و تاقانەی زەمان، پێشەنگی ئەویندارانی[2] و سەرخێڵی وەفادارانی مەینەتکێش، واتە «فەرهاد»ی[3] کوردی کەڵهوڕی پاڵەوانی جیهان کە لە سەردەمی «خوسرەوپەرویز»دا[4] ژیاوە و بۆتە:**

**ئاوارەی ڕێگا و ڕچەی دڵداری زنجیرکراوی ڕێی ئەوینداری**
**تەپڵی پۆڵا ژەن، چەن بەناڵەناڵ ڕەبەن کلیسای بریای تفتوتاڵ**
**خوسرەوێ بێتاج، یەکێ بێتەخت خۆی دڵخۆشکەرەی گەلێ بەدبەخت**
**وەکوو قانوونی دەستی چاوەشان کڕیاری ناڵەی کردن زێڕوەشان[5]**

١- ئوورخانی سوڵتانی عوسمانی (١٢٨٨-١٣٥٩ی ز). پاش میر عوسمانی یەکەمی باوکی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت (١٣٢٦-١٣٥٩ی ز). ئیمپراتۆریی بیزانسی شکاند و دەستی بە سەر بەشێکی زۆری ئاسیای بچووکدا گرت و پاش مردنی، مرادی یەکەمی کوڕی جێی گرتەوە. (فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ١، ل ٢٤٤.) و.

٢- لە دەقی «زێڕنۆڤ»دا نووسراوە «عاشقان جفاکیش» کە بێگومان هەڵەیە و «جفاکش» دروستە، یانی «جەفاکێش»، ئەو کەسەی جەفای لە هەقیدا کراوە. لە لاپەڕە ١٢ی دەقی «بودلیان»دا نووسراوە: «سرحلقەی عاشقان و سردارخیل وفاکیشان، پیشرو محبتاندیشان.» و.

٣- بەپێی دەقی «خوسرەو و شیرین»ی نیزامیی گەنجەوی، فەرهاد دڵی بە شیرینی کچی پادشای ئەرمەنستانەوە نووساوە و بۆتە ڕکەبەری خوسرەوپەرویزی پادشای ساسانی. پادشا سزای داوە و لە بێستوون کردوویەتە کۆکەن. بە درۆ هەواڵی نەمانی شیرینیان بۆ بردووە و ئەویش لەتاوان خۆی هەڵداشتووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب ١١، ل ١٧١٣٠. و.

٤- خوسرەوپەرویز (٥٩٠-٦٢٨ی ز) یان هەمان خوسرەوی دووهەم، کوڕ و جێگرەوەی هورمزی چوارەم؛ یەکێکە لە پادشاکانی ساسانی. بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ١، ل ٦٤٦. و.

٥- هۆنراوەی نیزامییە. خەمسەی نیزامی، لەیلی و مەجنوون. و.

ئەوەی ڕاستی بێ کورد هیچی سەر وەبەر هیچی ناهێنێ و دووره لە یەک بوون. مەزنەمەلای زانا سەعدەددین ئەفەندی کە زەمانێکی بۆتە مامۆستای پادشای خودالێخۆشبوو «سولّتان مرادخان»، لە مێژووە تورکییەکەی خۆیدا کە سەبارەتە بە خانەدانی عوسمانی، لە بابەت ئەم ئاکار و کردارەی کوردانەوە دەڵێ: هەر کوردێک بەتاقیتەنیا ئالای ملهوڕی هەڵدەدا. کوردان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بەرزایی و لووتکەی شاخ و کێواندا پەروەردە بوون و لە تاقانەپەرستیدا نەبێ یەکتر ناگرنەوە. وەک دەگێڕنەوە هۆی ئەم یەکنەبوونەی کوردان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕووداوێک. دەڵێن کاتێک دەنگ و ئاوازەی دینی محەممەدی و چریکەی بانگاوازی پێغەمبەری نازدار (د.خ)، لەوسەرەوسەری دنیا دەنگی داوەتەوە، خونکاران و فەرمانڕەوایانی پایەبەرزی جیهان لێبڕاون هەتا بێن و ببن بە ئاڵقەبەگوێی ئەو سەردارە مەزنە و سەری وەبەربێنن و زینپۆشی پێمل بوون بخەنە سەر شانی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستە ئۆغووزخانی گەورەپادشای تورکستان پیاوماقووڵێکی زلحۆرتی ڕەزاگرانی ڕەشتاڵەی کوردی بەناوی بوغدووز وەکوو ڕاسپاردە ناردۆتە دەرگانەی بەختەلانی سەرگوڵی هەردوو دنیا و سەروەری ئادەمیزاد و جندۆکان، درووود و سلاوێکی یەکجار خەستوخۆڵی لێ بێ. کاتێک ئەم نێردراوە خوێنتاڵە گەیوەتە خزمەت پێغەمبەری سەرتۆپی جیهان و ڕاسپاردەی سەر شانی و چۆنیەتیی باوەڕی پاکی دڵ و دەروونی فەرمانڕەوای خۆی پێ ڕاگەیاندووە، حەزرەت لێی بێزراوە و پرسیویەتی تۆ لە کام توخم و تۆرەمەی؟ بوغدووز گوتوویەتی من لە ڕەگەزی کوردانم. پێغەمبەر فەرموویەتی پەروەردگاری پاکی پایەبەرز یەکییەتی و یەکبوونی نەهاویشتۆتە نێو کوردان، دەنا دنیایەکیان بەدەستی دەچوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە دامەزرانی دەسەڵاتی باڵا و پادشایەتیی گەورەیان بەدەستەوە نـەهاتووە، بێجگە لە پێنج دەستەیان کە خۆیان بە پادشا و مەزن و سەردار داناوە و جاری وایە سکەیان لێداوە و خوتبەیان بەناوییەوە

خوێندراوەتەوە و ڕۆژگاری دەسەڵاتیان هێندەی کێشاوە کە بە هیوای خودای مەزن لە جێی خۆیدا باسیان دەکەین.

لەبەرووەی فەرمانڕەوایەکی قسەڕۆیشتووی یەکلاکەرەوە لە نێو کوردان هەڵنەکەوتووە، زۆربەیان دڵڕەق و خوێنڕێژ و بەزەبروزەنگن و لەسەر هەڵە و تاوانێکی بچووک، کێشە و هەرایەکی یەکجار نالەبار دەنێنەوە. کیژێک یان ئەسپێک یان چەند سەر ئاژەڵێک بۆ تۆڵەی خوێنی مرۆیەک دیاری کراوە. سەقەت بوونی دەست و پێ و ددان و چاو هیچ باربەهایەکی بۆ وەبەرچاو نەگیراوە.

کورد لەسەر دابی پێغەمبەر (د.خ) دەڕۆن و چوار ژن دێنن [1] و چوار کەنیزیشی دەخەنە سەر. خودا بە زانایی خۆی وای هێناوە کە زەووزوویان زۆرە و وەک خیز و خۆڵ منداڵیان لە پشتی پەیدا دەبێ. ئەگەر دەمیان تێکنەنابا و خوێنی یەکتریان نەڕشتبا، ڕەنگە ئەوەندەیان پەرە ئەستاندبا کە وڵاتی ئێران و بگرە جیهانیش بە سەر قاتیوقڕیدا کەوتبا، بەڵام «خودا چۆنی بوێ دەیکا و هەر خۆشی بڕیاری لێ دەدا.» [2]

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئافرانی جیهان هەمووی هەر جوانە یەک وای نەبینێ سووچی چاوانە

لە نێو میرانی کوردستاندا ئەوانەی خاوەنی هۆزی گەورە و پڕ جەماوەر و هێزدارن، بەناوی هۆزەکەیانەوە دەناسرێن. وەکوو هەکاری، سۆران، بابان، ئەردەڵان و ئەو حوکمدارانەش کە بە سەر قەڵا و شارۆکەیەک ڕادەگەن، بەناوی

١- بودلیان، ل ١٣: «ئەگەر دەستیان بڕوا و بۆیان بەخێو بکرێ». و.

٢- «يفعل الله ما يشاء ويحكم ما يريد»؛ بەشێک لە ئایەی ٢٧ی سوورەی ئیبراهیم و ئایەی یەکەمی سوورەی مائیدە. و.

ئەو شـوێنـەوە نـاسراون، وەک میرانی حەسەنکێف، بدلیس، جزیرە،[١] ئەگیل و چەندی دیکەی ئاواش.

وەکوو دیارە خاکی کوردستان بە لوڕستانیشەوە، ناوچەیەکی سەخت و چڕ و شاخاوی و لێڕەوارە و بەرهەم و داهاتی ناگاتە ئاستی خۆبژێویی حەشامەتی، بەناچار لەچاو خەڵکی دیکە زۆر کوێری دەبینن و بە کوێرەوەری ڕایدەبوێرن. سەرەڕای ئەوەش بێڕووبینی و پێداهەڵدان دەبێ بڵێم نەتەوەیەکی چاوتێرن و ئاپۆرەی کوردان زۆرجاران بە نانی هەرزن و گاڵ شوکرانەبژێرن. لەپێناو نانی گەنم و پێکەوەنانی ماڵ و سامانْدا، زارەخوارە لەبەر کەس ناکەن و ڕوو ناکەنە دەرگای دەوڵەمەندان و کامڕەوایان. پادشایانی مەزن و جێگەورە و خانەدانیش چـاویـان نـەبـڕیـوەتـە خاک و ژینگـەیـان و تەنیا بە وەرگرتنی دیـاری وازیـان لێ هێناون و ئەوەندەی هەیە دەبێ لە جەنگەی سەفەر و گەلەجاڕدا بێن و خۆ لانەدەن و سەر وەبـەر فـەرمانی فەرمانڕەوایان بێنن.

خۆ ئەگەر چەند پادشایەکیش خۆیان لە گرتنی کوردستان هەڵکردووە و لەو پێناوەدا بەجارێک تووشی چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی لە ڕادەبەدەر هاتوون، ئاخرییەکەی پەژیوان بوونەوە و بە خاوەنی پێشوویان ئەسپاردۆتەوە. بۆ نموونە ناوچە و هەرێمەکانی گورجستان، شەککی، شیروان، تاڵش، گیلان، ڕۆستەمدار،[٢] «ئەستەراباد»ی باکووری ئێران کە بە سەر خاکی کوردستانەوەیە، بارودۆخێکی ئاوایان بەسەردا تێپەڕیوە.

---

١- بودلیان، ل ١٤، پاش جزیرە نووسراوە «حەزۆ».

٢-لە لاپەڕە ١٤ی دەقی بودلیاندا پاش ڕۆستەمدار نووسراوە «مازندەران». و.

زۆربەی خاکی نـاوچـەـە و مەڵبەندەکانی کوردستان کەوتوونە نێو هەرێمی سێهەم و چوارەم و تەنیا چەند شارۆچکەیەکی ئەوپەڕی کوردستان نەبێ کە زانایان لایان وایە سەر بە هەرێمی پێنجەمن.[١]

ئێستا کە لێرەدا قەڵەمی «واسیتی»سرشتم[٢] بە یاریدەی مەرەکەب لە نووسینی ئەم پێشەکییە بۆوە و سەرەتای کارەکەی دامەزراند، بەپێی ئەو بەڵێنەی کە لە پێرستەکەدا داومە، دەچمە سەر خستنەڕووی نێوەرۆکی کتێبی یەکەم.

پێم خۆشە بە دڵی هەموو لایەک بێ لەم جیهانەدا!

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-زانایـان گـۆی زەوی بە چـوار بەش دادەنـێن و دەڵـێن چـواریەکی ئـاوەدانە و ئەوی دیـکەی ئـاوە. ئەم بەشـە ئـاوەدانەش دەکەنە حەوت بەش یـان حەوت هەرێـم کە لـە بـاکوورەوە دەست پێدەکا و دەگاتە خەتی ئوستوا واتە کەمەرەی زەوی.
هەرێمی سێهەم بریتییە لە میسر و شام.
هەرێمی چوارەم دەبێتە ئێران و ئێرانشار.
هەرێمی پێنجەم ڕۆم و سەقلابە. و.
٢- مەبەستی «یەحیا واسیتی»ی وێنەگەر و خەتخۆشی عەرەبە. و.

# کتێبی یەکەم

## باسی کۆمەڵێک لەو میرانەی کوردستان کە ئاڵای سەربەستییان هەڵداوە و مێژوونووسان لە ڕیزی پادشایاندا ڕیزیان کردوون و پێنج بەشیان بۆ تەرخان کراوە

## بەشی یەکەم

### باسی میرانی دیاربەکر و جزیرە (جزیر)

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم مەبەستە لە ئاوێنەی پاک و بێگەرد و ڕووناکیدەری دڵ و دەروونی زانایانی شارەزادا خۆی دەنوێنێ و دیارە کە یەکەمین کوڕە کوردێکی وا لە ناوچەی دیاربەکر و جزیرە لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە، «ئەحمەد»ی[1] کوڕی

---

١- ئەحمەد کوڕی مەروان، کوڕی دۆستک ئەبوونەسری کوردی حەمیدی. لە سەردەمی ئەلقائیموبیللای خەلیفەی عەبباسیدا بۆتە حوکمڕانی مەیافارقین و دیاربەکر. پاش ئەبووسەعید، مەنسووری برای بۆ ماوەی ٥٢ ساڵ حکوومەتی کردووە (٤٠١-٤٥٣ی ک/١٠١٠-١٠٦١ی ز). ساڵێدا ٤٥٣، لە تەمەنی ٧٧ ساڵی دەستی لە داوێنی ژیان بەرداوە. (وشەدانی دێهخودا، بەرگی یەکەم، ل ١٣٦٩.) و.

بەپێی سەرچاوەکانی دیکە، ئەحمەدی کوڕی مەروان، کوڕی«کەک»، خوارزای «باد»ی کوڕی دۆستکە، نەک کوڕی دۆستک. ز.س.

«مەروان»ە.(٤) ئەم میرە لە زەمانی «قادر»ی عەبباسیدا[١] دەسەڵاتی بەرەو چڵەپۆپە تێهەڵچووە و گەیوەتە شوێنێک کە خەلیفە «قادر» نازناوی «نەسرودەولە»ی پێ بەخشیوە.(٥) ماوەی ٨٠ ساڵ ژیاوە و لەوپەڕی تێری و تەسەلی و کامڕەواییدا، ٥٢ ساڵی ڕەبەق لەسەر تەختی پادشایەتیی دیاربەکر و جزیرە دانیشتووە و حکوومەتی کردووە.(٦) ڕاسپاردەیەکی ناردۆتە لای سوڵتان توغرۆڵبەگی سەلجووقی و گوتوویەتی دڵ و دەروونم لەگەڵی پاکە و خڵتەوخاڵی تێدا نییە. یەکێک لەو دیارییە بەنرخانەی بۆی ناردووە، یاقووتێکی بەرچاو بووە کە بە نرخێکی گران لە سوڵتانەکانی دەیلەمی کڕیبووی[٢].

«فەخرودەولە»ی کوڕی جەهیر،(٧) کە دواتر بوو بە وەزیری خەلیفەکانی عەبباسی، لەگەڵ «ئەبولقاسم»ی مەغریبی، دوو کەس بوون لە وەزیرانی. وەک دەڵێن ٣٦٠ کەنیزی[٣] خۆشەویستی لە گەلەژنخانەیدا ڕاگرتووە و هەر شەوەی

---

١- ساڵی ٣٨١-٤٢٢ی ک/٩٩١-١٠٣٠ی ز، حکوومەتی کردووە. و.

٢-دیارە شەرەفخان لە باس و بابەتی سەبارەت بە میرنشینەکانی سەردەمی عەبباسیدا، دەستی بە سەرچاوە بنەڕەتییەکان ڕانەگەیشتووە کە زۆربەیان بە عەرەبی نووسراون؛ بۆیە زۆر بەکورتی تەنها لەسەر سێیان دواوە و پوختەی بابەتەکەی یادداشت کردووە و ئەوانی دی، وەک: گاوانی، ڕەوادی، شەددادی و هەزبانیی فەرامۆش کردووە و دوور نییە سەرچاوەی سەرەکیی بۆ نووسینی مێژووی ئەم سێ میرنشینە، کتێبەکەی قازی ئەحمەد غەففاری (م: ٩٧٥ی ک/ ١٥٦٧ی ز) بێ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (تاریخ جهانآرا، نشریات کتابفروشی حافظ، تهران، ١٣٤٣هـ، ش). ز.س.

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ تەواوی مێژووی دەوڵەتی دۆستکی (مەروانی)، بڕوانە: الفارقی، احمد بن یوسف علی بن الازرق (ت بعد ٥٧٧ هـ/١١٨١م). تاریخ آمد و میافارقین (تاریخ الفارقی)، (اللولة المروانية)، دارالکتاب اللبنانی، بیروت، ١٩٧٤) ؛ (عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكيه فى كردستان الوسطى. ج١، مطبعة اللواء، بغداد، ١٩٧٢و ج٢، القسم الحضاری، دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠١). ز.س.

٣-لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەبباسیشدا هەروایە، کەچی لە دەقە فارسییەکەی محەممەد عەبباسی و وەرگێڕانەکەی ڕۆژبەیانیدا ٣٦٦ کەنیزە. ز.س.

لەگەڵ یەکیان ڕایبواردووە و هیچیان ساڵێ دوو جاریان سەرجێیی وەبەرنەکەوتووە. ساڵی ٤٥٣ی ک/١٠٦١ی ز، بە مردنی خۆی مردووە.

### نەسر کوڕی نەسروددەولە ئەحمەد(٨)

پاش نەمانی باوکی هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و ماوەی ٢١ ساڵی تەواو بە هەوڵ و تێکۆشانی کوڕی جەهیری وەزیری، حکوومەتی کردووە. لەگەڵ «سەعید»ی برای کەوتۆتە سەرباری شەڕ و تێکهەڵچوون. نەسر لە مەیافارقین و سەعید لە ئامەد[1] بوونە جێگرەوەی باوکیان.(٩) مانگی قوربانی ساڵی ٤٧٢ی ک/١٠٨٠ی ز، دەستی لە داوێنی ژیان بەرداوە.

### سەعید کوڕی نەسروددەولە ئەحمەد

ماوەیەکی زۆر حوکمداری ئامەد بووە و لەگەڵ هەژاران و نەداران بە مێهرەبانی و دڵاوایی جووڵاوەتەوە. لە ڕۆژگاری وی‌دا ئاپۆرەی خەڵک و پیاوانی لەشکری لەوپەڕی ئارامی و هێمنایەتی‌دا ژیاون. سەرەنجام ساڵی ٤٦٥ی ک/١٠٧٢ی ز، مردووە.

### مەنسوور کوڕی نەسر کوڕی نەسروددەولە ئەحمەد

ئەم میرزادەیە جێی باوکی گرتەوە و سەرەنجام لە شەڕی «فەخروددەولە»ی کوڕی جەهیری وەزیردا شکستی بە سەر شانی‌دا هات.(١٠) پاشان «جگەرمش»ی سپاسالاری مووسڵ گرتی و بردی بۆ جزیرە و لە ماڵە جوولەکەیەک دەسبەسەری کرد. مانگی محەررەمی ساڵی ٤٨٩ی ک/١٠٩٥-١٠٩٦ی ز، نەمانی لە چارەی

١- ئامیدا؛ ئامێد؛ دیاربەکر. و.

نووسرا. چوار کەس لەم بنەماڵەیە ماوەی ٩١ ساڵیان حکوومەت کردووە و بە مردنی مەنسوور دەسەڵاتیان بنەبڕ بووە.

## بەشی دووهەم

## باسی میرانی دینەوەر و شارەزوول (شارەزوور) کە ناسراون بە حەسنەوییە

با تەواوی شوێنگێڕانی باس و هەواڵی ئێستا و ڕابردوو بزانن و لە چاوی خەیاڵی خۆراسای پارێزەرانی بەسەرهاتی مەزنان و بەرەژێران بزر نەبێ کە تێکرای مێژوونووسان لایان وایە «حەسنەوییە»ی[1] کوڕی حوسێن[11] هاوچەرخی «ڕوکنوددەولە»ی کوڕی «بوویە»ی دەیلەمی بووە و لە سەردەمی ئەودا کاروباری حەسنەوییە چاکی گەشە کردووە و پەرەی ئەستاندووە. سەرەڕای ئەمەش شەقی لە هات و داهاتی خۆی هەڵداوە و لە ڕوکنوددەولە هەڵگەڕاوەتەوە. ئەویش ساڵی ٣٥٩ی ک/٩٦٩ی ز، «ئیبنوولعەمید»ی وەزیری خۆی بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە ناردۆتە سەری. حەسنەوییە کەیخودای ناردوون و چوون پێکیان هێنانەوە و بە ئاشتی و ئارامی لەشکرەکە بەرەودوا گەڕاوەتەوە.[12] دەڵێن پیاوێکی یەکجار زەنگین و دەسرۆیشتووە بووە و هەموو ساڵێک ماڵ و سامانێکی زۆر و زەوەندی لە ڕێی خودای پاکی پایەبەرزدا دەکردە خێر و دەیبەخشییەوە.

---

١-حەسەنەوییە (حەسەنەوی) کوڕی حوسێنی «بەرزەکانی» یان «بەرزیکانی»یە و بە یەکێک لە سەرهۆزانی کورد ناسراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب ٦، ل ٩٠١٤). و.

ئـەم میـرە ڕۆژی شەممۆ سێهەمی مانگی مەولوودی ساڵی ٣٦٩ی ک/٩٧٩ی ز، کۆچی دوایی کردووە.

## بەدر کوڕی حەسنەوییە [١]

پاش نەمانی حەسنەوییە بەدری کوڕی جێی گرتۆتەوە.[١٣] ساڵی ٣٨٨ی ک/٩٩٨ی ز، باڵاپۆش مەزنایەتیی خراوەتە سەر شانی و لە بارگای بەغداوە بەرناوی «ناسروددەولە»ی پێ بەخشراوە. هەر لە دینەوەرەوە بگـرە تا ئەهواز و خووزستان و لەوێوە تاکوو برووجێرد و ئەسەداباد و نەهاوەند، سەرلەبەریان بە دەشت و چیا و چۆلەوە کەوتوونە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. جارێکی ساڵی ٤٠٥ی ک/١٠١٤ی ز، هەڵیکوتاوەتە سەر قەڵای کووسجەد و لەوێ حوسێنی کوڕی مەنسووری گەمارۆ داوە [٢]. زستانێکی ئەوەندە سارد و تاڵ و تووش باڵی بە سەر ئەو شوێنە کێشاوە، کە هەر چەندی سپاکەی ویستوویەتی بگەڕێتەوە و دەست لە گەمارۆ هەڵگرێ، بەڵام دەرفەتی دەربازبوونی بۆ نەڕەخساوە. لەم کاتەدا تیرەیەکی «جوورەقان»ی [٣] هێرشیان کردۆتە سەری و ئەویش خۆی بۆ ڕانەگیراوە و بەناچاری ڕایکردووە.[١٤]

---

١-لە ڕاستیـدا خـەلیفە ساڵـی ٣٨٨ی ک/٩٩٨ی ز، نـازنـاوی، «ناصرالدين والدولة»ی پـێ بەخشی. ز.س.

٢-بەگوێرەی سەرچاوە عەرەبییەکان، لە ڕاستیدا حوسێنی کوڕی مەسعوودە، نەک کوڕی مەنسوور؛ کەچی لە کتێبی «مجمل التواريخ والقصص»دا کە ساڵی ٥٢٠ی ک/١١٢٦ی ز، بە زمانی فارسی نووسراوە، حوسێن کوڕی مەسعوود، بە شێوەی خۆشینی کوڕی مەسعوود هاتووە؛ هەروەها دەبێ بزانین کە میر بەدر لەم شەڕە هەڵنەهات بەڵکوو کوژرا. ز.س.

٣-جووزەقان گوندێکی سەر بە ناوچەی حولوانە و بەناوی کوردانی جووزەقانەوە کراوە. جووزەقان دروستە، نەک جوورەقان. و.

## هیلال كوڕی بەدر

هیلال هێندە نێوانی لەگەڵ باوكی خۆش نەبووە.[١٥] ساڵی ٤٠٥ی ک/١٠١٤ی ز، جارێكی پێكهەڵپرژاون و چەكداریان بە گژ یەكتردا كردوون. سەرەنجام هیلال لە شەڕی «فەخرولمولک»ی وەزیر لە بەغدا بە دیل گیراوە و خراوەتە سیاچاڵەوە.[١٦]

جەلالوددەولەی كوڕی بەهائوددەولە كوڕی عەزۆددەولە كوڕی ڕوكنوددەولە كە لەو كاتەدا حوكمڕانی بەغدا بوو، وەختایەک بیستی شەمسوددەولەی كوڕی فەخروددەولە كوڕی ڕوكنوددەولە حەسەن كوڕی بوویە، میر و مەزنی هەمەدان چاوی بڕیوەتە ناوچە و مەڵبەندی بەدر، هیلالی لە بەند دەركێشا و لەشكر و چەک‌وچۆڵی خستە بەردەستی و ناردی بۆ ناوچەی بە میرات بەجێماوی باوكی. مانگی قوربانی ساڵی ٤٠٥ی كۆچی شەڕێكی قورس لە نێوان هیلال و شەمسوددەولەدا قەوما. هیلال لەو هەرایەدا نەیتوانی خۆی لە ئاست تروسكەی شیری شەمسوددەولە ڕابگرێ و لە ئاسۆی ڕۆژداگەڕانی‌دا بەدەست دلێرانی خوێنخۆرەوەی شەڕ و تێكهەڵچوون بەرەو شەوی چارەڕەشی گلۆر بۆوە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

## تاهیر كوڕی هیلال

تاهیر[١] هێشتا باوكی هەر لە زیندانی شارەزووردا بوو كە لە ترسی پەنای بردە بەر ئەو شارە.[١٧] دوای ماوەیەک هەڵیكوتایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی باپیری، بەڵام چی بۆ نەكرا و كەوتە داوی كەمەندی شەمسوددەولە. ساڵی ٤٠٦ی ک/١٠١٥ی ز، ئازاد كرا، بەڵام هەر لەو ساڵەدا بە چنگ «ئەبوشۆک» بە كوشت چوو.

---

١-وشەدانی دێهخودا، ب ٦، ل ٩٠١٤، زاهیر (ظاهر). و.

### بەدر کوڕی تاهیر کوڕی هیلال [١٨]

ساڵی ٤٨٨ی ک/١٠٩٥ی ز،[١] بە فەرمانی برایم یەناڵ کراوەتە فەرمانڕەوای سەربەخۆی قومش و دینەوەر.

### ئەبولفەتح محەممەد کوڕی عەییار [١٩]

ئەبولفەتح ماوەی بیست ساڵ لە حولوان حکوومەتی کردووە و ساڵی ٤٠١ی ک/١٠١٠ی ز، لە دنیای نەمێنەوە ڕووی کردۆتە دنیای هەتاهەتایی. ئەو لە بنەچەکەیەکی دیکەی کوردانە و ناچێتەوە سەر بەرەبابی حەسنەوییەکان،[٢٠] بەڵام مێژوونووسان بە یەکێک لە میرانی دینەوەر و شارەزووریان داناوە و قومش و شارەزوور ناوەندی دەسەڵاتی بوون[٢].

### ئەبوششۆک کوڕی محەممەد کوڕی عەییار [٢١]

ئەبوششۆک بە حیساموددەولە ناوبانگی ڕۆیشتووە. ساڵی ٤٢١ی ک/١٠٣٠ی ز، توانیویەتی دەست بە سەر هەرێمی «قوما»دا بگرێ. ئەوەندەی ژیاوە لەگەڵ

---

١-لە ل ١٦ی دەقی بوولیاندا نووسراوە: ٤٣٨ی ک/١٠٤٦ی ز، دەبێ ئەمەیان دروست بێ، چونکە وا دیارە برایم یەناڵ ساڵی ٤٥٠ کوژراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕانی هەژار، پەراوێزی ل ٥٥، ساڵی ١٩٨١، تاران.) و.

لە دەقەکەی محەمەد عەبباسی و وەرگێڕانەکەی ڕۆژبەیانیدا، ساڵی ٤٣٨ی ک بە هەڵە کراوە بە ٤٨٨ی کۆچی. ز.س.

٢-شەرەفخان میرانی حەسنەوی و عەییاری عەننازی لە دووی یەک داناون، کەچی لە ڕاستیدا دوو بنەماڵەی جیاوازن، تەنانەت نەیار و دوژمنی یەکدی و لە دوو هۆزی جیاوازیش بوون. بنەماڵەی حەسنەوی لە هۆزی بەرزەکانە و عەننازیش لە هۆزی شازەنجان (شازەنگان)؛ هەروەها لە هەموو سەرچاوە عەرەبییەکاندا، عەنان یان عەییار بە عەنناز هاتوون.

لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی ڕۆژبەیانیدا مردنی ئەبولفەتح ساڵی ٤٢١ی کۆچییە، کە بێگومان هەڵەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لێرەدا تۆمار کراوە. ز.س.

براکانی هەر شەڕ و کێشەی بووە. سەرەنجام ساڵی ٤٣٧ی ک/١٠٤٥ی ز، مردووە[١].

## موهەلهەل[٢٢]

ئەم برایەی ئەبوششۆک نازناوی «ئەبووماجید»ی خرابوویە سەر شانی. ساڵی ٤٤٢ی ک/ ١٠٥٠ی ز، چۆتە خزمەت توغرۆڵبەگی سەلجووقی و زۆر چاکی لێ پاڕاوەتەوە و تکای لێ کردووە هەتا «سورخاب»ی برای لە زیندان ئازاد بکا. سوڵتان بەجوانی وڵامی داوەتەوە و خاتری گرتووە و بەری داوە.

## سورخاب کوڕی محەممەد[٢٣]

سورخاب پاش دەربازبوونی لە بەندی توغرۆڵبەگ بەرەو حکوومەتی ماهەکی بزووتوە و لەوێ درێژەی داوە بە ژیانی. بەرلەم ڕووداوە، ساڵی ٤٣٧ی ک/١٠٤٧ی ز، خزمەکانی لێی کەوتوونە پیلانگێڕان و گرتوویانە و بردوویانە و داویانەتە دەست برایم یەناڵ و ئەویش کوێری کردووە و چرای چاوانی کووژاندۆتەوە.

## «سەعدی»ی کوڕی ئەبوششۆک[٢٤]

سەعدی، سورخابی مامی گرتی و لە قەڵای خۆیدا بەندی کرد. ئەبولعەسکەری کوڕی سورخاب، ماوەیەک پاش کوێرکرانی باوکی، لە زیندان ئازادی کرد. ساڵی

١- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی قومای بە قومس لێکداوەتەوە و من دڵنیام لەوەی کە قوما هەڵەی نووسینەوەیە و ڕاستییەکەی داقووقایە، چونکە وەک دەزانین میر ئەبوششۆک محەممەدی کوڕی عەنناز، جگە لە شارەزوور توانی داقووقیش بگرێ. ز.س.

٤٤٤ی ک/١٠٥٢ی ز، توغرۆڵبەگ لەشکرێکی قورس و گرانی خستە ژێر ڕکێفی و ئەویش ڕووی کردە عێراقی عەرەب و موهەلهەلی مامی خۆی دەردەست کرد.

### سورخاب کوڕی بەدر کوڕی موهەلهەل[٢٥]

سورخاب نازناوی «ئەبولفەوارس»ە و ناسراوە بە کوڕی ئەبوششۆک و ماوەیەک حوکمداری هەرێمی شارەزوور و قوما بووە. ساڵی ٤٩٥ی ک/١١٠١ی ز، توانیویەتی دەست بە سەر قەڵای «جەقندەکان»دا[٢٦] بگرێتەوە کە ماوەیەک پێشتر لە چنگیان دەرهێنابوون.[١] پیاوێکی یەکجار دارا و دەسرۆیشتووە بووە و مانگی شەشەکانی ساڵی ٥٠٠ی ک/١١٠٦ی ز، مردووە.

### ئەبولمەنسوور

دوای سورخابی باوکی بۆتە حوکمڕان و ئەم خانەدانە بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ میر و دەسەڵاتدار بوون.[٢٧]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-خوفتیزگان؛ ئەم قەڵایە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی گوندی گۆپتەپە لە ناوچەی ئاغجەلەر. ع.ی.
بەپێی سەرچاوەکانی سەردەمی عەبباسی جەقندەکان هەڵەیە و ڕاستییەکەی «خەفتیدەکان»ە، کە قەڵایەک بووە لەسەر زێی بچووک لە دەشتی کۆیە. ز.س.

## بەشی سێهەم

### باسی میرانی فەزلەوییە کە بە لوڕی گەورە بەناوبانگن [١]

لە کتێبی «زوبدەتوتتەواریخ»دا نووسراوە بۆیە بەوانە دەڵێن لوڕ، چونکە لە ناوچەی «مانڕوود» گوندێک هەیە بەناوی «کورد». لە دەورانپشتی ئەو دێیە دەربەندێک هەیە کە بە لوڕی پێی دەڵێن کوول و لەوێش شوێنێک هەیە کە پێی دەڵێن لوڕ. جا چونکە بنەچەکەی لوڕان لەوێوە پەیدا بوون بەم ناوە ناودێر کراون. هەر لەم بارەوە چەند نەقڵ و نەزیلەیەکی دیکەش دەگێڕنەوە، بەڵام چونکە وەبەر دڵی منی کڵۆڵ نەکەوتن و بە لاوازم هاتنە بەرچاوی نەمنووسینەوە.

خاکی لوڕستان دوو بەشە: لوڕی گەورە و لوڕی بچووک. گۆیا دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ی ک/٩١٢ی ز، دوو برا پێکەوە بوونە حوکمداری لوڕستان. ئەوەی بەسەر ناوچەی لوڕی گەورە ڕاگەیشتووە ناوی بەدر و حوکمڕانەکەی لوڕی بچووک ناوی مەنسوور بووە.

بەدر ماوەیەکی درێژ لەسەر تەختی میرایەتی پاڵی داوەتەوە و پاش نەمانی، نەسیرەددین محەممەد کوڕی هیلال کوڕی بەدر، [٢٨] کە کوڕەزای بووە جێی گرتۆتەوە.

---

١- شەرەفخان لە سەرەتای ئەم بابەتەوە کە تایبەتە بە لوڕستان تا دەگاتە سەر باسی ژیاننامەی ئەتابەک ڕوکنەددین یووسفشا، بە دەسکارییەکی زۆر کەمەوە لە «حەمدوڵڵا مستەوفی»ی وەرگرتووە؛ بڕ: (تاریخ گزیدە، ص ٥٣٧-٥٤٨). ئەم کارەی شەرەفخان هیچ خەوشێکی تێدا نییە و دیاردەیەکی زۆر ئاساییە و وا باو بووە لە نێو مێژوونووساندا کە زۆربەیان ئەم کارەیان کردووە، بەتایبەت ئەگەر لەو ڕاستییە ئاگادار بین کە سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکانی دی، زانیارییەکی وەهایان تێدا نییە سەبارەت بە لوڕ و لوڕستان. با ئەوەش بڵێین کە زانیارییەکانی خودی حەمدوڵڵا مستەوفی بێکەموکووڕی نین و کەلێن و هەڵەی گەورەیان تێدایە و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان یەک ناگرنەوە. ز.س.

نەسیرەددین محەممەد، «حەمەخورشید»ی کردۆتە وەزیری خۆی. ساڵی ٥٠٠ی ک /١١٠٦ی ز، چوارسەد ماڵە[١] کوردێکی چیای «سماق»ی شام، کە لەگەڵ مەزنی خۆیان تووشی شەڕ و کێشە هاتوون، خێڵ و باریان تێکەوەپێچاوە و بەرەو لوڕستان هاتوون. پاش ئەوەی گەیشتوونە وێ، سەریان وەبەر بەرەبابی حەمەخورشید هێناوە و دامەزراون.(٢٩)

ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە نەوە و نەتیژەکانی حەمەخورشید کە ئەویش هەر وەزیر دەبێ، ئەو کوردانە بانگهێشتن دەکا و خوانێکی جوان دەڕازێنێتەوە. لە چێشتدانانی میوانان‌دا، ئەبولحەسەنی فەزلەوی، سەرۆکی ئەو کوردانە سەرەگایەکی وەبەر دەکەوێ. ڕوو دەکاتە خزمەکانی و دەڵێ چاکی هێناوە و ئێمە دەبینە مەزنی ئەم هۆزە.

ئەبولحەسەن کوڕێکی هەبوو بەناوی عەلی. ڕۆژێکی دەچێتە ڕاوێ و سەگێکیش لەگەڵ خۆی دەبا. لە ڕێگایە تووشی چەند کەسێک دەبێ، لەگەڵی دەکەنە دەمەقاڵە و هێندەی بە شەپ و پێلاقە و مست و کوتەکان لێ دەدەن، کە لە هۆش خۆی دەچێ و هەستوخوستی لێ دەبڕێ. زەبروەشێنەکان پێیان وا دەبێ نەماوە، بۆیە لینگی دەگرن و ڕایدەکێشن و دەیخەنە ئەشکەوتێکەوە. سەگەی عەلی دەکەوێتە شوێن ئەو خەنیمانە و لە دوویان نابێتەوە. دوای ئەوەی شەو دادێ و هەموو لایەک خەویان لێ دەکەوێ، دەچێتە زگ سەرگەورەیان و قەپ بە باتووی‌دا دەکا و هێندەی دادەکرۆژێ هەتا دڵی دەتۆقێ و پاشان بەرەو ماڵ دەبێتەوە. وەختایەک دەگاتەوە و نۆکەرانی عەلی دەبینن دەمولەوسی خوێناوییە، دەزانن

---

١- ئەوەی ڕاستی بێ وەک لە دەسنووسەکانی دیکەی شەرەفنامە و لە لاپەڕە ٥٣٩ی تاریخی گوزیدەدا هاتووە، سەد بنەماڵەیە نەک چوارسەد. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو سەد ماڵە کوردە، لە لایەن «موعینەددین نەتەنزی»یەوە کراوە بە سەد بنەماڵەی عەرەب؛ بڕ: (منتخب التواریخ معینی، ص ٣٨). ز.س.

شتێک قەوماوە. خێرایەکی سەگە وەپێش خۆیان دەدەن و بە دوایدا دەڕۆن هەتا دەگاتە زارکی ئەشکەوتەکە. کاتێک خورد دەبنەوە دەبینن ئەوە عەلی بە بریندار کەوتووە و شپـرێـوە. خێرایـەکـی هەڵیدەگرن و بەرەو ماڵی دەبەنەوە و شان لە تیمار کردنی خۆش دەکەن، هەتا چاک دەبێتەوە.

پاش مردنی عەلی،[٣٠] «محەممەد»ی کوڕی[٣١] دەچێتە ژێر ڕکێفی «سولغورییەکان»ی حوکمڕانی هەرێمی فارس، کە هێشتا خۆیان بە پادشا دانەنابوو. چونکە محەممەد کەسێکی زۆر ئازا بوو، هێندەی پێنەچوو کەوڵی مەزنایەتیی خرایە سەر شانی. دوای مردنی محەممەد، ئەبووتاهیری بەجەرگ و مەردازای کوڕی بوو بە هاوڕکێف و جێمتمانەی ئەتابەک سونقور. لەو دەمەدا ئەتابەک لەگەڵ میرانی شەبانکارە (شوانکارە) کەتبوویە دژایەتی و کەڵەوەکێشی، بۆیە ئەبووتاهیری بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە ناردە یاریدەیان [١] و ئەویش بەزاندنی و بە کامڕەوایی گەڕایەوە فارس. ئەتابەک سونقور دەسخۆشیی لێ کرد و گوتی تەڵەب کە ماڵی دنیایە. ئەبووتاهیر داوای ئەسپێکی چاکی خۆی لێ کرد و لەڕێوە باربووی کرا. دیسان گوتی دەی بخوازە. ئەبووتاهیر دەستی لەسەر درۆشمی خانەدانی میری دانا؛ میر دڵی نەشکاند. بۆ سەری سێجارەی ئەتابەک گوتوویەتی دیسانیش بخوازە. ئەبووتاهیر گوتوویە جا ئەگەر وایە ئیزن بفەرموو هەتا بەرەو لوڕستان ببزووم و ئەو هەرێمە بگرم و بیخەمە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میر. میر ئەم داوایەشی لێ قبووڵ کرد و لەشکرێکی تێر و تەیاری خستە ژێر ڕکێفی و ناردی بۆ لوڕستان ئەسپی لینگ داوە.[٣٢]

بنکەی ژین www.zheen.org

١-زێرنۆڤ لە لاپەڕە ٢٥دا نیشانەی پرسیاری بۆ ئەم ڕستەیە داناوە و بە هەڵەی زانیوە. ل ١٨ی دەقی بودلیان دەڵێ ناردوویەتە شەڕیان. ئەمەیان دروستە. و.

### ئەبووتاهیر کوڕی محەممەد کوڕی عەلی کوڕی ئەبولحەسەنی فەزلەوی

ئەبووتاهیری پشتئەستوور بە یاریدەی ئەتابەک سونقور، خۆی گەیاندە خاکی لوڕستان و جارجارە بە زەبروزەنگ و نێوەنێوە بە قسەی خۆش و نەرمونیان دەستی بە سەر هەرێمەکەدا گرت. وەختایەک بارودۆخەکەی ئاوا هاتۆتە بەرچاوی، هەوای سەربەستی کەوتۆتە مێشکی و فەرمانی داوە تا لەوەی بەولاوە خەڵک پێی بڵێن ئەتابەک. کوڕەکانیشی هەر لەسەر ئەو پێوشوێنەی باوکیان ڕۆیشتوون و ئەم دابەیان داهێناوە و ئاوا بوونە زڕەئەتابەک.

وەکوو دیارە ئەتابەکی ڕەسەن کۆمەڵێک لەو میرانەی سنوورنشین بوون کە پادشاکانی سەلجووقی(٣٣) منداڵەکانی خۆیان پێ دەسپاردن هەتا ئاگایان لێیان بێ و پەروەردەیان بکەن. شازادەی کاڵ و منداڵیش دەبوو پێیان بڵێن ئەتابەک، واتە «باوکەبەگ»ە.[١]

بەکورتی دەبێ بڵێم ئەبووتاهیر پاش ئەوەی لوڕستانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی، ساڵی ٥٥٠ی ک/١١٥٥ی ز،[٢] لە ئەتابەک سونقوری سایەپەروەرێنی هەڵگەڕاوەتەوە و ماوەیەک لەسەر بار و هەوای سەربەستی جڵەوی حکوومەتی بەدەستەوە گرتووە و سەرەنجام بەرەو دنیای پاشین گەڕاوەتەوە و پێنج کوڕی وەکوو یادگار لە پاش بەجێماوە کە بریتی بوون لە: هەزارئەسف (هەزارئەسپ)، بەهمەن، عیمادەددین پاڵەوان، نەسرەتوددەولە ئیلواکوش و قزڵ ئەتابەک.

ژنی www.zheen.org

١- ئەتابێیک، ئەتابێگ، ئەتابەگ. پلەی بەگ هاتۆتە نێو کوردانیش. وشەکە تورکییە «بەگزادە» و «دەرەبەگ»یشی لێکەوتۆتەوە. و.

٢- خودی زێرنۆڤ هەڵە نووسینەوەکانی ڕاست کردۆتەوە، دەنا نووسراوە ٥٠٥. لە دەقی کتێبخانەی پارلمانی ئێرانیشدا هەر نووسراوە ٥٠٥ی ک، بەڵام دیارە هەڵەچنینەوەکەی زێرنۆڤ دروستە. و.

**هەزارئەسپ**

لەسەر دوائەسپاردەی باوکی و قۆڵ لەسەرکێشانی تێکڕای براکانی و پیاوماقوولان، بوو بە میری سەربەخۆی لوڕستان. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا، هەرێم و مەڵبەندی لوڕان وایان گەشە کرد کە باغی بەهەشت خۆزگەی بۆ خواستن. جا هەر بۆیە تیرە و تۆرەمەیەکی زۆر[(٣٤)] لە چیای سماقی شامەوە بەرەو لوڕستان هاتن و چوونە ژێر سێبەری دەسەڵاتی. بۆ نموونە تیرەی عەقیلی لە توخمەی عەقیلی کوڕی ئەبوتالب و کۆمەڵێکی هاشمی لە وەچەی هاشمی کوڕی عەبدولمەناف ڕوویان تێکرد. چەندین هۆز و تیرە و بەرەی دیکەش هاتن کە بریتی بوون لە: ١- ئەستەرکی ٢- مەماکۆیە (مامەکۆیی؟) ٣-بەختیاری ٤- جوانەکی ٥- بێدانیان ٦- زامێدیان[١] ٧-عەلانی[٢] ٨-لوتوەند[٣] ٩-بوتوەند ١٠- بوازەکی ١١- شنەوەند ١٢- ڕاکی ١٣- خاکی ١٤- هارڕوونی ١٥- ئەشکی[٤] ١٦- کووئی ١٧- لیراوی ١٨-موویی[٥] ١٩-بەحسفەوی[٦] ٢٠-کەمانکەشی ٢١-موماسەتی[٧] ٢٢-ئووملەکی[٨] ٢٣-تەوایی[٩] ٢٤-کەداوی[١٠] ٢٥- مەدیحە ٢٦- ئاکورد ٢٧- کوولارد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١-بودلیان ل ١٩: (زاهیدیان). و.

٢-بودلیان ل ١٩: (عەلایی). و.

٣-بودلیان ل ١٩ و پارلمان ل ١٧: (کووتوەند). و.

٤-دەقی پارلمان ل ١٧: (شەککی). و.

٥-بودلیان ل ٢٠: (مووینی). و.

٦-بودلیان ل ٢٠: (تەحسفەوی). و.

٧-دەقی پارلمان ل ١٧: (موماسەنی) ← (مەمەسەنی؟). و.

٨-عەبباسی ل ٤٧: ئوومەکی. و.

٩-بودلیان ل ٢٠: (تەواپی)، پارلمان ل ١٧: (تەوابی). و.

١٠-شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار ل ٦٧: (گراوی). و.

هەروەها گەلێک تیرە و تۆرەمەی دیکەش کە ئێمە بە بنەچەکەیان نازانین هاتن و دایانە پاڵ هەزارئەسپ و براکانی و هێز و شان و شکۆیان ئاوا پەرەی ئەستاند. وای لێهات کە لەشکری لوڕستان توانی دەست بە سەر «شوولستان»یش‌دا بگرێ و دەسەڵاتی هەزارئەسپ بەرەو چڵەپۆپەی خۆی تێهەڵچێ. ئەم میرە ڕووی کردە هەر جێیەک و زانی بۆ ئاوەدانی و کشت‌وکاڵ دەشێ و دەناڵێ، گوندی لێ بنیات نا و خەڵکی لێ نیشتەجێ کرد و نەیهێشت هیچ شوێنێکی لوڕستان و شوولستان بە چۆڵەواری بمێنێ و جووتێر تۆوی لێ نەچێنێ. دەرگای دادەوانی و خێر و چاکەی بەڕووی خەڵک و حەشامەتی بەر فەرمانی‌دا کردۆتەوە و خەلیفەی بەغدا خەڵات و نامەی بەسەرکردنەوەی بۆ ناردووە.[٣٥] پاش تێپەڕینی ڕۆژگارێک فریشتەی پێمردن گەیشتۆتە سەری و ڕووی کردۆتە دنیای هەتاهەتایی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ئەتابەک تۆکلە کوڕی هەزارئەسپ

ئەتابەک تۆکلە لە دایکەوە دەچۆوە سەر ڕەسەنی سولغوری و پاش مەرگی باوکی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی پاڵی دایەوە. کاتێک هەواڵی مردنی هەزارئەسپ گەیشتە فارس، ئەتابەک «سەعد»ی سولغوری لەبەروەی دەیزانی ئەو پیاوە کەوتۆتە کێشە لەگەڵ باوکی، سێ جاری لەشکر ناردە لوڕستان و لە تەواوی ئەو پەلامارانەدا تۆکلە سەرکەوتنی بەدەستەوە هات.[٣٦]

ساڵی ٦٥٥ی ک/ ١٢٥٧ی ز، وەختایەک هۆلاکۆخان[١] ئەسپی هەڵمەتی بەرەو بەغدا تاو دا، تۆکلە خۆی گەیاندە خزمەتی و سەری وەبەرهێنا و ئەویش خستییە

---

١- هۆلاکۆخان (٦١٤ ؟-٦٦٣ی ک/ ١٢١٧ ؟-١٢٦٤ی ز)، یەکەمین ئێلخانی مەغۆلە لە ئێران (٦٥٣-٦٦٣ی ک/ ١٢٥٥-١٢٦٤ی ز)، کوڕی تووڵیخان و نەوەی چەنگیزخان بوو. بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٣، ل ٢٣٩٣-٢٣٩٤. و.

پاڵ لەشکری دەهەزار کەسەی کیتمۆقا نۆیین. پاش گیرانی بەغدا هۆلاکۆخان بیستییەوە کە تۆکلە کوژرانی خەلیفەی بەغدا و شکستی مسوڵمانانی پێ ناخۆش بووە و داخ و پەژارەی خۆی دەربڕیوە.(٣٧) هۆلاکۆ ئەو قسانەی لە دڵی گران هاتن و لێبڕا بیکووژێ، بەڵام پێش ئەوەی دەستی لێ ببزێوێ پێی زانی، بۆیە لەڕێوە سەری ڕکێفی وەرسووڕاند و بێ ئیزن خواستن بەرەو لوڕستان ئاژاوتی و فڕی.

هۆلاکۆخان کیتمۆقا نۆیین و چەند سەرکردەیەکی دیکەی بە مەبەستی گرتنی تۆکلە بەرەو لوڕستان گاڵ دا. وا ڕێککەوت ئەم سپایە لە مەودای ڕێگادا تووشی «ئەلب ئەرغوون»ی(٣٨) برای تۆکلە هات کە بەرەو هۆردوو دەبزووت و گرتیان. سێڵاوی لەشکری [مەغۆل] گەیشتە هەرێمی لوڕستان و تۆکلە خۆی لەبەر نەگرتن و پەنای بردە بەر قەڵای مانخوست (؟).[١] سەرکردەکانی سپای هۆلاکۆخان جارێک بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و هەلێک بەنەرمی و نیانی و دڵدانەوە پێوەی خەریک بوون، بەڵام هیچیان هیچی لێ شین نەبوو. سەرەنجام هۆلاکۆخان ئەنگوستیلەی خۆی بە مانای لێبووردن بۆ نارد. تۆکلە باوەڕی پێکرد و دەروازەی گاڵەدراوی قەڵای خستە سەرپشت و هاتەدەر. سەرکردەکانی سپای [مەغۆل] لە تەورێز بردیانە خزمەت هۆلاکۆخان. ئەویش پاش هەڵپێچان و لێپرسینەوە و ڕوونکردنەوەی تاوانی، کوشتی. پیاوەکانی بەنەهێنی تەرمەکەیان بردەوە لوڕستان و لە گوندی «دزوە»[٢] ناشتیان.

١-زێرنۆڤ ئەم نیشانەی پرسیارەی داناوە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و مامۆستا هەژار لایان وایە دەبێ «جانبەخشست» بێ. بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٧١. و.

٢-لە لاپەڕە ١٨ی دەقی کتێبخانەی پارلماندا نووسراوە: «دوزدە» یانی «دزە». ل ٢١ی بودلیان: «دروە». لە ل ٥٠ی شەرەفنامەی عەبباسیدا نووسراوە: «زەردە» (؟). و.

**ئەتابەک شەمسەددین ئەلب ئەرغوون**(٣٩)

پاش ئەوەی کە تۆکلەی برای شانازیی شەهید بوونی پێ برا، هۆلاکۆخان حکوومەتی لورستانی پێ بەخشی. ماوەی پازدە ساڵان بە پیاوچاکی و دادەوانی ئەو هەرێمەی بەڕێوە برد و گەشە و پەرەی دا بە ئاوەدانی. سەرەنجام بە مردنی خۆی مرد و ئاڵای دەسەڵاتی بردە دنیای دیکە و لەم دنیایە دوو کوڕی لە پاش بەجێما، کە بریتی بوون لە یووسفشا و عیمادەددین پاڵەوان.

**ئەتابەک یووسفشا کوڕی ئەلب ئەرغوون**

دوای مردنی باوکی، ئەتابەک یووسفشا بە فەرمانی «ئەبەقاخان»ی[1] کوڕی هۆلاکۆخان بوو بە حوکمڕانی لورستان. چونکە هەمیشە بە خۆی و دووسەت سوارەوە لە ڕکێفی ئەبەقاخاندا بوو، پیاوانی باوەڕپێکراو و دەمڕاستی، کاروباری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد.

ئەتابەک یووسفشا لە زۆر شەڕ و سەفەراندا خزمەتی گەلێک شایانی بە ئەبەقاخان(٤٠) کرد؛ هەر بۆیە وەبەر دڵی فەرمانڕەوا کەوت و بە سیلەنیگای میرانە خوێندرایەوە و ناوچەی خووزستان و کۆهگیلۆیە و شاری فیرووزان و «جوربادەقان»یشی خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. دوای نەمانی ئەبەقاخان، ئەتابەک بوو بە هاوڕکێفی ئەحمەدخان. پاش شەهید بوونی ئەحمەدخان، ئەرغوونخانیش بە چاوی ڕێزەوە لە یووسفشای دەڕوانی.(٤١) جارێکی ناردی بۆ ئیسفەهان هەتا خواجە شەمسەددین محەممەدی ساحێبدیوانی بۆ بێنێ و لە نێو

---

١- ئەباقاخان، ئەبەقائان، ئەباقائان. کوڕی هۆلاکۆخان. پاش نەمانی باوکی لە ساڵی ٦٦٣ی ک/١٢٦٤-ەی زایینیدا، لە مەراغە بوو بە پادشا. ماوەی ١٧ ساڵ و چەند مانگێکی حکوومەت کرد و لە هەمەدان دەرمانداو کرا و مرد. (وشەدانی دێهخودا، ب ١، ل ٢٨٤.) و.

هۆردووی دایبەزێنێ. خواجە خۆی بەرەو لەشکری میری دەهات و لە ڕێیە تێکهەڵەنگووتن و پێکەوە هاتنە نێو هۆردوو.[٤٢] ئەرغوونخان بەرگی شەهید بوونی بە باڵای خواجە بڕی. زانایەک ئاوای شین بۆ خواجە شەمسەددین گێڕاوە و شێعری بۆ داناوە:

لەگەڵ ئاوابوونی شەمس، سەر ئاسۆ خوێنی لێ باری
مانگ هات و ڕوومەتی ڕنی، ناهید پسا تەلی تاری
شەوگار بەرگی ڕەشی پۆشی، کەوتە داوی کش و ماتی
بەیان بەرۆکی دادڕی و هەناسەی سەرد بوو بە کاری

ئەتابەک یووسفشا لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا ئیزنی لە ئەرغوونخان وەرگرت و گەڕایەوە لوڕستان. لەوێوە ڕووی کردە کۆهگیلۆیە و لە مەودای ڕێیەدا خەونێکی ناخۆشی دیت و سەری ڕکێفی وەرسووڕاند و بەرەو ماڵ بۆوە، بەڵام مەرگ مەودای نەدا و هەر ئەو کاتە کە ساڵی ٦٨٤ی ک/١٢٨٥ی زایینی بوو، دەستی لە دنیا بەردا و «ئەفراسیاب» و «ئەحمەد»ی لە پاش بەجێمان.

**ئەتابەک ئەفراسیاب کوڕی یووسفشا**

بەپێی فەرمانی ئەرغوونخان بوو بە جێگرەوەی باوکی و گەڕایەوە لوڕستان و ئەحمەدی براشی لە ڕکێفی ئەرغوونخاندا بەجێهێشت. دەستی کرد بە کاری نالەبار و بە زوڵم و خیرەسەری تێکەوت و کەوتە وێزەی ڕیشسپی و کەیخودا و کاربەدەستان و خزمانی[٤٣] خۆی و پەڵپی پێ گرتن و هەڵیپێچان و تێیان ڕۆهات و تاڵانی کردن. سەرەنجام تەواویانی دانە بەر لەپەشیری زۆرەملی و حەیاتی لێ

بڕین. کۆمەڵێک لە کەس‌وکار و نیزیکانی لە ترسانی پەنایان بردە ئیسفەهان و لەوێ بنەیان داکوتا.

ئەتابەک ئەفراسیاب، قزلی ئامۆزای ناردە ئیسفەهان و ڕایئەسپارد هەر کەسی لەو ڕاکردووانەی وەبەر دەستی هات بیگرێ و گلی بداتەوە. لەو جەنگەیەدا هەواڵی مەرگ و نەمانی ئەرغوون‌خان بڵاو بۆوە و قزڵ لەگەڵ سولغورشا ڕاپەڕی و «بایدوو»ی دارۆغەی شاری ئیسفەهانی کوشت و خوتپەی بەناوی ئەفراسیابەوە لێدا. ئەتابەک ئەفراسیاب خۆی بە پادشای سەربەخۆ دانا و تاقمێک لە خزمان و یارانی نیزیکی خۆی بەربژار کردن بۆ ناوچە و مەڵبەندەکانی عێراق. پاشان لێبڕا بڕوا و پایتەختی مەغۆلان[٤٤] لە چنگیان دەربێنێ؛ هەر بۆیە «جەلالەددین»ی کوڕی ئەتابەک تۆکلەی بە لەشکرێکی قورس و گرانەوە کردە پێشەنگی پەلاماری و ناردی بۆ دەربەندی کەرهڕوود. لوڕ لەوێ تووشی سەدان چەکداری مەغۆل بوون و لەگەڵیان تێکهەڵچوون و شکستیان بە سەر شانی‌دا هێنان و ڕاویان نان. پاشان گەڕانەوە سەر بارگە و بنە و جێ‌حەسانەوەیان و ملیان نا لە کەیف و ڕابواردن و داوێن‌پیسی. مەغۆل کە ئاوایان زانی غیرەتیان بـزووت و بەپڕتاو گەڕانەوە و بە سەر لەشکری لوڕانیان‌دا دا و سەگ بە حەوشەیان پێکردن و دەماریان دەرهێنان. وەک دەگێڕنەوە لەو شەڕەدا ژنێکی مەغۆل بەتاقی تەنێ دە پیاوی لوڕی بە دەستی چووبوو. کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتەوە نێو لەشکر و کەیخاتوو ڕاپەڕینی ئەفراسیابی بۆ ڕوون بۆوە، لەڕێوە لەشکرێکی دەهەزار کەسەی سوارەی مەغۆل و میرانی لوڕی بچووکی ناردە سەر ئەفراسیاب و «تولْدای یەڵداجی»ی کردە سەرکردەی ئەم پەلامارە. توڵدای پاش شەڕ و لێکدانێک ئەفراسیابی بە دیل گرت و بردی بۆ

**لای کەیخاتووخان.[١] ئورووکخاتوون و پاشاخاتوونی کرمانی[(٤٥)] بۆی کەوتنە تکا پاڕانەوە و ئەویش قەڵەمی بەخشینی بە سەر تاوانەکانیدا کێشا و سەرلەنوێ لوڕستانی خستەوە ژێر دەسەلاتی.**

**ئەفراسیاب، ئەحمەدی برای لە ڕکێف کەیخاتووخاندا بەجێهێشت و ئەسپی بەرەو لوڕستان تاو دا. هەر کە گەیشتەوە لە هیچی نەبوو، کوڕە مامێکی خۆی و کۆمەڵێک سەرکردە و پیاوماقووڵی لوڕی قەڵتوبڕ کردن.**

**کاتێک غازانخان[٢] بوو بە فەرمانڕەوای جیهان، ئەفراسیاب خۆی گەیاندە ڕایەخڕامووسانی و پادشاش باڵی بەختی دا و هەمان دەستوور کردییەوە حوکمڕانی لوڕستان. ساڵی ٦٩٥ی ک/١٢٩٥ی ز، ئەودەمەی کە غازانخان بەرەو بەغدا دەبزووت، ئەتابەک ئەفراسیاب لە نیزیک هەمەدان جارێکی دیکەش بە خزمەتی گەیشت و بە چاوی ڕێزی میرانە بەسەرکرایەوە و بەرەو قەڵەمڕەوی دەسەلاتی گەڕایەوە. لە مەودای ڕێیەدا میر هورقوداق کە لە فارسەوە دەهاتەوە و دەچۆوە بۆ لای غازانخان، تووشی هات و بە نیوە زۆر و نیوە خواهیشت گێڕایەوە. پاش ئەوەی گەیشتنەوە لای خان، سەرلەبەری کار و کردەوەی دزێو و ناڵەباری ئەفراسیابی لە قاو دا و هێندەشی بۆ تێچاند تا بە کوشتی دا.**

١- کەیخاتوو یان گەیخاتوو، یەکێکە لە ئیلخانانی مەغۆلی ئێران. ساڵی ٦٩٠ تا ٦٩٤ی ک/ ١٢٩١-١٢٩٤ی ز، حکوومەتی کردووە و بەدەست یەکێک لە نەوەکانی چەنگیزخان بەناوی «بایدوو» کوژراوە. و.

٢- غازان کوڕی ئەرغوون کوڕی ئەبەقا کوڕی هۆلاکۆ کوڕی توولی (توولووی) کوڕی چەنگیز، بە حەوتەم پادشای مەغۆلانی ئیلخانیی ئێران دادەندرێ پاش هۆلاکۆخان. غازانخان (٦٧٠-٧٠٣ی ک/ ١٢٧١-١٣٠٣ی ز)، ساڵی ٦٩٤ هەتا ٧٠٣ی کۆچی بۆتە فەرمانڕەوای ئێران و بڕوای بە دینی ئیسلام هێناوە. لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا لە شاری تەورێزی ئازەربایجانی ئێران کۆچیدوایی کردووە و لە شەنبیغازان نێژراوە. بڕ: دێهخودا، ب ١١، ل ١٦٥٢٢-١٦٥٣٩؛ هەروەها بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٢، ل ١٣٠٥. و.

**ئەتابەک نەسرەتەددین ئەحمەد کوڕی یووسفشا کوڕی ئەلب ئەرغوون**

نەسرەتەددین پاش کـوژرانی بـراکەی، بەپێی فەرمانی غازانخان ڕووی کردە لوڕستان و لەسەر تەختی حوکمداری پاڵی دایەوە. دەستی کرد بە کاری چاک و بوو بە ڕەچاوکەری دادپەروەری و خاشەی کەڵەزەڕی و زوڵم و زۆری کێشا و خەڵکی گەشاندەوە. ئەوەندەی بۆی دەکرا لە ڕێبازی پاکی دینی خۆی لای نەدەدا و بەڕێوەی دەبرد. ماوەی ٣٨ ساڵ لە وڵاتی بەمیراتگەڕاوی، لەوپەڕی کامەڕانیدا ژیانی تێپەڕ کرد و ساڵی ٧٣٣ی ک/١٣٣٢ی ز، بە مردنی خۆی مرد و یووسفشای ڕەسەنزادەی کوڕی جێی گرتەوە.

**ئەتابەک ڕوکنەددین یووسفشا کوڕی ئەحمەد**

یووسفشا بۆ ماوەی شەش ساڵ لە لوڕستان جڵەوی حکوومەتی بەدەستەوە گرت و کەوتە پێوشوێنی دادەوانی و لەگەڵ جەماوەری بەر فەرمانی بەوپەڕی جوانی جووڵایەوە. ڕۆژی شەشەمی مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ٧٤٠ی ک/١٣٣٩ی ز، کۆچیدوایی کرد و لە «مەدرەسەی ڕوکناباد» ناشتیان.[١]

**موزەففەرەددین ئەفراسیاب ئەحمەد کوڕی یووسفشا**

ئەم میرزادەیە دوای مردنی باوکی لە لوڕستان تاجی میرایەتیی نایە سەری و لە ڕۆژگاری ئەودا مانگیلەی سەر نووچکەی داری ئاڵای ئەمیر تەیمووری گوورکانی[٢]

١-دەربارەی ئەم میرانەی لوڕ بڕوانە: (معین‌الدین نطنزی، منتخب التواریخ معینی، ص٤٨-٥٣؛ قاضی احمد غفاری، تاریخ جهان‌آرا، ص١٧٠-١٧٢). ز.س.

٢-تەیمووری گوورکانی (٧٣٦-٨٠٧ی ک/ ١٣٣٥-١٤٠٤ی ز)، سەرزنجیرەی تەیموورییەکانی ئێرانە. لە تورکستان گەورە بووە و لە شەڕێکدا ئەنگواوە و پێی شەل ←

تریفەی دنیای داگرت و لوڕستانیش وەکوو تەواوی ناوچە و مەڵبەندەکانی ئێران کەوتە نێو بازنەی دەسەڵاتی و گیرا. ڕۆژی دووشەممۆ ٢٣ی مانگی جەمادی دووهەمی ٧٩٥ی ک/١٣٩٣ی ز، تەیمووری [لەنگ] جڵەوی حکوومەتی لوڕستانی دایە دەستی. پاش ئەم ڕووداوە هێندەی نەبرد کە موزەففەرەددین مرد و ڕووی کردە دنیای خامۆشان.

### ئەتابەک پەشەنگ کوڕی یووسفشا

دوای نەمانی مامی بوو بە حوکمداری لوڕستان و چەند ساڵێکی وای بەسەر دەسەڵاتی‌دا[٤٦] تێنەپەڕی کە مەرگ بەرۆکی گرت.[٤٧]

### ئەتابەک ئەحمەد کوڕی پەشەنگ

ئەتابەک ئەحمەد پاش نەمانی باوکی تاجی میرایەتیی لە سەری نا، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی‌دا تێکەولێکە و وێرانی باڵی بە سەر لوڕستان‌دا کێشا.

### ئەتابەک ئەبووسەعید کوڕی ئەحمەد

دوابەدوای باوکی بوو بە حوکمڕان، بەڵام چەند ساڵێکی پتر پێنەچوو کە مەرگ لە دەرگای دا و ساڵی ٨٢٧ی ک/١٤٢٣ی ز، دەستی لەم دنیایە بەربوو.

---

بووە و لەو کاتەوە بە تەیمووری لەنگ ناسراوە. لە شەڕدا دەستی نەپاراستووە و گەلێک منارەی لە کەللەسەری خەڵک ساز کردووە و تەواوی تەمەنی کردۆتە بەختی شەڕ و تێکهەڵچوون. بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ١، ل ٥٠٠. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

**ئەتابەک شاحوسێن کوڕی ئەبووسەعید کوڕی ئەحمەد کوڕی پەشەنگ کوڕی یووسفشا**

شاحوسێن چەند مانگ پتر نەیتوانی لەسەر تەختی مەزنایەتی ئۆقرە بگرێ و هەر لەو ساڵەدا دوابەدوای باوکی، غیاسوددینی کوڕی کاوس کوڕی هووشەنگ کوڕی پەشەنگ(٤٨) کوشتی. پاشی ئەم ڕووداوە میرزا سوڵتان برایم کوڕی میرزا شاڕوخ لەشکری ناردە سەر غیاسوددین و لە وڵاتی دەرپەڕاند و پەرەوازەی کرد. ئیدی لەوەی بەولاوە هیچکەس لەو بنەماڵەیە نەیتوانی لەسەر تەختی دەسەڵاتی لوڕستان دابنیشێ.

نەکەی دڵ بدەی بەو پیرێژنە بەنازونووزەی چەرخی زەمانە
چونکە یەکێکە و مارەکراوی گەلێ زاوایە و بووکی جیهانە [١]

ژین
www.zheen.org

## بەشی چوارەم
## باسی میرانی لوڕی بچووک [٢]

لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە ناوی لوڕ لە چییەوە هاتووە و چۆن سەرەتا لە کوولی مانڕوود ژیاون و پاشان پەرەیان ئەستاندووە و وەچەیان زیادی کردووە و جێگەیان پێ تەنگ بووە و تیرە و بەرەیان لێکدابڕاون و هەر یەکەی ڕووی کردۆتە قۆڵێک. کێ لە کوێ نیشتەجێ بووبێ ناوی ئەو شوێنەی خراوەتە

١- هۆنراوەی «خواجووی کرمانی»یە. و،
٢- شەرەفخان ئەم بەشەی لە سەرەتاوە تا کۆتاییی دەنگوباسی دەوڵەتخاتوون هەر لە ڕووی تاریخی گوزیدەوە نووسیوەتەوە؛ بڕ: (تاریخ گزیده، ص ٥٤٩-٥٦٢). ز.س.

سەر شانی. بۆ نموونە جنکروی [1] و ئوتەری هەر لەو جێگایە ژیاون و هەر تیرە و تایفەیەکی لوڕان کە لەوێ بنەیان دانەکوتابێ، لوڕی ڕەسەن نین و بە سەر چەندین تیرە و بەرەبابدا دابەش دەبن کە بریتین لە: کەرسەکی، لەنبەکی، ڕووزبەهانی (ڕۆژبەیانی)، ساکی، شادلووی، داودعەیانی، محەممەد کوماری.

تیرەی جنکروی کە میرانی لوڕی بچووک لەوانن، دەگەنەوە سەر بەرەبابی شەلبووری. خزم و تایفەکانی دیکەی لوڕان بریتین لە: کارانە، [2] زەڕەجنکروی، فەزلی، ستوەند، ئالانی، کاهکاهی، ڕەخوارەکی، دەری، برارەند، مانگرەدار، ئەنارەکی، ئەبولعەباسی، عەلی مەمایی، کیجایی، [3] سولەکی، خوودەکی، نەدەرووی و چەندێکی دیکەش. بەڵام تایفەی سامی، ئەسبان، سەهی و ئەرکی ئەگەرچی بە زمانی لوڕی داخێون، خۆ بە ڕەسەن لوڕ نین و جەماوەری گوندنشینی ڕەمەکین. ئەمانە هەتا ساڵی ٥٥٠ی ک/١١٥٥ی ز، خاوەنی مەزن و خێوی سەربەخۆ نەبوون و سەریان وەبەر کۆشکی خەلیفەی [بەغدا] هێناوە. پاشان کە خراونە سەر دامودەزگای دەسەڵاتی عێراق، حیسامەددین شوهلی، لە تۆرەمەی تورکانی «ئەفشەر»ی [4] سەر بە فەرمانڕەوایانی سەلجووقی کراوەتە حوکمڕانی لوڕستان و بەشێک لە خاکی خووزستان.

محەممەد و کرامی، کوڕانی خورشید لە تیرەی جنکروی چوونە خزمەت حیسامەددین شوهلی و بەرەو پلەی بەرز هەوراز چوون. گەلێکیان کوڕی ڕۆڵە و لێوەشاوە لێکەوتەوە، بۆ وێنە شوجاعەددین خورشید کە لێرەدا باسی دەکەین.

١- ئەمەی زێرنۆڤ نووسیویەتەوە هەڵەیە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە وشەدانی دێهخودا: «جنکردی» جنکوردی یان جەنکوردی (؟). و.

٢- ل ٢٤ی بودلیان: کارنە. و.

٣- ل ٢٤ی بودلیان: کومایی. و.

٤- ل ٢٤ی بودلیان: ئاقسەری. ئەفشەری یان ئەفشاری هەڵەن. و.

هەر لەو ڕۆژگارەدا، سورخابی کوڕی عەییاریش ـ کە پێشتر کورتە ئاوڕێکمان لە ژیان و بەسەرهاتی دایەوە ـ ببوو بە یەکێک لە پیاوانی بارگای حیسامەددین شوهلی. ڕۆژێکی لە جەنگەی ڕاودا، شوجاعەددین خورشید و سورخابی کوڕی عەییار لەسەر کەرویشکێ لێیان بوو بە قڕە و دەستیان برد بۆ خەنجەران و دەگژ یەکتر ڕاچوون، بەڵام حیسامەددین کەوتە نێوانیان و لێکی کردنەوە؛ کەچی هەردکیان وەدڵیان گرت و لە یەکتر بە ڕقدا چوون. پاش ماوەیەک حیسامەددین شوهلی دەسەڵاتی هێندێک ناوچەی هەرێمی لوڕی بچووکی دایە دەست شوجاعەددین خورشید و چەند ناوچەیەکی دیکەشی ئەسپاردە سورخابی کوڕی عەییار.

لەو کاتەدا میرانی عێراق بەپانەوە کەوتبوونە چەوساندنەوەی جەماوەری لوڕستان و خەڵک لێبڕابوون ڕاپەڕن و دەسەڵاتیان تێکەوەپێچن. هانایان بۆ شوجاعەددین خورشید برد و گوتیان هەرچی تۆ بیڵێی لە قسەت دەرناچین و دەبێ لەو کۆت و بەندە ڕزگارمان بکەی و ئەوەش کاغەزی مۆرکراوی پەیمانمان با لە خزمەت تۆ بێ. ڕاست لەو سەروبەندەدا حیسامەددین شوهلی مرد و شوجاعەددین خورشید بوو بە میری سەربەخۆی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی. بەرەبەرە مەڵبەندەکانی دیکەی لە چنگ سورخابی کوڕی عەییار دەردێنا و هێندەی تین بۆ هێنا هەتا بەزی و لە ژێر فەرمانیدا بوو بە دەسەڵاتداری مانرووود. لەسەر ئەم بار و هەوایە تەواوی خاکی لوڕی بچووک کەوتە نێو جوغزی دەسەڵاتی و گرێی لەبەر نەما.

### شوجاعەددین خورشید کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەممەد کوڕی خورشید

پاش ئەوەی کە خودای پاک و مەزن باڵی گرت و بە سەر لوڕستانی بچووکدا زاڵی کرد و میر توانی سەروبەری کاران ڕێکوپێک بکا و ئارامی و سەقامگیری

بتەنێتەوە، کوڕانی خۆی، بەدر و حەیدەری ناردنە ناوچەی سەمها بۆ شەڕی تیرەی جنکروی (جنکوردی یان جەنکوردی). کاتێک کوڕانی گەیشتنەجێ لەڕێوە باوەشیان بە دەوری «دژیسیا»دا هێنا و مەچەکەیان لێ ئەنگاوت. لە جەنگەی گەمارۆدا حەیدەری کوڕی کوژرا. شوجاعەددین لە تۆڵەی خوێنی کوڕی تووشی هەر کەسێکی ئەم تیرەیە بووایە دەیکوشت. وای لێهات تەواوی ئەو جەماوەرە لێی بێزران و خاکی «مانرۆود»یان بۆ چۆڵ کرد و ڕۆیشتن.

پاش ماوەیەک خەلیفەی [بەغدا] ناردی بە شوێن شوجاعەددین خورشید و نوورەددین محەممەدی برایدا و داوایان لێ کرا تاکوو لە قەڵای مانگرە بکشێنەوە. گوتیان شتی وا نابێ و ناکرێ، بۆیە هەردووکیان گرتن و لە بەندیان توند کردن. نوورەددین محەممەد لەو بەندەدا دەرینەبرد و مرد، بەڵام پێش ئەوەی سەر بنێتەوە شوجاعەددینی برای ڕاسپارد و گوتی نەکەی ئەو بەردەڵان و تمتمانە لە کیس بدەی. ئەویش لەسەر وەسێتی براکەی ماوەیەکی دیکەش کۆڵی نەدا و هەروا لە زینداندا مایەوە، بەڵام سەرەنجام بۆی ڕوون بۆوە هەتا قەڵاکە بەدەستەوە نەدا لەو بەندە دەرباز نابێ، بۆیە بەناچار ملی دا.

شوجاعەددین لە بەرامبەردا داوای لە خەلیفە کرد هەتا قەڵاتێکی دیکەی بداتێ و داواکەی لێ سەلمێندرا و ناوچەی «تەڕازەک»ی سەر بە خووزستانی پێ بەخشرا. ئەوسا گەڕایەوە لوڕستان و بۆ ماوەی سی ساڵی دیکەش درێژەی بە دەسەڵاتی دا، بەڵام ئەوەندە پیر ببوو کە چاکە و خراپەی لێک نەدەکردەوە و خەرفابوو. هەمیشە بەدری کوڕی و سەیفەددین ڕوستەمی برازای، کە کوڕی نوورەددین محەممەد بوو، لە دەورەی بوون و چاویان لێ خافڵ نەدەکرد.

لەو دەمەدا «مەلیک بەیات»ی تورک هەڵیکوتایە سەر لوڕستان و دەستی لە تاڵانوبڕۆ نەپاراست و خەڵکی داڕووتاند. بەدر و سەیفەددین ڕۆستەم بە خۆیان و لەشکری لوڕستانەوە بەرەگەیان لێ گرت و بە گژیدا چوونەوە و پاش شەڕ و

ژینگەی ژین www.zheen.org

لێکدانێکی زۆر بەزاندیان و هەڵبڕدابڕیان وێخست و دەستیان گەیاندە ناوچەی بەیات و گرتیان و خستییانە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان.

شوجاعەددین، بەدر و سەیفەددین ڕۆستەمی بە جێگرەوەی خۆی دانان، بەڵام سەیفەددین مامی هەڵیفریواند و دڵی کرمێ کرد و گوتی بەدرەددینی کوڕت لەگەڵ ئامۆژنم پیلانیان گێڕاوە و دەیانهەوێ سەرت تێدابەرن. ئەویش لەبەر خەرفاوی باوەڕی پێکرد و گوتی ئەگەر وایە برۆ بەدری بکووژە.

سەیفەددین بە نیشانەی ڕەزامەندی ئەنگوستیلەیەکی لە مامی وەرگرت و بەدری کوشت. بەدر چوار کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە حیسامەددین خەلیل، بەدرەددین مەسعوود، شەرەفەددین تەهمتەن و میر عەلی.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر کوژرانی بەدردا، ڕۆژێکی شوجاعەددین پرسی ئەرێ بەدر لە کوێیە، بۆ بەینێکە نایبینم؟ چەند کەسێک لە نیزیکان و هاونشینانی بەسەرهاتی کوژرانی بەدریان بۆ گێڕایەوە. لەڕێوە تەمی خەمێکی قورسی بە سەر کشا و ژانی زایە دڵ و دەروونی، هەتا ئاخرییەکەی ساڵی ٦٢١ی ک/١٢٢٤ی ز، ڕووی کردە ژێر داڵدەی ڕەحمەتباری پەروەردگار. دەڵێن پتر لە سەت ساڵ ژیاوە و لەبەر پیاوچاکی، گۆڕەکەی بۆتە جێزیارەت و نەزرگەی لوڕان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەیفەددین ڕۆستەم کوڕی نوورەددین محەممەد کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەممەد کوڕی خورشید

سەیفەددین ڕۆستەم دوای نەمانی مامی، کاتێک توانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ جڵەوی دەسەڵاتی خاکی لوڕستانی بچووک بەدەستەوە بگرێ، حیسامەددین خەلیل کوڕە گەورەی بەدر ڕووی کردە [بەغدای] نێوەندی دەسەڵات و لەوێ بنەی داکوتا.

سەیفەددین ڕۆستەم لە وڵاتی خۆی کەوتە سەر ڕچە و ڕێبازی چاکە و دادەوانی. دەڵێن لەو ڕۆژگارەدا ژنێک لە گوندی «واشجان» لەبری ئێزنگ و

وشکەڵەدار، جۆی کردۆتە تەندوور و بە ئاوردووی داناوە و نانی پێ کردووە. وەختایەک بە گوێی سەیفەددین گەیشتەوە ژنەی هەڵپێچا کە بۆچی وای کردووە و دەغڵودانی بە ئاورەوە ناوە؟ ژنە لە وڵامدا گوتی: بۆیەم وا کردووە هەتا لە دوارۆژدا بە داستان بیگێڕنەوە کە لە سەردەمی تۆدا خەڵک وا کەوتۆتە نێو خۆشبژیوی و هەرزانی کە ژنان لەجیاتی ئاوردوو جۆیان هێناوە و تەندووریان پێ داخستووە و نێڵیان داوە و نانیان پێ کردووە. سەیفەددین ڕۆستەم قسەی ئەو زەعیفەیەی بە دڵەوە نووساوە و خەڵاتی کردووە و ئۆخژنی خستۆتە دەروونی.

هەروەها دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەو سەیفەددینەدا پۆلە پیاوێکی شێست کەسەی ڕەشید و بەدەستوبردی لوڕان بوونە چەتە و ڕێگر و سامیان بە سەر ڕێوبانان کشاوە و کەلکی هاموشۆیان پێدا نەماوە. هەر چەندی میران و فەرمانڕەوایانی عێراق دەستیان لێ بزاوتوون هیچیان بۆ دەگەڵ نەکراون، بەڵام کە سەیفەددین ڕۆستەم لێیان وەخۆ کەوتووە، بەزاندوونی و گرتوونی. کڕیار لێی هاڵاون و گوتوویانە یەکی بە شێست سەر یەستری یەکڕەنگ دەیانکڕنەوە، بەڵام پێی نەفرۆشتوون. گوتوویەتی شتی وا ناکەم با لە ڕووپەڕی کتێبی شەو و ڕۆژی زەمانەدا نەنووسرێ کە سەیفەددین دزفرۆشیی کردووە. بەپێی ئەم بیروبۆچوونەی فەراقی ڕەشی لە هەمووان بڕیوە و کوشتوونی. جا چونکە لوڕ بەو ئاکارە بەپارسەنگ و دادپەروەرانەی ڕازی نەبوون و لە دڵیان گران هات، چوونە لای شەرەفەددین ئەبووبەکری برای و دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کرد و گوتیان با بکووژرێ. سەیفەددین لە گەرماودا بەو کەینەوبەینەی زانی و بە سەری نەتاشراو ڕایکردە دەرەوە و لەگەڵ پیاوێک فڕی و لاقی لێ بوونە باڵ. خزمەکانی دەم لەسەر پشت کەوتنە شوێنی و کاتێک تازە لە داوێنی چیای «کڵاو» تێهەڵدەبوو، پیاوەی هاوڕێی کە لەگەڵ دوژمنانی قسەی کردبوو بە یەک، شیری داهێنایە و قاچی پەڕاند. سەیفەددین ڕۆستەمی لە پێ کەوتوو لەسەر بەردێک تۆتەکەی گرت.

شەرەفەددین ئەبووبەکری برای تیرێکی پێوەنا و ئەنگاوتی و لە میر عەلیی کوڕی بەدری ڕاخوڕی کە برۆ و بە تـۆڵەی باوکت ســەری ببڕە و ئەویش یــەکودووی لێ نەکرد.

### شەرەفەددین ئەبووبەکر کوڕی نوورەددین محەممەد

شەرەفەددین ئەبووبەکر پاش کوشتنی بـراکەی لـە چیای کڵاو، گـەڕایەوە نێو خێڵ و خزمانی. خێزانی بەدر کە دایکی حیسامەددین خەلیل بوو، چونکە بە تۆڵەی مێردەکەی خوێنی برای خۆی ڕشتبوو، چوویە پێشوازی و پیاڵەی خۆشاوی ژەهراویکراوی دایە دەستی و ئەویش نۆشی. پێی نەخۆش کەوت و پاش ئەوەی کفنی دڕی و نەمرد و بووژاوە، مەیلی ڕاوی بزووت. عیززەددین گرشاسف (گرشاسپ) ی برای بیانووی بە میر عەلیی کوڕی بەدر گرت و گوتی جا با براشم برای خۆی کوشتبێ، ئەتۆ بۆ خۆت تێوەردەدا و چت بەوەیدا بوو بچی سەری ببڕی؟ بۆیە جێیەتی بتکووژم و هەروای کرد.

کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە بەغدا، حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدر گەڕایەوە لوڕستان. شەرەفەددین ئەبووبەکر دەستوپێوەندی خۆی تێگەیاندن ئەگەر حیسامەددین خەلیل هاتە سەردانم، هەر کاتێک لێفەم بە سەر خۆم هەڵکێشا بیکووژن. حیسامەددین خەلیل هاتە سەردانی و وەک چۆنی دانابوو، ئاوا جووڵایەوە، بەڵام هیچیان دەستیان لە حیسامەددین نەبزاوت و پاش ئەوەی ڕۆیی، شەرەفەددین گوتی بۆچی گۆڕەهووتان نەکرد؟ گوتیان ئەی میر تۆ لەسەر جێگا کەوتووی و ڕەنگە خۆش نەبییەوە و ئەگەر نەمای، خودا شک دەبەین و حیسامەددین، بۆیە نەمانکوشت.

شەرەفەددین دیسانیش هەدای نەدا و گوتی حیسامەددین هەر دەکووژم. وەختایەک بەو لێبڕانەی زانی، دیسان بەرەو بەغدا گەڕایەوە. شەرەفەددین لەسەر

جێیە هەڵنەستاوە و بەرگەی نەخۆشییەکەی نەگرت و لە سەرسەرای بادیهەوایی‌ڕا ڕووی کردە سەراوپەردەی شادمانی و عیززەددین گرشاسپی برای جێی گرتەوە.

**عیززەددین گرشاسف (گرشاسپ) کوڕی نوورەددین محەممەد**

هەر ئەو ڕۆژەی کە براکەی تێیدا مرد، عیززەددین هەوساری ڕاپەڕاندنی کاروباری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. پاشان مەلەکەخاتوونی خوشکی سولەیمان‌شای لە خۆی مارە کردەوە، کە دوای نەمانی برای بە بێوەژنی مابوویەوە. کاتێک حیسامەددین خەلیل لە بەغدا بەم باس‌وخواسەی زانی، بە مەبەستی ڕزگار کردنی لوڕستان ڕووی کردە خووزستان و لەوێوە لەشکرێکی چڕوپڕی خستە ژێر ڕکێفی و بۆ شەڕی عیززەددین گرشاسپ بەرەو هەرێمەکە بزووت، کەچی ئەوەی ڕاستی بێ خۆ عیززەددین بە هیچ بارێکدا سەری لە شەڕ نەدەخورا و دەیهەویست بەبێ کێشە و هەرا و تێکهەڵچوون حکوومەتەکەی بەدەستەوە بدا؛ بەڵام خوشکەکانی خۆیان لێ هەڵکرد و گوتیان نابێ کاری وا بکەی و ئەگەر تۆش بەرەنگاری ڕانەوەستی، ئێمە بە ژنێتی خۆمان چەک هەڵدەگرین و کاری پیاوانە دەکەین و بۆی دەچینە مەیدان.

عیززەددین گرشاسپ بە گوێی ئافرەتانی کرد و لەشکری هێنایە شەڕگە و لە نیزیک گوندێکی ناوچەکە هێزەکان بەگژ یەکتردا چوون، بەڵام زۆربەی چەکدارانی لوڕ بوونە لاگیری حیسامەددین خەلیل و سپای عیززەددین تەقورەوی تێکەوت و بەزی. ئەم سەرکردەیە پاش ڕاکردنی ویستی خۆی بگەیەنێتە قەڵای «کێریت» کە مەلەکەخاتوونی خێزانی لەوێ بوو. حیسامەددین خەلیل پێی زانی و پۆلە سوارێکی ناردن و بەرەگەیان لێ گرت و نەیانهێشت دەروازەی قەڵا بقەڵشێتەوە و بچێتە ژوورەوە. هێندەی پێنەچوو کە حیسامەددین خەلیل گەیشتە سەری و قۆڵبەستی کرد و لە ڕشتنی خوێنی خۆش بوو. ئەوسا لەڕێوە قەڵای «کێریت»ی ئابڵۆقە دا و

پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەپێی فەرمانی عیززەددین گرشاسپ، مەلەکەخاتوون دەروازەی قـــەڵای خستـە سـەر پشـت و هـەرا و ئاژاوە دامرکان و دەسەڵاتی هەرێمەکە کەوتە چنگ حیسامەددین خەلیل.

### حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید

حیسامەددین خەلیل پاش ئەوەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی لوڕستان ئۆقرەی گرت، عیززەددین گرشاسپی وەک جێگرەوەی خۆی دیاری کرد. دوای ساڵێک، ڕۆژێک ناردی بە شوێنیدا، بەڵام مەلەکەخاتوونی خێـزانی دە بەری گەڕا و گوتی مەچۆ؛ کەچی گوێی نەدایە و بێسێودوو ڕۆیی بۆ خزمەت حیسامەددین خەلیل، ئەویش زۆر ناجوامێرانە لەگەڵی جووڵایەوە و لەڕێوە دەستووری دا بیکووژن.

وەختایەک مەلەکەخاتوون پێی زانی، شوجاعەددین خورشید و سەیفەددین ڕۆستەم و نوورەددین محەممەد، کـە هـەرسێکیان کـوڕی خۆی و عیززەددین گرشاسپ بوون، یەکەوجێ بەدزی ناردنی بۆ لای سولەیمانشای برای. لە سۆنگەی ئەم کارەوە ئاوری دوژمنایەتی لـە نێـوان حیسامەددین خەلیل و سولەیمانشادا هەڵگیرسا و گرەمەشقەلانی وا بەرز بۆوە کە لە ماوەی مانگێکدا سیویەک جار تێکهەڵچوون و سەرەنجام هێزەکانی سولەیمانشا شکستیان لە چارەی نووسرا و بوو بە هەڵاتهەڵات و قەڵای بەهار و چەند ناوچە و مەڵبەندێکی کوردستان کەوتە بەردەستی لوڕان. پاش ماوەیەک سولەیمانشا توانی سپایەک کۆ بکاتەوە و لە شوێنێک کە پێی دەڵێن «دێهلیز» لەگەڵ حیسامەددین خەلیل پێکداهات و ئـەم جـارەیـان سەرکەوتنی بەدەستەوە هات و شکاندی و بەرەودوا گەڕایەوە. حیسامەددین خەلیل بە تۆڵەی ئەو تێشکانە شوێنی هەڵگرت و خۆی گەیاندە پاشکۆی لەشکری و عومەربەگی برای سولەیمانشای کوشت و کۆمەڵێکی بەرچاوی خزمەکانیشی لێ قەڵاچۆ کرد.

سولەیمانشا هانای بردە بەر کۆشکی خەلافەتی بەغدا و لەوێوە بە خۆی و شێست هەزار چەکدارەوە گەڕایەوە بۆ جەستەی خەنیمی. حیسامەددین خەلیل سێ هەزار سوارە و نۆ هەزار پیادەی جاڕ دان و لە دەشتی شاپوور لەگەڵی کردە شەڕ. سەرەتا لەشکری سولەیمانشا شکستی بە سەر شانیدا هات، بەڵام خۆی مێرانە لە مەیدان چەقی و ئازایانە دەستی کردەوە و لە گەرمەی ئەو بگرەوبەردەیەدا ڕاکردووانی لەشکری گەڕانەوە و ملیان لە شەڕ نایەوە. حیسامەددین خەلیل تەڵاقی خواردبوو کە لەو شەڕەدا ڕوو لە دوژمنی وەرنەگێڕێ و دەبێ بیبەزێنێ یان گیانی خۆی بەخت بکا. نەیارانی دەورەیان دا و کوشتیان و سەری براویان بردە لای سولەیمانشا و تەرمەکەیان سووتاند. سولەیمانشا گوتی ئەگەر بە زیندوویی هێناباتان بۆ لای من نەمدەکوشت و لێی خۆش دەبووم، بەڵام تازە کارە و کراوە. لەڕێوە ئەم چوارخشتەکییەی بۆ دانا:

خەلیلی بەدر ئەم سیابەختە بە سەرگەردانی
تۆوی بەهاری ژینی داهاتووی پرژاندە گیانی
هەڵپەی بوو لە شوێن تەختی سولەیمان دێوی ئاواتی
کەچی دێوانی سولەیمان نووسیان چارەی نەمانی

ڕووداوی کوژرانی حیسامەددین خەلیل دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٤٠ی ک/١٢٤٢ی زایینی.

**بەدرەددین مەسعوود کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید**

بەدرەددین مەسعوود پاش کوژرانی براکەی لە دەشتی شاپوور سکاڵای بردە بەر «مەنکووقائان» و بە خزمەتی ڕاگەیاند چونکە ئێمە هەر لە کۆنەوە خۆمان بە

بنکەی ژین
www.zheen.org

لاگیری ئەو خانەدانە داناوە، لە خانەخەلیفەی [بەغداوە] یاریدەی نەیاری ئێمەیان داوە، جا بۆیە هاتووم و هێزم دەوێ و ئەوانیش لە ڕکێفی هۆلاکۆخاندا ناردیانەوە ئێران. لە جەنگەی هەڵکوتانە سەر بەغدادا تکای لە هۆلاکۆخان کرد هەتا سولەیمانشای پێ ببەخشێ. هۆلاکۆخان لێی وەجواب هات و گوتی ئەوە قسەیەکی گەورەیە و هەر خودا بۆخۆی دەزانێ چۆن دەبێ. پاش ئەوەی کە بەغدا گیرا و سولەیمانشا بەرگی شەهید بوونی بە بەژنی بڕا، بەدرەددین مەسعوود پاڕایەوە کە ژن و منداڵ و کەسوکاری سولەیمانشای پێ ببەخشرێن. هۆلاکۆخان تکای گرت و ئەویش تەواویانی لەگەڵ خۆی هێنانەوە لوڕستان. پاشان چۆن چاکە ئاوایان لەگەڵ بزووتەوە و چاوی لێ خافڵ نەکردن و بەدەورەیاندا هات و نەیهێشت لە هیچیان کەم بێ.

دوای ئەوەی کە بەغدا ڕووی کردەوە ئاوەدانی و بووژانەوە، بەدرەددین بە ماڵ و منداڵی سولەیمانشای ڕاگەیاند و گوتی بۆخۆتان سەرپشک بن و هەر کەس مەیلی لێیە بچێتەوە بەغدا دەستی وەبەرناهێنم و هەر کەسێکیش پێی خۆشە لێرە بمێنێتەوە هەلی زەماوەندی لەگەڵ خزمانی خۆم بۆ دەرەخسێنم. دەستەیەکیان بەرەو بەغدا ماڵوکۆچیان لێنا و تاقمێکیش هەر لە لوڕستان مانەوە و بەپێی پێشنیاری میر جووڵانەوە و بە خزمایەتی تێکەڵاوتر بوونەوە.

بەدرەددین مەسعوود پاش شازدە ساڵ فەرمانڕەوایەتی، ساڵی ٦٥٨ی ک/١٢٥٩-٦٠ی ز، مەودای تەمەنی بڕاوەتەوە. وەک دەڵێن ئەو پیاوە دادەوان و دلۆڤانە چوارهەزار پرسی لە مەزهەبی ئیمامی شافعیدا ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ لە بەر بووە و قەت زیناحی نەکردووە.

دوای نەمانی بەدرەددین، کوڕەکانی: جەماڵەددین بەدر و ناسرەددین عومەر لەسەر وەچنگ هێنانی کورسیی دەسەڵات، لەگەڵ تاجەددینشای کوڕی حیسامەددین لێیان بوو بە قڕە و بۆ یەکلابوونەوەی کێشەکەیان ڕوویان کردە

نیگەی ژین www.zheen.org

لەشکرگای ئەبەقاخان و بەپێی فەرمانی وی کوڕانی بەدرەددین کوژران و جڵەوی حکوومەتی لوڕستان درایە دەست تاجەددینشای کوڕی حیسامەددین.

**تاجەددینشا کوڕی حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید**

دوای دەرچوونی فەرمانی ئەبەقاخان، تاجەددین بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ بوو بە حوکمڕانی لوڕستان و ساڵی ٦٧٧ی ک/١٢٧٨ی ز، بە فەرمانێکی دیکەی ئەبەقاخان کوژرا. فەلەکەددین حەسەن و عیززەددین حوسێنی کوڕانی بەدرەددین مەسعوود کرانە مەزنی لوڕستان. فەلەکەددین کرا بە میر «وەلای»[1] و عیززەددین بە میر «ئینجوو»[2] داندرا و واش بڕیار درا کە عیززەددین جێگرەوە و جێنشینی کاکی بێ.

ئەو دوو برایە ماوەی پازدە ساڵ پێکەوە حکوومەتیان کردووە و بە سەر کاروباری لوڕستان ڕاگەیشتوون و هەرێمەکەیان گەشاندۆتەوە. دەستیان لە دوژمنانی خۆیان وەشاندووە و زۆربەیان بەزاندوون و بەدبەختییان لە چارەی نووسیون. زۆرجاران هەڵیانکوتاوەتە سەر ناوچەی «بەیات» و «بێشر» و «نەهاوەند» و دەستیان بە سەردا گرتوون و لێیان بوونە میر و مەزن. کەوشەنی دەسەڵاتیان لە هەمەدانەوە تا شووشتەر و لەوێوە هەتا دەورانپشتی ئیسفەهان ڕۆیشتووە و بەرەو مەڵبەندی جێژیانی عەرەبان ڕەگاژۆی کردووە.

فەلەکەددین حەسەن هەتا بڵێی پیاوێکی زیرەک و زانا و بەدین بووە، بەڵام زۆری سەر لە گاڵتەوگەپ و پێکەنین خوراوە. بەپێچەوانە عیززەددین حوسێنی برای کەسێکی مرچومۆن و ڕقئەستوور بووە و زگی بە تاوانباران نەسووتاوە و بە

١- میردەلای بەو کەسە پایەبەرزە گوتراوە کە بە سەر ملکوماش و دارایی خانی مەغۆل ڕاگەیشتووە. لە دەقەکەدا بە هەڵە نووسراوە «وەلا»، کەچی «دەلای» دروستە. و.

٢- میرئینجوو سەرناوی ئەو بەرپرسە بەرزەجێیە بووە کە بۆتە چاوەدێری زەویوزاری تایبەتی خانی مەغۆل. و.

هیچ ئاوایەک ڕوحمی پێ نەکردوون. هەردووکیان بەوپەڕی دادپەروەری حکوومەتیان کردووە و لە تۆڵەی خەیارێک، هەڵیانکێشاوە ڕیشەی چنارێک. پێکەوە یەکجار تەباوڕەبا بوون و سەری چەکداری لەشکریان گەیوەتە حەڤدەهەزار کەس. پادشایانی ئێران لێیان ڕازی بوون و بەدڵیانەوە نووساون و تیرەیان لێ توند نەکردوون و ئێشیان پێ نەگەیاندوون. دوای تێپەڕبوونی زەمانێک وا بە سەردا هات کە هەردووکیان ساڵی ٦٩٢ی ک/١٢٩٢ی ز، لە سەردەمی «کەیخاتووخان»دا، مردن. فەلەکەددین کوڕێکی لە پاش بەجێما بەناوی بەدرەددین مەسعوود و عیززەددین حوسێنیش هەر یەکی لە دوا بەجێما کە«نوورەددین محەممەد»ی نـاو بوو.

### جەماڵەددین خدر کوڕی تاجەددین‌شا کوڕی حیسامەددین خەلیل کوڕی بەدرەددین کوڕی شوجاعەددین خورشید

به فەرمانی کەیخاتووخان جەماڵەددین خدر بوو بە پێشەنگی دەسەڵات، بەڵام حیسامەددین عومەربەگی کوڕی شەمسەددین کوڕی شەرەفەددین تەهمتەن کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەددین خورشید و شەمسەددین لەنبەکی ببوونە کۆسپ و گرێی سەر ڕێگای و سەریان وەبەر نەدێنا. سەرەنجام ساڵی ٦٩٣ی ک/١٢٩٣ی ز، بە یاریدەی لەشکری مەغۆل کە لەو دەوروبەرانە لەشکربەزیان کردبوو، شەوێکی لە نیزیک خورڕەمئاباد لەناکاو هەڵیانکردە سەری و لەگەڵ چەند خزم و کەسێکی لە خـوێنیـان گـەوزاند و مەرگیان لە چارەی نووسی و تۆرەمەی حیسامەددین خـەلیـل بە یەکجارەکی خاشەبڕ بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**حیسامەددین عومەربەگ**

حیسامەددین بە کەڵەزەری بوو بە حوکمڕانی لوڕستان، بەڵام سەمسامەددین مەحموودی کوڕی نوورەددین محەممەد و عیززەددین محەممەد، کە میرزادەی هەرێمەکە بوون لێی هەڵتەزینەوە. ئەمیر دانیال کە لە توخمەی گرشاسپی بوو، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکە قسەیان کرد بە یەک و داوای تۆڵەی کوڕانی تاجەددین‌شایان کرد و گوتیان عومەربەگ ڕێی ناکەوێ میر بێ، چونکە ئەو بەرەبابە قەتیان میر لێ هەڵنەکەوتووە. ئەوەی ڕاستی بێ سەمسامەددین مەحموود شیاوی تەختی دەسەڵاتە، چونکە پشتاوپشت باب و باپیری حوکمداری لوڕستان بوون.

سەمسامەددین مەحموود لاوێکی یەکجار ئازا و بەجەرگ و جوامێر و فرەزان و دەست و دڵ ئاواڵە بوو. بە خۆی و لەشکرێکی بێئامانەوە لە خووزستانەوە گەیشتە دەوروپشتی خوڕڕەمئاباد. تکاکاران کەوتنە نێوان و وایان دانا کە شەهابەددین ئەلیاسی لەنبەکی و براکانی کە مایەفیتنە بوون لەو ئارامانە نەمێنن و خاکی لوڕستان بەجێ‌بێڵن. هەروەها دەبێ حیسامەددین عومەربەگیش دەست لە کار بکێشێتەوە و جڵەوی دەسەڵات بداتە سەمسامەددین مەحموود. هەردوو لا بەو کەیخودایەتی و نێوبژیوانییە ڕازی بوون و ئاوا سەمسامەددین مەحموود بوو بە میری سەربەخۆی لوڕستان.

**سەمسامەددین مەحموود کوڕی نوورەددین محەممەد**

لە پاش لێخران و لاچوونی عومەربەگ، بەوپەڕی بەخۆنازینەوە لە پاڵەوپشتی میرایەتی پاڵی دایەوە و گەشە و پەرەی دا بە کاروباری لوڕستان و ماوەیەک ئاوا تێپەڕی. ڕۆژێکی خۆی لە شەهابەددین ئەلیاسی لەنبەکی و براکانی هەڵکرد و بەتاقی‌تەنیا پەلاماری دان و ئەوانیش لێی وەدەست هاتن و لە پەنجاوچوار جێوە

بریندارییان کرد، بەڵام هەر ڕووی لێ وەرنەگێڕان و پشتی لێ نەکردنەوە و تینی بۆ هێنان و ختەی دان بۆ چیایەکی هەڵەمووتی پڕ بەفر و بە ڕاکێشڕاکێش هەمووی بەرەو داوێن هێنان و تلی پێدان و کوشتنی.

پاش ئەم ڕووداوە نەوەزایەکی شێخ کاهوویە (کاکوویە) بە مەبەستی کوشتنی عومەربەگ و سەمسامەددین مەحموود ڕووی کردە لەشکری غازانخان و بوو بە دەستەوداوێنی و گوتی وا باشە خوێنی جەماڵەددین خدر و شەهابەددین ئەلیاس ون نەبێ. بەپێی فەرمانی خانی هەردووکیان هێنان و لەوێیان ڕاگرتن. غازانخان لە عومەربەگی پرسی بۆچی جەماڵەددین خدرت کوشتووە؟ گوتی چونکە ئەو منی نەکوشت. گوتی باشە بۆچی دەستت لەو کوڕە کاڵ و منداڵەی نەپاراست؟ عومەربەگ هیچی پێ نەما و تێما؛ هەر بۆیە فەرمانڕەوای مەغۆل دایە چنگ خوێنگرانی جەماڵەددین خدر و ئەوانیش کوشتیانەوە. هەروەها سەمسامەددین مەحموودیش لە تۆڵەی خوێنی شەهابەددین ئەلیاس کوژرا. ئەم ڕووداوە ساڵی ٦٩٥ی ک/١٢٩٥ی زایینی قەوماوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### عیززەددین محەممەد کوڕی میر عیززەددین حوسێن کوڕی بەدرەددین مەسعوود (٤٩)

عیززەددین محەممەد پاش کوژرانی عومەربەگ و سەمسامەددین مەحموود، هێشتا هەر کاڵ و منداڵ بوو کە وەکوو میری لوڕستان دیاری کرا. بەدرەددین مەسعوودی کوڕی فەلەکەددین حەسەنی ئامۆزای کە لەوی بە تەمەنتر بوو، لە سەردەمی پادشایەتیی سوڵتان محەممەدی خودابەندەدا، بە «میروەلای» [1] داندرا و نازناوی «ئەتابەک»یشی باربوو کرا. عیززەددین محەممەدیش وەکوو

---

١- میردەلای دروستە. و.

«میرئینجوو» فەرمانی بۆ دەرچوو. دوای ماوەیەکی هەردوو ئەرک خرانە سەر شانی عیززەددین محەممەد و ئەم کارە گرینگانەی ڕاپەڕاندن. سەرەنجام ڕۆژی پێمردنی سەری لە ئاسۆ وەدرنا و ساڵی ٧١٦ی ک/١٣١٦ی ز، لەم دنیا بێبەروپشتەوە تەشریفی بردە سەرای هەرمان.

## دەوڵەتخاتوون ژنی عیززەددین محەممەد

دەوڵەتخاتوون دوای نەمانی مێردەکەی بوو بە شاژنی لوڕستان، بەڵام کاروباری حکوومەت بە سەر لەنگ‌ولۆری‌دا کەوتن و بنەماڵەی میری برەوی دەسەڵاتیان نەما. وای لێهات کە زۆربەی جاران میرانی دیکە لە بارگای مەغۆلە ڕادەسپێردران هەتا ڕەوتی کارەکانی لوڕستان بخەنە سەر باری ڕێکوپێکی. سەرەنجام هیچی لە چنگ نەهات و جڵەوی دەسەڵاتی دایە دەست برایەکی خۆی.

## عیززەددین حوسێن برای دەوڵەتخاتوون

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاش ئەوەی لە جێی خوشکی بوو بە پێشەوای حکوومەتی لوڕستان، خەڵکی ئەو خاک و سەرزەمینە بۆ ماوەی چاردە ساڵ لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی‌دا تێری و تەسەلی و شادمانی باڵی بە سەر کێشان.[٥٠]

## شوجاعەددین مەحموود

دوای نەمانی عیززەددین حوسێن، شوجاعەددین مەحموودی کوڕی جێی گرتەوە، بەڵام خەڵک لە دەستی وەتەنگ هاتن و لێی وەخۆکەوتن و ساڵی ٧٥٠ی ک/١٣٤٩ی ز، کوشتیان.[٥١]

**مەلیک عیززەددین کوڕی شوجاعەددین مەحموود**

دوای کوژرانی باوکی دەسەڵاتی لوڕستانی[٥٢] بەدەستەوە گرت و سوڵتانەکانی عێراق بەسەریان کردەوە و لەم سۆنگەیەوە پلەی هەوراز ڕۆیی و ناوبانگی بەرز درەوشـایەوە؛ بەڵام سـەرەنجام ئەمیر تەیمووری گوورکان[١] سـاڵی ٧٩٠ی ک/١٣٨٨ی ز، دەورەی قەڵای «بامیان»ی لێ گرت و دەریکێشا و ناردی بۆ سەمەرقەند. لەو هەرایەدا سەیدی ئەحمەدی کوڕیشی ڕاپێچەک درا بۆ ئەندەکان. پاش سێ ساڵان بەسەرکرایەوە و حکوومەتی لوڕستانی درایەوە دەستی و لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە؛ کەچی لەبەر ئاکاری ناحەز و نالەبار و لاساریی سەیدی ئەحمەدی کوڕی، کاربەدەستانی مەغۆل گرتیان و ساڵی ٨٠٤ی ک/١٤٠١ی ز، بە تاوانی سەربزێوی کەوڵیان کرد و هەتا حەوت ڕۆژان لە بازاڕی سوڵتانییە هەڵیانواسی.[٢]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سەیدی ئەحمەد**

هەتا ئەمیر تەیموور مابوو، بە کوڵەمەرگی و شڕ و شپڕێوی لە چیاکانی لوڕستان دەسووڕایەوە و خۆی دەبوارد. پاش نەمانی ئەمیر تەیموور[٣] هەتا ساڵی ٨١٥ی ک/١٤١٢ی ز، بوویەوە مەزنی لوڕستان.

---

١- نووسراوە گوورکان، بەڵام گوورکانی و گوورەکانیش باون. و.

٢- سوڵتانییە کەوتۆتە پارێزگای زەنجان. لەبەر کەش و هەوای خۆش و فێنک بوونی کەوتۆتە بەر دڵی مەغۆلان. ئەرغوونخان بەردی بناغەی شارێکی لەو جێیە دانـاوە و ئولجایتووی جێگرەوەی کارەکەی تەواو کردووە و بە پایتەختی داناوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: فەرهەنگی جوغرافیاییی سوخەن، ل ٥٤٩.) و.

٣- ئەمیر تەیمووری گوورکان (٧٣٦-٨٠٧ی ک/ ١٣٣٥-١٤٠٤ی ز)، بناغەدانەری زنجیرەی تەیمووریانی مەغۆلە. و.

**شاحوسێن کوڕی مەلیک عیززەددین**

دوای نەمانی سەیدی ئەحمەد، شاحوسێن بوو بە میری لوڕستان؛ بەڵام هەدای نەدەدا و لە هەرێمی خۆیەوە دەبزووت و هەڵیدەکردە سەر ناوچەی هەمەدان و جوربادەقان و مەڵبەندەکانی دەورانپشتی ئیسفەهان. سەرەنجام لە جەنگەی هەرا و ڕووداوە تاڵەکانی سوڵتان ئەبووسەعیدی گوورکانیدا هەمەدانی گرت و ڕووی کردە زستانەهەواری شارەزوور و هەڵیکوتایە سەر خێڵی بەهارلوو. کۆر پیرعەلی کوڕی عەلی سەکر، سەرۆکخێڵی بەهارلوو، ڕێی پێگرت و بەرەگەی لێ تەنی و ساڵی ٨٧٣ی ک/١٤٦٨ی ز، لە خوێنی خۆی گەوزاند.

**شاڕۆستەم کوڕی شاحوسێن**

شاڕۆستەم ماوەیەکی زۆر بە سەر هۆز و تیرە و تایفەی لوڕان ڕاگەیشت و لە پاڵەوپشتی میرایەتی پاڵی دایەوە. لە دواییدا ڕووی کردە شاسمایلی سەفەوی [١] و بە سیلەچاوی چاکەی شاهانە بەسەرکرایەوە و کەوڵی شانازی و سەربەرزیی خرایە سەر شانی؛ بەڵام هێندەی پێنەچوو کە گیانی ئەسپارد. [٥٣]

**ئۆغوور کوڕی شاڕۆستەم**

ئۆغووری کوڕە گەورەی شاڕۆستەم بوو بە جێنشینی باوکی. ساڵی ٩٤٠ی ک/١٥٣٣ی ز، وەختایەک شاتەهماسب بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی عەولاخانی

---

١- شاسمایلی سەفەوی (٨٩٢-٩٣٠ی ک)، ناسراو بە شاسمایلی یەکەم، بناغەدانەری حکوومەتی سەفەوییەکانە لە ئێران. پشتاوپشت دەگاتەوە شێخ سەفییەددینی ئەردەوێڵی، کە پێشەوایەکی ناسراوی سوننییە. شاسمایل کە ساڵی ٩٠٥ی کۆچی بۆتە پادشا، مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیی کردۆتە مەزهەبی ڕەسمیی حکوومەت. بڕ: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، ڕاجر سێیڤری، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.و.

ئوزبەک بەرەو خوراسان بزووت، ئەویش کەوتە ڕیزی لەشکری هەمیشە سەرکەوتووی و جانگیری برا بچووکی خۆی وەک بریکار لە لوڕستان دانا. جانگیر پاش ئەوەی چاوی کاکی لێ ون بوو، دەستی بە سەری مەزن و ماقووڵان و هۆزی خۆیدا هێنا و لە گەورەی خۆی هەڵگەڕایەوە و لەسەر تەختی میری بنەی داکوتا.

لە جەنگەی گەڕانەوەی لەشکری دنیاداگری پادشایەتیدا، ئۆغوور ئەم هەواڵە تاڵەی بە گوێی ئاشنا کرا. پاش ماڵاوایی لە پادشا، ئەسپی ئاژاوت و لەشکری وەدوا دا. کاتێک گەیشتە دەوروبەری نەهاوەند کۆمەڵێک لاتەوپاتە و گەندەومەندەی لوڕستانی لە دەوری هاڵان؛ بەڵام مەزنان و سەرۆک و سەردارانی لوڕ لەسەر پەیمانی خۆیان ڕاوەستان و پشتی جانگیریان بەرنەدا و هەر لاشیان لە کاکی نەکردەوە. پاش شەڕ و تێکهەڵچوونێکی بێمەودا، ئۆغوور گیرا و کوژرا.

### جانگیر کوڕی شارۆستەم

جانگیر لە دوای کوشتنی کاکی بوو بە حوکمڕانی سەربەخۆی لوڕستان و بۆ ماوەی نۆ ساڵ بە خۆشی و کامەڕانی حکوومەتی کرد و ساڵی ٩٤٩ی ک/١٥٤٢ی ز، لە لایەن شاتەهماسبەوە سزا درا و کوژرا.

### شارۆستەم کوڕی جانگیر

پاش ئەوەی شاتەهماسب، جانگیری کوشت، ئەبوومسلیمی گۆدەرزی کە لالای شارۆستەم و پیاوێکی دەوڵەتخوا بوو، بە نیوەخۆشی و نیوەناخۆشی شارۆستەمی پەلکێش کرد بۆ لای پادشا. ئەویش لەڕێوە فەرمانی دا کە بیخەنە زیندانەوە و باڵبەستە بردیانە قەڵای ئەڵەموت (هەڵەموت). شاتەهماسب لە چاکەی ئەم کارە

باشەی، پلەی میرئاخورِیی تایبەتی شاهانەی پێ بەخشی و لە هاوشانەكانی خۆی تێپەڕاند.

كورِێكی دیكەی جانگیر، كە ناوی «محەممەدی» بوو، لەبەر منداڵییانی شیاو نەبوو بۆ میرایەتی و نەیدەتوانی كاروباری لورِستان هەڵسوورِێنێ. لوران لە ترسی سەر بە گۆمدا كرانی بردبوویانە جێیەكی سەخت و لادەستە بەناوی چەنگڵە و شاردبوویانەوە. ئیتر چاوسووری میراتگری وا لەم بنەماڵەیەدا نەمابوو هەتا نەهێڵێ تەختی دەسەڵاتی لورِستان چۆڵ بێ.

ئەم بارودۆخە زەمانێكی بە سەردا تێپەرِی، هەتا وا هات كابرایەكی خوێرِیلەی لورِستانی كە زۆر شێوەی شارِۆستەمی دەدا، هەڵقوڵی و گوتی من شارِۆستەمم و لە قەڵای ئەڵەمووتەوە هەڵاتووم. پیاوەی گۆرِین بێئەوەی سڵ بێ و ترسی رِێنیشێ رِووی كردە ماڵی شارِۆستەم. ژنی شارِۆستەم كە چەند ساڵێك بوو لە مێردەكەی هەڵبرِابوو، ئەم گەرِانەوەی بە دەسكەوتێكی گەورە زانی و لەگەڵی كەوتە سەر باری تێكەڵ بوون و ژنومێردایەتی. وەختایەك لوران بەو گەرموگورِی و شاگەشكەبوونەیان زانی، تەمی گومانیان رِەوی و گوتیان بێونەبێ ئەوە خودی شارِۆستەمە؛ بۆیە بەدڵەوە سەریان وەبەرهێنا و لە قسەی دەرنەچوون.

كاتێك پادشای خاوەنشكۆ لە [قەزوێن][١] هەواڵی ئەم كارە سەیروسەمەرەی پێگەیشت، شارِۆستەمی لە زیندان بەردا و فەرمانی حكوومەتی خورِرِەمئابادی كوانووی دەسەڵاتی خۆیانی بۆ دە كاغەزی كرد و كەوڵی میرایەتیی لورِستانیشی هاویشتە سەر شانی و بەپەلە بەرِێی كردەوە و ئەویش بە سەررِەوهات و دوو بازی كردن بە بازێك و وەك بای شەماڵ فرِی. كاتێك سەروسۆراغی پەیدا بۆوە و گەیشتەوە نێو خزم و كەسانی، شارِۆستەمی تاین، هەر لاقەی لێ بوون بە باڵێك و

---

١- شەرەفنامە، محەممەد عەبباسی، ل ٧٥. و.

ڕەوی، بەڵام پیاوان و دەستوپێوەندەکانی شارۆستەمی خاسە و ڕەسەن گەیشتنە سەری و نەیانهێشت دەرچێ و گرتیان و داری تەڕ و سەڵای سەگیان پێکرد و بە بەرد و گڵمەتان وەریگەڕانێ و مێشکیان پژاند و لە هەڵەتی بایەوییڕا هەڵیانداشت و تۆڵەی نامووسیان کردەوە.

لەو سەروبەندەدا «محەممەدی»ی برای شارۆستەم کە دەیتوانی چاکە و خراپە لێک جوێ کاتەوە و ببوو بە پیاوێکی تەواو، لەسەر میرایەتیی لوڕستان خۆی هەڵبڕییەوە هەتا بە گژ کاکیدا بچێ و تەنانەت کار گەیشتە وەشان و هەژانی شیر و نێزان و ڕژانی خوێنی سەرلەپێناوان. کەیخودا و بەڕیوان کەوتنە نێوان و وایان دانا کاکی بە سەر چوار دانگی لوڕستان ڕابگا و محەممەدی دوو دانگەکەی دیکەی بەدەستەوە بێ و ئاوا پێکەوە حکوومەتەکە هەڵسووڕێنن و دەست لە یەکتر نەوەشێنن. براکان بەم قەراروبڕییە ڕازی بوون و ماوەیەک لەسەر ئەم باروهەوایە ڕۆیشتن، هەتا زەمان تێپەڕی و هەلێک ڕەخسا.

وەکوو پێشتر بە سەرچڵی باسی کرا، میرانی[1] لوڕ تۆوبڕ بوون و لە سەردەمی شاتەهماسبی [سەفەوی]دا، مەزنایەتیی هۆز و تیرە و خێڵاتی لوڕان ئەسپاردەی دەستی تاجمیری ئەستەرەکی کرابوو، کە ئەستەرەکی بە یەکێک لە خێڵاتی گەورەی لوڕان داندراوە. پادشا وای دانابوو کە هەموو ساڵێک دراوێکی بەرچاو وەکوو دیاری بنێرێتە خەزنەخانەی میری. تاجمیر بۆی هەڵنەسووڕا و ئەم بڕە دراوەی بۆ نەدرا و پادشا حوکمی کوشتنی دا. پاش کوژرانی تاجمیر، بە فەرمانی شاتەهماسب، میر جانگیری بەختیاری، کە ئەویش یەکێک بوو لە گەورەپیاوانی خێڵی خۆی، کرا بە مەزنی لوڕستانی گەورە. لە جەنگەی دەرچوونی فەرمانەکەدا

---

١ - ئەتابەکان. و.

شارۆستەم [1] وەئەستۆی خۆی گرتبوو کە میر جانگیر هەموو ساڵێ دەهەزار سەر یەستر بداتە دەست کارگێڕان و باجوەرگرانی بارگای پادشا.

ساڵی ٩٧٤ی ک/١٥٦٦ی ز، بە فەرمانی شاتەهماسب، ئەمیرخانی مووسڵوو، [2] ڕاسپێردرا هەتا بڕوا و باج و پیتاکی هەرێمی لوڕی گەورە کە ناسراوە بە بەختیاری کۆ بکاتەوە و هەرێمی خووزستانیش، کە بەدەست عەرەبەکانی «موشەعشەع»ەوە بوو، وەپاش نەدا و بیچنێتەوە.

ئەمیرخان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانی هات و بەرەو خووزستان شۆڕ بۆوە و ڕووی کردە دزفوول و شووشتەر. لەم دەرفەتەدا شاپەروەری کچی ئۆغوور و ژنی شارۆستەم، کە توانیبووی پەنامەکی فەرمانی گیرانی «محەممەدی» وەربگرێ لە لایەن ئەمیرخانەوە لە هەلی گونجاودا، کاری خۆی کرد. بەکورتی پاش ئەوەی کە ئەمیرخان گەیشتە لای خوڕڕەمئاباد، محەممەدی چوو بۆ بەخێرهێنانی. چەند ڕۆژێک دواتر ئەمیرخان، محەممەدی و کۆمەڵێک لە دەستوپێوەندەکانی بانگێشتن کردە شوێنی حاوانەوەی خۆی. لەو کۆڕەدا وێڕای سەت کەسێک لە مەزن و ماقووڵانی لوڕستانی گرتی و هەموویانی قۆڵبەستە ناردن بۆ بارگای شاهی. بەپێی فەرمانی پادشا هەموویان بردن بۆ زیندانی قەڵای ئەڵەمووت. [٥٤] بە پشتیوانیی خودای گەورە دواتر دەگەڕێینەوە سەر بەسەرهاتی محەممەدی و شارۆستەم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## محەممەدی کوڕی جانگیر

محەممەدی بۆ ماوەی دە ساڵ لە قەڵای ئەڵەمووت زیندانی کرا. لەو ماوەیەدا چوار کوڕی محەممەدی کە بریتی بوون لە: عەلیخان، ئەسڵەمز، جانگیر و

١- ل ٣٥ی بودلیان: «محەممەدی» بۆی دەستەبەر ببوو. و.

٢- مووسڵوو تیرەیەکن لە خێڵی قەشقایی. و.

شاوێردی، کەوتبوونە سەر باری دوژمنایەتی کردنی شارۆستەمی مامیان و ژیانیان لێ کردبوو بە ژاری مار. دابوویانە لانی سەربزێوی و هەڵیاندەکوتایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی پادشاش. هەمەدان و جوربادەقان و ناوچە و مەڵبەندەکانی ئیسفەهانیشیان داڕووتاند و لە پەڕوپۆیان کردەوە. هەر چەندێکی شارۆستەم و فەرماندەکانی قزڵباشان لەسەر سنووران، بە دەمیاندا چوونەوە و زۆر چاکیان خۆ لێ تیژ کردن و بەوپەڕی زەبروزەنگەوە لەگەڵیان تێکەوتن، بەڵام دەرەقەتیان نەهاتن و هیچیان بۆ بە هیچ نەکرا.

سەرەنجام سەرۆکان و سپاسالارانی دەوڵەت بە خزمەت پادشایان ڕاگەیاند کە وا باشە بۆ چارەسەریی ئەو گرفت و ئاژاوەیە محەممەدی لە زیندانی قەڵا ئازاد بکەی و دڵی بدەیەوە و بفەرمووی دەتخەمە سەر سکەی میرایەتی و لەو کارەدا بە سەرکردەیەکی گەورەی قزڵباشی بسپێرە. بۆی دانێ کە کوڕەکانی بێنێ بۆ بەردەرانەی بەرزی بارگای پادشایەتی، هەتا ئاگری ئاژاوە دامرکێ و ئەویش ئاوا ڕازی دەبێ. هەروەها گـوتیـان بیخەنە سەر شانی کە سیهەزار سەر ئەسپ و یەستر و مەڕی سپیش دەبێ وەکوو دیاری بدا بە پادشای بەرزەجێ. ئەوسا وەختایەک کوڕەکانی هێنان و لە گرێوی نان، با فەرمانی میرایەتیی لوڕستانی بۆ بنووسرێ و بەڕێ بکرێتەوە.

بەگوێری تەگبیروڕای پیاوماقووڵان و مەزنانی بارگا، بە فەرمانی شاتەهماسب، لە قەڵای ئەڵەمووتەوە محەممەدی ڕەوانەی قەزوێن کرا و ئەسپاردیانە دەست حوسێنبەگی ئوستاجلوو. محەممەدی هەر یەکەندەردوو کاغەزێکی نووسی بۆ کوڕەکانی و داوای لێ کردن تا هەرچی زووە سیهەزار ئەسپ و یەستر و مەڕ کۆ بکەنەوە و وەکوو دیاری بیهێنن و خۆشیان بێن بۆ قەزوێنی پایتەخت. کوڕەکانی پاش ئەوەی نامەکەیان گەیشتە دەستی هەر لەڕێوە دەهەزار سەر یەکسم و ئاژەڵیان کۆکردەوە و بە دوو برایاندا ڕاپێچیان دان بۆ قەزوێن و پاش ئەوەی

نیزیک بوونەوە محەممەدی بە خزمەت حوسێنبەگی ڕاگەیاند ئێستا کە کوڕەکانم گـەیشتوونە شەرەفاباد[١] وا باشـە ئیزن بفەرمووی بچـم و چـاوێـک بە مەڕ و ماڵاتەکەدا بگێڕم و بزانم ئەگەر شایانی شان ئەوە چاکە، دەنا ئەگەر وا نەبوو، چەند ڕۆژێک ڕادەوەستم با ئەوەی دیکەش بێنن، ئەو دەمی کامەی شیاوی پادشا بوو دەیهێنم و گەجەروگوجەری لێ هەڵداوێرم.

حوسێنبەگ داواکەی لێ سەلماند و لەگەڵ چەند پیاوێکی باوەڕپێکراوی خۆی ناردی بۆ لای کوڕانی. هەتا ئەوان گەیشتنە شەرەفاباد، بوولێڵە داهاتبوو. محەممەدی ڕووی کردە هاوڕێیانی و گوتی ئـەوە تازە شەو بە سەر دەستاندا هات و هیچ ناکرێ، بۆیە وا باشە ئەمشەو لێرە بین و کارەکە بخەینە سبەینێ بۆ دوای تاوهەڵات کە جەنگەی خۆیەتی. منیش لـەمێژە چاوم بە کوڕەکانم نەکەوتووە، با لەگەڵیان تێر قسە بم و دڵ و دەروونم ئۆخژنی تێگەڕێ. قزڵباشەکان پێشنیارەکەیان بە باش زانی و وایان بڕیار دا شەو لەوێ بمێننەوە.

پاش ئەوەی شەو تەواو باڵی بە سەر وڵات کێشا، محەممەدی لەگەڵ کوڕانی پێیان نایە ڕکێف و خۆیان هاویشتە سەر خوانی زین و مامزەیان لە کەلەکەی ئەسپانی دەرهاتووی شەڕان ئەنگاوت، کە بای شەماڵ و شنەی بەیانیش تۆزی نەدەشکاندن و بەرەو لوڕستان فڕین. وەختایەک بەیانی ئەم هەواڵە لە شاری قەزوێن گەڕا، شاتەهماسب، ئەمیرخانی حوکمڕانی هەمەدانی لـەگـەڵ پۆلێک سەرۆک و سەرکردەی دیکە ڕاسپاردن کە خێرایەکی بکەونە پەیکەردەیان، بەڵام چونکە ئەسپانی ژێر ڕکێفیان خێرایەکی بە خاو کـەوتـن و شان و پیلیان گیرا و جەمام بـوون، هەر چەندی کردیان و کراندیان دەرنەچوون و دەستیان پێیان ڕانەگەیشت. لەو غار و ڕەوەدا چەند سەر یەکسمیشیان پسان و سەکەت بوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- ل ٣٦ی بودلیان: «شەرەفاباد فرسەخێک لە قەزوێن دوور بووە.» و.

محەممەدی و کوڕەکانی ڕێی دە ڕۆژەڕێیان بە چوار ڕۆژ بڕی و خۆیان گەیاندەوە لوڕستان. کاتێک شاڕۆستەم بەو گەڕانەوەیەی زانی، سێبەردەی نایە مستی بووکی دەسەڵات و هەر ئەو ساڵە[1] ڕووی کردە قەزوێن و پاشماوەی ژیانی لە چارەڕەشی و بەشمەینەتی‌دا تێپەڕ کرد. میر تازە چاوی بە تەختی دەسەڵاتی لوڕستان نەکەوتەوە و لە جەنگەی خۆی‌دا گژەبای مەرگ هەڵیکوتایە سەری و تێکییەوەپێچا و بێسێودوو گیانی خۆشەویستی خۆی نایە دەستی گیانئەستێنی.

محەممەدی لە خاکی لوڕستان ئاڵای دەسەڵاتی هەڵدا و گوێی مەلاییکەی ئاسمانانی زرینگاندەوە و گوتی هەر خۆم هەم و کەسی دیکە نا! بەکورتی پاش ئەم ڕووداوانە، کەوتە سەر ڕێی حاوانەوە و گونجان لەگەڵ شاتەهماسب و شاسمایلی دووهەم و دڵی ڕاگرتن و یاریدەشی دان. دوای نەمانی ئەم پادشایانە، سەری وەبەر سێبەری بارگای خانەپەنای لێبووردنی سوڵتان مرادخان هێناوە، خودا لێی خۆش بێ. ئەویش هەموو ساڵێ دوازدە خاڵوار دراوی عوسمانیی[2] بۆ بڕیوەتەوە دەکاتە شەشسەت تمەنی برەوداری عێراق هەتا لە داهاتی ناوچەکانی مەندەلی، جەسسان، بادرانی[3] و تەرساق وەریبگرێ کە مڵکوماشی تایبەتی شاهانەی سەر بە داروسسەلامی بەغدا بوون. وایان دانا هەتا ئەو ناوچانە بکەونە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و هەتا زەمانێکی خۆی بە غولام و خزمەتکاری سوڵتان بزانێ و لەو ڕێگایە تلاسا نەبێ، هیچ ئاڵوگۆڕێک بە سەر چوارچێوەی دەسەڵاتی مڵکی

---

١- ل ٣٧ی بودلیان: «هەر لەو چەند ڕۆژەدا... .» و.

٢- دوازدە خاڵوار (خەروار ← خەربار)، کە بەپێی پەسند کردنی ئێران هەر خەروارێک ٣٠٠ کیلۆیە، دەبێتە ٣٦٠٠ کیلۆ! ئەم برە یەکجار زۆرە. لە دەقەکەدا نووسراوە «دوازدە خروار زر عثمانی»، زەڕی عوسمانی بەپێی لێکدانەوەی دێهخودا دەکرێ بە مانای دراو بێ، جا چ زێڕ، زێو یان مز؛ هەر بۆیەش نووسەر دەڵێ ١٢ باری کەر زەڕی عوسمانی و دەبێ مەبەستی دراو بێ، نەک هەر زێڕ. و.

٣- ڕەنگە «بەدران» بێ. و.

بەمیراتگەڕاوی‌دا نایە و ئەو شوێنانەش کە خراونە سەری، دەستیان لێ نادرێ. بەم پێیە سوڵتان فەرمانی میرایەتیی لوڕستان و خەڵاتی هەرە چاک و کەمەرە و حەمایەڵەشیری زێڕینی بۆ نارد.

پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لەسەر ئەو ڕووداوانە، چونکە زۆر چاکی بە گوێی مەزنی سەرکردەکانی بەغدا نەدەکرد و بەگلەرانیش لێی کەوتبوونە گلە و گازندە و دەیانگوت کەوتۆتە سەر باری گوێنەبیستی، بەدزی فەرمانی پیرۆز بـۆ گیرانی مۆر کرا و وەرگیرا. محەممەدی وەختایەک بەو کەینەوبەینەی زانی و هەستی کرد مەزنی سەرکردەکانی بەغدا پێوەیە بیگرێ، هەمیشە خۆی دەپاراست، بەڵام ئاخری یەکێک لە بەگلەران خۆی لێ خـۆش کـرد و تەڵەی بۆ دانایەوە، محەممەدی پێی زانی و خۆی دەرباز کرد و دەستی لە داهات و قازانجی بەغدا شۆرد و تازە ڕووی لەو خاک و مەڵبەندە نەکردەوە. شاوێردی و جانگیر، کوڕانی محەممەدی کە وەکوو بارمتە لە بەغدا گل درابوونەوە، ڕۆژێکی لە جەنگەی گەشت و سەیرانی پاشای بەغدادا، خۆیان دە خوارەبایان گرت و وەختایەکی هەلیان بۆ هەڵکەوت، لە قەراغ شارەوە بۆی دەرچوون و ڕوویان کردە پێ دەشتان و وا بە گاڵەگاڵ و چوارناڵ ڕۆیشتن کە زریانی دڕ نەیتوانی تۆزیان بشکێنێ.

لەو سەروبەندەدا سوڵتان «محەممەد»ی کوڕی شاتەهماسب، ناردبوویە سەر کچی «محەممەدی» هەتا بۆ هەمزەمیرزای کوڕی بیخوازێ و دەیهەویست ئاوا تەقولبابی دەرگای ئاشتبوونەوە و بەرژەوەندی بکا و بە لای خۆی‌دا بیشکێنێتەوە. ئەویش هەنگاوەکەی بە دڵەوە نووسا و سەرلەنوێ سەری وەبەر قزڵباشان هێنایەوە. پاش چەند ساڵێک ڕووی کردە دنیای پاشین.

**شاوێردی کوڕی محەممەدی**

شاوێردی لە پاش نەمانی باوکی، بە یاریدەی پیاوماقووڵان و مەزنانی لوڕستانی، دانیشتە سەر تەختی دەسەڵات. لە دیوانی شاسوڵتان محەممەدەوە فەرمانی حکوومەتی هەرێمەکەی باربوو کرا.[٥٥] کاتێک جڵەوی کاروباری گرینگی پادشایەتیی ئێران کەوتە بەر دەستی بەهێزی شاعەبباس [١]، خوشکەی بەروپشتی شاوێردیی لە خۆی مارە کردەوە، کە ژنی هەمزەمیرزای [نەماوی] برای بوو. هەروەها ئامۆزایەکی خۆشی دا بە شاوێردی کە نەتیژەی باراممیرزا [٢] بوو، هەتا دەهات خزمایەتی و دۆستایەتیی نێوایان چاکتری خۆ دادەڕشت، بەڵام وەختایەک شاعەبباس حکوومەتی هەمەدانی دایە چنگ ئۆغوورلووبەگی بەیات [٣]، بارودۆخەکە شڵەژا. شاوێردی و ئۆغوورلووبەگ هەر لە کۆنەوە لەسەر خاکی ناوچەی برووجێرد نێوانیان ناخۆش بوو. ئەم کۆنەبرینە زارکی کردەوە و لوڕ و بەیات شەڕیان لە نێوانـیدا قـەوما و ڕمب و شیر هاتنە گۆڕێ. هەردوو لا خۆیان دە دەسک نا و بەرەو ناوچەی برووجێرد بزووتن و لەشکریان بەرەوڕووی یەکتر چەقین. وا هات کە ئۆغوورلووبەگی بەیات لەو تێکهەڵچوونەدا کوژرا و کۆمەڵێکی بەرچاوی چەکداری بەیاتیش تێداچوون و بارگە و بنەیان کەوتە بەر شەپۆلی تاڵانی لوڕان و دایانڕووتاندن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- شاعەبباسی یەکەم پێنجەمین پادشای خانەدانی سەفەوی و کوڕی محەممەدی خودابەندەیە. ساڵی ٩٧٨ی کۆچی/١٥٧٠ی زایینی لە هەرات پێی ناوەتە جەغزی ژیان. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بۆتە شا و ماوەی ٤٢ی ساڵی فەرمانڕەوایەتی کردووە و ساڵی ١٠٣٨ی ک/ ١٦٢٨ی ز، لە مازندەران دەستی لە دامێنی ژیان بەرداوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: دێهخودا، ب ١٠، ل ١٥٦٩٠-١٥٦٩٢.) و.

٢- بارامميرزا دەبێتە کوڕی شاسمایلی یەکەم و ساڵی ٩٥٥ی کۆچی مردن بەرۆکی گرتووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: دێهخودا، ب ٤، ل ٥١١٤.) و.

٣- بەیات تیرەیەکن لە خێڵی ئینانلووی پارێزگای فارس. (دێهخودا، ب ٤، ل ٥١٣٦.) و.

پاش داکووژانی شـەڕەکە، شاقوڵیبەگی برای ئۆغوورلووبەگ، لە قەزوێن هـاوار و سکاڵای بردە خزمەت شاعەبباس و چۆنیەتیی کوژرانی براکەی و خەڵک و تاڵان‌وبڕۆی لوڕانی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. پادشا بە بیستنی ئەو قسانە، لەڕێوە ڕقی هەستا و ئاورگی دەروونی ئاورینگی دا و گڕی گەیشتە کەشکەلانی ئاسمان. هەر ئەو ڕۆژە خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپ و لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارێکی ئامادەی بەرپێچکی تەختی پادشایەتی ڕکێفکوت بەرەو شاوێردی تێی‌تەقاند. کاتێک شاوێردی بە هاتنی شاعەبباسی زانی، لەگەڵ ژن و منداڵ و پۆلێک لە یارانی بە هەزار کوێرەوەری لە ڕووباری «سەمیرە» پەڕییەوە و خۆی گەیاندە چیای کلاو.(٥٦) پاشماوەی خێڵ و بار و زیندەماڵ و مەڕ و پاتاڵی لەوبەری چۆم مانەوە و کەوتنە بەردەستی لەشکرچییانی حکوومەت.(٥٧) ئینجا پادشا هات و مەهدی قوڵی‌سوڵتانی شاملووی کوڕەزای ئۆغزوارسوڵتانی لەسەر ناوەندی بەختیاری و دەسەڵاتی میرانی لوڕ دانـا و کـردی بە سپاسالاری هەرێمەکە و بە مەبەستی پاراستنی خێڵات و ماڵ و سامانی جەماوەر، چەند سەرکردەیەکی قزڵباشی خستە بەر فەرمانی و سەری ڕکێفی بەرەو قەزوێنی پایتەخت وەرسووڕاند و گەڕایەوە.

شاوێردی دوای چوونەوەی شاعەبباس، هات و بە نێو هۆزی گۆران و تیرە و خێڵاتی دیکەدا گەڕا و کۆمەڵێک خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و بۆ دەرپەڕاندنی مەهدی قوڵی‌سوڵتان زۆر بە چەق‌وتەف چەمی سەمیرەی هەڵبوارد و خۆی گەیاندە ڕووکاری خوڕڕەم‌ئاباد و شانی لە شەڕ شل کرد و خەنیم پێکهەڵپرژان. پاش هەوڵ و هەڵسووڕانی زۆر و زرم‌وکوتی ڕمب و شیران، لەشکری لوڕان شکستی بە سەر شانی‌دا هات و بوو بە ڕاکەڕاکە و هەڵاتهەڵات و وەکوو حەوتەوانان هەر یەکەی کەوتنە قوژبنێکی. دوای ئەم ڕووداوە شاوێردی ڕووی کردە بەغدا و سەری وەبەر دەرگانەی بەرزی خانەدانی عوسمانی هێنا، کە ملەی دەکرد دەگەڵ ئاسمانی نۆهەم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کاتێک شاعەبباس بەو ڕووداوانەی زانی، چاوی لە تاوانەکانی پۆشی و حوکمی میرایەتیی خورڕەمئاباد و لوڕستانی بۆ نووسی و گوتی با بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی و میر بێ وەکوو باب‌وباپیرانی.(٥٨) کەمەرەشیری گەوهەربەند و خەڵاتی پادشاهانەی بۆ نارد و لە نێو هاوشانەکانی‌دا هەڵیکێشا و ئاڵای دەسەڵاتی بۆ بەرز کردەوە و هەتا هەوراز خۆر و مانگی پێهەڵابرد. ئێستا کەساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، شاوێردی شاد و کەمەڕان لەسەر تەختی دەسەڵاتی لوڕستان پاڵی داوەتەوە.[١]

## بەشی پێنجەم

## باسی سوڵتانەکانی میسر و شام، کە ناسراون بە بنەماڵەی ئەییووبی

شارەوانانی شاری دەنگ‌وباس و قەڵادارانی نیشتمانی ژیان و بەسەرهات، سەبارەت بەو شایانە ئاوایان قسەی خۆیان داگیرساندووە و گوتوویانە: باپیری پادشاکانی میسر «شادی»ی کوڕی «مەروان»ە کە بە ڕەچەڵاک دەچێتەوە سەر کوردە ڕەوەندەکانی «دۆوین»ی[٢] ئازەربایجان، کە بە سەر وێرانی‌دا کەوتووە و ئێستا دێیەکی لە جێی ساز کراوە بەناوی «کرنی چخورسەعد».[٣]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ١٢٢-١٢٤. و.

٢-بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ١٢٥. و.

٣-ل ٣٩ی بودلیان: «کرنی» (؟) نەمزانی سەر و ژێر و بۆری چۆنە بۆیە چۆنی نووسیوە هەر ئاوام نووسیوەتەوە. چغورسەعد. و.

لە زەمانی سوڵتان مەسعوودی[١] سەلجووقیدا، یەکێک لە بریکارانی شادی دەکاتە میرقەڵای تکریت. پاش ئەوەی پەژارەی مەرگ گەیشتە سەر شادی و ڕۆبوویە بەرۆکی ژیانی و دایدڕی، نەجمەددین ئەییووبی کوڕە گەورەی جێی گرتەوە. ڕۆژێکی نەجمەددین ئەییووب لەگەڵ ئەسەدەددین شێرکۆی برای بە شوێنێکدا دەڕۆیشتن، لەناکاو ژنێک بەگریانەوە خۆی دەبەر گێڕان و گوتی پیاوێک لە هیچ و خۆڕایی دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە. ئەسەدەددین کابرای دیتەوە و ئەو چەکەی پێی بوو لە چنگی دەرهێنا و گرم زەبرێکی کوشندەی لێدا و لەڕێوە پێی مرد. ئەگەر نەجمەددین ئەییووب ئەو دیمەنەی بینی، براکەی خۆی گرت و لە بەندی توند کرد و هەواڵی ڕووداوەکەشی بۆ ئەو بریکارەی سوڵتان مەسعوود نووسی. ئەویش لە وڵامدا ڕوونی کردەوە و گوتی من لەگەڵ ئەو کوژراوە وەکوو برایان وا بووم و چەندی بڵێی یەکترمان خۆش ویستووە، جا بۆیە هەر جارێکی تووشتان بم دەکرێ وەرگرتنەوەی تۆڵەی خوێنیم بە دڵدا بێ، کەوایە وا چاکە لە شاری من وەدەرکەون، هەتا چاومان بە یەکتر نەکەوێ.(٥٩)

کاتێک نەجمەددین ئەییووب وڵامەکەی بۆ هاتەوە و هەلومەرجەکەی بۆ ڕوون بۆوە، لەگەڵ ئەسەدەددینی برای پێیان نایە ڕکێف و بەرەو مووسڵ ڕێگایان کوتا. پاش ئەوەی گەیشتنەجێ، ئەتابەک عیمادەددین زەنگی بەگەرموگوڕی بەخێری هێنان. ئەتابەک دوای ئەوەی [شاری] بەعلبەکی گرت، هەوساری کاروباری هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی نایە دەستی بەهێز و بڕشتی نەجمەددین ئەییووب، کە سەرکردەیەک بوو یەکجار جوانچاک و دەروون پاک و ئاقڵمەند و دیندار و

١- سوڵتان مەسعوودی سەلجووقی (٥٠٢-٥٤٧ی ک/ ١١٠٨-١١٥٢ی ز) غیاسوددین ئەبولفەتح مەسعوود کوڕی محەممەد کوڕی مەلیکشا. ساڵی ٥٢٩-٥٤٧ی ک، لە ئازەربایجان و عێراق پادشایەتیی کردووە و لە هەمەدان بناغەی دەسەڵاتی دامەزراندووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٣، ل ١٩٧٩.) و.

دادەوان و ئەمین. لەو ڕۆژگارەدا کە بە سەر بەعلبەک ڕاگەیشتووە خانەقایەکی بۆ سۆفییان دروست کردووە و ناوی «نەجمیە»ی خستۆتە سەری.[١]

لەو هەرێمەدا خۆی داوەتە لانی پاراستنی پارسەنگی دادپەروەری و باڵ بەسەرکێشانی ئاپۆرەی خەڵک. پاش نەمانی عیمادەددین زەنگی، لەگەڵ ئەسەدەددین شێرکۆی برای چوونە لای نووردەددین مەحموود. ئەویش هەردووکیانی بەسەرکردنەوە و ئەسەدەددینی کردە سپاسالار و گەورەی شەڕ و پەلامار و مەزنایەتیی «حومس»یشی پێ بەخشی.

بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرەنگییەکان «عازید ئیسماعیلی»ی[٢] والیی میسر دەستەوداوێنی نوورەددین بوو هەتا بگاتە فریای. ئەویش سێ جاران ئەسەدەددینی بە لەشکرێکی قورس و گرانەوە ناردە هانای و سەری سێ جارەی ئەسەدەددین بەپێی ڕەزامەندیی عازید «شاپوور»ی[٦٠] وەزیری لێ کوشت و خۆی

١- شێرکۆ و ئەییووب، دوای ئەوەی نێوانیان لەگەڵ موجاهیدین بێهرووز تێکچوو، ڕوویان کردە مووسڵ و عیماددەدین زەنگی بەگەرمی پێشوازی لێ کردن و پلە و پایەی کارگێڕی و سەربازیی بۆ دابین کردن، چونکە ئەو دەمەی زەنگی ساڵی ٥٢٦ی ک/١١٣٢ی ز، لە هێرشی بۆ سەر بەغدا شکستی هێنا و کشایەوە مووسڵ، کوڕانی ئەییووب لە تکریت بە دەنگییەوە چوون و یارمەتییان دا و ڕێیان بۆ خۆش کرد تا لە ڕووباری دیجلە بپەڕێتەوە. ز.س.

٢- عاضد لدین الله، ئەبوو محەمەد عەبدوڵڵا (٥٤٦-٥٦٧ی ک/١١٥١-١١٧١ی ز)، دوایین خەلیفەی فاتمیی میسرە. هەر بەڕواڵەت بە پێشەوا داندراوە، دەنا هەوساری کاروباری وڵاتەکە تەواو بەدەست مەزنانی خاوەنبڕشتی بارگاکەیەوە بووە. لە شیعەگەریدا ویشکوبرینگ و دەمارگرژ بووە و بە عالەم ئاشکرا دەستی لە ئازار و ئێشاندنی جەماوەری سوننی بزاوتووە. (بڕ: فەرهەنگی سوخەن، ئەعلام، بەرگی ٢، ل ١٢١٨). یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ڕێچکەی حەوت ئیمامی کە پێیان وایە پێشەوایەتیی ڕێبازی شیعە بە «ئیسماعیل»ی کوڕە گەورەی ئیمام جەعفەری سادق دادەکووژێ. ئەمانە چەند ناوێکی دیکەشیان پێوەبەستراوە: باتنی، مولاحەدە، فەدائی، حەششاشین، قەرمەتی، سەبعییە و فاتمی. و.

بوو بە وەزیر؛ بەڵام هێشتا گوڵێکی لە باخچۆڵەی وەزارەت نەچنیبوو، کە پەنجەی مەرگ پەلی پەژارەی لە دڵی‌دا شکاند و تەنیا ٦٥ رۆژی دەرفەت هێنا وەزیر بێ. سەرەنجام ڕۆژی جەمادی دووهەمی ساڵی ٥٦٤ی ک/ ١١٦٨ی ز، ئاڵای سەفەری بەرەو دنیای پاشین هەڵدا و سەلاحەددینی برازای کە دەبوو بە کوڕی نەجمەددین ئەییووبی برای، بوو بە جێنشینی.

**سەلاحەددین یووسف کوڕی نەجمەددین ئەییووب**

وەکوو دیارە هێندەی نەکێشاوە کە سەلاحەددین لەبەر شارەزایی و کارزانی، تەواوی پایەبەرزانی حکوومەتی عازیدی کردوونە چەپەرەشرە و بە دیوارەوە هەڵیپەساردوون. پاش ئەوەی سەرناوی «مەلیک ناسر»ی پێ بەخشراوە و چاک ڕیشەی دەسەڵاتی داکوتاوە، ڕاسپاردەیەکی ناردۆتە خزمەت نوورەددین مەحموود و تکای لێ کردووە هەتا ڕێگای باوکی بدا بچێ بۆ میسر. نوورەددین مەحموود بە گەورەیی خۆی داواکەی بۆ بەجێ هێناوە و لە چاکەی خۆی ئیزنی نەجمەددین ئەییووبی داوە بڕوا بۆ میسر.

ڕۆژی ٢٤ی ڕەجەبی ساڵی ٥٦٥ی ک/١١٦٩ی ز، لە پایتەخت ئاسۆگی داوە و خەلیفە عازید چۆتە پێشوازی.[1] نەجمەددین ئەییووب کە لە خەمخانەی دووری‌دا «چاوەکانی لە سوێیانی تانەیان هێنابوو»،[2] بە دیداری سەلاحەددین ڕوون

١- نەجمەددین ئەییووب ڕۆژی نەورۆز لە دیمەشقەوە رۆیی بۆ میسر؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەورۆز ئەو کاتیش لە لای کوردان بە ڕۆژێکی تایبەت و پیرۆز داندراوە. ز.س.

٢- «وابیضت عیناه من‌الحزن...»، بەشێکە لە ئایەی ٨٤ی سوورە یووسف: «چاوەکانی لە تاوانی تانەیان هێنا...». و.

بوونەوە. سەلاحەددینیش ئەوەندەی خوا حەز بکا بە دەورەی باوکی گەورەیدا هات و دەستی ڕێزی بۆ خستە سەر سینەی و لە بەر پێیدا بوو بە تنۆکەئاوێک. [دوای ماوەیەک] ویستی لە جێی وی بێ بە وەزیر، بەڵام نەجمەددین نەیسەلماند و سەلاحەددین شانی لە ڕێکوپێک کردنی کاروباری گرینگ و بەرچاوی میسر شل کرد. لە سەرەتاکانی مانگی محەررەمی ٥٦٧ی کۆچیدا، خەلیفە عازید تێکهەڵگلا و بوو بە نەخۆشی سەر جێوبان و لە ڕۆژی عـاشـووراداا، بارگەی بەرەو دواسەفەری تێکنا و ڕۆیی.(٦١)

سەلاحەددین دەستی بە سەر خەزێنەکانی ئیسماعیلییەدا گرت، کە کۆماکۆما زێڕ و گەوهەر و دراو و قوماشی تێدا هەڵدرابۆوە و هەڵچندرابوو. ئەوجار بەتاقیتەنیا و سەربەخۆ کەوتە ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات و بە سەر ماڵ و سامان ڕاگەیشت و کۆمەڵانی خەڵک و هێزە چەکدارەکانی دڵخۆشی دانەوە و بۆیان بوو بە پشتیوان. لە مێژووی «یافعی»دا[1] نووسراوە: «هێندێک لەو شتە هەرە هێژا و چاکانەی لە خەزنەخانەی عازیدەوە کەوتوونە دەست سەلاحەددین بریتی بوون لە وەکازێکی زمرووت و سەتهەزار بەرگ کتێبی بەنرخی خەتخۆش.»

لە سەرەتای مەزنایەتیی سەلاحەددیندا، لەبەر چەند هۆیەک نوورەددین مەحموود دڵی لێی ئێشا و تەنانەت ویستی بەرەو میسر بڕوا و بچێ یەکی دیکەی لە جێی دابنێ. وەختایەک سەلاحەددین ئەوەی بیستەوە، باب و خاڵ و خزمان و سەرکردەکانی خۆی کۆکردنەوە هەتا دانیشن و ڕاوێژی لێ بکەن و ڕێچارەیەک بدۆزنەوە. لەو کۆڕەدا تەقییەددینی برازای سەلاحەددین هەستا و گوتی وای بە

١- عەبدوڵڵا یافعی (٦٩٩-٧٦٨ی ک/ ١٢٧٠-١٣٦٦ی ز)، ئەبوسسەعادات عەبدوڵڵا کوڕی ئەسعەد یافعیی یەمەنی، ناسراو بە عەفیفەددین، سۆفی، شەریعەتزان و نووسەری عەرەب و خاوەنی چەندین بەرهەمی وەکوو: «روض‌الریاحین فی حکایات الصالحین، الدرالنظیم، مرآةالجنان، عبرةالیقطان و... .» (بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ٣، ل ٢٤١٧). و.

بنکەی ژین www.zheen.org

بەرژەوەند دەزانم ئەگەر نوورەددین مەحموود بەرەو ئێرە هات، بە هێزێکی زەوەندەوە بەری لێ بگرین و هەوساری دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی نەدەینە دەستی. نەجمەددین ئەییووب لە تەقییەددینی نەوەی خۆی ڕاخوڕی و قسەی سووکی نایە پارسەنگی و گوتی شتی وا ناکرێ و نابێ و ڕووی کردە سەلاحەددین و گوتی: کوڕم من باوکی تۆم و شەهابەددینیش خاڵی تۆیە؛ ئەگەرچی لە تەواوی ئەو کەسانەی ئێرەمان زیاتر خۆش دەوێی، بەڵام هەر کاتێک چاومان بە نوورەددین بکەوێ، بێ وئەبێ بە دەستووری جاران لەگەڵی هەڵدەستین و دادەنیشین و ڕێزی شان و شکۆی دەگرین. ئەگەر بڵێ لە سەریشتان دەدەم، ملمان لە ئاستی لە موو باریکترە و دەڵێین فەرموو! جا ئەگەر باب و خاڵت وا بن، کێی دیکە لە مەزن و میرانی حکوومەتی تۆ هەقی هەیە بکۆخێ! ئەم وڵاتە کەوتۆتە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی نوورەددین و بەڕاستی ئێمە بۆ وی غولامین و هەر دەمێکی لێمان بخا، تەنیا پێمل بوونمان لە ئەستۆیە و هیچی دیکە نا.

جا ئێستا وا چاکە هەستی و نامەیەک بۆ نوورەددین بنووسی و بڵێی گەورەم، ئەی خاوەن شکۆ وەکوو بیستوومە لێبڕاوی کە بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەم خاک و هەرێمە ئاڵای سەرکەوتن نیشانی لەشکر هەڵبدرێ و بەرەو ئێرە بێ؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ خۆ پێویست ناکا ئێوەی پایەبەرز بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی ئاوا، زەحمەت وەبەر خۆتان بنێن و ئەم ڕێگایە بکوتن، چونکە من بە حاڵ ودووبەلاش لە ڕێبازی بەندایەتی لام نەداوە و لە قسەی مەزنانی بەرپێچکەی دەسەڵاتی پادشایەتی دەرنەچووم. هەر فەرمانێک کە بەپێی سەنگ وتەرازووی دادپەروەریی ئێوە دەرچێ، سەری وەبەردێنم.

هەر فەرمانێکی بیدەی، دەیخەمە سەر چاوانم
هەر کارێکی بیفەرمووی، خۆم بە نۆکەر دەزانم

ئەگەر لە لایەن منی بەرەژێرەوە تۆزە تۆزێک نیشتۆتە سەر ئاوێنەی پرشنگداری دەروونتان، وا باشە یەکێک لە نۆکەرانی تایبەتی خۆت بنێری هەتا زنجیرم باوێتە ملی و بمهێنێ بۆ دەرگای بارگات کە پەنا و پەسارە بۆ دنیا.

کۆیلە چی بۆ ناکرێ، غەیری سەر وەبەر هێنان

سەلاحەددین زۆر بە ڕەزامەندی گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی باوکی شل کرد و خەڵکەکەی دیکە بڵاوەیان لێ کرد. پاش ئەوەی هەموو وەدرکەوتن و کەسی لێ نەما، نەجمەددین ئەییووب ڕووی کردە سەلاحەددین و گوتی کوڕم تۆ بە فیز و هەوای لاوی تێکەوتووی و لە بۆتەی ڕۆژگاردا قاڵ نەبووی و لە چاکە و خراپەی کاران نازانی. ئەگەر ئەو خەڵکەی لێرە دانیشتبوون زانیبایان چت لە دڵیدایە و بە گوێی نوورەددینیان گەیاندبایەوە کە پێشی پێ دەگری و ناهێڵێ لە خاکی میسر وەژوور کەوێ، ئەو دەمی ئەویش خۆی هەڵدەبڕییەوە و بە هەموو هێزەوە لەگەڵمان تێدەکەوت و تەواوی لەشکری شام و مووسڵی لێ کۆ دەکردینەوە و هەڵیدەکردە سەرمان؛ بەڵام ئێستا ئەگەر هەواڵی ئەم کۆبوونەوەیەی بە گوێی ئاشنا بێ و وا بزانێ کە ئێمە لە قسەی ئەو دەرناچین، خاترجەم دەبێ و سەری بە کارێکی گرینگی دیکەوە دێشێنێ و بەجارێکی وازمان لێ دێنێ.

ئەوەی ڕاستی بێ تەگبیروڕا و مشووری نەجمەددین ئەییووب جێی خۆی گرت و کاتێک نامەکەی سەلاحەددین و قسە و باسی نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکە گەیشتە خزمەت نوورەددین مەحموود، سەرلەنوێ چۆوە سەر دۆخی جارانی و

سەلاحەددینی بەسەرکردەوە و وای بە بەرژەوەند زانی لە جێی خۆی نەبزێوێ و بە هیچ شێوەیەک هێزی لێ دەنگ نەدا.

ساڵی ٥٦٨ی ک/ ١١٧٢ی ز، نەجمەددین ئەییووب لەسەر ئەسپ گلا و چەند ڕۆژێک بە دەرد و ژانەوە تلاوتلی دا و سەرەنجام مەرگی لە چارەی نووسرا. سەلاحەددین بەپێی ڕێبازی سەرتۆپی پێغەمبەران جووڵایەوە و [تەرمی باوکی درایە دەست مردووشۆر و لەسەر تاتەشواران، شۆرا و خەڵاتی تێوەپێچرا و نوێژی لەسەر کرا و پیشمەیتانەی بۆ لێدرا و بەرەو دوامزڵی بەڕێ کرا]؛ ئەوسا لە جێگایەکی شیاو نێژرا و چۆن چاکە ئاوای تازیە بۆ داگیرا و پرسەی بۆ داندرا.

نەجمەددین ئەییووب شەش کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: سەلاحەددین، سەیفەددین، شەمسوددەولە تووران‌شا، سەیفولئیسلام توغرۆڵتەگین، شەهەنشا و تاجولملووک بووری.[١]

ساڵی ٥٦٩ی ک/١١٧٣ی ز، نوورەددین مەحموود مرد و سەلاحەددین بەیەکجاری هیچ گرێیەکی لەسەر ڕێگای سەربەست بوونی نەما و هەر بە میسرەوە نەوەستا و لە ماوەیەکی کەمدا وڵاتی «شام»یشی گرت. گزینگی دادەوانیی سەلاحەددین هەموو دانیشتووانی ئەو خاک و هەرێمانەی گرتەوە و شاری بەیتولموقەددەس و قودسی خەلیلورڕەحمانی لە چنگ مەسیحییەکان دەرهێنا. پاشان «قەراقووش»ی برازای ڕاسپارد هەتا لەشکر بەرێ و چەند هەرێمێکی خۆراواش بگرێ؛ ئەویش هێزی دەنگ دا و شاری ترابلۆسی ژێر دەستەی فەڕەنگانی لە چنگی دەرهێنان. هەر لەو سەروبەندەدا هەتاوی بەختی شەمسوددەولەی برای سەلاحەددینیش لە ئاسۆی وڵاتی یەمەنەوە هەڵات. کابرایەکی لە دین‌لادەر بەناوی عەبدوننەبی کە توانیبووی بە زەبری زۆر یەمەن

---

١- ل ٤٣ی بودلیان: «سەلاحەددین یووسف، سەیفەددین محەمەد، شەمسوددەولە تووران‌شا، سەیفولئیسلام توغتەگین، شەهەنشا و تاجولملووک بووری». و.

بنێتە ژێر چۆکی خۆی، هاتە شەڕی شەمسوددەولە و پاش تێکهەڵچوون و ملانە و خوێنڕژان، ئەو سەرەی هێنابووی نەیبردەوە.

وەکوو باسی کرا ساڵی ٥٧٠ی ک/١١٧٤ی ز، شاری دیمەشق و زۆربەی خاکی شام کەوتە دەستی سەلاحەددین و مەلیک ساڵح ئیسماعیلی کوڕی نوورەددین مەحموودیش پڕکێشیی نەکرد و تەنیا بە حکوومەتی حەلەب قنیاتی هێنا. سەلاحەددین ساڵی ٥٧٢ی ک/١١٧٦ی ز، دەستووری دا هەتا شوورەیەک بە درێژاییی ٢٩٣٠٠ گەز، لە قۆڵی بیابانەوە بە شانی شاری قاهیرەدا بکێشن. وەستاکاران ملیان لێنا و هەتا دوا ڕۆژەکانی ژیانی سەلاحەددین هەر پێیەوە خەریک بوون. ساڵی ٥٧٣ی ک/١١٧٧ی ز، سەلاحەددین هەڵمەتی بردە سەر عەسقەلان و زەبری لە مەسیحییەکان وەشاند و ماڵ و سامانێکی زۆری لێ گرتن. لەوێوە ڕووی کردە ڕەملەش، بەڵام لەناکاو هێزێکی فەرەنگان هەڵقوڵی و شەڕێکی قورس قەوما. سپای ئیسلام شکستی بە سەرشانی‌دا هات و تەقورەوی تێکەوت. تەقییەددینی تەمەن بیست ساڵی برازای سەلاحەددین، لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرچاوی لەشکری میسر، بە گەشمەرگی ڕوویان کردە قاپیی خودا. خودی سەلاحەددینیش بەوپەڕی شپرێوی و پەرێشانی بەرەو میسر ڕەوی و مەسیحی خۆیان گەیاندە «حەما» و بۆ ماوەی چوار مانگ دەورەی ئەو شارەیان دا. هەر لە کلکەی ئەو ساڵەدا قەڵای حەلەب بەبێ کەوێرەوەری کەوتە دەست سەلاحەددین و مەلیک زاهیری کوڕی لەو هەرێمە بە مەزن دانا.

ساڵی ٥٧٤ی ک/١١٧٨ی ز، فەرڕوخشای برازای سەلاحەددین کە لەبری وی بەسەر دیمەشق (دەمیشق) ڕادەگەیشت، شانی لە شەڕی هێزێکی فەرەنگی شل کرد کە هاتبوونە نێو شار و ئاوەدانییەکانی شام و پەرانپەرانی کردن و سەرکردەی لەشکری کافرانیشی کوشت. هەر لەم ساڵەدا شەهابەددینی خاڵی سەلاحەددین کە حوکمڕانی حەما بوو کۆچی‌دوایی کرد و مەلیک موزەففەر تەقییەددین عومەر کوڕی

بنکەی ژین
www.zheen.org

شەهەنشا کوڕی نەجمەددین ئەییووب بوو بە جێگرەوەی. ئەویش هەتا ساڵی ٥٧٧ی ک/١١٨١ی ز، [١] لەوێ حکوومەتی کرد و مەرگ چی دیکەی مەودا نەدا.

ساڵی ٥٧٦ی ک/١١٨٠ی ز، شەمسوددەولەی کوڕی نەجمەددین ئەییووب کە پێشتر توانیبووی بە زەبری شیر یەمەن بگرێ و چووبوویە ئەسکەندەرییە، دەستی لە دنیای ڕووخەک بەردا. لەڕێوە تەرمەکەیان هێنایەوە شام و لەو خوێندنگەیە ناشتیان کە خوشکەکەی لە قەراخ شاری دیمەشق سازی کردبوو. پاش نەمانی شەمسوددەولە، سەیفولئیسلامی برای بوو بە جێنشینی.

ڕۆژێکی هەینی لە مانگی مەولوودی ٥٨٣ی ک/١١٨٧ی زایینی‌دا، لە دەوروبەری تەبەرییە، شەڕێکی گەورە لە نێوان سەلاحەددین و فەرەنگییانی ڕووپەش‌دا قەوما. خوداوەند ئاوڕێکی بەخێری لە مسوڵمانانی شوێنکەوتەی پێغەمبەری پشتیوان دایەوە و مەزنی مەسیحییەکان گیرا و گەلێک لە چەکدارەکانی کوژران.[٦٢] پاشان سەلاحەددین دەستی گەیاندە «عەککە» و توانی ئەو قەڵاتە لە چنگ نەساراکان (مەسیحییەکان) دەربێنێ. لەو پەلامارەدا چوارهەزار کەسێکی مسوڵمانان کە دیلی کافران بوون، ئازاد کران. هەر لەسەر ئەم هەوایە سەلاحەددین سەری جڵەوی شل نەکردەوە و گەلێک شار و گوند و ناوچەی دیکەی لە چنگ فەرەنگان دەرهێنان و پشتی لێ نەکردنەوە. نابلۆس، حەیفا، قەیسارییە، ناسرە و عەسقەلانیشی لێ گرتن. پاشان سەری جڵەوی بەرەو بەیتولموقەددەس وەرسووڕاند و لە شانی خۆرنشینی ئەو شارە هۆردووبەزی کرد.[٦٣] دوای چەند ڕۆژێک هێزی بەرەو باڵی خۆرهەڵاتی ئاژاوت و دەورەی گرت و دەستی کرد بە شەڕ.[٦٤] ئەو کاتە پتر لە شێستهەزار مەسیحی دانیشتووی شاری بەیتولموقەددەس بوون. لەو شەڕ و هەرایەدا مسوڵمانان شێلگیر و پتەو چەقیبوون و لێبڕاوانە ئاڵایان دەشەکایەوە. ڕۆژی هەینی

١- بودلیان، ل ٤٤: ٥٨٧ی ک/١١٩١ی ز. و.

www.zheen.org

٢٧ی مانگی ڕەجەبی ئەو ساڵە، سەلاحەددین بە زەبری مەنجەنیقی بەرداوێژ، کونەمشکی لێ کردن بە قەیسەری و کرژی هەڵێنان و شوێنەواری سەرکەوتن لە ڕوخساری مسوڵمانان‌دا ڕەنگی دایەوە و کافرانی ڕێ لێ ون بوو، دڵیان کەوتە جۆللانە و زراویان چوو. هاوارهاواریان دەگەیشتە تەشقی ئاسمان و دەیانگوت بەسە و دەستمان داوە و پەنامان هێناوە.

سەلاحەددین گوتی نە کەس دەکووژم و نە کەسیش بە دیل دەگرم و لەسەر ئەم پێ‌وشوێنە گیرانی بەیتولموقەددەس مسۆگەر بوو. مسوڵمانان لە گومبەزی مزگەوتی ئەقسا وەسەرکەوتن و ئەو خاچەیان هەڵکێشا و تێکیان‌شکاند کە مەسیحییەکان لەوێیان چەقاندبوو. هەر ئەو ڕۆژە نوێژی هەینی کرا و دەنگ و زەنای ئەڵڵاهوئەکبەری گەورە و بچووک بەرەو پەرۆچکەی ئاسمان باڵی گرت. وەکوو دیارە ئەم شارە لە ساڵی ٤٧٢ی کوچییەوە[١] هەتا ئەو کاتە بە چنگ ڕێبوارانی کوێرەڕێی سەرلێ‌شێوانەوە بوو. سەلاحەددین لەگەڵ ئەو خوداگرتووانە پێکهات و وا بڕیار درا کە هەر پیاوێکی کافر بڕی سێ دینار و هەر ئافرەتێک پێنج دیناری سووری[٢] بدا بە شوێنکەوتووانی دینی محەممەدی و دەبوو بنەماڵەکان بۆ هەر منداڵێکیش دینارێکیان دابا.[٦٥] ئەگەر کەسێک ئەم دراوەی بۆ نەدرابا، نەیدەتوانی لەو شارە وەدەرکەوێ و دەبوو یەخسیری مسوڵمانان بێ.

سەلاحەددین ئـەوەنـدە دراوەی لـەو سـەرانـەیـە وەریگرت، هەمووی بە سەر شەڕکەران و مەلا و فەقێ و پیاوانی تەرکەدنیادا دابەش کرد. پاشان سەری جڵەوی بەرەو قەڵای سوور وەرسووڕاند، بەڵام چونکە جێیەکی یەکجار سەخت و ئەستەم بوو نەگیرا. سپای سەرما و کڕێوە سەری دە سوێیە نا و قوولەی کرد، بۆیە

---

١-زێرنۆڤ لە پێش حەوتەکە نیشانەی پرسیاری داناوە، چونکە مەسیحییەکان ساڵی ٤٨٢ی ک/١٠٨٩ی ز، قودسیان گرتووە. و.

٢-صوری. و.

سەرکردەکان گەڕانەوەیان بە بەرژەوەند زانی. سوڵتان گوێی بۆ قسەی خێرخوازانی خۆی کلۆر کرد و سەری لەشکری وەرگێڕا و هەڵیکوتایە سەر «تەرتووس» و بە زەبـ‌ـری زۆر بە چۆکیدا هێنا و گرتی.[66] هەرچی ماڵ و سامانی کافرانە بە خەنیمەتی گرت و تەواوی مەسیحییەکانی ئەو شارەی ئەسیر کردن و پاشان بە ئاوری تووڕەیی گڕی پێوەنا و سووتاندی.

جڵەوی ئەسپی پەلاماری شل نەکردەوە و یەک لەدوای یەک بە شارەوشاری گومڕایاندا هات و گرتنی هەتا گەیشتە باژێری بەرزییە.[٦٧] ئەگەرچی ئەو شوێنە بۆ سەختی و هەڵەمووتی ناوبانگی دەنگی دابوویە و بە دیواری گەڕانگەڕییەوە سەری لە ٥٧٠ گەز تێپەڕیبوو، بەڵام دیسانیش بە زەبری شیران و بە فڕکەی تیران، کەوتە دەستی میسرییەکان. پاشان سەلاحەددین هەڵمەتی بردە سەر ئەنتاکییە؛ خەڵکەکەی دەستی نەکردەوە و پێکهاتنیان بە بەرژەوەند زانی و کافران تێکڕای دیلانی مسوڵمانی ڕاگیرکراوی نێو شارەکەیان ئازاد کرد. سەلاحەددین لەسەر داوای مەلیک زاهیری کوڕی، لە ئەنتاکییەوە ڕووی کردە حەلەب و سێ ڕۆژی لێ مایەوە. مەلیک زاهیر چۆن چاکە ئاوا بە دەورەی باوکیدا هات و خوانی میرانەی بۆ ڕازاندەوە و گەلێک دیاریشی دایە خزمەتی. سوڵتان سەلاحەددین لەوێوە ڕۆیی بۆ حەما. تەقییەددینی حوکمداری وێ ئەوەندەی لە دەستی هات کەوتە خزمەت کردنی و ئەویش برازاکەی خۆی بەسەرکردەوە و جەبەلە و چەند جێگایەکی دیکەشی خستە سەر هەرێمی دەسەڵاتی. ئینجا ڕووی کردە دیمەشق و چەند ڕۆژێک لەو شارە وچانی دا. لەوێشەوە ڕکێفی بەرەو باژێری «سەفەد» کوتا و بەبێ شەڕ و گەڕ و قڕە گرتی و «کەرەک» و «کەوکەب»یش هەر بەو دەستوورە خۆیان بەدەستەوە دا. لـەوێـوە بـە شـەنگەشەنگ بەرەو قودس بزووت و نوێژی جێژنی قوربانی لەو شوێنە پیرۆز بەجێهێنا. دوایە ڕۆیی بۆ عەسقەلان و ئەوێی لە مەلیک عادلی برای ئەستاند و لەجیاتیانی «کەرەک»ی دایە. پاش ئەم کارە بەرەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

عەککە کشا و فەرمانی دا هەتا شوورەی شارەکە نۆژەن بکەنەوە. ئەوسا خودی خاوەنشکۆی تەشریفی بردە «شەقیف» و ئەو قەڵا سەخت و پتەو و گەردنکەشەی گەمارۆ دا. حوکمداری شەقیف کە یەکێک بوو لە ئاقڵمەندان و پیاوماقووڵانی فەرەنگ، وەختایەک سۆسەی سەرکەوتنی سپای ئیسلامی کرد، بەتاقیتەنیا لە قەڵا هـاتـەدەر و بـەرەو خێوەتی ئەو خەدیوە پایەبەرزە بزووت. سوڵتان ئیزنی دیداری دا و دەستی ڕێزی لێنا و لە پەنا خۆی دانا. جا چونکە میوانی ڕێزدار چاکی زمانی عەرەبی دەزانی، بە خزمەتی ڕاگەیاند بۆیە هاتووم و زەحمەتم وەبەر مەزنانی دەرگانەی فەرمانڕەوایەتی ناوە تا بە گەورەیی خۆت بەسەرم بکەیەوە و ئیزنم بدەی بڕۆمە دیمەشق و لەوێ نیشتەجێ بم. ئەگەر بکرێ مووچەی ساڵەوساڵم لە دیوانی بەرزەوە بۆ ببڕنەوە و ئەوەندەم لە دەغڵودان و دراو بۆ وەبەر چاو بگیرێ کە خۆم و ماڵ و منداڵی پێ بەخێو بکەم و چاوم لە دەستی کەس نەبێ. بێتوو ئەم داوایەم قبووڵ بکرێ، قەڵاکە دەدەمە دەست خزمەتکارانی پایەبەرزی خاوەنشکۆ.

سوڵتان سەلاحەددین بە ڕووی خۆشەوە داواکەی لێ سەلماند و حوکمداری شەقیف گەڕاوە قەڵایە و سپای ئیسلام دەستی لە هەڵمەت و ڕاسان و گەمارۆ هەڵگرت و دڵی دایە سەر باری پێکهاتن و ئاشتەوایی. دوای چەند ڕۆژێک ڕوون بۆوە کە ئەو کافرە بە فرتوفێڵ لە قەڵا دەرکەوتووە و بەم قسانە ویستوویەتی کە میسری چی دیکە تەنگ بە خەڵکی شارەکە هەڵنەچنن و هەلێک برەخسێ بۆ نۆژەنی شوورە و کڵاوقووچەکانی دەوراندەوری و چی پاشەکەوتیش پێویستە ببرێتە نێو قەڵاوە.

وەختایەک سوڵتان سەلاحەددین گرتی و درۆ و دەلەسەی کابرای لێ سوور بۆوە، شریخاندی و سەرلەنوێ دەنگی لەشکری هەمیشە باڵادەستی دایەوە و بە دابی جاری پێشوو دەوری قەڵا گیرایەوە. دلێرانی لەشەڕزان دەست بە کار بوون و

ئامرازی قەڵاشکێن شانیان تێککێشا و لەجێی لەبار دامەزرێندران. لەو جەنگەیەدا هەواڵیان هێنا کە لافاوی لەشکرێکی بێئامانی فەرەنگییان گەیوەتە عەککە و پێوەیە ئابڵۆقەی شارەکە بدا.(٦٨) مەلیک عادل کە ئاوای دی، ملی بۆ پێکهاتن لەگەڵ کافرانی شەقیف ڕاکێشا و بڕیار درا تا شارەکە بە تەواوی چەکوچۆڵ و جبەخانە و یەکسم و بارەبەرانەوە بدرێتە دەست فەرەنگییان و سەرباری ئەوەش دووسەت هەزار دیناری زێڕیشیان بۆ بخرێتە سەر. هەروەها سەت کەس لە پیاوماقووڵان و پێنسەت کەس لە بۆرەپیاوانی بە دیل گیراو ئازاد بکرێن. لە بەرانبەردا ئەوانیش ڕێ بۆ مسوڵمانان بەردەن تا بە سلامەتی لەو شارە وەدەرکەون. سوڵتان بە بیستنی ئەم ڕێککەوتنە وێکهات و مچوڕکی پێدا هات و گوتی شتی وا نە دەبێ و نە دەکرێ! بەڵام تەگبیرکەران و شارەزایان وایان بە بەرژەوەند زانی دەست لە گەمارۆی شەقیف هەڵگرێ و ئەویش گوتی با وابێ.

پاشان سەلاحەددین، مەلیک ئەفزەلی حوکمداری دیمەشقی ڕاسپارد کە هێزێک بەرێ و قەڵای عەسقەلان خاپوور بکا، چونکە لەوە دەترسا ئەگەر چاوی سپای ئیسلام لەو شوێنە ون بێ، کافرانی فەرەنگی بیگرن و لەوێوە بە ماڵ و سامانی خەڵکی عەسقەلان تەیار و خەنی بن و پەلاماری بەیتولموقەددەس بدەن و بیگرن. مەلیک ئەفزەلی کوڕی پایەبەرزی سوڵتان ڕووی کردە عەسقەلان و داوای لە دانیشتووانی کرد هەرچی زووە خۆیان کۆ کەنەوە و ماڵوکۆچیان تێکەوەپێچن و ڕایگوێزن بۆ ناوچە و مەڵبەندی دیکەی شام. بەم فەرمانە جەماوەری عەسقەلان تەمی خەمیان لێ باری و کەوتنە سەر باری لێوبەباری و دڵ و دەروونیان تاریک داهات و لەو شتانەوە دەستیان کرد بە هەڕاجی ماڵی خۆیان کە نەغد نەدەکرانەوە. بۆ نموونە شتێک ئەگەر دە درەمی دێنا، داوای درەمێکیان لێ دەکرد و کەس نەیدەکڕی و پووڵەسووتاوێکی پێ نەدەدا.

لە «میرئاتوجچینان»دا نووسراوە: «عەسقەلانی دوازدە مریشکیان دەدا بە دینارێک، جا ئەتۆ لەو پێودانە برۆ و سەری لێ بخوێنەوە.»[١]

بەکورتی هەر لە بیستی مانگی شابانەوە هەتا یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان، کۆمەڵێکی بەرچاو خۆیان لە خاپووراندنی ئەو شوێنە هەڵکرد و ئاداریان بە سەر پادارییەوە نەهێشت و سەرەنجام ئاوریان بە گەرەکەماڵانەوە نا و کردیانە خاک و خۆڵەمێش. دواتر چوونە زگ شاری «لودد» و قەڵای «ڕەملە» و ئەوانیشیان بە دەردی عەسقەلان بردن و داریان لەسەر بەردی نەهێشتن و بە کاولی بەجێیان هێشتن.

لەو هاتوباتەدا مەلیک عادل نامەیەکی بۆ باوکی نارد و ڕایگەیاند کە فەرەنگی بەوە ڕازی بوون ئەگەر دەست لە کەناراوەکان هەڵگرین، لەگەڵمان پێک بێن و ئیدی ببڕایببڕ تخوونی خاکی مسوڵمانان نەبن. سوڵتان سەلاحەددین ئیزنی دا و مسوڵمان و فەرەنگی پێکهاتن و پەیمانی ئاشتی مۆر کرا و سوێندی خەستوخۆڵی دیندارانەی لەسەر خورا. لەو ساوە بازرگانان دەستیان کردەوە بە هاموشۆی نێوانیان و بازاڕ ڕمێنی پەیدا کردەوە. لە دوایە سوڵتانی پشت و پەنای دین سەلاحەددین، ڕۆیشتەوە بەیتولموقەددەس و ئیزنی مەلیک زاهیر و مەلیک ئەفزەلیشی دا بگەڕێنەوە هەرێمی دەسەڵاتی خۆیان. سوڵتانی هێژا تەشریفی چەند ڕۆژێک لە بەیتولموقەددەس مایەوە و پاشان ڕۆیی بۆ دیمەشق. ڕۆژی ٢٧ی شەشەکانی ساڵی ٥٨٨ی ک/١١٩٢ی ز، گەیشتە پایتەختی شام. تەواوی کوڕەکانی لەگەڵ حوکمدارانی شام لە خزمەتیدا کۆبوونەوە. چەند مانگێک بە کۆڕی بەزم و شادی و پێکەنین و میوان و میوانداریەوە خەریک بوون.

ساڵی داهاتوو، ڕۆژی هەینی ١٥ی مانگی سەفەری ٥٨٩ی ک/٢١ی فێورییەی ١١٩٣ی ز، سوڵتان سەلاحەددین، چوو بۆ بەخێر هێنانەوەی حاجییان و پاش

---

١-بە قەڵەمی عەبدوڵڵا یافعی. و.

گەڕانەوەی نەخۆش کەوت و گەرمەتا دایگرت و بە جێوبان بۆی کەوت. هەر لەو مانگەدا کە دەبێتە ٢٧ی سەفەری ٥٨٩ی ک/٤ی مارسی ١١٩٣ی ز، ڕووی کردە بەر پەساری ڕەحمەت و لێخۆشبوونی پەروەردگار. پاش نەمانی سوڵتان، خواروژووری کۆمەڵانی خەڵک بە ڕەمەکی و بژاردەوە لە قوڵپی گرنیان داوە و گەرمەشینیان بۆ گێڕاوە و ئاراوقارایان لێ هەڵگیراوە. کاتێک جەماوەر چاویان بە تەرمی ئەو پادشا دادەوانە کـەوتـووە وایـان لە گابۆڕێ داوە و کارەساتێکیـان گێڕاوە، کەس شتی وای نەدیوە.

سوڵتان سەلاحەددین پادشایەک بوو دادپـەروەر و یـەکجار ئازا و [دڵاوا][1]. زانایان و مەزنەخوێندەوارانی خۆش دەویستن و هەمیشە هەوڵی دەدا لە هیچیان کەم نەبێ. هەر لەو ساڵەوە کە بوو بە پادشای میسر وازی لە شەراب و کار و ئاکاری ڕێپێنەدراو هێنا. لە ڕۆژگاری دەسەڵاتیدا گەلێک ناوەندی خێر و چاکەی لە خاکی میسر و شام ساز کردن و مڵکوماش و زەویوزارێکی زۆر چاک و بەرێژەوی بەو شوێنە گرینگانەوە بەستن و بۆی کردن بە «وەقف» و لێرەدا بە درێژی باسیان دەکەین:

١- مەدرەسەی فەرراقەی بچووک، کە لە نیزیک موغبەرەی ئیمامی شافعییە، ڕەزای خودای لێ بێ. ٢- مەدرەسەی قاهیرەی موعیززییە،[2] کە لە تەنیشت ئەو گومبەزەیە گـۆیا ئیمام حوسێنی تێـدا نێـژراوە، ڕووسـووری دنیـا و قیـامـەت بێ. ٣- خـانـەقـای جـێکـۆشکی سەعید سوعدا، یـەکێـک لـە خـەلیفـەکانی

١-لە لاپەڕە ٤٨ی بودلیان وەرگیراوە. و.

٢- مەبەست «موعیززوو لی دینیللا»، ئەبووتەمیمەیە. ئەبووتەمیمە یەکێکە لە خـەلیفـەکـانی فـاتمـی و سـاڵی ٣٤١-٣٦٥ی ک/٩٥٢-٩٧٥ی ز، حکـوومەتی کـردووە. ئەم خەلـیفەیە سـاڵی ٩٦٩ی ز، قاهیرەی ساز کردووە، بۆیە کورتکراوەی ناوی ئەوی دەخرێتە سەری. و.

www.zheen.org

ئیسماعیلییە.[١] ٤- مەدرەسەی حەنەفییە کە پێشتر کۆشک و سەرای هەباسی کوڕی سەلار بووە و دەستێکی پێداهێناوە و نۆژەنی کردۆتەوە. ٥-مەدرەسەی شافعییە، کە لە میسر پێی دەڵێـــن «زەینوتتوجار». ٦-مـــەدرەســـەی مـالیکییـــە لـــە قـــاهیـــرەی موعیززییە. ٧- نەخۆشخانەیەک کە لە نێو کۆشکی خۆیدا بووە. ٨- مەدرەسە و خانەقایەک کە لە قودسی خەلیل بناغەی داناوە و تەواوی کردووە.

دەڵێن سوڵتان سەلاحەددین ئەوەندە پیاوێکی بەدڵ و دەروون بووە، کە سەرەڕای بەربڵاوبوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و داهاتی بەلێشاوی و دەسکەوت و خەنیمەتی خواپێداوی، دوای نەمانی کە سەری خەزنەیان داوە، تەنیا ٤٧ درەمی زێوی لە پاش بەجێماوە. ئەوەش هەر خودا دەیزانێ.

### ئەبولفەتح عوسمان کوڕی سەلاحەددین یووسف

سوڵتان سەلاحەددین هەر بە زیندیسەر خۆی حکوومەتی میسری دابوویە دەست عوسمانی کوڕە گەورەی و ناسناوی مەلیک عەزیزی پێ بەخشیبوو. کاتێک هەواڵی مەرگی ئەو عەزیزەی میسری دادەوانی گەیشتە لای عەزیزی میسر، لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی داوە و مەزن و ماقووڵانی ئەو خاکە سەرلەنوێ بوونەوە سوێندخۆری و پەیمانیان لەگەڵ بەست. مەلیک عەزیز پاش ئەوەی سەروبەری کاروباری وڵاتی بردنەوە سەر یەک و دڵی حەسایەوە، لەگەڵ مەلیک عادلی مامی کەوتە کەینەوبەینە و سێ جار دژی مەلیک ئەفزەلی برای لەشکری بەرەو دیمەشق ئاژاوت. مانگی ڕەجەبی ٥٩٢ی ک/١١٩٦ی ز، پاش گەمارۆی شارەکە و شەڕ پێفرۆشتنی، گرتی و مەلیک ئەفزل ڕاکردنی لە ڕاوەستانی بە باشتر زانی. پاش

١-ئیسماعیلی ناسراون بە حەوت ئیمامی، باتنی (باطنی)، حەششاشین، مولاحیدە، فاتمی و فیدایی. ئیسـماعیلی لکێکن لە ڕێبـازی شـیعە کە بڕوایـان وایە ئیمامەکانیـان بە ئیسـماعیلی کـوڕی ئیمـام جەعـفەری سـادق دادەکـوژێ، کە حەوتەم ئیمـامە... . بـڕ: دێهخـودا، ب ٢، ل ٢٥٤٨. و.

سەرکەوتن، مەلیک عەزیز، مەلیک عادلی برای لەوێ دانا و کردی بە فەرمانڕەوا و خۆی گەڕایەوە میسر. ساڵی ٥٩٣ی ک/١١٩٥-١١٩٦ی ز، سەیفولئیسلام توغرۆڵتەگین (توغتەگین) ی کوڕی نەجمەددین ئەییووب کە حوکمڕانی یەمەن بوو، دەستی لە دنیای نەمێن بەردا. پاش نەمانی فەتحەددین سمایلی کوڕی کە پێیان دەگوت مەلیک موعیز، لە یەمەن بوو بە شا. ساڵی ٥٩٥ی ک/١١٩٨ی ز، مەلیک عەزیز لە میسر کۆچی‌دوایی کرد. شۆڕەلاوێک بوو یەکجار مەند و مەتین و بەناموس و دڵاوا. پاش نەمانی، میسری بوونە دوو باڵ و لێکدابڕان. باڵێکیان لەسەر پادشایەتیی کوڕی مەلیک عەزیز پێکهاتن کە ناوی عەلی بوو ناسراو بە مەنسوور. باڵەکەی دیکە ناردیان بە شوێن مەلیک ئەفزەلدا و سەریان وەبەرهێنا.

## پادشایەتیی مەلیک ئەفزەل کوڕی سەلاحەددین یووسف

هەروەک پێشتر باسی کرا مەلیک ئەفزەل لە سەردەمی باوکی‌دا کرابوویە حوکمداری دیمەشق، بەڵام پاش نەمانی سوڵتان سەلاحەددین، مەلیک عەزیزی برای بە یاریدەی مەلیک عادلی مامی، سێ کەڕەتی لەشکر ناردە سەری و هەوساری حکوومەتی لە چنگ دەرکێشا. پاشان سەرخەدی باربوو کرد و لەوێ دەژیا. کاتێک مەلیک عەزیز ڕووی کردە دنیای خامۆشان، ئەسپی بەرەو میسر تاو دا و چەند ڕۆژێک لەسەر تەختی مەزنایەتی پاڵی دایەوە. هێندەی پێنەچوو کە مەلیک عادلی مامی بە خۆی و لەشکرێکی بەجەرگ و ئازاوە گەیشتە میسر و لەسەر دەسەڵاتی لابرد و شاری شمیشاتی پێ بەخشی.(٦٩) بەم شێوەیە حکوومەتی میسر کەوتە دەست مەلیک عادل و مەلیک ئەفزەل ڕۆیی بۆ شمیشات و هەتا ئاخری تەمەنی لەوێ بوو.(٧٠) ساڵی ٦٢٢ی ک/١٢٢٥ی ز، سەری بردە بەر پەساری ڕەحمەتی یەزدانی مەزن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە مێژووی «یافعی»دا نووسراوە: مەلیک ئەفزەل پیاوێک بووە پڕ و پیتۆڵ و زانا. گوێی بۆ مامۆستا و مەلا مەزنەکانی زەمانی خۆی ڕاداشتووە و حەدیسی لێ وەرگرتوون و خەتیشی یەکجار خۆش بووە. زۆری ڕێز داناوە بۆ زانایان و چاکیان پێڕاگەیشتووە. تەکولۆی نەخستۆتە کاروباری دادەوانی و دەستودڵوازی. چاکی لە نووسینی پەخشان و نامیلکە و نامە زانیوە. لە بەستێنی هۆنینەوەی هۆنراوەدا ئالای شارەزاییی هەڵداوە؛ بۆ وێنە پاش ئەوەی عەزیزی برای ناسراو بە عوسمان و عادلی مامی کە پێیان دەگوت ئەبووبەکر چوونە سەری و دیمەشقیان لە چنگ دەرهێناوە، ئەم شێعرانەی داناوە و ناردوویە بۆ ناسری خەلیفەی [عەبباسی]:

بە زەبری شیر پێشێلیان کرد مافی عەلی بێسێودوو
گەورەم، ئەبووبەکر و عوسمان کە بوونە یار و نەیاری
گەرچی باوکی بە زیندیسەر عەلی کربوویە جێگری
بەڵام بەیعەتیان وەلا نا و هیچیان نەچوونە ژێر باری
وەکوو دیارە خۆ هەموو شت گەلێ ڕوون و ئاشکرایە
بزانە چۆن کوێر کراوە، ئەو ڕێبازەی کرا دیاری

خەلیفە ناسر لە وڵامدا ئاوا بە شێعر وڵامی داوەتەوە:

نامەی تۆ گەیشتە دەستم باخەبەر بە کوڕی یووسف
کە پڕ بوو لە خۆشەویستی و ڕوون بوویەوە ڕەسەن پاکی
پێخوس کرا مافی عەلی چونکە لە پاشی پێغەمبەر
لە نێو شاری مەدینەدا کەس نەبوو بە یاری چاکی

مزگێنی بێ لە دوارۆژا، مافی تۆ دێتەوە جێی خۆی
ناسر پشتیوانی تۆیە، لەسەرخۆ بە کەسی کاکی

نەسرولڵا کوڕی ئەبولکەڕەم زیائەددین محەممەد کوڕی عەبدولکەریم شەیبانیی جەزەری، وەزیری مەلیک ئەفزەل بووە. نەسرولڵاش هەروەک براکانی دیکەی خۆی، یانی عیززەددین عەلی و مەجدەددین ئەبووسسەعادات بەناوبانگە بە ئیبنوولئەسیری جەزەری. ئەم ئیبنوولئەسیرە سەرتۆپی تەواوی زانایانی زەمانی خۆی بووە و لە هەموو زانستێکدا هەتا لووتکە هەوراز چووە. ئەوەندە چاکی لە نووسینی پەخشان و نامە زانیوە کە شتی وا بە خەیاڵدا نایە. لەدایکبووی جزیرەی ئیبنوو عومەرە و هەر لەوێ هەڵیداوە و گەشەی کردووە. لە تافی کاڵی و منالّیدا هەموو قورئانی میری مەزنی فرەزانی لەبەر کردووە. دەڵێن هێندە بیرتیژ بووە کە تەواوی دیوانی ئەبووتەممام و بوحتەری و موتەنەبیی لەبەر بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە مێژووی «یافعی»دا لە زمان «ئیبنوو خەلەکان»ی[٧١] «مەروی»یەوە نووسراوە: کاتێک ئیبنوولئەسیر دەستی لە خوێندنی زانستان بۆتەوە و تەواوی کردوون، چۆتە خزمەت سوڵتان سەلاحەددین و ئەویش وەبەردڵی کەوتووە و کراوەتە وەزیری مەلیک ئەفزەل.

ئیبنوولئەسیر هەتا ئەو ڕۆژەی کە عەزیز و عادل دیمەشقیان لە دەست مەلیک ئەفزەل دەرهێنا، هەر بە کاروباری وەزارەتەوە سەرقاڵ بووە. پاش ئەم ڕووداوە چونکە ئیبنوولئەسیر دڵی لەم دووە دەترسا و لێیان تۆقیبوو، لە کەلێنێک خۆی حەشار دا. یەکێک لە پەردەدارانی مەلیک ئەفزەل خستییە نێو سندووقێکەوە و قفڵ و قەڕازەی دا و لە وشترێکی ناو لەو شارەوە بردی بۆ میسر. لەوێش بوو بە بریکار و وەزیری کوڕی عەزیز. کاتێک مەلیک عادل میسریشی داگیر کرد، ئیبنوولئەسیر لەوێشەوە ڕایکرد و ڕۆیی بۆ حەلەب. ماوەیەک لای مەلیک زاهیر

مایەوە و خزمەتی پێکرد. لەوێش نەحەجمی و ڕووی کردە مووسڵ و لەوێش گیر نەبوو چوو بۆ سنجار (شنگال). پاش ماوەیەک سەرلەنوێ گەڕایەوە مووسڵ و هەتا مرد هەر لەوێ بوو. لە ڕووی ئەو کتێبانەوە کە دایناون بلیمەتی و زۆرزانیی ئەو پیاوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆ نموونە یەکیان کتێبی «المثل السایر»ە، کە سەبارەتە بەو ڕێوشوێنەی پێویستە شاعیران و نووسەران بیزانن. هەروەها دوو کتێبی دیکەشی نووسیون کە بریتین لە: «الوشی المرقوم فی حل المنظوم»، لەگەڵ «المعانی المخترعە فی صناعة الانشا». ئەم وەزیرە مەزنەمامۆستایە، ساڵی ٦٣٧ی ک/ ١٢٣٩ی ز، ڕووی لەم دنیایە وەرگێڕاوە.[٧٢] عیززەددین عەلی و مەجدەددین ئەبووسسەعادات، هەردوو براگەورەی بوون.

## پادشایەتیی مەلیک عادل کوڕی نەجمەددین ئەییووب

لە مێژووی «یافعی»دا نووسراوە کە مەلیک عادل ژیر و بەڕاوتەگبیر بووە؛ هەر بۆیە سەلاحەددینی برای لە جەنگەی قەومانی ڕووداواندا ڕاوێژی پێ دەکرد. تامەزرۆی ڕۆژوو گرتن و شەونوێژان بووە. لە سەردەمی پادشایەتیی سوڵتان سەلاحەددینی کاکیدا ئاڵای حکوومەتی لە چەند شارێکی وەکوو «عەککە» و «کەرەک»ی شام هەڵداوە. پاش نەمانی مەلیک عەزیزی برازای دەسەڵاتی بە سەر میسر و شامدا شکایەوە و عەلی کوڕی عەزیز کە ناسرابوو بە مەنسوور، ناردی بۆ شاری ڕوها و ڕاپەڕاندنی کاروبار و پەرەپێدانی ئەو خاکەی دایە دەست مەلیک کامیلی کوڕی. حکوومەتی دیمەشقی ئەسپاردە کوڕێکی دیکەی کە مەلیک موعەززەم بێ. دەسەڵاتی جزیرەی بەخشی بە مەلیک ئەشرەفی سێهەم کوڕی و جڵەوی دەسەڵاتی «ئەخلات»یشی دایە چنگ مەلیک ئەوحەد ئەییووبی چوارەم کوڕی. ئەوسا هات و بە خاترجەمی لە میسر بنەی داکوتا و سەری ئاڵای دەسەڵاتی هەتا هەیوانی بەرزی ئاسمان پێهەڵاچوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

❋ ❋

مانگی ڕەجەبی ساڵی ٥٩٨ی/١٢٠٢ی ز، مەلیک موعیز ئیسماعیل کوڕی سەیفولئیسلام توغتەگین کوڕی نەجمەددین ئەییووب کە لە وڵاتی یەمەن دەستی لە زوڵم و زۆر و کاری نالەبار نەدەپاراست و هەمیشە مەی فڕ دەکرد و سەرخۆش بوو، دەیگوت بە ڕەگەز دەچمەوە سەر بنەچەکەی خەلیفەکانی «ئەمەوی» لە ناوچەی «زوبەید» بەدەست سەرکردەکانی خۆی کوژرا. دوای نەمانی، مەلیک ناسری کوڕی کە هێشتا منداڵ بوو کرایە جێنشینی.

ئەبوولغەنایم موسلیم کوڕی مەحموودی شیرازی یەکێک لە زانا پایەبەرزەکانی هاوچەرخی مەلیک موعیز بووە. کتێبی «عجایب‌الاسفار و غرایب‌الاخبار»ی بەناوی ئەو مەلیک موعیزەوە داناوە.

❋ ❋

بنکەی ژین
www.zheen.org

ساڵی ٦٠٩ی ک/١٢١٢ی ز، مەلیک ئەوحەد ئەییووب کوڕی مەلیک عادلی میری ئەخلات، کە پیاوێکی ملهوڕی خوێنڕێژ بوو مرد و حکوومەتی بۆ مەلیک ئەشرەفی برای بە میرات بەجێهێشت.

❋ ❋

ساڵی ٦١٢ی ک/١٢١٥ی ز، مەلیک عادل نەوەیەکی مەلیک مەسعوودی کوڕی مەلیک کامیلی کردە میرهەرێمی یەمەن و باڵاپۆشی شانازیی خستە سەر شانی. کاتێک مەلیک مەسعوود گەیشتە کەوشەنی خاکی یەمەن، گەورەپیاوان و مەزن و ماقووڵان بە پیریەوە چوون و سەریان وەبەرهێنا و لەسەر تەختی بەختی جێیان بۆ خۆش کرد.

✵✵

ساڵی ٦١٥ی ک/١٢١٨ی ز، مەلیک عادل، بە سەد ئاخ و داخەوە دڵی لەم ئاووگڵەی دنیایە هەڵکەند و ڕووی کردە دنیای پاشین. پازدە کوڕی بە یادگار لە پاش بەجێما. لەوانە پێنجیان ئەستێرەی بەختیان درەوشایەوە و لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵیان دایەوە کە بریتی بوون لە: کامیل، موعەززەم، ئەشرەف، ساڵح و شەهابەددین غازی.

## باسی مەلیک ئەشرەف مووسا کوڕی مەلیک عادل

مەلیک ئەشرەف مووسای کوڕی مەلیک عادل، لە سەردەمی پادشایەتیی باوکیدا، کرابوویە میری ڕوها و پاش ماوەیەک هەرێمی «حەڕڕان»یشی خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. پاش مردنی مەلیک ئەوحەد، دەسەڵاتی مەلیک ئەشرەف زیاتری پەرە گرت و «ئەخلات»یشی وەبەر خۆی دا.

ساڵی ٦٢٥ی ک/١٢٢٧ی ز، مەلیک موعەززەم شەرەفەددین عیسای [کوڕی مەلیک عادل]، کە ئاڵای دەسەڵاتی لە دیمەشق دەشەکایەوە، کۆچیدوایی کرد و «داود»ی کوڕی کە پێی دەگوترا مەلیک ناسر جێی گرتەوە. ساڵی ٦٢٦ی ک/١٢٢٨ی ز، مەلیک کامیلی [کوڕی مەلیک عادل] بە مەبەستی گرتنی دیمەشق لە میسرەوە لەشکری دەنگ دا. مەلیک ئەشرەف شانی لە یاریدەی برای خۆش کرد. مەلیک ناسر مەیلی لە پێکهاتن بوو. پاش گۆڕینەوەی چەندین نامە و هاتن و چوونی کەیخودا و ڕاسپاردان، وایان دانا کە ناسر بە سەرۆکایەتیی کەرەک و شوبەک و نابلۆس ڕازی بێ و مەلیک ئەشرەف لە دیمەشق لەسەر تەختی دەسەڵات ئۆقرە بگرێ و ڕوها (ئۆرفا)، ڕەئسولعەین (سەرێکانی)، حەڕڕان و «ڕەققە»ش بەشی مەلیک کامیل بن. پاش ئەم بەشبەشێنە، مەلیک کامیل گەڕایەوە میسر.

مەلیک ئەشرەف بە پێوقەدەمی پیرۆزی خۆی بەرگی شانازیی بڕی بە باڵای دیمەشق و کەوتە بەسەرکردنەوە و دڵدانەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هێزی چەکدار و هەڵیدا ئاڵای دادەوانی. پادشایەکی یەکجار پشوودرێژ و دڵاوا بوو. ڕیشەی زوڵم و زۆری دەکێشا و نەیدەهێشت مافی خەڵک پێشێل بێ. ئاشقەدیداری پیاوانی تەگبیروڕا بوو. خێروبێری بەلێشاوی خوێندەواران و زانایانی دەگرتەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتیدا لە دیمەشق «دارولحەدیس»ێکی دانا و شێخ ئەبووعەمری کوڕی «سەلاح»ی کردە سەرۆکی.[١]

مەلیک ئەشرەف ساڵی ٥٧٠ی ک/١١٧٤ی ز، لە دایک بووە و ساڵی ٦٣٥ی ک/١٢٣٧ی ز، بارگەی بەرەو پاشەهەوار تێکناوە و چاوی لێکناوە.[٧٣] سەرداران و مەزنانی بارگای پاش بەجێهێنانی داب و دەستووری باوی بەڕێکردنی مردوو، سەرەتا بردوویانە لە قەڵای دیمەشق ناشتوویانە و پاش ماوەیەک دەریانهێناوەتەوە و ڕایانگواستۆتەوە ئەو کۆشکەڵەی کەوا سازی کردبوو لە لای مزگەوتی گەورەی شاری دیمەشق و ناشتوویانەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### باسی مەلیک کامیل محەممەد کوڕی مەلیک عادل[٧٤]

مەلیک کامیل پادشایەکی پایەبەرزی خاوەنشکۆ بوو. بە خێرۆمەند و دادپەروەر ناسرابوو. تاریفاتی چاکەی دەماودەم دەگەڕا. بۆ مشوورخۆری و ڕاوتەگبیری لە

---

١- ئەبووعەمر کوڕی سەلاح تەقیيەدین عوسمان کوڕی عەبدوڕڕەحمان کوڕی سەلاحی شارەزوورییە. هەڵکەوتەیەکی کوردە و یەکێکە لە زانا پایەبەرزەکانی ڕێبازی شافعی و بە پسپۆڕی بواری حەدیس و لێکدانەوە و زمان ناسراوە. ئیبنوخەلەکان دەڵێ ساڵێکم لە خزمەتی خوێندووە. ساڵی ٥٧٧ی یان ٥٧٨ی ک/١١٨١-١١٨٢ی ز، لە دایک بووە و ساڵی ٦٤٣ی ک/١٢٤٥ی ز، کۆچیدوایی کردووە.

(بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: پەڕاوێزی ل ١٧٨ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار و وشەدانی دێهخودا. و.)

نێو بژاردە و ئاپۆرەدا بەناوبانگ بوو. ڕێبازی پێغەمبەری خودای بەرنەدەدا و لێی لانەدەدا. ئەوانەی هێزیان وەبەر دینی بەرزی هەڵبژاردەی محەممەدی هێنابوو، وای خۆش دەویستن هەر نەبێتەوە. شەوانی هەینی لەگەڵ زانایان و مەزنەمەلایان ڕایدەبوارد و لەگەڵیان دەکەوتە قسە و باس و لێدوان و لە وردەکارییەکانی دەکۆڵییەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی‌دا لە قاهیرەی موعیززییە خوێندنگەیەکی یەکجار گەورە و بەرفرەوانی حەدیسی دروست کرد. لەسەر گۆڕی حەزرەتی ئیمامی شافعی، خودای مەزن لێی ڕازی بێ، گومبەزێکی یەکجار بەرز و بڵێندی ساز کرد.

مەلیک کامیل لە ڕۆژگاری ژیانی باوکی‌دا ئەرکی ڕاگەیشتن بە سەر کاروباری گرینگ و ئەستەمی هەرێمەکانی میسری خرابوویە سەر شانی و دەبوو سەرەوبەرەی پێدابان. ساڵی ٦١٥ی ک/١٢١٨ی ز، پاش کۆچی‌دوایی مەلیک عادلی باوکی، جێی گرتەوە و هێندەی پێنەچوو کە حیجاز و یەمەن و شامی گرت. لە تەواوی مزگەوتەکانی هەرێم و مەڵبەندەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی، هەروەختایەک مامۆستایان لە خوتپان‌دا دەگەیشتنە ناوهێنانی ئەو پادشا خاوەن‌شکۆیە دەیانگوت: «مەزنی مەککەیە بە عوبەیدانەوە، سەرداری یەمەنە بە زوبەیدانەوە، سەروەری میسرە بە سەعیدانەوە،[1] خاوەنی شامە بە مەزنانەوە، سەرۆکی جزیرەیە بە گچکانەوە. سوڵتانی هەردوو ڕووگانە، خێوی ئاڵای هەردوو دنیایە، خزمەتکاری مەککە و مەدینانە. یار و یاریدەری دینە، بۆ پێغەمبەر جێنشینە.»

١-صەعید بریتییە لە سێ ناوچەی بەربڵاوی میسر. و.

مەلیک کامیل ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژ چوارشەممۆ ٢١ی مانگی ڕەجەبی ٦٣٥ی ک/٨ی مارسی ١٢٣٨ی زایینی، لە قەڵای دیمەشق گیانی دەرچوو. ئەم پادشا دادەوانە چل بەهارێکی بە سەر تەمەنی‌دا تێپەڕیبوو.

**باسێک سەبارەت بە مەرگ و نەمانی پادشایانی میسر و شام و یەمەن**

لە مێژووی «یافعی»دا نووسراوە: ساڵی ٦١٢ی ک/١٢١٥ی ز. مەلیک مەسعوود یووسف کوڕی مەلیک کامیل لــەســەر فەرمانی باپیری لـەشکـری بـردە سەر یەمەن و گرتی و خاکی حیجازیشی خستە نێو بازنەی دەسەڵاتی خۆیەوە. مەلیک مەسعوودی فەرمانڕەوا ساڵی ٦٢٦ی ک/١٢٢٨-٩ی ز. لە شاری مەککەی بەرزەجێ مردن بەرۆکی گرت و لە جەنگەی داگەڕان بە دۆڵی نەمان‌دا پاشەواری ڕاسپاردن، نەکەن پاشی نەمانم، ماڵی بە میرات بەجێماوم بێنن و بیکەنە تێچووی خەڵات و نێژرانم. دەبێ تەرمەکەم بسپرێنە دەست شێخ سەدیق، کە یەکێکە لە پیاوچاکانی ڕۆژگار. با ئەو لە ماڵی حەڵاڵ‌وزەلاڵ و لەسەر ڕچە و ڕێبازی حەزرەتی پێغەمبەری پشتیوان، دروودی خودای لەسەر بێ، بەرگی قیامەتم بۆ ببڕێ و بمنێژێ. مەزنان و میرانی بارگای بەپێی وەسیەتی خۆی جووڵانەوە و شێخ سەدیق ئەو باڵاپۆشە جاوە ساکارەی خۆی بۆ کردە خەڵات کە حەج و عەمرەی پێوە کردبوون و پاشان هێنای لە گۆڕستانی ئاپۆرەی مسوڵمانان ناشتی. هەر لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەسەر کێلەکەی نووسرابوو: «ئەمە گۆڕی یووسفی کوڕی محەممەد کوڕی ئەبووبەکر کوڕی ئەییووبە، کە هەژارێکی چاو لە دەستی ڕەحمەتی خودای مەزنە.»

کاتێک هەواڵی مردن و نەمانی مەلیک مەسعوود گەیشتە میسر، مەلیک کامیل پەژارەیەکی قورسی بە سەر شانی‌دا هات و تازیەی بۆ داگرت و پرسەی بۆ دانا.

ساڵی ٦٣٢ی ک/١٢٣٤ی ز، «سەواب خادم»ی سەرلەشکری مەلیک کامیل، کە بە شۆڕەسواری ئازایەتی دەناسرا و ناوبانگی دەنگی دابوویەوە، بوو بە میوانی مەرگ. ئەم سەرکردەیە سەت غولامی وای لە پاش بەجێمان، کە هێندێک لە پاڵەوپشتی میرایەتی پاڵیان دایەوە. هەر لەم ساڵەدا، مەلیک زاهیری[١] کوڕی سوڵتان سەلاحەددین یووسف کە داود بوو ناوی و پێی دەگوترا ئەبووسولەیمان و لە قەڵاتی «بیرە» حکوومەتی دەکرد، کۆچوباری بەرەو دنیای پاشین لێنا و تەمەنی بڕایەوە. پاش نەمانی مەلیک زاهید، مەلیک عەزیزی برازای کە کوڕی مەلیک زاهیر بوو، دەستی بە سەر ئەو قەڵاتەدا گرت.

ساڵی ٦٣٣ی ک/١٢٣٥ی ز، مەلیک موحسین کوڕی سوڵتان سەلاحەددین مرد. پیاوێکی یەکجار خوێندەواری زانا بوو، کە چاکی لە زانستی حەدیس و کاکڵی فەلسەفەی دین و ڕێوشوێنەکانی دەزانی. بە پیاوچاکی و خاکەڕایی دەژیا و زۆر بەو بارانەدا شکابۆوە.

ساڵی ٦٣٤ی ک/١٢٣٦ی ز، مەلیک غیاسوددین محەممەد کوڕی مەلیک زاهیر (زاهید) کوڕی سەلاحەددین یووسف لە حەلەب ڕووی کردە جیهانی پاشین. ئەم مەلیکە پاش نەمانی باوکی، لە تەمەنی چوار ساڵیدا بە جێگرەوەی داندرابوو.

ساڵی ٦٣٥ی ک/ ١٢٣٧ی ز، مەلیک ئەشرەف لە دیمەشق کۆچیدوایی کرد و مەلیک ساڵحی برای کە ناوی ئیسماعیل بوو، جێی گرتەوە. مەلیک کامیلی کوڕی مەلیک عادل، هێرشی هێنـایە سەر دیمەشق و ئیسماعیل دەرگای لەسەر خۆی گاڵەدا و بۆی دامەزرا. مەلیک کامیل دەورەی تەنی و سەرەنجام پێکهاتن. هەروەک پێشتر باسمان کرد، مەلیک کامیل دوای دوو مانگ مانەوەی بە کەیفخۆشی و دەسەڵاتەوە لە دیمەشق، نەخۆش کەوت و ڕۆیی بۆ سەفەری بێگەڕانەوە. دوو

---

١-دەقی بودلیان، ل ٥٤: «زاهید»؛ ئەمەیان دروستە و «زاهیر» هەڵەیە. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

شەووڕۆژ مردنەکەی بێدەنگەی لێ کرا، بەڵام ڕۆژی سێهەم کە هەینی بوو، پێش ئەوەی مەلا لە مینبەر وەسـرکـەوێ، یەکێک هەستا پێ و گوتی: «خودایە مەلیک کامیل باوێیە بەر بەزەییی خۆت و سێبەری پادشایەتیی مەلیک عادلمان لەسەر کەم نەکەی!»

حەشیمەتەکە بە بیستنی ئەم هەواڵە بەجارێک داچڵەکین و ڕاچڵەکین و هارووژان و دایانە پڕمەی گـریان و چـۆڕاوی فـرمێسکیان لـووزەوی بـەست. مەزنان و سەرکردەکانی دەسەڵات وایان بە بەرژەوەند زانی تا موزەففەرەددین یوونسی برای کە ناسرابوو بە مەلیک جەواد، لەبری مەلیک عادلی کوڕی مەلیک کامیل بە کاروباری دیمەشق ڕابگا و بەڕێوەی بەرێ. ئینجا چوون و لە تەنیشت مزگەوتی گەورە، گۆڕێکیان بـۆ مەلیک کامیل هەڵکەند و تەرمەکەیان لە قەڵاتەوە برد و لەوێ ناشتیان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### باسی پادشاکانی دیکەی ئەو مەزنەخانەدانە و چۆنیەتیی ئاوابوونی هەتاوی بەخت و دەسەڵاتیان

بەپێی دەقی مێژووی یافعی، پاش نەمانی مەلیک کامیل، مەلیک عادلی کوڕی لە میسر جێی گرتۆتەوە و مەلیک جەواد لە دیمەشق بۆتە بریکاری. ساڵی ٦٣٧ی ک/١٢٣٩ی ز، پیاوماقووڵان و سپاسالاران، ڕاوێژیان لێ کرد و گوتیان چونکە زۆر منداڵە و ناتوانێ هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، با مەلیک ساڵح ئەییووبی برای پادشا بێ. بۆ بەدی هاتنی ئەم مەبەستە، ڕۆژێک مەلیک عادلیان نایە تای کەژاوە و لە کۆشکی دەسەڵاتەوە بـردیانە دەر و چەکدارێکی زۆر دەورەیـان تـەنـی و ڕایـانگـواستـە قـەڵایـە و لـەوێ دەستبەسەریان کرد.

مەلیک ساڵح دوای گیرانی براکەی، تاجی دەسەڵاتی سەربەخۆی نایە سەری و بەدەستی پڕ خێروبێری چەتری دادەوانی و چاکەی لەسەر سەری کۆمەڵانی خەڵک

هەڵدا. دەستی بە سەرورِووی مـزگەوت و پەساری جێراز و نیازی وڵاتەکەدا کێشا و بووژاندنییەوە و چۆن چاکە ئاوا لەگەڵ جەماوەر لاقی ڕاکێشا. پاش ئەوەی سەرەوبەرەی دا بە کاروباری خاکی میسر و لێ بۆوە، لەشکری بەرەو دیمەشق گاڵ دا و مەلیک جەوادی لەسەر کار لابرد و ناردی بۆ ئەسکەندەرییە و لەوێی بە حوکمڕان دانا. هەر لەوێش پێی نایە ڕکێف و فەرمووی تا جەواد بێ و سەرپۆشی زینەکەی باوێتە سەر شانی و چەند هەنگاوێکی لە بەر ڕکێفیدا بڕوا؛ بەڵام پاشان لەو سووکایەتی پێکردنەی پەشیمان بۆوە.

دوای ئەم کارانە، مەلیک ساڵح ئەسپی بەرەو «غەور» ئاژاوت و ناردی بە شوێن سمایلی مامی‌دا کە حوکمڕان بوو لە بەعلبەک و پێیان دەگوت مەلیک ساڵح. مەلیکی بەعلبەک وای بە بەرژەوەند زانی سەر وەبەر برازاکەی نەهێنێ، بۆیە داوای لە «موجاهید»ی حوکمداری حومس کرد هەتا بچێتە یاریدەی و ئەویش بەگەرمە پشتی گرت و هێزی بۆ نارد. پاش ئەم کەینەوبەینەیە لەشکری بەرەو دیمەشق دەنگ دا و بە کوێرەڕێیەکدا بەپڕتاو ڕۆیی و هەتا لە نێو شارەکە هەڵنەقوڵی، کەس پێی نەزانی. کاتێک سەرکردەکان و کاربەدەستانی باڵادەستی مەلیک ساڵح ئەم هەواڵەیان بیست، لە دەوری تەکینەوە و بە پشتییەوە نەمان و هاتن و سەریان وەبەر مەلیک ساڵح (سمایل) هێنا.

پۆلێک لە چەکدارەکانی مەلیک ناسری حوکمداری کەرەک لووت‌وبزووت تووشی مەلیک ساڵح بوون و لەڕێوە گرتیان و بردیانە لای مەزنی خۆیان و لە قەڵای کەرەک خستییانە زیندانەوە. مەلیک عادل پاش ئەوەی چاوی مەلیک ساڵحی لێ ون ببوو، توانیبووی خۆی لە بەند ڕزگار بکا و لە میسر بچێتەوە سەر دۆخی جارانی؛ بۆیە وەختایەک بیستی مەرەدێکی ئاوای بە سەر هاتووە، ڕایسپاردە لای مەلیک

ناسر کە سەت دینارت [1] بە دیاری بۆ دەنێرم، ئەگەر مەلیک سالحم بۆ بنێری. ناسر پێشنیارەکەی نەسەلماند و دەغالەتی بە مەلیک سالح کرد و شانبەشانی بەرەو میسر هات و لەشکری هێنا. پاش ئەوەی لە سنوورەکانی ئەم خاکە نیزیک بوونەوە، سەرلەبەری مەزنان و سەرکردەکان، دڵیان بۆ مەلیک سالحی کورکاند؛ بۆیە سەرلەنوێ مەلیک عادلیان گرتەوە و بردیانەوە زیندانی قەڵا. ئەوسا بە پیریەوە چوون و هێنایانەوە سەر تەختی دەسەڵاتی میسر و کردیانەوە بە پادشا و مەلیک ناسریش گەڕایەوە قەڵای کەرەک.

ساڵی ٦٣٨ی ک/١٢٤٠ی ز، مەلیک سمایلی پادشای دیمەشق، لەبەر هەر قینەبەرایەتییەکی کە بووی، قەڵای «شەقیف»ی بەدەست کافرانی فەڕەنگەوە دا. عیززەددین عەبدوسسەلام و ئەبوعەمر کوڕی ئەلحاجب کە دوو کەس بوون لە مەزنە زانایانی شام، بەرهەڵستی بوونەوە و کارەکەیان بە نابەجێ دانا. سمایل لێیان بە ڕقدا چوو، بۆیە عیززەددین عەبدوسسەلامی لە ئیمامجومعەیەتیی شاری دیمەشق خست و لەگەڵ ئەبووعەمری کوڕی ئەلحاجب ناردی بۆ زیندان.

ساڵی ٦٤١ی ک/١٢٤٣ی ز، ئەو مەلیک جەوادەی کە ماوەیەک دوای مەلیک کامیل جڵەوی حکوومەتی دیمەشقی بەدەستەوە گرتبوو، ڕووی کردە دنیای دیکە.

ساڵی ٦٤٥ی ک/١٢٤٧ی ز، مەلیک عادلی کوڕی مەلیک کامیل لە بەندیخانەدا مرد.(٧٥) کوڕێکی لە پاش بەجێما بەناوی عومەر ناسراو بە مەلیک موغیس. دوای نەمانی باوکی ئەویشیان خستە نێو زیندانی قەڵایە. پاش قەومانی ئەم ڕووداوانە، چەند جارێک شەڕ لە نێوان مەلیک سالح ئەییووبی فەرمانڕەوای میسر و مەلیک سالح سمایلی حوکمڕانی دیمەشق و مەلیک ناسری میری کەرەکدا هەڵگیرسا و

---

١-دەبێ سەتهەزار بێ. و.

زۆربەی جاران مەلیک سمایل تێکشکا. سەرباری ئەوانەش پەتای تاعوون دیمەشقی داگرت و قاتیوقڕیش ڕیشەی خەڵکی کێشا.

نێوەڕاست مانگی شابانی ساڵی ٦٤٧ی ک/١٢٥٠ی ز، مەلیک ساڵح ئەییووب لە مەنسوورە کۆچیدوایی کرد.[٧٦] «قەتایا»ی زێڕخڕید (مەملووک)ی مەلیک ساڵح، لەگەڵ چەند کەس لە سەرۆکان و سەرکردەکان، هەتا سێ مانگان نەیانهێشت کەس بە مردنی بزانێ. لەو ماوەیەدا ناردیان بە شوێن مەلیک موعەززەمی[٧٧] کوڕیدا کە لە شام دەژیا و دۆزییانەوە و هێنایانەوە و پاش گەیشتنەوەی بۆ قاهیرە، نەمانی باوکی لە قاو درا و ئەوی لە جێی داندرا. لەڕێوە دەقی خوتپەی مزگەوتان و دراوی وڵات بەناوی مەلیک موعەززەمەوە ڕازانەوە.

ساڵی ٦٤٨ی ک/١٢٥٠ی ز، کافرانی فەرەنگی[٧٨] لەشکریان بەرەو میسر دەنگدا و مەلیک موعەززەم لێیان وەدەست هات و لە «مەنسوورە» شەڕێکی گەورە قەوما. شنەی سەرکەوتن ئاڵای مەلیک موعەززەمی شەکاندەوە و سپای پەلاماردەران خۆی بۆ ڕانەگیرا و بوو بە ڕۆژی حەشر و حەلەلا و حەوتهەزار کەسیان بە دەمی تیخی مووکار تێداچوون. قەڕاڵی فەرەنگ کەوتە بەر پەنجەی چارەنووس و بە دیل گیرا و لە قەڵای مەنسوورە خرایە سیاچاڵەوە. پاش ئەم سەرکەوتنە مەلیک موعەززەم دایە لانی بەدفەڕی و لاساری، بەڵام غولامانی باوکی لێی هەڵگەڕانەوە و گرتیان و کوشتیان. عیززەددینی تورکمانیش کە یەکێک بوو لەو غولامە زێڕخڕیدانە، کردیانە سەرکردەی سپا و لە «مەنسوورە»وە ئاڵایان بەرەو گرتنی قاهیرەی موعیززییە هەڵدا. قەڕاڵی یەخسیرکراویش بە پێنسەدهەزار دینار[٧٩] خۆی کڕییەوە و شاری «دمیات»یشی دانە دەستی و بۆی دەرچوو.

لەو هاتوباتەدا، مەلیک ناسری حوکمڕانی کەرەک،[٨٠] هێرشی کردە سەر دیمەشق و گرتی و پاشان لەشکری شامی کۆکردەوە و بەرەو میسر بزووت.

سپاسالارانی میسر لێی وەدەرکەوتن و لە «عەبباسییە»، هێزی هەردوولا تێکهەڵەنگووتن و بوو بە شەڕ. چەکدارانی میسری خۆیان بۆ ڕانەگیرا و شامی خۆیان گەیاندە شاری قاهیرە. مامۆستایانی مزگەوتان خوتپەیان بەناوی مەلیک ناسرەوە خوێندەوە و سکەشی بەناوییەوە لێدرا. عیززەددین و قەتایا بە خۆیان و سێسەت سوارەی خوێنڕێژی غولامانی ساڵحییەوە بەرەو شام ڕەوین، بەڵام لە مەودای ڕێگادا تووشی پۆلە چەکدارێکی مەلیک ناسر هاتن کە هەڵگری خەزێنە و تەپڵ و ئاڵای میری بوون. چەکدار وەنێویان کەوتن و بە زەبری شیر و تەوران شەقوپەقیان کردن و لێیان قوولاندن. شەمسەددین لۆلۆی دەمڕاستی مەلیک ناسریان گرت و وەک مەڕ سەریان گۆشاوگۆش بڕی. تەپڵی مەلیک دڕێندرا و خەزێنەی تالان کرا. پاشان هێرشیان بردە سەر «غەززە» و کوڕی سوڵتان سەلاحەددین یووسف و مەلیک ئەشرەف مووسای کوڕی عادلی (؟) [1] حوکمڕانی حومسیان گرت و مەلیک ساڵح سمایل کوڕی عادل، کە پێشتر هێندێکمان باس کردووە، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکەش بە دیل گیران و هەموویان کوژران و تۆویان بڕینەوە.

کاتێک هەواڵی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە گوێی مەلیک ناسر ئاشنا کرا، خۆی لە میسر بۆ ڕانەگیرا، بەناچاری سێ تەلاقەی نایە پارسەنگی بووکی دەسەڵات و بە یەکجاری و ڕووی کردە چەند ناوچە و مەڵبەندێکی شام. تەواوی ئەم ڕووداوانە ساڵی ٦٤٨ی ک/ ١٢٥٠ی ز، قەوماون.

ساڵی ٦٤٩ی ک/١٢٥١ی ز، تەواشی کە لە لایەن مەلیک ناسرەوە کرابوویە قەڵاداری کەرەک، مەلیک موغیس عومەر کوڕی مەلیک عادل کوڕی مەلیک کاملی

---

١- زێرنۆڤ بە هەڵەی داناوە و ئەشرەف موزەففەرەددین مووسا کوڕی مەنسوور دروستە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕاوی هەژار، ل ١٩٢.) و.

لە زیندان هێنایە دەر و کردی بە پادشا و بوو بە نانخۆری ناندێندڕ و ئاوا لە مەزنی خۆی هەڵگەڕایەوە.

ساڵی ٦٥١ی ک/١٢٥٣ی ز، مەلیک سەلاحەددین کوڕی مەلیک زاهیر کوڕی مەلیک سەلاحەددین کـوڕی نەجمەددین ئەییووب، تـەمـەنـی چـی دیکـەی بڕ نەکرد و مرد.

ساڵی ٦٥٢ی ک/١٢٥٤ی ز، سەرۆکان و سەرکردەکانی میسری، عیززەددینی تورکمانییان کردە پادشای خۆیان و سەرناوی مەلیک «موعیز»یان بە باڵای بڕی. وەکوو پێشتر باسی کرا ئەم عیززەددینە یەکێک بوو لە غولامانی مەلیک ساڵح ئەییووب و بە مەملووک ناسرابوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە پادشایەتیی میسر کەوتە دەست غولامانەوە و خانەدانی ئەییووبی دەسەڵاتیان ویشکاوی هات و بڕایەوە. جا چونکە تاقمێک لەو غولامانەی خانەدانی ئەییووبی، پاش بڕانەوەی وەچەی ئەو پادشایانە، لە میسر بوونە خاوەنی دەسەڵات و دانیشتوونـە سـەر تەختی مەزنایەتی و لەگەڵ خاوەنشکۆیانی عوسمانی هاوچەرخ بوون، لە پاشکۆدا بەکورتی دەچمەوە سەریان و ئەگەر خودا ڕاست بێنێ لە نێوبەندی بەسەرهاتی ئەواندا بۆیان تێهەڵدەچمەوە.

لە درێژەی ئەم باسەدا ڕوون دەبێتەوە مەلیک ناسر داودی کوڕی موعەززەم کوڕی عادل کە لە ترسی عیززەددین لە هیچ جێگایەک نەدەحەجمی و هەوارەوهەواری دەکرد، ساڵی ٦٥٦ی ک/١٢٥٨ی ز، دەستی لە دنیای ڕووخەک هەڵتەکاندووە. مەلیکناسر مرۆیەکی بیرتیژ و ناسکخەیاڵ بوو. ماوەیەک وانەی خوێند و بە زانستاندا ڕۆچوو. لای موئەییەدی تووسی گوێی بۆ حەدیسان هەڵخست. کـری شێعری لەوپەڕی جوانیدا دەتەنی و گەوهەری مەعنای بە نووکی ئەڵماسی خەیاڵی دەسمی.

مەلیک موغیس عومەر کوڕی عادل، پاش ئەوەی چەند ساڵێک لە کەرەک حکوومەتی کرد، ساڵی ٦٦٢ی ک/١٢٦٣ی ز، لە میسرەوە چوونە سەری، بەڵام ئەویش وەخۆ کەوت و قەڵای دابەست و دەروازەی گاڵەدان. ماوەیەک پاش گەمارۆ، تەنگەی پێ هەڵچندرا و هیچ چارەی نەما و خۆی بەدەستەوە دا و ڕۆیی بۆ بەر سێبەری سوڵتانی میسر، بەڵام بەدزی سەری بە گۆمدا کرا. پاش نەمانی وی تازە هەلی دەسەڵات بۆ هیچکام لە کوڕانی بەرەبابی نەجمەددین ئەیبووب نەڕەخسا.[1] ویستی پەروەردگاری پایەبەرزی خاوەن دەسەڵاتی بێبەرگێڕەوە، ڕووپەڕی حکوومەتی ئەم خانەدانەی وەرگێڕا. «خودا چۆنی بوێ دەیکا و هەر خۆشی بڕیاری لێ دەدا.»[2]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- ئەو سەرچاوانە زۆرن کە بە درێژی لەسەر مێژووی پڕ سەروەریی ئەییووبییەکان دەدوێن، بەڵام شەرەفخان وەک ئاماژەی پێ دەکا تەنیا پشتی بە یافعی (م: ٧٦٨ی ک/١٣٦٦ی ز) بەستووە. با ئەمەش بڵێین کە توانیویەتی سەرکەوتووانە پوختەیەکی مێژووی ئەییووبی بخاتەڕوو و خۆی لە درێژدادڕی بپارێزێ. ز.س.

٢- «یفعل الله مایشاء و یحکم مایرید»؛ بەشێک لە ئایەی ٢٧ی سوورەی ئیبراهیم و ئایەی یەکەمی سوورەی مائیدە. و.

## پەڕاوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی

١-ئیمامی شافعی، محەمەدی کوڕی ئیدریس، یەکێکە لە موجتەهیدە ناسراوەکانی ئیسلام. ساڵی ١٥٠ی ک/ ٧٦٧ی ز، لە شاری «غەززە» پێی ناوەتە جەغزی ژیانەوە و ساڵی ٢٠٤ی ک/ ٨١٩ی ز، لە میسر کۆچیدوایی کردووە. قسەی شەرەفخان کە دەڵێ کورد هەموویان پەیڕەوی مەزهەبی شافعین، ڕەنگە لە سەردەمی ئەودا و لەو دەڤەرانە وا بووبێ و ئەم ڕەوت و ڕێبازەیان سەلماندبێ؛ بەڵام ئەمڕۆ لێمان ڕوونە کە بەشێکی کوردەکانی ئێران و تورکیا شیعەی جەعفەری و کۆمەڵێکیان «عەلییوڵڵاهی»ی توندڕەون. هۆزی دیکەش هەن کە لەسەر ڕچەی «کاکەیی»ن و ئەویش پاشماوەی ئایینی «مانی ـ یەزدانی»یە. ژمارەیەکی دیکەش کورد هەن کە لەسەر ڕێوشوێنی مەزهەبی «حەنەفی»ن.

٢-یەزیدی (ئیزەدی) تیرەیەکی کوردن کە نیشتەجێی مەڵبەندی چیای شنگار و جزیرە و هەکاریی باکووری کوردستانن و ئێستا ژمارەیان لە دووسەدهەزار کەس تێناپەڕێ. لەسەر باوەڕێکی تایبەتی پێچەوانەی باوەڕی جەماوەری مسوڵمانن و بە یەزیدی ناودێر کراون. چونکە لایەنگری ئەمەوییەکان بوون، دراونەتە پاڵ «یەزید»ی کوڕی موعاویە. وەک لە دەقی شەرەفنامەدا هاتووە و شارەزایانی ئەم بوارە باسی دەکەن، یەزیدی بریتی بوون لە چەند خێڵێکی ئازا و سوارچاکی بەناوبانگی کورد کە سەردەمی ئەمەوییەکان ڕوویان کردۆتە شام هەتا خزمەتی خەلیفەکان بکەن. لەسەر ئەم پێوشوێنە ماوەیەک لەوێ نیشتەجێ بوون، بەڵام هەر دوابەدوای ڕووخانی حکوومەتی ئەمەوییەکان، کۆچوباریان لێناوە و بەرەو نیشتمانی خۆیان گەڕاونەوە و لە کەژ و کۆی سەخت و چڕدا پەنایان گرتووە و بنەیان داکوتاوە. بەم شێوەیە بۆچوونی سیاسی گۆڕاوە بۆ مەزهەبێکی پێچەوانەی دینی کۆمەڵانی خەڵکی مسوڵمان. م.ع.ع.

سەرچاوەی نوێی زانستی سوورن لەسەر ئەوەی کە ئایینی «ئیزەدی» لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر دوو ئایینی «مانەوی و زەردەشتی». بێژراوی «ئیزەدی» لە ڕاستیدا لە وشەی «ئیزەد» خوازراوەتەوە کە خواوەندی خێرە یان لە «یەزدان»ی هاوتای وەرگیراوە. بەڕاستی هیچ پەیوەندییەکی مەنتیقی لە نێوان «ئیزەدی»ی و یەزید و یەزیدی کوڕی موعاویە یان یەزیدی سەلەمی و یەزیدی کوڕی ئەنیسەی خاریجیدا وەبەرچاو نایە. چەوسانەوەی کەمینە بەچنگ زۆرینە ئەم دابەی داخستووە، بەتایبەت لە سەردەمی

دەســــەڵاتی ئەمەوی و عەبباســــیدا. ئەم دوو حکــــوومەتە کە لە ڕوانگەیەکــــی ڕەگەزپەرەستانەوە دەیانڕوانی، تەواوی گەلانی مسوڵمانی ناعەرەبیان بە «مەوالی»دادەنا و نەدەبوو بێ ڕەزامەندیی والییەکان کچی عەرەب بخوازن.

٣- گەلێک زانای کورد بوونە نووسەر و خاوەنی کتێبی بەناوبانگ و شاکاری گرانبایین و زۆریان ئێستا بەدەستەوەن؛ وەک «ئەحکام»ی ئامیدی کە ئێستا لە زانستگای ئەزهەر دەخویندرێ و «کافیە» و «شافیە»ی ئیبنووحاجب کە لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەستاودەستیان پێ دەکرێ. هەروەها «تاریخ»ی ئیبنوئەسیری جەزەری؛ «مصطلحات»ی ئیبنووسەلاحی شارەزووری و «کشف الغمة فی مناقب الائمة»ی عەلی کوڕی عیسای هەولێری چەند شوێنەوارێکی دیارن. تەواوی ئەم نووسەرانە لە ئیمامانی پێشەنگی کوردن. ئیمامە زاناکانی دواتریش زۆرن؛ بۆ نموونە: عەبدولقادری موهاجیر شەرحکەری «تهذیب الکلام»، زەهاوی، حەیدەری، پێنجوێنی، بێتووشی و کۆمەڵێکی دیکەش کە ناوهێنان و ئەژماردنیان زۆری پێ دەوێ.

٤- ئەوەی ڕاستی بێ حکوومەتی ئەحمەدی کوڕی مەروان لەسەر داروپەردووی حکوومەتی لێکهەڵوەشاوی دۆستکی دامەزراوە. دۆستک یان دۆشتیک، کەسێکە لە بنەماڵەی کوردی حەمیدی (حەموودی)، کە دەوروبەری ساڵی ٣٢١ی ک/ ٩٣٣ی ز، بناغەی حکوومەتی خۆیانی دارشتووە. میر ئەبووعەبدوڵڵا حوسێنی کوڕی دۆستک، ناسراو بە «باز ئەبووشوجاع» ساڵی ٣٢٤ی ک/ ٩٣٥ی ز، لە دیاربەکر لە دایک بووە و لە بۆتەی ڕۆژگاردا بۆتە پیاوێکی ئازا و بەخشندە و خێرۆمەند و دیار و خەڵک خۆشیان ویستووە و لە دەوری هاڵاون. لەسەر ئەم ڕەوتە پەرەی داوە بە حکوومەت و دەسەڵاتی و ساڵی ٣٤٥-٣٤٦ی ک/ ٩٥٦-٩٥٧ی ز، دوای گرتنی جزیرە و سعرد، حکوومەتی خۆی دامەزراندووە. ساڵی ٣٤٨ی ک/ ٩٥٩ی ز، کە باوکی دەستی لە داوێنی ژیان بۆتەوە قەڵەمڕەوی ئەویشی کەوتۆتە بەر فەرمانی و هەر بەم هێندەشەوە ڕانەوەستاوە و قۆناغ بە قۆناغ پەرەی داوە بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و «مەلازگرد» و «ماکۆ»شی گرتوون و شاری شابازی بنیات ناوە، کە دواتر مەلیک عادل ناوی گۆڕیوە بە «عادلجەواز». ساڵانی ٣٥٥-٣٥٦ی ک/ ٩٦٥-٩٦٦ی ز، ئەرجیش، دیاربەکر، مەیافارقین، ئۆرفە، ئەخلات، وان، بدلیس و چەند شارێکی دیکەی گرتوون. پاش ئەم سەرکەوتنە میرانی حەسەنکێف، جزیرە، بۆتان، سرووج و نەسیبین سەریان وەبەر هێناوە و دیاربەکری کردۆتە پایتەخت و شان و شکۆی دەسەڵاتی هێندەی دیکەی ڕەنگ داوەتەوە. ئەلقادروبیللای خەلیفەی عەبباسی ناسناوی شاباز ئەبووشوجاعی پێ بەخشیوە و ساڵی ٣٦٠ی ک/ ٩٧٠ی ز، سکەی بەناوی خۆیەوە لێداوە و لە خوتبانـدا

نـاوی کەوتـوّتە پـاڵ نـاوی خەلـیفەی عەبباسـی. کاتێـک شـەڕ لە نێـوان عەزودوددەولەی دەیلەمـی و ئەبـووتەغلەبی حەمدانی قەومـاوە، بـاز کەوتـوّتە یاریدەدانی عەزودوددەولە. پـاش نەمـانی عەزودوددەولە، بـاز مرخـی لە گرتنـی مووسـڵ خـۆش کـردووە و سـاڵی ٣٧٢ی ک/ ٩٨٢ی ز، لە شـنگالەوە بەرەو ئەو شـوێنە بزووتـووە هەتـا بیگرێ. سەمسـامودەولەی کـوڕی عەزودوددەولە وەختـایەک پێـی زانیـوە، لەشـکرێکی بە سـەرکردایەتیی ئەبووسـەعید بـارامی کوڕی ئەردەشێر نـاردۆتە بەرەنگـار بـوونەوەی. سـاڵی ٣٧٣ی ک/ ٩٨٣ی ز، شـەڕێکی قـورس لە نێوانیـاندا قەومـاوە و بـاز لە «باجلایـا» هێـزی سەمسـامی بەزانـدووە. سەمسـامودەولە وازی لـێ نەهێنـاوە و لەشـکرێکی گەورەی دیـکەی بە سـەرکردایەتیی ئەبولقاسـم سـەعید ناردۆتە سەری. هێزەکان لە نزیک ڕووبـاری خـابوور تووشـی یەک هـاتوون و بـۆتە شـەڕیان، بەڵام ئەم هێزەش بەخـت بـاڵی نەگرتـووە و شـکاوە و تەقورِەوی تێکەوتـووە. بـاز کەوتـوّتە پەیـکەردەی لەشـکری شکسـتە و هەتـا مووسـڵ هەڵیبرِیـوە و دەورەی شـارەکەی داوە، بەڵام پیاوماقووڵان کەوتـوونە نێـوان و سـێ مـانگی بـۆ دانـاون کە دەسـتیان لـێ نەوەشـێنێ، بەو مەرجەی لەو ماوەیەدا شارەکەی بۆ چۆڵ کەن.

ئەبووشـوجاع، بەشـێک لە هێـزەکەی خـۆی لە دەوری مووسـڵ بەجێهێشـتووە و ئەبووعەلیی حـاکمی فنیکی بە سپاسـالار دانـاوە و خـۆی گەڕاوەتەوە دیـاربەکر. سـەرەنجام مووسـڵی گرتـووە و نیـری داگیرکەرانـی دەیلەمیـی لەسـەر ئەسـتۆی جەمـاعەتی دامـاڵیوە و شـانی لە ڕێکخسـتنی کاروبـاری شـل کـردووە. دوای مـاوەیەک ویسـتوویە بەغداش بگـرێ و دەیلەمییەکانی لێ دەرپەڕێنێ. کاتێک سەمسـام ئەم هەواڵەی بە گوێی ئاشـنا کـراوە، دڵەڕاوکە دایگرتووە و تۆقیوە، هەر بـۆیە لەڕێوە لەشـکرێکی زۆر و زەوەنـدی بە سـەرکردایەتیی زیـادی کوڕی کاکۆیە ناردۆتە بەرەگە لێ تەنین و ڕێبـاز لـێ گرتنـی. دوو لەشـکرەکە لە نزیـک تکریـت تووشی یەکتر هاتوون و شـەڕی قورسـیان لە مـابەینیدا قەومـا و بـاز شـکاوە و بە هەڵەداوان کشـاوەتەوە و تەنـانەت لە مووسـڵیش خـۆی ڕانەگرتـووە و هەتـا دیـاربەکر بەنـد نەبـووە. سەرەنجام ئەبووشوجاع و سەمسامودەولە پێکهاتوون و ئاشت بوونەوە.

پـاش تێپەڕبـوونی مـاوەیەک، سـاڵی ٣٧٧ی ک/ ٩٨٧ی ز، دیسـان بـاز ئەبووشـوجاع لەشـکرێکی گەورە و گرانـی پـێکەوە نـاوە و ڕووی کـردۆتە مووسـڵ. لەو کـاتەدا شـەرەفوددەولەی حوکمـداری بەغـدا، ئەبووسـەعید خواشـازەی کـردۆتە حـاکمی مووسـڵ و فەرمانی پێ داوە بەرەوڕووی بـڕوا و بەرەنگـاری ڕاوەسـتێ. بـاز تینـی بـۆ هێنـاوە و ناچـاری کـردووە بکشـێتەوە و هانـا بەرێتە بەر هـۆزە عەرەبەکـانی ئیبنووعەقیل و ئیبنوونەمیر، هەتـا یاریدەی بـدەن. ئەبووشـوجاع، تەلیعەتـوددەولەی بـرای بە هێزێکەوە نـاردۆتە سـەریان، بەڵام ئەم سەرکردەیە کوژراوە و هێزەکەی شکاوە.

باز سەرلەنوێ ساڵی ٣٨٠ی ک/ ٩٩٠ی ز، بە ئامانجی گرتنەوەی مووسڵ لەشکری دەنگ داوە. وا هاتووە ئەسپەکەی هەڵنووتاوە و باز هەڵدێراوە و پساوە و ڕۆژی دووەمی جەمادی دووەم، گیانی ئەسپاردووە. دەڵێن عەرەبێکی ئیبنووعەقیلی لە نێو کوژراواندا دیویەتی و تەماشای کردووە نیوەگیانێکی لە بەردا ماوە و لەڕێوە سەری بڕیوە و بردوویەتی بۆ حەمدانییەکان و ئەوانیش ناردوویانەتە بەغدا و تەرمەکەشیان لە بەردەرگای خانەمیری مووسڵ هەڵاوەسیوە.

دوای نەمانی باز، ئەبووعەلی حەسەن مەروانی حاکمی فنیک و سەرکردەی سپای، کە برازا یا خوشکەزای بووە، بۆتە جێنشینی و خێرایەکی هێزی پرژوبڵاوی میری کۆ کردۆتەوە و بردوونی بۆ حەسەنکێف و بە خاتوونی بازی سەلماندووە دەروازەی قەڵای بە ڕوودا بکرێتەوە. پاشان کەوتۆتە خۆ ساز کردن و سپا پێکەوەنان و وەدەستهێنانەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی باز. هەر لەم سەروبەندەدا ئەبووتاهیر ئیبراهیم و ئەبووعەبدوڵڵا حوسێنی حەمدانی، خۆیان لە گرتنی وڵاتی بارشێواوی باز خۆش کردووە و لەشکریان بردۆتە سەری. ئەبووعەلی لێیان وەدەست هاتووە و بەرسینگەی لێ بڕیونەوە و کوشتوبڕێکی تێخستوون هەر مەپرسە. لەم شەڕ و گەڕ و هەرایەدا ئەبووعەبدوڵڵای بە دیل گرتووە و پاشان بە پیاوەتی خۆی بەری داوە. پاش ئەم سەرکەوتنە ڕووی کردۆتە دیاربەکر و حکوومەتی بەناوبانگی مەروانیی لێ دامەزراندووە و بە دادپەروەری و جوامێری جووڵاوەتەوە و مشووری ئاوەدان کردنەوەی خواردووە و چەندی بۆی کراوە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەرەفرەوان کردۆتەوە. لە باڵی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هەتا مووسڵ و دەوروبەری ڕۆیوە و میرێکی بە سەرەوە داناوە. ئەبووعەلی سکەی بەناوی خۆیەوە لێداوە؛ بەڵام سەرەنجام ساڵی ٣٨٧ی ک/ ٩٩٧ی ز، دەستێکی ڕەش لە ناخافڵ کوشتوویەتی. وەک دەگێڕنەوە پیاوێکی «ئیبنوودومەینە» لەسەر ڕاسپاردەی «عەبدولبەڕ»ی شێخی ئامەد و ڕەزامەندیی خەڵکەکە، کوشتنی گرتۆتە ئەستۆی (دایرةالمعارف، ج ١، ص ٤٧٧).

ئەبووسەعیدولمەنسوور مومەهیدوددەولەی برای کە پاش کارەساتی کوژرانی باز گەڕابوویە مەیافارقین و لەوێ بنەی داکوتابوو، کرایە جێگرەوەی. ئەویش پاش ئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە، کەوتۆتە مشوور خواردنی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی و سکەی بەناوی خۆیەوە لێداوە و بە زانایی و وردەکاری درێژەی بە هەڵسووڕاندنی کاروباری قەڵەمڕەوی داوە. وا هاتووە کە ساڵی ٤٠٢ی ک/ ١٠١١ی ز، «شەروە»ی کوڕی «مامە» [سامە؟] خاوەندی قەڵای ئاتاخ (ئاتاق)، بانگهێشتنی کردووە و

پیلانـی بـۆ دارشــتووە و هەر کە پێـی نـاوەتە قەڵا وەری تێـدا بـردووە پـاش ئەم ڕووداوە، مەلیک عادل ناسروددەولە ئەحمەد، کە جێی باسی ئێمەیە، جێی گرتۆتەوە.

٥- نەسروددەولە ساڵی ٤٠٨ی ک/ ١٠١٧ی ز، لە دایک بووە.

٦- قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی میـر ئەحـمەدی کـوڕی مەروان، تەنیـا هەر بریتـی نەبـووە لە دیـاربەکر و جزیـرە، بەڵکـوو پەلـی هاویشـتووە بـۆ چەنـد نـاوچە و هەرێمێکـی دیـکەش و توانیویەتی لە گەلێـک شەڕوشـووڕ و گـۆڵمەزان دەرچـێ. میـر زۆری بـایەخ داوە بە هەرێمـی دەسـەڵاتی و بەرەو شارسـتانییەتی بـردووە و بە زانسـت و زانـین و هـونەر ئـاوەدانی کـردۆتەوە. وای لـێ هـاتووە کە زانایـان و ئەدیبـان و شـاعیران لە هەمـوو لایەکەوە ڕوویـان تێکـردووە و شـوێنەوارەکانی خۆیـان هێنـاوە و ڕایان‌نـاوە. ئەبوونەسـر ئەحـمەد کـوڕی یووسف سلیکیی مەنازی، کە نووسەرێکی بەناوبانگە، لای ئەو بۆتە وەزیر (ابن خلکان، ٥٢).

٧- فەخـرودەولە ئەبوونەسـری مووسـڵیی تەغلـوبی، ناسـراو بە کـوڕی جەهیـر، سـاڵی ٣٩٨ی ک/ ١٠٠٧ی ز، لە مووسـڵ پێـی نـاوەتە جەغـزی ژیـان و [سـاڵی ٤٨٣ی ک/ ١٠٩٠ی ز، هەر لەم شـارە کـۆچی‌دوایی کـردووە. و.] لە بەغـدا بـۆتە وەزیـری عەبباسـییەکان و لای خانەدانی مەروانیی کورد لە دیاربەکر و مەیافارقین گەیوەتە پلەی وەزیرایەتی.

٨- نووسەری «وفیات الاعیان» بە ئەبولقاسم نیزامەددین نەسر و نووسـەری «تـاریخ الـدول والامارات الکردیة» بە قاسم ئەبووناسر ناویان هێناوە.

٩- وەکوو ئاشـکرایە نەسر میرنشینەکەی پاراستووە و میر سـەعیدی بـرای شـکاندووە، بەڵام سـەرەنجام ڕوحمـی پـێ کـردووە و بە پیـاوەتی خـۆی ئـامەدی پـێ بەخشـیوە. دواتـریش پەرەی بە خــاکی هەرێمــی دەســەڵاتی داوە و تــا ســاڵی ٤٥٧ی ک/ ١٠٦٥ی ز، حەڕڕان و سـوەیدا (سـێوەرەک)ی پێـوە زیـاد کـردووە و ئـاخرییەکەی ناسـناوی «نیزامولمولـک»ی خەڵات کراوە.

١٠- مەنسـوور وەختـایەک بـۆتە میـر و دەسـتی بە سـەر تەواوی قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی بـاوک و مـامی‌دا گرتـووە، فەرمـانی داوە لە خـوتبەدا نـاوی لە پـاڵ نـاوی خەلـیفەی فـاتمیی میسـر بخوێنـدرێتەوە و ئەم کـارە خەلـیفەی عەبباسـیی بەغـدای تـووڕە و بێـزار کـردووە. ئەم کـارە بـۆتە هـۆی ئەوەی تـا مەلیک‌شـای سـەلجووقی ئـامەد (دیـاربەکر) بـداتە دەسـت فەخرودەولەی کوڕی جەهیـر، کە لە پێش‌دا وەزیـری مەلیک عـادل نەسـرودەولە ئەحـمەدی بـاپیری مەنسـوور بـووە. فەخـرودەولە بێنمەکیـی کـردووە و لە مەزن و میـری سـایەچەوری خۆی هەڵگەڕاوەتەوە بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە هێرشی بردۆتە سـەر دیـاربەکر. کاتێک مەنسوور چاوی بە لافاوی لەشکری پەلاماردەر کەوتووە، زانیویە باشـاری ناکا، بۆیە هانـای

بردۆتە بەر میرانی دراوسێی و ئەوانیش ئەوەندەی بۆیان کراوە یاریدەیان داوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی بۆ نەکراوەتەوە و بەزیوە و بەرەو جزیرە کشاوەتەوە، کە پێشتر لەگەڵ بۆتان توانیبووی بیانگرێ. فەخرولدەولە پاش گەمارۆیەکی درێژخایەن، ساڵی ٤٧٨ی ک/ ١٠٨٥ی ز، دیاربەکری گرتووە و دواتر هەڵیکوتاوەتە سەر جزیرە و ئابلۆقەی شارەکەی داوە. لەو شارەدا بنەماڵەیەکی کۆنی کورد هەبوون بەناوی بەنیوەهبان و چەند کەسێکیان بوونە پیاوی خەنیم و خەیانەتیان پێ کردووە و دەرگایەکی تایبەت و نەهێنیی قەڵایان بۆ لەشکری کوڕی جەهیر کردۆتەوە و شار و قەڵا داگیر کراوە. مەنسوور و پیاوەکانی بە دیل گیراون و بەم شێوەیە دەوڵەتی دۆستکی (مەروانی) هەرەسی هێناوە و بە نەمانی مەنسووریش، بنەماڵەکەیان خاشەبڕ بووە.

١١- میر حوسێنی بەرزیکانی، سەرهۆزێکی ئازا و دڵاوا و نانبدە بووە لە ناوچەی شارەزوور و هەر بۆیە کوردێکی زۆری لە دەوری هالاون و ساڵی ٣٣٠ی ک/ ٩٤١ی ز، کردوویانەتە مەزن و میری خۆیان و پەلوپۆی هاویشتووە و ملی ناوە لە دارشتنی بناغەی دەسەڵاتی. کاتێک موتتەقیبیللا ئیبراهیم ئەمەی بیستۆتەوە لێی ترساوە و سپایەکی گەورەی کۆ کردۆتەوە و بە سەرکردایەتیی وەزیری خۆی ناردوویەتە سەری. لەشکری بەغدا چی پێ نەکراوە و بەدەسبەتاڵی گەڕاوەتەوە و میر حوسێنیش خۆی گەیاندۆتە گرانباری بارگە و بنەی و چی بەقیمەت و گرانە دەستی بە سەردا گرتووە. پاشان بە نیازی پەرەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی، چەندین قەڵا و قوڵغە و بنکەی دراوسێیانی داگیر کردووە. هەردوو براکەی میر حوسێن، یان ڕاستتر بڵێین هەردوو ژنبرا و خاڵانی حەسنەوییەی کوڕی، یانی وەنداد و غانم، کە سەرۆکی خێڵی عەیشان بوون، ناوچەکانی دینەوەر، هەمەدان، نەهاوەند، سامغان و چەند شارێکی دیکەی هەرێمی ئازەربایجانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. کاتێک حەسنەوییە هەڵیداوە و پێگەیوە، باوکی هەر بە زیندیسەری خۆی هەوساری دەسەڵاتی داوەتە دەستی و پاش ئەوەی ساڵی ٣٤٨ی ک/ ٩٥٩ی ز، باوکی مردووە، بەتەواوی بۆتە میری خاوەن حکوومەت. هەروەها قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هەردک مامانی ـ یان ڕاستتر بڵێین هەردک خاڵانی ـ کەوتوونە دەست حەسنەوییە. وەنداد ساڵی ٣٤٩ی ک/ ٩٦٠ی زایینی و غانم ٣٥٠ی ک/ ٩٦١ی ز، مردووە و ئاوا ناوچە و هەرێمەکانی ئەهواز، خووزستان، ئەسەداباد، شارەزوور و گەلێک شوێنی دیکەش کەوتوونە نێو بازنەی دەسەلاتی.

لەو سەروبەندەدا موعیززوددەولەی «بوویە» چاوی تەماحی بڕیوەتە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی، بۆیە فەرمانی داوە بە «یەناڵ کوش»ی سەرکردەی خۆی هەتا سپایەک لە نێو بەنیتەغلەبی حەمدانی کۆ بکاتەوە و هێرش بەرێتە سەری. بە بیستنی هەواڵی پەلامار،

حەسنەوییە لە ڕۆژاوای هەولێر بەرەی لێ تەنیوە و هاتۆتە مەیدان و هێزەکانیان بەگژ یەکتردا چوون. یەنال کوش شکاوە و هەڵاتووە و تەواوی بار و بارخانە و چەکوچۆڵی بەجێماوە و دەستی بە سەردا گیراوە.

کاتێک ئەم هەواڵە تاڵ و ناخۆشە گەیوەتەوە گوێی موعیززوددەولە، لە تۆڵەی ئەم شکستە لەشکرێکی لە بەغداوە ناردۆتە سەر دینەوەر و تالان کراوە و دێیەکانی دەوروبەریشی ئاگر دراون. وەختایەک حەسنەوییە پێی زانیوە، سپایەکی ئامادە کردووە تاکوو ڕێگایان لێ بگرێ، بەڵام بەختیان چاکی هێناوە و تووشی نەهاتوون و بۆی دەرچوون.

لەم سەروبەندەدا ڕوکنوددەولەی بوویە کەوتبوویە شەڕی دژوار لەگەڵ کوردەکانی گورگان و دەترسا بەرگەیان نەگرێ و بشکێ، بۆیە هاواری بۆ موعیززوددەولەی برای بردووە بگاتە فریای. موعیززوددەولە بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە هانای برای ویستوویە لەگەڵ حەسنەوییە پێک بێ و ناوی لە خوتبەدا بخوێندرێتەوە، بەڵام حەسنەوییە نەیسەلماندووە و هێندەی نەماوە شەڕی نێوانیان داگیرسێتەوە کە موعیززوددەولە چەند مەزن و گەورەپیاوێکی خۆی ناردوونە لای هەتا لە خشتەی ببەن و پەنجاهەزار دیناریشیان بە دیاری بۆ بردووە. میر حەسنەوییە دڵی کەیخوداکانی نەشکاندووە و پێکهاتووە و ئاوا لەشکری بردۆتە سەر کوردەکانی گورگان.

ساڵی ٣٥٦ی ک/ ٩٦٦ی ز، شەڕێک لە نێوان عیززوددەولە بەختیاری کوڕی موعیززوددەولە و حەسنەوییەدا قەوماوە. عیززوددەولە بەزیوە و بە شپرێوی شەڕگەی چۆل کردووە و دەسەڵاتی حەسنەوییە پتری پەرە ئەستاندووە. ساڵی ٣٥٧ی ک/ ٩٦٧ی ز، پێکەوە ئاشت بوونەوە و عیززوددەولەش دیارییەکی زۆری بۆ ناردووە و دژی ئەبووتەغلەبی حەمدانی هانی داوە و گوتوویە بیتوو بیشکێنێ ڕێی هەیە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هەتا سەر ڕووباری زێی گەورە پەل باوێ. میر حەسنەوییە هێرشی بردۆتە سەر ئەبووتەغلەب و شکاندوویەتی و هەتا «ڕەقـقە» ڕاوەدووی ناوە و ئەوسا بە هەولێر و شارەزووردا گەڕاوەتەوە و ئاڵای سەرکەوتنی هەڵداوە. ڕوکنوددەولە لەم ڕێککەوتنەی نێوان موعیززوددەولە و حەسنەوییە وەدەنگ هاتووە و تووڕە بووە، هەر بۆیە ئیبنولعەمید ئەبولفازل محەمـمەدی وەزیری خۆی ناردۆتە داگیر کردنی دینەوەر و شارەزوور و دەرپەڕاندنی حەسنەوییە و ئەوەی لە نێوانیاندا ڕووی داوە نووسەر بۆمان دەگێڕێتەوە.

١٢- مێژوونووسانی کورد، محەممەدئەمین زەکیبەگ و حوسێن حوزنی دەڵێن ئیبنولعەمید کە بەرەوڕووی دەرۆیی، نەگەیشتە هەمەدان و مرد. ئەبولفەتحی کوڕی زیاتر مەیلی لێ بوو بگەڕێتەوە «ڕەی» هەتا جێوڕێی خۆش و پلە و پایەی پتەو بکا، نەک بچێتە

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەیدانی شەڕ؛ هەر بۆیە وای بە بەرژەوەند زانیوە لەگەڵ میر حەسنەوییە ئاشت بێتەوە و تەنیا پەنجاهەزار دینار زیانی شەڕی لێ بستێنێ و واز بێنێ. حەسنەوییەش ئەم پێکهاتنەی بە دەسکەوتێکی گەورە داناوە و زیانی بۆ بژاردووە.

١٣- ئەبوونەجم ناسرودەولە بەدر، کە خاوەنی ژیاننامەیە، هەر ئەو ساڵەی وا بۆتە فەرمانڕەوا، هەڵیکوتاوەتە سەر باڵی خۆرنشینی هەولێر و گەلێک قەڵا و قوڵغە و بنکەی لە چنگ دەیلەمییەکان دەرهێناوە. عەزودودەولە لەسەر ئەوەی کە حەسنەوییەی باوکی بەدر بە دژایەتیی ئەو چووبوویە یاریدەی فەخرودەولەی برای، لە هەلێکی تۆڵە دەگەڕا هەتا تۆماری تەمەنی حکوومەتیان بپێچێتەوە و بە یەکجاری خاشەیان بکێشێ. لەسەر ئەم پێیوشوێنە کاغەزی ناردووە بۆ فەخرودەولە و موئەییەدودەولە و چەند کەسێکی دیکە و دنەی داون خۆی لێ خۆش بکەن و دەگژی ڕاچن. وەکوو دیارە کوڕانی حەسنەوییە، واتە بەدر، ئەبولعەلا، عەبدورڕەززاق، عاسم، ئەبووعەدنان، بەختیار و عەبدولمەلیک، هەتا بڵێی پێکەوە نالێک بوون و نەحاواونەوە. عەزودودەولە هەلی ئەم ناکۆکییەی قۆستۆتەوە و چەندێکیانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاون و گفتی لێ ئەستاندوون قەڵای ڕادەست بکەن. لە گەرمەی ئەم هەرایەدا لەشکرێکی گەورەی پێکهێناوە و بەبێ هیچ کەند و کۆسپێک هەمەدانی گرتووە و بەشێکی سەرکردەکانی فەخرودەولە و سەرۆکانی بەرزیکانی چوونە پاڵی. لە درێژەی پەلاماریدا «نەهاوەند» و «سەرماج»ی داگیر کردوون و تالانییەکی زۆری وەدەست کەوتووە. کوڕانی حەسنەوییەش هەموو هاتوون و پێملی بوون و بە فەرمانی میر کەوتوونە ژێر چاوەدێری و پاشان لەگەڵ چەند میرێکی دیکەی کورد گیراون و خراونە زیندانەوە.

عەزودودەولە، ئەبوونەجم بەدری بەخشیوە و بانگی کردۆتە لای خۆی و دەستی ڕێزی لێناوە و چاکی خەڵات کردووە و شمشێرێکی زێڕ و ئەسپێکی زینزێڕینی پێ داوە و سەرۆکایەتیی کوردانی بەرزیکانیی پێ ئەسپاردووە و خۆش بووە لە عاسم و عەبدولمەلیک و ئەوانیشی بەسەر کردوونەوە. دواتر ئەبوونەجم بەدر پەرەی داوە بە دەسەڵاتی و گەلێک شەڕی کردوون بۆ پاراستنی هەرێمی حکوومەتی و لە کاری خێرۆمەندانەش ڕانەوەستاوە و گەلێک هەنگاوی گرینگی هاویشتوون.

١٤- سەید حوسێن حوزنی دەڵێ میر بەدر هەڵاتووە، بەڵام مەرگ مەودای نەداوە و هەر ئەو ساڵە مردووە. محەممەدئەمین زەکیبەگ دەڵێ دوو جاریان بە گوێی هەڵێناوە کە چەند کەسێکی لەشکرەکەی لێبڕاون بیکوژن، بەڵام گوێی بەو قسانە نەبزووتووە. سەرەنجام چەکدارانی خێڵی کوردی جووزەکان (جووزەقان) لەسەر گردێکی پێش لەشکرگا پەلاماریان داوە و کوشتوویانە و لەو جێیەی دانیشتووە نەیانهێشتووە چورتە بکا. کاتێک میر حوسێنی

کوڕی مەسعوود هاتۆتە سەری و چاوی بە تەرمی ساردوسڕی کەوتووە، گوتوویە بڕۆن بیبەن و کفنی بکەن و بینێرن بۆ نەجەف و لەوێ بینێژن.

١٥-دایکی هیلال ژنێک بووە لە خێڵی کوردەکانی شازەنجانی. بەدری باوکی لایەکی وای لە هیلال نەکردۆتەوە و ئەبووعیسای بە دڵەوە نووساوە کە لە ژنێکی دیکەی بووە. پاش ئەوەی هیلال پێگەیوە بۆتە کەسێکی وا بەجەرگ و ئازا کە باوکی سامی لێ کردووە؛ هەر بۆیە لە خۆی دوور خستۆتەوە و «سامغان»ی پێ داوە. کاتێک گەیوەتە شوێنی دەسەڵاتی و بنەی داناوە، خۆی لە پەلامار دانی کوڕی مازی خۆش کردووە کە میر بەدر دایناوە بە حوکمداری شارەزوور. کاتیک میر بەدری باوکی بەم تەمایەی زانیوە چاوی لێ سوور کردۆتەوە و نامەی لێ نووسیوە شتی وا نەکا؛ بەڵام گوێی بە ڕاسپاردەی باوکی نەبزووتووە و هێرشی کردۆتە سەر کوڕی مازی و خۆی و کوڕانی کوشتوون و شارەزووری داڕووتاندووە. باوکی بەم هەنگاوەی نیگەرانی دایگرتووە و لێبڕاوە چاکی تەمێ بکا، بەڵام هیلال سەرکردەکانی باوکی بە دیاری و خەڵات خەڵەتاندووە و بە لای خۆیدا ڕایکێشاون و هێرشی بردۆتە سەر دینەوەر. لە دەروازەیەک تووشی سپای باوکی هاتووە و شکاندوویەتی و بە دیلی گرتووە. باوکی دەستی لە دەسەڵاتی بەرداوە و داوای کردووە قەڵایەکی بۆ دیاری بکرێ هەتا پەنای لێ بگرێ و لەوێ خەریکی خواپەرستی و ڕوو وەرگێڕان بێ لە دنیا. پاش ئەوەی هیلال داواکەی باوکی بەجێ هێناوە و قەڵایەکی بۆ چۆڵ کردووە، بۆی ڕوون بۆتەوە باوکی فێڵی لێ کردووە و نیازی خراپە و لە ژێرەوە نامەی ناردووە بۆ ئەبولفەتح عەییار و ئەبووعیسا شادی و دژی هیلال هانی داون. ئەم دووانە بە لەشکرەوە بە دەنگ کاغەزەکەیەوە چوون و ئەبولفەتح کرماشانی گرتووە و ئەبووعیسا سابورخواستی داوەتە بەر گورمی تاڵانی. هیلال بۆیان چۆتە مەیدان و بەزاندوونی و توانیویەتی بەدەست ئەبووبەکری کوڕی «ڕافعی»ی حاکمی نەهاوەند، ئەبووعیسا شادی بگری و نیزیکەی چوارسەد چەکداری دەیلەمیش بکوژێ، کە نەوەد کەسیان مەزن و سەرۆک بوون. کاتێک میر بەدر ئەم هەواڵە تاڵەی پێگەیشتووە، هانای بردۆتە بەر میر بەهائوددەولەی دەیلەمی و ئەویش سپایەکی زۆر و زەوەندی بە سەرکردایەتیی فەخرولمولک ئەبووغالب بۆ ناردووە و لێرەدا خودی نووسەر پاشماوەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

١٦- دەڵێن کاتێک هیلال لە شارەزوور گیراوە و لە بەندیخانە توند کراوە و بەڕێوەبردنی حکوومەتەکەی دراوەتە دەست تاهیری کوڕی، دانیشتووانی ناوچەکە ناچار بوون خاکی خۆیان چۆڵ بکەن و بڕۆن. تەنانەت کوڕێکی هیلالیش لەگەڵ کەسوکار و چەکدارانیدا

چۆتە نـاوچەی دیلمەکـان، کە دواتـر بە دەڤەری برادۆسـت ناسـرا. نەوەکـانی ئەم کـوڕەی هیلال لە دوارۆژدا بوونە بناغەدانەری میرایەتیی برادۆست.

١٧- کاتێـک هـیلال سـاڵی ٤٠٤ی ک/ ١٠١٣ی ز، لە شـارەزوور گیـراوە، ناسـروددەولە هەرێمی شارەزوور (زامـوا)ی سـپاردۆتە دەسـت پیاوەکـانی بەهـائوددەولەی وەزیـر. تـاهیری کـوڕی هـیلال لەو سـەروبەندەدا هـاتۆتە مەیـدان و پالامـاری داون و شـارەزووری ڕزگـار کردووە.

تـاهیر هێشـتا تەواو تـۆتەکەی نەگرتـووە و دانەمەزراوە کە لەگەڵ شەمسـوددەولە تووشـی شـەڕ هـاتووە و بەختـی نەیهێنـاوە و بەزیـوە و بە دیـل گیـراوە و لە هەمەدان خـراوەتە زینـدان. پاشـــان کە شەمســـوددەولە زانیـــویەتی جەلالـــوددەولە [ســـوڵتانوددەولە دروســـتە. م.ج.] شـارەزوور و ناوچەکـانی دەوروبەری داون بە میـر ئەبـولفەتح محەمـەدی کـوڕی عەییـار [ئەبوشـشـۆک کـوڕی ئەبـولفەتح دروسـتە. م.ج.] لەگەڵ تـاهیر کەوتـۆتە گوفـتوگۆ و سـاڵی ٤٠٦ی ک/ ١٠١٥ی ز، لەسـەر چەنـد مەرجێـک پێکهـاتوون. ئەبـولفەتح محەمـەدی میـری شـازەنجان دوای ئەم پێکهـاتنە لەشـکرێکی بە سـەرکردایەتیی ئەبوشـشـۆکی کـوڕی نـاردۆتە سـەر تـاهیر، بەڵام شـکاوە و «سـەعدی»ی براشـی لەو شـەڕەدا کـوژراوە و خـاکی داگیرکـراوی شـارەزووری لـێ پـاک کـراوەتەوە. سـەرەنجام تـاهیر و ئەبوشـشـۆک ئاشـت بوونەوە و تـاهیر خوشـکی ئەبوشـشـۆکی هێنـاوە. گەرچـی ئەبوشـشـۆک لە سـەرەوە خـۆی بە دۆسـت نیشـان داوە، بەڵام لە بـنەوە هەر ناخۆشـی ویسـتووە و ئـاخرییەکەی زەفەری پـێ بـردووە و لە تـۆڵەی خـوێنی بـراکەی کوشـتوویەتی. پـاش کـوژرانی تـاهیر، تەختـی بەختـی دەوڵەتی حەسنەوی وەرگەڕاوە و حکوومەتی عەییاریی لە جێی دامەزراوە.

١٨- بەدری کـوڕی تـاهیر پـاش کـوژرانی بـاوکی ڕایکـردۆتە کرماشـان و توانیـویەتی خەڵکێکـی زۆری خێڵاتـی کورد لە خـۆی هـاڵێنێ. بـرایم یەنـاڵ هێزێکـی بـۆ نـاردووە و لەگەڵ چەکداری خێڵاتـی پەلامـاری دینەوەری داوە و گرتـوویە و کـردوویەتە ناوەنـدی دەسـەڵاتی. دواتـر بـرایم یەنـاڵ کرماشـانی پـێ ئەسـپاردووە، بەڵام سـەروبەری کـارانی بـۆ ڕێکنەخـرا و سـەرەنجام «موهەلهیـل»ی عەییـاری سـاڵی ٤٣٨ی ک/ ١٠٤٦ی ز، هێرشـی کـردۆتە سـەری و شـکاندوویەتی و قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتەکەی لـێ زەوت کـردووە و خسـتوویەتە نێـو جەغـزی حکوومەتی خۆی.

١٩- میـر ئەبـولفەتح محەمـەد کـوڕی عەییـار، میـری خێڵـی شـازەنجان و یەکێـک لە سـەرکردەکانی ئەبـوونەجم ناسـروددەولە بەدری حەسـنەوی بـوو، کە بە سـەر کاروبـاری حولوان ڕاگەیشـتووە. سـاڵی ٣٨٠ی ک/ ٩٩٠ی ز، یـانی لەو زەمـانەوە کە کـراوەتە سـەرکردە،

بێوچان خۆی لە دڵدانەوەی خاڵک خۆش کردووە هەتا بڕوایان پێ بێنێ کە پێویستە حکوومەت لە چنگ حەسنەوییەکان دەربێ و خۆی ببێتە مەزن و میر.

٢٠- سەید حوسێن حوزنی پێی وایە خزمەتی یەکتر بوون و ئەبولفەتح محەمەد کوڕی عەییار کوڕی میر حوسێنی بەرزیکانی بووە، کە دەبێتە باوکی میری حەسنەوییە. [وەکوو دیارە قسەکەی بێبنەمایە و میر شەرەف گوتوویەتی خزم نەبوون. م.ج.]

٢١- ئەبوشۆک فارس و محەمەد عەییاری باوکی لە سەرکردەکانی حکوومەتی حەسنەوی بوون، بەڵام ئەبوشۆک راپەڕی و تاهیری کوشت و باوک و کوڕ هەرێمەکەیان داگیر کرد و حکوومەتی بنیعەییاریان لێ دامەزراند. پاشان ئەبوشۆک رۆیی بۆ مەیدانی شەڕی عەلائوددەولەی کوڕی کاکۆیە و هەمەدان و دەوروبەری گرت و جڵەوی هێرشی شل نەکردەوە و هەتا دینەوەر و ناوچەکانی رۆیی، بەڵام سپاکەی شکا و پاشەکشەی پێ کرا بۆ حولوان. ئەوسا کە هەستی پێ کردووە بێهێزە و خۆی لە ئاست لافاوی لەشکری پەلاماردەر بۆ ناگیرێ، پەنای بردۆتە بەر شەرەفوددەولەی وەزیر. کاتێک عەلائوددەولە هەواڵی بالادەستی و وەرەبەرزیی شەرەفوددەولەی بیستەوە، سپاکەی کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ هەمەدان. ئەبوشۆک بەرەورووی «غوز»ەکانیش راوەستاوە کە ساڵی ٤٢٠ی ک/ ١٠٢٩ی ز، هرووژمیان کردبوویە سەر دینەوەر و سپایەکی بە سەرکردایەتیی ئەبولفەتحی کوڕی ناردبوویە بەرپەرچدانەوەیان. ئەم سپایە زۆر چاکی خۆ لە شەڕ هەڵکرد و هەرێمەکەی پاراست و غوزەکانی بەزاند و پرشوبڵاوی کردن. ئەم سەرکەوتنە گەشەی دا بە پلە و پایە و دەسەڵاتی. کاتێک ئەم هەواڵە بە گوێی خەلیفەی بەغدا ئاشنا کرا، شمشێرێکی جەوهەرداری بە خەڵات بۆ نارد و ناسناوی «حیسامودەولە»ی پێ بەخشی. پاشان هەمیشە هەوڵی دەدا پەل بە دەسەڵاتی خۆی بهاوێ و ئاوا وڵاتەکەی پان و بەرین بۆوە و سەرەنجام ساڵی ٤٣٠ی ک/ ١٠٣٨ی ز، کرماشان و ناوچە شاخاوییەکان و چەند شارێکی دیکەی بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتییەوە زیاد کرد و ئەبولفەتحی کوڕیشی کردە جێنشینی خۆی. ئەبولفەتح کە لەبری باوکی کاروباری دینەوەری بەڕێوە بردووە، کەوتۆتە پەلاماردانی میرانی دەوروبەری و قەڵای «بکوورا» و قەڵای «پیرانشا» و ناوچەکانی سند و سامغان و چەند ناوچە و مەڵبەندێکی دیکەشی لە چنگ موهەلهیل دەرهێناون؛ بەڵام ئاخرییەکەی موهەلهیل بەزاندوویە و گرتوویە و خستوویەتە زیندان و لەوێ مردووە.

٢٢- ئەبوماجید موهەلهیل کوڕی ئەبولفەتح کوڕی عەییار، لە سەردەمی دەسەڵاتی براکەیدا، کرابوویە حوکمڕانی «بکوورا» و شەڕێکی زۆری کرد لەگەڵ ئەبولفەتح ئەبوشۆک و سەرەنجام گیران و نەمانی نەیارەکەی لێ کەوتەوە. پاش نەمانی

ئەبوششــۆک، موهەلهیــل هەلەکەی قۆســتۆتەوە و هێرشــی کــردۆتە ســەر «ســەعدی»ی کــوڕی و هەمــوو نیشــتمانەکەی لە چنــگ دەرهێنــاوە. ســاڵی ٤٣٨ی ک/ ١٠٤٦ی زایینــیش هرووژمــی بــردۆتە ســەر بەدری کــوڕی تــاهیری حەســنەوی و کرماشــانی لە دەســت دەرکێشــاوە و توانیــویەتی بە ســەر ســپای بــرایم یەنــاڵیشدا زاڵ بــێ، کە ســاڵی ٤٤٣ی ک/ ١٠٥١ی ز، چووبوویە یاریدەدانی تــاهیر. پاشــان چــۆتە لای ســوڵتان تــوغروڵبەگ لە بەغدا و ئەویــش داقــووق، شــارەزوور، ســامغان و ســیروان و مەڵبەنــدەکانی دەوروبەریشــی پــێ بەخشیوە. ئــاخرییەکەی «ســەعدی»ی کوڕی ئەبوششــۆک لێی ڕاپەڕیوە و بە دیلــی گرتــووە. ســوڵتان تــوغروڵبەگ ڕووی لێنــاوە بەری بدا، بەڵام ڕەتــی کــردۆتەوە. هەتــا ئێســتا نەزانــراوە چی بە سەر هاتووە و چۆن بێسەروشوێن بووە.

٢٣- ســورخاب دەرفەتــی لە نــاکۆکیی نێــوان ئەبوششــۆک حیســامودەولە فارســی کــوڕی محەمــەد و عەلائودەولە کــاکۆیە هێنــاوە و دەســتی بە ســەر دەکووکــا (داقــووق)دا گرتــووە. پاشان کە برایم یەناڵ شالاوی بردۆتە سەر سپای ئەبوششــۆک و بەزاندوویەتی، سورخاب دەرفەتــی هێنــاوە و بەرەوڕووی «ســەعدی»ی کــوڕی وەرێکەوتــووە و بەنــدیئیجین (مەندەلی)ی لە چنگ دەرهێناوە و ماڵ و سامانی بە تالان بردووە و ماوەیەک حوکمی تێدا کــردووە. دواتــر پــاش چەنــد شــەڕێکی خوێنــاوی دەســگیری کــردووە و لە بەنــدیخانەی پەســتاوتوون. پاشــان شــەڕ لە نێوان ئەو و ئەبووعەســکەری کوڕی خــۆیدا قەومــاوە و خێڵــی ماهەکی بوونە پشتیوانی کوڕی و سورخاب شکاوە و بە دیل گیراوە. ئەبووعەسکەر بــاوکی نــاردۆتە لای بــرایم یەنــاڵ و ئەویــش بێســێ‌ودوو هەردوو چــاوی دەرهێنــاوە. دواتــر ئــازادی کردووە و قەڵای ماهەکیی پــێ بەخشــیوە. لە کتێبــی «مشــاهیر الکــرد و کردســتان»دا نووســراوە، هەمان ساڵ کوژراوە.

٢٤- ئەم ســەعدییە کە لە ســەردەمی بــاوکیدا میــر بــوو لە بەنــدیئیجین (مەنــدەلی)، سورخابی مامی لەناکاو هێرشی بردۆتە سەری و لێی زەوت کردووە. پاش مردنــی بــاوکی و هــاتنە ســەر دەســەڵاتی مــوهەلهیلی مــامی، خــۆی داوەتە ژێــر بــاڵی بــرایم یەنــاڵ و تکــای لــێ کردووە خــاک و دەســەڵاتەکەی بــۆ بگێــڕێتەوە. ئەویــش ســپایەکی لە خێڵــی تورکمــانی غــوز خســتۆتە بەر ڕکێفــی و پەلامــاری حولــوانی داوە و گرتــوویەتی و دوای مەیســەل بــوونی کــاران، فەرمــانی داوە خــوتبەی جــومعە بەنــاوی بــرایم یەنــاڵ بخوێنــدرێتەوە. پاشــان خــۆی لە بەرفــرەوان کردنــی قەڵەمــڕەوی خــۆی خــۆش کــردووە و چەنــد دێیەکــی گرتــووە. مــاوەیەک دواتر موهەلهیل هێرشی بــردۆتە ســەر حولــوان و گرتــوویەتی و ســەعیدیی لــێ دەرپەڕاندووە. ئەویش هەر ئەوەنــدەی پــێ کــراوە پەلامــاری قەڵەمــڕەوی ســورخابی مــامی بدا بــۆ تــالان و

چەتەیی؛ بەڵام سورخاب زەفەری پێ بردووە و بە دیلی گرتووە و سەرەنجام کوڕی سورخاب ئازادی کردووە. دوای دەربازبوونی سەرلەنوێ پەلاماری حولوانی داوەتەوە و گرتوویەتەوە و سوڵتان توغروڵیش قەڵای «ڕاندبین»ی پێ سپاردووە. دیسان لەگەڵ موهەلهیل بە گژ یەکتردا چوونەوە و بەزاندوویەتی و گرتوویەتی و دەستی بە رووی توغروڵەوە ناوە و بەری نەداوە و لە ژێرەوەش نێوانی لەگەڵ مەلیک ڕەحیم خۆش کردووە و بۆتە هاوپەیمانی. کاتێک توغروڵ بەو کەینەوبەینەی زانیوە، میرایەتی ئەسپاردۆتە دەست ئەبولمەنسوور بەدربەگی کوڕی موهەلهیل و بە هێزێکەوە ناردوویەتە شەڕی. دوو نەیار پێکهەڵپڕژاون، بەڵام پاش شەڕێکی خوێناوی هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. دواتر بەدربەگ بەرەبەرە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی پەرە پێ داوە و پەلاماری بردۆتە سەر هەرێمی دەسەڵاتی سەعدی و وردەوردە لێی ئەستاندووە و ساڵی ٤٤٦ی ک/ ١٠٥٤ی ز، خاشەی کێشاوە. بەم هەنگاوە حکوومەتی سەربەخۆی حەسنەوی (بەرزیکانی = بەنووعەنناز) ڕووخاوە و بۆتە دەسەڵاتێکی سەر بە سەلجووقییەکان. بەدربەگی کوڕی هیلال لە شارەزوور و دینەوەر و حولوان بۆتە بریکاری دەسەڵاتدارانی سەلجووقی.

٢٥- ئەبولفەوارس سورخاب، پاش مردنی باوکی، بە پشتیوانیی توغروڵبەگ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و بە سەر شارەزوور و خوفتیزگان و داقووق ڕاگەیشتووە. پاشان لەگەڵ سوڵتان بەرکیاروق کوڕی مەلیکشا بۆتە هاوپەیمان و ساڵی ٤٩٥ی ک/ ١١٠٢ی ز، سەرکردەیەکی تورکمانی بەناوی قەرابلی سولغور شکاندووە. قەرابلی دەستی هەڵنەگرتووە و هێرشی کردۆتە سەری و دیسانیش شکاوە. قەرابلی بۆ سەری سێ جارەی سپایەکی بێژماری هێناوە و دژی کوردان شەڕی کردووە و بەزاندوونی و نیزیکەی هەزار کەسێکی لێ کوشتوون. لەم شەڕەدا کە چوار ڕۆژی خایاندووە، سورخابیش بەرەو چیاکان کشاوەتەوە. لەم سەروبەندەدا یەکێک لە سەرکردەکانی کە میری قەڵای قایمی خوفتیزگان بوو، لێی ڕاست بۆتەوە و ئەو مەڵبەندەی داگیر کردووە و دەستی گرتووە بە سەر پاشەکەوتی کەلوپەلی زۆر و زەوەندی نێو قەڵادا. کاتێک بەرکیاروق پێی زانیوە هێزی ناردۆتە سەری و سەدهەزار دیناری زێڕی لێ ئەستاندووە. سورخاب تەنیا شارەزوور و داقووقی بەدەستەوە ماون. وا ڕێککەوتووە نێوانی میری قەڵای خوفتیزگان و یەکێک لە هاوخەباتەکانی تێکچووە. یەکێک لەم دووانە بەدەست یەکیان کوژراوە. کابرای بکوژ کەسێکی ناردۆتە لای سورخاب و پێمل بوونی خۆی ڕاگەیاندووە و گوتوویەتی قەڵاکەی بەدەستەوە دەدەم بە مەرجێک لە تاوانم ببووری. سورخاب دڵنیای کردۆتەوە کە لێی دەبووری و ئاوا قەڵاکەی وەدەست هاتۆتەوە.

ساڵی ٤٩٩ی ک/ ١١٠٥ی ز، بەلکی کوڕی بارام کوڕی ئەرتوق، هێرشی بردۆتە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سورخاب و ماوەیەک گەمارۆی قەڵای جانیجار (قەرەهەنجیر)ی داوە و سەرەنجام گرتوویەتی. سورخاب سێ جاری بێنێوبڕ بەرەنگاری بۆتەوە و هەموو جارێکیش بەزیوە، ئاخرییەکەی پیاوچاکان بوونە نێوبژیوان و پێکیان هێناونەوە و قەڵاکەیان بۆ سورخاب ئەستاندۆتەوە.

٢٦- ئاوا نووسراوە کە دیارە، بەڵام دروستەکەی «خوفتیزگان»ە و مەبەست لێی «دەربەندیخان»ە. بڕ: الکامل، ١٠/ ١٣١، ئیبنووئەسیر.

٢٧- بەپێی نووسینی سەید حوسێن حوزنی، ئەبولمەنسووری کوڕی بەدر پاش مردنی ئەبولفەوارس سورخابی برای، جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و بۆتە میری شارەزوور و بە باری کشتوکاڵ و ئابووریدا گەشەی داوە بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و نیزیکەی بیست ساڵ بە سەربەخۆیی حکوومەتی کردووە.

٢٨- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە کتێبی «تاريخ الدول والامارات الكردية»دا نووسیویەتی: نەسرەددینی نەوەی بەدر لە لوڕستانی گەورە جێگای باپیری گرتۆتەوە و لەو سەردەمیدا نیوەی لوڕستان بەدەست کوردانی «شووڵ»ەوە بووە، کە پێشەوایان ناوی سەیفەددین بوو. ئەم بنەماڵەیە بەپێی چیرۆک و سەربوردەی کۆن، دەسەڵاتی خۆیان دەبەنەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢٩- لە «دايرة المعارف، ج ٣»دا هاتووە ئەم خێڵە کوردە لەگەڵ فەزلەویی سەرکردەیان چوونە مەیافارقین و پاشان چوونە ئازەربایجان و گیلان و لەگەڵ ئەمیرە دیباج پێکهاتوون. دواتر چوونە لوڕستان و ساڵی ٥٠٠ی ک/ ١١٠٦ی ز، لە باکووری شوتورانکۆ [وشترانکۆ. و.] گیرسانەوە.

٣٠- بەپێی دەقی «تاريخ عمومي، ٥-١٩٣»، ئەم عەلییە ماوەیەک بە سەر کاروباری خێڵاتی خۆی ڕاگەیشتووە.

٣١- بەپێی دەقی «تاريخ عمومي»، محەممەد و ئەبووتاهیری برای پێکەوە چوونە لای ئەتابەک سونقور و هەر یەکەی ئەرکێکی پێ ئەسپاردوون.

٣٢- لە «تاريخ الدول والامارات الكردية، ٢-١٣٦»دا هاتووە: لەسەر داوای خۆی ناوچەی کۆهگیلۆیەی پێ بەخشیوە و ساڵی ٥٤٣ی ک/ ١١٤٨ی ز، سپایەکی خستۆتە بەر فەرمانی هەتا بڕوا و لوڕستان بگرێ.

٣٣- پادشـایانی سـەلجووقی بـریتین لە پێـنج بنەمـاڵە و لە پێـنج هەرێـم حکوومەتیـان کردووە: ١- ئەو بنەمـاڵەیەی کە لە خوراسـان و بەشـێکی خـاکی ئێـران بـوونە فەرمـانڕەوا و سـاڵی ٤٢٩ی ک/ ١٠٣٧ی ز، بنـاغەی حکوومەتیـان دانـاوە. ٢- ئەو بنەمـاڵەیەی کە سـاڵی ٤٣٢ی ک/ ١٠٤٠ی ز، لە کرمـان حکوومەتیـان دامەزرانـدووە. ٣- ئەو بنەمـاڵەیەی کە سـاڵی ٥١١ی ک/ ١١١٧ی ز، بنـاغەی دەسـەڵاتیان دارشـتووە و بـوونە فەرمـانڕەوای عێـراق و کوردسـتان. ٤- ئەو بنەماڵەیەی کە سـاڵی ٤٨٧ی ک/ ١٠٩٤ی ز، لە شـام بـوونە مەزن و میـر. ٥- ئەو بنەمـاڵەیەی کە سـاڵی ٤٧٠ی ک/ ١٠٧٧ی ز، لە خـاکی ڕۆم (ئانـاتۆلی) بـوونە خـاوەن حکوومەت.

٣٤- وەک لە «تاریخ الدول والامـارات الكرديـة، ٢/ ١٧٢»دا هـاتووە، خێڵـی فەزلەوی کە چوونە وێ خۆیـان کورد بوون و خێڵەکـانی دیکەش چـونکە زۆریـان لـێ نیزیک بـوون، چاویـان لـێ کردوون و کەوتوونە شوێنیان.

٣٥- محەممەدئەمـین زەکـیبەگ، ل ١٣٨، ب٢: ڕۆژایەکـی پیـاوێکی نـاردە بارگـای ناسـری خەلـیفەی عەبباسـی و داوای لـێ کـرد تـا ناسـناوی «ئەتـابەک»ی پـێ ببەخشـێ و ئەویـش داواکەی لێ سەلماند و دیاری و خەڵاتی چاکیشی بۆ نـارد. کـار و هەنگـاوە سیاسییەکانیشـی هەر بەم هێندەوە نەوەسـتان، بەڵکوو تـوانی بنچینەی دۆسـتایەتی لەگەڵ سـوڵتان محەمـمەدی «خارەزمشا»شدا پتەو بکا و نێوانی خۆش بێ و کچی خۆشی بداتێیە و هتد.

٣٦- محەممەدئەمـین زەکـیبەگ دەڵـێ: ئەتـابەک «سـەعدی»ی سـولغوری بە دووهەزار کەسـەوە یـان وەک تـاریخی عمـوومی دەڵـێ بە دەهەزار کەسـەوە ــ هێرشـی هێنـا کە «جەماڵەددین عومەر»ی ئـامۆزای هەزارئەسـپ سـەرکردەی بـوو. لەشـکری تـۆکلە لە پێنسـەد سواری تێنەدەپەڕاند. هێزەکـان لە نیزیک قەڵای «بیـروونە» تێکهەڵەنگووتن و کردیـانە شـەڕ. هێنـدەی نەمـابوو هێـزی تـۆکلە بشـکێ، کە خوداوڕاسـتان جەمـاڵەددین عـومەر بە تیرێـک ئەنگوا و کوژرا و سـپاکەی تەقورەوی تێکەوت. پاشـان سـپای سـولغورییەکان سـێ جـاری دیکەیـان پەلامـار دا، بەڵام هەر دەروەسـتی نەهـاتن. لەشـکری دەنـگ دا بـۆ سـەر لوڕسـتانی بچـووک و چەنـدین نـاوچە و مەڵبەنـدی لە چنـگ میـر حیسـامەددین خەلیـل دەرهێنـا. دوای مـاوەیەک نێـوانی لەگەڵ خەلـیفەی بەغـدا تێکچـوو. خەلـیفە لەشـکرێکی لە خووزسـتانەوە بە سـەرکردایەتیی بەهـائەددین گرشاسـب و عیمـادەددین یـوونس نـاردە سـەری. هێـزی پەلاماردەر توانی بە خاکی لوڕستاندا ڕۆبچـێ و دەسـت بەرێ بـۆ تـاڵانوبڕۆ. ئەتـابەک تـۆکلە (تـێگلە) بە هێـزی سـاز و پەرداخەوە لێیـان وەدەسـت هـات و پەلامـاری دان و شـکاندنی و

عیمادەددینی کوشت و بەهائەددینی بە دیل گرت، بەڵام لەگەڵ برای یەخسیری خۆی بە یەکی گۆڕینەوە.

٣٧- ئەم خەلیفەیە موستەعسیموبیللا کوڕی موستەنسیرووبیللای دوایین خەلیفەی عەبباسییە و ساڵی ٦٤٠ی ک/ ١٢٤٢ی ز، پاش مردنی باوکی کراوەتە جێنشینی. هێندێک لایان وایە ڕۆژی ٢٠ی مانگی محەررەم کوژراوە و دەستەیەکیش وای بۆ ناچن و لەگەڵ ئەم ڕایە ناکۆکن.

٣٨- شەمسەددین ئەلب ئەرغوون (ئەلپ ئەرغوون) چوارەم کەسە لە ئەتابەکانی لوڕستانی گەورە. یەکەمیان ئەبووتاهیر کوڕی محەممەد کە ئەتابەک سونقور ناسناوی ئەتابەکیی پێ بەخشیوە. ئەبووتاهیر کە بە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەتابەک سونقور دادەندرێ، ساڵی ٥٤٥ی ک/ ١١٥٠ی ز، بناغەی حکوومەتی خۆی دامەزراندووە. ئەتابەکانی لوڕستان نۆ کەس بوون و دواهەمینیان «موزەففەرەددین ئەفراسیاب»ە. م.ع.ع.

ئەم شەمسەددینە بە براکەی گوتووە وا باشە بمنێری بۆ لای هۆلاکۆخان هەتا پێکتان بێنم و سپای مەغۆل بکشێتەوە. تۆکلە قسەکەی بە دڵەوە نووساوە و گفتی پێ داوە هەتا نەگەڕێتەوە لوڕستان شەڕ نەکا لەگەڵ سپای مەغۆل. تۆکلە بەڵێنیی خۆی بردۆتە سەر لە ترسی وەی نەبادا براکەی بکوژن و لە قەڵای جانبەخش خۆی قایم کردووە.

٣٩- کاتێک هۆلاکۆخان موزەففەرەددین ئەتابەک تۆکلەی کوشت، هەرێمی لوڕستانی ئەسپاردە دەست شەمسەددینی برای و فەرمانی دا هەتا سپای لێی بکشێتەوە. ئەو دەمەی ئەلب ئەرغوون بۆتە میری لوڕستان، بۆی ڕوون بۆتەوە کە سپای مەغۆل زۆربەی ناوچەکانی بە سەر وێرانیدا خستووە و تێکوپێکی داون و جەماوەریش لە ترسان بەرەو چیاکان ڕەویون و وڵاتەکە بە سەر چۆلەواریدا کەوتووە؛ بۆیە لێبڕا شان بداتە بەر ئاوەدان کردنەوەی خاکی ژێر دەسەڵاتی. خەڵکی ڕەوبردوو لێی خڕبوونەتەوە و بەرەبەرە هەرێمەکەیان بووژاوەتەوە و ژیان ڕمێنی پەیدا کردۆتەوە و ئابووری ژیاوەتەوە و ئارامی باڵی بە سەر قەڵەمڕەوی لوڕستان کێشاوەتەوە... .

٤٠- کاتێک ئەبەقاخان و بوراقخان بە شەڕ هاتوون، ئەتابەک و یووسفشا بە لەشکری لوڕستانەوە زۆر چاکی یاریدەی ئەبەقاخان داوە. هەروەها لەگەڵی چۆتە سەر گیلان و هەرێمی دەیلەم. ئەو دەمەی پۆلێک چەکداری دەیلەمی دەوری ئەبەقاخانیان گرتووە و پەلاماریان بردۆتە سەری، یووسفشا گەیشتۆتە فریای و ڕزگاری کردووە. پاش گەڕانەوەی لەو سەفەرە ڕووی کردۆتە کۆهگیلۆیە و پەلاماری کوردانی خێڵی «شووڵ»ی داوە لە مەڵبەندی مەمەسەنی و مەزنەکەی کەشتوون و کردوونی بە ئاردی نێو دڕکان.

٤١- بەپێی دەقی «تاریخ عمومی» چونکە دژی ئەو چۆتە مەیدانی شەڕ و لانی سوڵتان ئەحمەدخانی گرتووە، نێوانی لەگەڵ ئەرغوونخان تێکچووەو لە ترسان بەرەو شاخ و کێوی لوڕستان هەڵکشاوە، بەڵام هێندەی نەبردووە کە گەڕاوەتەوە لای ئەرغوونخان و داوای لێبووردنی لێ کردووە.

٤٢- محەممەدئەمین زەکیبەگ دەڵێ: کاتێک یووسفشا چووە هەتا خواجە شەمسەددینی ساحیب دیوان بێنێ، ڕووی کردۆتە لوڕستان و سەرەتا کچی لێ خواستووە و پاشان بە دیلی ناردوویەتی بۆ لای ئەرغوونخان.

٤٣- لە «تاریخ الدول والامارات الكردية، ٢/ ١٤٣»دا نووسراوە: پیاوان و وەزیرانی هەزارئەسفی دەسگیر کردن؛ بۆ نموونە خواجە نیزامەددین، جەلالەددین و... .

٤٤- مەغۆل هۆزێکی «تاتار»ی نیشتەجێی دەریاچەی «بیقال»ی باشووری سیبیری بوون. وەکوو هۆزە کۆچەرەکانی دیکە بە ماڵی تالانی و ڕێگری و گۆشتی ڕاو بەڕێچوون و ناگەڕێنەوە سەر هیچ شارستانییەتێکی دیار و جێی باس. لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا چەنگیزخان ناوبانگی پێ دەرکردوون و بریتی بوون لە چوارسەدهەزار کەس، کە لە ژێر چلهەزار دەواردا ژیاون.

٤٥- پاشاخاتوونی کرمانی، شەشەمین پاشای قەرەخەتاییە کە لە سەردەمی چەنگیزییەکاندا بوونە مەزن و میری کرمان. پاشاخاتوون کچی سوڵتان قوتبەددین و ژنی بایدووخانی ئیلخانییە. ساڵی ٦٩١ی ک/ ١٢٩١ی ز، پاش کوژرانی «سۆیورغەتمێش»ی برای، بە فەرمانی بایدووخان بۆتە حوکمداری کرمان.

٤٦- بەپێی نووسینی محەممەدئەمین زەکیبەگ، لە جێی نوورولوەدوود بۆتە میر، کە زۆری پێ لە ئەبلەخەرجی و دەسبڵاوی هەڵبڕیوە و لە ماوەیەکی کەمدا خەزێنەی ئەتابەکانی هەڵتەکاندووە و چی تێدا نەهێشتووە.

٤٧- بەپێی دەقی «تاریخ عمومی، ٥/ ١-٢»، زۆر بە دادپەروەری حکوومەتی کردووە؛ بەڵام محەممەدئەمین زەکیبەگ لە کتێبی خۆیدا (١٤٢-١٤٦) ڕای پێچەوانەیە و دەڵێ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بە سەر خەسارباریدا کەوتووە، بەتایبەت لەبەر ئەو شەڕوشووڕانەی کە لەگەڵ بنەماڵەی موزەففەر کردوونی... .

٤٨- محەممەدئەمین زەکیبەگ نووسیویەتی غیاسوددین لە بنەماڵەی شاحوسێنە؛ بەڵام ئەو شەڕی پێ فرۆشت و پاش کوژرانی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. نووسەری تاریخی عموومی دەڵێ ئامۆزای شاحوسێن بووە و پاش مردنی بۆتە میر و هیچ باسی شەڕی نێوانیان و ڕووداوی کوژرانی نەکردووە.

www.zheen.org

٤٩- بەپێی دەقی «تاریخ الدول والامارات الكردية»، «ئەحمەد»ە نەک محەممەد.

٥٠- سەید حوسێن حوزنی زانیاریی بەنرخی خستۆتە سەر ئەم باسە و نووسیویەتی: پاش ئەوەی سولْتان ئەبووسەعید دانی بە مەزنایەتییەکەی‌دا ناوە، حکوومەتەکەی ڕۆژبەڕۆژ کەوتۆتە گەشە و هەتا سەردەمی ئەمیر تەیموور هەر بری کردووە. ئەمیر تەیموور ویستوویەتی سەری وەبەر بێنێ، بەڵام ملی نەداوە. ئەویش لەشکری لێ کردووە و گرتوویەتی و کوشتوویەتی. هەروەها بۆشمان ڕوون بۆتەوە کە بە نەمانی عیززەددین بنەماڵەی پێشوو تۆوبڕ بووە و خانەدانێکی دیکە هاتووە و جێی گرتۆتەوە.

٥١- لە «تاريخ الدول والامارات الكردية، ٢/ ١٥٢»دا نووسراوە: ئەم میرە هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاروباری قەڵەمڕەوی بەڕێوەبەرێ، بەڵام خەڵک ڕێیان نەداوە ئەم ئاواتەی وەدی بێ و لێی ڕاپەڕیون و کوشتوویانە.

٥٢- بەپێی دەقی «تاريخ الدول والامارات الكردية»، مەلیک عیززەددین لە کاتی مردنی باوکی‌دا، منداڵێکی دوازدە ساڵان بووە. ساڵی ٧٨٧ی ک/ ١٣٨٥ی ز، کاتێک شاشوجاع بە لەشکرێکەوە گەیوەتە خوڕڕەمئاباد، مەلیک عیززەددین خوشکێکی خۆی داوەتێیە و خوشکەکەی دیکەشی داوە بە سوڵتان ئەحمەدی جەلایریی حوکمداری بەغدا. پاش ئەوەی تەیمووری گوورکانی ساڵی ٧٨٨ی ک/ ١٣٨٦ی ز، هاتۆتە ئێران، ئاگری پەشێوی و ئاژاوەشی خستۆتە لوڕستان و دەرفەتی لە کیس نەداوە و لە «فیرووزکۆ»وە لەشکری دەنگ داوە و وەک بای شەماڵ فڕیوە و خێرا گەماڕۆی «خوڕڕەمئاباد»ی داوە و پاش ماوەیەکی کەم گرتوویەتی و داری لەسەر بەردی نەهێشتووە و کردوویەتە وێرانەیەکی چۆڵوهۆڵ. شمشێری بێئامانی خستۆتە گیانی جەماوەرەکەی و زۆری لێ کوشتوون و بەتایبەت دەستی لە میر و مەزنانی لوڕ نەپاراستووە.

٥٣- مێژوونووسان محەممەدئەمین زەکیبەگ و سەید حوسێن حوزنی نووسیویانە: پاش ئەوەی شاسمایل دەسەڵاتەکەی پەلوپۆی هاویشتووە و بەغدای گرتووە و بەرەو حەوێزە چووە، ساڵی ٩١٤ی ک/ ١٥٠٨ی ز، سپایەکی دەهەزار کەسەی بە سەرکردایەتیی حەسەنبەگی لالای سەرۆکی کوردەکانی تالش و بەیرامبەگی قەرەمانلوو ناردۆتە سەر شارۆستەم و شەڕێکی قورسیان لە نێوانی‌دا قەوماوە. شارۆستەم بەرگەی هێرشەکەی نەگرتووە و بەرەو چیا کشاوەتەوە و کەوتۆتە تەنگەتاوی، بۆیە داوای پێکهاتنی کردووە و حەسەنبەگ و بەیرامبەگ مەرجەکانیان لێ سەلماندووە و ڕۆژی دووهەمی مانگی جەمادی دووهەم گەیوەتە خزمەت شاسمایل. کە هاتووە پێشوازییەکی شاهانەی لێ کراوە و شا بە ڕووی خۆشەوە چاوی پێی کەوتووە و بە زمانی کوردی و بە شێوەی لوڕی بە

نەرمونیــانی لەگەڵــی دواوە و فەرمــانی داوە تــا ڕیشــی درێــژی بە زێــڕ و گەواهێــرات برازێننەوە و هەر تاڵە موویەکی گەوهەرێکی پێوە هەڵاوەسرێ. دوای چەند ڕۆژ مـانەوەی و بە دەوردا هــاتنی، هەردک مەڵبەنــدی شووشــتەر و دزفــوولی پــێ بەخشــیوە و دانــی بە حکوومەتەکەیدا هێنـاوە و نـاردوویەتەوە بـۆ ناوەنـدی قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی و هەتـا سـەر نێوان و دراوسێیەتییان هەر خۆش بووە.

٥٤- سەید حوسێن حـوزنی ئەم ڕووداوەی بە شـێوەیەکی تر گێڕاوەتەوە و نووسیویەتی: محەمــــەدی هەر هەدای نەدەدا و نــــاوچە و مەڵبەنــــدەکانی دەوروبەری دادەڕووتانــــدن و پەرەی دەدا بە جــوغزی قەڵەمــــڕەوی دەســــەڵاتی و بەرەبەرە ســــپاکەی بەهێــز دەکــــرد. شاتەهماسـبیش میرخـانی حوکمـداری هەمەدانـی ڕاسـپارد هەتـا بە لەشـکرێکی تەیـار و پـڕچەکەوە پەلامـاری بـدا و بیگـرێ و ئەویـش فەرمـانەکەی نـایە بـان چـاوی و بە هێزێکـی زۆر و زەوەنــدەوە ڕۆیــی بەرەو لوڕســتان. محەممەدیــش بەرەنگــاری بــۆوە و بەری بە شــالاوەکەی گــرت و مــاوەیەک پاڵەوانــانە دەســتی کــردەوە. لە مــاوەی شــەڕی ســەختی نێوانیـاندا چەکدارێکی زۆر تێداچوون؛ بەڵام سـەرەنجام محەممـەد شـکا و کەوتە نێـو داوی دیلــی و نێــردرایە لای شاتەهماســب و ئەویــش فەرمــانی دا لە قەڵای ئەڵەمــووت بخــرێتە زیندانەوە.

بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە شاڕۆستەم بانگهێشتنی کردوون و بـۆتە میوانداریان و فێڵـی لێ کردوون و کە هاتوون گرتوونی و لە زیندانی پەستاوتوون... .

٥٥- شـاوێردی پـاش ئەوەی جڵەوی حکوومەتی لوڕسـتانی کەوتـۆتە دەسـتی، شـانی لە ڕێکخسـتنی کاروبـاری دەسـەڵات و بەریـن کـردنەوەی قەڵەمـڕەوی شـل کـردووە. بەرەبەرە دەســەڵاتی پەرەی ئەســتاندووە و لەشــکری پــێکەوە نــاوە و خەزێــنەی پــڕ کــردووە و چــی چەکوچــــۆڵ و پێداویســــتیی شــــەڕە هەمــــووی دابــــین کــــردوون و بە دادپەروەری جووڵاوەتەوە و بە سـیلەنیگای بەزەیـی لە خەڵکـی ڕوانیوە و ژیـانێکی خـۆش و ئـارامیی بـۆ دەستەبەر کردوون و جەمـاوەر خۆشـیان ویسـتووە و بـوونە ملکەچـی. لەگەڵ داهـاتنی سـاڵی ٩٩٧ی ک/ ١٥٨٨ی ز، سنانپاشـای جیغـاڵەزادە سـپای بەغـدای هێنـاوەتە سـەر نەهاوەنـد و داگیـری کـردووە و قورقوماسخـانی والیـی هەمەدانـی خسـتۆتە تەنگەتـاوی. میرانـی کـورد بەتــایبەت خێڵاتــی شــارەزوور پشــتیان گرتــووە و دانیشــتووانی ئەو نێــوەی پــرشوبڵاو کـردووە و قەڵایەکـی لـێ بنیـات نـاوە و دەسـتی گەیانـدۆتە قەڵەمـڕەوی «عەلیشـوکور»یـش. کوردانی شـارەزوور لەشـکریان هێنـاوەتە سـەر هەمەدان و شـاوێردیش بە هێـزێکەوە بەرەو ئەو نــاوچەیە بزووتــووەوە هەتــا فریــای قورقوماسخــان بــکەوێ. لەوێ ئامۆژگــاریی قورقوماسخانی کرد تا بەو لەشکرە کەمەیەوە بەرەنگاری سنانپاشـا نەبێتەوە؛ بەڵام پێی وا

بوو خەیانەتی پێ دەکا بۆیە گوێی بۆ نەگرت. کاتێک شاوێردی وای زانی ڕقی هەستا و گەڕایەوە لوڕستان و دەستی کرد بە دابەستن و قایم کردنی قەڵا و سنوورەکانی خاکی ژێر دەسەڵاتی. تەواوی ئەو خەڵک و خێڵاتەی ڕەویبوون و سەریان وەبەر هێنابوو، هەمووی لە جێی شیاو بنەگر کردن و وێڕای پاراستنی حکوومەتی سەربەخۆ، نێوانی دراوسێیەتیی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی خۆش کرد. پاش پێکهاتنەوەی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی، شاوێردی نەیتوانی پشتیوانیی عوسمانی بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، بۆیە ساڵی ١٠٠٠ی ک/ ١٥٩١ی ز، سەری وەبەر دەوڵەتی سەفەوی هێنا و بە دارشتنی بناغەی خزمایەتی لەگەڵ شاعەبباس، کێشەی نێوانیانی داکووژاند.

٥٦- سەید حوسێن حوزنی لە کتێبی «لوڕستان»دا نووسیویەتی: بە هێزێکەوە کشاوەتەوە بۆ چیای «گەورەکۆ»ی سەر سنووری بەغدا ــ لوڕستان، کە بیست فرسەخێک لە «سەدمەڕە»وە دوورە. شاعەبباسیش سپایەکی گەورەی هێناوەتە سەری و شاوێردیش کە زانیویەتی ئاوای دەست لە کۆڵ ناکاتەوە بەرەو ناوچەکانی بەغدا ڕۆیشتووە و پادشا چی دیکەی نەکەوتۆتە شوێنی و گەڕاوەتەوە.

٥٧- بەپێی دەقی کتێبی «لوڕستان»، میرانی لوڕستان لانی شاعەبباسیان گرتووە و ڕوویان لە شاوێردی وەرگێڕاوە؛ بۆ نموونە قەیسەرخانی بێدڵ یەکێک لە مەزنەمیرانی لوڕ کە سەرکردەی دووهەزار ماڵی خێڵاتی بوو.

٥٨- شاعەبباس پاش وەدەرنانی شاوێردی لە وڵاتەکەی، پەشیمان بۆتەوە و زانیویەتی حاکمێکی پایەبەرز و پاڵەوانێکی بەناوودەنگە و باش نییە پەنا بەرێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی. شا دەیزانی شاوێردی دەست هەڵناگرێ و دانیشتووانی خووزستان، فارس، عەلیشوکور و لوڕستان دەخاتە دڵەڕاوکە و بە شاڵاوی ڕاووڕووت و تاڵان دایاندەپاچێ و دەوڵەتی عوسمانیش ڕۆژێک لە ڕۆژان هێزێکی دەداتێیە هەتا پەلاماری ئێرانی پێ بدا. لەسەر ئەم پێوشوێن و لێکدانەوەیە فەرهادخانی ئیعتیمادوددەولە بە شوێنیدا ناردووە و ساڵی ١٠٠٣ی ک/ ١٥٩٤ی ز، لەگەڵی پێکهاتووە... .

٥٩- مامۆستا محەممەدعەلی عەونی لە کتێبی «القدیم والحدیث»دا نووسیویەتی: کابرای گەڕپێکەری ئەو ژنە، پیاوێکی مەسیحی و یەکێک بووە لە ئەفسەرانی پارێزەری قەڵا. لەو شەوەدا کە نەجمەددین ئەییووب پێی ڕاگەیاندرا دەبێ لەو قەڵایە بڕوا، سەلاحەددین لە دایک بوو. باوکی پێوقەدەمی بە شووم زانی و بەرچاوی تاریک داهات و دڵی پێیەوە نەنووسا؛ بەڵام میرزایەکی هاتە لای و خاوی کردەوە و گوتی گوناهی ئەم منداڵە چییە کە ڕووت لێ وەرگێڕاوە؟ چووزانی لە داهاتوودا نابێتە پادشایەکی پایەبەرز؟

٦٠- شاپوور (شاوور)، داوی بۆ تێدابردنی سەری ئەسەدەددین شێرکۆ و هاوڕێیانی دەنایە و پێوە بوو هەتا بانگهێشتنیان بکا و لە ماڵی خۆی هەموویان بکووژێ. شێرکۆ پێی زانی و لەم داوە خەلەست و لێبڕا تۆڵەی لێ بکاتەوە. ڕۆژێک سەلاحەددین لە سەربازخانەدا گرتی و قۆڵبەستی کرد و ناردی بۆ لای خەلیفەی بەغدا هەتا بزانێ فەرمانی چییە؟! خەلیفە بۆی ناردەوە و گوتی سەری ببڕن و بە دیاری بۆ منی بنێرن. بەم شێوەیە ئەم وەزیرە خەیانەتکارە کە دەیهەویست وڵات بداتە فەرەنگییان سەری تێداچوو.

٦١- بەپێی دەقی «اخبار الدول، ٩٩»، نووسەر کردوویەتە چاووڕاو کە سەلاحەددین پاش ئەوەی بۆتە وەزیر، عازیدی گرت و لە کۆشکێکدا خستییە ژێر قرچەقرچی تیشکی خۆرەتاو هەتا پێی مرد؛ بەڵام من ئەم هاشوهووشە بە ڕاست نازانم. وەکوو دیارە سەلاحەددین زۆر بەجوانی لەگەڵ فەرەنگییانی نەیاری جووڵاوەتەوە و پزیشکی بەرێکردووە بۆ تیماری زامارانیان و بەفری ناردووە هەتا لە بەفراو بێبەش نەبن؛ کە وایە لێی ناوەشێتەوە کاری وای لەگەڵ مەزن و سایەچەوری خۆی کردبێ! چۆن لەگەڵ کەسێک وا جووڵاوەتەوە کە دوای مردنی مامی کردوویەتە وەزیر، هەتا ئەم کورسیی پادشایەتییە درەنگ یان زوو ئەو پاڵی لەسەر بداتەوە. زۆربەی مێژوونووسان ئەم بۆچوونە دەبەنەوە پاش و پێی ڕازی نین. تەنانەت جۆرجی زەیدان ئەم تۆمەتەی هەڵگێڕاوەتەوە و گوتوویەتی عازید پیلانی گێڕاوە بۆ کوژرانی سەلاحەددین و شێخ سولەیمانی فێڵەبازیش کە ناوی خۆی نابوو ئەبولحەسەن، لەو پێناوەدا تەپکەی ناوەتەوە و بە تەما بووە «سیتتولمەلیک»ی خوشکی خەلیفە بخوازێ و پاشان ببێتە جێنشینی. ئەم شازادە خاتوونە حەزی لێ نەکردووە و دڵی بە عیمادەددینی هاونشینی سەلاحەددینەوە بووە و مەرگی خەلیفە عازید هەموو پیلانەکانی هەڵوەشاندوونەوە.

٦٢- ئەمە شەڕی بەناوبانگی «حیتتین»ە لە مێژوودا. هەڵایسانی شەڕەکە دەگەڕێتەوە سەر لادانی حاکمانی فەرەنگی لە دەقی ڕێککەوتننامەکە و هەروەها «ڕێنۆڵد ئەرنات»ی حاکمی «کەرەک»یش کاروانێکی بازرگانیی مسوڵمانانی تاڵان کرد و ژن و پیاوەکانیشی خستنە زیندان و سووکایەتیی بە دینی ئیسلامیش کرد. کاتێک سوڵتان سەلاحەددین ئەم هەواڵە تاڵ و ناخۆشەی بیستەوە، سپایەکی گەورەی بۆ گرتنی فەلەستین پێکهێنا و لە بنکەی «سەلامە»ی نیزیک «بوسیری» لەشکربەزی کرد و ڕاوەستا هەتا کاروانی حاجییان تێپەڕین و لە میسرەوە لەشکری دیکەشی بۆ هات. ئەوسا سپاکەی گوێزتەوە بۆ «تەلعەشتەرە» هەتا خۆی بۆ شەڕی گەورە ئامادە بکا. کۆڕێکی لە سەرکردە و

سپاسالاران پێكهێنا بۆ راوێژ و گەلاڵەی شەڕیان دارشت و لێبڕان هەتا بۆ هەتاهەتایە فەرەنگییان تەمێ بكەن.

ڕۆژی پێنجشەممۆ، ١٦ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٣ی ك/ ١١٨٧ی ز، لەشكری ڕانواند و خۆی وەدوا دا هەتا نوێژی جومعەی كرد. ڕۆژی شەممۆ لە ڕووباری ئۆردۆن و باشووری زرێباری تەبەریـیە پەڕییەوە و هەواڵگرانی خۆی ناردن هەتا بزانن دوژمن لە «سەفووریا» چۆن كۆبۆتەوە و چ دەكا؟! هەر ئەو ڕۆژە «تەل‌كەفەر»ی گرت و ڕێگای تەنی و پۆلێك چەكداری ئازا و هەڵبژاردەی دانا هەتا چاوەدێری جموجووڵی دوژمن بن و لەگەڵ پاشماوەی لەشكرەكەی ڕووی كردە تەبەریـیە و دوای شەڕێكی كەم و كورت، گرتی. قەڵای شارەكە خۆی بەدەستەوە نەدا و ژن و منداڵ و پیاوەكانی «ڕیامۆند» كە تێمابوون، هاواریان برد بۆ «جۆی‌شا»ی خاوەندی سەفووریا. پاش گوفتوگۆیەكی درێژخایەن و مشتومڕێكی زۆر، سەرەنجام لەسەر بڕیاری سەركردەكان، فەرەنگی لێبڕان بچنە شەڕی مسوڵمانان. هەر كە بەیانی داهات، فەرمانیان دا بە هێزەكانیان هەتا لە جێی خۆیان ببزوون و بڕۆن و ڕێی گەڕانەوە لە سوڵتان بگرن و نەهێڵن دەستی بە جەرگەی سپا و سەرچاوەی ئاو ڕابگا؛ بەڵام نەك هەر ئەوەندەیان بۆ نەكرا، بەڵكوو بە تەنگەتاوی گەڕانەوە بنكەی خۆیان. سپای ئیسلام بۆ ڕۆژی دواتر هەڵیكردنە سەر و كارێكی پێ كردن، با بە دەواری شڕی نەكردبێ. هێزێكی دوژمن پەران‌پەران بوون و جۆی‌شا و «ڕێنۆڵد»ی برای بە دیل گیران. ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢٦ی ڕەبیعی دووهەمی ٥٨٣ی ك/ ٤ی ژووئیـیەی ١١٨٧ی ز، كە ڕۆژێكی شووم و ڕەش بوو بۆ فەرەنگییان. پاش ئەم سەركەوتنە سوڵتان خێوەتی هەڵدا و لەگەڵ پیاوانی بەراوێژ و تەگبیری خۆی كۆبۆوە و سوژدەی شوكریان بۆ خودا برد كە سەری خستوون. دواتر فەرمووی دا دیلەكان بێنن. «جویَ‌شا» و «ڕێنۆڵد»ی برایان هێنا و سوڵتان لای خۆی داینان و بەفراویان بۆ هێنان. پاشان كەوتە سەركۆنەی ڕێنۆڵدی خاوەندی كەرەك كە بۆچی دەرهەق مسوڵمانان خراپ جووڵاوەتەوە و سووكایەتیشی بە پێغەمبەر كردووە. لەسەر سوێندێكی كە خواردبووی بە دەستی خۆی لە گەردنی ڕێنۆڵدی دا و سەری پەڕاند؛ بەڵام كەوتە دڵدانەوەی جویَ‌شا و بەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵ گیراوەكانی دیكە بە شادمانییەوە ناردی بۆ دیمەشق.

٦٣- ١٥ی ڕەجەبی ساڵی ٥٨٣ی كۆچی/ مانگی سێپتامبری ساڵی ١١٨٧ی زایینی.

٦٤- وەك دەڵێن چیای زەیتوونی كردۆتە لەشكرگای خۆی و ناوەندی جموجووڵی هێزەكانی.

٦٥-لە «تاريخ الدول والامارات الكردية، ٢/ ٢١٠»دا هاتووە: دڵنیای کردنەوە کە گیانیان پارێزراو دەبێ، بە مەرجێک لە ماوەی چل ڕۆژدا شارۆچکە و قەڵاکە چۆل بکەن و برێک پارە بابەتی لێ خۆش بوون بدەن کە بۆ هەر پیاوێک ١٠ دینار؛ هەر ئافرەتێک ٥ دینار و هەر منداڵێکیش ٢ دینار بێ.

٦٦-نووسەرەوەی ژیانی سەلاحەددین، تەرسووسی بە ئەنتەرسووس هێناوە کە شارێکی کۆنی قەڵابەندی دەوری قەڵای کوردانی ئەمڕۆیە (حصن الاكراد).

٦٧-بەرزییە شارێکە لە وڵاتی شام. خاوەنی قەڵا و ژن و منداڵی بە دیل گیران. کیژێکی تازەبووک، کە لە جەنگەی شەڕ و هەرادا زاوای لێ هەڵبڕابوو. سوڵتان سەلاحەددین فەرمانی دا بە شوێن زاوادا بگەڕێن و دۆزیانەوە و بردیانەوە لای بووک.

٦٨-لەم گەلەکۆمەگییەی مەسیحییەکاندا، پادشایانی بەناوبانگی ئورووپایی بەشدار بوون؛ بۆ نموونە ڕیچاردی شێردڵی پادشای ئینگلستان؛ فیلیپ ئاگستۆسی پادشای فەڕانسە و فریدریک باربارۆسی پادشای ئاڵمان. وا هات کە فریدریک ڕۆژی ٢ی جەمادی دووهەمی ساڵی ٥٨٧ی ک/ ١٠ی ژووەنی ١١٩٠ی ز، لە ڕووباری «سالف»دا خنکا و بەم ڕووداوە سپاکەی دەستی لە یەک بەردا و بڵاوەی لێ کرد. ڕیچارد و فیلیپ چوونە مەیدانی شەڕ و کوشتار و دەستیان لە کوشتوبڕ نەپاراست و درندانە جووڵانەوە و تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاند، بەڵام سەرەنجام نێوانیان تێکچوو. پادشای فەڕانسە دوای تووڕە بوونی، ڕۆژی ٧ی ڕەجەبی ساڵی ٥٨٦ی ک/ ٢١ی ژووئییەی ١١٩١ی ز، فەلەستینی بەجێهێشت و بەشی هەرە زۆری لەشکرەکەی لەوێ بنەگر کرد و «کۆنارد»ی بە سەرکردەی دانا. ڕیچاردی شێردڵ هەتا مانگێک دواتر لە عەککە مایەوە و پاشان ڕووی کردە «یافا» و لە مەودای ڕێگادا پەلاماری بردە سەر هێزەکانی ئیسلام، بەڵام زەبری قورسی لێ وەشا. ئەوسا کەوتە مشوور خواردنی کاران و دابەستنی قەڵای یافا و ساز کردنی گەلێک قەڵا و قایمەی دیکە. سپای ئیسلام تینی بۆ هێنا و تەنگەتاوی کرد و ئەگەر کەسێک بەناوی «گیلیۆم» خۆی نەکردبا بە قوربانی و نەیگوتبایە من شا ڕیچاردم، هێندەی نەمابوو بە دیل بگیرێ. سەرەنجام کە زانی ورەی سوڵتان سەلاحەددین ناڕووخێ، دەرگای وتوویژی بەڕوودا کردەوە و ئاشتی باڵی ئەنگاوت. ڕیچارد شازادە خاتوونی خوشکی دا بە مەلیک عادل و بڕیار درا شارەکانی کەنار دەریا بۆ بووک و زاوا بن و قودسیش لە ژێر فەرمانی ئەم دووانەدا بێ، کە بێلایەنن و ئاوا مسوڵمان و مەسیحی بێ جیاوازی بتوانن بچنە زیارەتی ئەم شوێنە.

٦٩- محەممەدئەمین زەکیبەگ دەڵێ: کاتێک مەلیک ئەفزەل کرایە پادشای میسر و هەمەکارەی مەلیک مەنسووری تەمەن کاڵی برازای، لێبڕا تا تۆڵە لە مەلیک عادلی مامی بکاتەوە. پیاوێکی ناردە لای مەلیک زاهیری برای، کە فەرمانڕەوای حەلەب بوو. داوای لێ کرد دژی مامی یاریدەی بدا و کەوتە خۆشی هەتا لەشکر بنێرێتە سەر مەلیک عادل. مامی بەو گەڕ و پیلانەی زانی و نێوانی لەگەڵ سەردارانیدا شێواند و بە لەشکرێکی قورس و گرانەوە ڕووی تێکرد و تەنگی پێ هەڵچنی و ساڵی ٥٩٦ی ک/ ١١٩٩ی ز، ناچاری کرد خۆ بەدەستەوە بدا و سەری وەبەر بێنێ. مەلیک عادل، ئەفزەل و مەنسووری لە میسر دەرپەڕاندن و دەستی بە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیاندا گرت.

٧٠- بەپێی نووسینی محەممەدئەمین زەکیبەگ، مەلیک ئەفزەل دوورخراوەتەوە بۆ قەڵای «سەرخەد»، کە پێشتر لەوێ بووە و ماوەیەک لەوی ماوەتەوە. پاشان مەلیک زاهیری برای ویستوویەتی شامی بۆ بگرێتەوە و بە سپای حەلەبەوە پەلاماری داوە. لێزانینی مەلیک عادل گەڵاڵەی زاهیری تێکوپێک داوە و بەردەستی کردووە و نێوانی براکانی شێواندووە. مەلیک زاهیر گەڕاوەتەوە حەلەب و مەلیک ئەفزەلیش بە ناهومێدی و دۆڕاوی چۆتەوە سەرخەد. سەرەنجام مەلیک عادل بەزەیی پێیدا هاتووە و قەڵای نەجم و سرووج و سمسادی پێ بەخشیوە.

٧١- ئیبنوخەلەکان، شەمسەددین ئەبولعەبباس کوڕی برایم یەکێکە لە گەورەزانایان و مێژوونووسانی بەناوبانگ. ساڵی ٦٠٨ی ک/ ١٢١١ی ز، لە شاری هەولێر لە دایک بووە و ساڵی ٦٧١ی ک/ ١٢٧٢ی ز، لە دیمەشق کۆچیدوایی کردووە. خاوەنی چەندین شوێنەواری بەنرخە، بۆ نموونە: «وفیات الاعیان وابناء الزمان»، کە دەقێکی دیرۆکییە.

٧٢- دەڵێن ئیبنوئەسیر لە ڕێگای چوونە بەغدا کۆچیدوایی کردووە و ناسرەددین مەحموود ناردوویەتی بۆ ئەم سەفەرە.

٧٣- لە کتێبی «مشاهیر الکرد و کردستان»دا نووسراوە ساڵی ٥٧٨ی ک/ ١١٨٢ی ز، لە دایک بووە.

٧٤- مەلیک کامیل ئەبولمەعالی ناسرەددین محەممەد کوڕی مەلیک عادل سەیفەددین ئەبووبەکر محەممەد کوڕی میر نەجمەددین ئەییووب، مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٧٦ی ک/ ١١٨٠ی ز، لە دایک بووە. چۆتە شەڕی مەسیحییەکان و بەوپەڕی ئازایەتی و بەجەرگی خۆی نواندووە و تەنانەت ڕیچاردی شێردڵی پادشای ئینگلستان ناسناوی «شووالییە»ی پێ بەخشیوە.

٧٥- بەپێی دەقی «اخبار الدول والامارات الكردية، ١٩٦»، مەلیک ساڵح نەجمەددین ئەییووب ساڵی ٦٤٤ی ک/ ١٢٤٦ی ز، ویستوویەتی بچێ بۆ شام، هەتا لە گێرە و کێشە و گێچەڵی مەلیک عادلی برای دوور بێ. لێبڕاوە تاکوو عادلی برای بنێرێتە قەڵای «شوبەک»، بەڵام ملی نەداوە. ئەویش تاقمێک کۆیلەغولامی خۆی ناردوونە سەری و لە زینداندا خنکاندوویانە و کردوویانەتە قاو کە بە مردنی خۆی مردووە.

٧٦- مەنسوورە شارێکی نێو قەڵەمڕەوی میسرە.

٧٧- مەبەست لە مەلیک موعەززەم، تووران‌شایە.

٧٨- سەن لوویی، حەوتەمین ئیمپراتۆری فەڕانسە، سەرکردایەتیی ئەم پەلامارەی کردووە. [سەن لوویی یان لوویی نۆیەم (١٢١٤-١٢٧٠ی ز)، بە لوویی پیرۆز ناسراوە. پیاوێکی بەدین و ئازا و دلۆڤان بووە و لە سەردەمی وی‌دا فەڕانسە بە سەر خێر و خۆشی و گەشەی ئابووری و ئارامی‌دا کەوتووە. و.]

٧٩- محەممەدئەمین زەکی‌بەگ نووسیویەتی سەن لوویی بە بڕی ٨٠٠هەزار دینار خۆی کڕیوەتەوە و گفتیشی داوە دەسبەرداری دمیات بێ بۆ مسوڵمانان.

٨٠- محەممەدئەمین زەکی‌بەگ دەڵێ مەلیک ناسر یووسفی حاکمی حەلەبە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کتێبی دووهەم

**باسی کۆمەڵێک لەو مەزنەمیرانەی کوردستان کە هەر چەندە بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان بە پادشا دانەناوە و بەرەو لووتکەی دەسەڵات تێهەڵنەچوون، بەڵام دیسانیش جاروبارە سکە و خوتپەیان بەناوییەوە لێدراوە و خوێندراوەتەوە و پێنج بەشیان پێ تایبەت دراوە:**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی یەکەم

## باسی میرانی ئەردەڵان[1]

١- میرنشینی ئەردەڵان، بە یەکێک لە حکوومەتە سیاسی و دیار و ناسراوەکانی کوردستان دادەندرێ، کە لە کۆتاییی سەدەکانی نێوەڕاستەوە تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، لە ژێر سەرپەرشتی و چاوەدێریی دەوڵەتانی ناوەندیی ئێراندا حوکمی پارچەیەکی کوردستانی کردووە. ئەم میرنشینە لە دروست کردنی مێژووی کورد و بەدیهێنانی ڕەوتی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ناوچەدا دەوری گێڕاوە و کاریگەریی خۆی داناوە. شەرەفخان میرانی ئەردەڵانی لە پێشەوەی فەرمانڕەوایانی مەزنی کوردستان داناوە، ئەوانەی هەرچەند تەواو ئازاد و سەربەخۆ نەبوون و بیریان لە جیابوونەوە نەکردۆتەوە، بەڵام جاروبار ناو و نازناویان لە خوتبەی مزگەوتەکاندا دەهێندرا و لەسەر دراوەکانیان دەنەخشێندرا؛ ئەم دوو هەنگاوەش لە هێما و نیشانەکانی خۆ بە سەربەخۆ زانینن. ←

---

سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، هیچ قەوارەیەکی سیاسیی کورد لە مێژوودا بەقەد ئەردەڵان سەربوردە و بەسەرهاتەکانی لێڵ و شاراوە نین و ئەوەندە دەرکەوتن و پێ گرتنی تەم و مژاوی نییە. هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە چەندین تێڕوانین و ڕاوبۆچوونی ناکۆک و دژ بەیەک و هەواڵ و زانیاریی گومانـاوی و نادروست لە ئارادا هەن دەربارەی تۆرەمە و ناسنامەی میری دامەزرێنەر، بابائەردەڵان و ڕۆژگاری ژیان و چۆنییەتی بوونی بە دەسەڵاتدار و گەشە کردنی دەسەڵاتەکەی؛ تەنانەت ناکۆکی هەیە لە نێوان مەئموونبەگی ئەردەڵان و شەرەفخانی بدلیسیدا کە تەواو هاوچەرخی یەکدین و مێژووی نووسینەوەی کتێبەکانیان تەنیا بیست ساڵی نێوانە.

بەردی بناغەی میرنشینی ئەردەڵان لە قەڵای زەڵم و لە ناوچە شاخاوییە لاچەپ و دوورەدەستەکانی هەورامان و شارەزوور داندرا وەک قەوارەیەکی بچووک و سنووردار و لە شوێنێکی سەخت و لاپەڕ، بۆیە بە ڕێککەوت نەبێ هەواڵ و سەربوردەی میرەکانی نەگەیشتۆتە دەست مێژوونووسانی وڵاتانی دەوروبەر و سەرلەبەری بەسەرهاتی قۆناغە بەراییەکانی بە نەزانراوی ماوەتەوە و زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نییە. سەرچاوە فارسییەکانی ڕۆژگاری مەغۆل و جەلایری و تەیمووری و تورکمانی قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلووی سەبارەت بە نیوەڕاستی سەدەی ٧ی ک/١٣ی ز، تا شەڕی چاڵدێران، واتە ٩٢٠ی ک/ ١٥١٤ی ز، مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵانیان بەتەواوی فەرامۆش کردووە و پشتگوێیان خستووە و ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ بایەخێکیان پێ نەداوە. مێژوونووسانی ئەو سەردەمانە بەوردی دیرۆکی ئێران و هەرێمەکانی دەوروبەریان تۆمار کردووە؛ ئەوان مێژوونووسی تایبەتی پادشا و خان و سوڵتانەکان بوون و بە لایەنگری و زیادەڕۆییەوە دەنگوباسی چالاکی و سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی دەسەڵاتدارانیان تۆمار کردووە و تەنیا لە میانەی گێڕانەوەی وردەکاریی هێرش بردنە سەر کوردستان ناوی ئەو میرە کوردانەیان هێناوە کە بوونە بەرهەڵستیان و ڕووبەڕووی لەشکری پەلامارەدەر ڕاوەستاون.

لە دەقەکانی شەرەفنامەدا هەست بە جیاوازی و بگرە دەسکاری کردنی مێژووی میرنشینی ئەردەڵان دەکرێ. دیارە ئەم دەسکاری کردنەش لە لایەن خودی میرانی ئەردەڵان، یان بە فەرمانی ئەوان ئەنجام دراوە. دوو دەقی دەسنووسی شەرەفنامە لە سنەی پایتەختی میرانی ئەردەڵانەوە براوەتە بریتانیا؛ یەکیان ساڵی ١٨١٥ی ز، سێر جان ماڵکۆلم و ئەوی دیکەیان کلۆدیۆس جیمس ڕیچ ساڵی ١٨٢٠ بردوویەتی. لەم دەقە کوردییەدا، قوبادی کوڕی ساسان نییە و یەکێک لە دەسکارییەکان ئەوەیە کە ئەحمەدی کوڕی مەروان کراوە بە قوبادی کوڕی فیرووز. لە دەقی هەموو دەسنووسەکاندا، ←

تەنـانەت ئەوەشـیان کە بە خەتـی خـودی شـەرەفـخان نووسـراوەتەوە، لەگەڵ تەواوی چاپەکـان بە چـاپی فارسیشـەوە، ئـاوا هـاتووە: بابـائەردەڵان لە بنەچەکەی ئەحـمەدی کـوڕی مەروانە. تەنهـا لە دوو دەسـنووس‌دا وەک محەممەدعەلـی عەونـی دەڵـێ کـراوە بە نەوە و نەتیـژەی بـابەکی کـوڕی سـاسـان. مـن وای بـۆ دەچـم، ئەم دوو دەسنووسـە ئەوانەن کە لە لایەن نووسـەرانی ئەردەڵانەوە دەسـکاری کـراون و ئەحـمەدی کـوری مەروان لابـراوە و بـابەکی کـوڕی سـاسـانی لە شـوێن دانـدراوە و ئەمانوڵڵاخـانی ئەردەڵان (١٨٠٠ـــ١٨٢٤ی ز) داونی بە گەڕۆکانی ئینگلیسی، واتە: سێر جان ماڵکۆلم، ١٨٣٩ـ١٨٦٩؛ کلۆدیـۆس جیمس ڕیـچ ١٧٨٧ـ١٨٢١.

ئەوەتـا محەممەدئیبراهیمـی ئەردەڵانـی لە پێشـەکیی ئەم پاشـکۆیەدا کە نـاردوویەتی بـۆ ماڵکۆلم، دەڵێ: (مؤلف تاریخ الاکراد شرف‌الدین بن شمس‌الدین رحمةالله در " تاریخ الاکراد " موسوم به "شرفنامه " انساب ولاة و حکام اردلان را از هلوخان بن سلطان‌علی‌بیگ تا بابک بن ساسان بدین تفصیل برشته تالیف درآورده: هلوخان... بن خضر بن کالول بن بابااردلان از نبـایر بابـک بـن ساسـان...)؛ بـڕ: (دووذەیلی شەرەفنامەی بدلیسی، ئەنوەر سوڵتانی، ل١٤٩).

سـەبارەت بە کەسـایەتیی بابـائەردەڵان و هەڵومەرجـی دەرکەوتنـی، عەلـیئەکبەر وەقایعنیگار و میرزا شـوکروڵڵا سـەنەندەجی، وەک کەسـێکی ئەفسـووناوی پیشـانیان داوە و ویسـتوویانە جـۆرە پیرۆزییەکـی ئـایینیی پـێ ببەخشـن. گۆیـا بە خـزمەت حەزرەتـی ئیمـام حەسەنی کوڕی عەلی گەیشـتووە و ئەویش خەڵاتـی کـردووە و خـاتەمێکی نەخشـراو بەنـاوی خـۆی پـێ بەخشـیوە، وەک هێمـایەک بـۆ دان‌نـان بە شـەرعییەتی دەسـەڵاتی، دواتـر بە ڕەزامـەنـدی و پشتیـوانیی ئەبوومـوسلیم مەروەزیـی خوراسـانی (؟ ـ ١٣٧ی ک) دەسـتی گرتـووە بە سـەر کوردسـتان‌دا (میـرزا شـکرالله سـنندجی، فخرالکتـاب، تحفـه ناصـری، سـال ١٣١٩هــق/١٩٠٢م، انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٦٦ هــش، ص٧٦-٧٧، علی‌اکبر وقایع‌نگار کردسـتانی، حدیقـه ناصـری). سـاڵی ١٣٠٩ی ک/١٨٩٢ی ز، ئەم کتێبەی لە لایەن جـان دۆسـتەوە کـراوە بە عەرەبی، ل ٩٢، هەولێر ٢٠٠٢.

گرفتـی گەورەی سـەرچاوەکانی ئەردەڵان ئەمەیە کە هەواڵە ڕاسـت و مێژووییەکانیـان ئـاوێتەی ئاخـافتنی پڕوپـووچ و ئەفسـانەیی دەکەن؛ بە چەشـنێکی وا ئەگەر خـوێنەر ئاگـاداری سـەرچاوە دێرینەکـان نەبـێ، ناچـار دەبـێ گومـان لە ڕاسـتییەکانیش بکـا؛ بەڵام چەنـد وردە زانیـاریی وایـان تێدایە کە گەلێک بەکەلکن و لە شـەرەفنامەدا وەبەرچـاو نـاکەون و وەبـاڵ بـۆ نووسـین و ئاخـافتنی سـەرچاوە عەرەبییەکـان دەکێشـن. ئەم ڕاسـتییە مێژووییـانە ←

**شوێنهەڵگرانی باس‌وخواسی بەسەرهاتی میرانی کوردستان و دەقی سەبارەت بە ئەتابەکانی لوڕستان، بە زمانی قەڵەمی دووزمان، ڕەسەنی میرانی ئەردەڵان دەبەنەوە سەر بنەچەکەی فەرمانڕەوایانی دیاربەکر، کە لە بەرەی ئەحمەدی کوڕی مەروانن. لە کتێبی پێشوودا تیشکمان هاویشتە سەر کەلێن‌وکولێنی ژیانی و پێیدا ڕۆیشتین.**

**پیاوێک بەناوی بابائەردەڵان (بابەئەردەڵان) [1]،ماوەیەک ژیانی خۆی لە نێو هۆزی گۆڕاندا تێپەڕ کردووە. لە کلکەی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی چەنگیزیدا،**

---

دەمـاودەم گێـڕدراونەتەوە و دەتـوانین لە ژێـر ڕووناکـایی ئەواندا و بە بەراورد کردنیـان لەگەڵ هەواڵە مێژوویی‌یەکان بگەینە چەند ڕاستییەک:

ئەلـف: بابـائەردەڵان نـاوی «خوسـرەو»ە و سـاڵی ٥٦٤ی ک/١١٦٨ی ز، قەڵای زەڵمـی لە شـارەزوور دروسـت کـردووە و دەسـتی گرتـووە بە سـەر شـارەزووردا و دواتـر قەڵای پاڵنگانی گرتووە کە زێدی گۆڕان و کەڵهوڕ بووە (تحفە ناصری، ص ٩١-٩٢).

ب: میر بابلۆ کابرایەکی سەرەڕۆ و ملهوڕ و خوێنڕێژ بووە و جەماوەری ژێر دەسـەڵاتی چەوساندوونەوە و چاوی لە بچووکترین سەرپێچی نەپۆشیوە.

ج: یەکێـک لە یـاوەرە زیـرەک و وریاکـانی بـابلۆ بەنـاوی ئیبـراهیم کە لام وایە دەبــێ «ئیبـراهیمبەگ» بـێ، کەوتە نێوبژیـوانیی نێـوان بـابلۆ و خەڵـکەکە و تـوانی بـابلۆ ڕازی بکـا دەسبەرداری دەسەڵات بێ (حدیقە ناصری، ص ٩٤-٩٥).

ئاخـافتنی حەمـدوڵڵا مسـتەوفی لەسـەر ناونـانی شـارەزوور کە شـەرەفخان لێـی وەرگرتـووە لەم دەقەدا نیـیە و لە وەرگێـڕاوە عەرەبیـیەکەی مەلا جەمیـل ڕۆژبەیـانی‌دا هەیە. ز.س.

١ - «خۆی داناوە بە قوبادی کوڕی فیرووزی ساسـانی. حەمدوڵڵا مستەوفی دەڵـێ نـاوی شـارەزوور دەگەڕێـتەوە سـەر دەسـەڵاتی بێ‌پسـانەوەی میرانـی کـورد لەو هەرێـمە و هەر کەس هێز و زۆری پتر بووبێ لێی بۆتە میر، بۆیە پێی گوتراوە شارەزوور [شارەزۆر].»

وێنـاچێ بابـائەردەڵان خـۆی دانـابێ بە قوبـادی کـوڕی فیـرووز، بەڵکـوو دەبـێ تـۆرەمەی خۆی بردبێتەوە سەر خانەدانی ساسانی یان ناوی گۆڕیبێ بە قوباد.

دەقی بودلیـان ئەم بـڕگەیەی سـەرەوەی تێدا نیـیە، بەڵام مامۆسـتا هەژار لە لاپەڕە ١٩٥-١٩٦ی وەرگێـڕانەکەی خـۆیدا هێنـاویەتی. مامۆسـتا عەبـدوڕڕەقیب یووسـف لە پێـکگرتنی دەقەکاندا ئەم مەبەستەی بۆ ڕوون بۆتەوە و ئاگاداری کردوومەوە. و.

**تـ.وانیویەتی بـە سـەر هەرێمی شارەزووردا زاڵ بێ و بـە هەوێنی تەگبیروڕا هەنگاو بنێ و ئەم خاکە بگرێ و ببێتە میرێکی سەربەخۆ. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر دەسەڵاتیدا، بەناکامی دڵی لە هەرێمی شارەزوور هەڵقەندووە و ڕووی کردۆتە شارستانی نەمان.**

**پاش مردنی بابەئەردەڵان، «کلۆڵ»ی کوڕی جێی گرتۆتەوە و ئەویش لە کاتوساتی دیاریکراوی بڕانەوەی ژیانیدا، کە هیچ پاشوپێشی پێ ناکرێ، بەرەو دنیای پاشین داگەڕاوە.[1] دوای ئەوەی هەواری لەم جیهانە بێڕاوەستان و لەنگەرە گواستۆتەوە، بەم شێوەیە وەچەی هاتوون و بوونە پێشەنگی دەسەڵات:[1]**

---

١- کلۆڵی کوڕی بابائەردەڵان خوسرەو (؟ ـ ٥٩٥ی ک / ١١٩٩ی ز)، میرێکی بەتوانا و پایەبەرز و ناسراو بووە و چوارچێوەی قەڵەمڕەوی باوکی بەرفرەوان کردووە و ژمارەیەک گوند و قەڵا و شارۆچکەی خستۆتە سەر. کلۆڵ، میران و خاوەند قەڵاکانی دەوروبەری خستوونەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و باجی بە سەردا سەپاندوون و بەمەش ناوچە میرنشینێکی لە نێو جەرگەی کوردستان دامەزراندووە و بارگاشی گواستۆتەوە بۆ قەڵای پاڵنگان لە دەربەندێکی سەخت و ناوچەیەکی شاخاویی یەکجار تووش و لەگرتن نەهاتوو لە دوازدە فەرسەنگیی شاری سنە و دەشێین بڵێین دامەزرێنەری ڕاستەقینەی میرنشینی ئەردەڵانە.

ناوودەنگی میر کلۆڵ سنووری کوردستانی بەزاندووە و گەیشتۆتە عێراق و لەکن مێژوونووسانی بەغدا ناسراو بووە و مانگی ڕەجەبی ساڵی ٥٩٥ی ک/١١٩٩ی ز، کۆچیدوایی کردووە.

إبن الساعی الخازن (م: ٦٧٤ ک/ ١٢٧٥ز) دەنووسێ: میر مکلوا (؟) کوڕی خوسرەو، خاوەندی ئەو دەربەندەیە کە بەناوی خۆیەوە دەناسرێ لەسەر ڕێگای هەمەدان. یەکێکە لەو میرە کوردانەی، دەستی بە سەر قەڵاگەلێکدا گرت لە دەربەند. چەکدارەکانی ڕێگرییان دەکرد و دەسکەوت و تاڵانیان بۆ دەبرد. گشت شا و میرانی دراوسێی لێی دەسڵەمینەوە و بۆ خۆ پاراستن لە شەڕ و گێچەڵی دیاری و خەڵاتیان بۆ دەنارد (الجامع المختصر، ١٥/٩).

من هیچ گومانم نییە ئەم میرە هەمان میر کلۆڵی ئەردەڵانە و تەنها بە هۆی هەڵەی ڕوونووسکەرانەوە نەختێک شێواوە و لە ڕاستیدا هەڵەی ڕێنووس و ڕوونووس لە دەسنووسەکاندا دیاردەیەکی شاراوە نییە. دەسنووس نییە دەیان و سەدان هەڵەی لەم ←

**١- خدر کوڕی کلۆل ٢-ئەلیاس کوڕی خدر ٣-خدر کوڕی ئەلیاس ٤-حەسەن کوڕی خدر ٥- بابلۆ کوڕی حەسەن ٦- مونزیر کوڕی بابلۆ.**

**ئەوەی ڕاستی بێ، چونکە هیچ شتێکی وا ڕوون و ڕەوانم سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی ئەم کەسانە نەدەزانی و هیچیشم لە کەسی باوەڕپێکراو نەبیستبوو کە پشتم پێی گەرم بێ،[1] بەناچاری چاوم لێ پۆشین و چوومە سەر باس و بەسەرهاتی هێندێکیان کە پیاوانی قسەڕاست و جێی متمانە باسیان کردوون و ئەوەی گوتوویانە پشتاوپشت هاتووە و سوور بۆتەوە و تەنانەت بەشێکیشیانم بە چاوی خۆم دیتوون. وا پێکهاتووم لەگەڵ پێنووسی دووزمان کە لەم دەقە شاشوواشەدا، کاکڵی ساغی چیرۆک و سەربوردەیان بێ زیاد و کەم بنووسمەوە و خـۆم لە درێژدادڕی و گێڕانەوەی قسەی قۆڕ و بێتامیش بدزمەوە کە مرۆڤی ئاقڵمەند بە درۆی بزانن و ڕووی لێ وەربگێڕن و لێی بتۆقن. «سڵاو لەسەر ئەو کەسەش بێ، لە ڕاستەڕێیە لانادا.»[2]**

---

بابەتـانەی تێدا نەبـێ و ئەگەر دەسنووسـی سـەرەکیی کتێبەکە ببینـین دەتـوانین ئەم هەڵانە ڕاست بکەینەوە.

دەربەندی ڕێگای هەمەدانیش هەر مەبەست چیاکـانی پاڵنگـان و سنەیە کە دەکەونە سـەر ڕێگای «بەغدا ـ هەمەدان» و ئەو زەمـانی شـوێنە جوغرافیاییەکـان بە ڕەنگێکـی ورد دیـاری نەکراون و لە ڕێـگەی شـارە گەورە و ناودارەکانەوە ناسـێندراون. لـونگریکیش ئامـاژە بەوە دەکا کە کلۆڵ باجی لە میرانی دەوروبەری وەرگرتـووە (أربعە قرون مـن تـاریخ العـراق، ص١٧). ز.س.

١-دوای مردنـی کلـۆڵ و هـاتنی خارەزمییەکـان و دواتـریش مەغـۆل، سـەرپاکی کوردسـتان کەوتە ژێـر بڕشـتی دەسـەڵاتیان و ئەردەلانـیش هاوشـێوەی میرنشـین و دەسـەڵاتدارە خۆجێییەکـانی دیـکەی کوردسـتان پووکـایەوە و دەور و سـەنگێکی وەهـای نەمـا، بـۆیە ئەم میـرانە بەخامۆشـی حوکمیـان دەکـرد و شـەرەفخان هـیچ زانیـارییەکی لەمەڕ دەسـت نەکەوتـوون و ئەوەنـدەی ئـێمەش ئاگـادار بـین لە هـیچ سـەرچاوەیەکی دیـکەدا هـیچ باسوخواسێک سەبارەت بەم میرانە نییە. ز.س.

٢- «والسلام على من اتبع الهدى»؛ بەشێکە لە ئایەی ٤٧ی سوورەی تاها. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

## باسی مەئموون کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ کوڕی حەسەن کوڕی خدر کوڕی ئەلیاس کوڕی خدر کوڕی کلۆڵ کوڕی بابائەردەڵان

مەئموون دوای نەمانی باوکی بوو بە میری سەربەخۆی ئەم خاکە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر تەختی دەسەڵاتی پاڵی دایەوە. پاشان مرد و ڕووی کردە دنیای دیکە.(٢) ئەم میرە سێ کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: بەگەبەگ، سورخاببەگ و محەممەدبەگ.[١]

### بەگەبەگ کوڕی مەئموونبەگ

دوای ئەوەی باوکی پشتی لەم دنیا نەمێنە کردەوە، بوو بە جێنشینی؛ بەڵام باوکی هەر بە زیندی‌سەری خۆی نیشتمانی ژێر دەسەڵاتی لە نێوان‌دا بەش کردبوون. ناوچەی زەڵم،(٣) تەغەسوو،[٢] شەمیران (شمێران ← شمیران)، هاوار، سێمان (شێخان؟)، ڕاودان[٣] و گوڵعەنبەر بیوون بە بەشی بەگەبەگ. ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەش وەبەر براکانی کەوتبوون و دواتر دەچینە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتیان.

بەگەبەگ پاش ٤٢ ساڵ میرایەتی بارگە و بنەی تێکەوەپێچا و لەم جیهانە نەمێنەوە ڕایگواست بۆ جیهانی هەرمان و دوو کوڕی بە یادگار لە دوا بەجێما، کە بریتی بوون لە سمایل و مەئموون.(٤)

---

١- برایەکی دیکەشیان بووە بەناوی «قایتەمز». ع.ی.

٢- نەفسوو، نەفسوود، نەوسوو، نەوسوود. و.

٣- دەقی بودلیان، ل ٥٩، داودان، کە دەبێ هەمان دەودان بێ. و.

**مەئموونبەگ کوڕی بەگەبەگ**

وەکوو دیارە، چونکە پیاوێکی لێوەشاوە بوو، جێی باوکی گرتەوە و دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا، سوڵتان سولەیمانخان، خودا لێی خۆش بێ، سوڵتان حوسێنبەگی حوکمداری «عیمادییە» و چەند بەگلەرێکی کوردستانی ڕاسپاردن تا بڕۆن و شارەزوور بگرن. سوڵتان حوسێنبەگ بەپێی فەرمانی بێبەرگێڕەوەی، بە مەبەستی ڕزگار کردنی هەرێمەکە ئەسپی ئاژاوت و لە قەڵای «زەڵم» مەئموونبەگی ئابلۆقە دا. پاش هەوڵ و هەڵسووڕانێکی زۆر، بە زمانی خۆش مەئموونبەگی لە لانی خۆی دەرکێشا و ناردی بۆ بەردەرانەی سولەیمانی.(٥)

دوای گیرانی مەئموونبەگ، سورخاببەگی مامی، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی ئەویشی خستە سەر خاکی خۆی کە بریتی بوو لە: توێ، مشیلە، مێهرەوان،[١] تەنوورە، کەڵۆس و نشکاش.[٢] پاشان سەری وەبەر دەرگای شاتەهماسبی سەفەوی هێنا. دوای ئەوەی سوڵتان سولەیمانخان بێ تاوان بوونی مەئموونبەگی لێ ڕوون بۆوە، لە بەند ئازادی کرد و مەڵبەندی «حللە»ی سەر بە داروسسەلامی بەغدایەی بە مڵکایەتی دایە و گوتی هەتا ماوە با ئی وی بێ. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، مەئموونبەگ ماوە و لە جێی خۆیەتی و بێ کۆسپ و گرێ و بە شادی و کامەڕانی دەیگوزەرێنێ.

لە بارگای خانەدانی عوسمانییەوە، مەڵبەندی سرۆچک درایە دەست سمایلبەگی برای و ماوەیەک لەوێ مەزنایەتیی کرد، بەڵام مەرگ هات و لەگەڵ خۆی بەرەو دنیای پاشینی برد.

---

١-وا دیارە مەبەستی «مەریوان»ە. و.

٢- مەڵبەندێکی شانبەشانی بە مەریوان، (نشکاش). و.

**سورخاب‌بەگ کوڕی مەئموون‌بەگ**

وەکوو باسمان کرد، سورخاب‌بەگ پاش گیرانی مەئموون‌بەگی برازای، لە هەرێمی شارەزوور و زەڵم بوو بە میری سەربەست و بەشی محەممەدبەگی براشی بۆ خۆی دابڕی و پەرەی دا بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی.

وا هات کە ساڵی ٩٥٦ی ک/١٥٤٩ی ز، ئەلقاس‌میرزای برای شاتەهماسب، بە هیوای پادشایەتیی ئێران، پەنای بردە بەر دەرگای سوڵتان سولەیمان‌خان.[١] دوای ماوەیەک لەبەر چەند کارێکی نابەجێ، لە سوڵتانی عوسمانی تۆقی و سورخاب‌بەگی کردە تکاکار هەتا بچێ و لای شاتەهماسبی برای بۆی بپاڕێتەوە تاکوو لە تاوانەکانی خۆش بێ و لێی‌گەڕێ بچێتەوە سەر دۆخی جارانی و حکوومەتی شیروانی بداتەوە دەستی و ئەویش دادەنیشی و هەڵتۆزهەڵتۆز ناکا.[٦] کاتێک سورخاب‌بەگ ئەم داوایەی بە پێچکی تەختی پادشایەتی ڕاگەیاند، شاتەهماسب پێی گەشایەوە و بە دەسکەوتێکی گەورەی دانا. لەڕێوە شانیعمەتوڵڵای قەهێستانی و چەند مەزن و ماقووڵێکی قزڵباشانی ناردنە شوێن ئەلقاس‌میرزا و ئەوانیش چوون و ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاند و گێڕایانەوە ژێر پێچکەی تەختی دەسەڵات. بە فەرمانی پادشا بێ‌سێ‌ودوو گیرا و ڕاگوێزرایە قەڵای «قەهقەهە». دوای ساڵێک بە ویستی خاوەن‌شکۆ لە قەڵایەڕا هەڵیانداشت و گۆڕەهوویان کرد. شاتەهماسب لە چاکەی ئەو کارەی سورخاب‌بەگ لەگەڵی کردبوو، ساڵێ بڕی هەزار تمەنی[٧] لە خەزێنەی دارماڵی شاهی بۆ بڕیبۆوە و هەتا ما بێ‌نێوبڕ وەریگرت.

سورخاب‌بەگ زۆر ژیا و لە ڕچە و ڕێبازی بێ‌گرێ و گرفت و دۆستانەی سەبارەت بە شاتەهماسب لای نەدا.[٨] ماوەی ٦٥ ساڵی حکوومەت کرد و پاشان

١- چوونی ئەلقاس‌میرزا بۆ لای سوڵتان سولەیمانی قانوونی لەگەڵ وەرگێڕانەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی جیاوازن. ز.س.

بنکەی ژین
www.zheen.org

جێوبانی ژیانی ڕاگواستە جیهانی نەمانی.[1] یازدە کوڕی بەختیار، لەسەر ڕووکاری لاپەڕەکانی ڕۆژگار وەکوو یادگار لە پاشی بەجێمان، کە بریتی بوون لە: ١- حەسەن ٢- ئەسکەندەر ٣- سوڵتان عەلی ٤- یاقووب ٥-بارام ٦-بیسات ٧- زولفەقار ٨- ئەسڵەمیش[2] ٩- شاسوار ١٠- ساروو ١١- قاسم.

**محەممەدبەگ کوڕی مەئموونبەگ**

محەممەدبەگ بەشەمیراتی باوکی پێ بڕا و دەسەڵاتی ناوچەکانی سرۆچک، قەرەتاق (قەرەداغ)، شەهربازاڕ (شارباژێر)، ئالان و «دمهران»ی[3] بەدەستەوە گرت. پاشان بە مەبەستی وەچنگ هێنانی حکوومەتی بە پشتاوپشتگەڕاوی باب‌وکاڵی، خۆی هاویشتە ژێر سێبەری دەسەڵاتی سوڵتان سولەیمان‌خان. ئەویش ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیر و عوسمانپاشای مەزنی سەرکردەکانی بەغدای لەگەڵ چەند دەرەبەگێکی کوردستانی ڕەگەڵ خست و ناردی بۆ گرتنی خاکی ئەردەڵان. ئەم سەرکردانە بەپێی فەرمانی دڵخوازی سوڵتان لەشکریان هێنا و دەورەی قەڵای «زەڵم»یان دا، کە بە یەکێک لە پتەوترین قەڵاکانی ئەردەڵان دادەندرێ و ئەوەندە بڵیند و ڕژد و چڕە کە شان لە شانی شوورەی ئاسمان دەدا. ماوەی گەمارۆ دوو ساڵی کێشا و وا هەڵکەوت کە محەممەدبەگ بە تفەنگ ئەنگوا و سەری تێداچوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١- سورخاب‌بەگی کوڕی مەئموونبەگ بەپێی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ل ١١١، ٦٧ ساڵی حکوومەت کردووە؛ هەروەها جیاوازی لە چەند بڕگەیەک هەیە. ز.س.

٢-ل ٦١ بودلیان: ئەسڵەمز؛ دەبێ بەپێی بەشەکانی پێشوو ئەمەیان دروست بێ. و.

٣-لە دەقی بودلیان، ل ٦١دا وەکوو «سهران» و «مهران» دەچێ؛ بەڵام بەپێی پەڕاوێزی لاپەڕە ٢٠٥ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بە «مەریوان»ی دەزانێ. هەر لاپەڕەیەک ئەولاتر بە «مهروان»ی هێناوە. ڕەنگە «مەریوان» دروست بێ. و.

لەو لاشەوە شاتەهماسب هێزی پشتیوانی ناردە یاریدەی گەمارۆدراوان، عوسمانپاشا بە هاتنی لەشکری یاریدەر دەستی لە گەمارۆ هەڵگرت و ڕووی کردە شارەزوور. لەوێ بە مردنی خۆی مرد و ماڵاوایی کرد لەم خانووە ڕووخەڵانەی دنیا و هەتا جێحاوانەوەی هەتاهەتایی گیر نەبوو.

لەو جەنگەیەدا گەمارۆدراوانی قەڵای زەڵم بە جارێکی بەرەو دەر بزووتن و کردیانە هەڵاتهەڵات و بازرە بوون. ساڵی ٩٦٩ی ک/١٥٦١ی ز، محەممەدپاشا باڵتەچی، هەلەکەی بە خەنیمەت زانی و خۆی بە قەڵادا کرد و قەڵا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمەکەشی بەپێی تەگبیروڕا و هاویشتنی هەنگاوی بەپارێزانەوە گرتن. لەو کاتەوە هەتا ئێستا خاکی شارەزوور کەوتۆتە نێو چەغزی دەسەڵاتی سوڵتانی و بە بەشێک لەو هەرێمانە دادەندرێ کە عوسمانی توانیویەتی بیخاتە نێو قەڵەمڕەوی خۆی.

### سوڵتان عەلی کوڕی سورخاببەگ

پاش ئەوەی سورخاببەگی باوکی نەما، سوڵتان عەلی بوو بە حوکمڕانی خاکی ئەردەڵان. تازە سێ ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا تێپەڕیبوو کە قەڵەمداری نووسینگەی چارەنووس تۆماری تەمەنی تێکەوەپێچا و دوو کوڕی سەروپێچکەی لە پاش بەجێما و ئەوانیش بریتی بوون لە تەیموورخان و هەڵۆخان. ئەگەر وا هات و چۆنیەتیی ژیان و بەسەرهاتی ئەوانیشم لێ ڕوون بۆوە، خودا پشتیوان بێ وەدوایان نادەم و دەگەڕێمەوە سەریان.

### بیساتبەگ کوڕی سورخاببەگ

دوای مردنی کاکی، بیساتبەگ جڵەوی دەسەڵاتی ئەردەڵانی بەدەستەوە گرت و توانی سەروبەری کاروباران بەڕێتەوە سەر یەکتر و سەقامگیری دابین بکا. کوڕانی

سولْتان عەلی کە کچەزای مونتەشاسولْتانی ئوستاجلوو بوون، بە هەوای وەرگرتنی فەرمانی میرایەتی، چوونە ژێر دالْدەی شاسمایلی دووهەم. پاش مەرگی شاسمایل، تەیموورخانی کوڕە گەورەی سولْتان عەلی بە سەر هەرێمی ژێر دەسەلاْتی بیسات‌بەگی‌دا دا و دەستی لە تالاْن‌وبڕۆ نەپاراست. شەڕ و کێشەی نێوانیان هەتا مردنی بیسات‌بەگ هەروا درێژەی کێشا.

## تەیموورخان کوڕی سولْتان عەلی[١]

پاش ئەوەی تۆماری تەمەنی حکوومەتی بیسات‌بەگ پێچرایەوە، تەیموورخانی برازای هەوساری دەسەلاْتی ئەردەلاْنی کەوتە دەستی. سالْی ٩٨٨ی ک/١٥٨٠ی ز، سەری وەبەر خودالێ‌خۆش‌بوو سولْتان مرادخانی پادشای جیهان هێنا، ئەویش بەسەری کردەوە و بڕی سەت‌هەزار «ئاقچە»ی عوسمانیی لە داهاتی ملْکانەی تایبەتی خۆی لە شارەزوور خەلاْت کرد. لە هەرێمی ژێر دەسەلاْتی قزلْباشان «دینەوەر»یشی خستە سەر قەلْەمڕەوی و هەتا ڕیزی سەرکردە هەرە مەزنەکانی عوسمانی هەلْیکێشا و سەرناوی «پاشا»شی باربوو کرد و بوو بە تەیموورخان‌پاشا. سولْتانی عوسمانی کوڕەکانیشی خوێندەوە و هەرکام چەند ناوچە و مەلْبەندێکی دانە دەستی. سنە، حەسەناوا و قەلاْی قزلْجە، دران بە کوڕە گەورەی کە ناوی سولْتان عەلی بوو. بوداق قەرەداغی وەبەرکەوت و مراد لە ناوچەی مێهرەوان (مەریوان) بوو بە مەزن. کوڕی هەرە چکۆلەی شارباژێری درایە دەستی.

---

١- بەپێی وەرگێڕانەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، تەیموورخانی کوڕی سولْتان عەلی سالْی ٩٨٦ی کۆچی چۆتە لای سولْتان مرادی عوسمانی (ل١١٤)؛ هەروەها جیاوازی و پاش و پێش هەیە لە نێوان ئەم دەقە و ئەوەی مەلا جەمیلدا. ز.س.

دوای ماوەیەکی کەم و کورت تەیموورخانپاشا، لەبەر کەڵەکە بوونی فیز و هەوای شەیتانی لە دەروونیدا، ئەسپی بادیهەوایی هەڵیگرت و کەڵکەڵەی دانانی حکوومەتی کەوتە سەری. بۆ وەدی هاتنی ئامانجی، وەکوو گوڵەبەرۆژە هەر جارەی رووی بۆ لایەک وەردەسووڕاند و ڕۆژێک دەبوو بە ڕۆمی [1] و ڕۆژێکی دیکە بە قزڵباش [2] دەردەچوو. بێبڕانەوە کێشەی ساز دەکرد و دڵی مەزن و میرانی ناوچەکانی دەوروبەری لە خۆی دەکرد و تێیان ڕۆدەهات و پەلاماری دەدان و دەیدانە بەر گوڕمی تاڵان و وڵاتی لێ دادەڕووتاندن. سەرەنجام وای لێهات هێرش بەرێتە سەر کوڕی عومەربەگی کەڵهوڕ. لەو گرمە و هەرایەدا «شاوێردی»ی حوکمڕانی کوردستان، چوو بە هانای کوڕی عومەربەگەوە و پێکەوە بەرەگەیان لێ تەنی و لەو دەمەدا کە بە دەستی پڕ دەگەڕایەوە و ناوچەی کەڵهوڕی تاڵان کردبوو، لە حەشارگە لێی دەرپەڕین و زۆربەی گەورەگەورە و سەرکردەکانی لە خوێنی خۆیان گەوزین. لە جێگایەک کە پێی دەڵێن «خەسر»، تەیموورخان گیرا و چەند ڕۆژێک بە دەسبەسەری مایەوە و پاشان چاکەیان لەگەڵ کرد و بەریان دا؛ بەڵام دیسانیش هەر تەمبێگرتوو نەبوو.

گەر خووی نالەبار بنەی داکوتا لە نێوخۆی دەروون
خاشەبڕ نابێ تا ڕۆژی مەرگ و نەمان و نەبوون

تەیموورخان دەستی هەڵنەگرت و سەرلەنوێ پەلی بزاوت و بە مەبەستی گرتنی ناوچەی «زەڕینکەمەر» و دەوروبەری کە لە بارگای قزڵباشەوە کرابوویە باربووی دەوڵەتیارسوڵتانی سیامەنسوور، هێزی دەنگ دا. شەڕیان لە نێوانیدا

١- مەبەست عوسمانییە. و.
٢- مەبەست ئێرانییە. و.

قەوما و ساڵی ٩٩٨ی ک/١٥٨٩ی ز، تەیموورخان کوژرا و هەڵۆخانی برای جێی گرتەوە.

**هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی کوڕی سورخاببەگ**

هەڵۆخان پاش ئەوەی جێی تەیموورخانی برای گرتەوە و جڵەوی حکوومەتی ئەردەڵانی کەوتە دەستی، سەری هێنایە بەر فەرمانی پادشای خاوەنشکۆی دلۆڤان سوڵتان مرادخان، خودا بیبەخشێ و لێی ڕازی بێ. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ پادشاکانی قزڵباش (ئێران) نێوانی تێکنەدا و خۆی گونجاند. لەسەر ئەم پێوشوێنە توانی بناغەی دەسەڵاتی سەربەخۆی پتەو دابڕێژێ و کەس دەستی وەبەرنەهێنێ و قسە لە قسەی نەکا. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، بەبێ گرێ و کۆسپ و بەرهەڵست، دەسەڵاتداری هەرێمی خۆیەتی.[١]

## بەشی دووهەم

### باسی میرانی حەککاری (هەکاری) کە ناسراون بە شەنبۆ[٢]

www.zheen.org

١-بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە درێژەی دەسەڵاتی بنەماڵەی میرانی ئەردەڵان بڕواننە کتێبی «دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی»، نووسینی «محەممەدئیبراهیم کوڕی مەلا محەممەدحوسێنی ئەردەڵان»، بە زمانی فارسی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، ل ٩٣-١٢٤، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥؛ هەروەها شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٢١٢-٢٣٢. و.

٢-بێگومان میرانی هەکاری لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی کوردن و سەرچاوەکان هەموویان جەختیان لەسەر ئەم ڕاستییە کردۆتەوە. دیارە لە ڕۆژگاری شەرەفخاندا بە مەبەست و ئامانجی تایبەت، میرانی هەکاری خۆیان بە نەوەی عەبباسییەکان داناوە؛ کەچی لە ڕۆژگاری مەغۆلدا بەهۆی ئەوەی کە عەلی کوڕی ئەحمەدی هەکاری (م: ٤٨٦ی ک/١٠٩٢ی ز)، ناسراو بە شێخولئیسلام عەرەبی ئومەوی و یەکێک بوو لە نەوەکانی عوتبەی کوڕی ئەبووسوفیان، عومەری و مێژوونووسانی دی، هەموو هەکارییەکانیان بە نەوەی عوتبەی←

با ئەوانەی پرشنگی دەروونیان وە هەر شتێکی بکەوێ دەیکا بە زێڕ و گەوهەرفرۆشی بازاڕی گفتولفتی ڕەوانن و خەیاڵیان بێخەوشوخاڵە و بۆتە کانگای ڕووناکی، لێیان ڕوون بێتەوە کە میرانی مەزنەوەجاخی هەکاری بە ڕەچەڵاک دەگەنەوە سەر خەلیفەکانی عەبباسی.[٩] وەکوو دیارە چونکە هەتا ئێرە هیچکەس خۆی پێوە ماندوو نەکردووە کە داخوا دەچنەوە سەرکام خەلیفەی عەبباسی، جڵەوی ئەسپی قەڵەمی خۆشاژۆم لە نووسینەوەی بەسەرهاتی ئەم خانەدانە جێڕێزە هەڵەنگاوت و نەچوومە سەر باسی خەلیفە مەزن و هێژاکان.[١]

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم خانەدانە بەرزەشانە لە نێو میرانی کوردستان بە مەزنەوەجاخی ڕەسەنزادە ناسراون و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و ئاکاری جوان و لەباریان کەوتۆتە بەر دڵان و خاقانان و پادشایانی خاوەنشکۆ، بەچاکی ڕێزیان گرتوون و چاویان نەبڕیوەتە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان. ئەگەریش چەند سوڵتانێک دەستی بەسەر جەغزی دەسەڵاتیدا گرتبێ، سەرلەنوێ پێی بەخشیونەوە و لەسەر مڵکی خۆیان هەڵێنەپچڕیون. هەر سەبارەت بەم مەبەستە، مەولانا شەرەفەددین عەلی یەزدی، نووسەری مێژووی «زەفەرنامە» دەڵێ: ئەمیر تەیمووری گوورکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئومەوی (ئەمەوی) داناوە. هاوکات بنەماڵەی هەکاریی واش هەبوون کە خۆیان بە نەوەی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب دادەنا (ابن خلکان، وفیات الاعیان، ٣٤٥/٣، ٤٩٧).

میرنشینی هەکاری چەند سەدەیەک بەرلە میر عیززەددین شێر دامەزرابوو، بەڵام دەبێ شەرەفخان زانیارییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە سەردەمانی بەرلە عیززەددین شێر وەچنگ نەکەوتبێ. لە ڕاستیدا ناو و دەنگوباسی ژمارەیەک میری هەکاری لە سەرچاوەکاندا هاتوون و کۆنترین ئاماژە بۆ خاوەند قەڵاکانی هەکاری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٦٩ی ک/٩٧٩ی ز؛ بڕوانە: (الکامل فی التاریخ، ١٠٢/٧). ز.س.

١- بەپێی ئەو ڕووداوەی کە لە بەرەوە دەخرێتە بەرچاو، شەرەفەددین عەلی یەزدی، عیززەددین شێر بە کورد دەزانێ. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە: کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ڕەشید یاسمی، ل ١٩٩، چاپی دووهەم، تاران ١٣٦٣، چاپەمەنیی ئەمیرکەبیر. و.

ساڵی ٧٨٩ی ک/١٣٨٧ی ز، پاش گرتنی قەڵای بایەزید، لەشکری بەرەو «وان» و «وستان» دەنگ دا. عیززەددین شێری میری هەرێمی هەکاری، پەنای بردە نێو قەڵای وان و کەوتە خۆ قایم کردن بۆ بەرهەڵستبوونەوەی ئەمیر تەیموور و بەگژداچوونەوەی. ئەوەندەی مستێ لە چاوێ دەی ئەمیر تەیموور مەچەکەی لە قەڵای وان ئەنگاوت و تینی بۆ گەمارۆدراوان هێنا. وەختایەک عیززەددین شێر دیتی چاری ناچارە و خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بەرگەی پەنجەشکێنەی پادشای بەختیار ناگرێ، دوای دوو ڕۆژ لە قەڵا وەدەرکەوت و بە لارەملی خۆی بەدەستەوە دا و ڕۆیی بۆ ڕایەخڕامووسانی خاوەنشکۆی پڕدەسەڵات. شاعیر گوتەنی:

هـەر کەسێکی چـــوو بـە گـژ پـۆڵادا
پـــەنجـــەی زێـــوینـی فیـزانـد و بـــادا

دوای ئەم ڕووداوە، یەکێک لە خزمانی عیززەددین شێر، کە ناوی ناسرەددین بوو، سەری بۆ فەرمانی بەدەستەوەدانی قەڵا شۆڕ نەکرد و ملی وەبەر چەڵەمەی ئەمیر تەیموور نەهێنا. لە نێو شوورەی قەڵای وان سەنگەری دابەست و شانی لە شەڕ و بەربەرەکانی شل کرد. پاش ٢٧ ڕۆژ تێکهەڵچوون و خوێنڕژان، دلێرانی دەسکەرەوە و پاڵەوانانی قەڵاشکێن، بە زەبری زۆری شان و باهۆیان، دەستیان بە سەر ئەو قەڵا سەخت و هەڵەمووتەدا گرت کە ملەی دەکرد لەگەڵ ئاسمان. زۆربەی ئەوانەی لەوێدا مابوون کەوتنە بەر لەپەشیری تیژ و خەنجەری جەوهەرداری مووکار. یەکێک لە زانایان ڕێکەوتی گیرانەکەی ئاوا هێناوەتەوە:

شایەک بە زەبری شیری کە هات و ئێرانی گرت
مانگی سەر پەڕی ئاڵای سینەی ئاسمانی گرت

بنکەی ژین
www.zheen.org

مێژووی گیرانی شوورەی وانیان گەر لە تۆ پرسی
بڵێ، بەڵێ دەزانم پادشا کەیوانی گرت [1]

ئەمیر تەیموور پاش گیرانی قەڵای وان، ئەمیر یادگاری «ئەندخوودی»ی ڕاسپارد هەتا بڕوا و خاپووری بکا؛ بەڵام چونکە «شەدداد»ی کوڕی «عاد» سازی کردووە و بە گابەردی وا شوورە و دیواری هەڵچنیوە کە هیچ شوێنێک شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە، هەر چەندی کردیان و کراندیان، چییان بۆ دەگەڵ نەکرا. سەرەنجام هەر بە تۆزە داڕووخاندنێک وازیان هێنا و لەشکری تەیمووری بەرەو «خۆی» و «سەڵماس» بزووت. هێز ڕۆیی و لە دەشتی سەڵماس بارگەوبنەی خست و تاوڵ و دەواری ڕیزاوڕیز سینگی داکوتا و کاتێک قوبەی خێوەتی بارگای بەرزی شانبەشانی خۆر و مانگ ڕاوەستا، ئەمیر تەیموور مەلیک عیززەددینی بانگ کرد و لاواندییەوە و خاک و دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاوی هەرێمەکەی خەڵات کردەوە و بە مۆری سووری تەیمووری بۆی ڕەنگاند و ئیزنی گەڕانەوەی دا.

ساڵی ٨٢٤ی ک/١٤٢١ی ز، مەلیک محەممەدی کوڕی مەلیک عیززەددین لەگەڵ «میر شەمسەددین»ی میرهەرێمی بدلیس و ئەخلات، بەخت باڵی گرتن و بردنی بۆ

١-دەقی شێعرە فارسییەکە:

شاهی که به تیغ ملک ایران بگرفت
ماه عملش سرحد کیوان بگرفت
تاریخ گرفتن حصار وان را
پرسندت اگر، بگو که کیوان گرفت

«کیوان بگرفت» بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ٧٨٩ی ک/١٣٨٧ی زایینی.

ئەم لینگە هۆنراوەیە ئاواش نووسراوە و مانا کراوەتەوە:
پرسندت اگر، بگو که کیوان بگرفت! و.

بنکەی ژین www.zheen.org

ڕایەخڕامووسانی میرزا شاڕوخی کوڕی ئەمیر تەیمووری گوورکان و ئەویش بەسەریکردنەوە و چۆن چاک و شاهانەیە ئاوای ئۆخژن هاویشتنە دەروونی و فەرمانی حکوومەتی بۆ لە نوێ نووسینەوە. پێش ئەوەی شەڕی نێوان میرزا شاڕوخ و کوڕانی ئەمیر «قەرایووسف»ی تورکمان لە ناوچەی ئالشکورد هەڵگیرسێ، ئیزنی فەرموون ڕوو بکەنەوە خانە و لانەی خۆیان.

هەروەها یەکێک لە پادشایانی خانەدانی چەنگیزی ملکنامەی بە خەتی ئۆیغووری بۆ نووسیون و خۆم دیتوومە و وا دیارە کە پادشایانی پایەبەرز هەمیشە ڕێزیان گرتوون و زۆر بەجوانی لەگەڵیان جووڵاونەوە و هەرێمەکەیان بە ملکایەتی پێ بەخشیون. ئێستا بە پشتیوانیی خودا دەچمە سەر داگیرساندنی باس و بەسەرهاتی ئەو میرانەی هەکاری کە حکوومەتیان کردووە.

## باسی ئەسەدەددین کوڕی گوڵاوی کوڕی عیمادەددین

خۆم زۆرجاران لە پیاوانی ڕووڕاستی بێدرۆم بیستووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژانی سەردەمانی کۆن، یەکێک لە کوڕانی میرانی هەکاری کە ئەسەدەددین گولابی (گوڵاوی) بێ، بە هۆی کەندوکلۆی زەمانە، سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەچێتە میسر. لەوێ خۆ داوێتە بەر ڕکێفی پادشایانی «چرکەس»ەوە. لە شەڕی پیرۆزی کافرانی چەپەڵدا، وەکوو شێر ئازایانە تێڕاچووە و پشتی نەکردۆتە دوژمن و خۆی نواندووە. وا هەڵدەکەوێ لە شەڕێکیاندا دەستی دەپەڕێ و پادشای سەردەمەکە دەستێکی لە زێر بۆ ساز دەکاتەوە و بۆی وێدەخاتەوە. زۆری بە دەورەیدا دێ و دەستی ڕێزی لێ دەنێ و نازناوی «چنگزێڕین»ی باربوو دەکا[١].

١-دیارە لەبەر بێسەرچاوەیی و نەبوونی بەڵگەنامەی مێژوویی لە لایەک و ناڕێکی و تێکەڵوپێکەڵی هەواڵ و زانیارییەکانی باوی نێو کۆمەڵانی خەڵک لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە ئەسەدەددین گولابی، شەرەفخان ناحەقی نەبووە بکەوێتە هەڵەوە. وا دیارە←

کاتێک حەسەنبەگی ئاق‌قۆیندلوو لەسەر تەختی دەسەڵاتی پادشایەتیی ئێران داسەکنی، دڵی لە میرانی کوردستان ڕەش هەڵگەڕا. لەبەر هەندێ، سۆفی خەلیل و عەرەبشابەگ کە دوو مەزنە سەرکردەی ئاق‌قۆیندلوو بوون، ناردنیە سەر هەکاری. سۆفی خەلیل هەروا گوێقوڵاغ و چاوەڕێی دەرفەت بوو، هەتا لە جەنگەی خۆیدا بە سەر میری هەکاری‌دا بدا. ڕۆژێک لە ڕۆژانی چوارشەممۆ، لەو زەمانەدا کە عیززەددین شێر میری هەکاری بوو، هەر چەندی پاسەوانانی سنوور و ڕێوبانان هەواڵیان بۆ هێنا ئەوە دوژمن بەڕێوەیە و دێ، دەیگوت گوێی مەدەنێ، ئەمڕۆ چوارشەممۆیە و ڕۆژی کێشە و قەرقەشە نییە و بۆ تێکهەڵچوون لەگەڵ دوژمن بێفەڕە. هەرچی ئامۆژگاران و لایەنگرانی دەسەڵات وەبەریان هەڵخوێند و هانیان دا، بە گوێی‌دا نەچوو؛ کەچی لەناکاو سۆفی خەلیل و عەرەبشابەگ گەیشتنە سەری و کوشتیان و متەقیان لێ بڕی. هەرێمی هەکاری گیرا و بستەخاکێکیان بەچنگەوە نەما و عەشیرەتی «دونبولی»یان لێ کرا بە ئاغا و کوێخا و لەبری ئاق‌قۆیندلوو بە سەری ڕاگەیشتن.

کۆمەڵێک لە مسکێنانی کافری عیسایی کە خەڵکی ناوچەی دز (دیز = دزە) بوون و پێیان دەڵێن ئاسۆری،[١٠] لەسەر پێوشوێنی جاران بۆ کاروکاسپی چووبوونە خاکی میسر و شام. وەختایەک چاویان بە پلە و پایە و ئاکاری ئەسەدەددینی چنگ‌زێڕین دەکەوێ، دەڵێن بێونەبێ ئەوە بۆ حوکمڕانی هەکاری

ئەم ئەسەدەددین گولابییە، سەردەمی مەملووکی چەرکەسی (٧٨٤-٩٢٣ی ک/١٣٨٢-١٥٧٠ی ز)، ژیاوە و لە شەڕی مەسیحییەکان‌دا جەنگاوە و دەستێکی لە دەست داوە و هەمان میرە کە بە ئەسەدەددین مووسا «الاقطع»، واتە دەسبڕاو دەناسرا، چونکە لە شەڕێکدا دەستێکی پەڕێندرابوو. ئەسەدەددین لە ژێر فشاری شاڵاوەکانی مەغۆل هەڵات بۆ میسر و پاش ماوەیەک گەڕایەوە کوردستان و لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی پەلاماردەرانی مەغۆل‌دا کوژرا؛ هەروەها سەد ساڵ بەرلە سەردەمی مەملووکی چەرکەسی شەڕی مەسیحییەکان کۆتاییی پێ هاتبوو (ابن شداد، تاریخ الملک الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣). ز.س.

دەبێ، جا بۆیە وا چاکە دڵخۆشیی بدەینەوە و لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە و جڵەوی دەسەڵاتی بدەینە دەستی. دوای ئەم لێبڕانە، مەبەستەکە بە خزمەت ئەسەدەددین ڕادەگەیەنن و ئەویش پێشنیارەکەیان لێ دەسەلمێنێ و بە چاوساغیی ئاسۆرییەکان بەرەو باو دەبێتەوە و ڕوو دەکاتەوە خاکی باب‌وباپیرانی. ماوەیەک بە نەهێنی لە نێو ئاسۆرییەکاندا ڕایدەبوێرێ و لە هەلی گونجاو دەگەڕێ. لە نێو کافرانی ئەو ناوچەیەدا وا باو دەبێ کە هەموو ڕۆژانی شەممۆ پاش لێ بوونەوە لە کاروباران، چی پێداویستیی قەڵای دز بووبێ، دابینیان کردوون و لە ئێزنگەوە بگرە هەتا بژیوان وێکڕایان ڕاگوێستوون. بەو پێیە شەوێکی موبارەک لە شەوانی شەممۆ، ئەسەدەددین و پۆلێک مەردازای عەشیرەت جل‌وبەرگی کافران دەپۆشن و چەک‌وچۆڵان لە نێو باقەگیا و باری وشکەڵەداراندا حەشار دەدەن و گوریسیان لێ دەکێشن و لەسەر بڕیاری خۆیان بەرەو قەڵا دەبزوون. پاش ئەوەی هەموویان دەچنە قەڵاوە، بارەدار و تفاق و گیا دادەگرن و چەک‌وچۆڵان دەردەکێشن و پڕ دەدەنە شیری خوێنخۆرەوەی تۆڵەئەستێن و پەلاماری جەماوەری قەڵا دەدەن و کۆمەڵێک لە عەشیرەتی دونبولی لە خوێنی خۆیان دەگەوزێنن و دەستیان لێ ناپارێزن و بەشێکی دیکەیان بە تیری ژەهراوی دەپێکن و ڕیشەیان دەردێنن.

بەکورتی و پوختی، پاڵەوانانی بوێری بەدەست‌وبرد، دەروونی قەڵایان لە خەنیمانی لێقەوماو داماڵی. بە شیری برووقەداری چەشنی ئاوێنە قەڵایان وەکوو ناخی خەڵوەت‌نشینانی ئاکارپاک و دڵی سەراوپەردەنشینانی جێڕاز و نەهێنییەکانی یەزدانی و سینەی ڕێبوارانی ئەم ڕێبازە تیفتیفە دا کە «بەری‌بەیانان دەپاڕێنەوە خودا لێیان ببووری.»[1] هاواریان لە تێکڕای خەڵک کرد و گوتیان: «ئەی ئەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١- «المستغفرون بالاسحار»؛ بەشێک لە ئایەی ١٧ی سوورەی ئالی عیمران. و.

کەسانەی چاوتان دەبینێ پەند وەرگرن !»[١] بەم پێیە سەرلەنوێ پۆپەی خێوەتی حکوومەتی عەبباسی لە قەڵای «دز»ەوە سەری لە مانگ و ئەستێران تێپەڕی. ئەسەدەددین ڕۆژبەڕۆژ ئەو هەرێمەی لە خەنیمان پاک کردەوە و پەڵاسەڕەشەی تازیەدارانی سپای کردە جلوبەرگی عەبباسی و زمانی زەمانە بۆ قەومانی ئەم ڕووداوە سەیرانە، ئەم هۆنراوە دڵگرانەی خوێندەوە:

ڕۆژی شەممە بوو دیێ شەمماسی بوو بە خێوەتگەی مڵکی عەبباسی
دوژمن هەڵاتن بە خاترجەمی شادی و عەیش و نۆش بوونە هاودەمی[٢]

جا وەکوو پێشتریش لامان لێ کردەوە، چونکە حکوومەتی هەکاری بۆ جاری دووهەم لە ڕۆژی شەنبەدا دامەزرایەوە و لەوێش بە شەنبە دەڵێن: «شەنبۆ»، ئەو بەرەبایە بە «شەنبۆ» ناوبانگیان ڕۆیشتووە.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر حکوومەت و ڕاپەڕاندنی کاروباری هەکاریدا، ئەسەدەددین دەستی لە داوێنی دنیای نەمێن بەردا و پەنجەی گەیاندە پێسیری دنیای بێبڕانەوە و هەرمانەوە.

کام بەرزەداری بەختەوەری بێ سەر لە ئاسمان
ملی بادەدا ڕۆژێ سەرەنجام گژەی بای نەمان

---

١- «فاعتبرو یا اولی الابصار»؛ بەشێک لە ئایەی ٢ی سوورەی حەشر. و.

٢- هۆنراوەی «نیزامی»یە. و.

### مەلیک عیززەددین شێر کوڕی ئەسەدەددینی چنگزێڕین

مەلیک عیززەددین پاش نەمانی باوکی بوو بە پێشەوای حکوومەت و کاروباری قورس و گرانی هەرێمەکەی کەوتە سەر شانی و بەوپەڕی چاکە و دادەوانی تێکەوت، بەڵام سەرەنجام مەرگ مەودای نەدا و بە مردنی خۆی مرد و بەرەو دنیای دیکە ڕۆیی.

### زاهیدبەگ کوڕی عیززەددین شێر

زاهیدبەگ لە دوای باوکی بوو بە میری سەربەخۆ و ماوەی دەسەڵاتی هەتا شێست ساڵێک بڕی کرد. لەو ڕۆژگارەدا کە سەرقاڵی فەرمانڕەوایی بوو، سەری وەبەر شاسمایلی سەفەوی هێنا و ئەویش بە سیلەچاوی شایانە خوێندییەوە و زۆر چاکی بەسەرکردەوە و فەرمانی ملکی بەمیراتگەڕاوی بۆ مۆر کرد. هێندەیان نێوان خۆش بوو کە جاری وایە بانگی دەکرد: «مامە»! دوو کوڕی بەختەوەری هەبوو، بۆیە لە دواڕۆژانی ژیانیدا هەرێمەکەی بە سەردا بەش کردن و پاشان ڕووی کردە ئۆقرەخانە و دنیای بۆ مەلیکبەگ و سەید محەممەدبەگی کوڕانی بەجێهێشت.

### مەلیکبەگ کوڕی زاهیدبەگ

مەلیکبەگ لە قەڵای «بای» جێی باوکی گرتەوە و بەوپەڕی چاکە و دادەوانی لەگەڵ خەڵک هەستا و دانیشت. خاوەنی حەوت کوڕی پاکسرشت بوو: ١- زینەڵبەگ ٢- بایوندوربەگ ٣- بوداقبەگ ٤-بایەزیدبەگ ٥-حوسێنبەگ ٦- بەهائەددینبەگ ٧- ڕۆستەمبەگ.



**تابلۆی یەکەم: ڕاو لە هەکاری**



**تابلۆی دووهەم: گیرانی قەڵای دژ لە هەکاری**

ڕۆستەمبەگ لە زەمانی باوکیدا بە سەر ناوچەی کواش و قەڵای ئەختەمار ڕادەگەیشت. لەسەر ناوچەی کواش لەگەڵ عەشیرەتی ڕووزەکی (ڕۆژەکی) تووشی شەڕ هات و کوژرا.

زەینەڵبەگ بە پشتیوانیی مەحموداغای قەڵاداری «بای» و چەند کەسێک لە مەزن و ماقووڵانی هۆز، لە باوکی هەڵگەڕایەوە و دەستی بە سەر قەڵاکەدا گرت و پاش شەڕ و تێکهەڵچوون، باوکی وەبەر دەستی هات و ویستی بیکووژێ؛ بەڵام خۆی لە ڕشتنی خوێنی پاراست و بڕیاری دا کوێری بکا. سەرەنجام بە خۆ تێوەردانی حوسێنبەگی کوڕێکی دیکەی توانی لەو گێژاوی خوێناوە دەرباز بێ و ڕابکا و پەنا بەرێتە بەر سەید محەممەدبەگی برای، کە حوکمداری «وستان» بوو. لەوێش خۆی ڕانەگرت و هەتا لای شەرەفبەگی میری بدلیس گیر نەبوو. شەرەفبەگ چۆن چاکە ئاوای بەخێرهێنا و بە دەورەیدا هات و بۆ چاوترووکانێکیش خۆی لە ڕێز گرتنی نەبوارد.

زەینەڵبەگی کوڕە گەورەی، پاش سەید محەممەدی مامی بوو بە میری سەربەستی هەکاری و دواتر دەچینە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی. کوڕەکانی دیکەی هەرکام تووشی بارودۆخێکی تایبەت بوون کە لێرەدا باسیان دەکرێ. بایوندوربەگ ڕایکردە لای شاتەهماسب، بەڵام چونکە لایەکی وای لێ نەکرایەوە، گەڕایەوە وان و پاشان بە مردنی خۆی مرد. سێ کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: زاهیدبەگ و محەممەدبەگ و حاجیبەگ.

بوداقبەگی کوڕێکی دیکەی مەلیکبەگ ڕووی کردە ماڵی خودا و لە ڕێگای حەجدا مرد. دوو کوڕی لە دوا بەجێما: میر عەزیز و سوڵتان حوسێن.

کوڕێکی دیکەی مەلیکبەگ کە بایەزیدبەگ بوو، کەوتبوویە نێو ڕیزی مەزن و ماقووڵانی هاوڕکێفی مستەفاپاشای سەردار و بەشداری پەلاماری سەر شیروان ببوو. لە شەڕی چەڵدر بوو بە ئەسیری هێزەکانی قزڵباش (ئێران). کاتێک لە

بنکەی ژین www.zheen.org

قەزوێن شاسولتان محەممەد چاوی پێی کەوت، زاهیدبەگی برازای ڕاسپارد هەتا بیکووژێ و ئەویش فەرمانەکەی ڕاپەڕاند.

حوسێنبەگ یەکی دیکە لە کوڕەکانی مەلیکبەگ، ماوەیەک بوو بە حوکمڕانی ئەلباق و پاشان مرد و تاقانەیەکی لە پاش بەجێما کە ناوی سمایل بوو. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی زەینەڵبەگدا، خودا پشتیوان بێ، باسی بەهائەددینبەگی کوڕێکی دیکەی مەلیکبەگ دەکەین.

### سەید محەممەد کوڕی زاهیدبەگ

سەید محەممەد بە یاریدەی عەشیرەتی «پنیانشی» دەرەقەتی زەینەڵبەگی برازای هات و توانی لە هەرێمی هەکاری دەرپەڕێنێ و هیچ جێیەکی بەدەستییەوە نەمێنێ. دوای ئەم شکانە زەینەڵبەگ پەنای بردە بەر حوسێنبەگی میری عیمادییە (ئامێدی). ئەویش نامەیەکی بۆ نووسی و ڕێگای بۆ خۆش کرد هەتا بچێ بۆ لای دەرگانەی وەک ئاسمان بەرزی سولتان سولەیمانخان. ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیری عوسمانی لاواندییەوە و گوتی ئەتۆ جارێکی لە داخی ئامۆزاکانت لە زێدی خۆی تەرە ببووی و چووبوویە ئازەربایجان و سەرت وەبەر شاتەهماسب هێنابوو، جا بۆیە پیاو ناتوانێ لێت خاترجەم بێ. ئەگەر بڕۆی و ماڵ و منداڵت لە خاکی قزلباشانەوە بێنییەوە، پیاو بەتەواوی لێت خاترجەم دەبێ و ئەو دەمی خاوەنشکۆ بە فەرمانی حکوومەتی هەکاری بەسەرت دەکاتەوە.

زەینەڵبەگ سەلماندی و بە هیوای هێنانی ژن و ماڵ و منداڵی لە ئاستانەی سولەیمانیڕا ڕووی کردەوە هەرێمی هەکاری. لە مەودای ڕێیەدا کاتێک بە خاکی بوختی (بۆتان) دا تێدەپەڕی، بەدربەگی میری جزیرە، چونکە هەر لە کۆنەوە دوژمنایەتیی هەبوو لەگەڵ هۆزی هەکاری و لە لایەکی دیکەشەوە دۆست بوو لەگەڵ سەید محەممەد و دەیهەویست ئاوا قەرزدارباری بکا، چەند مەردازایەکی

بۆتانیی تەیار کردن و ناردنییە سەر ڕێی زەینەڵبەگ. پاش شەڕ و تێکهەڵچوونێک چەکدارانی بۆتانی بوونە خەنیمی گیانی زەینەڵبەگ و ڕەفیقەکانی و هەموویان کوشتن. سەری هەموو هاوڕکێفانی ژێکران و تەنیا ئەو سەری پێوەما و بەجێما و خۆ لەو کارە پارێزرا. کاتێک سەرە بڕاوەکانیان برد لای بەدربەگ و چاوی پێداگێڕان و سەری زەینەڵبەگی نەدی، گوتی ئەدی زەینەڵبەگ چی لێهات؟ گوتیان بەزەبری شیر و نێزان ئەنجنیومانە و لە مەیدانێ خستوومانە و خاتری پایەبەرزبوونیمان گرتووە و سەریمان نەبڕیوە.

کاتێک هەواڵی کوژرانی زەینەڵبەگ لە جزیرەدا تەقییەوە و ژنی بەدربەگ بیستییەوە، تکای لە شووی خۆی کرد تەرمەکەی بێننەوە شار و بەپێی داب و نەریتی دینی پێیڕابگەن و بینێژن. پاش ڕازی بوونی بەدربەگ، خێزانی چەند پیاوێکی خۆی ناردن هەتا خێرا بڕۆن و بیهێننەوە. ئەگەر گەیشتنەجێ و چاویان بە کوژراواندا گێڕا، تەرمی نیوەگیانی زەینەڵبەگیان وەبەرچاوی هات و تەماشایان کرد هێشتاش هەر ماوە، بۆیە خێرایەکی هەڵیانگرتەوە و بەپڕتاو بەرەو جزیرە گەڕانەوە. کاتێک بە خاتوونیان ڕاگەیاند خۆ زەینەڵبەگ ماوە و هەتا ئێستاش گیانی نەداوە، چەند حەکیمێکی ناردە سەری هەتا تیماری بکەن و بە دەورەیدا بێن و بچن و بیبووژێننەوە و نەهێڵن لە هیچی کەم بێ. گەرچی بەدربەگ سوور بوو لەسەر کوشتنی، بەڵام خێزانی دەبەری گەڕا و زۆری خۆ هێناوبرد و دەستی وەبەرهێنا. بە قسەی چاک گڕی ئاگری تووڕەبوونی مێردەکەی ڕۆمرکاند و بە ئامۆژگاری خاوی کردەوە و ئاوا مەڵهەمی خۆشبوونەوەی گەیاندە برینی لەشی ئەو بێدەرەتانە. پاش ئەوەی پەروەردگاری پاکی بەرزەجێ لە ماوەیەکی کەمدا شفای بۆ نارد، خاتوون تەدارەکی بۆ گرت و بەوپەڕی ڕێزەوە بەرەوماڵی کردەوە. زەینەڵبەگ بە ساغی و سلامەتی گەیشتەوە خاکی هەکاری. دوای تەواو بوونی ئەم

باسەی ئێستا، لەڕێوە دەچمە سەر گێڕانەوەی چۆنیەتیی بەسەرهاتی زەینەڵبەگ و کوڕەکانی.

❋❋

بەکورتی دەبێ بڵێم پاش ئەوەی سەید محەممەد دەسەڵاتی بۆ دەستەبەر کرا، ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان دڵی چڵکی لێ هێنا و لە بارگای بەرزی سوڵتانی عوسمانی داوای حکوومەتی هەکاریی کرد بۆ زەینەڵبەگ. فەرمانی پیرۆزی بۆ هات کە هەر وەختایەکی بۆی هەڵکەوت سەید محەممەد بکووژێ و جڵەوی دەسەڵاتی هەکاری بداتە دەست زەینەڵبەگ. ئەسکەندەرپاشا پیاوی نارد بە شوێن سەید محەممەددا و بانگی کردە وان. ئەویش بەو کەتنەی زانی و لەگەڵ چەکدارێکی زۆر بەرەو وان بزووت. لە دەرەوەی شار لەنگەری گرت و بە بیانووی ئەوەی کە شارەکە چاوقوڵکە و تاعوونی تێدایە، گوتی ناتوانین بێینە ژوورەوە و ئەگەر پاشای ڕێزدار خۆی بێ و لە دەرەوە بەسەرمان بکاتەوە، وەک هەمیشە خۆمان بە قەرزدارباری دەزانین و کوێ بفەرموێ لەوێ حازر دەبین. ئەسکەندەرپاشا چاری نەما و لە شار وەدەرکەوت و لە شوێنی دیاریکراو چاوی پێی کەوت. سەید محەممەد دوای دیداری لەگەڵ پاشا لەڕێوە بەرەو وستان گەڕایەوە. وەختایەک تەواو دڵی حەسایەوە و پێی وابوو ئەسکەندەرپاشا هیچ فێڵ‌وفرتێکی نەماوە، چەکدارانی هاوڕکێفی ئیزن دا و بە ئاسوودەیی و دڵنیایی چەند ڕۆژێک لە وستان بنەی داکوتا. کاتێک ئەسکەندەرپاشا پێی زانی، یەکودووی لێ نەکرد و میرغولامانی وانی لەگەڵ چەکدارێکی زۆر ناردە سەری و لێی ڕاسپارد کە هێندێک هەواڵی ناخۆش لە لای قزڵباشانەوە هاتووە، بۆیە پێویستە خێرا بگەیە وان. ئەسکەندەرپاشا میرغولامانی وانی پەند دادا و گوتی بێ‌ونەبێ دەبێ ڕەکیشی بکەیە ئێرە. کاتێک میرغولام گەیشتە وستان و هەواڵەکەی دایە، هەر چەند سەید

محەممەد خۆی گنخاند و ساوەساوی کرد، بەڵام گوێی نەدایە و بە نیوە زۆری و نیـوە خواهیشت بردی بـۆ وان. ئەسکەندەرپاشا، سەید محەممەدی خستـە بەندیخانە و یاقووببەگی کوڕی بە هەویای حکوومەتی هەکاری، بەرەو هەرێمی ژیانی پێی نایە ڕکێف و ڕەوی.

حەسەنبەگی مەحموودی کە ماکی ئەو گەڕ و گۆبەندە بوو، بە فەرمانی ئەسکەندەرپاشا لەگەڵ پۆلە نۆکەرێکی وان کەوتە پەیکەردەی یاقووببەگ و ئەویش پێی زانی و خۆی هاویشتە نێو عەشیرەتی پنیانشی و پێی وابوو بە پشتیوانیی شاقوڵیی بلیلان دەتوانێ ببێ بە حوکمڕانی هەکاری. شاقوڵی و حەسەنبەگی مەحموودی خزم و هاوپشتی یەکتری بوون و لەسەر خاشەکێشانی بنەماڵەی سەید محەممەد یەکدڵ و هاوهەڵوێست جووڵانەوە. شاقوڵی بە باری بێئەمەگیدا لێی خوڕی و ڕابردووی تێنەهێنا و مەزنزادەی خۆی دایە چنگ حەسەنبەگ و پێکەوە ڕوویان کرد وان. ئەسکەندەرپاشا، باوک و کوڕی وێکڕا کوشتن و پاش نەمانی سەید محەممەد و یاقووببەگ، فەرمانی حکوومەتی هەکاریی دایە دەست زەینەڵبەگ.

یاقووببەگ سێ کوڕی لە پاش بەجێما: ئولامە، سوڵتان ئەحمەد و میرزا. ئولامەبەگ ئەگەرچی هیچی لە دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاوی باپیری پێ نەگەیشت، بەڵام لە بارگای خودالێخۆشبوو سوڵتان مرادخانەوە، دەسەڵاتی ناوچەی «خۆی» باربوو کرابوو. پاش چەند ساڵێک ئەوەشیان پێ ڕەوا نەدی و ئەویش هەستا و لەگەڵ کوڕێکی خۆی ڕووی کردە دەرانەی بەرزی سوڵتان و لە ئیستانبووڵی پایتەخت بنەی لێ خست و تەمەنی ئازیزی خۆی بە با دا و بارگەی بەرەو دنیای دیکە تێکەوەپێچا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### زەینەڵبەگ کوڕی مەلیکبەگ

لە پێشوودا باسمان کرد کە زەینەڵبەگ جاری وابوو لە باوکی هەڵدەگەڕایەوە و دەنا دەگژ مامی ڕادەچوو. چۆنیەتیی بەسەرهات و بێدەرەتان بوونی لە جزیرە و چاکەی خاتوونی بەدربەگمان بۆ گێڕانەوە و ڕوونمان کردەوە چۆن لەو نەهامەتی و بەڵایە قوتاری کرد و ناردییەوە خاکی هەکاری. زەینەڵبەگ دوای گەڕانەوەی خەریک بوو خۆی ساز دەکرد بڕوا و سەری ئیستانبووڵ بدا، بەڵام لەناکاو هەواڵی بۆ هات کە ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیر لێخراوە، بۆیە داترووسکا و هیچ هومێدی نەما؛ نە دەیتوانی بگەڕێتەوە و نە لەوێش دەحەجمی. هەر چەندی سەری خۆی هێناوبرد هیچ چارەی نەما و بەرەو دەرانەی شاتەهماسب باڵی گرت و ڕەوی. شاتەهماسب لەبەر دڵی سەید محەممەد ئاوڕێکی وای لێ نەدایەوە و ماوەیەک کاس و حۆل و سەرگەردان خولایەوە، تا دیسان هەواڵی ڕۆستەمپاشا دەنگی دایەوە کە چۆتەوە سەر دۆخی جارانی و سوڵتان سولەیمان کردوویەتەوە مەزنەوەزیر. لەو کاتەدا زەینەڵبەگ لە خاکی قزڵباشانەوە بە مەبەستی ڕامووسانی ژێردەرانەی سولەیمانی گەڕایەوە، بەڵام ڕۆستەمپاشاش لایەکی وای لێ نەکردەوە و مڵکێکی وەک پێبژیو لە خاکی «بۆسنە» بۆ دیاری کرد و گوتی بڕۆ لەوێ دانیشە.

دوای گیرانی قەڵای وان، سەید محەممەد تاوانی پێوەبەسترا کە بۆتە کەیخودای نێوان شازادە سوڵتان مستەفا و شاتەهماسب و قسەی لە نێواندا هێناون و بردوون و ڕێکیخستوون و چیوچی دیکەش کە باسی کرا و زانیمان ئەسکەندەرپاشا چۆن کوشتی. دوای تێپەڕبوونی ئەم قۆناخە ڕۆستەمپاشا لەسەر کار لادرایەوە و ئەسکەندەرپاشا بە هیوای وەرگرتنی فەرمانی حکوومەتی هەکاری، زەینەڵبەگی لە ڕۆمئیلییەوە هێنایەوە وان و لەو کارەدا پرسی بە سوڵتان سولەیمانخان کرد. لەوێوە بۆ سیخوڕی ناردیانە خاکی قزڵباشان (ئێران). وا هات

کە جارێکیان لە ناوچەی سەڵماس تووشی بایوندوربەگی برای بوو کە ئەویش قزڵباشان کردبوویانە قسەهێنەوەی خۆیان. شەڕیان لە نێوانیدا قەوما و سەرەنجام بایوندوربەگ بەزی و چەند کەس لە هاوڕێیانی گیران و زەینەڵبەگ قوڵپێچی کردن بۆ لای ئەسکەندەرپاشا. ئەم ڕووداوە شانی زەینەڵبەگی پێهەڵابرد و ئەسکەندەرپاشا بۆی تێکەوت و گوتی پیاوێکی باوەڕپێکراوی ڕووڕاستە و شایانی حکوومەتی هەکارییە و پێویستە سەید محەممەد سەری تێدابچێ. ئاوا بوو کە تێکڕای داواکانی ئەسکەندەرپاشا وەدی هاتن و فەرمانی کوژرانی سەید محەممەد نووسرا و کاغەزی میرایەتیی هەکاری بۆ زەینەڵبەگ مۆر کرا و لە شوێنی دڵخوازی بۆ ماوەی چل ساڵێک حکوومەتی کرد. جارناجارێک بەهائەددینی برای لە جێی وی دەکرایە میرهەرێم، بەڵام سەرەنجام بەدەست زەینەڵبەگ و سەیدیخانی کوڕی زەینەڵبەگ کوژرا و دوای نەمانی براکەی تازە کۆسپی لەسەر ڕێگا نەما.

زەینەڵبەگ خاوەنی چوار کوڕی جوانەئاکار بوو: ١-زاهیدبەگ ٢-سەیدیخان ٣- زەکەریابەگ ٤- برایمبەگ. وەکوو ئاشکرایە زاهیدبەگ جاری وایە دژایەتیی باوکی کردووە و بە دەوەناشی لەگەڵی تێکەوتووە. هێندەی هەدا نەدا هەتا فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سوڵتان هات و هەڵیانداشت بۆ ناوچەی بۆسنە، ڕاست بۆ شوێنی پێشووی باوکی. دوای ئەوەی کێشەی کوڕەی لە کۆڵ بۆوە، زەینەڵبەگ هات بە مەیلی خۆی سەیدیخانی لە جێی خۆی دانا و دەستی لە کار کێشایەوە. لە پایتەختەوە فەرمانی میرایەتی بۆ سەیدیخان هات، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە لە هەڕەتی لاویدا، لەسەر ئەسپ هەڵدێرا و بە جوانەمەرگی سەری نایەوە و گیانی دایەوە دەست پەروەرندەی گیان.

زەینەڵبەگ فەرمانی حکوومەتی بۆ کوڕێکی دیکەی وەرگرت کە زەکەریابەگ بێ. ناوچەی «ئەلباق»ی خستە ژێر دەسەڵاتی برایمبەگی کوڕێکی دیکەی. ساڵی ٩٩٣ی ک/١٥٨٥ی ز، وەختایەک بەپێی فەرمانی سوڵتان مرادخان، عوسمانپاشای

مەزنەوەزیر، ئەرکی گرتنی ئازەربایجانی خرایە ئەستۆی، سوڵتانی خاوەنشکۆ فەرمانێکی بۆ زەینەڵبەگیش نووسی هەتا بێسێودوو هەڕاکاتە خاکی قزڵباشان و بیداتە بەر گوڕمی تالاَن و دایڕووتێنێ. ڕاست لەو دەمەدا شاسوڵتان محەممەد لەگەڵ هەمزەمیرزای کوڕی لە تەوریز بوون و وەختایەک شا و شازادە بیستیان زەینەڵبەگ هاتۆتە سەر مەڵبەندی مەرەند، کۆمەڵێک فەرماندە و چەکداری تورکمانیان ڕاسپاردن تا برۆن و بە گژیدا بچنەوە. لەو جەنگەیەدا کە هێزەکانی زەینەڵبەگ بەدەستی پڕ لە تالاَنی «کەڕکەڕ» و «زۆنووز» و «مەرەند» گەڕابوونەوە و زەینەڵبەگ وێڕای چەند کەسێک لە دەوروبەری کاروانسەرای «ئولکی» خەریکی بەجێهێنانی نوێژی ئێوارە بوو، چەکداری تورکمان گەیشتنە سەری و شەڕ قەوما و زەینەڵبەگ لەگەڵ پیاوەکانی شەهید بوونی لە چارەی نووسرا. لەو هەرایەدا برایمبەگی کوڕی بە دیل گیرا و چەند سەیدێک و خەڵکی مەرەند لەوێ تەرمی زەینەڵبەگیان بە خاک ئەسپارد. دواتر کە [عوسمانی] هاتن و تەوریزیان گرت، تەرمەکەیان دەرهێنایەوە و بردیانەوە جۆڵەمێرگ و لەو خوێندنگەیە ناشتیانەوە کە خۆی سازی کردبوو. سوڵتان مرادخان، لەسەر دۆخی سەردەمی باوکی دیسانەوە فەرمانی حکوومەتی هەکاریی بۆ زەکەریابەگ نوێ کردەوە. بە پوولێکی چاک برایمبەگی دیل لە بەندی قزڵباشان ڕزگار کرا و هەر لەسەر دابی پێشوو حکوومەتی مەڵبەندی «ئەلباق»ی درایەوە دەستی.

## زەکەریابەگ کوڕی زەینەڵبەگ

پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بە سەر حکوومەتی زەکەریابەگدا، جەعفەرپاشای وەزیر، کە بە سەر هەرێمی وان ڕادەگەیشت و پاراستنی ئازەربایجانیشی خرابوویە سەر شانی، بە دنەی چەند کەسێک فەرمووی بەگوێرەی شەرعی محەممەدی و یاسا و داب و دەستووری عوسمانی، میرایەتی مافی زاهیدبەگی کوڕە گەورەی

زەینەڵبەگە و دەبێ ئەو پیاوە شیاوە میرهەرێم بێ. بۆ وەدی هاتنی ئەم مەبەستە لەرێوە بابەتەکەی گەیاندە دەرانەی بەرزی دەسەڵات و لە دیوانی عوسمانیڕا زاهیدبەگ وەکوو میری هەرێمی هەکاری هەڵبژێردرا و پاش هاتنەوەی فەرمان، بەپێی ئاماژەی جەعفەرپاشا، خۆی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵکرد؛ بەڵام چونکە زۆربەی عێلات و تیرە و تایفەکان بە لای زەکەریابەگدا شکابوونەوە و دڵیان پێوەی بوو، سەریان وەبەر زاهیدبەگ نەهێنا و شەڕ و تێکهەڵچوون باڵی ئەنگاوت و سەرەنجام زاهیدبەگ و کوڕێکی کوژران.

کاتێک جەعفەرپاشا هەواڵی ڕووداوەکانی بیستەوە، داوای کرد حکوومەتی هەکاری بدرێتە دەست مەلیکبەگی کوڕێکی دیکەی زاهیدبەگ و لە بارگای پیرۆزەوە فەرمانی حکوومەتی بۆ هاتەوە. پاشا لەشکرێکی بێئامانی وان و تەوریزی خستە گەڵ مەلیکبەگ و ناردی هەتا جڵەوی حکوومەت بەدەستەوە بگرێ. ئەم جارەیان زەکەریابەگ خۆی پێ ڕانەگیرا و پەنای بردە بەر سەیدیخانی میری ئامێدی. ئەویش پەنای دا و پێکەوە چۆنی پێویستە چۆنیەتیی بارودۆخەکەیان بە پێچکەی تەختی بەرزی دەسەڵات ڕاگەیاند. لە بارگای پیرۆزەوە سەرلەنوێ فەرمانی میرایەتیی بۆ نووسرایەوە و لە جێی خۆی داندرایەوە، بە مەرجێک بڕی سەتهەزار فلۆری وەکوو دیاری بنێرێ بۆ دیوانی عوسمانی و لەم ڕێیەدا سنانپاشای مەزنەوەزیر باڵی گرت و یاریدەی دا.

لەسەر ئەم بار و هەوایە زەکەریابەگ گەڕایەوە هەرێمی خۆی ومەلیکبەگی ڕەپاڵ نا و ئەویش بە هیوای درێژەی دەسەڵاتی ڕۆیی بۆ ئیستانبووڵ و لەوێ بە نەخۆشیی تاعوون مرد. ساڵی ١٠٠٥ی ک/١٥٩٦ی ز، بە زمان چەپرەکی و شۆفاریی کابرایەک بەناوی فەخرەددین، کە چەند ساڵێک وەکوو نوێنەری زەکەریابەگ لە بارگای سوڵتانی عوسمانی مابۆوە، ئەبووبەکراغای کەیخودای زەکەریابەگ، کە بە خشڵ و گەوهەری ڕاستی و دروستی و دینداری

ڕازابۆوە، بە کوشت چوو. لێرەدا چاوێک بە چیرۆکی ئەم ڕووداوەدا دەگێڕین و دەبێ بزانین کە کوڕانی شاقوڵیبەگی بلیلان، لە سایەسەری ئەمیر سەیفەددینی برازایانەوە، بەپێی چەند مەرجێک دەسەڵاتی ناوچەی «خۆی»یان[1] درابوویە سەرەڕای ئەمەش فەخرەددینی گۆڕین لە بارگای سوڵتان محەممەدخانی خەزاکەری دنیاگرەوە، فەرمانی حکوومەتی ناوچەکەی وەرگرت بۆ حەسەنبەگی کوڕی سەیدیخانبەگی برازای زەکەریابەگ. ئەوەی ڕاستی بێ ئەبووبەکراغا توانیبووی کێشەی کۆنی نێوان زەکەریابەگ و کوڕانی شاقوڵیبەگی بلیلان تێدابەرێ و پێکەوە بیانکاتە دۆست و هاوپشت. بەم هەنگاوەی کە فەخرەددین هاویشتی هەموو شتێک تێکچۆوە و کۆنەقین زیندوو بوونەوە و خۆشەویستی و دۆستایەتی نەما و بوو بە ددان لێک کرۆژتن. برایمبەگ چەند جارێک هات هەتا دەست بە سەر «خۆی»دا بگرێ، بەڵام ئەمیر سەیفەددین بەرهەڵستی بۆوە و بە زەبری شیر و تیران هەسی دایەوە و لەو شەڕانەدا چەکدارێکی زۆر سەریان تێداچوو. گەرچی برایمبەگ لەو شەڕانەدا هەموو جارێک هاواری دەبردە بەر زەکەریابەگ و ئەویش بەڕواڵەت کۆمەڵێک چەکداری خێڵی دەناردە یاریدەی، بەڵام چونکە ئەبووبەکراغای کەیخودا بە نانەوەی ئاژاوە ڕازی نەبوو، زۆری خۆ تێوەرنەدا.

پاش ماوەیەک وا هات کە ئەبووبەکراغا بۆ پیرۆزبایی و بەخێرهێنانی سنانپاشای مەزنەسەرکردەی عوسمانی لە «وستان»ەوە هات و گەلێک دیاریشی لەگەڵ خۆی بۆ هێنا. فەخرەددینی شەیتانی دووزمان کە دەیزانی سنانپاشا پیاوێکی چاوچنۆکی ملهوڕی بەتێلوبەندە، گوتی جا ئێستا جەنگەیەتی سەری ئەبووبەکراغا تێدابەرم. بۆ وەدی هاتنی ئەم مەبەستە لەگەڵ حەسەنبەگی کوڕی سەیدیخان دوابەدوای وی هاتە وان و لە زمان زەکەریابەگەوە چەند درۆیەکی سەربەکوڵکەی

---

١-نووسەر وشەی سەنجاقی هێناوە کە تورکییە و سەرەڕای ئەوەی بە واتای ئالایە، شێوە دابەشینێکی خاکی وڵات بووە لە سەردەمی عوسمانیدا. دەکەوێتە بەرەژێری هەرێم. و.

بە گوێی پاشا هەڵێنا و چۆنی خراپە ئاوای بۆ تێچاند. گوتی زەکەریابەگ دەڵێ لێم ناگەڕێ و چوڵەپێچی کردووم و تەنگی پێ هەڵچنیوم؛ بۆیە ئەگەر پاشای ڕێزدار بیگرێ و بیکووژێ، سێ خاڵوار دراوی وەکوو دیاری دەنێرمە خزمەتی. پادشای چاوبرسی بە بیستنی ناوی سێ خاڵوار دراو، زانی بە سەر هەلێکی زێڕیندا کەوتووە؛ بۆیە هەر لەڕێوە ئەبووبەکراغای گرت و کوشتی.

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، زەکەریابەگ[١] حکوومەتی جۆڵەمێرگی بەدەستەوەیە کە کوانووی خانەدانی خۆیانە و برایمبەگیش بە سەر ئەلباق (ئەلباغ) ڕادەگا. هیوادارم لە کار و کرداری چاکدا سەرکەوتووبن.

## بەشی سێهەم

## باسی میرانی عیمادییە (ئامێدی) کە بە بەهادینان (بادینان) بەناوبانگن[٢]

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەنگبێژانی گوڵستانی جێی سەرسوڕمانی باس‌وخواسان و چیرۆکوێژانی باغ و بێستانی پڕ دیمەنی سەیروسەمەرە، لایان وایە کە میرانی ئامێدی دەچنەوە سەر

١-لە ناوەندی بەڵگەنامەکانی عوسمانی‌دا لە ئیستامبووڵ، بەڵگەنامەیەکی ڕێزلێنان هەیە، کە وەختی خۆی سوڵتانی عوسمانی نووسیویەتی بۆ زەکەریابەگ. ئەم بەڵگەنامەیە لە دەفتەری ٦٤دا، بە ژمارە ٥٧٣ تۆمار کراوە. نوسخەی ئەم ڕێزلێنانە دراوەتە ٣٥ میری کورد، کە یەکەمینیان شەرەفخانە. ع.ی.

٢-وەکوو ئاشکرایە دەوروبەری ساڵی ٧٠٠ی ک/١٣٠٠ی ز، لە سەرچاوە مەملووکییەکاندا ناوی خاوەندی ئامێدی «صاحب العمادیە» وەبەرچاو دێ و ساڵی ٧٤٠ی ک/١٣٣٩ی ز، میری ئامێدی ناوی حاجیی کوڕی عومەر بووە، کە دواتر ئەم میرانە بە بنەماڵەی بەهائەددینان ناسران. ز.س.

ڕەچەڵەکی خەلیفەکانی عەبباسی[١] بەڵام دەستەیەکی دیکە لە شارەزایانی بەرایی لایان وایە لە بەرەبابی پیاوماقووڵێکی بەناوبانگن بەناوی عەبباس. ئەوەش هەر خودا دەیزانێ و هەر چۆنێک بێ پێیان دەڵێن «بنیعەبباس»؛[٢] بەڵام وەکوو دیارە ئەم بنەماڵەیە لە خاکی شەمسەددینان (شەمزینان) ەوە هاتوونە ئامێدی. پێش ئەوەی لەوێوە بە ماڵ‌وکۆچەوە بچنە ئامێدی، پشتاوپشت بە سەر قەڵای «تاروون»ی سەر بە شەمزینان ڕاگەیشتوون. ئەو کەسەی لە تاروونەوە چۆتە ئامێدی ناوی بەهائەددین بووە، هەر بۆیە میرانی ئامێدی لە نێو میران و حوکمدارانی کوردستان‌دا بە بەهادینان (بادینان) ناسراون. لە لایەکی دیکەوە بەپێی گێڕانەوەیەکی ساغ و پتەو، وا دیارە ئەوە نیزیکەی چوارسەت ساڵە توخم و تۆرەمەی بەهائەددین لەو هەرێمە سەرقاڵی حکوومەتن. قەڵای ئامێدی، دەسکارێکی تازەیە و حوکمڕانی مووسڵ و سنجار (شنگال) عیمادەددین زەنگی کوڕی ئاقسونقور[١١] لە سەردەمی سوڵتانەکانی سەلجووقی‌دا سازی کردووە. قەڵا و شار

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- سەبارەت بە بنە و بنەچەکەی میرانی بادینان بڕواننە: «امارة بهدينان العباسيه» بەقەڵەمی «مەحفووز عومەر»؛ هەروەها بەشی میرنشینی هەکاری هەر لەم ژێدەرەدا.

حاجی کوڕی عومەر کە میری ئامێدی بووە، ساڵی ٧٤٠ی کۆچی نامەیەکی نووسیوە بۆ بارگای سوڵتانی میسر. بەپێی نێوەرۆکی کتێبی «التثقيف» بە قەڵەمی عەبدوڕڕەحمان کوڕی محەممەد تەمیمی ناسراو بە «ئیبنوونازیروججەیش»، «قەلقەشەندی»ش ئەم مەبەستەی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە، بەڵام لە سەردەمی قەلقەشەندی‌دا، عیمادەددین کوڕی سمایل کوڕی عەلی کوڕی مووسا، میری بادینان بووە. (بڕ: «صبح‌الاعشى»، ب ٧، ل٢٨٥، بە قەڵەمی شەهابەددین ئەحمەد کوڕی عەلی ناسراو بە قەلقەشەندی.)

ئەوەی ڕاستی بێ بەگوێرەی نووسینەکانی ئیبنوو نازیروججەیش و قەلقەشەندی بنەماڵەی میرانی ئامێدی ناچنەوە سەر عەبباسییەکان و بە ڕەسەن کوردن. ع.ی.

٢- بڕ: عەبدوڕڕەقیب یووسف، «امراء بهدينان ليسوا من العباسيين»، گۆڤاری دهۆک، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠١. هەروەها: عەبدوڕڕەقیب یووسف «شەجەرا شێخولئیسلامێ هەکاری»، گۆڤاری دهۆک، ژمارە ٢٥، ساڵی ٢٠٠٥. ع.ی.

لەسەر تاتەبەردێکی گەڕاوگەڕ ساز کراون. هەڵچوونی ئەو بەردە لە جێ‌جێیان سەت گەزە و هەروا نێوەنێوە دادەشکێ و دەگاتە شێست و پەنجا و تاکوو بیست گەزیش بەرەو زەوی دادەگەڕێ. دوو چاڵاو لە قەڵادا لێدراون و ئاوی خوێندنگە و گەرماو و چەند جێی دیکەش دابین دەکەن و لە جەنگەی پێویستدا خەڵک بە پشتی بارەبەران لە دەرەوەی شارەوە ئاو دێنن.

زمان و فەرهەنگیان بە کوردی و عارەبی هەوێن کراوە. گەورە و بچووکیان پاک و بەدین و خێرخوڵان و دڵیان بە چاکەوە بەندە. میرانی ئامێدی خوێندنگە و مزگەوتیان لەوێ ساز کردوون. مامۆستایان و زانایان سەرقاڵی پەرەپێدانی زانستی دینین و لەسەر ئەو رێبازە دەڕۆن کە بڕوای بەهەقی تێدا سەلماوە.

دوو عەشیرەتی گەورەی ئامێدی بریتین لە مزووری و زێباری. زێ، ناوی ڕووبارێکە لە ئامێدی و چونکە ئەو عەشیرەتە لە گوێی ڕووبارەکەن، پێیان گوتراوە «زێباری». ئەم چەمە وا بەخوڕ داژوێ کە بە «چەمەشێتە»ش بەناوبانگە. یەکێک لە عەشیرەکانی دیکەی ئامێدی «ڕادکانی»یە و لە ڕاوێژی کوردی‌دا بۆتە «ڕێکانی».[1] چەند عێلی دیکەشی لێ هەن، بۆ نموونە: پەروەری (بەرواری)، مەحەل،[2] سیابڕوویی، تیلی و بوهلی و خەڵکی ناوچەکە بە دۆڵ دەڵێن «بوهل».

١- هەردوو هۆزی ڕادکی و زێباری لە کۆتاییی سەردەمی عەبباسییەوە ناسراون، ڕادکی یان ڕادکانی سواوە و بۆتە ڕێکانی (ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٦٠). میرانی زێباری بە فەرمان و ڕەزامەندیی خەلافەتی عەبباسی فەرمانڕەوای وڵاتی زێبار بوون (العمری، مسالک الابصار، ٣/٢٧٠). ز.س.

٢- بودلیان، ل ٧٩: مەمی. و.

یەکێک لە قەڵا بەناوبانگەکانی ئامێدی قەڵای عەقرە (ئاکرێ) یە و شارۆچکەیەکی شانبەشانی ساز کراوە و نیزیکەی ١٢٠٠ ماڵە مسوڵمان و جوولەکەی لێ دەژین.[١] قەڵای «دهۆک» و قەڵای «دێر»یش هەن کە میرزادەکان و ئامۆزاکانی میرانی ئامێدی بە سەریان ڕادەگەن. قەڵای «بەشری»[٢] بەدەست عەشیرەتی «ڕادکانی»یەوەیە و قەڵای «قەڵادە»، «شووش»، «عیمرانی» و «بازیران»یش بە چنگ عەشیرەتی زێبارییەوەن.

ناوچەیەکی دیکەی ئامێدی «زاخۆ»یە و دوو عەشیرەتی سەرەکیی لێ دەژین و بریتین لە: سندی و سلێمانی (سلێڤانی). لە نێو خەڵکدا زاخۆ پێشی دەگوترێ وڵاتی سندییان.[٣] زۆربەی زانایان و خوێندەوارانی گەورەی کوردستان لەوێوە پەیدا بوون. هەر لە کۆنەوە خاوەنی وەجاخی گەورە و میرانی تایبەت بووە و سەر بە ئامێدی نەبووە. پاش ئەوەی میرەکان بە باری لاوازیدا کەوتوون، میرانی ئامێدی بە خۆیانەوە بەستوون. ئێستاش یەکێک لە خانەدانی ئەو کۆنەمیرانەی زاخۆ ماوە و ناوی یووسفبەگە و لای میرانی جزیرە دامەزراوە. هێندێک لەوانەی سەر بە تۆرەمەی بەهائەددین بوون و لە ئامێدی حکوومەتیان کردووە، هەر نازانین کێن و چۆن ژیاون و چییان کردووە و ئەوانەش کە دیارن بە هیوای خودای بێنیاز، بە شوێنیەکدا باسیان دەکەین.

١- ئاکرێ (عقره) بە شەرابی ترێ ناودار بووە و بێگومان لە لایەن کریستیینانەکانەوە ساز کراوە کە بەشێک بوون لە پێکهاتەی دانیشتووانی شار (حمدالله مستوفی القزوینی، نزهة القلوب، ص ١٥٩). ز.س.

٢- بەشیری؛ ل ٦٥ی دەقی تورکیا. و.

٣- هۆزی سندی لە سەردەمی مەغۆلیدا وەک هێزێکی خێڵەکی مەزن و بەربڵاو دەرکەوت (مسالک الابصار، ٢٦٧/٣، المقریزی، السلوک لمعرفه دول الملوک، ٣٧٠/۶)؛ بۆیە ناوچەکە بە ویلایەتی سندیان ناودەبرا. ز.س.



**تابلۆی سێهەم: باژێری ئامێدی**



تابلۆی چوارەم: قوتابخانە و کاشۆبازی

**میر زەینەددین (زێندین)**

میر زەینەددین لـە سەردەمی پادشایەتیی خاوەنشکۆ ئەمیر تەیمووری گوورکان و لە ڕۆژگاری شاڕوخسوڵتانی کوڕە گەورەیدا، بە سەربەرزی و بە کاوی دڵی خۆی زەمانی ژیانی تێپەڕ کردووە. پاش ئەوەی کە ئەم میرە دۆستلاوێن و دوژمنتاوێنە بە شەنگەشەنگ ڕووی کردۆتە باغ و باغاتی بەهەشت، میر سەیفەددینی بەرزەئەستێرەی کوڕی بۆتە جێنشینی.

**میر سەیفەددین (سێوەدین)**

میر سەیفەددین سێبەری باڵی بەخێروبێری بەسەر جەماوەر کێشاوە. دوای ماوەیەک ئەویش بەرەو باغی بەهەشت کۆچی کردووە و «حەسەن» و «بایروک»ی لە پاش بەجێماون و حەسەنی کوڕە گەورەی جێی گرتۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**حەسەن کوڕی سەیفەددین**

لە زەمانی حکوومەتی حەسەندا، سولەیمانبەگی بیژەن ئۆغڵی، بە فەرمانی سوڵتانەکانی ئاق قۆیندلوو بۆ گرتنی ئامێدی ڕاسپێردرا. سولەیمانبەگ هات و دوو قەڵای «ئاکرێ» و «شووش»ی گرتن، بەڵام هەر چەندی خۆی هێناوبرد و چیڕ بۆوە، نەیتوانی قەڵای ئامێدی بگرێ و سەرەنجام دەرەتانی نەما و دەوری قەڵای بەردا. پاش ئەوەی کە بنەماڵەی ئاق‌قۆینلوو گلۆڵەیان کەوتە لێژی و خاشەبڕ بوون، حەسەن چوو بۆ خزمەت شاسمایلی سەفەوی و ڕێزی لێ گیرا و بەسەرکرایەوە. دواتر قەڵای دهۆکی لە مەڵبەندی داسنی دابڕی و خستییە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. ناوچەی سندیشی لە چنگ عەشیرەتی سندی دەرهێنا کە خاوەنی میری سەربەخۆ بوو. دوای ماوەیەک مەرگی لە چارەی نووسرا و حەوت کـوڕی لـە پـاش بـەجێمـا کـە بـریتـی بوون لە: ١-سوڵتان حوسێن ٢-سەیدی قاسم ٣-مرادخان

٤- سـولـەیمان ٥- پیربـوداق ٦-میرزا محەممەد ٧-خانئەحمەد. سوڵتان حوسێن کە کوڕی لە هەمووان گەورەتری بوو جێی باوکی گرتەوە و دوای چەند دێڕێکی دیکە باسی خۆی و کوڕانی دەخرێتە بەرچاو.

سەیدی قاسم، عەلیخانی لە دوای بەجێماوە؛ مرادخان نێرینەی لە پاش بەجێنەماوە و خۆی لە هەراکەی قوبادبەگدا کوژراوە. سولەیمان کوڕێکی هەیە ناوی شارۆستەمە و میرزا محەممەد، سوڵتان مەحموودی لە پشتی کەوتۆتەوە. خانئەحمەد، کوڕێکی ماوە ناوی شایووسفە و بایروکی کوڕی میر سەیفەددین کوڕێکی شێتۆکەی هەیە، کە لە سۆنگەی ئەوڕا قوبادبەگ سەری تێداچوو.

## سوڵتان حوسێن[1]

سوڵتان حوسێن کە سەرتۆپ و یەکەپیاوی خانەدانی بنیعەبباسە، دوای نەمانی باوکی بەپێی فەرمانی سوڵتان سولەیمانخانی خاوەنشکۆ بوو بە میرهەرێمی ئامێدی. کەسێکی یەکجار زانا و شەرعزان و دادەوان بوو. هەمیشە نێوەڕاستی داردەستی دەگرت و گەورە و گچکە و هەژار و دەوڵەمەند شوکرانەبژێری بوون. ئەوەندە چاکی لە کاروباری میرایەتی دەزانی و ڕەچاوی خزمەتی هەموو لایەکی دەکرد، کە هەر باسی ناکرێ. لەبەر ئاکارچاکی و پێمل بوونی دەسەڵات و خۆ لادان لە سەربزێوی لە تەواوی هاوشانەکانی خۆی تێپەڕیبوو. مەزن و میرانی کوردستان دەچوونە لای و پرسیان پێ دەکرد و لە قسەی دەرنەدەچوون. هەر مەبەستێکی کە سەبارەت بە کاروباری کوردستان و تەواوی هەرێمەکانی دیکەی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی بووبا و ئەو لە بارگای سولەیمانی ورووژاندبای، ڕەتکرانەوەی بۆ نەبوو. ماوەی سی ساڵان بەم شێوەیە لە ئامێدی و ناوچەکانی سەر بە ناوەندی

[1]- سوڵتان حوسێن لە میرە ناودار و بەهێزەکانی ئامێدییە لە دەسپێکی سەردەمی عوسمانیدا و وا دیارە قوتابخانەی قوبا (قوبها) لە سەردەمی ئەمدا بنیاد نراوە. ز.س.

دەسەڵاتەکەی خۆی حکوومەتـی[١٢] کــرد و ساڵی نۆسەت و... [١] مردن بەرۆکی گرتووە و بەرەو دنیای پاشین چووە. پێنج کوڕی لە پاش بەجێماوە کە بریتین لە:
١- قوبادبەگ ٢- بەیرامبەگ ٣- ڕۆستەمبەگ ٤- خانسمایل ٥- سوڵتان ئەبووسەعید.

## قوبادبەگ کوڕی سوڵتان حوسێن

قوبادبەگ دوای نەمانی باوکی، بەپێی فەرمانی سوڵتان سەلیمخان بوو بە میری ئامێدی. ئەم میرە پیاوێکی سەرسۆفیلەی مەیلەودەروێش و هەتا خودا حەز بکا مسوڵمان و دلۆوان بوو. لە پێنج فەرزەی نوێژان هیچیانی نەدەچوون و چی شەرع بۆی دانابوو لێی لا نەدەدا. دڵی زۆر خۆش بوو بە ڕاوێ و سەروقوونی ڕۆژان و شەوانی پێ تێکدەخستەوە؛ بەڵام بایی پووڵێکی سووتاوی لە کاروباری دنیایی و دەسەڵاتداری نەدەزانی. بۆ تاوانێکی بچووک، تۆڵەیەکی قورسی دادەنا و بۆ گوناهێکی گەورە لێبووردنی سەیری تێدێنا. هێندەی وا کردبوو کە تەواوی عێل و عەشیرەت و خێـڵات لێی جاڕز بوون و خۆیان لێ لادا و بە لای بەیرامبەگی برایدا شکانەوە؛ بەڵام خۆ ئەو دەروەستی نەدەهات، هەر بۆیە هەڵات و تەرەکەمە بوو.

بەیرامبەگ لە قەزوێن گەیشتە خزمەت شاسمایلی دووهەم و بە وادە و بەڵێنیی بێسنووری شاهانە دڵخۆش کرا و کەوڵی شانازیی خرایە سەر شانی. عەشیرەتی مزووری کە خۆیان بە لایەنگری بەیرامبەگ دەزانی، سەریان لە ژێر نیری قوبادبەگ دەرکێشا و لێی ڕاپەڕین و لێیانخست و هەر بۆ گاڵتە سولەیمانی کوڕی بایروک کوڕی سەیفەددینی ئامۆزایان کردە مەزنی خۆیان.

١- پەراوێزی لاپەڕە ٢٦٣ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار: ساڵی ٩٧٤ ک/١٥٦٦ی ز. و.

وەکوو دیارە زەینەڵبەگی میری هەکاری زۆری ڕق لە قوبادبەگ کۆ کردبۆوە و لە هەلێک دەگەڕا، بۆیە پیاوی نارد بە شوێن بەیرامبەگدا و لە زیندانی شاسوڵتان محەممەد دەربازی کرد و هێنایە لای خۆی. قوبادبەگ ترسێکی زۆری ڕێنیشت و دەستی لە حکوومەت هەڵگرت و بەرەو مووسڵ و شەنگال فڕی. بەیرامبەگ بە هیوای میرایەتی ڕووی کردە ئامێدی. سەرکردەی ناودار و سپاسالاری خاوەن دەسەڵات فەرهادپاشای وەزیر پێی زانی و لەڕێوە کردی بە مەزنی ناوچەی زاخۆ.

قوبادبەگ کە هەروا ترسی نەنیشتبۆوە، لە مووسڵەوە ڕووی کردە «ئامەد» و لەوێشەوە ڕۆیی بۆ ئیستانبووڵ. بە هاوکاری و یاریدەی سیاوەشپاشای مەزنەوەزیر، فەرمانی حکوومەتی بۆ نوێ کرایەوە و بەرەو ئامێدی گەڕایەوە. کاتێک گەیشتەوە قەڵای دهۆک لەوێ بنەی داکوتا و لێبڕا جارێ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە و بیانکووژێ کە بە خراپە تێکەوتوون و کەتنیان گێڕاوە و جا پاشان بە دڵئاسوودەیی بڕواتەوە ئامێدی.

ئەو سولەیمانەی کوڕی بایرووک، کە پێشتر باسمان کرد، لەگەڵ میرمەلیکی مزووری دەستیان تێکەڵ کرد و چوون هەرچی چەپەڵکار و پیاوخراپی هەرێمەکەیە کۆیان کردنەوە و تەپیان دایە سەر قوبادبەگ و مەچەکەیان لە قەڵای دهۆک ئەنگاوت. لە ژێرەوە لەگەڵ خەڵکی قەڵا پێکهاتبوون و ئەوانیش دەروازەیان خستە سەر گازەرای پشت. قوبادبەگ و کوڕێکی و چەند کەس لە هاوڕکێفانی کوژران و ماڵ و سامانی کەوتە بەر شەپۆلی تاڵانوبڕۆ و گەسکی لێدرا.

کاتێک بەیرامبەگ بەو ڕووداوەی زانی، لە زاخۆوە پێی نایە ڕکێف و بە چوارناڵە ئەسپی تاو دا و خۆی گەیاندە نێو عێلاتی هەرێمەکە. سولەیمانبەگ و میر مەلیک بوونە پشتیوانی و کردیانە میری ئامێدی. ئەویش لە خێر و چاکەی عێلات و عەشیرەتان لای نەدا و خوایینەخوایی هەوساری دەسەڵاتی کەوتە دەستی و سەری وەبەر باری حکوومەت هێنا. سەیدیخانبەگ و سوڵتان ئەبووسەعید،

کوڕانی قوبادبەگ بە گریان و ناڵینەوە ڕوویان کردە بەردەرانەی سوڵتان مرادخان. زۆربەی خەڵکی ئامێدی لە گەورە و گچکەوە بگرە هەتا دارا و نەدار و کافر و مسوڵمان و چەکدار و بێچەک، بە لای بەیرامبەگدا شکانەوە و کردیانە بەزم و شادی و چەپڵەڕێزان و خێر و سەدەقەیان بەخشینەوە و نەزریان بردن بۆ نەزرگە و گۆڕی پیاوچاکان و نەمانی قوبادبەگیان بە سەرکەوتنێکی گەورە دانا.

## بەیرامبەگ کوڕی سوڵتان حوسێن(١٣)

وەکوو پێشتر باسی کرا، بەیرامبەگ لە ترسی براکەی سەری وەبن باڵی شاسمایلی دووهەم هێنابوو؛ ئەویش چۆن چاکە ئاوای ڕێز بۆ دانا و لاواندییەوە. دوای مردن و نەمانی شاسمایل، شاسوڵتان محەممەدی برای لایەکی وای لە بەیرامبەگ نەکردەوە و لەبەر بێبڕشتی و هیچ لە دەستنەهاتوویی ڕایاندایە زیندانی قەڵای ئەڵەمووت. کاتێک زەینەڵبەگی میری هەکاری بەم کارەی زانی، بۆی تێکەوت و خۆی لە ڕزگارکردنی هەڵکرد. بۆ ئەم مەبەستە داخوازەکەی گەیاندە لای ئەمیرخانی والیی تەورێز و وا بڕیار درا بڕی پێنجهەزار فلۆری وەکوو دیاری و خەڵات بدرێ بە شاسوڵتان محەممەد و ئەمیرخان و ئاوا بەیرامبەگ لە زیندانی قەڵای ئەڵەمووت ئازاد بێ و بدرێتە دەست زەینەڵبەگ.

زەینەڵبەگ بەپێی ڕێککەوتنەکە دراوەی هێنا و دای بە پیاوەکانی ئەمیرخان و ئەوانیش بەیرامبەگیان دایە دەستی. لەوەتی ئەو پەندەی بە سەر هاتووە بەیرامبەگ بۆتە پیاوی چاک و بە دادپەروەری لەگەڵ جەماوەری ژێر دەسەڵاتی دەجووڵێتەوە و هێندە باشە نەبێتەوە.

کاتێک عوسمانپاشای مەزنەوەزیر و سپاسالار ئەو هەواڵانەی بیستەوە و دیتی بەیرامبەگ ئاوا پیاوی چاکە، لە «قەستەموونی»یەوە فەرمانی حکوومەتی ئامێدیی بۆ نووسی و ناردی، بەڵام چونکە سەیدیخانبەگی کوڕی قوبادبەگ خۆی

هاویشتبوویە بەر سێبەری سولّتان مرادخانەوە و چۆنیەتیی کوژرانی باوکی و ڕاپەڕین و سەربزێویی عێل و عەشیرەتان و حکوومەتی بەیرامبەگی بە پێچکی تەختی بەرزی دەسەلاّت ڕاگەیاندبوو، فەرمانەکەی مەزنەوەزیر چی وای بڕ نەکرد. سولّتان مرادخان لاواندییەوە و فەرمانی حکـوومەتی ئامێدیی دایە دەستی و بە دواداچـوونی بەیرامبەگ و لێدانی ئاژاوەگێڕانی ئامێدی خرایە ئەستۆی سەرکردەی مەند و ڕەند فەرهادپاشا و فەرمانی پێویستی بۆ نووسرا. ئەویش بۆوەی بەیرامبەگ بێنێ و وەسەر تەڵەی پەڕێنێ و بیگرێ، نامەی بۆ نووسی و دڵخۆشیی دایەوە و گوتی بەپێی فەرمانی پیرۆز حکوومەتی ئامێدی دراوەتە دەست سەیدیخانبەگ، بەلاّم بۆ ئەوەی تۆش کەم نەهێنی، ئەوە بۆت تێهەڵـدێنمـەوە و ناوچەی حەسەنکێف دەخەمە سەر زاخۆ و بچۆ لەوێ میر بە. قەرار وایە ئەم ساڵ هێزە نەبەزەکانی عوسمانی هێرش بەرنە سەر گورجستان و ئاواتەکانی سولّتان وەدی بێنن، ئەتۆش لەگەڵیان بچۆ هەتا پاش گەڕانەوەت نۆکەرچاکی و بێغەلوغەش بوونت بگاتەوە پایەی تەختی جێلەنگەری گەردوون. ئەگەر وا هات بە هیوای خودا بە فەرمانی میرایەتیی ئامێدی بەسەردەکرێیەوە.

بەیرامبەگی ساویلکە بەم وادەیە هەڵفریوا و پاش هەشت مانگ میرایەتی، جڵەوی دەسەلاّتی دایە دەست سەیدیخانبەگ و بە مەزنایەتیی حەسەنکێف ڕازی بوو. لەوێشەوە وێڕای لەشکری وەک خیزوخۆڵی سەرداری هەمیشە سەرکەوتووی عوسمانی ڕۆیی بۆ گورجستان. پاش گەڕانەوە لەو پەلامارە فەرهادپاشا گرتی و خستییە سیاچاڵی قەلاّی ئەرزەڕۆمەوە. بە هیوای پەروەردگاری پادشای شوکرانەبژێراوی پایەبەرز، پاشماوەی بەسەرهاتەکەی لە بەرەوە دەنووسرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سەیدیخانبەگ کوڕی قوبادبەگ**

پاش ئەوەی لە دەرگای بەختەلانی سوڵتانەوە فەرمانی حکوومەتی ئامێدیی بۆ نووسرا و خرایە شوێنی جێبەرزی باوکی و بەسەرکرایەوە، زۆر بەتوندی دەستووریش درا بە مەزنی سەرکردەکانی بەغدا و شارەزوور و تێکڕای سەرۆکان و حوکمدارانی کوردستان، کە ئەگەر بەیرامبەگ خۆی گنخاند و لە بەدەستەوەدانی قەڵای ئامێدی و دەسەڵاتیدا بە خاوەخاو تێکەوت، بچنە سەری و بە زەبری زۆر لەو خاکە دەریپەڕێنن و سەیدیخانبەگی لە جێی دابنێن؛ بەڵام کاتێک سەیدیخانبەگ گەیشتە مووسڵ، بەیرامبەگ سەری وەبەر حوکمی پادشا هێنا و قەڵا و دەسەڵاتی بەجێهێشت و ڕۆیی.

سەیدیخانبەگ بە یاریدەی سولەیمانبەگی میری سۆران، لە نیوەڕاست مانگی قوربانی ساڵی ٩٩٣ی ک/١٥٨٥ی زایینیدا، پێی نایە ئامێدی و لەسەر تەختی دەسەڵات ئۆقرەی گرت.[١]

هەروەک پێشتر باسمان کرد، فەرهادپاشا پاش گەڕانەوەی لە شەڕی گورجستان، بەپێی بڕیاری پێشوو بەیرامبەگی گرت. ئینجا ناردی بە دوای سەیدیخانبەگدا و هێنایە ئەرزەڕۆم. پاش ئەوەی پارەیەکی چاکی وەکوو دەسخۆشانە لە سەیدیخانبەگ وەرگرت، لەگەڵ بەیرامبەگ ناردی بۆ شەرعێ و ئەویش کوژرانی قوبادبەگی باوکی لەسەر سوور کردەوە. بەپێی شەرعی پیرۆز بەیرامبەگی دایە دەست سەیدیخانبەگ و ئەویش ساڵی ٩٩٤ی ک/١٥٨٦ی ز، لە تۆڵەی باوکی کوشتییەوە. وا ئێستا ماوەی یازدە ساڵە کە میری سەربەخۆی

---

١- بڕوانن لاپەڕە ١٥٥ی دەقی شەرەفنامەی فارسی، لێکۆڵینەوەی محەممەد عەبباسی: «سولەیمانبەگ خاڵی سەیدیخانبەگ بوو.» ئەم ڕستەیە لە دەقی بودلیاندا نییە و دەبوو بکەوێتە لاپەڕە ٨٤. ع.ی.

ئامێدییە و تەواوی کاروباری هەرێمەکەی بەدەستەوەیە و هیچ گرێ و کۆسپی لەبەر نییە و کەسیش نەبۆتە شەریکەدەسەڵاتی. ئەگەرچی عەشیرەتی مزووری ماوەیەک لێی کەوتنە کەڵەوەکێشی و بەرەنگاری ڕاوەستان، بەڵام سەرەنجام چەند کەسێکی لێ کوشتن و هێندێکانیشی بە لاواندنەوە و دڵدانەوە هێور کردوونەوە و سەری پێ چەماندوون.

لە ڕاستیدا سەیدیخانبەگ[1] لاوێکی لێوەشاوە و ئازا و دڵاوایە و چەندی بڵێی دادەوان و بەویژدانە و خەڵک لێی ڕازین و دەڵێن پیاوێکی مەشرەفخۆشە و ئاواتەخوازم هەر لەسەر ئاکاری جوان و دڵخواز بڕوا و سەرکەوتووبێ.(١٤)

## بەشی چوارەم

### باسی میرانی جزیرە (جزیر)، کە ناسراون بە بوختی و دەبنە سێ لک

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ڕووی دەقی ئاوپڕژێنکەری دڵ و دەروونی باوەڕپێکراوان و نووسینی پرشنگداری نووسەرانەوە، بۆم ڕوون بۆوە کە زنجیرەی تۆرەمەی میرانی جزیرە لە خەلیفەکانی ئەمەویڕا دەگاتەوە خالیدی کوڕی وەلید. یەکەم کەسی ئەم خانەدانە کە لە جزیرە بۆتە فەرمانڕەوا، سولەیمانی کوڕی خالید بووە. ئەم بنەماڵەیە ڕۆژگارێک لەسەر ڕێوشوێن و ئایینی بێفەڕی «یەزیدی» ڕۆیشتوون و سەرەنجام خودا ڕوحمی پێکردوون و باڵی گرتوون و لەو تلاسابوونە گەڕاونەوە و کەوتوونەوە سەر ڕێبازی ئیسلام و لە ڕێچکەدینی بەرزەجێی سوننیدا خۆیان

١-لە پەراوێزی ل ٨٤ی دەقی بودلیاندا نووسراوە: ئەم سەیدیخانبەگە نێوەڕاستی ساڵی ١٠٣٥ی کۆچی/١٦٢٥ی زایینی، لە هەراکەی حافز ئەحمەدپاشادا کە مەزنەوەزیر و سپاسالار بوو، لەبەروەی تۆمەتێکی زۆری خرابوویە ئەستۆی کوژرا. تێداچوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش شکانی گەمارۆی بەغدا و گەڕانەوەی سپا. و.

**دۆزیوەتەوە.[١] گەلێکیان مزگەوت و مەدرەسە ساز کردوون و گوندی باش و زەویوزاری بەرێژەویان پێوەبەستوون و لەسەریان وەقف کردوون.**

**عەشیرەتی بۆتانی لە کوردستان‌دا بە دەسکەرەوە و مەردازا و لەشکرچی و سوارچاک ناسراون. هەمیشە پارەی باش دەدەن بۆ کڕینی چەکوچۆڵ و پێداویستییەکانی مەیدانی تێکهەڵچوون و ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی؛ بەتایبەت ئاشقی شیری میسری و خەنجەری دیمەشقین. لە باوەڕپێکی‌دا نموونەن و لە ڕۆژی شەڕ و هەرادا شان‌بەشانی یەکتر بەرەنگاری دوژمن ڕادەوەستن و لە مەردی و ڕەندی لانادەن؛ چا هەر بۆیە لە نێو جەماوەری کوردستان‌دا لە شانی ئامپاکانی خۆیان تێپەڕیون.[٢]**

١-لەم دەقەدا هاتووە کە میرانی جزیرە لە ڕێگای خالیدی کوڕی وەلیدەوە دەگەڕێنەوە سەر خەلیفەکانی ئومەوی (ئەمەوی). لە «مەم و زین»ی خانی و لە ڕۆژنامەی کوردستانی دایکدا کە بەدرخانییەکان بڵاویان کردۆتەوە، ئەوە دووپات کراوەتەوە کە میرانی جزیرە نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدن، کەچی خالید ئومەوی نییە و بیست ساڵ بەرلە بوونی ئومەوییەکان بە خەلیفەی مسوڵمانان مردووە؛ کەچی لە لاپەڕە ١٥٦ی دەقە فارسییەکەی محەمەد عەبباسی و لە لاپەڕە ١٤٧ی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی‌دا، باسی خەلیفەی ئومەوی نەکراوە؛ ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لە نێوان دەقە دەسنووسەکانی شەرەفنامەدا. لە دەقی دەسنووسی خودی شەرەفخان‌دا خالید وەک ئومەوی (ئەمەوی) باسی کراوە.

لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی‌دا ئەوەم وەبەرچاو نەهاتووە کە میرانی جزیرەی بۆتان چووبێتنە سەر ئایینی یەزیدی، بەڵکوو ساڵی ٨١٧ی ک/١٤١٤ی ز. میر عیززەددینی بۆتانی و میر محەمەدی ئامۆزای خاوەندی قەڵای گورکێل و چەند میرێکی دی، هەڵیانکوتایە سەر لالش و ژمارەیەکی زۆری کوردی عەدەوی (یەزیدی) یان کوشت و ژمارەیەکی دیکەیان بە دیل گرت و گۆڕەکەی شێخ عادیان هەڵدایەوە و ئێسکوپرووسکیان سووتاند (المقریزی، السلوک لمعرفه دول الملوک، ٣٧٠/٦). ز.س.

٢-بوختی (بوختان) هۆزێکی دێرینی کوردە و بگرە یەکەمین هۆزی کوردە کە لە سەردەمی ئومەوییەوە ناوی لە سەرچاوەکان‌دا هاتووە و یەکێکە لە هۆزە مەزن و ناودارەکانی کوردستان (ابن عساکر، تأریخ دمشق، ٦٣/٤٠). ز.س.

جزیرە شارێکی کۆن و لەمێژینەیە و ساڵی حەڤدەهەمی کۆچی، لە سەردەمی خەلیفایەتیی عومەردا ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ ئەبوومووسا ئەشعەری و سەعد عەیازی کوڕی عوسمان (؟)[١] بەبێ شەڕ گرتوویانە و لادینانەیان پێوەبەستوون و تەنیا عەرەبەکانی بنیتەغلەب، کە خێڵەکی بوون و لە دەوروبەری جزیرە ژیاون، سەریان وەبەر باری دانی لادینانە نەهێناوە. کۆچوباریان لێناوە و بەرەو خاکی ڕۆم تێیانتەقاندووە و گوتوویانە ئەگەر بە سەدەقە بێ دەیدەین، دەنا شتی ئاوا ناسەلمێنین. ئەو قسەیەیان بردۆتە خزمەت عومەر ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ ئەویش فەرموویەتی با وای بدەن، سەدەقەش هەر دەکەوێتە نێو جەغزی لادینانەوە.

قەڵای جزیرە کاری عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە، کە هەشتەمین خەلیفەی ئەمەوییە. لە دادوەری و دادپەروەری و پاراستنی مافی خەڵکدا بە عومەری دووهەم دادەندرێ. لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئەمەویدا کە بۆ ماوەی سەدەیەک لەسەر مینبەر و لە مزگەوتان قسەی سارد و سووکیان بە حەزرەتی عەلی و پێشەوایانی پایەبەرزی مسوڵمانان حەسەن و حوسێن دەگوت ـ خودا قەدریان بگرێ و لێیان ڕازی بێ ـ ئەو بنەبڕی کرد و خەڵکی دنیای لەو تاوانە قورسە ڕزگار کرد[٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١-فەرەجوڵڵا زەکی «عەیاز کوڕی غەنەم» بە دروست دەزانێ. زێرنۆڤ خودی دەقەکەی بە هەڵە زانیوە بۆیە نیشانەی پرسیاری داناوە. (بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٢٧٤.) و.

٢-جزیرەی بۆتان زێد و نیشتمانی دێرینی کوردانە و تەنانەت ناوی بە ناوی کوردەوە پەیوەست و لکاوە. لە سەردەمی پێش ئیسلامدا و بۆ ماوەیەکی درێژ پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش بە (جزرتا، دوقردو، باقردا و بیت قردو) دەناسرا، تا لە نێوەڕاستی سەدەی سێهەمی کۆچی هەر بە «جزیرة الاکراد» دەناسرا، کە بێگومان هەر وەرگێڕاوی «جزرتا دوقردو»ی سوریانییە (ابن شداد، الاعلاق الخطیرة، ٧/٣). ←

**قەڵا و شاری جزیرە کەوتۆتە لێواری ڕووباری عارەبان و وەختایەک سێڵاو هەڵدەستێ ئاوی ڕووبارەکە دەبێتە دوو بەش و بە دەوری قەڵا و شاردا لێدەهاڵێتەوە. بەندێکی گەورەیان بە بەرد و قسڵ لـە سـەرووی قەڵاوە هەڵبەستووە و ناهێڵن لافاو خۆی پێدا بکا و زیان بە هیچ ماڵ و خانووبەرەیەک**

---

لە هەمـوو ئەو هەواڵانەدا کەوا دەربـارەی فەتحـی جزیـرەن، جەخـت کـراوەتەوە کە زۆربەی شـار و ناوچەکـانی جزیـرە بە هەرێمـی بۆتانیشـەوە، لە لایەن سـەرکردەی مسـوڵمان عەیـازی کـوڕی غەنەمـی ئەشـعەرییەوە گیراون و ئەبوومووسـا ئەشـعەری هـیچ دەورێکـی لە فتووحاتی جزیرەدا نەبووە.

بنیتەغلەبـی عەرەب قبووڵیـان نەکـرد وەکـوو مـیللەتە ناعەرەبەکـان کە نـابنە مسـوڵمان سەرانە، واتە جزیە بدەن و دەیانگوت ئێمە عەرەبین و ئەمە بە سووکایەتی دەزانین.

گومـان لەوەدا نیـیە کە ئەو ئیبنووعـومەرەی وا هـاتۆتە جزیـرەی بۆتـان و ئـاوەدانی کردۆتەوە خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نییە، بەڵام بەدروسـتی سـاغ نەبـۆتەوە کێیە و لە کوێوە هـاتووە و هەواڵەکـان نـاوی چەنـد کەسـایەتییەک دەهێنن، تەنیـا ئەوەنـدەیە نـاوی باوکی عومەر بووە، بۆیە بە جزیرەی ئیبنووعومەر ناودێر کراوە (ابن خلکان، وفیـات الاعیـان، ٣٤٩/٣).

لە سـەدەی ٥ی ک/١١ی ز، جزیـرەی بۆتـان واتە جزیـرەی ئیبنووعـومەر ناوەنـدی دەسـەڵاتی کـوردە بوختییەکـان بـوو؛ پاشـان لە ئاکـامی هـاتنی تـورکە سـەلجووقییەکان و دواتریش دەرکەوتنی حکوومەتی ئەتابەکـان، کوردانی بـوختی جزیـرەی بۆتانیـان لە دەسـت دا و شارەکە کەوتە دەست ئەتابەکە تورکەکـان و بارگـای میرنشـینی بـوختی گـوێزرایەوە بـۆ قەڵای گورکێـل (حەزدەقێـل) لە دامێنـی چیـای جـوودی. یـاقووتی حەمەوی دەڵـێ قەڵای حەزدەقێل ناوەندی دەسەڵاتی مەملەکەتی کوردە بوختییەکانە (معجم البلدان، ٢/ ١٢٤، ١٥٨/٣).

ئەو میرەی وا هـاتە جزیـرەی بۆتـان و میرنشـینی بۆتـانی زینـدوو کـردووە، دەبـێ نـاوی عەزیز بێ، نەک عەبدولعەزیز، بۆیە پـاش خـۆی بنەمـاڵەکەی لە کوڕ و کـوڕەزا و نەوەکـانی بە ماڵبـاتی عەزیـزان ناسـران. مـن وای بـۆی دەچـم ئەم میـر عەزیـزە، هەمـان حیسـامەددین عەزیـزی بۆتـانییە کە لەگەڵ میـر ئەسـەدەددینی بۆتـانی و چەنـدین میـری دی، سـاڵی ٦٥٩ی کۆچی/١٢٦١ی زایینی، بە فەرمانی هۆلاکـۆ هـاتنە کوشـتن (الاعـلاق الخطیـرة، ٥٧٠/٣، قرطـای الخزنداری، تأریخ مجموع النوادر، ١٩٦/١). ز.س.

www.zheen.org

بگەیەنێ. خەڵک هەمیشە بە سەر پردی شارەکەدا دەپەڕنەوە و لە ڕووی ئەم دیمەنەوە کە ئاو دەورەی قەڵا و شاری داوە، بە جزیرەی عومەرییە ناودێر کراوە.

شاری جزیرە خاوەنی گەلێک قەڵاتی چڕ و سەخت و ناوچەی خۆش و بەپیت و ڕێژەوە. بۆ نموونە لێرەدا باسی چاردە قەڵا و ناوچە دەکرێ و هیوادارم خوێندەوارانی وریا و هێژا پێی وەڕەز نەبن و ئەوانیش بریتین لە: ١-ناوچەی گورکێل (جوردەقیل) کە چیای جوودی لەوێیە و گۆیا کەشتییەکەی حەزرەتی نووح ـ دروودی خودا لەسەر ویش و پێغەمبەری خۆشمان بێ ـ لەوێی لەنگەر گرتووە. لەو ناوچەیە حەوت عێل دەژین و چواریان حوسێنین و بریتین لە: شەهریوەری، شەهریلی، گورکێل و نەستووری. سێیەکەی دیکە یەزیدین: نیویدکاون، شوورش[1] و هیودل. ٢-قەڵا و ناوچەی برکە، کە خێڵی برکە ئەوێیان بەناوی خۆیانەوە ناودێر کردووە. ٣-ناوچە و قەڵای ئارۆخ، کە خێڵی ئارۆخی لێ بنەگر بووە و بە یەکێک لە قەڵا قایم و بەناوبانگەکانی کوردستان ناسراوە. ٤- ناوچە و قەڵای پەرووز، کە جێی ژیانی خێڵی پەرووزە و ئەوانیش سێ تایفەن: جاستۆلان، بەزم و گراڤان (گراڤان). ٥-قەڵا و ناوچەی بادان، کە عەشیرەتی کارسی[2] لەوێن. ٦- ناوچەی «تەنزی»[3]، کە بە قەڵاکەی دەڵێن «کەڵهۆک» و ئەویش هەر عەشیرەتی کارسیی لێ دەژین. ٧-قەڵا و ناوچەی فنیک، کە چوار خێڵی لێیە و لە جێی خۆیدا دەچمەوە سەری. ٨-ناوچەی توور. ٩- ناوچەی هەیتم، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی ئەرمەنی و نەسارین، بۆتە ناوەندی داهات و حاسڵاتی میرانی جزیرە. هەروەها خێڵی «جێلەکی»ش لەوێ

١-ل ٨٧ی بودلیان: «سوورش». و.

٢-گارسی. ع.ی.

٣-تانزە، تانزێ. ع.ی.



تابلۆی پێنجەم: میرنشینی بۆتان



**تابلۆی شەشەم: دەرک و دیوانی میری بۆتان**

**نیشتـەجێـن. ١٠-ناوچە و قەڵای شاخ، کە هەناری چاکی هەرێمی جزیرە لەوێ بەرهەم دێ و ئەوێش هەر ئەرمەنی و نەسرانیی لێ دەژین. خێڵی «شیلدی»ش لەوێ بنەیان داکوتاوە. ١١- قەڵای نەشئەتەل. ١٢-قەڵای ئەرمەشات، کە خاکی خێڵی «بەراسپی»یە و یەکێکە لە خێڵاتە پڕ جەماوەرەکانی بۆتانی. ١٣-قەڵای کێوەر، کە «قەمیز»یشی پێ دەڵێن و بەدەست عەشیرەتی «کارسی» و «قەرشی»یە. ١٤-قەڵای دێردە، کە لە ناوچەی «تەنزی»یە و بەشێک لە جەماوەرەکەی عەرەبن و بریتین لە: تەهیری، سەففان و بنیعەبادە. زۆربەی ئەرمەنییەکانی وێ بە عەرەبی دەئاخێون. هۆز و عەشیرەتەکانی دیکەی ئەوێ ئەمانەن: ١- دونبولی ٢- نووکی ٣-مەحموودی ٤-شێخ تەرەنی ٥-ماسەکی ٦- ڕەشەکی ٧- موخنەهران ٨- پەیکان ٩-بلان ١٠-بلاستووران ١١-شێرۆیان (شێرۆیی) ١٢- دووتووران.[١]**

**وەکوو ڕوون و ئاشکرایە دونبولی و مەحموودی بە ڕەسەن خەڵکی هەرێمی جزیرەن و لەوێوە کۆچاون و بە پشتیوانیی یەزدانی شیاوی پەرستن، بەپێی پێرستەکە لە کتێبی سێهەمدا دەچمەوە سەریان. ئێستاش بە هیوای پەروەردگاری سەرچاوەی بەخشین و چاکە دەست دەکەم بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی میرانی جزیرە.[٢]**

---

١- ڕەنگە دوودێران بێ. ع.ی.

٢- میرانی جزیرەی بۆتان لە هۆزی بوختی (بۆتانی):

مووسەکی کوڕی «مجلی» لە ساڵی ٤٤٧ی ک/١٠٥٥ی ز، هاتە کوشتن.

ئەسەدەددینی بۆتانی و حیسامەددین عەزیزی بۆتانی (بوختی)، ساڵی ٦٥٩ی ک/١٢٦١ی ز، بە فەرمانی هۆلاکۆ کوژران.

عەبدولعەزیزی کوڕی سولەیمان، دامەزرێنەرەوەی میرنشینی بۆتان و باپیرەگەورەی ماڵباتی عەزیزان (ئازیزان)ە و دوور نییە ئەم عەبدولعەزیز و حیسامەددین عەزیزە هەر یەک کەس بن. ←

## باسی سولەیمان کوڕی خالید

وەک لە پێش‌دا باسی کرا، یەکەمین کەسی باپیرەگەورەی میرانی جزیرە کە لەوێ بۆتە دەسەڵاتدار، سولەیمانی کوڕی خالیدە. پاش ئەوەی لەو خاکە بەخۆشی و کامەڕانی ڕاییواردووە، لە جزیرەی نەمانەوە ڕووی کردۆتە شاری هەرمان و سێ کوڕی پاکڕەوشتی لە پاش بەجێماوە، کە بریتین لە: میرحاجی بەدر، میر عەبدولعەزیز و میر ئەبداڵ.

ئەوەی ڕاستی بێ بۆ لێوەشاوەیی و کارزانی میر عەبدولعەزیز بە براگەورە دادەندرا و لە مەیدانی دادەوانی‌دا توانیبووی گۆی بردنەوە بە گۆچانی دڵاوایی وەبەرخۆی بدا و بیرفێنێ. ڕۆژبەڕۆژ شوێنەوار و نیشانەی مەزنایەتی و ئازایەتی لە

---

عیززەددین ئەحمەدی کوڕی سەیفەددینی بۆتانی (م٧٦٤ی ک/١٣٦٣ی ز).

سەیفەددین عیسای کوڕی عیززەددین ئەحمەد (٧٦٤-٧٨٥ی ک/١٣٦٣-١٣٨٣ی ز) کوڕی سەیفەددین عیسا.

میر عەبدوڵڵا واتە ئەبدال (٧٨٥ی ک/١٣٨٣ی ز، تا پاش ٧٨٧ی ک/١٣٨٥ی ز).

میر عیززەددینی دووەم هاودەمی شاڵاوەکانی تەیمووری لەنگ بووە بۆ سەر کوردستان لە (٧٨٩-٨٠٧ی ک/١٣٨٧-١٤٠٤ی ز)، لانی‌کەم تا ساڵی ٨١٧ی ک/١٤١٤ی ز، هەر میری جزیرە بوو.

میر مەجدەددین دەوروبەری ساڵی ٨٢٠ی ک/١٤١٧ی ز.

میر عەبدوڵڵا، یانی ئەبداڵی دووەم (٨٤١ی ک/١٤٣٧ی ز)، ناسراو بە سوڵتان عەبدوڵڵا.

میر بەدرەددینی کوڕی سوڵتان عەبدوڵڵا ناسراو بە میر بەدرۆ، دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرت و میرێکی مەزن و بەهێز بوو. لە شەرەفنامە و سەرچاوە فارسی و عەرەبییەکان‌دا ناوی هاتووە و ساڵی ٨٧٣ی ک/١٤٤٦ی ز، لە لایەن ئوزوزوون حەسەنی تورکمانەوە کوژراوە. میر بەدرۆ ناودارترین و بەدەسەڵاترین میری جزیرە و کوردستان بوو لە سەردەمی خۆی‌دا و تەواو خۆی بە سەربەخۆ دادەنا و خوتبەی بەناوییەوە دەخوێندرایەوە و دراوی بەناوییەوە دەنەخشا. **بڕوانە:** زین‌الدین عبدالباسط الحنفی (ت: ٩٢٠هج/١٥١٤م)، المجمع المفنن بالمعجم المعنون، المطبعة العصرية (صيدا، بيروت: ٢٠١١)، ١٨٣/٢.

ز.س.

ئاوێنەی نێوچاوانیدا دیـــاریی دەدا و دەمبـەدەمترووسکەترووسکی ئەستێرەی بەخت و ئاواتی بەرز دەدرەوشایەوە.

لە بانی سەری، لە عەقڵی تـــەرزی
دەدرەوشـایـەوە ئـەستێرەی بـەرزی

لەسەر ئەم پێوشوێنە، میر عەبدولعەزیز دوای نەمانی بابی، لەسەر تەختی دەسەڵاتی جزیرە پاڵی دایەوە. ناوچەی «گـورکێـل»ی دایە دەست میر حاجی بەدری برای و ناوچەی «فنیک»ی ئەسپاردە براکەی دیکەی خۆی کە میر ئەبداڵ بوو. ئەم برایانە پێکەوە شانیان دایە بەر پاراستن و پێراگەیشتنی هەرێمەکە و چۆن چاکە ئاوا دەسەڵاتیان هەڵسووڕاند و نەیانهێشت مافی کەس پێشێل بێ و ڕوویان لە یەکتر وەرنەگێڕا و لە قسەی یەکتر دەرنەچوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## لکی یەکەم
## باسی میرانی جزیرە کە ناسراون بە عەزیزان

دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک بە سەر حکوومەتی میر عەبدولعەزیزدا، پێتاڵکەری ژیان دەستی پێ لە بەرۆکی شاری دارایی و دەسەڵات بەردا و نەیهێشت چی دیکە بە دارستانی دنیای لەرزۆکی نەمێندا تێپەڕێ و گیانی لێ ئەستاند. کە مرد دوو کوڕی لە دوای بەجێما: میر سەیفەددین و میر مەجدەددین و کوڕی گەورەی بوو بە جێگرەوەی.

**میر سەیفەددین کوڕی عەبدولعەزیز**

میر سەیفەددین پاش ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتی کەوتە دەستی، لە ڕێ و ڕێبازی باوکی لای نەدا و بەدڵ و گیانەوە تێکۆشا چاکەی ڕابردوو لە دوو بدا. بە دەوری خەڵکدا هات و لەشکریی دەلاواندنەوە و بە جەماوەری عێلات و عاشیرەتان ڕادەگەیشت و ئۆخژنی داویشتە ناخی هەموانەوە و کەس نەبوو لێی دڵمەند بێ. وەختایەک هەتاوی ژیانی گەیشتە سەر کەلەپۆی ئاوابوون، گیانئەستێنی ڕاسپاردەی پەروەردگار پەڕاوی بەسەرهاتی ڕۆژانەی تێکەوەپێچا و تۆزی فەرامۆشیی بە سەر کێشا. پاش نەمانی، میری پاکباوەڕی برای، میر مەجدەددین لەسەر کورسیی دەسەڵات ڕۆنیشت. چاکتر لە باوک و کاکی گەشە و پەرەی دا بە هەرێمی جزیرە و بۆ ماوەیەکی زۆر تێر بەدڵی خۆی حکوومەتی کرد و سەرەنجام خۆری تەمەن و دەسەڵاتی لە ئاسۆی خۆرنشینی ئاوابوون زەردەی لێ بڕا و بەیانەی بەختی ژیانی سەری گەیشتەوە شەوی پەریشانی نەمانی و میر عیسای کوڕی ڕەسەنی جێی گرتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر عیسا**

شاعیر گوتەنی:

تێکۆشە لە ڕێی دادپەروەریدا
دادپەروەر دەڕوا بە سەروەریدا

جا میر عیسا بەو پێودانە جووڵایەوە و دەرگای خێروبێر و چاکەی بە ڕووی خەڵکدا کردەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتیدا خۆی لەگەڵ جەماوەر گونجاند و گوێی کەسی لەخۆوە بانەدا و نەیڕەنجاند. پاش ئەوەی ماڵاوایی خواست لە دنیای کاتی،

تەشریفی ڕۆیی بۆ جیهانی هەتاهەتایی. بەرهەمی پاشەواری میر بەدرەددین بوو کە جێی گرتەوە.

### میر بەدرەددین

میر بەدرەددین پاش ئەوەی جێی باوکی گرتەوە، وا چاک و بەجێوڕێ بە جەماوەری ژێر باڵی ڕاگەیشت و چاوی پێیانەوە بوو، هەر باسی ناکرێ. بە دەمی شیری جەوهەرداری مشتومالّی ئاوێنەی خەیاڵی گەورە و بچووکی دا و ژەنگوژاری زۆرداری و گەرد و تۆزی زوڵمی لێ ئەسترِی. دەرگا و دەروازەی خەڵات و چاکە و بەراتی بە ڕووی تەواوی بڕواداراندا کردەوە. هەمیشە بە دوای دیداری پڕ خێر و بەرەکەتی پیاوچاکان و باوەڕمەندانی لەزەبردا دەگەڕا و پاش نەمانی، میر ئەبداڵی کوڕی بوو بە جێنشینی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### میر ئەبداڵ

میر ئەبداڵ (عەبداڵ) کە جێی باوکی گرتەوە، لە ڕێبازی ڕەچەڵاکی خۆی لای نەدا و هەموو بوارێکی تێهێنا و سەرەنجام ڕۆژی خۆی ئاڵای دەسەڵاتی لە باغی بەهەشت هەڵدا و دوای نەمانی میر عیززەددینی کوڕی چووە جێی[١].

### میر عیززەددین

میر عیززەددین دوای باوکی بە دەرد و مەرگی هۆز و تیرە و عێلاتی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ڕاگەیشت. لە سەردەمی ئەودا مانگۆڵەی سەر نووکی داری ئاڵای

---

١- عەبداڵ کە بە کوردی کراوی عەبدوڵڵایە، میرێکی ناوداری جزیرەی بۆتانە و دوو جار ناوی لە هەواڵە مێژووییەکاندا هاتووە و بەپێی ئەو دوو هەواڵە دەردەکەوێ تا ساڵی ٧٨٧ی ک/١٣٨٥ی ز، میری جزیرەی بۆتان بووە (ابن حجر العسقلانی، انباء الغُمر، ١/ ٢٨٠، ٣٠٣). ز.س.

ئەمیر تەیمووری گوورکان تریفەی داگیرکردنی هاویشتبوویە سەر تەواوی ئاوەدانییەکانی جیهان. بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە مەولانا شەرەفەددین عەلی یەزدی لە مێژووی «زەفەرنامە»دا نووسیویەتی: «پاش ئەوەی خاوەنشکۆی زەمان، ئەمیر تەیمووری گوورکان، ساڵی ٧٩٦ی ک/١٣٩٣ی ز، دەستی بە سەر داروسسـەلامی بەغدادا گرت و قەڵای تکریتی خاپووراند و چەند قەڵات و ناوچە و هەرێمی دیکەی گرتن، ڕووی کردە ماردین.

لە شوێنێک بەناوی چەملیک، کە حەوت فرسەخی لەگەڵ ماردین نێوانە، میر عیززەددینی میری جزیرە، هاتە بارگای جیهانپەنای و شانازیی ڕایەخڕامووسانی پێ برا. گەلێک دیاریی چاک و بەنرخی هێنا و بە سیلەنیگای شاهانە بەسەر کرایەوە. قبووڵی دانی باج و پادارانەی لەشکری کرد، کە بریتی بوو لە نان و پێخۆر و تفاق و بژیو و گەڕایەوە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

سوڵتان عیسای میری ماردین بە شێوەیەکی نالەبار لەگەڵ چەند چەکدارێکی تەیمووری جووڵایەوە، کە گێڕانەوەی لێرەدا بە کارێکی بەڕێوجێ نازانم. ئەمیر تەیموور ویستی دەورەی قەڵای ماردین بدا، بەڵام لەشکرەکەی هێندە زۆر بوو، کە لەوەڕی سوارەبەر و بارەبەران وەگیر نەدەکەوت، بۆیە وای بە بەرژەوەند زانی جارێ خۆ لەو کارە نەدا. ڕۆژی سێشەممۆ، هەشتەمی ڕەبیعی دووهەمی ئەم ساڵە (٧٩٦ی ک)، لەوێوە گەڕایەوە و ڕووی کردە مووسڵ. لەو شوێنە خاوەنشکۆی دەریادڵ، پۆلەسوارێکی ساز کردن و دیاری و خەڵاتێکی چاکی بۆ خاتوونان و شازادان پێدا ناردن بۆ سوڵتانییە. پیاوێکی کوردی هۆزی بۆتانی بەناوی شێخە، کە لە چەملیک وێڕای میر عیززەددین شەرەفی ڕایەخڕاموسانی پێ بڕابوو، بەڵام هەر لە خزمەتیدا مابوویەوە و بە سۆزی میرانە بەسەرکرابوویەوە، لەو جەنگەیەدا ئیزنی گەڕانەوەی خواست و وێڕای دیاریبەران پێی نایە ڕکێف و ڕۆیی. کاتێک گەیشتە دەوروبەری جزیرە، لە ڕێی چاکە و ڕاستی لایدا و دەستی بەسەر باری

دیاری و خەڵاتاندا گرت و هەمووی بردن بۆ جزیرە. میر عیززەددینی میری وێ، پێی لەو بەڵێنەی نا کە لەگەڵ پیاوانی خاوەنشکۆ بەستبووی و لەگەڵ ئەو سیابەختە بوو بە هاودەنگ.

ئەمیری بەشانوشکۆی خاوەن دەسەڵات دوو جاری پیاو ناردە لای میر عیززەددین و لێی ڕاسپارد و تێیهەڵپێچا و گوتی شێخەم بۆ بگرەو بۆم بنێرە هەتا لە تاوانی تۆ خۆش بم. ئەگەر وا نەکەی تەواوی قەڵا و ماڵ و سامان و عێل و عاشیرەتی هەرێمی ژێر دەسەڵاتت دەکرێنە پێخوستی سمی یەکسمان و تێدادەچن.

میر عیززەددین پشتی بە قەڵای چڕ و سەخت و ئاوی ڕووبار گەرم بوو، بۆیە هەر گوێی بە هەڕەشەوگوڕەشەی ئەمیر تەیموور نەبزووت و شێخەی بەدەستەوە نەدا. جا بۆیە خاوەنشکۆ ڕۆژی دووشەممۆ سێزدەهەمی جەمادی یەکەم، بار و بارخانەی بەجێهێشت و ئەسپی تاو دا و وێڕای تەواوی لەشکری لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوە و لە جەنگەی شەودا وەسەری گەڕا. پاش ئەوەی خۆر سەری دە سوێیە نا و بەیانی بەربوو، سپای هەمیشە سەرکەوتوو وەکوو بەڵای لەناکاو و دەریای بێسنوور دەورەی جزیرەی دا. ئەوەندەی سەعاتێکی پێنەچوو قەڵا و شار گیران و هەموو خاک و هۆز و عێلاتی بەر فەرمانی کەوتنە بەر شەپۆلی تاڵانوبڕۆ. لەو پەلامارەدا میر عیززەددین کەوتە چنگ چەکدارێکی تەیمووری، بەڵام نەیناسی و پاش سووکایەتی پێکردن و تێهەڵدانی، بە وەرگرتنی شتێکی زۆر دەستی لە کۆڵ کردەوە و بەڕەڵای کرد و بە هەزار کوێرەوەری و چەرمەسەری توانی نیوەگیانێک لەو گەرداوە دەرباز بکا.»

سەبارەت بەو ڕووداوانە خەڵکی جزیرە دەگێڕنەوە و دەڵێن: ئەمیر تەیموور زۆر ڕێزی میر عیززەددینی گرتووە و تەنانەت بەرەوڕووی دانیشتووە و کایەی شەترەنجی لەگەڵ کردووە. دیدار و پێکەوەبوونی وەبەر دڵی ئەمیر تەیموور کەوتووە و هانی داوە هەتا لە هێرشی بۆ سەر شامدا هاوسەفەری بێ، بەڵام

چونکە سوڵتانەکانی شام هەموو ساڵێک پووڵێکی چاکیان بۆ میر عیززەددین بڕیبۆوە، خۆی لەو سەفەرە بوارد و نەچوو بۆ عارەبستان. ئەمیر تەیموور لەسەر ئەوە دڵی لێی ئێشاوە و فەرمانی تاڵانی جزیرەی داوە.

میر عیززەددین خۆی لە نێو عێلی «ئارۆخی»دا حەشار داوە و ژیانێکی یەکجار تاڵ و ناخۆشی ڕابواردووە و بە کەساسی سەری ناوەتەوە.

**میر ئەبداڵ کوڕی میر عیززەددین**

میر ئەبداڵ دوای نەمانی بـاوکـی لـەسەر تەختی دەسەڵاتی جزیرە پاڵی داوەتەوە و بە سەر هۆز و تیرە و خێڵات ڕاگەیشتووە، بەڵام هێندەی پێنەچووە کە خۆی بۆ دواسەفەری ژیانی تێکناوە و تەشریفی بردۆتە دنیای پاشین.

**میر برایم کوڕی میر ئەبداڵ**

دوای ئەوەی باوکی لە خانووی بابردەڵەی ژیانەوە ڕۆیی بۆ سەرسەرای هەرمان، جێگای گرتەوە و لە جزیرە بوو بە میری کورسی‌نشین. ڕۆژگـارێک حکوومەتی کردووە و پاشان مردووە و سێ کوڕی لە دوا بەجێماوە کە بریتین لە: میر شەرەف، میر بەدر و کاک محەممەد.

**میر شەرەف**

سەرەتا میر شەرەف جێی باوکی گرتۆتەوە و پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر دەسەڵاتی‌دا، مەرگ بۆتە میوانی.

**میر بەدر**

دوای نەمانی میر شەرەف، میر بەدری برای بۆتە جێنشینی و ماوەیەکی درێژ حکوومەتی کردووە و سەرەنجام مەرگ بەرۆکی گرتووە و سێ کوڕی لە پاش بەجێماوە: میر شەرەف، میر محەممەد، شاعەلیبەگ.[1]

**کاک محەممەد کوڕی میر برایم**

کاک محەممەد دوای مردنی براکانی بۆتە میرهەرێمی جزیرە. لە زەمانی ویدا حەسەنبەگی ئاققۆینلوو دەسەڵاتی بە سەر ئەو خاکەدا شکاوەتەوە و شەپۆلی خاپوورکرانی لەگەڵ خۆی هێناوە. زۆربەی پیاوماقووڵان و مەزنانی بۆتانی کوژراون. کاک محەممەد لەگەڵ دوو برازاکانی، یانی میر محەممەد و شاعەلیبەگ گیراون و بەرەو عێراق تەتەرپێچ کراون. هەرێمی جزیرە سەرلەبەری کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تورکمانانی ئاققۆینلوو و کابرایەک بەناوی «چەلەبی» لێی کراوەتە دەمڕاست، کە ئێستا تۆرەمەی لە نێو تورکمانان بە چەلەبیلوو ناسراون. چەلەبی چۆن چاکە ئاوا شانی لە پاراستن و بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی جزیرە شل کرد و وای خۆ پێوە ماندوو کرد، کە هەنگاوی لەوە باشتر هەر بە خەیاڵدا نایە. ماوەیەک بە سەر ئەو خاکە ڕاگەیشت، بەڵام میر شەرەفی کوڕی میر بەدر توانی هەرێمی جزیرە لە چنگ ئاققۆینلووان ڕزگار بکا.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

---

١- شەرەفخان زۆر بەکورتی باسی میر بەدر (بەدرۆ) دەکا، کەچی یەکێک بووە لە میرە هەرە ناودارەکانی جزیرەی بۆتان و لە سەردەمی ئەودا میرنشینەکە گەشەی کردووە و هەنگاوی بوێرانەی بۆ سەربەخۆیی ناوە؛ تەنانەت ئەم میرە دراوی بەناوی خۆیەوە لێداوە و خوتبەشی بەناوییەوە خوێندراوەتەوە. ز.س.

**میر شەرەف کوڕی میر بەدر**

ئەو دەمەی کاک محەممەدی مامی و براکانی میر محەممەد و شاعەلیبەگ بە دیل گیرابوون و بە چنگ ئاقڤۆینلووانەوە دەناڵین، میر شەرەف بە ڕاکردوویی لە پەسارێک خۆی شاردبۆوە و ماتەی هەڵگرتبوو، هەتا وا هات کە هەتاوی بەختی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی ئاقڤۆینلوو بەرەو لێواری زەردەپەڕ تلی دا و بەیانەی هاتیان سەری وەبەر شەوی نەهاتیان هێنا و لەمێژە گوتوویانە:

تا یەک نەمرێ بەناکاوی
یەکی دی ناگاتە کاوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەکوو دیارە ڕۆژبەڕۆژ نیشانەی بەختیاری لە نێوچاوانی ئاواتەکانی میر شەرەفدا ئاسۆگی دەدا و دەمبەدەم ئەستێرەی بەختی لەوپەڕی بەرزیدا دەدرەوشایەوە. وای لێهات کە توانی پاشماوەی چەکداری پەرانپەرانی بۆتانی دڵخۆشی بداتەوە و دەستیان بە سەریدا بێنێ و لە دەوری خۆیان هاڵێنێ و تەمای حکوومەتی جزیرە تێبێنێ. پاش سی ساڵ دانیشتن بە لارەملی و دەست لە ئەژنۆی ناهومێدی وەرێنان و چاوەڕوانی دەرفەت مانەوە، وەخۆ هاتەوە. لەناکاو بە ڕێنوێنی و یاریدەی بەختی بڵند و سەرەوخێری، بە تەمای وەدەست هێنانەوەی جڵەوی دەسەڵاتی حکوومەتی باب‌وباپیرانی، لە کەلێنی تەنیایی و دوورەپەرێزی هاتەدەر و پێی نایە ڕکێفی ئەسپی ئاواتی و بەرەو مەیدانی ئازایەتی ئاژاوتی و بە زەبری شیری وەک هەورەبرووسکەی وڵاتی خۆی ڕزگار کرد و بوو بە میری سەربەخۆ. پاش ئەم سەرکەوتنە، کاک محەممەدی مامی و براکانی، یانی شاعەلیبەگ و میر محەممەد، لە بەندی تورکمانان دەرباز بوون و خۆیان گەیاندەوە لای.

پاش ڕاپەڕینی شاسمایلی سەفەوی و گرتنی عێراقی عەرەب و عەجەم و ئازەربایجان و دەرپەڕاندنی تورکمانان، دەستی گەیاندە دیاربەکر و مووسڵ و شەنگال و بە مەبەستی داگیرکردنی جزیرە، لەشکری بەرەو ئەو هەرێمە دەنگ دا. زۆرجاران قزڵباش و میر شەرەف پێکهەڵپڕژان و خوێنیان کەوتە نێوانی، بەڵام هیچ جارێکی دەروەستی میری جزیرە نەهاتن و لـــە شەڕێکیاندا ١٧٠٠ کەسیان کـوژران و گەلێکی دیکەیان بە دیل گیران.

قزڵباش هەر خۆیان هێناوبرد و هەدایان نەدا و جارێکیان خانمحەممەدی ئوستاجلوو کە مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر بوو، لەگەڵ قەراخانی برای بە مەبەستی گرتنی جزیرە هاتنە شەڕی میر شەرەف و ئەم کەڕەتەش سەریان دا لە بەرد و شکان و گەڕانەوە. جاری سێهەم یەکانبەگی تەکەللووی قۆرچیباشی، لە هەمەدانەوە وێڕای چەکدارانی ناودار و پەنجەبەخوێنی بوێری، بە ئامانجی لێدانی میر شەرەف و گرتنی هەرێمی جزیرە هات. میر شەرەف پشتی بە یاریدەی پەروەردگار بەست و ئەم ئایەتەی قورئانی هێنایەوە یادی کە دەفەرموێ: «زۆرجار پۆلێکی کەم، بە پشتیوانیی خودا، بە سەر کۆمەڵێکی زۆردا سەرکەوتوون.»[١] هەر بۆیە دلێرانی شەڕدیدە و شێرانی شەرگەی کۆکردنەوە و بەرەنگاری یەکانبەگ چەقی و لەشکری لە سان دا. پاش بگرەوبەردە و تێکهەڵچوونێکی سەخت و خـوێنـاوی، ئەویشی شکاند و هەیدێی لێ کرد و بە قریوەقریوی سواران و چەپڵەڕێزانی مێرخاسان لە هەرێمی جزیرەی دەرپەڕاند. ئیدی لەو ڕۆژەوە هێزی قزڵباشان نەیتوانیوە بە تیلای چاویش لە خاکی جزیرە بڕوانێ. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بە سەر ئەم ڕووداوانەدا، میر شەرەف لەم دنیا دوو دەرگانەوە بـەرەو دنیـای هـەرمان کۆچوباری لێنا.

١- «کم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله»؛ بەشێک لە ئایەتی ٢٤٩ی سوورەی بەقەرە. و.

**شاعەلیبەگ کوڕی میر بەدربەگ**

پاش نەمانی میر شەرەف، شاعەلیبەگی برای بەپێی پەسندی هۆز و خێڵات و پیاوماقووڵانی بۆتانی بە میری هەرێمی جزیرە داندرا. قەڵا و ناوچەکانی دەوروبەری فنیکی [١] ئەسپاردە دەست میر محەممەدی برای. وا هات جارێکیان مەزن و میرانی کوردستان بۆ دیتنی شاسمایلی سەفەوی پێکەوە چوونە خۆی و تەورێز. شاعەلیبەگیش هەڵخەڵەتا و ئەو سووکایەتی و پەند و مەرەدانەی لەبیر خۆی بردنەوە کە بۆتانی بە سەر قزڵباشانیان هێنابوون و لەگەڵ دوازدە مەزن و میری دیکەی کوردستان ڕۆیی بۆ خزمەت شاسمایل. شاسمایل ئەو کار و کردەوانەی میر شەرەفی لە یاد نەچووبۆوە و بۆی قووت نەدەچوون؛ بۆیە وێڕای تەواوی گەورەگەورە و حوکمڕانانی کوردستان گرتی و زنجیرپێچی کرد. پاش ماوەیەک کە ئەو میرانە هەر یەکەی بە شێوەیەک ئازاد کران، شاعەلیبەگیش توانی لە بەندی قزڵباشان قوتار بێ و گەڕایەوە جزیرە. (١٥)

لە دوای گەڕانەوەی تەماشای کرد هەرێمی جزیرە گیراوە و شاسمایل، ئولاشبەگی برای خانمحەممەدی ئوستاجلووی لەسەر داناوە. شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئولاشبەگ و میری بۆتاندا قەوما و ئولاشبەگ شکستی بە سەر شانیدا هات و دەستی لە حکوومەتی جزیرە هەڵگرت و ڕایکرد. تەواوی قەڵا و ناوچە و مەڵبەندەکانی جزیرە کەوتنەوە دەست شاعەلیبەگ. دوای ئەم ڕووداوە شاعەلیبەگ هات و پەیمانی برایەتیی لەگەڵ میر شەرەفی حوکمڕانی بدلیس

١- قەڵای فەنیک (فەنەک)، بە یۆنانی «پیناکا»یە. قەڵایەکی سەخت و دێرینە و لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆهەمی زایینییەوە پایتەخت و بارگای کوردە بەشنەوییەکان بووە کە بە ئازایی و جوامێری و نانبدەیی بەناوبانگ بوون. «ابن الاثیر» بۆخۆی چۆتە دیدەنی و دیداریان و ستایشی کردوون (الکامل، ١٢/٩، معجم البلدان، ٢٧٨/۴).ز.س.

بەست و پێکەوە سەریان وەبەر دەرگای بارگای سوڵتان سەلیمخان هێنا.[١٦] ئەوسا هانی سوڵتان سەلیمیان دا لـەشکـر بنێرێ و دیاربەکر و ئازەربایجان و ئەرمەنستان بگرێ.

شاعەلیبەگ دوای چەند ساڵێک حکوومەت مردنی لە چارەی نووسرا و چوار کوڕی لە پاش بەجێما: بەدربەگ، ناسربەگ، کاک محەممەد و میر محەممەد. بەدربەگ بوو بە جێگرەوی باوکی. کوڕانی ناسربەگ و کاک محەممەد کە بوونە میری جزیرە، لە دواتردا بەوردی دەچمـەوە سەریان. میر محەممەد کوڕێکی ڕەشید و ئازای لە پاش بەجێماوە و ناوی سولەیمانبەگە و ئێستاش هەر ماوە.

### بەدربەگ کوڕی شاعەلیبەگ

بەدربەگ لە پاش نەمانی باوکی لە پاڵەوپشتی میرایەتی پاڵی دایەوە و هەرێمەکەی بە دادەوانی و هەنگاوی بەخێروبێری ئاوەدان کردەوە و گەشەی پێدا. نیزیکەی حەفتا ساڵێکی بە شێوەی سەربەخۆ حکوومەت کرد. لە سەردەمی پادشایەتی و مەزنایەتیی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەردا، لە سەرەتاوە هەتا ئاخری شانی لە خزمەتی پادشای خوابەخشیو شل کرد و هەر ئەرکێکی ئەسپاردەی کرا بەچاکی ڕایپەڕاند.

لە جەنگەی بزووتنی لەشکر بۆ سەر وان و تەورێز و بەغدا و تێکڕای ناوچەکانی عێراقی عەرەب لە ڕکێفی پادشای هەمیشە سەرکەوتوودا بوو، بەڵام لەبەر دوو کاری دزێو کە لە ڕووی ئازایەتی و پشتبەستن بە خزمەتەکانی کردبوونی، سوڵتان و ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیر دڵیان لێی هەڵگەڕا. یەکیان ئەوە بوو کە لە بارگای پیرۆزدا وەختایەک میران و مەزنان لە دوای هێرش بۆ سەر خاکی عەجەمان دەگەڕانەوە و وێکڕا چووبوونە دەست ماچ کردنی سوڵتان

[سولەیمان]، ئەو مانی گرت و خۆی لەو کارە بوارد و گوتی چۆن دەبێ سوڵتان حوسێن‌بەگی میری ئامێدی وەپێش من کەوێ. ئاوا بە ڕقهەستاوی لە دیوانی میری وەدەرکەوت و بێ‌ئەوەی مالاوایی لە پادشا و وەزیری بخوازێ گەڕایەوە جزیرە.

پێشتر باسی کارە ناحەزەکەی جاری دووەمی کرا و گوتمان وەختایەک زەینەڵبەگی میری هەکاری بە یاریدە و پشتیوانیی ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیر، لە دەرگای بارگای سوڵتان سولەیمانەوە گەڕابۆوە هەتا بچێتەوە و جڵەوی حکوومەت بەدەستەوە بگرێ، کۆمەڵێک چەپەڵ و پیاوکوژی بۆتانیی ناردبوویە سەر ڕێی زەینەڵبەگ و یارانی و بە شیر و نێزە و خەنجەران هەموویان ئەنجنیبوون و ئەویش بە نیوەگیانی بەجێمابوو. وەختایەک ڕۆستەمپاشا ڕووداوەکەی بیستەوە ئەوەندەی دیکەی ڕق لێ هەڵگرت و کە بۆ دووهەم جار بووبەوە مەزنەوەزیر لێبڕا پێی بڕێژێ. بۆ ئەم مەبەستە میر ناسری برای بەدربەگی هەڵخڕاند کە هەستێ و داوای حکوومەتی جزیرە بکا و بەرەو بارگای سوڵتانی عوسمانی وەڕێکەوێ.

ناسربەگ لەسەر فەرمایشتی مەزنەوەزیر بەرەو بارگای سولەیمانی ڕۆیی و بە یاریدەی ڕۆستەمپاشای هاوشانی ئاسەفی [وەزیری حەزرەتی سولەیمان]، فەرمانی حکوومەتی جزیرەی وەرگرت و بەرەومالّ بۆوە. کاتێک گەیشتەوە بەدربەگ لەڕێوە بەرەوپیری ڕۆیی و خۆی گەیاندە سنجار[1] و هەوساری حکوومەتی دایە دەستی. پاش دوو ساڵان بەدربەگ ڕووی کردەوە دەرگای سوڵتان و دوای دابڕینی ناوچەی توور و هەیتم لەو قەڵەمڕەوە، سەرلەنوێ بەدربەگ کرایەوە میری جزیرە و فەرمانی حکوومەتی درایەوە دەستی و ئیتر هەتا ئاخری تەمەنی بە فەرمانی سوڵتانی بەشەوکەت و شان لەو پلەیەدا مایەوە.

---

١- شەنگار، ژەنگار، شەنگال، سەنجار. و.

بەدربەگ بە عالەم ئاشکرا و لە نێو کۆڕ و کۆبوونەواندا بەنگی دەکێشا. وای پێوە گیرۆدە ببوو کە هەموو ڕۆژێ بڕی ٥٠٠ درەمی لە هەوێڵیدا دەسووتا و دەبوو بە چڕەدووکەڵ. لەو ٥٠٠ درەمە بڕی ١٠٠ی هەر وەبەرخۆی دەکەوت و لە بەیانیڕا هەتا شەوێ قرتەی لێ دەبڕی. هەمیشە خەزنەداری خۆی هەڵدەپێچا و تـ.ونـ.دی لێ دەکێشا و دەیگوت دەبێ بە پووڵی حەڵاڵوزەڵاڵ بەنگم بۆ بکڕن و نابێ زێڕی وای پێ بدەن کە بۆنی حەرامی لێ بێ. ئەگەر ئەوەی بەولاوە نێین، تەماشا دەکەین پیاوێکی یەکجار بەئاکار و دیندار بووە و لە ڕێوشوێنی شەریعەت لای نەداوە و چۆن چاکە ئاوا قەدری مەزنەمامۆستایان و زانایانی گرتووە. ئەوەندە خوێندەوار و زانا و شارەزایەی کە لە سەردەمی ویدا لە جزیرە کۆبوونەوە، لە هیچ دەور و زەمانێکدا هێندە نەبوون. بۆ وێنە مەولانا محەممەدی بەرقەلعی (بەرقەڵایی)،[1] مەولانا ئەبووبەکر، مەولانا حەسەن سوورچی، مەولانا سەید عەلی و مەولانا زەینەددین بەبی، کە لە زانستەکانی ئاشکرا و نەهێنیدا مەلّلای زاناکانی زەمانە و شێخانی دەورانە. هەروەها زۆر فرەزانی دیکەش هەبوون کە نووسینەکانیان دەستاودەست ڕۆیشتووە و لە حوجراندا برەوی بووە.

دەڵێن جارێکی مەولانا ئەبووبەکر دڵی لە بەدربەگ ئێشاوە و لێبڕاوە ماڵی بارکا و لە جزیرە بڕوا. لە تاوان بەدربەگ کۆمەڵێک گەورەگەورە و پیاوماقووڵان هەڵدەگرێ و دەچێتە لای مەولانا و دڵداریی دەداتەوە و گەلێک دیاری و خەڵاتی بۆ دەبا و خاوی دەکاتەوە و ناهێڵێ بڕوا.

---

١- مەلا محەممەدی بەرقەڵایی، مەلایەکی ناوداری کوردستان بووە، وەلێ مەخابن زانیارییەکی وەهای لەبارەوە نییە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە فەتوا و نووسینی دژی شیعەگەری هەیە؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رسائل فی الرد علی الرافضة، جمع و تحقیق حمدی عبدالمجید السلفی، مطبعة خبات، دهوک ١٩٩٧، ص٩١. ز.س.

پاش مردنی ناسربەگی برای، سەرلەنوێ ناوچەی توور و هەیتمی بە دەستووری جاران خستەوە سەر قەڵەمڕەوی هەرێمی دەسەڵاتی باب‌وپاپیرانی. زۆر ژیاوە و دوای بڕینی نەوەد ساڵ و نیزیک بوونەوەی لە سەت، خەرفاوە و کاری سەیری کردوون. خۆم لە باوەڕپێکراوانم بیستووە کە جارێکیان کەسێک لە چنگ قەسابی شار وەزاڵە دێ و سکاڵا دەباتە بەر بەدربەگ و دەڵێ سووکایەتیی پێ کردووم. بەدربەگ پێی وا دەبێ هاواری لە چنگ [گازرە] کە پێی دەڵێن «قەسار». بۆیە دەڵێ دا بڕۆن کابرای «قەسار» بێنن و فەلاقەی کەن. کابرا دوای ئەوەی چێ‌وەچ‌زەی دەدەن و لێ دەبنەوە، ڕوو دەکاتە بەدربەگ و دەڵێ قوربان تاوانم چ بوو؟ بەدربەگ دەڵێ قسەی ساردوسووکت لە پارسەنگی ئەو کابرایە ناوە. کابرا دەڵێ میرم ئەوەی وای کردووە «قەساب»ە و من «قەسار»م. بەدربەگ لە وڵامدا فەرموویەتی: قەساب و قەسار هەر یەکن و لە چەند دەنگاندا پێکەوە شەریکن تێهەڵێنانەوەی ئەو هەڵەیەش چی وای تێناچێ.[1]

بەدربەگ وەختایەکی کەوتە شوێن بانگاوازی هەق و بەشی لەم ژیانە بڕا، کوڕێکی لە پاش بەجێما بەناوی میر محەممەد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### میر محەممەد کوڕی بەدربەگ

میر محەممەد لە سەردەمی ژیانی باوکیدا بە سەر کاروباری وڵات ڕاگەیشتووە و لە ماڵ کۆکردنەوەدا کەسێکی چنۆک و بەهەڵپە بووە و قەت چاوی تێر نەبووە. دەڵێن دوازدەهەزار سەر مەڕەزاوی بووە بە بەرخەوە و هەموو ساڵێ ڕسقێکی زۆری لێ چنیونەوە و لە بەروبووی دیکەی خواردوون و داهاتێکی

---

١-ل ٩٥ی بودلیان: «... لە چەند دەنگاندا پێکەوە شەریکن، بۆیە بە هەڵە چوون بە لێوانە و تۆڵەی ئەو هەڵەیەش لە تۆ دەکرێتەوە» و.

چاکی پێ وەسەریەک ناون. سەت هەزار مریشکی بە سەر مەڕدار و ڕەشایی و جووتیاراندا بڕیوە و هێلکانەی بۆ بڕیونەوە و هەموو ساڵێ لێی وەرگرتوون. بەکورتی لە ماڵ کۆکردنەوەدا کەس دەسکی لە دوو نەکردووە و زۆری ماڵی دنیایە خستۆتە سەریەک.

پاش نەمانی بابی بۆتە میری سەربەخۆی جزیرە و پاش تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بە سەر حکوومەتیدا، ساڵی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، وەختایەک قەرا مستەفاپاشا لالای دووەم وەزیر بەپێی فەرمانی سوڵتان مرادخان ڕۆیی بۆ گرتنی هەرێمی گورجستان و شیروان، میر محەممەدیش لەگەڵ سپای هەمیشە سەرکەوتووی ئیسلام پێی نایە ڕکێف. کاتێک لەشکری حەشربەپاکەری سوڵتانی عوسمانی گەیوەتە گورجستان، محەممەدیخانی ناسراو بە تۆقماق، کوڕەزای قازق هەمزەی ئوستاجلووی مەزنی سەرکردەکانی چقورسەعد (چغورسەعد ←چخورسەعد) لەگەڵ ئیمامقولی سوڵتانی قەجەر، مەزنی سەرکردەکانی قەرەباغ و گەنجەی ئاران (ئالان)، وێڕای دەهەزار سواری خوێنڕێژی قزڵباش لە جێگایەک بەناوی چەڵدر، بەرەگەیان لە مستەفاپاشا گرت و شەڕیان لە نێوانیدا قەوما.

لەشکری ئیسلام کە لە ژمارەی ئەستێرانی تێپەڕاندبوو، لەو ڕۆژەدا دەرویشپاشای بەگلەربەگی دیاربەکری بۆ کرابوویە پێشەنگ. شەڕەکەی چەڵدر لای تاوپەڕین لە داوێنی چیایەک ڕوو دەدا. پاڵەوانانی کورد ئەوەندە هێزەیان بە هیچ دانا و لە ڕووی ئازایەتی و بە هەوای فیز و دەمارەوە بەگژیاندا چوون، گوێیان نەدایە فێڵوفرتی زەمان و مانگ و ساڵان و هرووژمیان کردنە سەری.

ئەگەر شێریش بی نەیارەکەی خۆت بە کەم دامەنێ
نەکوو شێرگر بێ، پارێزێ بکە و زۆر خۆ ڕامەنێ

بنکەی ژین www.zheen.org

بە خۆت مەنازە و قەت مەڵێ هیچ کەس دەروەستم نایە
مەزنیش بێ دنیا باڵادەستی تۆی گەلێ تێدایە
مەڵێ سەرپەنجەم ئاسن و پۆڵایە چا دارژاوە
لای ئاسنگەران ئەم هاتوهووتە خەیاڵی خاوە

تەنیا دووسێ هەزار قزڵباش وەکوو پێشەنگی لەشکر هاتن و خۆیان بە لەشکری ڕۆم نیشان دا. دلێرانی لەشەڕزان و شێرانی شەڕانی، خۆیان لە جێحەشاری چیادا مەڵاس دابوو. کاتێک ئەو برە چەکدارە بێشکۆیە کەوتنە بەرچاوی قۆشەنی چڕوپڕی عوسمانی، کوردانی بەجەرگ و بوێر چەشنی شێر نەهرەتەیان کێشا و هەڵیانکردە سەر کۆمەڵی پەرێشانی قزڵباشان. ئەوەندە هێزەی کە وەکوو کۆئەستێرەی کۆ لێکهاڵابوون، کردیانن بە ئەستێرەی حەوتەوانان و هەر یەکەی بۆ گۆشەیەکیان حەوا دان؛ بەڵام لەناکاو نیزیکەی شەش‌هەزار سواری نێزەوەشێنی سەرپشتی حدوود و عەدالان، لە دووملانەی چیاوە وەکوو لافاو سەرەوخوار بوون و لەگوێن هەژدیهای هارووژاو پڕیشکاندیان و بە کۆمەڵ خۆیان بە لەشکری پرش‌وبڵاوی کورداندا کێشا و هاواری بگرەوبەردە و دەنگی سێتەپڵە و کەڵەشاخیان گەیشتە پەرپەرۆچکەی ئاسمان. لەبەر حیلە و پرمەوهۆڕی خۆشاژۆیان، شەڕگە وەکوو مەیدانی مەحشەری لێ بەسەرهات. پێدەشت و بێروون بە خوێنی پاڵەوانان چەشنی ئاسۆی زەردەپەڕ سوورهەڵگەڕا و بەیانەی بەختی خواروژوور لەو گێژاوە سامناکەدا وەسەر شەو گەڕا.

ڕمبەی سمی ئەسپانە کە مەیدان دەهەژێنێ
ماسی دەتەزێنێ و لە سەما مانگ دەلەرێنێ

تیر چەشنی دەماری دەمی گرژی دەنوێنێ
شووخاڵی هەیە و تێدەپەڕێ و دەم دەچەقێنێ
خوێن فیچقە دەکا و دێت و کڵاوان دەبەزێنێ
پەڕ چەشنی گوڵاڵەی لە سەران خۆی دەشەکێنێ
ئەو تەورە کە وا یەک دەکوژێ و سەر دەپەڕێنێ
لێوی وەکوو پۆپەی کەڵەشێر سوورە بە خوێنێ

بەکورتی، میر محەممەد، سارووخانبەگی حوکمداری حەزۆ، دوومانبەگی زەرقی و میر محەممەدی فنیکی لەو هەرایەدا کوژران. سەرەنجام لەشکری قزڵباشان بەزی و سێچوارهەزار کەسی هەردک لایان تێداچوون. میر محەممەد لە جەنگەی کوژرانیدا بڕی دووسەت هەزار زێڕی سووری لە سکەدراوی عوسمانی و بار و بارخانەیەک کووتاڵی هەرە چاکی نەخشین و کەلوپەلی جوان و ڕەنگینی لە خەزنەیدا بوو. چوار کچ و کوڕێکی پێنج ساڵەی بەناوی سوڵتان محەممەد لە پاش بەجێما و هیچ میراتگرێکی دیکەی نەبوو. لەو ڕۆژگارەدا هیچکام لە میرانی کوردستان هێندە دەوڵەمەند نەبوون.

### سوڵتان محەممەد کوڕی میر محەممەد

سوڵتان محەممەد لە داوێنی کیژی مەلیک محەممەدی کوڕی مەلیک خەلیلی حوکمداری حەسەنکێف بەربۆوە. هەر بە منداڵی باوکی نەما و لە کوردستان وا باوە ئەگەر یەکێک کوڕێکی ورد و کەمتەمەنی لە پاش بەجێ بمێنێ، ناوی باوکی دەخەنە سەری. وێشدەچێ چونکە سەرناوی سوڵتان کەوتۆتە پێش ناوی، هێندەیان گوێ پێ نەدابێ و گوتوویانە با محەممەد بێ؛ ئەوەش هەر خودا بۆخۆی دەزانێ. هەر چۆنێک بووبێ، وەکوو دیارە دایکی محەممەد کە ژنێکی ئاقڵمەند

بووه و ماڵ و میراتێکی زۆری لە مێردەکەی بۆ بەجێماوه، خێرایەکی پێداهاتووه و بە بەخشینەوەی ماڵ و سامانی دڵی خزمان و مەزنان و ئاغاوەتی بۆتانیی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوه و زۆر چاک لەگەڵ خەڵک حاواوەتەوه و کاروباری بە ڕێکوپێکی بەڕێوه بردووون. پاشان دوو کچی داون بە میر ناسر و شەرەفبەگی کوڕانی خانئەبداڵ و ڕاپەڕاندنی ورد و درشتی کاری هەرێمەکەی خستۆتە ئەستۆیان. لە ڕاستیدا بە چەشنێک داوێنی لە پاراستن و ڕاگرتن و پێڕاگەیشتنی جزیره هەڵکرد، کە هیچکەس وای بۆ نەدەکرا.

لە دەرفەتێکدا کوڕەکەی خۆی هەڵگرت و بردی بۆ ئیستانبووڵ و سەری بردە بە سێبەری دەرگای سوڵتان مرادخان و دیاری و خەڵاتێکی زۆر و بەقیمەتگرانیشی بە سەر پلەبەرزان و مەزنەپیاوانی بارگای خاوەنشکۆدا دابەش کرد و توانی ئاوپرپیشکێنی دڵی هەموو لایەک بکا. سوڵتانی عوسمانیش بەسەری کردەوه و خەڵاتی یەکجار چاکی بە باربوو دایە و فەرمانی میرایەتیی جزیرەی بۆ نوێ کردەوه و ئیزنی گەڕانەوەی دا.

بنكەی ژین
www.zheen.org

دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بە سەر حکوومەتی سوڵتان محەممەددا، دایکی سایەچەور و دەست بەخێروبێری نەمانی لە چارەی نووسرا. ئەویش پاش چەند ڕۆژێک نەخۆش کەوت و ساڵی ٩٩١ی ک/١٥٨٣ی ز، مەلی گیانی پیرۆزەهێلانەی لە ڕکەی لەشییەوه فڕی و ڕۆیی و لەسەر چلووکی داری تووبای بەهەشت هەڵنیشت. وەک دەڵێن میراتگرانی دەسەڵات و دوژمنانی ژاریان بۆ کردۆتە خۆراکی و بەو دەردە کوشتوویانە. لێرەوه بەرەبابی بەدربەگ دەبڕێتەوه و دادەکووژێ.

### ناسربەگ کوڕی شاعەلیبەگ

لە زەمانی پادشایەتیی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر و لە سەردەمی وەزیرایەتیی ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیردا، دەروێش مەحموودی کەڵەچێری لە ڕیزی مەزن و

ماقوولانی کۆڕ و کۆبوونەوەی سولتانیدا خۆی دیبۆوە و ڕۆستەمپاشا، کە وەکوو ئاسەفی کوڕی بەرخیا وابوو، بە ڕاوێژکاری خۆی دانابوو. ئەم دەروێش مەحموودە بە ڕەسەن لە عەشیرەتی ڕۆژەکییە و لە شێوازی هۆنینەوەی شێعر و دارشتنی پەخشاندا، یەکێکە لە قوتابییانی مەلا ئیدریس[ی بدلیسی]. ماوەیەک بۆتە قەڵەمداری دیوەخانی شەرەفبەگی میری بدلیس و لە پاش کوژرانی شەرەفبەگ پەرەوازەی خاکی ڕۆم بووە. لەوێ بۆتە مامۆستای [مێهریماەسولتان]ی کچی سوڵتان سولەیمانخان، کە ژنی ڕۆستەمپاشا بووە. وردەوردە وای هەڵداوە کە زۆربەی میرانی کوردستان بۆ پرسوڕا ڕوویان تێکردووە؛ هەر بۆیە ڕۆستەمپاشا ئاوا بەوردی لە بارودۆخی کوردستانی زانیوە و میرەکانی گۆڕیون و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی لەوێ بەدی هێناوە. جا بۆیە سەردەقی ئەم قسانەم ئاوا داگیرساند هەتا وەبیری بێنمەوە کە پێشتر باسم کردبوو ڕۆستەمپاشا چۆنی دنەی ناسربەگ دابوو تا لەگەڵ برای خۆی بکەوێتە کەڵەوکێشی و خوازیاری وەرگرتنی فەرمانی حکوومەتی جزیرە بێ. ئەویش بەپێی چاوهەڵتەکاندنی مەزنەوەزیر خۆی داوێتە بەر نوای بارگای فریشتەلانی سولەیمانی و دەکرێتە میری جزیرە. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بە سەر دەسەڵاتیدا، بەدربەگیش بەرەو دەرگای سوڵتان مل دەنێ و دەیکەنەوە میر، بەڵام ناوچەی توور و هەیتم دادەبڕێ و ناسربەگ لەوێ دەکاتە میرناوچە. هێندەی پێ ناچێ ناسربەگ دەمرێ و بەدربەگ سەرلەنوێ توور و هەیتم دەخاتەوە سەر جزیرە. ئەوەی ڕاستی بێ، تاقمێک لە پیرەپیاوان لایان وایە دەستاودەست کردنی دەسەڵات و گۆڕینی میرانی کوردستان، هەمووی دەگەڕێتەوە سەر چازانینی دەروێش مەحموودی کەڵەچێری.

بەکورتی و پوختی، پاش مردنی ناسربەگ، خانئەبداڵی کوڕی بۆ وەرگرتنەوەی حکوومەتی توور و هەیتم هەڵسوون دێنێتەوە و لە زەمانی سوڵتان سەلیمخان و مەزنەوەزیرایەتیی محەممەدپاشادا، بەرەو دەرانەی فەرمانڕەوایەتی دەبزوێ و

بنکەی ژین www.zhean.org

ئەوەی ڕاستی بێ دێوی بەرزەدەماغی دەچێتە کڵێشەی و هەوای حکوومەتی جزیرەی دەکەوێتە کۆشکەڵی مێشکی و هەوڵی بۆ دەدا. محەممەدپاشای مەزنەوەزیر، لەبەر دۆستایەتیی بەدربەگ و سەقامگیربوونی ڕەوتی کاروباران و خۆشەویستیی میرانی بەرزەجێ، دەکەوێتە سەر باری ئێشاندن و سووکایەتی پێکردنی خانئەبداڵ و لێ‌دەبڕێ بیگرێ و لە زیندانی پەستێوێ و چاکی بتەزێنێ. بۆ ئەم مەبەستە حەمەداغای چاووش‌باشی لەگەڵ پۆلەچەکدارێک ڕادەسپێرێ و دەیاننێرێ بچن و خانئەبداڵ هەتا بارگای بەرزی میری گیر نەکەن. وا دەبێ ئەو ڕۆژە خانئەبداڵ لەگەڵ دەستەیەک میرزادەی بۆتانی و چەند پیاوێکی خۆی لە مزگەوتی گەورەی ئەدرنە خەریکی بەجێ‌هێنانی نوێژی ئێوارە دەبێ. پاش ئەوەی سڵاوی نوێژ دەدرێتەوە چاووش‌باشی و چەکدارانی دەچنە پێشی و دەڵێن لە بارگای سوڵتانەوە بە دوویاندا ناردووی. ئەم بە دواداچوونە وەکوو نیشانەیەکی باش نایەتە بەرچاو و لە بردن و کوشتنی دەترسێن؛ بۆیە پیاوێکی کورد بەناوی شێخەی شێخان و لە هاوڕێکێفانی خانئەبداڵ هەڵدەکوتێتە سەر چاووش‌باشی و لە پشتەوەڕا خەنجەرێکی دادێنێتە نێوشانی و لە سینەی سەر دەکا. وەختایەک چەکدارەکانی ئەوەی دەبینن زریکە دەکەن و بازرە دەبن و خۆیان دەگەیەننەوە لای مەزنەوەزیر و حاڵ و ڕۆژەکەی بۆ دەگێڕنەوە.

خانئەبداڵ و هاوڕێیانی بەم ڕووداوە سەریان لێ دەشێوێ و هەر یەکەی لە پەنایەک خۆی دەشارێتەوە و چەندێکیان بەرەو دەری شاری ئەدرنە دەتەقن و دەڕەون. جەماوەری شار بەپێی فەرمانی سوڵتان و وەزیر خۆیان لە گرتنی خانئەبداڵ و یارانی خۆش دەکەن و شوێنگێڕ بە کۆڵان و گەڕەکان وەردەبن و جاڕ دەکێشن و کەلێن و قوژبنان دەپشکنن. هێندەی پێ ناچێ کە خانئەبداڵ و زۆربەی پیاوەکانی دەگیرێن و دەیانبەنە دیوانی دەسەڵات و سوڵتان جێ‌بەجێ دەڵێ هەموویان بکووژن و سەت کەسی دیار و ماقووڵی بۆتانی سەریان تێدا دەچێ و

دەکووژرێن. دەمڕاست و کاربەدەستانی خەزنەخانەی ئیسلامی دارونەداریان گەسک لێدا و بردیان بۆ خەزێنەی لیپاولیپی [سوڵتان].

خانئەبداڵ حەوت کوڕی ئاکارپاکی لە پاش بەجێماوە کە بریتین لە: ١-میر ناسر ٢- میر شەرەف ٣- میر محەممەد ٤-شاعەلی ٥-میر سەیفەددین ٦-میر عیززەددین ٧- میر ئەبداڵ.

میر ناسری کوڕی خانئەبداڵ لەبری سوڵتان محەممەدی میری جزیرە وێڕای لەشکری عوسمانی چووبوویە شەڕی ڕەوان (ئێرەوان). لە جەنگەی گەڕانەوەدا، کاتێک گەیشتنەوە دەورەی قەڵای قارس، فەرهادپاشای وەزیر و سپاسالار بە هەواڵی مردنی سوڵتان محەممەدی زانی. ئەم سەرداره باڵادەستە، وای بە بیری پڕ چاکە و خێریدا هات تاکوو جڵەوی دەسەڵاتی جزیرە بداتە دەست یەکێک لەو میراتگرانەی چووبوونە یاریدەی لەشکری سەرکەوتووی سوڵتانی. پیاوماقووڵانی بۆتانی لەسەر حکوومەتی میر ناسر ساغ ببوونەوە و وێکڕا هاتنە لای منی بەلەنگازی نووسەری ئەم ڕووپەڕانە و ڕوویان لێنام هەتا بەو سپاسالارە بڵێم ئەو کۆمەڵە وایان پێ باشە ناسربەگ بە میری جزیرە دابندرێ. پێم ڕاگەیاند و ئەویش سەلماندی، بەڵام میر عەزیزی کوڕی کاک محەممەد بەدزی باڵی چاووش دەکاتە کەیخودا و ڕای دەسپێرێ و دەڵێ سوڵتان محەممەد سەتهەزار سکەی سوڵتانی و نێومالّ و کەلوپەلێکی لە ڕادەبەدەری لە پاش بەجێماوە و دوو خوشک نەبێ میراتگری دیکەی نییە؛ لە لایەکی دیکەشەوە خۆ من لە میر ناسر نیزیکترم تاکوو جێی بگرمەوە؛ ئەگەر فەرمانی میرایەتیی جزیرە بۆ من بنووسرێ، بڕی سەتهەزار فلۆریی سوڵتانیی لە ماڵی سوڵتان محەممەد و دوازدەهەزار فلۆریی دیکەش لە کیسەی خۆمی دەخەمە سەری و دەیدەمە خەزنەخانەی سوڵتانی.

سەرکردەی لێوەشاوە ئەم پێشنیارەی بە سەرکەوتنێکی گەورە دانا. بۆ سبەینێ کە دەبوو میر ناسر بچێتە دەستڕامووسانی، میر عەزیزیشیان لەگەڵ بانگ کردە

دیوان. سەردار ڕووی کردە مەزن و ماقووڵانی بۆتانی و پرسی لە میر ناسر و میر عەزیز کامەیان بە خزمایەتی لە سوڵتان محەممەدی کۆچکردوو نیزیکترە؟ وڵامیان داوە و گوتیان دیارە میر عەزیز! سەردار فەرمووی کەوایە بەپێی میراتگری بێ، میر عەزیز دەبێ ببێتە میری جزیرە و هیچ کەلێن و کەلەبەرێکی تێدا نییە و کارێکی بەجێیە. کەیخودایان و گەورەپیاوانی جزیرە وەجواب هاتن و فەرموویان ئەگەرچی میر عەزیز لە سوڵتان محەممەد نیزیکترە و بەگوێرەی میراتگری بێ دەبێ ئەو میر بێ، بەڵام تەواوی هۆز و خێڵات و مەزن و ماقووڵان خوازیاری ئەوەن کە میر ناسر دەسـەڵات بەدەستەوە بگرێ و بۆ پاراستن و ڕاگرتنی هەرێمەکە لە میرانی پێش خۆشی چاکترە. سەردار گوتی ئەگەرچی ئێوە ڕاست دەکەن، بەڵام من میر عەزیز دەکەم بە میر. یەکێک لە مەزنانی بۆتانی هاتە نیو قسان و گوتی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر وای بڕیار داوە کە هەر کەس عێل و عاشیرەتی پێی ڕازی بن، خۆیان هەقیانە بیکەنە میر و ئێمەش بە حکوومەتی میر عەزیز ڕازی نین و میر ناسرمان دەوێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

فەرهادپاشای سەردار بەو قسانە گڕی گرت و هەرای کرد دا با جەللاد بێ و هەر ئەو ڕۆژە کە پێنجشەممۆ ٢٩ی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ٩٩١ی ک/١٥٨٣ی زایینی بوو، لە پێش خێوەتی دیوان سەری میر ناسریان پەڕاند. دوای کوژرانی میر ناسر بوو بە شین و گریان و ڕۆڕۆیەک مەگین خودا بزانێ. سێڵاوی فرمێسکی پیر و لاو لەتاوی بێتاوانیی میر ناسر وڵاتی داگرت و چاوی خوێنباری گەورە و گچکە، نیگای بەرچاوڕوونانی بە مۆلەق وەستاند.

کاتێ کۆسپی وا هاتە مەیدانێ　　چەرخی گەردوونی هێنا جۆلانێ
بەم پەژارەیە گیان و دڵ تاوان　　بوونە خوێناو و بارین لە چاوان

پاش ئەم ڕووداوە، فەرمانی حکوومەتی جزیرەی بۆ میر عەزیز نووسی و خەڵاتی شاهانەی کردە باربووی و کەوڵی شانازیی خستە سەر شانی. بالی چاووشی ڕەگەڵ خست و ناردی هەتا جڵەوی کاروباری جزیرە بەدەستەوە بگرێ. میر شەرەف و براکانی و یارانی لە ناوچەی تەنزی تەریک کەوتنەوە و ئەگەر پەروەردگاری گەورەی هێژا باڵم بگرێ، بەم زووانە قەڵەمی کەچوکرووچم لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوانیش وەخۆ دەکەوێ.

**میر عەزیز کوڕی کاک محەممەد**

پاش ئەوەی کە میر عەزیز بە پاڵپشتی و یاریدەی فەرهادپاشای وەزیر هەوساری حکوومەتی جزیرەی کەوتە چنگی، هێشتا پتر لە ساڵێک و چوار مانگی بە سەر دەسەڵاتی‌دا تێنەپەڕیبوو کە عوسمانپاشای مەزنەوەزیر لەسەر کاری لابرد و میر محەممەدی کوڕی خانئەبداڵی لە جێی دانا. میر عەزیز پاش لێخرانی لە جەنگەی چوونی هێزە هەمیشە سەرکەوتووەکانی ئیسلام‌دا بۆ سەر تەورێز، شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێی ئەسپێردرابوون. پاشان ماڵی لە جزیرەوە ڕاگوێست و ڕووی کردە شەنگال و لەوێ بنەی داکوتا. دوای ئەوەی عوسمانپاشا لە تەورێز کۆچی‌دوایی کرد و سەرلەنوێ فەرهادپاشا بۆوە سەردار و بەرەو خاکی عەجەم بزووت، میر عەزیز لە ئەرزەڕۆم خۆی گەیاندە خزمەتی. لەوێ فەرهادپاشا بۆی دانا بەو مەرجە دەیکاتەوە میری جزیرە کە سی گوندی کافران (فەلەکان) ی خاکی جزیرە بخاتە سەر مڵکوماشی تایبەتی سوڵتان و ساڵانەش بڕی شێست هەزار فلۆری لە داهاتی ئەو گوندانە بنێرێ بۆ خەزێنەی دارماڵی سوڵتانی. لەسەر ئەم قەراروبڕییە حکوومەتی جزیرەی پێ بەخشرایەوە.

کاتێک میر محەممەد بەم هەواڵەی زانی، ملی ڕێی بارگای سوڵتانی داگرت. پاش ئەوەی کاروباری گرینگی وەزارەت کەوتە دەستی لێوەشاوەی سنانپاشا، میر

عەزیز کەوتە تکا و پاڕانەوە و گوتی وا باشە بۆ ئەوەی هەرا و ئاژاوە ساز نەبێ، میر محەممەد بەڕێ بکرێتە لای ڕۆمئیلی و داواکەی جێبەجێ کرا. میر شەرەف و برایانی کە لەسەر خاکی تەنزی دانیشتبوون و پێی بەرێدەچوون، میر عەزیز گوتی ئەوێ بۆ حاجیبەگی کوڕم باشە پێی ڕابگا و مەزنی بێ. واش لێبڕابوو کە پێدابێ و توخم و تۆرەمەی خانئەبداڵ بەجارێکی ببڕێتەوە و خاشەیان بکێشێ. ئیتر بەبێ بەرگر و لەمپەر لەوپەڕی تێری و تەسەلی و دەستوباڵ کراوەییدا دەسەلاتی جزیرەی بەچنگەوە گرت و کەسی لەگەڵ خۆی نەکردە شەریک و برابەش.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک لەسەر ئەم پێوشوێنە، میر شەرەفی کوڕی خانئەبداڵ لەگەڵ هەرسێک براکەی دیکەی، یـانی میر عیززەددین و میر سەیفەددین و میر ئەبداڵ، کە هەرکام نەمامێک بوون لە باغ و باغاتی میریدا پێگەیبوون و وەک دارەسەولی دارستانی حکوومەت سەریان هەتا تەشقی ئاسمان تێهەڵچووبوو، خۆی نواند. ئـەم کوڕانە کە عێل و عاشیرەت ببوونە تامەزرۆی دیمەن و بەژن و بالایان و دڵێک نا سەت دڵ ئاشقی ئاکاری لەباریان ببوون، خۆیان لە شەڕی میر عەزیز خۆش کرد و بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تۆڵەی خوێنی میر ناسری برایان، هەڵیانکوتایە سەر پیاوەکانی و هەموو هەرێمی جزیرەیان لە چنگ دەرهێنا و میر عەزیز جگە لە شار و قەلا جێیەکی دیکەی بەچنگەوە نەما.

میر عەزیز کە دیتی چاری نەماوە و تەنگی پێ هەڵچندراوە، ڕاگرتـن و پـاراستنی شار و قەلای ئەسپاردە حاجیبەگی کوڕی و «میر هاوەند»ی برازای و بە ئامانجی تۆڵە ئەستاندنەوە لە کوڕانی خانئەبداڵ ڕووی کردە دەرگا و دەروازەی جیهانپەنای سوڵتانی. میر شەرەف و براکانی تەواوی ناوچە و مەڵبەند و گوندەکانی دەوروبەری جزیرەیان گرت و زۆربەی عێلاتی بۆتانی لێی هالان و دەسباریان لەگەڵ گرت و هاتن و مەچەکەیان لە قەلایە ئەنگاوت. پاش تێپەڕبوونی

چل ڕۆژ بە سەر قۆناخی گەمارۆدا و پەیـدا نەبوونەوەی سـەروسۆراغی میر عەزیز و نەهێنانی هێزی یاریدەر و پشتیوان، قەڵانشینان کەوتنە سەر باری تەنگەتاوی. وا هات ڕاست لەو دەمەدا حاجی‌بەگ کە بۆ یارمەتی خواستن چووبوویە لای برایم‌پاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر، مەرگ بەرۆکی گرت. میر هاوەند وێڕای چەند کەسێک ژن‌ومنداڵی میر عەزیزی لە قەڵایەدا بەجێهێشت و لە جەنگەی نیوەشەودا دەروازەی قەڵای ترازاند و سووکێکی فیزماڵکی دایە و ڕۆیی. میر سەیفەددینی برای میر شەرەف بەو دەرچوونەی زانی و ڕێی لێ تەنی و شەڕیان لە نێوانی‌دا قەوما، بەڵام میر هاوەند توانی زەبری خۆی بوەشێنێ و میر سەیفەددین لە خوێن بگەوزێنێ و گیانی لێ بستێنێ و بە سلامەتی لەو گێژاوە بۆی قوتار بێ. لە لایەکی دیکەوە میر شەرەف و میر عیززەددین لە قەڵای جزیرە وەژوور کەوتن و دەستیان لە ماڵ و سامانی میر عەزیز نەپاراست و بە تاڵانیان برد و خاوخێزانی بە دیل گیران و درانە چنگ کوردان. کەنیزانی بەزمگێڕی بن پێ نەماویان لە نێوخۆیان‌دا بەش کردن و تێیان‌ڕستن. لەو هەرایەدا کوڕێکی زۆر منداڵی میر عەزیزیش سەری تێداچوو.

بنکەی ژین www.zheen.org

کاتێک ئەو هەواڵە تەنییەوە و گەیشتە دەرانەی سوڵتان و بە گوێی خاوەن‌شکۆ ئاشنا کرا، فەرمانی دا بە حوسێن‌پاشای مەزنی سەرکردەکانی مووسڵ هەتا لەگەڵ میر عەزیز بڕوا و تەواوی میرانی کوردستانیش بچەنە هـانای و دەورەی جزیرە بدەن و هەرێمەکە لە چنگ شەڕەنگێزان دەرکێشنەوە و بیدەنەوە دەست میر عەزیز. ئەوسا خۆیان لە میر شەرەف و بـراکـانـی خۆش کەن و دەسـەڵاتـی زۆرەملانەیان لێ بستێننەوە و ئاکاری نالەبار تێبێننەوە و بە ڕبەی خۆیان بۆیان بپێونەوە و پەندێکی وایان بە سەر بێنن هەتا تەواوی سەربزێوان پێی چاوترسێن بن.

حوسێن‌پاشا فەرمانی سوڵتانی نایە بان چاوی و لەگەڵ محەممەدبەگی حوکمداری حەزۆ و لـەشکـری مووسڵ هێرشی دەست پێکرد و زستانی ساڵی

٩٩٩ی ک/١٥٩٠ی ز، بەرەو جزیرە بزووت. کاتێک میر شەرەف و براکانی بەو پەلامارەیان زانی، شار و قەڵایان چۆل کرد و چوون بۆ لای تەنزی و لەوێش گیـر نـەبـوون و ماڵ‌ومنداڵیان هەڵگرت و بەرەو مۆکس و خیزان تێیانتەقاند. حوسێن‌پاشا، میر عەزیزی بردەوە نێو قەڵای جزیرە و خۆی گەڕایەوە. پاش گەڕانەوەی حوسێن‌پاشا، میر شەرەف و براکانی و زۆربەی مەزنانی بۆتانی داوەرووکانەوە و قەڵایان گەمارۆ دایەوە. میر عەزیز خۆی لەبەر گوڕمی ئەو هێزانە پێ ڕانەگیرا و زانی بەرگە ناگرێ و دەستی لە شار و قەڵا هەڵگرت و وێڕای میر هاوەندی برازای ڕێی ڕاکردنی وەبەر دا. میر شەرەف کەوتە سەری و لە جەنگەی شوێن لە دووگێڕانی‌دا میر هاوەند وەبەرهات و بە دەست میر شەرەف کوژرا. دوای چەند ڕۆژێک کەلاکی میر عەزیزیان لە پێدەشت و چۆلەوارێک دۆزییەوە.

گەردوونی چەپگەرد چا خۆ دەنوێنێ
هەر بـاڵا بـکەی ڕیشـەت دەردێنـێ
دنیای دوودەریی ژێر گومبەزی شین
چاوەش لێی دەرچێ، دێ شینگێڕی شین

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر محەممەد کوڕی خان‌ئەبداڵ**

وەکوو باسی کرا ساڵی ٩٩١ی ک/١٥٨٣ی ز، فەرهادپاشای مەزنەوەزیر میر ناسری برای میر محەممەدی کوشت و دەسەڵاتی جزیرەی دایە میر عەزیز و بالی چاووشی نارد کە بچێ و ماڵ و سامانی سوڵتان محەممەد بەسەر بکاتەوە و دەستی بە سەردا بگرێ. میر محەممەد خێزان و منداڵەکانی برای کوژراوی خۆی هەڵگرت و بە مەبەستی دادخوازی بردنی بۆ بارگای هێندەی ئاسمان بەرزی سوڵتانی. ڕاست لەو دەمەدا فەرهادپاشا لەبەر هێندێک کەمتەرخەمی و هەنگاوی

نابەجێ سەرکرایەتیی هێرشی سەر خاکی عەجەمانی لێ وەرگیرایەوە و عوسمانپاشای لە جێی داندرا و ئەویش لەڕێوە میر عەزیزی لابرد و میر محەممەدی کردە میری جزیرە. دوای مردنی عوسمانپاشا لە تەورێز، سەرلەنوێ فەرهادپاشا چۆوە سەر دۆخی جارانی و سەرکردایەتیی لەشکری سەر خاکی عەجەمانی کەوتەوە ئەستۆی. میر عەزیز هەلەکەی قۆزتەوە و لە ئەرزەڕۆم خۆی گەیاندە خزمەت فەرهادپاشا و بەو مەرجەی سی گوندی فەلان لە هەرێمی جزیرە بخاتە سەر ملک و ماشی تایبەتی سوڵتانی و هەموو ساڵێ بڕی شێستهەزار فلۆری لە داهاتی ئەو ملکانە بنێرێ بۆ خەزنەخانەی لیپاولیپی سوڵتان، حکوومەتی جزیرەی پێ بەخشرایەوە. میر محەممەدی لێخراو بەرەو دەرگای خاقانی خـاوەنشـکۆ ڕۆیی و لەوێی خۆ دیتەوە. فەرهادپاشا بەپێی ڕێوشوێنێکی گەلاڵەکراو میر محەممەدی حەوادایـە ناوچەیەکی بێ مەزن و میر و ئەرکێکی خستە ئەستۆی کە تاکوو ماوە پێوەی خەریک بێ.

میر شەرەف و براکانی لە پەلاماری سەر گورجستاندا، چووبوونە ژێر ڕکێفی سەرداری هەمیشە سەرکەوتووی نەبەزیو و پاش گەڕانەوە لەو خەزایەی کافران، میر شەرەف و براکانی ڕۆیشتن بۆ ناوچەی تەنزی و بە دوورەپەرێزی ماتەیان هەڵگرت. میر عەزیز لەوێش دەستی لە کۆڵ نەکردنەوە و مەزنایەتیی ناوچەکەی بۆ حاجیبەگی کوڕی وەرگرت و لە دیوانی سوڵتانی عوسمانیڕا فەرمانی بۆ مۆر کرا. کاتێک میر عەزیز لە جزیرە بنەی داکوتا، لێبڕا خاشەی بەرەبابی خانئەبداڵ بکێشێ، بەڵام تەگبیرەکەی نەیگرت و چارەنووس بەرێکی دیکەی هێنا. وەکوو باسی کرا و ڕوون بۆوە، میر عەزیز و حاجیبەگی کوڕی و میر هاوەندی برازای و تەواوی پاشەواری نێر و مێیان تێداچوون و دوابڕاو بوون. پاش ئەم ڕووداوانە میر شەرەف لەبەر پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی بوو بە پێشەنگ و هەوساری کاروباری بەدەستەوە گرت و براکانی ڕاسپاردن هەتا بە ناوچە و قەڵاکانی

www.zheen.org

هەرێمەکەدا بێن و هەموویان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. کاتێک ئەم دەنگوباسانە گەیشتنە ئاستانەی بەختەلانی سوڵتانی و مەزنان و پایەبەرزان پێیان زانی، بەپەلە پیاویان ناردە «بوسنە» و میر محەممەدیان لەوێوە هێنایەوە ئیسلامبووڵی پایتەخت و لەسەر داوای برایمپاشای وەزیر کردیانە میری جزیرە. محەممەدپاشای بوسنەوی کە مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر بوو لەگەڵ مەزنانی کوردستان ڕاسپێردران بڕۆن و میر محەممەد لە جزیرە دامەزرێنن و ئەو برایانە لەوێ دەرپەڕێنن. کاتێک هەواڵەکە بڵاو بۆوە، میر شەرەف بەبێ شەڕ و کێشە قەڵا و هەرێمەکەی بۆ میر محەممەدی برای چۆڵ کرد و ڕۆیشتەوە بۆ تەنزی و لەوێ بنەی داگرت.

دوای چەند ڕۆژان کەیخودا و پیاوماقووڵانی بۆتانی کەوتنە نێوبژیوانی و میر شەرەفیان بردە جزیرە و براکان چاویان بە یەکتر کەوت و پێکەوە ئاشت بوونەوە. ناوچەی «شاخ» و چەند گوند و مەڵبەندێکی دیکە، کە نیزیکەی نیوەی خاکی هەرێمی جزیرە دەبوو، دایە دەست میر شەرەف و براکانی دیکەی و گوتی با لەگەڵ پیاوەکانی خۆیان پێی ڕابگەن. میر محەممەد شاری جزیرە و چەند ناوچەیەکی دیکەی بۆخۆی دانا و وا بڕیار درا بڕی ئەو سەتوپەنجاهەزار فلۆرییەش کە دەبێ وەکوو دیاری بگاتە دەست سوڵتان و وەزیری، لە ئەستۆی میر محەممەد بێ و ئاوا هەموو لایەک ڕازی بوون و پێکهاتن.

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک مەزن و ماقووڵانی بۆتانی بە لای میر شەرەفدا شکانەوە و کاتێک میر محەممەد هەستی پێکرد و بارودۆخەکەی بۆ ڕوون بۆوە و زانی ئەوەی وەکوو دیاری خراوەتە سەر ئەستۆی بۆی نادرێ، دەستی لە جزیرە بەردا ولێی وەدەرکەوت. کاتێک گەورە کاربەدەستان و پایەبەرزانی بەختەوەری پادشای هەڵەپۆش سوڵتانمرادخان لێوەشاوەیی میر شەرەفیان لێ ڕوون بۆوە و زانیان مافی خۆیەتی تای تەرازووی بە لایدا بشکێتەوە، فەرمانی حکوومەتی

جزیرەی بۆی نووسرا و باربووی کرا و لەگەڵ خەڵاتی سوڵتانی بۆی بەڕێکرا. میر محەممەد کـە ئـەوەی بیستەوە تێیتەقاند و پەنای بردە بەر محەممەدبەگی مێردەخوشکی کە حوکمداری حەزۆ بوو. ژنومنداڵی لەوێ دانان و لەگەڵ وی ڕووی کردە دەرگای سوڵتانی [عوسمانی]. بەسەرکردنەوەی بێسنووری سوڵتانی باڵی بەرینیبە سەرکێشا و حکوومەتی حەسەنکێفی بۆ دە کاغەزی کرا.

میر محەممەد چونکە بەشدار ببوو لە شەڕی گرتنی قەڵای ئاکرێ و هەرای کافرانی چەپەڵکاردا و توانیبووی لە ڕکێفی هەمیشە زاڵی سوڵتانیدا چاک خۆی بنوێنێ، لە دیوانی سوڵتان محەممەدخانی خەزاکەرەوە ـ کە یاڕەبی هەتاهەتایە هەر خەلیفە بێ ـ فەرمانی حکوومەتی جزیرەی بۆ نووسرا، بەڵام وا لە میر شەرەف توقیبوو نەیدەوێرا بێتەوە.

### میر شەرەف کوڕی خانئەبداڵ

میر شەرەف سەرتۆپ و بژاردەی بنەماڵەی میرانی جزیرەیە. لـە مـەیـدانی دڵاوایی و جوامێریدا، بە گۆچانی پیاوەتی و پوختەیی و ئاقڵمەندی، گۆی گۆیەنی لە هاوشانەکانی فڕاندووە و ڕەسەر هەمووانی داوە. لـە شـەڕ و تێکهەڵچوونی بەجەرگی و ئازایەتی و پاڵەوانانەدا خۆی ڕاناوە و تینوتـاوی شـان و باهۆی بەهێز و بڕشتـی لەگـەڵ شیـری وەکـوو هـەورەبـرووسکـەی، زەبـری پیاوانەی پێ وەشاوە.

لەچاو بەخشینی بە ڕژد و چرووک حاتەم دەردەچێ
لە جەنگەی شەڕا، ڕۆستەم دەخەجڵێ وەکوو ملکەچێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی ڕاستی هەموو لایەک کەوتبوونە ژێر سێبەری دادەوانیی ئەو میرە و دەستی بەخشینی دەیگرتنەوە. ئاشنا و بێگانە پێی حەسابوونەوە و خۆیان بە شوکرانەبژێر و ئەمەگداری دەزانی. خەڵکی دوور و نیزیک بەگیان و دڵ لاگیری بوون و دۆست و دوژمن لەبەر ئاکاری جوان و ڕەوشتی بەرزی ببوونە پشتیوانی دەسەڵاتی.

شێوەی ئاکاری پایەبەرزانەی مرۆی پێگەیاند
بەدەستی پڕی دارخورمای چاکە، چاکی هێنا بەر
ئەگەر شۆرەکات بارانەی خێری بێ و لێی بباریٚ
باغاتی بەهەشت لە خاندی جاریٚ هەڵناهێنن سەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەکوو پێشتر باسی کرا، دوای ڕووداوەکانی نێوان میر عەزیز و میر هاوەند و میر شەرەف و براکانی، جڵەوی تەواوی کاروباری قورس و گرانی حکوومەتی جزیرە کەوتە نێو لەپی بەهێزی میر شەرەفەوە و چۆن چاکە ئاوا کەوتە ڕاگرتن و پاراستنی هەرێمەکە. ڕاست لەو جەنگەیەدا وەزیری سەردەم، میرمحەممەدی برای میر شەرەفی لە بۆسنەوە هێنایەوە و کردی بە میری هەرێمی جزیرە. وەکوو باسمان کرد میر محەممەد پاش ئەو فەرمانەش هیچی لە چنگ نەهات، هەر بۆیە بەپێی فەرمانی بارگای سوڵتانی خاوەنشکۆ میر شەرەف چۆوە سەر دۆخی پێشووی و بوویەوە میری هەرێمی جزیرە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر حکوومەتی میر شەرەفدا، میر عیززەددینی برای کەڵکەڵەی حکوومەتی ئەو خاکەی کەوتە سەری و مەلی ئاوات لەسەر لێواری مشارەی کۆشکی مێشکی هێلانەی ساز کرد. وا هات ڕۆژێکی دەستی کرد بە سەربزێوی و خۆی دایە تاڵان و داڕووتاندنی دەوروبەری جزیرە و کۆمەڵێکی بەرچاوی لاتەوپاتە و ڕەجاڵە و گەندەومەندە لە

دەوری خۆی هاڵاند. شەرەفبەگ دڵی لە بەری دەلەرزی و بە مایەی خەساری دەزانی، بۆیە ڕۆژێکی بە دوای‌دا نارد بێتە لای. لە پێش‌دا چەند نۆکەرێکی باوەڕپێکراوی خۆی تێگەیاندن و فێری کردن ئەگەر میر عیززەددین وەژوور کەوت، دایگژێنێ و متەق‌مردووی کەن و فەراقی ڕەشی لێ ببڕن. کاتێک میر عیززەددین هاتە ژووری، ئەوانەی خـۆیـان لێ داگرتبوو لە حەشارگە لێی دەرپەڕین و نەیانهێشت کۆشکەڵی مێشکی چی دیکە بای بادیهەوایی و خۆبەزل‌زانیی تێدا بێ و بچێ.

پاش تێداچوونی میر عیززەددین، شەرەفبەگ پشووی هاتۆتەوە بەر و بۆتە میری سەربەخۆی جزیرە و دادی خەڵک دەپرسێ و ڕێ نادا مافی کەس بفەوتێ و گەشە و پەرەی داوە بە هەرێمەکە و هیوادارم سەرکەوتووبێ.(١٧)

## لکی دووهەم
### باسی میرانی گورکێل

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێشتر باسی ئەوەمان کرد نەوەکانی سولەیمانی کوڕی خالید کە هەرێمی جزیرەیان لە نێو خۆیاندا بەش‌بەش کرد، ناوچەی گورکێل وەبەر میرحاجی بەدر کەوت و میرانی گـورکێـل هەموویان لە تۆرەمەی وین.

گـورکێـل لە پێش‌دا پێی گوتراوە جوردەقیل[١] و هێندە لەسەر زمان هاتووە و چووە بۆتە گـورکێـل. چیای «جوودی»ش کە گەمییەکەی حەزرەتی نووح ـ سڵاو لەویش و لە پێغەمبەری خۆشمان بێ ـ لەسەری گیرساوەتەوە لەو مەڵبەندەیە. گـورکێـل بریتییە لە سەت گوندێکی ئاوەدانی فەلە و مسوڵمان و هاوینەهەوار و

١- جورزەقیل. و.

زستانەهەوارەکانی بوونە جێی حاوانەوەی خێڵات و شوێنی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات.

بەکورتی دەبێ بڵێم کە پاش مردنی میر حاجی بەدر لەو مەڵبەندە، یەکێک لە توخمەی پاشەوارەکانی بەناوی حاجی محەممەد کوڕی شەمسەددین جێی گرتۆتەوە. دوای ماوەیەک دەسەڵاتداری ئەویش کۆچی‌دوایی کردووە و میر شەمسەددینی کوڕی بۆتە جێنشینی و دوای بەینێک ئەویش ژیان مەودای نەداوە و سێ کوڕی لە پاش بەجێماوە کە بریتی بوون لە: میر بەدر، میر حاجی محەممەد و میر سەید ئەحمەد. ئەم برایانە دوابەدوای یەکتر لە گورکێل حکوومەتیان کردووە؛ بەڵام هیچ شتێکم سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی میر بەدر و میر حاجی محەممەد لێ ڕوون نەبۆتەوە، بۆیە خۆم لێ بواردن.

### میر سەید ئەحمەد کوڕی میرشەمسەددین

بنکەی ژین www.zheen.org

میر سەید ئەحمەد کە پیاوێک بوو یەکجار ئازا و بەکار، لە هەموو شەڕ و تێکهەڵچوونێکدا زەبری مێرانەی دەوەشاند. لەو دەمەدا کە میرانی کوردستان چوون و سەریان وەبەر دەرگای سوڵتان سەلیم‌خان هێنا، میر سەید ئەحمەد ببوو بە یەکێک لە هاودەمانی پادشا و بۆ گاڵتە و پێکەنین قسەی خۆی دەکردن و نەقڵ و نەزیلەی سەیر و ناسکی دەگێڕانەوە. پاش مردنی سوڵتان سەلیم‌خان [1] لەگەڵ سوڵتان سولەیمانی خەزاکەریش هەر لەسەر ئەو ڕەوتە ڕۆیشت. پادشاکانی عوسمانی هەمیشە خۆشیان ویستووە و کار و ئاکاری کەوتۆتە بەر دڵیان. چەند

---

١- سوڵتان سەلیم (١٤٦٧-١٥٢٠ی ز)، ناسراو بە یاوزسەلیم (سەلیمەمۆنە)، نۆهەمین سوڵتانی عوسمانی و کوڕ و جێگرەوەی بایەزیدی دووهەم. ساڵی ١٥١٢-١٥٢٠ی ز. حکوومەتی کردووە و بە زەبری زۆر بۆتە پادشا و باوکی لەسەر حکوومەت هەڵداشتووە و تەواوی براکانی خۆی کوشتووە. و.

جارێک مووسڵ و شەنگالیان خستۆتە سەر گـورکێـل و باربوویان کردووە و فەرمانی حکوومەتیان بۆ نووسیوە.

دەگێڕنەوە جارێکی کە سوڵتان سەلیمخان لە داروسسەلامی بەغداوە گەڕاوەتەوە، میر سەید ئەحمەد لە نێو دارەتەرمێکدا ڕاکشاوە و خۆی مراندووە و لەسەر ڕێیە دایانناوە. وەختایەک سوڵتان چاوی بەو دارەتەرمە دەکەوێ، دەپرسێ دەڵێ ئەوە کێیە مردووە؟ دەڵێن قوربان ئەو میر سەید ئەحمەدە و دەڵێ ناوچەی مووسڵ وەکوو گیانی منە و سوڵتان بە کەسێکی دیکەی بەخشیوە و بەم پێیە گیانم دەرچووە و نەماوم و لە دارەتەرمیان هەڵپێچاوم. سوڵتان ئەو کارەی وەبەر دڵی دەکەوێ و سەرلەنوێ ناوچەی مووسڵ دەخاتەوە سەر گـورکێـل و بەم بەسەرکردنەوەیە گیانێکی تازەی بە بەردا دەکرێتەوە و لەشی نەماوی دەبووژێتەوە. میر سەید ئەحمەد عومرێکی تەواوی کردووە و ئەوەندەی ژیاوە لای پادشایان ڕێزی گیراوە.

قەڵای گـورکێـل یەکێکە لە قەڵا سەختەکانی ناوچە و هەرێمەکانی کوردستان. دەگێڕنەوە جارێکی کە سولەیمانبەگی یەجن ئۆغڵی [1] دەچێتە سەر قەڵای ئامێدی و مەچەکەی لێ دەنگێوێ، [(١٨)] زستان بە سەردا دێ و بۆی ناگیرێ و زستانەهەواری دەباتە ناوچەی «بەشیری». [2] لەو جەنگەیەدا عیززەددین شێری میری هەکاری لەبەر پەلاماری ئاققۆیندلووان، کە دەستیان بە سەر تەواوی جەغزی دەسەڵاتیدا گرتبوو، سەری وەبەر شوورەی قەڵای «بای» هێنابوو. میر سەید ئەحمەد ڕادەسپێرێتە سولەیمانبەگ و دەڵێ: هەتا قەڵای گورکێل و ئامێدی و بای و قەڵای

١- بودلیان، ل ١٠٧: «بیژەن ئۆغڵی». و.

٢- قەڵای بەشیر سەر بە فنیک بووە و لەوانەیە گوندی ئێستای «بێشیر» بێ لە بناری چیای جوودی لە نێوان گرچۆل و بێسپن، کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی گرکاعەموو. لەو شوێنە کۆمەڵێک کاول و هەرەسی لەمێژین وەبەرچاو دێن. ع.ی.

«سوێ»ی سەر بە ناوچەی بدلیس بەدەست ئێمەوەن، هەر بایی پووشێکی لێتان ناترسین و تاوڵەکانوو لەبەر چاوی کوردان وەک سلە گامێش دەچن. میر سەید ئەحمەد کە ماوەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ میرایەتیی گورکێل و ناوچەی مووسڵی بەدەستەوە بوو دەستی لە دنیا هەڵتەکاند و ماڵاوایی کرد. پاش نەمانی، میر شەمسەددینی برازای جێی گرتەوە.

**میر شەمسەددین کوڕی میر بەدر**

پاش ئەوەی میر سەید ئەحمەد نەما، میر شەمسەددینی برازای جێی گرتەوە و دەسەڵاتی گورکێلی کەوتە دەستی و دوای ماوەیەک دەسەڵاتداری، بەرەو پەنای یەزدانی مەزن گەڕایەوە. ئەم میرە سێ برای هەبوو: میر برایم، میر عومەر و میر حاجی محەممەد؛ کە میر برایم بوو بە جێگرەوەی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر برایم کوڕی میر بەدر**

لەو سەروبەندەدا کە بەدربەگی میری جزیرە و ناسربەگی برای لەسەر مەزنایەتیی جزیرە قڕە و هەرایان بوو، میر برایم چونکە نێوانی لەگەڵ ناسربەگ خۆش بوو، ڕۆیی بۆ وان هەتا نامەی پشتگیری لە فەرهادپاشای مەزنی سەرکردەکانی وانی بۆ وەربگرێ و لەوێشەوە بەرەو دەرانەی بەختەلانی سوڵتان سولەیمانخان وەڕێ کەوێ. ڕاست لەو جەنگەیەدا شاتەهماسب بە لەشکرێکی زیاتر لە دەنکی بارانە ناوچە و مەڵبەندەکانی وانی داگرت. وەک دەڵێن: «هەر کەس چاووزار کاری لێ کرد، بە سەر کەند و کۆسپدا دەکەوێ»، جا بەڕاستی میر برایم ئاوا گیرۆدە بوو. ویستی بە لای «بارگیری»دا بڕوا و خۆی بگەیەنێتە بدلیس، بەڵام قزڵباش لە نێوان بارگیری و ئەرجیش گەیشتنە سەری و شەڕیان تێهاڵاند. میر برایم بە زەبری شیری دڕی پێدان و پیاوانە دەستی کردەوە و خۆی هاویشتە نێو

قەڵای ئەرجیش. خودی شاتەهماسب کەوتە پەیکەردەی و بە شوێنیدا هاتە سەر ئەم قەڵایە و لەڕێوە دەورەی گرت.

دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بە سەر ماوەی گەمارۆدا، دەورەدراوان تووشی تەنگەتاوی بوون و لێبڕان بەپێی پەیمانێک قەڵاکە بدەنە دەست شاتەهماسب و بەڵێنیی لێ بستێنن دەست لە کەس نەبزێوێ، بەڵام میر برایم لەگەڵ پیاوان و چەکدارە بۆتانییەکانی پێی ڕازی نەبوون. سەرەنجام قەڵانشینان قسەیان لەگەڵ شاتەهماسب کردە یەک و لە سێباری شەودا، پێنسەد تا شەشسەد پیاوی کارامەی قزڵباشیان داکێشایە ژووری قەڵا. تاریکوڕوونی بەیانی لەگەڵ قزڵباشان وەخۆکەوتن و بە شیر و تیر و نێزان کەوتنە گیانی چەکدارانی بۆتانی. لەو شەڕ و بگرەوبەردەیەدا میر برایم بە سەرپەنجەی چارەنووس یەخسیر کرا و کوژرا. برازایەکی بە بریندارى گیرا و وێڕای پەنجاشێست کەسان قۆڵبەست کرا و هەموویان بردنە هەوێڵی شاتەهماسب. ئەویش هەر لەڕێوە فەرمانی دا بە زیندوویی سەریان بگروون و قسەی شاهانەی سێودووی لێ نەکرا.[١٩] دیلەکان بە دەم ئەم دەرد و ژانەوە جینگڵیان دا و گیانیان دایەوە دەست گیانپەروەرێن.

**میر ئەحمەد کوڕی میر برایم**

میر ئەحمەد دوای کوژرانی بابی، بەپێی فەرمانی سوڵتان سولەیمانخان حکوومەتی گورکێلی درایە دەستی و ماوەی سێ ساڵی حکوومەت کرد. میر محەممەدی کوڕی میر ئەحمەد کە یەکێکی ناجسنەی ناڕەسەن بوو، هەر ئەوەندەی دەستی ڕاست و چەپی خۆی ناسی، کەوتە سەر باری لاساری و لە کێشە و هەراکەی نێوان میر عەزیز و کوڕانی خانئەبداڵدا، کە باوکی بە لای ئەم کوڕانەدا شکابۆوە، ئەو ببوو بە پشتیوانی میر عەزیز. وای لێهات بە یاریدەی میر عەزیز، باوکی لەسەر دەسەڵات لادا و خۆی بوو بە جێگرەوەی. میر ئەحمەد

بە مەبەستی دەربڕینی سکاڵا ڕووی کردە دەرگای سوڵتان مرادخان، بەڵام لە مەودای ڕێیەدا مەرگ بەربینگی پێگرت و تەمەنی بڕایەوە.

### میر محەممەد کوڕی میر ئەحمەد

میر محەممەد کە پاش لابردنی باوکی هەوساری دەسەڵاتی گورکێلی بەدەستەوە گرتبوو، چونکە کەسێکی ژیر و وشیار و کارزان و وردبین نەبوو، حکوومەتەکەی بە یاریدەی میر عەزیز وەک کارگ هەڵتۆقی، بەڵام هێندەی بڕ نەکرد. سەرەنجام میر عومەر و میر محەممەد و میر مەحموود کە هەرسێکیان ئامۆزای بوون لێی وەخۆکەوتن و لە خوێنی خۆیان گەوزاند و کوشتیان.

### میر ئەحمەد کوڕی میر محەممەد

میر ئەحمەد لە جەنگەی کوژرانی باوکیدا زۆر منداڵ بوو. ئەمڕۆ کە مێژووی کۆچی گەیوەتە سێهەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٠٠٥، بە پشتیوانی و یاریدەی میر شەرەفی کوڕی خانئەبداڵ، خاوەنی دەسەڵات و حکوومەتی گورکێلە.

## لکی سێهەم

## باسی میرانی فنیک

ناوچەی فنیک چوار خێڵی تێدا دەژین کە بریتین لە: بەجنەوی، شوقاقی، میران و کۆنیە.

میرانی فنیک دەچنەوە سەر میر ئەبداڵی کوڕی سولەیمان کوڕی خالید. وەکوو پێشتر باسی کرا، پاش مردن و نەمانی سولەیمانی کوڕی خالید لە جزیرە،

کوڕەکانی ئەو هەرێمەیان لە نێو خۆیاندا بەشبەش کرد. بۆ وێنە ناوچەی فنیک وەبەر میر ئەبدالْ کەوت و ماوەیەکی زۆر لەوێ بوو بە میر و مەزن. پاش نەمانی میر ئەبدالْ، کوڕان و وەچە و بەرەی دیکەی لەوێ بوونە حوکمدار و هەتا هاتنی تورکمانانی ئاققۆینلوو بە سەری ڕاگەیشتوون.

کاتێک تورکمانانی ئاققۆینلوو بە وڵاتی وەربوون، بێسەرەوبەرەیی باڵی بە سەر ئەو هەرێمەش کێشاوە و نیزیکەی سەدەیەک لێی بوونە میر و سەردار. پاش ئەوەی حکوومەتی ئاققۆینلوو بەرەو نەمان شاتللۆرەی بەستووە و جارێکی دیکە هەرێمەکە کەوتۆتەوە دەست میراتگرانی، تازە لەو ڕۆژەوە کەس دەستی وەبەرنەهێناون، ئەوەندەی نەبێ کە ماوەیەک لە سەردەمی حکوومەتی شاعەلیبەگی میری جزیرەدا ئەو ناوچەیە کەوتبوویە ژێر ڕکێفی میر محەممەدی برای شاعەلیبەگ. دوای ئەم ڕووداوە بە کۆمەگی میرانی جزیرە دیسان ئەو ناوچەیە کەوتەوە دەست خاوەنەکانی خۆی و هەتا ئەمڕۆ کە ساڵی ١٠٠٥ی ک/١٥٩٦ی زایینییە، لەوێ ماون و حوکمڕانن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی پێنجەم

## باسی میرانی حەسنکیفا (حەسنکێف ← حەسەنکێف ← حوسنکیفا)،[٢٠] کە ناسراون بە مەلیکان [١]

---

١- وەک زانراوە کوردە ئەییووبییەکان بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک حوکمی وڵاتی شام و میسریان کرد و دەوری جوامێرانەیان گێڕا لە شاڵاوی مەسیحییەکاندا، دوای← بڕانەوەی دەسەڵاتیان، بنەماڵەیەکیان لە حوسنکیفا (حەسەنکێف) مایەوە و درێژەی دا بە دەسەڵاتی. سەرچاوەکانی سەردەمی مەملووکی پڕن لە زانیاری و هەواڵ دەربارەی بنەماڵەی ئەییووبی و میرنشینی ئەییووبییەی حوسنکیفا بەهۆی ئەو پەیوەندییە

مێژوویــی‌یەی کە ئەییووبییەکــانی بە میســر و شــامەوە گــرێ دەدا، ئەم مێژوونووســانە هەندێکیان شـایەدحاڵی ئەو هەواڵ و زانیارییـانەن کە تۆماریـان کـردووە وەک: (ابــن شــداد، النــویری، العمــری، القلقشــندی) ؛ بۆیە زانیاریمـان دەربـارەی ئەم میرنشینە کـوردە بە بەراورد بەوانەی دیکە تـا ڕادەیەک باشـە و دەتوانین سـەردەمی دەسـەڵاتی هەمـوو میرەکـانی دیـاری بکەیــن. کەچــی مخــابن ئەم زانیارییــانەی وا شــەرەفخان دەربــارەی ئەم میرنشــینە بەدەسـتەوەی دەدا، هــیچ وێکچــوون و نزیکییەکــی لەگەڵ زانیارییەکــانی دیدا نیـیە و تەواو جیـاوازە و چـۆنییەتیی دامەزرانـدنی ئەییووبیی حوسـنکیفا (حەسـەنکێف) لە سـەرچاوەکاندا ڕوون کـراوەتەوە و وردەکـاری نیشــان دراوە. ئــەو میــرە ناسراوانــەی حوسـنکیفا (حەسەنکێف) کە لە سەرچاوەکاندا ناو و دەنگوباسیان یادداشت کراوە، بریتیین لە:

الملک الکامل سیف‌الدین أبوبکر شادی بن الأوحد (٦٨٢-٦٩٩ هـ /١٢٨٣- ١٢٩٩م).

الملک المعظم خلیل بن الموّحد والملک الصالح یوسف بن الملک الکامل بن الموّحد.

الملک العادل ابوالمفاخر فخرالدین سلیمان بن الملک المجاهد غازی (٧٨٠-٨٢٧هـ/١٣٧٨-١٤٢٤م).

الملک الأشرف ابو المحامد شهاب الدین أحمد بن العادل (٨٢٧-٨٣٦هـ/١٤٢٤-١٤٣٣م).


الملک الصالح صلاح الدین خلیل بن الملک الأشرف (٨٣٦-٨٥٦هـ/١٤٣٣-١٤٥٢م).

الملک العادل خلف بن محمد بن سلیمان (٨٥٩-٨٦٦هـ/١٤٥٥-١٤٦١م).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبەکەم: القبائل و الزعامات القبلیة الکردیة فی العصـر الوسـیط، ط٢، دار الزمان (دمشق: ٢٠١٦).

ئەمەش شەجەرەنامەی میرانـی ئەییـووبییە لە حوسـنکیفا (حەسـەنکێف)، لە سـەرەتاوە تـا تێـداچوونی میرنشـینەکە بەدەسـتی «ئـووزوون حەســەن»ی قەرەقۆیـنلـوو لە ســاڵی ٨٦٦ی ک/١٤٦١ی زایینی‌دا. ز.س. ←

دنیـــا هەر جـــارەی ڕەنگـــێ دەنـــوێنێ
وەســـتای نـــوێی دەوێ تـــا خـــۆ بنـــوێنێ
گەر پێشـــــەنگ بـــــڕوا و لە ڕێ  لابـــــدا
ڕێگـــای تـــــازەیە و ڕێـــی بـــــۆ دادەدا[1]


بنکەی ژین
www.zheen.org

١-خەمسەی نیزامیی گەنجەوی، خیرەدنامە. و.

ئەوانەی کەوتوونە شوێن گێڕانەوەی باس‌وخواسان و سەردەرچوون لە دەقی شوێنەوارەکانی ڕابردوو، نووسیویانە پاش ئەوەی ساڵی ٦٦٢ی ک/١٢٦٣ی ز، بنەماڵەی ئەییووبی حکوومەتی میسر و شامیان بەدەستەوە نەما و فەڕاشی چارەنووس پێداهات و نێوماڵی دەسەڵاتی ئەو مەزنانەی کۆکردەوە و تێکپیەوەپێچا، یەکێک لە کوڕانی ئەو خانەدانە کە توانیبووی ماوەیەک خۆی لە حەما بشارێتەوە، هەستا و ڕۆیی بۆ ماردین. حوکمڕانی ماردین دەستی ڕێزی لێنا و خستییە نێو ڕیزی مەزن و ماقووڵان و ئەو میرە دوژمن‌تاوێنە دۆست‌لاوێنەی، بە سۆزی پایەبەرزانەی بەسەر کردەوە و ناوچەی «ساوەر»ی پێ بەخشی[1]. پاش ئەوەی ئەو لاوە چەند ڕۆژێک لەوێ ماوە، دڵی لێی هەڵگەڕا و ڕووی کردە «ڕەئسولقوول»[2] کە ئێستا پێی دەڵێن حەسەنکێف. لەوێ بنەگر دەبێ و ژن دێنێ و ماڵ پێکەوەدەنێ و ئاووهەوای وێی پێ دەکەوێ. وا لەگەڵ خەڵک هەڵدەستێ و دادەنیشێ کە هەموو لایەک لە ژێر و ژوور و بەلەنگاز و زەنگینەوە بەدڵیانەوە دەنووسێ و وێکڕا سەری وەبەر دێنن و بە مەزن و میری خۆیانی دادەنێن. چەماوەر دەست دەدەنێ و خۆ لە چاک کردنەوەی قەڵای حەسەنکێف هەڵدەکەن. ڕاست لەو دەم و کاتەدا میری ماردین زۆر سەیر کەوتبوویە سەر باری لاوازی و کەمدەسەڵاتی و کۆشکی حکوومەتی ڕووی لە جمین و داڕمان بوو. کاتێک بە نۆژەن کرانەوەی قەڵای حەسەنکێفی زانی چاکی ترس ڕێنیشت و لە حەیبەتان ناردی بە شوێن سازکەرەوەی قەڵادا؛ بەڵام بە گوێی نەکرد و دایە لانی دژایەتی.

میری ماردین لەشکری کۆکردەوە و بە مەبەستی گرتنی قەڵای حەسەنکێف هێرشی برد. سازکەرەوەی قەڵا ئازایانە بەرەنگاری ڕاوەستا و پشتی لێ نەکردەوە و چاوی لێ نەترووکاند و میری ماردین هیچی بۆ بە هیچ نەکرا و

١- ل ١٠٩ی بودلیان: «صور»؛ ناوچەیەکی سەر بە ماردین. و.

٢- ڕەئسولغوول، سەرەغوول، سەرەخوول، سەرەدێوەزمە. و.



**تابلۆی حەوتەم: قەڵای حەسەنکێف**



تابلۆی هەشتەم: باژێری حەسەنکێڤ

گەڕایەوە. لەو ڕۆژەوە دیسان مانگۆڵەی ئالای حکوومەتی بنەماڵەی ئەییووبی دەستی کردۆتەوە بە ترووسکانەوە و تریفەی تەواوی ناوچە و مەڵبەندەکانی دەوروبەری حەسەنکێفی گرتۆتەوە و میر لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی هەموویان بگرێ.

ناوی «حصنکیف»[1] لە نێو هێندێک دەقی پادشایان و نووسینەکانی کۆن و نوێدا بە سینیش نووسراوە. سەبارەت بەم ناوە کۆمەڵێک باوەڕپێکراو ئەم بەسەرهاتەیان گێڕاوەتەوە: «خاوەنی قەڵاکە لە جەنگەی دەسەڵاتیدا حەسەن عارەبێکی پیاوماقووڵ دەگرێ و دەیخاتە زیندانی قەڵایە. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە سەر بەندکرانیدا ڕادەبرێ و میری قەڵا ناتوانێ هیچی لێ دەرکێشێ و بە مرازی دڵی ناگا، لێدەبڕێ سەری حەسەن تێدابەرێ. حەسەن کە ئەوەی بیستەوە کەسێکی ناردە لای میرقەڵا و لێی ڕاسپارد و گوتی ئێستا کە بڕیاری لەسەر نەمانم داوە، تکای لێ دەکەم بۆ تاوێک لە زیندانم وەدەرخا و ڕێ بدا ماینە گۆرینی خۆم بۆ بێنن هەتا دەمێک لێی سوار بم و لە حەساری قەڵایەدا بیهێنم و بیبەم و میر چاوی لێ بێ منی بەرەژێر چەندە سوارچاکم و چۆنی لێ دەزانم و ماینی ژێر ڕکێفم چەندە چوست و چالاک و خۆشڕەوتە. پاش ئەوەی ئاوا بە ئاواتی خۆم گەیشتم ملم لە موو باریکترە و هەر فەرمانێکی بیدا پێی ڕازیم. میر بەدڵەوە ڕەزامەندیی دەربڕی و فەرمووی ماینەبەرزەی چوارپەل قایمی کەفەڵپانی کلکویاڵ بەژەنگاری سمخڕیان بۆ هێنا و پێی نایە ڕکێف و خۆی گەیاندە خوانی زینی. ماین وەک

---

١-لە تەواوی دەقە فارسییەکەدا نووسراوە: «حصنکیف یان حصنکیفا»، بۆیە نووسەر لێرەدا باسی ئەوە دەکا لە چەند دەقێکدا نووسراوە «حسنکیف». ئەوەی ڕاستی بێ تازە لە ڕاوێژی کوردیدا بۆتە «حەسەنکێف» و بەپێی ڕەوتی زمانی کوردی جووڵاومەوە و خۆم لە شێوە نووسینەکەی نووسەر پاراستووە. ئەم ڕوون کردنەوەیەم لەبەر لێدوانەکەی شەرەفخان بە پێویست زانی. و.

هەورەبریسکە هەڵدەستا سەر پاشووان و بە دەست و پێ سەمای دەکرد و چەشنی ئاوی خۆشاژۆ بە سەر سینەی خاکدا گوڕمی دەبەست.

زەوی نازانێ تیژبەزێکی وا کە دێ و دەبووریێ
بە چوار پەل دەڕوا یان هەر بەڕاستی پەلێکی داوێ
چەشنی دڵۆپەی ئەسرینە لە چاو کە دێتە خوارێ
یان وەک تاڵەموو لە جەرگی شەوا شریتەی داوێ
ئاورینگی تیژ و بەبازوبردە دەفڕێ وەک شەماڵ
بەشەنگەشەنگە لە نێو ڕووباران وەک تۆقلە ئاوێ
لە سەربەرەوژێر وەک دەنکی باران گوڕم دەبەستێ
لە سەربەرەوژوور هەوری بەهارە و ناوەستێ تاوێ
بە چەشنی ئاوات سڵە و دەستەمۆ وەک ڕسق دەچێ
دەڵێی ئاگر و هەناسەی بایە بۆ ژاوەژاوێ
هەزاران بازن لە دەوری خاڵێک دەکێشێتەوە
چما وەک پەرگار پەلی ئاسنە و چەمینی ناوێ؟

کاتێک حەسەن ئاوا ئەسپی هێنایە جۆڵلانە و بێروبەوێدا بە چوارناڵە و نەرمەغار سەمای پێکرد، لەناکاو مامزەی لێ کوتا و قەمچی لێ ئەنگاوت و بە هەی‌هەی تاوی دا و بە سەر مشارەی شوورەی قەڵادا ماین خۆی حەوا دا، کە پتر لە ١٥٠ گەز بەرز بوو. خۆی هاویشتە نێو ئەو ڕووبارەی کە هەتا نێوقەدی دیواری قەڵا هەڵکشاوە و تێدەپەڕێ. شڵپەی ئەسپ و پسان و لێک بڵاوبوونی تەنگەی یەک بوو. حەسەن بە مەلە خۆی لەو گێژاوە ڕزگار کرد و گەیشتە لێواری دەرباز بوون. میرقەڵا هەر چەندی ڕوانی حەسەنی وەبەرچاوی نەهات و خەڵک هاواریان کرد:

حەسەن کەیفە؟[1] جا گۆیا پاش ئەم ڕووداوە سەمەرەیە، قەڵاکە ئەم ناوەی بە سەردا براوە! بەڕاستی قسەیەکی سەیرە ئەگەر درۆ نەبێ!

بەپێی چەند سەرچاوەیەک «کێفا»ی کوڕی تاڵوون ئەم قەڵایەی ساز کردووە و ناوی بۆتە «حصن کێفا».[2] ئەوە هەر خودا بۆخۆی دەزانێ چۆنە. وەکوو دیارە حەسەنکێف سێزدە عێل و عەشیرەتی لێ دەژین کە بریتین لە: ١-ئاشتی ٢- محەلبی ٣- مێهرانی ٤-بەجنەوی ٥-شوقاقی ٦-ئەستورکی ٧-کوردلیی گەورە ٨- کوردلیی گچکە ٩-ڕەشان ١٠-کێشەکی (کاشەکی) ١١-جێلەکی ١٢-خەندەقی (خەندەکی) ١٣- سوهانی و بیریان.[3]

ئەو ناوچە و مەڵبەندە گرینگانەی کە بە سەر حەسەنکێفەوەن بریتین لە: شارۆچکەی ئەسعرد (سێرت)، بەشیری، توور و ئەرزەن کە ئەمەی دوایی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی میرانی حەزۆ و دوازدەهەزار کافری پیتاکدەری لێیە.

لەو ڕۆژەوە کە بناغەدارێژی قەڵا لەگەڵ میری ماردین تووشی ملانە و کێشە هاتووە، هەتا ئەو دەمەی کە بەرۆکی ژیانی بە چنگ پەیکی ئەجەل دادڕاوە،

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-بە عەرەبی یانی «حەسەن چۆنە؟» و.

٢-هیچ دوور نییە حەسن کێف بێ. ئاسنەکێو. کێوێک قایم وەکوو حەسن (ئاسن). یان دوو ناوی عەرەبی و کوردی تێکەڵ بووبن: «حصن + کێف». حصن بە زمانی عەرەبی دەبێتە قەڵا و جێگای سەخت و هەڵەمووتی پەناگا؛ «کێف»یش هەمان کێوە. و.

مخابن لە هەندێ پرس و بابەتی شەرەفنامەدا، خوێنەر وا هەست دەکا کە شەرەفخان زانیارییەکی ئەوتۆی لە مێژوو نەبووە و دەبینین زۆر بەسادەیی ناوی شوێن و کەسایەتییەکان لێکدەداتەوە، کەچی بەڕاستی ئەم ناوانە ڕوون و ئاشکران و لە سەرچاوەکاندا بەوردی باس کراون؛ کیفا یان کیپا قەڵایەکی دێرینی ڕۆمانییەکانە و لە سەردەمی ئیسلامیدا بە «حصن کیفا»، واتە شوورە و قەڵای کیفا ناسراوە. دواتر ئەم قەڵایە بوو بە باژێرێکی ناودار و ماوەیەک پایتەختی دەوڵەتی دۆستکی (مەروانی) بوو، کەچی شەرەفخان بۆ لێکدانەوەی ئەم ناوە و دەرخستنی بنەچەکەی بۆچوونێکی زۆر سادە و لاوازی خستۆتەڕوو. ز.س.

٣-لە لاپەڕە ١١٣ی بودلیاندا تەنیا نووسراوە: «سوهامی». و.

مەزنایەتیی قەڵا و ناوچەکانی دەوروبەری و سەرۆکایەتیی خێڵاتی کەوتۆتە سەر شانی. وەک دەڵێن دوای نەمانی، یــەکێـک لە کوڕەکانی بەناوی مەلیک سولەیمان جێی گرتۆتەوە.

**مەلیک سولەیمان**

مەلیک سولەیمان ماوەیەکی باش بۆتە میری حەسەنکێف و هەتا ساڵی ٧٣٦ی ک/ ١٣٣٥ی زایینی، کە دەبێتە کلکەی حکوومەتی چەنگیزی، بە سەر هەرێمەکە ڕاگەیشتووە و بە مردنی خۆی مردووە و مەلیک محەممەدی کوڕی جێی گرتۆتەوە.

**مەلیک محەممەد**

وەکوو دیارە مەلیک محەممەد بە باری حکوومەتداری و سەرۆکایەتیی جەماوەری بن باڵیدا، مافی هەموو لایەکی ڕەچاو کردووە و وا چاکی غولام و خزمەتکار پێگەیاندوون کە لە تەواوی مەزنەمیرانی هاوشانی تێپەڕاندووە. هــەمیشە لەگەڵ خاقان و سوڵتانان خۆی گونجاندووە و ڕێبازی حاوانەوەی هەڵبژاردووە و هەتا ئەو ڕۆژەی مردووە دەستی لەو ئامانج و مەبەستەی هەڵنەگرتووە.

**مەلیک عادل کوڕی مەلیک محەممەد**

مەلیک عادل لەسەر وەسیێتی باوکی دەسەڵاتی حەسەنکێفی بـەدەستــەوە گرتووە و بە لانی دادپەروەری و هەڵوێستی بەجێدا هەنگاوی ناوە و هەرێمەکەی ئاوەدان کردۆتەوە و گەشەی پێداوە. بۆ شان و شکۆ لە باب‌وکاڵی خۆی تێپەڕاندووە و سەرەنجام ساڵی ٧٨١ی ک/١٣٧٩ی ز، ڕووی کردۆتە ژێردەرانەی لێبووردنی یەزدانی.

**مەلیک ئەشرەف کوڕی مەلیک عادل**[٢١]

پاش نەمانی باوکی و لە هەڕەتی دەسەڵاتی ئەمیر تەیمووری گوورکاندا بوو بە میر. بەپێی نووسینی مەولانا شەرەفەددین عەلی یەزدی لە «زەفەرنامە»دا، ساڵی ٧٩٦ی ک/١٣٩٣ی ز، خاوەنشکۆی سەردەم ئەمیر تەیمووری گوورکان پاش گرتنی بەغدا و قەڵای تکریت، بەرەو ماردین بزووتووە. کاتێک گەیوەتە «ڕوحا»، میری حەسەنکێف خۆی گەیاندۆتە ڕایەخڕامووسانی و چۆکی داداوە و تەوێڵی خاکەڕایی و خۆبەکەمزانینی بە زەمینی کۆیلایەتیدا سووە و بە نۆکەرچاکی تێکەوتووە. ئەمیر کە ئاوای دیوە بە خێروبێری شاهانەی بەسەری کردۆتەوە و ئەویش گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. لە دوای ئەم دیدارەش ماوەیەکی زۆر ژیاوە و سەرەنجام مەرگی لە چارەی نووسراوە و بەرەو جیهانی پاشین بارگەی تێکناوە.

**مەلیک خەلیل کوڕی مەلیک ئەشرەف ناسراو بە مەلیک کامیل**

مەلیک خەلیل لەسەر پەسندی عێل و عەشیرەتان بوو بە دەسەڵاتداری حەسەنکێف. ساڵی ٨٢٤ی ک/١٤٢١ی ز، کاتێک شاڕوخمیرزای کوڕی ئەمیر تەیمووری گوورکان بۆ لێدانی کوڕانی قەرایووسفی تورکمان[٢٢] گەیشتە دەوروبەری وان و وستان، مەلیک خەلیل چوو بۆ بەخێرهێنان و ڕامووسانی بەردەرانەی تاوڵی بارگای و بەخت باڵی بە سەر کێشا. کاتێک میرزا شاڕوخ لە دەورانپشتی ئالشکورد[٢٣] ئیزنی گەڕانەوەی مەزن و میرانی کوردستانی دا بگەڕێنەوە، ئەویش لەگەڵ میر شەمسەددینی بدلیسی، مەلیک محەممەدی حوکمڕانی هەکاری و کوڕێکی سوڵتان سولەیمانی خیزانی گەڕایەوە.

پاشماوەی ژیانی بە خۆشی و کامەڕانی ڕابواردووە و جەماوەری خەڵک و هێزی چەکداری بە خێر و چاکەی خۆی بەسەر کردوونەوە و حەساندوونییەوە. ساڵی ٨٦٢ی ک/١٤٥٧ی ز، بەرەو باغی بەهەشت خۆی لەنگاندووە.

**مەلیک خەڵەف ناسراو بە چاوسوور**

خەڵەف چاوسوور کوڕی مەلیک سولەیمان و برای مەلیک خەلیلە. پاش نەمانی مامی بۆتە مەزنی حەسەنکێف و گەورەی عێلات و خزمانی. لە جەنگەی شەڕ و تێکهەڵچوونێکیدا لەگەڵ توخم و تۆرەمەی بۆتانی، زۆر پیاوانە وەدەست هات و شەڕی ڕۆستەمانەی کرد و خەڵک ناویان نا «ئەبووسەیفین».

لەو ڕۆژگارەدا کە حەسەنبەگی ئاققۆینلووی بایوندوری مرخی لە گرتنی کوردستان خۆش کرد، کۆمەڵێک چەکداری خۆی ڕاسپاردن هەتا بڕۆن و حەسەنکێف بگرن. لەشکری ئاققۆینلوو دەورەی قەڵای دا، بەڵام هەرچی کردی و کراندی و تیرەی لێ توند کرد، چی بۆ نەکرا. یەکێک لە ئامۆزاکانی مەلیک خەڵەف، تورکمان چوون دە بنیەوە و هەڵیانفریواند و گوتیان ئەگەر بێ و بیکووژی دەتکەینە جێگرەوەی. ئەویش لێی خەفتا و ڕۆژێکی لە گەرماودا هەڵینا و کەوتە پێوشوێنی خلیسکانی شەیتانی و خەیاڵاتی نەوسانی و بە سەرپێچی سەربزێوی سەری پێچا و چاکەی لەگەڵ خزمانی وەلانا و بە دەمی شیری دەمنەپارێزی دەماری ژیانی ئەو پیاوە ڕەسەنەی خانەدانی هەڵبڕی. تازە هەوساری حکوومەت بەچنگ میراتگرانی ئەو بنەماڵەیەوە نەما و کەوتە دەست تورکمانان و کابرای پیاوکوژ پەشیمانی نەبێ هیچی پێ نەما.

تۆوی خۆشەویستی و وەفا، لەم کۆنە مووچە و مەزرایە
هەر لە جەنگەی درویێنەدا، دەزانی چی لێ هەڵدەگری
بە تێپەڕبوونی شەوگاران، داسوولەی مانگی ئاسمان
چەشنی تاجی سیامەکە و تاوێ نەبێ خۆی ناگری

**مەلیک خەلیل کوڕی مەلیک سولەیمان**

مەلیک خەلیل لە جەنگەی کارەساتە تاڵ و تووشەکانی تورکمانان‌دا[٢٤] لە شاری حەما خۆی شاردبۆوە. وەختایەک تێکەولێکە کەوتە نێو وەچەی دەسەڵاتدارانی ئاق‌قۆینلوو، بە پشتیوانی و یاریدەی میر شا محەممەدی شێرۆیی، کە بابەڵباب وەزیری میرانی حەسەنکێف بوون، حەمای بەجێهێشت و خۆی گەیاندەوە نیشتمانی. هۆز و تیرە و خێڵاتی حەسەنکێفی لێی‌هاڵان و لەگەڵ چەکدارانی خۆماڵی هەڵیکوتایە سەر ئەسعرد و بە زەبری شیر ئەو شارۆچکەیەی لە چنگ ئاق‌قۆینلووان ڕزگار کرد. لەوێشەوە هێزی بەرەو قەڵای حەسەنکێف دەنگ دا و زۆر چاکی تورکمان تێکشکاندن و دەریپەڕاندن. پاش گیرانی قەڵا، مەلیک خەلیل جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بوو بە میری سەربەخۆ. ئەوەی ڕاستی بێ لەو سەردەمی‌دا هیچ‌کام لە مەزن و میرانی کوردستان هێندەی وی شکۆی دەسەڵاتیان ڕەنگی نەداوەتەوە و تووشی دەوڵەمەندی نەبوون و ئاوا بە دۆخی ژیانێکی شاهانەدا تێنەپەڕیون.

ئەو دەمەی کە خوشکی شاسمایلی سەفەوی لە چنگ زوڵم و زۆریی سوڵتان یاقووب پەڕەوازە بوو لە نیشتمانی و بە هەویای چوونە حەج خۆی گەیاندە دیاربەکر، هەر گەیشتە دەوروبەری حەسەنکێف، مەلیک خەلیل چوو بە پیرییەوە و داوای لێ کرد مێردی پێ بکا و ئەویش ڕەزامەندیی دەربڕی و مارەی بڕا. لە ڕۆژی بووک گوێزتنەوەدا کردی بە جێژنی شاهانە و جەماوەرێکی زۆری بانگهێشتن کـــرد و میران و سەرۆک و سەرکردەکانی کوردستان خواروژووریان تێکڕایان هاتن. لە هەموو لاوە کۆڕی بەزم و شادی و هەڵپەڕین باڵی تێک‌کێشابوو. مەیگێڕانی مانگ‌ڕوخسار و شیرین‌وتار، بادەی تاڵی بەگیان‌خۆشیان تێکرد و گۆرانیبێژانی دەنگخۆش و چاوەشانی خۆش‌ڕاوێژی بەربەتژەن، بەم چریکەیە دڵی خەڵکیان ئاوپڕژێن کرد:

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەزم و ڕەزم و داوەتـێکە ئاسـمان تێکیچنـی
ئاوەدانن پێی وڵاتان، کوا سەری، کـوانێ بنـێ؟
دێ ترووسکەی مانگ و خۆرێ پێکەوە کۆبوونەوە
وەک ئەوەی وایە مەلەک بێ و حۆرییەک بێتە ژنی
جێخەوی بڵقێسـی هێنـاوە زەمـانە وەک خەڵات
بۆ سەرای جەمشید کە بەختی وەک شنەی شەوبا شنی

پاش ماوەیەک کە کۆڵەکەی دەسەڵاتی ئاققۆینلووان شەقیان بـرد و بناغەی شـان و شـەوکەتیان هەڵتەکی و هەتاوی بەختی شاسمایلی سەفەوی لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەنگووت، مەزن و میرانی کوردستان بە مەبەستی ڕامووسانی لاشیپانی چوونە تەورێز. هەر لەگەڵکوو گەیشتنەجێ، شاسمایل جێبەجێ مەلیک خەلیل و میرانی دیکەی خستنە بەندیخانە و ئەسپاردەی دەستی زەینەڵخانی شاملووی کردن. مەلیک خەلیلی هەڵپێچا کە ژن و منداڵی ڕاگوێزێتە تەورێز و ئەویش سێودووی لێ نەکرد و خوشکی شاسمایلی هێنا، کە کوڕێک و سێ کچی لێی ببوو. ماوەی سێ ساڵ لە زیندانی شاسمایلدا مایەوە و تەواوی هەرێمی حەسەنکێف کەوتە دەستی قزڵباشان.

لە جەنگەی شەڕ و هەرای «چاڵدێران»دا، مەلیک خەلیل هەلەکەی بە خـەنیمەت زانی و لەگەڵ «باشی بیووکی بایکی» پاسەوانەکانی خۆی کوشت و ڕایکرد و بەپەلە بەرەو دیاربەکر تێیتەقاند. کاتێک گەیشتە دەوروبەری وان، خێڵی مەحموودی ڕێگایان پێگرت و ویستیان بیگرن. مەلیک پیاوانە وەدەست هات و گیانی خۆی لەو مەرگاوە دەرباز کرد و بە ساغ و سلامەتی بە ڕێی دۆڵی بدلیسدا،

بەرەو حەسەنكێف كوتای. نابێ لەبیرمان بچێ كە باشی بیووک چنگاڵی چارەنووس نەیهێشت دەرچێ و وستەی لێ بڕی.

لەو ماوەیەدا كە مەلیک سەروسۆراغی ون ببوو، خێڵی شێرۆیی و زەرقی لەگەڵ تیرە و هۆزەكانی دیكەی هەرێمی حەسەنكێف، مەلیک سولەیمانی كوڕی مەلیک خەلیلیان كردبوو بە میری خۆیان؛ بەڵام عێلی ڕەشان ئامۆزایەكی ئەویان بە مەزنی خۆیان دانابوو. لەو هەل و هاتەدا بۆتانیش لێبڕان هەتا ئەسعرد لە چنگ قزڵباشان دەركێشنەوە و هێزیان بردنە سەری، بەڵام هەواڵی گەڕانەوەی مەلیک خەلیل، وڵاتی تەنییەوە و خەڵک پێیان زانی. كورەكانی خێرایەكی چوونە پێشوازی و سەریان وەبەرهێنا و بۆتانیش دەستیان لە گەمارۆ هەڵگرت و گەڕانەوە. مەلیک خەلیل پاش چەند ڕۆژێک كشەی لە قزڵباشان كرد و لە ئەسعرد دەریپەڕاندن.

وەكوو دیارە قزڵباش (ئێرانی) بە یاریدەی عەشیرەتی بەجنەوی توانیبوویان قەڵای حەسەنكێف بگرن و هەر بۆیە پاش گیرانی، پاراستنی قەڵاكەیان دابوویە دەست ئەوان و بەجنەوی ڕۆژبەڕۆژ ڕموودەی قزڵباشان دەبوون. كاتێک هەواڵی گەڕانەوەی مەلیک خەلیل دەنگی دایەوە، خێرایەكی وەخۆكەوتن هەتا پێداویستی و بژێوی قەڵا دابین بكەن و بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان كردە ناوچەی «توور»ی سەر بە هەرێمی بۆتان. نیازیان وابوو ئازووخەیەكی زۆر بەرنە نێو قەڵا و لە هیچوخۆڕایی نەیدۆڕێنن. مەلیک خەلیل بەو گەڵاڵەیەی زانی و گەلەجاڕی لێ تین دان و هەڵیكوتایە سەریان و ئەوانیش خۆیان نەگرت و لەڕێوە دەستیان بەردایەوە و سەریان وەبەرهێنا. مەلیک خەلیل خۆی لە ڕشتنی خوێنیان پاراست و لەگەڵ حوسێنبەگی بەجنەوی پێكهات. لە تۆڵەی خوێنی باوک و براكانی بە مڵكایەتی گوندی «بالی»ی دایە و دواتر لەسەر ئەم ڕووداوە دەڕۆین. پاش ئەم ڕێككەوتنە بەجنەوی قەڵاكەیان دایە دەست مەلیک خەلیل.

بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان، «بەجن» و «بەخت» هەردووکیان کوڕی یەکێک لە میرانی جزیرەی عومەرییە بوون. لەسەر ئەوەی کێهەیان مەزن بێ، ئەم دوو برایە قڕەیان لە نێوانی‌دا پەیدا دەبێ. جزیرە وەبەر «بەخت» دەکەوێ و «بەجن» لە حەسەنکێف دەبێتە میر و مەلیکان حکوومەتی وێیان لە چنگ بەجنەوییان دەرهێناوە. بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی دیکە تەواوی توخم و تۆرەمەی کوردان بە ڕەسەن دەچنەوە سەر «بەجن» و «بەخت»؛ ئەوەش هەر خودا دەیزانێ.

لەو ڕۆژگارەدا کە میر شەرەفی کوڕی میر بەدر مەزنی جزیرە بوو، خێڵی بەجنەوی لەبەر کۆنەدوژمنایەتی مەڕشەیان تێدەهاڵاند. میر شەرەف ویستی تۆڵەیان لێ بکاتەوە و داوای لە مەلیک خەلیل کردبێ و میر محەممەدی بداتە دەستی، هەتا چاکی گوێ بادا و بیپچزێنێ. میر خەلیل لەبەر دڵی میر شەرەف، میر محەممەد و پازدە کەس لە کوڕان و خزمانی ئەوی کوشتن. حوسێن‌بەگی کوڕی میر محەممەد توانی لەو گەرداوە دەرباز بێ و هــەرچی هەیبوو و نەیبوو لەگەڵ ماڵ و سامان و پاشەکەوتی خێڵی هەمووی بە تاڵان چوو. ئێستا وا بۆتە دەنگۆ لە نێو خەڵکدا کە حوسێن‌بەگ لەبەر ئەو کۆنەقینە لەگەڵ قزڵباشان دەستی تێکەڵ کردووە و مەلیک خەلیلیش لە تۆڵەی ئەو خوێنانە گوندی «بالی»ی داوەتە دەستی.

بەکورتی و پوختی، مەلیک خەلیل پاش ئەوەی قەڵای حەسەنکێفی درایە دەستی، ماوەیەک بە شادی و کامەڕانی لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە و سەرەنجام دەنگێک لە غەیبەوە هاواری لێ کرد و گوتی: «بە دڵخۆشی بگەڕێوە لای پەروەرندەت، چــونکــە ئەوت لە خۆت ڕازی کرد.» [١] ئەویش بە گۆشی هۆشی بیستی و بەرەو دنیای هەرمان ڕۆیی. چوار کوڕی لە پاش بەجێما: مەلیک سولەیمان، مەلیک عەلی، مەلیک محەممەد و مەلیک حوسێن.

---

١- «ارجعی الی ربک راضیة مرضیة»، سووڕەی فەجر، ئایەتی ٢٨. و.

**مەلیک حوسێن کوڕی مەلیک خەلیل**

وەکوو دیارە مەلیک حوسێن لاوێک بووە جوامێر و بەرزەئاوات و یەکجار بەخشندە و دەست بەخێروبێر. وا چاک جووڵابۆوە کە تەواوی عێل و عەشیرەتی حەسەنکێف تامەزرۆی جوانیی دیمەن و ئاکاری دڵگری ببوون. هێشتا شەیتانی پێنەکەنیبوو کە بە مەزنی خۆیان دانا و دەسەڵاتی خۆیان دایە دەستی.

ئەوەی کە مۆری عیشقی وێکەوێ لە ڕێی هاتەوە
لە دیمەنی‌دا وەکوو خۆرەتاو ڕەنگ دەداتەوە

مەلیک حوسێن دوای ئەوەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی پاڵی دایەوە، مەلیک محەممەد و مەلیک عەلی گرتن کە هەردووکیان برای بوون. کاتێک مەلیک سولەیمانی براکەی دیکەشی وای زانی، لە ناوچەی «ئەرزەن»ەوە ڕەوی و ڕۆیی بۆی لای خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی ئامەد و داوای جێگای مەلیک حوسێنی برای کرد بۆ خۆی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوسرەوپاشاش بۆ ئەوەی شەڕی نێوان برایان داکووژێنێ پیاوی نارد بە شوێن مەلیک حوسێن‌دا و برا بەندکراوەکانیشی هێنانە دیوان. پاش ئەوەی ئەم پاشایە مەلیک حوسێنی کوشت، مەلیک سولەیمانی برای لە جێی دانا.

**مەلیک سولەیمان کوڕی مەلیک خەلیل**

گەورەگەورانی دین و ڕێبوارانی ڕێگای بێگومانی، سەرلەبەریان گوتوویانە کەسێک شایانی دەسەڵاتە و شیاوە بۆ مەزنایەتی کە «چاکە بکا، وەک چۆن خودا

چاکەی لەگەڵ کردووە.»[١] هەروەها پێویستە بە چاکە و دڵۆوانی ورد و درشت بەسەر بکاتەوە. دەبێ لە هەموو بوارێکدا ئەوەی تێبێنێ کە: «خزم بۆ خزم لە خەڵکی دیکە نیزیکترە.»[٢] هەر کەس ئاوا بکا هێندەی پێ ناچێ کە هاوشانەکانی نایگەنێ و تای ناکەن.

دوو دۆست یەکدڵ بن بێتوو وەک مقەست
دنیایە دەبڕن، یەکتر نابڕن، یەک نادەن لە دەست

مەبەستم لە داگیرساندنی ئەم پێشەکییە ئەوەیە کە بڵێم پاش ئەوەی مەلیک سولەیمان بە قەڵەمی چارەنووسی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر و بە پشتیوانی و یاریدەی زۆر چاکی خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر، کرا بە میری حەسەنکێف و گەڕایەوە نێوەندی دەسەڵاتی، مەلیک محەممەد و مەلیک عەلی کە هەردووکیان برای بوون، لەگەڵی کەوتنە کەڵەوەکێشی. پاشی چەند ڕۆژێک عەلی خۆی بۆی ڕانەگیرا و ڕەوی و ڕووی کردە لای شەرەفخانی میری بدلیس.

ئەوەی ڕاستی بێ تەواوی هۆز و تیرە و خێڵات لەبەر کوژرانی مەلیک حوسێن دڵیان ڕەش هەڵگەڕابوو لە مەلیک سولەیمان و دەیاندزاند و هیچیان سەریان وەبەرنەهێنا و دژی ڕاوەستان. لە ئاکامدا ترسی ڕێنیشت و ڕووی کردە ئامەد و بە دڵی خۆی وازی لە دەسەڵات هێنا و کلیلی قەڵاتەکانی دایە دەست خوسرەوپاشا و داوای کرد مەزنایەتیی ناوچە و مەڵبەندێکی دیکەی باربوو بکرێ. خوسرەوپاشا

---

١ - «واحسن کما احسن الله الیک.» چاکە بکە، وەک چۆن خودا چاکەی لەگەڵ کردی. و.

٢ - «والوا الارحام بعضم اولی ببعض»؛ بەشێک لە ئایەی ٧٥ی سوورەی ئەنفال. و.

ڕاستیی ڕووداوەکانی گەیاندە پێچکەی بەرزی دەسەڵاتی سولەیمانی؛ ئەویش بە سیلەنیگای شاهانەی بەسەری کردەوە و لەبری حەسەنکێف، ڕوحای خستە ژێر فەرمانی و حەوسەتهەزار «ئاقچە»شی پێ بەخشی. سێسەتهەزار ئاقچەش بەناوی زەعامەت[1] بۆ مەلیک محەممەدی برای دیاری کرا و دووسەتهەزار ئاقچەش لە داهاتی هەرێمی ڕوحا بۆ براکەی دیکەی کە عەلی بوو، بڕایەوە.

مەلیک سولەیمان ماوەیەک لە ڕوحا حکوومەتی کرد و سەرەنجام مەلی گیانی لە قەفەزی سینەیەوە باڵی گرت و بەرەو بەهەشتی سەروو فڕی و لەوێ هێلانەی دانا.

**مەلیک محەممەد کوڕی مەلیک خەلیل**

دوای نەمانی مەلیک سولەیمانی برای، ناوچەی ڕوحای نەدرایە و لەبری وی کرا بە میرناوچەی «عەرەبگیر» و لە بارگای سوڵتان سولەیمانەوە فەرمانی بە خەڵات بۆ هات. پاشان سەرۆکایەتیی بدلیسی پێ بەخشرا و لەوێش تۆتەکەی نەگرت و هێندەی ئێروئەوێ پێکرا، کە خۆی بە سەر وەڕەزیدا کەوت و وازی لەو هەمووە سەرێشەیە هێنا.

مەلیک محەممەد لە سەرێکەوە چونکە دەرودراوسێی بەدربەگی میری بۆتان بوو، توانیبووی نێوانێکی خۆشی لەگەڵ دامەزرێنێ و بەجارێک تێکەڵاوی بێ و لە سەرێکی دیکەشەوە ببوو بە خزمی میری بۆتان و کچێکی خۆی دابوو بە کوڕێکی وی و ئاوا لێکهابوون. بەپێی ئەو بارودۆخەی باسی کرا لە جزیرە خۆی کەنار

١-زەعامەت: سەرۆکایەتی و مەزنایەتی. لە سەردەمی عوسمانیدا زەعامەت بریتی بووە لە دابەشینی ناوچەیەک بۆ چەند کوتێک. جا هی وا بووە تەنیا بەناو زەعامەتی بۆ دیاری کراوە هەتا بەو پێیە مووچە وەربگرێ. مووچەی ئاغایەتی؛ ئاغایانە. و.

گرت و لە گۆشەی تەنیایی خزا و هەتا ئاخری تەمەنی لەوێ مایەوە و سەرەنجام بەرەو پیری بانگەوازی پەروەردگاری ڕۆیی و سەری وەبەر دەرگانەی ڕەحمەتی هێنا. پاش نەمانی یازدە کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: ١-مەلیک خەڵەف ٢- مەلیک سوڵتان حوسێن ٣-مەلیک ئەشرەف ٤-مەلیک عەلی ٥-مەلیک سولەیمان ٦- مەلیک خەلیل ٧-مەلیک زاهیر ٨-مەلیک عادل ٩-مەلیک مەحموود ١٠- مەلیک حەسەن ١١- مەلیک ئەحمەد. وەکوو دیارە مەلیک خەڵەف لە تافی لاوی و سەرەتای بەهاری ژینیدا گوڵی تەمەنی هەڵوەری و کوڕێکی لە دوا بەجێماوە ناوی هەمزەیە.

مەلیک سولەیمان و مەلیک زاهیر و مەلیک حەسەنیش هەرسێک برا جوانەمەرگ بوون و ڕوویان کردە دنیای هەرمان. مەلیک سوڵتان حوسێن داوای پڕ کردنەوەی شوێنی باوکی کرد و لە دیوانی سوڵتان سەلیمەوە فەرمانی بۆ هات. براکانیشی چوونە خزمەت میرانی دیکەی کوردستان و لەو نێوەدا دێن و دەچن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### مەلیک سوڵتان حوسێن کوڕی مەلیک محەممەد

پاش ئەوەی مەلیک سوڵتان حوسێن جێی باوکی گرتەوە، چەند جارێک سەروخواری پێکرا و ئەویش کە ئاوای دی دەستی لەو کارە هەڵگرت و ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، دەم و سات و کاتی لە کوردستان ڕادەبوێری و بڕێکی لە زێدەداهاتی مەوقووفاتی باوک و باپیرانی پێ دەگا. هیوادارم چونکە کەسێکی مەزنەوەجاخە خودای پاک و گەورە دەستی بگرێتە ژێر باڵی و بیخاتەوە سەر دەسەڵاتی بەرزی خانەدانی خۆی.

## پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی

١- بەپێی دەقی «تاريخ الدول والامارات الكردية، ٢/ ٢٧٦» و «القرون الاربعة الاخيرة من العراق، ٧-٨»، ئەو حکوومەتەی کە بابائەردەڵان دایمەزراندووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی خدربەگی کوڕی کڵۆڵ و ئەلیاسبەگی کوڕی خدردا زۆر بێکێشە بووە. پاشان کە حکوومەتی جەلایری لە سەدەی چواردەیەمی زایینی و لە سەردەمی دەسەڵاتی کەمتەرخەمانەی خدربەگی کوڕی ئەلیاسبەگدا سەری هەڵدا، بەشی هەرە زۆری شارەزوور گیرا و ئەگەر میر حەسەنی کوڕی خدربەگ نەبووبا، هەموو وڵاتەکەی بەپانەوە دەگیرا. دەستوبردی ئەم میرە پاشەکشەی بە لەشکری جەلایری کرد و چاکی مشووری ئەم پەلامارە خوارد. لەگەڵ داهاتنی سەدەی یازدەهەمی زایینی، مەئموونبەگ کوڕی مونزیربەگ کوڕی حەسەنبەگ خۆی نیشان دا و کەوتە بەربەرەکانی و ململانە لەگەڵ حکوومەتی جەلایری و تیرەی لێ توند کرد و پەرەی دا بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و بە ئازایەتی چالاکیی خۆی حکوومەتی خانەدانی خستەوە گەڕ و هەر جێیەکی لێی دابڕابوو ئەستاندییەوە. بەم شێوەیە زێی گەورە سەرلەنوێ بۆوە سنووری باکووری جەغزی دەسەڵاتی و توانی «ڕەواندز»یش بە هێزێکی گەورە و گرانەوە چاک دابەستێ و بیپارێزێ.

٢-لە کتێبی «تاريخ السليمانية وانحائها»دا نووسراوە: مەئموونبەگ ساڵی ٨٦٢ی ک/ ١٤٥٧ی ز، تا ٩٠٠ی ک/ ١٤٩٤ی ز، یانی نیزیکەی ٣٨ ساڵی حکوومەت کردووە. توانیویەتی بە باری فەرهەنگی و بەڕیوەبەرایەتیدا پەرە بە دەسەڵاتی خۆی بدا و تەواوی دەوڵەتۆکەکانی دراوسێشی بخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. میرنشینەکانی دەرنە و پێنجوێنی سەر سنووری ئێران و میرایەتیی کۆیسەنجەق و حەریر و ڕەواندزی نێوان هەر دوو زێ و میرایەتیی «ئاکرێ»ی سەر ڕۆخی زێی گەورە و ئامێدی و دهۆک و دەورووبەری لەوانە بوون کە ئاماژەیان پێ کرا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش حکوومەتێکی ئاوا بەهێز لە دراوسێیەتیی عێراق دانەمەزراوە.

لە «تاریخی ئەردەڵان»دا نووسراوە: مەئموونبەگ لە سەردەمی ژیانی خۆیدا وڵاتەکەی بە سەر هەرسێک کوڕیدا دابەشیوە. زەڵم، نەوسوود، هاوار، سێمان، دەودان و گوڵعەنبەری داوە بە بەگەبەگ و دەشتی مەریوان، تەنوورە، کڵۆکلاش و دێنشکاشی بەخشیوە بە سورخابەگی کوڕی نێوەنجی و سرۆچک، قەرەداغ، شارباژێر و میهری داوە بە محەممەدبەگی کوڕی بچووکی و داینـاوە بە سەرپەرستی کاروباری خێڵاتی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هەتا دەگاتە ئامێدی.

٣- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە «تاریخ السلیمانیة وانحائها»، لە بەشی دیرۆکی سنەدا نووسیویەتی: «قەڵای زەڵم ساڵی ٥٦٤ی ک/ ١١٦٨ی ز، بە فەرمانی بابائەردەڵان ساز کراوە.» قەڵای زەڵم ئێستا ناوی قەڵای خانئەحمەدخانە و کەوتۆتە دەرەی زەڵم. مەودای نۆ کیلۆمیترێک لە ناوەندی مەڵبەندی خورماڵ (گوڵئەحمەد = گوڵعەنبەر)ەوە دوورە.

زەڵم (ژەڵم) بە تویژێکی سووری لیچق دەگوترێ کە لەسەر ئاوی قەتیسماو ڕادەوەستێ.

٤- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە «تاریخ السلیمانیة وانحائها»دا، لە ڕووی «گوڵشەنی خولەفا»وە دەگێڕێتەوە و دەنووسێ: بەگەبەگ زۆر بەپەلە ڕۆیی بۆ دیداری سوڵتان سولەیمانخانی قانوونی و کاتێک سوڵتان گەیوەتە شارەزوور مەئموونبەگی کوڕی بە بارمتە لە لای داناوە هەتا لێی دڵنیا بێ و هیچ گومانێکی نەمێنێ. سوڵتان، مەئموونبەگی سپاردۆتە دەست سلێمانپاشای والیی بەغدا و ئەویش لە چەند مەڵبەندێک بە مەزنی داناوە، کە دواترینیان حلە بووە و وێدەچێ «هەڵەبجە»ی ئێستا بێ.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: «مذکرات مأمونبیگ بن بیگەبیگ، ترجمة: محمد جمیل الروژبیانی و شکور مصطفی.»

٥- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە هەردوو کتێبە تاریخییەکانی خۆیدا ئەم ڕووداوەی ئاوا گێڕاوەتەوە: مەئموونبەگ بە باری سیاسیدا سەر بە دەوڵەتی سەفەوی بوو. بەرەبەرە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی پان و بەرین کردەوە هەتا سەر زێی بچووک و هەورامان، شارەزوور، قەرەداغ، پێدەشتەکانی قەرەداغ و ڕێوبانی نێوان کفری و کەرکوکی گرتەوە. عوسمانی لێی تۆقین و سپای یەنیچەرییان نارده کەرکووک. ساڵی ٩٤٥ی ک/ ١٥٣٨ی ز، لەشکریان لێ کۆ کردەوە، کە زۆربەشیان کورد بوون و بە سەرکردایەتیی حوسێنپاشای کوردی ئامێدی پەلاماریان دا. لەشکر هەڵیکردە سەر مەریوان و سنە و شارەزوور و مەئموونبەگیش زۆر ئازایانە کەوتە بەربەرەکانی، بەڵام دەرەقەتیان نەهات و کشایەوە بۆ قەڵای زەڵم. لەشکر دەستی لە دووی نەکردەوە و تەنگی پێهەڵچنی و چی دیکەی خۆ بۆ

ڕانەگیـرا و هــاتە دەر و هەڵاتە لای ســوڵتان لە پایتەخــت. لەشــکری هێرشــبەر هەرێمــی دەسەڵاتی مەئموونبەگی داگرت و کەوتە تـاڵانوبڕۆ و خاپوورانـدنی. پاشـان حوسێنپاشـای ئامێـدی قەڵای گـوڵعەنبەری لەوێ دروسـت کـرد. وەکـوو دیـارە خورمـاڵی ئێسـتا لەسـەر دارپەردووی قەڵای گوڵعەنبەر ئاوا کراوەتەوە.

٦- بەپێی دەقـی «اخبار الـدول والامـارات الکردیـة»، ئەلقاسـپ (ئەلقاسمیرزا) پەنـای بـردۆتە دەرانەی سـوڵتانی عوسـمانی و ئەویـش دەسـتی ڕێـزی لێنـاوە و کۆمەڵێـک دیـاری و خەڵاتـی زۆر چـاکی بـاربوو کـردووە و بەڵێنیـی پـێ داوە هەتـا وڵاتـی بـاوکی لە چنـگ شاتەهماسـبی بـرای دەربێنــێ و ئەوی لە جێـی دابنــێ. سـوڵتان هەر واشــی کـرد و پەلامــاری ئێرانــی دا و گەلێک نـاوچە و هەرێمـی داگیـر کـرد و شـازادەی لە تەورێـز دانـایە سـەر تەختـی دەسـەڵات. پــاش ئەم ڕووداوانە، ئەلقــاسمیرزا خەیــانەتی پــێ کــرد و کەوتە کەڵەوەکێشــی و کــاری بەراوەژوو. سـوڵتان کە وای زانـی ڕایسـپارد خێـرا بـێ بـۆ پایتەخـت، بەڵام بە گـوێی نەکـرد و لێـی هەڵـگەڕایەوە. سـوڵتانی عوسـمانی لەشـکری لـێ کـرد و شـازادە خـۆی پـێ ڕانەگیـرا و ڕایکردە وڵاتی کوردان و مـاوەیەک لەوێ مـایەوە. سـەرەنجام شـای بـرای زەفەری پـێ بـرد و چۆن خراپە ئاوا کوشتی.

محەممەدئەمــین زەکــیبەگ لە ڕووی «تــاریخی عالەمئــارای عەبباســی»یەوە، ئــاوای بەسـەرهاتەکەی گێـڕاوەتەوە: «سـاڵی ٩٤٨ی ک/ ١٥٤١ی ز، ئەلقـاسمیرزا کەوتـۆتە دەسـتی چەکـدارانی کـورد و بردوویـانەتە لای سـورخاببەگ و ئەویـش بەناچـاری ڕادەسـتی هێـزی ئێرانی کردۆتەوە، هەتا وڵاتەکەی لە هێرشی سپای قزڵباش پارێزراو بێ.»

٧-لە «تاریخی ئەردەڵان»دا نووسراوە دەهەزار تمەن.

٨- محەممەدئەمــین زەکــیبەگ لە دوو کتێـبە دیرۆکییەکـانی خـۆیدا، گەلێـک زانیـاریی زیادەی خستۆتە سەر ئەم بـابەتە و ئێمە لێرەدا کورتە و پوختەی دەخەینە بەرچـاو: «کاتێک ئیسـتانبووڵ بە ڕووداوی داگیرکرانــی شــارەزوور و چارەنووســی گیرانــی ئەلقــاسمیرزای زانییەوە، تـووڕە بـوو لە عەلیپاشـای والیـی بەغـدا و لەبەر بێهێـزی و کەمتەرخەمـی لەسـەر کــار لادرا و ســاڵی ٩٥٦ی ک/ ١٥٤٩ی ز، محەممەدپاشــای بەڵتەچــی بــوو بە جێگــرەوەی. پاشــان لەشـکرێکی بەربـڵاوی بە ســەرکردایەتیی عوسمانپاشـای مەزنـی سـەرکردەکانی حەلەب بەڕێکرد بـۆ گرتنەوەی شـارەزوور. سـپای عوسـمانی هـات و لە قەڵای زەڵـم دەورەی سـورخاببەگی دا و مـاوەیەکی زۆر لەوێ مـایەوە، بەڵام هیچـی پـێ نەکـرا. محەممەدپاشـای بەڵتەچی کە وای زانی خۆی هات و دەستی دۆستایەتیی بـۆ درێـژ کـرد و جووتە میری کورد بەکربەگ و وەلیبەگی کردنە نێوبژیوان هەتا بچن و دڵی بدەنەوە و خۆی بدا بەدەستەوە.»

کەم و زۆر مەبەستێکی ئەوتۆ لە کتێبی «القرون الاربعة الاخيرة في العراق»دا نووسراوە و هەرێمەکە ساڵی ٩٦٢ی ک/ ١٥٥٤ی ز، کەوتۆتە نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام بەپێی نووسینی دوکتۆر فریج (کە ناوێکی ساختەیە)، سورخاببەگ دوای ماوەیەک چاوەدێری و باڵ بە سەرکێشرانی ئێرانی بردۆتەوە پاش و بۆتە میرێکی سەربەست و بە سەرکەوتوویی ڕیشەی پشێوی و ئاژاوەی هەڵکێشاوە... .

٩- خەلیفەکانی عەبباسی بە هۆی چەند ڕێکخستنێکی نەهێنی و هەوڵ و تێکۆشانی ئەبوموسلیمی خوراسانی توانییان بگەنە سەر کورسیی خەلافەتی ئیسلامی، کە سەرەتا ناوەندەکەی لە کووفە بوو، پاشان گوێزرایەوە بۆ بەغدا. یەکەمیان عەبدوڵلا کوڕی محەممەد بوو ناسراو بە ئەبولعەبباسی سەففاح، کە ساڵی ١٣٢ی ک/ ٧٥٠ی ز، وەک خەلیفە بەیعەتی پێ کرا و دواهەمینیان «موستەعسەم»ە کە ساڵی ٦٤٠-٦٥٦ی ک/ ١٢٤٢-١٢٥٨ی ز، حکوومەتی کردووە و سەرجەم ٥٤٤ ساڵ جڵەوی دەسەلاتیان بەدەستەوە بووە.

ئەوەی ڕاستی بێ خۆدانە پاڵ بنەماڵەی خەلیفە و سوڵتان و میران، زۆربەی کاری خانەدانە نەفسنزمەکانە کە خۆیان بە بچووک دەزانن و هەست بە کەموکووڕی دەکەن و پێیان وایە بەم کارە قەرەبووی دەکەنەوە. ئەو بنەماڵانەی کە خۆیان بە ئالوبەیت یان ڕەچەڵەکی عومەری، ئەمەوی، عەبباسی و خالیدییەوە دەبەستنەوە، هەموویان بە ڕەسەن کوردن. هێندەیان خۆ بە کەم زانیوە بۆیە ئەم بنچینە درۆینەیان بۆخۆیان هەڵبەستووە. وەکوو دیارە عەبباسییەکان پێویستییان بەوە نەبووە پەنا بەرنە بەر کوردستان، چونکە خۆیان جڵەوی خەلیفایەتییان بەدەستەوە بووە. لە ڕاستیدا پاش ئەوەی هۆلاکۆخان توانی خەلافەتی عەبباسی تێدابەرێ، زانا «نەسیرەددینی تووسی»ی شیعەی توندڕەو، ئامۆژگاریی کرد تا بە یەکجاری خاشەی بکێشێ و هۆلاکۆش تۆوبڕی کردن و منداڵێک نەبێ، کە لەگەڵ خۆی بردی و چارەنووسی نادیارە، کەسی نەهێشتن؛ بۆیە خۆبردنەوە سەر تۆخم و تۆوی عەبباسییەکان هەمووی درۆیە و پەیرەوانی میرانی بادینان هەڵیانبەستووە و یەکێکی وەک نووسەری نامیلکەی «ژیوکە» دەوری لەم مەبەستەدا دیارە.

١٠- مەبەستی نەستوورییەکانە کە ئەمڕۆ بە ئاشووری دەناسرێن. بەپێی بۆچوونی گەلێک مێژوونووس ئەمانە کوردن و لەسەر دەستی نەستووریووس بوونە مەسیحی و پاشماوەی گەلی لەمێژینەی ئاشووری نین.

١١- ئاقسونقور ساڵی ٥٢١ی ک/ ١١٢٧ی ز، بە فەرمانی سوڵتان مەحمود کوڕی محەممەد کوڕی مەلیکشای سەلجووقی لە بەغدا و مووسڵ بۆتە فەرمانڕەوا. دواتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوە بردووە و سەرەنجام ساڵی ٥٤٠ی ک/ ١١٤٢ی ز، کۆچیدوایی کردووە. ئەم قەڵایەش ساڵی ٥٣٧ی ک/ ١١٤٢ی ز، لەسەر کاول و هەرەسی قەڵای دیرۆکیی ئاشێب ساز کراوەتەوە.

محەممەدئەمین زەکیبەگ لە زمان «حەمدوڵڵا موستەفیی قەزوینی»یەوە دەڵێ: ناوی عیمادییە لە عیمادوددەولەی دەیلەمییەوە وەرگیراوە، کە ساڵی ٣٣٨ی ک/ ٩٤٩ی ز، لەوێ حکوومەتی کردووە و عیمادییە لە زمانی کوردیدا بۆتە ئامێدی.

١٢- سوڵتان حوسێن میرێکی ژیر و بوێر و ئازا بووە. وردەوردە دەسەڵاتی گەشەی کردووە و قەڵەمڕەوی برەوی ئەستاندووە و بۆ ماوەی چوار ساڵیش حکوومەتی مووسڵی بەدەستەوە گرتووە. زۆری خزمەت بە دەوڵەتی عوسمانی کردووە و لەبەر دڵی ئەوان کوردێکی زۆری تێدا بردوون و ساڵی ٩٤٤ی ک/ ١٥٣٧ی ز، هێرشی بۆ بردوونە سەر شارەزوور و بۆتە هۆی رووخانی حکوومەتی سەربەخۆی ئەردەڵان. ساڵی ٩٦٠ی ک/ ١٥٥٣ی ز، لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا دژی ئێران جەنگاوە و بەشدار بووە لە گیرانی تەورێز و ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان و دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردوون و هەرێمەکەیان بەپانەوە داپاچیوە و بە تاڵانوبرۆ رایانماڵیوە. ئەو نووسەرانەی کە دەڵێن ساڵی ٩٢٠-٩٢٢ی ک/ ١٥١٤-١٥١٦ی ز، لە سەردەمی باوکیدا بۆتە بەشداری یەکەم شەڕی چاڵدێران، هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی نایسەلمێنێ و تەنیا بۆچوونی خۆیانە. ئەوەی راستی بێ ئەو سەردەمی کورد هاوپەیمانی ئێران بوون و دژی رانەوەستاون؛ بەڵام کاتێک مەولانا ئیدریسی بدلیسی لەگەڵ سوڵتان سەلیم رێککەوتووە، بێقلوومحەممەدپاشای ئامەد، سۆران و سەرتاسەری جزیرەی ئیبنووعومەری داگیر کردوون.

١٣- رۆژنامەی «الاخبار»، ژمارە ٥٧١٩: «ئەم بەیرامبەگە ساڵی ٩٤٥ی ک/ ١٥٣٨ی ز، لە دایک بووە و شەش ساڵێکی حکوومەت کردووە و ساڵی ٩٩٤ی ک/ ١٥٨٦ی ز، کوژراوە.»

١٤- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە کتێبی «تاریخ الدول والامارات الكردية ٢/ ٣٩٤-٣٩٩» درێژە بە باسەکە دەدا و دەنووسێ: «وا دیارە کە دوای سەیدیخان، یووسفخان بۆتە حوکمڕانی ئامێدی. مەلیک ئەحمەدپاشای والیی دیاربەکر ساڵی ١٠٤٨ی ک/ ١٦٣٨ی ز، پەلاماری داوە و گرتوویەتی و پاش ئەستاندنی بەرتیلێکی زۆر ئازادی کردووە. پاش

یووسفخان کوڕێکی جێی گرتۆتەوە و دەسەڵاتی پەرەی ئەستاندووە و هەتا ساڵی ١٠٧١ی ک/ ١٦٦٠ی ز، ژمارەی چەکدارانی سوارە و پیادەی هەر یەکی گەیوەتە دەهەزار کەس.»

ساڵی ١١١٢ی ک/ ١٧٠١ی ز، قوبادپاشا میری ئامێدی بووە و بۆ دامرکاندنی ڕاپەڕینی شێخانی مونتەفیک لە باشووری عێراق، کەوتۆتە پاڵ لەشکری مووسڵ و دیاربەکر.

ساڵی ١١٣٨ی ک/ ١٧٢٦ی ز، بارامپاشای گەورە کوڕی زوبێرپاشا کوڕی میر سەعیدخان کوڕی سوڵتان حوسێن، کە ساڵی ١١٠٧ی ک/ ١٦٩٦ی ز، لە دایک ببوو، ساڵی ١١٣٨ی ک/ ١٧٢٦ی ز، جێی گرتۆتەوە و گەشە و نەشەیەکی بەرچاویشی داوە بە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی. بارامپاشا ساڵی ١١٨١ی ک/ ١٧٦٧ی ز، ڕووی کردۆتە دنیای نەمان و سمایلپاشای کوڕی بۆتە جێگرەوەی. ماوەیەکی درێژ حکوومەتی کردووە و زۆرجاران لەگەڵ براکانی تووشی شەڕ و نێوانناخۆشی هاتووە، کە خۆم لە گێڕانەوەیان دەبوێرم. سمایلپاشا ساڵی ١٢١٣ی ک/ ١٧٩٨ی ز، کۆچیدوایی کردووە و مرادبەگی کوڕی جێی گرتۆتەوە. ئەویش لەگەڵ جووتە برای خۆی واتە محەممەدتەیاربەگ و قوبادبەگ، کە ساڵی ١٢١٤ی ک/ ١٧٩٩ی ز، میری زاخۆ بوو، بەشەڕ هات و والیی مووسڵیان کەوتە نێوانی و پێکیهێنانەوە. ساڵی ١٢١٥ی ک/ ١٨٠٠ی ز، لەشکری عوسمانی ڕووی کردۆتە ئامێدی و قەڵای «ئاکرێ»یان لێ دابڕیوە و داویانەتە دەست قوبادبەگ و سێ ساڵ دواتر، یانی ساڵی ١٢١٨ی ک/ ١٨٠٣ی ز، ئامێدیشی گرتووە و لەسەر تەختی دەسەڵاتی پاڵی داوەتەوە. ساڵی ١٢١٩ی ک/ ١٨٠٤ی ز، خێڵی مزووری هرووژمی کردۆتە سەر قوبادبەگ و بە دیل گیراوە و لە بەندیخانە توند کراوە.

ژینەی ژین www.zheen.org

ساڵی ١٢٢٠ی ک/ ١٨٠٥ی ز، عەلیپاشای والیی بەغدا هێزێکی بێژماری میرانی بابان و سۆرانی ناردۆتە سەر ئامێدی، بەڵام لەشکرەکە لە مەودای ڕێگادا ناکۆکییان کەوتۆتە نێوانی، بۆیە عەلیپاشا محەممەدپاشای جەلیلیی والیی مووسڵی کردۆتە سەرپشک کە میرایەتیی ئامێدی دەدا بە کێ بیدا. ئەویش بەخشیویەتی بە عادلپاشا و خەڵاتیشی کردووە. ساڵی ١٢٢٣ی ک/ ١٨٠٨ی ز، دوای مردنی عادلپاشا، زوبێرپاشای برای جێی گرتۆتەوە، کە ماوەیەک لەگەڵ والیی مووسڵ تووشی شەڕ و کێشە هاتووە.

لە سەردەمی حکوومەتی سەعیدپاشای ئامێدیدا، محەممەدپاشا کۆرەی سۆران پەلاماری ئەو خاک و هەرێمەی داوە. پاش نەمانی محەممەدپاشا، میری ئاکرێ سەرلەنوێ هاتۆتەوە سەر شانۆی دەسەڵات و محەممەدپاشا بەیرەقداری والیی مووسڵی تەنگەتاو کردووە. محەممەدپاشای مەزنەوەزیر لەسەر ئەم بزووتنەوەیەی بە لەشکرێکی زۆرەوە هەڵیکوتاوەتە سەری و لە ئامێدی گەمارۆی داوە و گرتوویەتی و ناردوویەتی بۆ بەغدا و خراوەتە زیندان و هەتا ساڵی ١٢٥٩ی ک/ ١٨٣٤ی ز، تێیدا ماوەتەوە و لەوێ مردووە.

هێندێک دەڵێن: «لە بەغدا بە دەسبەسەری ژیاوە و عەلیڕەزاپاشای والی چاوەدێریی کردووە و حکوومەتی کەربەلای پێ ئەسپاردووە. پاش ماوەیەک لێخراوە و گەڕاوەتەوە بەغدا و مەدرەسەیەکی گەورەی لە مزگەوتی شێخ عومەری سوهرەوەردی دروست کردووە و ساڵی ١٢٩٢ی ک/ ١٨٧٥ی ز، لەو شارە مردووە.» بەم شێوەیە پەردە لەسەر ڕووی ئەم میرایەتییە نیشتمانییەش دادرایەوە. بەپێی دەقی کتێبی «تاریخی مووسڵ»، نووسەرێک مێژووی میرایەتیی ئامێدیی نووسیوە و دەسنووسێکی لە دێی «زیراوا»ی سەر بە ئامێدییە.

١٥-دوای شەڕی چاڵدێران (٩٢٠ی ک/ ١٥١٤ی ز)، کە عوسمانی تێیدا سەرکەوت و ئێران شکا و دەسەڵاتی لە کوردستانیش بە سەر باری لاوازیدا کەوت، عەلیبەگ پاش کێشانی سێ ساڵ زیندانی، ئازاد کراوە.

١٦- مەبەست سولتان سەلیمی یەکەم (١٤٦٧-١٥٢٠ی ز)، کوڕی سولتان بایەزیدی دووهەمە. ساڵی ٩١٨ی ک/ ١٥١٢ی ز، پاش ئەوەی باوکیان ناچار کرد دەستی بۆ لە تەختی دەسەڵات هەڵبگرێ، بۆتە سولتانی عوسمانی. زۆر لە بەرزیی ڕوانیوە و کەسێکی بوێر و خوێنڕێژ و دڵڕەق بووە و هێندەی زەبروزەنگ نواندووە کە ناوی زڕاوە بە «یاوزسەلیم» [کە بە کوردی دەبێتە سەلیمەمۆنە. و.]

سولتان سەلیم بەرەبەرە پەرەی بە دەسەڵاتی داوە و قەڵەمڕەوی بەرفرەوان کردۆتەوە. لە سەردەمی شەڕی چاڵدێراندا زانای بلیمەت مەولانا ئیدریسی بدلیسیی کردۆتە کەیخودای خۆی، هەتا میرانی کورد ببنە هاوپەیمانی دژی شاسمایلی سەفەوی. ئەم هەنگاوەی مەلا ئیدریس سەری گرتووە و چوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و ڕێککەوتننامەیان لە نێوانیدا مۆر کراوە و کەوتۆتە بواری جێبەجێ کران.

١٧- نووسەر باسەکەی هەتا ئێرە هێناوە کە دەبێتە ساڵی ١٠٠٥ی ک/ ١٥٩٦ی ز. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم میرنشینە هەتا سەردەمی بەدرخانپاشا هەر ماوە و درێژەی بە دەسەڵاتی خۆی داوە. بەدرخانپاشا لە تەمەنی ١٨ساڵیدا بۆتە میری جزیرە و ساڵی ١٢٢٧ی ک/ ١٨١٢ی ز، جڵەوی حکوومەتی بەدەستەوە گرتووە و دەسەڵاتەکەی بە میرایەتیی بۆتان ناوبانگی ڕۆیشتووە. میری بۆتان کەوتۆتە سەر بنەبڕکردنی دەسەڵاتی تورکان و دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان. لەم پێناوەدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و پەرەی بە دەسەڵاتی داوە و هەتا سنووری وان، مووسڵ، ڕەواندز و سابڵاغ (مەهاباد) پەلی هاویشتووە. شارەکانی شنگال، ئەسعرد، وێرانشار، سێوەڕەک، شنۆ و ورمێی داگیر کردوون و ساڵی ١٢٥٨ی ک/ ١٨٤٢ی ز، دراوی بەناوی خۆیەوە لێداوە.

حکوومەتی عوسمانی کە ئاوای بینیوە هەستی بە مەترسی کردووە و هێزێکی زۆری لێ کۆ کردۆتەوە و کۆمەڵێک کوردی خەیانەتکاری بەرژەوەندپەرستی تێوەداون و یەکێکی وەک عیززەددین شێری خزمی خانی هێناوە و شەڕی پێ کردووە. پاش قەومانی چەند تێکهەڵچوونێکی قورس سەری بردۆتە بەر قەڵای ئارۆخ و دابیەستووە و هێزی بەربڵاوی عوسمانی ماوەی هەشت مانگ گەمارۆی داوە و سەرەنجام بێبژیوی و بێچەکوچۆڵی بەدرخانپاشای ناچار کردووە وێڕای هاوڕێیانی دەسکەرەوەی وەدەرکەوێ و ریزی گەمارۆ بشکێنێ، بەڵام هێزەکەی خراپ شکاوە و خۆی و دوو کوڕی گیراون و ساڵی ١٢٦٣ی ک/ ١٨٤٧ی ز. نێردراونە بارگای سوڵتانی عوسمانی. حکوومەت بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە «میدالی جەنگی کوردستان»ی داهێناوە و دایرشتووە، کە لە ڕوویەکی نووسراوە: «میدالی کوردستان» و لە ڕووی دیکەی وێنەی قەڵای سەختی «ئارۆخ» وەک یادگاری ئەم ڕووداوە، شەقڵ کراوە.

[بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم ڕووداوانە بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٣١٤-٣١٨. و.]

١٨- سولەیمانبەگی کوڕی بیژەن، یەک بووە لە سەرکردەکانی ئووزوون حەسەنی ئاققۆینلوو. ئەم شەڕە ساڵی ٨٧٥ی ک/ ١٤٧٠ی ز. قەوماوە.

١٩- ئەم ڕووداوانە ساڵی ٩٦١ی ک/ ١٥٥٤ی ز. قەوماون.

٢٠- محەممەدئەمین زەکیبەگ «مەلیکان»ی بە «پادشایان» لێکداوەتەوە، کە شێوەی کۆی «ملک»ە لە زمانی فارسیدا؛ بەڵام من پێم وایە لە «ملکاتی»یەوە هاتووە کە دەچێتە سەر یەکێک لە مەزهەبەکانی مەسیحایەتی لە ڕۆژهەڵات.

٢١- محەممەدئەمین زەکیبەگ دەڵێ ناوی مەلیک ئەشرەف ئەحمەدە.

٢٢- قەرایووسف دامەزرێنەری حکوومەتی ئاققۆینلووە.

٢٣- لە نێو ناوچەکانی ئەرمەنستان بوو کە پەلاماری دا.

٢٤- مەلیک ناسرەددین محەمەد کوڕی محەمەد، ساڵی ٥٩٧ی ک/ ١٢٠١ی ز. تا ٦١٩ی ک/ ١٢٢٢ی ز. لە حەسەنکێف حکوومەتی کردووە و بە دوامین میری ئەم بنەماڵەیە دانادرێ و پاش ئەویش ڕوکنەددین مەودوود مەحموودیش نیزیکەی ساڵێکی حکوومەت کردووە.

# کتێبی سێهەم

## باسی میران و حوکمدارانی دیکەی کوردستان کە بریتین لە

## سێ دەستە

## دەستەی یەکەم دەبێتە نۆ بەش

## بەشی یەکەم

### باسی میرانی چەمشکەزەک (چەشمەکەزەک)، کە بریتین لە سێ لک

بنکەی ژین
www.zheen.org

بڵا ئەوانەی بە بۆچوونی خۆیان دنیا دەڕەنگێنن و بە تیشکەی ڕووناکیدەری دەروونیان گرێوگۆڵان دەکەنەوە و شارەزای بواری مێژوون لێیان ڕوون بێ کە میرانی چەمشکەزەک لایان وایە بە ڕەسەن دەچنەوە سەر خەلیفەکانی عەبباسی و باپیرەگەورەیان ناوی «مەلکیش»ە. بەڵام تاقمێک لە مەزنەپیاوان دەڵێن ئەمیر سلیق کوڕی عەلی کوڕی قاسم کە لە تۆرەمەی دووری سوڵتانەکانی سەلجووقییە و لە سەردەمی حکوومەتی «ئەلپ ئەرسەلان»ی سەلجووقیدا (؟) [1] بە سەر ئەرزەڕۆم و

---

١-بەپێی گومانەکەی زێرنۆڤ کە نیشانەی پرسیاری داناوە، دەبێ ئەلپ ئەرسەلان نەبێ کە ساڵی ٤٥٣ی ک/١٠٦١ی ز، میری خوراسان بووە. وا دیارە دەبێ قلیچ ئەرسەلان بێ کە ساڵی ٥٥٥ی ک/١١٦٠ی ز. بۆتە پادشای وڵاتی ڕۆم و ساڵی ٥٧٠ی ک/١١٧٠ی ز، مردووە. بڕ: پەراوێزی لاپەڕە ٣٤٣ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار کە جەمیل ڕۆژبەیانی نووسیویەتی. و.

**دەوروبەری ڕاگەیشتووە، دەشێ باوەگەورەیان بووبێ.[١] ئەم ئەمیرە ساڵی ٥٥٦ی ک/١١٦١ی ز، لەگەڵ میرانی گورجستان تووشی شەڕی قورس هاتووە و لەگەڵ چاوناسانی لەشکرەکەی بە دیل گیراوە، بەڵام چونکە خوشکی ژنی شای ئەرمەنستان بووە، بە ناردنی دیارییەکی زۆر و زەوەند بۆ گورجستان لە بەندی ڕزگار کردووە. دوای ئەوەی مردن بەرۆکی گرتووە، مەلیک محەممەدی کوڕی جێی گرتۆتەوە. پاش نەمانی مەلیک محەممەد، چاقدش بۆتە خاوەن دەسەڵات و پاش ئەوەی ئەویش مردووە، مەلیکشای کوڕی محەممەد لەسەر تەختی میرایەتی پاڵی داوەتەوە، کە ڕاپەڕیوە و سەری لە پادشایەتی خوراوە. سەرەنجام ساڵی ٥٩٨ی ک/١٢٠١ی ز، کەوتۆتە چنگ سولەیمانی کوڕی قلیچ ئەرسەلانی سەلجووقی و کوژراوە. لەو ڕۆژەوە بەولاوە ئەرزەڕۆم کەوتۆتە دەست سەلجووقییەکانی ڕۆمەوە. ڕەنگە میرانی چەمشکەزەک پشتاوپشت بچنەوە سەر ڕەسەنی ئەو مەلیکشایە و ناوی مەلیکشا لە ڕاوێژی کورداندا سوابێ و کرابێ بە مەلکیش. ناوی میرەکانیشیان وای دەنوێنێ کە لە توخم و تۆرەمەی تورکان بن، چونکە لەگەڵ ناوی کوردان و عەرەبان هیچ یەکتر ناگرنەوە.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-لێرەدا شەرەفخان بە هەڵە چووە و مەلیکشای سەلجووقی و ملکیشیی کوردی کردووە بە یەک. ملکیشی بنەماڵەیەکی کورد بوون لە سپای ئەییووبیدا و ناوی چەند میرێکیان دەزانین، وەک: بەهائەددین کوڕی ملکیشۆ و عیززەددین کوڕی ملکیشۆ و فەخرەددین محەممەد کوڕی ئەسعەد کوڕی ملکیشۆ؛ هەروەها سەدەی ٨ی ک/١٤ی ز، خالیدی ملکیشیی کورد و کوڕەکانی جەلال و مەحمود و ئەحمەد ناویان هاتووە و پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ دەوڵەتی مەملووکی لە میسر (القلقشندی، صبح الاعشی، ٣١١/٧).
لە سەدەی ٩ی ک/١٥ی زاییندا شێخ حەسەنی چەمشکەزەکی لە میرە ناودارەکانی کوردستان بووە و بە شێخ حەسەنی کورد ناسراوە (ئەبووبەکر تارانی، کتێبی دیاربەکرییە، ل ١١٦و١١٩). ز.س.

هەروەها دەگێڕنەوە مەلکیشناوێک لە نەوەکانی مەلکیشی گۆرین، کۆمەڵێکی زۆر لە دەوری خۆی دەهاڵێنێ و ٣٢ قەڵا و ١٦ ناوچە دەگرێ، کە هەر ئێستا بەدەست میرانی چەمشکەزەکەوەن و پێیان دەڵێن مەلکیشی (مەلیکشایی). مەلکیشی دەبنە سێ لک و هێندە پڕ جەماوەرن و وەچە و بەرەیان لێکەوتۆتەوە کە لە کوردستاندا بەناوبانگن. نیزیکەی هەزار بنەماڵەیان سەریان وەبەر پادشایانی ئێران هێناوە و هێندێکیان هەتا پلەی باڵا هەوراز چوون و بوونە هاوڕکێف و هاونشینی پادشا و میری سەربەخۆیان بۆ دیـاری کـراوە. خاکی ژێر دەسەڵاتیان لە کوردستان هێندە پـان و بەرینـە کـە بژاردە و ئاپۆرە، بەتایبەت خونکاری خاوەنشکۆ لە دەقی فەرمان و پسوولاندا بە هەرێمەکەیان دەڵێن کوردستان. ئەگەر لە نێو کورداندا وشەی کوردستان بێتە گۆڕێ، مەبەست چەمشکەزەکە.

لەو کاتەوە کە مەلکیش ٣٢ قەڵا و ١٦ ناوچەی پێشتر باسکراوی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، کوڕان و نەوە و نەتیژەکانی بەسەر ئەو شوێنانە ڕاگەیشتوون و لێیان بوونە میر. تەنانەت لە جەنگەی شـەڕ و هـەرای پادشایانی بەرزەجێی وەکـوو چەنگیزخان و ئەمیر تەیمووری گوورکان و شاڕوخمیرزا و قەرایووسفی تورکماندا، هەرێمی دەسەڵاتیان لە چنگ دەرنەکێشراوە؛ بەڵام ئەو زەمانەی کە هەوساری حکوومەتی چەمشکەزەک کەوتە دەست «شێخ»ی[1] کوڕی میر یەلمان بارەکە گۆڕا. لەو ڕۆژگارەدا حەسەنبەگی بایوندوری بوو بە پادشای ئێران و زۆر چاکی خۆ لە خاشەکێشانی مەزنەماڵەکانی کوردستان هەڵکرد، بەتایبەت زەبری لەوانە وەشاند کە لەگەڵ قەرەقۆینلووان ببوونە هاوپشت و نێـوانیان پێکەوە خۆش بوو. بۆ وێنە فەرمانی دا میرانی چەمشکەزەک لە بنە بێنن و بۆ وەدی هاتنی ئەم ئامانجە گەورەیە خێڵی «خەربەندەلوو»ی هـۆزی ئاققۆینلووی ڕاسپـاردن هـەتا

١-ل ١٢٠ی بودلیان: میر شێخ حەسەنی کوڕی میر یەلمان. هەر چەند دێڕ دواتر زێڕنۆڤ ئەم کەموکوورییەی چاک کردووە. و.

دە سەریانەوە نەچن. ئەوانیش هاتن و بە زۆری و زۆرداری چەمشکەزەکیان لە دەست میر شێخ حەسەن [دەرهێنا و بە سەریدا زاڵ بوون و بۆ ماوەیەک لێی بوونە ئاغا و کوێخا، هەتا خالیدبەگی کوڕی میر شێخ حەسەن هەڵیدا] [١]، کە لاوێک بوو یەکجار ئازا و بەدڵ و دەروون. کاتێک چاکە و خراپەی زانی و دەستی ڕاست و چەپی خۆی ناسی شانی لە لێدان و هەڵکەندن و دەرپەڕاندنی خەنیمان خۆش کرد و ڕۆژ و شەو هەدای نەدا و لێبڕا دانەنوێنێ و ئامانجی دڵخوازی وەدی بێنێ. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک مەردازای لە دەوری ئاڵای خۆی کۆ کردەوە و پشتی بەست بە خودای مار و مێروولە و هەڵیکردە سەر خێڵی خەربەندەلوو. زەبرێکی وای لێ وەشاندن هەر نەیهێشت سەر بکەنەوە و بە زەبری زۆر لە وڵاتی باب‌وباپیری وەدەرینان و لەسەر تەختی میرایەتی پاڵی دایەوە. پاش ئاوابوونی ڕۆژی ڕۆژگاری دەسەڵاتی، سۆهرابەگی کوڕی جێی گرتەوە و ئەویش دوای ماوەیەک دەسەڵاتداری، ڕووی کردە دنیای هەرمان و حاجی ڕۆستەمبەگی کوڕە گەورەی بوو بە جێنشینی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### حاجی ڕۆستەمبەگ

لە سەردەمی حاجی ڕۆستەمبەگدا، شاسمایلی سەفەوی هاتە سەر دەسەڵات و ئەویش نوورعەلی خەلیفەی یەکێک لە سەرکردەکانی قزڵباشی ڕاسپارد هەتا لەشکر بەرێ و هەرێمی چەمشکەزەک بگرێ. حاجی ڕۆستەمبەگ هاتە بەرەوە و بەبێ شەڕ و تێکهەڵچوون قەڵا و ناوچەکانی بەر دەسەڵاتی دایە دەستی نوورعەلی خەلیفە و خۆی بەرەو دەرگای شاسمایلی [سەفەوی] بزووت و لەوێ شانازیی ڕامووسانی لاشیپانەی پێ بڕا و بە خەڵاتی شاهانە بەسەرکرایەوە و

---

١-دەقی بودلیان، لاپەڕە ١٢١. و.

لەبری چەمشکەزەک ناوچەیەکی سەر بە عێراقی باربوو کرا. نوورعەلی خەلیفە ملی نا لە زوڵم و زۆرەملی و کۆمەڵێکی بەرچاوی میرزادە و جەماوەری مەلکیشیی کوشتن. لەسەر ئەو کار و کردارەی گەورە و بچووکی عێل و عەشیرەت لێی هەڵتەزینەوە و بوونە خەنیمی و هەرا و هاواری دژایەتیی جەماوەر لە کوورەبانی ئاسماندا دەنگی دایەوە. خەڵک چەکیان لە خۆیان شەتەک دا و ڕاسپاردەیەکی تیژبەزیان ناردە لای عێراق و ئیسفەهان بە شوێن حاجی ڕۆستەمبەگدا. خوداوڕاستان لەو جەنگەیەدا شاسمایل بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ سوڵتان سەلیمخان وێڕای لەشکری عێراق و فارس و ئازەربایجان دەچوو بۆ لای چاڵدێران و حاجی ڕۆستەمبەگیش لەو شەڕەدا هاورکێفی پادشا بوو. دوای بەزین و ڕەوینی شاسمایل، سوڵتان سەلیمخان، دەستەجڵەوی بەرەو تەورێز شل کرد و لەشکری هێنا. حاجی ڕۆستەمبەگ لە ناوچەی «یام»ی مەرەند شەرەفی ئاوزەنگیڕامووسانی سوڵتانی پێ برا. هەر لەو ڕۆژەدا وێڕای کورەزایەکی و چل کەس لە ئاغایان و پیاوماقووڵانی مەلکیشی بەپێی فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سوڵتان، کوژرا. وەک لەسەر زمانان باوە دەڵێن بۆیە کوژراوە، چونکە ساڵی ٨٧٨ی/١٤٧٣ی ز، وەختایەک سوڵتان محەممەدخانی والیی ڕۆم چووبوو هەتا قەڵای کوماخ (کەماخ) بگرێ، حەسەنبەگی بایوندوری دەگـژی ڕاچـووە، بەڵام بەرگەی نەگرتووە و بۆی دەرچووە. قەڵاداری کوماخ ویستوویەتی قەڵاکە بداتە دەست پیاوەکانی سوڵتان محەممەدخان، بەڵام حاجی ڕۆستەمبەگ دەستی وەبەرهێناوە و نەیهێشتووە. پاشان بۆ ماوەیەک قەڵای کوماخی داوەتە دەست کاربەدەستانی شاسمایلی سەفەوی و فەرڕوخشادی بایوندوری نەقڵەکەی بۆ گێڕاوەتەوە و هەرچی هەیە و نییە هەمووی بە پێچکی تەختی شارەی خەلافەتی ڕاگەیاندووە و بۆی ڕوون کردۆتەوە کە کەمتەرخەمیی حاجی ڕۆستەمبەگ بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی باپیری پایەبەرزت و دەرگای بۆ پیاوانی شاسمایل خستۆتە سەر

گازەرای پشت. ئەم قسانە لەسەر دڵی پادشای تۆڵەئەستێنەوەی وەک ئـەستێـرەی چاوسووری بارام بوونە گڕێ و کاتێک حاجی ڕۆستەمبەگی وەبەرچاوی هاتووە، هەموو کارە نالەبارەکانی هاتوونەوە بیری و بە ڕبەی خۆی بۆی پێواوەتەوە.

هەر کەس لە ڕووی شا هەڵگەڕێتەوە
بەتوندی تۆڵەی لێ دەکرێتەوە

کاتێک پیرحوسێنبەگی کوڕی حاجی ڕۆستەمبەگ لە عێراق هەواڵی کوژرانی باوکی بیستەوە، لەڕێوە هەستا و بە مەبەستی چوونە بەر ڕکێفی فەرمانڕەوایانی چرکەس ڕۆیی بۆ میسر. لە مەودای ڕێگادا تووشی مەمایبەگی حوکمداری مەلاتییە هات کە لەبری فەرمانڕەوایانی چرکەس بە سەر هەرێمەکە ڕادەگەیشت. لەو شوێنە بەشێک لە بەسەرهاتی تاڵ و ناخۆشی خۆی بۆ گێڕایەوە و بەگوێرەی کاکڵی ئەم ئایەتە هێژایە جوولایەوە کە دەڵێ: «لە کاراندا تەگبیران بکە.»[1] بۆیە سەبارەت بە چوونی بۆ میسر ڕاوێژی پێکرد. مەمایبەگ پیاوێک بوو دنیادیدە و سارد و گەرمچێشتووی بەئەزموون و زمانی ڕۆژگار ئاوای پێ هەڵدەگوت:

پیرەپیاوێک بوو ژیر و لەکارزان
وەک شەم دەبووە ئاو، ئاگرین زمان

پاش بیر کردنەوەیەکی چاک فەرمووی: ئێستا سوڵتانەکانی عوسمانی لە گەورەیی و دەسەڵات و شان و شکۆدا، لە هەموو پادشایانیان تێپەڕاندووە و

١- «وشاورهم فی الامر»، بەشێک لە ئایەی ١٥٩ی سوورەی ئالی عیمران. «لە کاراندا پرسیان پێ بکە.» و.

دەنگ و ئاوازەی جیهانگیرییان تەواوی گۆشە و کەناری دنیای تەنیوەتەوە. گلۆڵەی فەرمانڕەوایانی چرکەس کەوتۆتە لێژی، چـونکە بەپێی ویژدان و دادەوانی ناجوولێنەوە و دەسەڵات لە چوارچێوەی دادپەروەری ترازاوە؛ ڕەنگە هەر ئێستا نا تاوێکی دیکە دووکەڵی ئاگری زۆرەملی لەم خانەدانەوە هەستێ و هەرێمی حکوومەتیان لە دەست دەرچێ و یەکی دیکە جێیان بگرێتەوە. ئەگەر بە قسەم دەکەی وا چـاکـە سەری ڕکێفت وەرسووڕێنی بەرەو ڕۆم و بچی بۆ ڕاموسانی لادەرانەی سوڵتان سەلیمخان.

### پیرحوسێنبەگ کوڕی حاجی ڕۆستەمبەگ

پیرحوسێنبەگ کە بە گوڵی سەرتۆپی ئەو خانەدانە دادەندرێ، پاش ئەم دیدارە، پەندی بێگرێوگۆڵی مەمایبەگی بەدڵەوە نووسا، چونکە لە قەدیمەوە گوتوویانە:

ئەو پەنـــدەی کەوا بێگرێوگـــاڵە
بـۆ چـارەی دەردان دەرمـانی تـاڵە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەگوێرەی ئاکامی ئەم باس و ڕاوێـژە، پێـی لێبـڕانی لە ئاڵقەی ئـاوزەنگی قایم کرد و نێوەرۆکی پڕ کاکڵی ئەم ئایەتەی تێهێنا کە دەڵێ: «کاتێک لێبڕای کارێک بکەی، هەر بە تەمای خودا تێکەوە.»[١] ئەوسا بە ڕووڕاستی و بە دڵپاکی بە شوێن تەمای لێبڕاوانەی خۆیدا ڕۆیشت و ڕووی کردە بارگای وەک ئاسمان بەرزی سوڵتان سەلیمخان. لە ئاماسییە شەرەفی ڕایەخڕاموسانی پێ برا و کاتێک سوڵتان چاوی پێی کەوت، سەری لە ئازایەتی و چاونەترسانی سوڕما و پێی سەیر بوو کە

---

١- «فاذا عزمت فتوکل علی‌الله»، بەشێک لە ئایەی ١٥٩ی سوورەی بەقەرە. و.

چۆن پاش ئەوەی فەرمانی کوژرانی باوک و برا و چل کەس لە ئاغا و مەزنانی مەلکیشیمان داوە و جێبەجێ کراوە، ئەم لاوە لە خۆی ڕادیوە بێ و نەترسێ و چاونەترووکێنێ و پەنا بۆ بارگای بەرزی ئێمە بێنێ؟! سوڵتان سەلیمخان کە ئاوای دی بە دەروونی خۆیدا شۆڕ بۆوە و وەبیری هاتەوە کە دەڵێ:

ئەگەر تاوانبـــار بڵـــێ بمبـــوورە

بێتوو وا نەکەی، لە ویژدان دوورە

سوڵتان پوختەی ئەم مەبەستەی وەبەرچاو گرت و بە خەڵاتی میرانەی بەسەری کردەوە و دەستی ڕێزی لێنا و لە نێو هاوشانەکانیدا کەوڵی شانازیی خستە سەر شانی. لەڕێوە هەرێمی چەمشکەزەکی بە دابی جاران و لەسەر ڕێوشوێنی خانەدانی بەرزەجێی باربوو کردەوە و فەرمانی بێبەرگێڕەوەی بۆ نووسی. محەممەدپاشای بیغلووی مەزنی سەرکردەکانی مەرعەشی ڕاسپارد هەتا لەگەڵ پیرحوسێنبەگ بچێ بۆ چەمشکەزەک و هەرێمی بەمیراتگەڕاوی لە چنگ قزڵباشان دەرکێشێ و بیداتەوە دەستی.

محەممەدپاشا سەری وەبەر فەرمانی سوڵتان هێنا و لەشکری بەرەو چەمشکەزەک گاڵ دا؛ بەڵام پیرحوسێنبەگ دەستی خۆی وەپێش دا و بەرلەوەی لەشکری محەممەدپاشا بگاتە جێ، عێل و عاشیرەتی لە خۆی هاڵاند و بە مەبەستی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ نوورعەلی خەلیفە بەهەشتاو باڵی گرت و ڕۆیی. نوورعەلی خەلیفەش ڕۆیی و بەرەگەی لێ تەنی و لە «تاکریەیلاغی» هێزەکانیان تووشی یەک هاتن و شەڕیان لە نێوانیدا قەوما. سپای قزڵباش شکستی بە سەر شانیدا هات و لەڕێوە کوردان لە نوورعەلی خەلیفە نیشتن و سەریان لە قەڵافەتی کردەوە و گیانیان لە لەشی دەرکێشا.

بنکەی ژین www.zheen.org

پیرحوسێنبەگ گوڵزاری نیشتمانی لە پنچکەدڕووی سەرسووران بژار کرد و بەبێ هیــچ گیــروگــرفتێک لەسەر تەختی دەسەڵاتی چەمشکەزەک پــاڵــی دایــەوە. پاش تێپەڕبوونی سی ساڵی بــێســــەرێشە بە ســەر دەسەڵاتیدا، ماڵی بەرەو دوامزڵی گوێستەوە و شازدە کــوڕی لــەسەر لاپــەڕەی ڕۆژگــار بە یــادگار لــە پــاش بەجێما کە بریتی بوون لــە: ١-خالیدبەگ ٢-محەممەدیبەگ ٣-ڕۆستەمبەگ ٤- یووسفبەگ ٥- پیلەتەنبەگ ٦-کەیقوبادبەگ ٧-باڵووڵبەگ ٨-موحسینبەگ ٩- یــاقــووببەگ ١٠- ١١- عــــەلیبــــــەگ ١٢- گــــــولاویبــــــەگ ١٣-کــەیخــوســرەوبــــەگ ١٤- کەیکاوسبەگ ١٥-پەرویزبەگ ١٦-یەلمانبەگ.

براکان دوای نەمانی باوکیان دەبەریەکتر ڕاچوون و نەیانزانی کە لە کۆنەوە گوتوویانە: «برا لە لای برا بێ، مەگین قەزا لە لای خودا بێ!» ئــەم پــەندەیان تێنەهێنا و هەموویان لەسەر یەکنەبوون ڕێککەوتن و بەرەو دەرگای سوڵتان سولەیمان بزووتن و هەر کەس بۆ خۆی دەپاڕاوە و داوای فەرمانی حکوومەتی دەکرد. دەیانگوت با شارۆچکەی چەمشکەزەک و سەرانەی کافران و هەرچی هەیە لە پووشانە و مەڕانە و کاوڕانەی هەرێمەکە لەگەڵ چەند گوند و ناوچە کە شیاون بکەونە سەر بەشی سوڵتانی، ئەوە با هــەمــوویــان بــەش و مڵــکی تایبەتی خاوەنشکۆ بن و ئەوەی دەشمێنێتەوە بکرێ بە دوو سنجاغ و چاردە زەعامەت و تیمار.[١] لەسەر داوای خۆیان فەرمانی موبارەکی ســوڵتان ئاوا نووسرا کە ویستبوویان و بە سەر کوڕانی پیرحوسێنبەگدا بەش کرا و بەشی تایبەتیی لێ دەرکرا. وایان بڕیار دا کە هیچکامیان هەقی ئەوەی نەبێ مڵکی خۆی بدا بە تۆرەمەی بێگانە و دەبێ هەر لە نێو بەرەی پیرحوسێنبەگدا دەستاودەست بکا.

١-دوو ناوچە و چاردە مەڵبەند و لامەڵبەند. و.

هەروەها هیچیان نابێ تازە داوای هیچ پلە و پایەیەکی دیکە بکا لە جەغزی قەڵەمڕەوی پادشایەتی‌دا.

## لکی یەکەم

## باسی میرانی مجەنکورد

بەپێی فەرمانی موبارەکی سوڵتان سولەیمان‌خان ناوچەی مجەنکورد خرایە ژێر دەسەڵاتی محەممەدبەگی کوڕە گەورەی پیرحوسێن‌بەگ. دوای ساڵێک حوکمداری کۆچی‌دوایی کرد و چوار کوڕی سەروپێچکەی لە پاش بەجێما کە هیچیان شیاوی حوکمڕانی نەبوون؛ هەر بۆیە لە بارگای سوڵتان سولەیمانەوە ئەویش خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فەڕڕوخ‌شادبەگی برای. پاش چەند ساڵان براکانی بەغیلایەتییان پێ برد و بۆیان تێچاند و گوتیان بەشی سوڵتانی داپاچیوە و خواردوویەتی و قسەی خۆیان گەیاندە پێچکەی تەختی کانگای دادپەروەریی سوڵتانی [عوسمانی]. بەپێی فەرمانی سوڵتان سولەیمان‌خان لە سەری درا و حوسێن‌بەگ و خەلیل‌بەگی لە پاش بەجێما. لە ناوچەی مجەنکورد مەڵبەندێکیان بۆ دوو برایە وەبەرچاو گرت و خودی ناوچەکە باربووی قاسم‌بەگی برای سنان‌پاشای ئەرناودی،[1] مەزنی سەرکردەکانی ئەرزەڕۆم کرا.

چوار کوڕەی محەممەدی‌بەگیش مەڵبەند و لامەڵبەندیان بۆ دیاری کرا و دڵخۆشی درانەوە. پاشان ڕۆستەم‌بەگی حوکمداری پەرتک بە خزمەت پادشای جێبەرزی سولەیمان‌پایەی ڕاگەیاند و گوتی ئەگەرچی فەڕڕوخ‌شادبەگ بە کاری نالەباری خۆی پێوە کرد و نەیتوانی لە داوی توورە بوونی پادشایەتی دەرباز بێ،

١-ل ١٢٤ی بودلیان: «ئەرنود». و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام تکات لێ دەکەم هەر بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی خاوەنشکۆ بجووڵێنەوە و خاکی بەمیراتگەڕاوی ئەو بنەماڵەیە نەدرێ بە غەواران و باربووی پیلەتەنبەگی کوڕی پیرحوسێنبەگ بکرێ. سوڵتان سولەیمانخان خاتری ڕۆستەمبەگی گرت و فەرمانی بۆ نووسی. پیلەتەنبەگ ئەو دەمەی کە مستەفاپاشای سەردار لە شەڕی شیروان دەگەڕایەوە، ئیزنی لێ خواست و بەرەو مجەنکورد هات. کاتێک گەیشتە ناوچەی «تورجان»، گیانئەستێنی ڕاسپاردەی خودای گەیشتە سەری و نەغدینەی گیانی لێ وەرگرتەوە. چوار کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: عەلیبەگ، جانگیر، عوسمان و کەڵئەحمەدبەگ. بەپێی فەرمانی شکۆمەندی سوڵتان مرادخان، مستەفاپاشای سەردار مەزنایەتیی ناوچەی مجەنکوردی بەخشی بە عەلیبەگی کوڕە گەورەی و براکانی دیکەشی هەرکام زەعامەت و تیمـاریان بـۆ وەبەرچاو گیرا و پێی ڕازی بوون. عەلیبەگ ماوەیەکی زۆر کەم توانی بە سەر مجەنکورد ڕابگا و پاشان لە لایەن دانیشتووانی دنیای غەیبەوە هاواری لێ کرا: «تۆش ئەی گیانی لە خەمڕەخسیو؛ بە دڵخۆشی بچۆوە لای پەروەردگارت، چونکە ئەوت لە خۆت ڕازی کرد.»[1] عەلیبەگ سێ کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: حەیدەربەگ، ئەڵڵاوێردی و پیلەتەن. لە بارگای سوڵتان مرادخانەوە فەرمانی حکوومەتی مجەنکورد بۆ حەیدەربەگی کوڕە گەورەی دیاری کرا، بەڵام هێشتا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتبوو کە گیانئەستێنی لە بەردەمی هەڵقوڵی و کشەی لە مەلی گیانی کرد و لە شارستانی لەشی هەڵیفڕاند و لەم دنیا خۆنەگرەوە ڕووی کردە جیهانی ئۆقرەگر. بەگوێری فەرمانی سوڵتانی، ئەڵڵاوێردیبەگی برای بوو بە مەزنی مجەنکورد و ئێستا کە ڕۆژی دووشەممۆی ١٨ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، لەو شوێنە خەریکی مەزنایەتییە.

---

١- «یا ایتها النفس المطمئنة ارجعی الی ربک راضیة مرضیة.» سووڕەی فەجر، ئایەی ٢٧- ٢٨. و.

## لکی دووهەم
## باسی میرانی پەرتک

وەکوو پێشتر باسی کرا، دوای نەمانی پیرحوسێنبەگ، هەرێمی چەمشکەزەک کرایە دوو سنجاغ و چاردە زەعامەت و بە سەر براکانیدا بەش کرا و ناوچەی پەرتک وەبەر ڕۆستەمبەگی دووهەم کوڕی پیرحوسێنبەگ کەوت و سوڵتان سولەیمانخان بە فەرمانی خۆی بەسەری کردەوە. پاش ئەوەی لەسەر ڕەوت و ڕێبازی دادەوانی ناوچەکەی بەڕێوە برد، مەزنایەتیی دنیای پاشینی دانا بە سەرپەڕی دنیای خۆنەگری پێشین و لێی دا لە تەپڵی نەمان. بایسونقور و محەممەدی و عەلی لە پاشی بەجێمان.

لەسەر وەسێتی باوکی بایسونقور بوو بە میراتگری دەسەڵاتی و جڵەوی کاروباری بەدەستەوە گرت. بەڕاستی پیاوێکە ڕازاوەتەوە بە گەوهەری ژیری و تێگەیشتوویی و لێزانی و شارەزایی. لە بواری پاراستنی ناوچەی ژێر دەسەڵات و بەسەرکردنەوە و باڵ بەسەرکێشانی عێل و عەشیرەتیدا، لە ئامپاکانی خۆی تێپەڕاندووە و کەسێکی تاقانەیە لە تەگبیروڕا و کاروباری دنیاداریدا. لە مابەینی میرانی کوردستاندا سەری لە نێو سەراندا دیارە و ڕەسەر هاوشانەکانی خۆی کەوتووە. هەر بە شێوەیەکی سروشتی زۆر چاک لە مووسیقا دەزانێ و بواری زانست و کردەوەی تێدا ڕەچاو کردووە. کەسێکی ڕاست و دروستە و سەرجەلەی ئەویندارانی ڕۆژگارە. لە بەخشندەیی و جوامێری و پیاوەتی و ئازایەتیدا مرۆیەکی بێوێنەیە. دەسک لە دووی حاتەمی تەی دەکا و لە مەیدانداریدا تۆزی ئیسفەندیار دەشکێنێ. چۆن جوانە ئاوا لەگەڵ گەورە و بچووک دەجووڵێتەوە و یاریدەی هەموو لایەک دەدا. چی تان و پۆی حکوومەتە تێکڕای بەدەستەوەن و خاوەنی سەرلەبەریانە. هەر ئێستاکە لە پەرتک و مەڵبەندەکانی دەوروبەری میرێکی

سەربەخۆیە. بۆتە پێشەوا و جێڕاوێژی ئامۆزایان و تیرە و خێڵاتی چەمشکەزەکی. هەموویان سەریان وەبەرهێناوە و لە قسە و ڕێوشوێنەکانی دەرناچن. هیوادارم دەسەڵاتی وەکوو باب‌وباپیرانی پایەبەرزی بتەنێتەوە و گەورە بوون بە خۆیەوە ببینێ.

## لکی سێهەم

## باسی میرانی سوقمان

وەکوو باسی کرا لە زمانی سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەردا، هەرێمی چەمشکەزەک لەسەر داوای کوڕانی پیرحوسێن‌بەگ کرا بە دوو سنجاغ و چاردە زەعامەت و ناوچەی سوقمان و شارۆچکەی چەمشکەزەک خرابوویە سەر ملکی تایبەتی سوڵتانی.

کەیخوسرەوبەگ و کەیکاوس‌بەگ و پەرویزبەگ، کوڕانی پیرحوسێن‌بەگ کە هەرسێکیان لە داوێنی دایکێک بەرببوونەوە و لە زەمانی مردنی باوکیان‌دا زۆر منداڵ بوون و بە تۆزەبەشێک قنیاتیان هێنابوو؛ کاتێک ڕەسیدە بوون و چاکە و خراپەیان لێک کردەوە، بە مەبەستی ئەستاندنی میراتی دەسەڵات ساز بوون و چوونە ڕامووسانی ژێردەرانەی سوڵتان.

بۆیە بەچکەشێر چا ڕانەهاتوون
چونکە چڕنووک و کەڵپیان نەهاتوون

کاتێک لە ڕێی وەزیرە گەورەکانەوە داوای خۆیان بە گوێی پەردەدارانی بەردەرانەی شکۆداری پێشەوایەتی ڕاگەیاند و دەرانەنشینانی دەرانەی شکۆمەندی

سوڵتان قسەکەیان ڕاگوێست، بە دەریای بەخشینی بێسنووری شاهانە و بە دڵدانەوەی خونکارانە بەسەرکرانەوە. ناوچەی سوقمان کە خرابوویە نێو مڵکی تایبەتی خاوەنشکۆوە، باربووی کەیخوسرەوبەگ کرا و بە میرناوچە داندرا و فەرمانی بە مۆری شاهانە نەخشێندرا. براکانیشی زەعامەتیان بۆ وەبەرچاو گیرا.

پاش ئەوەی وا کەیخوسرەوبەگ ماوەیەک بە شادی و کامەڕانی لەو ناوچەیە گوزەراندی، سوارەی خۆشاژۆی بڕانەوەی تەمەن بەپرتاو گەیشتە سەری و سوڵتانی ڕووحی بەهەشتییانەی لە ناوچەکانی وڵاتی لەشی دەرکێشا.

کام بەرزەداری بەختەوەری بێ سەر لە ئاسمان
ملی بادەدا ڕۆژێ سەرەنجام گژەی بای نەمان

کەیخوسرەوبەگ سێ کوڕی لە پاش بەجێما: ساڵحبەگ، قاسمبەگ و عومەربەگ. ساڵحبەگ بەپێی دابی میراتگری جێی باوکی گرتەوە. قاسمبەگی برای پیاوێکی دەلووکاری سەرشێت بوو، نەدەشیا بۆ میرایەتی و سەری وەبەر قوژبنی دەرویشی هێنا و وستەی لە خۆی بڕی؛ بەڵام عومەربەگی برای هێندە بەو برابەشییە ڕازی نەبوو. ڕقی لە براکەی هەڵگرت و دە دڵی خۆی هێنا لە دەرفەتێکدا بیکووژێ. سەرەنجام هەلی بۆ هەڵکەوت و بە شیری تیژی دەمنەپارێز برای بەروپشتیی خۆی کوشت. دوای ئەم کارە بوو بە مەزن و میری سوقمان و بەدزی داواشی لە براژنی مێردکوژراوی کرد مێردی پێ بکاتەوە، هەتا ئاوا دەست بە سەر تەواوی ماڵ و سامانیدا بگرێ. خاتوونیش خوایینەخوایی بەڕواڵەت ملی دا، بەڵام لە دڵی خۆیدا ناخۆشی دەویست و لێبڕابوو بە هەر فێڵ و تەڵەکەیەک بۆی دەکرێ سەری ئەو هەوسبازە بێچاوڕووییە تێدابەرێ و تۆڵەی خوێنی مێردی بکاتەوە.

ژینگەی ژین www.zheen.org

ئەو شێرەژنە چەند کەس لە خزمەتکارانی وەفادار و بەئەمەگی جێڕازی لەو تەمایەی خۆی ئاگادار کردەوە. ئەوانیش زۆر بەدڵەوە بەو کارە ڕازی بوون. وایان دانا پاش ئەوەی بووک گوێزرایەوە و گەیشتە پەردوو، نەهێڵن عومەربەگ بە ئاواتی بگا و بە چەکەوە لە ژوورەوە لێی دەرپەڕن و گۆڕەهووی کەن.

لەو شەوەدا کە عومەربەگ بە دڵی پڕ لە تاسە و ئاوات و بە فیز و دەمارێکەوە خۆی دەلەنگاند، هەتا بچێ و پەردەی بووکوزاوایەتی هەڵداتەوە، چەکدارانی تۆڵەئەستێنەوە وەکوو شێری دەرهەڵبووی خێرا لە کەلێنەوە لێی دەرپەڕین و لەڕێوە بوونە خەنیمی مێشکی پڕ لە ڕق و لەشی تژی لە بادیهەوایی و هەستوخوستیان لێ بڕی.

ساڵحبەگ ئەم سێ کوڕانەی لە پاش بەجێمابوو: کەیخوسرەوبەگ، مەحموودبەگ و محەممەدبەگ. ئەو شێرەژنە ئازا و بەناموسە، کەیخوسرەوبەگی کوڕە گەورەی خۆی هەڵگرت و ڕۆیی بەرەو دەرانەی سوڵتان مرادخان. لەوێ هەرچی بە سەری هاتبوو بۆ وەزیرە گەورەکانی گێڕایەوە و ئەوانیش گەیاندیانە پەردەی بارگای هێندەی ئاسمان بەرزی سوڵتان. ئەویش بە شەپۆلی بەخشینی بەسەری کردەوە و کوڕی لە جێی باوکی دانا و خەڵاتی شاهانەی خستە سەر شانی و بە ئاواتی گەیشت و گەڕایەوە.

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، کەیخوسرەوبەگ بێ کەندوکۆسپ خەریکی حکوومەتە و کەسی لێ نەبۆتە شەریک و برابەش.

چارەنووسی کوڕەکانی دیکەی پیرحوسێنبەگ بەم چەشنەی خوارەوەیە:

یەکەم: یووسفبەگ، کە لەو بەشبەشێنەدا هەموو ساڵێ حەفتاهەزار ئاقچەی وەکوو زەعامەت (ئاغایانە) بۆ بڕایەوە. پاش مردنی چونکە نێرینەی نەبوو، ئەو مووچە و بەراتەی درا بە مستەفابەگ و زولفەقاربەگ و سۆهرابەگی کوڕی ئەلقاس کوڕی محەممەدبەگ.

دووهەم: موحسینبەگ، کە ئەویش لەو دابەشینەدا بڕی حەفتاهەزار ئاقچەی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە. وەختایەک مرد مووچەکەی بوو بە میراتی پێنج کوڕان و بە سەریاندا بەش کرا و ئەوانیش بریتی بوون لە: برایم، جەعفەر، شێخ حەسەن، مرادبەگ و ئەیبەسوڵتان.

سێهەم: یاقووببەگ، کە چلهەزار ئاقچەی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە و پاش نەمانی درا بە کوڕەکانی: فەڕڕوخ و دوندار و بابربەگ.

چوارەم: کەیقوبادبەگ، کە پەنجاهەزار ئاقچەی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە. چونکە کوڕێکی چاوتێری ئازا بوو، ئەو پووڵەی نەویست و دەستی لە خاک و براکانی هەڵگرت و ڕووی کردە یەمەن. لەوێ گەلێک کاری شایانی کردن و بە هیوای وەرگرتنەوەی حکوومەتی بابوکاڵی گەڕایەوە ئیستانبووڵ و لەوێش ڕووی کردە بەر دلۆوانیی خودا. چوار کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتین لە: حوسێنبەگ، مەسیح، زاهید و ئیسلامبەگ.

پێنجەم: کەیکاوسبەگ، کە بڕەمووچەیەکی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە و پاش نەمانی بەخشرایە مەنسووربەگی کوڕی.

شەشەم: پەرویزبەگ، کە دوای نەمانی ئەوەی بۆیان بڕیبۆوە، ڕایانگوێست و دایانە حەیدەربەگی کوڕی.

حەوتەم: باڵووڵبەگ، کە بڕی چلهەزار ئاقچەی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە و دوای نەمانی درا بە محەممەدیبەگی کوڕی و کە ئەویش مرد بەسەر سێ کوڕیدا بەش کرا: ئەلوەندبەگ، ئورووج و ئەحمەد.

هەشتەم: گوڵاویبەگ، کە ئەویش هەر چلهەزار ئاقچەی ئاغایانە بۆ بڕابوویەوە. لە جەنگەی پەلاماری مستەفاپاشای سەرداردا بۆ سەر شیروان لە شەڕی چاڵدێراندا لەگەڵ قزڵباشان، وێڕای چەند مەزن و میرێکی دیکەی کورد

کوژرا. مووچەکەی دوای نەمانی درا بە محەممەدبەگی کوڕی و دوای مردنی ئەویش عەلیخانی نەوەی بوو بە میراتگری.

نۆیەم: یەلمانبەگ، کە بیستهەزار ئاقچەی بۆ بڕابۆوە و پێی قایل بوو. خوداوەندی پاکی مەزن عومرێکی درێژی بۆ بڕیوەتەوە و ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، هەر ماوە.

## بەشی دووهەم

## باسی میرانی مەرداسی کە دەبنە سێ لک

لە مێرگوڵانی باسوخواسی میرانی کامەڕانەوە و لە جاڕەگوڵی فەرمانڕەوایانی ناودارەوە، ئەم بۆنە خۆشە زایە گیانی هەناسەکێشانی نووسەری ئەم دەقە کاڵ و نەکوڵیوە، کە میرانی مەزنەوەجاخی مەرداسی بە ڕەگەز دەچنەوە سەر توخم و تۆرەمەی مامی سەروەری پاکان، یانی حەزرەتی عەبباس، خودا لێی ڕازی بێ.

یەکەم پیاوی هەڵکەوتوویان پیرمەنسووری کوڕی سەید حوسێنەشەلەیە، کە یەکجار بەدین و لە خواناسیدا بۆتە گۆشەنشین. جارجارە بە گۆشی هۆشی لە غەیبەوە گوێبیستی کۆمەڵێک ڕەمز و ڕازی نادیوە بووە. بەپێی ئەو ڕەگەزنامەی کە ئێستا بەدەست وەچەی پیرمەنسوورەوەیە، بە حەڤدە پشتان دەگەنەوە سەر سەید عەلی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبباس، ڕەزای خودای لێ بێ.

پیرمەنسوور سەرەتا لە خاکی هەکاری ژیاوە و پاشان چۆتە هەرێمی ئەگیل و لە گوندی «پیران»ی دەوروبەری قەڵای ئەگیل نیشتەجێ بووە. لەو شوێنە پەرستگای بۆ خۆی بنیات ناوە و مرخی لە نوێژ و دۆعا و پاڕانەوە خۆش کردووە و شەووڕۆژ پێیانەوە خافڵاوە و کەوتۆتە پاڵاوتنی هەستی دەروونی و خەباتی خواپەرستانەی پەرە پێداوە. خەڵکی ناوچەی هان داوە لە سستەنوێژی و

**پشتـاو کـردنی ڕۆوشـوێنی دینی خۆ بپارێزن و خەریکی خواپەرستی بن. هێندەی لـەو ڕێبازەدا هەنگاو هاویشتووە هەتا بژاردە و ئاپۆرە بروایان پێ هێناوە و بەدڵەوە ڕێزیان بۆ داناوە و زۆربەیان بە ڕووڕاستی بوونە مریدی.[1]**

**پاش ئەوەی پیرمەنسوور لەم دنیای پڕ فیز و دەمارەوە ڕووی کردە دنیای لیپاولیپی شادمانی، پیرمووسای کوڕی بوو بە بەرماڵنشینی پێشەنگایەتی و خانەقایەکی لەو دێیە ساز کرد. لە ڕادەبەدەر خۆی بە ڕاهێنانی مریدانییەوە ماندوو دەکرد و چاکی سەر پێوەدێشاندن. وای لێهات کە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر و زەوەندی مەرداسی بوونە گیرۆدەی کار و ئاکاری و تامەزرۆ بوون بە کردار و وتاری. خەڵک لە دەوروبەر و ناوچەکانی دیکەوە دەهاتنە خزمەتی و ڕۆژبەڕۆژ**

---

١-لەو بـاوەڕە دام، پیرمەنسـوور هەمـان پیرمەنسـووری بەتـائیجییە کە یەکێـک بـوو لەو دەیـان سـۆفی و پیاوچـاکە خەرقەپۆشـانەی کەوا لە سـەدەی ٦ی ک/١٢ی ز، دەرکەوتـن و سەر بە قوتابخانەی سۆفیگەریی هاواری شەنبەکی بوون و نازنـاوی پیریـان هەڵدەگرت و بە گوند و دێهاتی کوردستاندا دەسووڕانەوە، ئەم پیرمەنسـوورە خـاڵی شـێخ ئەحـمەدی ڕیفـاعی (م: ٥٧٨ی ک/١١٨٢ی ز) بـوو؛ بە دووری نـازانم ئەم و پیرمەنسـوورەکەی سـلێمانی هەر یەک کەس بن.

بنەمـاڵەی «مەرداسـی»ی عەرەب بەنـاوی یەکەم میری ناسـراویانەوە «مەرداسـی کوڕی ئیـدریس» نـاونراون و دەناسـرێنەوە کە لە هـۆزی عەرەبـی «کـیلاب»ن و لە ڕووداوەکـانی سـەدەی ٥ی ک/١١ی زایینـی و لە کێشـە و ململانێـی نێـوان فـاتمی و سـەلجووقییەکاندا بەشدار بوون و دەوریان گێڕاوە.

ئەوەی لەمەڕ میرانـی قەڵای ئەگیـل لە سـەرچاوەکاندا پشتڕاسـت کـراوەتەوە ئەمەیە کە بنەمـاڵەیەکی کـوردن و هـیچ پەیوەنـدییەکیان بە تـورک و عەرەبەوە نییە و لە نیوەی یەکەمـی سـەدەی ٩ی ک/١٥ی زایینـیدا سـێ میـری ئەم بنەمـاڵەیە خاوەنـدی قەڵای ئەگیـل بـوون و ئەوانیش بـریتین لە: میـر محەمـمەد و میـر دەوڵەتشـا، واتە دەوڵەتشـای کوڕی محەمـمەدی کورد. دواتـر دەسـەڵات کەوتە دەسـت میـر محەمـمەدی کوڕی دەوڵەتشـا (النجـوم الزاهـرة، ٥٤/١٤، ٢٤٤/١٥، الصـیرفی: نزهـة النفـوس والابـدان، ٢٦٢/٣- ٢٦٥ و ئەبووبەکر تـارانی، کتێبـی دیاربەکرییە، ل ١٢٨ ، ٢٣٨). ز.س.

ئاوازەی خواپەرستی و پیاوچاکی و دینپاکیی لێرولەوێ زۆر باشی دەنگ و ڕەنگ دایەوە. بژاردە و ئاپۆرە بوونە غولامی و ملیان وەبەر چەڵەمەی مەزنایەتیی هێنا و بەرماڵی گەردنکەچییان بە شانی خۆیاندا دا.

کاتێک پیرمووساش تەشریفی ڕۆیی بۆ دنیای هەرمان، پیربەدری کوڕی جێی گرتەوە و لە پاڵەوپشتی پێشەوایەتی پاڵی دایەوە. وەختایەک لە باوەڕی خەڵکی ڕوانی و کەوتە هەڵسەنگاندنی عێل و عاشیرەتی مەرداسی و بۆی ڕوون بۆوە چۆن هەتا ئەوپەڕی خۆی بڕوایان سەبارەت بە خانەدانی توند و پتەوە، لێبڕا ئاوا دانەنیشێ و دەسەڵاتی دنیایی تێکەڵ بکا بە هێز و بڕشتی حکوومەتی دینی و هەر بۆیە بە زەبری شان و باهۆ و مەچەکی، قەڵای ئەگیلی داگیر کرد.

قەڵای ئەگیل کەوتۆتە بان زەرد و ماهێکی هێندە هەڵەت و هەڵەمووتی وا ڕکەکردوو کە مرۆڤ بە تێهەڵڕوانینی زراوی دەچێ و دەتۆقێ. وەک دەگێڕنەوە و لە نێو خەڵکدا باوە، دەڵێن جارێکی خوداناسێکی خەستوخۆڵ تەوانیویەتی پێی هەڵگەڕێ و بە تورکی تێی ڕاخوڕیوە و لەو دەمیڕا ئەو هەنیشکەشاخە ئاوا ڕکەی کردووە و قەپۆزەی دەرپەڕیوە و دەستی یەزانی لە پشت بووە. ئەوەش هەر خودا بۆخۆی دەزانێ.

وەکوو دیارە دانیشتووانی قەڵاکە و خێڵاتی دەوروبەری پێیان دەڵێن مەرداسی. مەرداس کوڕی ئیدریس کوڕی نەسیر [1] کوڕی نەسر کوڕی جەمیل سەرزنجیرەی بنیکیلاب [2] بووە. لە ڕاستیدا ئەمانە نیشتەجێی دەوروبەری حەلەب بوون کە ئەو دەمی بەدەست سوڵتانەکانی ئیسماعیلییەی میسرەوە بوو. وا هات سوڵتانەکانی میسر دەمیان تێکنا و پێکەوە کردیانە شەڕ و ناخۆشی و جەماوەری هەرێمەکە

---

١-وا دیارە زێرنۆڤ ئەم «کوڕی نەسیر»ەی لێ زیاد کردووە و خستوویەتە نێو جووت قولاپەوە. بەپێی ل ١٣٠ی دەقی بودلیان، ئەم «کوڕی نەسیر»ە زیادییە. و.

٢-تۆرەمەی سەگەل، تایفەی سەگەل، توخمی سەگ. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

هەموویان تووشی لێوەلەرزە بوون و حەجمینیان لێ هەڵگیرا.ساڵحی کوڕی مەرداس کوڕی ئیدریس ئەو بارودۆخەی لێ ڕوون بۆوە و بە هیوای دانانی بناغەی دەسەڵاتێک دەورەی قەڵاکەی دا و هێندەی پێنەچوو کە قەڵانشینان تووشی تەنگەتاوی بوون و قەڵاکەیان دایە دەستی. کاتێک ئەم دەنگوباسە گەیوەتەوە میسر، زاهیری کوڕی «حاکم»ی ئیسماعیلی، لەشکری ناردۆتە سەری و ساڵی ٤٢٠ی ک/١٠٢٩ی ز، خۆی و کوڕی لەو پەلامارەدا کوژراون. خێڵی ساڵح ماڵوکۆچیان لێناوە و خاک و نیشتمانی خۆیان بەجێهێشتووە و بەرەو ئەگیل کشاون و لەو ڕۆژەوە لێی نیشتەجێ بوون.

بەکورتی، پاش ئەوەی پیربەدر بە یاریدەی خێڵی مەرداسی توانی قەڵا و ناوچەی ئەگیل بگرێ، بەپێچەوانەی باب‌وکاڵی ماوەیەک لەوێ بوو بە میر؛ بەڵام یەکێک لە سوڵتانەکانی سەلجووقی چاوی تەمای بڕییە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و ئەویش بەناچاری هەڵات. بە پشتیوانیی خودای هانادەر هەر ئێستا چۆنیەتیی ئەم بەسەرهاتە ڕوون دەکرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## لکی یەکەم

### باسی میرانی ئەگیل کە ناسراون بە بوڵدوقانی

منی نووسەری ئەم لاپەڕانە زۆرجاران لە باوەڕپێکراوانم بیستووە کە چۆن ناوی بوڵدوقانی ساز بووە. دەڵێن دوای ئەوەی پیربەدر لە چنگ دەسەڵاتی سوڵتانەکانی سەلجووقی ڕایکردووە، چۆتە مەیافارقین و پەنای بردۆتە بەر میر حیسامەددینی حوکمڕانی ئەوێندەرێ. ماوەیەک لەوێ ماتەی هەڵگرتووە و بە نەهێنی ژیاوە.



**تابلۆی نۆهەم: قەڵای ئەگیل**



تابلۆی دەهەم: باژێڕی ئەگیل

کاتێک سوڵتان ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی ئەمیر ئۆرتۆق ڕادەسپێرێ هەتا بڕوا و قەڵای مەیافارقین بگرێ، لەڕێوە فەرمانی دەنێتە سەر چاوی و لەشکر دەبـا و چوار دەورەی دەگرێ و هێندەیان تین بۆ دێنێ، چی وای نامێنێ ویشکیان هەڵێنێ. لە جەنگەی گەمارۆدا وا ڕێدەکەوێ کە بەپێی چارەنووسی دیاریکراوی یەزدانی، میر حیسامەددین وەبەر تیری کەوانی هێزەکانی ئەمیر ئۆرتۆق دێ و دەکووژرێ و بەرەو دنیای هەرمان دەڕوا. چەکدارانی بەر فەرمانی ورەی بەرەنگاربوونەوەیان چۆڕەبڕ دەبێ و چی دیکەیان دەست بۆ ناکرێتەوە و ڕۆژبەڕۆژ بە سەر لاوازی و خاوی و خلیسکیدا دەکەون و لێیان وەدەرکەوێ کە ڕووخاون و هیچیان بۆ نـاکرێ. وا دێ کە شەوێک ئەمیر ئۆرتۆق بە زەبری چەک لـە قەڵا وەژوور دەکەوێ و دەیگرێ و بە شیری مووکار قەڵانشینان شەقوپەق و قەڵتوبڕ دەکا و جووقەواریان لێ دەبڕێ و چەکدار و بێچەک بە چاوێک دەخوێنێتەوە. پیربەدریش لەو هەرایەدا وەبەردێ و خۆشاوی گەشمەرگی دەنۆشێ و ئاوا میرانی ئەگیل بەجارێکی تۆوبڕ دەبن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نابێ لە بیرمان بچێ نەوە و نەتیژەکانی ئەم ئەمیر ئۆرتۆقە کە لەبری ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی بە سەر ماردین و ئامەد ڕادەگەیشت، سەرەنجام توانیویانە هەتا دەگاتە حەلەب و بەغدا بیگرن و مێژوونووسان ئەم بەرەبابەیان بە لالکی سوڵتانەکانی سەلجووقی داناوە و حەوت کەسیان لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵیان داوەتەوە. لە سەرەتای هاتنە سەر کاری حەسەنبەگی بایوندوری و ئاققۆینلوودا، مەلیک ناسرەددین کە دوامین کەسی ئەو وەچەیە بوو، کوژرا و ئاوا حکوومەتی ئۆرتۆقی بنەی هات.

دوای کوژرانی پیربەدر، خێزانی دووگیانی دەربازبووی دەبێتە جێی هیوا و هومێدی خێڵی مەرداسی و شەو و ڕۆژ چاوەڕوانی دانانی ئەو زگەی دەبن و وا دێ کە خوداوەندی میری مەزن لە خەزنەخانەی غـەیبەوە گەوهەرێکی

**ئەستێرەبەرز و جەوهەردارێکی پایەبڵندیان پێ دەبەخشێ هەتا ئەو خانەدانە لەمێژینەیە بژێنێتەوە.**

**هەموو ڕۆژێ کەیخودا و پیاوماقووڵان و لایەنگرانی میری، دەچوونە بەردەرگای ئەم زەعیفەیە و لێیان دەپرسی، تاکوو گەیشتە سەر نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی خۆی. ئەو ڕۆژەش خەڵکەکە هەروەک جاران لە دەوری ماڵ کۆبوونەوە و چاوەڕێی هەواڵ بوون. لەناکاو یەکێک لە ژوورەوە دەرپەڕی و بە ڕاوێژێکی مەیلەوشاراوە بە زمانی تورکی گوتی: «چوق شکر خدا کە استدوکمزی بولدوق!» [1] هەر بۆیە ئەو کوڕە پێوقەدەم پیرۆزە بە بۆلدوق ناودێر کرا و میرانی ئەگیل بە بۆلدوقانی ناوبانگیان ڕۆیی.**

**ژیرانی ڕۆمی وا دەگێڕنەوە ژنێکی بەدین**
**لەو ئاو و خاکە دڵی دەژاکێ، ڕادەبێ لە ژین**
**ڕێ دەداتە بەر دووگیان و خەمبار هەڵئەگرێ سەری**
**لە شار و لە شووی، لە ئاوەدانی دەبێ بێبەری**
**سەری دەگاتە کاولاشە کۆنێ و منداڵەی دەبێ**
**کاتێ خۆی دەمرد خەمی ئەوی بوو چۆن کەسی نەبێ؟!**

---

١- زۆر شوکر خودایە! ئەوەی دەمانویست پەیدا بوو. و.

مخابن شەرەفخانی بدلیسی ناوی ژمارەیەک شوێن و بنەماڵەی بە هەڵە لێکداوەتەوە و وەک وشەیەکی تورکی سەرەدەری لێ دەرکردوون؛ وەک ناوەکانی ئەگیل، بولدوقان و گەڵباخی. دیارە ئەم چەشنە لێکدانەوانە زادەی سەردەمی تورکانی عوسمانین و هەڵبەستراون و هیچ بنەمایەکی مێژوویییان نییە و ئەو ناوانە گەلێک لە سەردەمی عوسمانی کۆنترن و ناوی قەڵای ئەگیل وەک نموونە بەرلە سەردەمی عوسمانی لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا هاتووە (المقریزی، السلوک، ٤١٠/١/٤-٤١١، ابن تغری بردی، النجوم الزاهرە، ٥٤/١٤). دیارە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی شەرەفنامە. ز.س.

ئەو نەیدەزانی کەسی بێکەسان خودای بانیسەر
چۆنی دەداتێ و گەشەی پێ دەدا و دەبێ بەختەوەر
هێندە گەوهەری دەخاتە بن سەر، نەچێتە پێوان
بەختی بڵیندی تێپەڕێ سەری لە بەرزەکێوان

خۆلاسەی کەلام، کاتێک میر بۆلدوق پێی نایە دنیا، دایکی لەسەری چوو. پاش نەمانی دایکی مەزن و ماقووڵانی مەرداسی وەکوو گەوهەرێکی گرانبایی لە ژێر سێبەری گیانی خۆیاندا پەروەراندیان و بە دەورەیدا هاتن و گەورەیان کرد هەتا بوو بە پیاو و دەستی ڕاست و چەپی خۆی ناسی. ئەوسا تەواوی خێڵ و خزمانی ملیان وەبەر چەڵەمەی دەسەڵاتی هێنا و بوونە کۆیلەی ئاڵقەبەگوێی. ئەویش جێی باوکی گرتەوە و سێبەری دادەوانی و چاکەی بە سەریدا ڕائەنگاوتن و دەرگای زوڵم و چەوساندنەوەی بە قوڕ گرتن و باڵی لاواندنەوەی بە سەر مسوڵمانان کێشا. پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک بە سەر دەسەڵاتیدا، نوێنوبانی پێچایەوە و بەرەو دوامین دنیا ڕۆیی و میر برایمی کوڕە گەورەی جێی گرتەوە.

### میر برایم کوڕی میر بۆلدوق

میر برایم بەپێی لێوەشاوەیی و کارزانی بوو بە جێگرەوەی باوکی، بەڵام هێشتا تەواوێک جێی خۆی خۆش نەکردبوو کە سێبەردەی بۆ بووکی دەسەڵات لە لاپانکی ڕەشماڵەوە پێچا و فڕی بە سەریەوە نەماو بە کەیخودایەتی لە دنیای دیکە ڕازی بوو. لەو شوێنە دڵفەریخ و خۆشە ڕۆنیشتە سەر خوانی خۆشگوزەرانی. پاش نەمانی میر محەممەدی کوڕی جێی گرتەوە.

**میر محەممەد کوڕی میر برایم**

میر محەممەدیش تەمەنی هێندەی بـڕ نـەکـرد و ماڵی بەرەو دنیای دیکە ڕاگوێست. سێ کوڕی خۆشفەڕی لە پاش بەجێما کـە بـریتی بوون لـە میر عیسا، میر تەیموورتاش و میر حوسێن.

میر عیسا دوای نەمانی باوکی کرا بە حوکمڕانی ئەگیل. میر تەیموورتاش لە سەردەمی دەسەڵاتی باوکی‌دا بە میری قەڵای باغن و ناوچەکانی دەوروبەری داندرابوو. میرانی پالوو لەو بەرەبابەن و کە چووینە سەر باسی لکی دووهەم بەوردی باسیان دەکەین.

میر محەممەدیش باوکی بە زیندی‌سەری خۆی کردبوویە حوکمداری قەڵای بەردنج و ناوچەی یەرمووک و میرانی چەرمووک لە پشتی وی کەوتوونەوە؛ بەڵام تاقمێک لە مەزنەپیاوان لایان وایە میر حوسێن کوڕی میر محەممەد نییە و یەکێکە لە ئامۆزاکانی و کردبوویە دەسەڵاتداری ئەو شوێنانەی وا باسیان کرا. هەر چۆنێک بێ بە پشتیوانیی خوداوەندی میـری مەزن، لە لکی سێ‌دا دەچینە سەر باسی میر حوسێن و کوڕەکانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر عیسا کوڕی میر محەممەد**

دوای نەمانی میر محەممەد، میر عیسا جێی گرتەوە و بوو بە حوکمڕانی ئەگیل. زۆر بەجوانی لەگەڵ براکان و خزم و کەسانی جووڵایەوە و وێی هەڵکردن و ختەی نەدان. جەماوەری ئاسایی و چەکدارانی خێڵی هەموو پێی دڵخۆش بوون و مافیان نەدەفەوتا و بەشی هەموو لایەکی دەدا و تێکڕا شوکرانەبژێری بوون. پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک بە شوێن بانگاوازی یەزدانی‌دا ڕۆیی بۆ دنیای پاشین.

### دەوڵەتشا کوڕی میر عیسا

عەشیرەتی مەرداسی بۆدەوڵەتشا بوونە پشتیوان و لەسەر وەسێتی باوکی بوو بە حوکمڕانی ئەگیل و پاش ماوەیەک دەسەڵاتداری کۆچیدوایی کرد.

### میر عیسا کوڕی دەوڵەتشا

میر عیسا پاش نەمانی بابی بوو بە جێنشینی و ئەوەندەی بۆی کرا بە دەوری خەڵکدا هات و چاکیان پێڕاگەیشت. لە سەردەمی ویدا ئاوەدانی هەموو لایەکی هەرێمەکەی گرتەوە. وەختایەک مرد دوو کوڕی لە دوا بەجێما کە بریتی بوون لە ئیسفەندیار و شامحەممەد.

### شامحەممەدبەگ کوڕی میر عیسا

بەپێی مافی خۆی شامحەممەدبەگ جێی باوکی گرتەوە؛ بەڵام هێندەی پێنەچوو کە مرد و پێنج کوڕی لە پاش بەجێما: ١-قاسمبەگ ٢-عیسابەگ ٣- مەنسووربەگ ٤- ئیسفەهانبەگ ٥- میرانبەگ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### قاسمبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ

قاسمبەگ کەسێکی یەکجار زانا و خوێندەوار و ئازا و بەرزەئاکاری تاقانە بوو لەچاو هاوسەردەمانی. بۆ مشوورخۆری و ڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەت و ڕاگەیشتن بە جەماوەری بەر فەرمانی، لە نێو میرانی کوردستاندا لە شانی هاوشانەکانی تێپەڕیبوو.

لە زەمانی حکوومەتی ئاققۆینلوودا وای ناوبانگ ڕۆیی و دەنگی دایەوە کە بوو بە لەلەی یەکێک لە کوڕە پادشاکان و لەو ساوە بە لەلەقاسم ناودێر کراوە.

ساڵی ٩١٣ی ک/١٥٠٧ی ز، کاتێک شاسمایلی سەفەوی دیاربەکری گرت، لەلەقاسم سەری وەبەرنەهێنا و لێی کەوتە دژایەتی. شا لەگەڵی تێکەوت و لەڕێوە خانمحەممەدی ئوستاجلووی بە هێزێکەوە نارده سەری و هەرێمەکەی لە دەست دەرهێنا و مەنسووربەگێکی قزڵباشی لەوێ کردە حوکمدار. ئەگیل ماوەی حەوت ساڵ کەوتە ژێر باری نالەباری داپڵۆسین، بەڵام دوای قەومانی شەڕی چاڵدێران لەلەقاسم بە یاریدەی سوڵتان سەلیمخان خاکی باب‌وباپیرانی لە چنگ قزڵباشان دەرکێشایەوە و چۆوە سەر دۆخی جارانی و بوویەوە میر.

وەک دەڵێن لە سەردەمی «قەراخان»دا بە فێڵ‌وفرت شاری ئامەدی لە چنگ قزڵباشان دەرکێشاوە و داوێتە دەست محەممەدپاشای مەزنی سەرکردەکانی هەرێمی ئامەد. دەمبەدەم پلە و پایەی لەلەقاسم لە زەمانی حکوومەتی خانەدانی عوسمانیدا بەرز کراوەتەوە و سەرەنجام مەرگی دیاریکراو بنەی بە ژیانی هێناوە و چونکە نێرینەی لە پاش بەجێنەماوە، مرادبەگی برازای جێی گرتۆتەوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

### مرادبەگ کوڕی عیسابەگ

لەسەر وەسێتی مامی، لە دیوانی سوڵتان سولەیمانخانەوە فەرمانی حکوومەتی ئەگیلی بۆ هات. مرادبەگ پیاوێکی پاک و بەدین و حوکمڕانێکی خێرخواز و بەسایە و سێبەر بوو. گەورە و گچکەی بێگانە و ئاشنای بە چاوێک چاو لێ دەکردن و بەجوانی لەگەڵیان هەڵدەستا و دادەنیشت. گومبەزێکی زۆر چاکی لەسەر گۆڕی مامە قاسمی هەڵچنی و لە پەناشی کاروانسەرا و جێحاوانەوەی سازکرد. هەر ڕێبوارێکی بەوێدا تێپەڕیبا لە چێشت و نانی بێنێوبڕی ڕۆژانەی دەیخوارد و لەوێ دەحەسایەوە. ئەم جێگایە مەودای مزڵێک لە ئامەدەوە دوورە و پێی دەڵێن

خانی شەربەتێن. دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا، لەم کەوێڵە ڕووخەک و خـۆنـەگرەوە جێی گوێزتەوە و ڕۆیی بۆ سەرسەرای هەرمان. عەلیخان و قاسمخانی لە پاش بەجێمان و دوابەدوای یەکتر بوونە حوکمڕانی ئەگیل، بەڵام بەهاری تەمەنیان هێندەی نەبرد و وەک مانگی گوڵان زوو بڕایەوە و لەم جیهانە دوودەرگانەوە بۆی دەرچوون. قاسمبەگ دوو کـوڕی لـە پاش بەجێما: جەعفەربەگ و غەزەنفەربەگ.

### جەعفەربەگ کوڕی قاسمبەگ

بەپێی فەرمانی سوڵتان سەلیمخان، جەعفەربەگ هەر منداڵ بوو کە حکوومەتی ئەگیلی باربوو کرا. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، پتر لە ٢٥ ساڵە لەوێ بۆتە میر و بە سەری ڕادەگا.[١]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## لکی دووهەم
## باسی میرانی پالوو

وەکوو پێشتر لە بابەتی بەسەرهاتی ئەگیلدا باسی کرا، میرانی پالوو لە پشتی میر تەیموورتاشی کوڕی میر محەممەد کوڕی میر برایم کوڕی میر بوڵدوق کەوتوونەوە.

---

١-بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی دواتری میرانی ئەگیل بڕواننە کتێبی «دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی»، نووسینی «شەمعی» بە زمانی تورکی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، ل ٣٥-٤٠، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥. و.

میر تەیموورتاش حوکمڕانێک بووە دڵاوا و فرەزان و بوێر و مەردازا و جوامێر. پرشنگی بەخێروبێری تەواوی گۆشە و کەناری وڵاتی گرتۆتەوە و لە نێو هاوشانەکانی‌دا شۆقی داوەتەوە. لە باری بۆچوون و لێکدانەوە و تەگبیروڕادا درەوشاوەتەوە. لە چوارقوڕنەی دنیادا ناوبانگی دەنگی داوەتەوە. بەکورتی لەو ساوە کە باوکی هەوساری کاروباری پالووی ناوەتە پەنجەی بەهێزی، هەتا ئەو ڕۆژەی کۆچی‌دوایی کردووە، زۆر بە باشی لەگەڵ خواروژووری جەماوەر جووڵاوەتەوە. پاش نەمانی، میر هەمزەی لە پاش بەجێماوە و عێل و عاشیرەت وایان بە باش زانیوە ئەو جێی بگرێتەوە. ئەویش دوای ماوەیەک دەسەڵاتداری بەرەو باغی بەهەشت بارگەی تێکناوە و چوار کوڕی لە پاش بەجێماوە کە بریتین لە: حوسێن، یەغموور، عەلی و ڕۆستەم.

**حوسێن‌بەگ کوڕی میر هەمزە**

بەپێی لێوەشاوەیی و میراتگری کاروباری دەسەڵاتی کەوتە سەر شانی. لەو جەنگەیەدا کە ئاق‌قۆینلوو بەسەر وەربوون و هەرا و ئاژاوە خاکی دیاربەکری تەنییەوە، حوسێن‌بەگ بە هیوای گرتنی قەڵای ئەرغەنی بە سەر تورکمانانی‌دا دا و کوژرا. هێشتا قومێکی لە پیاڵەی خۆشاوی حکوومەت نەنۆشیبوو کە تاڵاوی مەرگی بە گەرووی‌دا کرا و «بۆی ڕوون بۆوە کە جەنگەی ماڵاوایی خواستنە.»[١] چونکە کوڕی نەبوو، جەمشیدبەگی برازای جێی گرتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- «وظن انه الفراق»، سوورەی قیامەت، ئایەی ٢٨. «لێشی ڕوونە کە جەنگەی جودابوونەوەیە.» و.

**جەمشیدبەگ کوڕی ڕۆستەمبەگ**

وەکوو دەگێڕنەوە، جەمشیدبەگ لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مامیدا، سەری وەبەر خالیدبەگی پازووکی هێنابوو. ڕۆژێک لە جەنگەی ڕاودا بازی ڕاوکەری خالیدبەگ ڕووی لە داوی دەستی بازەوانی وەرگێڕا و ڕاستەوخۆ بەرەو سینەی ئاسمان باڵی گرت و هێندە ڕۆیی هەتا لە شانی مەلی چەرخی گەردوون لەنگەری گرت و لە چاوان ون بوو. هەموو لایەک لایان وابوو تازە دەرچوو ناگەڕێتەوە. لە گەرمەی ئەم بیر و بۆچوونانەدا لە پەرپەرۆچکەی ئاسمانەوە تیژباڵی بەرەو نەوی بوون داهێشێت و هاتەوە و سووکێکی لەسەر سەری جەمشیدبەگ هەڵنیشت. خالیدبەگ و پیاوماقووڵان وەک ڕووداوێکی بەهاتیان دانا و گوتیان بێوەنەبێ هێندەی پێ ناچێ کە ئەستێرەی بەختی ئەم پیاوە بەرز دەدرەوشێتەوە و دوای چەند ڕۆژان، هەرواش دەرچوو.

لەم کایەدا دەسکەلا گەر بێت و چاکی بێنێ
چەشنی ئەستێرەی بەخت هەر دێت و خۆ دەنوێنێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

وا هات مامی مرد و میرایەتیی پالووی بە میرات پێ برا. جەمشیدبەگ پیاوێکی دنیادیدە و ڕاهاتووی سارد و گەرمی ڕۆژگار بوو. لە تەگبیروڕا و ڕاپەڕاندنی کاروباری گرینگ و کردنەوەی گرێکوێراندا کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا بوو. ئەو دەمەی کە مەزن و میرانی کوردستان سەریان وەبەر دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمخان هێنا، ئەویش خۆی وەدوا نەدا و زنجیری کۆیلەبوونی خستە ئەستۆی و زینپۆشی پێمل بوونی بە شانیدا دا.

قزڵباش توانیبوویان دەست بە سەر هەرێمی پالوودا بگرن و ئەرکی پاراستنی بخەنە سەر شانی عەرەبشابەگی تورکمان. بە پشتیوانی سوڵتان و بە زەبری

دەست و مستی خۆی کە چەند جارێک شەڕی پیاوانە و ڕۆستەمانەی کردن، توانی ملکی باب‌وکاڵی ڕزگار بکا و قزلباشان دەرپەڕێنێ.

بەپێی بەسەرهاتێکی سەیر، گۆیا لەو شەڕانەدا غولامێکی جەمشیدبەگ بەدەست تورکمانان بریندار دەبێ و لایەکی کاژەلاکی بە دەم شیرەوە دەچێ و دەپەڕێ و مێشکی وەدەردەکەوێ. حەکیمان لێی کۆدەبنەوە و برینەی دەرمان دەکەن و لەبری ئەوەندە قاپێلکەی نەماوە، لەپە کوولەکەیەکی ویشکی بۆ دەبڕن و پێوەی دەنێن و پێستەکەی بۆ بەسەر دەکێشنەوە. پاش ماوەیەکی وردەوردە جێگاکەی گۆشتەزوون دێنێتەوە و خۆ دەگرێتەوە و سارێژ دەبێتەوە. دەڵێن بەو حاڵەوە ئەوەندە ژیاوە کە چەند منداڵێکی دیکەشی لێکەوتۆتەوە. ئەگەرچی پێویست نەبوو ئەم بەسەرهاتە لێرەدا بنووسرێتەوە، بەڵام مامۆستایانی مێژوونووسی پەنجەنەخشین ئەگەر تووشی ڕووداوێکی ئاوا جێی سەرسوڕمان بوون، خۆیان لێ لانەداوە و بە قەڵەمی تازەبابەتیان نووسیویانەتەوە و منیش لێرەدا کاری ئەوانم ڕەچاو کرد.

ئینجا دەگەڕێمەوە سەر باس‌وخواسی جەمشیدبەگ و دەبێ بڵێم پاش ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتی هەرێمی پالووی گرتۆتە دەستی لێوەشاوەی، بە تێهێنانی بەرژەوەندی، هەنگاوی بەجێی هاویشتوون و خۆی لەگەڵ مەزنان و وەزیرانی عوسمانی ڕێکخستووە و دڵی هەمووانی ڕاگرتووە. کارێکی وای کردووە کە خونکارانی خاوەن‌شکۆی دادپەروەری عوسمانی زۆر چاکیان بڕوا پێ هێناوە و بە پیاوێکی بێ‌گرێ‌وگۆڵیان داناوە. تەنانەت سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەر، چەند جارێک کە بە مەبەستی گرتنی ئێران بە کوردستان‌دا تێپەڕیوە، لە نێو تێکڕای مەزن و میرانی کورددا بۆ ڕاوێژ و قسە لێ کردن تەنیا بە شوێن جەمشیدبەگی‌دا ناردووە و بە پیاوی ئەو بوارەی داناوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

کانی ئاوەزن دڵ و چاوی تۆ هەمووی پەسندن مەیل و کاوی تۆ
تۆ سەدەفێکی دەم پڕ گەوهەری مەند و مەتین و لە بانی سەری

لەسەر ئەم پێوشوێنە چەند جارێک لە جەنگەی پەلاماردانی ئێراندا وەک ڕاوێژکار بوو بە هاوڕکێفی سوڵتانی زەمانە و بەختی چاکی دیتا. زۆربەی ئەو قسانەی کە لە جێی خۆی دەیکردن، بـە دڵـی خاوەنشکۆوە دەنـووسـان و ئافەریمی لێ دەکرد و بۆچوون و ئامانجەکانی نەدەبردەوە پاش و لێیان تێنەدەپەڕی. وەکوو ئاشکرایە هێندەی بلێی خێر و چاکە و خەڵاتی هەموو لایەکی دەگرتەوە و باشی بە ڕێبازی دنیاداری دەزانی و خەڵکی دەلاواندەوە. لە ژیری و تێگەیشتوویی و لێوەشاوەیی و وریاییدا کەس تای نەدەکرد. بۆ وێنە دەڵێن هەموو ساڵێ سێ هەزار سەر «نێری»ی خۆی بۆ فرۆشتن دەنـاردنـە حەلەب و هەر یەکەی جووتێک ناڵە ئەسپ و یەستری دەملی دەکردن و لە بەرچاوی کڕیاران ڕایدەنان. سەنگی ئەو ناڵانە چل خاڵواری باری وشتر دەبوون.[1] خاوەنی دەهەزار سەر مەڕی سپی بووە و ئەوەندەی پێویستیشی بووبێ لەو پێیە وڵاخی بەرزە و پاتاڵ و گای بەرجووتیی ڕاگرتووە. لە زەمانی خۆیدا هیچ میر و مەزنێکی کوردستان هێندەی وی زەنگین نەبووە. قەڵا و خوێندگەیەکی لە پالوو ساز کردووە و لە شوێنێکی

١-لە ڕاستیدا خـاڵوار هەمـان خەروارە؛ واتە بـاری کەرێـک، بـاری خەرێـک، خەربـار. لە فارسی و کوردیدا بـۆ حیسـاباتی کێشـان، هەر خەڵوارێک ٣٠٠ کیلـۆیە. ئەوەی ڕاستی بـێ هـیچ کەرێکـی ئاسـایی ڕەنـگە لە ٦ پـووت زیـاتر نەبـا کە دەبێـتە ٩٦ کیلـۆ. ئەگەر خەربـار (خەڵوار) ئاوا حیساب بکەین هەر جووتە ناڵێک دەبێتە ١/٣٠٠ گرام. بەڵام وەختایەک باسـی بـاری وشـتر دەکـرێ ٣٠٠ کیلـۆ تەواوە و دەبـێ هەر ناڵێـک ٢ کیلـۆ بـووبێ کە نـاکرێ وابـێ. بۆچوونی یەکەمی خۆم بە باشتر دەزانم. و.

دوورەوە ئاوی کانیاوێکی ڕاکێشاوەتە قەڵا و شارۆچکەوە [1]. لە جێگایەک بەناوی «دەموور قەپوو»، کاروانسەرا و میوانخانەیەکی یەکجار بەرین و بەرفرەوانی ساز کردووە، کە هاتوچۆکەران زستانان و هاوینان پەنای لێ دەگرن و لێی دەحەسێنەوە.

پتر لە سەت ساڵی بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیوە و شێست ساڵی لە پالوو حکوومەت کردووە. سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر بۆی نووسیوە کە هەتا دنیابەدنیایە با پشتاوپشت پالوو ملکی خۆی و کوڕان و نەوە و نەتیژەکانی بێ و لەو فەرمانەدا هاتووە ئەگەر کەسێک لێی لابدا وەبەر لەعنەتی خودا کەوێ.

میری پالوو هەر بە زیندیسەر، حوسێنخانی کوڕی خۆی دانابوو بە جێنشینی. دوای تێپەڕاندنی ئەم تەمەنە پشتی کردە کەپرۆکەی ژیان و مەیدانی کەڵەوەکێشی و کوێرەوەری و بە شەنگەشەنگ بەرەو شوێنی پشوودان و حەسانەوە ڕۆیی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دنیای دوو دەری کە دێ و ڕادەبرێ    هەر جارەی کەسێ هەوساری دەگرێ
کۆنە کۆخێکە و هەر خۆی ڕادەنێ    زانا کوا دڵی لە ڕێی دادەنێ
دنیای بێوەفا دابی وەهایە    هەنگوینی دێنێ و ژاری لە دوایە

جەمشیدبەگ پێنج کوڕی لە پاش بەجێما: حوسێنجانبەگ، حەسەنبەگ، هەمزە، تەیموورتاش و دەوڵەتشا. حوسێنجانبەگ و حەسەنبەگ دەستیان گەیوەتە تەختی دەسەڵات و دەچینە سەریان. هەمزەبەگی کوڕی سێهەمی لە ڕیزی

---

١-لە پەراوێزی لاپەڕە ١٣٨ی دەقی دەسنووسی بودلیاندا ئەم ڕستەیەی لێ زیاد کراوە: «ئەو مزگەوتەی لەوێ سازی کردووە، هێندە گەورەیە و جوان داڕێژراوە کە تەواوی مزگەوتە گەورەکانی پالەو تای ناکەن.» و.

پاسەوانانی دەرگای پادشادا دامەزرا و ساڵێ دەهەزار ئاقچەی مووچە بۆ بڕایەوە؛ بەڵام لەگەڵ باوکی کەوتە سەر باری ناجسنی و لاساری و بابیشی لە حەیفان گوتی کوڕی من نییە و لێم بێبەری بێ. پـاش نەمانی، ڕۆستەمبەگی لە پاش بەجێما و مستەفاپاشای سەردار بەڵێنیی پێدا ئەگەر لەگەڵ عوسمانپاشای وەزیر بچێتە پاراستنی شیروان و بێتەوە، حکوومەتی پالووی باربوو دەکا؛ بەڵام لە شەڕی شەمماخیدا لەگەڵ ئەرەسخان بەدەست قزلْباشان کوژرا و ئەو سەرەی بردبووی نەیهێنایەوە.

تەیموورتاشی چوارەم کوڕی، لە سەردەمی ژیانی باوکیدا کرابوویە مەزنی خەربوود (خەرپووت) ی سەر بە دیاربەکر. هەر ئەو دەمی مرد و ئاڵای حکوومەتی هەڵگرت و بەرەو دنیای دیکەی برد و لێیدا لە تەپڵی سەفەری. دوو کوڕی لە پاش بەجێما: ئەڵڵاوێردی و ئەسیل.

دەوڵەتشابەگی کوڕی پێنجەمی جەمشیدبەگ، لە ڕیزی پاسەوانانی پایەبەرزی پادشایەتیدا دامەزرا و ساڵانە بڕی چلهەزار ئاقچەی مووچە بۆ بڕابوویەوە. هەر ئەو دەمی مرد و ئەحمەد و یووسف لە پاشی بەجێمان.

### حوسێنجانبەگ کوڕی جەمشیدبەگ

وەکوو باسی کرا، جەمشیدبەگی باوکی هەر بە زیندیسـەری خـۆی حوسێنجانبەگی بە جێگرەوەی دانابوو. لەم بارەشەوە توانیبووی فەرمانی هێژای سوڵتان سولەیمانخانی بۆ وەربگرێ. دوای نەمانی باوکی بوو بە میری سەربەخۆی پالوو و بە گوێی دوور و نیزیکی ڕاگەیاند کە هەر خۆم هەوم و کەسی دی نا. لەڕێوە دەستی کرد بە برەوپێدانی دادەوانی و گەشاندنەوەی باری ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و کەس نەما بەسەری نەکاتەوە و ورد و درشت ئۆخژنیان بە درووونیدا گەڕا. ناوبانگی سۆزی گەرموگوڕ بوونی لەگەڵ بێگانە و خۆیی لە هەموو

باڵانەوە دەنگی دایەوە. سازی قانوونی دادپەروەری و ئەرغەنوونی دۆستایەتیی هێنایە دەنگ و چریکەی خۆشناو بوونی گەیشتە هەوراز پەردەی ئاسمانی کوورپەبانەوە. هەروەک باوکی بوو بە سەرکاروانی بەدڵودەروونی و گەشەپێدەری هونەر. بوو بە پیاوێکی هەرە دیاری کوردستان و تەنانەت لە عێراق و حیجازیش ئاکاری جوانی ڕەنگی دایەوە و لە نێو ئامپاکانیدا تاقەسوارە بوو.

پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک بە سەر دەسەڵاتیدا و ڕابواردنی بە خۆشی و کامەڕانی، چـی کاری چاکە کردی و وەپاشی نەدا و سەرەنجام بە مردنی خۆی مرد و ڕووی کردە باغی بەهەشت. کوڕێکی دەلووکارەی لە پاش بەجێما کە شیاوی جێی باوکی نەبوو؛ بۆیە خزم و کەس و خێڵات وێکڕا بڕیاریان دا حەسەنبەگی برای جێی بگرێتەوە.

### حەسەنبەگ کوڕی جەمشیدبەگ

حەسەنبەگ بەپێی فەرمانی سوڵتان مرادخان و دەنگی تێکڕای خێڵات و مەزنەپیاوانی خۆوڵاتی بوو بە میری پالوو. دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر حکوومەتیدا، دڵی تەواوی جەماوەری وەدەست هێنا. ساڵی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، لـە جەنگەی گەڕانەوەی قەرامستەفاپاشای سەرداردا لـە سـەفـەری شیروان، ڕووی کردە بەر سایەی دلۆوانیی پەروەردگار. دوو کوڕی لە پاش بەجێما: سولەیمانبەگ و موزەففەربەگ.

### سولەیمانبەگ کوڕی حەسەنبەگ

دوای نەمانی حەسەنبەگ، لە لایەن مستەفاپاشای سەردارەوە، حکوومەتی پالوو درایە دەست سولەیمانبەگ. محەممەدپاشای مەزنەوەزیریش بەپێی چەند

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەرجێک لە ئاستانەی بەختەلانی سوڵتان مرادخانەوە، فەرمانی حکوومەتی بەخشی بە یووسفبەگی کوڕی دەوڵەتشابەگی کوڕی جەمشیدبەگ.

یووسفبەگ و سولەیمانبەگ چەند ساڵێک لەسەر دەسەڵات پێکهەڵپڕژان و ئاوری ئاژاوە دەورەی تەنین و جەماوەرێکی زۆری هەردک لاش تێداچوون. هەموو جارێکیش خەڵکی پالوو لانی سولەیمانبەگیان دەگرت و دەبوونە بەرهەڵستی یووسفبەگ. ئەگەرچی یووسفبەگ لاوێکی یەکجار ژیر و بەبیر و وریا و شارەزا و کارزان و خوێندەوار و داوێنپاک و حەیا بەخۆ و وەک ڕۆستەم وابوو لە بوێریدا و ترووسکەی بڕشت و توانست و دڵاوابوونی وەکوو حاتەمی تەی لە هەموو لایەک ئاشکرا بوو، بەڵام هیچی بۆ نەکرا.

به کاوی دڵی نەزانە گەردوون    زانا دەناڵێ بە دەم لە پووش بوون

یووسفبەگ هێندە بە شوێن دەسەڵاتەوە بە سەرکزی و لارەملی لە بەردەرگای خۆڕیوتۆڕی و گەندەپیاوان ڕاوێچکەی کرد، هەتا گیانی هاتە سەر لێوی و بە کۆڵێک دەرد و پەژارەوە لەم دنیا ناجوامێرەوە ڕووی کردە جیهانی ئۆقرەیی و تۆتەکە گرتن. پاش نەمانی بەگوێرەی دانانی چەند مەرجێک حکوومەتی پالوو بۆ «ئەحمەد»ی برای براپەوە. ئەویش لەسەر دەسەڵات لەگەڵ سولەیمانبەگ خوێنیان کەوتە بەینی و شەڕێکی زۆریان کرد و ئەوەندەی بڵێی پێکداهاتن و جەماوەرێکی بەرچاوی خزم و خێڵی هەردک لا سەریان تێداچوو. هەر چەند خۆی هێناوبرد و شێلگیرانە ئاتەگی بە لادا کرد، بەڵام بەخت و هاتی نەیهانی.

بەخت بیهێنێ، تەگبیری ناوێ    سەرمایەی بەختە و هەنگاوی داوێ
نوقمی نەهاتین مرۆی چارەڕەش    بێخەمن کەسی خاوەن پلە و بەش
سەروەتی بەخت نە خەونە و خەیاڵ    ڕاسە و بێگرێ، نەو گەمەی مناڵ

سەرەنجام ئەگەرچی زۆری سەری خۆی لێرولەوێش دا، بەڵام بەختی بە هانایەوە نەهات و چی نەهامەتییە لەسەر ڕێی قــوت بــوونەوە. ساڵی ١٠٠١ی ک/١٥٩٢ی ز، بە هیوای ئەوەی سوڵتان ئاوڕێکی بەخێری لێ بداتەوە و بیخوێنێتەوە ڕۆیی بۆ ئیستانبووڵ. ڕاست لەو سەروبەندەدا گیرۆدەی نەخۆشیی تاعوون هات و پێی چوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە بەولاوە دەسەڵاتی پالوو بەبێ شەڕ و گەڕ کەوتۆتە دەست سولەیمانبەگ و بەرهەڵستی نەماوە.[1]

## لکی سێهەم

### باسی میرانی چەرمووگ (چەرمک)

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێشتر باسمان کرد کە میر محەممەد قەڵای «باغن»ی دابوو بە میر تەیموورتاشی کوڕی و دەسەڵاتی قەڵای «بەردنج»ی بۆ میر حوسێن بڕیبۆوە. هێندێک لایان وایە میر حوسێن کوڕی میر محەممەدە و تاقمێکیش بە یەکێک لە ئامۆزاکانی دەزانن. هەر چۆنێک بووبێ، میر حوسێن ماوەیەک بە سەر قەڵاکە ڕاگەیشت و سەرەنجام سەری وەبەر باری مەرگ هێنا.

**میر سەیفەددین**

میر سەیفەددین کوڕی میر حوسێن بوو کە دوای نەمانی باوکی جێی گرتەوە و دوای ڕۆژگارێک ئەویش ڕۆیی بەرەو دنیای هەرمان.

---

١-بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە مێژووی دواتری خانەدانی میرانی پالوو بڕواننە کتێبی «دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی»، نووسینی «شەمعی» بە زمانی تورکی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، ل ٤٨-٦٤، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥. و.

**شایووسف**

شایووسفی کوڕی ڕەسەنزادەی میر سەیفەددین، لە دوای باوکی بوو بە مەزن و دەسەڵاتدار و ئەویش هێندەی خۆ نەگرت و ماڵوکۆچی ژیانی لەو کاولەکۆنە وێرانەیەوە ڕاگواست.

**وەلاتبەگ**

پاش نەمانی شایووسف، وەلاتبەگی کوڕی لەسەر تەختی دەسەڵات ڕۆنیشت و بوو بە جێگرەوەی و دوای ماوەیەک مەرگی لە چارەی نووسرا.

**شاعەلیبەگ**

شاعەلیبەگ دوای مردنی وەلاتبەگ بوو بە مەزنی خزم و خێڵان. ئەویش بەو بیابانە بێبڕانەوەیەدا ڕۆیی و نەدیو بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئیسفەندیاربەگ**

دوای مردنی شاعەلیبەگ، ئەم ئەرکە قورس و گرانە کەوتۆتە ئەستۆی ئیسفەندیاربەگ.

**بایوندوربەگ**

بایوندوربەگ پاش ئیسفەندیاربەگ وەک مرۆیەکی لێوەشاوە بوو بە سەرقافڵەی دەسەڵات و سەرەنجام دەستی لە داوێنی ئەم دنیا لەرزۆکە بەردا و لە باوەشی دنیای هەتاهەتاییدا ماتەی هەڵگرت.

**محەممەدبەگ**

دوای بایوندوربەگ، محەممەدبەگ بوو بە مەزن و میر و ڕێکخەری کاران. مەچەکی لێ هەڵماڵی و توانی ناوچەی چەرمووگ لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی قزڵباشان دەرکێشێتەوە و بیباتەوە سەر دۆخی زەمانی باب‌وباپیرانی. لە جەنگەی گیرانی دیاربەکردا، سوڵتان سەلیم‌خان مڵکنامەیەکی موبارەکی چەرمووگی بۆ نووسیوە و سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەر بۆی مۆر کردووە. لەو کاتەوە چەرمووگ بە مڵکایەتی بۆتە ئی ئەو خانەدانە، بەڵام دەبێ بڕی لادینانەی کافرەکانی ناوچەکە بۆ دیوانی دەسەڵاتی دیاربەکر بێ و ئەسپاردەی خەزێنەی ئامەد بکرێ. ئەم مەرجە ڕەچاو کراوە و هەر ئێستا محەممەدبەگ مەزنی چەرمووگە.

## بەشی سێهەم

## باسی میرانی ساسۆن کە ناسراون بە حەزۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوانەی شارەزان لە نووسینەوەی وتەی ورد و باریک و قەڵەمپاراون لە داهێنانی شێوە و شێوازی ڕوانبێژی، بەو خاڵە وردە دەزانن و ئاگادارن کە میرانی ساسۆن بە ڕەسەن دەچنەوە سەر پادشایانی ساسانی. وەک دەڵێن ڕێشی تێناچێ درۆ بێ و لەگەڵ میرانی بدلیس بن‌ئامۆزان. لە ڕاستی‌دا ئەم دوو بنەماڵەیە لە پشتی عیززەددین و زیائەددین کەوتوونەوە کە پێکەوە برا بوون و لە ناوەندی دەسەلاتی ئەرمەنستانەوە کە «ئەخلات»ە پەڕەوازەی بدلیس بوون. لەوێ قەڵای «ساسۆن»یان لە چنگ کابرایەکی گورجی بەناوی «تاویت» دەرکێشاوە و

عیززەددینیان لەسەر داناوە. دیارە چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە لە بەشی بەسەرهاتی میرانی بدلیس‌دا بە دووروودرێژی دەکەوێتە بەرباس[١].

ئەوەی ڕاستی بێ چونکە کورد بە عیززەددین دەڵێن عیززین، میرەکانی ناوبانگیان ڕۆیشتووە بە عیززانی. لە جەنگەی گیرانی قەڵای ساسۆن‌دا کۆمەڵێک لە عەشیرەتی ڕۆژەکی کەوتوونە ئەو شوێنە و عێلاتە کۆنەکانی ناوچەکە بریتین لە: شێرۆیی، بابووسی، سووسانی و تەمووقی. پاش ئەوەی دەستیان بە سەر ناوچەی «ئەرزەن»دا گرتووە و خستوویانەتە سەر ملکی خۆیان، عەشیرەتی خالیدی، دێرموغاری، عەزیزان و چەندێکی دیکەشیان ڕاکێشاونە ژێر ڕکێفی خۆیان.

میرانی ساسۆن لە نێو میرانی کوردستان‌دا بە دەهندەیی و ئازایی و بەجەرگی و پاڵەوانی بەناوبانگن. لە شەڕگە و قڕگەدا پێشاوبڕەی هاوشانەکانی خۆیان داوەتەوە. هەمیشە لەگەڵ فەرمانڕەوایان و خونکارانی خاوەن‌شکۆ گونجاون و نەکەوتوونە سەر باری ملانە و ناتەبایی. چەند جارێک پادشایانی ئاق‌قۆینلوو و قزڵباش و عوسمانی هەڵیانکردۆتە سەر کوردستان، بەڵام ئەم میرانە دەستیان بە پەتی نەپسێنی حاوانەوە و ڕێککەوتن گرتووە و توانیویانە خاکی خۆیان لە هرووژمی بەزێنەری خاقان و سوڵتانە مەزن و هێژاکان بپارێزن. هەر بە نەرمونیانی سەرنجی دەسەڵاتدارانی هەرە گەورەیان بە لای خۆیان‌دا ڕاکێشاوە و کەوتوونە بەر پشتیوانی.

یەکەم کەسێکی ئەم میرانە کە ناوی کەوتۆتە سەر زمانان و ناوبانگی ڕۆیشتووە میر ئەبووبەکرە و دوو کوڕی بەرزەئاکاری لە پشتی کەوتوونەوە: خدربەگ و عەلی‌بەگ.

---

١- لە لاپەڕەی ٢٣٨ی کتێبی دیاربەکرییەدا ناوی مەلیکی ساسۆنی لە ڕووداوەکانی ساڵی ٨٦٤ی ک/١٤٦٠ی زایینی‌دا هاتووە. لە دەسنووسە ئەرمەنییەکانیش‌دا باسی مەلیکی ساسۆنی کراوە و ناوی داودی کوڕی مەلیکی ساسۆنیش هاتووە. ز.س.

**خدربەگ کوڕی میر ئەبووبەکر**

خدربەگ پاش نەمانی باوکی جێی گرتۆتەوە و هێندەی نەبردووە کە بۆتە میوانی مردن و چونکە کوڕی نەبووە، حکوومەت کەوتۆتە دەست عەلیبەگی برای.

**عەلیبەگ کوڕی میر ئەبووبەکر**

عەلیبەگ دوای مردنی کاکی، عێل و عەشیرەت هاتوون و بە تێرادیوی وەباڵیان لەسەر دەسەلاتی کێشاوە و جێی باپیری پایەبەرزی خۆی گرتۆتەوە. عەلیبەگ شەووڕۆژ و بێپسانەوە لەگەڵ لاوانی گوڵباو شەرابی خواردۆتەوە و خەریکی کەیف و خۆشی و ڕابواردن بووە. بە دەنگی چەنگ و ڕوباب و تووڕەی بلوێر ژەنگوژاری پەژارەی لە دڵی پیر و جوان ئەستڕیوە.

لەو دەمەدا کە مەزن و میرانی کوردستان چـووبـە خزمەت شاسمایلی سەفەوی و لە ڕکێفیدا ماونەوە، زۆربەیانی گرتووە و قەڵەمڕەوی دەسەلاتیشی لێ داگیر کردوون. عەلیبەگ لەو هەرایەدا بە خۆڕێکخەری توانیویەتی دەرباز بێ و کار و ئاکاری بە دڵی شاسمایلەوە نووساوە. شەو هەتا بەیان لە کۆڕی تایبەتیدا ڕۆنیشتووە و لەگەڵ شای بەرزەجێ ملی ناوە لە ئارەقخواردنەوە.

عەلیبەگ لەگەڵ شەرەفبەگی میری بدلیس نێوانی زۆر خۆش بووە و کچێکی خۆی داوەتێیە و وەکوو باب و کوڕ لەگەڵی هەستاوە و دانیشتووە و بەوپەڕی گەرموگوڕی تێکەڵاوی یەکتر بوون. پاش ماوەیەک سەرەنجام عەلیبەگ دەستی لە دنیای خۆنەگر هەڵتەکاندووە و سێ کوڕی لە پاش بەجێماوە: محەممەدبەگ، خدربەگ و شاوەلیبەگ.

**خدربەگ کوڕی عەلیبەگ**

ئەو کاتەی کە عەلیبەگ لە تەوریز لە خزمەت شاسمایلدا کۆچیدوایی کرد، محەممەدبەگی کوڕە گەورەشی لەگەڵ بوو. خزم و خێڵی بە تێکڕای دەنگ خدربەگیان بە مەزنی خۆیان دانا؛ بەڵام شاسمایل فەرمانی میرایەتیی بۆ محەممەدبەگ نووسی. لە درێژەدا باسی بەسەرهاتی ئەم دوو برایە دەخەینەڕوو. دەبێ لە بیرمان نەچێ کە شاوەلیبەگی سێهەم کوڕی عەلیبەگ لە زەمانـی خـۆیدا جوانەمەرگ بووە و نەیتوانیوە لەو هەڕەتە تێپەڕێ. کە مرد کوڕێکی تـاقـانەی لە پاش بەجێما کە ناوی میر دیادینە و ئێستا ماوە.

**محەممەدبەگ کوڕی عەلیبەگی ساسۆنی**

وەختایەک پاش نەمانی باوکی، خدربەگ بە یاریدە و پشتیوانیی هۆز و تیرە و خێڵات بوو بە میر، محەممەدبەگ بەناچاری وێڕای چەند کەسێک لە پیاوان و یارانی ڕۆیی بۆ خزمەت سوڵتان سەلیمخان. لە جەنگەی پەلاماردانی قاهیرەی میسردا شانبەشانی هێزی هەمیشە سەرکەوتووی سوڵتانی شیری وەشاند. لە شەڕی چرکەساندا سوڵتان زۆر پیاوانەی هاتە بەرچاوی و پاش شکانی خەنیمان، دوای دوو ڕۆژان تەماشایان کرد خۆ محەممەدبەگ لە نێو کۆمەڵی کوژراواندا بێسەروزمان کەوتووە و وێدەچێ نەمابێ. میران و وەزیران ڕووداوەکەیان بە خزمەت سوڵتان ڕاگەیاند و ئەویش خێرا پزیشک و برینپێچی تەڕدەست و شارەزای ڕاسپاردن بە دەوریدا بێن و برینی دەرمان کەن. فەرمانی دا هەرچی پێویستە لە خەزنەخانەی دارماڵی شاهانە بۆی دابین بکرێ. وەزیرە گەورەکان کەوتنە پێوشوێنی کاروباری و لێیان پرسی چت دەوێ هەتا بۆتی وەدی بێنین؛ ئەویش داوای کرد هەتا هەرێمی ساسۆنی بدەنە دەستی و ناوچەی «ئەرزەن»یشی

بخەنە سەری، کە لەگەڵ میرانی حەسەنکێف کێشەیان بوو لەسەری. ئەوانیش بەدڵەوە داواکەیان وەرگرت و فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سوڵتانی بۆ مۆر کرا.

وەختایەک خدربەگ پێی زانی، بە مەیل و ڕەزامەندیی خۆی وازی لە دەسەڵات هێنا. مووچەیەکی لە داهاتی خاکی حەزۆ بۆ دیاری کرا و ماوەیەکی چاک پێی ژیا و پاشان سەری وەبەر باری مەرگ هێنا. دوای نەمانی چوار کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: سوڵتان مەحموود، ئەحمەد، یاقووب و محەممەد. سوڵتان مەحموود بە مردنی خۆی مرد. ساڵی ٩٩٢ی ک/١٥٨٤ی ز، کاتێک محەممەدپاشای مەزنی سەرکردەکانی ئامەد لە کلیسای «مووخوران»ی دەوروبەری تفلیس بەرگەی هێزەکانی قزڵباش و سەماعوونی گورجیی نەگرت، یاقووببەگی کوڕێکی دیکەی خدربەگ جەنگەی کشانەوە لە دەربەندی «تومانس» کوژرا. لە باسەکانی داهاتوودا بە درێژی لەسەر بەسەرهات و چارەنووسی دوو کوڕەکەی دیکەی خدربەگ، یانی ئەحمەدبەگ و محەممەدبەگ دەڕۆین.

بەڵێ وەکوو باسمان کرد محەممەدبەگ بوو بە میری سەربەخۆی ساسۆن، بەڵام مەلیک خەلیلی میری حەسەنکێف وا بە سووکی ناوچەی ئەرزەنی بەدەستەوە نەدا و لێی کەوتە خاوەخاو و گوێی بە داواکە نەبزووت. وەستا و کرێکاری ڕاسپاردن و بە دەوری قەڵاکەیدا هاتن و کەڵتەیان کردەوە و کۆمەڵێک پاسەوانی بۆ دانا و زۆر چاکی شان لە پاراستنی شل کرد.

پاش ماوەیەک محەممەدبەگ بە کۆمەگ و یاریدەی شەرەفخانی میری بدلیس و شاعەلیبەگی میرهەرێمی جزیرە، لەشکری بردە سەر ئەرزەن و قەڵاکەی ڕووخاند و پیاوەکانی مەلیک خەلیلی لەوێ دەرپەڕاند و دەستی بە سەردا گرت. پاش حەڤدە ساڵ حوکمڕانی، ماڵاوایی کرد لە دنیای بێبەقا و ڕۆیی بۆ جیهانی ئەولا. شەش کوڕی لە پاش بەجێما: سولەیمانبەگ، بەهائەددینبەگ، ساروخانبەگ، خانبوداق، حوسێنبەگ و عەلیبەگ. سێ کوڕی

یەک بەدوای یەکدا حکوومەتیان کردووە. حوسێنبەگ کوڕێکی لە پاش بەجێمابوو بەناوی حەسەنبەگ و لە دوای کوژرانی سارووخانبەگ کە هەوساری دەسەڵات درایە دەست محەممەدبەگی کوڕی، ئەویش گوتی وا نابێ و دەبێ من میر بم و شەڕیان لە نێوانیدا هەڵگیرسا. هێزەکانی فەرهادپاشای سەردار چوونە یاریدەی محەممەدبەگ و حەسەنبەگیان گرت و دایانە دەست میری ساسۆن و وێڕای سێ کوڕی کوژرا.

بوداقبەگ، مرادخانی لە دوا بەجێمابوو. لە شەڕی گورجستاندا بێسەروشوێن بوو. ئەویش بەهائەددین و بوداقی لە پاش ماونەوە. عەلیبەگی کوڕی لە سەردەمی ژیانی باوکیدا مرد و وەچەی لێ نەکەوتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### سولەیمانبەگ کوڕی محەممەدبەگ کوڕی عەلیبەگ

ساڵی ٩٣٧ی ک/١٥٣٠ی ز، سولەیمانبەگ دوای نەمانی بابی، بەپێی فەرمانی هێژای سوڵتان سولەیمانخان، بوو بە میرهەرێمی ساسۆن. بەهائەددینبەگی برای مەزنایەتیی ناوچەی ئەرزەنی باربوو کرا.

سولەیمانبەگ پیاوێک بوو شاهانە بیری دەکردەوە و دەجووڵاوە و سەردەرانەی بیری بڵندی دەنواند و مەند و مەتین و بەقورساغ و ئازا و دڵاوا بوو. ئەو دەمەی کە سوڵتان سولەیمانخان پاش گرتنی بەغدا و بدلیس بە دۆڵی «کیفەندۆر»دا تێپەڕی و تاوڵی سەر لە ئاسمان و دەرانەبەرزی لە دەشتی ئەرزەن هەڵدا و لە ترسانی زەمین و زەمان وەک مێژۆکە لەرزین و قاژوقیژ و زەنازەنا کەوتە چیا و گومبەزی ئاسمان، سولەیمانبەگ وەکوو کێوی پۆڵا چەقی و نەخەجڵی و لە ساسۆن وەسەر خۆی نەهێنا. ئازووخە و پاشەکەوتی ناردە دەرگای ئەو پادشایەی کە شانی لە شانی سولەیمان[پێغەمبەر] دەدا و لەسەر تەختێکی وەک

تەختی ئەسکەندەر پاڵی دابۆوە و خۆی نەهاتە ژێردەرانەڕامووسانی و تەنانەت نەیهێشت شەمسەددینبەگیش بچێ بۆ مەلاتییە.

سولەیمانبەگ پیاوێکی ئەوەندە دڵتەڕ بوو کە هەمیشە و دایمی خودای خەریکی خواردنەوەی شەرابی سوور و ئاڵ بوو لەگەڵ جوانانی تەرز و باڵابەرز و ڕوومەتگوڵ و بۆ دەمێکیش چییە، دەمی لە پیاڵەی شەراب نەدەکردەوە. بە دەنگی چەنگ و ڕوباب کەیفی گوڵی دەکرد و لەم جیهانەدا چۆنی پێخۆش بوو ئاوای ڕادەبوارد. سەرەنجام بە نەخۆشیی خوللوێرکە فەرەنگی ماڵاوایی خواست لە دنیای بێبەروپشت و ڕۆیی بۆ دنیای پاشین و نێرینەی لە پاش بەجێنەما.

ئەرێ چوونە کوێ جەم و جامی وی چی لێ بە سەر هات، سەرەنجامی وی
کەس نەیدیوە ژین هەتاهەتا بێ هەر خودا یەکە و بەتەنیا مابێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەهائەددینبەگ کوڕی محەممەدبەگ کوڕی عەلیبەگ**

بەهائەددینبەگ پاش نەمانی کاکی، بەپێی فەرمانی بەرزەنیشان و بێبەرگێڕەوەی سوڵتان سولەیمانخان بوو بە میری ساسۆن. لە تەواوی کاغەز و فەرمانەکانی حکوومەتیدا بەناوی میری حەزۆ ناوی هاتووە. بەهائەددینبەگ پیاوێکی بەدینی سەرشێتە بوو. لە سەردەمی خۆیدا هیچکام لە میرانی کوردستان بۆ ئازایەتی و بەخشندەیی نەیگەیشتوونێیە. ئەوەندەی بۆی کراوە زۆر چاک خزمەتی سوڵتانی کردووە و کارەکانی ڕەنگیان داوەتەوە. لە زەمانی سولەیمانبەگی برایدا، نەیانهێشتبوو بێ و بە سەر ئەرزەن ڕابگا و لەبری ئەو مەزنایەتییە سەتهەزار ئاقچەیان لە داهاتی مەڵبەندی خاکی حەزۆ بۆ بڕیبۆوە. ئەویش لە [حەیفان] بۆ ماوەی پازدە ساڵان پشتی کردە زێد و یارانی و جاری وایە بە پێیان و هەڵی وایە بە سواری لە ڕکێفی هەمیشە زاڵی سولەیمانیدا لە

ئیستانبوولٚ بە ڕاوێوە خافلاًبوو. سولّتان سولەیمانخان ناوی نابوو دەلوو بەهائەددین.[١] قەت چاوی لێ خافلٚ نەدەکرد و چۆن چاکە ئاوا دەیلاواندەوە. جاری وایە کردوویەتە میرئالاً و لە سێوەڕەک و ناوچەی دیکە بە میرناوچەی داناوە.

وەکوو ئاشکرایە دلاًوابوونەکەی لەوەیدا نەبووە باسی بکرێ. بۆ وێنە ئەگەر یەکێک میروویەکی بۆ هێنابا، لەڕێوە فیلێکی دەدایە و بێتوو پشیلەیەکی هێنابا، وشترێکی باربوو دەکرد. لەسەر ئەم پێوشوێنە دنیایەک لاتەوپاتە و چەورە و چنۆک دەوروەیان دابوو. ئەگەرچی هەموو ساڵێک بڕی ٦٠ تا ٧٠ هەزار فلۆریی لە داهاتی حەزۆی دەکرایە دەستی، بەڵام بەرگەی نـەدەگرت و ٢٠ هەزاری دیکەشی قەرز دەکرد و هەمووی بۆ خوازەڵۆک و خوێڕی و شەلاتان بەخت دەکرد و یەکجار کەیفی بەو کارەی ساز بوو. کە مرد بڕی ٣٠ هەزار فلۆریی قەرزی خستە سەر دەستی میراتگرانی و گوێی بە قسەی ژیران نەدەبزووت کە گوتوویانە:

هـەر ئەوەی بخـۆ وەک شـێر و پڵنـگ
کـە وا گـش ڕۆژێ بیهێنـی وەچنـگ

بەهائەددینبەگ پێنج کوڕی لە پاش بەجێما، بەڵام چونکە پاشەواری پیاوێکی قەرزداربای سەرسووتاو بوون و هیچکامیش شیاوی حکوومەت نەبوون، لێکەوتن. گەرچی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم سولەیمانبەگی کوڕیشی وەک میری حەزۆ دەسنیشان کرا، کەچی سەرەنجام سارووخانی برای جێی گرتەوە و پتر لە سی ساڵ حکوومەتی کرد و هیچ کوڕێکی لە پاش بەجێنەما.

**سارووخانبەگ کوڕی محەممەدبەگ**

---

١-واتە بەهائەددینەشێتە. و.

ساروخانبەگ لە سەردەمی دەسەڵاتی بەهائەددینبەگدا، بە لانەوازی و بەلەنگازی لە هەندەران دەژیا و ڕووی لە هەرێمی حەزۆ وەرگێڕابوو. جاروبارە لە ناوچەی بارگیری، شێرۆیی، کەسان، مووش و سێوەڕەک دەکرایە میرناوچە و هەندێک جاریش بۆخۆی دەیگوزەراند و دەهات و دەچوو. ماوەی هەژدە ساڵ ئاوا ژیا و کاتێک بەهائەددینبەگی برای مرد، بە مەبەستی بوون بە جێنشینی ڕووی کردە دەرگای بارگای سوڵتان سەلیمخان. لەوێ محەممەدپاشای وەزیر کە لە پەنا پادشای مەزندا توانیبووی ئاسوودەیی بەدی بێنێ، بێ ڕووبینی و بە بیری ورد و ڕووناکی تێکڕای کاروباری قورس و گرانی خواروژووری خەڵکی ڕادەپەڕاند. هەمیشە ڕێزی لە مەزنەماڵە کۆنەکان دەگرت و خاتری ئادەمیزادانی ئارام و گونجاوی تێدێنا و پێی وابوو نابێ خۆ لەو ئەرکە بدزێتەوە، هەر بۆیە یاریدەی ساروخانبەگی دا.

بـۆ وەزیـری وا هەزار ئـافەرین
بە خۆشەویسـتی دەشـواتەوە کـین

وەزیر بۆخۆی لە خەڵکی بیستبوو کە بەهائەددینبەگ هەمیشە گوتوویەتی کوڕەکانی من هیچیان شیاوی دەسەڵات نین و تێیان ڕانابینم؛ بۆیە کاتێک حەسەنپاشای کوڕی خۆی، کە مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر بوو تکای لێ کرد حکوومەتی حەزۆ بداتە دەست سولەیمانبەگی کوڕە گەورەی بەهائەددین، جوابی نەداوە. فەرمانی حکوومەتی حەزۆی بۆ ساروخانبەگ وەرگرت و بە خەڵاتی شاهانە لاواندییەوە و لە نێو هاوشانەکانیدا سەری بەرز کردەوە و ناردی بۆ ناوەندی دەسەڵاتی. ئەویش چۆن چاکە ئاوا لەگەڵ مەزن و ماقووڵان جووڵایەوە و زوڵمی لێ نەکردن. دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بە سەر مەودای دەسەڵاتیدا،

چونکە وا فێرە تریاککێشان ببوو پێوەی دەناڵی، گەلێک نەخۆشیی بێچارەسەریشی پێوەنووسا و پێیانەوە بناوبێر بوو.

لەو کاتەدا کە سپای هەمیشە باڵادەستی پادشاهی بە سەرکردایەتیی مستەفاپاشا دەنگ درابوو بۆ گرتنی گورجستان و شیروان، ساروخانبەگ لە «چەڵدر»ی سەر بە گورجستان وێڕای لەشکری دیاربەکر و کوردستان، پێشەنگی سپای ئیسلام بوو. بێئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێ لەناکاو کۆمەڵێک قزڵباش لە جەنگەی تاوپەڕیندا پەلاماریان دان و خۆری ئاسمانی ژیانی ساروخانبەگ لە ئاسۆی ئاوابوونەوە بەرەو شەوی نەمان شاتللۆرەی بەست. خەوی مردن لە حەشارگەی برانەوەی تەمەن بە سەریدا هات و دەستی لە ئامێزی وەرێنا. لەو شەڕەدا کە محەممەدبەگی کوڕیشی لەگەڵی بوو، بە هەزار کوێرەوەری و چەرمەسەری خۆی لەو دەریا قووڵ و بێبن و لەو گێژاوە مەلەوانخنکێنە دەرباز کرد و گەیشتە لێواری ڕزگاری. پاش تەواوبوونی سەرەخۆشی و ماوەی تازیەداری، جێی باوکی گرتەوە. کوڕەکەی دیکەی کە عەلیبەگ بوو، هێشتا مێرمنداڵ بوو کە بەرەو سەفەری بێگەڕانەوە ڕۆیی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**محەممەدبەگ کوڕی ساروخانبەگ**

ساڵی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، دوای کوژرانی باوکی، محەممەدبەگ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، جڵەوی حکوومەتی گرتە دەستی و ئەرکی پاراستن و ڕێکخستن و بە دەورەدا هاتنی قۆشەنی کەوتە سەر شانی. هەر بۆخۆی لاوێکی ئاکارپاک و جوانچاک و بەڕێوجێ و بەرزەڕەوشت بوو. بەپێچەوانەی پێشینییانی وێنەی لە هەستان و دانیشتنی خەڵکی ڕۆم هەڵگرتەوە و فەرهەنگی ئەوانی ڕەچاو کرد. بە گەورەیی هەوای خوێندن و نووسینی کەوتە سەری و لە زمانی فارسی و خەتی شکستە ڕاهات.

جاروباره دەکەوتە لەبەرنووسینەوەی دەقی مامۆستایانی خەتخۆش و بەوپەڕی جوانی وێنەی لێ هەڵدەگرتنەوە و بڕشتی مقەستی لاساکردنەوەی ڕێک دەردەچوو. لە دەروونی خۆیدا ئاواتی فێربوونی هونەری دیکەی زۆر بوون، بەڵام بەدەستییەوە نەهاتن. وەکوو [تورکانی] ڕۆمی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی دەکردە بەری و لە خواردن و خواردنەوەدا ڕچەی ئەوانی دەکوتا و لەو بوارەدا کەس شانی لە شانی نەدەدا.

ساڵی ١٠٠١ی ک/١٥٩٣ی ز، بە ڕووڕاستی و تاسەباری خۆی بۆ سەفەری حیجاز ئامادە کرد و بە مەبەستی تەوافی ماڵی خودا و زیارەتی مەرقەدی پێغەمبەر (د.خ)، وەڕێ کەوت. پاش بڕینی چەند قۆناخ و تێپەڕبوون بە چیا و چۆڵ و دەشتی خۆڵەپۆتە و خیزەڵاندا، گەیشتە مەککەی جێگابەرز و کابەی پیرۆز کە لەوێ: «بازرگانی و ساتوسەودا ناتوانێ یادی خودا لە بیر پیاوان بەرێتەوە.» [1] پشتەماڵی بێدرووومانی لە خۆیەوە پێچا و «ڕووی کردە مەسجیدولحەرام» [2] و کەوتە جێگایەک «نابێ لە هیچ شتێک بترسێ، ئەگەرکوو پەنای بۆ بەرێ.» [3] چونکە «خودا حەجی داناوە بۆ هەر کەسێکی بۆی بکرێ.» [4] لە دواییدا [سەری وەبەر ئەم فەرمانە هێنا کە نووسراوە:] «پاش ئەوەی داب‌ودەستووری دیاریکراوتان

١- «رجال تلهیهم تجارة ولا بیع عن ذكرالله»، بەشێک لە ئایەی ٣٧ی سوورەی نوور.

٢- «فول وجهک شطر المسجدالحرام»، بەشێک لە ئایەی ١٤٤ی سوورەی بەقەرە. «جا ئێستاکە ڕووت وەرگێڕە بۆ لای مەسجیدولحەرام.» و.

٣- «ومن دخله كان امنا»، بەشێک لە ئایەی ٩٧ی سوورەی ئالی عیمران. هەر کەسێ پەنای بۆ بەرێ، نابێ لە هیچ شتێک بترسێ. و.

٤- «ولله على الناس حج البیت من استطاع الیه سبیلا»، بەشێک لە ئایەی ٩٧ی سوورەی ئالی عیمران. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

بەجێ هێنا، یادی خودا بکەن.»[1] ئینجا لەم دەریا کۆکۆیەی جەماوەردا نوقم بوو کە «هەموو بۆ لای خودا دەگەڕانەوە.»[2] بەڕاستی ئەم ڕووداوە: «بەسەرکرانەوەیەکی هێژا بوو.»[3]

ئەوەی ڕاستی بێ محەممەدبەگ زۆری خۆ بە کاروباری حکوومەت و ڕێکخستنی یاسا و ڕێسای دەسەڵات و سیاسەتەوە خەریک نەدەکردە. جڵەوی کاری دابوویە دەست پیاوێکی لێوەشاوەی وەک شەمسەددینی کوڕی فەرەیدوونئاغا. ئەویش بە دڵی خۆی دەبزووتەوە و بە زەبری دەستومستی تەواوی کاروباری دەسەڵاتی خستبوویە ژێر چۆکی خۆی. میر بەبێ ئیزنی وی نەیدەتوانی قومێک ئاو بخواتەوە و تاقە دینارێک چییە خەرجی بکا و مستە دەغڵودانێک بکڕێ یان بفرۆشێ. تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانە دەیتوانی هەستێ و دانیشێ و تێکەڵاو بێ کە شەمسەددین مەیلی لێ بووبا.

خزم و خێڵ و ئەمەگداران و ئامۆزاکانی لەسەر ئەم کارانە بە گژ شەمسەددیندا دەچوونەوە و ئەویش خێرا لەسەری وەجواب دەهات و هەرچی فزەی کردبا لە خاکی خۆی دەریدەکرد و تەنانەت لێدەبڕا خوێنیشی بڕێژێ. ئەو دەمەی کە حەسەنخانی ئامۆزای و خانغازانی کوڕی حەسەنخان کوژران، کچی حەسەنخان و خوشکێکی خۆشی کە ژنی خانغازان بوو، لە شەمسەددینی مارە کردن. وا مێشکی محەممەدبەگی پڕ کردبوو لە بای بادیهەوایی، کە خۆی بە هاوشانی میرانی بەرزەشان دەزانی و لەسەر ئەو پێوشوێنە هێرشی بردە سەر جزیرە هەتا میر شەرەف لەسەر دەسەڵات هەڵدێرێ و میر محەممەدی برای لە

١- «فاذا قضیتم مناسککم فاذکروالله»؛ بەشێک لە ئایەی ٢٠٠ی سوورەی بەقەرە. و.

٢- «کل الینا راجعون»؛ بەشێک لە ئایەی ٩٣ی سوورەی ئەنبیا. هەمووشیان بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە. و.

٣- «ذلک هو الفضل الکبیر»؛ بەشێک لە ئایەی ٣٢ی سوورەی فاتیر. و.

جێی دابنێ. بێپسانەوەش لەگەڵ عەشیرەتی ڕۆژەکی و زەرقی و سلێمانی (سلێڤانی)، کە دراوسێی بوون، کێشە و هەرای بوو. ساڵی ١٠٠٤ی ک/١٥٩٥ی ز، پاش هەژدە ساڵ دەسەڵاتداری، ڕۆیی بۆ بەر دلۆوانیی یەزدانی و بە وەجاخکوێری تەمەنی بڕایەوە.

**ئەحمەدبەگ کوڕی خدربەگ و محەممەدبەگی برای**

پاش ئەوەی محەممەدبەگی کوڕی ساروخانبەگ لەم فیزخانەوە ڕووی کردە خانەی هەرمان، کوێخا شەمسەددین کە ببوو بە یەکەدەمڕاستی ئەو خانەدانە و تەوەرەی سەرەکیی هەڵسووڕانی چەرخی دەسەڵاتیان، ئەحمەدبەگی دانا بە میری حەزۆ. عێلات و تیرە و تایفە بە تێکڕایی سەریان وەبەرهێنا و هەموویان بە یەک هەڵوێستی تێکەوتن. مرادپاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر چۆنیەتیی ڕەوتی ڕووداوەکانی بە پێچکەی تەختی ماکەی پێشەوایەتی ڕاگەیاند.

محەممەدبەگی کوڕی خدربەگ کە هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی محەممەدبەگی کوڕی ساروخانبەگ و تەنینەوەی دەسەڵاتی شەمسەددینەوە لە هەرێمی حەزۆ بازرە ببوو، خۆی گەیاندبوویە لای میری بۆتان و لەوێ دەژیا. ئەو دەمەی محەممەدبەگ مرد ئەو لە شارۆکەی ئەسعرد (سێرت) بوو. وەختایەک بیستییەوە ئەحمەدبەگی برای کراوەتە میر، لەگەڵ بەهائەددینبەگی کوڕی مرادخان، کە ئەویش ماوەی دوو ساڵێک دەبوو وێڕای چەند ئاغایەکی دیکەی حەزۆ، بەتایبەت شامراد و حوسێنئاغای سووسانی و بارامئاغا بە ئاوارەیی و تەرەکەمەیی لە بدلیس و شیروان گیرسابوونەوە، بەرەو حەزۆ پێیان نایە ئاوزەنگی. شەمسەددین لەو پێکەوەبوونەیان تۆقی و ئەحمەدبەگی تین دا تا محەممەدبەگی برای بکووژێ. محەممەدبەگ بە پیلانی شەمسەددینی زانی و وەک دەڵێن: «کاری چاکی دووپاتە، شیاوی تاریفاتە»، لەگەڵ ئاغایانی سووسانی بە دابی جاری پێشوو ڕەوی و ڕووی

کردە قەڵای ساسۆن. مەزن و ماقووڵانی ساسۆنیش کە لە چنگ تیخی زمان و ئاکاری نالەباری شەمسەددین وەتەنگ هاتبوون، لـەسەر دژایەتی کردنی پێکهاتبوون و قسەی دڵ و زمانیان کردبوو بە یەک، هەر بۆیە بەرەوپیری چوون و دەروازەی قەڵایان بۆ خستە سەر پشت و فەرموویان کرد. ئەوەی ڕاستی بێ قەڵای ساسۆن لەو کەژوکۆ سەخت و ئەستەمانە بوو کە مەل بە هەزار کوێرەوەری دەیتوانی بە سەری‌دا بفڕێ و شنەی شەماڵ لە جەنگەی تێپەڕین بە هەڵدێر و تەلانی‌دا گرگر دەوەستا.

دەبوو پاسەوان بە کۆمەکۆمە، لە لێوی سەربان
پاسی بدێرێ، نەک سەری بدا لە میچی عەزمان

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە شەمسەددینی خوێڕی و سەرشۆڕ ئەوەندەی دیکەی فڕ سوار بوو؛ وای لێهات ڕۆبوویە بەرۆکی ئەحمەدبەگ و بەرگی خوازراوە و دەستاودەستکەری دەسـەڵاتی لەبەر داڕنی و کۆت و زنجیری خستـە دەست و پێی و لە بنەبانی سیاچاڵی پەستاوت. ئەوسا بەهائەددین‌بەگی هێنا و لە شوێنی دانا. گەلەجاڕی ساز کرد و سێ‌چوار هەزار سوارە و پیادەی شێرۆیی و بۆتانیی لە خۆی هاڵاندن و بە مەبەستی پەلاماردانی قەڵای ساسۆن و گرتنی محەممەدبەگ و یارانی پێی نایە ئاوزەنگی و بەپرتاو ڕۆیی. لە شانی خۆرنشینی قەڵا لەشکری وەستاندەوە و ئاوری شەڕ و تێکهەڵچوونی هەڵگیرساند. محەممەدبەگ و دانیشتووانی قەڵاتی ساسۆن چۆڵەپێچ کران و ڕۆژی سێ‌شەممۆ چاردەی مانگی شابانی ١٠٠٤ی ک/١٥٩٦ی ز، پیاویان ناردە لای میری بدلیس و داوایان لێ کرد بگاتە هانایان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

میری بدلیس چوو بە دەنگیانەوە و دووسێ هەزار چەکداری عەشیرەتی ڕۆژەکیی لە دوو قۆڵەوە ناردە فریایان. کاتێک شەمسەددین ئەم هەواڵەی بە گوێی ئاشنا کرا، سەری لێ شێوا و خێرایەکی لە نیوەشەودا پێی پێوەنا و جاوەرە ڕاکە بەرەو حەزۆ. محەممەدبەگ لەگەڵ چەند ئاغایەکی ڕۆژەکی وەکوو عەلائەددین‌ئاغای بڵباسی، ئەلوەندئاغای قەوالیسی و کۆمەڵێک چەکداری خێڵی مۆدەکی و زێدانی، کەوتنە پەیکەردەی شەمسەددین. جا وەکوو لە قەدیمەوە گوتوویانە زیانی‌خورۆ ترسەنۆکە، تەواوی چەکدارانی دەستیان لێکبەردا و هەر کەسەی سەری کێشایە کەلێنێک. شەمسەددین کە ئاوای دی خێرایەکی پیلی ماڵومنداڵی خۆی گرت و لەگەڵ میر شامحەممەدی شێرۆیی، ڕێی داگرت بۆ لای زەینەڵبەگی شێرۆیی کە دەبوو بە خەزووری کچی. حوسێن‌ئاغای کورپیشی ڕاسپارد هەتا بچێتە ژووری قەڵا و دەستی بگەیەنێتە زیندان و ئەحمەدبەگ بکووژێ و بەهائەددین لەگەڵ خۆی دەرباز کا. حوسێن‌ئاغا وەختایەک گەیشتە قەڵا، هەواڵی هاتنی محەممەدبەگ و هێزەکانی ڕۆژەکی لە ساسۆنەوە و ڕاکردنی شەمسەددین بەرەو شیروان، بڵاو بۆوە. بەهائەددین‌بەگ، ئەحمەدبەگی لە زیندان دەرکێشا و پێکەوە حوسێن‌ئاغایان گرت و لەبری ئەحمەدبەگ فڕێیان دایە سیاچاڵەوە. کاتێک شەمسەددین ئەمەی بیستەوە فرمێسکی هەڵوەراند و دەروونی بۆچرووکی لێ هەستا و بوو بە ڕێبواری ڕێگەی ڕاکردن.

ئەحمەدبەگ و بەهائەددین چوونە پێشوازی محەممەدبەگ و سەریان وەبەرهێنا و قەڵاکەیان دایە دەستی و بە میری خۆیان دانا. ئەو برە مووچە و مانگانەیەی کە لە کۆنەوە بۆ میرزادەکانی حەزۆ دیاری کرابوو بۆی هێنانەوە سەر جێی خۆی. محەممەدبەگ چۆنیەتیی دەنگی مەزن و ماقووڵان و میرانی پایەبەرزی کوردستانی بە پێچکی تەختی ماکەی پێشەوایەتیی سوڵتانی گەورە و خاقانی خاوەن‌شکۆ سوڵتان محەممەدخان ڕاگەیاند و ڕوونی کردەوە کە هەموو لایەک پێی

ڕازین. برایمپاشای مەزنەوەزیر بە چاکی بوو بە پشتیوانی و فەرمانی حکوومەتی حەزۆی پێ بەخشرا و بە خەڵاتی هەرە هێژای شاهانە بەسەرکرایەوە و تـەواوی هاوشانەکـانـی چـاویـان پێ بز بوو.

هێشتا ماوەی سێ مانگێکی بە سەر دەسەڵاتی‌دا تێنەپەڕیبوو کە شەمسەددینی مایەفیتنە ئاوری ڕق و قین و دوژمنایەتی لە کوانووی سینەیەوە سەری هەڵدا و هەتا پەڕۆچکەی ئاسمان تێهەڵبوو. خۆی هاویشتە لای میر شەرەفی میری جزیرە و ویستی ئاژاوەیەکیان لە نێوانی‌دا بنێتەوە. سەرەتا ڕیشی لە بەر میر شەرەف گرت چەند پیاوێک بنێرێتە لای محەممەدبەگ و داوای ئازاد کرانی حوسێن‌ئاغای کـوڕی لێ بکا، بەڵام پێش ئەوەی ئەوان بگەنێ، حوسێن‌ئاغا کوژرا. میر شەرەف لەسەر ئەم ڕووداوە دڵی لە محەممەدبەگ ئێشا. شەمسەددین دەستی هەڵنەگرت و بە گوێی میر شەرەفی هەڵێنا و گوتی خۆ تیرە و تایفە و خێڵاتی حەزۆ بە دەسەڵاتی محەممەدبەگ ڕازی نین و کاغەزیان نووسیوە و پیاویان ناردووە و گوتوویانە کوێخا شەمسەددین قامک لەسەر هەرکام لە میرزادەکانی حەزۆ دانێ بۆ مەزنایەتی ئەوان پێی ڕازین و سەری وەبەر دێنن.

میر شەرەف نەیزانی شەمسەددین درۆ دەکا و بە ڕێویبازی تێکەوتووە و کڵاوی ناوەتەسەری ، بۆیە نیزیکەی پێنج هەزار چـەکداری شێرۆیی و بۆتانی و زەرقی و تیرەی دیکەی کوردی کۆ کردنەوە و بەرەو حەزۆ گاڵی دان. میر پێی وابوو ناگاتە ئەسعرد کە میرزادەکانی حـەزۆ و عێل و عەشیرەت بە پیرییەوە دەچن و دەستیان دەخەنە سەر سینگیان و دەڵێن چۆنی پێ خۆشە با وابێ؛ بەڵام وا دەرنەچوو. چەماوەری عەززان پیاوانە چەقین و سەریان لە حاند دەسەڵاتی محەممەدبەگ وەرنەسووڕاند و بەدڵ لە پشتی ڕاوەستان و ئامادە بوون بۆ بەرەنگاری. چەند میر و سەرکردەیەک چوونە لای میر شەرەف و گوتیان وا چاکە نەچی بۆ حەزۆ؛ ئەویش بە گوێی کردن و لە ئەسعردەوە سەری ڕکێفی بەرەو

بنکەی ژین www.zheen.org

بدلیس وەرگێڕا. پاشان چەند پیاوماقووڵێکی ساز کردن هەتا لەگەڵ شەمسەددین برۆنە حەزۆ و بیکەنە بریکاری محەممەدبەگ. دوای باس و ڕاوێژ خانئەبداڵی برای میر شەرەف و خەڵەفبەگی برای منی هەژاریان وێڕای چەند پیاوماقووڵێکی بۆتانی و ڕۆژەکی ناردن و شەمسەددینیان بردەوە سەر دۆخی جارانی. چەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی پیاوانی بۆتانی، شەمسەددین هەڵەسوونی هێنایەوە و لێبڕا وەکوو سەردەمی پێشوو لەگەڵ مەزنانی حەزۆ بجووڵێتەوە. کافر و مسوڵمانی حەزۆ دەستیان وەدەستی یەکتر دا و لەسەر کوژرانی شەمسەددین پێکهاتن و هەڵیانکردە سەری. شەمسەددین بە هەزار ناری عەلی و بە یاریدەی خەڵەفبەگ و چەند گەورەپیاوێکی دیکە توانی لەو گێژەنی مەرگە ڕزگار بێ. میر شەرەف بە بیستنەوەی ئەم هەواڵە بە سەر ناهومێدیدا کەوت و بەرەو جزیرە گەڕایەوە. لەو ڕۆژەوە کە بیستی مانگی نێوجێژنانی ساڵی ١٠٠٤ی ک/١٥٩٦ی زایینی بوو، گێژەڵووکەی ئاژاوە نیشتەوە و جارێ ئەو کێشە و هەرایە بێدەنگەی لێ کراوە.

کاتێک عەلیپاشای مەزنی سەرکردەکانی مووسڵ بە ڕووداوەکانی حەزۆی زانی، چونکە نێوانی خۆش بوو لەگەڵ برایمپاشای مەزنەوەزیر و زەمانێکی پێکەوە وەکوو بارگانشینانی سوڵتان کاریان کردبوو، بوو بە پشتیوانی محەممەدبەگ و لای برایمپاشای بەرچاوڕوونی بەڕاوتەگبیر قسەی خێری بۆ کرد. عەلیپاشا پێی وابوو دەبێ لە چاکەی ئەو قسانەی کردوونی محەممەدبەگ دە زێڕی بگرێ؛ بۆیە لە خەیاڵی خاوی خۆیدا کیسەی هەڵدروون و هەمبانەی چاوچنۆکانەی لە زێوی بێخەوش داگرتن و لە بارگاوە هاتە حەزۆ. ئەگەرچی محەممەدبەگ زۆر چاکی دە دەورەی گەڕا و زێـڕ و زێـوێکـی زۆری کـردە پـایەنـدازی، بەڵام خۆ گرفەی ئاوری چاوبرسی بوونی هەر نێڵەی هات. دەتگوت کانگای لەعلی ئاگرینە و دڵی کوانووی پڕ سکڵی بڵێسەدارە.

زێڕ وەکوو مارە لە نێو بەرۆکدا، مەیلی گیان ئەکا
لەعلی ئاگرین لەسەر بەری دەس، پشکۆی دەروونە
بۆ سەربەرزی خۆت لە دنیای دیکە کیسە دامەگرە
سـيفری بەتەنیـا لە نێـو ژمـاران ئاکـامی ڕوونە

کاتێک عەلیپاشا خەیاڵپڵاوی چەوری نەیگرت، بە دڵشکـاوی لە حەزۆ وەدەرکەوت و چۆوە مووسڵ. دوای شەش مانگی دیکە بە لە کار لادراوی هاتە جزیرە. شەمسەددینی بانگهێشتە لای خۆی و لەسەر حەزۆ کەوتنە باس و ڕاوێژ و وایان دانا فەرمانێکی بەدرۆ بۆ ئەحمەدبەگ بنووسن و بۆی بنێرنە حەزۆ و لە خشتەی بەرن و کەمەندکێشی کەن بۆ جزیرە. ئەو پیاوە ساویلکەیە بەو فەرمانە هەڵبەستراوەیان هەڵفریوا و لەگەڵ چەند کەسێک باڵی گرت و خۆی گەیاندە جزیرە. شەمسەددین و عەلیپاشا چوونە پێشوازی و دەستی ڕێزیان لێنا و بردیانە خزمەت شەرەفبەگ. فەرمانێکی دیکەشیان پێکەوەنا و تێیـانـدا نـووسـی کە دەبێ عەلیپاشا و میـــر شەرەف یـاریـدەی ئەحمەدبەگ بـدەن و بیبـەن و بیکـەنـە میری حەزۆ.

میر شەرەفیش بەو نووسراوە درۆ و هەڵبەستراوانەیان هەڵخەڵەتا و چەکدارێکی زۆری لەگەڵ عەلیپاشا و ئەحمەدبەگ و شەمسەددین و شاعەلیبەگی برای تەیار کردن و لای کلکەی مانگی شابانی ١٠٠٤ی ک/١٥٩٦ی ز، ناردنی بۆ حەزۆ. کاتێک ئەم هەواڵانە لە حەزۆ بڵاوبوونەوە، ژمارەیەک لە خێڵی سووسانی و خالیدی و چەند پیاوماقووڵێکی دیکە بیریان لێ کردەوە و گوتیان خۆ تازە محەممەدبەگ لێخراوە و ئەحمەدبەگیش دەیهەوێ لە سایەسەری خەڵکی دیکەوە بێ و لەسەرمان ببێ بە میر؛ جا کەوایە بۆچی ئێمە لە نێو خۆماندا میر و مەزنێک هەڵنەبژێرین و بۆتانی بە زەبری زۆر یەکمان بە سەردا بسەپێنن؟ وایان دانا ئەگەر ئەحمەدبەگ و

شەمسەددین بەو ڕووداوە بزانن، بە هیوابڕاوی بگەڕێنەوە و دەسبەردار بن. لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی کێشایان، بەهائەددینبەگی کوڕی مرادخانیان بە میری خۆیان دانا و لێبڕان تاکوو محەممەدبەگ بکووژن. کۆمەڵێک شەلات و چەپەڵ و بۆرەپیاو دەستیان دا چەکوچۆڵان و چوونە دەستەی. ئەویش هەروەک لە کۆنەوە گوتوویانە: «ئەگەر زۆر هات، قەباڵە بەتاڵە»، ملی ڕاکێشا و گوتی وەختایەک خزم و خێڵات بە مەزنایەتیی من ڕازی نین، ئەوە بەدڵی خۆم دەست هەڵدەگرم و سەر وەبەر بەهائەددین دێنم. لەڕێوە دەغالەتی پێکرد و فەرمانەکانی سوڵتانی ڕامووسی و هەمووی لە پێش بەهائەددین دانان.

کاتێک شەمسەددین بەو ڕووداوەی زانی نامەیەکی بۆ نووسی و پڕی کرد لە گفتی بەدرۆ و دەسەلە و گوتی ئەگەر نەهێڵی محەممەدبەگی کوڕکوشتووم دەرچێ تاکوو دەگەیەنەجێ، تۆ دەبی بە میری حەزۆ. محەممەدبەگ بە هاتنی نامەکەی شەمسەددین و نێوەرۆکی زانی و پیاوی نارده لای بەهائەددین و لێی ڕاسپارد کە بە هیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتی تۆ ناوەشێتەوە من بگری و بمشکێنی و لە تۆڵەی خوێنی کوڕی شەمسەددین بمدەیە دەستی. من ئامۆزای تۆم و ئەگەر شیاوی کوژران و سووکایەتی پێکرانم بۆچی بۆخۆت نایکەی؟ محەممەدبەگ بە هەر زمانلووسی و فێڵوفرتێک بوو خۆی لە چنگ ئەو نەفامە بێپاشەڕۆژە دەرباز کرد و پەنای بردە بەر عەشیرەتی خالیدی و بە یاریدەی حەمەداغای خالیدیی ئابەکی، لەوێوە ڕووی کردە قەڵای ساسۆن. بە پشتیوانیی خەڵکی وێ خۆی هاویشتە ژووری قەڵایە و بنەی لێ داکوتا.

شەمسەددین وێڕای عەلیپاشا و گەورەپیاوانی بۆتانی ئەحمەدبەگی بە میر دانا و بەشان و شکۆوە بەرەو حەزۆ بزووت. بەهائەددینیش لەگەڵ نیزیکەی هەزار کەس سوارە و پیادەی لایەنگری بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە خۆی ئامادە کرد. پۆلە چەکدارێکی خالیدیی وەکوو قەرەوڵ ناردنە لێواری ڕووباری حەزۆ و پشتی بە

هەستانی لافاوی بەست و وای دانا کە بۆتانی ناتوانن لێی بپەڕنەوە و خۆشی بە هێزێکەوە لە گوێی پردەکەی چەقی. تاریکوڕوونی بەیانی بۆتانی لە ئاو نیشتن و ئەسپەکانیان بە مەلە پەڕاندنەوە و چەند قەرەوڵێکی خالیدییان کوشتن. کاتێک ئەوانەی مابوون هەواڵەکەیان گەیاندە بەهائەددین، زانی خۆی بۆ ڕاناگیرێ و دەستی پێ ناکرێتەوە، بۆیە ژنوژاڵی خۆی هەڵگرتن و هەیدێی لە یەکسمان کرد و بەرەو سووسانی تێی تەقاند و ئەوانی لەوێ بەجێهێشت. بە هیوای ئەوەی بتوانێ سەر بەرێتە بە شوورەی قەڵای ساسۆن بەرەو ئەو باڵی ڕۆیی. کاتێک گەیشتە قەڵایە گوێبیست بوو کە محەممەدبەگ دوو ڕۆژ پێشتر لەگەڵ دانیشتووانەکەی یەکانگیر بووە و دەروازەی قەڵای قایم کردووە و هەموو لایەکیش بە مەزنایەتیی وی ڕازین و ئامادەن سەر وەبەر فەرمانی بێنن. بەناچاری لەگەڵ شامرادئاغای سووسانی و پۆلە سوارێکی دیکە ڕۆژی دووشەممۆ ٢٥ی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەو ساڵە خۆیان گەیاندە بدلیس. ماوەی یازدە ڕۆژ لەوێ مایەوە و سەری دوازدە ڕۆژەی بەبێ ڕەزامەندیی دۆستان و یارانی بەپێی لێکدانەوەی کرمۆڵی خۆی وای دانا کە خزمان و خێڵاتی حەزۆ بە یاریدەی محەممەدبەگی زەرقی، وەخــۆ کەوتوون و ئەحمەدبەگ و شەمسەددینیان لە حەزۆ دەرپەڕاندوون و ئەوی دەکەنەوە میر. پاش دەربڕینی ئەم بۆچوونە لە قەڵای بدلیس وەدەرکەوت و کاتێک گەیشتە سەر پردی خاتوون، سوارێک بەپەلە لە لای ساسۆنەوە هات و گوتی شەوی هەینی شەشی شەشەکان، حەمەداغای ئابەکی دەستی لە شەمسەددین بزاوتووە و لە نێوخۆی قەڵادا کوشتوویەتی. ئەحمەدبەگیشی لەسەر دەسەڵات هەڵداشتووە و پیاویشی بە شوێن محەممەدبەگدا ناردووە هەتا لە ساسۆنەوە بگەڕێتەوە. جەماوەر هەڵیانکوتاوەتە سـەر پیـاوەکـانی عەلیپاشـا و دایانڕووتاندوون و هەموویان بە ڕووتوقووتی لە ماڵی شەمسەددیندا تێماو و

تاساون. ئێستا محەممەدبەگ گەڕاوەتەوە و لەسەر تەختی دەسەڵاتی حەزۆ پاڵی داوەتەوە.

بەهائەددینبەگ بە هەناسەساردی کەوتەوە و چەند ڕۆژێک وێڕای محەممەدبەگی زەرقی لە دەرەزینی ڕۆژ و شەوی تێککردنەوە. لەسەر پێشنیاری وی ڕۆیی بۆ خزمەت میر شەرەف لە جزیرە. ئەویش لە داهاتی ئەسعرد ئەو مووچەیەی بۆ بڕییەوە کە پێشتر میر محەممەدی کوڕی خودی میر شەرەف وەریدەگرت. ئەحمەدبەگ لە حەزۆ کوژرا و محەممەدبەگ هەر ئێستا حوکمرانی سەربەخۆی حەزۆیە.

## بەشی چوارەم

### باسی میرانی خیزان (هیزان)، کە بریتین لە سێ لک

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو باغەوانەی بە دەوری ئەم باغ و باغات و مێرغوزارەدا هاتووە، بە نمنمی بارانی هەوری پێنووسی ئاوا باسی بەسەرهاتی میرانی خیزان [1] دەگێڕێتەوە و میرانی خیزان لە مەڵبەندی «بلیجان»ی سەر بە ناوچەی «خەنس»ەوە کەوتوونە نێو نێوان. وا دیارە باب‌وکاڵیان هەر لە سەرەتاوە خاوەن‌وەجاخ و گەورەماڵ بوون و گەیشتوونە بلیجان و قەڵاکەیان بەدەستەوە بووە. پاش ئەوەی ڕۆژگارێک لەوێ ماونەوە، سێ کوڕی ڕەشیدیان لێکەوتۆتەوە کە بریتی بوون لە: دەل و بەل و بەلیج. [2] ئەم سێ برایە لەوێوە هاتوونە خیزان و هەرێمەکەیان بە زەبری زۆر داگیر کردووە و پاشان دایانبەشیوە بە سەر خۆیاندا. لەو بەش‌بەشێنەدا «خیزان» بۆتە بەشی براگەورە، ناوچەی «مۆکس» وەبەر برای نێونجی کەوتووە و «ئەسپایرد»

١- هیزان. ع.ی.

٢- ل ١٥١ی بودلیان: «بەلیج و دەلیل و مەلیل.» و.

بە برا بچووکیان براوە و هەرکام لە شوێنی خۆیان بوونە دەسەڵاتدار. چۆنیەتیی بەسەرهاتی وەچە و بەرەی ئەم برایانە وەک چۆن لەسەر زار و زمانان دەگەڕێ، بە هیوای پەروەردگاری جێی پەسن و پەرستن بەڕیز لە لکی یەکەم و دووهەم و سێهەمدا دەخرێنە بەرباس و ڕوون دەبێتەوە چۆنیان حکوومەت کردووە.

## لکی یەکەم

### باسی میرانی خیزان و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان

وەکوو لە نێو خەڵکدا باوە و دەڵێن، خیزان لە «سەحەرخیزان»ەوە[1] هاتووە، بۆچی، چونکە لە نێو جەماوەری کوردستاندا بە «سەحەرخیز»ی و بەدینی و لەخواترسی و ئەمینداری و لێهاتوویی بەناوبانگن. گەورە و بچووکیان لە شەونوێژان ڕاناوەستن و هەموو فەسڵی ڕۆژێ بەجێیان دێنن. وەکوو باوە ناوی درێژ لە کوردیدا دەسوێ و هەمیشە بەشێکی دادەبڕێ، بۆ نموونە شەمسەددین دەبێتە شەمۆ، عیززەددین، عەزۆ، جەمشید، جەمۆ و ئەبداڵ، ئەبدۆ. لێرەدا وشەی «سەحەر»یان هەڵپاچیوە و کورتیان کردۆتەوە بۆ «خیزان». هێندێکیش دەڵێن سەرەتا بە سەحەرخیزان ناسراوان، بەڵام کاتێ بناغەدانەری قەڵاکە چۆتە زیارەتی ماڵی خودا و لە حەج گەڕاوەتەوە، قەڵاداران دەرگایان لێ گاڵە داوە و ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان نەداوە و ئەویش دڵی ڕەنجاوە و بە فارسی پێی گوتوون: «ای خیزانی بیاعتبار!»[2] ئیدی ڕانەوەستاوە و سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووە.[1]

---

١-لە زمانی فارسیدا هەر کەس بەیانان زوو لە خەو هەستێ پێی دەڵێن «سەحەرخیز». ئەوەی شەوەکی لە خەو هەستێ. و.

٢-ئەی خیزانیی بێبەروپشت. و.

زۆربەی میرانی هەرێمەکە بە خیزانی ناسراون و شاری خیزان تازەسازە و دەڵێن خاوەنی مەراغەی سەر بە تەوریز بناغەی داناوە. منی ڕەشکەرەوەی ئەم ڕووپەڕانە هەر چەندی بە لاپەڕەی کتێبە باوەکانی سەردەمدا گەڕام و پشکنیمن، بۆم ڕوون نەبۆوە کامە پادشا دروستی کردووە. ڕەنگە وەزیرێک یان سەرکردەیەک ئەوێی کردبێ بە ئاوەدانی. وێدەچێ ئەو دەمەی کە هۆلاکۆخان دەستێکی بە سەروڕووی مەراغەدا هێناوەتەوە و نۆژەنی کردۆتەوە و بە پایتەختی داناوە، خواجە نەسیر[٢] کە ئەو سەردەمە هەمەکارە و باوەڕپێکراوی دەسەڵات بووە، ئەو قەڵا و ئاوەدانییەی بنیات نابێ و بووبێتە یاریدەری یەکێک لە پیاوماقووڵان و وەزیرەکانی ئیسلام و پێکەوە کارەکەیان کردبێ. مزگەوتی گەورەی خیزان، دەسکردی بناغەدانەری قەڵاکەیە و چەند کۆڵەکەیەکی تێدا چەقاوە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە نەیانزانیوە چ دارێکە. هێندێک دەڵێن دارێکە تورکان پێی دەڵێن «ئیت بورنی» و کوردان بە «شیلان»ی دەزانن (؟!). جەماوەر لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆر پیاوی خودایی هاتوونە ئەوێندەرێ و نزا و پاڕانەوەی لێ قبووڵ دەبێ. ژووری قەڵاکە لەسەر شێوەی جێڕوانینی ئەستێرەناسی هەڵخراوە و دیوارەکانی بە خشتی سوور و قوڕ و قسڵ هەڵچندراوە. باغ و باغاتی چاکی لێیە و هەموو چەشنە میوە و ترێ و کشمیش و مێوژێکی کە لە ناوچەکانی دەوروبەری تەوریز و خاکی عەجەمان هەیە، لەوێش هەن. بۆیە ئەگەر بەو بارانەدا

١-لێرەشدا شەرەفخان، لێکدانەوەیەکی سەرزارەکی و بێبنەمای بۆ لێکدانەوەی داناوە، کەچی خیزان شارێکی ناسراوە و بە درێژاییی سەردەمی ئیسلامی ناوی لە سەرچاوە مێژوویی و جوغرافییەکاندا بە هیزان و خیزان هاتووە.ز.س.

٢-خواجە نەسیرەددینی تووسی (٥٩٧-٦٧٢ی ک/١٢٠٠-١٢٧٣ی ز)، یەکێکە لە زانایان و نووسەران و ئەستێرەناسانی سەردەمی خۆی. ساڵی ٦٥٧ هۆلاکۆخان ڕایسپاردووە تا ڕوانینگەیەک بۆ ئەستێرەناسان لە مەراغە ساز بکا و لەڕێوە ئەرکەکەی ڕاپەڕاندووە. زۆری برەو بە کەلامی شیعە داوە و لە بەغدا مردووە و لە کازمەین نێژراوە. و.

بڵێن خواجە نەسیرەددینی تووسی بناغەی داناوە، دوور نییە وابێ، بەڵام هەر خودا بۆخۆی دەزانێ چۆنە.

وەکوو دیارە کەش و هەوای خیزان یەکجار ناخۆش و ناسازگارە و وەرزی پاییزان زۆربەی دانیشتووانەکەی تووشی پەتای تاوتێ دەبن. ڕاستە زۆری داری بەری لێ نێژراوە، بەڵام دەڵێن هێندەی داری فندق لێیە کە هەواکەی تێکداوە.

خەڵکی وێ بە نەمیری (نەمری) بەناوبانگن و دەڵێن بۆیە ئەم سەرناوە کەوتۆتە سەر زمانان، چونکە میرانی وێ ئەگەر هەر کەس مردبا مووچە و بژیوەکەیان بەبێ زیاد و کەم دەدا بە منداڵەکانی و نەیاندەپرسی پاشەوارەکانی گەورەن یان گچکە. بەم شێوەیە ئەوەی نەمابا وەک بە مردوو حیساب نەکرابا وابوو، جا بۆیە ناویان نان «نەمیری».[1]

ژینگەی ژین www.zheen.org

میرانی خیزان هەمیشە لەگەڵ سوڵتانانی بەرزەجێ و خاقانانی خاوەنشکۆی تۆڵەئەسێنەوەدا دەسازان و خۆیان ڕێکدەخست و لەو پێیەش هەمیشە چاوەدێرییان کراوە و پارێزراو بوون. بۆ نموونە چەند جارێک کە پادشایان هەڵیانکوتاوەتە سەر هەرێمی کوردستان و میرەکانیان لێ خستوون و لەسەر تەختی دەسەڵات لایانبردوون، خۆیان لە مەزنانی خیزان نەگەیاندووە و زەبریان لێ نەوەشاندوون. بۆ وێنە مەولانا عەبدوڕڕەززاق سەمەرقەندی نووسەری کتێبی «مەتلەعوسسەعدەین» نووسیویەتی وەختایەک ساڵی ٨٢٤ی ک/١٤٢١ی ز، میرزا شاڕوخی کوڕی ئەمیر تەیمووری گوورکان بە مەبەستی هەڵمەت بۆ سەر کوڕانی قەرایووسفی تورکمان هاتە دەڤەری ئازەربایجان، کوڕی میر سولەیمانی خیزانی، شانبەشانی میر شەمسەددینی بدلیسی چوونە پێشوازی ڕکێفی بەشان و شکۆی و بە سیلەچاوی شاهانە و لاواندنەوەی خونکارانە بەسەرکرانەوە. وەکوو دەماودەم دەگێڕنەوە دوای میر سولەیمان و کوڕەکەی، میر مەلیک ماوەیەک هەوساری

دەسەڵاتی کەوتۆتە دەستی و سەرەنجام بە مردنی خۆی مردووە و بەرەو دنیای پاشین گەڕاوەتەوە.

**میر داود کوڕی میر مەلیک**

میر داود بەبێ هاوبەشیی خەنیمانی ماوەی ٣٩ ساڵ لە خیزان بۆتە میری سەربەخۆ. بێبڕانەوە ئارەق و شەرابی خواردۆتەوە و لەگەڵ بەژن زراوانی گوڵندام ڕایبواردووە. قوتابخانەیەکی سەربەدەرەوەی بەناوی «داودییە» لە خیزان ساز کردووە و زانایانی پایەبەرز وانەی لێ دەڵێنەوە. میر داود سێ کوڕی بووە: سوڵتان ئەحمەد، میر سولەیمان‌بەگ و حەسەن‌بەگ.


**سوڵتان ئەحمەد کوڕی میر داود**

سوڵتان ئەحمەد دوای نەمانی بابی بوو بە میرهەرێمی خیزان و چۆن چاکە ئاوا شانی لە کاروباری شل کرد. وا بە تەنگ کارانەوە بوو کە عەشیرەتی نەمیری و ئاپۆرەی خەڵک و دانیشتووانی هەرێمەکە لێی ڕازی بوون و دڵیان پێی خۆش بوو. ئەو دەمەی میر و مەزنانی کوردستان لەگەڵ سوڵتان سولەیمان‌خان چوونە داروسسەلامی بەغدا، سوڵتان ئەحمەد خزمەتی زۆر چاکی دەرهەق بە سوڵتان بەجێ هێنا. ئەویش لە چاکەی ئەو کارانەی ملکنامەی هەرێمی خیزانی بۆ نووسی و گیروبەندی لە دەقەکەی‌دا هێنا و لەعنەتی کرد لەو کەسەی لێی لابدا. لەو ڕۆژەوە بەولاوە لە نامە و فەرمانەکانی شاهی‌دا بە میری ڕێزدار ناوی هاتووە و ئاوا میرانی خیزان ناوبانگیان ڕەنگی داوەتەوە.

سەبارەت بە خۆشبوونی نێوانی شەرەفخان لەگەڵ زنجیرەی میرانی خیزان، دەبێ بڵێم لەو کاتەوە کە ئۆلمە پێی نایە ڕۆم، لەبەر چەند ڕووداوێک کە بە سەر شەرەفخان‌دا تێپەڕی و لە درێژەدا باسی دەکرێ، تووشی نێوان‌ناخۆشی بوون و



**تابلۆی یازدەهەم: قەڵای خیزان**



تابلۆی دوازدەهەم: باژێری خیزان

دۆستایەتییان بوو بە دوژمنایەتی؛ وای لێهات کە سوڵتان ئەحمەد بۆ کوشتوبڕی بنەماڵەی وی لەگەڵ ئۆلمە بوو بە هاودەنگ و هاوهەنگاو. شەرەفخانیش بە ئامانجی گرتنی خیزان و دە داوخستنی سوڵتان ئەحمەدبەگ لەشکری لێ کرد و خەڵکێکی زۆر لـەو هـەرایەدا سەریان تێداچوو. کەیخودا و خێرخوا کەوتنە بەرِیوانی و لێکیان کردنەوە و پێکیان هێنانەوە و شەرەفخان گەڕایەوە. سوڵتان ئەحمەد پیاوی ناردە دیاربەکر و ئۆلمەی بـۆ شـەڕی شـەرەفخان دنەدا. ئـۆلمەش سپای دیاربەکری هێنا و گەیشتە خیزان و ئەحمەدبەگ بوو بە چاوساغی و هێزی گەیاندە ناوچەی تاتیک و لەوێوە ڕۆیی بۆ هەرێمی بدلیس. لەو پەلامارەدا شەرەفخان کوژرا و هێندەی واشی پێنەچوو کە دوابەدوای وی سوڵتان ئەحمەدبەگیش دەستی لە دنیای نەمێن هەڵتەکاند.

به چاوی دڵ وەره بڕوانە نێو زیندانی خامۆشانی قەبرستان
بزانە ئەو کەسانەی گەوهەریان باری لە لێو چۆن چوونە بێدەنگی
سەر و پرچ و کەزێی بووکان لە چەشنی دڕکی شیلانێ دەبینی تۆ
ئەوەی شا بوو بە ڕووسووری نەماوە و داڕزیوە و زەعفەران ڕەنگی
بە خۆنازین و ناڵینی ئەوانەی بەخت و بێبەختی سەری گرتن
ئەوەندەی فوو لە قەننەی کەی نەمان و هەر ئەتۆی ماوی بە دڵتەنگی [١]

سوڵتان ئەحمەدبەگ پێنج کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتین لە: میر محەممەد، یووسفبەگ، مەلیک خەلیل، مەلیکخان و خانمەحموود.

١-بەشێکە لە چامەیەکی بەناوبانگی سەنایی (٤٦٧-٥٢٩ی ک/١٠٧٤-١١٣٤ی ز). و.

بنکەی ژین www.zheen.org

**میر محەممەد کوڕی سوڵتان ئەحمەد**

دوای نەمانی سوڵتان ئەحمەد بەپێی فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سوڵتان سولەیمانخان هەرێمی خیزان کرایە دوو بەش. نیوەی درا بە میر محەممەد و نیوەکەی دیکە بە مەلیک خەلیلی برای بڕا. پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر حکوومەتی‌دا، میر محەممەد بە مەرگی موفاجا مرد و سێ کوڕی لە دوا بەجێما: سوڵتان مستەفا، داودبەگ و زەینەڵبەگ.

دوای نەمانی میر محەممەدی برای، مەلیک خەلیل هەرێمی خیزانی بردەوە سەر دۆخی جارانی و وێکیخستەوە و دیوانی سوڵتان سولەیمانیش بەو کارەی ڕازی بوو؛ بەڵام سوڵتان مستەفای برازای نەیسەلماند. ئەم برازایەی میر محەممەد لەگەڵ بەهائەددینبەگی خاڵی کە حوکمڕانی حەزۆ بوو، ڕووی کردە دەرگانەی سوڵتان و بەشی باوکی بۆ خۆی وەرگرت. پاش تێپەڕینی شەش ساڵ بە سەر ماوەی دەسەڵاتی‌دا، ڕۆژێکی لە ڕاوگە و دارستانێک‌دا کەلاکیان بە مردوویی دیتەوە. هەر چەندی سەریان هێناوبرد و کەوتنە پرسیاران هیچیان وەچنگ نەکەوت و نەیانزانی کێ کوشتوویەتی. پاش نەمانی سوڵتان مستەفا، داودبەگی برای جێی گرتەوە و ساڵێکی زیاتر بە سەر دەسەڵاتی‌دا تێنەپەڕی کە ڕووی کردە دنیای هەرمان. ئەوسا زەینەڵبەگی برای سەری بردە بەر سێبەری دەرگای سوڵتان سەلیمخان و سەرلەنوێ هەردک بەشی خاکی هەرێمی خیزانی بە دابی جاران خستەوە سەر یەک و هێشتا قومێکی لە پیاڵەی دەسەڵات نەچێژتبوو کە کاسەی ژاری لە دەست مەیگێڕی مەرگ وەرگرت و بەناکامی فڕی هەڵدا و لە ڕێی ئیستانبووڵ گیانی دایەوە دەست بەدیهێنی جیهان.

**مەلیک خەلیل کوڕی سوڵتان ئەحمەد**

هەروەکوو پێشتر بەکورتی باسمان کرد مەلیک خەلیل لە سەردەمی ژیانی برا و برازاکانی‌دا بە سەر نیوەی هەرێمی خیزان ڕاگەیشتووە و جاری وایە هەمووی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

پاش نەمانی برازاکانی، لە زەمانی سوڵتان سەلیم‌خان‌دا بە یاریدەی محەممەدپاشای مەزنەوەزیری پایەبەرزی بەڕاوتەگبیر، هەردووک بەشەکەی خیزانی بە پشکی خۆی دانا و ماوەی ٢٢ ساڵ بەبێ هاوبەشیی کەس و هیچ کۆسپ و گرێیەک لەسەر کورسیی دەسەڵات پاڵی دایەوە. ئەوەی ڕاستی بێ هێندەی خۆ بە کاروباری دەسەڵاتەوە ماندوو نەدەکرد و هەوساری حکوومەتی دابوویە چنگ پیاوێکی لێوەشاوەی وەک ئەبداڵئاغا، کە لە عەشیرەتی بلیلان بوو. میر هەر ناوێک و نان و ئاوێکی بووبا بەسی بوو؛ هەروەها چونکە بڕوای بە پشتیوانیی پەروەردگار بوو، زۆربەی کارە قورس و گرانەکانی وەک ئاو خواردنەوە بۆ جێبەجێ دەکران. ساڵی ٩٩١ی ک/١٥٨٣ی ز، بە نەخۆشیی فێداری مرد، کە لەمێژ بوو گیرۆدەی ببوو. کوڕێکی چکۆلەی لە پاش بەجێما کە ناوی حەسەنبەگ بوو.

**میر مەحموود کوڕی سوڵتان ئەحمەد**

بەپێی ویستی تیرە و خێڵاتی نەمیری و بە فەرمانی شکۆداری سوڵتان مرادخان بوو بە جڵەوداری میرنشینی خیزان. هەر بۆخۆی پیاوێکی ژیر و ورد و خورد بوو لە کاروباری ڕاگرتن و پاراستنی هەرێمەکەدا و چاکی لە هەڵسووڕاندنی عێل و عەشیرەت دەزانی و وا باش پێڕادەگەیشت و گەشە و برەوی پێ دەدا کە هەر باسی ناکرێ.

ساڵی ٩٩٢ی ک/١٥٨٤ی ز، کاتێک لەگەڵ عوسمانپاشای وەزیر و هێزە نەبەزەکانی [خونکاری عوسمانی] ئەرکی گرتنی تەورێزیان خرابوویە سەر شانی، ئەو ڕۆژەی کە سنانپاشای وەزیر لە «سەعداباد»ی تەورێز تووشی شەڕ هات لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی قزڵباش و ئاواڵەکانی هەڵاتن، میر مەحموود لەو هەرایەدا وێڕای چەند گەورەپیاوێکی خیزانی شانازیی شەهید بوونیان لە چارەی نووسرا. دوو کوڕی لە دوا بەجێما: سوڵتان ئەحمەد و میر مەحموود. میر مەحموود هەر بە منداڵی مرد و مەرگ چی دیکەی مەودا نەدا.

## میر حەسەن کوڕی مەلیک خەلیل

میر حەسەن پاش کوژرانی میر مەحموودی مامی، ئەگەرچی کاڵ و مناڵ بوو، بەڵام خێڵ و خزمانی نەمیری دایاننا بە مەزنی خۆیان. بەپێی فەرمانی سوڵتان مرادخان بوو بە میری خیزان. لەو سەروبەندەدا یووسفبەگی مامی بە مەبەستی وەرگرتنی فەرمانی حکوومەتی خیزان ڕووی کردە دەرگای بەختەلانی سوڵتان مرادخان و ئەویش بەسەری کردەوە و بە میری خیزانی دانا.

پاش گەڕانەوەی لە بارگای سوڵتان و گەیشتنەوەی بۆ خاکی خیزان، عێل و عەشیرەتی نەمیری (نەمری) ئاوڕێکی وایان لێ نەدایەوە و ئەویش بە ناهومێدی چوویە تەورێز بۆ خزمەت جەعفەرپاشای وەزیر و هاواری بۆ برد هەتا بە هانایەوە بچێ. جەعفەرپاشا پشتی گرت و پیاوی لەگەڵ نارد و بەڕێیکردەوە بۆ خیزان. دیسانیش خەڵک سەریان وەبەرنەهێنا و چەند جارێک ئەم داوا و هاتوچۆیانە دووپات بوونەوە، بەڵام چی بۆ نەکرا. سەرەنجام کۆمەڵێک ڕیشسپی کەوتنە نێوان و کردیانە مەزن و ئاغای ناوچەی نەمیران و وایان دانا خیزان و مەڵبەندەکانی هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی میر حەسەندا بن. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بە سەر ئەم پێکهاتنەدا، یووسفبەگ بە دنەی فیتنەگێڕان یان هەر بە

ئاواتی جوانەمەرگ بوونی، هاتە مەیدان و گوتی بە ناوچەی نەمیران (نەمران) ڕازی نیم و دەبێ من میری خیزان بم. میر حەسەنیش کە ئاوای بیست لایەنگرانی خۆی کۆ کردەوە و بە یاریدەی کۆمەڵێک لە دۆستان و خێڵی شیروانی هەڵیکوتایە سەر یووسفبەگ. ئەویش لە گوندی «ئاز»ی ناوچەی نەمیران بنەی داکوتا و مەتەرێزی لێدا و خۆی لە بەرەنگاربوونەوە هەڵکرد. شەڕ لە مابەینی هێزەکاندا قەوما و یارانی بوونە تۆوی هەرزن و هەر یەکەی بە لایەکدا هەڵاتن. یووسفبەگ خۆی لە چاڵی ئاودەستێکدا شاردەوە و ناوی زڕاوی بوو بە پەڕۆشینەی سەر شانی و یەکێک گەیشتە سەری و کوشتی؛ بەڵام کەس نەیزانی کێ بوو. بۆگەنی تۆمەتی ئەم ڕووداوە سەرودڵی میر حەسەنی گرت و کێشە و گێچەڵی بۆ نایەوە و داهاتێکی زۆریشی پێ لە دەست دا. وایان تین بۆ هێنا هەتا پارچە ملکێکی هەرێمی خیزان و زۆربەی ملکوماشی بەمیراتگەڕاوی خۆی فرۆشت و هەرچی وەگیری کەوت هەمووی دا بە مەزن و کاربەدەستانی پایەبڵندی عوسمانی. میر ئەگەرچی بە زۆنگاوی قەرزوقۆڵەدا نوقم بووە و ڕووتاوەتەوە، بەڵام هێشتاش تۆمەتی کوشتنی یووسفبەگی لەکۆڵ نەبۆتەوە.

لەوەش بترازێ، حاجیبەگی پسمامی کە کچەزای حەسەنبەگی مەحموودییە، بە پشتیوانیی خێڵی مەحموودی دەگژ میر حەسەن ڕاچووە و داوای مەزنایەتیی ناوچەی نەمیران دەکا و پاش شەڕ و کێشەیەکی زۆر وایان بڕیار دا کە ناوچەی «مەروانان»ی پێ بێ و مووچەی بەڕێچوونیشی بۆ دیاری بکرێ و لەگەڵ میر حەسەن پێکەوە کاروباری هەرێمەکە ڕاپەڕێنن. ئێستا نێوانیان خۆش بۆتەوە و یەکن و بارودۆخی هەرێمی خیزان بە باشی دەڕوا بەڕێوە.

www.zheen.org

## لکی دووههم

## باسی میرانی مۆکس

بهپێی خوناوکهی زمانی پێنووس و خۆبادانی سهرپهنجهی نهخشینی نووسین، لهمهوبهر ڕوون بۆوه که میرانی خیزان و مۆکس و ئهسپایرد پێکهوه برا بوون و له ناوچهی «بلیجان»هوه هاتوونه ئهو ههرێمه و کردوویانهته سێ بهش. بهگوێرهی گێڕانهوهی چهند باوهڕپێکراوێک ئامۆزا بوون و وێکڕا به گژ سوڵتانهکانی سهلجووقیدا چوون و ئهم جێژیانهیان له چنگ دهرهێناون. ههر چۆنێک بووبێ و نهبووبێ [تازه بهسهرچووه]؛ بهڵام وهکوو دهڵێن یهکهم کهسێکی له مۆکس بۆته حوکمڕان ناوی «میر ئهبداڵ»ه و دوو کوڕی بووه: ئهحمهدبهگ و حهسهنبهگ.

### ئهحمهدبهگ کوڕی میر ئهبداڵ

دوای نهمانی میر ئهبداڵی باوکی، ئهحمهدبهگ ههوساری کاروباری دهسهڵاتی بهدهستهوه گرتووه و به سهر ههرێمهکه ڕاگهیشتووه. زهینهڵبهگی میری ههکاری چونکه دڵی له ئهحمهدبهگ ئێشابوو، حهسهنبهگی برای لهگهڵ خۆی ههڵگرت و بردی بۆ بهر دهرانهی سوڵتان سولهیمانخانی خهزاکهر و ناوچه و قهڵاتی «کارکار»ی له قهڵهمڕهوی میر ئهحمهد دابڕی و حهسهنبهگی لهوێ کرده میرناوچه. له بارگای سوڵتانهوه فهرمانی مسۆگهری بێ لێ تلاسابوونیان بۆ دهرچوو که ئهم برایانه ههتا ماون پێکهوه دهسهڵاتی ههرێمهکهیان بگێڕن. پاش تێپهڕبوونی سی ساڵ به سهر حکوومهتیاندا، ئهحمهدبهگ مرد و دوو کوڕی له پاش بهجێما: ئهبداڵبهگ و میر عیمادهددین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئەبدالّبەگ کوڕی میر ئەحمەد**

بەپێی فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سولّتان سولەیمانخان، دوای نەمانی باوکی فەرمانی میرایەتیی «مۆکس»ی بۆ نووسرا. لەو حەلەدا حەسەنبەگی مامی ڕۆیی بۆ بەر دلۆوانی یەزدان. ئەبدالّبەگ کچی زەینەلّبەگی میری هەکاریی خواست و بە یاریدە و پشتیوانیی وی لەسەر دابی ڕابردوو ناوچەی «کارکار»ی خستەوە سەر مۆکس و سولّتان سەلیمخان فەرمانی بەسەرکردنەوەی لەم بارەیەوە بۆ نووسی.

هێندەی پێنەچوو کە ڕۆستەمبەگی کوڕی میر حەسەن بە هاریکاریی خێلّی مەحموودی سەرلەنوێ ناوچەی «کارکار»ی جودا کردەوە و خستییە ژێر ڕکێفی خۆی. لەسەر ئەو کارە شەڕ و هەرایەکی زۆر لە نێوان ئامۆزاکاندا قەوما. سەرەتای سالّی ١٠٠٥ی ک/ ١٥٩٦ی ز، شەوێک لە نێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا ئەبدالّبەگ بۆ دەسنوێژ تازەکردنەوە هاتبووە سەر لێواری مشارەی قەلا و ئەوەندە سەرخۆش بوو، خۆی بۆ ڕانەگیرا و بە مەستی لاترەوەی بەست و هەلّخلیسکا و سەرمەقولاتێکی لێدا و لەوێڕا هەلّدێرا و گیانی دایەوە دەست بەدیهێنی جیهان. دوو کوڕی هەبوو: میر ئەحمەد و محەممەد. بەگوێرەی قۆلّ لەسەرکێشانی خێلات و کەسوکاری میر ئەحمەد جێی باوکی گرتەوە.

**ڕۆستەمبەگ کوڕی حەسەنبەگ**

وەکوو پێشتر باسی کرا، لە ڕقی کوڕەمامەکانی کیژی حەسەنبەگی مەحموودیی خواست و بە ئالیکاریی عەشیرەتی مەحموودی و بە پشتیوانیی مستەفاپاشای سەردار، ناوچەی کارکاری خستە نێو جەغزی قەلّەمڕەوی خۆی. دوای تێپەڕبوونی سەردەمێک بە سەر دەسەلاتیدا، دەستی لە ژیان شۆرد و مرد و حەسەنبەگی کوڕی بوو بە جێنشینی. ئەو دەمەی کە وا ئەبدالّبەگ بە هیلاک چوو، حەسەنبەگ بە هیوای گرتنی مۆکس یاریدەی لە سنانپاشای مەزنی سەرکردەکانی

وان خواست و ئەویش نیزیکەی سێسەد سوار و پیادەی لەگەڵ نارد. لەو سەریشەوە میر ئەحمەد بە خۆی و خێڵ و خزمانی و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی حەسەنبەگ لە قەڵا وەدەرکەوت و بەرەی لێ تەنی. هێزەکان تێکهەڵەنگووتن و پێکداهاتن و لەو گرمە و هەرایەدا حەسەنبەگ کوژرا و میر ئەحمەد بوو بە مەزنی سەربەخۆی مۆکس و هەر ئێستاش لەسەر کارە و دەسەڵاتدارێکی بێبەرهەڵستە.

## لکی سێهەم

### باسی میرانی ئەسبایرد (ئەسپایرد)

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەروەک پێشتر باسی کرا ئەم بەرەبابەش لەگەڵ میرانی خیزان ئامۆزان. ئەو کاتەی کە میرانی کوردستان سەریان وەبەر دەسەڵاتی بارگای عوسمانی هێنا، محەممەدبەگ جڵەوی دەسەڵاتی ئەسپایردی بەدەستەوە بوو. پاش نەمانی، سوڵتان برایم و میر شەرەف لە پاشی بەجێمان.

#### سوڵتان برایم کوڕی محەممەدبەگ

بەپێی فەرمانی سوڵتان سەلیمخانی خەزاکەر، پاش نەمانی لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئەسپایرد پاڵی دایەوە و ماوەیەک بە مەزنایەتی ڕاییوارد. وا هات جارێکی قزڵباش هەڵیانکوتایە سەر قەڵای وان و ئەویش شانبەشانی فەرهادپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان، شانی دایە بەرخۆدان و لەو شەڕەدا بەدەست قزڵباشان کوژرا. دوای نەمانی سوڵتان برایم، کوڕەکانی واتە محەممەدبەگ و حەسەنبەگ بوونە میراتگری.

**محەممەدبەگ کوڕی سوڵتان برایم**

محەممەدبەگ دوای نەمانی باوکی بەپێی فەرمانی سوڵتان بوو بە مەزنی ئەسپایرد. خاوەنی ئەم چوار کوڕە بوو: ئەییووببەگ، خالیدبەگ، وەیسەبەگ و برایمبەگ. ئەییووببەگ لەسەر وەسیێتی باوکی و بەگوێرەی ئەو مافەی کە شەرع پێی دابوو، جێی گرتەوە. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، نیزیکەی بیست ساڵە میرهەرێمی مۆکسە و هاوبەشەکانی لە بواری کۆکردنەوەی داهات و وەسەریەکنانی سامان و دنیاداریدا ئێرەییی پێ دەبەن.

**میر شەرەف کوڕی محەممەدبەگ**

میر شەرەف پاش ئەوەی سوڵتان برایمی برای بوو بە جێنشینی باوکی، سەری بردە بەر سێبەری بارگای سوڵتان سولەیمان و ناوچەی «ئاغاکیس»ی لە هەرێمی دەسەڵاتی برای بۆ دابڕا و فەرمانی باڵای بۆ نووسرا و بە میرناوچە داندرا. پاش تێپەڕینی ماوەیەک بە سەر دەسەڵاتیدا، لەم دنیا ڕووخەکەوە ڕووی کردە دنیای هەتاهەتایی. بەهائەددینبەگ و ئورکەمزبەگی لە پاش بەجێمان. چونکە ئەم کوڕانەی زۆر منداڵ بوون و نەیاندەتوانی ببنە جێگرەوەی باوکیان و بە سەر ئاغاکیس ڕابگەن، لە دیوانی وانەوە ئەسپاردەی دەستی میرانی عوسمانی کرا.

پاش ئەوەی ڕەسیدە بوون، ئورکەمزبەگ فێی پێوەنووسا و شێت بوو. بەهائەددین دەستی لە نیشتمانی هەڵگرت و پەڕەوازە بوو بۆ هەرێمی عەرەبستان و لە بەسرە و لەحسا[١] کەوتە ڕیزی غولامانی پادشاوە.

---

١- ئەم ناوە لە بەیتی سوارۆدا بە کاولە لەحسا ناوی هاتووە. ئەلئەحسا ناوچەیەکە لە باکووری وڵاتی بەحرەین و شانی ڕۆژاوای کەنداوی بەسرە. (ئەحسا = خیزەڵان). و.

# بەشی پێنجەم
## باسی میرانی کلیس

بلا ئەوانەی زیت و وشیـارن و بـە شـوێن لک و پۆپی خانەدانی هاشمیدا دەگەڕێن و خەیاڵی ڕاستیدۆزەوەیان بۆتە ئاوێنەی باڵانوێنی ناسێنەری وەجاخی قوڕەیشییەکان، لێیان ڕوون بێ و بزانن کە زنجیرەی بنەماڵەی میرانی کلیس لایان وایە دەچنەوە سەر پنجی یەکێک لە کوڕانی حەزرەتی عەبباس، خودای لێ ڕازی بێ. خۆیان دەڵێن هیچ قسەی تێدا نییە کە لەگەڵ میرانی هەکاری و ئامێدی ئامۆزان. بـەڵگـەشیـان ئـەوەیـە شەمسەددین و بەهائەددین و مونتەشا سـێ بـرا بـوون کـە [لە عەرەبستانەوە هاتوونە کوردستان.][1] میرانی هەکاری کە لە بەرەی شەمسەددینن، ناوەکەی لە کوردیدا سواوە و بۆتە شەمۆ. میرانی ئامێدی کە لە توخمی بەهائەددینن کراونە بەهدین و میرانی کلیس کە لە پشتی مونتەشا کەوتوونەوە، بە موندە ناودێر کراون.[2]

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەر چۆنێک بێ، ئەو موندەیە لە سەرەتادا کۆمەڵێک کوردی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و ڕووی کردە میسر و شام. لەوێ سـەری وەبەر سوڵتانەکانی ئەییووبی هێنا و ئەو پادشا دادپەروەرانەش خوێندییانەوە و لە ناوچەی قەسیری نیزیک

---

١- ل١٦٠ی دەقی بودلیان. و.

٢- ل١٦٠ی دەقی بودلیان: شەمۆ بۆتە شەنبۆ. بەهدی کراوەتە بەهدینان (بادینان = بادینانی). و.

ناوی دروستی ئەم بنەماڵە و میرە، مەندۆیە و لە سەردەمی تورکانی عوسمانیدا بۆتە مەنت و مەنتەشا، واتە مەندشا (شامەند). ئەم میرە لە سەردەمی مەملووکی نەک لە سەردەمی ئەییووبیدا دەرکەوت و ناسرا. لە ڕووداوەکانی چارەگی یەکەمی سەدەی ٨ی ک/١٤ی زایینیدا ناوی کەسایەتییەک دێ بەناوی مەندۆی کورد (الذهبی، تاریخ الاسلام، ٤١٢/٥٥، المقریزی، السلوک، ٥٠١/٢-٥٠٢، العسقلانی، الدرر الکامنه، ١٥١/٦).ز.س.

هەرێمی ئەنتاکییە بە میرناوچەیان دانا و گوتیان بڕۆ لەوێ بنە دابگرە. جەماوەرێک کوردی یەزیدی کە لەو جێیە نیشتەجێ بوون، لە دەوری ئاڵای موندە هاڵان؛ ئەویش ڕۆژبەڕۆژ خۆی نیشان دا و لێوەشاوەیی و ئازایەتی و ڕووڕاستیی نواند. ئەو کوردانەی لە حەوم و کلیسیش بوون، تێکڕایان هەستان و بارگەوبنەیان لێنا و ڕوویان تێکرد. سوڵتانەکانی ئەییووبی زۆر چاکیان باڵ بە سەر کێشا و بوونە دەستەبەری ئاواتەکانی و کردیانە میری ئەو کوردانەی کە لە قەڵەمڕەوی شام و حەلەب دەژیان و کەوڵی شانازییان خستە سەر شانی. بەری کارانیان بۆ ئاواڵە کرد و بوونە پاڵپشتی و هێزیان وەبەرنا و پلەیان هەوراز برد و لە نێو هاوشانەکانیدا شان و شکۆیان درەوشاندەوە.(٢)

لە سەرەتادا دەستەیەک لە شێخەکانی ئەو یەزیدییانەی نیشتەجێی نێوان حەما و مەرعەش بوون، لەسەر مەزنایەتیی کوردان، لەگەڵ موندە لێیان بوو بە کێشە و نێوان‌ناخۆشی. چەند جارێک لەشکریان لێ کرد و شەڕ و گەڕیان تێهاڵاند، بەڵام سەرەنجام موندە دایهێنان و نیوە بە خۆشی و نیوە بە ناخۆشی و نابەدڵی ملی پێ نەوی کردن. تەواوی کوردەکانی ئەو سەرزەمینە سەریان وەبەر چەڵەمەی دەسەڵاتی هێنا. پاش ئەوەی موندە نۆرەی نەمانی هات، عەرەببەگی کوڕی بەرپرسایەتیی حکوومەتی کەوتە سەر شانی. دوای ئەوەی ئەویش چرای تەمەنی کوژایەوە، میر جەماڵی کوڕی ڕەسەنزادەی لەسەر کورسیی باوکی داسەکنی. دوابەدوای میر جەماڵ، ئەحمەدبەگی کوڕی هات و جێی گرتەوە. ئەو زەمانەی کە غولامی چارەنووس هات و ماڵوکۆچی دەسەڵاتی خانەدانی ئەیووبیی تێکەوەپێچا و غولامانی چرکەس جێی ئەوانیان گرتەوە، ئەحمەدبەگ سەری وەبەرنەهێنان. پاش هەڵبواردنی تەمەنێک و تێپەڕینی ڕۆژگارێک بە سەر دەسەڵاتیدا، ماڵاوایی خواست لەو دنیا بەقا پێ نەکراوە و حەبیببەگ و قاسمبەگ بوونە پاشەواری.

حەبیب‌بەگ جێی باوکی گرتەوە و بوو بە مەزنی کوردان. سوڵتانەکانی چرکەس وەبەریان هەڵخوێند و ڕایانکێشا بۆ لای خۆیان و لە حەلەب کوشتیان. قاسم‌بەگ بەپێی بەمیراتگەڕانی دەسەڵات و بە زەبری شان و باهـۆی بـوو بـە جێگرەوەی کاکی و کوردی هێنانە بەر ڕکێف و سەروبەری کارانی پێکهێنان. چرکەس هاتن و سەرۆکایەتیی کوردانیان دایە دەست شێخ عیزەددینێک لە تۆرەمەی شێخانی یەزیدی. هێندێک جەماوەری یەزیدی سەریان وەبەرهێنا و چرکەس شاریاربەگی ڕەمەزانلوویان کردە سپاسالار و کۆمەڵێک چەکداری حەلەبیان نایە ژێر ڕکێفی و ناردیان بۆ لێدانی قاسم‌بەگ. ئەویش لەگەڵ خێڵ و خزمانی لە «جەبەل سەهیوون» لەشکری لە سان دا و چاوەڕوانی پەلامار مایەوە. سوڵتانی غـووریش خوشکەزایەکی خۆی خستە پاڵدەستی شێخ عیزەددین و لەگەڵ لەشکری بەلێشاوی گەلەجاڕی حەلەب ناردی و لە قۆڵێکی دیکەوە بەرێی کردن بۆ سەر قاسم‌بەگ. چەند جارێک شەڕی قورسیان لە نێوانی‌دا قەوما و هەموو جارێکیش هەر سپای چرکەسان دەشکا.

ئەو زەمانەی کە سوڵتان سەلیم‌خان بە مەبەستی گرتنی عەرەبستان و خاکی میسر و شام و لێدانی چرکەسان سەری ڕکێفی بەرەو ئەو باڵە هەڵەنگاوت، قاسم‌بەگ لەگەڵ خەیری‌بەگـی چـرکەس چـوونە پێشـوازی و شـانازیی ڕایەخڕاموسانی پێ برا. پاش سەرکەوتن و گیـرانی میسر و شام و حەلەب، قاسم‌بەگ لـە ڕکێفـی هـەمیشـە لە سەری سوڵتانی‌دا ڕۆیی بۆ ئیستانبووڵ و جان‌پۆلای کوڕی دوازدە ساڵانەی خۆشی برد بۆ ئەو سەفەرە.

شێخ عیزەددینی یەزیدی خۆی گەیاندە خزمەت قەراجەپاشای مەزنی سەرکردەکانی حەلەب و بەپێی فێڵوفرتی چەند چەپەڵێک، بۆ قاسم‌بەگی تێچاند و پاشای لە خشتە برد و تاوانی خەیانەت و سەرهەڵدانی پێوەبەست. شێخ ئەوەندەی مەبەستەکە خەست کردەوە و وای کاربەدەستانی پایەبەرزی دەسەڵات خەڵەتاند

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەر وەرە سەیرێ. گوتی ئەگەر بێ و قاسمبەگ ئیزن بدرێ و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە حەلەب، ئاژاوەیەکی گەورە دەنێتەوە. کاتێک کۆمەڵێک بەڵگەی پتەویان بە گوێی سوڵتانی بەڕێز هەڵێنا، لەڕێوە فەرمانی بێتێکچوونەوەی بۆ کوژرانی قاسمبەگ پەسند کرد و جەللادان سێودوویان لێ نەکرد و پشوویان لێ بڕی. جانپۆلای کوڕیان بردە سەراوپەردەی ئاوەدان و خستییانە ڕیزی غولامانی خەزنەخانە و باڵی پارێزرانی بەسەر کێشرا.

پاشان لەسەر داوای قەراجەپاشا لە دیوانی دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمخانەوە شێخ عیززەددین کرایە مەزنی کوردان.

## جانپۆڵابەگ [١] کوڕی قاسمبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ

دوای کوژرانی باوکی، جانپۆڵابەگ لە کۆشکی ئاوەدانی سوڵتان سەلیمخان سێبەری پاراستنی بە سەر کشا و شێخ عیززەددین بوو بە مەزنی کوردان. کاتێک شێخ عیزەددین مرد هیچ پاشەوارێکی وای لە پاش بەجێنەما کە لێوەشاوەی حوکمڕانی بێ؛ جا بۆیە هەر ملکوماشێکی هەیبوو، خرایە سەر ملکی تایبەتی خاوەنشکۆ لە ئەنتاکییە و دەسەڵاتی کوردانیش درایە دەست مەلیک محەممەدبەگ کە لە بەرەی میرانی حەسەنکێف بوو.

کاتێک جڵەوی کاروباری گرینگی پادشایەتی کەوتە نێو پەنجەی بەکار و لێوەشاوەی سوڵتان سولەیمانخان، جانپۆڵابەگی لە سەرسەرای ئاوەدانەوە هێنایەدەر و خستییە ڕیزی پاسەوانانی بارگای هێندەی ئاسمان بەرزی. لە خەزای بێلگراد و گرتنی ڕۆدووس و پەلامار بۆ سەر «بەغدان»دا، لە ڕکێفی هەمیشە

١- جانپۆڵاد (گیانپۆڵا) بنەماڵەیەکی ناوداری کوردن و لە سەدەی شازدە و سەدەکانی دوایی‌دا ناوچەیەکی بەرفرەوانیان بەڕێوە دەبرد. ابوالوفاء العرضی (م: ١٠٧١ک/١٦٦٠ز) لە کتێبی «معادن الذهب» دوو میری بنەماڵەی جانپۆڵای ناساندوون. ز.س.

سەرکەوتووی‌دا دەبزووت. لەو ماوەیەدا گەلێک ئازایەتی و دەستوبردی نواند و کەوتە بەر دڵی ئەو خاقانەی لە هەر شتێک بڕوانێ دەیکاتە زێڕ. جانپۆڵابەگ داوای دەسەڵاتی باب‌وباپیرانی کردەوە؛ سوڵتانی سولەیمانپایە لەبەروەی بە چوونەوەی بۆ نێو کوردانی دێودەروون ئاژاوەیەک ساز نەبێ، ناوچەیەکی دیکەی سەر بە حەلەبی پێ بەخشی، بەڵام جانپۆڵابەگ نەیویست. ڕاست لەو سەروبەندەدا حوسێنخانپاشای خادم لەو شوێنە کرابوویە دەمڕاست و بە سەر کاروباری کوردان ڕادەگەیشت و سوڵتان ڕایئەسپاردبوو لە بیر و بۆچوونی کوردانیش بکۆڵێتەوە و بزانێ چاکە حکوومەتی کلیس بەدەست کێوە بێ و داخوا جانپۆڵابەگ بۆ وەی دەبێ بگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاوی خانەدانی خۆی. حوسێنپاشاش بە خزمەتی ڕاگەیاندەوە ئەگەر دەسەڵاتی کوردان نەدرێتە دەست جانپۆڵا، کەسی دیکە ناتوانێ بە سەر ئەو توخم و تۆرەمە سەربزێو و کەتنگێڕە ڕابگا و خەڵک و هاتوچۆکەرانی حەلەب و ناوچە عەرەبنشینەکان لە شەڕ و گەڕیان نـاخەلەسێن. لەسەر ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە سوڵتان سولەیمانخان، جانپۆڵابەگی بـە لاوانـدنـەوەی شاهانە و خەڵاتی خونکارانە بەسەرکردەوە و هەرێمی کلیس و تەواوی ناوچە و مەڵبەندەکانی باربوو کرد و ئەویش بە کامڕەوایی لە دەرگانەی سوڵتانەوە بەرەو کلیس پێی نایە ئاوزەنگی و لەوێ دابەزی. پاش داودامەزراوبوونی وا چاک سەروبەری کاروباری کوردانی پێکهێنا کە هەر باسی ناکرێ.

دەگێڕنەوە لەو دەمەدا کە سوڵتان سولەیمانخان بە مەبەستی گرتنی ئێران ڕووی کردە زستانەهەواری حەلەب، شەودزێک دەستی گەیاندە سەراوپەردەی شکۆداری خاوەنشکۆ و شیری گەوهەربەندی سوڵتانی لە خەڵوەخانەی تایبەتی موبارەکی دەرکێشا و وا بێخشپە و بەپێدزکە خوشی کە پاسەوانان و خزمەتکارانی هەر ئاگاشیان نەکرد. پاش ئەوەی ڕۆژ بۆوە و هەواڵەکە بە گوێی

ڕۆستەمپاشای مەزنەوەزیردا درا، چونکە جانپۆلابەگی دەدزاند و لە دڵی خۆیدا ڕقی لێی بوو، ڕووداوەکەی بۆ خونکاری دادپەروەر گێڕایەوە و گوتی کوردانی بەر فەرمانی جانپۆلا ئەم کارە دزێوەیان کردووە و هیچکەسی دیکە ناوێرێ خۆی لە کارێکی ئاوا مەترسیدار بدا. بە بیستنی ئەم قسانە ئاگری دەرهەڵبوونی پادشا گەزارەی کێشا و بۆسۆی بێدادی لە کوانووی مێشکی جانپۆلا هەستاند و وەک چاوی جوو هەڵبیێچا. لەو کاتەدا جانپۆلا هاتە جواب و گوتی پێنج ڕۆژم مەودا بدە، ئەگەر دزم دۆزینەوە ئەوە باشە، ئەگینا سوڵتان چۆنم سزا بدا پێی ڕازیم. ڕۆژی چوارەم دزەکانی بە شیری گەوهەربەندەوە هێنانە دیوانی سولەیمانی و پاش ئەوەی سەری هەموویان تێدابردن، پادشا کەوتە دڵدانەوەی جانپۆلابەگ و چۆن باشە ئاوای لاواندەوە و خەڵاتی کرد و لە هاوشانەکانی تێپەڕاند و پلەی هەتا پەرپەرۆچکەی ئاسمان بەرز کرایەوە. پتر لە نەوەد ساڵ ژیاوە و خۆی لە نیزیک سەتی داوە. دەڵێن حەفتا کوڕی بووە و زۆربەیان گەورە بوون و شەیتانیان پێکەنیوە و چاکە و خراپەیان زانیوە و جوانەمەرگ بوون. کە خۆی مردووە[1] دە کوڕی لە پاش بەجێماوە: حەبیببەگ، عومەربەگ، ئەحمەدبەگ، عەبدوڵلابەگ، حوسێنبەگ، غەزەنفەربەگ، زەینەڵبەگ، حەیدەربەگ و خدربەگ.

حەبیببەگ کە کوڕی گەورەی بوو، لە تافی لاوی و هەرزەکاریدا، بە دڵی خۆی دنیای وەبەردا و ڕچە و ڕێباز و ئاکاری نالەباری نەزان و نەفامانی ڕەچاو کرد و بە دابی گەنجان لێنیشت و بەپێچەوانەی گەز و ڕبەی پیران تێکەوت. بابی وای لە پێش چاوی ڕەش بوو کە دەریهاویشت و گوتی بە کوڕی خۆمی نازانم. جانپۆلابەگ خۆی چاوی بە سەر پەروەردەبوونی حوسێنبەگی پێنجەم کوڕییەوە بوو. چونکە نیشانەی پێگەیشتوویی و ڕووڕاستی و لێوەشاوەیی و بەرزبوونەوەی

---

١- شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٤٢٠، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی نووسیویەتی: جانپۆلاد (جانپۆلا) ساڵی ٩٨٠ی ک/١٥٧٢ی ز. مردووە. و.

بە نێوچاوانییەوە دیار بوو، ویستی بە جێگرەوەی خۆی دابنێ. ڕاست لەو سەروبەندەدا سوڵتان سولەیمانخان بە مەبەستی چوونە «سوکتوار» لەشکری دەنگ دا، بەڵام جانپۆڵابەگ ئەوەندە پیر و لاواز بوو کە نەیدەتوانی خۆی لەسەر خوانی زین ڕابگرێ و تاقەتی نەدێنا؛ بۆیە حوسێنبەگی لەبری خۆی نارد. لەو هێرشەدا کە حوسێنبەگ کـەوتـە ژێر ڕکێفی هەمیشە سەرکەوتووی سوڵتانی خەزاکەر، زۆر چـاکـی خـۆ نواند و کەوتە بەر دڵی پادشا و بە چاوێک لێی ڕوانی کە مس دەکاتە زێڕ. هەر لەوێ بەڵێنیی پێدا بە پلەی مەزنایەتی بەسەری بکاتەوە.

ساڵی ٩٧٢ی ک/١٥٦٤ی ز، کە ئاڵای سەرکەوتننیشانی سوڵتانی شەکانەوە و هێزەکانی گەڕانەوە، جانپۆڵابەگ وا لە چنگ پیری بێهێز و کەلەلا ببوو، کە دیار بوو چی وای بە بەرەوە نەماوە و هێندەی دیکە ناژی، بـۆیـە جەعفەربەگی بـە جێنشین دانا و وەسێتیشی کرد حوسێنبەگ بە سەر ملکوماش و سامان و ماڵ و منداڵی ڕابگا و حەبیببەگیشی لە بەشەماڵ بـێبـەری کـرد. دەقی وەسێتنامەکەی ئاوا نووسی و بە سەید و قازی و پیـاومـاقووڵانی ئەو دەڤەرەی مۆر کرد و نایە کیسەیەک و بە مێوومۆرکراوی ناردی بۆ قەڵاوانی قەڵاتی حەلەب. ئەوسا گیانی خۆشەویستی ئەسپاردە دەست گیانکێشی یەزدانی.

**جەعفەربەگ کوڕی جانپۆڵابەگ**

جەعفەربەگ لەسەر وەسێتی باوکی و بەپێی فەرمانی مەزنانەی سوڵتان مرادخان بوو بە حوکمڕانی کلیس. پاش چوار ساڵ، لەو کاتەدا کە مستەفاپاشا لەلەی سەردار، دەچوو بۆ گرتنی شیروان، جەعفەربەگیش ڕەگەڵ ئەو لەشکرەی کەوت کە دەتگوت قیامەت هەستاوە و ڕۆیی بۆ دیاربەکر. وەختایەک گەیشتە قەراجەتاق (قەراجەداغ)، لەسەر ئەسپەوە هەڵدێرا و گیانی دایەوە دەستی جیهانپەروەرێن.

**حەبیببەگ کوڕی جانپۆڵابەگ**

دوای نەمانی باوکی، حوسێنبەگ و براکانی زۆریان سووکایەتی بە سەر حەبیببەگ هێنا و شکاندیانەوە. ئەویش لەسەر دڵی بوو بە گرێ و بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە ڕامالّی بردە سەر کلیس و دەستی بە سەر بەشێک لە ماڵ و سامانی باوکیدا گرت و چەند گیراوێکیش کە لەمێژ ساڵ بوو لە زیندانی باوکیدا بەند کرابوون و هەقی مسوڵمانانیان لە پێیدا بوو، هەمووی بەردان.

پاشان پیاوی ناردە دەرک و دیوانی سوڵتان و لە چنگ ناجوامێریی براکانی زۆری سکاڵا کرد و گوتی مافم پێشێل کراوە و هەرچی هەبوو هەمووی بە پێچکی تەختی بەرزی دەسەڵات ڕاگەیاند. مەزنەپیاوی بەڕاوتەگبیری ڕێکخەری کاروباری دنیا، محەممەدپاشای مەزنەوەزیر، لێی هەڵبەزییەوە و لە دەمی داواکەی دا و گوتی باوکی بە زیندیسەر حەبیببەگی لە مەزنایەتی و میرات بێبەری کردووە و وەرگرتنی هەوساری دەسەڵاتی ڕێ ناکەوێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئاوری ئاژاوە ڕۆمرکێ و کێشەیان نەمێنێ، ئەوە دەیکەمە مەزنی نابلۆسی شام. حەبیببەگ پێی ڕازی نەبوو، گوتی ناوچەی «بالیس»ی حەلەبم دەوێ کە حوسێنبەگی برام بە سەری ڕادەگا. لە چاکەی بێسنووری پادشایانەوە ئەو ناوچەیەی باربوو کرا. کاتێک حوسێنبەگ بەو کارەی زانی، کەیخودای ناردە بارگای سوڵتان و سەرلەنوێ لە شوێنی خۆی دامەزرایەوە و حەبیببەگی لێ خستەوە و بردییەوە سەر دۆخی جارانی. لەو سەروبەندەدا هەواڵی مردنی جەعفەربەگ و نووسرانی فەرمانی مەزنایەتیی کلیس لە لایەن مستەفاپاشای سەردارەوە بۆ حوسێنبەگ بڵاو بۆوە.

کاتێک حەبیببەگ پێی زانی خێرایەکی بەرەو دەرانەی سوڵتان مرادخان باڵی گرت و نیزیکەی پێنجهەزار فلۆریی وەکوو دیاری بردە خزمەت شێخی پادشا، کە لەو کاتەدا سوڵتانی جیهانپەنا لە ناخی دەروونەوە زۆری بڕوا بەو پیرە نەزانە

بوو. حەبیب‌بەگ تکای لێ کرد تاکوو حکوومەتی کلیسی بۆ داوا بکا لە پادشا و مەزنەوەزیر. لەسەر قسەی بێ‌ڕەت‌بوونەوە و قورس و پتەوی شێخ، کرا بە میرناوچەی «سەلەمییە»، بەڵام گوتی نامهەوێ و بمنێرێنەوە سەر ملکی باب‌وباپیرانم. ئەگەرچی ئەو داوایەی شێخ لەگەڵ ڕێ‌وشوێنی تۆکمە و درەوشاوەی ئیسلام نەدەهاتەوە، بەڵام هێندەی پێ داگرت و سوور بوو لەسەری کە حکوومەتی کلیس درا بە حەبیب‌بەگ و حوسێن‌بەگ بە میرناوچەی سەلەمییە دیاری کرا. ئەو دەمەی کە مستەفاپاشای سەردار خەریکی چاک‌کردنەوەی قەڵای قارس بوو، حوسێن‌بەگ گوێی خۆی لێ خەواند و بە کەمتەرخەمی تێکەوت و لە ئاخری کاران‌دا وێڕای پۆلەپیاوێک خۆی گەیاندە خزمەت سپاسالار، بەڵام بە سەرساردی وڵامی درایەوە. سەرلەنوێ دەسەڵاتی کلیسی دایەوە دەست حوسێن‌بەگ و حەبیب‌بەگی بە مەزنی سەلەمییە دانا. حەبیب‌بەگ دیسانیش نەیسەلماند و ڕووی کردەوە بەر دەرانەی سوڵتان. خوداوڕاستان لەو جەنگەیەدا مستەفاپاشا لەسەر کارلادرا و سنان‌پاشا جێی گرتەوە و بوو بە سپاسالار. حەبیب‌بەگ کە پیاوێکی خۆهەڵکێش و لەبلەبان بوو، ئەوەندەی قسەی زل کردن و هێنانی و بردنی و تێکیکردنەوە، کە سنان‌پاشا هەڵفریوا و وای دڵ پێیەوە نووسا پێی وابوو هەر نەبێ نیوەی خاکی عەجەمانی بۆ دەگرێ. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە حکوومەتی کلیسی دایەوە دەستی. پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر دەسەڵاتی‌دا سنان‌پاشا پلەی سپاسالاری و مەزنەوەزیرایەتیی بەچنگەوە نەما. حوسێن‌بەگ دیسانەوە دەسەڵاتی کلیسی بۆ خۆی وەرگرتەوە.

حەبیب‌بەگ چەند ساڵێکی دیکە بە لێخراوی و سەرگەردانی و پەرێشانی خولایەوە و هەتا تیخی تیژی مردن نەگەیشتە سەری و هەودای ژیانی هەڵنەپساند، دەستی لە دوژمنایەتیی براکانی هەڵنەگرت.[شاعیر گوتەنی:]

دنیامان کردە دوو بەش تا خەڵک ئاسـوودە بـێ
ئەو بوو بە میری ژێر خاک، منیش میر لەسەر ئەرزی

**حوسێنبەگ کوڕی جانپۆڵابەگ**

چونکە حوسێنبەگ توانیبووی سەرنجی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و پێی وەڕەنگوڕوو بێ و دۆعای بەخێری بابیشی لە پشت بوو، ئەگەرچی کوڕی پێنجەمیش بوو، پاش مردنی جەعفەربەگی برای کرایە مەزنی هەرێمی بەمیراتگەڕاوی خانەدانی خۆی. وەکوو پێشتر باسی کرا حەبیببەگی برای چەند جارێک تۆمەتی خستە پـاڵـی و کـوژرانی جەعفەری براشی بە سەر وێدا هێنا و نیزیکەی شێستهەزار فلۆریی بابەتی بەدواداچوون و لێپرسینەوەی ئەویشی گرتە ئەستۆی و بە یاریدەی سنانپاشای وەزیریش بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەسەڵاتی کلیسی لە چنگ دەرهێنا و سەرەنجام هیچی بۆ بە هیچ نەکرا و دەسەڵاتەکە هەر کەوتەوە دەست حوسێنبەگ.

ژین
www.zheen.org

هەر کەسێ کاری لەبەر خودا بێ — چ کەند و لەندی لە ڕێیە نابێ
هەر کارێکی بێ بەدەس خودایە — خۆ بەخوا بەندە چی لە دەس نایە

بەڵێ وەکوو دیارە حوسێنبەگ چەند ساڵێک بەتەنیا و بێبەرهەڵست هەوساری دەسەڵاتی کلیسی گرتە دەست. سەرەنجام ڕۆژایەکی کەڵکەڵەی بەلگەربەگایەتیی عوسمانییانی کەوتە سەری. بۆ ئەوەی ببێتە مەزنی سەرکردەکانی ترابلۆسی شام مڵکوماشێکی زۆری خستە سەر مڵکی تایبەتی خاوەنشکۆ و خۆی بوو بە دەستەبەری و لەو پێوڕستە داوای کرد دەسەڵاتی کلیس بخرێتە سەر ترابلۆس و ئەگەر هات و لەسەر کار لادرا، کلیسی بە دابی جاران هەر بەدەستەوە بمێنێ و

ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەیە و چەند مەرجێکی دیکەشی دانا. کاتێک داخوازییەکانی بە گوێی میری بەشان‌وشکۆ ئاشنا کران، هەمووی بە ئاوڕ لێدانەوەی شاهانەی بۆ وەدی هێنا. ساڵی ١٠٠١ی ک/١٥٩٢ی ز، فەرمانی تێخوێندنەوەی خونکاری بۆ نووسرا و کەوڵی شانازیی خرایە سەر شانی و پاشناوی «پاشا»شی پێ بەخشرا و بە حوسێن‌پاشا ناودێر کرا.

ئەوەی ڕاستی بێ لەو کاتەدا کە حوسێن‌پاشا ئەم فەرمانەی بۆ نووسرا پیاوێکی عەرەب بەناوی قەمیز بەپێی ڕەچاوکرانی چەند مەرجێک بە سەر ترابلۆس ڕادەگەیشت. قەمیز خۆی بە یەکێک لە مریدانی جڵەوکێشی پەردە لەبەر نەماوان و پێشەنگی وردەکاران و مایەبەختی دین و بڕواداران، مەولانا خواجە ئەفەندی دەزانی و زۆریشی هۆگر بوو. تەنانەت دەهەزار فلۆریی زێڕی سووریشی لەو مەولانایە بە قەرز وەرگرتبوو. بە بیستنی هەواڵی حوسێن‌پاشا هارووژا و سەری لێ شێوا و بەغار ڕۆیی بۆ بەر دەرانەی سوڵتان. دەهەزار فلۆرییە زێڕە قەرزەی مەولاناشی لەگەڵ خۆی برد و لە مەودای ڕێیەدا وەک بەردی بن گۆمی لێهات. پاش چەند ڕۆژ گەڕان و پشکنین سەرەنجام تەرمی قەمیز و ئاواڵەکانی لە نێو کاول و هەرەسی کۆنە کاروانسەرایەک دۆزرانەوە. جا چونکە ڕاست لەو دەمەدا حوسێن‌پاشا پاش ئیزن خواستن بەرەو ترابلۆس چووبوو، تاوانی کوژرانی قەمیز و یارانی خرایە ئەستۆی ئەو و پیاوەکانی. ئەگەرچی خواجە ئەفەندی حوسێن‌پاشای خۆش دەویست، بە بیستنی ئەم ڕووداوە لێی سارد بۆوە و لەسەر تەختی دەسەڵاتی ترابلۆس لادرا. لەڕێوە حەسەن‌ئاغای میردەرکەوان کە پێیان دەگوت یەمشچی حەسەن‌ئاغا ڕاسپێردرا هەتا خۆی و هاوڕێیانی بگرێ و بیانخاتە زیندانی حەلەب و هەڵیانپێچێ و ڕوونی بکاتەوە بزانێ قەمیز و هاوڕێیانی چۆن کوژراون و دەبێ هەرچی ماڵی دەسەڵاتە و لە پێی حوسێن‌پاشادا نووسراوە لێی وەربگرێ. حەسەن‌ئاغاش بەگوێرەی فەرمانی بێ‌سێ‌ودووی سوڵتان، حوسێن‌پاشای لە قەڵای

حەلەبدا زیندانی کرد. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، بەپێی شەرعی ئیسلام خوێنی قەمیزی لەسەر سوور نەبۆوە. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، حوسێنپاشا هەر ماوە و هیچ کارێکی بەدەستەوە نەماوە و لە قەڵەمڕەوی خاکی عوسمانیدا ژیانی ڕادەبوێرێ. ئومێدەوارم ئاخری خێر بێ و باری کەوتووی هەستێتەوە، چونکە لاوێکی یەکجار لێوەشاوەیە و چەندی بڵێی ئەوەندە هەڵگری تاریفاتە.[1]

## بەشی شەشەم

## باسی میرانی شیروان کە دەبنە سێ لک[2]

ئەو بولبولانەی کەوا چریکەیان دێ لە جاڕەگوڵی میرایەتی و ئەو تووتییانەی بوونە حیکایەتخوانی شەکرەجاڕی فەرمانڕەوایەتی، پێیان وایە باپیرانی میرانی شیروانی دەگەنەوە سەر وەچەی کۆمەڵێک لە وەزیرانی سوڵتانەکانی ئەییووبی. دەڵێن پاش ئەوەی ساڵی ٦٦٢ی ک/١٢٦٤ی ز، دەستی چارەنووس بارگە و بنەی دەسەڵاتی ئەییووبییەکانی تێکەوەپێچاوە و پادشایەتیی میسر و شامیان بەدەستەوە نەماوە، لەگەڵ یەکێک لەو شازادانەی کە باپیری میرانی حەسەنکێفە، هاتوونە ئەم هەرێمە. بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە بە ڕەگەز دەچنەوە سەر پادشایانی شیروانی. هەر چۆنێک بێ، عیززەددین و بەدرەددین و عیمادەددین سێ برا بوون کە

١-بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٤٢٥-٤٢٧. و.

٢-بنەماڵەی میرانی شیروان، لەو بنەماڵە دەگمەنە کوردانەن کەوا خۆیان بە عەرەبی قورەیشییەوە نەبەستۆتەوە و لە کتێبی «هۆزان و سەرۆکهۆزانی کورد»دا بەوردی بۆچوونی خۆم دەربڕیوە دەربارەی ئەو وەزیرەی کە باپیرەگەورەی میرانی شیروانە. بڕوانە: القبائل و الزعامات القبلية الكردية، ص١٧٩-١٨١. ز.س.

هاتوونە هەرێمی کفرا و لێی نیشتەجێ بوون.[١] پادشایانی ڕابردوو وەبەر دڵیان کەوتوون و دەسەڵاتی هەرێمەکەیان باربوو کردوون.

## لکی یەکەم

### باسی میرانی کفرا[٢]

وەک دەگێڕنەوە میر حەسەنی کوڕی برایم یەکەم کەسی ئەو خانەدانەیە کە لە کفرا بۆتە میر و پێنج کوڕی بووە: میر محەممەدە کۆرە، میر شامحەممەد، میرزا، میر شەمسەددین و میر مەجدەددین.

کاتێک میر حەسەن گەیوەتە بنەبانی دەسەڵاتی، قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی بە سەر کوڕەکانیدا دابەشیوە و وەسێتنامەی نووسیوە و تێیدا بەڕوونی ئەو کەسەی بە لەعنەت کردووە کە لێی لابدا و وای داناوە کە دوای نەمانی دەبێ هەموو بە بەشی خۆیان ڕازی بن و شاڵاو بۆ یەکتری نەبن. لەو دابەشینەدا قەڵای شەبستانی داناوە بۆ میر محەممەدە کۆرە و قەڵای کفرا و مەڵبەندەکانی دەوروبەری داوە بە میرزا. قەڵای ئیروون و ناوچەکانی دەورانپشتی دیاری کردووە بۆ میر شەمسەددین و قەڵای ئاویل و ئاوەدانییەکانی سەر بەو شوێنەی بۆ میر مەجدەددین جوێ کردۆتەوە و میر شا محەممەدیشی کردۆتە جێگرەوەی خۆی.

#### میر شامحەممەد کوڕی میر حەسەن

پاش نەمانی میر حەسەنی باوکی، میر شامحەممەد لە کفرا بوو بە جێنشینی و ڕاست لەو سەروبەندەشدا، میر مەجدەددینی برای چکۆلەی مرد و چونکە نێرینەی

١- بودلیان، ل ١٦٦: «کافرانی چەپەڵکاریان لەوێ دەرپەڕاندوون.» و.

٢- بەپێی ڕەوتی کارەکەی شەرەفخان دەبوو ئەم سەردێڕانە هەبووبان، بەڵام لە نووسینەوەدا ڕەچاو نەکراون. من زیادم کردوون. و.

نەبوو، قەڵای «ئاویل»یشی خستە سەر قەڵەمڕەوی و تەواو بە سەربەستی حکوومەتی بەڕێوە برد. دوای نەمانی چوار کوڕی لە پاش بەجێما: میر محەممەد، میر ئەبداڵ، میر عەلی و میر عیززەددین. میر ئەبداڵ بوو بە جێگرەوەی باوکی.

**میر ئەبداڵ کوڕی میر شامحەممەد**

میر ئەبداڵ دوای ئەوەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی باوکی پاڵی دایەوە و چەند ساڵێکی بە سەردا تێپەڕی، پاشماوەی ژیانی ئەسپاردە دەست گیانئەستێنی و کوڕی گەورەی جێی گرتەوە.

**میر شامحەممەد کوڕی میر ئەبداڵ**

دوای نەمانی میر ئەبداڵ، میر شامحەممەدی کوڕە گەورەی بوو بە جێگرەوەی. لە سەردەمی حکوومەتی وی‌دا، شاسمایلی [سەفەوی] خۆی لە گرتنی کوردستان خۆش کرد. وەکوو لە پێشتردا چەند جارێکمان باس کردووە، میر و مەزنانی کوردستان وێکڕا قۆڵیان تێکگرت و چوونە خزمەتی؛ ئەویش بێجگە لە میر شامحەممەد و عەلی‌بەگی ساسۆنی هەمووی گرتن و لە زیندانی پەستاوتن.

میر شامحەممەد چونکە چوویە سەر ڕەنگی قزڵباشان و جلکی ئەوانی پۆشی، لە کۆڕی تایبەتی بەزمورەزمی شادا جێی خۆی کردەوە و بوو بە ئاودەنگی شاسمایل و ئەویش هەرێمی کفرای بە مڵکایەتی پێ بەخشی. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی باش بە سەر تەمەنی‌دا و تام لێ چێژتنی، بە مەیلی خۆی دەستی لە میرایەتی هەڵگرت. باوکی چوار کوڕان بوو: محەممەدبەگ، ئەبداڵبەگ، عەلی‌بەگ و عیززەددین‌بەگ. دوای کشانەوەی لە حکوومەت، محەممەدبەگی کوڕە گەورەی لە

جێی خۆی دانا و ماوەی دە ساڵی دیکەش بە دوورەپەرێزی ژیا. سەرەنجام مەرگ بەرۆکی گرت و دەستی لەم دنیا بەقا پێ نەکراوە هەڵتەکاند.

**محەممەدبەگ کوڕی میر شامحەممەد**

محەممەدبەگ لەسەر وەسێتی باوکی بوو بە میری کفرا و مەڵبەندەکانی سەر بەم نێوەندە. دوای تێپەڕینی سی ساڵ بە سەر دەسەڵاتی‌دا، ئەبداڵبەگی برای لێی ڕاست بۆوە و شەڕی تێهاڵاند و گوتی حکوومەتی «کفرا»م دەوێ. محەممەدبەگ لە ترسی وەی نەکا لێرەوە بەرەودوا لە دیوانی خاقانی خاوەن‌شکۆی جێگرەوەی سولەیمانەوە [١]، فەرمانی حکوومەتی لێ وەربگیرێتەوە، دەسەڵاتی قەڵای کفرای دایە دەست ئەبداڵبەگی برای و خۆی بە مەبەستی پاراستنی قەڵای بارگیری، کە لە سنووری قزڵباشان بوو، ڕووی کردە ئەو شوێنە و بۆ ماوەی ساڵێکی بێبڕانەوە لەوێ بنەی داگرت. ڕاست لەو جەنگەیەدا شاتەهماسبی [سەفەوی] بە ئامانجی گرتنی قەڵای عەدلجەواز (عادلجەواز)، ئەرجیش، ئەخلات و بارگیری، لە جەرگەی زستان و بەفر و ویشکەبەند و سەرمادا لەشکری هێنا.

سەهۆڵبەندانێک بوو دەتگوت زەوی ئەو ئیسفەندیارەیە کە هیچ شیر و تیر و نێزەیەک نەیدەبڕی و کاری لێ نەدەکرد و بەرگەزرێی سەهۆڵی بە بەر خۆی‌دا کردبوو. کێو و چیا کەوڵی دەڵەکی لە خۆیەوە پێچابوو. باڵندە نەیدەتوانی بە حەوادا بفڕێ و ماسی بڕستی نەبوو لە ئاودا بسووڕێتەوە.

لەبری ئاو دەبێ بەردی بکرۆژین ئاو بەسوویەتی چون وەک سماتە
خەنجەرووەشێنان زرێی بالایان مەلی گیان تێیدا گیرۆدە و ماتە

---

١- مەبەستی سولەیمان‌پێغەمبەرە. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرەتا وەکوو بەڵای ئاسمانی داهاتە سەر قەڵای بارگیری و مەچەکەی لێ ئەنگاوت. پاش تێپەڕینی سێ مانگ بە سەر ماوەی گەمارۆدا، قەڵانشینان وێکهاتن و تەنگانە دەرەتانی لێ بڕین و نان و پێخۆر و بژیو و پاشەکەوتیان سەری کردە تەواو بوون و خەڵک هیچ تین و گوڕێکیان دەبەردا نەما. ڕاست لەو جەنگەی بڕستبڕانەشدا محەممەدبەگ هەواڵی بۆ هات کە لە دیوانی سوڵتان سولەیمانەوە حکوومەتی کفرا باربووی ئەبداڵبەگی برای کراوە؛ هەر بۆیە بەجارێک ناهۆمێدی سواری سەری بوو. ئیتر داڕما و قەڵای دایە دەست مەعسوومبەگی سەفەوی، میر دیوانی شاتەهماسب و لەو ئارامانە نەما. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان ڕووی کردە دەرانەی سولەیمانی. پیاوخراپان پاشەملە بۆیان تێچاند و بە خزمەت پادشایان ڕاگەیاند کە خوردوخۆراک و پاشەکەوتی قەڵای بارگیری لە کەمێی نەداوە و محەممەدبەگ بە نامەردی داویەتە دەست قزڵباشان. لەسەر ئەو کارە بە فەرمانی قارەمانی زەمان، میرغەزەبان لێی وەخۆ کەوتن و پەتیان خستە ئەستۆی و خنکاندیان و نەیانهێشت چی دیکە سوڵتانی ڕووحی شوورەی قەڵای قەڵافەتی بپارێزێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ئەبداڵبەگ کوڕی میر شامحەممەد

پاش کوژرانی محەممەدبەگی برای، ئەبداڵبەگ لە کفرا بوو بە میری سەربەخۆ. دوای تێپەڕبوونی سێزدەساڵ بە سەر ماوەی حکوومەتیدا، لەناکاو میرانی خیزان کێشە و هەرایان لە نێواندا هەڵگیرسا و میر محەممەد و مەلیک خەلیل پێکهەڵپڕژان. مەلیک خەلیل هاواری بۆ ئەبداڵبەگ برد. ئەویش ڕەگی غیرەتی کوردانەی هەستا و خێڵ و خزمی شێرۆییی کۆکردنەوە و بە گەلەجاڕ هێنانی و شانبەشانی مەلیک خەلیل شانیان لە گەمارۆی قەڵای خیزان شل کرد. میر محەممەد لەگەڵ عەشیرەتی نەمیران (نەمران)، کەوتە پاراستنی قەڵا و بە مەبەستی شەڕ و تێکهەڵچوون

وەدەرکەوت و هێزی هێنا و بە ڕیزی کرد. پاش تێکهەڵچوونێکی زۆر، نیزیکەی سەت پیاوی خیزانی کوژران و هەرچی ئاوەدانی و مووچە و مەزرای سەر ڕێگای پەلامارەکە بوون، تەواویان تالان و پێخوست کران. خەڵکی خیزان بە مەبەستی دادخوازی سکالایان بردە بەر بارگای سوڵتان سولەیمانخان و ئەویش فەرمانی پیرۆزی نووسی بۆ ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان و ڕایسپارد تاکوو ئەبداڵبەگ بانگ بکاتە دیوانی وان و سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕووداوەکانی خیزان بیخاتە بەر لێپرسینەوە.

پاش ئەوەی کەیخودای هەردک لایان لە دیوان کۆکراونەوە و پرسیار و وڵام براونەوە، چۆنیەتیی دەسدرێژی و زوڵمی ئەبداڵبەگ و جەماوەری شیروان سوور بۆتەوە و دەرکەوتووە کە چییان بە سەر ئاپۆرە و بژاردەی هێناوە. بۆیە مەزنی سەرکردەکانی وان هەر ئەو کاتە گرتوویەتی و لە زیندانی قەڵای پەستاوتووە. ئەوسا ڕاستیی ڕووداوەکانی بە خزمەت پایەی تەختی شارەی پێشەوایەتی ڕاگەیاندووە. فەرمانی بێبەرگێڕەوەی کوژرانی دەرچووە و لە وان کوشتوویانە. هەرێمی کفرا کراوەتە دوو بەش؛ نیوەی دراوە بە ساروخانی حەزۆیی و نیوەکەی دیکەشی خراوەتە بەر دەسەڵاتی حەسەنبەگی کرنی. ئەبداڵبەگ شەش کوڕی وردیلەی خواروژووری لە پاش بەجێماوە: مەحموودبەگ، زەینەڵبەگ، میر شامحەممەد، حاجی، میر محەممەد و زولفەقار.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### مەحموودبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ

پاش نەمانی ئەبداڵبەگ، کفرا چەند ساڵێک بە چنگ خەڵکی بێگانەوە بوو، بەڵام وەختایەک مەحموودبەگ بە خۆیدا هات و پێگەیی، بە مەبەستی داوا کردنەوەی مڵکی باپیرانی ڕووی کردە دەرانەی بەختەلانی سوڵتان سەلیمخان. سوڵتانی دۆستلاوێنەوەی دوژمنتاوێنەوە، بە دەریای بێسنووری بەسەرکردنەوەی

شاهانەی پاراوی کرد و بە دابی جاران هەرێمی کفرای باربوو کردەوە و فەرمانی بێبەرهەڵستی دایە دەستی و نیازی وەدی هێنا و ناردییەوە سەر ملکی خانەدانی.

مەحموودبەگ بە دڵخۆشی گەڕایەوە و لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە و دەرگای خێر و چاکەی بە ڕووی خواروژووری خەڵکی شیرواندا کردەوە و بارانی بەخشینی بە سەردا باراندن و هەموو لایەکی گەشاندەوە، بەڵام دایمودەرهەم بە سەرخۆشی ڕایدەبوارد و دەستی لە ئەستۆی کیژانی بەژنباریک هەڵنەدەگرت و بۆ چاوترووکانێکیش بێ وەکوو گوڵاڵە و نێرگزی مەست پیاڵەی دانەدەنا. وەرزی زستان و هەڕەتی بەهار بۆ تاوێکیش بەبێ قوڵتەی قلپەی گۆزەی شەراب و ناڵەی نەی و تووڕەی بلوێر دانەدەسەکنی.

قومێک بادە لە ڕەنگی سووری ئاگر
لە خوێنی سەد برا بۆ وی بوو چاتر
بە دەنگی سازێ دەیبەخشی وڵاتێ
لەبۆ گۆرانی دەیکردە خەڵاتێ

پاش ئەوەی کە سێ ساڵ لەسەر ئەم بارە ڕاییوارد، شەوێک لە شیرنخەودا خەنجەرێکی لە خاڵیگەی وەشا و کۆتاییی بە ژیانی هێنا. بە فەرمانی سوڵتان سەلیمخان مەزنایەتیی کفرا باربووی میر حەسەنی کرنی کرا، کە یەکێک بوو لە کوڕانی میر محەممەدە کۆرە و چەند ساڵێک بە سەری ڕاگەیشت.

## زەینەڵبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ

ئەو دەمەی مەحموودبەگ لە جێوبانی خۆیدا کوژرا، براکانی هەر منداڵ بوون و کەس نەیزانی کێ کوشتوویەتی و دەبێ بەرۆکی کێ بگیرێ. چەند ساڵێک

میر حەسەنی کرنی بوو بە حوکمڕانی شیروان. پاش ئەوەی زەینەڵبەگ گۆپاڵی لە خیزی هاتەدەر و لە خەم ڕەخسی و خەتی سمێڵی دا، بە هیوای وەرگرتنی فەرمانی میرایەتیی کفرا ڕووی کردە دەرگای بارگای سوڵتانی [عوسمانی]. بەهەڵکەوت ڕاست لەو کاتەدا سنانپاشای سێهەم وەزیر[١] و عەلیپاشای قەپوودان، بە گرتنی قەڵای عەقلبەند لەشکرێکی زۆریان دەنگ دا و بە سواری کەشتی و گەمێی شەڕکەر وەڕێ کەوتن و پێداویستی و پاشەکەوتێکی بێژماریان لەگەڵ خۆیان برد.

زەینەڵبەگ و کۆمەڵێک میر و سەرکردەی لێخراوی کورد وایان بڕیار دا لەگەڵ سنانپاشا بەشداری ئەم پەلامارە بن. پاش گیرانی عەقلبەند و سەرکەوتنی سپای نەبەزی [عوسمانی]، هێزەکان بە کەیفخۆشی گەڕانەوە. سنانپاشا ویست و چۆنیەتیی حاڵوباڵی زەینەڵبەگی بە پێچکی تەختی بەرزی دەسەڵات ڕاگەیاند و بە دەستووری پێشوو، فەرمانی حکوومەتی بۆ نووسرا و جێی مەحموودبەگی کاکی گرتەوە و بە کامڕەوایی گەڕایەوە و ئامانجی بۆ دەستەمۆ بوو. ڕەوتێکی جوان و گونجاوی لەگەڵ تەواوی خەڵک ڕەچاو کرد و چۆن چاکە ئاوا لەتەک مەزنان و میرانی ئێروئەوێ و دراوسێیانیدا هەستا و دانیشت. هەمیشە خوانی ئەوسەرەوسەری خێروبێری ڕازابۆوە و چاوی بە سەر زانایان و باڵی بە سەر هەژارانەوە بوو. سی ساڵ ئاوا بە خۆشی و کامەڕانی ڕایبوارد و دڵی هەموو لایەکی ڕاگرت و خۆی بۆ کەمتەرخەمی شل نەکرد. بە گەورەیی مەیلی بۆ خوێندن و نووسین بزووت و مرخی خۆش کرد و بە هەوڵ و تێکۆشانی توانی سەرکەوتوو بێ. لەناکاو نەخۆشییەکی سەختی پێوەنووسا و بۆ ماوەی شەش مانگ بە چنگ ئێش و ژانەوە تلایەوە. سەرەنجام کلکەی مانگی قوربانی ١٠٠٥ی ک/١٥٩٧ی ز، لەم دنیا دوو دەرگانەیەوە بەرەو دنیای هەرمان شنی.

---

١- ل ١٧٠ی بودلیان: «مەزنەوەزیر». و.

باوکی پێنج کوڕی بەرزەئاکار بوو: ئەبداڵبەگ، مەلیک خەلیل، میر مەحموود، میر محەممەد و میر سولەیمان.

### ئەبدالّبەگ کوڕی زەینەڵبەگ

ئەبدالّبەگ هەتا بڵێی لاوێکی جوانچاک و دەروون پاکە و لەسەر وەسێتی باوکی و بەپێی فەرمانی بەرزەناوی سوڵتان محەممەدخان بۆتە میر و مەزنی شیروان و هەر ئێستا لەوێ دەسەڵاتدارێکی سەربەخۆیە. هیوادارم تەواوی ئاوات و ئامانجەکانی وەدی بێن.

## لکی دووهەم[1]
## باسی میرانی کرنی

ئەم میرانە دەبنە نەوە و نەتیژەی میر محەممەدە کۆرەی کوڕی میر حەسەن کە باوکی هەرێمی دەسەڵاتەکەی خۆی بە سەردا بەش کردن. باوکی میر محەممەد قەڵای شەبستانی دابوویە و ئێستا زەینەڵبەگی کوڕی سولەیمانبەگ لە دیوانی سوڵتانەوە قەڵای شەبستان و مەڵبەندەکانی دەوروبەری باربوو کراوە و لەوێ سەرقاڵی حوکمڕانییە. نێوەنێوەش میر حەسەنی کوڕی مەلیک سولەیمان کە ئامۆزایەتی جڵەوی دەسەڵاتی کفرای کەوتۆتە دەستی، هەروەک چۆن لە باسی ڕووداوی کوژرانی ئەبدالّبەگدا خرایە بەر چاو. ئەوەی ڕاستی بێ زەینەڵبەگ لاوێکی پوختەیە و بیری لە دوارۆژ کردۆتەوە و هەر لە ئێستاوە زەعامەتەکەی

---

١- نووسەر لە سەرەتای بەشی شەشەمدا شیروانییەکان دەکاتە سێ لک، کەچی هەڵەیەک ڕووی داوە و کرنی و ئیروونی بە یەکەم و دووهەم داناون، کە دەبێ دووهەم و سێهەم بن. و.

خۆی خستۆتە سەر ناوی کوڕەکەی و توانیویەتی مەزنایەتیی ئاغاکیس لە دیوانی سوڵتان محەممەدخان بۆ خۆی دەستەبەر بکا. برایەکیشی هەیە ناوی میر ئەبداڵە.

## لکی سێهەم

## باسی ناوچەی ئیروون

هەر ئێستا میر مەلیکی کوڕی میر حەسەن کە یەکێکە لە کوڕانی میر شەمسەددینی کوڕی میر حەسەن بە سەر قەڵای ئیروون ڕادەگا. وەک دیارە میر حەسەنی باوکی میر شەمسەددین لە جەنگەی دابەشینی هەرێمی دەسەڵاتی‌دا، ئەم ناوچەیەی بۆ میر شەمسەددین بڕیبۆوە هەتا بە سەری ڕابگا.

میر مەلیک لاوێکە لە کوردستان بە ئازا و دڵاوا ناوبانگی ڕۆیشتووە و بە کەسێکی دیندار و مسوڵمانیش ناسراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەشی حەوتەم

## باسی میرانی زەرقی کە چوار لکیان لێ دەبێتەوە[١]

١- ناوی دروست و ڕەسەنی ئەم هۆزە «زەرگی»یە نەک «زەرقی». لە سەردەمی عوسمانی‌دا بە زەرگەلی ناسراوە. لە سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەهەمی زایینییەوە ناوی هاتۆتە نێو ناوان و هیچ پەیوەندییەکی نە بە عەرەب و نە بە وشەی «ازرق»ی عەرەبییەوە هەیە و لە سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان‌دا بە هۆزێکی کوردی دانراوە و هەردەم ناوی لەگەڵ هۆزی سلێمانی (سلیڤانی) دێ (ابن حجر، انباء الغمر، ١/٢٨٠، ٢٩١؛ ئەبووبەکر تارانی، کتێبی دیاربەکرییە، ل ٦٥، ٧٩، ٨٦ و ١١٨).

تەنانەت میر یەعقووب‌بەگی زەرگی لە دەستەی یەکەمی ئەو شاعیرانە بوو کە بە کوردی شێعریان داناوە و وەک شەرەفخان دەڵێ دیوانێکی شێعری بە کوردیش هەبووە. ز.س.

دەبا ئەم باس‌وخواسە لە ناخ و دەروونی ڕەوانبێژان و خەیاڵی تیشکدەرەوەی زمان‌پاراوان‌دا ڕەنگ بداتەوە و لێیان ڕوون بێتەوە کە میرانی زەرقی لە ڕەگەزی عەرەبەکانی شامین.

پیاوێک بەناوی شێخ حەسەنی کوڕی سەید ئاوڕەحمان، چارەنووس لەو خاکە بەپیتەوە هەڵیگرتووە و هێناویەتی و دەستی پێ لە نیشتمانی بەرداوە و هەتا ماردین گیری نەکردووە. لەو شوێنە ملی ناوە لە چلەکێشان و دینداری و خواپەرستی و هەمیشە جلی شینی پۆشیوە و لەبەرئەوە خەڵک ناویان ناوە شێخی ئەزرەقی (شێخەشینە). هەروەها ڕەنگە چونکە عەرەب بە چاوشینان دەڵێن ئەزرەق، شێخ چاوی شین بووبێ و بە ئەزرەقی ناودێر کرابێ. هەر چۆنێک بووبێ، وشەکە لە ماسوولکەی دەم و لێودا سواوە و پواوە و «ئە»ی سەرەتای نەماوە و بۆتە زەرقی.

شێخ حەسەن ئەوەندە باوەڕمەندانە ڕێچەی دینی گرتۆتەبەر و خۆی لە خلیسکان پاراستووە، کە بەشێکی زۆری مەزن و ماقووڵانی ماردین بڕوایان پێ هێناوە و بوونە مریدی. پادشای سەردەم کە ئاوای زانیوە لێی تۆقیوە و فەرمانی داوە هەتا لە قەڵای ماردین زیندانی بکرێ. پاش چەند ڕۆژێک شێخ کەشف و کەڕاماتی وای نواندووە، کە پادشا وەک دەروێشان جەزم بووە و بۆتە مریدێکی بێخەوشی و بەری داوە و کەوتۆتە لالانەوە و پاڕانەوە و داوای لێبووردنی لێ کراوە و دەستی ڕێزی لێناوە و سەری وەبەر هێناوە و کچێکی خۆشی لێ مارە کردووە. خەڵک کە ئاوایان دیوە ئەوەندەی دیکەیان باوەڕ پێ هێناوە. پاش نەمانی شا، شێخ حەسەنی ئەزرەقی جێی گرتۆتەوە و کوڕەکانی خۆی بەڕێ کردوون بۆ هەرێم و ناوچە و مەڵبەندان و تێکڕایان بوونە میر و مەزن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لکی یەکەم

## باسی میرانی دێرزینی

یەکێک لە کوڕانی شێخ حەسەن کە چۆتە دێرزینی، ناوی هابیل بووە و کوڕی خۆی ناوناوە قابیل. قەڵای دێرزینی، دێریکی گەورەی تێدا بووە و ئەو دەمەی بەچنگ کافرانی چەپەڵەوە بووە پێی گوتراوە «دێری زیر»[1]. پاشان کە هابیل و قابیل بە زەبری شیر و تیران گرتوویانە، وشەی دێری زیر هێندە جووراوە و سواوە و گۆڕاوە کە بۆتە دێرزینی. ئەوانەی لەو شوێنە بوونە میر و بۆم ڕوون بۆتەوە کێن، دەیانخەمە بەرباس.

**میر هەمزە کوڕی میر خەلیل کوڕی میر غازی**

بەپێی فەرمانی شاسمایلی سەفەوی، میر هەمزە ماوەیەک لە دێرزینی بۆتە حوکمڕان. پاش نەمانی، محەممەدبەگی کوڕی وێڕای مەزن و میرانی کوردستان سەری وەبەر دەرانەی هێندەی ئاسمان بڵندی سوڵتان سەلیمخان هێناوە و ئەویش بە سیلەنیگای شاهانەی خوێندوویەتەوە و چۆن چاکە ئاوا بەسەری کردۆتەوە و فەرمانی میرایەتیی دێرزینیی پێ بەخشیوە.

دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک بە سەر ماوەی دەسەڵاتی‌دا لەم دێرە خۆنەگر و ڕووخەکەوە ڕووی کردۆتە جێ‌حەسانەوەی هەتاهەتایی. چوار کوڕی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار لە پاش بەجێماوە: عەلی‌بەگ، شاقوڵی‌بەگ، یاقووب‌بەگ و جیهان‌شابەگ.

---

١-دێری ژێرەوە، دێری لای ژێرەوە. لە لاپەڕە ١٧١ی دەقی بودلیان‌دا نووسراوە دێردز.و.

### عەلیبەگ کوڕی محەممەدبەگ

دوای نەمانی باوکی، براکانی عەلیبەگ مەڕشەیان تێهاڵاند و کێشەیان پێ فرۆشت و لەسەر دەسەڵات بەربینگیان پێ گرت. ئەویش لێیان وەدەست هات و بە هێزی شان و باهۆی خەنیمانی چوخساندن و ماوەی حەوت ساڵان بەبێ شەریکەدەسەڵات حکوومەتی کرد و پاشان دەستی لە داوێنی ژیان بۆوە.

### شاقوڵیبەگ کوڕی محەممەدبەگ

دوای مردنی عەلیبەگ، شاقوڵیبەگی برای ساڵی ٩٤١ی ک/١٥٣٤ی ز، بەپێی فەرمانی پیرۆزی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر، بوو بە میری هەرێمی خانەدانی خۆی و لە جێی کاکی پاڵی دایەوە. پاش تێپەڕینی هەشت ساڵ بە سەر ماوەی دەسەڵاتیدا، کاتێک لە دەرگای بارگای سوڵتان سولەیمانەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ناسربەگی زەرقیی گردکانی لەبەر دوژمنایەتیی نێوانیان، لە باژێرۆکی «بوولی» پێشی بە خۆی و پیاوەکانی گرت و هەمووی کوشتن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### یاقووببەگ کوڕی محەممەدبەگ

پاش کوژرانی شاقوڵیبەگی برای، لەسەر فەرمانی سوڵتان سولەیمان بۆتە میری سەرلەبەری هەرێمی زەرقی. ڕێبازی پاڵاوتنی دەروونی هەڵبژاردووە و زۆر چاکی گوێ بۆ قسەی کەسانی خودایی و هەژاران کلۆر کردووە. سەرسۆفیلکە و تاقانەپەرست و خاوەنی ڕاوبۆچوونی بەجێ بووە. وەکوو شاعیر هەڵکەوتووە و شێعرەکانی بە تاماوی وردەکارانە و خواپەرستی دەستاو دراونەوە. زۆربەی شێعرەکانی بە زمانی کوردین و تەنانەت دیوانێکیشی پێکەوەناوە. لە جوانیی هەستان و دانیشتن و شێوەی حوکمڕانیدا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە. پاش تێپەڕبوونی ماوەی ٢٥ ساڵ بە سەر حکوومەتیدا، بەدڵ و بە ویستی خۆی،

دەستی لەو کارە گرینگە هەڵگرت و دوومانبەگی کوڕی کردە جێنشینی. پاش دوو ساڵان کاتێک دوومانبەگ وێڕای مەزن و میرانی کوردستان دەچوو بۆ شەڕی شیروان، لە شوێنێک بەناوی چەڵدر بەدەستی قزڵباشان کوژرا. یاقووببەگ دوای تێپەڕینی ساڵێک بە سەر کوژرانی دوومانبەگی کوڕیدا کۆچیدوایی کرد. دوومانبەگ دوو کوڕی لە پاش بەجێما: محەممەدبەگ و عەلیبەگ.

### محەممەدبەگ کوڕی دوومانبەگ

پاش ئەوەی ساڵی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، دوومانبەگی باوکی محەممەدبەگ شەهید کرا، باپیری خۆی پێوە ماندوو کرد و لە تەمەنی پازدە ساڵیدا کردی بە جێگرەوەی باوکی. ئەگەرچی هێشتا هەر کاڵ و مناڵ بوو، بەڵام وای سەر بە کاروباری سەرۆکایەتی و هەڵسوکەوتی دابی حوکمڕانییەوە ئێشاند، کە هاوشانەکانی بەخیلایەتییان پێ دەبرد. پلەی دەسەڵات و شان و شکۆی لە باب‌وباپیرانی تێپەڕی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

محەممەدبەگی گردکی لەبەر دوژمنایەتیی ڕابردووی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە و بە دنەی کوێخا شەمسەددینی بۆرەخزمی، لێبڕا تۆڵەی لێ بستێنێتەوە. شەیتان چوو دە کلێشەیەوە و ئاورگی فیز و دەماری دەروونی نێڵ دا و پەلاماری بردە سەر چەند گوند و شوێنێکی دێرزینی و تالانی کردن و سووتاندنی و بەجارێک خەساری پێ گەیاندن.

محەممەدبەگیش چەند ئامۆزایەک و کۆمەڵێک پیاوی یەکدڵ و داوای خۆی ڕاسپاردن هەتا بەرپەرچی کاری نالەباری بدەنەوە و کەوشەنی خۆیان بپارێزن. محەممەدبەگی گردکی بە دابی پێشوو هەڵیکوتایە سەر سنووران و چەکدارانی دێرزینی لێی وەدەست هاتن و تیری سەر بە پەیکان و شیری مووکاری خوێنخۆرەوە محەممەدبەگیان لە خۆڵی چارەڕەشی گەوزاند و بە برینداری

تێی ڕۆهاتن و لەو گێژاوە دەربازیان کرد. هەتا بردیانەوە قەڵای گردکان گیانێکی وای دەبەردا نەمابوو؛ بۆیە دوای ڕۆژێک ئێزرائیل گەیشتە سەری و گیانی کێشا.

محەممەدبەگی کوڕی دوومانبەگ سەری ئەو ئاغایانەشی تێدابرد و ماڵ و سامانیشی بە تالان بردن کە ئەسکوێیان لەو گەرداوە وەردابوو. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، دەسەڵاتدارێکی سەربەست و بێبەرهەڵستە و زۆر چاک بە کاروباری ڕادەگا. لەو بەینانەدا ویستی بە یاریدەی میر شەرەفی حوکمڕانی جزیرە، محەممەدبەگی کوڕی خدربەگی خزمی خۆی لەسەر دەسەڵاتی حەزۆ تل پێ بدا و بەهائەددینبەگی کوڕی مرادخانی لە جێی دابنێ. خـۆی هێناوبرد و ئەو کارە قورس و گرانەی پێ نەکرا و لە نێو هاوشانەکانی بە خۆیدا شکایەوە و تەریق بۆوە. جارێ لاوە، هیوادارم یەزدانی مەزن بەسەری بکاتەوە و فێری وەفاداری و جوامێریی بکا.

ئەی دڵ ویشکەمەلەی چیتە، بە شوێن وەفادا دەگەڕێی
جوامێری باوی نەماوە، لە نێو هاوڕێیان نەگەڕێی

## لکی دووهەم
## باسی میرانی گردکان

وەکوو پێشتر باسی کرا، هابیلی کوڕی شێخەشینە دەستی گەیاندە دێری زیر. قابیلی کوڕی بە کچە قەرەجێک فێر ببوو؛ زگی پڕ کرد و کوڕێکی لێی بوو. قابیل لە شەرمان پێی خۆش نەبوو بابی پێ بزانێ و ساوای مەلۆتکەی ناردە گردکان و میرانی گردکانی لە پشتی ئەو کوڕە کەوتوونەوە و دەبنە ئامۆزای میرانی دێرزینی.

www.zheen.org

میر ناسری گردکانی لەسەر مڵکی دێی «منار»ی نێوان دێرزینی و گردکان، هەمیشە لەگەڵ میرانی دێرزینی کێشەی بوو. هەرکام دەسەڵاتی بە سەر لایەکەی دیکەدا شکابێتەوە بە زەبری زۆری دەستی بە سەر مناردا گرتووە. شاقوڵیبەگی دێرزینی بۆ یەکلابوونەوەی ناکۆکی خۆی گەیاندۆتە نێو دەرانەی سوڵتان سولەیمانخان و فەرمانی پیرۆزی لێ وەرگرتووە تا گوندی منار بکەوێتە سەر قەڵەمڕەوی دێرزینی. بە بیستنی ئەم هەواڵە ناسربەگ وەک گڕاڵک دەرهەڵبووە و ئاورگی دەروونی کڵپەی کردووە و لێبڕاوە تۆڵەی ئەم کارەی لێ بکاتەوە. لەڕێوە وێڕای چەند پیاوێکی وەدەردەکەوێ و دەچێتە سەر ڕێی گەڕانەوەی شاقوڵیبەگ کە لە ئیستانبووڵەوە دەگەڕێتەوە و دەڵێ وای ناخوا وده سەرییەوە ناچم و دەیکووژم. خوداوڕاستان لە گوندی «بوولی» تووشی دەبێ کە پاش بڕینەوەی کاری خۆی بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. ناسربەگ پەلاماری دا و پاش تێکهەڵچوونێکی کەم و کورت شاقوڵیبەگ و نۆکەرانی کوژران. کاتێک میرلیوای بوولی بەم ڕووداوەی زانی، کۆمەڵێک خەڵکی لەگەڵ خۆی هێنا و هەڵیکردە سەر ناسربەگ و بە خۆی و سی کەسەوە گرتی و چۆنیەتیی کارەساتەکەی بە پێچکەی تەختی شارەی پێشەوایەتی ڕاگەیاند. هەڵوێست و فەرمانی شکۆمەند و بێبەرگێڕەوەی سەبارەت بە کوژرانی ناسربەگ و نۆکەرانی خۆی نواند و هەموویان لەو داروبارانەی سەر ڕێگایە هەڵاوەسین هەتا پەندێک بێ بۆ سەربزێوان.

دڵت خۆش نەبێ هەرگیز بە میری — تـا تێنەکۆشـی بە دادەوانـی
بێتوو نەکێشی خاشەی ڕێگـران — نابینـێ وڵات ڕووی ئاوەدانـی

**محەممەدبەگ کوڕی ناسربەگ**

پاش کوژرانی باوکی، محەممەدبەگ بە وەرگرتنی فەرمانی حکوومەتی گردکی بەسەرکرایەوە. بە فەرمووودەی پێغەمبەر (د.خ)، «خـۆشـەویستـی و

ناخۆشەویستی بەمیرات دەگەڕێ!» جا بۆیە ئەویش لەسەر ئەم پێوشوێنە ڕۆیی و لە داخان خۆی لەگەڵ کوێخا شەمسەددینی حەزۆیی و زەینەڵبەگی شێرۆیی ڕێکخست و لەتەک محەممەدبەگی دێرزینیی کوڕی دوومانبەگ دایە لانی دوژمنایەتی. وەکوو پێشتر باسی کرا بەدەست پیاوەکانی محەممەدبەگی کوڕی دوومانبەگ کوژرا.

**ناسربەگ کوڕی محەممەدبەگ**

ناسربەگ ئەگەرچی منداڵیش بوو، بەڵام دوای کوژرانی باوکی بە یاریدە و دەست بە پشت گرتنی کوێخا شەمسەددینی حەزۆ، بوو بە میر. هەروەها گوندی منار و کۆڵێک پووڵ و ماڵی لە تۆڵەی خوێنی باوکی و نۆکەرەکانی بۆ لە محەممەدبەگی دێرزینی ئەستاند و بەو کەیخودایەتی و نێوبژیوانیی حوکمڕانی حەزۆ و زەینەڵبەگی شێرۆیی ئاشت بوونەوە. وایان قەرار دانا تا مەحموودی زەرقی کە کوێخای محەممەدبەگی دێرزینی و مایەفیتنەی محەممەدبەگی گردکانی بوو، لە دەرک و دیوانی خۆی دەربکا و ئەویش بۆوەی دڵی میرانی بەڕیوان نەشکێنێ کوێخا مەحموودی لە دەرکی خۆی ڕادا. مەحموود ڕۆیی بۆ بدلیس و شەمسەددین نۆکەرەکانی لێ هەڵفریواند و ئەوانیش کوشتیان و بەرەو حەزۆ تێیان تەقاند. بە کوژرانی مەحموود ناسربەگ بەجارێک دڵی ڕۆمرکا و ئۆخژنی تێگەڕا و ئاشتی باڵی ئەنگاوت.

ناسربەگ هێشتا منداڵ بوو، هەمیشە کەیفی بە کایە و هەڵبەزدابەزی منداڵانە و شادی و تریقانەوە دەبزووت. نۆکەرێکی قۆشمە و قەشمەری هەبوو کە پێیان دەگوت چەنبەری، ڕۆژ هەتا ئێوارێ گاڵتەی لەگەڵ دەکرد و ببوو بە خەمڕەوێنی. ڕۆژێکی حەسەن چەنبەری لە خەیاڵاتی سەرخۆشیی بەنگ کێشان و لە جەنگەی ڕاودا بە جەفەنگ خەنجەرێکی داهێنایە سینگی ناسربەگ و ئەنگاوتی و

نووکی لە مووغەرەی پشتی سەری کرد و یەکەندەردوو گیانی دەرچوو. ئەو خزم و کەسانەی لەگەڵی بوون، لەڕێوە بە شەپ و پێلاقە و زللە و چەپۆکان داگژانە حەسەن چەنبەری و سەریان چەرم کرد و هەستوخوستیان لە «قانوون»ی ڕووحـی بڕی و تووتیی گیانیان کردە دەستەبرای قەلی مەرگ و نەمان.

پیاوێک هەبوو بەناوی میر خەلیل کە دوای کوژرانی میر ناسر لە بوولی، لە دیوانی سوڵتان سولەیمانەوە مەزنایەتیی گردکانی درابوویە دەستی و بە سەری ڕادەگەیشت. پاش ئەوەی محەممەدبەگی کوڕی میر ناسر توانی جێی باوکی بگرێتەوە، میر خەلیل لەوێ ڕۆیشت و سەری وەبەر میرانی کورد هێنا. لە سەروبەندی قەومانی کوژرانی ناسربەگدا، لەبەر پیری و بێهێزی گەڕابوویەوە نیشتمانی دڵ پێوەبەندی و لەگەڵ ناسربەگ دەیگوزەراند. ئەوانی دەیانبوغزاند و ناخۆشیان دەویست ئـەم کـارە نـالـەبـارەی چەنبەریی چەنبەرییان بە سەر وی‌دا هێنا و هەر ئەو ڕۆژە ئەویشیان کوشت. میر ناسر دوو کوڕی بچووکی لە پاش بەجێما: میر محەممەد و میر ئەبووبەکر. هەر ئێستا بەپێی فەرمانی سوڵتانی [عوسمانی]، میر محەممەد لە جێی باوکی حوکمڕانی گردکانە.

## لکی سێهەم

## باسی میرانی عیتاق

بنەماڵەی ئەحمەدبەگی کوڕی میر محەممەدی زەرقی، یەکێکە لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی کوردستان. ئەحمەدبەگ هاوچەرخی شاسمایلی سەفەوی بووە و ئەو دەمەی کەوا ئەم پادشایە لەشکری هێناوە و دیاربەکر و کوردستانی خستۆتە ژێر چۆکی خۆی، عیتاقی لە چنگ ئەحمەدبەگ دەرهێنـــاوە و داویەتی بە خێڵی

قاجار و عێلی زەرقیش ماڵوکۆچیان لێناوە و لە زێدی خۆیان پەرەوازە بوون و کەوتوونە هەندەران.

پاش کوژرانی محەممەدخانی ئوستاجلوو و بەزینی شاسمایل لە شەڕی چاڵدێران، ئەو عێلە کوردە خۆیان دە دەسک نا تاکوو ملکی خۆیان لە چنگ خێڵی قاجار دەرهێننەوە. کوردانی عیتاقی لەو جەنگەیەدا زستانەهەواریان بردبوویە کاولە قەلایەک کە پێی دەڵێن قەڵای مەلەخ. خێڵی قاجار تێزەیان لێ کردن و زەبروزەنگیان نواند و گوتیان ناکرێ و نابێ لێرە وەمێنن و داخوا خێرە لە نێو ئەم کاولە قەڵایەدا بنەتان داکوتاوە؟! ئەوانیش دەستیان کرد بە پاڕانەوە و لالانەوە و گوتیان دەبێ لێمان خۆش بن و نابێ دەرمان کەن؛ چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە لەگەڵ عێلی مەرداسی لە کۆنەوە نێوانمان ناخۆشە و ترسی ئەوەمان هەیە لە جەنگەی بەفر و سەرمای بێدەرەتاندا هەڵکوتنە سەرمان و ژن و منداڵمان بە دیلی بەرن. ئەگەر تاکوو داهاتنی وەرزی بەهار دەست هەڵگرن لە ئێمەی هەژار و لێقەوماو و هەلمانەنەکەن و لێمان گەڕێن لەو کاولە کۆنەدا بمێنینەوە، چاکەیەکی زۆرتان لەگەڵ کردووین. حوکمداری عیتاقیش بەزەییی پێیاندا هات و دەستی لێ نەبزاوتن و گوتی با لێرە بن.

عێلی زەرقی پاش ئەوەی لە قزڵباشان دڵنیا بوون و زانییان دەستیان ناکەنێ، کەوتنە بیری ساز کردنی نەردیوانی دار و شەتەکدانی قۆڵ و نێودەڵانەکانی بە گوریسان، تاکوو شەوانی چلەی زستان بە فەند و فێڵان پێی وەسەر کەون و قەڵای عیتاق بگرن. دوای ئەوەی لێ بوونەوە و سەروبەری کاری خۆیان پێکهێنا شەوزستانێک ماهەوانانی کورد پێهەڵاچوون و سەری گوریسانیان برد و لە ددانەی مشارەی لێواری قەڵایە قـڵفـەیـان دان و مـەردازایـانی زەرقی بە نەردیواندا سەرکەوتن و شۆڕ بوونەوە بۆ ژووری قەڵا. تەواوی قزڵباشانیان بە لەپەشیران قەڵتوبڕ کردن و سەریان گۆشاوگۆش بڕین و هەڵیانواسین و کردنیان بە پەندی

پساتێ. ژن و زارۆکیان لە قەڵایە وەدەرنان و چلووبڕیان پێکردن و پیاویان نارد بە شوێن ئەحمەدبەگدا و هێنایانەوە و کردیانەوە مەزنی خۆیان. بەپێی فەرمانی سوڵتان سەلیمخان ماوەیەک حکوومەتی کرد و سەرەنجام مەرگ هاتە سۆراغی و پشتی لەم دنیا نەمێنە کرد و سێ کوڕی لە پاش بەجێما: شاهمبەگ، یووسفبەگ و مەحموودبەگ.

ئەم برایانە هیچیان سەریان وەبەر هیچیان نەهێنا و بۆ یەکتریان دانەنواند و هەرا و کێشەیان لە نێوانیدا هەڵگیرسا. سەرەنجام هەرسێکیان پێکەوە ڕوویان کردە دەرانەی بەختەلانی سوڵتان سەلیمخانی[1] خەزاکەر و لەوێ بڕیار درا میرزایەک لە دیوانی پادشاوە بچێ و هەرێمەکەیان لێ بەش بکا و پشکێکی باشیش بخاتە سەر مڵکوماشی تایبەتی سوڵتان.

#### شاهمبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ

براکان گەڕانەوە و فەرمانی موبارەکیان هێنا بۆ مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر تاکوو پیاوێکی شارەزا بۆ دابەشینی هەرێمی عیتاق دیاری بکا. ئەویش یەکێکی ڕاسپارد و هات و چەند گوند و مووچە و بەرەیەکی بۆ مەحموودبەگ دیاری کرد هەتا لە بەروبوویان بخوا و داهاتی مەزنانەی سەری بگاتە ٦٠ هەزار ئاقچەیەک. یووسفبەگ بڕی ١١٠ هەزار ئاقچەی مەزنانە بۆ دیاری کرا و ٢٠٠ هەزار ئاقچەش میرناوچانە بۆ شاهمبەگ بڕایەوە. ناوچەی ڕەبەت و مەیافارقین و گوندی جەسقە و لادینانەی کافرەکانیش خرایە سەر بەشی تایبەتی سوڵتانی بەرزەجێ.

پاش مردنی مەحموودبەگ مووچەکەی وەکوو ئالیکانە بەخشرا بە مەحموودبەگی ڕەمەزانلوو. لە سەردەمی وەزیرایەتیی ڕۆستەمپاشادا، شاهمبەگ

١-ل ١٧٥ی بودلیان: «سوڵتان سولەیمانخان». و.

چەند خەیانەتێکی بە ئەستۆیدا هات و بەپێی فەرمانی سولتان سولەیمانخان کوژرا و بۆ ماوەی بیست ساڵ ناوچەی عیتاق درایە دەست میرانی عوسمانی و بەدەست میرانی زەرقییەوە نەما.

**یووسفبەگ کوڕی ئەحمەدبەگ**

لە جەنگەی هەرا و گێچەڵی ئەلقاسمیرزادا کە خودی پادشای سولەیمانپایە، هرووژمی کردە سەر ئازەربایجان، بەو مەرجەی قەڵای عیتاق خاپوور بکا، مەزنایەتیی ناوچەکەی کردە باربووی یووسفبەگ و چەند ساڵێک بە تێروپڕی و بێبەرهەڵست ڕایبوارد. پاش نەمانی، هەر بە دابی پێشوو ناوچەی عیتاق بەخشرا بە ئەحمەدبەگی کوڕی حاجیبەگ، کە پیاوێکی عوسمانی بوو. یووسفبەگ، حەسەنبەگی تاقانەی لە پاش بەجێما.

**حەسەنبەگ کوڕی یووسفبەگ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

حەسەنبەگ لە دوای مردنی باوکی، ناوچەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بۆ ماوەی دوو ساڵان بەچنگ خەڵکی بێگانەوە بوو. کاتێک جڵەوی پادشایەتی و جیهانوانی و چاخی شکۆ و گیروبەندی دنیا کەوتە دەستی سولتان سەلیمخان، حەسەنبەگ بە تەمای وەرگرتنەوەی کوانووی بنەماڵەی ڕووی کردە کابەی نیازان و جێی تەوافی چەرخی گەردوون کە نێودەرانەی سولتانی بێ. لەوێ بە یاریدەی محەممەدپاشای مەزنەوەزیر لەسەر مڵکی عیتاق کرا بە میرناوچە و بە شەپۆلی تێخوێندرانەوەی بێبڕانەوەی سولتانی بەسەرکرایەوە.

حەسەنبەگ ماوەی بیست ساڵ لەسەر تەختی دەسەڵاتی پاڵی دایەوە و هەتا بڵێی ماڵی دنیایەی وەسەریەک نا و کۆکۆ بژیوی ژیانی لەبان یەک هەڵدایەوە و ناوبانگی بۆ دنیاداری و هۆگربوونی بە پارەوە دەنگی دایەوە و لە چاوتێرنەبوونیدا

ڕەنگی دایەوە. سەرەنجام گیانئەستێنی تامیژیانبەر گەیشتە سەری و دەستی پێ لەو هەڵپەهەڵپی چاوچنۆکییەی هەڵگرت و گەوهەری بەقیمەت گرانی گیانی لە خەزێنەی قاپۆڕی قەلافەتی دەرکێشا و بردی. یووسفبەگ و وەلیبەگ لە پاشی بەجێمان و بەپێی فەرمانی هێژای سوڵتان مرادخانی خودالێخۆشبوو، حکوومەت باربووی یووسفبەگ کرا؛ بەڵام ڕۆژگاری ژیانی وەکوو وەرزی بەهار زوو تێپەڕی و چەشنی گوڵ تەمەنی دوو حەوتووی تێوەرنەسووڕا کە هەڵوەری و هێشتا بۆنی گوڵخونچەی دەسەڵاتی نەیتوانیبوو بەر لووتی بنگێوێ و بەرامەی بە گیانی خۆش بێ، کە دڕکی دنیای بێوەفای لە جەرگی ڕاچوو. پاش نەمانی بەگوێرەی دەستاودەستی دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاو وەلیبەگی برای جێی گرتەوە.

### وەلیبەگ کوڕی حەسەنبەگ

وەلیبەگ دوای ئەوەی بوو بە جێنشینی کاکی، جیهانشابەگی کوڕی سۆهرابەگ کە یەکێک بوو لە بنئامۆزاکانی، لێی ڕاست بۆوە و شەڕ و گەڕی تێهالاند و گوتی ئەگەر عیتاقی بدەنێ هەموو ساڵێ بڕی بیستهەزار فلۆری دەدا بە خەزێنەی دیاربەکر و وەئەستۆی خۆی دەگرێ. لەو بارگا بەرزەوە کە چەرخی گەردوون بە نێوقەدی ڕادەگا و ڕاناگا، جیهانشابەگ گوێ لە داواکەی گیرا، بەڵام وەلیبەگ سینگی بردە پێش و گوتی ئەوەی ئەو دەیڵێ خۆم دەیدەم و دەستەبەری دەبم و نەیهێشت بنئامۆزای بێ و چێشکەی بکا. دواتریش کە برایمپاشای ملهوڕ ملی نا لە سەربزێوی و شانی وەبەر کاری نابەجێ دا و بە کەڵەزەڕی تێکەوت و ڕاماڵی بردە سەر هەرێمی ڕەبیعە [1] و دیاربەکر و کوردستان، بەو مەرجەی کە

١- مووسڵ. و.

هەموو ساڵێ چل هەزار فلۆری بدا بە دیوانی دیاربەکر، عیتاقی بەخشی بە زولفەقاربەگی کوڕی شاهمبەگ.

برایمپاشا وای نەخوارد و هێندەی بە سەردا تێنەپەڕی کە بەپێی فەرمانی سوڵتان هەرێمی دیاربەکری لە چنگ دەرهات و بردرایە ئیستانبووڵ و لە «یەددیقەللە»[1]دا زیندانی کرا. کاتێک پادشای بەختەوەری خاوەنشکۆ سوڵتان محەممەدخان ـ هەمیشە ڕاوەستاو بێ ـ لەسەر تەختی دەستاودەستکەری کیسرا و قەیسەران پاڵی دایەوە، هەر بۆ پەندی زەمانە و چاوترسێن کردنی زوڵمکەرانی بەدکار، لە مەیدانی ئیستانبووڵ لە داریان دا.

با مرۆی بەدفەڕ سەر هەڵنەهێنێ
با داری کرمۆڵ ڕیشەی نەمێنێ

وەلیبەگ بە دابی جاران و بەبێ مەرج و داندرانی دارولەلە و دوور لە شەڕ و کێشەی پیاوانی دووڕوو، دەسەڵاتی عیتاقی بەدەستەوە گرتەوە و هەر ئێستا لەوێ حوکمڕانە.

## لکی چوارەم

### باسی میرانی تەرجیل

ئەوەی ڕاستی بێ زەرقییەکان لە تەرجیل و عیتاقەوە پەیدا بوون. تەرجیل کەوتۆتە نیزیک شاری ئامەد و خاوەنی قەڵای «تەرجیل» و «دارعین»ە.

١- حەوتقەڵا؛ یەددیقەلعە. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دێرزینی و گردکانی وەچە و بەرەی زەرقییەکانن. حوکمڕانانی زەرقی هەموویان لە پشتی سەید حەسەن کەوتوونەوە و ڕەگەزیان ئاوا بەرەودوا دەگەڕێتەوە و بریتین لە: سەید حەسەن کوڕی سەید ئاوڕەحمان کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی سەفیل کوڕی سەید قاسم کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید تاهیر کوڕی سەید جەعفەری قەتیل کوڕی سەید یەحیا ئەقنەع کوڕی سەید سمایلی گەورە کوڕی سەید جەعفەر کوڕی ئیمام محەممەد باقر کوڕی ئیمام زەینولعابیدین کوڕی ئیمام حوسێن کوڕی ئیمام مورتەزا عەلی، خودای لێ ڕازی بێ.

کاتێک سەید حەسەن لە خاکی شامەوە هاتە هەرێمی ماردین و لە ناوچەی عیتاق نیشتەجێ بوو، وا بە چاکی سەری وەبەر دەرانەی یەزدانی مەزن هێنا و کەوتە نێو جەغزی نوێژ و ڕۆژوو و نزا و پاڕانەوە و خۆی لە گوناهان پاراست کە جەماوەر بەدڵەوە باوەڕیان پێ هێنا. هێندێک دەڵێن شێخ حەسەن چاوی شین بووە و دەستەیەک پێیان وایە چونکە بەرگی شینی پۆشیوە، لە نێو خەڵکیدا بۆتە ئەزرەقی (شێخەشینە)[١]. لەو سەردەمەدا یەکێک لە مەزنەمیرانی سەلجووقی بەناوی میر ئۆرتۆقی کوڕی ئەکسەب[٢]، کە لەبری شاهانی سەلجووقی بە سەر ئامەد، ماردین، خەرپووت، مجەنکورد و حەسەنکێف ڕادەگەیشت، کچێکی یەکجار جوان و نازدار و مانگڕوخساری بووە و ماخولیایی لە کەللەی داوە و شێت بووە. هەر چەندی پزیشکانی شارەزای بۆ هێناوە و بە دەوریدا هاتوون، بەڵام پێیان چارەسەر نەکراوە و ڕۆژبەڕۆژ لێی پیستر کردووە. سەرەنجام میر ئۆرتۆق

١- ئەوەی ڕاستی بێ لە لاپەڕە ١٧٧ی دەقی بودلیاندا باسی چاو یان جلی ئەرزەقیی شێخ نەکراوە، کە لێی بووبێتە ناوبانگ. و.

٢- میر ئۆرتۆق کوڕی ئەکسەب یان ئەکسەک باپیرەگەورەی میرانی ئۆرتۆقییە. لە ڕەگەزی تورکمانانە و ساڵی ٤٨٤ی ک/١٠١٩ی زایینی کۆچیدوایی کردووە و دەسەڵاتداری حولوان و جەبەل بووە. و.

ناردوویەتی بە شوێن شێخ حەسەندا و داوای لێ کردووە دۆعایەک بۆ کچەکەی بکا بەڵکوو پێی خۆش بێتەوە.[١] شێخ چووە و چەند دۆعایەکی بە سەر کاسەیەک ئاودا خوێندووە و بە سەری کچەیدا کردووە. پەروەردگاری مەزن لەبەر ودمی هەناسەی پیرۆزی شێخ، نەخۆشیی کچەی پەڕاندووە و لەڕێوە چاک بۆتەوە. میر ئۆرتۆق گوتوویەتی ئەو کچەی خۆم دەدەم بە تۆ و پێم خۆشە ببی بە زاوام، شێخ نەیسەلماندووە و دراوە بە سەید حەسەنی کوڕی شێخ.[٢] هەروەک لە سەرەتای باس و بەسەرهاتی میرانی دێرزینیدا گوتمان، ناوچەی تەرجیل و عیتاقی دراوەتە دەستی و دواتر ئەحمەدی کوڕی و سولەیمانی کوڕی قاسم و یووسف و حوسێن لەوێ بوونە میر و مەزن. دوای نەمانی ئەمانە عومەربەگ کوڕی حەسەنبەگ لەسەر کورسیی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە.

### عومەربەگ کوڕی حەسەنبەگ

عومەربەگ هاوچەرخی ئوزوون حەسەنی بایوندوری بووە و حەسەنبەگ زۆری ڕێز گرتووە و کچێکی لێ خواستووە و لە خۆی مارە کردووە. ناوچەی

---

١- بەپێی نێوەرۆکی لاپەڕە ١٧٧ی دەقی بودلیان، میر ئۆرتۆق زۆر بە گەرموگوڕی و بێخەوشی لەگەڵ شێخ هەستاوە و دانیشتووە و چۆتە خزمەتی هەتا تەشریفی بچێتە سەر کیژی نەخۆشی و بە ودمی هەناسەی چاک بێتەوە. نووسەر دەڵێ دۆتمیر هێندەوهێندە ئاقڵ و تێگەیشتوو بووە و لە جوانچاکیدا وای خۆ نیشان داوە کە بە نووکی تیری مژۆڵی لە نێو پۆلی ئەویندارانیدا کردوویەتە قیامەت و بە خەدەنگی نیگای تانەی لە جەرگ و هەناوی ئاشقان داوە.

پێویستە بڵێم کە وا دیارە ئەم لاپەڕەی دەسنووسە گۆڕانی بە سەردا هاتووە و سەرلەنوێ نووسراوەتەوە، چونکە نووسەرەوەی دەقەکە هیچ چاری نەبووە، پاشماوەی ڕستەکەی بردۆتە نێو گۆشەی سەرەوەی لای ڕاستی تابلۆی چارەسەرکردنی کیژی میر ئۆرتۆق. و.

٢- ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ گێڕانەوەکەی پێشووی یەکتر ناگرێتەوە. کە دەڵێ لە خۆی مارە کردووە. لە ١٧٩ی بودلیاندا نووسراوە: «سەید حوسێنی کوڕی شێخ حەسەن». و.

مێهرانی و نەوشادی خستۆتە سەر تەرجیل و عیتاق و باربووی کردووە. حەسەنبەگ کوڕێکی لە کیژی عومەربەگ بووە و وەختایەک بەشێک لە ناوچە و مەڵبەندەکانی کوردستانی گرتووە، میـرایەتیی عیتاق و تەرجیلی بەخشیوە بەو کوڕەی و عومەربەگی لەوێ لابردووە و کردوویەتە مەزن و میری بدلیس.

**بوداقبەگ کوڕی عومەربەگ**

پاش نەمانی عومەربەگی باوکی، ئووزوون حەسەن لە بدلیس کردوویەتە دەمڕاستی خۆی. کاتێک یاقووببەگی کوڕی حەسەنبەگ بۆتە پادشای ئێران، ساڵی ٨٨٨ی ک/١٤٨٣ی ز، لەسەر دابی ڕابردوو سەرۆکایەتیی تەرجیل و عیتاق بەخشرایە بوداقبەگ. دوای چەند ساڵێک دەسەڵاتداری ڕووی لـەم دنیایە وەرگێڕاوە و بەرەو دنیای پاشین شۆڕ بۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئەحمەدبەگ کوڕی بوداقبەگ**

ئەحمەدبەگ بوو بە جێگرەوەی باوکی و ساڵی ٩١٣ی ک/١٥٠٧ی ز، شاسمایلی سەفەوی دیاربەکری گرت. پاش تێپەڕینی دوو ساڵ بە سەر حکوومەتیدا، ئەحمەدبەگ بەدەست قزڵباشان شەهید بوونی لە چارەی نووسرا.

**عەلیبەگ کوڕی بوداقبەگ**

دوای نەمانی ئەحمەدبەگی برای، عەلیبەگ جێی گرتەوە و ماوەی بیست ساڵی حکوومەت کرد و پاشان ڕووی کردە جیهانی پاشین.



تابلۆی سێزدەهەم: چارەسەرکرانی کیژی میر ئۆرتۆق

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شەمسی‌بەگ**

پاش ئەوەی مەزن و میرانی کوردستان لە چنگ هەڵسوکەوتی نالەباری قزڵباشان وەڕەز بوون، تێکڕا ڕوویان کردە بەر دەرانەی جێبەخشینی سوڵتان سەلیم‌خان و میرایەتیی تەرجیل باربووی شەمسی‌بەگ کرا. ئەو دەمەی کە فەرمانی بێسێودوویی سوڵتان بۆ ڕزگار کردنی دیاربەکر دەرچوو، تەرجیلیش ئازاد کرا. پاش نەمانی شەمسی‌بەگ حەیدەربەگی کوڕی بوو بە جێنشینی.

**حەیدەربەگ کوڕی شەمسی‌بەگ**

بەپێی فەرمانی بەرزەنیشانی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر، حەیدەربەگ جێی باوکی گرتەوە و ماوەیەکی زۆر حکوومەتی کرد. ئەو کاتەی کە مستەفاپاشای سەردار لەگەڵ چەکدارانی سپای هەمیشە سەرکەوتوو هرووژمی بردە سەر هەرێمی شیروان و گورجستان، حەیدەربەگ لە چەڵدر وێڕای پۆلێک لە مەزن و میرانی کوردستان بەدەست قزڵباشان کوژرا. مستەفاپاشا لەلەی سەردار لەڕێوە بوداق‌بەگی کوڕی لە جێی دانا.

www.zheen.org

**بوداق‌بەگ کوڕی حەیدەربەگ**

بوداق‌بەگ ماوەی پازدە ساڵی حکوومەت کرد و پاشان بارگەی ژیانی بەرەو دنیای نەمان تێکنا و حوسێن‌بەگی کوڕی جێی گرتەوە.

**حوسێن‌بەگ کوڕی بوداق‌بەگ**

حوسێن‌بەگ تەنیا هەشت مـانگـی حکوومەت کرد و ئینجا ئاڵای هەڵگرت و بردی و لە هەرێمی نەماندا هەڵیدا.

### سمایل‌بەگ کوڕی بوداق‌بەگ

پاش مردنی حوسێن‌بەگی برای، سمایل‌بەگ جڵەوی دەسەڵاتی باربوو کرا. دوای چوار ساڵ دەسەڵاتداری کۆچی‌دوایی کرد و عومەربەگ جێی گرتەوە.

### عومەربەگ کوڕی حەیدەربەگ

بەپێی فەرمانی بێ‌بەرگێڕەوەی سوڵتان مرادخانی هاوشانی «جەمشیدشا»، حکوومەتی تەرجیلی پێ بەخشرا. عومەربەگ گەنجێکە بە هەموو بارێکدا ڕێک‌وپێک و هەتا بڵێی پیاوە. هەمیشە لەگەڵ ڕۆمییان هەڵدەستێ و دادەنیشێ و بەشی هەرە زۆری کات و ساتی لە خزمەت مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکردا تێپەڕ دەبێ. ئەو میرە کوردانەی سەر بە دیاربەکرن، ئەگەر کارێکی گرینگیان هەبێ دەچنە لای عومەربەگ و ئەویش لە دیوانی ئامەد سەروبەریان بۆ پێک دێنێ.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

## بەشی هەشتەم
## باسی میرانی سویدی

لە لای باغ و باغات و گوڵزاری بۆنخۆش و عەنبەرباری گێڕانەوەی نەقڵ و نەزیلە و سەربوردانەوە ئەم بەرامەیە بە بەر لووتی گیانی نووسەری ئەم دەقە کاڵ‌وکرچەدا ڕابرد و پێی زانی کە میرانی سویدی پشتاوپشت دەچنەوە سەر ڕەگەزی بنەماڵەی بەرمەکییەکان. جەماوەری عێل و عەشیرەتی سویدیش پیاوێک بەناوی ئەسوەد باپیرەگەورەیانە، کە یەکێک بووە لە غولامانی یارانی پێغەمبەر (د.خ). [1] دەستەیەکی دیکەش لایان وایە زێدی سویدییەکان گوندی «سوید»ە، [2] کە

١- بودلیان ل ١٨٠: «ئەسوەد یەکێک بووە لە یارانی پایەبەرزی پێغەمبەر (د.خ).» و.
٢- سوێرەک، سووەیدا. ع.ی.

دوو مزڵی لەگەڵ مەدینەی ورشەدار نێوانە بە شانی شامدا. ئەوەش هەر خودا دەزانێ!

وەکوو دیارە بەرمەکیی ڕەسەن خۆیان دەبەنەوە سەر پادشاکانی فارس و سەرەتا لە بەلخ ژیاون و ئاورپەرست بوون، بەڵام لەناکاو شنەی لاوێنەرەوەی یەزدانی و تیشکەی ڕووناکیدەری بەسەرکردنەوەی بێبڕانەوەی پەروەردگار، سەرانسوێی پێسیری گیانی کردوون و بە شنینەوە و ترووسکانەوە بەسەری کردوونەوە و ئینجا باوەڕی ڕوون لە کانیاوی دەروونیانەوە هەڵقوڵیوە.

خەنی لەو چاوەی کە دەگری بۆ تۆ
خۆشی لەو دڵەی وا لێی دێ بۆسۆ

وەک دەڵێن جەعفەری باوکی خالید زەمانی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان یان لە سەردەمی پادشایەتیی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک کاروانی ماڵوکۆچی یەکجار دەوڵەمەندانەی لێناوە و هاتۆتە دیمەشقی پایتەخت. کاتێک پادشا پێی زانیوە و ئاگادار کراوەتەوە، فەرموویەتی بڕۆن بانگی کەن با بێتە کۆڕی دیوانێ. وەختایەک جەعفەر وەژوور کەوتووە پادشا لەڕێوە ڕەنگی بزرکاوە و فەرموویەتی بیبەنە دەرێ. هاودەمانی کەوتوونە پرسیاران و عەرزیان کردووە بۆچی تێکچووی؟ فەرموویەتی ژەهری پێ بوو، بۆیە بە دڵمەوە نەنووسا و دەرمکرد. من دوو جگم لە قۆڵی دایە و ئەگەر ژەهر بێتە نێو کۆڕم دەلەرن؛ بە لەرەی جگان زانیم ژەهری پێیە. کاتێک جەعفەریان هەڵپێچا بۆچی ژاری هێناوە، گوتی ژارم لە ژێر نەقیمی ئەنگوستیلەکەمدا شاردۆتەوە و وام داناوە ئەگەر تووشی زەبروزەنگێکی وا بووم

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەمتوانی دەروەستی بێم، بەرمەکەم (هەڵیمژم)، هەتا بە یەکجاری ڕزگاریم بێ. لەو کاتەوە وشەی «بەرمەک»ی بە سەردابڕا و لێی بوو بە ناسناو.[١]

سولەیمان ئەم قسە ئازایانەی جەعفەری وەبەردڵی کەوت و ڕۆژبەڕۆژ پتری بەسەر کردەوە و هێندەی هەوراز برد هەتا کەوڵی پلەی وەزیرایەتیی خستە سەر شانی.[٣]

بۆ دەبێ جامێک پڕ کرێ لە ژار بە تفت و تاڵی
ناوی هەنگوینی بەتام و خۆشی بدرێتە پاڵی
نیوەی ژیانی نێو ئەم جیهانە بۆ شاد ژیانە
نیوەکەی دیکەی بۆ ناوی پاک و چاک بەجێمانە

دواتر خالیدی کوڕی جەعفەری بەرمەکی و جەعفەری کوڕی خالید (؟)[٢] بوونە وەزیری ئەبولعەبباسی سەففاح[٤] و ئەبووجەعفەری دەوانیقیی[٥] برای. کاتێک لە سەردەمی حکوومەتی «هاروونەڕەشید»دا[٦] یەحیای کوڕی جەعفەر[٣] بۆتە پایەی شان و شکۆی یەحیا هێندە هەوراز چووە کە هەر باسی ناکرێ و کاروباری وەزارەتی وا ڕاستەوپاستە کردوون، خۆی بۆتە دەمڕاستی هەموو ئەرکێکی دەسەڵات. فەزل و جەعفەر و مووسا، کوڕانی یەحیا لە سایەسەری باوکیانەوە ئاوا

---

١- سەرناوی پێشەوایانی دینی بوودایی. سەرۆکی تەواوی پەرستگاکانی بوودایی پێیان گوتراوە «بەرمەک» و ئەم سەرناوە لەوێوە هاتووە و باپیرەی بەرمەکییەکانیش سەردەمی خۆی سەرۆکی پەرستگای بەهاری بەلخ بووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب٣، ل ٤٦٤٠.) و.

٢- جەعفەر کوڕی یەحیا کوڕی خالید دروستە و زێڕنۆڤ بە هەڵەکەی زانیوە، بۆیە نیشانەی پرسیاری داناوە. و.

٣- کوڕی خالید. و.

هەڵیانداوە و ئەوەندەی ئیسلام هەیە هیچکەس هێندەی گەشە نەکردووە و هەلی بۆ نەرەخساوە؛ بەڵام قین لە زگان و بەرچاوتەنگان چاوی دووسەریان بە یەحیا[(٧)] هەڵنەهاتووە و لای هارِوونەرِەشید بۆیان تێچاندووە و بە باری دڵگۆرِکەیاندا خستووە. جەعفەر کوژراوە و یەحیا و فەزلیش [١] لە بەندیخانەدا رزیون و مردوون.

ئـــاوای دانـــاوە مەزنـــی دنیـــایە
کە ببـــــرِێتەوە هەر ســــــەرەتایە

خانەدانی بەرمەکی ئەوەندە ماڵ و سامانەی کە لە سەردەمی وەزیرایەتییدا وەسەریەکیان نابوو، هەمووی دەستی بە سەردا گیرا و راگوێزرا بۆ خەزنەخانەی خەلیفە و ئەگەر کەسێک دەیهەوێ زۆر بەچاکی بەسەرهات و چارنووسیانی بۆ روون بێتەوە، وا باشە سەرێک لە سەرچاوەکانی مێژوویی هەڵێنێ. ئەم نووسینەی من نەیتوانی سەربوردەیان لە خۆیدا بگـونجێنـێ و خـۆی لە درێژدادرِی پاراستووە و ئەوەی راستی بێ زۆریش بە شوێن چارەنووسی مووسادا گەرام، بـەڵام هیچـم بـۆ روون نەبۆوە. رەنگە ئەو دەمەی هارِوونەرِەشید دەستی لە باوک و براکانی بزاوتووە و گرتوونی، رایکردبێتە شاخستانەکانی کوردستان و لەوێ خۆی پەنا دابێ. چونکە وەکوو دەگێرِنەوە لە زەمانی خەلیفایەتیی بنەماڵەی عەبباسیدا[(٨)] سێ کەس لە کورِانی وەجاخی بەرمەکی بـەرەو کـوردستان بازرە بوون و لە «خانچووک»ی سەر بە «کیخ» [٢] لە چیای «شەفتالوو» بنەیان داکوتاوە. برا گەورەکەیان لەوێ دەستی کردووە بە خوداپەرستی و بە رەوگەی

١-فەزل کـورِی یەحیـا (١٤٧-١٩٣ی ک)، بـرای شـیریی هـارِوون بـووە و گەیـوەتە پـلەی وەزیرایەتی و هەر لە زیندانی ئەویشدا مردووە. و.
٢- گەنج، کەنج، کنج؟. و.

چاکی و پاکیدا هەنگاوی ناوە و تیژ تێهەڵچووە و بەرز دەرەوشاوەتەوە و هەر دۆعایەکی کردوویەتی یەکەوجێ هاتۆتە دی. بۆ نموونە دەڵێن جارێکی برای بچووکی بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارێکی گرینگ لێیان دادەبڕێ و هێندەی پێ ناچێ کە خەڵک بە دابی جاران نان و پێخۆر دێنن بۆ شێخ و هاوڕێیانی. شێخ و برا نێونجی و یارانی تێدەوەرووکێن و چی هێناویانە دەیخۆن و تەنیا بەشی برا چکۆلە وەلادەنێن و بۆی هەڵدەگرن. پاش تاوێک براکەیان دێتەوە و دەڵێ دا بەشەکەی خۆم بۆ بێنن. برای نێونجی دەڵێ وەڵڵاهی هێندەت پێچوو لام وابوو لەوێ خواردووتە، بۆیە بەشەکەی تۆشم خوارد. برا گەورەیان کە شێخ بێ، بە بیستنی کارێکی ئەوها ناپیاوانە گڕی گرتووە و کەوتۆتە تووک و نزا لێ کردنی و گوتوویەتی هەک ڕەببی دەردڕێی، چونکە قنیاتت بە بەشی خۆت نەکردووە! شێخ هێشتا تەواو تووک و دۆعای لە زاری دەرنەپەڕیوە کە برای گەنجی شڵپ بەربۆتەوە و لە خاک و خۆڵ گەوزیوە و تازە ڕووی جیهانی نەدیوە.

وەختایەک خەڵک ئەوەی دەبینن سەت ئەوەندەی دیکەی بڕوا پێ دێنن. شێخ لەگەڵ میر شەهابی برا چکۆلەی، لەسەر تکای خەڵکی «خانچووک» لە نێو عێل و عەشیرەتی سویدی دادەمەزرێن و قەڵایەکی قایم و پتەو ساز دەکەن. ماوەیەک دەبێتە پێشەنگ و پێشەوای جەماوەر و سەرەنجام ڕوو دەکاتە دنیای دیکە و دەمرێ. نێرینەی لە پاش بەجێ نامێنێ و میر شەهابی برای جێی دەگرێتەوە. بە هومێدی خودای بەرزی بێنیاز باسی تەواوی ئەو کەسانە دەکرێ کە لە پشتی وی کەوتوونەوە و بوونە میر و سەردار.

**میر جەلال کوڕی میر شەهاب**

پاش مردنی میر شەهابی بابی، دەبێتە جڵەوکێشی کاروباری ناوچەکە و ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ و سەرەنجام بە شوێن بانگەوازی هەقەوە دەچێ و تەمەنی دەبڕێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر محەممەد کوڕی میر جەلال**

دوای نەمانی باوکی، میر محەممەد جێی دەگرێتەوە و ئەویش چەند ساڵێک ئەم ئەرکە گرینگەی دەکەوێتە ئەستۆی و پاشان بەرەو دنیای هەرمان دەڕوا و میر فەخرەددینی کوڕی ڕەسەنزادەی دەبێتە جێنشینی.

میر فەخرەددین پاش ئەوەی جێی بابی دەگرێتەوە، وا دەکەوێتە سەر باری چاکە و دادەوانی و بەجوانی بە دەورەی ناوچەکەدا دێ، تەواوێک ئاوەدانی و خۆشبژێویی زیاتر ڕووی تێدەکا. دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک ڕووی لەم فیزخانەیە وەردەگێڕێ و بەرەو سەرای شادمانی دەڕوا.

**میر حەسەن کوڕی میر فەخرەددین**

میر حەسەنی جێگرەوەی باوکی، کەسێکی پەنجەبەخوێنی چاونەترووکێنی دڵڕەق بووە. سەرەنجام چاوی بە کوێری هەڵێناوە و میر فەخرەددینی کوڕە گەورەی جێی گرتۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**میر فەخرەددین کوڕی میرحەسەن**

میر فەخرەددین، برایەکی دیکەی هەبوو کە تا بڵێی قیت و قۆز و جوانچاک و زانا و بەئاکار بوو. نیشانەی ئازایەتی و بەجەرگی لە نێوچاوانی دەباری و خۆری جوامێری و دڵاوابوونی لە ئاسۆی ئاواتی دواڕۆژیدا خۆی دەنواند.

بە ڕووی بێژینگێ بەری ناگیرێ ڕوخساری پەری
دەرگاش داخرێ، بە ڕۆچنەیەکدا سەر دەکا سەری

میر محەممەد پشتی کردە خزم و کەس و نیشتمانی و بە هیوای ئەوەی بچێتە بەر ڕکێفی ئووزوون حەسەن ڕووی کردە دیاربەکر. کاتێک شەرەفی ڕاموسانی لادەرگانەی ئەو پادشا پایەبەرزەی پێ برا، خێر و چاکەی شاهانەی بە سەردا ڕژا و بە خۆشەویستیی خونکارانە بەسەرکرایەوە. میرایەتیی «خانچووک» و «چوبقجوور»ی باربوو کرد و ناردییەوە وڵاتی خۆی.

کاتێک گەیشتەوە لەگەڵ برای تووشی شەڕ هات و شیر و تیر و نێزە بوونە یەکلاییکەرەوەی کاران و پاش تێکهەڵچوونێکی زۆر، سەرەنجام میر محەممەد کوژرا. میر فەخرەددین بێبەرهەڵست مایەوە و چەند ساڵێکی دیکەی حکوومەت کرد و سەرەنجام سەفەری دنیای پاشینی هاتە پێش و ئەو سەرەی بردی نەیهێنایەوە. چونکە کوڕی وای نەبوو بتوانێ جێی بگرێتەوە، ئەبداڵبەگی برازای بوو بە جێنشینی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ئەبداڵبەگ کوڕی میر محەممەد

پاش نەمانی مامی، ئەبداڵبەگ هەوساری کاروباری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ڕاست لەو سەروبەندەدا هێزەکانی قزڵباش بە سەرۆکایەتیی «ئیقووت ئۆغڵی»ی حوکمداری چوبقجوور بە مەبەستی گرتنی خانچووک هێرشیان هێنایە سەر ئەبداڵبەگ و بۆ ماوەی حەوت شەووڕۆژان ئاگری شەڕی نێوانیان هەر نێڵەی هات و خەڵکێکی زۆری هەردک لا بوونە چێشتەی شیر و تیران. سەرەنجام خودا هاتە فریای ئەبداڵبەگ و ئاواتی وەدی هێنا و شنەی سەرکەوتن لە گەرووبای بەختەوە هەڵیکرد و ئاڵای شەکاندەوە. ئیقووت ئۆغڵی قاچی لێ بوون بە باڵ و ڕەوی و بار و بارخانەی لەشکر و تاوڵ و خێوەت و ئەسپ و یەستری هەمووی بەجێمان و کەوتنە دەست جەماوەری ئەبداڵبەگ. چەند ساڵێکی دیکەش پاش ئەم

ڕووداوە حکوومەتی کرد و سەرەنجام گیانی دایەوە دەست بەدیهێنی جیهان و سوبحانبەگ و سوڵتان ئەحمەدبەگ لە پاشی بەجێمان.

**سوبحانبەگ کوڕی ئەبداڵبەگ**

پاش نەمانی باوکی، سوبحانبەگ جێی گرتەوە و لەگەڵ براکەی پشتیان بە پشتی یەکترەوە دا و خۆیان لە پاراستنی خاک و لێدانی خەنیمان هەڵکرد. [شاعیر گوتەنی:]

بڕبڕەی پشتە یەکبوون
دووبەرەکی و تێداچوون!

چونکە پێکەوە یەک بوون، یەزدانی مەزن سەرکەوتنی زۆری وەرپێی هێنان. بۆ وێنە دوای مەرگی خالیدەگۆجی پازووکی، ناوچەی «کیخ»ی ژێر دەسەڵاتیان گرت. دوای سەرکەوتنی چاڵدێران کە سوڵتان سەلیمخان هەرێمی دیاربەکری ڕاکێشایە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەم دوو برایەش دەستیان بزاوت و توانییان قەڵا و ناوچەی چوبقجوور لە چنگ ئیقووت ئۆغلی دەرهێنن و ناوچەی ئاغچەقەڵا بگرن و مەنسووربەگی پازووکیی لێ دەرپەڕێنن کە شاسمایل لەوێ کردبووی بە حوکمڕان. هەروەها توانییان بەزەبری چەک ناوچەی زاک و مەنشکورت (مەنشکورد) لە چنگ قادربەگی قزلباش دەرکێشن. پاشان براکان هاتن دانیشتن و هەرێمەکەیان لە نێو خۆیاندا بەش کرد. چوبقجوور و مەڵبەندەکانی دەوروبەری بوو بە بەشی سوبحانبەگ و تەواوی قەڵا و ناوچەکانی دیکەش بە سوڵتان ئەحمەدبەگ بڕا. دوای چەند ساڵێک شەیتان و شۆفار هەدایان نەدا و کێشەیان لە نێوانیدا نانەوە و برایەتی و خۆشەویستییان وەرگەڕایە سەر باری دوژمنایەتی. سوڵتان ئەحمەد لە سوبحانبەگی برای کەوتە نەمامی و دووزمانی و بەپێی فەرمانی سوڵتان

سولەیمان‌خان کوژرا و مەقسوودبەگی لە پاش بەجێما. دوای ئەم ڕووداوە ناوچەی چوبقچوور درا بە یەکێک لە سەرۆکان و سەرکردەکانی عوسمانی.

**سوڵتان ئەحمەدبەگ کوڕی ئەبداڵ بەگ**

سوڵتان ئەحمەدبەگ دوای کوژرانی سوبحان‌بەگی برای، ماوەیەکی زۆر ژیا و پەنجا ساڵی پتر حکوومەت کرد و سەرەنجام لەم خانە دوودەرگانەوە بۆی دەرچوو.

لەم دنیایەدا ئەوەی نەگۆڕ بێ کەم دێتە بەرچاو
هەرچی کە دەیڵێ لووزەوی خەمە دەرژێتە هەناو
وەک خانی کۆنە کە ورد دەبمەوە لە هەر باڵێکی
بۆ سەحرای نەمان شریتەی دەکەن ڕێی کلکبڕاو

بنکەی ژین
www.zheen.org

سوڵتان ئەحمەد دوو کوڕی لە پاش بەجێما: مرادبەگ و محەممەدبەگ.

**مەقسوودبەگ کوڕی سوبحان‌بەگ**

پاش کوژرانی باوکی، مەقسوودبەگ لە ڕیزی لەشکر و ڕکێفی هەمیشە سەرکەوتووی سوڵتان سولەیمان‌خان‌دا بوو بە بەشداری پەلامار بۆ سەر نەخجەوان. لە شوێنێک کە پێی دەڵێن «ئارپەچای» وەکوو زێرەوان و پێشەنگ ڕۆیی و تووشی سپای قزڵباشان هات و ئـەوەنـدەی ئازایەتی نواند کە دەنگی دایەوە و سوڵتانی خاوەن‌شکۆش بیستییەوە. لەبەر ئەو چاونەترسانەی ناوچەی چوبقچووری وەک سەردەمی باوکی باربوو کردەوە و فـەرمانی پیرۆزی بۆ نووسی و ئەویش گەڕایەوە شوێنی دەسەڵاتی.

لەو جەنگەیەدا ئەسکەندەرپاشای چرکەس، مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر بوو. مەقسوودبەگ لەبەر بوێری کە خدەوخووی کوردانە و لەبەر ئەو گیانبازی و خزمەتەی کە لە کاتی هرووژمەکەی پادشادا کردبووی، هێندەی لە خۆی ڕادەدی کە گوێی نەدایە گونجان و حاوانەوە لەگەڵ ئەسکەندەرپاشا. ئەویش چوبقجووری لە چنگی دەرهێنا و دایە دەست یەکێک لە سەرکردەکانی عوسمانی. مەقسوودبەگ سکاڵای بردە بەر دەرانەی بەختەلانی سولەیمانی و ماوەی حەوت ساڵ لە ئیستانبووڵ مایەوە، بەڵام وەزیرە گەورەکان لەبەر دڵی ئەسکەندەرپاشا داواکەیان نەگەیاندە پێچکەی تەختی دەسەڵاتی شارەی پادشایەتی. سەرەنجام بەپێی ڕێسای بێبڕانەوە، تەمەنی بڕایەوە و ڕووی کردە بەر دلۆوانیی یەزدان.

## مرادبەگ کوڕی سوڵتان ئەحمەدبەگ

ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر هەرێمی دەسەڵاتی سوڵتان ئەحمەدبەگی لە نێو کوڕەکانیدا بەش کرد. ناوچەی خانچووک و ئاغچەقەڵای دا بە محەممەدبەگ و جگە لە ناوچەی چوبقجوور کە لە ژێر دەسەڵاتی مەزنانی عوسمانیدا بوو، ئەوانی دیکەی هەموو دان بە مرادبەگ. وای دانا هەر کەس بە سەر ناوچە و مەڵبەندی خۆی ڕابگا و تیتاڵ لەوی دیکە نەهاڵێنێ.

پاش تێپەڕبوونی شازدە ساڵ بە سەر ماوەی دەسەڵاتیاندا، مرادبەگ بە مەیلی خۆی هەوساری دەسەلاتی دایە دەست سولەیمانبەگی کوڕی و کشایەوە و چەند ساڵێک دواتر ڕۆیی بۆ بەر دلۆوانیی خودێ. میر جگە لە سولەیمانبەگ، عەلیخانبەگ و ئەلۆخان (هەلۆخان) و مستەفابەگی لە پاش بەجێمان.

مستەفابەگ لە جەنگەی گیرانی تەورێزدا، لەگەڵ چەند میرە کوردێکی دیکە لە سەعدابادی تەورێز بەدەست قزڵباشان کوژرا. عەلیخانبەگیش لەو هەرایەدا کەوتە داوی دیلی و دوو ساڵ لە قەڵای قەهقەهە وێڕای مرادپاشای مەزنی سەرکردەکانی

قەرامان زیندانیی کێشا و ئاخرییەکەی لەگەڵ مرادپاشا ئازاد کرا و پێکەوە گەڕانەوە ڕۆم. بەگلەربەگی دیاربەکر بەپێی بەسەرکردنەوەی شاهانە، ناوچەی چوبقجووری بە مڵکایەتی وەکوو شابەشانە خەڵاتی عەلیبەگ کرد و مرادپاشاش لەم بابەتەدا پشتی گرت و یاریدەی دا.

هەڵۆخانی برای کەوتۆتە ڕیزی گەورەپیاوانی مەزنی دیاربەکر و خۆشبژیوە و بە خاترجەمی دەیگوزەرێنێ؛ بەڵام میر محەممەد کە بە سەر خانچووک و ئاغچەقەڵا ڕادەگەیشت، هێندەی شلە دابوویە و سەری بە کاروباری ناوچەکەوە نەدەیەشاند، هەتا فەرهادپاشای سەردار لەسەر دەسەڵات کلای کرد و ناوچەکەی خستە سەر قەڵەمڕەوی سولەیمانبەگ. محەممەدبەگ و سولەیمانبەگ لەسەر ئەوە کێشە و قڕەیان بوو. سەرەنجام محەممەدبەگ مرد و لە داوی قیرە و گیرە خەلەست.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سولەیمانبەگ کوڕی مرادبەگ**

بێ ڕووبینی و جامەلووسکێ، سولەیمانبەگ لاوێکە لە نێو ئامپاکانیدا بە ئازایەتی بەناوبانگە. لە سەرەتای گەنجەتیدا بۆتە هاوڕکێفی مەزنی سەرکردەکانی ئامەد و بەغدا و بە لانەوازی لە عەرەبستان ماوەتەوە و دەردی دووری چزەی لە دەروونی هەستاندووە. بۆ کاروباری لەشکری و سوارچاکی لەسەر باری ڕۆمییان ڕۆیشتووە و هیچکام لە میرانی کوردستان تای ناکەن. بیری تیژی وەکوو ئاوێنەی بێگەرد دیمەنی کاکڵ و مانای ساغ و پتەو ڕەنگی تێدا دەداتەوە و هزری لێکدانەوەی ئاوێنەی ڕوخساری بیروردانی شتزانە.

لەمێژە دیدەی زەمان کەسێکی وای نەدیوە
یەکێکی قسەزان و وردبین و چا کوڵیوە

سولەیمانبەگ چونکە ئەو شتانە لە خۆیدا شک دەبا و پێیانەوە دەنازێ، تۆزە فیزێکی ڕێنیشتووە و داویەتە لانی دەست پێوەنەگرتن و بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی و شانی پێوە دەشەکێنێ و لەسەرە.

تا بە قەد موویەک ژیانت ماوە دەبێ وریا بی
چون بتپەرستی وەکوو خۆیەتی و نەبڕاوە دابی
دەڵێی بتی خۆم وا شکاندووە تازە دەربازم
کەچی ئەم فیزەت بتی گەورەیە و دەبێ لێی ڕابی

بنکەی ژین
www.zheen.org

باب‌وباپیرانی سولەیمانبەگ هەر لە کۆنەوە لە «کیخ» ژیاون، کە جێگایەکی یەکجار چڕ و سەختە و کەوتۆتە بناری چیا و سەر لێواری چۆمی فورات. شوێنێکی وایە کە ئاڵوگۆڕی زەمانە و هەرا و ئاژاوەی ڕۆژگار نەیانگرتۆتەوە و دانیشتووانی پارێزراون.

سرشتی بەرزەفڕانە و ویست و ئاواتی بەربڵاوی سولەیمانبەگ هەر بەو بڕەبەش و قوژبنە تەنگ و بەرتەسکە قنیاتی نەهێناوە و دانەمرکاوە. هاتووە و لە دەشتی ئەڵڵابەرپانی مەنشکورد شارێکی بنیات ناوە و خانووبەرەیەکی هەرە چاک و مزگەوتێکی دیار و بڵێندی لێ ساز کردووە و چەند ساڵێکە بەگەرمە پێیەوە خەریکە و هێشتا لێ نەبۆتەوە.

لە جەنگەی گرتنی خاکی عەجەم و شیروان و ئازەربایجاندا، خزمەتی یەکجار گەورەی کردوون؛ بەتایبەت ئەو کاتەی کە نیازبەگی پازووکی بە خۆی و دووسێ

هەزار چەکداری چخورسەعدی هەڵیانکوتابوویە سەر «قەرایازی» و کەوتبوونە سەر تالآنی خێڵی «باوەلی»، سولەیمانبەگ وێڕای براکانی و چەند ئاغایەک، دوور کەوتە پەیکەردەیان و شەڕی مەردانەی کردن و ماڵی تالآنیی هەمووی گێڕایەوە. لەگەڵ هێنانەوەی مەڕ و پاتاڵ و نێوماڵی خێڵی، خەنیمەتیشی گرت و بە ساغ و سڵامەتی گەڕایەوە. سەردار مستەفاپاشا بە دابی پادشایان خوێندییەوە و لەوەتی باوکی بە زیندیسەری کردوویەتە میر و لە جێی خۆی داناوە، هەتا ئەمڕۆ کە سەرەتای مانگی نێوجێژنانی ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، هەر لەسەر کارە. هیوادارم چونکە پیاوێکی لێوەشاوەی بەناوبانگە و پتریش هەڵدەگرێ، لە کاری چاک و بەجێدا هەر سەرکەوتووبێ.

## بەشی نۆهەم

### باسی میرانی سلێمانی (سلێڤانی) کە دەبنە دوو لک [1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

با ئەو بیرمەندانەی شوێنەواریان وەکوو خۆرەتاو ڕەنگی داوەتەوە و ئاڵای زانست و ڕاگرتنی پارسەنگیان هەڵداوە، لەگەڵ ئەوانەی خەیاڵیان بە دوای دۆزینەوەی ڕاستیدا دەگەڕێ و دەیانهەوێ تۆماری هەڵە و تلاسابوون و پڕکێشی تێکەوەپێچن، لێیان ڕوون بێ کە میرانی سلێمانی (سلێڤانی) بە ڕەگەز دەگەنەوە سەر مەروانی حیمار [2]، کە دوایین کەسە لە سوڵتانەکانی ئەمەوی.(٩) دەڵێن بۆیە

---

١- بێگومان سلێمانی (سلێڤانی) هۆزێکی دێرینی کوردە و مخابن شەرەفخان تەنها لێکچوونی ناوی کەسایەتییەکانی کردۆتە بنەما بۆ گرێدان و گەڕاندنەوەی هۆزی سلێمانی بە بنەماڵەی ئەمەوییەوە، کەچی سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان ئاماژەیان بە کورد بوونی هۆزی سلێمانی کردووە (ابن حجر، ابناء الغمر، ٢٨٠/١، ٢٩١؛ ئەبووبەکر تارانی، کتێبی دیاربەکرییە، ل ٦٥، ٧٩، ٨٦ و ١١٨). ز.س.

٢- مەروانی کەر؛ مەروانەکەرە. و.

«حیمار»ی پێوە شەتەک دراوە، چونکە عەرەب سەری هەر سەتساڵێک بە ساڵی حیمار (کەر) ناودێر دەکەن و لەو زەمانەوە کە موعاویەی کوڕی ئەبووسۆفیان توانیبووی ببێ بە خەلیفە و سوار بێ بە سەر دەسەڵاتی دیمەشقدا، تا ئەو دەمەی مەروان بوو بە حوکمڕان، سەت ساڵی پێچووبوو.

هەروەها دەگێڕنەوە جارێکی مەروان بە منداڵی لە قوتابخانەوە دەگەڕێتەوە و دەچێ قامکی بە ئاڵقەڕێزی دەرگادا دەکا و بۆی نایەتەوە دەر و هێندە ئەستوور دەبێ کە ناچار دەبن بە بڕبەند گەوی ئاڵقەڕێزەکە ببڕنەوە و ڕزگاری کەن. مەروان تەمبێ‌گرتوو نابێ و جارێکی دیکەش وا دەکاتەوە و باوکی لێی تووڕە دەبێ و دەڵێ وەڵڵاهی کەری! هەر لەو ساتەوە کەری بە ملیدا بڕاوە. هەر چۆنێک بووبێ هەموویان باپیرەگەورەیان عەبدولمەنافە و ئاوا پشتاوپشت هاتوون: مەروانی حیمار کوڕی محەممەد کوڕی مەروان کوڕی حەکەم کوڕی ئەبولعاس کوڕی ئومەییە کوڕی عەبدوششەمس کوڕی عەبدولمەناف. حەکەم یەکەم ڕۆژی گیرانی مەککە[١٠] چۆتە سەر دینی ئیسلام و ئەم سەربەرزییەی پێ بڕاوە.

مەروانی حیمار سەرەتاکانی ساڵی ١٢٧ی ک/٧٤٤ی ز، لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە و پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بە سەر دەسەڵاتیدا، ئەبولعەبباسی سەففاح لێی ڕاپەڕیوە و خۆی نەگرتووە و بەرەو میسر هەڵوەدا بووە. ڕۆژی ٢٨ی مانگی قوربانی ١٣٢ی ک/٧٤٩ی ز، لە گوندی «بوسیر»ی[١] میسر بەدەست ساڵحی عەبباسی و ئەبووعەون کوژراوە،[١١] کە بە دەستووری سەففاح شوێنیان لە دووی خەلیفە گێڕابوو. مەروان، عەبدوڵڵا و عوبەیدیللای لە پاش بەجێماون. عەبدوڵڵا پەرەوازەی حەبەشە بووە و عوبەیدیللا گەڕاوەتەوە و لە فەلەستین بنەی داگرتووە. لە سەردەمی هاروونەڕەشیدی عەبباسیدا دارۆغەی فەلەستین گرتوویەتی و

١- بوصیر. و.

ناردوویەتەوە [بەغدای] ناوەندی دەسەڵات و ئەویش لە زیندانی پەستاوتووە و تاکوو ماوە بەری نەداوە. سەرەنجام پیری بەربینگی پێ گرتووە و ئاوی چاوی لە بەندیخانەدا ڕۆڕژاوە و ئینجا ئازاد کراوە. ڕەنگە میرانی سلێمانی لە پشتی ئەو [خەلیفەزادەیە] کەوتبنەوە. وێشدەچێ نەوە و نەتیژەی سوڵتان سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیکی مەروانی بن.(١٢) هەر خودا بۆخۆشی دەزانێ چۆنە!

بەپێی نووسین و گێڕانەوەی تۆمارکراوی نووسەرانی باوەڕپێکراوی ئەو خانەدانە، کاتێک مەروانی کەوتوونە بەر زەبروزەنگی بنەماڵەی عەبباسی و پەرەمپەرەم بوون و هەر یەکەی بە لایەکدا ڕەویون، سێ کەس لە کوڕانی مەروانی حیمار وێڕای جەماوەرێکی بەرچاو لە فەلەستینەوە ڕوویان کردۆتە هەرێمی قولب و لە دۆڵی «خووخ»ی سەر بە ناوچەی «غەزالی» بنەگر بوون. ڕۆژبەڕۆژ پەلوپۆیان هاویشتووە و زۆربەی خێڵی بانۆکی لە دەوری ئاڵایان کۆبوونەوە و بە پشتیوانیی ئەوان توانیویانە قەڵای جەسقە، تاش، حوسوولی، مەیافارقین و مەڵبەند و ناوچەکانی دەوروبەری هەتا سەر لێواری ڕووباری دیاربەکر بگرن. پاشان قەڵای بێدیان، کارووکان، دلکلوقیا، ڕەبات، جەریس، ئیدنیک، سەلیک و گەنجەیان[١] لە چنگ کافرانی گورجی و ئەرمەنی دەرهێناوە و بە سەریاندا زاڵ بوون.[٢] بەم شێوەیە زۆربەی پەیڕەوان و لایەنگرانی هەڵوەدا و هەڵمشتاوی مەروانییەکان لە میسر و شام لێیان هاڵاونەوە و لە هەشت خێڵاندا خۆیان دۆزیوەتەوە کە بریتین لە: بانۆکی، هویدی، دلخیران، بووجیان، زیلان، بەسیان، زەکزیان و بەرازی. هێندێک لەو خێڵانە چوونە سەر ڕێبازی حەزرەتی ئیمامی شافیعی، وەبەر ڕەحمەتی خودا کەوێ و بوونە سوننی. دەستەیەکیشیان

---

١-نووسراوە گەنج، بەڵام گەنجە دروستە. و.

٢-داگیر کرانی ئەم قەڵایانە لە وڵاتی گورجییەکان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نەهاتووە و ئۆباڵی لەسەر نەکێشراوە. ز.س.

ڕێی نابەخێری یەزیدییان وەبەر داوە و لەسەر شوێی وان دەمەشن. میرەکانیان بوونە ڕەچاوکەری ڕێبازی سەرتۆپ و سەروەری ئادەمیزادان، کە حەزرەتی محەممەدە درووود و سلاوی خودای لەسەر بێ و زۆر چاک لە ڕچەی زانایانی ئیسلامدا خۆیان ماندوو دەکەن. مرۆی یەکجار بەدین و خوداپەرستی سەنگینیان لێ هەڵکەوتووە، بەلام بە سەر نیزیکەی سەت تیرەیەکدا دابەش بوون، کە زۆربەیان خێڵەکی و دەوارنشینی کۆچەر و ئاژەڵدارن. هەموو ساڵێ بەهاران و بانەمەڕان دەچنە هاوینەهەوارەکانی بدلیس و لە چیای شەرەفەددین و ئاڵەتاق (ئاڵەداغ) ڕەشماڵیان هەڵدەدەن. جەنگەی پایزەهەواران خێڵبەرەو خوار دەبنەوە و سەرەتای فەروەردین [1] دەگەڕێنەوە زستانەهەوارەکانی خۆیان. لە نێو ئەو مەڕدارانەدا وا باوە کە بۆ هەر سێسەت سەر ئاژەڵ، سەرێکی وەک هەورانە دەدەن بە میرانی بدلیس.

بەکورتی و پوختی دەبێ بڵێین پاش ئەوەی تیرە و خێلاتی سلێمانی (سلێڤانی) لە ژێر ئالای «مەروان»دا کۆبوونەوە و ئەویش توانی ماوەیەک بە سەر ئەو قەلا و ناوچە گیراوانەی ژێر فەرمانی ڕابگا، دەستی لە داوێنی ئەم دنیا نەمێنە بەردا و بەرەو دنیای هەرمان ڕۆیی. دوای نەمانی مەروان، بەهائەددینی کوڕی بوو بە جێگرەوەی باوکی و ئەویش دەستی هەڵگرت لە خزم و خێڵ و ژیانی بە ئەمانەت وەرگیراوی دایەوە دەست کوێخای نەمان و میر عیززەددین و میر جەلالەددینی لە پاش بەجێمان.

میر عیززەددین [2] بوو بە جێنشینی باوکی و هێندەی نەبرد کە مردن هاتە سلاوی و کوڕێکی منداڵی لە دوای بەجێما بەناوی میر برایم. جا چونکە نەیدەتوانی کاروباری دەسەلات راپەڕێنێ، پیاوماقوولانی خێڵی هاتن و میر جەلالەددینی برایان

١-فەروەردین یەکەم مانگی بەهارە و دەبێتە خاکەلێوە، لێرەدا هەڵەیەک رووی داوە. و.

٢- میر عیززەددین لە لای «ابن حجر العسقلانی» بە «غرزالدین السلیمانی» هاتووە (أبناء الغمر، ١/٢٨٠، ٢٩١). ز.س.

لە جێی دانا. دوای نەمانی میر جەلالەددین، میر برایمی برازای توانیبووی خۆی دارێژێ و گەورە ببوو. خزم و خێڵ وایان پێ باش بوو بیکەنە میر و کردیان. ماوەیەکی چاکی حکوومەت کرد و سەرەنجام دەستی لەم دنیا نەمێنە هەڵتەکاند و گوتی ماڵاوا! میر دیادین و میر شێخ ئەحمەدی لە پاش بەجێمان. لەسەر وەسێتی میر برایم، میر دیادینی کوڕی بوو بە جێگرەوەی و هەوساری کاروباری گرینگی دەسەڵاتی کەوتە سەر شانی. هەشتا ساڵ ژیا و زۆری خۆشی دیت و چاکی ڕابوارد.

ئەو دەمەی کە شاسمایلی سەفەوی توانی دەست بە سەر دیاربەکردا بگرێ، خانمحەممەدی ئوستاجلووی ڕاسپارد هەتا لەبری وی بە سەری ڕابگا و بیپارێزێ. خانمحەممەد خۆی لەگەڵ میر دیادین گونجاند و نێوانی لەگەڵ خۆش کرد و بیکیسیخاتوونی کچیشی لێ خواست. خێڵ و خزمانی سلێمانی بوونە پشتیوانی و میر دیادین بە ڕووڕاستی لەگەڵی تێکەوت و ئەویش لەو پێیە کاروباری چاک لە بەر ڕادەپەڕین. بۆ وێنە ئەو دەمەی کە عەلائوددەولەی زولقەدری والیی مەرعەش، سارووقەپڵانی برازای بە مەبەستی گرتنی دیاربەکر ناردە سەر خانمحەممەد، شەڕی قورسیان لە نێوانیدا قەوما کە ئاوازەی هەتا تەشقی ئاسمان ڕۆیی.

گۆچانی دەهۆڵ کوتان، هەرا و ژاوەی نایەوە
خۆشی کرد ئاگری شەڕ، چوو ئاژاوەی نایەوە
ڕیشۆڵەی ملی ئەسپان، وا مەیدانێ دەماڵێ
زینی زێڕین بوونە زێو، لەبەر تۆز و گەردالێ

خێلی سلێمانی، نەخێر نەوەڵڵا دێوانی سلێمانی لەو شەڕەدا پیاوانە وەدەست هاتن و گورمیان بەست و کارێکی وایان کرد حەوتخانی ڕۆستەمی مازندەران و

سامی نەریمان لەچاو چاونەترسانیان بوونە ئەفسانە. کوردان بە هێز و بڕستی شان و باهۆی کامڕەوایان و بە زەبری شیری ژاراوداریان هەڵبڕدابڕیان خستە لەشکری ساروقەپڵان و ئەویشیان لە خاک و خۆڵی چارەڕەشی گەوزاند و سەریان لە قالبی جوێ کردەوە. خانمحەممەد لە چاکەی ئەو کارە زۆری چاکە کرد لەگەڵ میر دیادین و عێلی سلێمانی.

میر دیادین دوای نەمانی نێرینەی لە پاش بەجێنەما؛ بەڵام میر شێخ ئەحمەدی برای نۆ کوڕی هەبوو: شاوەلەدبەگ، باڵووڵبەگ، عومەرشابەگ، سۆسەن، وەلیخان، ئەلوەند، خەلیل، ئەحمەد و جانگیر. لەو پێیە حکوومەتی میر دیادین بۆ برازاکانی بەجێما.

## لکی یەکەم
### باسی میرانی قولب و باتمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

منی نووسەری ئەم ڕووپەڕانە، گەلێکجار لە کەسانی باوەڕپێکراوم بیستووە، کاتێک میر دیادین بە سەر پیری و بێهێزیدا کەوتووە و کوڕێکی نەبووە هەتا بە سەر کاروباری وڵات ڕابگا و گرێ و کۆسپان بڕەوێنێ، برازاکانی لێبڕاون بچنە سەری و تۆماری دەسەڵاتی تێکەوەپێچن. ئەویش داوای لە خانمحەممەدی ئوستاجلوو کردووە بگاتە فریای و خان بە دەنگییەوە چووە و هێزێکی چاکی بۆ ناردووە و شەڕێکی قورسیان لە نێوانیدا قەوماوە. لەو شەڕەدا عومەرشابەگ و سۆسەن و جانگیربەگ کوژراون. شاوەلەدبەگی برا گەورەیان کە مایەفیتنەی ئەو کێشە و هەرایە بوو، توانیویەتی بە هەزار فرتوفێڵ خۆی لەو گێژاوی مەرگە دەرباز بکا و لە کەنارێ خۆی بگرێتەوە و بە هانکەهانک ڕاکاتە خزمەت سوڵتانەکانی چرکەس. پاش شەڕەکەی چاڵدێران کە قزڵباش لە کوردستان دەسەڵاتیان لەسەر تەوەرە و بستەی خۆی ترازا و بەرەو نەمان ڕۆیی، یەکێک لە

ئاغا گەورەکانی تیرەی بەسیانی بەناوی عەلی فیری، دەستی بە سەر قەڵای مەیافارقین[١]دا گرت و پیاوی نارد بۆ لای شام بە شوێن شاوەلەدبەگدا کە خێرا بێتەوە. کاتێک ڕاسپاردەی گەیشتە لای، بێ‌سێ‌ودوو تفەدەستەی لێ کرد و پێی نایە ڕکێف و هەیکەم کەنگێی دەکەم، خێرا خۆی گەیاندەوە نیشتمانی. بە هەوڵ و تێکۆشانی عەلی فیری و بە لێبڕانی خێڵ و خزمانی لەسەر تەختی حکوومەت پاڵی دایەوە. لەو ماوەیەدا کە هەرێمی دیاربەکر و کوردستان کەوتە دەست مەزنانی دەوڵەتی پەرەگری عوسمانی، میرانی ساسۆنی لەبەر دوژمنایەتیی کۆنیان لەگەڵ عێلی سلێمانی، داریان لە پشتی تیرەی خالیدی دا و فێریان کردن تاکوو لە خاکی مەیافارقین خۆیان دابگرن و چەند کاربەدەست و ئەرکدارێکی دەرانەی سوڵتانی بکووژن، کە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی گرینگ هاتبوونە کوردستان، هەتا ئاوا شاوەلەدبەگ و مەزن و ماقووڵان و پیاوەکانی پێ تاوانبار بکەن و ناوچەی دەسەڵاتی خەساربار بێ.

خالیدی فەرمانەکەیان لەسەر چاویان دانا و ئەم کارە دزێو و چەپەڵەیان بە ئەستۆی شاوەلەدبەگدا هێنا. کاتێک ئەم تەگبیر و تەڵەکەیە گرتی، مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر کەوتە دژایەتی کردنی و قەومانی ڕووداوەکەی بە پێچکەی تەختی بەشان‌وشکۆی سوڵتانی ڕاگەیاند. فەرمانی بێ‌بەرگێڕەوە بۆ کوژرانی شاوەلەدبەگ مۆر کرا و مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر بانگیهێشتە دیوانی دەسەڵات و هەڵیپێچا. شاوەلەدبەگ بە نێوک و نێوەرۆکی کارەکەی زانی و بە هەزار کوێرەوەری و ڕیشم بەردە لەو گەرداوی گیان‌ئەستێنە ڕزگاری بوو. پاش دەربازبوونی، تەواوی ناوچەی دەسەڵاتی خرایە سەر مڵک‌وماشی تایبەتی

---

١- ناوچەیەک هەیە لە باکووری «فارقین» و ڕۆژهەڵاتی «لجێ» ناوی «کولب»ە، کە دەکەوێتە سەر لکی نێوەڕاستی سێ لکەی ڕووباری باتمان. وێدەچێ ئەم ناوچەیە جێی قەڵای قولب بێ. قولب ئێستا لە نێو کوردانda بۆتە «پاسوور». باتمان کەوتۆتە خۆرهەڵاتی فارقین و پاڵاوگەی نەوتی «غەززان»ی لێیە و لە داوێنی چیای ڕمانە. ع.ی.

خاوەنشکۆ و سەرکار و پاکاری بە سەرەوە داندرا. شاوەلەدبەگیش قنیاتی هێنا بە قەڵای قولب و مەڵبەندەکانی دەوروبەری و سێزدەساڵێکی ئاوا تێپەڕ کرد و بارگەی ژیانی لەم تەنگەبەرەی نەمانەوە ڕاکێشایە دنیای دوامین. شەش کوڕی لە پاش بەجێما کە بریتی بوون لە: عەلیبەگ، میر دیادین، وەلیخان، جانگیربەگ، میر یووسف و میر سولەیمان.

### عەلیبەگ کوڕی شاوەلەدبەگ

عەلیبەگ پاش نەمانی باوکی ماوەی چل ساڵی حکوومەت کرد و کاری یەکجار چاک و شیاوی ئەنجام دان. لەگەڵ گەورە و گچکە بەباشی جووڵایەوە و سەرەنجام خۆی لە گەشتی دنیای دیکە خۆش کرد و ڕۆیی. سوڵتان حوسێنبەگ و وەلیخانبەگی لە دوای بەجێمان.

### سوڵتان حوسێنبەگ کوڕی عەلیبەگ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەپێی فەرمانی شکۆمەندی سوڵتان سەلیمخان، سوڵتان حوسێنبەگ ساڵی ٩٨٠ی ک/١٥٧٢ی ز، بوو بە جێنشینی باوکی. ئەو دەمەی کە سوڵتان مرادخانی خودالێخۆشبوو، عوسمانپاشای مەزنەوەزیری کردە سپاسالاری هێزە نەبەزەکانی و بە مەبەستی گرتنی ئازەربایجان ناردی، ساڵی ٩٩٣ی ک/ ١٥٨٥ی ز، سوڵتان حوسێنبەگ لە سەعدابادی تەورێز، لە شەڕی قزڵباشاندا خۆشاوی شەهید بوونی نۆشی و شەش کوڕی لە دوای بەجێما: قلیجبەگ، سەید ئەحمەد، زەینەڵبەگ، زاهیدبەگ، حەیدەر و قاسم.

وەکوو دیارە سەید ئەحمەدبەگ لە جەنگەی کوژرانی باوکیدا بەدەست قزڵباشان گیراوە و ماوەی دوو ساڵ لە قەڵای قەهقەهەدا زیندانی کراوە و ئاخرییەکەی بە هاوکاریی چەند ئاغایەکی دیوناسی ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی. بە فەرمانی سوڵتان مرادخان، زەینەڵبەگ جێی باوکی گرتبۆوە. قلیجبەگی

بـرای هـەرە گـەورەیان کە بۆ ئاوەز و تێگەیشتن بەرەژێری هەموویان بوو، بە یاریدەی محەممەدبەگی میری حەزۆ دەسەڵاتەکەی باوکی بۆ خۆی وەرگرت و لەگەڵ زەینەڵبەگی برای کردی بە کێشە و نێوان‌ناخۆشی. ماوەیەکی کەم توانی لە قولب هێندێک بە دەوری خۆی‌دا بێ، بەڵام گەشەیەکی وای نەکرد و لەبەر ئاکاری نابەجێ و نالەباری بەدەست چەند پیاوێکی خێڵی خۆیان کوژرا.

### سەید ئەحمەدبەگ کوڕی سوڵتان حوسێن‌بەگ

سەید ئەحمەدبەگ پاش قوتار بوونی لە بەندی قزڵباشان، لە ئەرزەڕۆم خۆی گەیاندە لای فەرهادپاشای سپاسالار و تەواوی خزمەت و گیانبازییەکانی خۆی خستە بەرچاوی و خەڵات و چاکەدانەوەی بێ‌سنووری شاهانەی فەرهادپاشای سەرداری هەمیشە سەرکەوتووی بە سەردا ڕژا و حکوومەتی قولب و باتمانی باربوو کرا. ڕاست لەو سەروبەندەدا باڵوولبەگی خاڵی بەدەست عێلی بەسیان کـوژرا. ئـەوسا بێ بەرهەڵست بوو بە میری سەربەخۆ و چەند ساڵێک حکوومەتی کرد و لەبەر سەرساردیی مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر، لە بارگای سوڵتانەوە مەزنایەتیی قولب درایە دەست کابرایەکی عوسمانلی. ئەویش بە دەرکراوی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی جڵەوی دەسەڵات سەری وەبەر دەرانەی سوڵتان هێنا و سەرەتای ساڵی ١٠٠٣ی ک/١٥٩٤ی ز، لە ئیستانبووڵ کۆچی‌دوایی کرد. بە دەستووری پێشوو قولبیان دایەوە دەست زەینەڵبەگی برای و ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، هەروا لەسەر دەسەڵاتە.

# لکی دووهەم

## باسی میرانی مەیافارقین

ئەوەی ڕاستی بێ میرانی مەیافارقینیش بە ڕەگەز دەچنەوە سەر شێخ ئەحمەدی کوڕی میر عیززەددین و لەگەڵ میرانی قولب ئامۆزان. یەکەم کەسی ئەم بنەماڵەیە کە بۆتە میر، باڵووڵبەگی کوڕی ئەلوەند کوڕی میر شێخ ئەحمەدە، کە بە شێوەیەکی سرشتی پیاوێکی ئازا و دڵاوا بوو. لە پێش‌دا وێڕای عومەرشابەگی برای لە ڕکێفی ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکردا بوو. کاتێک ئەسکەندەرپاشا بەپێی فەرمانی بێ‌سێ‌ودووی [سوڵتان سەلیمخان] پەلاماری بردە سەر جەوازەر[1] و گرتی و قەڵایەکی لێ ساز کرد و ناوی نا «ئەسکەندەرییە»، بە باڵووڵبەگی ئەسپارد هەتا بە سەری ڕابگا و بیپارێزێ و لەوێ کردی بە میرناوچە. چونکە لەو شوێنە کاری یەکجار بەجێ و شیاوی ڕاپەڕاندن، کاغەزێکی لە مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر و چەند میرێکی کوردستان وەرگرت کە دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاوی خانەدانی وەربگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕووی کردە دەرانەی پیرۆزەهێلانەی بارگای شاهانەی سوڵتان سەلیمخان. ئەویش بە سیلەچاوی پادشاهانەی بەسەری کردەوە و ناوچەی مەیافارقین و مەڵبەندەکانی لە حکوومەتی قولب دابڕی و وەک کەڵەبڕ باربووی کرد و بە مڵکایەتی بۆی تەرخان کرا. هەروەها فەرمانی پیرۆز دەرچوو کە داهاتی پیتاکی خێڵی بەسیان و بووجیان و زیلان کە لە سەردەمی شاوەلەدبەگدا خرابوویە سەر داهاتی تایبەتی سوڵتان، بدرێتە دەست باڵووڵبەگ و ئەویش ساڵەوساڵ کۆی بکاتەوە و بیداتە خەزنەخانەی دیاربەکر. چەند ساڵێک بەم شێوەیە تێپەڕی و لێکدالێکدا هێرشی بۆ

---

١- ل ١٩٠ی بودلیان: «جەزایر». و.

سەر خاکی عەجەمان نەپسایەوە و تیرە و تایفەکانی سلێمانی لە چنگ میرانی تورک وەزاڵە هاتن و ماڵوکۆچیان پێچاوە و دەستیان لە نیشتمانی خۆیان هەڵگرت و چوونە هەرێمێکی کە تازە لە قزڵباشان پاکرابۆوە و بە مەرجی پاراستنی، لەوێ بنەیان داکوتا و مەزنایەتی و بەگایەتی و ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بۆ دیاری کرا. کاتێک عێل و عەشیرەتەکان لە چنگ دەسەڵات و بەڕێوەبردنی باڵووڵبەگ دەرچوون، هـەموو ملیان نا لە سەربزێوی و خۆیان لە دانی باج و پیتاک پاراست و ئەوەندەی بۆیان کرا بە قوونیان هەڵپەسارد و بە کەمتەرخەمی بە لایاندا تێپەڕین. بۆ وێنە «شاسوار»ێک کە میرلیوای قەڵای بایەزیدی سەر بە ئێرەوان بوو، هەزار خێزانێکی خێڵی سلێمانی و خێڵاتی دیکەی لە دەوری خۆی هاڵاندن و سەریان لە حاند دانی پیتاکی سوڵتان بادا. باڵووڵبەگ بەپێی فەرمانی سوڵتان، بە مەبەستی وەرگرتنی خەرج و باجی دەسەڵات و بەیتولماڵ و گێڕانـەوەی دەوارنشینـان و مەڕ و ماڵاتی بۆ مەیافارقین ڕووی کردە وێندەرێ. کاتێک سۆراغی پەیدا بوو لەگەڵ شاسواربەگ تووشی شەڕ هات و باڵووڵبەگ لەو کێشمەکێشەدا شانازیی شەهید بوونی پێ برا. پێنج کوڕی لە پاش بەجێما: میرخان، عومەربەگ، مەحموودبەگ، محەممەد و عوسمان.

### میرخانبەگ کوڕی باڵووڵبەگ

لە پاش کوژرانی باوکی، میرخانبەگ جێی گرتەوە. خێڵ و خزمانی بەر فەرمانی دوای چەند ساڵێک وایان دایە لانی لاساری و سەروەشێنی و کاری دزێو، کە تەواوی خەڵکیان لێرولەوێ وەتەنگ هێنا و دە ماڵی کوولیان کردن و لە تاوان سکاڵایان بردە بەر دەرانەی پادشای دادەوان و فەرمانی کوژرانی میرخان و تیرەی بەسیان و بووجیان و تەواوی چەپەڵکارانیان وەرگرت و هێنایان بۆ محەممەدپاشای

مەزنی سەرکردەکانی ئامەد. محەممەدپاشا، میرخانبەگی ڕاکێشایە دیوانی ئامەد و بەپێی فەرمانی سوڵتانی [عوسمانی] کوشتی.

## عومەربەگ کوڕی باڵووڵبەگ

دوای کوژرانی میرخانی برای، میرایەتیی مەیافارقینی باربوو کرا، بەڵام سەروبەری کارانی بۆ وێکنەهاتەوە و نەیتوانی باج و پیتاکی دیاریکراوی سـاڵانـەی شاهی کۆ بکاتەوە کە دەبوو بە چوار خاڵوار سکەی عوسمانی و دەبوو بیدا بە خەزنەخانەی دیاربەکر. لەسەر پێشنیاری مەزنی سەرکردەکان و دەفتەرداری ئامەد، مەزنایەتیی هۆز و تیرە و خێڵاتی کورد و مەیافارقین لە دیوانی پادشای جەمپایەی دەوڵەتپەناوە، واتە سوڵتان محەممەدخان، درایە دەست برایمبەگی ئاقساق کوڕی جانگیربەگ.

عومەربەگ سەرەتا پەنای بردە بەر پەساری میری بدلیس و لە ناوچەی مووش بنەی داکوتا. ئەوەندەی توانی خۆی هێناوبرد هەتا پیتاکی دیاریکراوی حکـوومەت کۆ بکاتەوە، بەڵام شتێکی وای بەدەستەوە نەهات. کە ئاوای دی، هـات و کۆمەڵێک لات و شەلات و شڕەخۆری لە خۆی هاڵاند و لە ناوچەکانی خەنس (خەنووس)، مووش و مەلازگرد پڕکێشیی کردە سەر ماڵی خەڵک و سەرەنجـام دایـە لانـی چەتەیی و ڕێگری. چەند جارێک لە مابەینی حەزۆ و باتمان‌دا کاروانچی و هاموشۆکەرانی داڕووتاند و خەڵکی ڕووت کرد و چەند مسوڵمانێکیشی کوشت. عەلیبەگی میرلیوای خەنس و محەممەدبەگی حـوکمـڕانی حەزۆ هەڵیانکوتایە سەری و چەند پیاو و هاوڕێ و برازایەکیان کوشت و هەرچی بوویان دەستیان ڕێخست و بردیان. عومەربەگ هەموو جارێک بە هەزار ئەڵڵاووەڵڵا و گیرەگیر

خۆی دەرباز کردووە؛ ئەگەرچی ناوی میرایەتیی لەسەرە، بەڵام دەکەوێتە ڕیزی دز و ڕێگـران و نـاتـوانێ لە جێیەک تۆتەکە بگرێ.

## دەستەی دووهەم

### بریتییە لە دوازدە بەش

## بەشی یەکەم

### باسی میرانی سۆهران (سۆران)

دەبا ئەو خوێنەرانەی کە سرشتیان پرشنگدارە چەشنی هـەتـاو، بـەم ڕاستـەقینـەیـە بزانن و لێیان پەردەپۆش نەبێ، کە میرانی سۆران بە ڕەسەن دەچنەوە سەر یەکێک لە مەزنەوەجاخانی عەرەبی بەغدایی بەناوی «کەلۆس». ڕووداوی تاڵ و ناخۆشی زەمانە کەلۆس هەڵدەدێرن و هەتا گوندی «هەودیان»ی [1] ناوچەی «ئاوان»ی سەر بە ناوچەی سۆران گیری ناکەن. سەرەتا لەوێ بۆتە شوانی خەڵک و چونکە ددانی پێشـەوەی نەبوون و لەوێ هەر کـەس کـەل بـێ پێـی دەڵێـن کەلۆس، ئەم ناوەی بە سەردا براوە. [2] کەلۆس سێ کوڕی بووە: عیسا و

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١-هەودیـان، ڕەنـگە حەوتدیـان یـان حەوتدێیـان بـێ. بە شـانی ڕۆژاوادا، دە کیلـۆمیتری لەگەڵ ڕەواندز نێوانە. و.

٢-دیارە شەرەفخان زانیارییەکی ئەوتۆی نەبووە سـەبارەت بە میرنشینی سـۆران و ناچـار گـوێی بـۆ گێـڕانەوەی دەمـاودەمی کـۆمەڵانی خەڵـک شـل کـردووە و ئەوەی بیسـتوویەتی بێهەڵسـەنگاندن و سـەرند کردن و لە بێژنـگ دان تۆمـاری کـردووە. لە ڕاسـتیدا میرنشـینی سـۆران لەمە گەورەتـرە کـابرایەکی شـوانەوێڵەی بەغـدایی دایبمەزرێنـێ و ئەوەی تـا ئێسـتا زانراوە، میرنشـینەکە لە سـەردەمی مەغـۆلەوە هەبووە و شـەقڵاوە و دەشـتی هەریـر و گەڵـی عەلـیبەگ و «هاودیـان»یـان بەدەسـتەوە بـووە. سـاڵی ٧٠٠ی ک/١٣٠٠ی ز، کـوردانی←

برایم و شێخ وەیس.[١٣] بەڕاستی عیسا پیاوێکی دڵاوا و خۆشڕاوێژ و چاوتێر بووە. ئەوەندەی لە بەراتی شوانی وەریگرتووە دەرخواردی دەمڕووت و هەرزەکارانی گوندی داوە. هێندەی وا کـردووە هەتا تەواوی سەربەگێچەڵ و بەدفەڕ و شەلات بوونە هۆگری دەسبڵاوبوونی و سەریان وەبەرهێناوە و لە قسەی دەرنەچوون. ڕاست لەو سەروبەندەشدا دوژمنێکی گـەورە بەرۆکی میری نـاوچەکەی گرتووە و هاتۆتە سەری و ئەویش خۆی لێ خۆش کردووە.

لاتەوپاتە و بەدگووزی دەوروبەری عیسا هـەر بۆ فشە و گاڵتەوگەپ عیسایان هێناوە و داویانەتە پێش خۆیان و ناویان ناوە میـر عیسـا و ڕوویـان کردۆتە «باڵەکان». کاتێک خەڵکی ناوچەکە لە کار و ئاکاری ئازایانەی ڕاماون و بە پیاوێکی بەقەڵافەت و دیمەن هاتۆتە بەرچاویان، بە مەزنی خۆیان داناوە. لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆری لە دەوری هاڵاوە و بە مەبەستی گرتنی قەڵای ئاوان هرووژمیان هێناوە و دەورەیان داوە. گەڕانگەڕی قەڵاکە بەردەلانێکی ڕەنگ سۆرە و سەرەتا عیسا و هاوڕێیـانی لەوێ قـوت بـوونەوە و شـەڕیان هەڵگیرساندووە. قەڵانشینان سەریان لە ئازایەتیی ئەو پۆلە شەڕکەرە سوڕ ماوە و سامیان ڕێنیشتووە و ناویان ناون سەنگەسۆری. وەکوو دیارە کورد بە «سورخ» دەڵێن سوهر (سۆر)، هەر بۆیە بەشێکی سەنگەسۆری قرتاوە و شتێکی پێوە زیاد کراوە و بۆتە سوهران (سۆران) و ئەم ناوە ئاوا پەیدا بووە و پێیەوە ناسراون.

هەر چۆنێک بێ، عیسا و یارانی پاش شەڕ و تێکهەڵچوون قەڵایان گرتووە و ئـەستێرەی بـەختی عیسا وەکوو عیسای کوڕی مریەم هـەڵکشاوە و شانبەشانی

---

سـۆران کـتوپڕ هەڵیانکوتـاوەتە سـەر ئـۆردووی مەغـۆل، کە لە پێدەشـتێکی نزیک شـەقڵاوە مۆڵی خواردووە و زیانی گیانییان پێگەیاندوون (العمری، مسالک الابصار، ٢٦١/٣-٢٦٣، النـویری، نهایة الارب، ٢٦١/٢٩.) ز.س.

خۆر و مانگ ڕاوەستاوە و کەوتۆتە سەرووی قەڵای گەردوونەوە. ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتی بەهاتی بەرز بۆتەوە و هەتاوی شان و شکۆی لە تەشقی ئاسمانان پتر هەوراز هەڵگەڕاوە. بە تەگبیروڕای بەڕێوجێ و بیری ورد و ڕووناکی دەستی بە سەر هەرێمی سۆراندا گرتووە و پاش ئەوەی ڕۆژگارێک بە کامڕەوایی ڕایبواردووە، سەری بردۆتە بەر سێبەری پەساری دلۆوانیی یەزدانی و تەواو بووە.

## شاعەلیبەگ کوڕی عیسا

شاعەلیبەگ پاش نەمانی عیسای باوکی، بۆتە جێگرەوەی و لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە. دوای ئەوەی ئەویش مەرگ بۆتە میوانی، ڕووی کردۆتە دنیای دیکە و چوار کوڕی بوونە میراتگری، عیسا، پیربوداق، میر حوسێن و میر سەیدی. هەر بە زیندیسەری خۆی هەرێمەکەی لە نێو کوڕەکانیدا دابەش کردووە، هەتا هەموو بە بەشی خۆیان ڕازی بن و شاڵاو بۆ یەکتر نەبن. بۆ نموونە «حەریر»ی ناوەندی دەسەڵاتی خۆی بەخشیوە بە میر عیسای کوڕە گەورەی. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر دەسەڵاتی میر عیسادا، لەگەڵ پیربوداقی میری بابان تووشی شەڕ هاتووە و کوژراوە.

## پیربوداق کوڕی شاعەلیبەگ

دوای نەمانی شاعەلیبەگ، پیربوداقی کوڕی بۆتە جێنشینی و توانیویەتی ناوچەی «سۆماقلق»یش [1] لە چنگ تیرەی «نیلخاس»ی سەر بە قزڵباشان دەربێنێ. پاش ئەوەی چەند ساڵێکی بە سەر حکوومەتیدا تێپەڕیوە، مردووە و میر سەیفەددین و میر حوسێنی لە پاش بەجێماون.

---

١- سۆما، سۆمای (؟). و.

**میر سەیفەددین کوڕی پیربوداق**

میر سەیفەددین دوای ئەوەی کە جێی باوکی گرتۆتەوە، ماوەی دەسەڵاتی هێندەی نەخایاندووە و مردووە و میر حوسێنی برای جێگای پڕ کردۆتەوە.

**میر حوسێن کوڕی پیربوداق**

میر حوسێنیش هێشتا جێی خۆی تەواو خۆش نەکردبوو کە مرد و کەوتە شوێن بانگەوازی یەزدانی و حەوت کوڕی لە پاش بەجێما. کوڕی گەورەی بوو بە جێگرەوەی باوکی و بە دابی جاران ناوچەی «سۆماقلق»ی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

**میر سەیدی کوڕی شاعەلیبەگ**

میر سەیدی کە کوڕە چکۆلەی شاعەلیبەگ بوو، لە نێو میرانی کوردستاندا بە ئازا و دلاوا بەناوبانگ بوو. پاش نەمانی باوکی بوو بە نیشتەجێی شەقاباد [1] بە ئامانجی ئەستاندنەوەی تۆڵەی خوێنی میر عیسای برای لەگەڵ پیربوداقی بابان کردی بە شەڕ و هەتا سەری تێدا نەبرد دەستی لە کۆڵ نەکردەوە. پاشان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی براکەشی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی و تەواوی مەزن و میرانی قزڵباشی لە هەولێر و مووسڵ و کەرکووک دەرپەڕاندن و باڵی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر کێشان. ماوەیەک حکوومەتێکی بێبەرگێڕەوە و سەربەخۆی لە هەرێمی سۆران و ناوچە و مەڵبەندەکانی دامەزراند و سەرەنجام نەیتوانی لە چنگ گورگی ژیانئەستێن دەرچێ و شێری چارەنووس گەیشتە سەری و تێکیشکاند. میر سەیفەددین و میر عیزەددین شێر و سولەیمانی کوڕانی لە پاشی بەجێمان.

١- شەقڵاوا، شەقڵاوە، شەقڵاوێ. و.

میر سەیفەددین لە هەرەتی گەنجی‌دا، لە سواری ئەسپەوە هەڵدێرا و ڕووی کردە دنیای هەرمان. عیززەددین شێر میرناوچەی هەولێر بوو. ساڵی ٩٤١ی ک/١٥٣٤ی ز، وەختایەک سوڵتان سولەیمان‌خان داروسسەلامی بەغدای گرت و زستانەهەواری هێنایە هەولێر، عیززەددین شێر بە نالەباری لەگەڵ غولامان و خزمەتکارانی دەرگانەی بەرزی سوڵتانی جووڵایەوە؛ هەر بۆیە بەپێی فەرمانی بێ لێ تلاسابوون کوژرا.[١] حوسێن‌بەگی داسنی کە یەکێک بووە لە میرزادەکانی یەزیدی، کراوەتە میرناوچەی هەولێر.

دوای کوژرانی عیززەددین شێر، هێندەی پێنەچووە کە سولەیمان‌بەگی براشی بارگە و بنەی کەیفخۆشی و ژیانی لەم کۆنە کەنشتەوە تێکەوەپێچاوە و ڕووی کردۆتە هەرێمی نەمان. قوڵی‌بەگ و میر عیسا و میر سەیفەددینی لە پاش بەجێماون. سوڵتان سولەیمان‌خان سەرلەبەری خاکی هەرێمی سۆرانی خستە سەر قەڵەمڕەوی هەولێر و بەخشی بە حوسێن‌بەگی داسنی و ئیدی حکوومەتی سۆران بەتەواوی بەدەست میراتگرانی خۆیەوە نەما و کەوتە چنگ خەڵکی بێگانە.

بنکەی ژین www.zheen.org

### میر سەیفەددین کوڕی میر حوسێن کوڕی پیربوداق

وەکوو پێشتر قەڵەمی مەیلەوپاراو بە زمانی‌دا هات میر سەیفەددین بە دابی باوک‌وباپیرانی دەستی بە سەر ناوچەی سۆماقلقدا گرت. پاش ئەوەی تێکڕای خاکی هەرێمی سۆران لە لایەن خاقانی خەزاکەرەوە بەخشرایە حوسێن‌بەگی داسنی، چەند جارێک لە نێوان میر سەیفەددین و حوسێن‌بەگدا شەڕ و تێکهەڵچوون قەوما. سەرەنجام میر سەیفەددین نەیتوانی خۆی لەبەر شاڵاوی هۆزی

١- میتراقی‌زادە لە گەشتنامەکەی‌دا، ساڵی ١٥٣٤ی ز، باسی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی کردووە (مطراقی‌زادە، نصوح أفندی السلاحی (ت بعد ٩٥٨هـ/١٥٥١م). رحلة مطراقی‌زادە، ترجمە صبحی ناظم توفیق، المجمع الثقافی، ابوظبی، ٢٠٠٣، ص١١٠). ز.س.

داسنی ڕابگرێ و سێبەردەی نایە مستی بووکی دەسەڵات و پەنای بردە بەر بەگەبەگی میری ئەردەڵان. بەگەبەگ لە ترسی تووڕە بوونی سوڵتان سولەیمان، لایەکی وای لە میر سەیفەددین نەکردەوە و یاریدەی نەدا. میر سەیفەددین هیچ هیوایەکی پێی نەما و گەڕایەوە. کاتێک گەیشتەوە سۆران، جەماوەرێکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پەلاماری بردە سەر قەڵای هەولێر و گرتی.

وەختایەک میر ئاوا چاکی بەدەستەوە هات و بەختی هێنای، زۆربەی هۆز و تیرە و خزمانی سۆران بوونە پشتیوان و هاودەنگ و هاوهەنگاوی. میر سەیفەددین وەک چۆن ڕۆژایەکی «ئەبوومۆسلیم» خۆی لە پێچانەوەی تۆماری تەمەنی مەروانییەکان هەڵکرد و ئاڵای عەبباسییەکانی هەڵدا، ئاوا بۆ لێدانی یەزیدییەکان بە لێبڕاوی هاتە مەیدان. کاتێک حوسێنبەگ بە ڕوودانی گیرانی قەڵای هەولێری زانی، لەشکری بەرەو شەڕگە دەنگدا و تێکهەڵچوونێکی قورس و خوێناوی قەوما و ئەم جارەیان حوسێنبەگ و یەزیدی بەزینیان لە چارەی نووسرا و نیزیکەی پێنسەد چەکداری داسنی کوژران. بارگە و بارخانەی زۆر و زەوەندی سپای حوسێنبەگ بەخڕی کەوتە چنگ میر سەیفەددین و هێزی بەر فەرمانی و هەموو هەرێمی بەمیراتگەڕاوی خانەدانی خۆی گرتەوە و وەک میرێکی سەربەخۆ لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە. چەند جارێک حوسێنبەگ یەزیدییە پرشوبڵاوەکانی کۆکردنەوە و خۆی دایە پەلاماری نەزۆک و بێئاکام و هەموو جارێکیش دەشکا و سەرکەوتن باڵی بە سەر سپای میر سەیفەددین دەکێشا. دوای ئەوەی حوسێنبەگ بەیەکجاری بەزی و گەڕایەوە و هەواڵی ڕاکردن و سووک بوونی لە کۆشکی سوڵتان دەنگی دایەوە، بانگیان کردە ئیستانبووڵ و فەرمانی بێبەرگێڕەوەی مەرگی نووسرا و چۆن ناخۆشە ئاوا کوژرا.

کێ هەڵکەنێ چاڵ بۆ کەسێکی دی     تێکەوتنی خۆی لێ دەکا بەدی
بە چاوی خۆم دیم لەسەر ڕێیازێ     مەلێ مێرووڵەی دایە بەر گازێ
هێشتا نچیرەی بۆ قووت نەچووبوو     مەلێکی دی هات لە گیانی بەربوو

لەسەر فەرمانی سوڵتانی خەزاکەر، سوڵتان حوسێنی حوکمڕانی ئامێدی لەگەڵ میرانی دیکەی کوردستان ڕاسپێردرا، هەتا لەشکر بەرێتە سەر میر سەیفەددین و خاکی سۆران بگرێ. ئەوەندەی خۆیان هێناوبرد هیچیان بۆ بە هیچ نەکرا و زانیان ئاسن بە فوو نەرم نابێ و بەناکامی گەڕانەوە. ئیتر لەو کاتە بەو لاوە هیچ دڕکودالێک نەیتوانی لەسەر ڕێی گوڵستانی میر سەیفەددین شین بێ و بە خۆشی و کامەڕانی ڕایبوارد؛ بەڵام وەک لە کۆنەوە گوتوویانە: «چارەنووس ئادمیزاد کوێر و کەڕ و لاڵ دەکا»، ئەویش وای لێهات و یووسفبەگی برادۆست ناسراو بە غازی قڕان هەڵیفریواند و لەگەڵ خۆی بردی بۆ بارگای سوڵتانی خەزاکەر هەتا بە لێبووردنی بێسنووری شاهانەی بەسەری بکاتەوە و خەتێک بە سەر تاوانەکانی ڕابردوویدا بێنێ و بە سۆزی خونکارانەی وڵاتی باب‌وباپیرانی بە خەڵات بداتەوە؛ بەڵام هەر گەیشتێ و نەگەیشتێ میرغەزەبان گەیشتنە سەری و سزای مەرگیان بە ئەستۆیدا بڕی.

بنکەی ژین www.zheen.org

**قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ کوڕی میر سەیدی**

لەو قۆناخەدا کە خاکی سۆران بەچنگ داسنییانەوە بوو، قوڵیبەگ چەند جارێک هێرشی کردە سەریان و هەموو جارێکیش بەرگەی نەدەگرت و دەشکا، هەر بۆیە

بەناچاری پشتی کردە نیشتمانی و پەنای بردە بەر دەرانەی شاتەهماسبی [سەفەوی].[1]

هۆزی داسنی هەر لەسەر پێوشوێنی کۆنەقینی نێوان لایەنگرانی حوسێن و یەزید، کزەیان لە هەناوی مسوڵمانان و مەزلوومانی سۆران هەستاند و بە سەریانەوە نەچوون و تیرەیان لێ توند کردن. کارێکی وایان کرد تاکوو خەڵک زۆرەملێیەکانی حەججاجی کوڕی یووسف[2] و سەعدی کوڕی زیادیان[3] لە بیر چۆوە. لەسەر ئەم چۆڵەپێچ کران و وەگیان هێنانە، بەشێک لە عێل و عەشیرەتی سۆرانی بوونە یەکدەنگ و پیاویان ناردە عەجەمستان بە شوێن قوڵیبەگدا و وەبەریان هەڵخوێند و دڵیان دایەوە و هێنایانەوە نێو خۆیان. پاش گەڕانەوەی بە مەبەستی سکاڵا و دادخوازی ڕووی کردە دەرگای بەختەلانی سوڵتان سولەیمانخان و گوتی هاتووم ملکی باب‌وباپیرانم دەوێتەوە. سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر بڕوای بە ڕووڕاست بوونی قوڵیبەگ نەهێنا و وەکوو میرناوچە ناردی بۆ «سەماوە»ی سەر بە «بەسرە». دوای کوژرانی میر سەیفەددین و حوسێنبەگی داسنی و قەومانی ئەو ڕووداوانەی کە پێشتر باسیان کرا، لەسەر تکای سوڵتان حوسێنبەگی حوکمڕانی ئامێدی، لە سەماوەی بەسرەوە هێنایانەوە و لە خاکی سۆران ناوچەی «حەریر»یان پێ بەخشی و ماوەی بیست

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١-لە ئەڤێستادا بە «توماسپا» هاتووە و لە کوردیشدا بە تۆماسب و توماسب دەخوێندرێتەوە. و.

٢-حەججاج کوڕی یووسفی سەقەفی (٤٥-٩٥ی ک/٦٦٥-٧١٣ی ز) یەکێک بوو لە سەرکردەکانی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان. بەزەبروزەنگ دژی دژبەرانی ئەمەوییەکان جووڵاوەتەوە. (بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن). و.

٣-سەعدی کوڕی زیاد (؟ - ٦٧ی ک/؟ - ٦٨٦ی ز، سەرکردەیەکی عەرەب بووە و چونکە لە کێشە و هەرای کەربەلادا دەوری گێڕاوە، بە ناخۆشەویست ناوی زڕاوە. (بڕ: فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن). و.

ساڵ لەوێ حکوومەتی کرد. سەرەنجام بە مردنی خۆی مرد و تەشریفی برد بۆ دنیای پاشین. قوڵیبەگ، بوداقبەگ و سولەیمانبەگ لە پاشی بەجێمان.

## بوداقبەگ کوڕی قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ

بوداقبەگ لە دوای نەمانی باوکی لە شەقاباد (شەقڵاوا) ئاڵای سەرۆکایەتیی هەڵدا. شەیتان و شۆفاران کەوتنە کەتنگێڕان لە نێوان براکاندا و خۆشەویستی و یەکبوونی نێوانیان وەسەر دوژمنایەتی گەڕا. کاریان لە دەمەتەقە و شەڕەقسە واوەتر ڕۆیی و گەیشتە هەڵکێشانی شیر و هەژاندنی نێزە. ئاخرییەکەی بوداقبەگ خۆی لە حاند سولەیمانبەگی برای بۆ ڕانەگیرا و ڕەوی و پەنای بردە بەر حوسێنبەگی میری ئامێدی. چەند ڕۆژێک دڵدانی بە جەرگی خۆیدا گرت هەتا بە یاریدەی میر بگەڕێتەوە سەر شوێنی جارانی، بەڵام ڕۆژگاری پەیمانشکێن و ئاسمانی هەر جارە لە ڕەنگێک دەرفەتی نەدا و لە «ئاکرێ»ی سەر بە ئامێدی سەری وەلاشیپانەی ڕەحمەتباری یەزدانی هێنا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سولەیمانبەگ کوڕی قوڵیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ

سولەیمانبەگ [١] دوای نەمانی باوک و برای بوو بە میری سەربەخۆی تەواوی هەرێمی سۆران. پیاوێکی یەکجار دادپەروەر و لایەنگری مسکێنان بوو. لە نێو میرانی کوردستاندا بە کەسێکی ڕاست و دروست و مرۆیەکی تێگەیشتووی بەڕاوتەگبیری ئاوەزمەند بەناوبانگ بوو. لەسەر تێکچوونی لەگەڵ عەشیرەتی زەرزا لەشکری لێ کردن. [بەپێی ئەم ئایەتە] کە دەڵێ: «سپای سولەیمان دەنگ

١- سولەیمانبەگ برای خانزادی سۆرانە. ع.ی.

درابوون»،[١] سێزدەهەزار سوارە و پیادەی لە کوردانی دێوەکی کۆ کردنەوە و هەڵیکوتایە سەر هەرێمی دەسەڵاتی زەرزا و تاڵانی کرد. میرلیوای زەرزا و ٣٥٠ کەس لە ئاغایان و سەرناسانی عەشیرەتەکەی کوشتن و ژن و منداڵی بە دیل بردن بۆ خاکی سۆران.[٢] شکستەی هێزی زەرزایان بە مەبەستی دادخوازی، سکاڵایان بردە بەر دەرانەی سوڵتان مرادخان. پادشای خودالێخۆشبوو لێبڕا هەتا زەبرێکی وەها لە سولەیمان بوەشێنێ، کە تەواوی سەربزێوانی پێ چاوترسێن کا. ڕاست لەو سەروبەندەدا سولەیمان‌بەگ بە سەر چەند ناوچە و مەڵبەندێکی قزڵباشانی‌دا دا و دایڕووتاندن و قزڵباشێکی زۆریشی ئەسیر کردن و کۆمەڵێکی بە باڵبەستراوی و بە خەنیمەتێکی زۆرەوە ناردن بۆ بەر دەرانەی سوڵتانی خوابەخشیو. سوڵتان کە ئاوای دی، گڕی دەروونی دامرکا و چاوی لە هەڵە و سووچ و تاوانەکانی پۆشی و وازی لێ هێنا.

یەکێک لە ئامۆزاکانی کە میرناوچەی «تەرەک» بوو، چەند کارێکی ناشیاوی کردن و تەنانەت بە ئاواتیشەوە بوو سولەیمان‌بەگ هەڵدێرێ و ببێتە میری سۆران؛ بۆیە ساڵی ٩٩٤ی ک/١٥٨٥ی ز، هەڵیکردە سەری و سەری خۆی و نیزیکەی چوارسەت کەس لە خزمان و یارانیشی پێوە تێدا برد. پاش ئەم سەرکەوتنە بوو بە میرێکی بەشان و شەوکەت و دەسەڵات و خواروژووری دوور و نیزیک لە دەرهەڵبوونی تۆقیبوون. ئەو میر و مەزنانەی دراوسێی بوون، هەمیشە گوێیان بۆ فەرمانەکانی کلۆر دەکرد. ئەگەرچی پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام تۆبەی کردبوو لەسەر دەستی شێخانی هەرێمی سۆران و خۆی بە زکر و پاڕانەوە و نوێژی هەموو دەمانەوە خەریک کردبوو. سەرەنجام مەلی بەهەشتەلانی گیانی بە

١- «وحشر لسليمان جنوده»، بەشێک لە ئایەی ١٧ی سوورەی نەمل. و.

٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٤٩٩-٥٠١. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

باڵەفڕکەی جەزم بوونی بەرەو دەرگای پەروەردگاری هەتاهەتایی لە ڕکەی قاپۆڕی لەشی هاتەدەر و بەرەو هەرێمی دنیای میناکی تێهەڵبوو.(١٤)

**عەلیبەگ کوڕی سولەیمانبەگ**

عەلیبەگ پاش نەمانی میر سولەیمانی باوکی، بەپێی فەرمانی شکۆمەندی سوڵتانی خودالێخۆشبووی بەهەشتەلان، حکوومەتی هەرێمی سۆرانی باربوو کرا. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، وەکوو میرێکی سەربەخۆ لەسەر تەختی باب‌وکاڵی پاڵی داوەتەوە.[١]

## بەشی دووهەم

## باسی میرانی بابان[٢]

ژین
www.zheen.org

با ئەو مێژوونووسە دەمپاراوانەی کە ئاوێنەی دەروونیان وەکوو خۆر شەبەق دەداتەوە لەگەڵ ئەو نەزیلەبێژە بیروردانەی کە خەیاڵیان گوڵاوپژێنە، لێیان ڕوون بێ و بزانن کە میرانی بابان لە نێو میرانی کوردستاندا بە دەوڵەمەندی و پڕ جەماوەری و زۆر و زەوەندی بەناوبانگ بوون؛ بەڵام وەکوو باسی دەکرێ،

١- درێژەی ئەم مێژووە وەکوو پەراوێزێکی تێر و تەسەل لە شەرەفنامەی هەژار زیاد کراوە و بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە لاپەڕە ٥٠٣-٥١٧. و.

٢- شارەزوور بەهۆی سروشتی ناوچەکە و سەرکێشی و چاونەترسیی خەڵکەکەیەوە، لەمێژە بۆتە ناوەندی دەسەڵاتداریێتی کوردی؛ وردتر بڵێین هەرگیز لە خۆبەڕێوەبەری خاڵی نەبووە، بەڵام ئەوەندەی بزانم باس‌وخواسی ئەم بنەماڵانە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیدا نەهاتووە، ئەوەندە هەیە بەبە (بەبان = بابان)، وەکوو هۆز یان بنەماڵە لانیکەم لە سەدەی نۆیەمی کۆچی/پازدەهەمی زایینییەوە ناسراوە و باسی کەسایەتییەکی ئایینیی بابانی کراوە، کە لە ساڵی ٨٦٨ی ک/١٤٦٤ی ز. مردووە (النجوم الزاهرة، ٣٢٩/١٦). ز.س.

کاتێک حکوومەتی ئەو خانەدانە گەیشتە دەست پیربوداقی بەبەیی و براکەی، چونکە وەجاخکوێر بوون، دەسەڵات کەوتە دەستی نۆکەرەکانیان و تازە کەسی وایان نەما شیاوی سەرۆکایەتی و ڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەتی [بابان] بێ.

**پیربوداق کوڕی میر ئەبداڵ**

بۆ دڵاوایی حاتەمی تایی و ڕۆستەمێک بوو بۆ ئازایی. بە گۆچانی چوستی و چالاکی و دلێری هەمیشە گۆی لە بەر هاوشانەکانی هەڵدەگرت ودەیرفاند. هەتا شوێنێک هەوراز ڕۆیی کە ئاواتی بەرزەفڕانەی هانی دا و لەشکری هێنا و ناوچەی «لارجان»ی[1] لە چنگ «زەرزا»یان دەرهێنا. «سیوی» و «مەشیاکورد»ی لە سۆران دابڕی و «سڵدووز»ی[2] لە قزڵباشان ئەستاند. «قەڵای ماران»ی کەڵتە کردەوە و بە دڵی خۆی میرلیوای دانا. هۆزی موکری و عێل و عەشیرەتی بانەی نیوە بە خۆشی و نیوە بە ناخۆشی ڕاکێشانە ژێر ڕکێفی خۆی. ناوچەی «شەهربازار»ی[3] لە میری ئەردەڵان ئەستاند و خستییە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی. چەند میرناوچەیەکی لێرولەوێ دانان و تەپڵ و ئاڵای وێدان. ناوچەی کەرکووکی سەر بە بەغدای داگیر کرد و پیاوێکی پایەبەرزی خۆی لێ دانا. لە شێوەی دەسەڵاتداریدا چەند ڕێوشوێنێکی داهێنا کە هیچکام لە میرانی کوردستان وایان بۆ هەڵنەسووڕابوو. بۆ وێنە دەهات کچی میران و ئاغاوەتانی دەکردنە دەسگیرانی خۆی و پێداویستیی ژنهێنانی باوی سەردەمی دابین دەکرد و شایی و

١- نووسراوە لارجان و ئێستا دروستەکەی «لاجان»ە. لاجان بە «لاهیجان»یش ناوی هاتووە لە مێژوودا. و.

٢- نووسراوە سڵدووز، بەڵام لە زمانی کوردیدا سندووس باوترە. و.

٣- شارباژێر. و.

گۆوەندی شیاوی مەزن و میرانەی دەگێڕا و لە جەنگەی مارەبڕین و چوونە پەردوودا، بێئەوەی کەس بزانێ، بووکەی لە ئاغایەکی بەر فەرمانی خۆی مارە دەکرد و بە ماڵ و گیازەوە دەیدایە.

ڕۆستەمی برای پیربوداق خەیاڵی وا بوو لەناکاو بیکووژێ، یەکێک لە نیزیکانی میر، بەدزی تێیگەیاند. لە جەنگەی پەلاماردانی زەرزایاندا، ڕۆستەم و چەند کەس لەوانەی ببوونە هاودەست و هاوپەیمانی، گرتنی و کوشتنی.

دواتر بە ئامانجی گرتنی هەرێمی سۆران لەشکری بردە سەر میر سەیدیی کوڕی شاعەلی؛ میر خۆی لەبەر نەگرت و نێوەندی دەسەڵاتی چۆل کرد و بەرەو چیا و لێڕەوار هەڵکشا و چاوەڕوانی هەل مایەوە. پیربوداق پاش ئەم سەرکەوتنە، فیز و هەوایەک لە کەللەی دا و وێڕای چەند کەس لە هاودەمان و پیاوانی، بە تەمای سەیران و ڕاو، ڕۆیی بۆ لای حەزۆبیان (عازەبان). خوداوڕاستان میر سەیدی لەوێ بوو؛ بۆیە وەکوو بەڵای لەناکاو لە حەشارگە دەرپەڕی و هەڵیکردە سەر پیربوداق و هاوڕێیانی و قەڵتوبڕی کردن و جووقەواری لێ بڕین و نەیهێشت کەسیان لەو گێژاوی مەرگە دەرباز بێ.

گریمان کە هات بەختی تۆ هەڵات     تەختی پادشای پێ کردی خەڵات
بۆ جیهانگیری بوویە فەرەیدوون[1]     بوویە خاوەنی سەد گەنجی قاڕوون[2]

١- پادشایەکە بەپێی دەقی شانامەی فیردەوسی لە تۆرەمەی جەمشیدشایە و بە یاریدەی کاوەی ئاسنگەر، زوحاکی گرتووە و لە کێوی دەماوەند زیندانیی کردووە. (بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب١١، ل١٧١٤٠.) و.

٢- ئامۆزایەکی دەوڵەمەند و جوانچاکی مووسا بوو. کەس هێندی وی تەوراتی لە بەر نەبوو. گەلێک بەفیز و دەمار و چاوچنۆک و بەرچاوتەنگ بوو. پێی خۆش بوو هەرگیز کاروباری بنیئیسرائیلییان سەر بگرێ و لە ئاژاوە دەگەڕا ... . لێرەدا مەبەست لە هێنانی←

بە چەشنی هەتاو درەوشایەوە دەستەلاتی تۆ دەنگی دایەوە
بەکورتی بلێم بوویە سولەیمان تاجی سەرسەرت سەر لە ئاسمان
هەمووی ئەمانە کە پێی دەنازی دەبێتە تۆزی بازی ڕمبازی

شایەران و بەیتبێژانی کورد سەبارەت بە دلاوایی و جووتغیرەتیی پیربوداق گەلێک بەند و بەیتیان هەڵبەستوون و کەوتوونە پەسنداني و هەوایان داناون و لە کۆڕی میر و مەزناندا گوتوویانن و بە دابی خۆیان شینیان بۆ گێڕاوە. چونکە کوڕی لە پاش بەجێنەماوە، حکوومەتەکەی بە برازایەکی کە بوداقی کوڕی ڕۆستەم بوو، بڕاوە. پاش ئەوەی دوو ساڵێک بە لەنگ‌ولۆری بۆتە پێشەنگی دەسەلات، چونکە ئاغا و نۆکەر هیچی بە قسەیان نەکردووە، لە داخان وەزگی داوە و دڵی تۆقیوە. تۆرەمەی بابان تۆوبڕ بوون و نۆکەر بوونە جێگرەوەیان. یەکەم کەس کە پاش ویشکاوی خانەدانی بابان لەسەر تەختی دەسەلات پاڵی داوەتەوە، پیرنەزەری کوڕی بەیرامە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### پیرنەزەر کوڕی بەیرام

پیرنەزەر هەتا بڵێی پیاوێکی دەهندە و چاوتێر و بەجەرگ و مێر بووە. وا بە ڕووخۆشی و خۆش‌مەشرەفی لەگەڵ ئاپۆرە و بژاردە و چەکدارانی جووڵاوەتەوە، کە هەموویان بوونە شوکرانەبژێری و هێند بە دادەوانی هەنگاوی ناوە کە سەروخواری جەماوەر لەوپەڕی ئارامیدا سەنیری خاترجەمییان وەژێر سەریان داوە. بە هێزی شان و باهۆی توانیویەتی ناوچەی «کفری» بگرێ و لە

ناوی قارووون، کۆکردنەوەی سامان و دەوڵەمەندی و تێداچوونە. (بڕ: وشەدانی دێهخودا، ب١١، ل١٧٣٠٨.) و.

داروسسەلامی بەغدای دابڕێ و بیخاتە سەر جەغزی دەسەڵاتی بابان. پاش وی هــەرێمی بابان کـراوەتە دوو بەش.

**سولەیمان**

پاش نەمانی پیرنەزەر، میر برایم و سولەیمان کە هەردووکیان پەروەردەی دەستی پیربوداق بوون و زەمانی خۆی کردبوونی بە میرناوچە، هاتن و پێکهاتن و بە دەسپێشخەریی میر برایم خاکی بابانیان لە نێو خۆیاندا بەش کرد. ماوەیەکی زۆر بە ڕووڕاستی و نێوانخۆشی پێکـەوە هەستـان و دانیشتن و سەرەنجام شەیتان و شۆفاران نێوانیان تێکدان و دوژمنایەتی و کەڵەوەکێشی جێی خۆشەویستی و دۆستایەتیی گرتەوە، بەڵام سەرەنجام سولەیمان دەستی بە خوێنی برایم سوور بوو. ئەوسا بەشەکەی ئەویشی خستە سەر بەشەکەی خۆی. دوای تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بـە سەر دەسەڵاتیدا، لە پێچی ماڵاوایی دەستی لەم دنیا نەمێنە هەڵتەکاند و ڕۆیی بۆ دنیای هەتاهەتایی. چوار کوڕی لە پاش بەجێما، کە بریتی بوون لە: حوسێن، ڕۆستەم، محەممەد و سولەیمان.

**برایم**

پاش نەمانی پیرنەزەر، ماوەی نۆ ساڵ بە سەر نیوەی خاکی بابان ڕاگەیشت و کاتێک بەدەست سولەیمان کوژرا، حاجی شێخ و میرە و میر سولەیمانی لە پاش بەجێما.[١]

---

١- حاجی شێخ و میرە لەوانەیە ئەم دوو کەسایەتییە بن کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبێ بە بەیتی «کاکەمیر و کاکەشێخ»ەوە کە بەیتێکی کۆنی ناوچەی مەرگە و پشدەرە و ئۆسکار مان بڵاوی کردۆتەوە. بڕوانە: ئۆسکار مان، توحفەی موزەففەرییە، لە چاپ کراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل٦٨٥-٦٨٩. ←

**حاجی شێخ کوڕی برایم**

**حاجی شێخ دوای کوژرانی باوکی ڕووی وەرگێڕا لە زێد و نیشتمان و دۆستانی و ڕووی کردە عەجەمستان و ڕۆیی بۆ خزمەت شاتەهماسبی [سەفەوی]. چاوی لەوە بوو تاکوو پادشا یاریدەی بدا، بەڵام خۆی تێنەگەیاند و ئەویش بە ناهومێدی و سەرشکستەیی گەڕایەوە شوێنی خۆی. لە ناوچەی نەڵێن و دبالە [1]، دەستی لە پیاوانی دەمڕاستی میر عیززەددینی برای میر سولەیمان بزاوت و هەمووی کوشتن و ئەو ناوچانەی لە چنگ دەرهێنان. پاش نەمانی میر سولەیمان تەواوی خاکی بابانی خستە ژێر چۆکی خۆی و بوو بە میری بێبەرهەڵست و سەربەخۆ. جارجارە دژی شاتەهماسب دەجووڵایەوە و کاری نالەباری دەکردن؛ هەر بۆیە شا سێ جاری لەشکر ناردە سەری و هەموو جارێکیش دەروەستی نەدەهاتن و قزڵباش دەشکان. لەو شەڕانەشدا جگە لە کۆمەڵێک مەلای زانا و فەقێ نەبێ کە بۆ خەزا دەستیان دایە تیروکەوان و چوونە مەیدان، هیچ مەزن و میرێکی کوردستان یاریدەی نەدا.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

کێشەی عوسمانی و سەفەوی جگە لە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری، هۆکاری ئایینی و مەزهەبیشی لە پاڵ بووە، بۆیە دەبینین کە پیاوانی ئایینیی کورد کە زۆربەی زۆریان سوننی بوون، پشتی عوسمانییان دەگرت و لە شەڕ و ململانییەکاندا بەشدار دەبوون، جا چ بۆ جیهاد و چ وەک ئامادە بوون لە شەڕگەدا، یان بە نووسینی نامیلکە و فتوا دان بەشدار بوونی خۆیان نیشان دەدا. بڕوانە: رسائل في الرد على الرافضە، جمع و تحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٧). ز.س.

١- هەردک ناو بە شێواوی تۆمار کراون، لە چەندین دەقی دیکەم ڕوانی بۆم ساغ نەبوونەوە. یەکەمیان وەک «پیلتن، بنلین، بیلتن و نیلین» دەچێ. ناوی دووهەم «دیالە» دێنێتەوە یاد، گەرچی شتێکی یەکجار نەگونجاوە. نەڵێن هەیە و وێدەچێ ئەوی دیکەش «دیانە» بێ. و.

ساڵی ٩٤١ی ک/١٥٣٤ی ز، کە سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر داروسسەلامی بەغدای گرت، زستانێ لەوێ بنەی داکوتا. حاجی شێخ بە مەبەستی ڕامووسانی لاشیپانی سوڵتانی پێی نایە ڕکێف و بەرەو بەغدا شۆڕ بۆوە. کاتێک گەیشتە ناوچەی مەرگە، خەڵکی ناوچەکە وەخۆ کەوتن هەتا بیکووژن وچوون و لێی خەفتان. لە جەنگەی بەجێ هێنانی نوێژدا، کوردانی دێوسرشت وەکوو ڕەشەبا بە شیر و خەنجەری جەوهەردار هەڵیانکردە سەری و گڕی ئاگری ژیانیان کووژاندوە و خۆڵەمێشی نەمانیان بە سەردا کرد[1]. میرەی براشی لەو هەرایەدا سەری تێدا چوو.[2] دوای ماوەیەک میر سولەیمانی براشی دەستی لە داوێنی دنیای نەمێن بەردا. حاجی شێخ، بوداق و سارمی لە دوای بەجێمان.

## بوداق کوڕی حاجی شێخ

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاش ئەوەی باوکی بەدەست بحڵەمەرگەیی‌یان کوژرا و دەنگوباسی لە بەغدا بە گوێی خاوەن‌شکۆ ئاشنا کرا، بە سیلەچاوی شاهانە لێی ڕوانی و هەرێمی بابانی باربوو کرد. میر بوداق ماوەی شازدە ساڵان حکوومەتی کرد و چۆن چاکە ئاوای خۆ لەگەڵ گونجاند و باڵی پاراستنی بە سەر کێشان. سەرەنجام بە فیتی چەند

---

١-بێگومان شەرەفخان چونکە لە ئێران لە دایک بووە و قۆناغی منداڵێتی هەر لەوێ بووە و خوێندنیشی هەر لەوێ تەواو کردووە و لە نێو کەش و هەوای ئەدەبیاتی فارسیدا هەڵیداوە، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و هەمان ئەو ئاخافتنانە دووبارە دەکاتەوە کە نووسەران و شاعیرانی فارس هەردەم بە کوردیان دەگوت و کوردیان پێ تاوانبار دەکرد. وەک ئەو کوردانەی کە لە وەچەی دێوانن یان ئەو کوردانەی نە لە ژیاندا و نە لە خەوندا شارستانییەت و ئاوەدانییان نەبینیوە؛ یان ئەو چیرۆکەی کە گۆیا کوردێک کەرەکەی لە نێو کەعبەی پیرۆز لێ ون بووە و هاواری کردووە! ز.س.

٢-بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە ٥٢٣ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار. مامۆستا هێمن لای وایە وایە بەیتی کاکەمیر و کاکەشێخ لەسەر بنەمای ئەو کارەساتە داڕێژراوە (؟). و.

گەورەپیاوێک، کە دواتر بەوردی دەچینە سەری، حوسێن‌بەگی کوڕی میر سولەیمان گەڕی تێهاڵاند و داوای مەزنایەتیی هەرێمی بابانی کرد. لە دیوانی سوڵتانی سولەیمان‌پایەوە فەرمانی حکوومەتی بابانی بۆ نووسرا و بە یاریدەی سوڵتان حوسێنی میری ئامێدی بەرەو خاکی بەمیرات پێگەیشتووی گەڕایەوە. بوداق‌بەگ خۆی لە بەر نەگرتن و ڕایکرد و پەنای بردە بە پەساری دەرانەی شاتەهماسب. دوای شەش مانگ هاتن و چوون لە خاکی عەجەمان، ڕۆستەم‌پاشای مەزنەوەزیر لێی ڕاسپارد و بە هەویای دانەوەی دەسەڵاتی هەرێمی بابان بردی بۆ ئیستانبووڵ. سوڵتانی [عوسمانی] بەسەری کردەوە و حکوومەتی بابانی خەڵات کرد و دەستی بە سەری‌دا هێنا و دڵی دایەوە و لە نێو هاوشانەکانی‌دا هەڵیکێشا و کەوڵی شانازیی هاویشتە سەر شانی.

بوداق‌بەگ بە فەرمانی سوڵتانەوە بەرەو نیشتمانی گەڕایەوە و کاتێک گەیشتە «ڕابیەبولاق»، حوسێن‌بەگ بە هەشت‌هەزار سوارە و پیادەوە بەرەگەی لێ تەنی و هێزی بۆ شەڕ هان دا. هێشتا ئاگری شەڕەکە وا هەڵنەگیرسابوو هەشنۆدەیەک سەریان تێداچووبێ، کە حوسێن‌بەگ بوو بە ڕێبواری ڕێی ڕاکردن و خۆی هاویشتە بەر دەرانەی سوڵتان سولەیمان. لەوێ سپاسالارانی گەورە هەلیان بۆ ڕەخساند هەتا شانازیی ڕامووسانی ژێردەرانەی پێ ببڕێ. سوڵتان فەرمانی بێ‌بەرگێڕەوەی نووسی کە دەبێ بە هاوبەشی حکوومەتی بابان بگێڕن و پێویستە بوداق بیکاتە شەریکەدەسەڵاتی و نابێ هیچیان لە فەرمانی سوڵتان دەرچن. حوسێن‌بەگ بەهەشتاو بەرەو خاکی هەرێمی بابان هات، بەڵام لەڕێوە شەڕیان لە نێوانی‌دا هەڵگیرسا و حوسێن‌بەگ و ڕۆستەم‌بەگی براشی لەو هەرایەدا کوژران.

کاتێک ئەو باس‌وخواسە گەیشتە بارگای سوڵتان سولەیمان، کڵی ئاگری توورە بوونی کڵپەی کرد و پڕیشکاندی و فەرمانی‌دا بە میرانی کوردی دەوروبەری هەرێمی بابان هەتا هەڵکەنە سەر بوداق و خاکی بە توورەکان بکێشن. بوداق

دەروەستی ئەو هێزانە نەهات و هەڵات و پەنای بردە بەر سوڵتان حوسێنبەگی میری ئامێدی. ئەویش چۆنیەتیی ڕووداوەکەی بە پێچکی هێندەی ئاسمان بەرزی تەختی سوڵتان سـولـەیمان ڕاگەیاند و تکای بۆ کرد هەتا لە تاوانەکانی ببوورێ و هەرێمـی بەمیراتپێگەیشتووی باربوو بکاتەوە. سوڵتانی هەڵەپۆش تکای گرت و چاوی لە هەڵەڕەوتی و تاوانەکانی پۆشی و لەبری هەرێمی بابان لە «عەینتاب» کردی بە میرناوچە. بەشەکەی بوداقبەگی دا بە کابرایەک بەناوی بوولیبەگ و ئەویشی لەوێ بە میرناوچە دانا.

کاتێک شازادە پایەبەرزەکان، واتە سوڵتان سەلیم و سوڵتان بایەزید لە قوونییە بوو بە شەڕیان و تێکهەڵچوون، بوداقبەگ لانی سوڵتان بایەزیدی گرت و ڕۆیی بۆ «کووتاهییە». فەرمانی بێبەرگێڕەوەی سوڵتان سولەیمان دەرچوو کە سوڵتان بایەزید، بوداقبەگی بابان بکووژێ، چونکە خۆی ناجسنی ڕاهێناوە و دەبێ سەری براویم بۆ بنێرێتە بن ڕەسمەی دەرانەی بەرزی خونکاری، جا ئەو دەمی لێی خۆش دەبم. سوڵتان بایەزید لەڕێوە سەری وەبەر فەرمانی باوکی هێنا و لە کووتاهییە بوداقبەگی کوشت و سەری براوی نارده بارگای سولەیمانخان کە لە پاڵەوپشتی سولەیمانی پاڵی دابۆوە. بوداقبەگ چوار کوڕی لە پاش بەجێما، کە بریتی بوون لە: حاجی شێخ، حوسێنبەگ، محەممەدبەگ و میر سەیفەددین. حاجی شێخ لەگەڵ سوڵتان بایەزید ڕۆیی بۆ عەجەمستان و کاتێک شازادە گیرا، بە فەرمانی شاتەهماسب وێڕای ئاغا و سەرکردەکانی دیکەی کوژرا. میر سەیفەددین بە مردنی خۆی مرد و محەممەدبەگ ناوچەی «کوستانە»ی پێ بەخشراوە و ئێستاش لەوێیە.

### میر حوسێن کوڕی سولەیمان

میر حوسێن لە دوای نەمانی باوکی، کاتێک حاجی شێخی کوڕی برایم خاکی بابانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی، چونکە نەیتوانی بەرەنگاری ڕاوەستێ، هەڵات و

هانای برد بۆ شاتەهماسب تاکوو بگاتە فریای و یاریدەی بدا. شا لەڕێوە چراغسوڵتانی ئوستاجلووی والیی دینەوەری ڕەگەڵ خست و ناردییەوە ئەو هەرێمە، بەڵام چی بۆ بە چ نەکرا. جاری دووهەم گۆکجەسوڵتانی قاجاری والیی هەمەدانی ڕاسپارد و ئەویش هێندەی سەر پێوە نەیەشاند و چوون و هاتنەوەی هیچـی لـێ شیـن نەبوو. بۆ سەری سێ جارە عەولاخانی ئوستاجلووی کردە سەرکردەی گەورەی پەلامارەکە هەتا بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە بڕوا و هەرێمی بابان بگرێ.

میر حوسێن کە پێشەنگ و جڵەوکێشی لەشکری قزڵباش بوو، بردنی بۆ چیای «گولاڵە» و تووشـی لێرەوارێکـی ئـەوەنـدە چـڕ و پـڕی کـردن کـە مـار خـۆی لێ دەبوارد. لەوێ بە سەر بۆسەی حاجی شێخدا کەوتن و باوکی منی هەژاریش بەشداری ئەو بگرەوبەردەیە بوو. نیزیکەی سی کەس لە پیاوانی باوەڕپێکراوی کوژران و دووسێ هەزار چەکداری قزڵباشیش سەریان تێداچوو. ئەو مەزن و گەورەپیاوانەی کە لە مەرگ خەڵەستبوون، بە ڕووتوقووتی و پای پیادەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. شاتەهماسب لەو بێمشوورییەی میر حوسێن وەدەنگ هات و لەگەڵ محەممەد و ڕۆستەمی برای، لە زیندانی قەڵایەکی پەستاوتن. پاش ماوەیەک ئازادی کردن و ئەوانیش بێسێودوو لە عەجەمستانەوە ڕایانکرد و خۆیان گەیاندە دەرانەی بەختەلانی سوڵتان سولەیمانخان. دەریای چاکەی بێ لێواری شاهانە بە ڕوویاندا کرایەوە و هەر کەس بەپێی خۆی لە هەرێمی ڕۆمئیلی مووچەیەکی بۆ بڕایەوە و لەوێ دامەزرا. دوای شەش ساڵ مانەوەیان لە ڕۆمئیلی، بە تکای سوڵتان حوسێنبەگی حوکمڕانی ئامێدی، لەوێوە هێنایاننەوە و هەرێمی بابانیان پێ سپاردن. پاش تێپەڕبوونی ئەو ڕووداوانەی کە پێشتر بە خەستی باسیان کرا، میر حوسێن بەدەست بوداقبەگی کوڕی حاجی شێخ کوژرا. خدربەگی لە پاش بەجێما و ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی مەرگەی سەر بە هەرێمی بابان بوو بە دەسەڵاتدار.

دواتر لە سەردەمی سوڵتان مرادخانی خودالێخۆشبوودا کە میرەبەگی موکری ڕووی لە قزڵباشان وەرگێڕا و سەری وەبەر دەرانەی بەرزی عوسمانی هێنا، ناوچەی مەرگەشی لە خدربەگ ئەستاندەوە و دایە دەست یەکێک لە کوڕەکانی میرەبەگ و بە میرناوچەی دانا. لەسەر ئەم ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات، خدربەگ و میرەبەگ ماوەیەک هەر شیر و تیریان لێک دەسوو. لەو گەرمەی ناخۆشییەدا خدربەگ کەوتە بەر بەزەی خودا و تەمەنی بڕایەوە و هەودای کێشە و هەرا پسا.

ئێستا هۆزی بابان بێ میر و مەزنە، بەڵام نزیکەی چوارهەزار چەکداری کۆک و پۆشتە و پەرداخ و تەیاری هەیە و سەر بۆ هیچکەس ناچەمێنن. وەک دەڵێن عەشیرەتی ڕۆژەکی و هەکاری لە بابان کەوتوونەوە. حەشیمەتی بابانی زۆر بەدین و بڕوادارن و لە ڕێ و ڕچەی ئیسلام تلاسا نابن و گەلێکیان پیاوی خودایی و خوێندەوار لێ هەڵکەوتووە. هەر ئاغایەک لە ئاغایانی تیرە و تایفەکان، بۆتە مەزنی ناوچە و مەڵبەندێک و هەر ساڵەی بڕی چوار خاڵوار دراویان وەکوو پیتاک هاویشتۆتە سەر شانی خۆیان و دەیدەن بە خەزێنەی شارەزوور. هەرێمی بابان خراوەتە سەر مڵک و ماشی تایبەتیی سوڵتان. کوێخا و سەرکار و بەرپرسانی حکوومەت خۆیان لەگەڵ خەڵکەکەی گونجاندووە و چاکیان لەگەڵ دەجووڵێنەوە. هەموو ساڵێک بڕێک پووڵ و بەرهەم و حاسڵاتیان پێ دەگا، دەنا بە زۆرەملی تاقە فلووسێکی سوور نادەن بە مەزنی سەرکردان و پەڕاوداران و کاربەدەستانی دیکە. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، بارودۆخی هەرێمی بابان ئاوایە کە باسی کرا.[١]

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٥٢٨-٥٢٩. و.

## بەشی سێهەم
## باسی میرانی موکری

ئەو بلیمەت و زانا سەرڕاستانەی کە تامی زاریان سەیروسەمەرەی پیتۆڵانەی لێ دەبارێ و کاکڵی مانای فرەچەشن لە سەری قامکیان هەڵدەوەرێ، وایان لە بۆچوونی دەردەکەوێ کە میرانی موکری بە ڕەسەن دەچنەوە سەر عێلی موکرییەی دانیشتووی ناوچەی شارەزوور. بەرەیەک لە باوەڕپێکراوانیش لایان وایە لە پشتی میرانی بابان کەوتوونەوە. وەکوو باوە خەڵک دەڵێن کەسێکی یەکجار فێڵەزان و مەکربازیان لێ پەیدا بووە بەناوی سەیفەددین و وشەی مەکری هێندە جووراوەتەوە بۆتە موکری و وێشدەچێ لە «مەکرۆ»وە داکەوتبێ. خودا هەر بۆخۆی دەزانێ چۆنە!(١٥)

هەر چۆنێک بووبێ، ئەوەندە دیارە کە سەیفەددین کـەسێکی بیرتیژ و پشوودرێژ و بۆچوون پتەو بووە و وەک دەڵێن فێڵوفرتی دەنگی داوەتەوە. لە کلکەی ڕۆژگاری ویشکهەڵگەڕانی داری دەسەڵاتی پادشاکانی تورکمانی [ئاققویذلوو]دا، سەیفەددین سەرەتا جەماوەرێکی زۆری هۆزی بابان و خێڵاتی دیکەی کوردستانی لە خۆی هاڵاند و ناوچەی «دریاس»ی[1] لە چنگ عێلی چابوقلوو دەرهێنـا و پاشان بەرەبەرە ناوچەی «دۆڵباریک» و «ئاختاچی» و «ئیلتەیموور»[2] و «سڵدووز»یشی خستە سەر دریاس. زەبری دەست و مەچەکی وای خۆ نواندبوو کە تازە لەو ناوچانە کەس نەیدەتوانی پشووی لە بەر بکێشێ. ئەوانەی لە دەوری هاڵان بە موکری ناودێر کران. ماوەیەکی زۆر لەو هەرێمە

---

١-دریاز. و.

٢-یەڵتەمر. و.

حکوومەتی کرد و پاشان تیژ بەرەو دنیای پاشین ڕۆیی و سارم و باباعومەر لە پاشی بەجێمان.

### سارم کوڕی سەیفەددینی موکری[١]

پاش ئەوەی کە سارم بوو بە جێنشینی بابی، شاسمایلی سەفەوی بە مەبەستی گرتنی هەرێمی موکریان و قەڵتوبڕ کردنی [کوردان] چەند جارێکی لەشکر ناردە سەری و هەموو جارێکیش هەر هێزەکانی قزڵباش شکان و لە خوێنی خۆیان گەوزان. ساڵی ٩١٢ی ک/١٥٠٦ی ز، وەختایەک شاسمایل زستانەهەواری بردە «خۆی»، چەکدارانی خێڵی شاملووی ناردنە شەڕی سارم و عەبدیبەگی باوکی دورمیشخان و سارووعەلی مۆرداری بە سەرکردەی دانان. دوو سپاسالارەکە بە هێزێکی بێئەژمارەوە چوونە جەستەی سارم و شەڕێکی قورسیان لە نێوانیدا قەوما. هەردک سەرکردەکە و جەماوەرێکی زۆر لە مەزنەپیاوانی شاملوو کوژران و سارم چاکی بەزاندن.

سەرەنجام ڕۆژایەکی سارم لەگەڵ مەزن و میرانی کوردستان سەری وەبەر دەرانەی خاوەنشکۆی کیسرانیشان سوڵتان سەلیمخان هێنا و ئاوا خۆی لە چنگ هەیدێ و هەستە و ڕۆنیشەی قزڵباشان ڕزگار کرد.

ئەو زەمانەی کە سوڵتانی دادەوان، سوڵتان سەلیمخان لەسەر تەختی قەیسەرانی ڕۆم بە موبارەکی پاڵی دایەوە، سارم بە ئامانجی ڕامووسانی لاشیپانی

---

١- سارمی کورد، میرێکی بەهێز و دەسەڵاتدار بووە و لە سەرچاوەکانی سەردەمی سەفەویدا باسی کراوە و ئەو گوتەیەی لێ دەگێڕنەوە کە گۆیا گوتوویەتی "ناهێڵم دەروێشزادەیەکی وەک شاسمایلی سەفەوی لە کانییە سارد و سازگارەکانی موکریان ئاو بخواتەوە" (القزوینی، لب التواریخ، ص ٢٤٨، حسن روملو، احسن التواریخ، ٢/ ١٢٠-١٢١) تەنانەت نووسەری کتێبی «عالەمئارای سەفەوی» لەبەر ناخۆشەویستی میر سارم و کوردەکانی موکریانی بە یەزیدی داناوە. ز.س.

ڕووی کردە دەرگای جیهانپەنای و بە لاواندنەوەی گەرمی شاهانە خوێندرایەوە و تەواوی ناوچەکانی بەمیراتگەڕاوی باوکی بە ملکایەتی بۆ خرایە سەر کاغەز و فەرمانی بەرزەنیشانی بۆ نووسرا و ئیزنی گەڕانەوەی درا. پاش ئەوەی گەڕایەوە زێد و نیشتمانی خۆی، ئەوەی ویشکاو بە خۆشاوی ژیان دێنێ، بە دەستووری پەروەردگاری مەزن، تەپی دایە سەری و دەستی پێ لە شارستانی لەشی هەڵگرت و هەنگاوی نایە دنیای هەرمان. قاسم و برایم و حاجی عومەر لە پاشی بەجێمان، بەڵام هیچکامیان تامی تەمەن و دەسەڵاتیان نەچێشت و لە هەڕەتی لاوەتیدا لە کەلی ژیان ئاوا بوون و لەم جیهانە لەرزۆکە دەرچوون. ڕۆستەمی کوڕی باباعومەر کوڕی سەیفەددین کە دەبوو بە برازای سارم، سێ کوڕی لە پاش بەجێمابوون: شێخ حەیدەر، میر نەزەر و میر خدر. ئەم کوڕانە دوای نەمانی پاشەوارەکانی سارم، هەرێمەکەیان لە نێوان خۆیاندا کردە سێ بەش. ناوچەی درياس (دریاز)، دۆڵباریک، سڵدووز (سندووس) لەگەڵ ئاختاچی بوونە بەشی شێخ حەیدەری برا گەورە. ناوچەی ئیلتەیموور (یەلتەمر) درا بە میر نەزەر و ناوچەی محەممەدشا (مەحمەشە) ش بۆ میر خدر دیاری کرا. هەرسێک برا وێکڕا سەریان وەبەر شاتەهماسب هێنا و چەڵەمەی وەچەی عوسمانییان ترازاند و دایانماڵی.

ساڵی ٩٤٨ی ک/ ١٥٤١ی ز، لە جەنگەی ئاژاوەکەی ئەلقاسمیرزادا، بە فەرمانی سوڵتان سولەیمانخان، لە نێو حوکمڕانانی کوردستان، سوڵتان حوسێنبەگی ئامێدی و زەینەڵبەگی هەکاری و میرانی برادۆست، لەشکریان بردە سەر میرانی موکری و شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیاندا قەوما. هەرسێک براکە لەو گێژاوی مەرگە دەرنەچوون و نوقم بوون و تێداچوون. شێخ حەیدەر، میرە و حوسێنی لە پاش بەجێمان. میر نەزەر هەر تاقە کوڕێکی لە دوای مایەوە بەناوی بەیرام کە

میر خدر، ئۆڵغبەگ و میر حەسەنی لە پشتی کەوتنەوە. ئـەم کـوڕانە هەموویان سەروپێچکە بوون و بۆ ئەوە نەدەشیان هەوساری حکوومەتیان بدرێتە دەستی.

### میره کوڕی حاجی عومەر کوڕی سارم کوڕی سەیفەددین

کاتێک هەواڵی کوژرانی شێخ حەیدەر گەیشتەوە گوێی سوڵتان سولەیمانخانی خاوەنشکۆ، لەسەر تکای میرانی کوردستان لە دیوانی سوڵتانی جێبەرزی سولەیمانپایەوە، جڵەوی دەسەڵاتی موکریان باربووی میره کرا. ماوەی سی ساڵ شانی دایە پاراستن و ڕێکخستنـی کاروباری دریاس و عێلی موکری. بۆ پێمل بوون و فەرمانبەرداری پشوویەکی نەدەکرد بە دوو. لە نۆکەرچاکی‌دا ئەژنۆی نەدەفیزا و هەنگاوی بەرەودوا نەدەنا. سەرەنجام مەرگ هاتە سوێی و ڕۆیی بە پیر بانگاوازی یەزدانی هەمیشە زیندووی دڵۆوانەوە و تەشریفی بردە دنیای دیکە. میره، مستەفای تاقانەی لە پاش بەجێما.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### میرەبەگ کوڕی شێخ حەیدەر

میرەبەگ دوای نەمانی مامی سەری وەبەر شاتەهماسب هێنا و لە دیوانی پادشاوە فەرمانی بۆ هات و کرایە میرهەرێمی موکریان و بە سەربەستی جڵەوی بەدەستەوە گرت. پاش نەمانی شاتەهماسب، میرەبەگ لە قەزوێن خۆی گەیاندە خزمەت شاسمایل[ی دووهەم]. لەوێ شانەبەرزەی ڕایەخڕامووسانی پێ برا و شای بەشانوشکۆ چۆن چاکە ئاوا دەستی ڕێزی لێنا و پاشان ئیزنی گەڕانەوەی دا. کاتێک هەوساری پادشایەتیی سەفەوییە کەوتە چنگ شاسوڵتان محەممەد و سەرکردەکانی قزڵباش تەواوی دەسەڵاتی ئەو خانەدانەیان بردە ژێر چۆکی خۆیان، بێسەرەوبەرەیی باڵی بە سەر قەڵەمڕەوی عەجەمان کێشا. کاتێک میرەبەگ وای دیت و سەری خۆی خوێندەوە، تەماشای کرد ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ، بۆیە ساڵی

٩٩١ی ک/١٥٨٢ی ز، بەناچاری لەگەڵ کۆمەڵێک لە مەزن و میرانی کوردستان و لوڕستان و ئەردەڵان، خۆی هاویشتە لای محەممەدپاشای مـەزنـی سەرکردەکانی وان و ئەویش بوو بە چاوساغی و بردی بۆ بەر دەرانەی بەختەلانی سوڵتان مرادخان. سوڵتانی سیاچەور هەرێمی بابان و ناوچەی مووسڵیشی خستە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرەبەگ و کوڕەکانیشی بە میرناوچەی هەولێر و مەڵبەند و ناوچەکانی مەراغەی سەر بە تەورێز داندران.

میرەبەگ لە چلەی زستاندا، لەگەڵ محەممەدپاشای وان، بە لای ورمێدا هات و هەڵیکوتایە سەر بەکتاشقوڵیبەگی ئوستاجلووی حوکمڕانی مەراغە و ئەویش خۆی بۆ ڕانەگیرا و هەڵات. تەواوی ماڵ و سامانی خۆی و خەڵک و دانیشتووانی مەراغە کەوتنە بەر گوڕمی تالانوبڕۆ. ڕەوەی شاتەهماسب کە زۆر لەمێژ بوو لە مەڵبەندی قەراجیق بەخێو دەکرا و تێکڕای حدوود و عەدالی ڕەسەنی عەرەبی و بەکەیف و چوارپەل قایم و خۆشاژۆ بوون و لە هیچ سەردەمێکدا پادشاهانی خاوەنشکۆ شتی وایان بە خۆیانەوە نەدیبوو، ڕایان دان و چـی هـەرە هەڵبـژاردەیە بردیـان بۆ وان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەزار ئەسپی جوان، ڕێک و شۆخ و شەنگ
لەبـۆ زیـن کەوی، وەک تێـزەی تفەنـگ
ئەگەر سـ......ـێبەری قەمچییـ......ـان دەدەی
لەو دیـ...ـوی زەمـ...ـان دەتکـ...ـردن بەدی
گـ...ـۆڕی چیـ...ـا بـ...ـوون بە بازوبردیـ...ـان
مەلـ...ـی شـ...ـەتاوان، بەو مەلە کردیـ...ـان

محەممەدپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان، پاش گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی لە هێرشەکەی مەراغە، کوڕێکی میرەبەگی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بردی بۆ خزمەت فەرهادپاشای سەردار لە ئەرزەڕۆم، هەتا پێکەوە نۆکەرچاکی و بێگرێوگۆڵیی میرەبەگ بە پێچکی تەختی شارەی پێشەوایەتی ڕابگەیەنن. هەر ڕکێفیان بەتاڵ کرد لەڕێوە محەممەدپاشا و فەرهادپاشا پێکەوە دانیشتن و نامەیەکی چڕوپڕیان نووسی و ناردیانە ژێردەرانەی سوڵتان و باسی یەکڕەنگی و ڕووڕاستیی میرەبەگیان کرد. کاتێک خاوەنشکۆ ئەم قسانەی بە گوێی ئاشنا کران، سۆزی بێسنووری شاهانەی شەپۆلی دا و بۆی نووسی ئەگەر ناوچەی مەراغە لە چنگ پیاوانی قزڵباش دەرکێشێ، لەسەر پێوشوێنی بەگلەربەگی بۆ وی بێ و تازە لێرە بەو لاوە لە نامە و فەرمانەکانی حکوومەتیدا بە «میرەپاشا» ناوی دێ و بەم شێوەیە کەوتە ڕیزی پاشاکانی عوسمانی.

حەسەنبەگی کوڕی خدر کە ئامۆزای میرەبەگ بوو، ماوەیەک بەرلە ناوبراو بەخت یاریدەی دابوو تاکوو بتوانێ لاشیپانەی سوڵتان ڕامووسێ و لەبەر هەندێ ناوچە دریاسی باربوو کرابوو. کاتێک میرەپاشا گەیشتە ناوچەی دریاس (دریاز) حەسەنبەگ جڵەوی بۆ شل نەکرد هەتا دەسەڵاتی ڕادەست بکا و دەروازەی قەڵای دریاسی گاڵە دا و ڕووی لێ وەرگێڕا. میرە مەچەکەی لە قەڵاکە ئەنگاوت و هێندەی ڕێککوشی، هەتا حەسەنبەگی لێ دەرپەڕاند و گرتی و کوشتی. لەو بگرەوبەردەیەدا لەناکاو ئۆڵغبەگی برای حەسەنبەگ بە دنەی چەند دۆستێکی بە پێدزکە لە قەڵایە هاتەدەر و پێی نایە ڕکێف و بەتەقڵەکوت بەرەو ئەرزەڕۆم کوتای و خۆی گەیاندە خزمەت فەرهادپاشای سەردار. وا لە میرەبەگ تۆقیبوو کە لەوێش خۆی ڕانەگرت و بایدایەوە و سەری بردە بەر ڕکێفی شاسوڵتان

محەممەد[ی خودابەندە].[1] پادشای خاوەنشکۆ ڕێزی گرت و بەسەری کردەوە و ناوچەی «دێخوڕگان»ی[2] سەر بە مەراغەی پێ بەخشی.

میرەپاشا وای بڕدبڕۆوە سەر یەک کە حوسێنی برای لەگەڵی ناتەبایە و بۆتە هاودەنگ و هاوبیری ئامۆزاکانی، بۆیە کوشتی. ئەوانەی خەنیمی بوون بە گەورە و بچووکەوە هەموویانی تێکوپێک هەڵشێلان و بە پەندی سیای هەڵێنان. هیچ کۆسپ و تەگەرەی نەهێشتن و تەنینەوەی دەسەڵاتی قسەی لەسەر نەما و وەکوو تاقەسوارە هەوساری حکوومەتی بەدەستەوە گرت. چەند ساڵێک پاش ئەم ڕووداوانە، تەورێزی پایتەختیش کەوتە دەست مەزنانی عوسمانی و جەعفەرپاشای وەزیر ڕاسپێردرا هەتا بیپارێزێ و بە سەری ڕابگا. جەعفەرپاشا کە دەیزانی هەر لە کۆنەوە ناوچەی مەراغە سەر بە تەورێزە، ویستی میرەپاشاش سەر وەبەر باری دەسەڵاتی بێنێ، بەڵام چونکە بە مەزنی سەرکردانیش ناسرابوو، هێندەی سەر وەبەر نەهێنا، ئەویش لە داخان ڕۆژبەڕۆژ هەموو کار و ئاکارێکی میرەی بە پێچکەی تەختی بەرزی سوڵتانی ڕادەگەیاند. بەم گەندەڵفێڵانە حکوومەتی هەرێمی بابان و ناوچەی مووسڵ و هەولێری لێ وەرگیرایەوە. جەعفەرپاشا چاکی هەڵچنی و گوتی مەراغە سەر بە تەورێزە و ئەگەر نەکەوێتە نێو ملکوماشی تایبەتی خاوەنشکۆ، داهاتی ناوچەکانی دیکەی تەورێز بەشی خەرجی و تێچووی دەسەڵاتی ناکا. وەکوو دیارە هەموو ساڵێک پازدە خاڵوار دراو لە داهات و حاسڵاتی وێ بەڕێ دەکرێ بۆ خەزێنەی دارماڵی سوڵتانی، بەڵام دەبێ لەوەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١- شاسوڵتان محەممەدی سەفەوی یان محەممەدی خودابەندە (٩٣٨-١٠٠٤ی ک/١٥٣١-١٥٩٥ی ز)، چوارەم پادشای بنەماڵەی سەفەوی (٩٨٥-٩٩٦ی ک/١٥٧٧-١٥٨٧ی ز)؛ پادشایەکی کوێرەمووشەی بێدەسەڵات بوو. پاش یازدە ساڵێک شایەتی، بەدەستی خۆی تاجی نایە سەر عەبباسمیرزای کوڕی و بە «شاعەبباس»ی ناودێر کرد. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن). و.

٢- نووسراوە دێهخارقان (دهخوارقان)، بەڵام لە کوردیدا بۆتە دێخوڕگان. و.

بەولاوە میرە بیدا بە خەزێنەی تەورێز هەتا مووچە و مانگانەی قۆشەنچییانی پێ دابین بکرێ. میرە بەناچار وای کرد و هەموو ساڵێ دراوێکی زۆری وەکوو دیاری وەئەستۆی خۆی گرت هەتا بیدا بە خەزێنەی تەورێز. جەعفەرپاشا دووسێ ساڵان ئاوا لێی وەرگرت، سەرەنجام گوتی وای ناخوا و ئاوای دە سەرەوە ناچم، بۆیە ئەو کاتەی هەرێمی تەورێز کەوتە بەر پێداچوونەوە و پەڕاو بۆ گرتنەوە، مەراغەی خستە سەر تەورێز و مڵکوماشی تایبەتی سوڵتانی و کابرایەکی وەکوو میرناوچە بۆ دیاری کرد و ئەویش دەستەبەر بوو تا هەموو ساڵێ بڕی پازدە خاڵوار دراوی بۆ کۆ بکاتەوە. پاش ساڵێک حەشیمەتی مەراغە هەموو ڕۆیشتن و پەڕوازە بوون و وا بە سەر وێرانیدا کەوت کە میرناوچە فلووسێکی سووری وەچنگ نەکەوت و تەنیا خاڵوارێک دراو لە خەزنەخانەدا کۆ بۆوە و میرەپاشا ڕووتی و نەداری ڕووی تێکرد و چۆوە قـوونتەندووری کەونە دەسەڵاتی باب‌وباپیرانی و کەمی خوارد و کز دانیشت.

ئەو دەمەی کە مەراغە و دەوروبەری دە بەر دەستی میرەپاشا و کوڕانی پایەبەرزیدا بوو، شێخ حەیدەری کوڕە گەورەی بەپێی فەرمانی بێ‌سێ‌ودووی سوڵتان مرادخان، قەڵای خاپووری ساروقۆرغانی سەر بە مەراغەی ساز کردەوە، کە هرووژمی ئەمیر تەیمووری گوورکان داری لەسەر بەردی نەهێشتبوو. ساڵی ١٠٠٢ی ک/١٥٩٣ی ز، کاتێک مەزنایەتیی هەرێمی تەورێز ئەسپاردەی دەستی خدرپاشای مەزنی سەرکردەکانی بەغدا کرا، باوەڕپێکراوانی مەراغە بە خزمەتیان ڕاگەیاند مەراغە لە سایەسەری ئەو قەڵایە کاولە کە شێخ حەیدەر ئاوەدانی کردۆتەوە. خدرپاشاش بە قسەی شۆفاران هەڵسووڕا و مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتی لە دەست دەرهێنا و دای بە خێڵی مەحموودی و ئەوانی بەگژدا کرد و شەڕیان لە نێوانیدا قەوما. مەنسووربەگی کوڕی زەینەڵبەگ کە سەرخێڵی

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەحمموودی بوو، لەو تێکهەڵچوونەدا هەمزە و قوبادی برازای وێڕای کۆمەڵێکی دیکە بەدەست موکرییان کوژران.

ساڵی ١٠٠٣ی ک/١٥٩٤ی ز، خدرپاشا بە دنەی خێڵی مەحموودی و عەوێزبەگی کوڕی حەسەنبەگ کە میرلیوای ماکۆ بوو، بۆ تۆڵە کردنەوە لە شێخ حەیدەر لەشکری بردە سەر. شێخ حەیدەر سەرەتا ملی بە لارەوەنا و لە قەڵا هاتەدەر و گوتی بابە پەشیمانم و خوێنی کوژراوانی مەحموودی چییە دەیدەم و دەستم لە کۆڵ کەنەوە. زۆر بە دەوری پاشادا هات هەتا دڵی نەرم بێ و واز بێنێ، بەلام شۆفار لێی نەگەڕان و لە ژێرەوە هانیان دا، هەتا گەمارۆی قەڵای بدا. شێخ حەیدەر هەرچی پاڕایەوە و تەوازیی هێنایەوە، پاشا نەیبیست و ئەویش هیوای نەما و بەناچار مەچەکی ئازایانەی لێ هاڵماڵی و خۆی لە بەرخۆدان و بەرەنگاری خۆش کرد و وێڕای کۆمەڵێک مەردازای کورد بۆ قۆشەنی پاشا هاتە مەیدان و دەستی برد بۆ باڵچۆغەی شیر و ژێی کەوانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەنجەی پۆلا بوونە گرێ، هێندیان کوشی دەسکی شیران
مەتاڵ وەکوو ژووشک دەچوون، بە ڕێژنەی بارانی تیران
خەدەنگانی سەر لەپێناو، گەرِبازی گەرداوی شەڕان
بە خوێنی پیاوانی ئازا، وەک سوورەبی سوورهەڵگەڕان
لەبەر تیری ساردەکەوان، وەها بوو بە ویشکەسەرما
زریان بەفری لێ دەباری، کوێر بوویەوە ناوی گەرما
بەرگەپۆلای پاڵەوانان، چەوزەی نێزان وای بەزاندن
دەتگوت هەموو گورزەمارن، سەریان دە کونی خۆ چەقاندن

وا هات کە عەوێزبەگ لەو شەڕەدا کوژرا. میرەپاشا کەوتە نێوان و دەنگی کوڕی خۆی دا و دەستی پێ لەو هەرا و خـوێنـڕژانـە هـەڵگـرت. خدرپاشاش گـەڕانەوەی پێ باشتر بوو لە مانەوە و هەر ئەو ڕۆژە دەوری قەڵای چۆڵ کرد.

میرەپاشا چوار کوڕی هەبوو: بوداقبەگ، قاسم، شێخ حەیدەر و حوسێن. ئەو دەمەی سەری وەبەر فەرمانی سوڵتان مرادخان هێنابوو، هەموویان بوونە میرناوچە. بوداقیان بە مردنی خۆی مرد. حوسێن، قاسمبەگی برا گەورەی خۆی کوشت. شێخ حەیدەر بە تۆڵەی قاسمبەگ، حوسێنبەگی برای کوشتەوە. ئێستاکانێ میرەبەگ تەنیا حەیدەربەگی وەکوو میراتگر ماوە. بێجگە لەو ناوچە و قەڵایانەی کە وەکوو کەلەپووری ڕابردوو بە دەست بـاوک و کوڕەوە ماوە، بـە سـەر مـەڵبـەنـدی تەرەقە (تەرەغە)، ئـاجری (قـاجر)، ساروقۆرغان، لەیلان و دووئاب (میاندواو) یـش ڕادەگەن و قەڵای تەرەغە و قەڵای ساروقۆرغانیش هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو میرەی موکریدایە. لەم دەقە بێسەرەوبەرەیەدا بەسەرهاتی ئەو بنەماڵەیەم بەپێی ڕابردوویان نووسییەوە و بۆ داهاتووش هەر خودا بە نەهێنییەکان دەزانێ.[1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- بۆ زانیاریی زیاتر سـەبارەت بە درێـژەی دەسـەڵاتی میرانـی مـوکری بـڕوانە کتێبـی «لاپەڕەیەک لە دیرۆکی موکریان»، نووسینی میرزا مەحموود بانەیی، وەرگێڕانـی حوسـێن حوزنی موکریانی. هەروەها بڕوانە شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٥٣٩-٥٤٥.

لە پەراوێـزی لاپەڕە ٢٠٦ی دەقـی بودلیـاندا نووسـراوە کە شـێخ حەیـدەر سـەری وەبەر شاعەبباسـی سـەفەوی (٩٧٨-١٠٣٨ی ک/ ١٥٧٠-١٦٢٨ی ز) هێنـاوە و شـەڕی بـۆ کـردووە و دەوروبەری سـاڵی ١٠١٢ی ک/ ١٦٠٣ی ز، لە جەنـگەی گەمـارۆی قەڵای ڕەوان (یەریڤـان)دا وەبەر گوللەی گەرمی خەزاکەران هاتووە و سەری تێداچووە. و.

# بەشی چوارەم

## باسی میرانی برادۆست کە دەبنە دوو لک

ئەوەی ڕاستی بێ هێندێک کەس لایان وایە میرانی برادۆست بە ڕەچەڵەک گۆرانن و بەپێی گێڕانەوەیەکی ڕاست و بێگرێ، دەچنەوە سەر هیلالی کوڕی بەدری حەسنەوییە و دەسەڵاتداری دینەوەر و شارەزوور بوون. هیلال لە شەڕی شەمسوددەولەی دەیلەمیی والیی هەمەدان‌دا کوژراوە و سێ کوڕی لە پاش بەجێماوە. یەکیان بۆتە میری شارەزوور و جێی باوکی گرتۆتەوە، ئەوی دیکەیان بۆتە حوکمداری عەشیرەتی ئاکۆ و برای سێهەمیان پەڕەوازە بووە و بۆتە ئاغا و کوێخای ناوچەی «خان‌ئەڵماس»ی دەوروبەری ورمێ و کردوویەتە ملکی خۆی. ئەم بەرەبابە ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتیان پەرەی ئەستاندووە هەتا بوونە میر. خەڵکی برادۆست لایان وایە میرەکانیان نەوە و نەتیژەی «بیلال»ن، بەڵام هەڵەیە و دروستەکەی «هیلال»ە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەزن و سەرتۆپی ئەم خانەدانە غازی قڕانی کوڕی سوڵتان ئەحمەدە، کە بەرلەوەی میرانی کوردستان بچنە بەر سێبەری دەرانەی شاسمایل[ی سەفەوی]، هێرشی کردۆتە سەر ورمێ و پۆنگاوی جەماوەری زۆر و زەوەندی قزڵباشانی داونە بەر لەپەشیر و نووکەتیران و نیزیکەی هەزار کەسێکی لێ کوشتوون. پاشانیش کە وێڕای مەزن و میرانی کوردستان شانازیی ڕایەخڕاموسانی شاسمایلی پێ براوە، پادشا دەستی ڕێزی لێناوە و سەرناوی غازی قڕانی پێداوە و ناوچەی تەرگەوەڕ و سۆما و دۆڵ و قەڵا و مەڵبەندەکانی سەر بە وێی باربوو کردووە و فەرمانی میرایەتیی بۆ نووسیوە. دواتریش لەگەڵ کۆمەڵێک لە میر و مەزنانی کوردستان چۆتە دەرگای سەردەرانە بەرزی سوڵتان سەلیمخان. ڕۆژایەکی کە سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەر بە مەبەستی پەلاماردانی

عەجەمستان (ئێران)، سەری ڕكێفی بەرەو تەورێز و ئازەربایجان هەڵەنگاوتووە، غازی قران شەرەفی هاوڕكێف بوون و دواندن و باس و ڕاوێژی سوڵتانی بەرەو سەركەوتنی پێ براوە. ئەو تەگبیرانەی كردوونی سەبارەت بە چۆنیەتیی پەلامارەكە بۆ سەر عەجەمان بە دڵی پادشاوە نووساون و بەسەری كردۆتەوە. بەشێك لە هەرێمی هەولێر و بەغدا و دیاربەكری جوێ كردۆتەوە و خستوویەتە سەر ناوچەی دەسەڵاتی و كردوویەتە خەڵاتی شاهانەی. ماوەیەكی زۆر بە خۆشی و كامەرانی ڕایبواردووە و زۆریش ژیاوە. پاش نەمانی دوو كوڕی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار بەجێهێشتوون و بریتی بوون لە شامحەممەدبەگ و عەلیبەگ.

## لكی یەكەم

## باسی میرانی سۆمای (سۆما)

بنكەی ژین
www.zheen.org

### شامحەممەدبەگ كوڕی غازی قڕان

شامحەممەدبەگی كوڕی غازی قڕان دوای نەمانی باوكی، هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و پاش چەند ساڵ میرایەتی چۆتە بەر دلۆڤانیی خودێ.[1] چوار كوڕی لە پاش بەجێماوە: بوداقبەگ، حەسەن، ئەسكەندەر و زەینەڵ. بوداقبەگی كوڕە گەورەی جێی گرتەوە.

### بوداقبەگ كوڕی شامحەممەدبەگ

دوای نەمانی باوكی بوداقبەگ بەپێی فەرمانی بەهات و بەختی سوڵتان سەلیمخان، جڵەوی حكوومەت كەوتە دەستی. ئەویش هێندەی پێنەچوو كە ئەم دنیا

١-ل ٢٠٦ی بودلیان: «بەپێی فەرمانی سوڵتان سولەیمانخان لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە، بەڵام هێندەی نەبردووە كە چۆتە بەر دلۆڤانیی خودێ.» و.

بێ وەفایەی وەلانا و باوەشی بۆ دنیای هەتاهەتایی کردەوە. چوار کوڕی لە پاش بەجێما: ئەولیابەگ، شامحەممەدبەگ، شاقولی‌بەگ و سەیدی. لەبەروەی کوڕەکانی زۆر منداڵۆکە بوون و شیاوی ئەوەی نەبوون ببنــە حوکمڕان، حەسەن‌بەگی برای جێی گرتەوە.

## حەسەن‌بەگ کوڕی شامحەممەدبەگ

حەسەن‌بەگ پاش نەمانی برای، بەپێی فەرمانی سوڵتان، حکوومەتی هەرێمی برادۆستی باربوو کرا. چونکە لەگەڵ عێل و عەشیرەت و خزمانی چاک نەدەجووڵاوە و میرانی دەوروبەری پێیەوە تەنگاو بوون، جەماوەری خزمانی سکاڵایان لێ نووسی و بە زەینەڵ‌بەگ[ی برای]دا ناردینانە دەرانەی سوڵتان. لەوێوە خاوەن‌شکۆ کاغەزی لە حوسێن‌پاشای مەزنی سەرکردەکانی وان نووسی کە بڕوا و لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حەسەن‌بەگ بکۆڵێتەوە. بەگوێرەی فەرمانی بێ‌بەرگێڕەوەی سوڵتان، حەسەن‌بەگ بانگ کرایە دیوانی وان و پاش لێپرسینەوە و هەڵپێچانی، لە دارێکی حەوشەی سەراوە هەڵیانواسی و پاش سزا دران و خنکانی، عەلی‌بەگی لە جێی داندرا.

## عەلی‌بەگ کوڕی غازی قڕان

پاش کوژرانی حەسەن‌بەگ، لەسەر داوای حوسێن‌پاشای وان، لە دەرگای بەرزی سوڵتان سەلیمخانەوە، فەرمانی حکوومەتی برادۆست بۆ عەلی‌بەگ نووسرا. دوای چەند ساڵێک دەسەلاتداری، برادۆستی ڕوویان لێ وەرگێڕا و بە لای ئەولیابەگدا شکانەوە. کۆمەڵێک هەستان و بە مەبەستی گۆڕینی میر چوونە ژێر دەرانەی سوڵتانی خودالێ‌خۆشبوو. سوڵتان ئەسکەندەری کوڕی شامحەممەدبەگی لەسەر حکوومەتی ورمێ هەڵکەند، کە خوسرەوپاشا لە جەنگەی گرتنی‌دا بە

میرناوچەی دانابوو. عەلیبەگ لەوێ بوو بە دەسەڵاتدار و ئەسکەندەربەگ پاش لێخ‌ـرانی، دەستی هەڵگرت و بە دوورەپەرێزی ملی نا لە خواپەرستی و کاری بە سەر هیچەوە نەما. عەلیبەگیش پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا لە ورمێ، سەری وەبەر دەرانەی ڕەحمەتباری یەزدان هێنا و نێرینەی لە پاش بەجێنەما.

**ئەولیابەگ کوڕی بوداقبەگ کوڕی شامحەممەدبەگ**

ئەولیابەگ چونکە لە جەنگەی جوانەمەرگبوونی باوکیدا، زۆر منداڵ بوو، چەند ساڵێک حکوومەت کەوتە چنگ ئامۆزاکانی. پاش ئەوەی هەڵیدا و بە دەوری خۆیدا هات و ئەستێرەی بەخت و هات و ئاواتی قوببەقوببە نووری لەسەر هەستا و لە نێوچاوانیدا شەبەقی دایەوە، تیرە و خێڵات و خزمانی برادۆستی بە ئامانجی وەرگرتنی فەرمانی میرایەتی بۆ ئەولیابەگ، چوونە دەرگای هێندەی ئاسمان بەرزی سوڵتانی خودالێخۆشبوو؛ ئەویش بە هەڵوێستی خاوەنشکۆیانەی خۆی داوا و پاڕانەوەکەی لێ سەلماندن و ساڵی ٩٨٥ی ک/ ١٥٧٧ی ز، عەلیبەگی لەسەر دەسەڵات لابرد و ئەولیابەگی لە جێی دانا. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، بەتاقی تەنیا میری سۆمایە و کەس لێی نەبۆتە بەرهەڵست و گرێ.

## لکی دووهەم

## باسی میرانی تەرگەوەڕ و قەڵای داود

**ناسربەگ کوڕی شێربەگ کوڕی شێخ حەسەنبەگ**

یەکێک لە باپیرانی ئەم خانەدانە بەناوی سوڵتان ئەحمەد، ناوچەی تەرگەوەڕی لە هەرێمی برادۆست دابڕیوە و خۆی لێی بۆتە میرناوچە. لە جەنگەی نووسینەوەی

ئەم دەقە کرچوکاڵەدا ناسربەگ لەوێ حکوومەتی دەکرد و ئێستاش هەر لەوێیە. پیاوێکی یەکجار بەجەرگ و ئازایە و تەمەنی لە هەشتا تێپەڕیوە. لەسەر کێشەی دیاری کرانی سنوور لـەگـەڵ عەشیرەتی «دێری» کـە سـەر بـە زەینەڵبەگی هەکارین کردی بە شەڕ و هەرا و سەت کەسێک لە هەردک بەران سەریان تێداچوو. ناسربەگ ماوەیەک ڕووی لە هەرێمی دەسەڵاتی وەرگێڕاوە و چۆتە خزمەت شاتەهماسب. زەینەڵبەگی هەکاری بە دژایەتیی ناسربەگ، داری لە پشتی شێربەگی کوڕی دا و ناوچەی سۆمای لێ دابڕی و بوو بە میرناوچە. شێربەگ چونکە دڵی بابی شکاند لە بەروبووی خۆی نەخوارد و خۆشیی لـە خۆی نەدی و تاعوون لێی دا و مرد. پاش نەمانی شێربەگ ناوچەی تەرگەوەڕ درایە دەست یەکێک لە ئامۆزاکانی بەناوی زەینەددینبەگ. ئەویش لە شەڕی قزڵباشان و لە جەنگەی گیرانی تەورێزدا وێڕای میرانی کوردستان کوژرا. ناسربەگ سەرلەنوێ ناوچەی تەرگەوەڕی خستەوە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی.

هێندەی پێنەچوو کابرایەک بەناوی خدربەگ فـەرمانی لە لای سوڵتانی خوابەخشیوڕا هێنا و بوو بە میرناوچە، بەڵام ناسربەگ کوشتی. پاشان ناوچەکە باربووی یووسفبەگ کرا. دواتر بەخشرایە شامحەممەدبەگ. ئینجا درایە دەست حوسێنبەگی کوڕی شێخ حەسەنبەگ. ئێستا ئەو بە سەری ڕادەگا.

ناسربەگ هەشت کوڕی هەبوو: شێربەگ، یووسفبەگ، قەراخان، ساروخان، شامحەممەد، تەیموورخان، حوسێنی و حەیدەر. وەکوو باسی کرا شێربەگ ئاهـ و نزوولەی باوکی گرتی و مرد. دوو کوڕی دیکەشی، یانی یووسفبەگ و تەیموورخان بەدەست خدربەگ کوژران؛ ساروخانیش حوسێنیبەگی برای گیانی لێ ئەستاند.[1]

١- محەممەدئەمین زەکیبەگ و سەید حوسێن حوزنی زانیاریی زیاتریان لە لایە و پوختەی نووسینەکەیان لە شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار (ل ٥٥٢-٥٥٦)دا خۆی دەنوێنێ. و.

## بەشی پێنجەم
## باسی میرانی مەحموودی (মামوودی)

با ئەوانەی سرشتیان وەکوو گوێزی ئازایە و بیریان پتەوە و قسەیان ڕەوانە و هیچ گرێ‌وگۆڵی وەبەر نایە و مێژوونووسانی ڕێ و ڕچەدۆزەوەن، لێیان ڕوون بێ و بزانن کە میرانی مەحموودی بە ڕەگەز دەچنەوە سەر سوڵتانەکانی مەروانی. دەستەیەکیش لایان وایە لەگەڵ میرانی جزیرە ئامۆزان.

وەکوو دەڵێن لە زەمانی تورکمانانی ئاق‌قۆینلوودا، کەسێک بەناوی شێخ مەحموود لە خاکی شامەوە و هێندێکیش پێیان وایە لە جزیرەی عومەرییەوە لەگەڵ خێڵ و خزمانی ڕووی کردۆتە لای ئازەربایجان. قەرایووسف قەڵای «ئاشووت»ی پێ بەخشیون هەتا لێی نیشتەجێ بن و شێخ مەحموودی خستۆتە ڕیزی غولامان و هاوڕکێفانی. پاش ئەوەی چەند جارێکی ئازایەتی لێ دیوە و بە دەسکەرەوەی هاتۆتە بەرچاوی، بەسەری کردۆتەوە و ناوچەی ئاشووت و خۆشابی پێ بەخشیوە و بە میری داناوە و نازناوی «مەحموودی»ی لە خێڵەکەی ناوە.

### میر حوسێن‌بەگ کوڕی شێخ مەحموود

حوسێن‌بەگ دوای نەمانی باوکی بۆتە پێشەنگی دەسەڵات و لە سەردەمی دەسەڵاتی پادشایانی ئاق‌قۆینلوودا ئەستێرەی بەختی پتر هەڵکشاوە و جوانتر درەوشاوەتەوە. ناوچەی «ئەلباق»یش لە ژێر دەستی میرانی هەکاری دەرکێشراوە و خراوەتە سەر قەڵەمڕەوی میر حوسێن. بە پشتیوانی و یاریدەی تورکمانان چەند جارێک بەرپەرچی پەلاماری عیززەددین شێری داوەتەوە و توانیویەتی هەرێمی «شەنبۆ»ش بگرێ. عیززەددین شێر لە تاوان هانای بردۆتە بەر

میری بدلیس و پیاوی ناردووە و گوتوویەتی پێویستە بۆ لێدانی خێڵی مەحموودی بگاتە فریام. میری بدلیس شێخەمیری بڵباسیی کـردۆتـە سەرکردەی هێزی پشتیوان و لەگەڵ چەکدارانی بەرچاو ناردوویەتە هاواری عیززەددین شێر. ئەو دەمـەی میر حوسێن بەوپەڕی سەربەستی و مەزنایەتی لە بەستێنی چەمی خۆشاب، کە پێی دەڵێن «چەمی میر ئەحمەد» تاوڵ و ڕەشماڵی هەڵداوە، شێخەمیر لـەگـەڵ هێـزی عیززەددین شێـر بە سەری‌دا داوە و لە هەموو لاوە ئاگری شەڕ و خوێنڕژان هەڵگیرساوە و حەلەلا و قوولە و هەرا و قریوەقریوی کوردان و پاڵەوانان گەیوەتە تەشقی ئاسمان. لەو بگرەوبەردەیەدا میر حوسێن بە تیری سەربەپەیکانی چارەنووس ئەنگواوە و لەڕێوە گیانی داوە و تاقە کوڕێکی لە پاش بەجێماوە بەناوی میر حامید.

### میر حامید کوڕی میر حوسێن

پاش کوژرانی باوکی، میر حامید جێی گرتەوە و ماوەیەکی زۆر کەوتە ڕیزی سەرکردەکانی قزڵباش. کاتێک بارمتەی گیان و ژیانی ئەسپاردەوە دەست گیانئەستێنی، سـێ کوڕی بە یادگار لە پاش بـەجێمـا: میر شەمسەددین، عەوێزبەگ و میرەبەگ.

### عەوێزبەگ کوڕی میر حامید

عەوێزبەگ دوای نەمانی بابی بوو بە میرلیوای خۆشاب و سەرخێڵی مەحموودی. لەگەڵ ئەو «ئورکەمز سوڵتان»ەی کە شاسمایل[ی سەفەوی] کردبوویە مەزن و دەمڕاستی «وان» و «وستان» بە کێشە هات. ئورکەمز گرتی و لە قەڵای وان بەندی کرد. لە جەنگەی گیرانی‌دا پیاوی ناردە لای شەرەفخانی حوکمڕانی بدلیس و دەستەوداوێنی بوو تا بە هانایەوە بچێ. شەرەفخان نامەیەکی

لێ نووسی و کەیخودای ناردە لای ئورکەمز سوڵتان و تکای بۆ کرد تاکوو ئازادی بکا، بەڵام گوێی پێی نەبزووت. شەرەفخان خۆی هەستا و ڕۆیی بۆ وان و لەسەر ڕووباری «خرکوم» لەنگەری گرت. پیاوی ناردە لای ئورکەمز تاکوو عەوێزبەگی بۆ ئازاد بکا، بەڵام بە گوێی نەکرد و گوتی شتی وا نابێ. شەرەفخانیش کە ئاوای زانی لە داخانی فەرمانی دا بە چەکدارانی هەتا دەست لە وان و وستان نەپارێزن و بیاندەنە بەر گورمی تالان. ئورکەمز لە تاوان هاواری لێ هەستا و بەناسەرسەنگی عەوێزبەگی ئازاد کرد و ناردییە خزمەت شەرەفخان.

عەوێزبەگ دوای دەربازبوونی، ماوەیەک کـەوتە ڕیزی مەزن و میرانی شاتەهماسب و ناوچەی ئەلباقی خستە سەر خۆشاب و بە فەرمانی قزڵباشان چەند ساڵێک لەوێ دەسەڵاتدار بوو. کە مرد، حوسێنقولیبەگ، شاعەلیبەگ، هەمزە، حەسەن و بوداق لە پاشی بەجێمان.

لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر و دوای گیرانی هەرێمی بدلیس، حوسێنقولیبەگ ماوەیەک ناوچەی «کارجیکان»ی پێ بەخشرا و بوو بە میرناوچە. سەرەنجام لەسەر کاریان لابرد و ڕۆیی بۆ دیاربەکر و لەوێ مرد. تەنیا بایوندوربەگی لە دوا بەجێماوە و ئەویش پاش گیرانی قەلای «نوان»ی لای «خۆی»، بەپێی فەرمانی سوڵتانی خوابەخشیو، لەوێ کراوەتە میرناوچە. شاعەلیبەگ بەگوێرەی فەرمانی شاتەهماسب ماوەیەک بوو بە مەزنی مەحموودییان و سەرەنجام حوسێنبەگی کوڕی میرەبەگی میرلیوای ئەلباق کوشتی. تاقە کوڕێکی لە پاش بەجێماوە و ناوی خالیدبەگە و جارێ کراوەتە میرناوچەی «جۆڕەس».

دوای کوژرانی شاعەلیبەگ، هەمزەبەگی برای بەپێی فەرمانی شاتەهماسب سەری وەبەر یەکێک لە سەرکردەکانی قزڵباش هێنا بەناوی دەلوو پیری، کە بە مەزنی خێڵی مەحموودی داندرابوو. دوای ماوەیەک مەحموودی لە دەلوو پیری

هەڵگەڕانەوە و کوشتیان و هەمزەبەگیان لە جێی دانا. شاتەهماسب کەوتە پێ‌وشوێنی و بە زۆری و زۆرداری گرتی و لە قوژبنی بەندیخانەی پەستاوت. پاش ماوەیەک ئازادی کرد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئاغاکانی مەحموودی ڕایسپارد تاکوو بچێتە بەر ڕکێفی حاجی‌بەگی دونبولی و سەرەنجام هەر ئەم حاجی‌بەگە وێڕای ئاغاکانی مەحموودی لە «خۆی» کوشتی.

لە دیوانی پادشاوە خان‌محەممەدی کوڕی شەمسەددین کوڕی میر حامید کرایە سەرداری عێلی مەحموودی. دوای چەند ڕۆژێک شاعەلی‌سوڵتان حوسێنی حوکمداری وان، خان‌محەممەدی گرت و لە قەڵای وان خستییە زیندان. ناوچە و مەڵبەندەکانی جێ‌ژیانی خێڵی مەحموودی لە دیوانی پادشاوە باربووی عەشیرەتی دونبولی کرا. عەشیرەتی دونبولی [1] بێجگە لە تیرەی مامەڕەشان کە ژمارەیەکیان لە ئاغچەقەڵا و هێندێکیان لە قەڵای خۆشاب بنەیان داگرتبوو، هەموویان سەریان وەبەر حاجی‌بەگ هێنا.

خان‌محەممەد هەر چۆنێک بوو توانی لە زیندانی قەڵای وان ڕابکا و بگاتەوە ئاغچەقەڵا لای تیرەی مامەڕەشان. بە بیستنی ئەم هەواڵە کۆمەڵێک لە خێڵی مەحموودی خۆیان گەیاندە لای و چوونە ژێر ڕکێفی و شەوێکی وێڕای لاوانی چوست و چالاک لەناکاو هەڵیکوتایە سەر حاجی‌بەگی دونبولی لە قەڵای ئاشووت و بەزاندی. حاجی‌بەگ لەو شەوگورزەدا برینی هێنا و بە هەزار گیرەگیر خۆی گەیاندە جەرگەی قەڵا و ماتەی هەڵگرت. لەو شەڕەدا جەماوەرێکی زۆری دونبولی تێداچوون. خان‌محەممەد پیاوی ناردە خزمەت ڕۆستەم‌پاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر و ڕایگەیاند ئەوە سەری وەبەر سوڵتان سولەیمان‌خانی غازی هێناوە.

---

١-لە چاپەکەدا بە هەڵە نووسراوە دونبولی، بەڵام دەقی بودلیان، لاپەڕە ٢١١ ئەم هەڵەیەی تێدا ڕاست کراوەتەوە و نووسراوە: مەحموودی. و.

کاتێک شاتەهماسب هەواڵەکەی بیستەوە، خێرایەکی فەرمانی میرایەتیی مەحموودییانی بۆ خان‌محەممەد نووسی و بۆی نارد.

پاش ماوەیەک کە لە دیوانی شاتەهماسبەوە حەسەن‌بەگ بە میری مەحموودی داندرا، خان‌محەممەد بە مەیلی خۆی وازی لـە دەسـەڵات هێنا و ڕۆیی بۆ ئاغچەقەڵا و لەوێ نیشتەجێ بوو. لە دیوانی بارگای عوسمانی‌ڕا هەموو ڕۆژێ سەت ئاقچەی وەکوو مووچە بۆ بڕابۆوە و خەزنەخانەی دیاربەکر بۆی دەنارد و لە ڕیزی ڕکێفدارانی پایەبەرزی وان‌دا جێی بۆ کرابوویەوە. لەسەر سنوورەکانی قزڵباشان، لە جەنگەی پەلاماری عوسمانی‌دا گەلێکی ئازایەتی نواند و تەمەنێکی زۆریشی تێپەڕاند. خان چوار کوڕی بووە و [سێیان] دیارن: مەلیک خەلیل، میر شەمسەددین و سەید محەممەد. پاش نەمانی عەوێزبەگ، کوڕەکانی لەسەر ئاغچەقەڵا کردیانە شەڕ و پێکهەڵپڕژان. سەید محەممەد لە سەردەمی باوکی‌دا کوژرانی لە چارەی نووسرا و مەلیک خەلیل بەدەست برای تێداچوو. ئێستا میر شەمسەددین کە لاوێکی ئازای لێوەشاوەیە لە ئاغچەقەڵا جێی باوکی گرتۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### میرەبەگ کوڕی میر حامید

پاش نەمانی عەوێزبەگ، لە دیوانی قزڵباشەوە کرایە حوکمڕانی مەحموودی. ئەو دەمەی کە شەڕ لە نێوان شەڕەفخانی میری بدلیس و ئۆلمەی تەکەللوودا قەوما، میرەبەگ لانی شەرەفخانی بەردا و دایە پاڵ هێزەکانی خەنیم. لەوێش زۆریان ڕاستی و دروستی پێوەنەدی و سەری وڵاخی بەرەو خزمەت شاتەهماسب وەرگێڕا.

کاتێک سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەر لە زستانەهەواری بەغداوە بە مەبەستی گرتنی تەورێز ڕکێفی کوتا و ئەم باس‌وخواسەی بیستەوە، لە کوێستانی ئووجان، پادشای چواریەک ئـاوەدانـی جیهـان، یـەکێـک لــە چاووشانی بارگای خـۆی

نـارد بە شوێنی‌دا تاکوو بچێتە خزمەتی. میرەبەگ گەرچی ماوەیەک بایدابوویەوە سەر حکوومەتی عوسمانی، بەڵام وەک چۆن دەڵێن خەیانەتکار ترسەنۆکە، لەرێوە ڕاسپاردەکەی سوڵتان بەدەست کوردان کوژرا و خۆیان بۆ بەربەرەکانی دە دەسک نا. ئەم هەواڵە لە نێو هۆردووی خاوەنشکۆدا دەنگی دایەوە و لە هەموو لاوە هێرشی کرایە سەری و کۆمەڵێک قەڵتوبڕ کران و میرەبەگیش وێڕای چەند کەس لە هـاوڕکێفانی ڕەپێچـەکـی دیـوان دران. هـەر لـەرێـوە سـەربـڕی بـارگـای سوڵتانی لە سەری دا. دوو کوڕی کاڵ و منداڵی لە پاش بەجێما: مەنسووربەگ و زەینەڵبەگ.

دوای ئەوەی کوڕەکانی ڕەسیدە بوون، لەو جەنگەیەدا کە سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر لەشکری دەبردە سەر نەخجەوان، چوونە خزمەت شاتەهماسب و ئەویش لاواندنیەوە و «سەکمەنئاباد»ی سەر بە «خۆی» بەخشییە مەنسووربەگ و وەک میرناوچە لەوێی دانا و بڕیاری دا هەتا ماوە لێی نەستێندرێتەوە. زەینەڵبەگی براشی خستە ڕیزی پاسەوانانی جێبەرزی خۆی.

پاش ئەوەی کە شاسمایلی دووهەم لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی دایەوە، مەنسووربەگ خۆی گەیاندە خـزمەتی و ئەویش بە سۆزی شاهانەی بەسەری کردەوە و دەستی ڕێزی لێنا. دوای نەمانی شاسمایل کە خۆشەویستی و دۆستایەتی لە نێوان پادشاکان‌دا وەسەر دوژمنایەتی و کێشە و هەرا گەڕا، مەنسووربەگ لە ڕێی خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وانەوە بە لای عوسمانی‌دا شکایەوە و بەڵێنیی دابوویە ناوچەی بارگیریی بە ملکایەتی بدرێتێ و لەوێ میرناوچەش بێ. کاتێک هاتە وان، نـاوچەی «مووش»یشی بۆ بەڕێچوون و ئالیکانە بـاربـوو کـرا. زەینەڵبەگیش بە مەزن داندرا و مەزنانەی بۆ بڕایەوە و کە مرد هەمزەبەگ و قوبادبەگی لە دوای بەجێمان.

ساڵی ١٠٠٢ی ک/١٥٩٣ی ز، لەسەر پێشنیاری جەعفەرپاشا، ناوچەی سڵدووزی سەر بە مەراغە باربووی هەمزەبەگ کرا. کاتێک بەشێک لە خێڵی مەحموودی بە خۆیان و مەڕ و ماڵاتییانەوە چوونە سڵدووز (سندووس)، هەروەک لە باسی سەبارەت بە موکری‌دا خراوەتەڕوو، لەگەڵ شێخ حەیدەر تووشی شەڕ هاتوون. هەمزەبەگ و قوبادبەگی برای، وێڕای سەت کەسی دیکەی خێڵی مەحموودی و پیاوەکانی تێداچوون و موکری دایانڕووتاندوون و لەسەر ساجی عەلییان داناون.

## حەسەن‌بەگ کوڕی عەوێزبەگ کوڕی میر حامید

حەسەن‌بەگ یەکەم کەسی خێڵی مەحموودییە کە لە کوێرەڕێی ڕێچکەی یەزیدی لای داوە و بۆتە دەسپێکەری نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتی داوە و حەجی بەجێ هێناوە و منداڵەکانی خۆی دەبەر خوێندنی قورئان ناوە و خستوونییە سەر ڕچە و ڕێبازی پێغەمبەر و مزگەوت و خوێندنگەی ساز کردوون.

وەکوو پێشتر باسی کرا، کاتێک میرایەتیی مەحموودی درایە دەست خان‌محەممەدی کوڕی میر شەمسەددین، حەسەن‌بەگ ڕایکرد و پەنای بردە بەر پەساری دەرگای شاتەهماسب و ئەویش چاکەی لەگەڵ کرد و حکوومەتی مەحموودی و قەڵای خۆشابی پێ بەخشی و ئیزنی گەڕانەوەی دا. کاتێک گەیوەتەوە، خان‌محەممەد وەکوو بەخت چۆتە پێشوازی و بەدڵەوە دەستی لە پلە و پایەی بەرداوە و چۆتەوە ئاغچەقەڵای ملکی باب‌وباپیری و بە هەڵپەی ماڵ و دەسەڵاتی دنیایەوە نەنووساوە و حەسەن‌بەگیش خۆی لێ لاداوە.

لەو ساڵەدا کە سوڵتان سولەیمان‌خانی خەزاکەر بە ئامانجی گرتنی ئێران ڕووی کردۆتە ئازەربایجان، حەسەن‌بەگ کێچی کەوتۆتە کەوڵی و بە تەنگەتاوی خۆی هاویشتۆتە بەر دەرانەی سوڵتان سولەیمان و ئەویش میرایەتیی خۆشاب و

مەحموودییانی بۆ دە کاغەزی کردووە. لەو کاتەوە زۆر بەچاکی و بەرووڕاستی شانی لە خزمەتی سوڵتان شل کردووە.

ئەو دەمەی ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان چۆتە سەر حاجیبەگی دونبولی و لە «خۆی» کوشتوویەتی، حەسەنبەگ زۆری ئازایەتی نواندووە و بە پیاوەتی تێکەوتووە و پشتی لە دوژمن نەکردۆتەوە. ئەسکەندەرپاشا چۆنیەتیی ئاکارەکانی حەسەنبەگی بە خزمەت پێچکی شارەی پێشەوایەتیی سوڵتان سولەیمانخان ڕاگەیاندووە و سوڵتانی یارلاوێنەوەی نەیارتاوێنەوە بەسەری کردۆتەوە و لە نێو ئامپاکانیدا هەڵیکێشاوە و خەلاتی هەرە هێژا و شمشێری زێڕی بۆ ناردووە. نیزیکەی دووسەتهەزار ئاقچەی لە داهاتی ملکوماشی تایبەتی شاهانەی سەر بە دیاربەکری وەکوو ئالیکانە بۆ بڕیوەتەوە و بۆی جوێ کردۆتەوە و فەرمانی پیرۆزی بۆ نووسیوە. هەروەها فەرموویەتی هەتا هەوارانە و پووشانە لەو ڕەوەندانەی مەحموودی وەرنەگیرێ کە هەموو ساڵێ بە سیهەزار سەر ئاژەڵەوە گەرمێنوکوێستان دەکەن. لە ڕاستیدا هەر ئەرکێکی بە تێڕادیوی دەخرایە سەر شانی خێرایەکی ئازایانە و ڕووڕاستانە ڕایدەپەڕاند و بۆ پشوویەک چییە خۆی لە خزمەت و گیانبازی نەدەبوارد.

ئەو کاتەی سوڵتانی خودالێخۆشبوو مرادخان بە مەبەستی گرتنی ئێران لەشکری ناردە سەر قزڵباشان، حەسەنبەگ و خێڵی مەحموودی ئەستێرەی بەختیان وا درەوشایەوە کە لە هیچ دەور و زەمانێکدا میرانی کوردستان شتی وایان بە خۆیانەوە نەدیوە. جارێکی ئەسکەندەرپاشا لە دیوانی وان لەسەر وەی کێ لە لای سەرەوە دانیشێ و کێ لە لای بەرەوە لەگەڵ ئەحمەدبەگی حوکمڕانی خیزان لێی بوو بە دەنگەدەنگ؛ هەر بۆیە فەرمانی پیرۆزی لە لای سوڵتان سولەیمانخانەوە هێنا کە جگە لە زەینەڵبەگی میری هەکاری کەسی دیکە هەقی

نییە وەلای سەرووی کەوێ. حەسەنبەگ ماوەی پەنجا ساڵی بە شێوەیەکی سەربەخۆ حکوومەت کرد و کەس نەبوو بە بەرهەڵستی.

ساڵی ٩٩٣ی ک/١٥٨٥ی ز، کاتێک [عوسمانپاشای مەزنەوەزیر][١] بە ئامانجی گرتنی تەورێز قۆشەنی دەنگ دا، لە سەعداباد و شەڕی قزڵباشاندا کوژرا. پاش ساڵێک کە هێزی باندەستەی [عوسمانی] بە سەرکردایەتیی فەرهادپاشای وەزیر ڕۆیی بۆ یاریدەدانی جەعفەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی تەورێز، یەسکوپرووسکی حەسەنبەگیان کۆکردەوە و هێنایانەوە خۆشاب و لەو خوێندنگەیەدا ناشتیان کە خۆی سازی کردبوو. سێ کوڕی لە پاش بەجێمابوو: عەوێزبەگ، شێربەگ و شێخیبەگ. [حەسەنبەگ، هەر بە زیندیسەر شێربەگی کوڕی لە جێی خۆی کردە میری مەحموودی و فەرمانی بەرزەنیشانی سوڵتانی بۆ وەرگرت و دەستی لە کار کێشایەوە. هەر ئێستا هەرێمی مەحموودی و ناوچەی خۆشابی بەدەستەوەیە. مەرجیان بۆ عەوێزبەگ دانا و گوتیان ئەگەر قەڵای ماکۆی سەر بە نەخجەوان لە چنگ قزڵباشان دەربێنێ و نۆژەنی بکاتەوە، ئەوە با بۆ وی بێ و پێشکەشی بێ. وا هات قزڵباش خۆیان لە ماکۆ دەرچوون و عەوێزبەگ گەیشتە جێ و قەڵاکەی کەڵتە کردەوە.][٢] ماوەی بیست ساڵان لەوێ بوو. سەرەنجام ساڵی ١٠٠٢ی ک/١٥٩٣ی ز، بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تۆڵەی هەمزەبەگ و قوبادبەگی ئامۆزای، وێڕای خدرپاشای مەزنی سەرکردەکانی تەورێز، هێرشی بردە سەر شێخ حەیدەر. هەروەک باسی کرا وێڕای کۆمەڵێکی دیکەی مەحموودییەکان، عەوێزبەگیش لە دەوری قەڵا کوژرا.

---

١-ل ٢١٢ی بودلیان. و.

٢-لە دەقی زێرنۆڤدا ئەم بڕگەیە تەکولۆی تێکەوتبوو. دوو جێ بە بەتاڵی مابۆوە و سەروبەری ڕستەکان یەکتریان نەدەگرتەوە؛ بەڵام ئەم کەلەبەرەم لە ڕووی لاپەڕە ٢١٢ی بودلیان ساغ کردەوە. و.

دوای کوژرانی عەویزبەگ، مستەفابەگی کوڕی بوو بە جێگرەوەی باوکی و سوڵتان محەممەدخانی دنیاگر، بەسەری کردەوە و فەرمانی حکوومەتی ماکۆی بۆ نووسی. هەر ئێستا لەوێیە و خەریکی حوکمڕانییە. ناوچەی «ئۆردووباد»ی نەخجەوان ماوەیەک عەلیبەگی کوڕی مستەفابەگی لێ کرابوویە میرناوچە. زۆربەی ئامۆزایان و ئاغایانی مەحموودی لە سایەسەری حەسەنبەگەوە گەیشتوونە پلە و پایەی باڵا. تەواوی ئەو گوند و زەویوزارە چاک و بەرپێژەوانەی کە لە هەرێمی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە چنگ قزڵباشانیان دەرهێناون، وەکوو کەڵەبڕ و پاوانەمیر باربوویان کراوە و بۆخۆیان لە بەروبوویان دەخۆن.

بەبێ ڕووبینی دەبێ بڵێم بەڕاستی حەسەنبەگ پیاوێکی دنیادار و دادپەروەر و خێڵخۆشەویست بوو. لەو کاتەوە سەری وەبەر دەرگای بارگای عوسمانی هێناوە، هەتا ئەو دەمەی مەرگی لە چارەی نووسراوە، بە شوێن کار و خزمەت و ئازایەتی و پیاوەتییەکانی کوڕانی خێڵی مەحموودیدا ڕۆیشتووە و لە هەر سەفەر و پەلامارێکی پادشاهانی عوسمانیدا خۆیان نیشان داوە، هەمووی لە پەڕاوێکدا تۆمار کردوون و هیچی وەدوا نەداون. بەگلەران و دەفتەرداران و دادوەرانی وان و کۆمەڵێک لە میرانی کورد و سەرەنجام سەردارانی پایەبەرز بۆیان مۆر کردووە. پاشان ناردوویەتە دەرانەی سوڵتان مرادخانی خودالێخۆشبوو. ئەویش بە مۆری خۆی نەخشاندوویەتی و بۆ ناردۆتەوە.

ئەگەر حەسەنبەگ تووشی گرێ و گرفتێک دەهات و بۆی چارەسەر نەدەکرا، پەڕاوە گۆرینەی وەبن هەنگڵی دەدا و دیوانی بەشانوشکۆی سوڵتانی بگرەو هاتم؛ ئیدی هەر کار و ئامانجێکی بووبای جێبەجێی دەکرد و دەگەڕایەوە. لە شەڕگە و مەیدانی شەڕەدندووکەدا هەمیشە بەرامبەرەکەی دەبەزاند و هیچ خەنیمێک خۆی لە بەر نەدەگرت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شێربەگ کوڕی حەسەنبەگ**

حەسەنبەگ هێشتا مابوو کە ناوچەی ماکۆی بۆ عەوێزبەگی کوڕە گەورەی ئەستاند و ناوچەی خۆشاب و میرایەتیی مەحموودیشی بەخشی بە شێربەگی کوڕی نێونجیی خۆی.

شێربەگ کەسێکی سورسۆفیلکەی پیاوچاکە و زۆربەی دەم و کاتی لە کۆڕی مەلا و فەقێ و زانایان و شێخاندا تێپەڕ دەکا و دەستی بە ئاڵقەی کابەتوڵلایەش گرتووە. نان و پێخۆرێکی چاک بەختی دینداران و عەودالان و دەروێشان دەکا. خێڵ و خزمانیش هەر چاکەی دەڵێن و دڵیان پێی خۆشە و جوانیان لەگەڵ هەڵدەستێ و دادەنیشێ. ئێستا ماوەی دوازدە ساڵە کە مەزنایەتیی خۆشاب و پێشەوایەتیی پیاوماقوولان و ئاغاوەت و ئاپۆرەی مەحموودیی کەوتۆتە سەر شانی.

## بەشی شەشەم
## باسی میرانی دونبولی

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەک لە ڕووی نووسینی دڵبزوێنی باوەڕپێکراوانەوە دەردەکەوێ، وا دیارە میرانی دونبولی بە ڕەسەن دەگەنەوە سەر عیسا عارەبێکی[١٦] شامی و دەستەیەک لایان وایە خەڵکی جزیرەی عومەرییە بووە و کەوتۆتە ناوچە و مەڵبەندەکانی ئازەربایجان.[١] پادشایانی پێشوو ناوچەی «سەکمەنئاباد»ی لای «خۆی»یان وەک

١-دەبێ چ پاساو و بیانوویەک هەبێ بۆ ئەوەی کە هەرچی دامەزرێنەری میرنشین و دەسەڵاتداریی کوردییە بگەڕێندرێنەوە بۆ عەرەبی شامی و بەغدایی؟! دونبولی یەکێکە لە هۆزە دێرین و ناسراوەکانی کورد و بە درێژاییی سەردەمی ئیسلامی، بەردەوام ناوی لە سەرچاوەکاندا دێ و ئەوەی ئەم هۆزە لەوانەی دیکە جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەربڵاوە و لە چەند شوێنێک نیشتەجێ بووە و بەدروستی نازاندرێ نیشتمانی یەکەمی کوێیە. هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەهەمی زایینییەوە لە وڵاتی شام هەبوون، بەڵام ئەمەش←

جێژیانی بنەماڵەی باربوو کردووە. ماوەیەکی باش لەوێ ماوەتەوە و ڕۆژبەڕۆژ عێل و عەشیرەتی زیاتری لێ هاڵاون. لە پێش‌دا میران و خێڵاتی دونبولی لەسەر ڕێبازی ناشیاوی یەزیدی بوون؛ بەڵام پاشان میرەکانیان کە بە عیسابەگی بەناوبانگن و چەند خێڵێکی دیکەشیان لـەو تلاسابوونە پاشگەز بوونەوە و کەوتوونە شوێن دینی ئیسلام و بوونە سوننی. کۆمەڵێکیان هەر لەسەر ئەو بڕوا گەندەڵەی خۆیان ماون و پێی لەسەردا دەگرن.

بەگوێرەی بۆچوونێکی ڕاست و بێگرێ، خێڵاتی دونبولی لـە هەرێمی بۆتانەوە هاتوون و لە نێو کوردان‌دا بە «دونبول بوخت» ناسراون.[١] لە زەمانی تورکمانانی ئاق‌قوێنلوودا، شێخ ئەحمەدبەگی[١٧] کوڕی عیسابەگ، دەستی بە پلـەی بەرز ڕاگەیشتووە و تورکمانەکان قەڵای بای و چەند ناوچەیەکی داگیرکراوی ژێر ڕکێفی خۆیان باربوو کردووە و ئەم قەڵایە ماوەیەکی زۆر بەچنگ دونبولییەکانەوە بووە. کە شێخ ئەحمەدبەگ نەماوە، شێخ برایم[١٨] و شێخ باڵوولی[١٩] لە پاش بەجێماوە. لەسەر ڕاسپاردەی باوکی شێخ باڵووڵ جێی گرتۆتەوە. دوای ماوەیەک دەسەڵاتداری، سەرەنجام دەستی لەم دنیایە بەرداوە و لە دنیای دیکە ئاڵای خۆی هەڵداوە. حەوت کوڕی لە دوا بەجێماوە، کە بریتین لە: جەمشیدبەگ، محەممەدبەگ، خالەق‌بەگ، وێردی‌بەگ، حاجی‌بەگ، ئەحمەدبەگ، سمایل‌بەگ و جەعفەربەگ.

## حاجی‌بەگ کوڕی شێخ باڵووڵ‌بەگ[٢٠]

حاجی‌بەگ باوەڕی بێخەوشی کۆنی هەبوو سەبارەت بەو خانەدانە و هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بەدڵپاکی خۆی بە خزمەتکاری تایبەتی دەرانەی شاتەهماسب

هاتووە کە دونبول (دونبولی) هۆزێکی کوردە و لە دەوروبەری مووسڵ نیشتەجێن (مروج الذهب، ١٢٤/٢، العمری، مسالک الابصار، ٢٧٧/٣، الفیروزآبادی، القاموس المحیط، ص ٩٢٠.) ز.س.

١-دونبول بۆتان (بوخت) ؛ دونبولیی بۆتانی. و.

دەزانی. ئەویش کە ئاوای زانی بەسەری کردەوە و ناوچەی «خۆی» بۆ خستە سەر سەکمەنئاباد و بە میرهەرێمی دانا و نازناوی حاجی سوڵتانی دایە و پێڕاگەیشتن و پاراستنی سنووری «وان»ی خستە سەر شانی. کاتێک کوردانی ڕەوەندی بیابانی و ئـەوانـەی کـە سـرشتیان وەکوو سرشتی دێوان بە خـراپـە دەستـاو درابـۆوە و بە خەونیش چییە چاویان بە ئاوەدانی نەکەوتبوو، لە شارۆکەی خۆی وەژوور کەوتن، هـەرکامەیان خۆیان وەکوو «گۆدەرز» و «گیو» و «سامی نەریمان» هاتە پێش چاوی و بە خۆیان دەخوڕین و دەیانگوت شاتەهماسب بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشکری ڕۆم ئێمەی لێرە داناوە. مامۆستا گوتەنی:[1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژێکی لە کابە کوردێ ڕێبوار     لێی ون بوو کەر و کردی بە هاوار
لەو چۆلە برینی ڕێگە سەختە     ونبوونی کەرم نەهاتی بەختە
قیرە و هەڕەشەی بوو کەر وەگەڕیا     ڕوونبوونەوە چاوی، لێوی خەنیا
دەیگوت کەرەکەم کە لێرە کەم بوو     دۆزینەوەشی لەبەر گورەم بوو
گەر کوردە گەف و هەرای نەبووبا     کوا خاوەنی بار و کەر دەبووبا

بەکورتی و پوختی هێندە بادیهەوا بوون کە هەر باسی ناکرێ؛ بۆ نموونە دەڵێن جارێکی چەند چەکدارێکیان دەچنە دووکانی هەڵوافرۆشێک و ئەوەندەی زگ دەبا هەڵوا دەخۆن. وەختایەک هەڵدەستن وەدەرکەون کابرای دووکاندار دەڵێ ئەدی کاکینە پووڵەکەی نادەن؟ لێی وەجواب دێن و دەڵێن خۆ شا ئەو شارەی بە هەڵواوە

---

١- ئەم مامۆستایە «نیزامیی گەنجەوی»یە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە لەیلی و مەجنوون، کە ئاوا دەست پێ دەکا:

کردی خرکی بە کعبە گم کرد     در کعبە دوید و اشتلم کرد

باربوو کردووین. لەو دەمی‌را ئەم ڕووداوە لـە نێو تورکان‌دا پەندێکی لێ کەوتۆتەوە و دەڵێن: «شهر بزم، حلوا بزم!»[1]

دیسان هەر لەو دونبولییانە دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکی دەستەیەک لە مسوڵمانەکانیان دەچنە نوێژی هەینی، هەتا گوێ هەڵخەن و بزانن مەلا دەڵێ چی؟ لە مزگەوتی گەورەی شار مەلای وتاربێژ بە دابی شیعەگەری بە ناوی دوازدە ئیمامان‌دا ـ خودایان لێ خۆش بێ ـ دێتە خوار. وەختایەک ناوی جەعفەریان بەر گوێی دەکەوێ، پێی هەڵدەبەزنەوە و ڕوو لە یەکتر دەکەن و دەڵێن تەحا لەو مەلایەی! بە خودای تەڕی دەزانێ! خۆ ناوی حاجی‌بەگ و براکانی دیکەی نەهێنا، چوو ڕاست باسی جەعفەری برای هەرە بچووکیانی کرد. وەڵڵاهی هەتا مەلا ناوی حاجی‌بەگ و براکانی نەخاتە نێو خودبەوە، ڕووی تێ‌ناکەینەوە و نایەینەوە نوێژی جومعە. زۆر قسەی خۆشی دیکەش لە دونبولییەکان دەگێڕنەوە کە خۆیان لێ لادەم باشترە و دەگەڕێمەوە سەر ڕەوتی باسەکە.

بەکورتی پاش ئەوەی حاجی‌بەگ ماوەیەکی کەم و کورت حکوومەتی خۆی بەدەستەوە بوو، لەبەر دوژمنایەتیی کۆنی لەگەڵ خێڵی مەحموودی، چەند جارێک هەڵیکوتانە سەری، بەڵام هەروەک لە بەشی بەسەرهاتی مەحموودییان‌دا باسی کرا، سەرکەوتنی بەچنگەوە نەهات و سەرەنجام ئەسکەندەرپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان بە فیتی حەسەن‌بەگ و خان‌محەممەدی مەحموودی لەناکاو تەپی دایە سەری و حاجی‌بەگی کوشت و جەماوەرێکی بەرچاوی دونبولییانی قڕ کرد. حاجی‌بەگ کۆرپەیەکی هاوناوی خـۆی لە پاش بەجێما.

### ئەحمەدبەگ کوڕی باڵووڵ‌بەگ

سـەرەتـا ئەحمەدبەگ لـە دیـوانـی شاتەهماسبەوە حکـوومـەتـی سەکمەن‌ئابادی پێ ئەسپێردرا، بەڵام چونکە دونبولییەکان دوای کوژرانی حاجی‌بەگ

١- شار شاری خۆمە، هەڵواش هەڵوای خۆمە. یان: شار ئی خۆمە و هەڵواش ئی خۆمە. و.

«ببوونە وازوازی لەم نێوەدا»،[١] جارێک بە لای ڕۆمی و هەلێک بە لای قزڵباشاندا دەشکانەوە. ئەوان نەبوونە ڕێبواری ڕێیەکی وا کە هەتا سەر لەسەری بڕۆن و لێی لانەدەن و بەپێچەوانەی ویستی شاتەهماسب دەجوولانەوە. شاتەهماسب ڕقی لێ هەڵگرتن و ڕاست لەو کاتەدا کە سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر لە هەڵمەتی بۆ سەر نەخجەوان دەگەڕایەوە، ئەحمەدبەگ و سمایلبەگ و جەعفەربەگ، کە سێ برا بوون بانگی کردن و لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی قزڵباشان ناردنی بۆ لای ئەردەهان. بەدزی سەرکردەکانی فێر کردن کە ئێوە فیسارە ڕۆژە سەرۆک و سەرکردە و جەماوەری دونبولی بدەنە بەر هەڵمەتی خۆتان و مەهێڵن یەکیان دەرچێ و منیش تەواوی پاسەوانەکانیان لە بارگای خۆم دەدەمە بەر لەپی تیخی مووکار و قڕیان تێدەخەم. لە ڕۆژی دیاریکراودا سەرکردەکانی قزڵباش هەرسێک برا و نیزیکەی چوارسەت کەسی دڕ و چاوسووری دونبولییەکانیان لە خوێنی خۆیان گەوزاندن. شاتەهماسبیش بیستوسێ کەسێکی لە بارگای خۆی لێ کوشتن. مەنسووربەگی کوڕی محەممەدبەگ لە ئەردەهان ڕایکرد و پەنای بردە بەر دەرانەی سوڵتانی خەزاکەر و ئەویش دڵی دایەوە و بە سیلەچاوی شاهانەی بەسەری کردەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### مەنسووربەگ کوری محەممەدبەگ کوڕی باڵووڵبەگ(٢١)

لە چاکەی بێبڕانەوەی سوڵتانەوە ناوچەی بارگیری و دۆڵی قوتووری باربوو کرا و لێی بوو بە میرناوچە. شکستە و دەربازبووی چەکدارانی دونبولیش لە دەوری هالان و هەتا ژیا لەوێ حکوومەتی کرد و کە مرد وەلیبەگ و قلیچبەگی لە پاش بەجێمان.

---

١- «مذبذبین بین ذلک»، بەشێک لە ئایەی ١٤٣ی سوورەی نیساء. و.

## وەلیبەگ کوڕی مەنسووربەگ

پاش نەمانی باوکی، وەلیبەگ خوێندرایەوە و بە جێنشینی داندرا. بێئەوەی هیچ شتێکی تێبێنم دەبێ بڵێم بەڕاستی پیاوێکی یەکجار ئازا و دەسکەرەوەیە و هاوشانەکانی تای ناکەن و شیاوی پلەی بەرزی میرایەتییە. ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، بە سەر ناوچەی دۆڵی قوتوور ڕادەگا و ناوچەی «ئەبقا»شی وەکوو کوانووی بنەماڵە بۆ دیاری کراوە. لە جەنگەی گیرانی نەخجەواندا، قلیچبەگی برای بە میرناوچەی ئوجوق داندراوە و هیچ شەریکەدەسەڵاتێکی نییە و ئێستا بێگرێ و کۆسپ لەوێ پاڵی داوەتەوە.

## حاجیبەگ کوڕی حاجیبەگ

هێشتا کۆرپەڵەیەکی دوو مانگانە بوو کە باوکی کوژرا و بەپێی دابی کوردان بە ناو باوکییەوە کرا. شاتەهماسب مووچەیەکی بۆ بڕییەوە و پاش ئەوەی هەڵیدا و بوو بە پیاو کەوتە ڕیزی پاسدێرانی پایەبەرزی پادشا. لە جەنگەی کێشە و هەراکەی سوڵتان بایەزیددا ناوچەی ئەبقای باربوو کرا. کۆمەڵێک لە هۆزی دونبولی تێی هاڵان و ماوەی بیست ساڵێکی لەوێ حوکمڕانیی کرد. پاش نەمانی شاسمایلی دووهەم، یانی ڕۆژگاری شاسوڵتان محەممەد، ئەو دەمەی کە مستەفاپاشای سەردار لە لێواری ڕووباری قەنع هۆردووبەزی کرد، میرخان نیوەشەوێک بەسەر لەشکری ئیسلامیدا دا. لەو شەوگورزەدا حاجیبەگ و چەند سەرکردەیەکی قزڵباش لە ڕووباری کوڕدا[1] خنکان و بە گەرووی دەریای نەماندا ڕۆچوون. پاش ئەوەی نەزەربەگ و پاشەوارەکانی حاجیبەگ بە لای [حکوومەتی عوسمانیدا] شکانەوە، سوڵتانی خوابەخشیو «سەکمەنئاباد»ی باربوو کردن کە

١-دەبێ ڕووباری کورد (نهرالأکراد) بێ لە باکووری چۆمی ئاراس. ع.ی.

هەر ئێستاش بەدەست خۆیانەوەیە و کوڕی گەورەی ئەم حاجیبەگەش هەر بەناو باوکییەوە کراوە.

**سوڵتان عەلیبەگ کوڕی جەمشیدبەگ کوڕی باڵووڵبەگ**

ئەو دەمەی کە شاتەهماسب دڵـی لە دونبولییەکان ڕەش هەڵگەڕا و فەرمانی کوژران و کوشتوبڕی دان، سوڵتان عەلیبەگ کە لە ڕیزی پاسەوانانی پایەبەرزی شاهیدا بوو، بە مەبەستی کۆکردنەوەی باج و پیتاک نێردرابوویە ئیسفەهان. هێشتا سەد تمەنێکی پتر کۆنەکردبۆوە کە هەواڵی کوژرانی مامان و برایان و جەماوەرێکی خزمانی بەگوێی ئاشنا کرا. ئەوەندە پووڵەی چنیبوویەوە لە پاشکۆی ئەسپی شەتەک دا و باڵـی گرت و وان بگرەو هاتم. ماوەیەک لە نێو هۆزی دونبولیدا ماتەی هەڵگرت و کاتێک شاتەهماسب ڕقی لێیان نیشتەوە و چاوی لە تاوانەکانی پۆشین، سوڵتان عەلیبەگ سەد تمەنە پووڵەی هەڵگرت و هاتەوە ژێر دەرانەی شاهی و گوتی سەر لەپێناوم. پادشا دڵی لەگەڵ چا کردەوە و بە خەڵاتی شایانە بەسەری کردەوە و گێڕایەوە سەر دۆخی جارانی و لە ڕیزی پاسەوانان و سوارەی سکۆرتێ دایمەزراندەوە.

دوای ماوەیەک، کاتێک شاسوڵتان محەممەد بیستی حاجیبەگ نەماوە، فەرمانی میرایەتیی بۆ سوڵتان عەلیبەگ نووسی. ناوچەی سولەیمانسەرای و نیوەی ئەبقای تێکەڵ کردن و ناردییەوە بۆ نێو دونبولییەکان. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا، چونکە ئەو ناوچانە لەبەر هەرا و ئاژاوە وا وێران ببوون،[1] تەنانەت بەرهەمی بەرێچوونیشیان لێ کۆنەدەکرایەوە، لە «شورورور» زۆر بە داماوی و هەژاری ڕایدەبوارد. بۆ ئەوەی سەری خۆی ڕابگرێ بەشێک لە داهاتی

١-ل ٢١٧ی بودلیان: «ئەم ناوچانە ببوونە پێخوست و پێشێلی سمی ئەسپانی لەشکری هەمیشە سەرکەوتووی عوسمانی.» و.

باج و پیتاکی دۆڵی ئەلەکیس[1] و شورووری سەر بە نەخجەوانی بۆ کرایە کۆمەگبژیو. لەوێ ئەجەلی هات و ڕووی کردە دنیای دیکە و سێ کوڕیشی لە پاش بەجێما، کە بریتی بوون لە: نەزەربەگ، قلیچبەگ و حوسێنبەگ.

### نەزەربەگ کوڕی سوڵتان عەلیبەگ

پاش نەمانی سوڵتان عەلیبەگ، نەزەربەگی کوڕی بەپێی فەرمانی شاسوڵتان محەممەد کرایە جێنشینی. ئەو دەمەی کە مەزنانی دەوڵەتی عوسمانی چۆکیان بە هێزی ئێرەوان‌دا دا و گرتیان و ئەرکی پارێزرانی خرایە سەر شانی سنانپاشای وەزیر، نەزەربەگ و کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی قزڵباشی ڕۆملوویی، ئەلباوتی، سەعدلوویی و چەمشکەزەکی، کە هەر لە کۆنەوە دانیشتووی چخورسەعد بوون، خۆیان ساز کرد و چوونە زیارەتی دەرگای هێندەی ئاسمان بەرزی عوسمانی. سنانپاشای چیغال ئۆغڵی بوو بە چاوساغیان و لە ئەرزەرۆم بردنییە خزمەت فەرهادپاشای سەردار و شانازیی دیداریان پێ برا. لە سایەی بەسەرکرانەوەی شاهانەوە، لەسەر ڕێوشوێنی جاران چاڵدێران و سولەیمانسەرای و سەکمەنئاباد باربووی نەزەربەگ و قلیچبەگی برای کرا. سەرەتا شاتەهماسب و دواتریش سوڵتانی خوابەخشیو «سەکمەنئاباد»یان خستبوویە سەر ناوچەی بارگیری و وەکوو کەڵەبڕ خرابوویە ژێر دەستی مەنسووربەگی مەحموودی. ئەویش هەر دەستیدەستی و ئەمرۆ و سبەینێی پێ کرد و بۆ نەزەربەگی بەجێنەهێشت. وا هات کە فەرهادپاشا سەرلەنوێ فەرمانی بەرزەنیشانی سوڵتانی بۆ مەنسووربەگ وەرگرتەوە.

[1] - ئالاکیس، ئەلەگز. و.

وەکوو دیارە ئەو ڕۆژەی نەزەربەگ سەری وەبەر دەرانەی سوڵتان هێنا، لەگەڵ سنانپاشا قسەی بڕیبۆوە کە دەبێ فەرمانی وەرگیرانەوەی ناوچەی سەکمەنئابادی بۆ وەربگرێ، کە هەر لە کۆنەوە باب‌وکاڵی بە سەری ڕاگەیبوون. ئەویش توانیبووی گفتی خۆی وەدی بێنێ و فەرمانی مۆرکراوی دابوویە دەستی، بۆیە ویستی بە زەبری زۆر مەنسووربەگ لە سەکمەنئاباد دەرپەڕێنێ. ئاوری ئاژاوە لە هەردک لاوە هەڵاییسا و دوژمنایەتیی کۆن بووژایەوە و ژیایەوە و کار گەیشتە شیروەشان و نێزەهەژان. عێل و عاشیرەت و لایەنگرانی دوو بەرەکە لێک کۆوەبوون و بەرەوڕووی یەکتر چەقین. نەزەربەگ و حوسێنبەگی برای و هەشتا کەس لە سەرناسانی دونبولی لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا لە خوێنی خۆیان گەوزین.

### قلیچ‌بەگ کوڕی سوڵتان عەلی‌بەگ

قلیچ‌بەگ دوای کوژرانی براکانی، بە هیوای لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە لەگەڵ تاقمێک لە مەزنان و خزمانی دونبولی لە ئەرزەڕۆم هاتنە خزمەت فەرهادپاشای سەردار و لایان وابوو چاکیان هەڵدەپێچێ و دە سەریانەوە ناچێ. فەرهادپاشاش ناردی بە شوێن مەنسووربەگ و دەستەیەک لەو چاوناسانەی مەحموودیدا کە بەشداری شەڕەکە ببوون و منی نووسەری ئەو ڕووپەڕانەش بەشداری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوەیە بووم. پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت ماکی هەڵگیرسانی شەڕەکە، ئەو دوو فەرمانە دژاودژە بوون کە سەردار دابوویە دەست هەردک لا کە خۆیان بە هەق دەزانی.

کێ بە قەناعەت لێو بەخەندە بێ   هەتاسەر دڵی دەوڵەمەن دەبێ
ئەوەی ئارەزوو لە گەرنی هاڵێ   هەژاری دەکا و پێوەی دەناڵێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ئاکامدا سەرداری دادەوان، متەقی لە خۆی بڕی و لە ئەلفەوە نەهاتە بێ و بەرگی چاوپۆشی و لێبوردنی بڕی بە باڵای دادپەروەری و پێکهاتنی بە باش زانی، کە هیچ بەرژەوەندییەکی ناگاتێ. پاش ئەوەی سەردار ئامانجەکەی وەدی هات، گوتی جا وا باشە مەنسووربەگ دەست لە ناوچەی سەکمەنئاباد هەڵگرێ و بڕوا و بیداتە کوڕەزای حاجیبەگی پێشوو. قلیچبەگیش چاڵدێرانی پێ بەخشرا هەتا ئاوا ئاوێک بە ئاوری دوژمنایەتی و دووبەرەکیدا بکرێ. هۆزی دونبولی بەناچاری و بەناسەرسەنگی بەو گورگئاشتییە ڕازی بوون و گەڕانەوە.(٢٢)

## بەشی دەهەم ١

## باسی میرانی کەڵهوڕ کە بریتین لە سێ لک

ئەوەی ڕاستی بێ، میرانی کەڵهوڕ بنەچەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر «گۆدەرز»ی کوڕی «گیو». ئەم گیوە لە زەمانی پادشایانی «کەیانی»دا حوکمڕانی شاری بابل بووە کە بە «کووفە» بەناوبانگە. گیو کوڕێکی دەبێ بەناوی ڕوهام کە لەسەر فەرمانی بەهمەن[شا]ی کەیانی هەرووژمی کردۆتە بەیتولموقەددەس و میسر و چەندی بۆی کراوە خاپووری کردوون و خەڵکێکی بەرچاویشی کوشتووە. ئەوەندەی سەری جوولەکان تێدا بردووە کە خوێنیان ئاشی پێ گەڕاوە. مێژوونووسان لایان وایە ئەو کەسە «بوختوننەسر»ە. سەرەنجام بوختوننەسر لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە و لەو کاتەوە حکوومەتی ئەو خاک و

١- بەشی حەوتەم، هەشتەم و نۆهەم هەر سەردێرن لە پێرستی سەرەتادا و نووسەر نەینووسیون و هیچ باسێکی پێ تایبەت نەداون، بۆیە دوای بەشی شەشەم گەیوەتە بەشی دەهەم. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەرێمە بەدەست توخم و تۆرەمەی ئەوانەوەیە و هۆزەکەیان بە «گۆران» ناسراوە.[١]

## لکی یەکەم
## باسی میرانی پڵنگان (پاڵەنگان)

لە بەرەبابی میرانی پاڵەنگان چوار کەسیان لە نێو خەڵکدا ناوبانگیان دەنگی داوەتەوە، کە یەکەمیان غەیبوڵڵابەگە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### غەیبوڵڵابەگ

غەیبوڵڵابەگ هەتا بڵێی پیاوێکی بەدین و خودناس و زانا بوو. ئەو قەڵا و ناوچانەی کە بەدەستییانەوەن بریتین لە: قەڵای دێودژ، نویَدژ، دژمان، کواهەکووز، موور، کەلاتە (قەڵاتە)، نشوور و مراوی‌دیمەن. هەر لە سەرەتاوە سەری وەبەر شاسمایل[ی سەفەوی] هێناوە و پاش نەمانی محەممەدی کوڕی بۆتە جێگرەوەی.

### محەممەد کوڕی غەیبوڵڵابەگ

محەممەد کە بۆتە جێنشینی باوکی، شاتەهماسبیش فەرمانی بۆ مۆر کردووە. پیاوێک بووە دادەوان و بەویژدان و لە زۆر زانستانی زانیوە. زۆر چاک بە

١-وا دیارە کەڵهوڕ لە بنەڕەتدا ناوی شوێنە نەک هۆز؛ بۆ نموونە شێخ یووسفی عەجەمیی گۆرانی (م: ٧٦٨ی ک/١٣٦٧ی ز) خۆی گوتوویەتی زێدی ئەو کەڵهوڕە و گەڕۆکی عوسمانی میتراقی‌زادەش هەروەک شوێن ناساندوویەتی (رحلة مطراقی‌زاده، المجمع الثقافی، ابوظبی، ٢٠٠٣، ص٧٤. دیارە دواتر ئەو تیرە و خێڵ و بنەماڵانەی لەو شوێنە نیشتەجێ بوون بە کەڵهوڕ ناسراون. ز.س.

زانایان و مامۆستایان ڕاگەیشتووە و چـاوی بە سەریانەوە بووە و مزگەوتی گەورە و فێرگەی لە پاڵەنگان ساز کردووە. شاتەهماسب کچێکی لێ خواستووە و بۆتە خزمی. چەند ساڵێک بە سەربەستی حکوومەتی کردووە و چوار کوڕی بووە: میر ئەسکەندەر، میر سولەیمان، سوڵتان موزەففەر و جەمشیدبەگ. هەر بە زیندی‌سەر هەرێمەکەی بە سەر کوڕانی‌دا دابەشیوە و میر ئەسکەندەری بۆ جێنشینیی خۆی دیاری کردووە.

**میر ئەسکەندەر**

دوای نەمانی باوکی، میر ئەسکەندەر لە قەزوێن خۆی گەیاندۆتە خزمەت شاتەهماسب و ئەویش لەسەر پێ‌وشوێنی باوکی فەرمانی دەسەلاتی بۆ نوێ کردۆتەوە. زەمانی شاسمایل[ی دووهەم] چۆتە خزمەت پادشا و ئەویش گەلێکی دەستی ڕێز لێناوە و فەرمانی حکوومەتی پاڵەنگانی بۆ تازە کردۆتەوە و بە کاوی دڵی خۆی تەشریفی گەڕاوەتەوە. پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بە سەر دەسەلاتی‌دا، بـۆتـە نێچیـری پڵنگـان و شێـرانی گیان‌ئەستێن و گیـانی داوەتـەوە دەست بەدی‌هێنی جیهان.

دڵنیا مەبە لەم دەریا تووڕە و بەژاوەژاوە
هەروەک جارانە و خواردنی مرۆی وەلا نەناوە [1]

وەکوو دیارە هەر دوابەدوای نەمانی میر ئەسکەندەر، سولاغ حوسێنی تەکەللووی حوکمڕانی دینـەوەر، پەلاماری قەلای پاڵەنگانی داوە و ئەو قەلاتە

١- نیزامیی گەنجەوی، خەمسە، خوسرەو و شیرین، بەشی ٤٦؛ لێرەدا واتای ئەو دەقە وەبەرچاو گیراوە کە شەرەفخان هێناویەتی، نەک ئەوەی لە دەقی دیکەدا هەن و جیاوازن. و.

هەڵدێـر و هەڵـەمـووتـەی گرتـووە، کە بە لەگێـران نـەهـاتـوو دانـدراوە و بنـەی لێ داکـوتاوە. سوڵتان حوسێنی بـرای سولاغ کـە زۆری لێ ترساوە و حەجمینی لێ هەڵگێراوە، پەنامەکی ڕایکردووە و چۆتە خزمەت مەحموودپاشای کوڕی شەمسیپاشا لە شارەزوور. چونکە دوای نەمانی شاسمایل[ی دووهەم] شێواوی و ئاژاوە وڵاتی گرتۆتەوە و کەس خەتی کەسی نەخوێندۆتەوە و هەر کەس بە ڕبەی خۆی پێوایەتی و بە ئاواتێکەوە ژیاوە، وەلیخانی تەکەللووی حوکمڕانی هەمەدان سەری سولاغ حوسێنی تێدا بردووە. قۆشەنی شارەزوور هەلی بۆ ڕەخساوە و قەڵای پاڵەنگانی لە چنگ تەکەللوویان دەرهێناوە. ئەم بەرەبابە میراتگری نەماوە و ئێستا پاڵەنگان لە دیوانی عوسمانییەوە باربووی خەڵکی بێگانە دەکرێ و لێی دەبنە مەزن و میر.

## لکی دووهەم

## باسی میرانی دەرەتەنگ

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ڕۆژگارانی پێشوودا دەرەتەنگ بە حولوان ناسراوە.[١] وەکوو منی نووسەری ئەم لاپەڕانە بیستوومە، یەکێک لە میرەکانیان سۆهراببەگە، کە بە پیاوێکی ئازا و بەدڵ و دەروون ناسراوە. ناوچە و قەڵاکانی بەر فەرمانی بریتی بوون لە: پاوە، باسکە، ئالانی، قەڵای زنجیر، دودمان (دووان)، ڕەوانسەر و زەرمانیکی. پاش نەمانی سۆهرابەگ، عومەری کوڕی جێی گرتۆتەوە.

١-هەروەها لە کۆتاییی سەردەمی عەبباسیەوە، ئەم ناوچەیە بە دەرەتەنگ دەناسرێ، کە پێشتر بە حەلوان (حولوان) دەناسرا. ز.س.

**عومەربەگ کوڕی سۆهرابەگ**

عومەربەگ لە سەرەتادا پیاوێکی بەدفەڕ و بەدگووز و خوێنڕێژ و مەیخۆرەوە بووە. سەرەنجام خودا تۆفیقی داوە و بە یەکجاری تۆبەی کردووە و لە هەموو کارێکی نابەجێ گەڕاوەتەوە. ئەو دەمەی کە سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر دەستی بە سەر داروسسەلامی بەغدادا گرتووە، عومەر چووە و سەری وەبەر دەسەڵاتی هێناوە و ئەویش هەرێمی بەمیراتگەڕاوی باربوو کردۆتەوە و خوێندوویەتەوە. لەو کاتەوە کە خۆی هاویشتۆتە بەر دەرانەی بەرزی پادشایەتی و کەوتۆتە ڕیزی غولامانی، کەم و زۆر لە ڕێبازی نۆکەرچاکی و بەندایەتی لای نەداوە و هەنگاوی شل و کل نەکردووە. زۆر ژیاوە و سەرەنجام لە زەریای نەماندا خنکاوە.

وەبزانە حەوت سەبعەت خوێندووە  یا حەوت هەزار ساڵ بڕت کردووە
بەڵام کە مردن کراسی بەرتە  کێ دەڵێ کورتی و درێژی شەرتە [1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**قوبادبەگ کوڕی عومەربەگ**

پاش نەمانی باوکی، قوبادبەگ جێی گرتەوە و هەتا خودا حەز کا پیاوێکی ئازا و دڵاوا و جوانچاک و ڕەزاسووک و سەرتۆپ و تاقانەی زەمانەیە. بێجگە لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی باب‌وباپیرانی، بەشێکی دیکەشی خستۆتە سەر

---

١- هۆنراوەیە. حەوت سەبعە مەبەست «سبعة معلقات»ە کە حەوت چامەی حەوت شاعیری زمانپاراوی عەرەبی پێش ئیسلامن و بە دەروازەی کابەوە هەڵوەسراون و خۆیان پێوە ڕاناون. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە: وشەدانی دێهخودا، ب ٩، ل ٩-١٣٤٠٨.) و.

قەڵەمڕەوی و لە دینەوەرەوە هەتا بەغدا دەگـرێتـەوە. بۆ ویشکەپووڵ و دەوڵەمەندی و پڕچەماوەری و داهات و مەڕ و ماڵات، کەس تای ناکا[1].

## لکی سێهەم

## باسی میرانی ماهیدەشت

ئەوەی ڕاستی بێ لە جەنگەی نووسینی ئەم دەقە شپڕێو و شێواوەدا، کەسێکی وام وەدەست نەکەوت شارەزای بەسەرهاتی میرانی ماهیدەشت بێ، بەڵام هەر زمانەوزمان بیستم کە لە کۆنەوە «ماهیدەشت» و «تیلاوەر»[2] بوونە مەکۆی دەسەلاتیان. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی ڕەوەند و خێڵەکین و مەڕدار و ئاژەڵدارن. لە پێشوودا شاباز و مەنسوور کە دوو برا بوون بە هاوبەشی حکوومەتیان کردووە.ساڵی ١٠٠٢ی ک/١٥٩٣ی ز، مەنسوور دەستی لە شابازی برای وەشاند و کوشتی و هەموو شتێکی ڕاکێشایە ژێر چۆکی خۆی. ئێستا لەویندەرێ میری بێبەرهەڵستە.

شاباز کوڕێکی لە پاش بەجێماوە ناوی «ئەلقاس»ە. جاروبارە دە گژ مامی ڕادەچێ. مەنسوور بۆی بڕاوەتەوە کە هەموو ساڵێک نیزیکەی چلهەزار سەر ئاژەڵ بدا بە بەغدای کوانووی دەسەلات. زۆر چاکی خۆ لەگەڵ مەزنی

١- گۆیا میر قوباد، لە لایەن دەسەلاتدارانی بەغداوە دەگیرێ و دایکی پەنا دەباتە لای بابایادگار تا دوعای بۆ بکا هەتا کوڕەکەی لە زیندان ڕزگار بێ و باباش بە دەنگییەوە دەچێ و دوعای بۆ دەکا. گۆیا قوباد دوای ئازاد بوونی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ ناوچەکە، گڵکۆیەکی بۆ بابایادگار ساز کردووە (خورشیدپاشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، الترجمة العربية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٠١-٢٠٢). ز.س.

٢- ل ٢٢٠ی بودلیان: «بیلاوەر»؛ بەڵام بەپێی وشەدانی دێهخودا «بیلوار»ە. بێگومان تیلاوەر هەڵەیە. و.

سەرکردەکانی بەغدا و کاربەدەستانی خانەدانی عوسمانی ڕێکخستووە و هیچ لە قسەیان دەرناچێ. پیاوێکی چاونەترس و بەجەرگە و یەکجار دەوڵەمەندە و خەزێنەی دارماڵە و لەو هەرێمەی دەوروبەری هیچکەس شانی لە شانی نادا و دەسکی لە دوو ناکا.[1]

## بەشی یازدەهەم

## باسی میرانی بانە

لە ڕووی نووسینی دڵبزوێنی باوەڕپێکراوان و تێکخرانەوەی وشەی پیرۆزەنیشانی نەزیلەبێژانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بانە ناوی هەرێمێکە و سەرۆک هۆز و سەرخێڵانی بەو شوێنەوە ناودێر کراون. ئەو هەرێمەش بریتییە لە دوو قەڵا و ناوچەیەک. یەکیان قەڵای پیرۆز و ناوچەی بانەیە و ئەوی دیکەیان قەڵای «شیوە»یە. [بانە] کەوتۆتە نێوان هەرێمی ئەردەڵان و بابان و موکریان. میرەکانی پێیان دەڵێن «ئیختیارەددین»ی؛ یانی هەر بە خۆشیی خۆیان لە دینی کافرانەیان هەڵگەڕاونەوە و مسوڵمان بوون و نەکەوتوونە شوێن هیچ پادشایەکی مسوڵمان و سەریان وەبەرنەهێناوە. هەتا کوێ وایە، هەر خودا دەزانێ.

**میرزابەگ کوڕی میر محەممەد**

وەکوو باسی دەکەن میرزابەگی کوڕی میر محەممەد یەکەم کەسی میرانی بانەیە کە ناوی کەوتۆتە سەر زمانان. پاش ماوەیەک دەسەڵاتداری، کچی بەگەبەگی

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٠٠-٦٠١. و.

میری ئەردەڵانی هێناوە و بۆتە حوکمڕانێکی تەواو سەربەخۆ. لەسەر خواستنی کچی بەگەبەگ لەگەڵ سوڵتان عەلیبەگی غنلیج [١] لێی بوو بە شەڕ و نێوانناخۆشی. سوڵتان عەلیبەگ، میرزابەگی لەسەر دەسەڵات هەڵداشت و «قانتەمیشبەگ»ی برای خۆی لە جێی دانا. میرزابەگ پەنای بردە بەر بەگەبەگی خەزووری و بە یاریدەی وی قانتەمیشبەگی دەرپەڕاند و چۆوە سەر دۆخی جارانی. پاش ماوەیەک مەرگ سەری لێ دە سوێیە نا و ڕووی لەو دنیا نەمێنە وەرگێڕا. پێنج کوڕی وەک یادگار لە پاش بەجێما: بوداقبەگ، سلێمانبەگ، غازیخان، میر محەممەد و ئۆغورلوو.

### بوداقبەگ کوڕی میرزابەگ

پاش نەمانی باوکی، بوداقبەگ جێی گرتەوە و دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، میر محەممەد و ئۆغورلوو کە لە دایکێکی دیکە بوون، لێی هەڵگەڕانەوە و ڕاویان نا. بوداقبەگ پەنای بردە بەر دەرانەی شاتەهماسب هەتا یاریدەی بدا و بگەڕێتەوە سەر باری جارانی، بەڵام چێژەبڕەی ژیان بەپرتاو هەڵیکردە سەری و لە شاری قەزوێن کاڵای گیانی بە تاڵان برد.

### سلێمانبەگ کوڕی میرزابەگ

دوای مردنی بوداقبەگی برای، سلێمانبەگ لە دیوانی شاتەهماسبەوە فەرمانی دەسەڵاتی بانەی باربوو کرا. یۆڵقولیبەگی کوڕی ئایدینئاغای زولقەدری حوکمداری مەراغەی ڕەگەڵ خرا تاکوو بیبا و لە بانە بیکاتە میر. بەپێی فەرمانی پادشا، سلێمانبەگ بە یاریدەی یۆڵقولیبەگ جڵەوی دەسەڵاتی بانەی بەدەستەوە

---

١-نابێ ئەم ناوە دروست بێ و هیچکام لە دەسنووسەکان وایان نەنووسیوە ساغ بێتەوە. وەک متنلیج دەچێ و لە جێی دیکەش هەیە «متنلج». ل ٢٢٠-٢٢١ی دەقی بودلیان. و.

گرت. بیست ساڵێکی حکوومەت کرد و چونکە پیاوێکی چاک و بەدین بوو، دەستی لە کاروباری گرینگ و دژواری دەسەڵات هەڵگرت و وەلای نا و بەدربەگی برازای لە جێی خۆی دانا و کردی بە زاواشی و کیژێکی دایە. دوو جار سەری ماڵی خودا و مەککە و مەدینانی دا، خودا لە گەورەیی و پیرۆزییان کەم نەکا. جاری دوایی لە دەوری نێژگەی پیرۆز و پرشنگداری، مەزنی هەرە چاکی ئادەمیزادان -- دروودی خودا بۆ سەر خۆی و خانەدانی پاکی -- بنەی داکوتا و لە شاری مەدینەی پرشنگدار نیشتەجێ بوو.[١]

## دەستەی سێهەم

## باسی میرانی کوردانی ئێران[٢] کە دەبنە چوار لک

ئەوانەی بە پێنووسی گەوهەرباری خۆیان کەوتوونە پێوشوێنی بەسەرهاتی میران و ڕووپەڕی کاغەزیان نەخشاندوون، لایان وایە زۆربەی کوردانی ئێران [واتە گۆران] دەبنە سێ باڵ: سیامەنسوور[ی]، چگنی و زەنگەنە.

وەکوو دەگێڕنەوە لە ڕاستیدا ئەمانە سێ برا بوون کە لە هەرێمی لوڕستان یان وەک دەڵێن لە گۆران و ئەردەڵانەوە، بە مەبەستی چوونە بەر ڕکێفی پادشاکانی ئێران لە زێد و نیشتمانی خۆیان تلاسابوون. هەرسێک برا چاکیان گەشە کردووە و

---

١- ساڵی ١٦٨١ پەراوێزێک سەبارەت بە میرانی «گەڵباخی» نووسراوە کە لە چاپە فارسییەکەی میسردا «محەممەدعەلی عەونی» خستوویەتە نێو دەقی شەرەفنامەوە و پێشی لێناوە کە شەرەفخان نەینووسیوە. مامۆستا هەژار لە لاپەڕە ٦٠٤-٦١١ی وەرگێڕانەکەی خۆیدا هێناویەتی و بە دەقێکی نارێکوپێکی داناوە. زێرنۆف وەک پەراوێز خستوویەتە دەرەوەی دەقەکە و لە بەشی جیاوازییەکاندا هێناویەتی (ل ٤٩٧-٥٠٦). و.

٢-لە لاپەڕە ٨ی بودلیاندا نووسراوە کوردانی ئێران ناسراون بە گۆران. و.

هەتا پلەی میرایەتی پێهەڵچوون. ئەو خەڵکەی لێرولەوێوە بە دەورەیانەوە کۆبۆتەوە، ناوی ئەوانیان خراوەتە سەر شانی.

ئەو هۆز و خێڵانەی دیکەی کوردانی ئێران کە سەریان وەبەر پادشا و مەزنانی دیوانی هێناوە بریتین لە: لەک، زەند، ڕووزبەهان (ڕۆژبەیانی)، متلیج، حەسیری، شارەزووری، وەرمزیار، کەلانی، ئەمینلوو [1]، مەمەلوویی، کەج، کوڕانی [2]، زەکتی، کەلەگیر، پازووکی، وەهی، چەمشکەزەک، عەرەبگیرلوو لەگەڵ چەندی دیکەش. لەوانەی باسیان کرا، پازووکی، چەمشکەزەک، وەهی و عەرەبگیرلوو هەر لە کۆنەوە میر و میرزادەیان لێ هەڵکەوتووە و دەسەڵات لە نێو خۆیاندا دەگەڕێ و دەستاودەستی پێ دەکرێ.

بیستوچوار هۆز و تیرەی کوردی دیکەش لە قەرەباغی ئێران نیشتەجێن و بە «ئیکیرمی دورت» [3] بەناوبانگن. لە سەردەمی شاتەهماسبدا ئەحمەدبەگی پورتاڵ ئۆغلی کرا بە میری ئەوانە. وایان بۆ دانا کە هەمیشە چ لە جێی خۆی بێ و چ لەشکری جاڕ دابێ بۆ شەڕ، دەبێ سێهەزار [4] چەکدارێکی ئامادەی لە ژێر ڕکێفیدا بێ. تۆرەمەیەکی دیکەی کوردان کەوتوونە خوراسان کە پێیان دەڵێن «گیل» [5]. شاتەهماسب کەسێکی بەناوی شەمسەددینبەگ بۆ کردبوونە مەزن. تیرە و تۆرەمەی بێناوبانگی کورد لە ئێران زۆرن، کە هێنانە گۆڕیان دەبێتە درێژدادڕی و

---

١- بودلیان ل ٢٢١: ئاینلوو. و.

٢- بودلیان ل ٢٢١: کەج کورایی وەکوو خێڵێک ناوی هاتووە، کەچی زێرنۆڤ کردوویەتە دوو. و.

٣- بیستوچوار. و.

٤- لەشکرێکی ئاوا ئامادەبەدەست بەخێوکرانی بۆ میرێک یەکجار دژوار بووە و وێدەچێ هەڵە بێ، چونکە لە لاپەڕە ٢٢١ی دەقی بودلیاندا نووسراوە سێهەزار. و.

٥- گیلەکی. و.

بەناچار خۆی لێ دەبوێرم. سپـاس بۆ پەروەردگاری خـاوەن دەسەڵاتی جێی پەسن و پەرستن[١].

## لکی یەکەم
## باسی میرانی سیامەنسوور[ی][٢]

ساڵی ٩٦٠ی ک/١٥٥٢-١٥٥٣ی ز، شاتەهماسب یەکێک لە میرزادەکانی سیامەنسوورییانی بەناوی خەلیلبەگ خوێندەوە و کردی بە خەلیلخان و داینا بە مەزنی میرانی تەواوی کوردەکانی ئێران. بیستوچوار تیرە و هۆزی دیکەی کوردیش کە هەموویان خاوەنی مەزن و میری خۆیان بوون، جگە لە سیامەنسوور[ی]، هەمووی خستنە بەر فەرمانی. خەلیلخان خاک و هەرێمی سوڵتانییە، زەنجان، ئەبهەر، زەرپینکەمەر و چەند ناوچە و مەڵبەندێکی دیکەی نێوان ئازەربایجان و عێراقی خەڵات کرا. فەرمانیشی پێ کرد هەتا نیزیکەی سێهەزار

بنکەی ژین www.zheen.org

١- زۆربەی تیـرە و خێـڵ و هۆزەکـانی کرماشـان، لانـیکەم لە سـەرەتای پەیـدا بـوونی دەسـەڵاتی عوسـمانییەوە لە ناوچەکـانی هەولێـر و مووسـڵ و کەرکـووک بڵاوبـوونەوە و نیشتەجێ بوون، بەڵام ڕوون نییە ئەم هـۆزانە کەنگـێ و بە چ پاساوێک ئـاودیوی ئەم دیوی کوردستان بوون، بڕوانە: الأرشيف العثماني، دفتر تحرير مفصل و اجمال ولاية أربيل سنة ٩٤٩ هـ/١٥٤٢م، ترجمة و تقديم د.خليل علي مراد، الأكاديمية الكُردية، أربيل، ٢٠١٥).ز.س.

٢- سیامەنسـوور (سیامەنسـووری) لەو هـۆزە کـوردانەیە کە لەسـەرەتای سـەردەمی سەفەوییەوە دەرکەوت و چەند میرێکیـان لە سـپای شاعەبباسـی سـەفەویدا خزمەتـی دەکرد. بڕوانە: (اسكندربيگ تركمان (ت١٠٤٣هـ/١٦٣٣م)، تاريخ عالمآراى عباسى، موسسه انتشارات اميركبير، تهران، ١٣٨٧هـش). وا دیـارە هەندێکیانیش بوونەتە ئەهلـیحەق (یارسـان). بڕوانە: محمد بن عبدالرسول البرزنجي، نـوافض الـروافض (دەسـنووس). سیامەنسـووریش گونـدێکە سـەر بە کەرکووک. ز.س.

سوارەی کورد لە ژێر ئالاّی خۆیدا ڕێک بخا و لە نێوان قەزوێن و تەورێز دامەزرێ و شانی بداتە بەر پاراستنی ڕێگاوبان و سنووران.

پاش تێپەڕبوونی دووسێ ساڵێک بە سەر ئەم ڕەوتەدا، کۆمەڵێکی زۆری کوردی دێوەکیی هێنان و لە دەوری خۆی هالاّندن، بەلاّم خەلیلخان نەیتوانی بەچاکی جڵەویان لێ توند کا و بە مەیلی دڵی بیانهێنێ و بیانبا. مانەوەیان لەو شوێنانە بەپێچەوانەی ویست و بۆچوونی پادشا ڕەنگی دایەوە و ڕێبواران و هاموشۆکەران و بازرگانان لە چنگیان جاڕز بوون و هەڵسوکەوتی نالەباری ئەو کوردانە خەڵکی لەو ڕەوگانە تەکاندەوە. شاتەهماسب لەسەر ئەو ئاکارەیان ڕووی لێ وەرسووڕاندن و دڵی لێیان تێکهالاّ و خەلیلخانی هەڵداشت بۆ ناوچەی «خوار»ی عێراق و هەتا کەوشەنی خوراسان گیری نەکرد. پاش ئەوەی خۆشەویستی و دڵپێوەبەسترانی بەرەوخوار بۆوە و ئەوەندە کوردەی لێی هالاّبوون دەستیان لێک بەردا و بوونە پووشی دەم با، تەواو ڕووی کردە هۆزی سیامەنسوور[ی] و هەتا ژیا لە دەڤەری خوراسان هەوساری حکوومەتی بەدەستەوە بوو. پاش نەمانی، دەوڵەتیاری کوڕی مێرمنداڵی جێی گرتەوە.

## دەوڵەتیار کوڕی خەلیلخان

دوای نەمانی خەلیلخان، شاسوڵتان محەممەد بەپێی فەرمانێک دەوڵەتیاری کوڕی لە جێی دانا و نازناوی «خان»یشی باربوو کرد. ڕاست لەو سەروبەندەدا هەرێمی ئازەربایجان کەوتە ژێر ڕکێفی هێزەکانی عوسمانی و دەوڵەتیارخان بە مەبەستی پاراستنی سنوور و ڕێکخستنی بارودۆخی ئازەربایجان ڕاسپێردرا. ناوچەکانی کرشەب، زەڕینکەمەر، سجاس، زەنجان، سورلق، قەیدار، شەبستان، ئەنگۆران و قانچۆغەی سەرێ و خوارێ، لە دیوانی شاسوڵتان محەممەدەوە باربووی دەوڵەتیارخان کران، کە سەرلەبەریان لە گەرمەی شەڕ و هرووژم و

هەرادا ببوونە پێخوستی هێزەکانی قزڵباش و چەکدارانی کورد و بە سەر خاپووری‌دا کەوتبوون. بەپێی فەرمانی پادشا دەبوو بیانبووژێنێتەوە و بیانخاتەوە سەر سکەی ژیانەوە و ئاوەدانی. دەوڵـەتیـارخـان ئـاورگـی دەسەڵاتی لە کرشەب دانا و قـەڵایـەکـی یەکجـار قایـم و پتـەوی لـێ سـاز کرد و شـارۆچکـەیەکیشی لێ بنیات نا. دێوی بادیهەوایی لە کۆشکەڵی کاژەڵاکی مێشکی‌دا بنەی داکوتا و سەری لە بازنەی چەڵەمەی پادشاهی دەرکێشا. سوڵتان محەممەد گـوتی وای ناخـوا و دەبێ تێی‌سرەوێنن. دەوڵەتیارخان پێی زانی و ئەوجار سوورتر بوو لەسەر سەربادانی و لە ئەنگۆران و شەبستان قەڵای گەورەی دارشتن. شاسوڵتان محەممەد مورشیدقولی‌خانی شاملووی کوڕی وەلی خەلیفەی ڕاسپارد هەتا شەش هەزار سوارێک بەرێ و بیتەزێنێ و نەهێڵێ بۆی دەرچێ و لە گەرمەلانی‌دا بیگرێ.

کاتێک مورشیدقولی‌خان هێزی برد و گەیشتەجێ، لەرێوە قەڵاکەی ئابلۆقە دا و دەوڵەتیارخان لەگەڵ کۆمەڵێک مەردازای بەناوبانگ پشتی بە شوورەی قەڵاوە دا و لێی دانیشت. ڕۆژێکی بە مەبەستی وەشاندنی زەبرێکی گورچووبڕ خۆی و پۆلێک پیاوی دەسکەرەوە کلۆمی دەروازەی قەڵایان ترازاند و هەڵیانکردە سەر قزڵباشان. سەرەنجام مورشیدقولی‌خان خۆی بۆ ڕانەگیرا و بوو بە ڕێوینگی ڕێگای ڕەوین. دەوڵەتیار کەوتە پەیکەردەی و چەکدارێکی زۆری بوونە چێشتەی دەمی شیران و لەتوپەت کران. تەواوی تاوڵ و خێوەت و بارگەوبنە و پاشەکەوتی لەشکری قزڵباشان شەپۆلی بێ‌ئامانی تاڵانوبڕۆ تێکییەوەپێچا و بردی. وەک دەڵێن پیرەدایکی دەوڵەتیار لەو شەڕ و بگرەوبەردەیەدا خۆی هاویشتبوویە سەر پشتی ئەسپێکی ڕووتی بێ زین و بە شوێن ڕاکردووان‌دا تاوی دەدا و هەرای دەکرد: هەی‌دێ لە نەقاران! هەی‌دێ لە نەقاران! یانی بگەنە سەر ئەوانەی نەقارەیان پێیە و نەقارەچین، واتە دووتەپڵەی شەڕیان لێ بستێنن. تەواوی درۆشم و دووتەپڵەی حەوت

میرئالایان گیران و هێنـایـانـەوە قـەڵا. شکستەی شڕ و شپرێوی لەشکری پادشا تازە لە ڕوویان هەڵنەهات بگەڕێنەوە خاکی عەجەمان و لە ترسی شاعەبباس عەرز وەخۆی نەدەکردن. بەناچاری بەرەو گیلان بازرە بوون و خۆیان هاویشتە بن باڵی خانئەحمەدی حوکمڕانی ناوچەکە و ئەویش دڵی دانەوە و چاکەی لەگەڵ کردن. پادشا دوای چەند ڕۆژێک لە خانئەحمەدی ڕاسپارد هەموویان بگرێ و بیانێرێتەوە. ئەویش فەرمانی بەجێ هێنا و وێڕای کۆمەڵێک تاوانباری دیکە لە قەزوێن تێکڕایان کوشتن.

پاش ئەم سەرکەوتنە دەوڵەتیارخان هەوا هەڵیگرت و ڕووی کردە فیلسواری و خەیالاتی نەوسانی و لە خشتە بردنی شەیتانی دەسرەی سەربزێوی و سەربادانی لە سەری هالاند و بە چاوقایمی پارێزی بردە سەر هەرێمی عێراق و ویستی تا سوڵتانییە و ئەبهەر بەرێتە ژێر ڕکێفی خۆی. شاعەبباس پێی زانی و خێڵی شاملووی جـار دا و مەهدیقوڵیسوڵتانی کـورەزای ئوغزیوارخانی کـردە سـەرکـردەیـان و بـەتەقڵەکوت و بەغار ناردنی بۆ سەر دەوڵەتیار. چونکە نەهاتی ڕووی تێکردبوو، تەواوی عێل و عەشیرەتی ئێزن دابوون و هەر یەکەی بەرەو قوژبنێک چووبوون و خۆی و چەند کەسێک نەبێ لەو قەڵا نیوەکارەیەدا نەمابوونەوە کە هێشتا مشارەی لێواری شوورەی هەڵنەچندرابوو. لەشکری شاملوو مەچەکەیان لە بەژنی قەڵا ئەنگاوت و پاشان هەواڵیان نارد بۆ شاعەبباس و ئەویش بێسێودوو خۆی هاویشتە سەر خوانی زین و بەرەو قەڵا مامزەی لـە کـەلـەکـەی ئـەسپـی کـوتـا. دەوڵـەتیـار بە پەیدابوونی پادشا خمی لێ شێوا و پشتی لە دیواری قەڵا کردەوە و هاتەدەر و چوو بۆ ئاوزەنگیڕامووسانی و بە چۆکدا هات و دەستی کرد بە پاڕانەوە و لالانەوە. بـەپێـی فـەرمانی پادشا لەگەڵ سێسەت کەس لە ئاغایان و پیاوماقوولانی زنجیرپێچ کران و کۆت و بەندیان لێ شەتەک دان و

ژن‌وژاڵ و ماڵ و سامان و هەرچی هەیبوو سەرپاکی بە تاڵان چوون. دوای چەند ڕۆژێک دەوڵەتیار لە دار درا و لەم دنیا پڕ لە فیزەوە ڕۆیی بۆ دنیای شادمانی.[١]

## لکی دووهەم
## باسی میرانی چگنی

خێڵی چگنی لە نێو کوردانی ئێران‌دا، لە هەموو خێڵان ئازاترە و لە دەسکەرەوەیی و بوێری و جووت‌غیرەتی‌دا تاقانەیە. لە پاش ئەوەی کە بێ سەرخێڵ و مەزن و چاوسوور مانەوە و تەواوی میر و میرزادەکانیان لەم دنیایە شۆرانەوە، بە هەرێمی عێراق و ئازەربایجان‌دا بڵاوبوونەوە و هەڵیانکوتایە سەر ماڵی خەڵک و بوونە دز و چەتە و ڕێگر. هێندەیان تین بۆ بازرگان و کڕیار و فرۆشیاران هێنا، هەموو لایەک وەگیان هاتن و لە تەواوی ناوچە و مەڵبەندانەوە سکاڵایان هێنایە دەرانەی شاتەهماسب و هاواریان کرد بگە فریامان. شاتەهماسب پاش لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە، بۆی دەرکەوتبوو کە دەسدرێژی و زوڵم و زۆرەملی گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی، بۆیە دەستووری دابوو لە هەر جێیەکی تووشی کەسانی خێڵی چگنی بن بیانکوژن و دایانڕووتێنن. ئەوەی مان قووڵەیان لێ بکەن و ڕایانماڵن و پاڵەپەستۆیان دەن بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی پادشایەتی و دەچنە هەر جێیەکی با بچن. ئەگەر دیتوو لە جێیەکی بنەیان داکوتاوە دە سەریانەوە مەچن و بیانکوژن و تاڵانیان کەن. وەختایەک چگنی وایان زانی پێنسەد کەسێک لە مەزن و ماقووڵانیان بە مەبەستی چوونە هیندووستان ڕوویان کردە خاکی خوراسان.

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦١٩-٦٢٠. و.

قەزاقخانی تەکەللووی حوکمڕانی هەرات کە لە زەبروزەنگی شاتەهماسب تۆقیبوو، ئەو چگنییانەی ڕاکێشایە ژێر ڕکێفی خۆی و چۆن چاکە ئاوا بە دەورەیاندا هات و دڵی دانەوە و خزمەتی کردن. کاتێک مەعسوومبەگی سەفەوی کاری قەزاقخانی یەکلایی کردەوە، پاشماوەی خێڵی چگنی ڕوویان کرد غورجستان و لەوێ کۆبوونەوە. وەختایەک شای ئێران باسی ئازایەتی و چاونەترسانی ئەوانی بیستەوە و تەماشای کرد هەموو کەس تاریفیان دەکا، بانگی میرزادەیەکی کردن کە لە ڕیزی پاسەوانانی پایەبەرزی شاهیدا خزمەتی دەکرد و ناوی بداغبەگ بوو. پادشا پلەی باڵای میرایەتیی باربوو کرد و ناردی بۆ نێو خێڵی چگنی و ناوچەیەکی خوراسانی دایە. پاش ئەم ڕووداوە چاکیان گەشە کرد و بووژانەوە ڕووی تێکردن.

ساڵی ١٠٠١ی ک/١٥٩٢ی ز، کاتێک عەبدولموئمینخانی کوڕی عەوڵاخانی ئۆزبەک بە خۆی و سیهەزار چەکدارەوە بە مەبەستی گرتنی قەڵای قووچان هەڵیکوتایە سەر بداغخان و دەورەی دا، شاعەبباس گەیشتە فریای. عەبدولموئمینخان دەوری قەڵای بەردا و پادشا بداغخانی بەسەر کردەوە و بە خەڵاتی شاهانەی سەربەرزی کرد. پێنج کوڕی کردنە میر و بە مەزنی سەرکردەکانی دانا و دەسەڵاتی ناوچەکەشی هەر بۆ خستەوە سەری و گەڕایەوە عێراق و ئێستا بداغخان کەوتۆتە ڕێزەی مەزنەمیرەکانی شاعەبباسەوە.[١]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٢١-٦٢٣. و.

## لکی سێهەم

### باسی میرانی زەنگەنە

ئەم خێڵەش لە سەردەمی دەسەڵاتی شاسمایلی نەماوی سەفەوی‌دا دەستیان بە پلەی بەرز ڕاگەیشتووە و هاوشانەکانیان ئێرەیی‌یان پێ بردوون. کاتێک تەواوی میر و مەزنەکانیان تێداچوون، پۆلپۆل سەریان وەبەر میرانی قزڵباش هێناوە و لە عێراق و خوراسان چوونە ژێر ڕکێفیان و تاقمێکیان کەوتوونە ڕیزی پاسەوانانی پایەبەرزی پادشاوە.[1]

## لکی چوارەم

### باسی میرانی پازووکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەپێی بۆچوونی تێکڕای شوێنگێڕانی باس‌وخواسان و لەپێی سەنگی ئەو قسەیەی کە لە نێو خەڵک‌دا یەکجار باوە، میرانی پازووکی لە تۆرەمەی عەشیرەتی سویدین[2]. دەستەیەکیش لەوانەی کۆن خۆیان بە گێڕانەوەی سەربوردانەوە سەرقاڵ

---

١-دەرکەوتنی دەسەڵاتدارێتیی خێڵی زەنگەنە، لانی‌کەم دوو سەدە بەرلە دەرکەوتنی شاسمایلی سەفەوی بووە و لە سەردەمی مەغۆلی‌دا چەند باژێر و قەڵایەکیان بەدەستەوە بووە (مسالک الابصار، ٢٦١/٣ ). ز.س.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٢٤-٦٢٦. و.

٢-پازووکی، ئەم هۆزەش وەکوو دونبولی هۆزێکی بەربڵاوە و زیاتر لە شوێنێک نیشتەجێ بووە. شەرەفخان لێرەدا بە کوردی ئێران دایناون، کەچی لە سەدەی ٩ی ک/١٥ی زایینی‌دا لە باکووری وڵاتی شام و لەسەر ڕووباری فورات نیشتەجێ بوون و ساڵی ٨٦٩ی ک/١٤٦٥ی ز، توانییان قەڵای کەڕکەڕ (گەڕگەڕ)، کە قەڵایەکی بڵند بوو و دەیڕوانی←

کردووه لایان وایه ئەوانه کوردی ئێرانن. هەر چۆنێک بێ وا دیاره پازووکی لە سەردەمی پادشایانی تورکمان و قزڵباشدا، دەسەڵاتداری کێفی،[1] ئەرجیش، عادلجەواز و ئالشکورد بوون. خێڵاتی پازووکی زۆربەیان چارەوێدارن و دەربەستی دینێکی دیاریکراویش نین و هێندەش لە چاکە و خراپە ناپرسن. میرەکانیان دوو دەستەن و بریتین لە: خالیدبەگلوو و شوکوربەگلوو. وەک زمانەوزمان هاتووە، یەکەم کەسی هەڵکەوتوویان حوسێنعەلیبەگە و ئەویش دوو کوڕی بوون: شاسواربەگ و شوکوربەگ.

## شاسواربەگ کوڕی حوسێنعەلیبەگ

شاسواربەگ پاش بڕانەوەی زنجیرەی پادشایانی ئاققۆینلوو هاتە لای شەرەفخانی میری بدلیس و کەوتە ڕیزی هاوڕکێفانی. خالیدبەگی کوڕیشی بوو بە پیاوی شاسمایلی سەفەوی. لە شەڕێکدا زۆر بە زانایی تێکەوت و یەکجار ئازایانە شیری وەشاند و تەنانەت دەستێکیشی لە جومگەوە پەڕی. شاسمایل دەستێکی زێڕی بۆ کردەوە و بۆی وێخستەوە و ناوی نا «چولاقخالید».[2] لەو ڕۆژەوە چاکی خوێندەوە و ناوچەی «خەنس» و «مەلازگرد» و مەڵبەندی ئووچکانی مووشی دابڕی و هەمووی خستنەوە سەر یەک و وەکوو هەرێمێکی میرنشین کردییە باربووی خالیدبەگ و براکانی. بێئەوەی شووی لێ هەڵکێشم دەتوانم بڵێم بەڕاستی پیاوێکی یەکجار ئازای ڕقئەستوور بوو. لەبەر پلە و پایەی بەرزی، وا غللوور نەببوو خۆشەوە بێ. ڕۆژێک نۆ مەزن و سەرکردەی کورد و تورکمان کە

---

بە سەر ڕووباری فوراتدا بگرن و بەرپرسەکەی بکووژن کە سەر بە دەوڵەتی مەملووکی بوو (ابن تغری بردی، حوادث الدهور فی مدی الأیام والشهور، ص۴۶۶-۴۶۷). ز.س.

١- وێدەچێ مەبەستی حەسەنکێف بێ. و.

٢- خالیدەگۆج. و.

چووبوونە لای، هەمووی کوشتن. خۆی بە پادشا دانا و خوتبەی بەناوی خوێندرایەوە و سکەی بەناوییەوە لێدرا. سەرەنجام ڕووی لە قزلْباشان وەرگێڕا و سەری وەبەر دەرانەی سوڵتان سەلیمخان هێنا. ئەو کاتیش هەر سالْمەخەتەی کرد و بە لاڕێیدا ڕۆیی، بۆیە پاش گەڕانەوە لە سەرکەوتنی شەڕی چالْدێران، بەپێی فەرمانی بێگەڕانەوە لە ملی درا. دوو کوڕ و سێ برای لە پاش بەجێمان. وەیسەبەگ و وەلەدبەگ کوڕی بوون و ڕۆستەمبەگ، قوبادبەگ و محەممەدبەگیش برای.

کاتێک ڕۆستەمبەگی برای خالیدبەگ حوکمڕانی مەڵبەندی ئووچکانی مووش بوو، تووشی شەڕ هات لەگەڵ شەرەفخانی میری بدلیس و عەشیرەتی ڕۆژەکی و وێڕای کۆمەڵێک چەکداری پازووکی لە ئووچکان کوژرا. دواتر لە بابەتی بەسەرهاتی میر شەرەفدا بەخەستی باسی دەکرێ. قوبادبەگی برای نێرینەی لێ نەکەوتەوە و محەممەدی براکەی دیکەشی کوڕێکی تاقانەی هەبوو، کە زەمانی شاتەهماسب خۆی لە ڕیزی پاسەوانانی پایەبەرزدا دۆزیبۆوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### وەیسەبەگ کوڕی خالیدبەگ

وەیسەبەگ لە دوای کوژرانی باوکی ڕووی لە وڵاتی ڕۆم وەرگێڕا و ڕۆیشت و سەری وەبەر شاتەهماسب هێنا و ئەویش بەسەری کردەوە و ناوچەی عادلجەوازی پێ بەخشی. پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵێک، لەگەڵ مووساسوڵتانی والیی تەورێز تووشی کێشە هات و والی ویستی بیکووژێ، ئەویش بەرەو خاکی ڕۆم ڕەوی و لە کێفی گیرسایەوە. کاتێک ئەم هەواڵە لە ئیستانبووڵ بە گوێی سوڵتان سولەیمانخانی خاوەنشکۆ ئاشنا کرا، فەرمانی بەبڕشت و لێبڕاوانەی بۆ دەرزی داود نووسی کە بڕوا و وەیسەبەگ و منداڵان و دەستوپێوەند و یارانی قەڵتوبڕ کا و سەریان بنێرێتە دەرانەی بەختەلانی.

دەرزی داود خۆی گەیاندە کێفی و وەیسەبەگ و وەلەدبەگی برای و دووان لە کورانیشی کوشت کە خالیدبەگ و ئەلوەندبەگ بوون. دوو کوڕی منداڵیشی، یانی قلیچبەگ و زولفەقاربەگ بۆی دەرچوون و پەنایان بردە بەر ئەحمەدبەگی زەرقیی حوکمڕانی عیتاق. ئەحمەدبەگ باڵی پاراستنی بە سەر کێشان و چۆنیەتیی باری حاڵوباڵ و چارەنووسیانی گەیاندە دەرانەی بەرزی پادشایەتی و ئەویش مووچە و بژیوێکی بۆ بڕینەوە. پاش ئەوەی هەڵیان دا و پێگەیشتن و دەستی ڕاست و چەپی خۆیان ناسی، لەگەڵ خێڵ و خزمانی خۆیان ماڵوکۆچیان لێنا و ڕەوین و سەریان بردە ژێر سێبەری شاتەهماسب.

### قلیچبەگ کوڕی وەیسەبەگ

کاتێک قلیچبەگ گەیشتە خزمەت شاتەهماسب، لەوێڕێوە کردی بە میری پازووکی و ناوچەی «زەکەم»ی سەر بە هەرێمی گەنجەی ئارانی پێ ئەسپارد. پاش نۆ ساڵ میرایەتی، جەنگەی گەڕانەوەی هێزەکانی پادشا لە گورجستانەوە، بە مردنی خۆی مرد و کوڕێکی چکۆلەی بەناوی وەیسەبەگ لە پاش بەجێما.

### زولفەقار کوڕی وەیسەبەگ

دوای نەمانی کاکی، بەپێی فەرمانی شاتەهماسب، زولفەقاربەگ بوو بە جێگرەوەو پێشەنگی خێڵی پازووکی، بەڵام ماوەی تەمەنی وەکوو هەڕەتی گوڵان هێندەی نەبرد و خێرایەکی گەڵای دارەخورمای بەر شیرنی ژیانی بە گێژەڵووکەی نەمان بە سەر خاکی بێمرادیدا وەرین.

پیاوێ چا دەبێ بە پیاو درەنگ بگاتە کاوی
کاتێ تەمەن تەواوە، نەبڕێتەوە بە خاوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەعل درەنگ پێ دەگا، بۆیەشە زۆر دەمێنێ
گوڵاڵە زوو شین دەبێ و پەلکی زوو دەوەرێنێ

زولفەقار چونکە نێرینەی نەبوو، وەیسەبەگی برازای بوو بە مەزن و میری پازووکییان و لەبەروەی منداڵ بوو، یادگاربەگ کرایە ویشکەدایەنی. دایکی وەیسەبەگ دڵی لە یادگاربەگ ترسابوو کە نەکا سەری کوڕی تێدابەرێ، بۆیە دەستی لە مەکۆی دەسەڵات هەڵگرت و وەیسەبەگی برد و ڕۆیی بۆ ژێر دەرانەی شاتەهماسب لە قەزوێن.

**یادگاربەگ کوڕی مەنسوور کوڕی زەینەڵ کوڕی شوکور کوڕی حوسێنعەلیبەگ**

پاش ئەوەی دایکی وەیسەبەگ کوڕەکەی خۆی لە میرایەتیی پازووکییان خست، پیاوماقووڵان و مەزنانی پازووکی لەسەر دەسەڵاتدار بوونی یادگاربەگ ڕێک کەوتن و پادشا دەسەڵاتی ئالشکوردی خەڵات کرد. لەبەروەی پیاوێکی سەرسۆفیلکەی قەلەندەرۆکە بوو زیاتر هەر لەگەڵ کۆمەڵی قەلەندەران هەڵدەستا و دادەنیشت و هێندەی خۆ لە تێل و بەندی دینومین نەدەدا، هەر بۆیە ئەوانەی خاوەنی ڕوانگە[ی دینی] بوون، وەبەر دڵیان نەدەکەوت و چەپەریان بە لایەوە نابوو. لە لایەکی دیکەوە هەتا خودا حەز کا کەسێکی ئازا و مەرد و ڕەند و دڵکراوە بوو. لە زەمانی یادگاربەگدا خێڵی پازووکی بە سەر داهات و دەوڵەمەندی و بووژانەوەدا کەوتن و نیزیکەی دووهەزار ماڵە کوردێکی لاوە هاتنە ژێر سێبەری. تەواوی گوند و مەزرای ئالشکوردیان ئاوەدان کردنەوە و بەرهەمیان لێ هەڵگرتن و سەرلەبەریان خۆیان بە پازووکی دەزانی. پاش تێپەڕبوونی پازدە ساڵێک بە سەر دەسەڵاتیدا، تەشریفی بەرەو دنیای دیکە چوو.

**نیازبەگ کوڕی یادگاربەگ**

نیازبەگ دوای نەمانی باوکی بەپێی فەرمانی شاتەهماسب کرایە مەزن و میری پازووکی و ئالشکورد. ئەویش هەر لەسەر ڕێبازی باوکی ڕۆیی و بگرە ئەوەندەی دیکەشی پێ لێ هەڵێنا. سەرەنجام میران و حوکمدارانی سنووری ڕۆم بە باری شێلان و سەرکۆنەدا، چەند قسەیەکی بە تویکڵیان ڕاسپاردە شاتەهماسب و گوتیان ئەگەر ئەوە بێ ڕێوشوێنی قزڵباشان کە پازووکی و خەنسلوویی و چەمشکەزەکی ڕەچاویان کردووە، ئەوە لاڕێ بوونە و کوا بۆوەی دەبن پێیان بڵێن مسوڵمان؟!

شاتەهماسب بەو تیر و تانەیە ڕاچەنی و مەقسوودبەگی خەنسلوویی و تەواوی سەرکردەکانی سنوورەکەی لەسەر کار لابردن و تەنانەت چەند کەسێکیشی لێ کوشتن.

پاشان مەقسوودبەگی خستە زیندانی قەڵای ئەڵەمووت و نیازبەگیشی لەسەر دەسەڵات هەڵداشت و هەوساری دەسەڵاتی کردە باربووی وەیسەبەگی ناسراو بە قلیچبەگ. هەتا ئەو دەمەی کە شاتەهماسب مابوو، نیازبەگ بەبێ دەسەڵاتی دەخولایەوە. دوای نەمانی شاتەهماسب، شاسوڵتان محەممەد پازووکییانی دابەشین و ئەوەی شوکوربەگی بوون نیازبەگی بۆ کردنە سەرۆک و ئەویش خۆی سەری وەبەر میرخان هێنا. پاشماوەیان کە خالیدبەگی بوون، قلیچبەگی بە سەرخێڵ دانان و تۆقماقی لێ کردن بە گەورەیان و ئاوا هەرێمی ئالشکورد دابەش کرا. نیازبەگ لەو دەڤەرانە زۆری ئازایەتی نواند و سەرنجام ئەو کاتەی کە میرخان بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ لەلەپاشا لەشکری دەنگ دا و گەیشتە شیروان و لە لێواری ڕووباری قەنع شکا، لە چۆمی کوڕدا خنکا.

**وەیسەبەگ ناسراو بە قلیچبەگ**

وەکوو پێشتر باسی کرا دایکی وەیسەبەگ لە ترسی وەی نەکا یادگاربەگ بە تەمای فڕاندنی دەسەڵاتی پازووکی سەری کوڕەکەی تێدابەرێ، پلە و پایەی بۆ

وەلانا و بردی بۆ خزمەت شاتەهماسب لە قەزوێن. پادشا ماوەی بیست ساڵ لە ڕیزی پاسەوانانی جێبەرزی خۆیدا دایمەزراند و لە قەزوێن بە دەوری خۆیدا هات و هەڵیدا. ئەوەندەی سەر بە لێهاتوویی و زمانپاراوی و تێگەیشتوویی و ئەم بار و بوارانەوە خەریک کرد، کە لە نێو هاوشانەکانی بە تاقانە دەرچوو. پاش ئەوەی نیازبەگ لەبەر کاری قۆڕ و بێجێ لەسەر کار لادرا، میرایەتیی پازووکی و ئالشکوردی پێ بەخشرا.

قلیچبەگ زۆر چاک توانی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیدا سەرکەوتووبێ و هەرێمی پازووکی بپارێزێ و تۆماری تەمەنی لادینی و ڕێسای ڕافزییانە تێکەوەپێچی کە لە نێو پازووکییاندا برەوی ئەستاندبوو. شیا تاکوو ڕێوشوێن و داب و نەریتی ئیسلامی دامەزرێنێتەوە و چەندی دەکرێ پەرە بدا بە ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی سوننی و تەواو سەر بە پەرەی دینی پرشنگدارەوە بێشێنێ.

وەکوو دەزانین بەڵێن و پەیمانی پادشاهان جاری وایە هەتا سەر نەبوون و بە سەر هەڵوەشانەوەدا کەوتوون، بۆیە دوای نەمانی شاتەهماسب ئالشکورد چۆوە سەر دۆخی ڕابردووی و وێرانی باڵی بە سەر کێشا و بوو بە چۆڵەوارێکی وەک سەرزەمینی «لووت» و «عاد». تەواوی عێل و عاشیرەت و توخم و تۆرەمەکانی هەر یەکەی بە لایەکیدا بازرە بوون. «دەتگوت ڕەوەی گۆڕەخەری ڕەوبردوون، کە لە ترسی شێر هەڵاتوون.»[1]

بەپێی تەگبیروڕای بەجێی میرخان میرایەتیی پازووکی کرایە دوو بەش. قلیچبەگی ناردە لای نەخجەوان و لەگەڵ توقماقخان پێکەوە لە چخورسەعد دەژیان. لەو دەڤەرە خزمەتی یەکجار شایانی کردن و درەوشایەوە. ساڵی ٩٩٣ی ک/١٥٨٥ی ز، کە عوسمانپاشا بە مەبەستی گرتنی تەورێز لەشکری دەنگ دا و

١ - «کانهم حمر مستنفرة، فرت من قسورة»، ئایەی ٥٠-٥١ی سوورەی مودەسسیر. و.

هێزی دنیاداگری ئیسلام هات و لە دەوری «حەرامیبلاغی» ڕەشماڵ و خێوەتی هەڵدا، شەڕێک قەوما. توقماقخان و عەلیقولیخانی قلیچ ئۆغلی و ئەسماخانی شاملوو لەگەڵ کۆمەڵێک مەزن و سەرکردەی قزڵباشان لە جێگایەک بەناوی «ئیبنە» لەگەڵ سنانپاشای چیغاڵ ئۆغلی، کە پێشەنگی قۆشەنی هەمیشە لە سەر بوو، تێکهەڵەنگووتن. چەپۆکانی شەپۆلی مەرگ و نەمان پریشکەی گەیشتە پەرۆچکەی ئاسمان و لەو زرمەوکوت و شیروەشان و نێزە هەژانەدا، دەریای بەڵا قلیچبەگی هەڵلووشی. قۆچیبەگی کوڕی شاقولیبەگی بلیلان پنیانشی سەری قلیچبەگی بڕی و بردییە بەر چاوی عوسمانپاشا و بە دەسخۆشانەی شاهانەی بەسەر کرایەوە. قلیچبەگ، تەنیا ئیمامقولیبەگی لە دوای بەجێما و سەرەتا سەری وەبەر مەزنانی قزڵباش، بەتایبەت زولفەقارخانی قەرامانلووی حوکمداری ئەردەوێڵ هێنا. سەرەنجام شاعەبباس بە چاوی ڕێزەوە لێی ڕوانی و خستییە ڕیزی پاسەوانانی خۆی. کۆمەڵێک پازووکی لەگەڵ مەزنانی دونبولی لە نەخجەوانەوە خۆیان هاویشتە بەر پەساری دەرانەی سوڵتان. فەرهادپاشا مەزنایەتیی ئەو جەماوەرەی ئەسپاردە دەست برایمبەگی ئەوقەحی ئۆغلی و بەشێک لە ناوچەی ئالشکوردیش خرایە بەر فەرمانی، بەڵام دوای دوو ساڵ لەسەر دەسەڵاتیان لابرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پەراوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی

١- من لام وایە «نۆمیری»یە.

٢- مێژوونووسی کورد حوسێن حوزنی پوختەیەکی کتێبی «دەوڵەتانی ئیسلامی»ی «ستینلی لەن پۆل»ی لە ژمارەی ١٧ی ساڵی سێهەمی گۆڤاری «دەنگی گێتیی تازە»، لاپەڕە ٣٥١-٣٥٥دا چاپ کردووە، کە خەلیل ئەدهەم کردوویەتە کوردی. نووسەر کەمتاکورتێک باسی حکوومەتی کوردیی مەنتەشای کردووە (ساڵی ٧٠٠ی ک/ ١٣٠٠ی ز ــ ٨٢٩ی ک/ ١٤٢٥ی ز). ئێستاش لە ناوچەی «قاریا»ی تورکیا «مەنتەشاویلایەتی» هەر ماوە. ئەم حکوومەتە ماوەیەکی درێژ بە سەربەخۆیی ژیاوە و پاشان کەوتۆتە ژێر ڕکێفی پادشایانی سەلجووقی. [بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە سەرچاوەی باس کراو. و.]

٣- نیزامولمولک ئاوای ئەم بەسەرهاتە بۆ ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی وەک دەڵێن: سولەیمان کوڕی عەبدولمەلیکی ئەمەوی زۆر بە خۆی نازیوە و خۆی هەڵکێشاوە و ڕۆژێک گوتوویەتی دێوی لێ دەرکەی چیم لە سولەیمانی پێغەمبەر کوڕی داود کوڕی ئیسرائیل کەمترە؟ پەردەدارێکی نیزیکی لە وڵامدا گوتوویەتی گەورەم وەزیرێکی لێزانی وەک «ئاسەفی بەرخیا»ت دەوێ! سولەیمان گوتوویەتی ڕاست دەکەی، بەڵام پیاوی ئاوا لە کوێ بدۆزمەوە؟ پەردەدار گوتوویەتی جەعفەری بەرمەکی لە بەلخە و ئەم بنەماڵەیە ساسانی کردوویانن بە وەزیر و بنەچەکەیەکی قاڵ بووی ڕۆژگار و ژیرن. خەلیفە ناردوویە هێناویانە و پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە. کاتێک بردوویانەتە دیداری، هەر لەڕێوە دەستووری داوە بیگرن و بیخەنە زیندان... . وەک دیارە شەرەفخان درێژەی بەسەرهاتەکەی نووسیوە.

٤- مەبەست عەبدوڵڵا کوڕی محەممەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبباس کوڕی عەبدولموتەللیبە. ساڵی ١٣٢ی ک/ ٧٥٠ی ز، بەیعەتی پێ کراوە و بۆتە خەلیفە. پیاوێکی سەنگین و گران و توندەتەبیات و دڵڕەق و خوێنڕێژ بووە و ساڵی ١٣٦ی ک/ ٧٥٤ی ز، مردووە.

٥- ئەبووجەعفەر مەنسوور، ساڵی ١٣٦ی ک/ ٧٥٤ی ز، چەند ڕۆژێک پێش مردنی براکەی کراوەتە خەلیفە. پیاوێکی چاونەترسی ژیری مەند و ماقووڵ و هەتا بڵێی لەچەر بووە و لێرەوە سەرناوی «دەوانیقی» بە سەردا براوە. [دەوانیق لە دانگ وەرگیراوە. شەشیەکی مسقاڵی زێڕ و زیو، دەبێتە دانگێک و دەبێ خەلیفە ئەوەندەشی لە بەرچاو بووبێ. و.] ساڵی ١٥٨ی ک/ ٧٧٥ی ز، مردووە.

٦- ڕەشید کوڕی مەهدی، پێنجەمین خەلیفەی عەبباسییە. ساڵی ١٧٠ی ک/ ٧٨٦ی ز، پاش هادیی برای بۆتە خەلیفە. دەوڵەتی عەبباسیی گەیاندۆتە پۆپەی هێز و دەسەڵات و سامان و زانست و فەرهەنگ و ساڵی ١٩٣ی ک/ ٨٠٩ی ز، کۆچی‌دوایی کردووە.

٧- هاروونەڕڕەشید ڕاستەوخۆ لە یەحیا دەرهەڵنەبووە، بەڵکوو ئاگری جەعفەر تەواوی بنەماڵەکەیانی گرتۆتەوە؛ ئەویش گەڕاوەتەوە سەر چەند هۆیەک کە یەکیان شەیتانی و دووزمانی و تێچاندنی فەزلی کوڕی ڕەبیع و مەسرووری خزمەتکاری خەلیفە بووە.

٨- خەلافەتی عەبباسی بەدەستی ئەبولعەبباسی سەففاح، ساڵی ١٣٢ی ک/ ٧٥٠ی ز، دوابەدوای تێداچوونی حکوومەتی ئەمەوی بناغەی دانرا. ئەبوومووسلیمی خوراسانی وێڕای دوو کۆمەڵەی نەهێنی لە کووفە و خوراسان بوونە ڕێخۆشکەری ئەم ئاڵوگۆڕە و دواتر پاڵەوان ئەبووموسلیم وەک دز پاداشتی درایەوە! حکوومەتی عەبباسی هەتا ساڵی ٦٥٦ی ک/ ١٢٥٨ی ز، درێژەی بە مانی خۆی دا و ئەو ساڵە هۆلاکۆخان تۆماری تەمەنی تێکەوەپێچا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٩- [مەروان (٧٢-١٣٢ی ک/ ٦٩١-٧٥٠ی ز). و.] چواردەهەمین خەلیفەی ئەمەوییە و بە زۆری و زۆرداری خەلافەتی لە چنگ برایمی کوڕی وەلید دەرهێناوە. لەو کاتەوە کە بۆتە خەلیفە تا ئەو ڕۆژەی کوژراوە، هەرا و ئاژاوەی بۆ دانەکووژاوە.

١٠- مەککە ساڵی ٨ی ک/ ٦٢٩ی ز، گیراوە.

١١- ساڵحی عەبباسی دەبێتە کوڕی عەلی و ئامۆزای ئەبولعەبباسی سەففاحە. عەبدوڵڵای برای ساڵح لە نزیک زێ چۆتە شەڕی مەروان و پاش شەڕێکی خوێناوی شکاندوویەتی و ڕەتاندوویەتی و هەر جارەی پەڕیوەی وڵاتێک بووە و سەرەنجام لە میسر بەدەست ساڵح و ئەبووعەون کوژراوە.

١٢- مەزنانی مەروانی یازدە خەلیفەی ئەمەوین و دەچنەوە سەر مەروانی کوڕی حەکەم چوارەمین خەلیفەیان. [مەروانی کوڕی حەکەم (٢-٦٥ی ک/ ٦٢٣-٦٨٤ی ز)، یەکێک بوو لە ڕاوێژکارانی ئیمامی عوسمان. لە شام بۆتە خەلیفە و تەنیا ٩ مانگ و ١٨ ڕۆژی خەلیفایەتی کردووە. و.]

١٣- محەممەدئەمین زەکی‌بەگ و سەید حوسێن حوزنی نووسیویانە: شێخ ئیدریس.

١٤- سەید حوسێن حوزنی نووسیویەتی: سولەیمانبەگ هەتا ساڵی ٩٩٨ی ک/ ١٥٨٩ی ز، حکوومەتی کردووە و هەر ئەو ساڵە عەلیبەگی کوڕی لە جێی خۆی داناوە و ساڵی ٩٩٩ی ک/ ١٥٩٠ی ز، کۆچیدوایی کردووە. چەند شوێنەواری جوان و پەسندی ئاوەدانیشی لە پاش بەجێماوە؛ وەک مزگەوت و قوتابخانە و لانەوازخانە و قەڵا. بۆ نموونە مزگەوتێکی گەورەی لە حەریر بنیات ناوە و قەڵایەکی لە نیزیک ئەشکەوتی «خراواتان» دروست کردووە و ئێستاش ئاسەواری هەر ماون. خانزادخانی سۆران، ناسراو بە قەراڵیچەی سۆرانیی خوشکی بۆتە مشوورخۆر و ڕاوێژکاری و بە سەر زۆربەی کاروباری ئاوەدان کردنەوەی وڵات ڕاگەیشتووە.

خاتوو «پەروین مستەفا»ش کە چیرۆکێکی سەبارەت بەم خانزادە نووسیوە و لە گۆڤاری گەلاوێژ (ساڵی ١٩٤٢، ژ ٧-٨، ل ٩٠-٩٣)دا بڵاو بۆتەوە، هەر ئەم بۆچوونەی هەیە؛ بەڵام محەممەدئەمین زەکیبەگ بۆچوونی جیاوازە و دەڵێ خانزاد کچی حەسەنبەگ و ژنی سولەیمانبەگ بووە، نەک خوشکی (مشاهیر الکرد و کردستان، ٢/ ٢٣٤).

١٥- پێم وا نییە وشەی عەرەبیی «مکّار» بووبێتە ناسناو و لە نێو کورداندا ناوبانگی پەیدا کردبێ؛ چونکە ناوچەی موکریان پێش ئەم مێژووەش هەر بووە و هەر بەم ناوەوە ناسراوە. ڕەنگە لە «موغرێ»وە داتاشرابێ، کە پێکهاتووە لە «موغ + ڕێ»؛ واتە ڕێی موغان، ڕێگای هاتوچۆی مووبەدان. زەردەشتی بۆ زیارەتی «بەرزە»ی ئازەربایجان، کە شوێنی لە دایک بوونی پێغەمبەرەکەیان بووە، بەم ڕێگایەدا هاموشۆیان کردووە.

١٦- ڕەنگە مەبەست میر عیسای کوڕی میر یەحیا بێ کە بە سەلاحەددینی کورد ناوبانگی ڕۆیشتووە و سەردەمی خۆی سەدهەزار خێزانی کوردی یەزیدیی گواستوونەوە بۆ ئازەربایجان و قەهێستان (کۆهستان). بەپێی گێڕانەوەی محەممەدئەمین زەکیبەگ لە رووی کتێبی «آثار الشیعة الامامیة»، ناوەندی یەکەم و سەرەکیی تەورێز بووە و ماوەیەکیش هاروونەرڕەشید بە وەزیری داناوە.

لە «ریاض الخلد»ی نووسینی «عبدالرزاق بن نجفقلی دنبلی»دا، کە مێژووی دونبولییەکانە، هاتووە: یەکەم میری ناسراوی دونبولی، تاهیر کوڕی میر عیسا کوڕی میر مووسای فەرمانڕەوای شامە و وەک دەڵێن مووسا کوڕی یەحیای بەرمەکیی وەزیری هاروونەرڕەشید بووە!

زۆر وێدەچێ ئەم قسەیە ڕاست بێ، چونکە مووسا کوڕی یەحیا بەرمەکی لە کاتی خۆیدا بێسەروشوێن بووە و کەس نەیزانیوە چی بە سەر هاتووە. ڕەنگە ئەو میر

عیسایەش کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە، یەکێک لە نەوە و نەتیژەکانی بێ، چونکە مەودایان زۆرە.

محەممەدئەمین زەکیبەگ لە درێژەدا نووسیویەتی: «ئەم خێڵەی دونبولی گەلێک تیرەیان لێ بۆتەوە و بەناوبانگترینیان بریتین لە: دونبولیی یەحیایی، واتە نەوەکانی میر یەحیا؛ شەمسەکی کە دەبنە بەرەی شەمسولمولک جەعفەر؛ عیسابەگلوو، کە دەبنە تۆرەمەی میر عیسا و تیرەی بەگزادە، کە نەوەکانی میر فەرەیدوون و ئەییووبخانی و هی دیکەشن. دونبولی بۆیە ئەم گشتە لکەیان لێ بۆتەوە چونکە لە ڕۆژگاری خەلیفە مەئموون و تەیمووری لەنگ و سوڵتان سەلیمەوە دوور خراونەوە بۆ ناوچە و مەڵبەندی کاشان، خوراسان، خەبووشان (قووچان)، شیروان، گەنجە، قەرەجەداغ و... .»

ئێمە لێرەدا پوختەی ژیاننامەی چوار میری پێش میر عیسا دەخەینەڕوو کە محەممەدئەمین زەکیبەگ باسی کردوون و بریتین لە:

١- میر محەممەد یان ئەحمەد، کە بەپێی نووسینی «مشاهیر الكرد و كردستان» چوارەم میری دونبولییە و لە شام حکوومەتی کردووە. لە پاشان دەستی گەیاندۆتە هەرێمی هەکاری و چەند قەڵایەکی لێ گرتووە. قەڵای بەناوبانگی «بای» یەکێکە لە شوێنەوارەکانی و لە زانست و هونەریشدا چەند بەرهەمێکی لە دوا بەجێماوە. ساڵی ٣٦٧ی ک/ ٩٧٧ی ز، مردووە و لە قەڵای بای نێژراوە.

٢-پاش نەمانی ئەم میرە، میر سولەیمانی کوڕی جێی گرتۆتەوە و بۆتە پێشەوایەکی دینیی خاوەن دەسەڵات و شێخی بەرماڵنشین و برشتی دەسەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان و شامی تەنیوەتەوە. گەلێک کۆشک و سەرا و قەڵای گەورەی ساز کردوون و ئەوەی هەرە بەناوبانگیان سەرای سولەیمانییە لە چیای سنجار (شنگال). هەروەها چەندین قوتابخانە و فێرگەی بۆ خوێندنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بنیان ناوە و خۆی لە سازکردنی خانەقایان نەپاراستووە. چەند کتێبیشی نووسیون و ساڵی ٤١٠ی ک/ ١٠١٩ی ز، کۆچیدوایی کردووە.

٣- پاش میر سولەیمان، میر جەعفەری دووهەمی کوڕی بۆتە جێگرەوەی. لە سەردەمی ئەودا کانی زێڕ لە چیای شنگال دۆزراوەتەوە و ساڵی ٤٤١ی ک/ ١٠٤٩ی ز، کۆچیدوایی کردووە. ئێمە ناوی میر جەعفەری یەکەممان لە ڕیزی میرانی دونبولیدا بۆ نەدۆزرایەوە و تەنانەت محەممەدئەمین زەکیبەگیش نووسیویەتی: «دەبێ جەعفەری یەکەم، جەعفەری بەناوبانگی بەرمەکی بێ.» بەڵام من بە دووری دەزانم کە وا بێ، چونکە سەردەمەکانیان لێک نیزیک نین و پێم وایە جەعفەری یەکەم میر جەعفەری کوڕە گەورەی میر حەسەن و یەکێک لە مەزنەمیرانی کوردە. ئەم میر جەعفەرە دوو جار لە موعتەسەمی خەلیفەی

عەبباسی ڕاپەڕیوە. خەلیفە جاری یەکەم لە چیای داسنی شکاندوویەتی و دایمرکاندووە. جاری دووهەم لەشکرێکی گەورەی بە سەرکردایەتیی ئیتاخ ناردۆتە سەری و هێز هاتووە و چوار دەورەی گرتووە و هێندەی نەماوە بە دیل بگیرێ، بەڵام مردنی لە ژیانی ژێر دەستەیی و داماوی پێ پەسندتر بووە و تۆزێکی ژەهر خواردووە و ساڵی ٢٢٦ی ک/ ٨٤١ی ز، پێی مردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: «مشاهیر الکرد و کردستان، ١/ ١٥٨». بە دووری نازانم ئەم میرە کە لە چیای داسنی (داسنییان) بنەی داکوتاوە، یەزیدی بووبێ، چونکە دونبولییەکانیش یەزیدی بوون.

٤- بەپێی گوتەی محەممەدئەمین زەکیبەگ، میر یەحیا سیهەزار ماڵە مەسیحیی لە ژێر دەستیدا بوون و حوکمی بە سەردا کردوون و نیزیکەی ٢٢٠٠ تەکیە و خانەقای لە چیاکانی کوردستان، قەهێستان (کۆهستان)، ئازەربایجان و شام دروست کردوون. هەروەها چەندین کاری گەورەی دیکەشی ئەنجام داون و سەرەنجام ساڵی ٤٧٧ی ک/ ١٠٨٤ی ز، مەرگ بەربینگی پێ گرتووە و نەیتوانیوە دەرباز بێ.

محەممەدئەمین زەکیبەگ هەڵەی لە ناوی سەرچاوەکەیدا کردووە و لەخۆوە نووسیویەتی شەرەفنامە، چونکە ناوی ئەم یەحیایەی تێدا نییە.

١٧- محەممەدئەمین زەکیبەگ، بە میر ئەحمەدخان کوڕی میرەبەگ ناوی بردووە و نووسیویەتی کە سامانێکی زۆر و ناوێکی چاکی لە پاش خۆی جێهێشتووە. ڕێزی داناوە بۆ زانست و وێژە و وێژەوانانی خۆش ویستوون. مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، خاوەنی کتێبی بەناوبانگی «مثنوی»، زۆری لێ نیزیک و لە لای ئەو بووە. لە دێی «بابائەحمەد»ی چیای شنگار (شنگال) کۆچیدوایی کردووە.

١٨- ئەم میر برایمە کە دانیشتووی تەورێز بووە، چاکی نێوان لەگەڵ چەنگیزخان خۆش کردووە. ئاوا توانیویەتی هەرێمی دەسەڵاتی لە پەلاماری وێرانکەرانی مەغۆل بپارێزێ و ساڵی ٦٩٢ی ک/ ١٢٩٢ی ز، هەر لەو شارە مردووە. محەممەدئەمین زەکیبەگ دەڵێ کوڕێکی بووە بەناوی جەمشیدبەگ، کە پاش مردنی باوکی بۆتە جێنشینی. ماوەیەکی درێژ لە چیاکانی هەکاری بەرەنگاری لەشکری مەغۆل ڕاوەستاوە. سەرەنجام غازانخان ساڵی ٧٢٥ی ک/ ١٣٢٤ی ز، سپایەکی گەورەی بە سەر وەرکردووە و بەربەرەکانی دادی نەداوە و لە چیای «چلەخانە» شەهید کراوە و لە دێی «سیابای» نێژراوە.

١٩- بەپێی نووسینی محەممەدئەمین زەکیبەگ، شێخ باڵوول کوڕی جەمشیدبەگە، نەک شێخ ئەحمەدبەگ. لە تەورێز حکوومەتی کردووە و ساڵی ٧٦٠ی ک/ ١٣٥٩ی ز، مردووە.

٢٠- محەممەدئەمین زەکیبەگ نووسیویەتی: «دونبولییەکان لە سەردەمی شێخ باڵووڵدا بە ئارەزووی خۆیان بوونە پەیڕەوی شێخ سەفییەددینی ئەردەوێڵی. شێخ باڵووڵ ساڵی ٨٢٢ی ک/ ١٤١٩ی ز، سەری وەبەر دەرگای سەرای نەمان هێناوە.» ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕەوتی مێژوو یەکتر دەگرێتەوە و ڕەنگە مەبەست ئەوە بێ کە لە پێشەوای رووحی و مەعنەوی خۆیان نیزیک بوونەتەوە.

٢١- بەپێی نووسینی محەممەدئەمین زەکیبەگ، مەنسووربەگ کوڕی شێخ باڵوولە نەک نەوەی. ساڵی ٧٦٠ی ک/ ١٣٥٩ی ز، بۆتە میر و ساڵی ٧٩٥ی ک/ ١٣٩٣ی ز، کۆچیدوایی کردووە. کوڕێکیشی داوەتە پاڵی، ناوی میر مەحمووده و سوڵتان بایەزیدی عوسمانی خۆشی ویستووە و دەستی ڕێزی لێناوە. شارۆچکەی «مەحموودیسەرای» سەر بە وان ئەم میرە سازی کردووە و ساڵی ٨٢٠ی ک/ ١٤١٧ی ز، کۆچیدوایی کردووە.

٢٢- شەرەفنامە باسی ئەم خانەدانەی هەتا ئێرە هێناوە. وەک محەممەدئەمین زەکیبەگ نووسیویەتی، لە «تاریخ جهان‌نما»ی تورکیدا هاتووە کە ئەم میرە بۆتە فەرمانڕەوای تەواوی خاکی کوردستان، ناوچە و مەڵبەندەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و هەکاری و شاری «خۆی» بە پایتەختی دەسەڵاتی دانراوە. ناسراوە بە میر فەرەیدوون و ساڵی ٨٦٠ی ک/ ١٤٥٦ی ز، کۆچیدوایی کردووە. وەکوو ڕوون و ئاشکرایە ئەم نووسینە بەپێچەوانەی قسەی شەرەفخان و ڕەوتی ڕووداوەکانە کە باسی کردوون. مێژووەکەیان سەدە و نیوێکی نێوانە و ڕەنگە مەبەستی یەکێکی دیکە بێ.

[ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مێژووی دونبولییەکان، بڕوانە: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٥٨١-٥٩١. و.]

www.zheen.org

# کتێبی چوارەم

## باسی میرانی بدلیس کە دەبنە باوانی نووسەری ئەم لاپەڕانە و ئەویش بریتییە لە سەردەقێک و چوار بڕگە لەگەڵ کۆتایی

## سەردەق

### باسی شار و قەڵای بدلیس کە کێ بەردی بناغەی داناوە و کردوویەتە ئاوەدانی

دا پێم بڵێ بزانم، چ شتێ هەوێنی تۆیە
کێیە هەوێنگەری تۆ زمانی گوفتوگۆیە؟
گەلێ نیگاریان لە تۆ، لە ڕووی زەمانە داوە
کەچی هەچی دەبینم، هەموو خەیاڵی خاوە
لە کوێندەرێ دەسەکنی، گەر ئاگری بەتینی
لە کامە دەر دێیە ژوور، تۆ کە خەنیمی ژینی
دوورەپەرێزی لێمان، لە گۆشە و لە پەسێوی
دێ و خۆ دەنوێنی، کەچی ون و نەدیوی
کامە مەلی خۆشفەڕی، کە وا خۆ دەشەکێنی
وەک یادگاریی تەمەن، هەر تۆی بەجێ دەمێنێ[1]

---

١- هۆنراوەی نیزامیی گەنجەوی. و.

با نژیاروانانی پەنجەنەخشینی بیر و بۆچوون لەوسەرەوسەری وڵاتان بزانن و ئەندازیارانی چازانی شوورە و قەڵاتان لێیان ڕوون بێ، ئەگەرچی هەموو کەس بەبێ گرێ دەستی بەو سەرچاوانە ڕاناگا کەوا باسی چۆنیەتیی بارودۆخی سەیروسەمەرەی ئاوەدانبوونەوەی دنیا و ڕووداوە گەورە و دەگمەنەکانی نێو بەرەی ئادەمی دەکەن، کە هەموویان مامۆستایانی شارەزای ئەم بوارە دایانڕشتوون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ پاش پێداچوونەوەی ئەو کتێبانەی بەدەستەوەن و باوی سەردەمن، وا دەردەکەوێ کە بدلیس یەکێکە لە شوێنەوارەکانی ئەسکەندەری ڕۆمی. لە چەندین دەقی تورکی و فارسیدا ناوی «بدلیس»یان بە «بتلیس»یش نووسیوە کە هەڵەیە، بۆ؟ چونکە بەپێی بۆچوونی شارەزایان و قسەی باوەڕپێکراوان، بدلیس ناوی یەکێک لە غولامانی ئەسکەندەرە کە قەڵا و شاری بدلیسی بنیات ناوە. لە لایەکی دیکەشەوە نووسەری «قامووس»[1] لە لێکدانەوەی وشەی بدلیسدا دەنووسێ:

«شوێنێک کە خۆش کەش و هەوا بێ پێی دەڵێن بدلیس.» تاقمێک لایان وایە بدلیس کەوتۆتە نێو جەغزی خاکی ئازەربایجان و دەستەیەکیش پێیان وایە نەخێر سەر بە ئەرمەنستانە؛ بەڵام بەپێی بۆچوونی تەواوی زانایان سەر بە هەرێمی چوارەمە.[2]

---

١- مەبەستی ئەو قامووسەیە کە مەجدەددین فیرووزئابادی (١٣٢٩ـ١٤١٥ی ز) بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی. و.

وەک مەلا جەمیل لەسەر بدلیس ئاماژەی پێ کردووە، فیرووزئابادی تەنها دەڵێ نزیک خەڵاتە.

لێرەشدا ئاخافتنی حەمدوڵڵا مستەوفی لەمەڕ ناساندنی «بدلیس» و «شط العرب» نییە. ز.س.

٢-لە دابەشینی ویشکانی و جێژیانی گۆی زەویدا کە کراوەتە حەوت بەش، هەرێمی چوارەم ئێران و ئێرانشار دەگرێتەوە. و.

بەکورتی و پوختی ئەوەی کە زۆر بۆتە جێگای سەرنجی نووسەرانی قەڵەمنەخشینی ڕووداوەکانی ڕابردوو، هاتنی ئەسکەندەرە بۆ سەر یەکاوی عارەبان (شط العرب). بەپێی گێڕانەوەی ئەم نووسەرانە، کاتێک ئەسکەندەر لە بابل و عێراقی عەرەبەوە تەشریفی بەرەو ڕۆم کەوتۆتە ڕێ، تووشی یەکاوی عارەبان هاتووە و لێبڕاوە تەواوی ئاوی ئەو چۆمانە بەتاقی بکاتەوە کە سەر بەو ڕووبارەدا دەکەن، هەتا بەپێی چێژتنی پسپۆڕان، لێی ڕوون بێتەوە کامەیان سارد و سووک و بەگیانخۆشن. لەسەر ئەم پێوشوێنە هەر پێدا دەڕۆن هەتا دەگەنە زارکی ڕێژاوگەی چۆمی بدلیس کە لەگەڵ دیجلە لێکدەداتەوە. کاتێک هەڵیدەسەنگێنن و بە لاوێچان چەند قومێکی دەخۆنەوە، هەست پێ دەکەن لەچاو ئاوەکانی دیکە سووکتر و خۆشچێژترە. لەوێوە لادەدەن و کەنارەوکەنار دەڕۆن و ڕێگای گوێی چەمەکە دەگرن هەتا دەگەنە جێگایەکی کە ئاوی چۆمی کسوور و ڕەبات قۆڵ تێکدەکێشن. پاش ئەوەی ئاوی هەردک چۆمەکە بەتاقی دەکەنەوە، ئاوی چۆمی کسووریان پێ خۆشتر دەبێ، هەر بۆیە بە لێواری چۆمەکەدا هەڵدەکشێن تاکوو دەگەنە سەرچاوەکەی کە قوڵتەقوڵت هەڵدەقوڵێ.

ڕوون وەکوو دڵی خەڵوەنشینان
گەش وەکوو چاوی گەلی چابینان

تا سەر پشتی گا و ماسی چووە ئاو
وەک چاویلەی ڕەش ڕووی دێتە بەرچاو

ئەو گژ و گیایەی تێیدا شین بووە
گـــۆزلکی لەبـــری گەڵا گرتـــووە

مانگی گەلاوێژ کە نـوقمی تـاوە
بەفرانبـار پەنـای بـۆ وی هێنـاوە

ئەوەندە سەردە و سەر دەتەزێنێ
وێنەش ناوێری ڕووی لـێ بنـوێنێ

گەر قولێکی ڕەش تێپەڕێ لەوێ
دەموچاو بشـوا و ئـاوی وێـکەوێ

وا دادەشۆرێ لە گەرد و خەوشێ
وەکوو جامیجەم ڕوون دەدرەوشێ

ئەو سەرچاوە و کانیاو و کەژ و چیا و مێرگ و مێرغوزارە زەمەند و زەنوێرە وەها جوان و دڵبزوێن و نەخشین دێنە بەرچاوی ئەسکەندەر، کە دیدەی ڕۆژگار بەپێی تێپەڕبوونی سەدان ساڵان جێگای ئاوای نەدیتووە و تەنانەت گوێی زەمانە لەسەر زار و زمانان گۆرانیی وەهای نەبیستووە. گیاوگۆڵی تورت و ناسک لەسەر سینەی سەریان پێکەوە ناوە و پۆلی گوڵانی بە دەورەی‌دا لێ هاڵاوە. کێوەکانی وەکوو خدر سەوزەپۆشن، داروباری خەڵاتی ڕەنگاوڕەنگیان بە شانی‌دا دراوە.

هەوای پارسەنگی گیانی تێخزیوە    نـــمەی ئـــاوی ژیـــانی تێچزیـــوە
زەوی‌وزاری هەمووی شۆرا بە باران    گوڵی نەخشینی لێ شین بوو هەزاران
دەر و دەشتی گوڵی لێ بوونە تارا    تروووسکەی دێ لە ڕووبەندی حەشارا
گوڵانی ڕووگوڵانی سـەرزەمینن    چریکەی بولبـولی سـۆزی ئەویـنن
گژ و گیای تاکوو نێوقەد هەڵکشاون    درەختـی خێوەتـــانی پەڕ بـــڵاون
مەلێ گەر بۆ پشوو بێ لێی بنیشێ    لە خۆشیان باڵەفڕکەی ڕێ‌دەنیشێ [١]

www.zheen.org

ئەوەی ڕاستی بێ ئەسکەندەر ئاو و هەوای بدلیسی پێ دەکەوێ و چەند ڕۆژێک بۆ حەسانەوە لەسەر ئەو کانییە بنە دادەکوتێ و کۆڕی شادی و خۆشی و ڕابواردن دەڕازێنێتەوە. مەیگێڕانی پووز و بەلەک بەفرین کە هەنێیان چەشنی ئەستێرەی ناهید دەدرەوشا بە دەوری‌دا هاتن و چوون و پیاڵەی بلوورینیان بۆ پڕ کرد و ئەویش فڕی هەڵدا. دەنـگ و ئاوازەی بەزموڕەزم و چریکەی کەیف و شادی و شادمانیی ئەسکەندەر هەتا گومبەزی چەرخی گەردوون ڕۆیی.

١- هۆنراوەی کەماڵەددین بافقی، ناسراو بە «وەحشـی» (٩٣٩ـ٩٩١ی ک/ ١٥٣٢ـ١٥٨٣ی ز)، بەشێک لە مەنـزوومەی «فەرهـاد و شـیرین». خـاوەنی کۆمەڵێـک شـوێنەواری بەنـرخە. هاوچەرخی شەرەفخان بووە و بە شێعر کەوتۆتە پێداهەڵدانی شاتەهماسبی سەفەوی. و.

بەپێی نەزیلەی باوی نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەسکەندەر یەسکێکی وەکوو شاخەگای لەسەری ڕواوە و هەر چەندی پزیشکانی شارەزا سەریان پێوە ئێشاندووە و هەوڵیان داوە هیچیان بۆ بە هیچ نەکراوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژ مانەوەی لەسەر ئەو کانیاوە، پەڕاندوویەتی و عەلەمی لێ بڕاوە. ئەو سەرچاوەیە هەر ئێستاش جێگایەکی ڕێک و گۆڕی لێیە کە پێی دەڵێن چاوەی ئەسکەندەر. کاتێک ئاوا دەبینێ و دەزانێ چۆنی ئاو و هەوای وێ پێکەوتووە، دەڵێ وا چاکە شار و قەڵایەکی وای لێ ساز کەم کە سەدان ساڵ دواتر پشتاوپشت باسی بکەن. هەر بۆیە بدلیسی غولامی خۆی ڕادەسپێرێ هەتا قەڵا و باژێرێک لەو شوێنە بنیات بنێ و دەڵێ دەبێ هێندە قایم و پتەو بێ، ئەگەر هات و پادشایەکی وەکوو منیش دەورەی بدا و بیهەوێ بیگرێ، کەمەندی ئامانجی نەگاتە ددانەی مشارەی سەر لێواری شوورە و کۆشک و قەڵای.

«بدلیس» بەپێی فەرمانی بێسێ‌ودووی ئەسکەندەر دوو فرسەخ لەولاتری سەرچاوەکە، لە نێوان چۆمی کسوور و ڕەبات، یانی ڕاست لەو جێیەی کە هەر ئێستا قەڵا و شارۆچکەی بدلیسی لێیە، لە ماوەیەکی کەمدا دیواری قەڵا و شوورەی شاری هەڵدەچنێ.

پاش ئەوەی ئەسکەندەر لە پەلاماردانی ئێران دەگەڕێتەوە، دێتەوە ئەو شوێنە، بەڵام بدلیس دەروازەی قەڵا گاڵە دەدا و شانی لە شەڕ و بەربەرەکانی شل دەکا. تۆقی دەسەڵاتی ئەسکەندەر وەلا دەنێ و دەڵێ چی دیکەی سەر وەبەر ناهێنم. ئەسکەندەر هەر چەند ڕاسپاردان دەنێرێ و بە پەند و ئامۆژگاری دەیلاوێننەوە، تاکوو دەسبەرداری سەربادانی بێ، بەڵام بدلیس هەر تەقەشی لە سەری نایە و ملی بۆ ناچەمێنێ و لە تەمای سەربزێوانەی خاو نابێتەوە. ئەسکەندەریش کە ئاوا دەبینێ هێندەی خۆ پێوە خەریک ناکا و بە چاوی لێبووردنەوە لێی دەڕوانێ و دەورەی نادا و لەشکری دەنگ دەدا و دەڕوا. قۆناخەڕێیەک پتر دوور ناکەوێتەوە کە بدلیس

بە دوای‌دا دێ و شمشیر و کفن دەخاتە ئەستۆی و کلیلی دەروازان دێنێ و خۆی دەگەیەنێتە بەر ڕکێفی ئەسکەندەر. لەڕێوە بە چۆکدا دێ و دەڵێ کوڕە خەجاڵەت خۆم، دەبێ لە تاوانم خۆش بی، چونکە من لەسەر فەرمایشتی پادشای جیهان دامە باری لاساری و سەربزێوی و ئەگەر لە یادت بێ ئەو دەمەی منی کۆیلەی هەرە بەرەژێرت ڕاسپارد تاکوو ئەم شوورە و قەڵایە ساز کەم، بە ڕاوێژی گەوهەربارت فەرمووت دەبێ هێندە سەخت و قایم و پتەو بێ کە پادشایەکی وەکوو منیش بۆی نەگیرێ. تەنانەت فەرمووت نابێ کەمەندی خاقانانی پایەبەرز و خونکارانی دنیاگریش بگاتە ددانەی مشارەی دەوری بانی کۆشکی و مەلی ئاوەزی تیژبینی ڕووناکدڵانی ناخ و دەروون پاڵێوراو نەتوانن بە شاباڵی هەست و خەیاڵ بە سەری‌دا بخولێنەوە. لەسەر ئەم ڕێوشوێنە من بەگوێرەی فەرمانی بێبەرگێڕەوەی مەزنی خۆم جووڵاومەوە و ئاوا شووم لێ هەڵکێشاوە و کوێتەی ئاکاری دزێوم لە مەیدانی بێشەرمی‌دا تاو داوە. ئێستا چم لێ دەکەی و چۆنم سزا دەدەی گەردنم لە موو باریکترە ئەی پادشای جیهان‌پەنا! ئەسکەندەر ئەو قسانەی بدلیسی وەبەر دڵی کەوت و شار و قەڵاکەی بەناوی بدلیسەوە ناودێر کرد و گوتی با حکوومەت و ملکوماشی ئێرە هەر بە ملکایەتی خەڵاتی تۆ بێ و هێندەی هەڵکێشا کە گۆشەکڵاوی پلە و پایەی لە پۆپەی هەتاوی تێپەڕاند.

وەکوو دیارە قەڵافەتی قەڵای بدلیس لەسەر باری سێگۆشە ساز کراوە، هەر بۆیە هەمیشە باری دڵەخورتێ و هەژان باڵی بە سەر کێشاوە. بەپێی گێڕانەوەی باوەڕپێکراوان، لە سەردەمی پێشوودا مار هێندەیان گەرا و هێلکە تێدا هەڵێناوە کە بۆتە قەڵای ماران. مار وا وەک هەرشتە کەوتوونە سەر یەک خەڵک هەراسیان لێ هەڵگیراوە و باری ژیانیان وەسەر ناخۆشی گەڕاوە. سەرەنجام بلیمەتان تەلیسمێکیان خستۆتە سەر لادیواری دەروازەی قەڵاکە و ئاوا مار کەمتر بوونەوە و

جەماوەر داناچڵەکێنن. ئەو تەلیسمە ئێستاش هەر ماوە و پەیکەری داتاشراوی ئادەمیزادێکە لەسەر بەرد و مارێکی بەدەستەوەیە و پێی دەڵێن تەلیسمی دەرگا.[1]

شارۆچکەی بدلیس کەوتۆتە دەرەبەندێکی[2] نێوان ئازەربایجان و دیاربەکر و رەبیعە و ئەرمەنستان. ئەگەر حاجییەکانی تورکستانی و هیندووستانی بە خاکی ئێران و عێراق و خوراساندا بچنە زیارەتی مەککە و مەدینە ـ خودای مەزن هەر بیخاتە سەر شان و شکۆیان ـ دەبێ بەوێدا تێپەڕن. گەڕۆکانی جەددە و زەنگبار و بازرگانانی خەتا و خوتەن و ڕووس و سەقلاب [1] و بولغاری و سەوداکەرانی عەرەب و عەجەم و هامشۆکەرانی زۆربەی دنیا ئەگەر بیانهەوێ بەو باڵەدا بێن، دەبێ بەو قەڵشتەبەردەی بدلیسدا تێپەڕن، دەنا هیچ ڕێگایەکی دیکەیان نییە. ئەم ڕەهۆڵەبەردە کەوتۆتە باکووری بدلیس و تەنیا فرسەخێکی لێوە دوورە. گڕاوێک لەوێ هەڵقوڵیوە و بەرەبەرە بۆتە بەرد و وا کەوتۆتە سەر یەک کە بۆتە گرێ و کۆسپی سەر ڕێی هاتوچۆکەران.

خاتوونێکی خێرخوا ئەو زەمانی مزگەوتێک و پردێکی کڵ گەورەی لە خودی بدلیس ساز کردووە، کە بە پرد و مزگەوتی خاتوون بەناوبانگن. وەختایەک بەو بە کەند و کۆسپەی گڕاوەکەی زانیوە، بەردبڕی لێ وەخۆ خستوون و بوودڕی پێدا لێداوە و کونی کردووە و هەر ئێستا خەڵک و کاروان بەبێ گرێ لێیەوە تێپەڕ دەبن. جێگایەکی مبارەکە و گەلێک پیر و پیاوچاکی خودایی بە پێوقەدەمی پیرۆزیان پێیدا ڕابردوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١-لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا مەبەست لە سەقلاب (صقلاب)، میللەتە سلاڤییەکانە، (الصقالبە). ز.س.

**«واقیدی»[١] لە زمان نۆفلی کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە کەساڵی ٢٧ی ک/ ٦٤٧ـ ٦٤٨ی ز، یانی لە سەردەمی پێشەوایەتیی عومەردا ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ عەیازی کوڕی غەنەم ئەرکی گرتنی دیاربەکر و ئەرمەنستانی خراوەتە سەر شانی. لەو چاخەدا کافرێک بەناوی «یوستینووس» بە سەر «ئەخلات» ڕاگەیشتووە و «سەروەندی کوڕی یوونسی بەتاریقە» حوکمڕانی بدلیس بووە. «سەناسەر»ێکی کافر لە مووش و ساسۆن فەرمانڕەوایەتیی کردووە و مەزنی هەموویان یوستینووسی میری ئەخلات بووە. ئەم میرە «تاروون»ی کیژی خۆی بە جێنشینی دیاری کردبوو.[٢]**

**لە کتێبی «فتووحولبیلاد»دا نووسراوە: باوکی تاروون پێی خۆش بوو بیدا بە بوغوزی کوڕی سەروەند، کە ئامۆزای و حوکمڕانی بدلیس بوو[٣]. کچەش تەواوێک مەیلی چووبوویە سەر مووشی کوڕی سەناسەر، کە لاوێکی هەتا بڵێی جوانچاک و ڕەزاسووک و جوامێر بوو. ئەو دەمەی کە میرانی کافران کوڕانی خۆیان ناردە هانای «مریەم»ی کوڕی «داراب»ی حوکمداری ئامەد، تاروونیش لە لایەن باوکییەوە ئەرکی بە هاناوەچوونی کەوتە سەر شانی. کاتێک لەوێ چاوی بە دیداری مووش کەوت، بەجارێکی جڵەوی بەدەست خۆیەوە نەما و بەدزی لەگەڵ مووش قسەیان کردەیەک و لە لەشکرگاوە ڕایانکرد و چوونە خزمەت عەیازی**

پتکەی ژین
www.zheen.org

---

١- ئەبووعەبدوڵڵا محەمەد (١٣٠-٢٠٧ی ک/ ٧٤٧-٨٢٢ی ز)، مێژوونووس و زانای بواری حەدیس. واقیدیی عەرەب کەوتۆتە ژێر باڵی پاراستنی یەحیا بەرمەکی. هێندێک لە بەرهەمەکانی بە داشکانەوە بە لای شیعایەتیدا دەستاو دراونەوە. کتێبی زۆرن بۆ نموونە: فتووحوششام، فتووحولعێراق، مەقتەلولحوسێن و... (فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن). و.

٢- ئەم هەواڵە لای واقیدی درێژترە (فتوح الشام، ٢/١٦١).

یوونس ڕاستییەکەی لای واقدی بۆڵسە. ز.س.

٣- لە (فتوح البلدان، ص١٧٨-١٧٩) دا، بەم شێوەیە نییە. ز.س.

کوڕی غەنەم و ئیمانیان هێنا و مسوڵمان بوون و هەر لەو پێجێیە تاروونیان لە مووش مارە کرد. پاش ماوەیەک تاروون بەپێی کەینوبەینێک لەگەڵ یارانی عەیاز، هەڵات و گەڕایەوە لای باوکی و گـوتی مووش بەزۆری شادەوئیمانی پێ هێناوم و مسوڵمانی کردووم و ئێستا گەڕاومەوە سەر دینی پێشووم. پاش تێپەڕینی ماوەیەک لە هەلێکی ڕەخساودا تاروون بـاوکی خـۆی کوشت و بەبێ شەڕ و گەڕ ئەخلاتی دایە دەست لەشکری ئیسلام. سەروەندی میری بدلیسیش «یووقەننا»ی نارده لای عەیازی کوڕی غەنەم و سەت‌هەزار دینار و هەزار تۆپ کووتاڵ و پارچەی ئاوریشمی نەخشین و پێنسەت سەر ئەسپی عەرەبی و سەتی خۆماڵیشی وەکوو دیاری بۆ نارد و لەگەڵی پێکهات. جەماوەری شاری بدلیس زۆربەیان ئەرمەنین و بەشی هەرە زۆری ئەوانەی مسوڵمانن کەوتوونە پێوشوێنی ئیمامی شافیعی ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ بەڵام بەشێکی کەمیان لە سەردەمی زاڵبوونی تورکاندا چوونە سەر ڕچەی پێشەوای مەزن ئەبووحەنیفە و بوونە حەنەفی و لە ڕێبازی دەسەڵاتدارانی ڕۆژگارەکەیان ڕوانیوە. زۆربەی خەڵکی ناوچەکە شافیعن و سەرلەبەریان سەریان بچـێ نـوێـژیـان ناچێ و لە ڕۆژوو گرتن ئازان و تامەزرۆی دینداری‌ن. کۆمەڵێکی بەخشندە و دڵاوا و میوانخۆشەویست و ڕێبواردۆست و مـەرد و ڕەندن. لە هەر دێیەکی مسوڵمانان، ئەگەر دووسێ ماڵێکیش بێ مزگەوتێکی لێ ساز کراوە و مەلا و بانگبێژی بۆ ڕاگیراوە و نوێژی بەجەللەی تێدا دابەستراوە و چاکیان شان وەبەر دینەکەی خۆیان داوە.

ئەو شارە پاکە گەلێک زانا و پیاوی شارەزای لێ هەڵکەوتوون بۆ وێنە پێشەوای گـەورەی ژیـرانـی جیهان مەولانا عەبدورڕەحیم بدلیسی، کە لە پوختە بوونی دەروون و فرەزانیدا ناوبانگی دەنگی داوەتەوە و پەڕاوێزێکی یەکجار دڵگر و

وردبینانەی لەسەر کتێبی «مەتالع»[١] نـ‌ـووسیوە کە سەبارەتە بە «مەنتیق و مەعانی» و لە نێو مەزنەمەلایاندا زۆر بەناوبانگە. یەکێکی دیکە لە پەروەردەبووانی بدلیس مەولانا محەممەدی بەرقەلعییە، کە لە شەرعزانی و حەدیسدا بۆتە تاقانەی نێو کۆڕی زانایان و کەوتۆتە بەردڵی مامۆستایان. لە بواری ڕێزماندا پەراوێزی لەسەر «خەبیسی» و «هیندی» نووسیوە و پێشکەشی کردووە بە میر شەرەفی حاکمی بدلیس و کەوتۆتە بەردڵی هەموو لایەک.[٢]

هەروەها ڕووگەی توێژەران و بەڵگەی جێ‌متمانەی بیروردان و پارێزەری ڕێ‌وشوێنی ڕێبازی دین و پێشەنگی ڕێبوارانی خوداناسین، شێخ عەمماری یاسر،[٣] کە مریدی شێخ ئەبوونەجیبەددینی سۆهرەوەردی بووە[٤] و بۆتە پیری دەستگیری شێخ نەجمەددینی گەورە ــ خودای مەزن گیانیان شاد کا ــ بدلیسییە. زانای پایەبەرزی ئاوێتە بووی ڕێبازی یەزدانی، مەولانا حیسامەددین بدلیسیش،[٥] کە بۆتە

١- مەتالع (مطالع الانوار)، قازی سیراجەددین کوڕی ئەبووبەکری ورمێیی نووسیویەتی و ساڵی ٦٨٩ی ک/١٢٩٠ی ز، کۆچی‌دوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٤٦-٦٥٥. و.

٢- «الخبیصی»، محەممەدی کوڕی ئەبووبەکر (م: ٧٣١ی ک/١٣٣١ی ز) خودانی کتێبی (الموشح فی شرح الکافیة) و کتێبی (الکافیة) ش نووسراوی زانای کورد ئیبنوحاجیبە.

دەیان نووسەر هەن بە «هیندی» دەناسرێن و نەمانزانی مەبەستی کامیانە. ز.س.

٣- یەکێکە لە زانا گەورەکان و پیری بەرماڵە و ساڵی ٥٨٢ی ک/١١٨٦ی ز، کۆچی‌دوایی کردووە. م.ج.

٤- شێخ زیائەددین عەبدولقادر سۆهرەوەردی (سوورەبەردی)، ساڵی ٤٩٠ی ک/ ١٠٩٦ی ز، لە گوندی سوورەبەرد لە دایک بووە و ساڵی ٥٦٣ی ک/١١٦٧ی ز، دەستی لە داوێنی ژیان بەرداوە و لە نیزامییەی بەغدا نێژراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٤٥. و.

٥- حیسامەددین عەلی لە تەریقەتی «نووربەخشی»دا خەلیفە بووە. ساڵی ٧٠٠ی ک/ ١٣٠٠-١٣٠١ی ز، کۆچی‌دوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی هەژار، ل ٦٤٥. و.

سەرجەلەی بڕواداران لە ڕەوتی سۆفیگەریدا ڕچەی شێخ عەمماری یاسری گرتووە و پاش چلەکێشان و پاڵاوتنی نەفس و پێداچوونەوە بە هەستی دەروونیدا گەیوەتە پەڕپەڕۆچکەی پێگەیشتن و کتێبێکی سەبارەت بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەوت و ڕێبازی سۆفییایەتی نووسیوە.

یەکێکی دیکە لە مەزنانی بدلیسی مامۆستای فرەزان مەولانا ئیدریسی[1] کوڕی مەولانا حیسامەددینە، کە ماوەیەکی زۆر قەڵەمداری شاهانی ئاققۆینلوو بووە و پاشان لە کۆڕی ئاودەنگانی سوڵتان سەلیمخاندا جێوڕێی بۆ دیاری کراوە و کەوڵی ئەم شانازییەی خراوەتە سەر شانی. بدلیسی جەنگەی پەلاماردان و گرتنی میسر لە ڕکێفی پادشای هەمیشە باڵادەستدا بزووتووە و لەوێ چەند چامەیەکی پڕ کاکڵ و نێوەرۆکی بۆ پێداهەڵدان و تاریفاتی سوڵتان سەلیمخان هۆنیوەتەوە. لە چامەیەکدا ئاوا پێدا هاتووە و سکاڵای ناخ و دەروونی خۆی دەربڕیوە:

سکەی زێڕی من لە سای نەزانی قەڵب و چرووکە
زانایی کە تۆی سەنگی مەحەک بی، بێخەوشوخاڵە
شاری زانستم هێندەی دەنکی جۆ بەهرەی بۆم نەبوو
نەزان گەوهەری لەسەر دەبارێ و بەگاڵەگاڵە
بۆ چما میسر لە منی بەلەنگاز خاکی حەرامە
نەکرێ حەڵاڵێ لە داروباری بۆ من حەواڵە

[1] - مەلا ئیدریسی بدلیسی ([٨٥٦]-٩٢٦ی ک/ [١٤٥٢] - ١٥١٩ی ز)، ناسراو بە حەکیمەددین ئیدریس، مێژوونووسێکی کوردە و لە بارگای پادشاهانی ئاققۆینلوودا کاری کردووە. پاشان چۆتە بارگای سوڵتان بایەزیدی دووهەم و سوڵتان سەلیمی یەکەم. بەرهەمی هەرە بە ناوبانگی کتێبی «هەشت بەهەشت»ە و سەبارەتە بە دیرۆکی حکوومەتی عوسمانی و لە سەردەمی عوسمانەوە دەست پێدەکا و هەتا سەردەمی بایەزیدی دووهەم دەگرێتەوە... . (فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن، ب ١، ل ٣٠٢). و.

گریمان کە من مافی خزمەتم لە لای تـۆ نەبـێ
کەچـی لەبەر تـۆ ئێسـتێکە پشـتم لە ماڵوحـاڵە
لە ڕۆم و شـام و ئامەد و کورسان خزم و کەسانم
وەک بەندە دەگرین، تێکڕا ژیانیان لێ تفت و تاڵە
باسی چاکەی تۆ گەر پایەبەرزان ببیسن لە من
وەک پەڕەی تۆمار دەپێچرێنەوە یا دەبنە جـاڵە
چون دەرگاهی تۆ ئەی شاهی میسر مەکۆی زانینە
چاکە کۆرێکی بگری و ببینی چۆن دەکەم گاڵە
من مەلەوانی زانستی وێژە و بواری پزیشـکیم
لە لام ڕێـازی پرسـی گرانـی گەمەی منـاڵە
تا پەڕپەڕۆچکەی هەموو زانستان باڵم گرتووە
کێ بڵێ ئیدریس نەوی دەنیشێ، خەون و خەیاڵە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بدلیسی مێژوویەکی نووسیوە بە زمانی فارسی کە سەبارەتە ژیان و بەسەرهاتی هەشت کەس لە سوڵتانەکانی عوسمانی و ناوی ناوە «هەشت بەهەشت» و نیزیکەی هەشتاهەزار بەیتیشی کردۆتە نێوئاخنی (؟!). دوای سەرهەڵدانی شاسمایل و برەوپێدانی ڕێبـازی ڕافـزی، مەولانا ئیدریس مێژووی سەردەمەکەی بە ئەبجەد هێنابۆوە: «مذهب ناحق». کاتێک شاسمایل ئەو قسەیەی بیستەوە، یەکێک لە هاودەنگان و هاونشینانی تایبەتی خۆی، کە مەولانا کەماڵەددینی تەبیبی شیرازی بوو، ڕاسپارد هەتا نامەیەکی بۆ بنووسێ و پرسیاری لێ بکا کە داخوا دانانی ئەم مێژووە کاری ئەوە یان بۆی هەڵبەستراوە؟ ئەویش لەڕێوە فەرمانی شای نایە بان چاوی و نامەیەکی یەکجار جوان و لەدڵان خۆش و وردەکارانەی بۆ نووسی و پرسیارەکەشی تێدا گونجاند. کاتێک مەولانا ئیدریس

نێوک و نێوەرۆکی نامەکەی لێ ڕوون بۆوە، حاشای لێ نەکرد و نووسی: بەڵێ من ئەم مێژووەم دۆزیوەتەوە، بەڵام پێکهاتەکە عەرەبییە و گوتوومە «مذهبناحق»! شاسمایل وڵامەکەی بە دڵەوە نووسا و فەرمانی پیرۆزی نووسی کە وا چاکە مەولانا بێ و لێرە هاودەم و هاونشینمان بێ. مەولانا خۆی پاراست و نەچوو، بەڵکوو بە دانانی چامەیەک داوای لێبووردنی لێ کرد و لێرە بەشێکی دەخرێتە بەرچاو:

غولامی خانەدانی ئێوە بوون باوانی ڕابردووم و خۆشم هەر هەوم میرم
کە باپیرەت وەکوو پێشەنگی دین بوو باوەپیرەم بوو بە سۆفیی سەر لەپێناوی
لە لای باپیری مەزنت بابی من خوێندی قوتابی بوو زەمانێ ڕۆژگارێکی
لە زانستی ئەوی بەرهەم چنی نووری خودای وەرگرت دەروونی پاک و پاراوی
منیش کۆیلە و غولامی شاهی حەیدەر بووم دەرۆیشتم لەسەر ڕێبازی یەکڕەنگی
وەکوو شیر و شەکەر تێکەڵ ببووین و پێگەیی بیرم نەما تاوێ لەسەر خاوی
خودا خۆی چاکی هێناوە و ئەگەر ئایاتی قورئانی بەوردی بێتە بەرچاوت
دەزانی ناوی ئیسماعیل لە کوێ بێ هاتووە ئیدریس و ڕۆنیشتۆتە پاڵ ناوی

ئەبولفەزل ئەفەندیی کوڕیشی کە پیاوێکی زانا و خوێندەوارێکی دیار بوو، لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانخانی بەهەشتیدا کرابوویە سەردەفتەری ڕۆمئیلی و ماوەیەک ئەم ئەرکە گرینگەی ڕاپەڕاند. ئەبولفەزل دوو کوڕی شیاوی بەجەوهەری بوو. وا هات جارێکی کە بە سواری کەشتی لە «غەلتە»وە دەچوونە ئیستانبووڵ، گیرۆدەی چارەنووسێکی چاوەڕواننەکراو بوونەوە. لە جەنگەی ئاژوانی کەشتیدا لەپڕێک بای ناهومێدی هەڵدەکا و شەپۆل و چەپۆکانی دەریای نەهامەتی، کوڕانی

ئەو پیاوە بەختەوەرە دەژاکێنێ و لۆتکەی تەمەنی ئەو چارەڕەشانە نوقمی گەرووی گێژاوی بەڵا دەکا و بەلەمی هیوای ئەو نامرادانە ناگاتە بەستێنی ڕزگاری و کەڵەکی ژیانیان لە دەریای نەماندا بزر دەبێ و سەر بە هەناوی نەهەنگی مەرگدا دەکەن و وا ون دەبن کە تازە هەرگیز کەس بە سەروسۆراغیان نازانێ.

کەشتی هەر کەسێ گژەی بای نەمان هەڵگێڕێتەوە
وەک پەنجەی شکاو سەوڵی سووڕاوی دەسووڕێتەوە

ئەبولفەزل ئەفەندی پاش ئەم کارەساتە لە تاوی کوڕانی، دڵی بە ئاگری دووری و هەڵبڕانی بوو بە کۆی زووخاڵ. لیزگەی دوورودرێژی حیسباتی لە پەڕاوی ئاواتەکانییەوە پێچا و سەرحیسابی دیوانی [ژیانی گەیشتە سەری و وەبیری هێنایەوە] کە: «جگە لە خودا هەرچی هەیە تێدا دەچێ.»[1] پاشان ئاوای نووسی لە پسوولەی ژیانی: «فەرمان هەر فەرمانی خوایە و هەر بۆ لای ئەویش دەگێڕدرێینەوە.»[2] فریشتەی گیانکێشانی تۆماری ڕۆژنامچەی تەمەنی هەڵکردەوە و بڕایەوە. مەولانا ئەبولفەزل ئەفەندی نێرینەی لە پاش بەجێنەما و دوابڕاو بوو.

یەکی دیکە لە مەزنەپیاوانی بدلیسی «شێخ ئەبووتاهیری کوردی»یە،[3] کە خۆری پرشنگداری دیـن و گەل مەولانا ئاوڕەحمانی جامی لـە کتێبی «نەفەحات»دا باسی کردووە و گۆڕی تروسکەداری کەوتۆتە شانی ڕۆژاوای بدلیس و لە گەڕەکی «کسوور»ە.

١- «کل شی هالک الا وجهه»، بەشێک لە ئایەی ٨٨ی سوورەی قەسەس. و.

٢- «له الحکم والیه ترجعون»، بەشێک لە ئایەی ٧٠ی سوورەی قەسەس. و.

٣- جامی ناڵێ «ابوطاهر الکردی» خەڵکی بدلیسە و زۆر بەکورتی باسی کردووە. ز.س.

بنکەی ژین
www.zheen.org

«شوکری»ی[١] شاعیر کە ماوەیەک لە بارگای میرانی تورکماندا خزمەتی دەکرد و سەردەمێک لای شەرەفخانی بدلیس بوو، هەر خەڵکی بدلیسە کە دواتر لە ڕیزی ئاودەنگانی کۆڕی پیاوماقووڵانی سوڵتان سەلیمخاندا خۆی دۆزیوەتەوە. شوکری ڕووداوەکانی زەمانی سوڵتان سەلیمخانی کردوونە شێعر و بەڕاستی چاکیشی داڕشتوون و ناوی ناوە «سەلیمنامە»، لەتیفیی ڕۆمی ناوی ئەم شاعیرەی لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی شاعیرانی تورک»دا تۆمار کردووە.

مەبەستم لە هێنانە گۆڕی ئەم ناوانە ئەوەیە کە بڵێم بدلیس هەمیشە مەکۆی مەزنەمەلایان و زانایان و بنکەی بیرتیژان و خوێندەواران بووە. مامۆستای هێژای چازان مەولانا مووسا کە ئێستا فێرگەی «شوکرییە»ی لە ژێر دەستیدایە و لەوێ خەریکی وانەوتنەوەیە، لە زمان مەولانا شاحوسێنی باپیرییەوە کە زۆر ژیاوە و ١٢٠ بەهاری بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیوە، گەلێک نەقڵ و نەزیلەی بۆ منی نووسەری ئەم ڕووپەڕانە گێڕاوەتەوە و جارێکیان دەیگوت: «ئەو دەمەی شاسمایل، بارامبەگی زولقەدری کردبوویە دەمڕاست و بریکاری خۆی هەتا بە سەر عادلجەواز و ئەرجیش و بارگیری ڕابگا، لەگەڵ پیاوەکانی شەرەفخان لە لای ئەخلات و دەوروبەری لێی دەبێ بە شەڕ. شەرەفخان، شێخەمیری بلباسی ڕادەسپێرێ تا بگاتە سەری و بیتەزێنێ. ئەویش لەشکری دەنگ دەدا و نیزیکەی پێنسەد مەلای زانا و فەقێی بدلیسی بە تەمای چوونە خەزا دەست دەدەنە تیروکەوان و وێڕای شێخەمیر دەچنە ئەرجیش.

خۆ وەکوو دیارە و هەموو لایەک وەباڵی لەسەر دەکێشن، ئاو و هەوای بدلیس بە زمان پەسنی نادرێ و باغ و باغاتی گەش و خۆش و سەرسەوزی لەگەڵ

---

١- شوکریبەگ لە میرانی ناوداری کورد و لە گەورە سەرکردەکانی سوڵتان سولەیمانی قانوونییە و کتێبێکی بە تورکی بە ناونیشانی (الفتوحات السليمية) نووسیوە. حاجی خەلیفەش نەیزانیوە کەنگێ مردووە (کشف الظنون، ٢٨٤/١، ١٢٣٧/٢.) ز.س.

خانووبەرە و کۆشکەڵ و نژیارەکانی لە تاریف نایەن. شێخولئیسلامی سەرتۆپی ئادەمیزادان مەولانا عەبدولخەللاقی کوڕی شێخ حەسەنی خیزانی، کە خەلیفەی شێخ عەبدوڵڵای بەدەخشانییە و گڵکۆی پڕ لە نووری کەوتۆتە نیزیـک «گۆکمەیدان» و شوێنی گیرابوونی نزا و پاڕانەوەیە و بە ڕچەی سۆفییایەتیدا دەگەڕێتەوە سەر شێخ ڕوکنەددین عەلائوددەولەی سمنانی [1] ـ خودای گەورە گۆڕەکەی پڕ کا لە نوور ـ ئەم چەند شێعری سەبارەت کەش‌وهەوای بەگیان‌خۆشی بدلیس نووسیوە کە دوڕ و گەوهەری لێ دەبارێ:

ئاوی خدر و پشووی عیسا، لەبەر ئاو و هەوای بدلیس
بە خۆیاندا شکانەوە و جێ‌حەشاریان بۆ مایەوە
ئێرە کوێیە کە وا لە سای هەناسەی پاک و بێگەردی
باغی بەهەشت لەسەر زەوی، چرای عومری کوژایەوە
ئێرە شوێنێکی وا خۆشە، کاتێ مامز بیستی ناوی
ویستی خوتەن بەجێ بێڵێ و بێ لێرە بێتە کایەوە
وتی دەچم و لەوێ جارێ، پزووی نێوکم دەترازێنم
کەچی شنەی بەربەیانی، هەسی خەیاڵی دایەوە
گێڕایەوە کە میسکی چین، بۆتە خاکی ئەو مەڵبەندە
نەکەی بچی کە عەتری تۆ، نرخی تۆزە و بڕایەوە
ئەم خاکە بێ‌خەوش‌وخاڵە، بڵێی کوێ بێ کە چەن ساڵە
سروەبای باغی بەهەشتێ، خۆی دەنوێنێ بە لایەوە

١ - عەلائوددەولە سمنانی (١٢٦١-١٣٣٦ی ز)، ئەحمەدی کوڕی محەممەد، یەکێکە لە گەورە ڕێبەرانی سۆفیگەری و خاوەندی دەیان کتێبە، لەوانەش (الصلاح لاهل الفلاح). ز.س.

دەیـەهەوێ تـۆزێ هەڵگـرێ و بیبـا لەوێ بیتەکێنـێ
تا بڵێ کە پرچی حۆری، بەو تۆزە بوو گەشایەوە
بەڵام هەرچی سروە گەڕا، شل و فل بوو چی بۆ نەکرا
لەم وڵاتە بێگەردەوە، دەستی بەتاڵ گەڕایەوە

ئەگەرچی وەرزی زستان بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ و سەرما باڵی بە سەر دەکێشێ و تەپ و مژ دایدەگرێ و خەڵک تووشی سەخڵەتی دەبن، بەڵام دیسانیش نایکاتە ویشکەبەند و کەڕەسەرمایەکی وا چزوویان لێ دابگرێ و بیانئێشێنێ. هەژار و دەوڵەمەند و غەوارە و شارەیی ئاوردوویان دارە و باری یەسترێک ئێزنگ بایی درەمێکی زێوە کە دەکاتە دوازدە ئاقچەی عوسمانی. سووتەمەری گەرماوەکانیشی هەر ویشکەڵ و موورەداری قەڵاش کراوە. جاری وایە زستانان هێندە بەفر دەبارێ کە ڕێی هات‌وچۆ دەگیرێ و دەبێتە ڕێبەندان. هەر لە کۆنەوە سوڵتانانی دادەوان و خونکارانی بەشان‌وشکۆ، چونکە مسوڵمان و کافری شارەکە پێکەوە بوونە پارێزەری ڕێگاوبانان، باج و پیتاک و سەرانەیان لەسەر هەڵگرتوون و بەپێی ڕێوشوێنی شەرعی فەرمانیان نووسیون و زۆر بەتوندی لەسەری کرژ بوون و ئەو کەسانەیان بە لەعنەت کردوون کە لەو داب و ڕێسایە لابدەن.

میرانی بدلیس خۆیان بە کاری خێرەوە سەرقاڵ کردووە و گەلێک مزگەوت و فێرگە و نەزرگە و خانەقا و پرد و گەرماویان ساز کردوون. بۆ نموونە شارەکە بیست‌ویەک پردەبەردینەی تێدا هەڵبەستراوە و خەڵک هاموشۆی پێدا دەکەن. شارەکە بریتییە لە شازدە تاخ، کە چوار مزگەوتی گەورە و هەشت گەرماوی تێدایە. یەکێک لەو مزگەوتانە لە پێشوودا کلیسای ئەرمەنییان بووە و پاش سەرکەوتنی سپای ئیسلام کراوەتە مزگەوت و پێی دەڵێن قزڵ مەسجید (مزگەوتی

بنکەی ژین www.zheen.org

سوور). مزگەوتێکی دیکە سەلجووقی سازیان کردووە و مێژووی دروستکرانەکەی بە خەتی کووفی نووسراوە و بە مزگەوتی کۆن ناسراوە. یەکێکی دیکەیان میر شەمسەددین بناغەی داناوە و جێسانەوەی بۆ بەلەنگازان و دەروێشانیش پێوە ساز کردووە و لە تەنیشت «گۆکمەیدان»ە و پێی دەڵێن «شەمسییە». مزگەوتی چوارەم کە بە شەرەفییە بەناوبانگە، باپیری منی هەژار سازی کردووە و فێرگە و خانەپەنای قەلەندەرانیشی بە پاڵییەوە داناوە و کەوتۆتە تاخی ماردین. ئەم مزگەوتانە مەلا و بانگبێژیان هەیە و مووچەی چاکیشیان بۆ براوەتەوە. وێناچێ لەوەتی ئیسلام لێرە ئاسۆگی داوە، هەتا ئێستا تەنانەت جارێکیش نوێژی هەینی و نوێژی بەقەتارەی لێ فەوتا بێ.

منی بەلەنگاز پێنج فێرگەم لێ بنیات ناوە کە بریتین لە: خەتیبییە، حاجیبەگییە، شوکرییە، ئیدریسییە و ئیخلاسییە. هەموویان لای خانەپەنای شەمسییەن وساڵی ٩٩٩ی ک/ ١٥٩٠ی ز، تەواوم کردوون و داپۆشیون و ئێستاکە پڕن لە فەقێ. مامۆستای هەرە چاک و خوێندەواری زانا لەو فێرگانە خەریکی پەروەراندن و ڕاهێنانی فەقێیانن. بۆ وێنە مەلا خدری بەبی لە فێرگەی شەرەفییە مامۆستایە، کە لە زانینی شەریعەتی ئیسلامیدا بەپێی ڕێوشوێنی ئیمامی شافعی کەس تای ناکا و لە زانستی لێکدانەوەی قورئان و حەدیسدا بێوێنەیە. وەک دەڵێن هەر کەس لە لای مەلا خدر دەرسێکی خوێندبێ تاکوو چڵەپۆپە پێهەڵاچووە. بەڕێز شەمسەددین مەولانا محەممەد شەرانشی کراوەتە مامۆستای فێرگەی «شەرەفییە» کە لە نێو زانایانی کوردستاندا بە پیاوێکی پاکسرشت و بەرزەجێ بەناوبانگە و لە زانستی لێکدانەوەی قورئان و ئەستێرەناسی و مەنتیق و کەلامدا یەکجار شارەزایە. وانەوتنەوەی فێرگەی حاجیبەگییە خراوەتە سەر شانی مەولانا محەممەدی زەرقی سۆفی کە بۆ باشمەلایی و دینداری و پاکی و ڕاستی و دروستی هاوتای کەمە. فێرگەی ئیدریسییە ئەسپاردەی دەستی مەولانا عەبدوڵڵا کراوە کە پێی دەڵێن مەلای

ڕەش و بە چەشنێک توانیویەتی لە دەرانەی سوڵتانەوە فەرمانی بە سەرڕاگەیشتنی ئەم شوێنە وەربگرێ. ئەویش لە زانستەکانی زەماندا پیاوێکی هەڵکەوتەیە و سەری دیارە لە نێو سەراندا.

کۆمەڵێک سەنعەتکاری پەنجەنەخشین و پیشەوەری کارزان لە شاری بدلیس نیشتەجێن و هەشتسەد دووکانێکیان هەیە و بێجگە لەوانە گەلێک جێگای دیکەش هەن کە خێریان بە هەموو لایەک ڕادەگا. بۆ نموونە بناغەدارێژی دادەوانی و سەرکاروانی خێرومەندی و سەرچاوەی چاکەکاری و بەخشندەیی، پەنای میرانی خاوەنی تەپڵ و ئاڵا و نوای ڕێبوارانی زانست و زانایی، باوەڕپێکراوی دەسەڵاتی سوڵتانی و جێ‌متمانەی خونکاری خاوەن‌شکۆ، خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان ـ خودا بیخاتە ژێر داڵدەی لێبووردنی خۆی ـ چەند شوێنەوارێکی وەک یادگار لە پاش بەجێماوە. بۆ وێنە دوو گەرماوی بەردەمەرمەڕ و دوو کاروانسەرا و نیزیکەی سەت دووکانێکی دووبەر و دوو دەباغخانە و چی‌وچی دیکەشی ساز کردوون و داهاتی چاکی تەواویانی خستۆتە سەر هەژارخانەی «ڕەهوا» و سەرلەبەریان شارەکەیان جوان ڕازاندۆتەوە. مامۆستای چازان و خۆش‌ڕاوێژ و پوختەدەروون محەممەدجان ئەفەندی کە بە ڕەگەز قازی‌زادەیە و یەکێکە لە مەزنەوەجاخان و باب‌وباپیرانی پشتاوپشت هەتا پلەی بەرز پێهەڵاچوون و ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری گرینگیان خراوەتە سەر شانی، بۆ مێژووی ئەم کارانەی خوسرەوپاشا، دەستەواژەی «بنای خسروانە»ی هێناوەتەوە.[1]

سەرەڕای سازکردنی ئەو جێگا بەخێروبێرانە شانی دایە بەر دوو گەڵاڵەی گرینگی دیکەش و هێندەی پێنەچوو کە تەواوی کردن و کەوتنە بەردڵی گەورە و

١- بینای خوسرەوانە (بنای خسروانە)، بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ٩٨٥ی ک/١٥٧٧ی ز. و.

بچووکی کۆمەڵ و دەسخۆشانەی لێ کرا. یەکیان ئاواکردنی «ڕەهوا»، کە کەوتۆتە نێوان گوندی «تاتوان» و شاری بدلیس و بریتییە لە دوو دەستە کاروانسەرای گەورە و خانەپەنای ڕێبواران و لێقەوماوان و گەرماوێکی دڵگر و مزگەوتێکی گیانپەروەر و دە دووکانی هەمەڕەنگی پیشەوەران. لە مەودای ١٢ هەزار گەزیڕا ئاوی کانیاوێکی بۆ ڕاکێشاوە و کردوویەتە ئاوەدانی و سی ماڵە کافر و مسوڵمانیشی لێ نیشتەجێ کردوون. ئەو زەوی‌وزارەی کە سوڵتان مرادخانی خودابەخشیو وەکوو کەڵەبڕ بۆی بڕییۆوە و بە مڵکایەتی باربووی خوسرەوپاشای کردبـوو، دە قەبەڵی ڕەهوای کردووە. هەرچی بەرهەم و داهاتی ئەو زەوی‌وزارانەیە بەختی خەرجکێشانی هام‌وشۆکەران دەکرێ و چێشت و نان و ئاگری ئاگردانی پێ دابین دەبێ.

لە میر و مەزن و بەگلەرانی تورک و تاجیک و عەرەب و عەجەم، یان کۆیلە و ئازادی شارەکی و ڕێبواری غەریب و لاپۆرە، هەر کەسێک شـەوانە لابدا، بەپێی خواروژووریی پلە و پایەی پێی ڕادەگەن. گەرچی لە نێوان شار و تاتوان‌دا چەندین گوند و گەلێک کاروانسەرا هەن، بەڵام چونکە ناوچەکە یەکجار کوێستانە و بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ و سارد و سەرما قوولە دەکا، هەموو ساڵێ چەند بازرگان و هات‌وچۆکەرێک سەریان تێدا چووە و کەسیرە بوون. پیاوماقووڵانی بدلیسی زستانێکی کە چەند جارێک بەفر بە سەریەک‌دا باریوە و پێواویانە، بارستاییی هەموو نواکانی گەیوەتە شێست بستان. پادشاهان و میرانی مەزن، بەتایبەت باوک‌وباپیرانی پایەبەرزی منی داماو، چەند جارێک جێ و شوێنی حاوانەوەیان لە مەودای ئەو ڕێ‌وبانەدا ساز کردووە، کە هەر ئێستاش کاول و هەرەسەکانیان ماوە و سەریان لە باڵاپیاوێک تێدەپەڕێ، بەڵام شێوان و ئاڵوگۆڕی زەمان هەمووی تێکچماندوون. وەک دەڵێن کەس نازانێ کێ بەختی چاکی دێنێ و بە سەری‌دا دەڕژێ.

هەر ئێستا ماوەی پتر لە بیست ساڵە کە لە سایەی کاروباری بەخێروبێری پاشای خوالێخۆشبۆوە، هیچ گیانلەبەرێک لە ڕەهوا سەرما ڕەقی نەکردووە. پۆلی حاجی و زیارەتکەر و بازرگان و هاموشۆکەران بەبێ دڵەخورتێ بەخۆشی و سلامەتی بەو شوێنەدا تێدەپەڕن.

دووهەم کاری دیاری خوسرەوپاشا، ساز کردنی مزگەوتێکی گەورەی بەرز و فێرگەیەک و نێژگەیەک و قەلەندەرخانەیەکی جوان و لە دڵان خۆشە لە باژێری وان. قورئانخوێنی دەنگخۆش و وتاربێژ و بانگدەر و سەلاکەری بەدین و خۆشڕاوێژ و مجێوری ڕەوشتجوانی سەروڕووخۆشی لەو مزگەوتە ڕاگرتوون و هەرکام بەپێی ئەرکی خۆی مووچەی بۆ بڕیونەوە. دوای هەر پێنج فەڕزەی نوێژان، بۆ شاد بوونی گیانی گەش و ڕوونـاکی فاتیحایەکی بۆنخۆش دادەدەن و بۆی دەنێرن. شەوانی هەینی و دووشەممۆ خەتمی کەلامی قەدیمی لێ دەکرێ و بێگومان خێرەکەی دەگاتە گیانی پاکی ئەو مەزنەپیاوە.

سێهەم کاری[1] هەرە گەورەی خوسرەوپاشا، بەسەرکردنەوەی من و بەشێکی بەرچاوی خێڵی ڕۆژەکی بوو. منی نووسەری ئەم لاپەڕانە، وێڕای کۆمەڵێکی زۆر و زەوەندی ڕۆژەکی ماوەیەک بە سەرگەردانی لە بیابانی ویشک و قاقڕی گومڕاییدا دەسووڕاینەوە و بە سینەی دەریای پەژیوانیدا ڕۆچووبووین و چلوچوار ساڵ لە چنگ بەدکار ڕوومان لە زێد و مڵکوماش و یاران وەرگێڕابوو. لەو ماوەیەدا پەڕەوازەی هەندەران و خاکی قزڵباشان ببووین و لە داوی بیستنی قسەی پووچەڵبێژانی سووک و چرووکدا تاسابووبن، بەڵام خوسرەوپاشا پاش هەوڵ و هەڵسووڕانێکی بێوچان توانی لە دڕکەڵانی غەواران دەربازمان بکا و بمانگێڕێتەوە

١- سەرەتا نووسیویەتی دوو کاری گرینگ، بەڵام سێی بژاردوون. و.

جاڕەگوڵی بێ پەلەدڕووی ئیسلام و نیشتمانی خۆشەویست و خانە و لانی بەناوبانگی باب‌وباپیرانی هێژای منی بەلەنگاز.

بەکورتی و پوختی ئەو دەمەی کە پادشای خودالێخۆشبوو ناردییە شوێنم لە نەخجەوان هەتا بگەڕێمەوە نێو قەڵەمڕەوی مسوڵمانان و بەڵێنیی پێدام کە بمخاتەوە سەر تەختی دەسەڵاتی خانەدانی خۆم، ئەوە خوسرەوپاشا بوو هێندەی سەر پێوە ئێشاندم کە هەر باسی ناکرێ. نیزیکەی هەزار کەس ژن و پیاو و زورهان و لاو کە ساڵها بەتاسەباری لەبەر خودای بەرزەناو دەپاڕانەوە دەروویەکی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی مسوڵمانان بە ڕووی‌دا بکاتەوە، لەگەڵ منی دەسکورت بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و چاویان بەو هەل و هاتە مەزنە ڕوون بۆوە و شەپۆلی بەختەوەری ڕووی تێکردن و سەریان بەرز بوویەوە؛ جا هەر بۆیە خۆم بە شوکرانەبژێری خودا دەزانم.

**

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەکێک لە ناوچە خۆشەکانی دەوروبەری شاری بدلیس، ئەخلاتە و خودی شارەکە یەکجار کۆنەسازە و جاری وایە پادشایانی ئەرمەنی کردوویانەتە پایتەختی خۆیان. لە سەردەمی «نۆشیروان»دا «جاماسب»ی مامی لێی بۆتە میرهەرێم. کەش و هەوای ئەخلات هەتا بڵێی خۆش و فێنکە و دارستان و باغاتی زۆرە و گەلێک میوەی بەتام‌و پڕاوی لێ بەرهەم دێ، بەتایبەت قەیسی و شەکرەسێوی هەر بە لێوان دەخورێن. سێوی ئەخلاتی هێندە گەورە دەبێ کە کێشی لە سەت درەمیش تێدەپەڕێ و لە هەرێمی ئەرمەن و ئازەربایجان بەناوبانگە. بێجگە لە چەند جۆرە سێوێک، هەرمێشی هەیە.

ئەخلات پڕە لە شوێنەواری بەخێروبێر، بۆ نموونە مزگەوت و فێرگە و تەکیە و خانەقای زۆرن و هەمیشە زانا و پیر و شێخی لێ هەڵکەوتوون. یەک لەوانە سەید

حوسێنی ئەخلاتییە کە سەردەمی خۆی لە زانستی دینی و دەروونیدا کەس تای نەکردووە. بۆ «جەفری جامیع»[١] ناوبانگی دەنگی داوەتەوە و لە جەنگەی هەرا و ئاژاوەی هرووژمی لەشکری چەنگیزخاندا بۆ سەر ئێران و توووران، لە ڕووی زانستی جەفرەوە زانیویەتی ئەگەر لە جێی خۆیان نەبزوون نەهامەتی باڵیان بە سەر دەکێشێ، بۆیە وێڕای دوازدەهەزار ماڵە مرید و خزم و کەس و دۆست و بڕوادارانی، دەستی لە نیشتمانی خۆی هەڵگرتووە و هەموویانی بەرەو میسر بردووە. ئەم مەزنە بەسایە و سێبەرە هەتاکوو ماوە هەر لەوێ ژیاوە و مەرقەدی پرشنگداریشی لەوێیە. ئێستاش لە میسر گەڕەکێک هەیە کە پێی دەڵێن گەڕەکی «ئەخلاتییان».

یەکی دیکە لە زانایانی وێندەرێ مەولانا محێدینی ئەخلاتییە کە لە زانستی ئەژمێر و پێوان و ئەستێرەناسیدا بە هەردک باڵان فڕیوە. کاتێک نەسیرەددین محەممەدی تووسی بەپێی فەرمانی هۆلاکۆخان لە مەراغەی سەر بە تەورێز بنکەی ئەستێرەناسینی دامەزراندووە و نامیلکەی هاتن و چوونی بۆ ڕێکخستوون و خشتەی بۆ داناون، مەولانای لە ئەخلاتەوە بردۆتە لای خۆی و لەگەڵ موئەییەدەددینی عەرووزی و نەجمەددینی دەبیرانیی قەزوێنی، پێکەوە ئەرکەکەیان ڕاپەڕاندووە.

شاری ئەخلات لە سەردەمی ئیسلامەتیدا گێژەڵووکەی شەڕ و ئاژاوە تێی هاڵاوە و کاول بووە. جارێکیان ساڵی ٦٢٦ی ک/ ١٢٢٩ی ز، سوڵتان جەلالەددینی خارەزمشا پەلاماری داوە و بە زەبری زۆر لە چنگ سەلجووقییەکانی دەرهێناوە و جەماوەرێکی زۆری لێ کوشتووە. پاشان سپای مەغۆلان لەشکریان بردۆتە سەری و چۆن بڵێی خراپە ئاوایان تێکوپێک داوە. ساڵی ٦٤٤ی

١-زانستێکی کۆن کە بەپێی وی دەیانزانی لە داهاتوودا چ دەقەومێ. زانستی پیتان. و.

ک/١٢٤٦ی ز، بوومەلەرزەیەکی بەگوڕ ئەخلاتی هەڵتەکاندووە و داری لەسەر بەردی نەهێشتووە. ساڵی ٩٥٥ی ک/١٥٤٨ی ز. شاتەهماسب لە چلەی زستاندا دەورەی قەڵای ئەخلاتی داوە و لە چنگ کاربەدەستانی سوڵتان سولەیمانخانی دەرهێناوە و فەرمانی خاپوورکرانی داوە و پاش سەعاتێک (؟!) تەختیان کردووە. دوای ئەم ڕووداوە سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر دەستی لە قەڵا و کۆنەشارەکە هەڵگرتووە و هاتووە شوورە و قەڵایەکی لە لێواری زرێبارەکەی پەنای ساز کردووە. لەبەر ئەم شەڕوشووڕانە کۆنەشارەکە کاول و هەرەسی بە سەریەکدا تەپیوە و بەجارێک وێران بووە و شاری تازەش وەک بڵێی ئاوەدان نەبۆتەوە.

جیهان کۆخێکی خاپوورە لەسەر ڕێبازی سێڵاوێ
بزانە گەر بە تۆزێ قوڕ لەناکاو ئاوەدان ناوێ

ئێستاش ئەگەر زەوییەکانی شاری وێرانی ئەخلات دەدەنەوە، شوێنەواری کۆشکەڵ و خانووبەرە و کاروانسەرا و گەرماوی لێ وەدەردەکەوێ کە دیواریان بە بەردی مەڕمەڕی تاشراو هەڵچندراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

❋❋

ناوچەیەکی دیکەی سەر بە بدلیس، «مووش»ە و شارێکی زۆر لە مێژینەیە و شوێنەواری شوورە و قەڵای کۆنی چاک وەبەرچاو دێ. ئەو دەمەی باب‌وکاڵی منی بەلەنگازی داماو لێرە خاوەن دەسەڵات بوون، قەڵای مووش مەودای فرسەخێک دوور لە باڵی باکووری شارەکە بە شانی کەژێکەوە خۆی نواندووە و ماوەیەکی زۆریش ئاوەدان بووە. پاشان سوڵتانی خەزاکەر ئەو قەڵایەی کاولاندووە و کۆنەقەڵایەکی نیوەسازی سەر گردێکی لای خۆرنشینی شارەکەی تەواو کردووە و

قەلادار و تۆپچی و پەنجا چەکدارێکی بۆ داناوە و چی پێویستیش بێ بۆی دەستەبەر کردوون. ئەرمەنی بە تەم و تومان و مژ دەڵێن «مووش». مژەکەوێرەیەکی وای بە سەر دەکشێ کە داری بەری چاکی گەشە لێ ناکەن و هەڵنادەن، بەڵام لە دەوروبەری شارەکە ڕەز سەریان پێکەوە ناوە. ڕەزیان لەسەر باسک و کەلەکەی کێوان ناشتوون و ئەگەر لە نەوییان بن بەر ناگرن و قۆرە و ترێیان پێوە نابێ.

دەغڵودانێکی زۆر و خرمانەهەرزنێکی بێئەندازەی لێ هەڵدەگیرێ. پێدەشتی بژوێن و لەوەرگەی زەمەند و زەنوێری بەربڵاون. خەڵکی جووتیار و ئاژەڵداری، گاوگۆل و کەڵ و گامێش و مەڕ و بزنێکی زۆر بەخێو دەکەن. لەوێ لەبری جووتەگایەک بۆ کێڵان کە پێی دەڵێن کۆتان، بیستوچوار سەر کەڵ و گا تێکدەخەن. تورکان بە دەشتی مووش دەڵێن «مووشئاواسی». ئەم دەشتە تەخت و ڕێکە دەدوازدە فرسەخێک درێژ و چوارپێنج فرسەخێک بەرینە و هەمیشە شینە و بە تانوپۆی گوڵ و ڕیحانە چندراوە.

پێدەشتی مووش کێو و چیای سەوزەڵان و لێرەوار و کوێستانی بەفرگر دەورەیان داوە و کانیاوی سارد و چەمێکی یەکجار زۆر ڕووی تێدەکەن. سەرچاوەی ئاوی ڕووباری فورات لە باڵی باکووری ئەو دەشتەوە دێ و پاش تێپەڕبوون بە سێیەکی ئەو خاکەدا، بەرەو باشوور ڕێ دادەگرێ. چۆمی بەناوبانگی قەرەسوو لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتی چیای نمروودەوە دێتە خوار و بە جەرگەی دەشتی مووشدا لووزەو دەبەستێ و خۆ بە ئامێزی ڕووباری فوراتدا دەکا. ڕاوی مەل و ماسی لەو دەشت و چۆماوی وەک بەهەشتەدا باڵ دەنگێوێ و بازەوانان لە کوێستانەکانی دەچنە ڕاوی بازی بێوێنەی سپی و دەیانگرن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆتە بەهەشـتێک بە داروبـاری | ئـاوی کەوسـەرە دێ لە بنـاری
بۆن و بەرامەی ئۆخژنی دەروون | لێرەیە پاکی چاو پێی دەبێ ڕوون
پڕ گوڵ و گەڵای تەڕ و تازەیە | چـی پێبژیـوە، بێئەنـدازەیە
بـۆتە جـێچینەی مەلانـی وڵات | شیری مامرت بوێ، دەڵێن هات
زەوی بە زێـڕاو ئـاوی دراوە | دەڵێـی زەعـفەران لێـی داچنـاوە

دێهاتی ئەرمەنییەکان نیزیکەی سەت سەر خێزانێکیان لێ نیشتەجێن و لەو سەوزەڵانەدا پـاڵیـان بە پاڵی یەکترەوە داوە.[1] گوندی مسوڵمانانیش کەوتوونە بنەبنە و بەرپاڵی کێوان و جووتیان لێک دەگەڕێتەوە. بەپێی نووسینی حەمدوڵڵا مستەوفی، لە سەردەمی دەسەڵاتی پادشایانی مەغۆلدا، باج و پیتاکی مووش سەری گەیوەتە ٦٩٥٠٠ دینار. لە ڕۆژگاری حکوومەتی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەردا کاتێک کەوتنە پێداچوونەوە و ڕوونووسکردنەوەی داهاتی ناوچەی بدلیس، جگە لە بەرهەمی دێهاتی وەقفکراو و زەویوزاران، لەگەڵ بڕی سەرانە و لادینانەی چوارهەزار کافر، کە بەپێی دابی کۆن هەرکام حەفتا ئاقچەی لێوەرگیراوە، بۆتە ١٥٣٣٣٢٤ ئاقچەی عوسمانی و هەر بە دوازدە ئاقچانیش دەبێتە مسقاڵێک زێوی بێخەوش.[2]

١- بەپێـی دەقـی ل ٢٤٠ی بودلیـان ئـاوایە: «گەلێـک گونـدی ئەرمەنینشـین کەوتـوونە دەوروبەری.» بـۆم ڕوون نەبـۆتەوە داخـوا هەر دێـیەی سـەت سـەر خێزانـی لـێ بـووە یـان هەموویـان سـەت سـەر خێـزان بـوون؛ بەڵام لام وایە دەبـێ مەبەسـتی ڕێـژەی سـەت سـەر خێزان بێ لە هەر گوندێکدا. و.

٢- نووسـیویەتی هەزار و پێنسـەت هەزار و سیوسـێ هەزار و سێسـەت و بیسـتوچوار؛ بەڵام لام وایە دەبـێ هەزار هەزار و پێنسـەت هەزار و... بـێ؛ کە هەزار هەزاری دەکـاتە میلیۆنێک. و.

وەک دەگێڕنەوە پێش پەیدابوونی ئیسلام و لە ڕۆژگاری حکوومەتی میرانی ئەرمەنیدا، ڕۆژێک حوکمڕانێکی مووش لەشکری خۆی ڕاناوە و شەشسەت ئەسپی ڕەنگاوڕەنگی بەرڕکێفی وەبەرچاوی هاتوون؛ بەڵام هێشتاش ئاخی هەڵکێشاوە و دەستی خۆی شکاندۆتەوە و گوتوویەتی بەداخەوە مووش میرێکی بەمشوور بە سەری ڕاناگا!

✵✵

خەنس ناوچەیەکی بەناوبانگی دیکەی بدلیسە کە هەتا بڵێی جێهەواری زۆرە. بۆ نموونە کوێستانی سووشەهری، بینگۆل و شەرەفەددین یەکجار بەناوبانگن. لە سەردەمی دەسەڵاتی خانەدانی ڕەشکەرەوەی ئەم ڕووپەڕانەدا گەلێک کوێستانچی دەهاتنە ئەو هەوارگانە و هەوارانە و قازانجی چاکیان لەگەڵ خۆیان دێنا. دوو کانی لە خەنس هەن کە یەکیان خوێی سپی هەڵدەدا و ئەوی دیکەیان خوێی سوور و هەموو ساڵێ بڕی داهاتیان سەری دەکاتە چوارهەزار ئاقچەی عوسمانی. بۆ درانی باج و پیتاکی دیوانی هاوتای مووشە، ئەگەرچی پاڵە و جووتیار و ڕەنجبەری ئەرمەنیش کەم بوونەوە. زۆربەی دێهات و مڵکوماشەکانی بە کەڵەبڕ دراونە دەست کۆمەڵە کەسێک یان کوێخا و سەرکاریان بۆ دیاری کراوە و هەر ئێستا نیزیکەی چوارسەت کەڵەبڕداری لێیە. بەرهەمی زەویوزاری ناوچەی خەنس تەنیا دەغڵودانە و ئەسپی کەحێلی عەرەبیشی لێ بەخێو دەکرێ.

جێگایەکی زۆر بە دیمەن سەیری لێیە، ئەویش دەریاچەی بولانقە،[1] کە لام وایە گەڕانگەڕی فرسەخێک دەبێ. ئاوی ئەم جێیە هەمیشە شلوێیە و قوڕاوێکی

---

١- بلانوخ؛ گۆلی بلانوخ. ع.ی.

مەیلەوسوورە و ئەگەرچی چۆماوێکی لە بەر دەڕوا، بەڵام هەر چەندێکیش بڕ دەکا هەر ڕوون نابێتەوە.

دەریاچەیەکی دیکەش هەیە کە کەوتۆتە نێوان ئەخلات و بولانق و پێی دەڵێن دەریاچەی نازک و ئاوەکەی وەک چاوی قرژاڵ ڕوونە و بۆ خواردنەوەش سارد و سووکە. زستانان وای دەبەستێ کە چوار مانگان کاروان بە سەریدا دێ و دەچێ. بەرەبەری مانگی خاکەلێوە کە سەهۆڵەکەی ڕوو دەکاتە خاوبوونەوە، قرچوهۆڕی شەقبەستنی سێ فرسەخێک دەڕوا. پاش ئەوەی سەهۆڵ دەتوێتەوە، هەوایەکی خۆش و فێنک پەیدا دەبێ و ماسییەکی زۆر لەو گۆلەوە ڕوو دەکەنە ئەو چۆماوانەی لافاوی بەهار دەیانبا. خەڵکی ناوچەکە ماوەی مانگێک بەپێی پێویستیی خۆیان لەو قوڕاوانە ماسی دەگرن، بۆ نموونە کەسێک بەتاقیتەنیا لە شەووڕۆژێکدا ئەگەر مەیلی لێ دەبێ دەتوانێ بێئەوەی زۆریش خۆی زەحمەت بدا چەند بارەکەرێک ماسی بگرێ. گۆشتی ئەو ماسییانە یەکجار خۆش و بەتامە و یەکی نیوباسک پتر درێژن. خۆش ئەوەیە ئەو گەرایەی کە لە نێو زگیدایە ئەگەر مرۆڤ یان بوونەوەری دیکە بیخوا وەکوو ژار وایە. چەند کەسێک لە لای منی بەستەزمان یەکی کەمێکیان خوارد، بەڵام شەووڕۆژێک بێسەروزمان بوون؛ پاشان دەرمانیان بە دەمیدا کردن و ڕشانەوە و ئەوی خواردبوویان هێنایانەوە و پێی نەمردن و چاک بوونەوە. ژمارەیەک باجئەستێنی حکوومەتی لێبڕابوون بە پارەیەک پاوانی ئەو ماسییانە بۆ وان بێ و لە سەردەمی منی هەژاردا وایان کرد، بەڵام خوداوڕاستان لەو چەند ساڵەدا ماسی سەری وەدەرنەنا و نەیانتوانی هیچ داهاتێک بچننەوە.

شوێنێکی دیکەی خەنس کە پێویستە بخرێتە بەرباس بەرزەچیای نمروودی نێوان مووش و ئەخلاتە لە باکووری بدلیس. وەکوو خەڵک دەگێڕنەوە و

پشتاوپشت هاتووە و باسی دەکەن، نمروود زستانەهەواری بردۆتە ڕوحا [١] و هاوینەهەواری هێناوەتە ئەم چیایە و کۆشک و قەڵا و باڵەخانەی پادشایانەی لەسەر ترۆپکی ساز کردووە و زۆربەی کات و ساتی ژیانی لەوێ ڕابواردووە. کاتێک نمروود وەبەر غەزەبی خودا کەوتووە، سەری چیاکە هەرەسی بردووە و وەها لە شوێنی خۆی ڕۆچووە، کە لە جێی کۆشک و قەڵا و باڵەخانەکە ئاو هەڵقوڵیوە. وەکوو دیارە لە تەختی زەویڕا هەتا پۆپەی چیای نمروود ٢٠٠٠ گەزێک دەبێ و ئەو شانەی پچڕاوە و هەرەسی بردووە ١٥٠٠ گەزێک داکشاوە و گۆلاوێکی هێندە گەورەی بەدی هێناوە کە جەغزی لە ٥٠٠٠ گەز تێدەپەڕێ. [٢] ئەوەندە جێگایەکی تەقتەقان و بەردەڵان و چڕ و لێڕەوارە، کە تەنیا خەڵک بە دووسێ ڕێدا نەبێ دەستیان پێی ڕاناگا و ڕەوگەی وڵاخی بەرزە و بارەبەرانیش لە دووان پتر نین. ئاوی ئەم گۆلە یەکجار سارد و ڕوونە و گەڕانگەری زۆربەی تمتمانە و گڵی کەم لێ پەیدا دەبێ و ئەگەر هەڵکەوێ جێگایەکی بدرێتەوە و هەڵکەندرێ دەگاتە ئاوی گەرم. ئەو بەردە ڕوزە ڕەش و کونکونانەی کە وەک شانەهەنگوین دابێژدابێژن و تورکان پێی دەڵێن «دەوەگوێزی» [٣] و پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە داوە و بە دەوری گۆلەکەدا لێهالاون، لە جێجێیان کونەکانیان پڕ بوونەوە و پتەو دەنوێنن، بەڵام بەشێکیان وەکوو بەردەپێ سووکەڵەن. لە باڵی باکوورەوە کە دەبێتە پشتی چیای نمروود، ئاوێکی ڕەش و پیس هەڵدەقوڵێ وەکوو گووڕاسنی کوورەی ئاسنگەران و بۆ سەختی و قورسی ئاسنیش تای ناکا. ئەو ڕەشاوەی کە بلۆق هەڵدەدا و بەرەبەرە بەرەو داوێن دادەشۆڕێ، بە بڕوای

١-لە دەقی زێرنۆڤدا بە هەڵە نووسراوە «ئوجا»، بەڵام بەپێی لاپەرە ٢٤٢ی بودلیان ڕۆحا دروستە. و.

٢-ل ٢٤٢ی بودلیان: سێ فرسەخی شەرعی دەبێ. و.

٣-دەوەگوێزی دەبێتە چاوەوشتر. و.

منی بەلەنگاز ساڵبەساڵ زیاد دەکا و چینچین دەکەوێتە سەر یەکتر. ئەوەی دیتوومە بارستاییی لە سی گەز تێپەڕیوە و لە چەند جێیان نیزیکەی ٥٠٠ تا ٦٠٠ گەز درێژ بۆتەوە. ئەگەر کەسێک بیهەوێ چەند کوتەبەردێکی یەکمنی لەو شاخە داببڕێ، هەتا دەیشکێنێ چاکی پێوە شەکەت دەبێ. بەڕاستی هەموو دەسەڵاتێک هەر لە لای خودای مەزنە.

## بڕگەی یەکەم

## باسی ژیان و بەسەرهاتی خێڵی ڕۆژەکی و چۆنیەتیی ناودێرکرانیان

بڵا شەنگەسوارانی دیار و دڕەوشاوەی مەیدانی خۆشڕاوێژی و قسەزانی و شاسوارانی زمانپاراوی بەستێنی ڕاستی و ڕەوانی لێیان ڕوون بێ کە ڕۆژەکی دروستە، بەڵام بە «ڕۆچەکی» و «ڕۆشەکی»ش نووسراوە. لە ڕاستیدا ڕۆژەکی بریتییە لە ڕۆژێک و ئەو «کی»یەی کە خراوەتە پاشکۆی نیشانەی یەکییەتییە، وەکوو خواجەگی و پەردەگی [کوفتەگی و زیندەگی][1] و هتد.[2] دەستەیەک لە وێژەوانانی شارەزا لایان وایە «ک» و «ی» لە فارسیدا نیشانەی بچووک کردنەوەن و هێنانی «جیم»یش دەگەڕێتەوە سەر ڕێسای زوانزانانی عەرەب کە لە هەر شوێنێک تووشی دەنگی «ژ» بن لە زمانی «دەری»دا دەیکەنە «ج». کوردیش

---

١-ل ٢٤٢ی بودلیان. و.

٢-لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەم کافە لێرەدا نێوگرە و هیچ دەورێکی ڕێزمانی نابینێ و یایەکە نیشانەی دانەپاڵە. یانی لە ڕاستیدا «ڕۆژەیی»یە و بۆ خۆش دەربڕین کاف هاتۆتە نێوان. وەک شەوەکی: شەوەیی، ئەو جەنگەیەی کە هێشتا شەو ماوە و تەواو ڕۆژ نەبۆتەوە. بەیانەیەکی یەکجار زوو. بە مانای خودی بەیانیش هاتووە. و.

بەپێی تایبەتمەندیی دەربڕینیان جاری وایە «ژ» دەکەن بە «ش»، یانی دەبێتە ڕۆشەکی.

بەکورتی و پوختی، بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان و دەقی نووسینی ئەوانەی کەوا پشتیان پێ دەبەسترێ، گۆیا ڕۆژێک لە ڕۆژان بیست‌وچوار تیرەی کوردان لە مەڵبەندی «تاب»ی سەر بە ناوچەی «خویت» کۆبوونەوە و بوونە دوو بەش. دوازدەیان ناویان بوو بە بڵباسی و دوازدەکەی دیکەشان بە قەوالیسی ناودێر کران. قەوالیس و بڵبیس (بڵباس) دوو گوندن سەر بە هەرێمی هەکاری و تاقمێکیش پێیان وایە نەخێر ناوی دوو خێڵی بابانەکانن.

بەکورتی پاش گردبوونەوەیان لە «تاب» زەوییەکانی ئەو مەڵبەندەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشیوە و چونکە هاودەنگ و هاوزمان و هاوبیر بوون میرێکیشیان بۆ خۆیان داناوە و بەرەبەرە هەرێمەکەیان داگیر کردووە. وا باوە و دەڵێن هەر کەس لە زەوی‌وزاری تاب بەشی نەبێ زڕەڕۆژەکییە. دوای ئەوەی تێکڕا سەریان وەبەر میر و مەزنی خۆیان هێناوە، ناوچە و هەرێمی دەوروبەریان وەبەرداون و دەستیان بە سەردا گرتوون. وەک دەڵێن فەرمانڕەوایەکی گورجستانی بەناوی تاویت لە بدلیس و حەزۆ حکوومەتی کردووە و ڕۆژەکی بەزەبری زۆر لەوێیان دەرپەڕاندووە. بەگوێرەی بۆچوونێکی دیکە بدلیس لە چنگ خێڵی گردکی دەرهاتووە و حەزۆ لە دەست گورجی. دەستەیەکی دیکە وای بۆ دەچن بدلیس لە چنگ خێڵی زووقەیسی دەرکێشراوە. تەواوی ئەم قسانە وەباڵ بە ئەستۆی ئەو کەسانەی وا دەڵێن.[1]

---

١-یەکەم میری ناسراوی ڕۆژەکی شەرەفەددین ئەبووبەکرە کە لە کۆتاییی سەردەمی مەغۆلیدا بە خاوەندی بدلیس ناوبراوە (صبح الاعشی، ٣٠٢/٧-٣٠٣ ). ز.س.

پاش گیرانی بدلیس و حەزۆ و تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، سەرکۆماڵی ڕۆژەکی بە وەجاخ‌کوێری سەری ناوەتەوە و بێسەرەوبەرەیی ڕووی تێکردوون و کەس خەتی کەسی نەخوێندۆتەوە و پێکوەربوون. لێرەدا کاکڵی ئەم شێعرەی مەولانا هاتفی وەدی هات کە دەڵێ:

هۆڕهۆڕ بگری بۆ وڵاتێ یەکسەر دەبێ
کە چاوسوور و فریاڕەسی دیاری نەبێ
دەڕشێتەوە لە کابەدا قەحبێکی مەست
گەر حاکمێ ڕانەوەستێ کوتەک بەدەست

دوای تێپەڕینی ماوەیەکی ئاوا بە شڵەژاوی، سەرۆکانی تیرە و عێلان پێکەوە دانیشتوون و کەوتوونە باس و ڕاوێژان و پاش پێداچوونەوەیەک بە بارودۆخی خۆیاندا، لێبڕاون چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. پاش سەر هێنان و بردن بەو ئاکامە گەیشتوون وا باشە بچنە لای دوو برا بەناوی عیززەددین و زیائەددین لە شاری ئەخلات کە بە ڕەسەن دەچوونەوە سەر کیسراکان. وایان داناوە بانگیان بکەنە نێو عێل و عەشیرەتی خۆیان و هەرکامەیان شیاوی مەزنایەتی بوو، بە سەرۆکی خۆیانی دابنێن و جڵەوی کاروبارانی بدەنە دەستی، هەتا گەشە و نەشە بداتە ناوچە و مەڵبەندی ژیانیان و تیرەش لە سەربزێوان توند کا و چورتەیان لێ ببڕێ. گەورە و بچووکی ڕۆژەکی وێکڕا بەم تەگبیرە ڕازی بوون و گوتوویانە هیچمان بە قەدرایە سەری موویەک لەو کارە و ئاکامەکەی لانادەین. چەند پیاوماقووڵێک هەستاون و چوونە شاری ئەخلات و تەدارەکیان بۆ ئەو شازادانە گرتووە و هێناویانن بۆ بدلیس. کۆمەڵێک عیززەددینیان لە بدلیس کردۆتە میر و تاقمێکیش زیائەددینیان لە حەزۆ بە حوکمڕان داناوە. خەڵک زۆر چاکیان سەر

وەبەر هێناون و ڕاپەڕاندنی تەواوی کاروباری گرینگی خاک و ماڵ و سامانی خۆیان داونە دەستی لێوەشاوەی ئەم دوو برایە و بە مەزنی بێبەرگێڕەوەیان داناون. ئەوەی ڕاستی بێ میر عیززەددین چۆن چاکە ئاوا لە کڵی سەرکردایەتی دەرچووە و هێندە جوان بە کاروباران ڕاگەیشتووە و وای دڵخۆشی داونەوە کە هەموو لایەک پێی گەشاونەوە.

وەکوو دیارە خێڵی ڕۆژەکی لە نێو تەواوی هۆز و تیرە و عێلاتی کوردەواریدا بۆ دلاوایی و ئازایی و جوامێری و بەناموسی و ڕووڕاستی و دەست و داوێن پاکی و دینداری بەناوبانگن. ئەگەر مەزن و میرەکانیان تووشی کێشە و هەرا و نەهامەتی بووبن، هەر پشوویەک چییە لە خزمەت و سینگدانە پێش و گیانبازی ڕانەوەستاون. هەر جارێکی بێگانە هەرێمی بدلیسی لە چنگ دەرهێنابن و مەزن و میری لەسەر کار لادابن، ڕوویان کردۆتە تەگبیروڕایان و مشووری کاری خۆیان خواردووە و بە پشتیوانیی خودا و بەبێ یاریدەی بێگانان سەرلەنوێ چوونەوە سەر دۆخی پێشوویان. لە نێو کورداندا وا باوە و دەڵێن بە ئەندازەی ژمارەی تەواوی ئەو بەردانەی کە ڕەگی دیواری قەڵای بدلیسیان پێ هەڵچندراوە، سەری ڕۆژەکییان تێداچووە. ئەگەر پادشایانی خاوەنشکۆ بیانهەوێ کوردستان بگرن، دەبێ سەرەتا لەگەڵ مەزن و سەرۆکانی بدلیس و خێڵی ڕۆژەکی بکەونە شەڕ و تێکهەڵچوون و هەتا ڕۆژەکی پێمل نەبن، هیچ هۆز و عەشیرەتێکی کوردستان مل نادا و سەری بۆ نیری دەسەڵاتداران نەوی ناکا.

کاتێک سوڵتان [سولەیمانخانی] خەزاکەر هەرێمی بدلیسی گرت و شەمسەددینخانی لەوێ دەرپەڕاند و ئەویش لە ترسان ڕەوی و ڕووی کردە خاکی عەجەمان، خێڵاتی بایەکی و مۆدەکی و بڵباسی، ماوەی سێ ساڵان سەریان وەبەر فەرمانی کاربەدەستانی عوسمانی نەهێنا. تەنانەت تەواوی میر و سەرکردەکانی کوردان بەپێی فەرمانی سولەیمانی، وەکوو دێوەکانی کێوی قاف

هرووژمیان کردە سەریان، بەڵام نەیانتوانی بە چۆکیاندا بێنن و دەستەمۆیان کەن. سوڵتان سولەیمانخانی جێگرەوەی سولەیمان[پێغەمبەر] وەختایەک بۆی ڕوون بۆوە کە بە زەبروزەنگ چی بۆ ناکرێ، بەهائەددینبەگی میری حەزۆی ڕاسپارد و ئەویش بە زمانی خۆش جەماوەری دۆڵی کیفەندۆر و تیرە و تایفەکانی بایەکییانی بۆ کەوی کرد و هێنانییە بەر بار. لە لایەکی دیکەشەوە خودی سوڵتان کەوتە لاواندنەوە و دڵدانەوەی برایمبەگ و قاسمبەگی کوڕانی شێخەمیری بڵباسی و ئاوا دەسەڵاتی بە سەر بدلیسدا شکایەوە و بە زەبری زۆر چی بۆ نەکرا.

ئەوەی ڕاستی بێ زۆرجاران کوڕانی مەزن و میرانی کوردستان دێنە بدلیس بۆ گەشت و سەیران و مانەوە و گەڕان، بەڵام میرزادە و کوڕە ئاغاکانی ڕۆژەکی ناچنە ماڵی میرانی دیکەی کوردستان. عێلی ڕۆژەکی لە دەربەدەری و وڵاتی غەریبایەتی دان بە خۆداگرن و شانیان بۆ دەرد و مەینەت نەوی ناکەن و ڕەند و مەند و مەردانە ڕادەوەستن و بەتابشتن و هەتا پلەی هەرە باڵا تێهەڵدەچن. بەم هەڵسوکەوت و ئاکارەیان کەوتوونە سەرووی تێکڕای هۆز و خێڵاتی کوردستان.[1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- بڕوانە دەقی شەرەفنامەی محەممەد عەبباسی، ل ٤٧١-٤٧٤. ئەم چەند لاپەڕەیە نە لە دەقی زێرنۆڤ و نە لە دەقی بودلیاندا نین؛ بەڵام مامۆستا هەژار لاپەڕە ٦٧٧-٦٧٩ی پێ تایبەت داون. بەکورتی و پوختی لەم لاپەڕانەدا باسی دەروێش مەحموودی کەڵەچێری کراوە وەکوو مەزن و کەیخودای ڕۆژەکی، کە بە زمانی تورکی و فارسی شێعری زۆر چاکی داناون و لە قورئانخوێنیدا هێندەی دەنگ خۆش بووە کە پێی گوتراوە ئیدریسی دووەم. دەروێش مەحموود لەگەڵ سوڵتان سولەیمانخان خۆی چاک ڕێکخستووە و بۆتە باوەڕپێکراو و خۆشەویستی.

هەروەها باسی حەیدەرئاغای برازای چاونەترسی دەروێش مەحموود کراوە و برایمبەگی کوڕی قەڵەندەرئاغاش وەدوا نەدراوە، کە لە حەیفی خزم و کەسانی کەوتۆتە سیستان و بۆتە پیاوی محەممەدخانی تورکمانی، کە حوکمڕانی ئەو هەرێمە بووە. لەبەر ئازایەتی ناردوویانەتە شەڕی بلووچان و شکاندوونی و سەری پێ چەماندوون. پاشان لەسەر ژیانی بەستامئاغا ڕۆیشتووە، کە بۆتە هاودەمی سوڵتان حوسێنمیرزا و لە قەندەهار خزمەتی پێ کردووە. ئەوجار باسی قاسمبەگی کوڕی شاحوسێنئاغای مۆردار←

**ئەم خێڵە دابەش بووە بە سەر بیست‌وچوار تیرەدا و پێنجیان کە بریتین لە قەیسانی، بایەکی، مۆدەکی، زووقەیسی و زەیدانی، لە تۆرەمە و ڕەسەنی کۆنی خودی بدلیسن و پازدەی دیکەیان «بڵباسی» و «قەوالیسی»ن. بڵباسی بریتین لە: کەڵەچێری، خەربیلی، باڵەکی،[١] خەیارتی،[٢] کوڕی، بریشی، سەکری،[٣] کارسی،[٤] بیدووری[٥] و بلاکوردی.[٦] قەوالیسی دەبنە: زەڕدۆزی، ئەنداکی، پرتافی،[٧] گردکی، سۆهرەوەدی،[٩] کاشاغی،[١٠] خالیدی و ئەستورکی[١١] و عەزیزان.[١٢]**

---

هاتۆتە ئارا، کە پیاوێکی ڕووراستی خۆڕاگر بووە و بڵێند تێراچووە و گەیوەتە پلەی یووزباشی، بەڵام کوردانی عێراق کە کەوتوونە شوێن کۆنەقینی خۆیان لەگەڵ ڕۆژەکییان، بۆیان تێچاندووە و لێخراوە و زەمانێکی زۆری پێ چووە هەتا چۆتەوە سەر دۆخی جارانی و زانیویەتی «پشوودرێژی کلیلی دەرگایە».

نووسەر لە درێژەدا نووسیویەتی ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە، قاسمبەگی ڕۆژەکی لەسەر کاری پێشوویەتی و بەراستی لاوێکی هەتا بڵێی شارەزا و ئازا و دڵاوا و ڕەند و مەندە. و.

١- سەرچاوەی پێشوو: مالکی. و.

٢- ل ٢٤٥ی بودلیان: خەیارتە. و.

٣- بەپێی لاپەڕە ٢٤٥ی بودلیان، دوای کاریسی سەرلەنوێ بڵباسی دووپات بۆتەوە. و.

٤- سەرچاوەی پێشوو: کاریسی (گارسی). و.

٥- ل ٢٤٥ی بودلیان: بیدووزی. و.

٦- بەلاگەردی یان بلاگەردی (؟). و.

٧- سەرچاوەی پێشوو: پیرتافی (؟). و.

٨- قەوالیسی دووپات بۆتەوە. و.

٩- سەرچاوەی پێشوو: سۆهرەوی. و.

١٠- سەرچاوەی پێشوو: کاشاخی. و.

١١- ئەستودکی. و.

١٢- سەرچاوەی پێشوو: عەزیزانی. و.

# بڕگەی دووهەم

## باسی بنە و بنەچەکەی میرانی بدلیس، کە دەچنەوە سەر کێ

بەپێی گێڕانەوەی زمانەوزمان ڕوون بۆتەوە و لە چەند دەقێکی دیرۆکیشدا نووسراوە، کە میرانی بدلیس دەچنەوە سەر تۆرەمەی کیسراکان. خەڵک پێیان وایە لە توخمەی نۆشیروانن؛ بەڵام وەکوو ئاشکرایە لە سەردەمی نۆشیرواندا، «جاماسب»ی کوڕی «فیرووز» کە پێنجەمین (؟)[1] پادشای ساسانییە، قوبادی [برای] بە سەر خاکی ئەرمەن و شیروان ڕاگەیشتووە. دوای نەمانی، «نەرسی» و «سورخاب» و «بەهوات»ی[2] لە پاش بەجێماون و نەرسی بۆتە جێگیرەوەی. نۆشیروانیش چاکی باڵ بە سەر کێشا و ڕۆژبەڕۆژ گەشەی کرد و دەسەڵاتی وای پەرە ئەستاند کە هێرشی بردە سەر گیلان و بە هێزی چەک داگیری کرد. لەوێ کچە میرێکی خواست و کوڕێکی لێی بوو کە باوکی ناوی نا جیلانشا (؟).[3] میرانی ڕۆستەمدار لە پشتی ئەو پەیدا بوون. سورخاب حکوومەتی شیروانی بەدەستەوە گرت و زنجیرەی میرانی شیروان لەو بەرەبابەن. بەهوات لە ئەخلات بنەی داکوتا و بە برە داهاتێک قنیاتی هێنا و بەپێچەوانەی باپیرانی پەرەی نەدا بە جەغزی دەسەڵاتی و میرانی بدلیس لە توخمەی ئەون و لەگەڵ میرانی ڕۆستەمدار و شیروان ئامۆزان.

---

١- پێنجەمین پادشای ساسانی بارامی دووهەمە و ساڵی ٢٧٥ تا ٢٨٢ی ز، پادشایەتیی کردووە. زێرنۆف بۆیە بە هەڵەی زانیوە و نیشانەی پرسیاری بۆ داناوە. قوبادی یەکەم (٤٨٧-٥٣١ی ز) بیستەم پادشای ساسانی کوڕی فیرووز و برای جاماسبە کە نەبۆتە شا. و.

٢- ڕەنگە بەهرام بێ. و.

٣- گیلانشا؛ ئەم نیشانەی پرسیارە زێرنۆف دایناوە. و.

بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی ڕاست و بێگرێ، هەتا ئێستا کە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی ١٠٠٥ی ک/ ١٥٩٧ی زایینیە، ماوەی ٧٦٠ ساڵە حوکمڕانی بدلیس و ناوچە و مەڵبەندەکانی دەوروبەرین. لە ماوەی باسکراودا ١١٠ ساڵێک هەوساری دەسەڵاتیان لە دەست دەرچووە و کەوتۆتە چنگ بێگانان و بریتین لە چوار زنجیرەی پادشایان، کە لەمەودوا بە نۆرەی خۆیان دەخرێنە بەرباس و لێدوان.

بەکورتی و پوختی هەروەک پێشتر ئەم پێنووسە خەمڕەوێنە بۆی گێڕانەوە، عیززەددین لە بدلیس و زیائەددین لە حەزۆ کرانە مەزنی عەشیرەتی ڕۆژەکی. پاش تێپەرینی ڕۆژگارێک، خەڵکی بدلیس ڕۆژبەڕۆژ پتر مەیلیان بە لای زیائەددیندا دەشکایەوە و دڵیان لە عیززەددین سارد دەبوویەوە. کاتێک زیائەددین هەستی بەو گۆڕانە کرد و زانی خەڵک چەندیان خۆش دەوێ، ڕۆژێک بە مەبەستی دیدەنیی براکەی لە حەزۆوە گەیشتە بدلیس. پاش ئەوەی چاویان بە دیداری یەکتر ڕوون بۆوە، کۆڕی بەزم و شادی و خۆشی و ڕابواردن ڕازایەوە. زیائەددین کاتێک تەماشای کرد بەجارێک ئاو و هەوای بدلیسی پێ دەکەوێ و خواروژووری کۆمەڵگاش دڵیان بۆی دەکورکێنێ، کەڵکەڵەی حکوومەتی بدلیس لە مێشکیدا گەرای دانا. لەسەر ئەم پێوشوێنە بەدزی کەوتە کەینەوبەینە لەگەڵ جەماوەری قەڵا و گەلاڵەی بۆ دارشتن و گوتی ئەو دەمەی دەڕۆمەوە عیززەددینی برام بۆ بەڕێکردنم لە قەڵا وەدەردەکەوێ، بەڵام من بە بیانوویەک دەگەڕێمەوە ئەو دیوی حەساری قەڵا. پاش چەند ڕۆژێـک زیائەددین بـە مەبەستی گەڕانەوە حەزۆ ماڵاوایی لە برای خواست و عیززەددینیش بۆ بەڕێ کردنی خۆی و پۆلی یارانی لە دەروازەی قەڵا ترازان. هێشتا مەودایەکی وا لە شار دوور نەکەوتبوونەوە کە زیائەددین ڕووی کردە عیززەددینی برای و گوتی ئەنگوستیلەکەم لە قەڵا لێ بەجێماوە و بۆخۆم نەبێ کەس نازانێ لە کوێیە، بۆیە ئێوە تۆزێک لێرە ڕاوەستن و بەپەلە دەچم و دەیهێنم و دەگەڕێمەوە و دەشزانم کە خۆ برا دڵی لە برا ناگۆڕێ. عیززەددین هەر لەو شوێنە

بنکەی ژین
www.zheen.org

مایەوە و خۆی بە ڕاوێوە خافڵاند. زیائەددین هەلەکەی قۆزتەوە و هەتا ئەو دیوی شووورەی دەوری بدلیس گیر نەبوو. دوای ئەوەی ڕکێفی بەتاڵ کرد، دەروازەی قەڵای گاڵە دا و چۆن چـاکـە ئـاوا دایبـەسـت و لـە بـرای ڕاسپارد و گوتی برای چا بێ و پیاوەتیم لەگەڵ بکا و چەند ڕۆژێک بچێتە حەزۆ، چونکە منی بەلەنگاز کەش و هەوای بدلیسم پێ کـەوتووە. عیززەددین هاتـە ڕووکاری دەروازەی بدلیس و چەند جارێک سەری لەگەڵ برای ناجوامێری هێناوبرد، بەڵام با بە دەست مایەوە. بەناچاری ڕێی حەزۆ و ساسۆنی گرتە بەر و لەو هەرێمە بوو بە دەسەڵاتدار و میرانی حەزۆ لە پشتی وی کەوتوونەوە و بە عەززان نـاسراون. میرانی بدلیس نەوە و نەتیژەی زیائەددینن و بە دیادین بەناوبانگن.[١]

ناوی میرانی بدلیس کە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی‌دا وەبەرچاوی منی هەژار هاتوون هەژدە کەسن و پتر لە ٤٥٠ ساڵی بێ‌نێوبڕ لەو هەرێمە حکوومەتیان کردووە. بۆم ڕوون نەبۆتەوە کامە میرەیانە کە ئەتابەک عیمادەددین کوڕی ئەتابەک ئاقسونقور،[٤] بدلیسی لە دەست دەرهێناوە و لە جەنگەی ڕەشکردنەوەی ئەم لاپەڕانەدا، سەرچاوەکانی بەر دەستم ئامانجیان وەدی نەهێنام. بەپێی ڕاستیی ڕووداوەکان قزڵ ئەرسەلان ئەو دەمەی توانیویەتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بگرێ، بدلیسیشی گرتووە. دوای سەلجووقییەکان و لە بنەبانی دەسەڵاتی خارەزمییەکان‌دا کە سوڵتان جەلالەددین کوڕی سوڵتان محەممەدی خارەزمشا گەیوەتە بدلیس، مەلیک ئەشرەف حوکمڕانی بووە. پاش وی مەلیک مەجدەددینی برای حکوومەتی کردووە. دوایە ئەم میرانە بەڕیز لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵیان داوەتە: عیززەددین، میر ئەبووبەکر، میر شێخ شەرەف و میر زیائەددین، کە هاوچەرخی ئەمیر تەیموری گوورکان بووە و پێکەوە دیداریشیان کردووە. لەو

١- نـاوچەی دیـادین کەوتـۆتە بـاکووری ڕۆژهەڵاتـی گـۆلی وان و لە نـاوی «زیـائەددین»ەوە کەوتۆتەوە. ع.ی.

دەمەوە تاکوو ئێستا کە منی نووسەری ئەم لاپەڕانە بەپێی دابی بەمیراتگەڕانی دەسەڵات بوومە میری بدلیس، بەسەرهاتی حوکمڕانانی دیار و ڕێکوپێکە و لە شوێنی خۆیدا بە خەستی باسی ڕەوتی ڕووداوەکانی ماوەی حکوومەتیان دەکرێ.

دەستەیەک لە میرانی بدلیس کەوتوونە بەر شەپۆلی نیگای خەنیکەری پادشایانی جوامێری بەختەوەری خاوەنشکۆ و پلە و پایەی دەسەڵاتیان هەتا چلەپۆپەی خۆی تێهەڵچووە و تاقمێکیش ڕەشەبای ئاگرینی تووڕەیی تێیان هاڵاوە و گڕی دەرهەڵبوونی فەرمانڕەوایانی گەورەی بەدەسەڵات سووتاندوونی و کوانووی بنەماڵەیان دووکەڵ و بۆسۆی بێدادیی لێ هەستاوە. جا ئێمە بە پشتیوانیی یەزدانی میری مەزن کەموزۆر هیچیان وەدوا نادەین و دەیانخەینە بەرچاو.

بەپێی ڕەوتی ڕووداوان یەکەم توخم و تۆرەمەی کە بوونە کەند و کۆسپی سەر ڕێی میرانی کوردستان، پادشایانی سەلجووقیی ئازەربایجان بوون. ئەوەی ڕاستی بێ لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی کوڕی سوڵتان محەممەدی کوڕی مەلیکشای سەلجووقیدا، عیمادەددین ئەتابەکی کوڕی ئاقسونقور کرابوویە مەزن و میری بەشێک لە خاکی عێراقی عەرەب و ئەتابەک ئیلدگز کە باپیری (؟) [1] قزڵ ئەرسەلانە، دەسەڵاتی ئازەربایجان و ئەرمەنستانی پێ سپێرابوو. هەردک سەرکردە چۆن چاکە ئاوا باڵیان بە سەر هەرێمی دەسەڵاتیان کێشا و خۆیان لە پاراستنی خۆش کرد.

ساڵی ٥١١ی ک/١١١٧ی ز، [2] پاش مردنی حوکمڕانی مووسڵ، ئەویش هەر خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عیمادەددین زەنگی و ڕۆژبەڕۆژ ئەستێرەی دەسەڵاتی بەرز درەوشایەوە و وای لێهات کە هێرشی بردە سەر شام و حەلەب و لە ماوەیەکی کەمدا گرتی. ساڵی ٥٣٤ی ک/١١٣٩ی ز، لەشکری بەرەو کوردستان و

١- زێرنۆڤ ئەم نیشانەی پرسیارەی داناوە. و.

٢- زێرنۆڤ پێی وایە ٥١١ هەڵەیە و نیشانەی پرسیاری لەسەر یازدەکە داناوە. بەپێی پەراوێزی ل ٦٨٥ی شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ٥٢١ی/١١٢٧ی ز، دروستە. و.

دیاربەکر دەنگ دا و بدلیس، جزیرە، ئاشووت،[١] ئاکرێ و تەواوی ناوچەکانی گرتن و قەڵای ئاشوب (ئاشێب) ی خاپوور کرد و لە جێی وی قەڵایەکی بەناوی خۆی لێ بنیات نا و بوو بە عیمادییە (ئامێدی) کە هەر ئێستا ناوەندی دەسەڵاتی ئەو هەرێمەیە.

ئەوەی ڕاستی بێ بۆ ماوەی پتر لە چل ساڵ کوردستان و بەتایبەت شار و قەڵای بدلیس کەوتبوویە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی سەلجووقی، بەڵام وەختایەک ساڵی ٥٧٦ی ک/١١٨٠ی ز، سوڵتان ساڵحەددین کوڕی نوورەددین کوڕی (؟)[٢] سەیفەددین غازیی ئەتابەکی، لە شەڕی میسرییەکاندا شکا و هەڵات، نیشانەی گیرانی خۆر و مانگی دەسەڵاتیان تەواو خۆی نواند. لەو کاتەدا عەشیرەتی ڕۆژەکی کە چەند ساڵێک بوو لە ژێر هەوری پەژارەدا ژاکابوون و چەشنی بوونەوەرانی کێوی لە چیا و لێرەواران گوێقوڵاغ و چاوەڕێی دەرفەت بوون و بێبرانەوە لە هەلێکی وا دەگەڕان، وەکوو بەوری بەشانوپیل و شێری هارووژاو لە بڵێندانەوە بەرەو دامێنان گوڕمیان بەست و هەڵیانکوتایە سەر پاشماوەی ئەتابەکان. هێزی ڕۆژەکی ڕووبەری دەشت و چیای بە ترووسکەی شیری جەوهەردار لە تۆز و خۆڵی خەنیمان پاک کردەوە.

ئەو کەسەی سەلجووقی کردبوویانە حوکمڕانی بدلیس، گەلێک شوێنەواری بەخێروبیری لە پاش بەجێماوە و بریتین لە مزگەوت و کاروانسەرا و پرد و نەک هەر بدلیس، بەڵکوو ئەخلاتیشی بەو ئاسەوارە ئاوەدان کردۆتەوە.[٣]

---

١-دەبێ ئاشوب یان هەمان ئاشێب بێ. و.

٢-خودی زێرنۆڤ نیشانەی پرسیاری داناوە. و.

٣-لە لاپەڕە ٢٤٨ی بودلیاندا نووسراوە: زۆر چاک بە لاپەڕەی سەرچاوەکانی مێژوویی‌دا گەڕام، بەڵام ناوی میران و ئەتابەکانی حوکمڕانی بدلیسم بۆ نەدۆزرانەوە؛ کەچی دەزانم گەلێک شوێنەواری پڕ بەهرەیان لە پاش بەجێماوە. و.

وەکوو دەڵێن، شاری بدلیس لە ژێر دەسەڵاتی قزڵ ئەرسەلاندا بووە. هەر چۆنێک بێ مێژووی مەزنایەتیی ئاقسونقور(٣) لە عێراقی عەرەب و میرایەتیی ئیلدگز لە هەرێمی ئازەربایجان یەکتر دەگرنەوە و ئەم دووانە پێکەوە هاوچەرخ بوون. کۆمەڵی سەراجییەکان کە لە هەرێمی بدلیسن پاشەواری سەلجووقییەکانن و هەڵەی زمانی ئەم ئاڵوگۆڕەی بەدی هێناوە.[١] بەرەبابی تاج ئەحمەد و قەراکۆتە و قوڵی ئوزبەکان و چەندی دیکەش هەر لەو تۆرەمەیەن.

## بڕگەی سێهەم

## باسی هەڵسوکەوتی جوان و ڕێزدارانەی پادشایانی پێشوو لەگەڵ میرانی بدلیس، کە بریتییە لە چوار بەش

### بەشی یەکەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

**باسی مەلیک ئەشرەف**

ئەم مەبەستە لە ئاوێنەی سرشتی هێندەی ئاسمان بەرزی خۆشڕاوێژانی شیرینوتار و دەروونی چەشنی خۆرەتاو پرشنگداری نووسەرانی زمان پاراودا خۆی دەنوێنێ، کە سەرەتا مەلیک ئەشرەف لە لایەن سوڵتانەکانی میسر و شامەوە کراوەتە میرهەرێمی بدلیس و هاوسەردەمی مەلیک ئەشرەف[ی ئەییووبی ٥٧٨-٦٣٥ی ک/ ١١٨٢-١٢٣٧ی ز] بووە. سوڵتانەکانی [ئەییووبی] زۆر چاکیان خوێندۆتەوە و باڵیان بە سەر کێشاوە.

---

١-یانی سەلجووقی گۆڕاوە بە سەراجی. و.

ساڵی ٦٢٥ی ک/١٢٢٧-١٢٢٨ی ز، سوڵتان جەلالەددین کوڕی سوڵتان محەممەدی خارەزمشا، خۆی لەبەر لافاوی هرووژمی چەنگیزخان بۆ ڕانەگیرا و دەستی لە تەختی دەسەڵاتی ئێران هەڵگرت و بەرەو هیند بازرە بوو. کاتێک لە خاکی هیندووستان هەواڵی مردنی چەنگیزخانی بە گوێی ئاشنا کرا، لەڕێوە بە ڕێگای کیچ و مەکراندا، بە مەبەستی گرتنەوەی ئێران ڕووی کردەوە ئیسفەهانی پایتەخت. کەماڵ ئیسماعیلی ئیسفەهانی، [شاعیری] بەدیهێنی وتەی پڕ کاکڵ و جوان دەڵێ:

کراسـی ئـاوەدانی بـڕا بە بەژنـی زەوی
لە سایەی سەری تۆوە کە پادشای جیهانی
ئادەمیزاد و حەیوان هەر ئەوەندەی کە ماون
پیرۆزبایی لێک دەکەن بە شادی و شادمانی
بووژانەوەی مرۆڤ و ژیانەوەی کشتوکاڵە
لە پاشی زەبروزەنـگ و پەلامـاری نەمـانی
بۆوەی غولامی تۆ بێ و ببێ بە دەرکەوانـت
ئـادەمیزاد زەووزێـی چـۆوە دۆخـی چەلانـی
لە چاری تۆ بنووسرێ یارەبی عومری نووحی
تۆ بووی لە پاشی تۆفان هەوێنی ئـاوەدانی
درەوشایەوە ئیسلام نەما دەوری خاچومـاچ
زەنگـی کلیسـا هەمـوو فرێـدران لە بـانی
ڕووخساری دین و ئیمان ڕووبەندیان لە ڕوو نەما
عەبـای زوڵمـت دادڕی لە بـاڵای دادەوانـی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڕاستی و بەبێ گومانی پێوەنان و مەرایی، دەتوانم بڵێم لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا وڵاتەکەی لەو کافرە گڵاوانە پاک کردەوە، بەڵام پاش دوو ساڵان، وەختایەک ئۆکتای قائان بە ڕووداوەکانی ئێرانی زانی، هێزێکی سی‌هەزار کەسەی مەغۆلی خوێنڕێژی خستە ژێر ڕکێفی سووتای بەهادور و جورماغوون نۆیان و بۆ لێدانی سوڵتان جەلالەددین بەرەو ئێرانی گاڵ دان. سوڵتان خۆی بۆ ڕانەگیرا و ڕووی کردە هەرێمی ئاران و ئەرمەنستان و تفلیسی گرت. کەماڵ ئیسماعیلی ئیسفەهانی دەڵێ:

لە نێو شاهانی دنیادا بەغەیری تۆ نەبوو ڕابێ
لە تفلیس و لە عوممان یەکسمی ئالیک و ئاو دابێ

نووسەری مێژووی «ڕەوزەتوسسەفا» دەڵێ: ئەو دەمەی کە سوڵتان سەرەتا لە عێراقەوە ڕووی کردە ئەخلات، مەلیک ئەشرەف حوکمڕانی بدلیس بوو. مەلیک مەجدەددینی برای لەبری وی بە سەر ئەخلات ڕادەگەیشت. مێشکی ئەو جەماوەرە وا بە هەڵمەدووکی چڵکوچەپەر گەندەڵ ببوو کە هەر لاشیان لە سوڵتان نەکردەوە. لەبەر شوورەی پتەوی قەڵا و پاشەکەوت و هێزی بەرچاوی چەکداریان وا غللوور ببوون، کە لێی وەخۆکەوتن و بە قسەی سووک و جنێوان تێیان ڕاخوڕی. کاتێک سوڵتان وای زانی هێزەکانی کۆکردەوە و دەورەی قەڵای تەنی و لە هەردک باڵانەوە ئاگری شەڕ و خوێنڕشتن باڵی ئەنگاوت. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەر قۆناخی گەمارۆدا، جەماوەری شار لە برسان هێزیان لە بەردا نەما و چەکدارانی سوڵتان بە سەریاندا زاڵ بوون و ئەخلاتیان گرت. مەلیک مەجدەددین خۆی هاویشتە جەرگەقەڵای شار کە عیززەددینی غولامی مەلیک ئەشرەف قەڵاداری بوو، بەڵام چونکە بەڕاستی خەڵک تەواو تەنگیان پێ هەڵچندرابوو، مەلیک

مەجدەددین هەر ئەو ڕۆژە ملی بۆ ئاشتی و پێکهاتن ڕاکێشا و بۆی ڕوون بۆوە کە هیچکەس تاقەتی بەرەنگاربوونەوەی نەماوە و ڕووی کردە لای سوڵتان. ئەویش بەخێری هێنا و چاوی لە تاوانەکانی پۆشی و چۆن چاکە ئاوا لاواندییەوە. پاش ئەم سەربەرزکرانەی لە کۆڕی سوڵتان‌دا هەستایە سەر پێ و تکای کرد لە خوێنی عیززەددینی قەڵادار خۆش بێ. سوڵتان لە وڵامدا فەرمووی کەسێک خۆی بە شا بزانێ، نابێ ببێتە ڕاسپاردەی غولامی خۆی! عیززەددینیش دوای دوو ڕۆژی دیکە بەناوی پێمل بوونەوە لەگەڵ پۆلێک لە یارانی هاتنەدەر و هەموویان لە ژێر خەفتانەوە بەرگەزرێیان پۆشی و لێبڕان ئەگەر لە کۆڕی سوڵتان وەژوور کەوتن پەلاماری بدەن و بەزەبری شیر و خەنجەران هەستی لێ ببڕن. یاران و نیزیکانی سوڵتان بەو کەینەوبەینەیان زانی و بەبێ چەک بردیانە لای سوڵتان و ئەویش هەر لەڕێوە فەرمووی بیگرن و مەلیک مەجدەددینیشی پێوە گیرا.

لە جەنگەی گەمارۆدرانی ئەخلات‌دا، مەلیک ئەشرەف نامە و پیاوی ناردبوویە لای حوکمڕانی شام هەتا بگاتە هانای و لەو دەمەدا هێزی میسر و شام خۆیان گەیاندە یاریدەی. ئەویش وێڕای هێزی کوردستان کە لە ژێر فەرمانی خۆی‌دا بوو، چوو بە پیریانەوە و لە دەشتی مووش یەکتریان گرتەوە و پێکەوە بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی سوڵتان جەلالەددین بزووتن. خوداوڕاستان سوڵتان لەو دەمەدا نەخۆش کەوت و بە سواری کەژاوە بە دەوری لەشکرەکەی‌دا هات و ڕێکوپێکی کردن. لە دەشتی مووش هێزەکان پێکداهاتن و سێ شەووڕۆژ شەڕێکی قورسی بێبڕانەوە قەوما و سەرەنجام هێزەکانی سوڵتان بەزین و تەقورەویان تێکەوت، بەڵام هێندە پیاوێکی بەسام و ئازا بوو، کە خۆیان لە پەیکەردەی پاراست و گەڕانەوە و بە شوێنی‌دا نەچوونە لای ئەخلات. وا هات کە ڕاست لەو ڕۆژەدا

هەواڵی هرووژمی لەشکری مەغۆل بۆ سەر ئەرمەنستان[١] دەنگی دایەوە و بڵاوبۆوە کە لە باڵی تەوریزیشەوە سووتای بەهادور و جورماغوون نۆیان بەڕێوەن. سوڵتانی خاوەنشکۆ بە بیستنی ئەم هەواڵە تاڵ و مەینەتبارانە زۆر شڵەژا و مەلیک مەجدەددین و عیززەددینی لە زیندان ئازاد کردن و لەگەڵ مەلیک مەجدەددین پێکهات و کەوتە دارشتنی گەڵاڵەی دۆستایەتی و یەکییەتی و خوازبێنیی کچی مەلیکی کرد و مارەی بڕی. سوڵتان بڵاوەی بە لەشکری کرد و خۆی لە بدلیس ماتەی هەڵگرت و ماوەیەک بەم شێوەیە ڕایبوارد و دایە لانی کەیف و نەهەنگ و بادەنۆشی و شادمانی. هەر چەند ڕۆژ جارێک مەلیک ئەشرەف بە باری ئامۆژگاریدا بە خزمەت سوڵتانی ڕادەگەیاند کە مەزنێکی وەکوو تۆ نابێ وابێ و مانەوەی ئاوا لە بدلیس لەگەڵ شان و شکۆی تۆ نایەتەوە؛ وا چاکە بڕۆی بۆ جێگایەکی دیکە، نەکا مەغۆل پێ بزانن و بێنە ئێرە و تۆی نازەنین و خۆشەویست تووشی بەڵایەک بی و ئێمەی خزمەتکاریشت خاک و دەسەڵاتمان پێخوستی سمی ئەسپیان بێ. مەلیک ئەشرەف هێندەی ئەو قسانە دەکردن و بە گوێی هەڵدەخوێند کە سوڵتان پاشەملە دەیگوت، بابە مەلیک لە خەرجوبەرجی ئێمە وەزاڵە هاتووە و دەیهەوێ بە شێوەیەک لێرە دەرمانپەڕێنێ. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک، شەوێک لەشکری مەغۆل بە سەرکردایەتیی ئیماس بەهادور بە مەبەستی دەرەدەست کردنی سوڵتان خۆی گەیاندە دەروازەی بدلیس. ئەو شەوەش سوڵتان وەک هەموو شەوان مەست و کەلەلا بۆی خەوتبوو. چوونە سەری و هەر چەندی ڕایانژاند و هاواریان لێ کرد، هەر وەخەبەر نەهات. لە تاوان مەسینەیەک ئاوی ساردیان وەسەر گێڕا، ئەنجا هێندێک وەخۆ هاتەوە و تێیان گەیاند کە لەشکری مەغۆلی گەیوەتە سەری! چەند ئەسپێکیان زین کردن و لەو کاتەدا سوڵتان بە کچی مەلیکی گوت، هەر

١- ل ٢٥٠ی بودلیان: ئاران. و.

چەندی باوکت پەندی دادام، پێم وابوو پێمەوە وەرەزە و دەیهەوێ لێرە نەمێنم! جا ئێستا لەگەڵم دێی یان نا؟! کیژی مەلیک لە قووڵایی دڵەوە ڕۆیشتنی هەڵبژارد و لە سێباری شەودا ڕوویان لە شاری بدلیس وەرگێڕا و بۆی دەرچوون. مێژوونووسان لێرەوە بەرەودوا بە چارەنووسی سوڵتان نازانن و لێیان ڕوون نییە کە ژیانی چۆن داکووژاوە، بەڵام شێخ ڕوکنەددین عەلائوددەولەی سمنانی ـ گۆڕەکەی پڕ بێ لە نوور ـ لە «ڕیسالەی ئیقبالییە»دا، لە زمان «شێخ نوورەددین عەبدوڕڕەحمان کەسرەفی»ی پیری خۆیڕا دەگێڕێتەوە کە سوڵتان چۆتە نێو ڕیزی پیاوانی خوداوە و ماوەیەک لە دێیەکی نیزیک بەغدا بۆتە پینەچی و سەرەنجام سەری وەبەر دلۆوانیی پەروەردگار هێناوە و نەماوە.

بەپێی گێرانەوەی نووسەری «تاریخی گوزیدە»، ڕۆژێکی کوردێکی براکوژراو لە شەڕەکەی ئەخلاتدا تووشی سوڵتان دەبێ و بە تۆڵەی خوێنی براکەی دەیکووژێتەوە. نووسەری «تەزکەرەی دەوڵەتشا» دەڵێ کوردان چاویان پێی دەکەوێ و لەبەر ئەسپ و جلوبەرگی بەری دەیکووژن و بێسەروشوێنی دەکەن! هەر خودا دەزانێ چۆنە!

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاشان مەلیک ئەشرەف بێئەوەی سەر وەبەر هیچ سوڵتانێک بێنێ، ماوەیەکی زۆر حکوومەتی کردووە و لە جەنگەی خۆیدا بارگەی بەرەو دنیای هەرمان تێکەوەپێچاوە. وەکوو پێشتر باسی کرا، دوای نەمانی مەلیک مەجدەددینی برای جێی گرتۆتەوە و لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە. لە دوای ویش کوڕ و نەوە و نەتیژەیان بە مەزنایەتی هاتوون و هەتا سەردەمی دەسەڵاتی جیهانوانیی خونکاری خاوەنشکۆ ئەمیر تەیمووری گوورکانی ـ خودا لێی خۆش بێ ـ کەس خۆی تێنەگەیاندوون و کێشەی تێنەهاڵاندوون.

# بەشی دووهەم

## باسی حاجی شەرەف کوڕی زیائەددین

زانایانی دەروونپاکی بەپیت و بەهرە کە ترووسکەی پرشنگداری زانستیان هەموو لایەکی داگرتووە، لە ڕووی دەقی مێژوونووسانەوە ـ خودای مەزن لێیان ڕازی بێ ـ بۆیان دەرکەوتووە کە ساڵی ٧٩٦ی ک/١٣٩٣-١٣٩٤ی ز، هاوکات لەگەڵ «ئیت ئیل»[١] و مانگی خاکەلێوەی جەلالی، لەشکری خاقانی بەختیار ئەمیر تەیمووری گوورکان بەرەو ئەم هەرێمە بزووتووە. سوڵتانی زەمان پاش گرتنی بەغدا، جزیرە، مووسل، تکریت، ماردین و ئامەد، بە ڕێگای «سیواس»دا ڕووی کردۆتە کوێستانی «ئاڵەتاق» و ڕۆژی شەممۆ ١٥ی مانگی ڕەجەبی ئەو ساڵە لە دەشتی مووش ڕکێفی شکۆداری بەتاڵ کردووە. نووسەری مێژووی «زەفەرنامە» دەڵێ: حاجی شەرەف کە بۆ ڕووڕاستی و پیاوچاکی هیچکەس لە سەرانسەری کوردستاندا تای نەدەکرد و ئەوەندەی بڵێی بەجوانی لەگەڵ پیاوەکانی میری بەختەوەر دەجووڵایەوە و سەری وەبەر فەرمانی دێنان و گرێی وەبەر نەدێنان، دەستەکلیلی قەڵای بدلیس و ئەخلات و مووش و تەواوی قەڵاکانی قەڵەمڕەوی خۆی هەڵگرتن و ڕۆیی بۆ خزمەت خاوەنشکۆ. لەو بەپیرەوەچوونەدا گەلێک دیاریی هەرە چاک و چەند سەر ئەسپی عەرەبی و یەستری خۆشاژۆی «بەردەعی»ی[٢] بۆ برد و بە ڕامووسانی سەرپەنجەی، بازی بەختی لەسەر شانی نیشت. یەکێک لەو دیارییانە ئەسپێکی کوێتی دامێن تاریک بوو کە دەتگوت مامزی خۆشڕەوت و کارمامزی ناسکی جوانەدیمەنە. چاوی وەکوو ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشان و چەشنی گەردوون شکۆی لێ دەباری و تەوێڵی لەگوێن مانگ تریفەی دەدا. یاڵوبژی

١- ساڵی سەگ؛ ناوی یازدەهەمین ساڵ لە خولی دوازدە ساڵەی ساڵژمێری تورکان. و.

٢- بەردەع شارێکە لە ئازەربایجان. و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەستێرەی موشتەریی دێنایەوە یاد و چەشنی هەسارەی بارامی تۆڵەئەستێنەوە خۆی دەنواند. بۆ وریایی دەتگوت هەسارەی زاوەیە و لە تیژبەزیدا هەیڤی سینەی ئاسمانە. چەشنی خۆرەتاو دەگەشایەوە و ئەستێرەی بەیانی بوو دەشنایەوە. سمی دەتگوت یاقیقە و کلکی ئاوریشمی خاوە و ددانی گەوهەرە و باهۆی سندانی ئاسنگەرانە.

لەو پەڕەوپەڕانەوە گەلێک سەردار و گەردنکەشی دیکەش هاتبوون و ئەسپی بەناوبانگیان بە دیاری هێنابوون. لە دەشتی مووش هەموویان تاو دان و هیچیان تۆزیان نەشکاند و بەرسینگەی لێ بڕینەوە.

ئەسپێکی بەڵەک بەبێ نەوەستان وەک چەرخی گەردوون
هەزاران پێنەی ڕەشی شەوگاری لە ڕۆژێ دروون
کلکی بەندۆکی باقەی کڵۆشی ڕەوتی ڕۆژگار
لە شێوەی سمی مانگ دەشکایەوە، بە نەخش و نیگار
ئەگەرکوو ناڵی لە گەرمەغارا پەڕیبایە سەر
وەکوو ماهی نەو لە ئاسمانا خۆی دەخستەدەر
گەر مەیانێ با بەینی خۆرهەڵات هەتا خۆرنشین
وەکوو برووسکە بە تاقە بازێ نێوانی دەبڕین
کە شان و پیلی تینی تێدەزا بە گورمی تاوی
تۆزی نەدەشکاند بای بەتەوژم و دەکەوتە خاوی

خونکاری بەختەوەری جیهانگیر، حاجی شەرەفی بە سیلەنیگای شاهانەی بەسەر کردەوە و بارانی چاکەی لێ باراند و کەوڵی شانازیی خستە سەر شانی و لە نێو

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕیزی ئامپاکانیدا بە تاقانەی دانا. بێجگە لە هەرێمی پێشووی ژێر دەسەڵاتی، ناوچەی پاسین و ئونیک و مەلازگردیشی کردە باربووی و فەرمانی پیرۆزی بۆ نووسی و لەعنەتنامەشی تێهاویشت [تاکوو هیچکەس هەقی نەبێ فەرمانی هەڵوەشێنێتەوە.]

شازادەیەکی ئوزبەک بەناوی ئیقسۆفی، کە پیاوانی خاوەنشکۆی دەدزاندن و دەیهەویست پەندیان بە سەر بێنێ، بە فەرمانی ئەمیر تەیموور گیرا و ئەسپاردەی دەستی حاجی شەرەف کرا هەتا لە قەڵای بدلیس بیخاتە سیاچاڵەوە.[٥] ئەم فەرمانە هێژایە هەتا ساڵی ٩٤٠ی ک/١٥٣٣ی ز، هێشتا بەدەست ئەم خانەدانەوە مابوو. پاش نەمانی شەرەفخان و ئاوارە بوونی شەمسەددینخانی کوڕی لەگەڵ مەزنانی ڕۆژەکی بۆ وڵاتی عەجەمستان، فەرمانی تەیمووری و فەرمانی تێکڕای پادشاکانی دیکەش تێداچوون. بەکورتی دوای نەمانی حاجی شەرەف، میر شەمسەددینی ئاکارجوانی کوڕی ناسراو بە «وەلی» جێی گرتەوە و کاروباری گرینگی هەرێمەکەی کەوتە سەر شانی.[٦]

www.zheen.org

## بەشی سێهەم

### باسی میر شەمسەددین کوڕی میر حاجی شەرەف

لەگەڵ دڵۆپەبارانی هەوری پێنووس و بارینی گەوهەر لە سەرپەنجەی نەخشینی زانایانی پەرەپێدەری زانست و زانیاری ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دەمەی وا قەرایووسفی کوڕی قەرامحەممەدی تورکمان لە سامی هێزە زەبروەشێنەکانی ئەمیر تەیموور پەنای بردبوویە بەر ئیلدروم بایەزیدخانی فەرمانڕەوای ڕۆم، ئەمیر

تەیموور پیاوی ناردۆتە لای هەتا قەرایووسفی بەدەستەوە بدا و لە نامەیەکیشدا ئەم چەند شێعرانەی بۆ نووسیوە:

دڵم نایەوێ کە ئارامی ڕۆم ڕووی کاتە شێوان
بە هەنگاوی من بەیانەی ڕوونی لێ بێتە شێوان
بیدە بەدەستی غولامانی من کلیکی کوماخ
بە خۆ تەنگ مەکە جیهانی بەرین بە سەد ئاخ و داخ
قەرایووسفی چەتەی ڕێگری لاکەلێن و کەل
کە ڕێی تەنیوە بەرەو ماڵی خوا لە ڕێی حاجیگەل
ئەهۆنیی بڕی لە ڕێی هاتوچۆ لەبەر بەدفەڕی
پەنای هێناوە بۆ ژێر سێبەرت، بە خۆی و گەڕی
بۆیە وە چاکە زەبری شیری تیژ ڕێی نەمانی بێ
ئەوەندەی بەسە و وا باشە بیخوا و گۆڕی گیانی بێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

کاتێک ڕاسپاردەی خاقانی خاوەنشکۆ گەیشتە ڕۆم و ئامانجی هاتنی بۆ سوڵتانی ڕازێنەوەی جیهان ڕوون بۆوە، وڵامی نامەکەی نووسییەوە و قەرایووسفی تین دا هەتا لەو ئارامانە نەمێنێ و بڕوا و سەر وەبن باڵی سوڵتان «فەرخ»ی [1] فەرمانڕەوای میسر بێنێ. قەرایووسف ڕۆیی، بەڵام چونکە فەرمانڕەوای میسر لەو

---

١- بەپێی بۆچوونی محەممەدعەلی عەونی و جەمیل ڕۆژبەیانی، دەبێ مەبەستی سوڵتان «فەرەج»ی کوڕی بەرقووق بێ کە دووهەم پادشای کۆیلە چرکەسەکانی میسرە و ساڵی ٨٠١ی ک/١٣٩٨ی ز، بۆتە پادشا و لە سووریا دەگژ تەیمووری لەنگ ڕاچووە و پێی نەوەستاوە و لەگەڵی پێکهاتووە. ساڵی ٨٠٨ی ک/١٤٠٥ی ز، لەپڕێک ون بووە و کەس نەیزانیوە چی بە سەرهاتووە. (شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، پەراوێزی ل ٦٩٨_٦٩٩). و.

کاتەدا خۆی بە دۆستی خاوەنشکۆی بەختەوەر دەزانی، لەگەڵ سوڵتان ئەحمەدی جەلایری حوکمڕانی بەغدا، کە ئەویش سەری وێ هێنابوو، گرتی و هەردووکیانی لە قەڵاقووچەیەکی میسردا زیندانی کرد. پاش بڵاوبوونەوەی نەمانی ئەمیر تەیموور ئازادی کردن و بۆی دانان کە هەرکام یەکی ٥٠٠ نۆکەر ڕابگرن و خەزنەخانەی میسر مووچە و بژیویان دابین بکا و بکەونە ڕیزی مەزن و ماقووڵان و شانیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و ڕاسپاردەی پادشا شل بکەن و بۆ هیچ شتێکی وەکوو ئەسپ و چەک دانەمێنن. لەو هەل و هات و کاتەدا تەنیا لاتەوپاتە و شاگردپیشە و کۆنەکەرداری بەغدایی لە سوڵتان ئەحمەد هاڵان، بەڵام ئەوانەی چوونە بەر ڕکێفی قەرایووسف کۆمەڵێک پیاوی بەکاری تورکمانی قەرەقۆینلوو بوون، کە لەو وڵاتە گیرسابوونەوە. میسری لەو زۆر و زەوەندییەی تورکمانان تۆقین و بە خزمەت سوڵتان «فەرەج»یان [1] ڕاگەیاند و گوتیان ئەگەر قەرەقۆینلوو ئاوا بەریان بەرەڵڵا بێ و قەرایووسف پێشی پێ نەگیرێ، پەنا بە خودا هیچ دوور نییە ئاژاوەیەک بنێنەوە و پیلانێک بگێڕن. پاش باس و ڕاوێژێکی تێر و تەسەل وایان دانا کە لە ڕۆژی کایەی گۆیەندا، سوڵتان فەرەج بە قەرایووسف بفەرمووێ تا وێڕای دەستوپێوەندەکانی ڕکێف بەتاڵ کا و هەموویان ورکەبەردی مەیدانەکە کۆ کەنەوە، جا لەو کاتەدا چەکدارانی میسری هەڵکەنە سەریان و بە شیری تیژی دەمنەپارێز ئەو بێتاوانانە لە خوێن گەوزێنن و گیانیان لێ بستێنن. قەرایووسف بەو فێڵەی زانی و پیاوەکانی خۆی بە ساز و تەیاری بردە مەیدان. کاتێک سوڵتان بەپێی تەمای پێشوو فەرمووی تا قەرایووسف و پیاوەکانی دابەزن و چی بەردووکەیە کۆی کەنەوە، قەرایووسف لەسەر خوانی زینی چورتەی نەکرد و هاتە بەرەوڕووی سوڵتان و گوتی ئەی سوڵتانی جیهان هەتا ئێستا کە ئێمەی غولامی

---

١-نووسراوە «فرخ»، کە هەڵەیە و ڕاست کراوەتەوە. و.

خۆت خوێندۆتەوە، چۆن چاکە ئاوامان خزمەت کـردووی، بەڵام وەختایەک قین‌لەزگ و شەیتان و شۆفار وایان تێچاندووە تا خوێنمان بڕێژی، تازە مانەوەمان لێرە بێ‌فایدەیە و دەڕۆین. هەر لەسەر پشتی ئەسپەوە ئیکلامی پادشای کێشا و مامزەی گەیاندە کەلەکەی ئەسپی و قەمچیی لێ وەشاند و لە نۆکەرانی خوڕی و لەو تەڵەی شەڕە دەرباز بوو. وەک دەڵێن هەتا گەیوەتە دیاربەکر ١٨٠ جاریان بـەرەگـە لێ تەنیوە و هەموو جارێک بە زەبری شان و باهۆی دڕی پێداون و مشووری خەنیمانی خواردووە و بە دەست‌وبردی پیاوانە بەزاندوونی. پاشان لە دیاربەکرەوە ڕووی کردۆتە بدلیس و پەنای بردۆتە بەر مەلیک شەمسەددین. لەوێ کچی خۆی داوە بە مەلیک و ئەویش ناوچەی پاسین و قەڵای ئونیکی باربوو کردووە و «قەرایووسف»یش بنەی لێ داکوتاوە.

هاوینی ساڵی ٨٠٩ی ک/١٤٠٦ی ز، بە یاریدەی مەلیک شەمسەددین لە مەڵبەندی چخورسەعد، لەگەڵ میرزا ئەبووبەکری کوڕی میرزا میرانشای کوڕی ئەمیر تەیموور تێکهـەڵچـووە و شکـانـدوویەتی و ڕاوی ناوە. پاشان چخورسەعد، مەرەند، نەخجەوان، سەروور[١] و ماکۆی گرتووە و زستانەهەواری بردۆتە مەرەند. ساڵی ٨١٠ی ک/١٤٠٧ی ز، میرزا ئەبووبەکر لەگەڵ میرزا میرانشای باوکی بە مەبەستی تێکشکاندنی قەرایووسفی تورکمان، لـەشکـرێکـی گەورە و گرانی لە عێراق و خوراسانەوە هێنایە سەر ئازەربایجان. لە «شەنبی‌غازان»ی تەورێز هێزەکان تێکهەڵەنگووتن و پێکداهاتن و لەشکری چوغتای تەقوڕەوی تێکەوت و میرزا میرانشا کوژرا و سەرلەبەری ئازەربایجان کەوتە ژێر دەسەڵاتی قەرایووسف. ڕۆژبەڕۆژ ئەستێرەی بەختی قەرایووسف بەرز درەوشایەوە و دۆستایەتی و یەکییەتیشی لەگەڵ مەلیک شەمسەددین هەروا درێژەی کێشا و کە

١-وێدەچێ «سەردورووود» یان هەمان «سەردەرۆ» بێ. و.

دەیدواند پێی دەگوت کورم! کاتێک بوو بە پادشا، بدلیس و ناوچە و مەلبەندەکانی دەوروبەریشی بە مڵکایەتی پێ بەخشی و ئەو فەرمانەی کە سەبارەتە بە میر شەمسەددین بەبێ دەستێوەردان ڕایدەگوێزم:

«ئەی ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، هیوادارم خودای مەزن لە منتان نەستێنێ. ئەی سەرخێڵان و سەرهێزان و سەرلکان و سەرپەلان[1] و سەرداران و ئەمیران و بریکاران و ئاغایان و مەزنان و ماقووڵان و کەیخودایان و مەلیکانی کوردستان! ئەی پیاوانی بەناوبانگ و چاوناس و ڕیشەدار و ئاپۆرەی دانیشتووانی بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس[2] و دەوروبەریان [ڕووی قسەم لە ئێوەیە!] هەمووتان دەبێ بزانن چونکە لێمان ڕوون بۆتەوە ڕۆڵەی خۆشەویستی پایەبەرزی دادەوانی ئاوەزمەندی هێـژا، گـەورەی سپاسالارانی عەجەم، میر شەمسەددینی نمـوونەی مەزنایەتی، بـەگیان و دڵ و ڕووڕاستی و دڵسۆزی و سەر لەپێناوی لەگەڵمان تێکەوتووە، هیواداریین یەزدانی باڵادەست ڕۆژگاری دەسـەڵاتی بۆ درێژ کاتەوە و هـەتاهەتایە هەر سـەربەرز و سەرکەوتە و بەختەوەر بێ. هێندەمان بڕوا پێ هێناوە کە بە ئەرکی مسۆگەری شاهانەی خۆمانی دەزانین ناوبراو بەپێی دابی پێشوو بەسەر بکرێتەوە و شابەشانەی بۆ وەبەرچاو بگیرێ و لە نێـو هاوشانەکانیدا تاق و تاقانە بێ. هەر بۆیە شوێنەواری خێروبێر و چاکەی پادشایانە لەسەر لاپەڕەی ژیانی دێتە نەخشاندن. جارێ وەکوو دەمشیرنانە حکوومەت و دەسەڵاتی بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس و تەواوی قەڵاکانی دیکە و دەوروبەریانی بە دەستووری ڕابردوو پێ دەبەخشینەوە و دەبێ تەواوی

١- نووسەر دەڵێ میری دەهەزار چەکدار (میرتومان)، میری هەزار چەکدار و سەرکردەی سەت چەکدار. دیارە ئەمە شێوەیەک دابەشینی لەشکر بووە و سەرهێز و سەرلک و سەرپەلم لە جێی دانان. و.

٢- خەنس. و.

باج و پیتاک و داهاتی هەموویان بۆخۆی بێ و نابێ هیچکەس ببێتە شەریکەدەسەڵاتی. ئاواتەخوازم خودا لە هەموو باڵانەوە بای باڵی بدا.

بۆیە ئەم فەرمانە نووسرا و بڵاو کرایەوە هەتا هیچ مەزن و میرێک چاوی بە سەر ناوچە و مەڵبەند و زەویوزار و خاکی پاوانی پێشوویەوە نەبێ و سەرێشەی بۆ ساز نەکا و کۆمەڵانی خەڵک و دەستوپێوەندەکانی بەر فەرمانی بە سەر دڵنیگەرانی و کێشەی لابەلادا نەخا. هەر کەس لەو فەرمانە دەرچێ لەڕێوە دەکەوێتە بەر شەپۆلی پرسیاران و هەڵدەپێچرێ و سزای توندی بۆ وەبەرچاو دەگیرێ. ئەرکی سەر شانی سەرکردە و سەردار و مەزن و ماقووڵان و دانیشتووان و ئاپۆرەی بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس و شوێنەکانی دیکەیە، هەتا لەگەڵ قەڵاداران و قەڵانشینان لە قسەی پیاوەکانی میری پایەداری کورم دەرنەچن و بە گەورەی خۆیانیان بزانن و سەریان لە حاند ئامۆژگاری و پەندیان با نەدەن و لەگەڵیان نەکەونە ملانە و کەڵەوەکێشی. هەر کارێکی گرینگی هەیانە و تووشی هەر ڕووداوێکی دژوار بوون، دەبێ هانا بەرن بۆ کاربەدەستانی میری ناوبراو و هەر چارەسەرێکی ئەو پێی باش بێ، نابێ لێی لادەن. لە هەموو لایەکەوە دەبێ ئەم ڕەوتە ڕەچاو بکرێ. هەر دەقێک بە مۆری بەنرخی ئەم پایەبڵندە بنەخشێ و برازێتەوە، دەبێ جێی باوەڕ و متمانە بێ.

ڕۆژی ١٠ی مانگی مەولوودی ٨٢٠ی ک/١٤١٧ی ز، نووسرا.»

بەپێی دەقی کتێبی «مەتلەعوسسەعدەین»، چل ڕۆژ پاش نەمانی قەرایووسف، میر شەمسەددین ڕۆژی ١٨ی مانگی قوربانی ساڵی ٨٢٣ی ک/١٤٢٠ی ز، بە نۆکەرێکی باوەڕپێکراوی خۆیدا نامەیەکی گەرموگوڕ دەنێرێ بۆ شاڕوخمیرزا لە قەرەباغی ئاران و خۆی بە دەوڵەتخوای دادەنێ. لە جەنگەی خاکەلێوەی بەهاردا کە شاڕوخمیرزا لە زستانەهەواری قەرەباغەوە بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ کوڕانی قەرایووسفی تورکمان تەشریفی بردە ناوچەی ئەرزەنجان، سەرەتای مانگی

جەمادی یەکەمی ساڵی ٨٢٤ی ک/١٤٢١ی ز، لە «کەتمە» غیاسی قازی محەممەد لە لایەن میر شەمسەددینی حوکمڕانی بدلیسەوە گەلێک دیاریی هەرە چاکی گەیاندە خزمەتی و ئیزن درا هەتا لە دیوانی پیرۆزی ڕۆنیشێ و پاشان تەشریفی بە کامڕەوایی بگەڕێتەوە.

کاتێک مێرگ و مێرغوزاری زەنوێری «مەرکوو»ی[1] دەوروبەری ئەخلات بوو بە خێوەتگەی هێزە باڵادەستەکانی شاڕوخمیرزا، میر شەمسەددین لەگەڵ چەند میرێکی دیکەی کوردستان چوونە پێشوازی ڕکێفی پیرۆزی. لە سەرەتای مانگی جەمادی دووهەمی ئەو ساڵەدا، شانازیی ڕامووسانی سەرپەنجەی دەهندەی پادشای پێ برا و بە خەڵاتی مەزنانەی بەسەر کرایەوە و بە لا لێ کرانەوەی خونکارانە گەشە و نەشەی پێ بەخشرا و فەرمانی میرایەتیی بدلیسی بۆ نوێکرایەوە. ڕۆژی شازدەی ئەو مانگە ئیزنی خواست و گەڕایەوە هەرێمی دەسەڵاتی.

ئەوەی ڕاستی بێ ناکەومە سەر باری لەبلەبانی و زمانلووسی و پێداهەڵدانی، بەڵام ئەوەندەی دەزانم کە میر شەمسەددین پیاوێکی یەکجار تاقانەپەرست و زانا و لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتیدا بەبڕشت و شارەزابووە. خەڵکی هەرێمەکە زۆریان باوەڕ پێ هێناوە و ئێستاش هەر باوەڕیان پێیەتی. وەک دەڵێن حەوت پلەی سۆفییانەی پێواوە و لەو تێکەڵاوبوونەی لەگەڵ پەروەردگار پشکێکی پێ بڕاوە. لە چەندین نامیلکەی سۆفییانەدا نووسراوە و زمانەوزمان لە نێو خەڵکدا ئەم نەزیلەیە گەڕاوە کە بوونەوەر و مەلی کێوی دەستەمۆی بوون و لە جەنگەی هەڵگرتنی دەسنوێژدا ئاوی دەستی موبارەکیان خواردۆتەوە. زۆر کەشف و کەراماتی دیکە

---

١- ل ٢٥٦ی بودلیان: «مرکتو = مەرکتوو = مەرگتوو». و.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەو پـایـەبـەرزە دەگێـڕنـەوە و بۆ وەی بە بـارێکی دیکـەیدا لێـک نـەدەنـەوە خـۆ لە گێڕانەوەیان دەپارێزم.

کاتی بە فیرۆ نەداوە و هەمیشە لە کۆڕی زانایانی بەرزەجێ و مامۆستایانی خوێندەوار و کۆمەڵی جێبڵندی سۆفییاندا ڕۆنیشتووە و لە گفتولفتی ئەم بەختەوەرانە تێر نەبووە. لە نێو خەڵکدا بە میر شەمسەددینی گەورە ناسراوە و بێبڕانەوە خەڵکی هەرێمەکە هانا دەبەنە بەر گیانی پاکی و دەپاڕێنەوە پشت و پەنایان بێ. لە سەردەمی هەرا و ئاژاوەی تورکمانانیدا سکە و خوتپەی بەناوییەوە لێدراوە و خوێندراوەتەوە. ئێستاش لە کوردستان دراوی زێوی یەک مسقاڵی هەیە کە پێی دەڵێن «شەمسەددینی» و کوردان بۆ متفەڕک هەڵیدەگرن و منی بەلەنگازیش دیتوومە. سێ چەشنە سکەی دیکەشم وەبەرچاوی هاتووە کە سێ میری بدلیس لێیان داوە و بریتین لە: محەممەد کوڕی شەرەف، شەرەف کوڕی محەممەد و شەمسەددین کوڕی زیائەددین.

میر شەمسەددین ساڵی ٨١٠ی ک/١٤٠٧ی ز، خانەقا، نەخۆشخانە، میوانخانە و مزگەوتی لە دەوری گۆکمەیدان ساز کردوون کە پێیان دەڵێن شەمسییە. گوندی «ترمیت»ی لای مووش و «کەفووی» سەر بە ناوچەی گورجیکان و دێی «کازووخ»ی نێوان ئەرجیش و عادلجەواز، لەگەڵ چوار مەزرا و حەوت دووکان و کاروانسەرایەک و بیست دەست خانووبەرەی ئەرمەنینشین لە خودی بدلیس و دەوروبەری لە مەقووفەکانی ئەو بەڕێزە هەر ماون و زۆری دیکەشی هەبوون کە بەپێی خوارەکەوپێچەکەی ڕۆژگار نـەمـاون. خـانەقاکە هەروەک جاران ئاوەدانە و نان و پێخۆر و شێوی هەژار و بەلەنگازان دابین دەکا. دێی کازووخیش لەسەر خواروژووری کۆمەڵ وەقف کراوە و چێشت و نانی ڕێبواران و هـامـوشـۆکـەرانـی لێ دەدرێ.

سەرەنجام میر شەمسەددین بەدەست میرزا ئەسکەندەری کوڕی قەرایووسفی تورکمان، کە هەر چەندی بڵێی پیاوێکی نەزان بوو، لە شاری ئەخلات پلەی بەرزی شەهید بوونی لە چارەی نووسراوە. هێندێک لایان وایە تەرمی ئەو گەورەپیاوەیان لە ئەخلاتەوە هێناوەتەوە بدلیس و لە باڵی ڕۆژهەڵاتی گۆکمەیدان و بەرەڕووی خانەقاکەی خۆی ناشتوویانە و دەستەیەکیش دەڵێن هەر لە ئەخلات نێژراوە و ناکۆکی هەیە لەسەر جێنێژرانی.

وەک دەگێڕنەوە لەسەر لێدانی ژنەکەی خۆی کوژراوە کە خوشکی ئەسکەندەر بووە. ئەم کیژە تورکمانە کە پەروەردەی داب و نەریتێکی جیاواز بووە، زۆری مەیل لە غار و ڕمبازی و تیرەندازی و قاشۆبازی بووە و ویستوویەتی جاروبارە لە بدلیس باداتەوە سەر دابی ماڵی باوانی، بەڵام میری گەورە هەموو جارێ گوتوویەتی ناکرێ و نابێ و ئێمە کوردین و ئەوەی تۆ دەیکەی لەگەڵ داب و نەریتی ئێمە نایەتەوە و باوی تورکمانان لە بەر چاوی ئێمە جوان نییە و بە دڵەوە ناناووسێ و دەبێ دەست هەڵگری، بەڵام گوێی بەو قسانە نەبزووتووە و شاعیر گوتەنی:

به نەرمی و خۆشی نەڕۆی لە ڕێیە
کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە

ڕۆژێک لە ڕۆژان میر شەمسەددین کە دەبینێ خاتوونی خێزانی دەست هەڵناگرێ لە چەلەحانی و خەریکە ددانی لێی سپی دەبێتەوە و زمانی هێندەی گەزێک لێ دەرکێشاوە، ڕقی هەڵدەستێ و مستێکی لە دەمی دەدا و ددانێکی دەشکێنێ. ئەویش سێودووی لێ ناکا و ددانەی لە کاغەزێکەوە دەپێچێ و لەگەڵ نامەیەک دەینێرێ بۆ برای لە ئەرجیش و گلە و گازندە و سکاڵای پێ ڕادەگەیەنێ.

ئەو زاڵمەی کە پێیـان دەتگوت ئەسکەندەرەشێتە و سڵەی لە هیچ کارێک نەدەکرد، کاتێک میر شەمسەددین بە مەبەستی سەردانی چووبوویە ئەخلات، لەسەر خوشکی گەڕی تێهاڵاند و کوشتی؛ بەڵام بە بۆچوونی منی نووسەری ئەم دێڕانە، ئەم نەزیلەیە دوور دەنوێنێ و وێناچێ وابێ و لام وایە نێوان خۆشبوونی لەگەڵ شاڕوخمیرزا مەرگی لە چارەی میری گەورە نووسی.

بەکورتی، پاش شەهید بوونی ئەو میرە مەزنە، میر شەرەفی کوڕی وەکوو جێگرەوەیەکی باش هاتە شوێنی و هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. میر شەرەف کەسێک بوو کە جەزبەی خودایی لە دەروونیدا دەفی دەدا و دەهارووژا. شەوانە دەڕۆیی و لە توونی گەرماوان دەنوست و بە ڕۆژ لەو قەفەزە ئاسنەدا لـەنگـەری دەگـرت کە سازی کردبوو؛ ئـەوسا لەبەرخۆیەوە دەیورتاند و دەیگوت قەفەز جێی نێرەکەوە! جا بۆیە لەسەر ئەم حاڵوباڵەڕا سەردەمی ژیانی وەکوو خونچەی پشکووتوو هێندەی خۆ ڕانەگرت و هیچ شوێنەوارێکی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار لێ بەجێنەما.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەگەر شادی یا خەمینی لەم دێرە پشتت بەم جیهانە کەونە مەسپێرە
کاتێ دەبێ هەر لێی دەرچی بەناچار شاد و گەش بە، نەک خەمبار و لێوبەبار

بەپێی گێڕانەوەی باوەڕپێکراون شاهمخاتوونی خێزانی میر شەرەف، کە مەلیکزادەیەکی حەسەنکێفی بوو، هەر بە زیندیسەری مێردەکەی و لەسەر پرس و فتوای مامۆستایان مارەی خۆی هەڵوەشاندەوە و شووی کرد بە میر سەیدی ئەحمەد ناسرەددین. دوای ئەوەی میر شەرەف بە شەنگەشەنگ ڕۆیی بەرەو باغی بەهەشت، تاقانەیەکی لە پاش بەجێما بەناوی شەمسەددین، بەڵام چونکە زۆر منداڵ بوو خۆ نەیدەتوانی بە کاروباری دەسەڵات بچارێ، هەر بۆیە جڵەوی تێکڕای

دەسەڵات کەوتە بەر دەستی شیاوی میر سەیدی ئەحمەد و شاهمخاتوون. ئاغاوەتی ڕۆژەکی بەو ڕەوتی ڕووداوانە پەرۆش بوون و دایانە لانی دوژمنایەتی و سەرەڕۆیی و هەر کەس ناوچەیەکی بدلیسی وەبەر خۆی دا و دایبڕی. بۆ وێنە میر محەممەدی ناسرەددینی لە ئەخلات و ئاورەحمانئاغای قەوالیسی لە چغور و مووش دەسەڵاتی میر سەیدی ئەحمەد و شاهمخاتوونیان بە هیچ دانەنا و بوو بە تێکەولێکە و هەر کەس لە گۆشەیەکەوە خۆی بە میر دەزانی و ڕۆژەکی تووشی چەندبەرەکی بوون.

بێتــوو وڵاتێـک مــەزنی نــەمێنــێ
کوێخادێ وەکوو سوڵتان دەنوێنێ

چەند ساڵێک هەرێمی بدلیس ئاوا بێسەرەوبەرەیی داپڵۆسی، هەتا وا هات ڕۆژێکی میر شەمسەددینی کوڕی میر شەرەف بە مەبەستی چوونە ڕاو لە بدلیس وەدەرکەوت و لەسەر پردی «عەرەب» تووشی عومەر یادگارانی بایەکی هات کە چەند بارەدارێکی لە «کیفەندۆر»ەوە بۆ فرۆشتن دەبردە شار. عومەر بێئەوەی ڕێزێکی بۆ دانێ و گوێدرێژەکانی لەسەر ڕێیە کلا کا، هەچەی لێ کردن و پەلەدارێک ئەژنۆی میر شەمسەددینی ئەنگاوت و ئێشی پێ گەیاند. میرزادە لێی وەجواب هات و گوتی کەرەگێلە چاوت نابێنێ و نافامی لایان دەی هەتا خەڵک دەرچێ؟ عومەریش چاوی قووچاند و دەمی کردەوە و گوتی ئەو کەسە کوێرە کە عەیبی خۆی نابینێ! میر شەمسەددین زۆری پێ تووڕە بوو، ویستی دایبێتێ و تێی هەڵدا، بەڵام بەزەیی پێیدا هات و پشووی بردەوە بەر خۆی و چاوی لێ پۆشی و ڕۆیی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بێتــوو گەر نەبی بێجیکڵدانــە
بەرزە پێڵاوت، لـەسەر سەرانە

پاش ئەوەی ددانی بە جەرگیدا گرت و وردەوردە خاو بۆوە، بۆخۆی بە خۆی گوت هەیاران! نەکا تەوس و پلاری ئەو کابرا لاپۆرەیە بێسۆ نەبێ و بچێتەوە سەر ڕووداوێکی پووش بەسەرکراو؟ دوای ئەوەی تەشریفی لە ڕاو گەڕایەوە، تووشی عومەر یادگاران بۆوە و تەماشای کرد بارەدارەکانی فرۆشتوون و بەرەو ماڵ دەبێتەوە. بانگی کرد و گوتی هەی کوردی نەفام ئەو قسە قۆڕ و بێتامە چ بوو لە پاراسەنگی منت نا و ئـاوا بێچاوڕوو لە ڕووم وەرگەڕای؟ عومەر کەوتە لالانەوە و پاڕانەوە و تەوازی و گوتی: ئەی مەزنزادەی ڕەسەن و ئەی سۆمای خۆشەویستی چاوانم، خۆ لە ڕێبازی ڕێـز نەترازاوم، بەڵکوو چونکە خۆم بە خێرخوا و دڵسۆزی خانەدانی ئێوە دەزانم، بـە ڕووڕاستی و بـە ڕاوێـژی کوردانە قسەیەکم بە گوێدادای و ئەگەر مەیلت لێ بێ و لێم توورە نەبێ، دێم و بەدزی هەموو شتێکت لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە. میر، عومەری بانگهێشتە سووچێک و ئەویش هەرچی لە بنی دیزەدا بوو ئەسکوێی تێوەردا و بۆی دەرهێنا و گوتی چۆن دایکی ئەو پەندەی بە باوکی داوە و بە زیندیسەر وەلای ناوە و لەسەر دەنگی مەلایان تەلاق دراوە و مێردی بە میر سەیدی ئەحمەد کردۆتەوە و چلۆن هەوساری دەسەلات لە چنگ بنەماڵەی ئەوان ترازاوە.

کاتێک میر شەمسەددین بەرچاوی ڕوون بۆوە و بۆی دەرکەوت عومەر پیاوێکی نیازپاکە و چاکەی خانەدانی دەوێ، ئافەریمی لـێ کرد و پرسی باشە ئەم شوورەیی و شەرمە چۆن دەشۆرێتەوە و ئەم کـەمایەسییە چـۆن چـارەسەر دەکرێ و دەبێ چ بکەم؟

عومەر ناوی چەند لاوێکی ئازا و بەکاری ڕۆژەکییانی بۆ هەڵدا و گوتی یەکیەک بانگیان کە لای خۆت و بیاندوێنە و بە بەڵێن ومەڵێن دڵیان خۆش کە و بیانکە هاودەنگی خۆت، جا ئەو دەمی نۆکەری خۆت پێت دەڵێ چ بکەی. میر شەمسەددین لەسەر ئەو پێوشوێنە دەستی پێکرد و هەموو ڕۆژێ چاوی بە یەکدوو لاوان دەکەوت و گفتی پشتیوانیی لێ دەستاندن. لەو ماوەیەدا میر سەیدی ئەحمەد بەو کار و گەلاڵەیەی زانی و بوو بە ڕێبواری ڕێی ڕاکردن و پەنای بردە بەر میر ئەبداڵی بۆتانی. ئەوەندەی بلێی یەکودوو میر شەمسەددین دایکی خۆی کوشت و بەپرتاو کەوتە شوێن میر سەیدی ئەحمەد و بەرەو بۆتان ئەسپی لینگ دا. کاتێک میر ئەبداڵی بۆتانی پێی زانی، لەشکری خۆی هێنا و هاتە کەنار ڕووباری زەڵم[1] و بەرەگەی لێ تەنی. کاتێک هێزەکان لێک نیزیک بوونەوە، میر شەمسەددین ڕاسپاردەیەکی ناردە لای میر ئەبداڵ و داوای کرد میر سەیدی ئەحمەدی بەدەستەوە بدا. میر ئەبداڵ لە وڵامدا فەرمووی ئێستا جەنگەی سەودایە و دەکرێ پێک بێین. میر حەسەنی شێرۆیی دەستی بە خوێنی شازادەیەکی بۆتانی سوورە و پەنای بۆ ئێوە هێناوە، ئەگەر ڕازی بن میر سەیدی و میر حەسەن پێکەوە دەگۆڕینەوە. بەکورتی پاش چەند جارێک گۆڕینەوەی نامە و هاتن و چوونی کەیخودا و ڕاسپاردان، وا پێکهاتن کە میر شەمسەددین چەند ئاغایەکی ڕۆژەکی لەبری میر حەسەنی شێرۆیی بنێرێتە لای میر ئەبداڵ و ئەویش میر سەیدیی بەدەستەوە بدا و دواتر میر شەمسەددینیش میر حەسەن بگرێ و بینێرێتە لای میری بۆتان و کە ئەوە کرا ئاغاکانی ڕۆژەکی بگەڕێنەوە. لەسەر ئەم ڕێوشوێنە میر شەمسەددین چەند پیاوێکی چوست و چالاکی مەلەوانی ئازای هەڵبژاردن و

---

١-لە لاپەڕە ٢٥٩ی بودلیساندا نووسراوە «ڕووباری خڕکوم». بێگومان ئەمەیان دروستە و ڕووباری زەڵم هەڵەیە و لە شارەزوورە، نەک لە نێوان خاکی بۆتان و بدلیس. و.

ڕایئەسپاردن دەبێ لە لای لێواری ڕووبار بنە دابکوتن و ئەگەر لەشکری ئێمە کردی بە گرمە و هەرا و قریوەقریو، بزانن ئەوە نیشانەی شەوگورزە و دەبێ دەست لـە چەکوچۆڵ و ئەسپان هەڵگرن و خۆتان ڕووت کەنەوە و بە مەلە لە ڕووبار بپەڕنەوە و بێنەوە لای خۆمان، چونکە دنیا و عالەم سەر لێک دا، میر حەسەن نادەمەوە دەست میری بۆتان.

ئاغایانی ڕۆژەکی بەپێی فەرمان ڕۆیشتن و چوونە لای میر ئەبداڵ و ئەویش بە هیوای ئەوەی لەبری میر سەیدی ئەحمەد، میر حەسەنی بەدەستەوە دەدرێ، پەنابەرەی ناردەوە تاکوو ئاوا کێشەی نێوانیان ببڕێتەوە. کاتێک سوڵتانی هەیوانی چوارەم کڵاوی زێڕینی لە سەری داگـرت و شـەو جلکی ڕەشـی عەبباسییانی پۆشی و ئاسمانی بێخۆر چاوی چاوەڕوانی بە پێشەنگای خۆر هەڵێنا، میر شەمسەددین بە شمشیری تۆڵە دەماری ژیانی میر سەیدی ئەحمەدی سپڵەی نانخۆری ناندێندڕی هەڵبڕی و بە مەبەستی زەبروەشاندن پیاوانی بەجەرگی ناردنە قەراخ ڕووباری زەڵم.[1] قەرەوڵەکانی لەشکری بۆتانی بەو پەلامارەی هێزەکانی ڕۆژەکی شڵەژان و قوولە و هەرایان کەوتە نێوان. ئاغایانی گوێقوڵاغی ڕۆژەکی بە ڕووداوەکەیان زانی و خـۆیان بە دەم ئاودا دا و بـە مـەلـە پەڕینەوە و گەیشتنەوە نێو هێزەکانی خۆیان. بەری بەیانی، ڕاست ئەو دەمەی کە پاشای خۆرهەڵات بە مەبەستی گەڕانەوە سەر خولگەی خۆی سەری وەدەرنا و کشەی لە سپای ئەستێران کرد و لە داوێنی دەریای خۆرنشینەوە نەدیوی کردن و پەردەی شەوی ڕەشی دادڕی و بوو بە پێشەنگی ڕووناکایی، هەردک هێز بە مەبەستی تێکهەڵچوون بەئازایی بەرەو شەڕگە بزووتن و لە کەناری ڕووبار بەرەوڕووی یەکتر چەقین. میر شەمسەددین ڕکێفی لە کەلەکەی ئەسپی کوتا و هاتە بەرەوە و گوتی، ئەی میر

---

١-ل ٢٦٠ی بودلیان: ڕووباری خڕکوم و ئەمەیان دروستە. و.

ئەبدالّ من ئەو نۆکەرەی خۆم کوشت کە دابوویە لانی خەیانەت و دوژمنایەتی. لێرە بەو لاوە من و تۆ هیچ کێشەیەکمان لە نێواندا نەماوە و ئەگەریش سەرت لە شەڕ دەخورێ هازا گۆ و هازا مەیدان! کاتێک بۆتانی ئەو قسانەیان بیست، میر ئەبداڵیش ئەسپی خۆی دەنگ دا و هاتە پێش و گوتی ئەی میر شەمسەددین باب‌وباپیری مەزنی ئێوە هەر لە کۆنەوە کەیخودا و ڕدێن‌سپیی باب‌وکاڵی ئێمە بوون و هەمیشە دەرگای دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا کەوتۆتە سەر ڕەقی پشت و پێکەوە ڕووڕاست و بێ‌غەل‌وغەش بوون، خودای نەکردە کارێکی وا ناکەم بەپێچەوانەی داب و نەریتی ڕابردوو بێ و خودا و خەڵکی خودا پێیان ناخۆش بێ و بە ناحەزی بزانن و ببمە ڕووزەردی دنیا و قیامەت. وەختایەک یەکێکی وەکوو میر سەیدی ئەحمەد شووی لێ هەڵکێشاوە و پێی لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە، تۆڵەی ئەو خۆ لە بیر چوونەوەی لێ کراوەتەوە، بۆیە وا باشە ڕێگەی دۆستایەتی و خۆشەویستی بگیرێتە بەر و کێشە و هەرا داکووژێ. کاتێک میر شەمسەددین دیتی میر ئەبدالّ بە یاری لێبووردن و بەرژەوەندی‌دا قسە دەکا و پێداگرە لەسەر پەرەپێدانی هاوپشتی و دۆستایەتی، سەری ڕکێفی وەرسووڕاند و گەڕایەوە و لەو ڕۆژەوە ناویان نا میر شەمسەددینی دژوار!

میر شەمسەددین پێنج کوڕی بوو: سوڵتان ئەحمەد، سوڵتان مەحموود، زیائەددین، میر شەرەف و میر برایم. ســـاڵـی ٨٣٥ی ک/١٤٣١ی ز، سوڵتان ئەحمەد و سوڵتان مەحموود و زیائەددین تاعوون لێی‌دان و پێی مردن. میر شەرەفیش لە هەڕەتی گەنجی و سەرەتای بەهاری ژیانی‌دا گێژەڵووکەی نەمان هەڵیپرووکاند و ڕووی لە دنیای ڕووخەک وەرگێڕا. دوای نەمانی باوکی، میر برایم جێی گرتەوە و ماوەیەکی حکوومەت کرد و پاشان ڕووی کردە دنیای هەرمان. میر حاجی محەممەدی کوڕی بەوەجی بوو بە جێنشینی باوکی و ساڵی ٨٤٧ی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ک/١٤٤٣ی ز، لە جەرگەی شاری بدلیس و لەسەر لێواری ڕووباری ڕەبات بناغەی فێرگە و مزگەوتێکی دانا و لە ماوەی ساڵێکدا تەواو بوون و داپۆشران. ساڵی ٨٦٥ی ک/١٤٦٠ی ز، ڕووی کردە بەر دلۆوانیی خودێ و لە تەنیشت مزگەوتەکەی نێژرا. دوو کوڕی بەختیاری بەناوی میر برایم و میر شەمسەددین لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار لە پاش بەجێمان. بـەپێی وەسیەتی باوکی، میر برایم بوو بە جێگرەوەی و ژیان و بەسەرهاتی بەتەسەلی دەخرێتە بەرچاو.

## بەشی چوارەم

### باسی میر برایم کوڕی میر حاجی محەممەد

لە پێشتردا پێنووسی پاراو ئەو باسەی لەسەر لاپەڕان خستە بەرچاوان کە هەمیشە میرانی بدلیس و قەرایووسفی قەرەقۆینلوو وەکوو باوک و فرزەند و خزمی نیزیک لە یەکتریان دەڕوانی. کاتێک ئوزوون حەسەنی ئاققۆینلوو، لەسەر دوژمنایەتیی لەمێژینەی نێوانیان، خوێنی جیهانشای کوڕی قەرایووسفی ڕشت و توانی سوار بێ بە سەر تێکڕای هەرێمی دیاربەکر و ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا، تەواو خۆی لە تۆوبڕ کردن و سڕینەوەی بنەماڵەی قەرەقۆینلوو هەڵکرد و لێبڕا هەتا کەسوکار و دۆستانیشیان نەهێڵێ. بۆ جێبەجێ بوونی ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتادا لەشکرێکی بێژماری بە سەرکردایەتیی سولەیمانبەگی بیژەن ئۆغڵی ناردە سەر بدلیس هەتا بیگرێ و میرەکانی بۆ قۆڵبەست بکا. سولەیمانبەگ لەگەڵ لێشاوی بێبڕانەوەی هێزی بەر فەرمانی ڕووی کردە کوردستان. کاتێک لەشکری ئاققۆینلوو داوەرین و لە ڕووکاری قەڵای بدلیس خێوەت و دەواریان هەڵدا، میر برایمی کوڕی حاجی محەممەد کە لەو سـەردەمـەدا حـوکمـڕان بوو، قەڵای

دابەست و دەروازەی لێ داخستن و سەری وەبەر شوورەی شارەکە هێنا. سولەیمان‌بەگ لەڕێوە دەوری قەڵای تەنی و ئامرازی قەڵاگرتنی تێکبەستن و دایبەستن و سێ ساڵان هەر بە تەما بوو بیگرێ. هەموو ساڵێ کە خۆرەتاوی ڕوونکەرەوەی جیهان دەکەوتە جەنگەی شەوگەڕانەوەی پاییزی و جەمشیدی ئاسمان لە ترسی شەختە و سەرما سەری وەبن باڵی سمۆرەی هەوران دێنا و مێرگ و چیمەن و سەوزەڵانی زەرد هەڵدەگەڕان و گوڵجاڕ گەشە و نەشەی گوڵ و گوڵووکیان بنەی دەهات و داروبار گەڵایان هەڵدەوەراند و بەریان پێوە نەدەما و دادەڕووتان و جل‌وبەرگی زەرد و سووریان با دەیبرد، سولەیمان‌بەگ دەیزانی نابێ چی دیکە لە دەورەی قەڵای بدلیس بمێنێتەوە. هەموو جارێک دێوی ڕک و کینی دڵنیا دەکردەوە بێ‌ونەبێ کۆڵ نادا ودەیگرێ و بەو هیوایە زستانەهەواری دەبردە ماردین و بەشیری و سەرلەنوێ نەورۆزێ وەختایەک شنەی دەمی ڕۆژگەڕانەوەی بەهاری باغ و باغاتی دنیای بە گیا و گوڵان دەڕازاندەوە و وای دەخەملاند کە مێرغوزاری ئاسمانان خۆزگەیان بۆ دەخواست و لەبەر ئێرەیی چاویان پێی هەڵنەدەهات، بیژەن ئۆغلی لە بنەبانی چالاوی ڕەشی ڕێ لێ گوم‌بوونەوە بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ مێرخاسان و پاڵەوانانی هاوشانی ڕۆستەم بەرەو بدلیس دەهاتەوە و شانی لە گرتنی شل دەکرد. سەرلەنوێ دەوری قەڵای دەگرتەوە و لە هەموو بالانەوە بە مەنجەنیقان دەکەوتە ئاگربارانی و لە سەرڕا و لە بەرڕا زرمەی بەرد و هاژەی تیر دەنگیان دەدایەوە و مێشکی پیاوانی بەجەرگ دەپژان و گیانی قارەمانان لە شەقەی باڵیان دەدا.

وەکوو مژۆڵی جوانان شەڕکەران    وێکڕا چەقیبوون لە خوار و سەران
کاتێ کە بەردێ دەکرایە جاڵە    گای زەوی وەک شێر دەیکردە گاڵە
ئەگەرکوو تیرێک بۆ باڵا دەچوو    دەفڕی و بە سینەی ئاسمانا دەچوو

بنکەی ژین www.zheen.org

چەرخی بڵێندیش بۆ تۆڵە سەندن دەیگوت مەهـ و خۆر بۆ من کەمەندن
دەسرێژی تفەنگ وەکوو خوێنرێژان جەرگی جێپەنای تەنای دابێژان
بە خوێنی مێران بورجانی حەسار بوونە گوڵاڵە و پەلکی گوڵهەنار

پاش ئەوەی گەمارۆ زۆری درێژە کێشا، برسیایەتی و توونیایەتی و نەخۆشی بەرۆکی خەڵکیان گرت و تەنگیان پێ هەڵچنین. وای لێهات کە زۆربەیان بە چاوقوڵکە و تاعوون تێداچوون و تەنیا میر برایم و حەوت کەس بە زیندوویی دەرچوون. لەم جەنگەیەدا مەحموود ئۆغڵیی شاعیر کە ببوو بە چاوەشی سولەیمانبەگ و پێی هەڵدەگوت، لە غەزەلێکی تورکیدا کە بۆ حەسەنبەگی ناردووە، ئاوا دەڵێ:

ئەی سوڵتانی من کوردانی بدلیس بۆ سولەیمانیش سەر نەوی ناکەن
تۆرەمەی خۆیان چا دەپارێزن لەوەتی هەن و لەسەر ئەم خاکەن [١]

www.zheen.org

بەکورت و کرمانجی پاش ئەوەی هەردک لا هەتا بڵێی خەساربار و گیرۆدەی کوێرەوەری و مەینەت و ئازار بوون، وشەی پێکهاتن و لێکبوونەوەیان بە زمانیدا هات. ڕیشچەرمووگ و کەیخودایان کەوتنە نێوان و وایان دانا سولەیمانبەگ هەڵنەکوتێتە سەر میر برایم و ئەویش دەست لە قەڵا و دەسەڵاتی هەڵگرێ و بڕوا. هەردک لا بەم پێشنیارە ڕازی بوون و چۆنیەتیی پێکهاتنەکەیان بە خزمەت حەسەنبەگ ڕاگەیاند و ئەویش ئەنگوستیلەی بە نیشانەی پارێزرانی گیانی میر برایم نارد و پەیمانی ئاشتی بەسترا و سوێندی شەرەفی لەسەر خورا. میر برایم

١- ئەم بەیتە لە دەقی زێرنۆڤدا هەر لینگێکی نووسراوەتەوە و بۆی ساغ نەبۆتەوە، لە ڕووی ل ٢٦٢ی بودلیان ساغ کرایەوە. و.



**تابلۆی چاردەهەم: گەمارۆدرانی قەڵای بدلیس**

لـە قـەڵا وەدەرکـەوت و ڕۆیـی بۆ خزمەت حەسەنبەگ لە تەورێز و سولەیمانبەگیش دەستی بـە سـەر قـەڵاکـان و هـەرێمی بدلیسدا گرت.

وەک دەگێڕنەوە میر برایم لەگەڵ دوازدە ماڵی خێڵی ڕۆژەکی بەرێ کراوە بۆ لای ئازەربایجان، کە یەکیان شەمسی عاقڵان بووە بە خاوخێزانەوە. پاش ئەوەی میر گەیوەتە تەوریز حەسەنبەگ مووچەیەکی بۆ بڕیوەتەوە لە شاری قوم و ناردوویەتە هەرێمی عێراق. حەسەنبەگ هەتا ڕۆژایەکی کە ماوە زۆر چاکی ئاگای لێی بووە و چاوەدێریی کردووە. کاتێک جەنگەی هاتووە و حەسەنبەگ شەرابی مەرگی لە دەست مەیگێڕی نەمان وەرگرتووە و هەوساری کاروباری دەسەڵات کەوتۆتە دەستی لێوەشاوەی یاقووببەگی کـوڕی، بـە تاوانی سەربزێوی و نەحەجمینی خێـڵی ڕۆژەکی و هەڵاییسانی گێرە و کێشە لە هەرێمی بدلیس، فەرمانی کوژرانی میر برایمی داوە و لە شاری قوم کوژراوە. میر برایم لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی قومی زەعیفەیەکی خواستبوو، کە سێ کوڕی لە داوێنی بەرببۆوە: حەسەنعەلی، حوسێنعەلی و شامحەممەد.

ماوەی ٢٩ ساڵ هەرێمی بدلیس لە ژێر چۆکی ئاققۆینلوودا مایەوە و خێڵی ڕۆژەکی بە سەر پەرێشانی و بێسەرەوبەرەییدا کەوت. کەسانی دیار و بەرچاویان هەر یەکەی بە لایەکیدا ڕۆیشتن و لە گۆشەیەک سەریان وەبن باڵی خۆیان هێنا و بە پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی داسەکنین و دەرگای هاتوچۆیان پێوەدا. محەممەدئاغای کەڵهۆکی، بژاردە و دەمڕاستی جێی تەگبیروڕای خانەدانی زیائەددین کە یەکێک بوو لە تیرە و بەرە ناسراوەکانی ڕۆژەکی، بەناچاری ببوو بە پیاوی میرانی تورکمانی ئاقۆیندلوو لە عێراق. زۆرجاران بە مەبەستی دیدار و سەردانی مەزنزادەکانی ڕووی دەکردە شاری قوم و خۆی بە خـزمەتکاریان دەزانـی و ئـەرکی سـەر لەپێنـاوانـەی بـەجـێ دێنـا و ئەوەنـدەی بـۆی دەکـرا بە گەرموگوڕی و بێخڵتەوخاڵی لەگەڵیان تێدەکەوت. جا چونکە پیاوێکی دنیادیدە و

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەئەزموون و سارد و گەرم چێشتوو بوو، جارجارە بە گوێی هەڵدێنان و بەرەبەرە بۆی ڕوون دەکردنەوە کە ڕۆژەکی خێڵێکی گـەورەی خاوەن مێژوویە و بنەماڵەیان هێندەوهێندە بە مەزنی ژیاوە و لە نێو گەورەماڵانی کوردستاندا دەستیان لە هەمووان ئەستاندووە. کە دەهاتە سەر باسی کەش و هەوای خۆش و فێنک و سازگاری کوێستان و باغ و مێشە و دارستانی بدلیس چۆن چـاکـە ئـاوا جوان پێدا دەڕۆیی. بێبڕانەوەی وای دە گوێی دەسرەواندن کـە گیرانەوەی قەڵات و ناوچەکانی و دەرپەڕاندنی خەنیمان وەک ئاو خواردنەوە وایە. نەرمنەرم قسە و بۆچوونەکانی خۆی دەربڕی و گوتی ئەگەر یەکێک لە میرزادەکان تامەزرۆی چوونەوە خاکی کوردستان بێ، هەر ئەوەندە بگاتەوە سنووری دەڤەرەکە، جەماوەرێکی وای تیرە و تۆرەمە و عێلاتی کوردان تێی دەهاڵێن، کـە بـە پشتیوانیی خودای مەزن، گرتنەوەی قەڵاکان گرێ و گرفتیان لەبەر نامێنێ و ژیانەوە و بووژانەوەی ئاورگی خانەدانی لەمێژین زۆر چاک تینی تێدەزێتەوە. پاش ئەوەی ئاوای بنەوانی کاران شێلا، ڕووی کردە خزمەت دایکیان و سەردەقی قسانی جوان بۆ دامەزراند و پەرەی پێدا و ئامانجەکەی درکاند و گوتی ئەگەر یەکێک لە کوڕەکانت بخەیە گەڵ ئەم بەندەی خێرخوای خانەدانە بەرەو کوردستان، دەتوانم عێلی ڕۆژەکیی لە دەوری کۆ کەمەوە و بەزەبری چەک تێکڕای قەڵا و ناوچە و مەڵبەندەکانی بدلیس لە چنگ کاربەدەستان و پیاوانی تورکمانی ئاققۆینلوو دەرکێشرێنەوە؛ ئاوا چی ماف و هەقە دەگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی و سـەرلـەبـەری تیـرە و تایفە و خێڵی پەرانپەران و ئاوارەی ڕۆژەکی دێنەوە سەر خاک و نیشتمانی دڵبەندیان و سـەریـان وەبەر چەڵەمەی دەسەڵاتی دێنن. بەکورتی هێندەی تامو‌خۆی دا بە قسەکانی و بەڵگەی پتەوی خستە بەرچاوی خاتوون، کە دایکی بێچارە چارەی نەما و دڵی لە کوڕانی هەڵکەند و گوتی محەممەدئاغا ئەوە با حەسەنعەلی و حوسێنعەلی ئەسپاردەی دەستی تۆ بن. ئەویش جووتە میرزادەی

لەگەڵ خۆی هێنان و هەتا هەرێمی هەکاری بەند نەبوو. لەوێ ڕووی کردە نێو تیرەی ئاسۆری کە ناسراون بە سەوەچنان و میرزادەکانی دانە دەست باوەڕپێکراوان و گوتی ئەوانە کوڕی منن و دەبێ وەکوو گلارەی چاو ئاگاتان لێیان بێ و بیانپارێزن. ئەوسا خۆی یەکسەر ڕۆیی بۆ هەرێمی بدلیس هەتا لایەنگران و هاوپشتان و هۆگرانی بنەماڵەی زیائەددین لە هاتنەوەی مەزنزادەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە و دنەیان بدا و بۆ گرتنەوەی خاکی خۆیان بیانهاروورژێنێ. ڕاست لەو سەروبەندەدا، ئاسۆری لەگەڵ عیززەددین شێری میری خۆیان لێیان بوو بە هەرا و لێی هەڵگەڕانەوە و دەستیان کرد بە سەربزێوی و لە شارێی پێمل بوون و خزمەتکاری لایان دا و ئەویش بە مەبەستی هەسدانەوەیان هێزی چەکداری هێنانە سەری.

لە جەنگەی شەڕا گەر نەمێنێ چار دەس دەگرێ دەمی شمشێری

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەسەر ئەم پێوشوێنە ئاسۆریی ناجسن خۆیان بۆ تێکهەڵچوون و بەربەرەکانی ئامادە کرد و یەکجار ئازایانە و پیاوانە وەدەست هاتن، بەڵام لەو هەرایەدا حەسەنعەلی و حوسێنعەلیش تێداچوون.

محەممەدئاغا کە توانیبووی بە مزگێنیی گەڕانەوەی میرزادەکان ئاوپرپشکێنی دەروونی ڕۆژەکییان بکا و دڵیان بداتەوە و ئاسۆی ڕوونیان بخاتە بەر چاوی و لەگەڵ میر و مەزنانی پایەبەرزی کوردستان ڕێی وەدی هاتنی ئامانجەکەی خۆش کردبوو، بە بیستنی هەواڵی ئەم کارەساتە جەرگبڕ و مەینەتبارەی نەمانی میرزادە بەختوەرگەڕاوە سیابەختەکان، دووکەڵی داماوی لە ئاورگی مێشکی هەموو لایەک هەستا و شین و شەپۆڕی ئەم خێڵە پەرێشانە گەیشتە گومبەزی ئاسمان. سێڵاوی

١- هۆنراوەی سەعدییە. و.

خوێناوی چاویان لووزەوی بـەست و خـۆیـان لە خۆڵ گەوزاند و کوێتیان کردە ملیان و بزگوڕی ڕەشیان بە شانی‌دا دا و لەبری بەرۆکی کراس و کەوایان، پێسیری ڕووحیان دادڕی.

بەم کارەساتە چاوێ نەماوە خوێن لێی نەبارێ
دڵـێ نەمـاوە ژانـی تێـنەزێ و نەکـا هـاوارێ

بەڵـێ بەڕاستـی ناکـرێ لە کەلەپـۆی بەخت و هاتەوە ئەستێرەیەک هەڵبێ و دواتر ئاوا نەبێ و نابێ کۆشکێکی شکۆمەندی دەسەڵات سەری گەیبێتە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان و بوولەرزەی خاپوورکران هەڵینەتەکاندبێ.

ئەم گوڵزاری جیهانە نەبوو دارێکی بێنێ
دەمی تەور نەیبڕێ و قەدی پێ نەچەمێنێ
لەم باغە ڕەنگینەدا کە وەک پەڕی تەزەروە
گوڵ دێنە هەڵوەرینێ و نەمێنە هەرچی سەروە

پاش قەومانی ئەم کارەساتە، محەممەدئاغای چارەڕەش کەوتە نێو دەریای پڕ شەپۆلی پەژارە و ڕەشەبا و تۆفانی مەینەت گێژی پێدا و ئاراوقارای لێ هەڵگیرا و دڵـی ژانی تێزا و لۆتکەی دان‌بەخۆداگرتن و نەخەجڵانی لە گێژاوی ئازار و بەڵادا بوو بە پارووپەک و بە گەرووی نەهەنگی نەمان‌دا ڕۆچوو. خەم هێندەی تین بۆ هێنابوو کە چارۆکەی بادەوانی ئەم خەسارەی دادایەوە و گوتی داخ و مخابن بۆ ئەو دوو خونچەیەی گوڵستانی حکوومەت کە لە جارەگوڵی میرایەتی ڕوابوون، بەڵام هێشتا شنەی بۆنخۆشی نیشتمانی خۆیان هەڵنەمژیبوو وا هاڵاوی گەرمەبای

پێدەشت و بێروونی قاقڕ سیسی هەڵگێڕان. حەیف بۆ ئەو دوو دارەسەرەوە ئازاد و بێ‌گرێیەی وا لە لێواری جۆگە و جۆباری شایەتی تێهەڵچووبوون و هێشتا چۆڕاوێکیان لە چۆماوی وڵات نەخواردبۆوە کە بڵێسەی ئاگری نەهامەتی بە لای‌دا هێنان.

لە گەرمەساتی ئەم ڕووداوە سامناکەدا دۆستێکی سەری لێ هەڵێنا و گوتی محەممەدئاغا، خۆ میر شەمسەددینی برای میر برایم لە ناوچەی ئارۆخە! ئەو دەمەی سولەیمان‌بەگی بیژەن ئۆغڵی لە قەڵای بدلیس دەورەی میر برایمی دابوو، براکەی بە فێڵێک خۆی دەرباز کردووە و گەیوەتە نێو عێلی بۆتانی و کچی میر محەممەدی ئارۆخیی خواستووە و کوڕێکیشی لێی هەیە و ناوی شەرەف‌بەگە و هەر ئێستا هەردووکیان لەوێن. بە بیستنی ئەم هەواڵە ئۆخژنی کەوتە دەروونی و شنەی شادی بەسەری کردەوە و لەڕێوە بەرەو بۆتان خوشی. کاتێک هاتی هێنای و چاوی بە دیداری میر شەمسەددین ڕوون بۆوە، هەر بە دیمەنی‌ڕا زانی کە مەزنایەتیی لە چارەی نووسراوە و کەسێکی ژیر و وریایە و ئاکاری جوان و لە بەر دڵانی بیری تیژی محەممەدئاغای بە لای خۆی‌دا ڕاکێشا. محەممەدئاغا لە نووکەوە پێدا هات و بە چەشنێک بەسەرهاتی مەینەتباری خۆی بۆ گێڕایەوە، کە میر شەمسەددین کوڵی گریانی هەستا و دڵی وێکهات و لێی پرسی باشە ئێستا دەڵێی چی و چت دەوێ؟ عەرزی کرد قوربان منی غولام لە بەرت دەپاڕێمەوە لکی داوێنی ئازایەتی بە لادا بکەی و پێی بەهاتوباتت بنێیە ڕکێفی پاڵەوانی و خۆ لە گرتنی هەرێمی بدلیس خۆش کەی. میر شەمسەددین تکا و پاڕانەوەکەی لێ سەلماند و پێکەوە بەرەو هەرێمی بدلیس جمین و هەر گەیشتنەجێ دەستەوبەجێ نیزیکەی ١٥٠٠ پیاوی دەسکەرەوەی ڕۆژەکی لە دەوری هاڵان و یەک‌پشوو مەچەکەیان لە دەوری قەڵای بدلیس ئەنگاوت. لەو کاتەدا عێلی محەممەد شالۆی تورکمان کرابووە دەسەڵاتداری ناوچەی بارگیری و ئەرجیش و عادلجەواز. بە

بیستنی هەواڵی هاتنی میر شەمسەددین بۆ دەورەی قەڵای بدلیس، میری تورکمان هێزێکی زۆر و زەوەندی هێنا و میر شەمسەددینیش ڕۆیی و بەرەگەی لێ گرت. لە مەڵبەندی ڕەهوا هێزەکانیان تێکبەزین و شەڕ لە نێوانیاندا قەوماو کوردانی پاڵەوان چاک لە شەڕگە چەقین و زۆریان خۆ هێناوبرد و ئازایانە تێڕاچوون، بەڵام هیچیان بۆ بە هیچ نەکرا.

بە زۆری نابێ گەر پیرەگەردوون چاکی نەهێنێ
هەزار کەمەندیش باوێیە بەختێ سەر نانەوێنێ

سەرەنجام لەشکری ڕۆژەکی شکستیان بە سەر شانیدا هات و میر شەمسەددین بەرلەوەی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، ڕاسپاردەی گیانئەستێن ناوی لەسەر لاپەڕەی ژیان کوێر کردەوە. میر هێشتا گوڵێکی لە گوڵزاری دەسەڵات نەچنیبوو کە زریانی نەمان پەلەدڕکی هیوابڕانی لە جەرگی هەڵچەقاند.

محەممەدئاغا بە هەزار چەرمەسەری و کوێرەوەری لەو گەرداوی مەرگە دەرباز بوو. بەجارێکی دڵی لەم گیان و لەم جیهانە داشۆری و دەستی لە ئەژنۆی وەرێنا و سەری بردەوە بەر خۆی و گوتی:

نەهاتی شانی گرتووم ئەی خودایە   کە ئاواتم پەڕی بەردەستی بایە

ڕاست لەو دەمەدا کە ئاوا سەری بەردابوویەوە سەر بەرۆکی دامان و ڕامانی و وەک گزمۆولەیەک لە پەساری ئەژنۆی بێهیواییدا تاسابوو، لەناکاو دەنگێکی غەیبی و سرووودێکی دڵنیاییدەری ئاسمانی گۆشی هۆشی زرینگاندەوە و گوتی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

دە هەستە رابە، ورەت نەژاکێ و برۆ ببینە
دەرمانی رێگا، هەنگاوی خێرا و تیژ تێپەرینە
دەنک لە ژێر خاک بۆیە دەگووڕێ و خۆ رادەهێنێ
هەتاکوو شین بێ و لە بەندی تاریک چی دی نەمێنێ
توخمی کارەبا وا دارژاوە کا رابکێشێ
بێئەوەی دەستێ پەڕی کا بگرێ و بیباتە پێشێ
باسی کارەبا و جوولانەوەی کا بۆیە بزانی
هیممەتی بەرز لە بنە دێنێ کێو، بە ئەرخەیانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

حەمەداغا هەستە و مامزەی ئازایەتی لە کەلەکەی ئەسپی لێبڕان و ئاواتت بکوتە و بەرەو عێراق باژوێ و برۆ میر شامحەممەدی کوڕی میر برایمبەگ لە قومەوە بێنەوە نێو خێڵی رۆژەکی، چونکە وای لە چارەی نووسراوە. محەممەدئاغا بە هیوای ئەم مزگێنییە کە هیچ گومانی ریایی‌بازی و درۆی لێ نەدەکرا و بە خشڵ و گەوهەری نیازپاکی و بێگەردی رازابۆوە، بەرەو عێراق رێگای کوتا. پاش ئەوەی گەیشتەجێ، رووی کردە خزمەت دایکی میرزادان و بەسەرهاتی تاڵ و مەینەتباری حەسەن و حوسێنی گێڕایەوە، کە لە راستی‌دا رووداوی کەربەلای دێنایەوە یاد. پاشان چۆنیەتیی کوژرانی میر شەمسەددینیشی بۆ روون کردەوە و تێی‌گەیاند کە چۆن رۆژەکی لەسەر ئاسۆی چاوەروانی داماون. دایکەی کلۆڵ و داماو دایە قوڵپی گریان و شینگێڕان و هەر چەندی بروبیانووی هێنایەوە و گوتی تازە کورم نانێرم و ناکرێ و نابێ، بێفایدە بوو. ویستی تازەی محەممەدئاغا خورپەی خستە دڵی و هێندەی پێ وەگیان هات هەتا بە سەری‌دا قیژاند و کۆڵێک قسەی سارد و سووکی نایە پارسەنگی، بەڵام ئەو بە نەبیستووی دانا و لەسەر

داوای خۆی ڕۆیی و دەستی هەڵنەگرت و بە زمانێکی خۆش کەوتە دڵدانەوەی. لە گەرمەی قساندا دەیفەرموو ڕۆژەکی بە چۆکدا هاتوون و دەستی نزایان بەرەو ئاسمان هەڵێناوە و لە بەر یەزدانی دەهندەی دلۆوانی پایەبەرزی بەسەرکەرەوەی هەموو لایەک دەپاڕێنەوە تاکوو دیدەی تۆڕ لەسەر نیشتوویان بە تۆزی بەر ڕکێفی میر شامحەممەد ڕوون بێتەوە و ترووسکەی تێزێتەوە. دایکەی بێچارە بەناچاری ملی دا تاقە کوڕەی بەندی جەرگ و هەناوی ئەسپاردەی محەممەدئاغا بکا و بینێرێتەوە کوردستان. هێندێکیش دەڵێن بێئەوەی دایکی ڕازی بێ، کوڕەی هەڵفریواندووە و فڕاندوویەتی و هێناویەتەوە بدلیس. هەر چۆنێک بووبێ ئەوەندە ڕاستە کە میر شامحەممەد ساڵی ٩٠٠ی ک/١٤٩٤-١٤٩٥ی ز، خاکی بدلیسی بە پێ وقەدەمی پیرۆزی بەسەر کردۆتەوە. کۆمەڵێکی بەرچاو لە دەوری کۆ بوونەوە و لێیان داوە لە تەپڵی شادمانی و سەرلەبەری خێڵی ڕۆژەکی شوکرانەی پەروەردگاری بەرزەناویان بژاردووە و خێر و خێراتیان لە نێو ئەو کەسانەدا بەخشیوەتەوە کە خێریان پێ شیاوە. پاش ئەم کارانە هەر لەڕێوە سەبارەت بە قەڵەشتنەوەی دەروازەی قەڵای بدلیس و گرتنی هەرێمەکە کۆڕێک گیراوە و لەسەر پێوشوێنی ئەم ئایەتە هێژایە ڕۆیشتوون کە باسی تەگبیر و ڕاوێژ دەکا لە کاراندا.[1] لە ئەنجامدا کۆڕی ڕاوێژکەران بەو ئاکامە گەیشتوون چونکە چەند جارێک بەئاشکرا هەڵیانکوتاوەتە سەر قەڵای بدلیس و هیچیان بۆ نەکراوە و تەنانەت میر شەمسەددین و پۆلێک کوڕە ئاغای ڕۆژەکیش کوژراون، ئێستا وا چاکە باری پەلامارەکە بگۆڕێ. دەبێ پاش نوێژی خەوتنان کە وڵات تەواو جلی تازیەداری دەپۆشێ و بارامی خوێنخۆرەوە بە مەبەستی گرتنی قەڵاتی کەوەڕەنگی گەردوون

١- «وشاورهم فی‌الامر»، بەشێک لە ئایەی ١٥٩ی سوورەی ئالی عیمران. «لە کاراندا تەگبیریان پێ بکە.» و.

کەمەند داوێتە مشارەی ئەم شینەشوورەیە، ڕازەوان و ماهەوانان بە دیواری قەڵا هەڵڕووسکێن و ئاڵقەی کەمەندی ئامانجیان لە قۆنگران بترینجێنن و ئەمە تەنیا ڕێگای سەرکەوتنە. ئەگەر خودا مەیلی لێ بوو کەسێک بەختەوەر بێ، چی پێویستە لە پەسیوی کولانەی غەیبەوە بۆی دەبارێنێ و دار و تەختەی کاروباری بۆ ڕێک دێنێ. لەسەر ئەم پێ‌وشوێن و بڕیارە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی وەها قورس چەند ڕازەوانێکی بایەکی و مۆدەکییان دۆزیەوە و هێنایانن بۆ خزمەت میر شامحەممەد و ئەویش بە گفتی خەڵات و دەسخۆشانەی چاک دڵی خۆش کردن و ئەوانیش گوتیان بەڵێن بێ یان کەمەندی ئاوات داوێینە مشارەی لێواری شوورەی قەڵا و هەتا ئەو شوێنە بەند نابین کە قەرارە ئامانجی لێ وەدی بێ یان گیانی شیرینی خۆمان دەسپێرینە چنگ پاسەوانانی بەدیهێنی دەرد و ژان و با سەگەل و قەل و داڵ بمانخۆن. پاش ئەم قسانە کەوتنە سەر بیری لێکبەستنی نەردیوان و هۆنینەوەی کەمەندان و کۆ کردنەوەی دار و گوریس. خوداوڕاستان بەکراغای بایەکی کە پیاوێکی دنیادیدە و بەئەزموونی دەروونپاک و ئاوێنەسرشت و تێبین بوو بۆ دواڕۆژ، بە خزمەت میر شامحەممەدی ڕاگەیاند، لەوەتی بدلیس کەوتۆتە ژێر ڕکێفی تورکمانان، من هەر نەردیوانم بە دار و پەتکان ساز کردوون و لە شاکووپانم ئاخنیون و لە ژێر گڵدا حەشارم داون و چاوەڕوانی ڕۆژێکی وا بووم کە میراتگری وڵاتەکە پەیدا بێ و منیش خزمەتی خۆم بەجێ بێنم. ئێستاش چەندی دەتانهەوێ هەمووی ئامادەیە و خۆم بە شوکرانەبژێری خودا دەزانم کە نزا و پاڕانەوەی بەندەکانی وڵام داوەتەوە و خەریکە ئاواتیان وەدی بێ.

شوکور بۆ خودا کە هەرچی ویستم لە دەرگای خودا
زۆر چاکی هێنا و پێی کامڕەوا بووم، نەبوو کە نەیدا

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەستەوبەجێ بەکراغا نەردیوانەکانی هێنان و کاتێک میر شامحەممەد بۆی دەرکەوت بەڕاستی پیاوێکی دڵپاک و بێخەوش‌وخاڵە و بەدڵەوە لەگەڵی تێکەوتووە و بە ڕووڕاستی هەڵدەسووڕێ، بەسەری کردەوە و گوندی «خەزۆنگین»ی سەر بە «تاتوان» و دێی «ئیکسوور»ی کردە خەڵاتی.

بەکورتی و پوختی پاش دابین بوونی ئامرازی پێویست، ڕازەوانان لە شەوڕەشێکی ئەنگوستەچاودا کە خۆر و مانگ نەیاندەتوانی خۆی پێدا بکەن و لە ڕەوگەیان هەتڵە ببوون و ئاسمان بە هەزاران دیدەوە چاوی بە مۆلەق وەستابوو، وەکوو شنەبا لە بورجی ڕەشی باڵی باکووری قەڵاوە سەرکەوتن و سەری گوریسی پەیژەکانیان لە دەربیجەی دیـواری ژوورێکـی چـۆل شەتەک دا و گەڕانەوە خوار.

هەژدیهای کەمەند سەری هەڵێنا بەرەو ئاسمان
تا کۆئەستێرەی شێر بترسێنێ و لێی بدا زیان
پاڵەوان هەموو مەتاڵیان هێنا بەری مەیدانێ
شەڕ دەستی پێ کرد بە نێزە و شیر و تیروکەوانێ
لەبری نەردیوان، بە شان و پیلی یەکتردا دەچوون
بۆ شوورەی قەڵا تێنەدەمان و پێ هەڵادەچوون

بەم شێوەیە کوردانی جەنگڕانی و دلێرانی بەزەبروزەنگ گیانی خۆیان نایە بەری دەستیان و وەسەرکەوتن و پەنجەیان لەم پەتە نەپسێنە قایم کرد کە فەرموویەتی: «لە کارسازیی خوداش ناهومێد مەبن.»[1] لەو کاتەدا کە کێشکچی

١- «ولا تایسوا من روح‌الله»؛ بەشێک لە ئایەی ٨٧ی سوورەی یووسف. و.

لەجێ‌وبانی خافلاوی‌دا خەوتبوون و قەلاپارێزان لە نوێن‌وبانی وچان و پشوودانی خۆیان‌دا خەو بە لای‌دا بربوونەوە، بە سەریان وەربوون و دەستەیەکیان هەر بە خەوالۆوییی لەو بەرزەوە بەرەو خوار هەڵداشتن و دەرگای تاقمێکیان لە دەرەوەڕا داخستن و وەک تیری ساردەکەوان بەرەو ماڵی میری قەلا فڕین و لێی وەژوور کەوتن و دەریانکێشا. ئەوسا بە مالانەوە گەڕان و ئەوانەی دەست‌وپێوەندی میر بوون هەموویان گرتن و پالەپەستۆیان دان و پەتیان خستە دەست و ملیان و سـزای مـەرگیان لە چارەی نووسین و ماڵ و منداڵەکانیان لە قەلا و خاکی هەرێمەکە وەدەرنان. ئاوا گوڵستانی نیشتمان دڕک‌وداڵی بێگانەی تێدا نەما و بێستانی ژیان لە پێکوڵەی دەرد و ژان پاک کرایەوە.

میر شامحەممەد لەسەر پێ‌وشوێنی باب‌وباپیرانی بەرزەجێی کراوەتە میر و دەرگای دادەوانی و دلاوایی و دلۆوانیی خستۆتە سەر گازەرای پشت و لە پیر و گەنجەوە کەسی وەدوا نەداوە، بەلام دەورانی بەخت و هاتی وەکوو تافی لاوی زوو تێپەڕیوە و ڕۆژگاری دەسەلاتی چەشنی هەرەتی پشکووتنی گوڵی لێوبەخەندە هێندەی نەبردووە. پاش تێپەڕینی سێ ساڵ بە سەر پالدانەوەی لەسەر تەختی دەسەلات، ڕووی کردۆتە دنیای پاشین.

بەڕاستی میر شامحەممەد هەتا بلێی لاوێکی بەدڵ‌ودەروون و ئازا و بەجەرگ و پالەوانێکی سەرناس بووە. سـالـی ٩٠٣ی ک/١٤٩٤ی ز، چـۆتـە بەر دلۆوانیی یەزدان و لە گۆکمەیدان و لە تەنیشت گۆڕی پرشنگداری میر شەمسەددینی وەلی ـ خودا لێی خۆش بێ ـ نێژراوە. کوڕێکی تاقانەی تەمەن کاڵ و منداڵی بەناوی میر برایم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار لە پاش بەجێما.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بڕگەی چوارەم

## باسی هۆکاری ڕووخانی حکوومەتی بدلیس و بڕانەوەی دەسەڵاتی میرانی، کە بریتییە لە چوار سەردێڕ

## سەردێڕی یەکەم

## باسی میر برایم و کێشەی لەگەڵ میر شەرەفی خودالیخۆشبوو[1]

ئەگەر خودا بە نووری خۆی کەسێ بەسەر بکاتەوە
شۆق و شەبەنگی گەورەیی لە ناخی ڕەنگ دەداتەوە
بە بیری ژیر دەگاتە جێ، دەزانێ کاری بێگرێ
بلیمەتان کە نایگەنێ، ڕوونە چییان بۆ ناکرێ
بە عەقڵ و هۆشی کامڵی کەلێن و کون دەپشکنێ
شنینەوەی سەرکەوتنی، وەک شنەبایە و دەشنێ
خەنیمی کوێر و کەڕ دەبێ، لە ڕێیە دێ دەبێ کلا
نەیاری دوورەفامی وی، لە ئەسپی ئاوەزی گلا
لە شەڕگەدا تلاوتلی خەنیمی خۆی دەکا بەدی
کە کەوتە چاڵی سەرکەشی و چ باڵی بەرزی خۆی نەدی

ئەوەی تازەبووکانی مێرگوڵان دەڕازێنێتەوە و تاسولووسیان دەدا و بۆتە چاکەدەلالی ئەم باغی گوڵانە، ئاوا بە دەوری گێڕانەوەی وتەی نەدرکاودا دێودەچێ و ئەم بەسەرهاتە کۆنە بە خشڵ و گەوهەر دەڕازێنێتەوە و دەڵێ: کاتێک

---

١-لە سەرەتادا ئاوای نووسیوە: باسی کێشەی نێوان میر شەرەف و میر برایم. و.

میر برایم بە کاڵی و منداڵی بوو بە جێگرەوەی باوکی و قورسەباری دەسەڵاتی پێ ئەسپێردرا، ڕاپەڕاندنی کاروباری گرینگ و گرانی ملک و ماڵی کەوتە بەر دەستی لێوەشاوەی ئاورەحمانئاغای قەوالیسی و چەند ئاغایەکی دیکەی ڕۆژەکی. میر شەرەفەددینیش کە سەردەمی دەسەڵاتی میر شامحەممەد لە «ئارۆخ»ی هەرێمی بۆتانەوە هێنابوویانەوە و بەپێی ویست و پێ باش بوونی پیاوماقووڵانی ڕۆژەکی وەک بریکاری میر بە سەر مووش ڕادەگەیشت، پاش ماوەیەک کێشەی بۆ ساز بوو. شێخەمیری بلباسی وێڕای خێڵ و خزمانی وەک ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئاورەحمانئاغا و تیرەی قەوالیسی ڕۆیی بۆ خزمەت میر شەرەف. شەیتان و شۆفار و تێچێن و دووزمانان، ئاوری ناکۆکی و دووبەرەکییان لە نێوان ئامۆزایاندا هەڵگیرساند. میر برایم و ئاورەحمانئاغا تەمایان گرت تاکوو میر شەرەف لە مووشەوە ڕاکێشنە بدلیس و کە هات کوێری کەن و نەهێڵن تازە چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنێ. سەیدیئاغای خەزێنەداری قەوالیسی کە ناسرابوو بە سەیدی خەزێنەدار، بەو کەتن و پیلانەی زانی و وەک بای شەماڵ فڕی و خۆی گەیاندە لای میر شەرەف و ئاگاداری کردەوە. میر برایم نامەیەکی گەرموگوڕی نووسی و بە هەوێنی یەکبوون و یەکییەتی دەستاوی دایەوە و بە یەکێک لە نۆکەرانی باوەڕپێکراوی خۆیدا ناردی بۆ میر شەرەف لە مووش و گوتی منی بەستەزمان زۆرم تاسەی دیداری خەمرەوێنی تۆ کردووە و چاوەڕوانم چەند ڕۆژێک بێی بۆ بدلیس و بە خۆشی و شادی ڕایبوێرین و چی گرێوگۆڵی ڕابردوویە و بەرەبەرە کەوتۆتە سەر یەک، لە سایەی پیتی گفتولفتی خۆش و بەڕێوجێ بڕەوێن. میر شەرەف چونکە بەو فێڵوفرتەی دەزانی، خۆی گنخاند و چوونەکەی بە قوونەدا خست و بڕوبیانووی هێنایەوە. پاش ئەوەی چەند نامەیەکی پەیتاپەیتا لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا و ڕاوێژی دۆستانەیان کەوتە سەر باری هەڕەشەوگوڕەشە و تیر و توانج، میر برایم لەشکری دەنگ دا و لەگەڵ چەند

مەزن و میرێکی دیکەی کوردستان هێرشی بردە سەر میر شەرەف و یەکلاکرانەوەی نێوانی گرژ و تاڵیان ئەسپاردەی دەمی تیژی شمشێر کرا. میر شەرەفیش لەو لاوە وەخۆ کەوت و کۆمەڵی لایەنگرانی هێنانە ژێر ئاڵای. پیاوێکی وەکوو سوارەبەگی پازووکی، کە لەو دەمەدا لەلەی میر شەرەف بوو، لەگەڵ شێخەمیری بڵباسی و چەکدارانی، سەیدی عەلیئاغای پرتافی، شێخیئاغای جێلەکی، سەیدی خەزێنەدار و جەلالئاغای برای و جەماوەرێکی دیکەشی لە دەوری خۆی هالاندن و قەلای مووشی دابەست و ڕێی بەرەنگاری و بەرخۆدانی هەڵبژارد. هەردک لا وەکوو کێو بەرەوڕووی یەکتر چەقین.

دەستیان دابوویە شیرانی هیندی بەرگی پۆلاپۆش
دوو دەریای ئاسن پڕاوپڕ نەهەنگ هاتبوونە جۆش
تیپی پاڵەوان کەمەربەندی سوور لە خۆ شەتەک داو
تێکڕا دەهاژان بۆ ڕشتنی خوێن گەییوونە جێڕاو
دەهۆڵی شەڕێ قریوەی مەرگی هێنایە مەیدان
زریکەی زوڕنا زریکەی دەکرد بە ڕەوتی ژیان
تیری بەر کەوان بۆ تالانی گیان ویزەیان دەهات
شیر و نێزە بوون ئاژاوەگێڕی ڕێی هاتونەهات
مەردانی ئازا بە شێدوبێد و بە سەد هەنگوونگ
یەکتریان دایە بەر پەلاماریان وەک شێر و پڵنگ

ئەوەی ڕاستی بێ چونکە سپای میر برایم یەکجار زۆر و زەوەند و چەکدارانی میر شەرەف هێندە نەبوون، ڕۆژی یەکەم شنەی سەرکەوتن ئاڵای میر برایمی شەکاندەوە، بەڵام لەبەروەی زۆربەی مەزن و ماقووڵانی ڕۆژەکی بەدڵ لەگەڵ میر

شەرەف بوون، بەدزی چەند کاغەزێکیان ناردن بۆ قەڵا و هەستی بێ خڵتەوخاڵی دەروونی خۆیان پێ ڕاگەیاند. خالیدەگۆجی کوڕی سوارەبەگی پازووکی بەپێچەوانەی باوکی سەری وەبەر ڕکێفی میر برایم هێنابوو. ڕۆژێکی شێخەمیری خاڵی و سوارەبەگی بـاوکـی لێیـان ڕاسپارد و گوتیان خۆ هەر ئێمە لەگەڵ میر شەرەف نین، بەڵکوو زۆربەی پیاوە گەورەکانی ڕۆژەکیش بە لای ئەودا شکاونەوە؛ کەوایە تۆ لەخۆوە لەوێ سەر دێنی و دەبەی و هەڵدەسووڕێی. ئەرکی باوک و کوڕایەتی وایە واز لە میر برایم بێنی و بێی و وەک ئێمە کەوڵی سەر لەپێناو بوونی میر شەرەف بخەیە سەر شان و سەر بۆ فەرمانی دانەوێنی و لە قسەی دەرنەچی. خالیدبەگیش پەندەکەیانی سەلماند و ڕاسپاردەیەکی ناردەوە لای خاڵ و بابی و پێی ڕاگەیاندن کە سبەینێ سپای میر برایم پەلاماری قەڵا دەدا، بۆیە دەبێ دەروازەم بە ڕوودا بکەنەوە هەتا خۆم و پیاوەکانم لوور بینە ژوورێ. بۆ بەیانی کاتێک پادشای هەساران شمشێری دنیائەستێنی هەڵکێشا و هـاتە سـەر ئەم شینەقەڵایە و ئاڵای سەرکەوتنی لێ هەڵدا و بە تیشکە و تروووسکەی شیرانی بەردقەڵێشەوەی لەشکری بێژماری ئەستێرانی پەخش و پەرێشان کرد، میر برایم شانبەشانی کوردانی خوێنخۆرەوەی خەنجەرووەشێن هرووژمی بردە سـەر قەڵا. لە گەرمەی تێکهەڵچوونا خالیدبەگ لەسەر بەڵێنیی پێشووی ڕووی لە میر برایم وەرگێڕا و دایە پاڵ هێزی میر شەرەف. کـاتێـک میر برایم بەو ڕووداوەی زانی هەتا بڵێی تۆقی و سامی ڕێنیشت و دەستی لە شەڕ هەڵگرت و گەمارۆی شکاند و بەرەو بدلیس گەڕایەوە.

میر شەرەف لەگەڵ لەشکری یاران و هاودەنگانی کەوتە پەیکەردەی و دەورەی قەڵای بدلیسی دا. ڕۆژبەڕۆژ ئاغایانی ڕۆژەکی دەستەدەستە و پۆلپۆل لە میر برایم دادەبڕان و دەهاتنە خزمەتی. دەمبەدەم نیشانەی سستی و لاوازی و داماوی لە ئاسۆی ژیان و ئاواتی پەنانشینانی قەڵادا بەڕوونی خۆی دەردەخست. سـەرەنجام

وای لێهات کە میر برایم و ئاورەحمانئاغا چەند کەیخودایەکی شەڕداکووژێنیان بۆ نێوبژیوانی ڕاسپاردن و گوتیان لە کردەی خۆمان پەشیمانین و با هەراکە داکووژێ. وەکوو دیارە ئەم هەرێمە بەپێی بەمیراتگەڕانی بەشی ئامۆزایانە و بدلیس کە جێی ئەنگووتنی خۆری بەختەوەری و کوانووی دەسەڵاتی ئەم خانەدانەیە، لەگەڵ ئەخلات بۆ میر شەرەف بێ و مووش و خەنووس (خەنس) میر برایم بە سەری ڕابگا و بە هاوبەشی دەسەڵاتی هەرێمەکە بەڕێوە بەرن. ئەم پێنجودوو ڕۆژەی تەمەن هێندەی ناهێنێ هەتا یەکتری بۆ بکووژین و لە ڕێبازی ئاوەز و تێگەیشتن لادەین. میر شەرەف و پیاوانی بەر فەرمانی بەو فێڵەبازییە ڕازی بوون و بە دەسکەوتێکی گەورەیان دانا و قسەی کەیخوداکانیان سەلماند. وایان دانا میر برایم خۆی بۆ میوانداری و ڕێوشوێنی جێژنی ئاشت بوونەوە و بانگهێشتنی میر شەرەف ئامادە بکا و ئامۆزا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و سوێندی پتەو بخۆن بۆ هاوپشتی و هاوپەیمانی و بەڵێن بدەن هەتاکوو ماون هەرکام بە بەشی خۆیان ڕازی بن و هەڵنەکوتنە سەر خاکی یەکتر.

میر برایم لەڕێوە چی پێویستە بۆ میوانداری هەمووی پێکهێنا و ناردی بە شوێن میر شەرەفدا و ئەویش لەگەڵ پۆلە پیاوێکی تایبەت و یارانی یەکدڵ و گەرموگوڕی ڕووی کردە ژووری قەڵای بدلیس. ئامۆزا باوەشیان پێکدا کرد و چاویان بە دیداری یەکتر ڕوون بۆوە و خۆشی و شادی و پێکەنین باڵی بە سەر کێشان و کۆڕی بەزم و ڕابواردن ڕازایەوە. مەیگێڕانی بەلەک بەفرینی سپیوسۆڵی چاوبەڵەک کە هەنیەیان وەکوو ئەستێرەی بەیان دەدرەوشا، دەتگوت دەنکی مروارین و بە جلوبەرگی ڕەنگین دێن و دەچن و پیاڵە لەسەر قامکان دەگێڕن. [دیمەنەکە ڕاست ئەم ئایەتانەی هێنایە بەرچاو:] «لەو کانی و سەرچاوانەوەی کە دێن و تێدەپەڕن، کاسەیان پێدا دەگێڕن؛ بادەیەکی سپیڕەنگ و بەگیانخۆشە بۆ

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەوانەی فڕی دەکەن.»[1] گۆرانیبێژانی دەنگخۆش و چاوەشانی چازانی پەنجەنەخشین گاڵەیان هات و بە دابی کورد و عەرەب و فارس و تورکان کۆڕەکەیان نەخشاند و بە هەوای گشت و دڵبزوێن پێدارۆیشتن و چریکە و دەنگدانەوەی دەنگیان هەتا خولگەی کەیوان ڕۆیی.

شـــەرابی ئـــاڵی گەشـــی لالەڕەنـــگ
کە هـــاتە کـــۆڕی، داهـــاتەوە چەنـــگ
لێـی دانیشـتبوون سـەفی هونەرمەنـد
شـادی بە دەنگیـان هـاتە بەر کەمەنـد
ئەوەی کە دەیگوت نە هەر دەنگی خـۆش
بە غەمـزە دەیبـرد دڵ و عەقـڵ و هـۆش
بەژن زراوان دەهـــاتن و دەچـــوون
ببـــوونە پۆلـــووی نێـــو دڵ و دەروون

ژین
www.zheen.org

کاتێک لەو جێژنە دڵبزوێنەدا هەر تاسەبارێک توانی دەست لە بەژنی ئامانجەکانی وەربێنێ و لە پەردووی خەیاڵات و دەروونی پیاوانی گەورە و بەرەژێردا، زاوای تامەزرۆی بووکی ئاوات بە مرازی دڵی خۆی گەیشت، میرزادەکان فەرموویان با ئاغایانی ڕۆژەکی هەستن و هەر کەس لەگەڵ یاری خۆی سەری بەرێ بۆ گۆشە و کەنارێ و لە نوێنوبانی وچان و حەسانەوەدا ڕازێ. پاش ئەوەی هەموو دەورەیان چۆل کردن و تەنیا خۆیان و چەند خزمەتکارێک لە

١- «يطاف عليهم بكاس من معين. بيضا لذة للشاربين.» ئـایـەی ٤٥-٤٦ی سـوورەی سافات. و.

ژوورەوە مانەوە، شێخەمیری بڵباسی لەگەڵ پۆلە چەکدارێکی وەگیان هاتوو وەژوور کەوت و میر برایمی لەسەر تەختی هێنایە خوار و گوتی:

کوا بە فرو فیشاڵ دەبی بە سوڵتان، دەبی بە خونکار
زۆری پێ دەوێ تاکوو بشێلی بناوانی کار

پاشان دەستی میر شەرەفی گرت و بردی لەسەر تەختی دەسەڵاتی دانا و گوتی:

پاڵدانەوەی میرانە، چەن کارێکی بەجێیە
هەتا هەر کەس بزانێ، جێی دانیشتنی کوێیە

بنکەی ژین
www.zheen.org

نووسەرانی دیوان فەرمانی حکوومەتیان بەناوی ئەم بەختەوەرە نووسی و غولامانی بارگا تۆماری دەسەڵاتی ئەو لێقەوماوەیان تێکەوەپێچا و گوتیان: [ئەی خودایە] «هەر کەس بۆخۆت مەیلت لێ بێ دەسەڵاتی خەڵات دەکەی و کێش بخوازی دەسەڵاتی پێ ناهێڵی.»[١] ئەوسا ئەرکدارانی سزادان چوونە سەری و دەست و پێیان بە قورسەباری زنجیران شەتەک دا و خستییانە سیاچاڵی بەندیخانەوە.

١- «توتی الملک من تشاءُ و تنزع الملک ممن تشاءُ»، بەشێک لە ئایەی ٢٦ی سوورەی ئالی عیمران. و.

مەزنایەتی و فیز و دەمار، هەموو هەر شایانی خوایە
ملّک و مالّی بێژمارە و خۆی قەدیمە و بێکۆتایە
کێی بەدڵ بێ دەیداتێیە و پێی دەبەخشێ تاجی بەختی
لە هەر کەس هەڵگەڕێتەوە، دەدا تلێکی بە تەختی

هێشتا چرکەچرکی شیران و ڕمبەڕمبی ڕمبان دەستی پێنەکردبوو کە ئاوڕەحمانئاغای قەوالیسی و کۆمەڵی لایەنگرانی دیکەی میر برایم، کە وەکوو ئەستێرەی کۆ لێک هالاّبوون، چەشنی حەوبرالان دەستیان لێک بەردا و پەرانپەران بوون. میر برایم حەوت ساڵی ڕەبەق لە بەندیخانەدا مایەوە، بەڵام کاتێک هەواڵی گیرانی میر شەرەف لە کوردستان دەنگی دایەوە و دواتر دەچمە سەر چۆنیەتیی هەوراز چوون و نەوی بوونی دەسەلاّت و ئالاّی شان و شکۆی، ڕۆژەکی خۆیان گەیاندە زیندان و میر برایمیان دەرکێشا و بردیانەوە سەر دۆخی جارانی و کردیانەوە حوکمڕان. ماڵ و سامان و خەزێنەی میر شەرەف پاک لە پاکی تالاّن کرا. میر برایم بە تەما بوو هەتا میر شەمسەددینی کوڕەی دوو ساڵەی بکووژێ کە لە داوێنی کچی عەلیبەگی ساسۆنی کەوتبۆوە. عیمادئاغای بایەکی پێی زانی و لێڕا تاکوو بە بیانوویەک ڕێ لەو کارە بگـرێ و کوژرانی زێندینئاغای مامی خۆی تێهێنا و داوای لە میر برایم کرد، چونکە میر شەرەف بەناهەق و بەپێچەوانەی شەریعەتی پیرۆز خوێنی ڕشتووە، کوڕەی بدە بەدەست من هەتا هەستی لێ ببڕم، بەو هیوایەی ئاوا پاشەوارە وردەکانی تۆڵەی خوێنی باوکیان پێ بگاتەوە. عیمادئاغا بـەو فێڵ و بیانووە میر شەمسەددینی لـە چنگ میر برایم ڕزگار کـرد و لەگەڵ دایک و قەرەواش و غولامانی بردی بۆ قەلاّی کیفەندۆر و چۆن چاکە ئەوتۆ باڵی پاراستنی بە سەر کێشان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەکورتی و پوختی دەبێ بڵێم پاش ئەوەی میر شەرەف لە تەوریز خرایە بەندەوە، چاپان سوڵتانی ئوستاجلوو [1] لەسەر فەرمانی شاسمایلی سەفەوی ئەرکی گرتنی هەرێمی بدلیسی خرایە سەر شانی و دەوری قەڵای لێ گرت، دوو ساڵی بێنێوبڕ میر برایم لەگەڵی کەوتە بەربەرەکانی، بەڵام سەرەنجام چی دیکەی خۆ لە بەر شاڵاوی قزڵباشان پێ ڕانەگیرا و سێبەردەی بۆ بووکی دەسەڵات لە لاپانکی ڕەشماڵەوە پێچا و مارە و تەڵاقی بە سەرپییەوە نەما و بەرەو ئەسعرد (سێرت) کۆچوباری لێنا و لەوێ ڕایەخ و پێخەفی نەمانی ڕاگواست بۆ دنیای هەرمان. کوڕێکی لە پاش بەجێما بەناوی سوڵتان مراد کە لە ماوەی گیرانیدا لە داوێنی کەنیزێکی بەرببۆوە. کاتێک میر شەرەف لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە، سوڵتان مراد سەری وەبەر هێنا، بەڵام گرتی و لە زیندانی قەڵای بدلیسی پەستاوت و پاشماوەی ژیانی لەوێ تێپەڕ کرد و سەرەنجام بە مردنی خۆی مرد و دەستی لە دنیای نەمێن هەڵتەکاند. عێلی ڕۆژەکی دوای ڕاکردنی میر برایم، شەش مانگی دیکەشیان خۆ ڕاگرت و کاتێک لە گەڕانەوەی میر شەرەف ناهومێد بوون، ساڵی ٩١٣ی ک/١٥٠٧ی ز، بەناچاری قەڵا و هەرێمەکەیان دایە چنگ چاپان سوڵتان [2] و ئەویش کوردبەگی شەرەفلووی ئوستاجلووی بە میر قەڵای بدلیس دانا و گەڕایەوە تەوریز.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-ل ٢٧٥ی بودلیان: «جایان سوڵتان». و.

٢-ل ٢٧٦ی بودلیان: «جایان سوڵتان»؛ لە گەلێک دەقی دیکەدا بە «چایان» ناوی هاتووە. و.

# سەردێڕی دووهەم

## باسی پاڵدانەوەی میر شەرەف لەسەر تەختی دەسەڵاتی بدلیس لە جێی میر برایم

ئەوانەی بیر و هزریان ئاکاری جوان بەدی دێنێ و چەشنی خۆرەتاو پرشنگ داوێ و شەپۆلی خەیاڵی بێگەردیان هێندەی ئاسمان هەوراز دەچێ و تێکەڵاوی زانستن و خاوەنی ڕوانگەی خۆیانن، وەک ڕۆژ لێیان ڕوونە کە هەر بەختەوەرێک بە دڵ و دەروونی پاکەوە دەستی نیاز بۆ لای کەریمی کارساز درێژ بکا دەیلاوێنێتەوە و بەسەری دەکاتەوە. ئەوان دەزانن «خودا هەر کەسێکی مەیلی لێ بێ، ڕێگای ڕاستی وەبەر دەنێ.»[١] ئاگادارن کە بە تینی تیشکەی لا لێ کردنەوەی یەزدانی نەمامی هیوای لە دارستانی پڕ گوڵی بەخت و هاتی چەتری سێبەری هەڵدەدا و خونچەی ئاواتی لە مێرگ و چیمەنی مرادیدا بە شنەی سەربەرزی دەپشکوێ. ئەو کەسانە لێیان سوورە کە هەر خاوەن شان و شکۆیەک بە ماڵ و سامانی بنازێ و غەللوور بێ و سەر وەبەر نیری دەسەڵاتی پەروەردگار نەهێنێ، هێندەی پێ ناچێ کە ڕەشەبای چارەڕەشی تۆماری مەزنایەتیی خانەدانی تێکەوەدەپێچێ و دوابڕاوی دەکا و باغی دەسەڵاتی دەبێتە قاقڕستانێکی کەسنەکێڵ و بەردەڕەق.

بەرزی کاتەوە گەر یەکێ خودا
کەس ناتوانێ تلی پێ بدا
گەر تووڕەیی خوا کەسێکی بگرێ
چی بۆ ناکرێ، پێشی داگرێ

---

١- «والله يهدى من يشآء الى صراط مستقيم»؛ بەشێک لە ئایەی ٢١٣ی سوورەی بەقەرە. و.

پێـی فیـل و بـاڵی مێـروو لە تـۆوەن
مێـرووڵە ورد و فـیلن بەخـۆوەن
دڵـێ ڕوون دەکەی وەکـوو چـرای مـاڵ
دڵـێ ڕەش دەکەی بە چەشـنی زووخـاڵ

مەبەست لە گێڕانەوە و تێکخستنەوەی ئەم قسە و باسانە، هێنانە گۆڕی ژیان و بەسەرهاتی میر شەرەفی ئاخرخێرە، بۆ؟ چونکە میر شەرەف کوڕێکی منداڵۆکەی هەتیو بوو کە هەڵدێرابوویە نێو عەشیرەتی بۆتانی و لە ئارۆخ دەژیا. هەروەک پێشتر بەپێی ڕەنگدانەوەی تیشکەی پێنووس و نمنمەی نووسینەوەی چرپڕی ڕووداوەکان ڕوون بۆوە، میر شامحەممەد لەوێوە هێنایەوە و شانی لە پەروەراندنی شل کرد و بە دەوریدا هات. پاش ئەوەی میر شامحەممەد ڕووی بردە ژێر ڕووبەندی خاکەوە و نەما، ماوەیەک وەکوو بریکاری میر برایم بـە سـەر چەند ناوچەیەکی بدلیس ڕاگەیشت و دواتر بە پشتیوانی و یاریدەی خێڵی ڕۆژەکی بوو بە میری بدلیس. پاش تێپەڕ بوونی سەردەمێک بە سەر دەسەڵاتیدا، شاسمایلی سەفەوی بە مەبەستی گرتنی مەرعەش لـەشکری دەنگ دا و عەلائوددەولەی زولقەدری حوکمڕانی، خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی خۆش کرد، بەڵام بەرگەی نەگرت و شکا. دوای شکانی تیرەی زولقەدر، سەری ڕکێفی بەرەو دیاربەکر وەرسووڕاند و ئەمیرخانی مووسڵووی باوکی دایکی منی نووسەری ئەم ڕووپـەڕانـە، کـە حوکمڕانی وێ بوو، ڕۆیی بە پێشوازییەوە و سەری وەبەر هێنا و گەلێک دیاریی هەرە چاک و جوانی بردە خزمەتی. بۆ وێنە پارچە لەعلێکی «بوگێرەک»ی [1] وەک گورچیلەمەڕی پێشکەش کرد کە لە خەزێنەی سوڵتانەکانی

١-بوگێرەک بە تورکی دەبێتە گورچیلە و ئەوی هەرە چاکی پێی دەڵێن جگەرگۆشەی هەتاو یان گوارەی لالی گەش. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

پێشینەوە گەیبوویە نێو خەزنەخانەی پادشاکانی بایوندوری و لەوانیشەوە کەوتبوویە دەستی ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبباسییەکانەوە کە چیای «خەتلان» بە بوولەرزەیەک قەڵشتی برد و ماوەیەکی درێژخایەن لە جەرگەی جەرگی خۆیدا بە هانی هەناسەی لەعلی پەروەراند، هیچ دورناس و گەوهەرفرۆشێکی زەمانە پارچە لەعلێکیان بەو سەنگ و ڕەنگە گەش و جوانەوە نەدیبوو. شاسمایل لەو دیدارەدا بەسەری کردەوە و پاشناوی خانی خستە سەر ناوی و کردی بە مۆرداری خۆی و لەلەی شازادە تەهماسب و هەرێمی هەرات و خوراسانیشی پێ بەخشی و ئەوەندەی بڵێی پلەی هەوراز برد و کام جێگە بەرز و پتەوە لەوێی دانا. دارایی و دەسەڵاتی دیاربەکریش باربووی محەممەدخانی ئوستاجلووی کوڕی میرزابەگ کرا. جەماوەرێکی تیرەی زولقەدر لەو دیوی شوورەی قەڵای خەربرت[1] چەقیبوون و سەریان وەبەر نەدێنا. شاسمایل لێیان وەخۆ کەوت و لە ماوەی هەفتەیەکدا بەزەبری زۆر گرتی. پاشان لەوێوە سەری جڵەوی بەرەو ئەخلات وەرگێڕا و کاتێک گەیشتە جێ و ڕووکاری شارەکە بوو بە خێوەتگەی لەشکری، میر شەرەف وەکوو خانەخوێ شانازیی میوانداریی پادشای پێ بڕا و شانی لـە ڕازاندنەوەی کۆڕی جێژن و خوانی میرانە شل کرد. گەلێک تاوڵ و خێوەتی ڕەنگین و سەیوانی نەخشینی وای هەڵدان کە ملەیان دەکرد لەگەڵ ئاسمان و بە ڕستی ئاوریشم وەکوو گـەواڵەهەوری مانگی خاکـەلێـوە ڕیز بوون و تێکبەزین و ڕستاوڕست کەوتن و بوونە گەوهەردانی پڕ گەوهەر و جێلەنگەری ئەستێران. ئەوسا مەیگێڕانی بەلەک زێوینی زەند و مەچەک بلوورینی هەنیە وەک ئەستێرەی بەیانی لەگەڵ غولامانی زەرپۆشی ڕووخۆشی مەند و مەتینی بەداب‌ودەستوور، بادەی بێگرێ و خڵتەی وەک ئـاوی ڕوونیان لەسەر دەستان

---

١-دەبێ قەڵای خەرپووت (خارپووت) بێ. و.

گێڕان و میوانیان فەرمەوو کردن بۆ ڕابواردن و نارەناری دەنگی بە گیانوو خۆش دەنگی دایەوە.

گۆرانیبێژان و چاوەشانی دەنگخۆش و بەزمگێڕ، جارێک بە هەوای نەرم و هەلێک بە چریکەی تیژیان دڵی ئەویندارانیان دەبرد بە تالآن و بە ناڵە و زریکەی عوود و چەنگ هۆش و عەقڵیان لە سەری گەورە و گچکە ڕادەڕفاند.

ساقی کە خۆیان با دەدا، بە چاوی نیوەمەستەوە
دەتگوت پەلی گوڵی سوورن، پیاڵەی مەیان بەدەستەوە
پۆشیبوویان جلی زێڕین، هەموو بە چەشنی خۆرەتاو
بۆ عەقڵ و هۆش پەتایەک بوون، ببوونە ئاگری هەناو
غەزالەی عارەبیزمان، بە سۆزەی گەرمی گۆرانی
شەکریان دەباری لە لێوان، وەکوو خوناوکەی بارانی
شەنگەبتانی چێگێلی،[١] ئاهەنگی تورکانیان چری
بە دەنگی ئارامیدەریان، تۆزی خەمیان لە دڵ سڕی
وەک پرچی پەریڕوخساران، داوداوەکانی سازی چەنگ
بوونە ڕێگری ئاشقان، بە سرتە و بە ترپەی ئاهەنگ

میرخوانان هەرچی خواردەمەنی و شێوی خۆش و ڕەنگینە و بە خەیاڵدا دێ، هێنایانن و دەزگایان پێ ڕازاندنەوە. پاش دەست کێشانەوەی میوانان و کۆکرانەوەی خوان، نۆرە گەیشتە دیاری و ڕەوەی ئەسپ و یەستر و قەتارەی وشتر و گاڕان و پێشکەش کردنی مێگەلان. لە چاکەی ئەم کارانەی میر، پادشاش

١- چێگێل ناوچەیەکە لە ئاسیای نێوەڕاست. ژنان و کچانی کۆیلەی جوانچاکی ئەو شوێنە بەناوبانگ بوون. و.

بە دەریای بێسنووری بەسەرکـردنەوەی خوێندییەوە و فەرمانی حکوومەتی بدلیس و کۆڵێک خەڵاتی بەقیمەتگرانی باربـوو کـرد و کەوڵی شانازیی خستە سەر شانی.

جاری دووهەم وەختایەک شاسمایل زستانەهەواری بردە «خۆی» و لەوێ بنەی داکوتا، میر شەرەف لەگەڵ یازدەکەس لە مەزن و میرانی کوردستان، بەتایبەت مەلیک خەلیلی میری حەسەنکێف و شاعەلیبەگی بۆتانیی والیـی جزیرە و میر داودی خیزانی و عەلیبەگی ساسۆنی بە مەبەستی ڕامووسانی ژێردەرانەی پادشا چوونە «خۆی». پاش ئەوەی ڕێیان درا و شانازیی ماچ کردنی بنڕێسمەیان پێ برا، سەرەتا زۆریان ڕێز لێنان و بەگەرمی بەخێریان هێنان، بەڵام کە وەختی خۆی میرانی کورد دەردیان دابوو بە محەممەدخانی حوکمڕانی دیاربەکر، ڕاست لـەو هـەڵـەدا سکاڵای لـێ کـردن. بۆ نموونە دەڵێن کاتێک محەممەدخان بـەرەو دیاربەکر کـەوتـۆتـە ڕێ، لە گوندی «پانشین»ی سەر بە بدلیس لای داوە. شێخەمیری بڵباسی کە دەمڕاستی میر شەرەف بووە چۆتە دیداری و لە جەنگەی هەستاندا چەند جارێک گۆپاڵی دەستی لەو قالیچەیە کوتاوە کە محەممەدخانی لەسەر دانیشتووە و بەتوندی تێیڕاخوڕیوە و گوتوویەتی محەممەدبەگ سەڵا لەو ڕۆژەی کە خۆت و چەکدارەکانت لە جەنگەی تێپەڕین بە هەرێمی بدلیسدا بەزەبری زۆر کاریلەیەک لە خێڵی ڕۆژەکی بستێنن! هەروەها شاقوڵی سوڵتانی ئوستاجلووی چاووشلوو کە دواتر ببوو بە والیی هەرات، بۆ منی نووسەری ئەم دێڕانەی گێڕایەوە و گوتی باوکم نۆکـەری محەممەدخان بـووە و لەگەڵـی چۆتـە دیاربەکر. لە مەودای ڕێگادا، بەتایبەتی لە هەرێمی بدلیس وا بە سەر بێبژیوی و برسییەتیدا کەوتوون کە هەر کەس چەکوچۆڵ و ئەسپی خۆی فرۆشتووە و داویەتی بە نان و پێخۆر. باوکم لە دۆڵی کیفەندۆر ئەسپەکەی خۆی داوە بە چوار نانی هەرزن و ئەوەندەیان لە خۆیان ڕانەدیوە کە ڕبە جۆیەک و کوتەنانێک بەبێ کڕین لە

جووتیاران بستێنن. میرانی کورد زۆر پەندی دیکەی ئاوا ناخۆشیان بە سەر هێنابوو، کە بۆ وەی نەبێتە درێژدادڕی خۆی لێ دەبوێرم.

وەکوو باسی کرا محەممەدخان لە دیاربەکرەوە کاغەزی لە شا نووسی و ڕایگەیاند ئەگەر فەرمانی بێبەرگێڕەوە سەبارەت بە گیرانی میرانی کوردستان دەرچێ، بەڵێن بێ زۆربەی خاکی کوردستان بە برۆ هەڵتەکاندنێکی شاهانە دەگرم و دەزانم لەمێژ ساڵە نەچۆتە بەر کەمەندی خونکارانی ڕابردووش. کاتێک پادشا نامەکەی خوێندەوە، لەسەر قسەی ئەو کافرە نادەروەستە، جگە لە میر شامحەممەدی شێرۆیی و عەلیبەگی ساسۆنی، ئەوانی دیکەی هەموو گرتن و زنجیرپێچی کردن و هەر یەکەی دانی بە چنگ یەکێک لە سەرکردەکانی قزڵباشەوە و میر شەرەفی ئەسپاردە دەست ئەمیرخانی مووسڵوو. پاشان چاپان سوڵتانی[1] گاڵ دا هەتا بڕوا و هەرێمی بدلیس بگرێ و دێوسوڵتانی ڕۆملوو گیرانی هەرێمی هەکاریی خرایە سەر شانی و قۆرچیباشیی تەکەللوو ئەرکی گرتنی خاکی جزیرەی پێ سپێردرا و هەر کام بە لەشکری زۆر و زەوەندی وەک دەنکی بێژماری بارانەوە وەڕێ کەوتن. بە هیوای خودا لە جێی خۆیدا باسی میرەکان و ڕزگاربوونی چەند کەسێکیان دەخرێتە بەرباس.

بەکورتی پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەک بە سەر گیرانی میرەکانی کوردستاندا، لەناکاو بڵاو بۆوە کە شیبەکخانی ئوزبەک بە لەشکرێکی وەک خیز و خۆڵ لە ڕووباری جەیحوون پەڕیوەتەوە و دەیهەوێ خوراسان بگرێ. بە بیستنی ئەم هەواڵە شاسمایل لە کردەی خۆی و گرتنی میرانی کوردستان پەشیمان بۆوە و چەند کەسێکیانی ئازاد کرد و لێی پرسین کێ پێشەنگ و پێشەواتانە؟ ئەوانیش

---

١-چاپان، جایان. و.

یەکدەنگ گوتیان میر شەرەف و مەلیک خەلیل! شا کە وای زانی هەمووی بەردان و تەنیا ئەم دووانەی هێشتنەوە و بە دەستبەسەری لەگەڵ خۆی بردنی بۆ خوراسان.

دیسان محەممەدئاغای[1] کەڵهۆکی، کە بە بۆچوونی منی نووسەرەوەی ئەم لاپەڕانە، نەک هـەر ڕۆژەکی بەڵکوو تەواوی کوردستانیش پیاوێکی ئەوەندە بەڕێوجێ و دڵسۆز و چاکی بە خۆیەوە نەدیوە، بە کەس‌نەناسی لەگەڵ قۆشەنی پادشا دەچێ بۆ عێراق. هەر بە نێوان چەند ڕۆژان هێندێک خواردن و میوە لەگەڵ خۆی دەبا و سەر بە تاوڵ و خێوەتی تورکمانان‌دا دەکا و وەدوای سەروسۆراغی میر شەرەف دەکەوێ و بە پرسیاران دەیدۆزێتەوە و ئینجا پێکەوە قسە لە ڕاکردن دەکەن و گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژن. کاتێک هێزی پادشا لە «چاڵی گۆلی»ی سەر بە هەرێمی «ڕاز» بنە دادەکوتێ و خەریکی وچان دەبێ، محەممەدئاغا هەلەکە دەقۆزێتەوە و چەند سەر ئەسپ بە ڕەخت و زینەوە دابین دەکا و لە قەراخ لەشکرگا ڕایاندەگرێ و محەممەدی میرئاخوڕی پرتافی کە لە جلکی قەلەندەران‌دا خزمەتی میر شەرەفی دەکرد، لە جێوبانی وی‌دا ڕادەزێنێ و میر شەرەف لە خێوەتی دەس‌بەسەر بوونی دەردەکێشێ و دەیخاتە سەر خوانی زین و لەگەڵ پۆلە سوارێکی ئازای بەدەست‌وبرد بەرەو کوردستانی دێنێتەوە. بۆ سبەینێ لای نیوەڕۆ تورکمان بەو ڕووداوە دەزانن و لەبری وەی محەممەدی میرئاخوڕ سزا بدەن، لەبەر چاونەترسانی ئافەرینی لێ دەکەن و دەیبەخشن.

---

١- پێشتر هەر بە محەممەدئاغا ناوی هێناوە و دواتریش هەرواتر و لێرەدا وشەی «یار»ی بە هەڵە خـراوەتە سـەری و بـۆتە «یارمحەممەدئاغـا»، بەڵام بەپێـی لاپەڕە ٢٧٩ی دەقـی بودلیـان وشـەکە «بـاز»ە و نـابێتە بەشـێک لەم نـاوە. «بـاز» لە دەقەکـەدا بە واتـای «دیسـان» و «هەمیسـان»ە، چـونکە پێشـتر باسـی ئاکـاری پیـاوانەی محەممەدئاغـا کـراوە. هەڵەی ل ٤١٢ی دەقی زێرنۆڤ ڕاست کرایەوە. و.

محەممەدئاغا و میر شەرەف سەرەتا دەگەنە هەرێمی هەکاری و لە دێیەک لادەدەن کـە شێخەمیری بڵباسی لـەبـەر هـەرا و تەشقەڵەی قزڵباشان پەرەوازەی بووە و لەوێ بنەی داناوە و خۆی مەڵاس داوە و ملی لە کشتوکاڵ ناوە و هەرزنی کردووە. کاتێک محەممەدئاغا و دەروێش مەحموودی کەڵەچێری بە سواری دەچنە دیداری و موژدەی هاتنەوەی میر شەرەفی دەدەنێیە، سەرقاڵی ئاوداشتن و پاراو دەبێ و قسەکەیان لێ ناسەلمێنێ و دەڵێ چۆن شتێکی وا دەڵێن کە نەدەکرێ و نە دەبێ. ئەوانیش دەڵێن یەزدانی گەورە هەلی ڕەخساندووە و لە بەندمان ڕزگار کردووە. شێخەمیر لەرێوە سوژدەی شوکرانە دەبا و پێمەرەی دەستی حەوا دەدا و ڕادەکا بۆ پەل و پێڕامووسانی مەزن و میری خۆی. شێخەمیر کە وەکوو یاقووب لە خەمخانەی دووری و دابڕاندا «لە سوێیانی تۆڕ و تانە پەرپیوویە سەر چاوانی»[1] بە خاکی پای وی دیدەی ڕوون بـوونەوە و تینیان تێزایەوە و فرمێسکی شادیی هەڵوەراند و کردی بە شاباشی پێوقەدەمی پیرۆزی و ئۆخژنی لە دەروونی گەڕا و شوکرانەی خودای بژارد و گوتی:

شوکر بۆ خـوا کە بـوو بە یـارم — تێـپەڕی ڕۆژی تـاڵی ئـازارم
بەیـانەی داهـات شـەوی ژیـانم — مەلی خەم فڕی لە لانەی گیانم

پاش تێپەڕ کردنی ڕۆژ و شەوێک لەوێ، بەری بەیانی ئەو دەمەی کەوا سوڵتانی هەیوانی چوارەم بە هەزار هنگوونگ و شکۆوە لە ترۆپکی چیاوە سەری کێشا، پێیان نایە ڕکێف و خۆیان گەیاندە نێو عەشیرەتی ئەسپایرد. میر شەرەفی ئەسپایردی زۆری بەخێر هێنان و بەگەرمی بە دەورەیاندا هەڵسووڕا و بۆ

١- «وابیضت عیناه من الحزن»، بەشێک ئایەی ٨٤ی سوورەی یووسف. لە تاوانی چاوەکانی تۆڕ و تانەیان بە سەر کشا. و.

پشـوودان چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە. شێخەمیر لەگەڵ پۆلەسوارێک ڕۆیی بۆ خاکی بدلیس و دڵی ڕۆژەکییانی دایەوە و پۆلووی ئاورگی دەروونی گەشاندنەوە و هەتا گەیشتنەوەی میر شەرەف کۆمەڵێکی لە خۆی هاڵاندن. لەگەڵ گەیشتنەوەی میر جەماوەرێکی زۆری لێ کۆ بوونەوە و خۆیان بۆ گرتنی قەڵای بدلیس ئامادە کرد. کاتێک کوردبەگی شەرەفلووی سەرکردەی ڕاسپێراوی شاسمایل بۆ پاراستنی بدلیس و عادلجەواز و ئەرجیش بە هاتنەوەی شێخەمیری زانی، کە بە خۆی و دووهەزار چەکدارەوە دەورەی قەڵای بدلیسی داوە، وێڕای کۆمەڵێک لە فەرماندە قزڵباشەکانی نیشتەجێی بارگیری و ئەرجیش هەڵیکردە سەری. ئەویش بە خۆی و هێزی بەر فەرمانی لە گۆکمەیدان بەرەگەی لێ تەنی و هاتە پێشی. هێندەی نەمابوو کە شنەبای سەرکەوتن لەشکری نەبەزی ڕۆژەکی بەسەر بکاتەوە کە ڕەوتەکە پێچەوانە بوویەوە. محەممەدبەگی پازووکی فێڵوفرتی تێهێنا و هەواڵی نارد کە لە قزڵباشان هەڵگەڕاومەوە و لەبەر خزمایەتیم دێمە یاریدەی شێخەمیر و ئەویش بە قسەکانی لە خشتە چوو. لەو جەنگەیەدا کە گڕی ئاگری شەڕ و کوشتار سەری گەیبوویە گومبەزی گەردوون، بە ڕێی «ئەسکەندەربولاغی»دا وێڕای پێنسەد چەکدارێکی پازووکی هات و پشتی لە هێزی ڕۆژەکی ئەستاند و شیری ڕووتی لێ هەڵکێشان و ئەوانەی کە وەک ئەستێرەی کۆ لێکهاڵابوون، چەشنی حەوبرالان دەستی پێ لێک بەردان. ئەستێرەی بەختی کوردبەگ وەکوو ئەستێرەی ڕۆژێ ئەنگووت و ئەسپی خۆشبەزی کە چەشنی مانگ تێدەکشا، بەرەو ڕۆژەکییانی تاو دا. شێخەمیری بلباسی بە مەردی و ڕەندی لە جێی خۆی چەقی و ڕووی لە مەیدانی شەڕی پیرۆز و بەرخۆدان وەرنەگێڕا و دەستی نەدا و لەگەڵ عەلیئاغای کوڕی خۆشاوی گەشمەرگییان نۆشی. قزڵباشان کە شێخەمیریان ناونابوو قەرایەزید، تەرمی خۆی و کوڕەکەیان لە گۆکمەیدان ئاور تێبەردا. پاش ڕووداوی ئەم کارەساتە، ئەرکی قورسی میر شەرەف چەند ڕۆژێک کۆسپی

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەبەرهات و وەدوا کەوت و ڕوخساری ئاوات و ئامانجی کەوتە ژێر پەردەی ناهومێدی و بەبێ یاریدەی ئەو وێنەگەرەی کە «دیمەن و ڕوخساری فرە جوان دەنەخشێنێ»[1] نەیتوانی ڕووی خۆی بنوێنێ.

## سەردێڕی سێهەم
## باسی ڕزگار کردنی بدلیس لە چنگ قزڵباشان بەدەست میر شەرەف[2]

ئەو جیهانگیرەی لە نووچکەدا بێ بەختی بەکاری
مەزنەمیرێکە بەبێ نەوەستان لە پێشە کاری
دێ لە ڕکێفی‌دا خۆ دەلەنگێنێ شنەی سەرکەوتن
بێ‌وچان دەڕوا تاوی کەژاوەی لە کەل سەرکەوتن
بێتـوو کە بـڕوا بـۆ هەر وڵاتێ بە شـادمانی
گەشەی پێ دەدا تروسکەی ڕوونی هەنگاوەکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

میر شەرەف کە لەو ماوەیەدا نەیتوانی بدلیس بگریتەوە و قزڵباشانی لێ دەرپەڕێنێ، هەڵوێستی سوڵتان سەلیم‌خانی جیهانگیری بۆ ڕوون بۆوە کە لێبڕاوە دەست بە سەر ناوچە و مەڵبەندەکانی ئێران‌دا بگرێ و ئاوا دەروویەکی تازەی بە ڕووی‌دا کرایەوە. جا هەر بۆیە بەپێی تەگبیروڕای شاسواری مەیدانی وردبینی و سەرکاروانی ڕێی سەرکەوتن و داڕێژەری ڕێوشوێنی یاسای

١-ئاماژەیە بە ئایەی ٦٤ی سوورەی غافیر: «... وصورکم فاحسن صورکم... .» و.

٢-لە پێرستەکەدا نووسیویەتی قەڵای بدلیس. و.

سەرەکی و ناسەرەکی و کۆکەرەوە و ڕێکخەرەوەی کۆمەڵێک سەرچاوەی دەماودەم و ئاوەزمەندانە و مامۆستای قوتابخانەی پاکی و دوورەلادان و تۆرەمەی خوداناسانی بدلیس یانی ئیدریسی فرەزان، سەری وەبەر دەرانەی بەختەلانی عوسمانی هێنا و لەو ڕێبازەدا سەرتۆپی دڵسۆزی بنەماڵەی پایەبەرزی زیائەددین، واتە محەممەدئاغای کەڵهۆکیش پەندی دادا و هەر ئەو ڕێگایەی وەبەرنا. بۆ پتەو بوونی ئەم مەبەستە بیست کەس لە مەزن و میرانی کوردستانی لەگەڵ خۆی کردە هاودەنگ و هاوهەنگاو و نامەی بەندایەتییان نووسی و بە مەولانا ئیدریس و محەممەدئاغای کەڵهۆکیدا بەڕێیان کرد بۆ دەرانەی هێلانەی بەهاتوباتی سوڵتانی. سوڵتانی دۆستلاوێنەوەی دوژمنتاوێنەوە، لەسەر تکا و داوای میرانی کوردستان بە ئامانجی گرتنی خاکی عەجەمستان ڕووی کردە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و لە دەشتی چاڵدێران بەرەنگاری شاسمایل بۆوە و بەزاندی. میر شەرەف و تاقمێک لە میرانی کوردستان بەشداری ئەم سەرکەوتنە بوون و لە ڕکێفی هەمیشە لە سەری‌دا دەبزووتن. پاش ئەوەی لەو شەڕەدا خانمحەممەدی حوکمداری دیاربەکر تالاوی نەمانی نۆشی، قەراخانی برای جێی گرتەوە و دوو برای دیکەشی کە بریتی بوون لە عەوێزبەگ و ئولاشبەگ هەرکام لە بدلیس و جزیرە بوونە دەسەلاتدار. دوای ئەم ڕووداوانە کاتێک کۆمەڵەی سوارانی ڕکێفداری سوڵتانی لە تەورێزەوە بەرەو ڕۆم جڵەویان وەرسووڕاند، ئیدریسی بلیمەت بە خزمەتی سوڵتانی خاوەنشکۆی ڕاگەیاند کە مەزن و میرانی کوردستان چاویان لە سیلەنیگای بەخێروبێری شای جیهانە هەتا هەر کەس بگەڕێتەوە سەر قەڵەمڕەوی بەمیراتگەڕاوی باب‌وباپیرانی و دەسەلاتیان بۆ بکرێ بە خەلات و هەروەها یەکێکیش لە نێویان‌دا بە گەورە و بەگلەربەگ دابندرێ تاکوو هێرش بەرنە سەر قەراخان و لە دیاربەکر دەرییەڕێنن.

سوڵتانی دنیاگر لە وڵامی‌دا فەرمووی هەرکام لەو مەزن و میرانەی کوردستان کە لێوەشاوەیە تاکوو بکرێتە مەزنی سەرکردان با دیاری بکرێ و میرانی دیکەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردیش سەری وەبەر فەرمانی بێنن و قزڵباشان لەو شوێنانە دەرپەڕێنن. ئیدریسی فرەزان وڵامی داوە و گوتی ئەوانە یەکجار دەمارزلن و هیچیان سەر بۆ هیچیان نەوی ناکەن و ئەگەر بڕیار وایە قزڵباشان تەقورەویان تێکەوێ و نەتوانن لەو هەرێمە داوودامەزراو بن، وا چاکە نۆکەرێکی ئەم بارگایە کە دنیا پەنای بۆ دێنێ، ئەو ئەرکە گرینگەی بخرێتە سەر شانی و ئاوا هەموو میرانی کورد دەچنە بەر فەرمانی و ئامانجەکە وەدی دێ و کارەکەش دەبڕێتەوە. لە پاش ئەو باس و ڕاوێژە، محەممەدئاغای چاووشباشی کە ناسرابوو بە بیغلوو محەممەد، کرایە مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر و سپاسالاری هێزەکانی کوردستان و بە مەبەستی گرتنی هەرێمی ژێر دەستی قزڵباشان گاڵ درا. دوو لەشکرەکە وەکوو هەورەبرووسکەی بەشریخ و هۆڕ و دوو دەریای پڕ شەپۆل لە «قۆچحەسار»ی دەورانپشتی نەسیبین بەرەوڕووی یەکتر جەللە بوون. لەم تێکهەڵچوونەدا ڕۆژەکی یەکەم دەستە بوون کە ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند و هەڵیانکردە سەر دوژمن. هێزی ڕۆژەکی دەستوبردێکی وایان نواند کە تاجئەحمەد، قاسم ئەنداکی، میر شاحوسێن کیسانی، میر سەیفەددین و عومەر جاندار، واتە پۆلێک لە مەردازایانی ڕۆژگار و پاڵەوانانی سەردەم لەو ڕۆژەدا خۆشاوی شەهید بوونیان فڕ هەڵدا. زۆربەی ئاغاکانی ڕۆژەکی، بەتایبەت میر محەممەد ناسرەددینی، قەرایادگار، سەید سەلمانی [1] قەوالیسی و ژمارەیەکی دیکەش برینیان هێنا و لەو گێژاوی مەرگەدا هەتا بڵێی دلێرانە شیریان وەشاند و پشتیان لە خەنیم نەکردەوە. قەراخان کوژرا و لەشکری قزڵباش شکستی بە سەر شانیدا هات و کۆمەڵێکی بەرچاویان بە دیل گیران.

١-لە دەقی زێرنۆڤدا بە هەڵە نووسراوە «سەلمانان». ل ٢٨٢ی بودلیان دروستی نووسیوە و هەڵەکەم بۆ ڕاست کردەوە. و.

لە سای سێبەری بەختی سـولّتانی   دوژمن دەرپەڕی لە خانە و لانی
بە شیری مووکار نەیاران بەزین   خاشەیان برا و  تاسان و تەزین

دوای بڕانەوەی شەڕ، هەر کام لە میرە کوردەکان بە مەبەستی گرتنەوەی هەرێمی خۆیان هێزیان دەنگ دا. میر شەرەفیش بەرەو بدلیس گەڕایەوە و داوی گەمارۆی چەقاند. محەممەدبەگی حەزۆیی، میر داودی خیزانی، میر شامحەممەدی شێرۆیی و میرانی مۆکس و ئەسپایرد لەو کاتەدا بوونە پشتیوانی میر شەرەف. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک، گەمارۆدراوان تینیان بۆ هات و هاواریان لێ هەستا. قزڵباش ڕایانئەسپارد بـە مـەرجێک قەڵا بەدەستەوە دەدەن کە محەممەدبەگی عەززانی و میر شامحەممەدی شێرۆیی دەستەبەری پاراستنی خوێنی خۆیان و ماڵ و منداڵ و سامانیان بن. ئەم دوو کەسە کەوتنە نێوان و قەڵا و هەرێمەکەیان بە ویستی دڵی خۆیان دایەوە دەست میراتگری ڕاستەقینەی. میر شەرەف کۆمەڵی قزڵباشانی دانە دەست محەممەدبەگی عەززانی و میر شامحەممەدی شێرۆیی و ئەوانیش هەتا سنووری ئەرجیش و وان بەڕێیان کردن و گەڕانەوە مەوتەنی خۆیان. بەپێی فەرمانی دیوانی عوسمانی و دواتریش لە لایەن سولّتان سولەیمانخانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەدێری و پێڕاگەیشتن و پاراستنی سنوورەکان خرایە سەر شانی میر شەرەف و چۆن باشە ئاوای ئەرکی خۆی ڕاپەڕاند و دڵی هەموو لایەکی ڕاگرت.

پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، وا هات کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی شاتەهماسبدا ئۆلمەی تەکەللوو کرابوویە سپاسالاری ئازەربایجان و زۆربەی کات و ساتان لە وان و وستان ڕایدەبوارد و پاراستنی کەوشەنانی خرابوویە ئەستۆی. لە لایەکی دیکەشەوە چووهاسولّتانی تەکەللوو ڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەتی شاتەهماسبی کەوتبوویە نێو دەستومستی بەهێزی. کاتێک

حوسێن‌خانی شاملوو لە کوێستانی «گەنمان»ی ئیسفەهان، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکەی قزڵباش چووهاسوڵتانی کوشت، مەزن و سەرکردەکانی تەکەللوو وەک تۆوی هەرزنیان لێهات و ئۆلمە لە تەوریز ملی نا لە سەربزێوی و ئالای دژایەتی و وەرچەرخانی هەڵدا و دارایی و خەزنەخانەی شاتەهماسبی تالان کرد و دەوڵەمەندانی داڕووتاندن و بە زۆرەملی کەلوپەل و سامانێکی فرەی کۆ کردەوە و بەرەو وان بزووت. لەوێ نامەی بەندایەتیی نووسی بۆ سوڵتان سولەیمان‌خان و ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێک بەڵێنی و ئەرکی خستە سەر شانی خۆی و بە پیاوێکی جێ‌متمانەیدا ناردی بۆ بارگا. وەختایەک ئەم هەواڵانە بە گوێی خونکاری خاوەن‌شکۆ ئاشنا کران، بەپێی فەرمانی بێ‌بەرگێڕەوەی خۆی میر شەرەفی ڕاسپارد هەتا بەرەو وان بڕوا و ئۆلمەسوڵتان و ماڵ و منداڵ و دەست‌وپێوەندەکانی بەرێ بکاتە بارەگای سوڵتان. لەسەر فەرمانی سوڵتان، میر شەرەف بە قۆشەنێکەوە ڕووی کردە وان و ئۆلمەش وێڕای دووسەد کەس لە ئاغایان و پیاوماقووڵانی تەکەللوو هەتا سەر چۆمی خڕکوم چوو بەرەو پیری و لەوێ چاویان بە یەکتر کەوت. ئۆلمە ڕووی لێنا کە چەند ڕۆژێک لە قەڵای وان میوانی بێ هەتا ئەویش خۆی کۆ کاتەوە و پاشان بڕۆن بۆ بدلیس. لەو جەنگەیەدا چەند کەسێکی وانی و وستانی بە گوێی میر شەرەفیان هەڵێنا چونکە ژنی ئۆلمە دایەنی شاتەهماسب بووە لەگەڵ برایەکی خۆی ناردوویەتە بارگای پادشا هەتا ڕێی پێکهاتنەوەیان خۆش بکا و ئاوا کێشەی نێوانیان ببڕێتەوە. ئۆلمە پیاوێکی فێڵەبازە و دەبێ وریا بی نەکا لەگەڵ ئاغایان بتانباتە ژووری قەڵا و داوێک بنێتەوە و کەتنێک بگێڕێ و ئاوا هەنگاو هەڵبێنێتەوە بۆ قەرەبووی کارەکانی ڕابردووی و خۆی لە شا نیزیک بکاتەوە. میر شەرەف بە بیستنی ئەم قسە مەترسیدارانە تۆقی و سامی ڕێنیشت و هەر چەندی ئۆلمە سەری هێناوبرد و پێی لێ داگرت لەگەڵی نەچوو بۆ وان و داوای لێبووردنی کرد و گوتی لێرە نابزووم. کاتێک ئۆلمە دیتی قسەکانی بۆ

ناچێتە سـەر، لەگەڵ میر شەرەف لە گوندی خڕکوم مایەوە و میرەبەگی مەحموودی و چەند ئاغایەکی ماقووڵی چوونە قەڵای وان هەتا ژن و منداڵ و بار و بارخانە و دەستوپێوەند و ئاغاکانی دیکەی لەگەڵ خۆیان بێنن و پێکەوە بەرەو بدلیس بکەونەڕێ. کاتێک میرەبەگ و ئاغاکان دەمی شەو گەیشتنە وان، برایەکی ئۆلمە لەگەڵ چەند ئاغایەکی دیکە ملیان لە سەربزێوی نا و دەروازەکانی قەڵایان قایم کردن و نەیانهێشت ڕاسپاردەکان وەژوور کەون و کۆچوبار تێکەوەپێچن و لەگەڵ جەماوەرەکە بڕۆن. کاتێک میر شەرەف ئەم ڕووداوەی لێ ڕوون بۆوە، زانی چوونە سەر قەڵا و گەمارۆدانی بێفایدەیە و ڕەنگە سەرکردەکانی قزڵباشان لە دەوروبەرانەوە کۆ ببنەوە و کێشەیەک بنێنەوە و ئۆلمەش لە چنگ دەرچێ؛ بۆیە بەناچار وێڕای ئۆلمە و دووسەد کەسەی چووبوونە پێشوازی، بەرەو بدلیس بزووت. ئەو کۆمەڵە دەستیان لە ماڵ و سامان و ژن و منداڵی خۆیان هەڵگرت و هەر بە جلوبەرگی بەریان و دەسرەی سەریانەوە، سواری ئەسپی ڕووت و بێ زین و ڕەخت بوون و بەو پاییزە فرمێسکیان هەڵوەراند و بۆسۆیان لە هەناوی هەستا و ڕۆیشتن. منی ڕەشکەرەوەی ئەم لاپەڕانە لە محەممەد شەحنەمانی قەوالیسیی لەلەی خۆم بیستووە کە دەیکوت ئەو دەمەی میر شەرەف و ئۆلمە لە ناوچەی گورجیکان ڕکێفیان بەتاڵ فەرموو بوو، منی بەلەنگاز لەگەڵ چەند کەسێکی «چقور»ی[1] پاسـەوانـی میر شەرەف بوویـن. لە جەنگەی نیوەشەودا بریکاری ئۆلمە و دووسێ کەس لە ئاغایانی ماقووڵی هاتنە دەرگای تاوڵی میر و گوتیان دەبێ چاومان پێی بکەوێ و ئۆلمەسوڵتان چەند ڕاسپاردەیەکی بەپەلە و پێویستی هەیە دەبێ بە خزمەتی ڕابگەیەنین. کاتێک میر شەرەفیان وەخەبەر هێنا و مەبەستەکەیان تێگەیاند، گوتی با بێنە ژوور و کە وەژوور کەوتن میر لێی پرسین

١- بودلیان، ل ٢٨٤: «جخور». و.

ئۆلمە دەڵێ چی؟ عەرزیان کرد قوربان ئۆلمەسوڵتان سڵاوی دەگەیاندی و دەیگوت چونکە خزم و کەس و براکانم ئاوا لەگەڵ منی کەساس جووڵاونەوە و پشتیان تێکردووم و هەڵگەڕاونەوە و دەستیان بە سەر ژن و منداڵ و ماڵ و سامانی هەموومان داگرتووە، ناکرێ ئێمەی خاکەڕا وا بە ڕووتوقووتی بچینە دەرگای سوڵتان و حاڵمان شرە و شیاوی حکوومەتی ئێوە نین؛ جا بۆیە یان سەری هەموومان ببڕن و بیاننێرن بۆ ژێر دەرانەی خونکاری مەزن، یان ئیزن بفەرموون بەرەو وان بینەوە و ئەو سەربزێوانە دەمکوت بکەین و پاش دەربـاز کـردنـی خـاوخێـزان و مـاڵ و سـامـان، بەدڵنیایی و خاترجەمی بەرەو دەرانەی سوڵتان ببزووین تا خواروژوورمان شان و شکۆیان پارێزراو بێ. میر شەرەف دوای ماوەیەک ڕامان و بیر کردنەوەیەکی چاک، فەرمووی وا باشە لەسەر پێوشوێنی فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) کە مەزنترینی ژینەوەرانە بڕۆین و نێوەرۆکی ئەم ئایەتە هێژایە وەبەرچاو بگرین کە باسی ڕاوێژ دەکا لە کاراندا.[1] ئێمەش پرس و تەگبیر دەکەین بە کەیخودایان و پیاوماقووڵان و چۆن چاکە ئاوا وڵام دەنێرینەوە خزمەت ئۆلمەسوڵتان. پیاوەکان گەڕانەوە و میر شەرەف هەر لەو شەوەدا چەند ئاغایەکی باوەڕپێکراوی خۆی کۆ کردنەوە و هەر کەس لەم بارەوە بۆچوونی دەربڕی. لە ئاخریدا میرشەرەف فەرمووی ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر ئەم کابرایە ئاوا بە شڕووڕی بنێرینە دەرانەی سوڵتان، دەیکەینە خەنیمی خۆمان، بۆیە وا باشە لە پێشدا سێسەت پیاو و لاوی چالاک و شەڕکەر و بەئەزموون بنێرینە سەر ڕێ و کە ئیزنی گەڕانەوەی درا و ڕۆیی و مەودایەک دوور کەوتەوە، بیکەنە قاو ئەها ئۆلمە ڕایکردووە! ئەنجا پۆلە چەکدارێکی بخەینە شوێنی هەتا لەگەڵ چەند پیاوێکی سەرناسی هاوڕێی بیکووژن و بە هەواڵی تاڵ و ناخۆشەوە سەری بنێرین بۆ بەر

---

١- «وشاورهم فی الامر»، بەشێک لە ئایەی ١٥٩ی سوورەی ئالی عیمران. و.

دەرانەی بەرزی سوڵتانی و ئاوا گەڕ و گێچەڵی ئەم ئاژاوەگێڕانە لە کۆڵ دنیا بکەینەوە. بەڕاستی ئەگەر ئۆلمە ئاوا بنێرینە بارگای سوڵتان، ئاکامی چاکی لێ ناکەوێتەوە و تووشی کردەپەشیمانی دەبین. چەند کەسێکیان بەو تەگبیرە ڕازی بوون و هێندێکیش نەیانسەلماند و گوتیان ئێمە خەڵکی بێگانە و پیاوی بارگامان لە ڕیزی لەشکری دایە و ڕەنگە سبەی ڕۆژ ڕازمان ئاشکرا بێ، ئەو دەمی دەمانهێنن و دەمانبەن و سزای قورسمان بە سەردا دەسەپێنن و بنێشتمان لێ پووچەڵ دەبێ و پاکانەمان بۆ ناکرێ. بەکورتی نە ویستی ئۆلمە و نە پێشنیاری میر شەرەف هیچیان جێبەجێ نەبوون. ئۆلمەیان ئاوا بەسووکی و هەناسەساردی بردە بدلیس و چی پێ ویستی سەفەری بوو بۆیان پێکهێنا و تەدارەکیان بۆ گرت و بەڕێزەوە ناردیانە دەرانەی سوڵتانی خەزاکەر. کاتێک ئۆلمە لە کونەبەردینەی بدلیس تێپەڕی،[1] بوو بە هەژدیهایەکی لە ئەشکەوتەوە دەرچوو یان دێوێ کە لە نێو شووشەوە ڕەوی بێ و چاکی ڕق لە میر شەرەف هەڵگرت. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە بەختی ڕاموسانی ژێردەرانەی سوڵتانی پێ بڕا، کەوتە گلە و گازندە لە میر شەرەف و گوتی لەبەر دڵی قزلباشان زۆری سووکایەتی پێ کردووم و بۆ پێخۆش بوونی شاتەهماسب ویستوویەتی بمکووژێ؛ جا بۆیە چاوم بڕیوەتە بەسەرکردنەوەی بێسنووری شاهانە و تکا دەکەم میر شەرەف لەسەر کار لابەری و وەک خەڵات هەرێمی دەسەڵاتی بە نۆکەری خۆت بسپێری. خودا پشتیوان بێ چۆن چاکە ئاوا عەجەمستان و خاکی ئازەربایجان دەگیرێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی خانەدانی عوسمانی و چۆنیەتیی کارەکە بە شێوەیەکی شیاو ڕادەپەڕێنم. ئۆلمە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەگەر ئێستا بنێرن بە دوای میر شەرەفدا هەتا بێتە دەرانەی سوڵتان، عەقڵ نایبڕێ بێ. ڕاست لەو

---

١- مەبەستی ئەو ڕەهۆڵەیە کە کاتی خۆی خاتوونێک بە نێو بەردەگراوانی بەدلیسدا لێی داوە و کردوویەتە ڕێگا. و.

دەمەدا عەلی سەیدانی قەوالیسی، کە لەگەڵ ئۆلمە نێردرابوویە بارگای دەسەڵات، لەوێ بوو. ناردیان بە شوێنیدا و بردیانە دیوان و لێیان پرسی ئەگەر لە بارگای سوڵتانەوە بنێرن بە دوای میرەکەتاندا، دێ یان نایە؟ ئەو کوردە ساکار و بێ‌فرو‌فێڵە لە وڵامدا گوتی باوەڕ ناکەم لەو جەنگەیەدا بێ بۆ بارگای بەرز و خۆی دەبوێری. وەزیران و پایەبەرزان گوتیان جا بەو قسەیەڕا دیارە ئۆلمە ڕاست دەکا و لە لای سوڵتانی خاوەن‌شکۆ چۆن خراپە ئاوایان بۆ تێچاند و پێدا ڕۆیشتن کە وا دیارە ملی ناوە لە سەربزێوی و لانی قزڵباشان دەگرێ. لەسەر ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە، هەر ئەو ڕۆژە حکوومەتی بدلیس باربووی ئۆلمە کرا و کۆمەڵێکی بەرچاو چەکداری یەگیچەری (یەنگیچەری = یەنیچەری) لەگەڵ هێزی تازەپشوو بە مەبەستی گرتنی بدلیس دیاری کران. فیل‌یاقووب‌پاشای مەزنی سەرکردەکانی دیاربەکر کرایە سەرکردەی لەشکرێکی سی‌هەزار کەسی هەتا لە دیاربەکر و مەرعەش و حەلەب و کوردستانەوە هێز کۆ بکاتەوە و بڕوا و بدلیس بگرێ. کاتێک میر شەرەف بەو هەواڵەی زانی ئاراوقارای لێ هەڵگیرا و لەڕێوە دیاریی زۆر چاکی ناردن بۆ دەرانەی بەرزی سوڵتان و ڕووڕاستی و سەر لەپێناو بوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام چی لی شین نەبوو. کاتی خۆی لە تالانی خێڵی پازووکیدا، میر شەرەف ئەسپێکی چاکی وەچنگ کەوتبوو کە مەزنەوەزیر دڵی پێوەی نووسابوو. چەند جارێک داوای کردبوو بۆی بنێرێ، بەڵام وەپشت گوێی دابوو، هەروەک ئەوەی نەیبیستبێ، جا هەر بۆیە ڕقی پێڕشت و داوای لێبووردنی لێ نەسەلماند و گوێی بۆ قسە و ڕاسپاردەکانی شل نەکرد.

کاتێک میر شەرەف هیچ هیوایەکی نەما، بەناچاری کەوتە دابەستنی قەڵاکانی هەرێمی بدلیس و لاوانی بەجەرگ و مەردانی بوێری لە چەکاندا ڕەش هەڵگێڕان و چی پێویستی قەڵادارییە لەگەڵ پاشەکەوت و بژیوی قۆناخەکە هەمووی دابین کردن. پاراستنی قەڵای بدلیسی خستە ئەستۆی برایم‌ئاغای بڵباسی و میر

محەممەدی ناسرەددینی و سێسەت پیاوی بەناوودەنگی ڕۆژەکییانی نانە بەر دەستی. ماڵ و خێزانی لەگەڵ میر شەمسەددینی کوڕی بەرێکردە قەڵای ئەختەمار. هەروەها قەڵای مووش، ئەخلات، کیفەندۆر، ئاموورەک، کەڵهۆک، فیرووز، سەلم، گوڵخار،[1] تاتیک[2] و سویَ،[3] کە ئەو دەمی ئاوەدان بوو، ئەسپاردەی گەورەئاغایانی ڕۆژەکییانی کردن. ئاقڵمەندان لە کۆنەوە گوتوویانە: پیاو ئەگەر ناچار بوو، خۆ بە ئاو و ئاوریش‌دا دەدا؛ هەر بۆیە چەند کەسێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و پەنای بردە دەرگای شاتەهماسب، کە ئەو کاتە لە تەورێز بوو، هەتا یاریدەی بدا. شاتەهماسب زۆر بەگەرمی بەخێری هێنا و دەستی ڕێزی لێنا و لەرێوە باڵی بە سەر کێشا.

فیل‌یاقووب و ئۆلمە ساڵی ٩٣٨ی ک/١٥٣١ـ١٥٣٢ی ز، بە هێزێکی قورس و گرانەوە لە ڕووکاری بدلیس لەشکربەزیان کرد و لەرێوە ئابلۆقەیان دا و پڕیشکی گڕی ئاگری شەڕ و تیکهەڵچوون و بڵێسەی کوشتار گەیشتە پەرپەڕۆچکەی ئاسمان. پاڵەوانانی بوێر و شێرەمەردانی شەرگەی ئازایەتی، هەموو ڕۆژێک کە پادشای لەشکری ئەستێران بە مەبەستی گرتنی قەڵای هەیوانی چوارەم کەمەندی زەرد و زێڕینی داویشتە مشارەی ئەم شینەشوورەیە، لە هەموو باڵانەوە ئاوری ڕۆمرکاوی تێکهەڵچوون دەبووژایەوە. ئەو دەمەش کە مانگی گەڕۆک بۆ پاسەوانیی پۆپەی قەڵای لاژوەردیی ئاسمان سەری لە کەلەپۆی خۆرهەڵاتەوە دە سوێیە دەنا، دلێرانی شەڕانی و پڵینگانی چاونەترس، دەستیان لە شەڕ و پەلامار هەڵدەگرت و دەکەوتنە سەر ڕێچکە و ڕێبازی هاویشتنی هەنگاوی بەپارێز. پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بە سەر ماوەی بەربەرەکانی و گەمارۆدا، بە زەبری تۆپی قەڵاڕمێن و مەنجەنیقی ئاورپژێن، کلاوقووچە و مشارەی شوورەی دەوری بدلیس وا بە

١-لە لاپەڕە ٢٨٧ی بودلیان‌دا پاش گوڵخار نووسراوە: گورجیکان. و.

٢-لە لاپەڕە ٢٨٧ی بودلیان‌دا دوای تاتیک نووسراوە: تەسووک. و.

٣-لە لاپەڕە ٢٨٧ی بودلیان‌دا لەبری «سویَ» نووسراوە سویدی. و.

سەریەکدا ڕووخابوون و هەرەسیان بردبوو، هێندەی نەمابوو قەڵا بگیرێ. لەو دەمەدا شاتەهماسب لەبەر دڵی میر شەرەف لە تەورێزی پایتەختەوە لەشکری برد بەرەو بدلیس. کاتێک هەواڵی هاتنی پادشا لە ئەخلات و عادلجەواز بڵاو بۆوە و فیلیاقووب و ئۆلمە بیستییانەوە، دەستیان لە گەمارۆ هەلگرت و بوونە ڕێبواری ڕێی ڕاکردن و وایان سەر لێ شێوا و کەوتنە پەلەپڕووزێ کە زۆربەی بارگە و بنە و قورسەبار و خێوەتی خۆیان بەجێهێشتن. بۆ نموونە دوو تۆپی گەورەیان بۆ نەچوو کە لە شانی ڕۆژهەڵات و بەرەوڕووی دەروازەی تەلیسم دایانبەستبوون و تەنانەت هەر لەوێ دایانڕشتبوون و بە زەبری ئەو تۆپانە دیواری قەڵایان هێنابوویە ڕێکی عەرز و تێکیانتەپاندبوو. وەک دەگێڕنەوە قەرایادگار کە دواتر بە دورەک ناودێر کرا، بە سواری ئەسپ لە قەڵاوە شۆڕ بۆوە و خۆی گەیاندە ئەخلات و هەواڵی شادیهێنی ڕاکردنی سپای دوژمنی گەیاندە بارگانشینانی پادشا و لەوێوە خەڵات کرا و بە سیلەچاوی شاهانە بەسەر کرایەوە و لە شانی هاوشانەکانی تێپەڕی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

میر شەرەف پێنجیەکی دەسکەوت و داهاتی مەڕ و ماڵاتی کافر و مسوڵمانانی تیرە و خێڵاتی خاک و هەرێمی بدلیسی کردە دیاری بۆ پادشا و خەڵات بۆ مەزنەپیاوانی بارگای. کۆمەڵێک باجئەستێنی بەزەبروزەنگی ڕاسپاردن هەتا پێدابێن و خێرا بەڵێنەکەی ڕاپەڕێنن و بە سێ ڕۆژان ماڵ و سامانێکی زۆریان کۆ کردەوە. بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە لە ئەخلات خوانێکی شاهانەی ڕازاندەوە و بە داب و دەستووری خونکاران جێژنێکی هێندە بێوێنەی بەرپا کرد کە ئاوازەی گەیشتە گوێی بیسەرانی جیهانی بانیسەر و لەوسەرەوسەری دنیای ئاوەدان دەنگی دایەوە. مانگی گەڕیدەی گەردوون کە سەر بە هەموو سووچێکدا دەکا و کەلاوکەلان هەڵدەبوێرێ و هەر جارەی لە جێیەک لەنگەر دەگرێ، لێی دا لە تەپڵی شادمانی و لە کەشکەلانی ئاسمان جاڕی کێشا و هەواڵی ئەم میوانداریییەی بڵاو

کردەوە. ئەستێرەی زاوە کە میرزای تۆمارکەری زانستانە و ڕێوشوێنی ئەستێرەناسی دەخاتە بەرچاوان، زۆر بەوردی دەزانێ خۆر چۆن مەودای نێوان خۆرهەڵات و خۆرنشین دەپێوێ، بۆیە کاتێکی بەهاتی هەڵبژارد هەتا بەخت و دەسەڵات ئاوێتەی یەکتر بن. ئەستێرەی بەیان کە گۆرانیبێژی ئاسمانە، ورینگەی چەنگی گەیاندە کۆئەستێرەی قرژاڵ و سۆزەی عوودی هەتا ئەوپەڕی بەختیاری برد. هەتاوی ڕوونکەرەوەی دنیا وەکوو هەوری مانگی خاکەلێوە دوڕ و گەوهەری باراند و لقی خەزەڵوەرێن دراوی درەمی کردە شاباش و کۆکۆ یاقیق و داوێنداوێن یاقووتی هێنا. لەعلی لە جەرگی بەردی مەرمەڕ دەرکێشا و مرواریی لە دەریاوە کردە پایەنداز. بارام کە سپاسالاری ئەستێرانە و مەزنی هەرێمی پێنجەمە، دەوری غولام و خزمەتکارانی گێڕا و ڕیزاوڕیزی ڕاست و چەپی ڕازاندنەوە و موشتەری لە بان مینبەری شەشپێچکەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی چاووزار «ان یکاد»ی[1] گەیاندە گۆشی هۆشی پەردەنشینانی جیهانی نادیوە. کەیوانی پیری ژیری دێرنشینی قەڵای ئاسمانان عوودێکی قومارەی خستە نێو ئاگردانی خۆر و تەلیسمی بەخت و دەسەڵاتی بە سەر لاپەڕەی مانگدا کێشا. ڕەشماڵ و دەواری سەت ئەستوندەکی و هەشتایی و خێوەتی ڕەنگاوڕەنگی سیقەلاتی و سەیوانی ڕستە هاوریشم سەریان گەیبوویە تەشقی ئاسمان. تەختی زێڕ و زێو و گەوهەربەند ڕیزاوڕیز ڕازابوونەوە. بۆنی عوود و عەنبەر تۆمار بە تۆماری لە کۆڕی بەزم و شادی گەڕا. مەیگێڕانی پووز و بەلەک سپێوسۆڵ کە نێوچاوانیان چەشنی ئەستێرەی بەیان دەترووسکایەوە، پیاڵەی زێڕیان لەسەر قامکی وەکوو بلووریان دەگێڕا و بە دەوری میواناندا دەهاتن و دەچوون و بە دەم و لێوی شەکرفرۆشی سوور و ئاڵەوە دەشنینەوە و دەیانگوت دەمی کەیف و خۆشی و ڕابواردنە. گۆرانیبێژانی دەنگخۆش لەگەڵ ڕوود و سروود تێیاندەچریکاند و دەنگیان هەتا شینەگومبەزی ئاسمان تێهەڵدەچوو. ئەو ژەنیارانەی لە کاری خۆیاندا شێوەی

١- سوورەی قەڵەم، ئایەتی ٥١. و.

ئەستێرەی ڤێنووسیان دەدا، بە وورینگە و زایەڵەی چەنگ و عوود، هۆش و ئاوەزی دڵ و مێکشیان ڕادەڕفاندن.

چلـۆن میـوانییەک جێبەزمـی شـایان
هەزار خۆراکی خۆش و جوان و شایان
ئەوەنـد خۆشـاوی ڕوونـی لـێ چنـابوو
مەکۆی نوور بوو لە جەرگی شەو چەقابوو
بلووری پیاڵە هات و چوون بە کەیلی
گـوڵاو بۆنخۆشـی کـردن بـۆنی مەیلـی
زەوی فەرشـی هەتـاو بەو زێڕەخـوانە
بە کاسـەی زێـو کەلـووی ئەسـتێرەکانە
ئەوەی دڵ بـیهەوێ زۆر و زەوەنـدە
لە ماسـی تـاکوو مـامر لێـرە بەنـدە
لەبـۆ هەڵـوا وەریـانگرتن لە جوانـان
لە شـەکری لێـو و بـادامی ددانـان
بە هەڵوای تەختەتەختەی ڕێک و ڕەنگین
دەنەخشا کۆشکی ڕوخساری چ شیرین
هەزاران خشـتی پـاڵێوراوی قەنـدی
کـرانە پایەنـازی خـوانی مەنـدی
ئەوەنـد میـوەی تەڕ و تـازە لەوێ بـوو
کە دەتگوت باغەوان هەر ئاوی پێ بوو
نەیانـدیوە کەسـانی ورد و وشـیار
کە وا قەرتـاڵە ئـاوی لـێ کـرێ بـار



تابلۆی پازدەهەم: کۆڕی شەرەفخانی باپیری شەرەفخانی مێژوونووس



تابلۆی شازدەهەم: شاتەهماسبی سەفەوی لە شاری ئەخلات

پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژی ئاوا بە سەر کۆڕی جێژن و میوانی‌دا، هیچکەس نەما خەڵاتی هێژای بە باڵای نەبڕێ و بە ئاواتی دڵی نەگا و تاسەی نەشکێنێ. میر شەرەف کۆمەڵێک دیاریی وای بردنە خزمەت پادشا کە لەوەتی دنیابەدنیایە نە چاوی ڕۆژگار شتی وای دیبوون و نە گوێی زەمانە زمانەوزمان نارەناری باس‌وخواسی ئەوتۆی بیستبوون. پۆلپۆل مەلی ڕاوکەری وەک باز و شەهێن و کەحێلی زین‌زێڕین ڕیز کران. کەوڵەوشەگی بەڵەک، پارچەی ئاوریشمی نەخشین، قوماشی زێڕچنی حەورەنگ و مەخمەری فەڕەنگ لەسەر یەک هەڵچندران. شاتەهماسب بە سۆزی شاهانەی بەسەری کردەوە و بە چاکەی بێ‌سەروبنی خوێندییەوە و کەمەرەشیری گەوهەربەند و خەفتانی ئاودامێنی بە زێڕ گوڵدۆزی کراوی بە خەڵات دایە و ناودێری کرد بە شەرەفخان. لە سپادا پلەی جێ‌بەجێ‌کەری فەرمانی پادشای باربوو کرا و بە مەزنی سەرکردەکانی کوردستان داندرا و فەرمانی هێژای بۆ نووسرا و لێرەدا دەقەکەی دەخرێتە بەرچاو:

«چونکە خونکارانی خاوەن‌شکۆ و خاقانە کامڕەواکان دەزانن بە ڕێی بەسەرکردنەوەی جەماوەری بژاردەی خۆیان‌دا هەورازان دەبڕن و هەتا لووتکەی بڕشت و دەسەڵات سەر دەکەون، هەموو هەنگاوێکی چاکیان لەبەر چاوە. هەوڵ و تێکۆشانی ئەوانەی لە شەڕ و هەرادا بەدڵەوە تێکەوتوون و هاوشانەکانیان تۆزیان نەشکاندووە و بۆ خزمەتکاری لە مەزنانی خۆیان تێپەڕاندووە و ئاڵای سەر لەپێناو بوونیان هەڵداوە و گیانی خۆیان لەسەر بەری دەستیان داناوە و کردوویانەتە پایەندازی دەرگای هێندەی ئاسمان بەرزی پادشایەتی کە دنیا سەری وەبەر دێنێ، جێی خۆیەتی بخوێندرێنەوە. لەم بوارەدا خاوەن دەسەڵاتی بەرزەگومبەزی بەداب‌ودەستووری دادەوان، مەزنی میرانی بەرزەجێ، سەرگوڵ و هەڵبژاردەی میرانی گەورە، پیاوی لێهاتووی حکوومەت و دەسەڵاتداری و بەختیاری بەستێنی دنیا و دین، شەرەفخان بێ هیچ ڕووبینی و گرێیەک و بە خۆشەویستی و بڕواوە

سەری وەبەر خانەدانی ماکەی مەزنایەتیی ئێمە هێناوە و ڕووی لە خەنیمان وەرگێڕاوە و لێیان تەکیوەتەوە و دەستەوداوێنی چاکە و دڵسۆزیمانە و ئاوامان بە گوێیدا دەخوێنێ و بیر و بۆچوونی دەنوێنێ:

ئێمە لەبۆ پلە و پایە، نەهاتووینە ئەم دەرگایە
لەبەر کارەساتی تاڵە، ئێرەمان پێ جێپەنایە

[شەرەفخان] لەسەر ئەم پێوشوێنە شانازیی بەشداربوونی کۆڕی جێبەرزی ئێمەی پێ براوە و سەرەنجام پیاوەتی و چاکەی بێسنووری پادشایەتی ڕێزی پێ بەخشیوە و هێزی وەبەرناوە و بەپێی نێوەرۆکی قسەی زمانپاراوان:

هەر کەس لە ترسی گیان و لە سامی هەڵدێرانی
پەنایە بێنێ بۆ من، کە ببمە پشتیوانی
ئەگەر سەریشم بچێ لەپێناوی کاری وی
دەبێ کۆتایی بێنم، بە دەرد و ئازاری وی

جا لەو پێیە ئێمە سێبەری خۆمان بە سەر ئەو خاوەن دەسەڵاتە کێشاوە و خستوومانەتە ژێر باڵی پاراستنی خۆمان و بە پلەی خانی بەسەرمان کردۆتەوە و ناومان ناوە شەرەفخان و بە گەورەی جێبەجێکەرانی فەرمانی دیوانی بەرزیشمان داناوە و لە ڕیزی مەزنان و خانانی خودان شانی دەرگای بڵیندی شاهیدا جێمان بۆ کردۆتەوە. دامانناوە بە مەزنی سەرکردەکان و گەورەی تەواوی میرانی کوردستان. ناوچەی بدلیس، ئەخلات، مووش، خەنووس و تێکڕای ئەو شوێنانەی دیکەش کە لە ژێر دەسەڵاتی ناوبراودا بوون و ئێمەی خاوەنشکۆ بە

خاکی نێو قەڵەمڕەوی خۆمانی دەزانین، پێویستە هەموو لایەک ئاگادار بن کە کردمانەوە باربووی ئەو حوکمڕانە. هەروەها جڵەوی چارەسەری تەواوی کاروباری دارایی و هەرێمەکەمان دایە دەستی بەهێزی هەتا نێوەرۆکی [ئەم پەندە] وەبەرچاو بگرێ کە دەڵێ: مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی چاکە.[1] دەبێ ئەویش لە شارێی خزمەتکاری و فیداکاری لانەدا و لە بواری ئەمەگداری و دەوڵەتخوازیدا قسەی خـۆی نەخواتـەوە. پێویستە هەمیشە بە چەشنێک هەوڵی پتەو بوونی باری دڵسۆزی و نۆکەرچاکی بدا تا تەواوی میر و مەزنانی ئێروئەوێ وێنەی لێ هەڵگرنەوە و ڕۆژبەڕۆژ سەنگ و بایەخی زیاتر بەرەوژوور هەڵکشێ. دەبێ گەورەپیاوان و مەزن و میرانی بەڕێزی کوردستان ئەم خانە لە نێو خۆیاندا بە مەزنی سەرکردان بزانن و بە گوێی بکەن و سەری وەبەر بێنن و بۆ پشوویەکیش لەگەڵی نەکەونە ناتەبایی و ئەگەر جاڕی کێشا و بانگیهێشتن خۆی لێ نەدزنەوە و پشتیان لە دەسەڵاتی پەرەگر هەڵنەکەن و لە ڕچەی بەرژەوەندییەکانی تلاسا نەبن. ئاغاوەت و پیاوماقووڵ و کەیخودا و جووتیار و مەڕدار و ڕەشایی و سەرلەبەری جەماوەری هەرێمی [بدلیس] لەگەڵ سەرخێڵی تەواوی تیرە و خێڵات دەبێ ئەو دەسەڵاتدارە بە مەزن و خاوەنی پاوانەمیری وێ بزانن و پێملی فەرمانەکانی بن و لە قسەی دەرنەچن و چی بە بەرژەوەند زانی ڕەچاوی بکەن. ئەو خاوەن دەسەڵاتەش لەسەر شانییەتی کە لەگەڵ ئاپۆرە و دانیشتووانی مەڵبەندەکە وا بجووڵێتەوە کە هێزدار نەتوانێ بێهێز بچەوسێنێتەوە و هەموو لایەک بەم ڕێبازەدا بڕۆن و لە دەوروپشتان ببنە چاولێکەری.

کاتێک ئەم فەرمانە بە مۆر و واژۆی بەرز و بڵیندی هێژامان نەخشێندرا و ڕازایەوە، دەبێ بە شوێنیدا بڕۆن و لێی لانەدەن. ڕۆژی بیستی مانگی سەفەری

١- الانسان عبیدالاحسان. مـرۆڤ خـۆی بە کـۆیلەی ئەو چـاکەیە دەزانـێ کە لەگەڵـی دەکـرێ. مرۆڤ چاکەی لە چاویدا دەمێنێ. و.

سەرەوخێر و سەرکەوتنی ساڵی ٩٣٩[ی کۆچی]،[١] بە فەرمانی پادشای مەزن نووسرا و خودای گەورە پەرەی پتر بدا بە دەسەڵاتی و هەتاهەتایە درێژە بدا بە ژیانی و کەس لە فەرمانی بەرزی کلا نەبێ.»

پاش ئەوەی ئاوی ڕوون و شیرن و بەگیانخۆشی کانیاوی بەسەرکردنەوەی پادشایەتی، ئۆخژنی خستە دڵ و دەروونی شەرەفخان، میر شەمسەددینی جگەرگۆشەی خۆی لە قەڵای «ئەختەمار»ەوە هێنایەوە و ناردیە نێو ڕیزی ڕکێفدارانی پادشای بەرزەجێ. ئاڵای جەماوەری هاورکێفانی پادشایەتی بەرەو ئازەربایجان شەکایەوە و گەیشتەوە [تەورێزی] پایتەخت. لەو جەنگەیەدا هەواڵیان هێنا بۆ پادشا کە عوبەیدخانی ئوزبەک هەرێمی خوراسانی گرتووە و ساڵێکیش دەبێ لە شاری هەرات دەورەی باراممیرزای داوە و تەنانەت چەکدارانی هێندە کەوتوونە تەنگەتاوی و تیرەیان لێ توند کراوە کە ماوەیەک بە خواردنی چەرمی کوڵیو خۆیان ڕاگرتووە. شاتەهماسب بە بیستنی ئەم هەواڵە تاڵ و سامناکە میر شەمسەددینی ناردەوە و کاغەزی پڕ لە دڵدانەوەی بۆ شەرەفخان نووسی و ڕاپەڕاندنی تەواوی کاروباری گرینگی ئازەربایجانی خستە سەر شانی. پاشان چەند سەرکردەیەکی قزڵباشانی ڕاسپاردن تا ببنە پشتیوان و یاریدەری و هەر کاتێک پێویستی پێیان بوو خێرایەکی بگەنە لای. ئەم سەرکردانە بریتی بوون لە: هەلهەلسوڵتانی عەرەبگیرلوو، وەیسەسوڵتانی پازووکی، ئەجەلسوڵتانی قاجار، میرەبەگی مەحموودی و مووساسوڵتانی حوکمداری تەورێز.

دوای ئەم کارانە خودی شاتەهماسب بە مەبەستی بڕینەوەی هەرای عوبەیدخان پێی نایە ڕکێف و ڕۆیی بەرەو خوراسان. منی هەژار لە باوکی خۆم بیستووە کە دەیفەرموو ئەو دەمەی شاتەهماسب ئیزنی گەڕانەوەی دام بۆ بدلیس، فەرمووی بە

---

١- ١٥٣٢ی زایینی. و.

باوکت بڵێ هەتاکوو لە خوراسان دەگەڕێمەوە دەبێ بەنەرمی لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی هەستێ و دانیشێ و گۆمەکە نەشڵەقێنێ، چونکە ئۆلمە بۆتە دوژمنی و دەزانم لە سەرتاسەری دنیادا هیچکەس بۆ شەیتانی و شۆفاری و گێچەڵنانەوە تای ناکا. لێم سوورە هەدا نادا و ناهێڵێ عوسمانی هەروا بێدەنگ دانیشن و ئەوەندەی بۆی بکرێ گەڕ و ئاژاوە دەنێتەوە، بەڵام شەرەفخان گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی پادشا شل نەکرد. هێندەی پێنەچوو لێبڕا تۆڵە لەو میرە کوردانەی دەرودراوسێی بکاتەوە کە لە جەنگەی گەمارۆدرانی قەڵای بدلیس‌دا چووبوونە یاریدەی ئۆلمە و فیل‌یاقووب‌پاشا. لە پێش‌دا هێرشی بردە سەر میر داودی خیزانی و بەشێک لە ناوچەکانی بەر فەرمانی تالآن کرد و دایرووتاند و ماوەی سێ شەووڕۆژیش لە قەڵای خیزان دەورەی میر داودی دا.[1] دوای کوژران و بریندار بوونی چەند کەسێک لەوبەرەوبەران، دەنگۆی بزووتنی ئۆلمە بەرەو بدلیس بڵاو بۆوە و شەرەفخانیش لەڕێوە گەڕایەوە و دەستی لە گەمارۆ هەڵگرت. ئەوەندەی بڵێی یەکودوو میرانی خەیانەتکار لە شەرەفخان بێزران و لێی هەڵگەڕانەوە و دایانە باڵ ئۆلمە. هەروەها کۆمەڵێکی خێڵی ڕۆژەکیش لێی زویر بوون و سەریان وەبەر ئۆلمە هێنا کە بریتی بوون لە: میر بوداقی کیسانی، برایم‌ئاغای بڵباسی کوڕی شێخەمیر[ی بڵباسی]، قەلەندەرئاغای کوڕی محەممەدئاغای کەڵهۆکی و دەروێش مەحموودی کەلەچێری.

بەکورتی ئۆلمە سەرلەنوێ دەهەزار[2] چەکداری سوارە و پیادەی نێزەوەشێن و تفەنگچی و کەوانداری بە یاریدەی فیل‌یاقووب و بە دنەی بەڕێزان! گاڵ دا و پاییزی ٩٤٠ی ک/١٥٣٣ی ز، لە ڕێی خیزانەوە ڕوویان کردە تاتیک. لەو کاتەدا نەیتوانیبوو

---

١-بەپێی نووسینی خودی شەرەفخان لە باسی میرانی خیزان (هیزان)دا دەبێ سوڵتان ئەحمەدی کوڕی میر داود دروست بێ. ع.ی.

٢-ل ٢٩٤ی بودلیان: پازدەهەزار. و.

پتر لە پێنج هەزار چەکدار لە دەوری ئاڵای خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام ڕاسپاردەی شاتەهماسبی هـاتـەوە بیری و ویستی بەرەو ئاڵەتاق و ئالشکورد ببزوێ و پیاو بنێرێ بە شوێن مووساسوڵتان و سەرکردەکانی دیکەدا لە تەورێز هـەتا هێزیان بنێرنە هانای و بەرپەرچی هێرشی ئۆلمە بدەنەوە. ئاغایانی ڕۆژەکی بەم کارە ڕازی نەبوون، بەتایبەت سەیدی عەلیئاغای پرتافی کە لەو دەمەدا دەمڕاست و هەمەکارەی شەرەفخان و ڕیش‌سپی و پێشەنگی ڕۆژەکییان بوو دژایـەتیـی نـواند و لـەبـەر فرە گەوجی و نەزانین و نەفامینی، بەرەوڕووی خان و لە دیوەخانیدا گوتی ئەگەر خێڵی ڕۆژەکی خۆی لە شەڕ و بە گژداچوونەوەی ئۆلمە لا بدا و بکەوێتە سەر باری خاوەخاو، من کافران و ئەرمەنییـەکـانی هەرێمی بدلیس لە دەوری خۆم کۆ دەکەمەوە و لووتی دەشکێنم و دەیبەزێنم. ئەگەرچی شەرەفخان زۆر چاکی لە زانستی فاڵهاویشتن و ئەستێرەگەری دەزانی و گوتی بەپێی ڕوانینم لە پەڕەی ڕەمڵ، ئەم جارەیان ئەستێرەی بەختی ئۆلمە لەوپەڕی بەرزیدا خۆی دەنوێنێ و ئێمە نەهاتی بەرۆکمان دەگرێ و بەرەوڕوو بوونی کارێکی هەڵە و بێجێیە، بەڵام خۆی لە خاند قسەی زل و فڕوفیشاڵی کوردان بۆ ڕانەگیرا و بەو هێزە کەمەوە شانی لە شەڕی لەشکری بێئامانی ئۆلمە شل کرد. کاتێک ئۆلمە لە سنووری تاتیکی سەر بە بدلیس ئاسۆگی دا، بەرەوپێش ڕۆیی و بەرەگەی لێ تەنی و لە شانی باشووری قەڵای تاتیک شەڕیان لە نێوانیدا قەوما. ئۆلمە پشتی لەشکری خۆی دابوو بە کەژ و کۆوە و بەرەوەی کە هەرزنەجاڕ بوو، شەو کردبوویە قوڕ و زەلەقێکی سەیر و ئاوی وەسەر گێڕابوو. پاشان توانیبووی ڕیزاوڕیز چەکدارانی تێکبەزێنێ و جەرگە و باڵەوباڵی لەشکری یەنگیچەری و کەواندارى لێ دامەزرێنێ. لەو لاشەوە شەرەفخان قۆشەنی خۆی بەرەوڕووی خەنیم ڕانا و خێڵی ڕۆژەکی لەبەر بادیهەوایی و خۆبەزلزانی هەر بیریشیان لە لێشاوی لەشکری دوژمن و نالەبار بوونی شەرگە نەکردەوە و ملیان لە هێرش و

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەلامار نا و لەوپەڕەوپەڕان لاوانی شەڕانی و شاسوارانی پڵینگانی چەشنی شێرانی سەرمەست و پـالّەوانانی تەڕدەست تێکهەڵچوون و گەرد و تۆزی چرپانچرپان و فڕکانفڕکانی سواران و گڕی ئاگری پێکدادان سەریان گەیشتە ئاسمان.

ڕکێفـــــی پالّەوانــــــان هـــــاتە ڕاژان
بەدەسـتوبرد شـەپۆلێ بـوون دەهـاژان
بریســکەی دا ســـمی ئەســـپی بـــوێران
زەوی خووســـا بە خوێنـــاوی دلێـــران
مەتـــاڵ و شـــیری دەســـتی شـــێرەپیاوان
هـــیلال و خۆریـــان هێنـــایە نـــاوان
کەوان چەشنی نەهەنگ و هەژدیها بـوو
زەمـــان شـــێوا، زەمینـــیش بـــێ هەدا بـــوو
لە هـــالّاوی تفەنگـــی تەم دەبـــاران
تروسکەی شیر، برووسکەی هەوری باران
کە هەوری ڕەش بە گڕ دەریایەدا چـوو
خونـاوکەی گـولله بـاری هـات وا چـوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە گەرمەی ئەم شەڕەدا کە شالّاوی بلێسەی ئاوری تێکهـەڵچـوون و کـوژران و لە خوێن گەوزین سەری گەیبوویە کەشکەلان، میرەبەگی مەحموودی کە قۆڵی ڕاستی لەشکری شـەرەفـخانی پێ سپێرابوو، لەگەڵ هاوڕکێفانی پەڕۆشینەی بێئەمەگیی لە نێوچاوانی بێچاوڕوویی هالّاند و دایە پاڵ ئۆلمە.

ئەی دڵ ویشکەمەلەی چیتە، بە شوێن وەفادا دەگەڕێی
جوامێری باوی نەماوە، لە نێو هاوڕێیان نەگەڕێی!

خوداوڕاستان لـەو دەمـەدا گوللەیەک هات و شانی خانی دیواودەر بڕی و لە حەیبەتان جڵەوی ئەسپەکەی بەدەستەوە نەما. کاتێک چەکدارانی وایان بینی، پشتی یەکتریان چۆل کرد و کەوتنە هەڵاتهەڵات. ئەو ڕۆژە نیزیکەی حەوسەت لاوی خەنجەروەشێنی ئازای دوژمنبەزێن تێداچوون کە پێنسەد کەسیان کوڕە مەزن و میر و ئاغاوەتی ڕۆژەکی بوون و لەگەڵ سەیدی عەلیئاغای بریکاری خان کوژران. سەکربەگی کوڕی سەیدی عەلیئاغا و چەند کەسێکی دیکەش بە دیل گیران. پاش ئـەم ڕووداوە، ئـۆلمـە سەری ڕکێفی بەرەو وان و وستان وەرگێڕا و پێی نەنایە ناوچەی بدلیس. خواروژووری خێڵی ڕۆژەکی دوای قەومانی ئەم کارەساتە جەرگبڕە دۆعایان لە سەیدی عەلیئاغا کرد و گوتیان ڕەبی لە قەبریشدا نەحەسێیەوە و لێرەش تۆوبڕاو بێ. نزا و پاڕانەوەی خەڵک گرتی و هەموویان تێداچوون و جووقەواریان لێ بڕا.

تەمەنی موبارەکی شەرەفخان لە جەنگەی شەهید بـوونیدا لە چل تێپەڕیبوو، پاڵی وە نیزیک پەنجا دابوو. پتر لە سی ساڵی حکوومەت کرد و کەس نەبوو بە شەریکەدەسەڵاتی. تەنیا میر شەمسەددینی تاقانەی لە پاش بەجێما کە لە دامێنی کچی عەلیبەگی ساسۆنی کەوتبۆوە و کیژی محەممەدبەگی حەزۆی خواستبوو بۆ ئەم کوڕە تاقانەیەی. مـاوەی حـەوشـەو و حەوڕۆژ لە گۆکمەیدان خوانی ڕازاندەوە و بەزمی زەماوەندی بۆ گێڕا، بەڵام نەیهێشت لۆتی و چاوەش و هەرچی پێچەوانەی دینە خۆیان بنوێنن و چەشنی مۆرەی نەردێن گشتیان تێکەوەپێچران. لەسەر ڕێوشوێنی شەریعەتی هێژا ڕۆیی و بەپێی دینی پێغەمبەری خودا مارەی ئەم کیژە پاکەی لە تاقانەی بەندی دڵی بڕی. کۆڕی شادی و زەماوەندی وا

نەخشاند کە گەردوونی لەگەڕ بە هەزاران چاوی بە مۆلەقوەستاو لێی ڕوانی و کۆمەڵێک ئەستێرەی ترووسکەداری کردنە شاباش کە لەمێژ ساڵ بوو وەک گەوهەر لە باغەڵ و داوێنی خۆیدا پەروەراندبوونی. پاش ئەوەی نێو تاوڵ و خێوەتان بە بەزموڕەزمی شادیهێن و کەیفبزوێن ڕەنگان، میرانی بەشانوشکۆی کوردستان، بۆ وێنە یەکی وەکوو سەید محەممەدی هەکاری، شاعەلیبەگی بۆتانی، مەلیک خەلیلی ئەییووبی و حەسەنبەگی پاڵووهی بـەشداری ئەم خۆشی و شادمانییە بوون و دڵیان پێی کرایەوە. لەو چەند ڕۆژەدا لاوانی کوردستان بەبێ وچان خـەریکـی گۆیەن و قەپەقێن بوون و بە یاڵتەبەقان پووڵ و زێڕیان دەکـردە پایەنداز و دەیانبەخشییەوە. دوای تەواو بوونی داوەتەکە، مەزن و میرانی هێژا و پایەبەرز هەرکام دیاری و خەڵاتی زۆر چاک و شیاویان بە سەردا بەش کرا و ئیزنی گەڕانەوەیان خواست.

هەر تیرە و تایفە و خێڵێک بە ناحەزی لەگەڵ باب‌وکاڵی بەرزەجێی جووڵابوونەوە، تۆڵەی لێ کردنەوە و قینی خۆی پێ ڕشتن و نەیهێشت لەسەر دڵی گرێ بێ. بۆ وێنە زەبری لە عەشیرەتی پازووکی وەشاند کە شاسمایلی [سەفەوی] بە هەڵکەوتێک خالیدەگۆجی لێ کردبوونە مەزنی سەرکردەکانی کوردستان. خالیدەگۆج ناوچەی «ئووچکان»ی سەر بە مووشی خستبوویە سەر مەڵبەندی خەنووس و دابووی بە ڕۆستەمبەگی برای و ئەویش چەندی بۆی کرابوو ڕۆژەکییانی چەوساندبۆوە و ئێشاندبوونی و ئەوێی کردبوو بە زستانەهەواری خۆی. چلەی زستانی ساڵی ٩٢٢ی ک/١٥١٦ی ز، لە جەنگەی بەفر و سەرماوسۆڵێکی وادا کە ناوچەی مووش لەبەر ویشکەبەند و سەهۆڵبەندان ببوو بە دەریایەکی لیپاولیپی گیانئەستێن و هیچ مەل و باڵندەیەک نەیدەتوانی لێی هەڵفڕێ و بە سەریدا بسووڕێتەوە، شەرەفخان لەگەڵ ١٥٠٠ لاوێکی «لاکان» لەپێی ڕۆژەکی هەڵیکردە سەر ڕۆستەمبەگ و خۆی و دوو کوڕی و چوارسەت گەنجی

بەکاری پازووکیشی کوشتن. بە شیری دەمنەپارێز شەقوپەقی کردن و نێر و مێ و گەورە و گچکەی وەبەر خۆی دان. کۆمەڵێکیان لەو هەرایە دەرچوون و خۆیان گەیاندە ئەشکەوتێک لە نیزیک قەڵای ئووچکان و لێی بنەگر بوون، بەڵام شوێنیان هەڵگرتن و بەری دەرگایان لێ گرتن و بە دووکەڵ قانگیان دان و قڕیان تێخستن. منی نووسەری ئەم لاپەڕانە لە چەند خۆشەویستێکم بیستووە لەو گرگاشەیەدا کە ڕەشەبای «عاد»ی دێنایەوە یاد، تەنیا پیرێژنێک دەرچووە و ئەویش هەمبانەیەکی بە سەر خۆی کێشاوە. میر ئاوا تۆڵەی کاری نالەباری لێ کردنەوە و بە ڕبەی خۆی بۆی پێوانەوە و ژن و منداڵی بە یەخسیر بردن و گەلێک خەنیمەتی هێنا و بە سلامەتی گەڕایەوە.

ساڵی ٣٩[٩]ی ک/١٥٣٢ی ز، [١] بە مەبەستی گرتنی قەڵای ئەختەماری نێوان گۆلی وان و ئەرجیش، کە هەر لە کۆنەوە کەتبوویە بازنەی قەڵەمڕەوی ڕۆژەکییانەوە و دواتر میرانی شەنبۆ وەبەر خۆیان دابوو، پۆلێک لۆتکەی دابین کردن و بە زەبری زۆر گرتی. ڕۆستەمبەگی کوڕی مەلیکبەگی هەکاری کە میرقەڵا بوو، لەو هەرایەدا وەبەر تفەنگ هات و کوژرا. ناوچەی ئەسعرد کە میری بۆتان بە زۆرەملی دایبڕیبوو، لێی ئەستاندەوە و دایەوە دەست مەلیک خەلیلی حوکمڕانی حەسەنکێف. هەروەک پێشتر لە جەنگەی گێڕانەوەی کۆمەڵێک بەسەرهاتی دوابەدوای یەکدا باسی کرا، ناوچەی ئەرزەنی لە چنگ مەلیک خەلیل درهێناوە و داویەتە دەست محەممەدبەگی ساسۆنی. ئەو دەمەش کە خێڵی مەحموودی بە پشتیوانیی قزڵباشان توانیبوویان بەشێک لە هەرێمی هەکاری بۆ خۆیان دابڕن، شێخەمیری بڵباسیی ناردە یاریدەی عیززەددین شێری هەکاری و خەنیم هەیدێی لێ کرا و لە کۆڵ

---

١-لەم دەقەی ئێمەدا نووسراوە ساڵی ٣٩ کە دیارە هەڵەیە. بەپێی دەقی لاپەڕە ٢٩٦ی بودلیان ٩٣٩ی کۆچی دروستە. و.

بۆوە. وەکوو پێشتر باسی کرا، ئورکەمز سوڵتانی قزڵباش دەستی گەیاندبوویە عەوێزبەگی مەحموودی و گرتبووی و لە زیندانی قەڵای وانی پەستاوتبوو، بەڵام خان تینی بۆ هێنا و پێی ئازاد کرد.

شەرەفخان لە کاری خێر ڕانەوەستاوە و مزگەوتێکی زۆر چاک و قوتابخانەیەکی بەرێوجێ و خانەقایەکی خۆش و دڵگری لە خودی بدلیس ساز کردوون و ناوی ناون «شەرەفییە». قەیسەری و کاروانسەرایەکی دوو نهۆمی گەورەی بنیاد ناون. چەند گوندێکی باش و زەویوزاری بەداهات و کۆمەڵێک دووکان و ئاشی بەرمێن و ئاوەدانی کردوونە وەقف و هەتا وەچەی دەبڕێتەوە نێرینەی پشتاوپشتی بنەماڵەی بە سەرپەرستی داناون. لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی شەرەفییە، جێگۆڕی بۆ خۆی دیاری کردووە. شابەگەیخاتوونی خێزانی، کە دەبێتە کچی عەلیبەگی ساسۆنی، گومبەزێکی لەسەر گۆڕەکەی چێ کردووە. مووچەیەکیان لە داهاتی وەقفان بۆ ئەو قورئان لە سینگانە وەبەرچاو گرتووە کە هەموو بەیانە و ئێواران لەسەر مەرقەدی مبارەکی قورئان دەخوێنن.

## سەردێڕی چوارەم

### باسی ژیان و بەسەرهاتی میر شەمسەددینی کوڕی شەرەفخان [1]

ئەوانەی شارەزای زانست و خاوەنی بیرن و دەزانن یەزدان چۆنی ئەم جیهانە ڕۆناوە و تەوەرە و بستەی هەڵسووڕانی بۆ داناوە، وەکوو ڕۆژ لێیان ڕوونە ئەگەر پەروەردگاری دەسەڵاتداری توانای شکۆمەندی هێژا بیهەوێ دەستی بەختەوەرێک بگرێ و هەورازی بەرێ و بیباتە سەرێ، تاجی ترووسکەداری

١-لە پێرستەکەدا نووسیویەتی میر شەرەف. و.

حکوومەتی باربوو دەکا و هێندەی هەڵدەکێشێ هەتا تۆقی سەری لە ئەستێرەی دووبرالان بسوێ. لە هەڕەتی تاریکوڕوونی بەرەبەیانی بەخت و هاتیدا بە سیلەنیگای پڕ پیت و بەهرەی دەیخوێنێتەوە و دەیپەروەرێنێ، هەتا ئەو بەختیارە ببێتە خاوەنی شکۆ و جوانی، بەختەوەری و بارگۆڕان، بەخشین و تۆڵە، لەسەرەخۆیی و زەبروزەنگ، بەزەیی و تووڕەیی، لەز و سرەوتن. جا لێرەدایە کە تیشکەی ڕووناکیدەری «لە ماوەی چل ڕۆژدا قوڕی ئادەمم بەدەستی خۆم شێلاوە»؛ [1] لە ئاسۆی دنیا دەدرەوشێتەوە. لە دوای شکۆی دەنگدانەوەی ئەم وتەیە کە دەڵێ: «ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد، هەتا ببی بە مایەی خێر و خۆشی بۆ تەواوی خەڵکی دنیا»، [2] ئەم وریاکردنەوەیەش دەخرێتەڕوو کە فەرموویە: «لەو کارەدا هیچ شتێک بەدەستی تۆ نییە.» [3] تریفەی مانگی چاردە کە دەبێتە ڕوونکەرەوەی دنیا، «بەدر»ی تەواوە و کارەساتی دڵتەزێنی «ئوحود»ی بە شوێندا دێ. [4] تەختی بەرز و شکۆمەندی دەسەڵات کە چوارپێچکەی سەقامگیر بوونی دەچەقێ و سێبەری بەختیاری و شانازی بە سەری دەکشێ و ڕێوشوێنی ڕێکوپێک بوونی بۆ دیاری دەکرێ، خۆی لە ئاست بارگۆڕانی سەیروسەمەرە بۆ ڕاناگیرێ و هیچی

١- «خمرت طینة آدم بیدی اربعین صباحا»؛ ئەگەر نووسەر مەبەستی فەرموودەی خودا بێ، قورئان قسەی ئاوای تێدا نییە؛ ئاگام لە هیچ دەقێکی دیکەی ئاسمانیش نییە، قسەیەکی ئەوتۆی تێدابێ. و.

٢- «وما ارسلناک الا رحمة للعالمین»، سوورەی ئەنبیا، ئایەی ١٠٧. و.

٣- «لیس لک من‌الامر شی»، بەشێک لە ئایەی ١٢٨ی سوورەی ئالی عیمران. و.

٤- نووسەر ویستوویەتی بە هێنانی ئیهام، هەم بەدر کە مانگی تەواوە لەگەڵ خەزای «بەدر» کە مسوڵمانان تێیدا سەرکەوتن و نیشانەی درەوشانەوە بوو بێنێتەوە یاد و هەم خەزای ئوحود کە لە چیای ئوحود کرا و مسوڵمانان پاش سەرکەوتن تووشی شکست بوون، وەبیر بێنێتەوە. بە «ئوحود» دەیهەوێ «ئەحەد»یش تێبێنێ کە لێرەدا دەبێتە مانگی یەکشەوە. مانگ لە چاردەوە کەم دەکا و دێتەوە سەر یەکشەوە. جیناسی نێوان بەدر و بەدر و ئوحود و ئەحەدیش وەبەرچاو گیراوە. و.

پێ نامێنێ. جا لێرەدا مەبەست هێنانە گۆڕی کۆمەڵێک بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شەمسەددینخان، کە چۆنی سەروخوار کرد. وەکوو دیارە سەرەتا جێی باوکی گرتەوە و لەسەر کورسیی دەسەڵاتی بدلیس پاڵی دایەوە، بەڵام پاشان لەبەروەی سوڵتانی خەزاکەر بە سەرساردی لەگەڵی تێکەوت و بەختیشی چاکی نەهێنا، دەستی هەڵگرت لە نیشتمانی و کۆچوباری لێنا و ئێستا دەکەوینە سەر گێڕانەوەی.

دوای ئەوەی میر شەرەف لە تاتیک خۆشاوی شەهید بوونی نۆشی، خێڵی ڕۆژەکی چوونە شوێنی و لە قەڵای ئەختەمارەوە هێنایانە بدلیس و نایانە بان تەختی دەسەڵات و سەریان وەبەر فەرمانی هێنا و ڕاپەڕاندنی کاروبار و بێنەوبەرەی هەرێمەکەشیان نایە نێو دەستومستی لێوەشاوەی حاجی شەرەفی کوڕی محەممەدئاغای کەڵهۆکی. پاش تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێک بە سەر ماوەی دەسەڵاتیدا، ساڵی ٩٤١ی ک/١٥٣٤ی ز، سوڵتان سولەیمانخان بە فیتی ئۆلمە، برایمپاشای مەزنەوەزیری کردە سەرکردەی لەشکری کۆڵنەدەر و ناردی بۆ ئازەربایجان. کاتێک ئاڵای لەشکری دوژمنبەزێن لە ڕووکاری دیاربەکر شەکانەوە، شەمسەددینبەگ گەلێک دیاریی جوان و چاکی بردن و ڕۆیی بۆ پێشوازیی برایمپاشا و کاتێک گەیشتە نێو لەشکری نەبەزی [عوسمانی]، مەزنەوەزیر دەستی ڕێزی لێنا و لەبری سوڵتان فەرمانی حکوومەتی بدلیسی باربوو کرد و ئەویش وێڕای قۆشەنی دوورەتێشکان ڕووی کردە تەورێز. وەختایەک شاتەهماسب هاتنی لەشکری سوڵتانی بە گوێی ئاشنا کرا، دەستی لە ڕاپەڕاندنی کاروباری خوراسان هەڵگرت و ڕووی کردە ئازەربایجان. لە تەورێزیشەوە کە برایمپاشا هەواڵی گەڕانەوەی شاتەهماسبی زانی، خێرایەکی نامەبەرێکی خۆشاژۆی بەرەو دەرانەی فریشتەلانی سوڵتانی گاڵ دا، کە وەک بای شەماڵ و زریان دەفڕی و ڕایگەیاند ئەوە شاتەهماسب بەرەو ئازەربایجان بەڕێوەیە و تکایە لەم عەجەمستانە

بەرزەچەتری ئاسمانئەنگێوی خۆتمان لە سەر هەڵدە. سوڵتانی خەزاکەر پێداویستییەکانی لەشکرکێشانی دابین کرد و هێزی چەند هێندەی ئەستێرانی خستە ژێر ڕکێفی، کە ئاوەز سەری لە ژماردنی سوڕ دەما و بە دەستەوستانی تێدەما. ئەوسا لە قوستەنتەنییەی ئەهوەنخانەی پایتەختەوە هاتەدەر و تەشریفی بەرەو تەوریز بزووت. وا هات کە هەردک پادشا لە ماوەی مانگێکدا گەیشتنە ئازەربایجان. سوڵتانی خەزاکەر بەپێی داب‌ودەستووری عوسمانی ئاوازەی پەلاماردانی عێراقی لە بازنەی گەردوونی چەمیدە تێپەڕاند و قرمەقرم و توورەتووڕی تەپڵ و زوڕنای جاڕی شەڕ و کوشتاری گوێی گەورە و بچـووکـی زرینگـاندەوە. سوڵتان بۆچوونی سەرکردە گەورەکانی بە هێند دانا و ئەو کەسانەی کردن بە پێشەنگی لەشکری هەمیشە سەرکەوتووی کە زۆرجاران ببوونە پاڵەوانی ئازای مـەیدانی دەست‌وبرد و چاونەترسان و دوژمن‌شکێنی و لەشەڕزانی، هـەتـا بە هێزی شان و باهۆی کامڕەوایی و بە زەبری شیری وەک هەورەبرووسکەیان نەیاران ببەزێنن و ئەو باڵەوباڵ و جەرگەی سپا وەک شوورە و دیواری ئەسکەندەر تێکبتەنن. شاتەهماسبیش هەتا سوڵتانییە بۆی هاتە بەرەوە، بەڵام چونکە لەو دەمەدا گێرە و کێشە و هەرای نێوخۆی قۆشەنی قزڵباشان گەیبوویە پەڕی ئەوپەڕی و نەیتوانیبوو پتر لە هەشت‌هەزار چەکدار لە ژێر ئاڵای‌دا کۆ بکاتەوە، خۆی لە ئاست شەپۆلی لەشکری هێندەی دەریای سولەیمانی ڕانەگرت و ڕووی کردە باڵی دەرەگەزین و هەمەدان. ئەگەرچی کۆئەستێرەی تەرازوو تازە شازدە ڕۆژێک بوو لە ناوچەی کەلووەکان ڕوون درەوشابۆوە و [مانگی ڕەبەز و سەرەتای پاییز] بوو، بەڵام سپای بەفر و سەرما هرووژمی هێنا و هەرێم و ناوچەکانی عێراقی داگرت و کڕێوە و باکوت وایان هەڵکرد کە هێزە کۆڵنەدەرەکانی عوسمانی ڕێگای هات‌وچۆیان لێ گیرا و چورتەیان لێ بڕا. چەکدارێکی زۆری ڕۆمی و ئەسپ و بارگین و یەستر و وشترێکی زەوەندی قۆشەنی خۆشفەڕی

سولّتانی ڕەق هەڵاتن و کەسیرە بوون و نەمانی بژیو و تفاق قڕی تێخستن و بەپێی ئەم ڕووداوە وا دیارە کە سپای ئیسلام چاووزار ئەنگاوتی. سولّتان کە وای زانی چـەکدارانی یەنگیچەری و قورسەباری لە تەوریز ئەسپاردەی دەستی ئۆلمە کـردن و بەرەو داروسسەلامی بەغدا وەڕێ کەوت. محەممەدخانی شەرەفەددین ئۆغلّیی تەکەللووی حوکمڕانی بەغدا، هەر کە بیستی سولەیمان و ڕکێفدارانی بەرەو ئەو شارە دەبزوون، وەکوو وردەمێرووی بێدەسەڵات سەری لـێ شێوا و دەستی ژن و منداڵ و کەس‌وکاری خۆی گرتن و سواری گەمێیانی کردن و بەرەو شووشتەر و دزفوول تێی‌تەقاند و ڕەوی. بەبێ هیچ شەڕ و تێکهەڵچـوونێک سولّتانی خەزاکەر بەغدای گرت و زستانەکەی لەوێ تێپەڕاند. شەمسەددین‌بەگ کە بۆ چوونە بەغداش هەر لە ڕکێفی خەنیم‌بەزێنی‌دا بوو، ئیزنی لێ خواست و گەڕایەوە بدلیس.

کاتێک سەرەتای بەهار سولّتانی خەزاکەر بە ڕێی ئاڵتوون کۆپری‌دا ڕووی کردەوە ئازەربایجان و دەنگ‌وباسی گەڕانەوەی بەرەو بنکەی شکۆداری لە کاسەگومبەزی نەخشینی ئاسمان‌دا دەنگی دایەوە، ڕووکاری ئەخلاتی کردە جێ‌وچانی و خێوەت و سەراپەردەی سەریان گەیشتە تاقی گەردوون و لە شانی مانگ و خۆر وێستان. لەو دەمەدا گەورەوەزیران بە دنەی ئۆلمەی ئاخرشەڕ شەمسەددین‌بەگیان هێنایە دیوانی شکۆمەندی سولەیمانی و پێیان گوت پادشا پێی خۆشە دەست لە بدلیس هەڵگری و لەجیاتیان مەلاتییە و مەرعەش بە ملّکایەتی وەرگری. شەمسەددین‌بەگ وەجواب هات و گوتی سەروماڵ و ملّک‌وماشی ئێمە هەمووی ئی پادشایە. مەحموودی عیمادان یەکێک لە ئاغایانی گەورە و تاقانەی ڕۆژەکی کە بەشداری ئەم کۆڕە بوو، ڕووی تێکرد و بە کوردی دوانـدی و گـوتـی ئەگەر خاکی بەمیراتگەڕاوی باب‌وباپیران و زێدی ڕۆژەکی لە دەستمان دەرچێ، ژیانی ئێمە بە کاری چ دێ؟ میرم هەر چاوم لێ هەڵتەکێنی هەڵدەکەمە سەر

بنکەی ژین www.zheen.org

برایم‌پاشای مەزنەوەزیر و دەیدەمە بەر گۆمەڵی خەنجەر و دەیئەنجنم. ئەورۆ سەت‌وپەنجا پیاوی عێلی ڕۆژەکی هاتوونە دیوانێ! با هەمووومان لەپێناو نیشتمانی خۆماندا بکوژرێین و ناومان لە لاپەڕەی ڕۆژگاردا بدرەوشێتەوە. شەمسەددین‌بەگ لە وڵامدا فەرمووی پادشا و وەزیر لەگەڵ ئێمە بێ‌لوتف نین، هەمووی فیتی ئۆلمەیە.

بەختی بەکاری دوژمن، ئەویش بۆخۆی بەڵایە
دەنا کاری فەرهادی، وا نەدەچوو بە زایە

بەکربەگی ڕۆژبەیانی گەورەی غولامانی ئامەد، کە لەو دەمەدا مەزنایەتیی عادلجوازیشی درابوویە دەستی، زانی ڕۆژەکی دەڵێن چی، بۆیە وەدەنگ هات و بە زمانی کوردی گوتی نەکەی بە گوێی کەسانی نەزانی کورد بکەی، چونکە ئەگەر چەند ڕۆژێکیش هەرێمی بدلیست بەدەستەوە نەمێنێ، هەر ئەوەی کە بۆخۆت دەمێنی، دەتوانی سەرلەنوێ وەچنگی بێنییەوە. کاتێک قسەی شەمسەددین‌بەگ بە خزمەت سوڵتان ڕاگەیەندرا، بە خەڵاتی شاهانە بـەسەری کردەوە و ئەسپێکی بە زین و لغاو و زریزە و قەڵپووزی زێڕەوە دایە و فەرمانی حکوومەتی مەلاتییەشی خستە سەری. ئۆلمەش فەرمانی بۆ نووسرا و دەسەڵاتی حکوومەتی بدلیسی باربوو کرا. شەمسەددین‌بەگ قەڵاتی هەرێمی بدلیسی چۆل کردن و دانییە دەست ڕاسپاردەکانی سوڵتان. پازدە کەسێکی پیاوماقووڵی ڕۆژەکییانی ناردن هەتا بڕۆن و هەوساری سەرۆکایەتیی مەلاتییە وەربگرن. پاش ئەوەی سوڵتان لەگەڵ کاروانی خۆشفەڕی ڕکێفدارانی بارگە و بنەی تێکەوەپێچا و ڕۆیی، شەمسەددین‌بەگ وێڕای خاوخێزانی بە مەبەستی چوونە مەلاتییە ڕێی ملی ساسۆنی گرت. لەو ڕۆژگارەدا سولەیمان‌بەگی عەززانی کە میری ساسۆن بوو، لە ڕێیە تووشی هات و گوتی

مەچۆ بۆ مەلاتییە، چونکە لە بنەماڵەی ئێوەدا هەر تۆ ماوی چاوسوور و میراتگر بی. ڕۆمی هەر پشتیان پێ نابەسترێ و ئەگەر سەرت بە گۆمدا کەن، تۆرەمەی میرانی بدلیس دەبڕێتەوە. بە بیستنی ئەم قسانە ترسێکی زۆری ڕێنیشت و بۆ چوون و نەچوون کەوتە دوودڵی. وا بوو کە ڕاست لەو دەمەدا شاتەهماسب لە ئەرجیش لەنگەری گرتبوو. پادشا بە مەبەستی تاڵان و داڕووتاندنی ناوچەی ئەخلات و مووش، مونتەشاسوڵتان و عەولاخان و بەدرخانی ئوستاجلووی ناردبوون و لەوەی تۆقیبوو کە لەشکری قزڵباشان دەست لە جەماوەری ڕۆژەکی بوەشێنن و خەساربارییان کەن. بەناچار پەکی چوونی خست بۆ مەلاتییە و سەری جڵەوی ئەسپی خۆشاژۆی بەرەو قزڵباشان وەرگێڕا و سـەری وەبن باڵی پادشا هێنا و بە ماڵوکۆچەوە ڕووی کردە تەورێز. شەش کەس لە ئاغایانی ڕۆژەکی هەلیان بۆ ڕەخسا لەگەڵی بڕۆن و ببنە هـاودەنگی. پاش ئەم ڕووداوە، ئۆلمەش تۆقی و بدلیسی چۆل کرد و بـە شـوێن سوڵتانی خەزاکەردا بەرەو دیاربەکر بزووت و ئاوا ماوەیەک دژی بدلیس بێ میر و دژدار مایەوە. هێندەی پێنەچوو کە لەسەر داوا و تکای ئۆلمە مەڵبەندی ئاموورەک، خویت، پوغناد و کرنج لە بدلیس دابڕان و کرانە ناوچەیەک و بەخشرانە برایمبەگی کوڕی شێخەمیری بڵباسی. برایمبەگ قەڵای ئاموورەک و کەڵهۆک و پوغنادی بەدەستەوە گرتن، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا نەیتوانی دڵی قەلەندەرئاغا ڕابگرێ و ئەویش وێڕای دەدەبەگی قەوالیسی و میر محەممەدی ناسرەددینی و چـوارسـەت پیـاوی دیار و سەرناسی ڕۆژەکی لە میرئالای بدلیس هەڵگەڕانەوە و بە ماڵ و منداڵەوە لە نیشتمانی خۆیان ترازان و ڕوویان کردە ئازەربایجان. پاش چوونی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش، شاتەهماسب کەوتە بەسەرکردنەوە و دڵدانەوەی شەمسەددین و سەرناوی خانیی

پێ بەخشی و خستییە ڕیزی مەزن و ماقووڵانەوە. ناوچەی سەراب و چەند مەڵبەندێکی دیکەی دایە و نێوەنێوەش ناوچەی مەراغە، دەماوەند، دارولمەرز [1]، کەرهرووود، جەهرووود و فەراهانی عێراقی باربوو کرد. شەمسەددینخان زۆربەی کات و ساتی تەمەنی لە خزمەت شادا ڕادەبوارد کە بە گەرمێن و کوێستانانەوە دەگەڕا. نیزیکەی ١٥٠ کەس لە پیاوانی ناوداری ڕۆژەکی خرانە ڕیزی پاسەوانان و ئێشکگرانی پایەبەرزی پادشا. بۆ وێنە شێخەمیری بلباسی و دەدەبەگی قەوالیسی پلەی بالآی «یووزباشیگەری»یان [2] پێ بەخشرا و بەسەر کرانەوە.

پاش ئەوەی دەدەبەگ و میر محەممەد و قەلەندەرئاغا پەڕەوازەی هەندەران بوون، خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی ئامەد کەوتە دڵەخورتێ سەبارەت بە برایمبەگ و پیاوی نارد بە شوێنیدا هەتا سەرێک لە دیاربەکر هەڵێنێ، بەڵام ترسی بە دەروونیدا گەڕا و چوونی بە پشتدا خست و خۆی دایە لانی دابەستنی قەڵاکانی. کاتێک چۆنیەتیی ئەم هەواڵە بە پێچکی تەختی کانگای بەختی سوڵتان ڕاگەیەندرا، فەرمانی بێبەرگێڕەوەی نووسی بۆ مەزن و میرانی کوردستان تا پێکەوە بچنە سەر برایمبەگ و لە لانیدا بیگرن و ئەوانیش بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکە بزووتن و لە قەڵای کەڵهۆک گەمارۆی برایمبەگیان دا. ئابڵۆقەدراوان دەرەتانیان لێ بڕا و تەنگیان پێ هەڵچندرا و بەناچار برایمبەگ لە دەرگای ئاشتی و پێکهاتنی دا و قاسمئاغای برای نارده لای خوسرەوپاشا هەتا لە تاوانەکانی ببوورێ. پاشا گوتی باشە، بەڵام بە مەرجێک ڕازیم و دەیبەخشم کە خودی برایمبەگ بێ، کەچی دڵی خەتەرەی کرد و نەچوو. برایمبەگ، شێخەمیری برایەکی دیکەی خۆی نارده لای ئەو مەزن و میرانەی کە لە دەوری قەڵای هاڵابوون و تکای لێ کردن تاکوو شێخەمیر بنێرنە لای پاشا و دەرفەتی لێ بخوازن بۆ پاش چەند

---

١- ناوچەی گیلان و مازندەران و ئەستەراباد. ناوچەی گیلان بەتایبەتی. و.

٢- یووزباشی وشەیەکی تورکییە بەواتای سەرگەورەی سەت کەسان. سەرلک. و.

ڕۆژی دیکە هەتا دوای ئـەوەی ئـەوان دەوری قەڵایان بەردا، ئەویش بچێتە خزمەتی و داوای لێبووردنی لێ بکا. کاتێک میران ئەم داوا و تکایەی برایمبەگیان بە گوێی پاشا ئاشنا کرد، ملی نەدا و لەڕێوە قورسترین سزای بـە سەر شانی قاسمئاغای برایدا سەپاند و لە ئامەد کوشتی. پاشان فەرمانی نارد بۆ میرانی دەورەی قەڵای کەڵهۆک هەتا شێخەمیری براشی بکووژن و هەستی لێ ببڕن و چاکتر تیرەی گەمارۆی لێ توند کەن. چەند دۆستێکی شێخەمیر ئەم بڕیارەیان بە گوێیدا چرپاند و ئەویش لە جەنگەی نوێژی شێوان‌دا بە بیانووی هەڵگرتنی دەسنوێژ لە نێو کۆڕی میران وەدەرکەوت و ڕووی کردە نێو مێشە و لێڕەوار و ڕەوی و خۆی گەیاندە نێو عەشیرەتی هەکاری و لەوێشەوە ڕووی کردە بەرەی قزڵباشان.

کاتێک برایمبەگ بە کوژرانی قاسمئاغای برای و ڕاکردنی شێخەمیری زانی، پەنای بردە بەر قەڵای ئامووڕەک و لەوێش تـۆتـەکەی نەگرت و ئەسپی بەرەو قزڵباشان تاو دا. گەمارۆدراوانی قەڵا هاواریان لێ هەستا و خۆیان هاویشتە لای میران هەتا ژیان و مانیان پارێزراو بێ. لەسەر دەنگی میران، بەهائەددینبەگی حوکمڕانی حەزۆ بوو بە تکاکاریان و بەخشران و بە سلامەتی دەرباز کران و هەرسێک قەڵاش کاولێندران.

شاتەهماسب و شەمسەددینخان باڵیان بە سەر برایمبەگ نەکێشا و خۆیان تێنەگەیاند، بۆیە دوای دوو ساڵ گەڕایەوە ڕۆم و شمشێر و کفنی خستە ئەستۆی و ڕووی کردە دەرانەی بەرزی سوڵتانی خەزاکەر سولەیمانی دووهەم.[1] بە تیشکەی بەودمی بەسەرکردنەوەی سوڵتانی ڕاستوچەپ بە سەر تاوانەکانیدا کێشران و لە هەرێمی ڕۆمئیلی ناوچەیەکی باربوو کرا و هەتا ژیا هەر لەوێ بوو، بەڵام

١- مەبەستی ئەوەیە کە دوای سولەیمانپێغەمبەر، ئەو دووهەمینە. و.

سەرەنجام بەدەست کۆیلەغولامانی خۆی کوژرا. وەکوو پێشتر باسی کرا شێخەمیر لە پێش‌دا پادشا زۆری چاکە لەگەڵ کرد و داینا بە سەرلکی چەکدارانی کوردی بەر فەرمانی، کەچی هێندەی تریاک کێشا وەک باوی پێشووی نەما و لەبەر چاوی پادشا و خێڵ و خزمان و قۆشەنچییان کەوت و لە کنیان سووک و چرووک بوو. سەرەنجام ساڵی ٩٦٥ی ک/١٥٥٧ی ز، کە کرابوویە بریکاری منی هەژار لە شیروان مرد. دەدەبەگیش کە بە سەرلکی سەربازانی تاران داندرابوو، لەسەر کار لادرا و لەگەڵ چل کەس لە چەکدارانی ڕۆژەکی کرایە پاسەوانی باوکی سەروەرم و ساڵی ٩٥٦ی ک/١٥٤٩ی ز، لە گورجستان خۆشاوی شەهید بوونی بە سەرەوە نا.

پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک شەمسەددین‌خان بەجارێک وەڕەز بوو لە هاوڕکێفیی پادشا و دوورەپەرێزیی هەڵبژارد و دابڕا. لە داهاتی شاری ئیسفەهان بڕی سەت تمەنی مووچەی بەڕێچوون بۆ بڕایەوە کە دەبێتە دووسەت هەزار ئاقچەی عوسمانی. فەرمانی تەرخانیشی بۆ وەبەرچاو گیرا و چوونە شەڕومەڕیشی لە کۆڵ بۆوە و ئیزن درا هەتا نیشتەجێی ئەم شارە بێ. پاش تێپەڕبوونی دە ساڵێکی ئاوا، شاسمایلی دووهەم لە قەڵای قەهقەهە وەدەرکەوت و لە قەزوێن دانیشتە سەر تەختی پادشایەتی. پیاوی نارد بە شوێن باوکی بەرێزمدا و بردی بۆ لای خۆی، بەڵام چونکە ماوەی ٦٧ ساڵ تێپەڕیبوو بە سەر هەوارەوهەواری تەمەنی‌دا و زۆربەی کات و ساتی موبارەکی هەر پیشی خواردبۆوە و لە ژان و پەژارەدا تلابۆوە، وەڕەز ببوو. لەوەش بترازێ هێندەی تریاک و شیلەومیلەی نەشەبزوێن کێشابوو، کە مێشکی پووچابۆوە و نەیدەتوانی وێڕای خونکاران هەستێ و دانیشێ و پێی خۆش نەبوو لەگەڵ کەس تێکەڵاو بێ و ببوویە دەستەملانی تەنیایی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوانەی ئەویندارى تۆن، بۆ یادی خەڵکی خامۆشن
تا پرشنگی یادی تۆ بێ، کۆمەڵ هەموو فەرامۆشن

لەو ماوەیەدا لێکدابڕانی لەگەڵ کوڕان و کچانی و سەرلەبەری عێلی ڕۆژەکی، ئەوەندەی دیکەشی تووشی مەرەد کردبوو. بەهەڵکەوت ڕاست لەو دەمەدا کە تەشریفی هێنایە قەزوێن، تەواوی منداڵەکانی و پیاوماقووڵانی خواروژووری ڕۆژەکی لەوێ بوون و چاوی پێیان ڕوون بۆوە و دڵی پێیان گەشایەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا حاڵی موبارەکی شێوا و نەخۆشی تینی بۆ هێنا و پەکی کەوت و بەرگەی نەگرت و بەدڵەوە گوێی بۆ ئەم بانگەوازە شل کرد کە دەیگوت: «بە دڵخۆشی بچۆوە لای پەروەردگارت، چونکە ئەوت لە خۆت ڕازی کرد.» [١] پاشان کە بیستی «تازە تووشی ژیانێکی خۆش بووە و گەیوەتە بەهەشتێکی بەرز»، [٢] دڵی پشکووت و ڕۆیی بۆ بەر دلۆوانیی خودا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو ڕۆیشـــت و تێـــپەڕی لەم ڕێگـــایە
تێـــنەپەڕێ کـــوا هەیە لەم جێگـــایە
ڕێگەی نەمان هەمـوو کەس دەیـداتە بەر
شـــیری تیـــژی مردنـــی دەگـــاتە ســـەر
جـــێگەی یـــادی بەهەشـــتی تاهەتـــایی
گیـانی بفـڕێ بـۆ ســێبەری خـودایی

١ - «ارجعی الی ربک راضیة مرضیة»، ئایەی ٢٨ی سوورەی بەلەد. و.
٢ - «فهو فی عیشة راضیة، فی جنة عالیة»، ئایەی ٢١ـ٢٢ی سوورەی حاققە. و.

شەمسەددینخان دوو کوڕی لە پاش بەجێما؛ یەکیان شەرەف کە ئەم لاپەڕانە ڕەش دەکاتەوە و ئەوی دیکەشیان خەڵەف بەگ کە ماوەیەک کەوتبوویە ڕیزی پاسەوانانی شاتەهماسب و چەند ساڵێکیش کرابوویە «یووزباشی». سەرەنجام لە سەردەمی شاسوڵتان محەممەددا گەیشتە پلەی میرایەتی و یەکێک بوو لە یاران و نیزیکانی هەمزەمیرزا. دوای کوژرانی هەمزەمیرزا، سەری وەبەر دەرانەی بەرزی پادشای خودالێخۆشبوو سوڵتان مرادخان هێنا و شانازیی میرایەتیی ناوچەی ئالشکورد و مەلازگردی پێ برا.

## کۆتایی

## باسی ژیان و سەربوردەی منی کڵۆڵی شکستەباڵی بەلەنگاز، هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە هەتا ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچییە

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە نێو مەیدانی گۆیەندا، وەکوو گۆ بووم بە مانگ و ساڵ
شەقۆنی کاشۆی چارەنووس، لە منی تێکدابوو حاڵوباڵ
ماوەیەک پشتاوەژوو بووم، لە نێو جەغزی ژیانمدا
هەروەک چۆن منالی ساوا، بێدەستەڵاتە و کرچوکاڵ
بێ وەی گوناهێکم هەبێ، وەکوو دەستەی سەربزێوان
لە بێشکەدا شەتەک درام، بە دەسرازە بەستیانم باڵ
نەگەیبوومە دارەدارە و چەچەی نەرم و شلم بێهێز
نەمدەکرد مۆرەی زەواد و زمانم وەک زمانی لاڵ

مـژۆڵم خـوێنی جگەرمـی دەپڕژانـد و لێـی دەبـاری
شـیری بەتـام و بێگـرێ، لە زارمدا وەک ژەکـی تـاڵ
هێشتێ هەراش نەبووم جارێ، پوختە نەبوو عەقڵم بۆیە
نەمدەزانی ڕاست و چەپم، دەکەونە کام لا و کامە باڵ
دایکم بە ئامێزی گەرمی، گەورەی کردم ڕۆژ و شەوان
لە پاشان باوکی دڵسۆزم، لەسەر سەرم بوو بە شاباڵ
مامۆسـتایەکی بـۆ گـرتم، هەتـاکوو چـاکم ڕابێنـێ
ئەویش بەرکەمەندی کردم، بە فامین و داوی خەیاڵ
پاشان گیـانی منـی هێنـا و وەکـوو زەمینـی بەرپێـژەو
توخمی واژەی پڕی لێ چاند، لە زانین و عیلم و کەماڵ
ڕووناکی کرد بەرچاوی من، هەتاکوو ڕەنگ بداتەوە
دیمەنی نەخش و نیگاران، وەک بووکانی خۆشخەتوخاڵ
دەموپلـی وا ڕاهێنـام، کە هـیچ گـرێم لە بەر نەمـا
شێوەی وشە و دەربڕینی، چاکم پێ کـردن گاڵەگـاڵ
وانەی کەلامی فێر کـردم، تێپەڕیم لە حینجەومینجە
وەک چۆن کەسێ پێبەندی بێ و ڕێ داگرێ و بڕوا بەحاڵ
کاتێ بەندی سەر زمـانم، هیچـی نەمـان و هەڵپسـان
فڕیم بۆ شوێنی مەبەستم، تیژ هەروەکوو شنەی شەماڵ
لە بێی بیسمیللاوە یەکسەر، گیر نەبووم تا سینی یاسین
مامۆستا چا پێی دەخوێندم، دەرسی پێ دەکوتم داڵبەداڵ
لەم وار و بوارەش تێپەڕیم، بە شوێن زانستی تازەدا
بەجـێم هێشـتن ئەوانەی وا، تـازە دەیـانکرد گڕوگـاڵ

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە زانایـانی ڕێزمـان، فێـر بـووم زمـانی عـارەبی
واژەناسان پێیان گوتم، شـێوەی ئیعلالـێ خاڵبەخـاڵ
بەپێی زانستی شەریعەت، بەباشی بۆم ڕوون بوویەوە
چ شتێکە بەڵگەی داوەری، بۆ هەر حەرام و هەر حەڵاڵ
ڕێی پێغەمبەر و یاران و ڕەوشـتیان هـاتە بەرچـاوم
بەپێی دەقی حەدیسگەلێ، کە زاناگەل تێیا بوون قاڵ
کاتێ بە زانستی ڕووتی، دەروونـم بـۆ نەبـوو پاراو
لێبـڕام زانسـتان بێـنم، بیـانبەم بـۆ نێـو قاڵمەقـاڵ
لە شـێوان هەتـا بەیـانی، چـوومە نـزا و پـاڕانەوە
لە بەربەیان هەتا شێوان، فکرم دایە بەر مشـتوماڵ
لە سایەی بیر و زکرەوە، سـەرم بـردە دیمەنگـایەک
کە هـیچ پەردەم لە بەر نەمـا، فـڕێ درا سرسـیپاڵ
پرشـنگی پەروەردگـارم، بەڕوونـی هـاتە بەرچـاوی
هەروەک چۆن نسێ و ڕووناکی، خۆ دەنوێنن بێخڵتوخاڵ
ڕواڵەتـی فـرە چەشـنم، لە نـاخمدا تاقـانە بـوو
وەک چۆن پۆلووی ئاورگەردێن، کە سووڕا دەبێتە یەک خاڵ [1]

ئەگەرچی هەموو مرۆیەکی خوێندەواری شارەزای فرەزانی پیتۆڵی بواری زانایی لێی ڕوونە کە مەبەستم لە نووسینی ئەم پێشەکییە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆمی هەژاری باڵشکاوە، بەڵام چۆنیەتیی ژیانی ئاخرخێرم بە سەرگوڵخۆری ڕادەنێم و لە نووکەوە پێدا دەڕۆم و هەتا ئێستا دەینوێنم. پاش ئەوەی کە باوکی پایەبەرزی منی کلۆڵ چارەنووس ختەی داوە و بەناچاری لە زێد و نیشتمانی دڵبەندی هەڵپچڕاوە و

١- ئاورەحمانی جامی. و.

کەوتۆتە عەجەمستان و تەرکەوەتەن بووە، دایکی منی داماوی خواستووە کە دەبێتە کچی ئەمیرخانی مووسڵوو.[١] ئەمیرخانی باپیرم کوڕی گوڵاویبەگ کوڕی میرەبەگە کە ناسراوە بە تۆقاتی بایوندوری و لە سەردەمی پادشایەتیی حەسەنبەگی بایوندوریدا یەکێک بووە لە مەزنەمیرانی ئەو خانەدانە. ئەو دەمەی حەسەنبەگ لەگەڵ سوڵتان ئەبووسەعیدی گوورکان لە قەرەباغ تووشی شەڕ هاتووە و لە دەشتی بایبۆرت لەگەڵ سوڵتان محەممەدخانی غازی تێکهەڵچووە، ئەمیرخان ئەوەندەی بڵێی ئازایەتیی نواندووە و لەو کاتەدا میری ئەرزەنجان و دەوروبەری بووە. هەر ئێستاش گەلێک شوێنەواری بەخێروبێری وەک مزگەوت و فێرگەی لە شارۆچکەی ئەرزنجان ماون.

بەکورتی و پوختی دەبێ بڵێم کە دوای تێپەڕ بوونی حەوت ساڵ بە سەر پەرەوازە بوونی باوکمدا، منی هەژاری خاکەساری ناچیزەی بێپەڕوپۆ، ڕۆژی بیستی مانگی نێوجێژنانی ساڵی ٩٤٩ی کۆچی،[٢] کە ساڵی کەروێشک بووە، لە شارۆکەی «کەرهڕوود»ی سەر بە «قوم»ی عێراق لە دایک بووم. منی کلۆڵ لەماڵی قازییەکانی کەرهڕوود پێم ناوەتە جەغزی ژیان، کە بە ڕەسەن دەچنەوە سەر قازی «شورەیح»ی کووفی و لەوەتی دەربەدەر بوون هەمیشە پیاوی زانا و پایەبەرز و خوێندەواری مەزنیان لێ هەڵکەوتووە. من لام وایە لە ودمی دۆعای بەخێری ئەوانەوەیە کەوا لە تافی منداڵیمەوە هەتا ئێستا کە تەمەنم لە پەنجا تێپەڕیوە و بەرەو شەست هەڵکشاوە، هەمیشە لەگەڵ خوێندەوارانی زانا و پەرەپێدەرانی زانست هەستاوم و دانیشتووم و هەرگیز بۆ تاوێکیش لەو پایەبەرزانە هەڵنەبڕاوم.

١- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە لاپەڕە ١٧٧ی دەقی عەرەبیی «تاریخ الکرد و کردستان»دا نووسیویەتی، خێڵی مووسڵوو کوردن. ع.ی.

٢- ٢٥ی فێورییەی ١٥٤٣ی زایینی. و.

لە پرزەوپاڵی لەش جامی، خۆ داشۆرە، پاکەوە بە
ببە خاکی بەر پێی پاکان، بە شوێن قافڵەی چاکەوە بە
بەڵکوو لە خاکی ئەو ڕێیە، تۆ بگەیتە تۆز و گەردێ
قەڵش بەری بە تۆزێک و پێ بگەی، ببی بە مەردێ [1]

وەکوو دیارە پادشای خودالێخۆشبوو شاتەهماسب دابێکی داهێنابوو کە وەچـەی مەزن و میر و پیاوماقووڵانی حکوومەتی لە تەمەنی کاڵی و منداڵیڕا دەبردنە ئەندەروونی تایبەتی خۆی و دەیخستنە ڕیـزی شـازادان و بـۆ چاوترووکانێک چییە چاوی لە ڕاهێنان و پەروەراندنی خافڵ نەدەکردن و دەیئەسپاردنە دەست مامۆستایانی هێژا و پێی دەخوێندن. هەمیشە هانی دەدان کە فێری قورئان و شەریعەت و پـاکی و پـارێزگاری بن و لەگەڵ مرۆی بەدین و ئەمین هەستن و دانیشن و خۆیان لە کەسانی چەپەڵ و شەڕانی و چەوتەبیر و بەدسرشتی لادین بپارێزن و لە ڕێبازی چوونە خزمەت زانایان و مـامـۆستـایـانـی هـــەرە خـوێندەوار لا نەدەن. پاش ئەوەی هەراشیش دەبوون و چاکە و خراپەیان لێک دەکردەوە، لەسەر ڕێوشوێنی سەربازی و تیرەندازی و گۆیەن و غار و ڕمبازی و یاسا و ڕێسای ئازایەتی و مرۆڤایەتی ڕایدێنان و دەشیگوت جاروبارە خەریکی هونەری وێنەگەری و نیگارکێشانەوە بن، چونکە گرێی سەر ڕێی سەلیقە لادەبا و لێکولووسی دەکا.

هەر کەس کە بەختـــی چـــاکی هێنـــاوە
دڵێکـــی ڕۆشـــن ڕێـــی نیشـــان داوە

---

١-حەوت ئەورەنگ، ئاوڕەحمانی جامی. و.

هەر سـ...ـیلەچاوێک لە ڕووی سـ...ـەفایە
مـ...ـز دەکـ...ـاتە زێـ...ـڕ، وەک کیمیـ...ـایە
هیممەتـ...ـی پاکـ...ـان کە بێـ...ـتە گـ...ـۆڕێ
دڕوو دێ بە گـ...ـوڵ ڕەنگـ...ـی دەگـ...ـۆڕێ

بەپێی ئەو دابە باوەی سەردەم، ساڵی ٩٥٨ی ک/١٥٥١ی ز، کاتێک منی بەستەزمان پێم نایە تەمەنی نۆ ساڵی، بردیانم بۆ ئەندەروون و جێی تایبەتم بۆ دابین کرا. ماوەی سێ ساڵ لە نێو ڕایەڵە و زنجیرەی ئەو پادشا کردەپاکە و لە ڕیزی خزمەتکارانی ئەو سوڵتانە ئاکارجوانەدا ڕامبوارد. ساڵی ٩٦١ی ک/١٥٥٣ی ز، کە باوکی پایەبەرزم دەستی لە هاوڕکێفی و خزمەتی پادشا هەڵگرت و دوورەپەرێزیی هەڵبژارد، سەرپاکی خێڵی ڕۆژەکی تکایان کرد تاکوو شاتەهماسب منی کڵۆڵی لە جێی دابنێ. پادشا لەسەر تکا و داوای ئەوان منی بەستەزمانی لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا بەسەر کردەوە و دانیام بە میر و ناوچەی «سالیان» و «مەحمووداوا»ی سەر بە شیروانی پێ بەخشیم. پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر ماوەی دەسەڵاتمدا لەو شوێنە، شێخەمیری بڵباسی کە لەلە و دەمڕاستی منی کڵۆڵ بوو مرد و ناوچەی «سالیان»یان لێ گۆڕیم. منی هەژار لە هاوینەهەواری «حەرقان»[1] چوومە خزمەت پادشا و ئەسپاردەی دەستی محەممەدبەگی خاڵی خۆمی کردم کە حوکمڕانی هەمەدان بوو. بەڕێزیشیان منی سەرگەردانی خستە نێو ڕیزی منـداڵـەکـانی و کیژی خۆشی لێ مارە کردم. شاتەهماسب بڕی بەڕێچوونی ئەم هەژارە و بژیوی ڕۆژەکییانی خستە سەر داهاتی دەوروبەری هەمەدان. ماوەی سێ ساڵی دیکەم لە هەمەدان ڕابوارد. کاتێک هەرای سوڵتان بایەزید قەوما و پەنای

١-بودلیان ل ٣٠٥: «جرمان» [یان جەرمان]. و.

**بۆ پادشا هێنا و پاش هاتوچۆی ڕاسپاردان لە ڕۆمەوە گیرا،[١] پادشا ناردی بە شوێن باوکی خودالێخۆشبووم‌دا و لە قەزوێن کەوتە دڵدانەوەی و سەرلەنوێ بە مەزنی ڕۆژەکییانی دانایەوە و ناوچەی کەرهڕوودی سەر بە «قوم»ی پێ بەخشی و بەرەو ئەو باڵەی بەڕێ کرد. دوای چەند ساڵ دیسان باوکی خودالێخۆشبووم، بێنەوبەرەی نابەدڵی دەسەڵاتی لە پێش چاوی کەوتەوە و شای بەهەشتەلان سەرلەنوێ مەزنایەتیی ڕۆژەکییانی ئەسپاردەوە دەستی منی هەژاری مەراش. بڕی مووچە و بژیوی بەڕێچوونی پیاوەکانمی خستە سەر داهاتی ئیسفەهان و منی کەساس ماوەی دوو ساڵی بێنێوبڕ لە قەزوێن وەکوو هاونشینی مامەوە. پاش ئەم دوو ساڵە خودای مەزن وای هێنا کە خانئەحمەدی گیلانی، والیی بیەپیش لێی قەوما و پادشای خوابەخشیو لێبڕا هەرێمی ژێر دەسەڵاتی بگرێ و منی هەژاری لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی قزڵباشان ڕاسپارد هەتا پێی ڕابگەین و بیپارێزین. سەرکردەکانی قزڵباشان وا بە کاران نەچاران کە پادشای خودالێخۆشبوو پێی ڕازی بێ و بڵێ ئۆخەی، بەڵکوو شانیان لە ئازار و ئێشاندنی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١- سولْتان بایەزید کوڕی سولْتان سولەیمانی عوسمانییە. چەند جارێک لەگەڵ سولْتان سەلیمی برا گەورەی تووشی شەڕ و مەلانە هاتووە و بە پیلانی برا و براژن و دەستوپێوەندەکانیان لە پێش چاوی باوکی ڕەش کراوە. ساڵی ٩٦٦ی ک/١٥٥٨ی ز، باوکی حکوومەتی کووتاهییەی لێ ئەستاندۆتەوە و ئەویش چۆتە جەستەی سولْتان سەلیمی برای. سولْتان سولەیمان کە وای زانیوە، لەشکری کردۆتە سەری و شکاندوویەتی. بایەزید سنووری ئەرمەنستانی هەڵبواردووە و نامەی نووسیوە بۆ شاتەهماسب هەتا پەنای بدا. شا ڕازی بووە، بەڵام سولْتان سەلیم هێندەی زێڕ و بەرتیل بۆ ناردووە، کە شاتەهماسب بیانووی دارشتنی پیلانی پێ گرتووە و مانگی شابانی ٩٦٧ی کۆچی لە زیندانی پەستاوتووە. ڕاسپاردەی سولتان سولەیمان گەیشتوونە سەری و سولْتان بایەزید و چوار کوڕی ڕۆژی هەینی ٢٢ی مانگی نێوجێژنانی ٩٦٩ی کۆچی لە مەیدانەئەسپی قەزوێن بەچنگ ئەم نێردراوانە خنکێندراون و تەرمەکانیان بردوونەوە خاکی عوسمانی (وشەدانی دێهخودا). و.

جەماوەر و چەوساندنەوەیان داخست و زیقەیان پێ کردن، بەڵام منی کڵۆڵ کە پێم خۆش بوو خەڵک و خودام لێ ڕازی بێ، چۆن چاکە ئاوا لەگەڵ دانیشتووان و مسکێنان هەستام و دانیشتم و ویستم ئاواتی دڵی پادشا وەدی بێ.

کەسانی ورد و وریا دەبنە هاودەمی شایان
دەکەونە بەر دڵی کێ؟ دڵی جیهانپەنایان
هەم وەکوو نەشتەر دەچن بە جەرگی زاڵمانا
هەم بۆ برینی مەزلووم دەبنە مەرهەمی شایان

لەسەر ئەم ڕێوشوێنەی کە ڕەچاوم کردبوو، پادشای مەزن چەند جارێک فەرمانی پیرۆزی بۆ ناردم و فەرمووی ئەوپەڕی دادەوانی و ئازایەتی و جوامێریی تۆ لە بیری پرشنگداری ئێمەی پایەبەرزی خۆشفەڕدا ڕەنگی داوەتەوە و دەزانین چۆن بەچاکی لەگەڵ ڕعێتان هەستاوی و دانیشتووی، یاخوا ڕووسووری دنیا و قیامەت بی. بەکورتی دەبێ بڵێم کە لە پیت و بەرەکەتی دوعای بەخێری ئەو پادشا دادپەروەرەوە دەسەڵاتم وای گەشە کرد کە بە خۆم و ٤٥٠ کەسی سوارە و پیادەوە توانیم بەرەنگاری کەسێک ڕاوەستم بەناوی سوڵتان هاشم لە تۆرەمەی فەرمانڕەوایانی گیلانی کە خەڵک کردبوویانە مەزنی خۆیان و بە هەژدەهەزار سوارە و پیادەوە هاتبوویە سەرم. پاش قەومانی شەڕ، یەزدانی مەزن بوو بە پشتیوانم و سپای ئەو نەگبەتییەم شکاند و نیزیکەی ١٨٠٠ گیلانی لەو هەرایەدا کوژران و سێ قەڵاقووچکەیان لە کەللەسەریان هەڵچندرا. جگە لەم سەرکەوتنە، چەند جارێکی دیکەش یاریدەدانی بێگومانی[١] غەیبی خۆی نواند و

١- مەبەست لە بەڵێنی «لاریب»ییە کە چەند جار لە قورئاندا باسی کراوە. و.

دەسکـەوتـی لێ کەوتەوە و گەشە و برەوی دا بە ڕۆژگاری دەسەڵاتی منی کەساسی داشکاو. کاتێک کەش و هـەوای ناخۆش و بەچڵک و کێمی گیلان تینی هێنا و نەخۆشیی بەرەبەرە و درێژخایەن گەلێک پیاوی بەدەستوبردی ڕۆژەکییانی تێدا بردن، دڵم لێی هەڵکەندرا و بێزرام و منی هەژار ویستم چی دیکە لەوێ نەمێنم. ڕووی ڕاستەقینەی مەبەستەکەم گەیاندە خزمەت پادشای هێژا و ئەویش دوای حەوت ساڵ مانەوەم لەوێ ئیـزنی دەرچوونی دام و گەڕامـەوە قەزوێن و لێڕا هەتا منی کڵۆڵ لە ڕکێفی خۆشفەڕیدا بم.

کاتێک قزڵباش لە یـەکتـر ڕاسـان، بارودۆخەکە گۆڕا و دووبەرەکی باڵی ئەنگاوت و شاتەهماسبیش لەبەر پیری هیچی بۆ لەگەڵ نەکران و زۆر وێدەچوو هێندەی پێنەچێ دە گژ یەکتر ڕاچن و ئاوری ئاژاوەیەکی گەورە بتەنێتەوە. منی هەژار مانەوەم بە بەرژەوەند نەزانی و تکام لێ کرد هەتا بمنێرێ بۆ یەکێک لە ناوچە و هەرێمەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. شاتەهماسب بەشێک لە ناوچەی شیروانی بەخشی بە منی هەژار و دابینبوونی بژیو و تفاقی خێڵی ڕۆژەکییانی خستە سەر بەشەداهاتی تایبەتی شاهی لە چەند مەڵبەندێکی شیروان کە بریتی بوون لە تەراکمات (تورکمانات)، ئەرەش، ئاقداش، قەباڵە، باکۆ و کەناراب. بەپێی فەرمان منی بەستەزمان چوومە شیروان و هەشت مانگ لەوێ مامەوە کە هەواڵی نەمانی شای خودالێخۆشبوو لەگەڵ قەومانی کێشە و هەرای قەزوێن و کوژرانی سوڵتان حەیدەرمیرزا و دەربازبوونی سمایلمیرزا و کشانی بەرەو قەزوێنی پایتەخت، بڵاوبۆوە.[1] لەم کاتەدا فەرمانی پیرۆزی گەیشتە دەستم و لە شیروانەوە

---

١- سـمایلمیرزا واتە شاسـمایلی دووهەم (٩٤٢-٩٨٥ی ک/١٥٣٥-١٥٧٧ی ز)، کـوڕی شاتەهماسب و سێهەم پادشای سەفەوی، کە باوکی لێی تۆقیبوو، بۆیە پاش ئەوەی لەسەر حکوومەتی هەراتی لابرد، خستییە زیندانی قەڵای قەهقەهە. پەریخـاتوونی خوشـکی دوای نەمـانی بـاوکی لەو بەنـدەی ڕزگـار کـرد و سـاڵی ٩٨٤ی ک/١٥٧٦ی ز، بـوو بە شـا. ←

چوومە خزمەتی و کەوڵی شانازیی خستە سەر شانم و داینام بە گەورەی میرانی کورد و فەرمووی بەردەوام لە ڕکێفی هەمیشە بەختیاریدا بم و هەر کاتێک مەزن و میرانی کوردستان، لوڕستان، گۆران و تێکڕای هۆز و خێڵاتی دیکەی کوردیش کاریان هەبوو لە بارگای پادشا، دەبێ سەرلەبەریان بێنە لای منی کلۆڵ هەتا تەواوی کاروباریان ڕاپەڕێنم و چارەسەری گیروگرفتیان بدۆزمەوە. ئەوەندەی دەستی ڕێز لێنام کە هاوشانەکانم چاویان چووە پشتی سەریان و تەنانەت مەزنانی قزڵباشیش ئێرەییان پێ بردم. سەرەنجام پیلانگێڕان هەدایان نەدا و لە بنەوە بە خزمەتیان ڕاگەیاند کە منی بەستەزمان و چەند میرێکی قزڵباش بە تەماین هەتا سوڵتان حوسێنمیرزای برازای لەبری وی بکەینە شا. لە ڕاستیدا، شا خۆی کەسێکی فیفی و هەر جارەی لەسەر هەوایەک بوو. ئەو ماوەیەی لە قەڵادا مابوویەوە، هێندەی تریاک کێشابوو بەجارێکی وا گۆڕابوو کە قەت مانگێکی نەیدەتوانی لەگەڵ کەس هەڵکا. لەسەر ئەم بار و هەوایە تێچاندنی درۆزنان و بەرچاوتەنگان و گریمانە لە دڵان بە لای منی بەستەزمانیشدا خوار بۆوە و لێی وەدڵ گرتم. بەشێک لەو قزڵباشە [تۆمەتبار کراوانەی] سزا دان و چوارمێخەی کێشان و دەستەیەکی لەسەر کار لابردن و لە بەندیخانەی پەستاوتن. بە بیانووی ئەوەی کە دەمکاتە حوکمڕانی نەخجەوان منیشی لە جێی خۆم هەڵداشت و فەرمانێکی دامە دەستی و ناردمی بۆ ئازەربایجان. هەر ئەم ڕووداوە خۆی مزگێنی و نیشانەی بارانی بەخێروبێری بەسەرکردنەوەی یەزدانی و گەڕانەوەم بوو بۆ نیشتمان و خانەولانی دڵ پێوەبەستووی بەرزەناوم. پاش تێپەڕ بوونی ساڵێک و

مەزهەبی شیعەی وەلانا و چۆوە سەر ڕێبازی سوننی. بەزەیی بە کەسدا نەدەهات و لە کێ دووشک بووبا دەیکوشت. هێندێک دەڵێن خوشکێکی دیکەی دەرمانداوی کردووە و دەستەیەکیش لایان وایە ڕۆژی ١٣ی ڕەمەزانی ساڵی ٩٨٥ چەکدارانی خۆی کوشتوویانە. (وشەدانی دێهخودا و فەرهەنگی ئەعلامی سوخەن). و.

ژنەکەی ژین
www.zheen.org

چوار مانگ بە سەر ماوەی دەسەڵاتمدا لە نەخجەوان، خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان و زەینەڵبەگی میری هەکاری و حەسەنبەگی مەحموودی، لە دەرانەی سوڵتان مرادخانەوە[1] مزگێنیی حکوومەتی بدلیسیان بۆ هێنام. سوڵتانی بەهەشتەلان کە دەپاڕێمەوە خوا لێی خۆش بێ و بارانی ڕەحمەتی خۆی بە سەردا بڕێژێ، بۆ شان‌وشکۆ فەرەیدوون و بۆ دادەوانــی نۆشیروان و بۆ دەسەڵاتداری جەم و بۆ تێنەمان ئەسکەندەر بــوو. ئــەم خــونکارە بەرزەشانە بە چاکەی بێسنوور و بە سیلەنیگای دوورئەنگێوی بەسەری کردبوومەوە و کوانووی دەسەڵاتی خانەدانی دابوومەوە و فەرمووبووی بێدوودڵی و بە هیواداری بگەڕێتەوە نیشتمانی سەرەکیی خۆی. منیش بەپێی ئەو قسەیەی کە دەڵێ:«هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ماکی خۆی»، سێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکانی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، وێڕای چوارسەت کەسی هاوڕێم کە دووسەتیان ڕۆژەکی بوون، لە نەخجەوانەوە بزووتین و بە یاریدەی لەشکری وان و سەرۆک و سەرکردەکانی کوردستان گەیشتینە وان و چاوم بە خوسرەوپاشا کەوت و ئەویش هەتا بڵێی ڕێزی گرتم و بەگەرمی پێشوازیی لێ کردم و بردمییە نێو شارەوە. پاشان هەواڵی هێنانەوەی منی بە پێچکی تەختی بەرزی سوڵتان ڕاگەیاند.

سوڵتان بە فەرمانێک دەسەڵاتی خانەدانی بــۆ زیندوو کردمەوە و خەڵاتی شاهانە و شیرێکی زێڕی بۆ ناردم، کە لە خەزنەخانەی سوڵتان قەدوانی[2] چرکەسی والیی میسرەوە گەیبوویە خەزێنەی دەوڵەمەند و پڕاوپڕی. هەروەها نامەی

١- ســوڵتان مــرادی ســێهەم (٩٣٥-١٠٠٣ی ک/١٥٤٦-١٥٨٥ی ز)، دوازدەهەمــین ســوڵتانی عوســمانییە و ســاڵی ٩٨٢ تــا ١٠٠٣ی ک/١٥٧٤-١٥٨٥ی ز، حکــوومەتی کــردووە. ســاڵی ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، کاتێک شــەرەفخان بەرەو بــدلیس و کوانــووی خــانەدانی گەڕاوەتەوە، ٣٧ ساڵی بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیوە. و.

٢- غەردان (؟) و.

پیرۆزبایی وەزیرە گەورەکان، بەتایبەت محەممەدپاشای مەزنەوەزیریشم بۆ هات و هەموویان مستەفا چاووش هێنابوونی کە ڕاسپاردەی سوڵتان بوو. لە لایەکی دیکەوە مستەفاپاشای سپاسالاری سپای کۆڵنەدەری [عوسمانی] بەجوێ خەڵاتی زۆر چاک و شمشێری زێڕی بۆ ناردم و منی هەزار لە نێو هاوشانەکانمدا شانازی و سەربەرزیم پێ برا و توانیم بە شادی و کامەڕانی بگەڕێمەوە ناوەندی دەسەڵاتی ئەژدادی پایەبەرزی هێژام.

شوکور بۆ خودا کە هەرچی ویستم لە دەرگای خودا
زۆر چاکی هێنا و پێی کامڕەوا بووم، نەبوو کە نەیدا

ئەوەی ئاشکرایە لەو ڕۆژەوە کە پادشای هاوشانی جەم، لەشکری نەبەزی هێندەی ئەستێرانی نارد بۆ گرتنی خاکی شیروان و گورجستان و ئازەربایجان، ماوەی دە ساڵی بێپسانەوە بەشداری زۆربەی شەڕ و پەلامارەکانی قۆشەنی هەمیشە باڵادەست بووم و چونکە بەختم چاکی دێنا و سەرکەوتنم بەدەستەوە دەهات، بۆ چاوتروکانێکیش کاتم بە فیڕۆ نەدەدا و خۆم لە خزمەتکاری و سەرلەپێناوی کلا نەدەکرد. لەسەر ئەم کار و هەڵوێستانەم پادشای بەهەشتەلان بە پێنووسی گەوهەربار و مرواریوەشانی و بە خەتی مبارەکی خۆی چوار جار کاغەزی لە منی هەژار نووسیوە و گازی کردووم: «دۆستی بەڕاستیم شەرەفخان!» هەروەها نووسیبوویان: «ئەوپەڕی بێخەوشی و ڕووڕاستی و یەکدڵی و کار و هەنگاوی باشی تۆ لەبەر چاوی بیری پرشنگداری خۆشفەڕی ئێمە وەکوو ڕۆژ درەوشاوەتەوە و ڕەنگی داوەتەوە؛ دەبێ چاوەڕوانی ئەوپەڕی چاکە و بەسەرکردنەوەی شاهانە بی.»

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ساڵی ۹۹۱ی ک/۱۵۸۳ی ز، پاش ئەوەی فەرهادپاشای سەردار ئێرەوانی گرت و قەڵایەکی لێ ساز کرد، پادشا منی کلۆڵی لەگەڵ حەسەنپاشای مەزنی سەرکردەکانی شام نارده تفلیس و گورجستان هەتا بارخانەی پاشەکەوت و خەزێنە بەرین. لەو سەفەرەدا منی هەژار چەند خزمەتێکم لە چنگ هات و لە چاکەی ئەو کارانە سوڵتان ناوچەی مووش[1] و چەند گوندێکی ملکی تایبەتی خۆی بۆ خستمە سەر بدلیس و دووسەت هەزار ئاقچەشی لە داهاتم زیاد کرد و ئاوا**

---

١-لە پەڕاوێزی لاپەڕە ٣٠٨ی بودلیاندا نووسراوە: «خۆم لە کەسانی باوەڕپێکراوم بیستووە و لێم سوور بۆتەوە کە شەرەفخان لەپێناو وەرگرتنی «مووش»دا تکانامەیەکی نووسیوە. ئەم پیاوە بێهاوتایە بە دوڕ و گەوهەری تاقانە دەقی نووسینەکەی خۆی ڕازاندۆتەوە و ئەم چوارینەیەشی تێدا گونجاندووە:

بدلیس همین مسیر سنگ است مرا — بی موش چو جای موش تنگ است مرا
موشی و هزار گربه چشمان در پی — با شیردلان همیشه جنگ است مرا

بێ مووش جێم وەکوو جێی مووشان تەنگە
بدلیس ڕێگاکەی تەقتەق و سەنگە
مووشێکە و هەزار پشیلەی لە دوو
لەگەڵ شێردڵان کاری من جەنگە

چونکە مووش ئیهامی تێدایە و هەم ناوی شاری «مووش»ە و هەم لە زمانی فارسیدا بە مشک دەڵێن «مووش»، شاعیر توانیویەتی وردەکارییەکی جوان بخولقێنێ. کاتێک دەڵێ «مووش»ێکە و هەزار پشیلە چاوی لە دوو دەگێڕن، لە دەقە فارسییەکەدا ماناکە ڕوونە، بەڵام لە کوردییەکەدا ڕەنگە چاک و جوان ڕەنگ نەداتەوە. مەبەست لە ڕەوگەبەردینە، ئەو ڕەهەند و بوودڕەیە کە وەختی خۆی خاتوونێکی خێرخوا بە جەرگی بەردەگڕاوانی نیزیک بدلیسدا لێی داوە و کراوەتە ڕێگای هاتوچۆ. و.

بنکەی ژین www.zheen.org

سەرجەمی مووچەی تایبەتی منی هەژار گەیشتە چوارسەد و دە بار هەزار ئاقچەی عوسمانی.[١]

لە سەردەمی دەسەڵاتی خونکاران و خاقانانی خاوەنشکۆی عوسمانیدا، هیچ میر و مەزنێکی پایەبەرز هێندەی من چاکەی لەگەڵ نەکراوە. وا ئێستا کە دوارۆژی مانگی قوربانیساڵی ١٠٠٥ی ک/ چوارشەممۆ ١٣ی ئووتی ١٥٩٧ی زایینییە، لە ودمی دەسەڵاتی خاقانی بەرزەشان، «ئەبولموزەففەر» سوڵتان محەممەدخانەوە ـ خودای مەزن لە دەرد و بەڵا بیپارێزێ ـ منی هەژار جڵەوی دەسەڵاتی بەمیراتگەڕاوی خانەدانم بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بەدڵی خۆم ئەم کارە گرینگەم وەلا ناوە و ئەبولمەعالی شەمسەددینبەگی کوڕە گەورەی هێژای کارجوانم لە جێم داناوە، کە هیوادارم خودای مەزن تەمەندرێژی کا و پەرە بدا بە شکۆی هێز و دەسەڵاتی. لێرەدا بەپێی سۆز و دلۆوانیی باوکانە، هەروەک دابی نووسەرانە بە مەبەستی ئامۆژگاریی ڕۆڵەی خۆم چەند هۆنراوەیەکی «ئاوەزنامە»ی[٢] مەولانا جامی ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ دەنووسمەوە:

ئەی جگەرگۆشەم، ڕۆڵەی من بێرە — گوێ بۆ گەوهەری پەندم بدێرە
هەروەکوو سەدەف دانیشە خامۆش — گەوهەربارێنم، گوێ بدێرە خۆش
پەندم ببیسە و هەڵیسەنگێنە — کە تێیگەیشتی بەکاری بێنە
مەزنان کە وانەی دینیان داداوە — لەگەڵ فامیدان وایان هێناوە:
ئەی ئەوەی وەک خۆر دەروونت پاکە — لە سپێدە فێر بی مشتومال چاکە

١- بەپێی لاپەڕە ٣٠٨ی بودلیان، بیست و چوار بار سەدهەزار دروستە، کە دەبێتە دوو میلیۆن و چوارسەدهەزار ئاقچە. ئەم ڕستەیەی ئێرە گرفتی تێدایە و ڕەنگە مەبەستی دە بار سەدهەزار و چوارسەدهەزار بێ، کە دەبێتە میلیۆنێک و چوارسەدهەزار. و.

٢- بەشێکە لە حەوت ئەوڕەنگی جامی و بە ئاوەزنامەی ئەسکەندەری (خردنامەی اسکندری) ناودێر کراوە. و.

www.zheen.org

بۆ هەر کارێ چووی ڕاس تێبکۆشە     چون خودا ڕاستە و ڕاستی پێخۆشە
ڕزگاری ئەگەر کارت بە وی بێ     چیای دژواری بۆ تۆ نەوی بێ
لە کاروبارت دوژمن هەراسان     هەموو کارێکت بۆ دەبێ هاسان
گەر بە غەیری خوا بسپێری کارت     هەر تیری بەڵا دەبێتە چارت
خدەی نالەبار گەر بگرێ دەروون     خووی باشە تەنیا ڕێبازی دەرچوون
نەرمی دەشکێنێ شووشەی ئەنگرین     بشۆ نەزانین بە ئاوی زانین
شەقێ هەڵمەدە لە بەختی جوانت     بیکە بە سێ بەش ڕۆژ و شەوانت
یەکی بەخت کە بۆ خوێندنی خۆ     وا نەکەی دەبی بەدناو و بۆسۆ
دووەم چ فێر بووی، بیهێنە بەر کار     سێهەم زانایان تۆ بگرە بە یار
سەر بەرە بۆ نێو پەڕاوی ژیران     بزانە چییان کردووە میران
بە ئەسپی شاهی چۆن چوونە مەیدان     لەم شەترەنجەدا قوتار بوو سەریان!
مەبە بە هاوڕێی مرۆڤی بەدفەڕ     لێیان فێر دەبی گەلێ شەڕ و گەڕ
نامێنێ چاکەت بە کاری دزێو     هەستی پێ ناکەی دادەڕزی لە نێو
جووتیاری ساکار قسەی بەجێیە     ڕەنگ دەگرێتەوە ترێ لە ترێیە
لەگەڵ هەموو کەس مەبە ئاشنا     نە هەر ئاشنا، بێتە ڕۆشنا
پتر ئاشنا تۆ دەتەزێنێ     بێ وەی بزانی تۆ دەبەزێنێ
لەم ئاشە کۆنە هەرچی بەڵایە     هەمووی خەڵاتی دەس ئاشنایە
جوانیان فەرمووە خاوەنی کەماڵ     هەرگیز بێگانە نابن بە هاوماڵ
لە جەنگەی سزا و کۆڕی میوانی     نەکەی لە چاوی حەریف بڕوانی
نەکا بەو بەزمە سەری گەرم بێ     قسەت پێ بڵێ و بێ بێشەرم بێ
ئەگەر کاری تۆ گرێی وەبەر هات     پەلەی لێ مەکە یان هەڵاتهەڵات
کاری پڕ گرێ کە بێتە پێشێ     چارە هەر دەبێ و زۆری دەکێشێ
چاکە بە بەدفەڕ قەت مەکە، لادە     بەدمەسی هیندوو، مەیدەیە بادە
بەد لە جێی بەرز نابێ بێ ڕەها     هەر مار دەبێتە ڕۆژێ هەژدیها
ڕەعێتی ژێردەس پەنیان پێ مەدە     ئەوەی خودا دای بەشیان لێ بدە

| | |
|---|---|
| بە شەرموشکۆ بێرە گوفتوگۆ | تا گوێدێری تۆ، بێ حەیا بەخۆ |
| بەنەرمـــی دووان لە چـــازانییە | هەرا نیشـــانەی چـــانەزانییە |
| مرۆڤـی زانـا بنـێ بـانی ســەر | ڕێزی بە زانین لە تۆ دەچتە سەر |
| هەتاکوو ماوی دڵپاک و چا بە | بە پارسەنگ لەگەڵ بەندەی خودا بە |
| زمـانی ســوا قەڵەم هێنـد گەڕا | ڕەنگی لاپەڕە وە ڕووی ڕەش گەڕا |
| چەن جوانە وتەی زانایە، دەرسە | ئەو کەسەی کەسە حەرفێکی بەسە |
| ڕێ بەریـن باشـە بـۆ نـاخی دڵان | کورتی کەینەوە ڕێی دووری زمان |

وەکوو دیارە یەزدان بوو بە پاڵپشت و هاریکاری پێنووسی قوژبنپشکن و گەوهەری بەسەرهات و ڕووداوی سەیروسەمەرەی مەزن و میرانی کوردستانی کۆ کردەوە و هەتا ئەم ڕۆژگارە خۆشفەڕە هێنـای و لیزگەی هـەودای نووسینی پێ هۆندەوە، وا چاکە لێرە بەو لاوە، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو بەڵێنەی کە لە پێشەکیدا باسی کراوە، سەری جڵەوی قەڵەمی خۆشرەوتی شێوە«واستیی»م[١] وەرسووڕێ و بە ڕاوێژی خۆش و بەتامی بکەوێتە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژگاری دەسەڵاتی بێبڕانەوەی سوڵتانەکانی عوسمانی و پادشایانی ئێران و تووران.

١-وەکوو دیـارە مامۆسـتا «عەبـدوڕڕەقیب یووسـف»یـش لای وایە مەبەسـتی لە «یحیـــی واسطی»ی وێنەگەری عەرەبە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بـروواننە: تابلۆکـانی شـەرەفنامە، ل ٧٥-٧٦، نووسـینی عەبدوڕڕەقیب یووسـف، چـاپی سـێهەم، بنکەی ژیـن، چاپخـانەی شـڤان، سـلێمانی ٢٠٠٥. [یەحیـا کـوڕی مەحمـوودی واسـیتی، وێـنەگەر و خەتخۆشـی عەرەبـی سـەدەی حەوتەمـی کـۆچی، کە بە یەکێـک لە وێنەگەرانـی قوتابخـانەی عەبباسـی دادەنـدرێ. واسـیتی کتێبی مەقاماتی حەریریی نەخشاندووە.] و.

**شوکور بۆ خوا کە ئاواتم وەکوو گوڵ هاتە گوڵ دانێ**
**قەڵەم ڕەشنووسی زانستی منی هێنایە مەیدانێ**
**بنەی هات باسی سەربوردەی هەموو میرانی کوردستان**
**لە دووی ناچم بڕۆ ئاو بێنە یەکجاری بشۆ دەستان**[1]

بنکەی ژین
www.zheen.org

١-بۆ زانیاریی زیاتر بڕ: شەرەفنامەی وەرگێڕاوی هەژار، ل ٧٨٧-٧٨٩. و.

## پەڕاوێزەکانی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی

١- بێگومان ئەم بۆچوونە دەریدەخا کە کوردیش مار و هەژدیهای لە بەرچاو گەورە بووە؛ وەک چۆن هەموو گەلانی کۆنی سەرەتایی هێز و دیاردە سروشتییەکانیان پەرستووە. ئەم باوەڕە ئێستاش لە نێو ئایینی یەزیدیدا باوە و لە چەندین ئەفسانەی ئیسرائیلیدا باسی مار هاتۆتە ئارا و تێهەڵکێشی چەند کتێبێکی ئیسلامیش کراوە. تەنانەت ناشارەزایانی هەرەمەی مسوڵمانان پێیان وایە شەیتان کە توانی ئادەم ــ سڵاوی خودای لەسەر بێ ــ لە خشتە بەرێ، لە ژێر زمانی ماردا خۆی حەشار داوە بۆ چوونە نێو بەهەشت.

کۆمەڵێک خەڵک خۆیان لە کوشتنی ماری بنمیچی ماڵان دەپارێزن و لایان وایە مایەی ئاوەدانییە. مار وێنەیەکی لە بەر گیراوەی جنۆکەیە و نەقڵ و نەزیلەی ئاوا زۆرن و هیچیشیان ڕاست نین.

٢- ڕەنگە مەبەستی ئەمە بێ کە لە دەربەندێکدایە، چونکە بەپێی نووسینی گەڕۆکی فەڕانسەوی میسیۆ تاڤێرنێ دوو چیای سەخت و هەڵەمووت دەورەیان داوە. قەڵای بدلیس کەوتۆتە نێوان و لە سەر لووتکەی کێوێکی شێوە قووچەکی دروست کراوە. لە ڕێگایەکەوە نەبێ کەس ناتوانێ ڕێی تێبەرێ و لێی سەرکەوێ. قەڵاکە بریتییە لە سێ شوورە، کە دوویان بەرینن و یەکیان بەرتەسکە و کۆشکی میری تێدایە. ئەم دەرە و دۆڵەش جێگایەکی بێوێنەیە لە دنیادا، چونکە دە پیاو لەوێ دەتوانن بەری پەلاماری هەزار کەس بگرن و نەهێڵن پێی تێبنێن.

٣- زێڕنۆڤ ئەم نیشانەی پرسیارەی داناوە و مەبەستی ئەوەیە کە سەردەمی ئیلدگز و ئاقسونقور یەکتر ناگرنەوە. دوو ئاقسونقور هەبوون؛ یەکیان قەسیموددەولە ئەبووسەعید حاجب، کە ساڵی ٤٨٧ی ک/ ١٠٨٥ی ز، بە سەر شام و حەلەب ڕاگەیشتووە و ساڵی ٤٧٨ی ک/ ١٠٩٤ی ز، دوابەدوای شۆڕشی ئەلپ ئەرسەلان کوژراوە. ئەوەی دیکەیان قەسیموددەولە سەیفەددین ئەبووسەعیدی ناسراو بە ئاقسونقوری بوو. ساڵی ٤٩٨ی ک/

www.zheen.org

١١٠٤ی ز، کراوەتە والیی بەغدا و ساڵی ٥٠٧ی ک/ ١١١٣ی ز، بۆتە حوکمڕانی مووسڵ و شام و ساڵی ٥٢٠ی ک/ ١١٢٦ی ز، بەدەست کەسێکی توندڕەوی باتنی کوژراوە. ئیلدگز ساڵی ٥٥٥ی ک/ ١١٦٠ی ز، تا ٥٦٨ی ک/ ١١٧٢ی ز، حکوومەتی کردووە.

٤-ئەتابەک سونقور ناوی دوو کەسی سەلجووقین و بریتین لە:

١-قەسیموددەولە ئەبووسەعید حاجب (ئاقسونقور)، کە سەرەتا یەکێک بووە لە مەملووکانی میر ئەحمەدی حاکمی مەراغە. پاشان چۆتە لای سولتان مەحموود سەبوکتەگین و سەرەنجام لای سولتان ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی گیرساوەتەوە. کاتێک ئەم سولتانە زانیویەتی پیاوێکی لێوەشاوەی هەڵکەوتەیە، دایەنی کوڕێکی خۆی لێ مارە کردووە. وەختایەک تاجوددەولە تۆتۆشی کوڕی ڕووی کردۆتە ڕۆم و شام و حەلەب داگیری کردوون، ساڵی ٤٧٨ی ک/ ١٠٨٥ی ز، ئاقسونقوری لەسەر داناون. هەتا ساڵی ٤٨٧ی ک/ ١٠٩٤ی ز، لەو پلە و پایەیدا ماوەتەوە، بەڵام ئەلپ ئەرسەلان هەڵیکوتاوەتە سەری و کوشتوویەتی.

٢-قەسیموددەولە سەیفەددین ئەبووسەعید (ئاقسونقور)، کە ساڵی ٤٩٨ی ک/ ١١٠٤ی ز، سولتان محەمەدی کوڕی مەلیکشا کردوویەتی بە مەزنی بەغدا. پاشان ساڵی ٥٠٧ی ک/ ١١١٣ی ز، داندراوە بە والیی مووسڵ و شام و سەرەنجام ساڵی ٥٢٠ی ک/ ١١٢٦ی ز، کەسێکی بەرچاوتەنگی باتنی کوشتوویەتی.

سەید حوسێن حوزنی موکریانی پێی وایە ئەو ئاقسونقورەی کە ئازەربایجان و ناوچە و هەرێمەکانی دیکەی کوردستانی داونە دەست سەلجووقییەکانی بەغدا، کوڕی میر ئەحمەدیەلی کوڕی ئیبراهیم کوڕی وەهسودانی ڕەوادیی [کوردە. و.] کە ساڵی ٥١٠ی ک/ ١١١٦ی ز، پاش کوژرانی باوکی بەدەست کەسێکی دەمارگرژی باتنی بۆتە فەرمانڕەوا. [بەپێی لاپەڕە ٤١١ی «مجمل التواریخ والقصص»، ئەحمەدیەل ساڵی ٥٠٨ی ک/ ١١١٤ی ز، کوژراوە. و.] ساڵی ٥١٦ی ک/ ١١٢٢ی ز، بۆ یەکەم جار چۆتە دیداری سولتان مەحموودی سەلجووقی. دواتر لێی نیزیک بۆتەوە و ساڵی ٥٢٢ی ک/ ١١٢٨ی ز، لە جێی دەبیسی کوڕی سەدەقە، کە ڕایکردبوو، دایناوە بە مەزن و میری حلە. دوای مردنی سولتانی ناوبراو، بۆتە لایەنگری داود. ڕەمەزانی ساڵی ٥٢٦ی ک/ ١٣٣٢ی ز، دژی توغرۆڵبەگی برای سولتان مەحموود شەڕی کردووە. ساڵی ٥٢٧ی ک/ ١١٣٣ی ز، بە مەبەستی دامرکاندنی ئاگری چەند سەرهەڵدانێک، وێڕای سولتان مەسعوود چۆتە مەراغە و هەڵیکوتاوەتە سەر قەرەسونقور و لە ئەردەوێڵ گەمارۆی داوە. سەرەنجام بە فیتی خودی سولتان مەحموود لە خێوەتگەی هەمەدان بەچنگ کەسێکی بەرچاوتەنگی باتنی کوژراوە.

٥- محەممەدئەمین زەکـیبەگ، لە هەردوو کتێبە مێژوویـییەکەیدا بەپـێچەوانەی ئێـرەی نووسـیوە. لە «تاریخ الدول والامارات الكردية، ٣٦٨/٢»دا هـاتووە: بەڵام ئەم مەزنـایەتییەی حـاجی شـەرەف زۆری درێـژە نەکێشـاوە، چـونکە ڕۆژگـار لێـی بـۆتە دوژمـن و فەرمـان دراوە بە ئیقسـۆفیی بریکـاری تەیمـووری لەنگ و حـوکمڕانی ئەو نـاوچە و هەرێمـانە، هەتـا بیگـرێ و بیخاتە زیندانی بدلیس و پاشان سەری تێدابەرێ.

٦- محەممەدئەمین زەکیبەگ لە کتێبی «مشاهير الكـرد و كردسـتان، ٢٥٦/١»دا نووسـیویەتی:

ئەمیر تەیموور ناسناوی «وەلـی»ی پـێ بەخشـیوە... . ئەوەی ڕاسـتی بـێ مـن لام وایە دەبـێ بە هەڵە لەم واژەیە حـاڵی بـووبێ، چـونکە «وەلـی» واژەیەکـی دینیـیە و مسـوڵمانان بە کەسـێکی دەڵـێن لە خواپەرسـتیدا هەتـا پلەیەک بەرز بووبێتەوە، کە خـوای مەزن ئەم پـلەیەی پـێ بەخشـی بـێ. ئەم جـۆرە ناسـناوانە پادشـایان نەیانبەخشـیون، هەتـا ئەمیـر تەیمـووری گوورکـان بەخشـیبێتی. لەمەش بتـرازێ، خـۆ ئەمیـر تەیمـوور لەو سـەردەمەدا کـۆچیدوایی کردووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org